# بوونی نەتەوەیی کورد

## لە نێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا

دکتۆر عرفان مستەفا

ناوی کتێب: بوونی نەتەوەیی کورد لەنێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا
بابەت: فەلسەفە
نووسینی: دکتۆر عرفان مستەفا
نەخشەسازی: ئەحمەد عەبدوڵڵا
چاپ: چاپخانەی رەنج
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١١
نرخ: ١٠ هەزار دینار
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (    )ی ساڵی ٢٠١٠ دراوەتێ

لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە و هەموو مافێکی بۆ نووسەر پارێزراوە

# پێڕست


پێشباس ........................................................................ ٦

بەشی یەکەم:

بیرۆکەی نەتەوە لەنێوان عەقڵ و واقعدا .......................................... ٢٧

١/1) کۆمەڵگای پیشەسازی وەك زەمینەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوە ................ ٣١

٢/1) بیرۆکەی نەتەوە لە نێوان کەلتوری پیشەیی و کەلتوری ئاکاریدا .................. ٤٦

٣/1) بیرۆکەی نەتەوە لە نێوان ئایدیۆلۆجیاو فەلسەفەدا ................................ ٩٠

١/4) فەلسەفەی ئەڵمانی وەك نشنیگەی راستەقینەی بیرۆکەی نەتەوە .................. ١٠٣

١/٤-١) پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا .......................... ١١٤

بەشی دووەم :

تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوە ..................................................... ١٢٣

٢/١) پۆلێنکردنی تیۆرەکانی نەتەوە .................................................. ١٢٦

٢/٢) تیۆری عەقڵی و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە ..................... ١٣٤

٢/٢-١) مەملەکەتی خوا وەك بیرۆکەی هەمەکی نەتەوە ............................... ١٤٤

٢/٢-١-١) خوا لە مەملەکەتی خوادا .................................................. ١٤٦

٢/٢-١-٢) سیستەمی مەملەکەتی خوا .................................................. ١٥٩

٢/٢-١-٣) پەیوەندی خوا بە کەسەکانی ناو مەملەکەتی خواوە ........................ ١٧٦

٢/٢-١-٤) مەملەکەتی خوا و نەتەوە .................................................. ١٨٢

٢/٢-٢) دەرکەوتنی بیرۆکەی نەتەوە لەکۆمەڵگای ئاکاریدا ............................ ١٨٥

٢/٢-٣) لە کۆمەڵگای ئاکاریەوە بۆ نەتەوە .......................................... ١٩٥

٢/٢-٤) دەوڵەت وەك دوا پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە ................................ ٢١٢

٢/٢-٤-١) هەنگاوەکانی تێگەیشتن لەشێوەگیربوونی عەقڵ لە واقیعی مرۆییدا ......... ٢١٨

٢/٢-٤-٢) ئازادی وەك ماهیەتی رۆح .................................................. ٢٢٠

٢/٢-٤-٣) ئیرادەو رۆحی نەتەوە ..................................................... ٢٢٢

٢/٢-٤-٤) رۆحی نەتەوەو دەوڵەت ........................................٢٣١
٢/٢-٤-٥) رۆحی نەتەوەو دەرکەوتەکانی ........................................٢٣٦
٣/٢) تیۆری سروشتی و سروشت وەك بنەمای بوونی نەتەوە ........................٢٤٢
٢/٣-١) ژینگەی سروشتی و پەیدابوونی نەتەوە ........................................٢٤٣
٢/٣-٢) سروشتی مرۆیی و بوون پەرەسەندنی نەتەوەکان ........................٢٤٦
٢/٣-٢-١) بۆماوە و رۆحی نەتەوە ........................................٢٥٠
٢/٣-٢-٢) سیفەتە جێگیرو گۆڕدراوەکانی رۆحی نەتەوە ........................٢٥٦
٢/٣-٢-٣) رۆحی نەتەوە و دەرکەوتەکانی ........................................٢٥٨
٤/٢) تیۆری دروستەیی و دروستکردنی نەتەوە ........................................٢٦٢
٢/٤-١) نەتەوە لەنێوان رەگەزو کولتوردا ........................................٢٦٣
٢/٤-٢) بنەمای پەیدابوونی کولتورو بیرەوەری هاوبەشی نەتەوەکان ........................٢٦٨
٢/٤-٣) بیرەوەری هاوبەش وەك بنەمای راستەقینەی نەتەوە ........................٢٧١

بەشی سێهەم :

تیۆرەکانی نەتەوەخوازی و دروستکردنی نەتەوە ........................................٢٧٩
١/٣) دروستکردنی نەتەوە بە کەلتوری پیشەیی قوتابخانە مۆدێرنەکان ........................٢٢٩
٣/١-١) نەتەوەخوازی لە نێوان کەلتوری پیشەیی و کەلتوری ئەتنیکیدا ........................٣٠٩
٢/٣) دروستکردنی نەتەوە بە داڕشتنەوەی مۆدێرنانەی کەلتوری میللی ........................٣٣٧

بەشی چوارەم :

تیۆرەکانی نەتەوەخوازی و وێناکردنی کورد وەك نەتەوەیەکی خێڵەکی ........................٣٥٧
١/٤) خێڵ و دروستکرددنی نەتەوە ........................................٣٦٣
٤/١-١) دروستەی کەلتوری و کۆمەڵایەتی خێڵەکان و نەتەوەی دروستکراو........................٣٨٣
٢/٤) عەسەبە لە نێوان خێلە پەرەسەندوەکان و خێلە وەستاوەکاندا ........................٤٠٢
٣/٤) نەتەوە و پێکهاتە خێڵەکییەکان ........................................٤١١
٤-٣-١) عەسەبەو پێکهاتە خێڵەکییەکەی ........................................٤١٣
٤/٣-٢) پێکهاتەی خێڵەکی وەك کۆمەڵگایەکی خێڵەکی ........................٤١٤
٤/-٣-٣) پێکهاتەی خێڵەکی وەك کۆمەڵگایەکی عەقڵی ........................٤١٩

٤/٤) نەتەوەو پێکهاتە خێڵەکییە جیاوازەکان ........................................٤٣٠
٤/٥) شوێنی کورد لە نەخشەی نەتەوەخوازیدا ........................................٤٣٤
٤/٥-١) بەربەستی زمانی لەبەردەم دروستکردنی نەتەوەدا ................................٤٣٦
٤/٥-٢) کەلتوری خێڵەکی وەك بەربەست لەبەردەم دروستکردنی نەتەوەدا ....................٤٥١
٤/٥-٣) کورد لە نێوان رویتانییەکان و سومالییەکاندا ......................................٤٦٧

بەشی پێنجەم:

بوونی نەتەوەیی کورد لە نێوان کوردبوون و نەتەوەخوازیدا ........................................٤٧٩
٥/١) بزوتنەوە کوردییەکان و نەتەوەخوازی ................................................٣٨٠
٥/٢) کوردبوون و بزوتنەوە کوردییە مۆدێرنەکان ...........................................٥٢٤
٥/٢-١) بزوتنەوە کوردییەکان لەنێوان نەتەوەخوازی و ئۆتۆنۆمیخوازیدا ..........................٥٣٩
٥/٢-٢) کێشەی بزوتنەوە کوردییەکان لەناو دەوڵەتە ناکوردییەکاندا ..........................٥٥١
٥/٣) بوونی نەتەوەیی کورد لە نێوان تیۆری عەقڵی و تیۆری دروستەییدا ..........................٥٩٨

# پێشباس

لێکۆڵینەوە لە بوونی کورد و دەرکەوتە کەلتوری و مێژوویی و زمانییەکانی مێژوویەکی چەند سەد ساڵەی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەم ساتە وەختە کورد هەر وەك لوغزێکی نەکراوە ماوەتەوەو ئەو لێکۆڵینەوانە توانای ئەوەیان نەبووە ئەو لوغزە بکەنەوە. بێ توانای ئەو لێکۆڵینەوانە لەکردنەوەی ئەم لوغزەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو حاڵەتە تایبەتەی کورد لە مێژووی خەلافەتە ئیسلامییەکان و دواتریش لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا هەیەتی وەك حاڵەتێکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ نەکراوەو ئەو ڕێگایەی کە ئەو لێکۆڵەرانە بۆ لێکۆڵینەوە لە میللەتە سەردەستەکان و بندەستەکانی ناو ئەو دوو مێژووە گرتویانەتە بەر، لە لێکۆڵینەوەش لە بوونی کورد لەناو ئەو مێژووەدا هەمان ڕێگایان گرتووەتەبەر.

ئەو لێکۆڵینەوانە کە لە بارەی بوونی کوردەوە کراون، باس لە بوونەوەرێك دەکەن کە بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە لە ریزی میللەتە بندەستەکانی ناو ئەو مێژووە دەرچێت و بچێتە ریزی میللەتە سەردەستەکانەوە، بەڵام بەردەوامیش لەم هەوڵەیدا شکستی هێناوەو کەوتووەتەوە ناو میللەتە ژێردەستەکانەوە. لەم لێکۆڵینەوانەدا بوونی کورد لە مێژوودا بوونی بوونەوەرێکی کۆیلەیەو بەردەوام هەوڵدەدات بۆ ئەوەی لە کۆیلایەتی دەرچێت و ببێت بە سەرداری کۆیلەکان، بەڵام بەردەوام شکست دەهێنێت و لەلایەن سەردارەکانەوە دەبێتەوە بە کۆیلە.

لەناو ئەم لێکۆڵینەوانەدا وێنەی کورد وێنەی سیزیفکە بەردەوام هەوڵدەدات و بەردەکەی لە دۆزەخی کۆیلەکانەوە سەربخات بۆ بەهەشتی سەردارەکان، بەڵام پێش ئەوەی بەردەکەی لەسنوری دۆزەخی کۆیلەکان دەرکات و بیخاتە ناو سنوری بەهەشتی سەردارەکانەوە، لێی خلۆر دەبێتەوەو دەچێتەوە ناو قوڵترین چاڵی ناو دۆزەخی کۆیلەکان. ئەمەش ئەوە دەخاتە روو کە ئەم بوونەوەرە لەناو مێژوودا سەرقاڵە بەکارێکی بێهودەوەو نەدەتوانێت بچێتە ریزی سەردارەکانی مێژووەوەو نە وەك کۆیلەکانی ناو مێژووش رازی دەبێت ببێت بە کۆیلەی سەردارەکان. بەپێی ئەم بۆچوونە ئەم بوونەوەر مێژووی نییە، چوونکە لەناو مێژوودا بەردەوام هەمان شت دووپات دەکاتەوەو مێژووش مێژووی پەرەسەندنی شتەکانەو مێژووی دووپاتبوونەوەی شتەکان نییە. ئەو شتانەی کەلەناو دووپاتبوونەوەدان هەر لە جێگەی خۆیاندان و پەرە ناسێنن، تەنها ئەو بوونەوەرانە خاوەنی مێژوون کە لەناو مێژوودا بوونیان لەناو دووپاتبوونەوەدا نییە، ئەوانەش

کۆیلەکان و سەردارەکانی ناو ئەو مێژوون. لەناو ئەم مێژووەدا کۆیلەکانیش وەك سەردارەکانی ژیانیان لەناو گەشەکردن و گۆڕاندایە. مێژوو تەنها مێژووی پەرەسەندنی سەرداریەتی مرۆڤ نییە و مێژووی پەرەسەندنی کۆیلایەتی مرۆڤیشە. لە مێژوودا سەرداریەتی مرۆڤ بەبێ کۆیلایەتی مرۆڤ پەرە ناسێنێ. چەند توانای سەرداریەتی مرۆڤ لە مێژوودا پەرەبسێنێ و بە هێزتر ببێت، ئەوەندەش توانای کۆیلایەتیکردنی مرۆڤ لە مێژوودا پەرە دەسێنێ بەهێز دەبێت.

ئەو مێژووەی کە لەناو ئەم لێکۆڵینەوانەدا بایەخی پێدەدرێت، دیالێکتیکی بەردەوامی نێوان سەردارو کۆیلەکان دروستی دەکات. ئەم جۆرە لە دیالێکتیکیش، لە سەردارو کۆیلەکانی بوونەوەرێك دروست ناکات کە نەسەردار بێت نە کۆیلە، بەڵکوو سەردارەکان دەکات بەسەرداری بەهێزترو کۆیلەکانیش دەکات بە کۆیلەی ملکەچتر. ئامێرە تەکنیکییەکانی ئەم سەردەمە گوزارشتن لە باشترین جۆری کۆیلە کە لەم دیالێکتیکە مێژووییە کەوتبنەوە.

کورد لەناو ئەم مێژووەدا بوونی نییە، چوونکە نە کۆیلایەتی قبووڵە و نە دەشتوانێت ببێت بەسەردار. کورد لەنێوان جیهانی کۆیلەکان وجیهانی سەردارەکاندا وەك خۆی بەردەوام دەمێنێتەوە، ئەمەش وادەکات نە بکەوێتە ناو مێژووی پەرەسەندنی بوونی کۆیلەکان و نە بشکەوێتە ناو مێژووی پەرەسەندنی بوونی سەردارەکان. بەڵام بەپێی ئەم بۆچوونە کورد بەوەی کە لە جیهانی کۆیلەکانەوە بەرەو جیهانی سەردارەکان دەڕوات، دەکرێت لەناو مێژووی کۆیلەکاندا بۆ بوونی بگەڕین. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە میژووی بوونی میللەتەکان بەپێی میژووی سەردارەکان و کۆیلەکان دەنووسنەوە، میژووی کوردیان وەك مێژووی کۆیلەیەکی یاخی نووسیوەتەوە. بەپێی ئەم بۆچوونە کورد ئەو کۆیلە یاخی بووەی ناو مێژووە کە ناتوانێت لە کۆیلایەتی خۆی رزگار بکات و ببێت بەسەردار، میژووی ئەم کۆیلەیە مێژووی شکستهێنانی کۆیلەیەکە کە دەیەوێت ببێت بەسەردار.

لەباشترین حاڵەتدا ئەم لێکۆڵینەوانە کورد وەك سەردارێکی شکستخواردوو وێنادەکەن و مێژووەکەی دەکەن بە مێژووی سەردارێك کە قەدەر هیچ رەحمێکی پێ نەرکردووەو تراژیدیایەکی گەورەی لێدروستکردووە کە بەزەیی هەموو مرۆڤێکی هەست زیندوو دەخرۆشێنێ. ئەو میتۆدو تیۆرانەی بۆ تێگەیشتن لە کورد لەم لێکۆڵینەوانەدا پەیڕەوکراون، پشتیان بە هەستەکان وئەو جۆرە لەواقعبینی بەستووە کە تەنها دەرەوەی بوونەوەرەکانمان بۆ

وێنادەکاتەوەو توانای ئەوەی نیە پەی بەو بنەما ناوەکییانە بەرێت کە بوونەوەرەکان بەرەو ئامانجە ناوەکییەکانی خۆیان ئاراستە دەکەن.

کاتێك بەپشت بەستن بەو واقعەی کە کورد لەناو مێژوودا هەیەتی لە کورد رادەمێنین، کورد لەناو مێژوودا وەك سیزیفێك خۆی دەنوێنێ کە سەرقاڵ بێت بە کارێکی بێهودەوەو لەناو بازنەیەکدا بسوڕێتەوە کە سەرتاو کۆتاییەکەی یەکن و هەموو جوڵەیەك لەسەری گەیشتنەوەیە بە هەمان خاڵ کە جووڵەکە لێیەوە دەستی پێکردووە. بێگومان بینینەوەی بێهودەبوون و بێ ئامانجی لە مێژووی کورددا لەوەوە سەرچاوەی دەگرێت کە ئامانجی ئەم بوونەوەرە بەوە بزانرێت: رزگاربوونە لە کۆیلایەتی و هەوڵدانە بۆ ئەوەی بگات بەسەرداریەتی. هەر لەم روانگەیەشەوەیە کارەکەی سیزیف بە کارێکی بێ هودەو بێ ئامانج وێناکراوە.

بەپێی ئەم تێڕوانینە کارەکەی سیزیف کارێکی بێهودەیە، چوونکە دەیەوێت بەردەکە سەرخاتە سەر شاخەکە، بەڵام هەرجارێك بەردەکە دەگەیێنێتە نزیك لوتکەی شاخە لە دەستی خلۆردەبێتەوەو دەچێتەوە هەمان ئەو شوێنەی کە بەردەکەی لێوە سەرخستووە، کارەکەی سیزیف لەوێوە بێهودەیە کە لەو هەموو ئەزموونەوە کە لەسەرخستنی ئەو بەردەدا هەیەتی وگەیشتنی بەوەی کە بەردەکەی بۆ سەرناخرێتە سەرشاخەکە، هەر لە سەرخستنی بەردەکە بەردەوامە.

ئایا ناکرێت لەکارەکەی سیزیفدا جگە لە سەرخستنی بەردەکە بۆ سەرشاخەکە ئامانجێکی تر هەبێت؟ ئێمە بەلایەنی کەمەوە دەتوانین دوو ئامانجی تر بۆ ئەوکارە گریمانە بکەین، ئامانجێکیان ئەوەیە کە سیزیف وەك ئەو کەسانەی کە یاری بەرزکردنەوەی قورسایی دەکەن ئامانجی ئەوە نییە ئەو قورساییە سەرخاتە سەرەوە، بەڵکوو ئامانجی ئەوەیە هێزی ناو جەستەی خۆی زیاتر بکات، لەپێناو ئامانجێکی تردا کە بەهێزبوونی جەستەیەتی. گەر ئامانجەکەی سیزیف ئامانجێکی لەم جۆرە بێت ئەوە کارکەی سیزیف کارێکی بێهودە نییە.

دەکرێت لە پشت کارەکەی سیزیفەوە ئامانجێکی تریش گریمانە بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە سیزیف بۆیە ئەم کارە دووپات دەکاتەوە تا لە نهێنی سەرخستنی بەردەکەو خلۆربوونەوەکەی تێبگات و یاساکانی سەرخستن و خلۆربوونەوەی بەردەکان بزانێت. واتە ئامانجی لە دووپاتکردنەوەی ئەم کارە ئامانجی زانایەکی سروشتناسی وەك نیوتنە و بەردەوام خەیاڵی لای دۆزینەوەی ئەو علەتەیە کە لەپشت سەرخستنی بەردەکەو خلۆربوونەوەکەیەوە هەیە. لەم

حاڵەتەشدا سیزیف بۆ مەبەستێکی تر ئەم کارە دووپات دەکاتەوەوە نەك بۆ سەرخستنی بەردەکە.

ئەو بۆچوونە هەستەکییەی کە لەناو لێکۆڵینەوەکانی بواری کوردناسیدا هەیە، تەنها ئەو مەبەستە گریمانە دەکات کە کورد لە ناو مێژوودا هەوڵی ئەوەی داوە بچێتە ریزی سەردارەکانەوەو لەم کارەشدا بەردەوام شکستی هێناوە. ئەم بۆچوونەش بە قەدەر ئەو بۆچوونە سادەیە کە کارەکەی سیزیف بە کارێکی بێ هودە لێکدەداتەوە. ئەم بۆچوون و جیهانبینییە کە دیالێکتیکە بێ ئامانجەکەی نێوان سەردارەکان و کۆیلەکان بەرهەمی هێناوە، جگە لە سەردارو کۆیلە ناتوانێت هیچ کارێکتەرێکی تر لەناو ئەو مێژووەدا ببینێ، ئەم جیهانبینییە لەبەرئەوەی تەنها توانای بینین و جیاکردنەوەی سەردارەکان و کۆیلەکانی هەیە، گەر بوونەوەری تر جگە لەم دوو بوونەوەرە لەناو ئەم مێژووەدا هەبن، دەبێت بیانکات بەسەردار یان کۆیلە جا دەتوانێت لە بارەیانەوە بدوێت.

کاتێك لێکۆڵەرێك بەپێی ئەم جیهانبینییە باوەی کە مۆدیرنیزم بۆ مێژوو هەیەتی لە میللەتە کۆیلەو سەردارەکانی ناو ئەم مێژووە دەکۆڵێتەوە، دەتوانێت لێکدانەوەیەکی ورد بۆ بوونی هەریەکەیان لەناو ئەو مێژووەدا بکات، بەلاّم کاتێك لە میللەتێکی وەك کورد دەکۆڵێتەوە کە نە لە سەردارەکانی ناو ئەو مێژووەیەو نە لە کۆیلەکانییەتی، هیچمان لە بارەی کوردەوە پێ ناڵێت. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چاوی ئەو تەنها سەردارەکان وکۆیلەکان دەبینێ و هەرچی لەبارەی کوردەوە بڵێت یان لەبارەی سەردایێکی وەهمییەوە وتویەتی یان لە بارەی کۆیلەیەکی وەهمییەوە.

کاتێك ئەم لێکۆڵەرە کورد دەکات بەکۆیلەیەکی وەهمی لەوەدا کێشەی بۆ دروستدەبێت کە ئەم بوونەوەرە هەندێك لە حاڵەت و هەڵسوکەوتەکانی لە حاڵەت و هەڵسوکەوتی سەردارەکان دەچێت و لە هی کۆیلەکان ناچێت، کاتێکیش کە کورد دەکات بەسەردارێکی وەهمی، هەندێك دەرکەوتەی لێدەردەکەوێت کە دەرکەوتەی بوونی کۆیلەیەکن نەك بوونی سەردارکان. ئەمەش بەردەوام وا لە سەلماندن و بەڵگەکاریەکانی دەکەن، کە جێی گومان بن و هەڵگری لێکدژییەکی گەورەبن. ئەو لێکۆڵەرەی کە بەپێی ئەم بیرکردنەوە تیۆریەی لە کوردی کۆڵیوەتەوە، توشی گرفت هاتووەو نەیتوانیوە کورد وەك ئەوەی کە لە واقعدا هەیە وێنای بکات و بەردەوام وەك بوونەوەرێکی وەهمی وێنای کردووە. ئەو وێناکردنەی کە لەناو ئەم لێکۆڵینەوانەدا هەن،

بەقەدەر ئەو وێناکردنە میللییەی کە مێژوونوسە عەرەبەکان لە مێژووەکانی خۆیاندا تۆماریان کردووەو کوردیان وەك بوونەوەرێك وێناکردووە کە نە جنۆکەیە نە مرۆڤ، وێناکردنێکی راستەقینە نین بۆ کورد. ئەم وێناکردنە میللیە بەلایەنی کەمەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە کورد بوونەوەرێکە نە لە سەردارەکانەو نە لە کۆیلەکان.

لێکۆڵەرە نوێکان لەکارەکانیاندا نەگەیشتوون بەو راستییەی کە عەقڵی میللی ئەو سەردەمە لەبارەی کوردەوە بەرهەمی هێناوە. ئەم لێکۆڵەرانە بەردەوام کاریان لەسەر ئەوە کردووە کە لە کورد بکۆڵنەوە وەك کۆیلەیەکی یاخی یان وەك سەردارێکی بەدبەختی ناو ئەم مێژووە. هەرگیز لەو کێشانەوە کە لەکاتی لێکۆڵینەوە لە کورد هاتوونەتە بەردەمیان ئەزموونیان وەرنەگرتووەو نەیانتوانیوە بەو راستییە بگەن کە کورد لەناو مێژودا نەسەردارەو نەکۆیلەیە، چجای ئەوەی بەوە بگەن کە کورد گەر سەردار نەبێت و کۆیلەشە نەبێت دەبێت چی بێت؟

گەر لە روانگەی مۆدێرنیزمەوە لە جیهان بڕوانین و بەپێی ئەو میتۆدو تیۆرانەی کە بەرهەمی ئەم ئایدیۆلۆجیایەن، بوونەوەرەکانی ناو جیهانە مۆدێرنەکە لێکبدەینەوە، لە ناو ئەم جیهاندا لە دوو بوونەوەر زیاتر ناتوانین ببینین، بوونەوەرێك کە میللەتە بندەستکەوتووەکانی دەینوێنن، لەگەڵ بوونەوەرێك کە میللەتە سەردەستەکانی دەینوێنن، ئەم دوو بوونەوەرەش لەناو پەیمانیکی دڵڕازیکەری لەو جۆرەدا کۆبوونەتەوە کە هەست بەوە ناکرێت یەکێکیان سەردارەو ئەوی تریان کۆیلە.

لەناو ئەم جیهانەدا ئەوەندە کۆیلەکان رازین بەسەردارەکانیان گەر زۆر بەقووڵی لێیان رانەمێنین ناتوانین لە یەکیان جیابکەینەوە. ئەو مێژووەی لەسەر ئەو پەیمانە دادەمەزرێت کە لەنێوان کۆیلەکان و سەردارەکاندا هەیە، تەنها شێوەی پەیمانەکە دەگۆڕێت و توانای گۆڕینی خودی پەیمانەکەی نییە، مێژوو سەردەمە مۆدێرنەکە لەگەڵ ئەو مێژووەی کە بەر لە مۆدێرنیزم هەبووە لە پەیمانەکەدا جیاواز نین، جیاوازی ئەم دوو مێژووە لەوەدایە کە کۆیلایەتی لەم سەردەمەدا وەك جۆرێکی سەلبی لە سەرداریەتی وایەو سەردارەیەتیش وەك جۆرێکی ئیجابی لە کۆیلایەتی وایە، ئەمەش وایکردووە شوناسی سەردارو کۆیلەکان بە شێوەیەکی رواڵەتی تەماهی بکات و بەئاسانی بۆ لێکۆڵەرانی ئەم جیهانە جیا نەکرێنەوە، بە تایبەتی بۆ ئەو لێکۆڵەرانەی کە بەپێی ئەو میتۆدو تیۆرانە لە بوونەوەرەکانی ئەو جیهانە دەکۆڵنەوە کە

مۆدێرنیزم خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە جیهانەکەی خۆی بەرهەمی هێناون. جیاوازی نێوان ئەم جیهانەو جیهانی کۆن تەنها ئەوەیە کە لەجیهانە کۆنەکەدا کۆیلایەتی وەك دۆخێکی نائاسایی مرۆڤ دەبینرا، بەڵام لەم جیهانەدا کۆیلایەتی بووە بە دۆخێکی ئاسایی مرۆڤ و ئەمەش وایکردووە کە مرۆڤ وەك هەرشتێکی ئاسایی بیری لێبکاتەوە.

لەناو ئەم جیهانەدا کۆیلەکان لە سەردارەکان خۆشگوزەرانترن، کۆیلەکان لەناو ئەم جیهانەدا ئەوەیان لەبیرکردوە کە کۆیلەن، ئەمەش وایکردووە دۆخی نێوان کۆیلە و سەردارەکان ئاسایی ببێتەوەو کۆیلەکان رازی بن بە کۆیلایەتی خۆیان و سەردارەکانیش لەبەرامبەر کۆیلەکانیاندا هەست بە مەترسی نەکەن.

کورد بوونەوەرێکی ناو سەردارو کۆیلەکانی ناو ئەم جیهانەیە، کاتێك بەپێی ئەو میتۆدو تیۆرانە لێی دەکۆڵرێتەوە، دەبێت لە ناو پەیمانی نێوان سەردارو کۆیلەکاندا وێنابکرێت و وەك جەمسەرێك لە جەمسەرە پێکهێنەرکانی ئەو پەیمانە ببینرێت، چوونکە لەم روانگەیەوە لەدەرەوەی ئەو پەیمانەی کە لەنێوان ئەو دوو بوونەوەرەدا هەیە هیچ بوونەوەرێك بوونی نییە. بەڵام ئەوەی کێشە بۆ ئەم روانینە دروستدەکات ئەوەیە کە کورد لەناو جیهانەکەدا بوونی هەیەو لەناو ئەو پەیمانەشدا نییە کە لە نێوان سەردارو کۆیلەکاندا هەیە.

ئەم دیدە بۆ ئەوەی بتوانێت لەم بوونەوەرە نامۆیەی ناو ئەم جیهانە بکۆڵێتەوە، ناچارە لەناو پەیمانێکی وەهمیدا وێنای بکات و لە واقیعیشدا بەو وێناکردنە مەحکومی بکات، بەڵام کورد بەردەوام لەناو ئەو پەیمانە وەهمییەدا نییەو دەکەوێتە دەرەوەی، بەوەش کە دەکەوێتە دەرەوەی دەبێت بە بوونەوەرێکی نەبینراو کە لەناو جیهانەکەدا هیچ پێناسەیەکی نییە.

ئەم حاڵەتی غەریبییەی کورد لەناو ئەم جیهانەدا چ لە واقعی ئەم جیهانەدا چ لە مەعریفەی ئەم جیهانەدا کێشەیەکی گەورەی بۆ ئەم جیهانە دروستکردووە، ئەو کێشەیەش ئەوەیە کە ئەم بوونەوەرە نە لەناو ئەم جیهانەدا دەتوانرێت بسڕدرێتەوەو نە دەشچێتە ناو ئەو پەیمانەوە کە تیایدا دەبێت بە بوونەوەرێکی سەر بەو جیهانە.

ئەو حاڵەتەی کە کوردی تیایە نەحاڵەتی کۆیلەکانی ئەو جیهانەیەو نەحاڵەتی سەردارەکانییەتی، بۆیە هەر هەوڵدانێك بۆ تێگەیشتن لەم حاڵەتە لە رێگەی ئەو میتۆدو تیۆرانەوە کە مۆدێرنیزم بەرهەمی هێناون، توشی جۆرێك لەگومڕابوونمان دەکات و نامانگەیێنێ بە ناسینێکی راستەقینەی ئەم بوونەوەرە. بۆ ئەوەی بتوانین لەحاڵەتی ئەم

بوونەوەرە تێبگەین و دیاری بکەین، دەبێت لە دەرەوەی ئەو میتۆد و تیۆرانەوە لە کورد بکۆڵینەوە.

لێکدانەوەی بوونی کورد لەناو مێژوودا بەپێی ئەو لۆژیکەی کە مۆدێرنیزم بۆ لێکدانەوەی بوونەوەرەکانی ناو جیهانە مۆدێرنەکە هەیەتی، نامانگەیێنێ بە هیچ، چونکە کورد لەناو ئەو چوار دەوڵەتە مۆدێرنەی کە بەسەریاندا دابەشکراوە بەپێی یاساکانی ئەو یارییەی کە دۆڕاوەکان دەکات بە کۆیلەو براوەکان دەکاتە سەردار یاریی نەکردووە.

ئەو لەناو ئەو دەوڵەتە مۆدێرنەدا کە لەدوای نەمانی خەلافەتی عوسمانی دروستدەبێت، لەگەڵ میللەتی توركدا ناكەوێتە ناو ململانێی بردنەوەو دۆڕاندن، بۆیە نە تورك بە براوە دەبینێ تا قبوولْبكات لەناو ئەو دەوڵەتەدا ببێت بەسەردار، نە خۆیشی بە دۆڕاو دەزانێت تا قبووڵی ئەوە بكات وەك چەركەس ببێتە كۆیلەو لەگەڵ توركدا بچێتە ناو ئەو پەیمانەوە كە مۆدێرنیزم دایناوە. كورد لەناو ئەو دەوڵەتە مۆدێرنەدا ئاوا كاری نەدەكرد كە لەململانێكەدا بباتەوە و ببێت بەسەرداری ناو پەیمانەكەو میللەتەكانی تر بكاتە كۆیلەی زمان و كەلتورەكی خۆی. كورد هەر لە بنچینەوە بڕوای بە پەیمانی نێوان كۆیلەو سەردارەكان نەبووەو ئامانجی تەنها ئەوە بووە لەناو ئەو دەوڵەتەدا هیچ میللەتێك نەبێت بەسەرداری هیچ میللەتێكی ترو هیچیشیان نەبێت بە كۆیلەی ئەوی تریا. ئەو بەپێی سیستەمێك كاری كردووە كە لەناو ئەو دەوڵەتدا میللەتەكانی دەخستە ناو پەیمانێكی تەواو جیاواز لەو پەیمانەی كە مۆدێرنیزم بنەماكانی بۆ دارشتبوو.

كورد لەناو هەر چوار دەوڵەتە مۆدێرنەدا كە بەسەریاندا دابەشكراوە هەر لەسەرەتاوە كاری بۆ ئەوە كردووە میللەتەكانی ناو ئەو دەوڵەتانە قبووڵی ئەوە بكەن لەناو پەیمانێكدا كۆببنەوە كە ڕێگربێت لە بەردەم ئەوەدا كەسیان ببێت بە كۆیلە یان كەسیان ببێت بەسەردار. كورد تا ئەم ساتە وەختەش كار بۆ ئەوە دەكات میللەتە جیاوازەكانی ناو ئەو چوار دەوڵەتە بكەونە ناو هەمان ئەو پەیمانەوە كە ئەوەی بەرەو ببێت بە بوونەوەرێكی نەناسراو و پێناسە نەكراوی ناو خەیاڵگە مۆدێرنیزم و جیهانەكەی.

كاتێك لێكۆڵەران بە لۆجیكی جیهانە دروستكراوەكە مۆدێرنیزم و پەیمانی نێوان كۆیلەو سەردارەكانی ناو ئەم جیهانە لە كورد دەڕوانن، ئەوەی كە كورد لەگەڵ ئەو هەموو شكستە ڕواڵەتیانەشدا هەر لەسەری بەردەوامەو دەستبەرداری نابێت، وەك كارەكەی سیزیف بەكارێكی

بێهودەی دەبینن، بەپێی ئەم بۆچوونە کورد بەو رێگایە ناتوانێت بەردەکەی خۆی سەربخاتە سەر لوتکەی ئەو شاخەی کە مۆدێرنیزم بۆ ئەو میللەتانەی دروستکردووە -بە زمانەکەی هۆبسباوم- کە لە تاقیکردنەوە مێژووییەکە دەرچوون. کێشەی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە کورد وەك کۆیلەیەك وێنادەکات کە کار بۆ ئەوە دەکات ببێت بەسەردارو ناتوانێت وای ببێنێ کار بۆ ئەوە دەکات لەناو دۆزەخی ئەو دەوڵەتانەدا پەیمانێکی تر بۆ پەیوەندی نێوان میللەتانی ئەو دەوڵەتانە بدۆزێتەوە کەتیایدا هیچیان نەبن بە کۆیلە و سەرداری ئەوانی تریان.

بێئاگای ئەم لێکۆڵەرانە لە تیۆرە فەلسەفییەکە فەیلەسوفانی ئەڵمان لە بارەی بوونی نەتەوەکانەوەو مەحکوم بوونیان بەو جیهانبینییەی کە مۆدێرنیزم بیرکردنەوەی ئەم فەیلەسوفانەی پێلێکداوەتەوە، ئەوانی بەرەو ئەوە بردوو کە هیچمان لە بارەی بوونی نەتەوەیی کورد لەناو جیهانە مۆدێرنەکەدا پێ نەڵێن. یەکێك لەو لێکۆڵەرانە کە ئیدعای ئەوە دەکات لێکۆڵینەوەیەکی فینۆمینۆلۆجی بۆ بوونی نەتەوەیی کورد کردووەو جگە لەمەش ئیدعای ئەوە دەکات کە وەحی لە رووحی نەتەوەیی کوردەوە بۆ هاتووە، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت لەبارەی کوردەوە دەگاتە دەرئەنجامێکی زۆر سەمەرە، ئەویش ئەوەیەکە کورد کۆیلەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن.

ئەم ئەنجامەی کە ئەم لێکۆڵەرە پێی گەیشتووە، سەرچاوە لەو لۆجیکەوە دەگرێت کە مۆدێرنیزم جیهان و مێژووی پێ لێکدەداتەوە، گەر ئەم لێکۆڵەرە وەك مەحوی و خانی وەحی لە روحی نەتەوەیی کوردەوە بۆ بهاتایە، دەگەیشتە ئەو دەر ئەنجامەی کە کورد ئەو تاکە بوونەوەری ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە نە کۆیلایەتی قبووڵکردووە و نە سەرداریەتی، نە ئەو کەسەبوو کە کەسی لا ببێت بەکەس و لەگەڵیدا بکەوێتە ناو پەیمانی عیشقەوە، نەخۆیشی گەیشتووە بەو کەسەی کە بیخاتە ناو پەیمانی عیشقەوەو بیکات بەکەس. کورد گەر کۆیلە بوایە وەك ئازەریەکانی ئێران و چەرکەسەکانی تورکیا و ویلزی و سوکتلەندییەکانی بەریتانیا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ سەردارەکاندا بۆ دروست نەدەبوو و وەك ئەوان بوونی نەدەکەوتە ناو مەترسییەوە. کورد لەناو سەردارو کۆیلەکاندا: نە ئەوکەسەیە کە کەسی لا ببێت بەکەس خۆیشی ناگات بەو کەسەی کە ئەو بکات بەکەس، چوونکە لەناو ئەم جیهانەو مێژووەکەیدا (کەس) بوونی نییە ئەوەی هەیە یان سەردارە یان کۆیلە. یەکێکی تر لە لێکۆڵەرەکان کە خاوەنی تێڕامانێکی وردوو قوڵە، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە ناتوانێت لەو میتۆدو بیرکردنەوە

تیۆرییە دەرچێت کە مۆدێرنیزم بۆ مێژوو هەیەتی، لەوەدا سەرکەوتوو نابێت کە لێکدانەوەیەکی مێژوویی دروست بۆ حاڵەتی کورد لە مێژوودا بکات. ئەم لێکۆڵەرە بەهۆی بیرکردنەوە وردەکەیەوە دەگات بەو ئەنجامەی کە کورد بوونەوەرێکە لە دەرەوەی پەیمانی سەردارو کۆیلەکانی ناو دەوڵەتە مۆدێرنەکانە. بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە میژوو بە بەرهەمی ئەو دیالێکتیکە دەبینێت کە لە نێوان ئەو سەردارو کۆیلانەدا هەیە، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بوونی کورد لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا بوونێکە لە دەرەوەی مێژوو و ئەوەی کە ئەو پیایدا تێدەپەڕێت وەك کارەکەی سیزیف دووپاتبوونەوەی هەمان شتەو ئەمەش وایکردووە وەك سەردارو کۆیلەکانی ناو ئەو جیهانە بوونێکی مێژوو نەبێت.

کورد لای ئەو لەسەر ریتمی سروشت ژیان دەگوزەرێنێ نەك لە سەر ریتمی ئەو ئیرادەیەی کە جیهانەی مۆدێرنەکەی لەسەر دامەزراوە، ئەو مەبەستی لە ریتمی سروشت ئەوەیە کە کورد بەپێی ئەو سیستەمی دووپابوونەوەیە لە مێژوودا هەڵسوکەوت دەکات کە توانای ئەوەی نییە پەرە بە بوونی بوونەوەرەکان بدات و بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستەیان بکات و بوونیان بکات بە بوونێکی مێژوویی. بەپێی ئەم بۆچوونە کورد لە ناو مێژوودا جگە لە مانەوە هیچ ئامانجێکی نییە، مانەوەش لە ناو هەمان دۆخدا وەك دۆخەکەی سیزیف ئامانج نییە، بەڵکوو گەیشتنەوەیە بە هەمان خاڵ کە لێیەوە دەست بە جووڵەکراوە. ئەم بۆچوونە بە هۆی ئەوەوە کە لە دەرەوە لە حاڵەتی کورد رادەمێنێ، بوونی کورد لە دۆخێکدا دەبینێ کە دۆخێکی بێ ئامانجەو کورد ناگەیێنێ بە هیچ و وەك خۆی دەیهێڵێتەوە. هۆی ئەم حاڵەتەش بەوە دەزانێت کە کوردی لەناو مێژوودا کردووە بەو بوونەوەرە کە توانای ئەوەی نەبێت لە ریتمی سروشت دەرچێت و بچێتە ناو مێژووەو بەرەو ئامانجەکەی خۆی بکەوێتە جووڵەو پەرەسەندن. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە کورد لەناو مێژوودا نییەو لەناو سروشتدایەو بوونەوەرێکە لەو بوونەوەرانەی کە سروشت حوکمی دەکات نەك ویستێکی مێژوویی.

ئەم لێکۆڵەرە پەی بەوە دەبات کە کورد لە دەرەوەی ئەو یارییەدایە کە مۆدێرنیزم یاساکانی دارشتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی ئەو یارییە و لەدەرەوەی ئەو پەیمانەی کە یاساکانی ئەو یارییەی لەسەر دامەزراوە، توانای هەستکردنی بە سیستەمێکی ترو پەیمانێکی تر نییە، ناتوانێت ئەو بوونەوەرانەی ناو جیهانە مۆدێرنەکە بە بوونەوەری مێژوویی بزانێت، کە لەدەرەوەی پەیمانی سەردارو کۆیلەکانن. لای ئەم لێکۆڵەرە لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی ئەم دوو

بوونەوەرە بوونەوەری تر نین، بۆیە هەر بوونەوەرێك جگە لەو دوو بوونەوەرە لە جیهانەکەدا بوونی هەبێت، بوونەوەر نییەو کەرەستەیەکە لە کەرەستەکانی سروشت، ئەم بوونەوەرەش گەر خۆی نەداتە دەست ویستی هێزێك وەك خۆی لە دۆخە سروشتییەکەی خۆیدا دەمێنێتەوەو نابێت بە بوونەوەرێکی مێژوویی. بەپێی ئەم بۆچوونە کورد مادەیەکی سروشتییەو پێویستی بە ویستێکی دروستکەرە تا بیکات بە بوونەوەرێك لە بوونەوەرە دروستکراوەکانی ناو ئەم جیهانە.

ئەو بۆچونەی کە ئەم لێکۆڵەرە پشتی پێدەبەستێت، ئەو بۆچوونەیە کەمۆدێرنیزم بۆ بوونەوەرە دروستکراوەکانی خۆی و بوونەوەرە سروشتییەکان بەرهەمی هێناوە، بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوەی ویستی هێز بە پرۆسەی دروستکردندا نەیبردبێت، وەك کەرەستەیەکی خاوی ناو سروشت ماوەتەوەو نەبووە بە خاوەنی بوونێکی مێژوویی.

لای ئەم لێکۆڵەرە مانەوەی کورد لەو دۆخە سروشتییەدا وایکردووە کە کورد لە دۆخێکی ئەنتۆلۆجی خراپتردا بێت لەو دۆخەی کە کۆیلەکانی ناو جیهانە مۆدێرنەکە هەیانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کۆیلەکانی ناو ئەم جیهانە لەناو ئەم جیهانەدا بوونێکی مێژوویان هەیەو بە پرۆسەی دروستکردندا براون و دروستکراوی ویستی هێزی خواوەندانەی مرۆڤن، بەڵام کورد هێشتا لەناو دۆخە سروشتییەکەی خۆیدایەو ویستێك نییە بە پرۆسەی دروستکردندا بیبات وبیکات بە کۆیلەیەکی ناو جیهانە مۆدێرنەکە، تاپلەیەك دۆخە ئەنتۆلۆجییەکە بەرز ببێتەوەو لە بوونەوەرێکی سروشتییەوە ببێت بە بوونەوەرێکی مێژوویی.

گەر لەروانگەی مۆدێرنیزمەوە لە دۆخی ئەنتۆلۆجی کورد بڕوانین، ئەم بۆچوونە دروستە، چوونکە بەپێی ئەم ئایدیۆلۆجیایە گەر کورد سەردار نەبێت و کۆیلەش نەبێت ئەوە لەخوار کۆیلەوەیەو وەك ئەو شتانە وایە کە کۆیلەکان بۆ خزمەتکردنی سەردارەکانیان بەکاریان دەهێنن. بەڵام ئایا واقعی کورد لەناو جیهاندا، واقعی بوونەوەرێکە کە لە دۆخێکی بەدتر لە دۆخی کۆیلەدایە، یان واقعی بوونەوەرێکە بە شوێن سیستەمێکی تروو پەیمانێکی تردا دەگەڕێت کە پەیوەندی نێوان بوونەوەرەکان بەپێی سیستەمی کۆیلەو سەردارەکان ڕێکناخات؟

کاتێك لە جیهانە مۆدێرنەکەدا لە دۆخی کورد ورد دەبینەوە، دۆخی بوونەوەرێك دەبینین کە خەون بە سیستەمێکی تروو پەیمانێکی ترەوە دەبینێت و دەیەوێت بەپێی ئەو پەیمانەو ئەو سیستەمەی کە لەسەری دادەمەزرێت، لەگەڵ ئەوانی تردا بکەوێتە ناو پەیوەندییەوە، کێشەی کورد لەناو ئەم سەردەمەدا ئەوەیە تەنها هەست بەوە دەکات کە سیستەمێکی تر لەدەرەوەی

سیستەمە مۆدێرنەکەی پەیوەندی نێوان نەتەوەکان هەیەو هوشیاریەکی عەقڵی بەو سیستەمە نییە.

باوڕبوونی کورد بە بوونی سیستەمێکی تر کە سیستەمە بوونەوەرە ئازادەکانە، وایکردووە نەتوانێت بەپێی سیستەمە مۆدێرنەکە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بوونەوەرەکانی تری ناو جیهانە مۆدێرنەکە رێکبخات وقبوولّی ئەوە بکات لەناو ئەو پەیوەندیانەدا ببێت بە سەردار یان ببێت بە کۆیلە. هەستکردنی کورد بەم سیستەمە، هەستکردنێکی سروشتییەو تەنها هەستکردنە بە بوونی سیستەمێکی لەم جۆرە، کێشەی کورد لەگەڵ ئەو سیستەمە مۆدێرنەی جیهاندا ئەوەیە کە رێگە نادات زەمینەی تاقیکردنەوەی بوونی ئەو سیستەمە بسازێت و کورد لە هەستکردن بە بوونی ئەو سیستەمەوە بەرەو ئەوە بڕوات هوشیاری بە سیستەمەکە پەیدا بکات و بەڵگە تیۆری و ئەزموونییەکانی بوونی ئەو سیستەمە بخاتەروو.

لەروانگەی مۆدێرنیزمەوە هیچ سیستەمێك بۆ رێکخستنی پەیوەندی بوونەوەرەکانی ناو جیهانە مۆدێرنەکە بوونی نییە، جگە لەو سیستەمەی کە پەیوەندی نێوان ئەم بوونەوەرانە بە پێی پەیمانی کۆیلەو سەردارەکان رێکدەخات. ئەم باوڕە لەناو جیهانە مۆدێرنەکەدا وایکردووە هەر هەوڵێك کە کورد دەیدات بۆ سەلماندنی ئەو سیستەمەی کە لەناو بوونی خۆیدا هەستی پێدەکات، بە هەوڵدانێك بزانرێت بۆ هەڵوەشاندنەوە جیهانە مۆدێرنەکەو گەڕاندنەوەی مرۆڤایەتی بۆ ناو سروشت و جەنگەڵەکانی. ئەمەش وایکردووە کورد لەناو جیهانە مۆدێرنەکەدا وەك دڕەندەیەکی ناو جیهانی سروشت سەیربکرێت کە هیچ هێزێك توانای ئەوەی نەبێت دەستەمۆی بکات وتاکە رێگایەك بۆ ڕزگارکردنی جیهانە مۆدێرنەکە لێی تەنها ئەوە بێت کە قەلاچۆبکرێت.

کێشەی کورد لەگەڵ جیهانە مۆدێرنەکەدا ئەوەیە کە مۆدێرنیزم کوردی وەك دڕندەیەکی سروشتی بۆ ئەو جیهانە وێناکردووە و بە هۆی ئەمەشەوە بواری بۆ کورد نەهێشتووە کە بوونی خۆی ئاشکرا بکات و بەڵگەکاری بۆ ئەوسیستەمە بکات کە بڕوای پێیەتی. کێشەی کوردو جیهانە مۆدێرنەکە، کێشەی کەسێکی بێ تاوانە کە کۆمەڵگاکەی وەك تاونبارێکی گەورە و مەترسیدار دەیبینێ و ئەمەش وایکردووە هیچ بواریکی بۆ نەمێنێتەوە تا ئەو تۆمەتە لەسەر خۆی هەڵگرێت و رووی راستەقینەی خۆی نیشانبدات. مۆدێرنیزم وەك بیروباوڕی سەردەمەکە بەوەی کە کوردی وەك دڕەندەیەکی سروشتی ناو جیهانەکە وێناکردووە، رەوایەتی داوە بە

بوونەوەرکانی ناو جیهانە مۆدێرنەکە قەلاچووی بکەن، مۆدێرنیزم بەمە دۆزەخێکی بۆ کورد خولْقاندووە، ئەو دۆزەخەش زیندانی ئەو کۆیلە یاخیانە نییە کە خۆی دروستیکردوون و دواتر لێی یاخیبوون، بەڵکوو بوارێکە بۆ ئەوەی ئەو دڕەندە سروشتییەی کە نەیتوانیوە بە پرۆسەی دروستکردندا بیبات، لە ناویدا کۆتای بە بوونی بهێنێ.

ئەم دۆزەخە تاکە بوارێکە کە بۆ کورد هێڵراوەتەوەو کورد تیایدا دەتوانێت بەڵگە لەسەر بوونی ئەو سیستەمە دروستبکات کە بڕوای بەبوونی هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کورد سیزیفێك نییە خرابێتە ناو دۆزەخ و کار بۆ ئەوە بکات لە ڕێگەی هێزەوە لەو دۆزەخە خۆی ڕزگار بکات و بچێتە ریزی خواوەندەکانەوە، کورد سیزیفێکە کە ئەو دۆزەخەی کردووە بە بوارێك بۆ شایەتیدان لە سەر بوونی خۆی. کورد وەك ئەو سیزیفە وایە کە لە دووپاتکردنەوەی سەرخستنی بەردەکەدا سەرقاڵ نییە بەوەوە بەردەکە سەر بخاتە سەر لوتکەی شاخەکە، بەڵکوو سەرقاڵە بە دروستکردنی بوارێکەوە بۆ ئاشکرکردنی ئەو سیستەمەی کە تەنە قورسەکانی لە زەوییەوە پێ بەرزدەکرێتەوە بۆ ئاسمان.

ئەو خلۆربوونەوەی بەردەکە بۆ قوڵاییەکانی دۆزەخەکەی نائومێدی ناکات، چوونکە ئەو پێویستی بەو خلۆربوونەوەیە تا باشتر پەی بەو سیستەمە بەرێت کە لەناو بوونی خۆیدا بۆ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خۆیداو خۆی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا هەیەتی. ئەو بەم کارەی دەیەوێت لەوە تێبگات باشترین سیستەم بۆ بەئاسمانیکردنەوەی ئەو بوونەوەرانە کامەیە کە زەمینی کراونەتەوە. ئەوەش وایکردووە بە شوێن دۆزینەوەی ئەو سیستەمەدا بڕوات ئەوەیە کە رازی نییە بەو سیستەمەی کە دوای لێدەکات یان ببێت بە کۆیلەی سەردارێك یان ببێت بە سەرداری کۆیلەیەك، ئەو بە شوێن سیستەمێکدا دەگەڕێت کە کۆیلەو سەرداری تیا نەبێت و سیستەمی بوونەوەرە ئازادەکان بێت.

کورد بەبێ خلۆربوونەوەی بەردی بوونی بۆناو قوڵاییەکانی عەدەم پەی بەو سیستەمە نابات کەبوونی لەناو مێژوودا بەبێ ئاگایی ئەو پەیڕەوی کردووە، مەحوی گوزارشتێکی وردی لە خلۆربوونەوەی بەردی بوون بۆ ناو عەدەم و هوشیاری بەو سیستەمەی بوون کردووە کە بوونەوەرەکان ئاسمانی دەکاتەوە، ئەو دەڵێت:

*بێچوونە عەدەم پەی بە سۆراخی دەمی نابەیت*

*فائز ببە بەم گەوهەرە بەو دەریایە بە رۆچوون*

گەر مەحوی لەسەرەتای گەیشتنی مۆدێرنیزم بۆ ناو خەلافەتی عوسمانی پەی بەوە بردبێت کە کورد دەخرێتە ناو دۆزەخەوەو بەوەش لەو دۆزەخە دێتە دەرێ کە بەناویدا رۆبچێت و لێی هەڵنەیێت، دەبێت لەم سەردەمەدا بیرمەندەکان هوشیارییەکی قوڵتر لەو هوشیارییەی مەحوی بەو دۆخە ئەنتۆلۆجییەی کورد لە جیهاندا پەیدا بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن گوزارشتێکی هزری و تیۆری لە حاڵەتەکەو سیستەمەکە بکەن و بوونی کورد بەرەو هوشیارییەکی زیاتر بەخۆی ببەن و بەڵگەی گەورەتر لەسەر بوونی ئەو سیستەمە بخەنەروو کە بوونی بەبێ ئاگایی و بە شێوەیەکی شاعیرانە لە مێژوودا پەیڕەوی کردووە.

ئەم کتێبە پەرپێدانە بەو مەعریفەیەی کە شاعیرانی کوردی وەك خانی و مەحوی بە هۆی ئەو هوشیاریەی کە بە بوونی کوردیانەی خۆیان لەناو خۆیاندا هەیانبووە پێی گەیشتوون و لە رێگەی شیعرەکانیانەوە گوزارشتیکی شیعرییان لێکردووە، بە مانایەکی تر ئەم کتێبە پەرە پێدانە بەو جۆرە لە کوردناسی کە بوونی نەتەوەیی کورد لە رێگەی شاعیرە مەزنەکانییەوە لەسەرخۆی بەرهەمی هێناوە.

ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی حاڵەتی ئەنتۆلۆجی بوونی نەتەوەیی کورد لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا. بۆ تێگەیشتن لە بوونی نەتەوەیی کورد لەم سەردەمەدا ئێمە پێویستمان بەوە دەبێت کە لەمۆدێرنیزم تێبگەین، چوونکە مۆدێرنیزم تاکە ئایدیۆلۆجیایەکە کە لەناو سەردەمە مۆدێرنەکەدا سەردەمە مۆدێرنەکەی بەو شێوەیە ئاراستە کردووە کە ئێستا هەیە. تێگەیشتن لە مۆدێرنیزم تێگەیشتنە لەو ئایدیۆلۆجیایەی کە سەردەمە مۆدێرنەکە بۆ بوونەوەرەکانی وێنادەکاتەوەو ناچاریان دەکات بوونەوەرەکانی ناو ئەو سەردەمە بەو شێوەیە ببینن کە ئەو بۆی وێناکردوون.

مۆدێرنیزم ئەو بیروباوڕەیە کە لە پشت هەموو بیروباوڕەکانی ناو ئەم سەردەمەوە حازرەو بەو شێوەیە ئایدیاکانیان ئاراستە دەکات کە خۆی دەیەوێت، تەنانەت بیروباوڕە مەزهەبییەکانی ئەم سەردەمە بۆ ئەوەی پاریزگاری لەو باوڕە بکەن کە کۆمەڵگا مەزهەبییەکانی ناو سەردەمە مۆدێرنەکەیان پێ پاراستووە، ناچارن ئایدیاکانی خۆیان لە رێگەی مۆدێرنیزمەوە وێنابکەنەوە و لەوە بیانپارێزن کە مانای خۆیان لە دەست بدەن و لە خەیاڵی باوەڕدارەکانیان بچنە دەرەوە.

ئایدیۆلۆجیا مەزهەبییەکان بۆ ئەوەی بەرگری لە ئایدیاکانی خۆیان بکەن و ژیانیان بەبەردا بکەنەوە، پشت بەو بیروباوڕە دەبەستن کە مۆدێرنیزم لەلای خەڵکی ئەم سەردەمە بە زانست و

تەكنۆلۆجیا دروستیكردووە. ئەوان بە باوڕهێنانی خەڵك بە زانست و تەكنۆلۆجیا، خەڵكی والێدەكەن كە بڕوایان بە ئایدیاڵە مەزهەبییەكانیان لەق نەبێت.

لەم سەردەمەدا لە ڕێگەی ئیمان هێنانەوە بە زانست و تەكنۆلۆجیا وا لە خەڵكی دەكرێت ئیمان بەخواو كتێبە ئاسمانییەكان بهێنن. خەڵكی مەزهەبیی ئەم سەردەمە ناتوانێت بەبێ بڕوابوون بە زانست، بڕوای خۆی بە ئایدیاڵەكانی خۆی بەهێز بكاتەوەو وەك مانایەك پارێزگاریان لێبكات. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە مەحاڵە خەڵكی ئەم سەردەمە بتوانێت بەبێ بڕواهێنان بەوەی كە مۆدێرنیزم بۆ مرۆڤایەتی ناردووە بڕوا بە هیچ شتێكی تر بهێنێ.

گەر لەم سەردەمەدا خەڵكی ئیمانیان بەوە نەمێنێ كە مۆدێرنیزم بۆی ناردوون، توانای ئەوەیان نابێت ژیان لەناو جیهانە مۆدێرنەكەدا بگوزەرێنن. مەرجی یەكەمی ژیان لەناو ئەم جیهانە مۆدێرنەدا ئیمان هێنانە بەوەی: كە مۆدێرنیزم دەتوانێت لە ڕێگەی زانست و تەكنۆلۆجیاوە هەموو كێشەكانی مرۆڤی ئەم سەردەمە چارەسەربكات و ژیانی بۆ بكات بە بەهەشت. مرۆڤ لەناو ئەم جیهانەدا ئەو كاتە ژیانی دەكەوێت ناو مەترسیەوە كە بڕوای بەم ئاینە نوێیە نەمێنێ بەرو كافربوون بڕوات.

كافربوونی مرۆڤ بە مۆدێرنیزم ڕاستەوخۆ لەم ژیانەدا مرۆڤەكە بەرەو دۆزەخەكانی مۆدێرنیزم پەلكێش دەكات. گەورەترین كێشەی كوردیش لەناو جیهانە مۆدێرنەكەدا ئەوەیە نەیتوانیوە بڕوا بەو خواوەندە بهێنێ كە ئەم جیهانەی دروستكردووە، ئەمەش وایكردووە وەك كافرێكی ناو سەردەمە مۆدێرنەكە وێنابكرێت و بەرەو دۆزەخەكانی ناو ئەم جیهانە پەلكێش بكرێت و بخرێتە بەردەستی جەلادەكانی.

مۆدێرنیزم مەزهەبی ڕاستەقینەی سەردەمە مۆدێرنەكەیە، واتە ئەو بیروباوڕەیە كە شەریعەتی بۆ جیهانە مۆدێرنەكە داڕشتووەو خەڵكی لە پەرەستنی ئەو خوایەوە كە خوای ناو مەزهەبەكانە، بەرەو پەرەستنی ئەو خوایە بردووە كە جیهانە مۆدێرنەكەی لە ڕێگەی هیزی زانین و تەكنۆلۆجیاوە دروستكردووە.

بڕواهێنان بەم خواوەندە نوێیەو دروستكراوەكانی وا لە مرۆڤ دەكات ببێت بە مرۆڤێكی نوێ، ئەم مرۆڤە نوێیە چێژەكانی وبیركردنەوەی وژیانی لە مرۆڤە سروشتیەكان ناچێت، ئەم مرۆڤە ناتوانێت چێژ لەو شتانە بكات كە بەسروشتی و بەبێ دەستتێوەردانی ئەم خواوەندە نوێیە بوونیان هەیە، ئەوەی بۆ ئەو سەرچاوەی خۆشی و خۆشبەختییە هەموو ئەو شتانەن كە

ئەم خواوەندە بە دەستێوەردان لەو شتانەی کە سروشتێن دروستیکردوون و کردوونی بە موڵکی خۆی. ئەم مرۆڤە نوێیە بەر لە هەموو شتێ بڕوای بەوە هێناوە ئەوەی ئەو خۆشبەختی دەکات بوونەوەرەکانی ناو ئەو جیهانە سروشتییە نییە کە مرۆڤێکی سروشتی ژیانی تیا دەگوزەرێنێ، بەڵکو بوونەوەرکانی ئەو جیهانە دروستکراوەیە کە ئەم خواوەندە نوێیە لە ناو جیهانە دروستکراوەکەی خۆیدا خولڤاندوویەتی.

لەناو ئەم جیهانەدا هیچ بوونەوەرێك ناتوانێت هەبێت گەر ئەو خواوەندە بەپێی سیستەمی دروستکردنەکەی خۆی دروستی نەکردبێت. لەناو ئەم جیهانەدا ئەوەی کە بە سروشت هەیە تەنها وەك مادەیەك بۆ دروستکردنی ئەو بوونەوەرانە بوونی هەیە کە ئایدیاڵەکانی لەناو عەقڵی ئەو خواوەندە نوێیەدان.

هەر بوونەوەرێکی سروشتی گەر نەکرێت بە مادەیەکی شیاو بۆ ئایدیاڵێك لە ئایدیاڵەکانی ئەو خواوەندە، دەبێت تاهەتایە وەك مادەیەکی خاوی بێ کەڵك بمێنێتەوە. مرۆڤی سروشتی بەوە دەتوانێت بچێتە ناو جیهانی ئەم خواوەندە نوێیەوە کە بەر لە هەموو شتێك بڕوا بەوە بهێنێ ئەو هیچ نییە جگە لە مادەیەکی خاو، دوای ئەمەش دەبێت بڕوا بەوە بهێنێ کە تەنها ئەو خواوەندە نوێیە دەتوانێت ئەو لە مادەیەکی خاوەوە بکات بەمرۆڤێکی دروستکراوی ناو جیهانەکەی خۆی. مرۆڤ کاتێك بوو بە خاوەنی ئەو ئیمانە، تەسلیم بە ویستی ئەو خواوەندە بوو، ئەم خواوەندە بەپێی ئەو سیستەمەی کە حوکمی جیهانە مۆدێرنەکەی پێ دەکات، بە شێوەگیرکردنی ئایدیاڵێك لە ئایدیاڵەکانی خۆی بە پرۆسەی دروستکردندا دەیبات و لە مادەیەکی خاوەوە دەیکات بە مرۆڤ.

ماهیەتی مۆدێرنیزم بڕواهێنانە بەوەی کە مرۆڤ بەوە دەگاتە خۆشبەختی کە بوونەوەرەکانی ناو جیهانی سروشت بکاتەوە بە مادەی سەرەتایی ودوای ئەمەش لەم مادە سەرەتاییە بەو شێوەیەی کە خۆی حەزی پێدەکات جیهانێکی نوێ وکۆمەڵە بوونەوەرێکی نوێ دروست بکات و ببێت بە خواوەندی ناو ئەو جیهانە نوێیە. ماهیەتی مۆدێرنیزم دروستکردنە. بۆیە بەبێ تێگەیشتن لەو سیستەمەی کە مۆدێرنیزم مرۆڤەکانی ئەم سەردەمەو نەتەوەکانی پێ دروستکردووە، ناتوانین بە شێوەیەکی دروست لە مۆدێرنیزم تێبگەین.

ئێمە لەم کتێبەدا باس لە بوونی نەتەوەیی کورد دەکەین. بەپێی ئەو باوەڕەش کە مۆدێرنیزم بە ئێمەی بەخشیووە، نەتەوەکانیش وەك هەر بوونەوەرێکی ناو ئەم جیهانە دروستدەکرێن،

کاتێك میللەتێك لە میللەتەکان دەتوانێت ببێت بە نەتەوەیەك لە نەتەوە دروستکراوەکانی ناو ئەم جیهانە مۆدێرنە کە بەرلەهەموو شتێك باوڕ بەوە بهێنێ کە خۆی بەو شێوە سروشتییەی کە هەیە هیچ نییە جگە لە مادەیەکی خاو بۆ دروستکردنی نەتەوەیەك، دوای ئەمەش دەبێت باوەڕ بەوە بهێنێ کە بەخۆی ناتوانێت ببێت بە نەتەوەو بۆ ئەوەی ببێت بە نەتەوە، دەبێت قبوولّی ئەوە بکات ئەو خواوەندە نوێیە بە شێوەگیرکردنی ئایدیالّێك لەئایدیالّەکانی خۆی وەك نەتەوەیەك لە نەتەوە دروستکراوەکانی خۆی دروستی بکات. هیچ میللەتێك لە میللەتەکان بەخۆی نابێت بە نەتەوەو یەك رێگا هەیە بۆ بوونی بە نەتەوە، ئەویش ئەوەیە ئیمان بە شەریعەتی ئەو خواوەندە نوێیە بهێنێ و ملەکەچ بکات بۆ فرمانەکانی. بەپێی ئەم بیروباوڕە سیستەمی پەیدابوونی نەتەوەکان وئایدیالّی دروستبوونەکەیان لەناو بوونی میللەتەکاندا نییەو لەناو ئەو خواوەندە نوێیەدا کە جیهانە مۆدێرنەکەی دروستکردووە، بۆیە گەڕان بە شوێن ئایدیالّی نەتەوەکان وسیستەمی بوون پەرەسەندنەکەیان لەناو میللەتەکاندا کارێکی بێ هودەیە. گەڕان بە شوێن ئەمەدا وەك گەڕانە بە شوێن ئایدیالّی دروستکردنی کورسیەکدا لەناو قەدووبالاّی ئەو درەختانەدا کە بە سروشت هەن.

چۆن ئێمە بۆ دۆزینەوەی ئایدیالّی کورسیەك و سیستەمی دروستکردنەکەی نابێت لەناو درەختەکاندا بگەڕین و دەبێت لەناو عەقلّی ئەو مرۆڤەدا بگەڕین کە کورسیەکەی دروستکردووە، بەهەمان شێوە بۆ دۆزینەوەی ئایدیالّی نەتەوەیەك وسیستەمی دروستبوونەکەی نابێت لەو میلللەتەو پرۆسەی پەرەسەندنەکەی لە مێژوودا رامێنین، بەلّکوو دەبێت لە ئایدیالّەکانی عەقلّی ئەو خواوەندە نوێیەو سیستەمی شێوەگیر کردنەکەیان لەناو واقعە مۆدێرنەکەدا رامێنین. لێکۆلّەرەکانی بواری نەتەوەخوازی لەمەوە گەیشتوون بەوەی کە نەتەوەکان دروستدەکرێن وئەوەش کە دروستیان دەکات مۆدێرنیزمە، بۆیە گەر میللەتێك خۆی تەسلیمی ئەو خواوەندە نەکات کە لەناو ئەم بیروباوڕەدا وێناکراوە، نابێت چاوەڕی ئەوە بێت، ببێت بە نەتەوە.

مۆدێرنیزم ئەو بڕوایە لەلای مرۆڤی مۆدێرن دروستدەکات کە ئەو مرۆڤە بەر لەوەی بەدروستکردندا بڕوات و ئەو خواوەندە نوێیە دروستی بکات، جگە لە مادەیەکی مردوو هیچی تر نەبووە، ئەوەی ئەوی لە مادەیەکی مردووەوە کردووە بە بوونەوەرێکی زیندوو و ژیانی پێ بە خشیووە، ئەو خواوەندە نوێیەیە کە دروستیکردووە، بۆیە سیستەمی بوون و پەرەسەندنەکەی

لەناوخۆیدا نییەوە لەدەرەوەی خۆیدایە. هەر مرۆڤێك یان هەر میللەتێك خۆی بە مادەیەکی رەق و تەق نەزانێ و قبوولّی ئەوە نەکات ئەم خواوەندە بوونی پێ ببەخشێت و وابیربکاتەوە کە سیستەمی بوون پەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدایە، ئەوە تاهەتایە لە دۆزەخی مادە رەقوتەقەکان بۆ خۆی دەمێنێتەوەو نابێت بە هیچ. بۆیە هیچ مرۆڤێك و هیچ میللەتێك نابێت چاوەڕی ئەوە بکات کە بە خۆی لەناو خۆیدا پەرەبسێنێ و لە مادەیەکی سادەو سەرەتاییەوە ببێت بە بوونەوەر. چۆن کارێکی گێلانەیە کەسێك بیەوێت لە تێڕامان لە پارچە ئاسنێك ئایدیاڵ و سیستەمی هەموو ئەو بوونەوەرانە پەی پێ بەرێت کە لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا دروستکراون، ئەوەندەش گێلیەتییە کەسێك لەناو عەقڵی ئەو خواوەندەدا بۆ ئایدیاڵ و سیستەمی درووستبوونی ئەو بوونەوەرە سروشتییە نائامێریانە بگەڕێت کە بەسروشت هەن. گێلیەتییە مرۆڤ بڕوا بەوە بهێنێ کە چۆن مۆدێرنیزم لە ڕێگەی زانست و تەکنۆلۆجیاوە توانیویەتی لە ئاسن ئەو هەموو بوونەورە دروست بکات، رۆژێك دێت دەتوانێت لەو مادە خاوەی کە لە سروشتدا هەیە بوونەوەرێکی زیندووی سروشتی وەك درەخت دروست بکات.

چۆن تەنها سیستەمی بوون پەرەسەندنی بوونەوەرە سروشتییەکان لەناو سروشت خۆیدایە وسیستەمی بوون پەرەسەندنی بوونەوەر ئامێرییەکان لەناو سروشتدا بوونی نییەو ناکرێت چاوەڕی ئەوە بین رۆژێك لە رۆژان سروشت کۆمپیوتەرێك دروست بکات، بە هەمان شێوە تەنها سیستەمی بوون پەرەسەندنی بوونەورە ئامێرییەکان لەناو عەقڵی ئەم خواوەندە نوێیەدا بوونی هەیەو سیستەمی بوون وپەرەسەندنی بوونەوەرە سروشتییەکان لەناویدا بوونی نییەو گێلیەتییە گەر وا بیربکەینەوە رۆژێك لە رۆژان ئەم خواوەندە لە ڕێگەی زانست و تەکنۆلۆجیاکەیەوە دەتوانێت تۆوی درەختێك دروست بکات.

چۆن کەسێك بە تێڕامان لە پارچە ئاسنێك پەی بە ئایدیاڵ و سیستەمی بوون و پەرەسەندنی بوونەوەرە دروستکراوەکانی ئەو خواوەندە نابات و بۆ گەیشتن بەمە دەبێت لە عەقڵی ئەو خواوەندە رامێنێ کە دروستیکردوون، بە هەمان شێوە بۆ تێگەیشتن لە بوونەوەرێکی سروشتی و پەیبردن بە ئایدیاڵ و سیستەمی پەرەسەندنەکەی گەر لە عەقڵی ئەو خواوەندە رامێنێ ناگات بە هیچ و هەردەبێت لە بوونەوەرە سروشتییەکان رامێنێ جا دەتوانێت پەیی بە ئایدیاڵ و سیستەمی پەرەسەندنەکەی بەرێت. نەتەوە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵە مرۆڤێك، مرۆڤیش بەئەسڵ بوونەوەرێکی سروشتییەو بوونەوەرێکی دروستکراوی

دەستی ئەم خواوەندە نوێیە نییە، هەر شتێك لە بەشدا سروشتی و زیندوو بێت لە گشتیشدا سروشتی و زیندووە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوەش بوونەوەرێکی زیندوو و سروشتییە، چونکە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە مرۆڤێکی زیندوو و سروشتی، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە ئایدیاڵی نەتەوەو سیستەمی بوون و پەرەسەندنەکەی، هەر دەبێت لە بوون و پەرەسەندنی ئەو کۆمەڵگایە رامێنین کە بووە بە نەتەوە.

بەپێی بیروباوڕەی مۆدێرنیزم نەتەوە دروستدەکرێت، نەتەوە گەر بوونەوەرێکی ئامێری دروستکراو بێت دەبێت بەشەپێکهێنەرو ئۆرگانییەکانیشی بوونەوەری ئامێری بن، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەو مرۆڤانەی کە ئەو نەتەوە ئامێرییەیان لێدروستکراوە خۆشیان دروستکراوێکی ئامێرین و بە پرۆسەی دروستکردندا براون. واتە کاتێك ئێمە بڕوا بەوە دەهێنین کە نەتەوە دروستدەکرێت، دەبێت بڕوا بەوەش بهێنین کە ئەندامانی ئەو نەتەوەیەش وەك نەتەوە دروستکراون.

بوونەوەری ئامێری چۆن خۆی ئامێرێکی دروستکراوە، بەهەمان شێوە هەموو ئەو پارچانەش کە پێکییان هێناوە، وەك خۆی بوونێکی ئامێرییان هەیە، واتە چۆن لە گشتدا ئامێرە لە بەشیشدا ئامێرە، بۆیە ناکرێت بیر لە نەتەوەیەکی دروستکراو بکرێتەوە کە لە کۆمەڵە مرۆڤێکی سروشتی پێکهاتبێ. نەتەوەی دروستکراو نەتەوەی ئەو مرۆڤانەیە کە ئیمانیان بەوە هێناوە، مرۆڤی سروشتی جگە لە مادەیەکی رەق و تەق هیچی تر نییەو گەر ئەم خواوەندە بوونیان پێ نەبەخشێت تا هەتایە وەك مادەیەکی رەق و تەق دەمێننەوە.

بۆ تێگەیشتن لە بوونی نەتەوەیی کورد دەبێت بەر لە هەموو شتێك ئەوە بزانین کە دوو جۆر لە نەتەوە هەیە، نەتەوەیەکی دروستکراو کە سیستەمی بوون و پەرەسەندنی خۆی و ئەندامەکانی لە دەرەوی خۆیەتی و لەناو ئەو خواوەندە نوێیەدا کە مۆدێرنیزم لە خەیاڵی مرۆڤایەتیدا دروستیکردووە، لەگەڵ نەتەوەیەکی نائامێری و زیندوو کە ئەندامەکانی بوونێکی سروشتیان هەیەو ئایدیاڵ و سیستەمی بوون و پەرەسەندنەکەی لەناو ئەو مرۆڤانەدایە کە خۆیان وەك مادەیەکی خاو نابیننەوەو بڕوایان بەوە هەیە بە خۆیان بوونیان لەناو خۆیاندایەو ئەم بوونەش لە پەرەسەندنێکی بەردەوامدایەو پێویستیان بەوە نییە بە پرۆسەی دروستکردندا ببرێن و بوونیان پێ ببەخشرێت. بۆتێگەیشتن لەم دوو جۆرە لەنەتەوە دوو تیۆری جیاواز هەیە، تیۆرێکیان مۆدێرنیزم بەرهەمی هێناوەو لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە نەتەوە

دروستکراوێکی ئامێرییەو وەك هەر بوونەوەرێکی ئامێری ناو جیهانە مۆدێرنەکە ئەو خواوەندە نوێیە دروستیکردووە. تیۆرەکەی تریان تیۆری فەیلەسوفانی ئەڵمانەو لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە بوون وسیستەمی پەرەسەندنی نەتەوە لەناو ئەو کۆمەڵە مرۆڤەدایە کە نەتەوە لێیانەوە پەیدا دەبێت.

ئەم کتێبە لەلایەکەوە هەوڵێکە بۆ شکاندنی ئەو وێنەیەی کە مۆدێرنیزم بۆ ئەو جۆرە لە نەتەوە کێشاویەتی کە فەیلەسوفانی ئەڵمان تیۆریزەیان کردووە و بە هۆی ئەمەشەوە ئەو فەیلەسوفانەی بەوە تۆمەتبارکردوون کە بیرکردنەوەیان بووتە هۆی دروستکردنی دیکتاتۆرەکانی سەردەمە مۆدێرنەکە. واتە هەوڵێکە بۆ بەرگریکردن لە فەیلەسوفانی ئەڵمان و تیۆرەکەیان لە بارەی نەتەوەوە. لەلایەکی ترەوە هەوڵێکە بۆ شکاندنی ئەو وێنەیەی کە مۆدێرنیزم لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا بۆ کوردی کێشاوەو وەك شەیتانی ناو ئەو بە هەشتە وێنای کردووە کە خۆی بە خواوەندی دەزانێت و لەمەشەوە خستووەیەتیە بەر رەحمەتی ئەو رقەی کە هەڵگرانی بیروباوڕی مۆدێرنیزم بەرامبەر بە شەیتانی بە هەشتەکەیان هەیانە.

ئەم کتێبە لە پێنج بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا هەوڵمانداوە لەوە بکۆڵینەوە کە بیرۆکەی نەتەوە بەر لە بوونی نەتەوە لەناو واقعی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودایە، یان لە ناو عەقڵی کۆیی میللەتەکاندایە. لەم بەشەدا گفتوگۆمان لە بارەی دوو بۆچوونی تیۆرییەوە کردووە، بۆچوونێکیان ئەو بۆچوونە تیۆرەییەیە کە مۆدێرنیزم بەرهەمی هێناوەو بەڵگە کاری بۆ ئەوە کردووە نەتەوەکان وەك ئامێرەکان دروستدەکرێن، بۆیە بۆ دۆزینەوەی بیرۆکەی نەتەوە نابێت لە میللەتەکان بکۆڵینەوە و لە ریگەی تێڕامان لە بوونیان بە شوێن ئایدیاڵی نەتەوەوە سیستەمی پەرەسەندنەکەیدا بگەڕین. لەبەر ئەوەی نەتەوە بە شێوەیەکی میکانیکی دروستدەکرێت و بەرهەمی سەردەمە مۆدێرنەکەیە دەبێت لەناو مۆدێرنیزم و کۆمەڵگا دروستکراوەکەی بۆ ئایدیاڵەکەو سیستەمی دروستکردنەکەی بگەڕین. شوێنی راستەقینەی ئەم بیرۆکەیە ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەیە کە مۆدێرنیزم دروستیکردووە، نەك ئەو عەقڵە کۆییەی کە بەشێوەیەکی سروشتی میلللەتەکان بەرەو ئەوە ئاراستە دەکات بن بە نەتەوە.

تیۆرەکەی تریان تیۆری فەیلەسوفە ئەڵمانەکانەوە و بەپێی ئەم تیۆرە نەتەوە بوونێکی دروستکراوی نییە و بیرۆکەکەی و سیستەمی بوون و پەرەسەندنەکەی لە ناو میللەتەکاندایەو ئەو بیرۆکەیەش بەوە لەناو ئەو میللەتانەدا شێوەگیر دەبێت کە لە ناو بوونی خۆیاندا هوشیاری

پێ پەیدابکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە ئایدیاڵی نەتەوەو پەرەسەندنەکەی لە ناو ئەو میللەتانەدایە کە لە پەرەسەندندان بەرەو ئەوەی کە ببن بە نەتەوە.

لە بەشی دووەم و سێهەمی ئەم کتێبەدا گفتوگۆمان لە بارەی تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوەکانەوە کردووەوە ئەوەمان خستووەتە رووی ئەو تیۆرە باوەی کە لەناو لێکۆڵینەوە مۆدێرنەکاندا کاری پێکراوە تەنها دەتوانێت بوون و پەرەسندنی ئەو نەتەوانەمان بۆ لێکبداتەوە کە مۆدێرنیزم دروسیکردوون، ئەو نەتەوانەی کە بوون و پەرەسەندنەکەیان لە ناو خۆیاندایەو مۆدێرنیزم دروستی نەکردوون، لە رێگەی ئەو تیۆرە فەلسەفیەوە دەتوانین لێیان تێبگەین کە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا وەك تیۆریك بۆ بوون و پەرەسەندنی نەتەوەکان تیۆریزەکراوە. بەپێی ئەم تیۆرەش نەتەوە دروستناکرێت و سیستەمی بوون پەرەسەندنەکەی لە ناو خۆیدایەو نەتەوە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی بوون پەرەسەندنی ئەو میللەتانە دێتە ئاراوە کە بەشێوەیەکی سروشتی پەرەدەسێنن و بنەمای بوون پەرەسەندنەکەیان لە ناو خۆیاندایە.

لە بەشی سێهەم و چوارەمدا گفتوگۆی مەرجەعە تیۆرییەکانی ئەو بۆچوونە باوەمان کردووە کە مۆدێرنیزم لە بارەی بوونی نەتەوەیی کوردەوە بەرهەمی هێناون و کوردی وەك کۆمەڵە خێڵێکی سروشتی وێناکردووە کە دەیانەوێت لە دۆخە سروشتیەکەی خۆیاندا بمێننەوە و قبووڵی ئەوە ناکەن مۆدێرنیزم بە پرۆسەی دروستکردندا بیان بات و نەتەوەیەکیان لێدروست بکات. لەم بەشەدا ئەم وێناکردنەی مۆدێرنیزمان بۆ کورد رەخنەکردووەو ئەوەمان روونکردووەتەوە کە کورد خاوەنی بوونی نەتەوەیی خۆیەتی و بەلاّم بوونە نەتەوەییبیەکەی بوونێکی دروستکراوی نییەو سیستەمی بوون پەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدایەو بەخۆی پەرەدەسێنێ، بۆیە ناکرێت لە رێگەی تیۆرە دروستەییە مۆدێرنەکەوە لێی تێبگەین. بۆ ئەوەی لە بوونی نەتەوەییی کورد و سیستەمی پەرەسەندنەکەی تێبگەین دەبێت پشت بەو تیۆرە فەلسەفییەی فەیلەسوفانی ئەڵمان ببەستین کە لە ناو نەتەوە خۆیدا بۆ ئایدیاڵ و سیستەمی پەرەسەندنی نەتەوەکان تیۆریزە دەکات و نەتەوە وەك بوونەوەرێك دەبینێ کە سیستەمی بوون پەرەسەندنەکەی لە ناو خۆیدایە و بە خۆی دروستدەبێت و لەدەرە دروستناکرێت.

بەشی یەکەم:

# بیرۆکەی نەتەوە لە نێوان عەقڵ و واقعدا

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی بواری نەتەوەخوازی، (نەتەوە) ناوە بۆکۆمەڵگایەکی مرۆیی دیاریکراو، ئەم کۆمەڵگایە خاوەنی کەلتوری تایبەتی خۆیەتی و ئەو کەلتورەش هەڵگری سیستەمێکی دیاریکراوەو ئەم سیستەمە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە ڕێکدەخات. ئەو کەلتورو سیستەمە کۆمەڵایەتییەش بە میکانیزمێکی تایبەت لە کاتی گواستنەوەیدا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بوونی خۆی دەپارێزێت و پەرە بەخۆی دەدات.

نەتەوە وەك کۆمەڵگایەکی مرۆیی جیاوازە لە نەتەوە وەك ئەو کەلتور و سیستەمەی کە مرۆڤەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە لە ژیانی خۆیاندا پەیڕەوی دەکەن، واتە ژیانی واقعی و دەرەکی ئەو کۆمەڵگایە جیایە لە ژیانە فکری و ناوەکییەکەی. ئەمەش وای کردووە دوو بۆچوونی جیاواز لە بارەی پەیوەندی ژیانی فکری ئەو کۆمەڵگایە و ژیانی مادی و واقعی ئەو کۆمەڵگایە بێنە ئاراوە.

بۆچوونێکییان لە ژێر کاریگەری مارکسیزمدایە و پێی وایە ژیانی واقعی و مادی ئەو کۆمەڵگایە ژیانە فکرییەکەی دیاری دەکات و بۆچوونێکی تریش هەیە لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ئەڵمانیدایەو پێی وایە ژیانی فکری ئەو کۆمەڵگایە ژیانە واقعییەکەی دیاری دەکات.

بۆچوونی یەکەمیان ئەو بۆچوونە باوەیە کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە باڵی بەسەر لێکۆڵینەوەکانی بواری نەتەوەخوازیدا کێشاوەو بووەتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەدا بۆچوونی دووەمیان لە ناو لێکۆڵینەوە نوێکاندا پەرە بسێنێ و ماناو چەمکی نەتەوە لە گۆشەنیگای خۆیەوە دیاری بکات.

بۆ ئەوەی لەوە بکۆڵینەوە ئەو کۆمەڵگایەی کە پێی دەوترێت نەتەوە چۆن سەری هەڵداوە، دوو ڕێگامان لە بەردەمدایە: ڕێگایەکیان ئەو ڕێگا باوەیە کە لە ئێستادا وەك تاکە ڕێگایەك لە لێکۆڵینەوەکانی بواری نەتەوەخوازیدا ڕەوایەتی ئەوەی وەرگرتووە ئەوە دیاری بکات نەتەوە چۆن سەر هەڵدەدات و ئەو کۆمەڵگایانەش کامانەن کە شیاوی ئەوەن بە نەتەوە ناوببرێن. ڕێگاکەی تریان ئەو ڕێگایەیە کە فەیلەسوفانی ئەڵمان لە سەدەی نۆزدەدا گرتیانەبەر بۆ ئەوەی لە سەرهەڵدانی نەتەوە و ئەو کۆمەڵگایە بکۆڵنەوە کە شیاوی ئەوەیە پێی بوترێت نەتەوە.

لە ناو لێکۆڵنەوە نوێکاندا بەردەوام کار لەسەر ئەوە کراوە ئەو ڕێگایەی کە فەیلەسوفە ئەڵمانەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیدابوونی نەتەوەو کۆمەڵگاکەی گرتوویانەتەبەر بە ڕێگایەکی

هەڵە بزانرێت و وا بناسرێت کە ناتوانێت لێکدانەوەیەکی دروست بکات بۆ پەیدابوونی نەتەوەکان و ناسینەوەی کۆمەڵگاکەیان.

ئەو ڕێگا باوەی کە لە ئێستادا بووە بە تاکە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە نەتەوەکان و ناسینەوەی کۆمەڵگا نەتەوەییەکان و جیاکردنەوەیان لە کۆمەڵگا نانەتەوەییەکان، رێگای ئەو لێکۆڵەرە نیومارکسیانەیە کە بۆچوونەکەیان سەرچاوە لەو بیرۆکە بنچینەییەی مارکسیزمەوە دەگرێت کە پێی وایە ئەوەی لە ژیانی کۆمەڵگادا مادی و هەستەکییە ئەوە دیاری دەکات کە فکری و عەقڵییە. واتە بونیادی ژێرەوەی ژیانی کۆمەڵگا بوونیادی سەرەوەی دیاری دەکات و بنەماکانی بوونی بونیادی ژێرەوەش ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بەرهەمەکانی بژێوی ئەو کۆمەڵگایەن و کۆی ئەم بونیادەش دەبێتە بنەما بۆ بونیادی سەرەوەی کۆمەڵگا کە کەلتورو ئەو پەیوەندییە کەلتوریانەن کە ژیانی فکری و نامادی ئەو کۆمەڵگایە رێکدەخەن. ئەمەش ئەوەدەگەێێنێ نەتەوە بەپێی بۆچوونی ئەم لێکۆڵەرە نیۆمارکسیانە، کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەو خاوەنی کەلتورێکی دیاریکراوەو ئەم کەلتورەش بەرهەمهاتووی ئەو بوونیادە مادییەیە کە ئامێرەکانی بەرهەمێنانی ئەو کۆمەڵگایەو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان پێکیان هێناوە.

ئەم رێگایە بۆ لێکدانەوەی بوونی نەتەوەکان هەوڵدەدات لەناو ژیانی مادی کۆمەڵگاکاندا بۆ بنەماکانی پەیدابوونی نەتەوەکان بگەڕێت و لە رێگەی ژیانی مادی ئەو کۆمەڵگایانەوە بڕیار لەسەر ئەوە بدات ئەو کۆمەڵگایانە کۆمەڵگایەکی نەتەوەیین یان کۆمەڵگایەکی نانەتەوەیی. بەڵام رێگای فەیلەسوفە ئەڵمانەکانی سەدەی نۆزدە لە دیاریکردنی بنەماکانی بوونی نەتەوەکان، رێگایەکە لە ناو ژیانی فکری کۆمەڵگاکاندا بە شوێن بنەماکانی بوونی نەتەوەکاندا دەگەڕێت. بەپێی بۆچوونی ئەوان ژیانی فکری کۆمەڵگاکان ژیانە واقعی و مادییەکەیان دیاری دەکەن و ئەوەی لە فکردا بوونی نەبێت لە واقعیشدا ناتوانێت ببێت، بۆیە دەبێت لە ناو ژیانی فکری کۆمەڵگاکاندا بۆ بنەماکانی بوونی نەتەوەکان بگەڕێین.

بە پێی ئەم بۆچوونە بیرۆکەی نەتەوە لە ناو ژیانی فکری کۆمەڵگایەکدا پەرە دەسێنێ و دواتر لەواقعدا عەینی دەبێتەوەو لە شێوەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دەردەکەوێت، ئەو جۆرە لە کۆمەڵگاش کۆمەڵگایەکە پەیوەندییە مادییەکانی نێوان ئەندامەکانی رەنگدانەوەی ئەو سیستەمە فکرییەن کە لە ژیانی فکری ئەو کۆمەڵگایەدا پەرەی سەندووەو دواتر لە ژیانی

مادی ئەواندا شێوەگیربووە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بەپێی بۆچوونی نیۆمارکسییەکان، نەتەوە کۆمەڵگایەکە ژیانە مادییەکەی ژیانە روحی و فکرییەکەی دیاریکردووەو ژیانی فکری ئەو کۆمەڵگایە هیچ نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی ژیانە مادییەکەی. بەپێی بۆچوونی فەیلەسوفەکانیش نەتەوە ئەو کۆمەڵگایەیە کە ژیانە مادییەکەی شێوەگیرکەری ژیانە فکری و روحییەکەیەتی. بۆ خستنەڕووی ئەم دوو بۆچوونە هەوڵدەدەین لە ڕوانگەی هەردوو بۆچوونەکەوە سەرچاوەی بیرۆکەی پەیدابوونی نەتەوەو بەرجەستەبوونەکەی لە ناو جەستەی میللەتاندا دیاری بکەین و پەرەسەندنەکە لە هەردوو روانگەکەوە بخەینەروو.

## ١/١) کۆمەڵگای پیشەسازی وەك زەمینەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوە

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بۆچوونێکی نوێ لەبارەی پەیدابوونی نەتەوەکانەوە سەری هەڵدا، لەدوای شەستەکانەوە ئەم بۆچوونە لەلایەن کۆمەڵە لێکۆڵەرێکی بوارە جیاجیاکانی زانستە مرۆییەکان پەرەی پێدراو وەك بەهێزترین و باوڕپێکراوترین تیۆر بۆ لێکدانەوەی سەرهەڵدانی نەتەوەکان و نەتەوەخوازی دەرکەوت. ئەمەش هۆکەی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە تیۆرێکی دڵڕازیکەرو سازبوو لەگەڵ ئەو سیستەمە سیاسییەدا کە لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکانی دنیادا پەیڕەو دەکرا.

ئەو بیرۆکەیەی ئەم تیۆرەی لەسەر دامەزراوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت نەتەوەکان بوونێکی سروشتیان نییەو بوونێکی دروستکراویان هەیەو مێژوو دروستکردنەکەشیان لە دوو سەدە تێناپەڕێت، واتە بەر لە سەرهەڵدانی مۆدێرنەو کۆمەڵگای پیشەسازی بوونیان نەبووە. ئەم بیرۆکەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن ئیلی قەدوورییەوە لە کتێبەکەیدا (نەتەوەخوازی١٩٦٠) پێشنیار دەکرێت و دوای ئەویش لە لایەن چەند لێکۆڵەرێکەوە پەرەی پێدەردرێت. ئێرنست گێلنەرو هویسباوم و سمیس و ئەندرسۆن ناودارترین ئەو لێکۆڵەرانەن کە ئەم بیرۆکەیان پەرەپێداوەو و لە چوارچێوەی تیۆرێکدا تیۆریزەیان کردووە.

ئەم لێکۆڵەرانە لە ژێرکاریگەری مارکسیزمدا تیۆرەکەی خۆیان لەسەر ئەو بەڵگە نەویستە دامەزراندووە:کە واقعی ئابووری کۆمەڵگاکان بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایانەیان دیاریکردووەو بیرۆکەی نەتەوەش تەنها لە ناو بیرکردنەوەو هوشیاری ئەو کۆمەڵگایانەدا بوونیان هەیە کە بەرهەمە ئابوورییەکانیان بەرهەمهاتووی ئامێرە پیشەسازییەکانن. ئەو کۆمەڵگایانەی کە

بەرهەمە ئابوورییەکانیان بەرەمهاتووی ئامێرە کشتوکاڵیەکانن، مومکین نییە بیرۆکەی نەتەوە لەناو بیرکردنەوەو هوشیارییاندا سەرهەڵبدات، بۆیە ناکرێت لە ناو بیرکردنەوەو هوشیاری کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکاندا بە شوێن سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوەدا بگەڕێین.

گێلنەر لەناو لێکۆڵەرانی تیۆرە مۆدێرنەکەی لێکدانەوەی نەتەوەکان و نەتەوەخوازیدا کار لەسەر سەلماندنی ئەو بیرۆکەیەی سەرەوە دەکات ولێکۆڵەرەکانی تر بە پشت بەستن بە کارەکەی گێلنەر جەخت لەسەر هەمان بۆچوون دەکەنەوەو وەك بەڵگەنەویستێك یان سەلمێنراوێك مامەڵە لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا دەکەن. لەبەر ئەمەش ئێمە ناچارین بۆخستنەرووی ئەم بۆچوونەو گفتوگۆکردنی بەڵگەکارییەکانی پەنا بەرینە بەر کارەکەی گێلنەر.

گێلنەر لە کتێبەکەیدا(نەتەوەکان و نەتەوەخوازی١٩٨٣) کار لەسەر ئەوە دەکات ئەوە بسەلمێنێ بیرۆکەی نەتەوە ناکرێت لەناو هوشیاری و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا کشتووکاڵییەکاندا بوونی هەبوبێت، ئەم بیرۆکەیە تەنها لەناو بیرکردنەوەو هوشیاری ئەوکۆمەڵگایانەدا ئیمکانی سەرهەڵدانی هەیە کە لە قۆناغی کشتوکاڵییەوە بەرەو قۆناغی پیشەسازی رۆشتوون. ئەو بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی خۆی لە رووی مێژووییەوە پشت بە مارکسیزم دەبەسێت و لەرووی دروستەیشەوە پشت بەو کەلتورە دەبەستێت کە دروستەخوازەکان لەدوای تیڕوانیینە دروستەییەکەی سۆسۆرەوە بۆ زمان لەبوارە جیاجیاکاندا بەرهەمیان هێناوە. دەتوانیین ئەم بۆچوونەی گێلنەر بخەینە ریزی ئەو بۆچوونانەوە کە لە بەرئەنجامی تێکەڵکردنی بیرکردنەوەی دروستەخوازی و مارکسیزمی مێژووییەوە هاتونەتە ئاراوە.

گێلنەر بەهەمان شێوەی مارکسیزم مێژوو دابەشدەکات بۆچەند قۆناغێك و سەرهەڵدانی هەر قۆناغێك لەم قۆناغانەش لەرێگەی پەرەسەندنی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارو بەرهەمی ئەو ئامێرانەوە لێکدەداتەوە. ئەوەی دابەشکردنەکەی گێلنەر جیا دەکاتەوە لەو دابەشکردنە باوەی کە لە کەلتورە فکرییەکەی مارکسیزمدا هەیە تەنها ناوی قۆناغەکانە. مارکسیزم لە چوارچێوەی سێ قۆناغی مێژووییدا باس لەپەرەسەندنی کۆمەڵگا مرۆییەکان دەکات: قۆناغی دەرەبەگایەتی، قۆناغی سەرمایەداری، قۆناغی کۆمۆنیزم. بە هەمان شێوە گێلنەریش مێژووی مرۆڤایەتی دابەش دەکات بۆ سێ قۆناغ: قۆناغی راووشکار، قۆناغی کشتوکاڵی، قۆناغی پیشەسازی. لە روانگەی مارکسیزمەوە بیرۆکەی نەتەوە لە کۆمەڵگایەکدا سەرهەڵدەدات کە گەیشتبێتە قۆناغی سەرمایەداری، واتە بیرۆکەی نەتەوە پێداویستییە

مادییەکانی ئەو ژیانە ئابوورییە لە هۆشیاری کۆیی کۆمەڵگادا دروسیانکردووە کە ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی، ئامێری ئەو کۆمەڵگایەن گەیشتوەتە قۆناغی سەرمایەداریی. لە ڕوانگەی گێلنەریشەوە بە هەمان شێوە بیرۆکەی نەتەوە پێداویستییە مادییەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە هوشیاری کۆمەڵگادا دروستی کردووە، کە قۆناغی کشتوکاڵی تێپەڕاندووەو گەیشتووەتە قۆناغی پیشەرسازی.

بەپێی هەردوو بۆچوونەکەش نەتەوەکان بوونێکی کاتییان هەیەو ریشەیەکیان نییە بۆ مانەوەو بوونیان بوونێکی عەرەزییە. لەڕوانگەی مارکسیزمەوە نەتەوەکان تەنها دەرهاویشتەی لێکدژییەکانی قۆناغی سەرمایەدارین و بە کۆتایهاتن بە قۆناغی سەرمایەداری ئەوانیش کۆتاییان پێدێت. لای گێلنەریش نەتەوەکان لەسەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا سەرهەڵدەدەن و بوونێکی وەرزیانەیان هەیە و لەگەڵ کامڵبوونی ئەم قۆناغەو گەیشتنی هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان بەم کامڵبوونە، جیاوازیە رواڵەتییەکانی نێوان کۆمەڵگاکانیش بەسەردەچن و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتەوەکان نەمێنن.

لەڕووی دروستەبیشەوە گێلنەر لەدوورووەوە لە ژێرکاریگەری بیری دروستەخوازیدایە. سۆسۆر چۆن لەکارەکەی خۆیدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پرسیارکردن لەوەی کە زمان چۆن هاتووەتە بوون، پرسیارکردنێکی بێ مانایەو مرۆڤ ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتەوەختەی کە زمان تیایدا پەیدا بووە.

بە هەمان شێوە گێلنەریش پێی وایە لێکۆڵینەوە لە پەیدابوونی کۆمەڵگای پیشەسازی هیچ ئەنجامێکمان نادات بە دەستەوە، چوونکە: ( ئێمە لە هیچ کاتێکدا ناتوانین هەموو ئەو بارودۆخە نوێیە بەراییانەی ئەوروپای ڕۆژئاوایی بەرهەم بهێنینەوە –کە ئەو روداوەی تیا روویداوە- ئەو تاقیکاریانەی کە پێویستن لەو ئاستەدا ئەنجام بدرێن بۆ سەلماندنی خاڵێکی تیۆری، لەڕووی فکرییەوە وەدیهاتنیان زەحمەتە. لە هەمو حاڵەتێکدا ئێمە پێویستمان بەوەیە کە نەك جارێك بەڵکو چەندەها جار سەرەداوەکان بگەڕێنینەوە بۆ سەرچاوەکەیان، تا سەرەداوە بەجێماوەکانی پرۆسەیەك ریکخەینەوە کە خاوەنی پێکهاتەیەکی لەو جۆرەیە، ئەمەش لە سنوری دەسەڵاتی ئێمەدا نییە)[1].

(١) ايرنست غيلنر، الأمم والقومية، ت: د. مجيد الراضي، الطبعة الأولي، دار المدى للثقافة والنشر، سوريا ـ دمشق، ١٩٩٩، ص:٤٩-٥٠.

ئەم دوو بۆچوونە هەردووکیان پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە مەحاڵە مرۆڤ بگات بە زانینی ڕاستەقینەی چۆنیەتی پەیدابوونی زمان یان کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای پیشەسازی، چوونکە ناکرێت ئەو بارودۆخە دروستبکرێتەوە کە ئەو شتەی تیا پەیدابووە. لەڕاستیدا ئەو بارودۆخەی کە شتە سروشتییەکانی تیا پەیدا بوون ناکرێت لەڕێگەی تاقیکارییەوە بزانرێت، چونکە مرۆڤ ناتوانێت زەمینەی پەیدابوونی ئەو بوونەوەرە سروشتیانە بسازێنێ، گەرچی ئەوەی ئەو بوونەوەرە سروشتییانەی لێ پەیدا بووە لە بەردەستیشدا بێت.

بۆنموونە مرۆڤ لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارەکانی دروستبوونی زمان لەبەردەستیدایەو دەتوانێت بە هۆیانەوە کۆمەڵە وشەیەك دروست بکات و لە ڕێگەی ئەو کۆمەڵە وشەیەوە ڕستە بە پێی کۆمەڵە یاسایەك دروست بکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو زمانەی کە دروستکراوە توانای ژیانی تیا نییە، ناتوانێت لە ناو کۆمەڵگایەکی زمانیدا وەك هەر زمانێکی سروشتی پەرەبسێنێ و ببێت بە زمانی ئەو کۆمەڵگا زمانییە.

مرۆڤ دەتوانێت ئەو مادەیە ئامادە بکات کە تۆی ڕوەکێکی لێدروستبووە و دەشتوانێت ئەو شێوەیەی پێبدات کە تۆوەکە هەیەتی، بەڵام ئەو تۆوە دروستکراوە ناتوانێت وەك تۆوە سروشتییەکە لەناو زەمینەیەکدا بڕوێت و پەرە بسێنێ. ئەمەش وادەکات کە مرۆڤ نەتوانێت پەی بە پەیدابوونی بوونەوەرە سروشتییەکان بەرێت و لە ناو تاقیگەکانی خۆیدا بوونەوەری زیندوو دروست بکات و دروستکردنەوەکەیان وەك دروستکردنی هەر ئامێرێك، بکاتە دروستبوونێکی ئاسایی.

گێلنەرو سۆسۆر هۆی ئەوەی کە نازانرێت زمان یان کۆمەڵگای پیشەسازی چۆن پەیدابوون، ناگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان توانای دووپاتکردنەوەی ئەو ڕووداوەیان نییە، بەڵکو دەیگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە ئەو دوو بوونەوەرە تیایدا پەیدا بوون.

کێشەی نەزانینەکە لای ئەوان هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە لە زەمەنێکدا ڕوویداوە کە لێکۆڵەران ناتوانن بەهیچ ڕێگایەك بۆی بگەڕێنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ گەر کۆمەڵە لێکۆڵەرێکی وەك سۆسۆرو گێلنەر لەو سەردەمەدا بوونایە کە زمان یان کۆمەڵگای پیشەسازی سەرهەڵدەدات، ئەوە لە ڕێگەی لێکۆڵنەوەکان و تاقیکردنەوەکانیانەوە دەیانزانی ئەو دوو بوونەوەرە چۆن پەیدابوون.

لەڕاستیدا ئەم سەفسەتەیەی سۆسۆرو گێلنەر لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ئەوان گرنگی بە بنەماکانی بوونی ئەو دووبوونەوەرە دەدەن و ئەوە لەلایان بووە بە پرسیار کە ئەو بوونەوەرانە بەپێی چ بنەمایەك پەیدابوون، بەڵکو ئەوان ئەو پرسیارە دەکەن تا ئەوە ساغ بکەنەوە پرسیارێکی لەو جۆرە بیٚ مانایەو نابێت بکرێت و نابێت لێکۆڵەران بەشوێن وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێن کە بوونەوەرێك بەچی بووە بەو بوونەوەرەی کە هەیە، بەڵکو دەبێت بەشوێن وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێن: ئەو بوونەوەرەی کە هەیە بەپێی چ سیستەمێك دەڕوات بەڕێوەو سیستەمی کارکردنەکەی چۆن کاردەکات و چۆن پەیوەندی توخمەکانی ناوی دیاری دەکات. بەکورتی ئەوان پێیان وایە نابێت پرسیار لە سیستەمی بوونی شتەکان بکرێت و دەبێت پرسیار لە سیستەمی کارکردنی شتەکان بکرێت.

ئەم بۆچوونە دروستەییە لە لێکۆڵینەوە لە سیستەمی پەیدابوونی بوونەوەرەکان دوورمان دەخاتەوەو لە لێکۆڵینەوە لە بوونی بوونەوەرەکانەوەو بەروە لێکۆڵنەوە لە سیستەمی کارکردنی بوونەوەرەکان دەمان بات، بەمەش سیستەمی دروستەیی کارکردنی بوونەوەرێك دەخاتە شوێنی سیستەمی ئەنتۆلۆجی پەیدابوونی ئەو شتەو بەمەش دروستەی هەرشتێك وەك ماهیەتی ئەو شتە پێناسە دەکات. ئەم کارەی ئەوان ئاراستەی لێکۆڵینەوەکان لە لێکۆڵینەوە لە بوونی بوونەوەرەکانەوە دەگۆڕێت بۆ لێکۆڵینەوە لە دروستەی بوونەوەرەکان و پرسیاری چیەتیش کە پرسیارە لە بوونی بوونەوەرەکان دەگۆڕێت بۆ پرسیاری چۆنییەتی.

بۆنموونە لەزماندا پرسیاری زمان چییە؟ دەگۆڕێت بۆ پرسیاری زمان چۆن کاردەکات؟ لە کۆمەڵگای پیشەسازیشدا پرسیاری کۆمەڵگای پیشەسازی چییە؟ دەگۆڕێت بۆ پرسیاری سیستەم چۆن لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا پەیوەندییەکان ڕیکدەخات؟ بەمەش ڕێبازی دروستەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە بوونەوەرەکان، دەکرێتە تاکە ڕێبازێکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەو ڕەوایەتی زانستیی لە هەر لێکۆڵینەوەیەك دەسێنێتەوە کە بەو ڕێبازە ئەنجام نەدرابێت.

لە لایەکی ترەوە گێلنەر لە ژێر کاریگەری دروستەخوازەکاندا جیاوازییەکانی نێوان یەکەکانی ناو سیستەمێك بە کۆمەڵە جیاکارییەکی ڕواڵەتیانە دەزانێت، کە بوون و نەبوونیان هیچ کاریگەرییەکی لە سەر سیستەم نابێت. لەمەشەوە دەگاتە ئەو دەرئەنجامە: ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا هەن و هەریەك لەو کۆمەڵگایانەیان وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ پیشان داوە، بوون و نەبوونیان هیچ کاریگەرییەك لەسەر ئەو سیستەمە

دروست ناکات کە کۆمەڵگا پیشەسازییەکان پەیڕەویان دەکەن و ئەو جیاوازیانە کە ئەو کۆمەڵگایانەیان وەك کۆمەڵە نەتەوەیەکی جیاواز پێناسە کردووە، بە نەمانیان کۆمەڵگا پیشەسازییەکان تەنها ئەو رواڵەتە ساختەیەی خۆیان لەدەست دەدەن کە ئەوانی لە شێوەی کۆمەڵە نەتەوەیەکی سەربەخۆو جیاواز لەیەکتری پیشانداوەو ئەمەش هیچ کاریگەرییەك لەسەر ئەو سیستەمە دانانێت کە کۆمەڵگا پیشەسازییەکان پەیڕەوەی دەکەن.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی ئەو جیاوازیانەی کە لەنا کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بوونی نەتەوەیی ئەو کۆمەڵگا پیشەسازیانەیان لەسەر دامەزراوە، بوونێکی عەرەزییان هەیەو بە نەمانیان کۆمەڵگا پیشەسازییەکان هەروەك خۆیان دەمێننەوەو بوونی خۆیان لەدەست نادەن.
ئەم دەرئەنجامەی کە دروستەخوازەکانی وەك سۆسۆرو گێلنەر لە بارەی جیاوازی یەکەکانی ناو سیستەمەوە پێی دەگەن، سەرچاوە لە بێئاگاییەکی گەورەوە دەگرێت لەو پەیوەندیە ئەنتۆلۆجییەی کە لەلایەکەوە لە نێوان سیستەم و یەکەکانیدا هەیەو لە لایەکی ترەوە لە نێوان یەکەکان خۆیاندا هەیە.

ئەوان بیرکردنەوەیان نەگەیشتووەتە ئەو شوێنەی کە پەی بەوە بەرن بوونی سیستەم لەسەر جیاوازی نێوان یەکەکانی ناو سیستەم ڕاوەستاوەو گەر جیاوازی نێوان یەکەکانی ناو سیستەم جیاوازییەکی رواڵەتی بێت و لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندندا نەمێنێ، سیستەمیش لەنێوان یەکەکاندا بوونی نامێنێ و دەگوازرێتەوە بۆ ناو یەکێك لە یەکە جیاوازەکان و ئەو یەکەش دەبێت بەو دیکتاتۆرەی کە بەرهەمی نەمانی سیستەمی ناو یەکەکان و تەماهیکردنی بوونی ئەو تاکە یەکەیە لەگەڵ بوونی سیستەمدا. جیاوازی نێوان یەکەکانی ناو سیستەمێك زامنکەری بوون و مانەوەی ئەو سیستەمەن و بە نەمانی جیاوازی نێوان یەکەکان، سیستەم لە نێوان یەکەکاندا بوونی نامێنێ و دەگوازرێتەوە بۆ ناو یەکێك لە یەکەکان و یەکەکانی تریش هەموویان لەدوای لەدەستدانی جیاوازییەکانیان دەبن بە یەکەیەك لە یەکەکانی ئەو یەکەیەی کە لەگەڵ سیستەمەکەدا تەماهی کردووەو بووە بە سیستەم.

لەلایەکی ترەوە گێلنەر سود لەبۆچوونی دروستەخوازەکان وەردەگرێت بۆ دیاریکردنی پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان بەو کەلتورە مۆدێرنەوە کە ناوی ناوە کلتوری نەتەوەیی. ئەو پێی وایە تاکەکانی ناوکۆمەڵگای پیشەسازی، کەلتوری نەتەوەیی بەشێوەیەکی سەلبی وەردەگرن و دوای وەرگرتنەکەی هەڵسوکەوتی پێدەکەن و لەڕێگەیەوە دەبن بە ئەندامی

ناو ئەو کۆمەڵگایەو ئەو تاکانەش کە وەریدەگرن ناتوانن هیچ گۆڕانێك لە سیستەمی ئەو کەلتورەدا بکەن و تەنها بۆیان هەیە پەیڕەوی لە یاساکانی بکەن و بە پێی یاساکانی هەڵسوکەوت بکەن.

بەپێی ئەم بۆچوونە تاکی ناو ئەم کۆمەڵگایانە بەشدار نییە لە خولْقاندنی یان گۆڕینی یاساکانی ئەو کەلتورەداو ئەو تەنها بۆی هەیە لە پرۆسەیەکی پەروەردەییدا سیستەم ویاساکان و داتاکان وەرگرێت و کەلتورەکە لە هەڵسوکەوتە کردەیی و گوتەیی و هەڵچوونییەکانیدا وەك خۆی بەرهەم بهێنێتەو. ئەم بۆچوونە هەمان بۆچوونی سۆسۆرە لەبارەی وەرگرتنی زمان لەکۆمەڵگایەکی زمانیدا لەلایەن تاکاکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییەوە.

گێلنەر لە کارەکەی خۆیدا بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو کەلتورە چۆنەو چۆن دەگوازرێتەوە، ئەو هەرگیز پرسیار لەوە ناکات ئەوەی ئەو کەلتوورەو یاساکانی داهێناوە کێیەو لەسەر چ بنەمایەك دای هێناوە؟ واتە ئەو تەنها باس لەو کەسانە دەکات کە کەلتوورەکە دەگوازنەوە، لەگەڵ ئەوانەی کە کەلتورەکە بەشێوەیەکی سەلبی وەردەگرن.

سۆسۆر چۆن هەرگیز لەبارەی یاسادانەرانی زمانەوە نادوێت و تەنها باس لە یاسابەکارهێنەرانی زمان دەکات، بەهەمان شێوە گێلنەریش باس لەیاسادانەرانی ئەو کەلتوورە ناکات کە نەتەوەخوازەکان دەیگوازنەوە بۆناو تاکەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی و تەنها باس لە نەتەوەخوازەکان دەکات کە گوێزەرەوەی کەلتورەکەن لەگەڵ ئەوکەسانەی کە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا کەلتورەکە وەردەگرن.

لەلای دروستەخوازەکان پرۆسەی داهێنانی بوونەوەرەکان گرنگ نییەو ئەوەی گرنگە بەکارهێنانەکەیان، بۆ نموونە لەلێکۆڵینەوە لەزماندا ئەوە گرنگ نییە کێ زمانی داهێناوەو ئەو هۆکارانەی چین لەپشت ئەم داهێنانەوە هەن؟

ئەوەی گرنگە ئەوەیە لێکۆڵینەوە لەوە بکرێت ئەو زمانە چۆن بەکاردەهێنرێت و چۆن مرۆڤ فێری بەکارهێنانەکەی دەبێت؟ واتە ئەوەی گرنگە ئەوە نییە زمان بناسین و بزانین چییە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە زمان بزانین و بەکاری بهێنین. بەپێی ئەم بۆچوونە هەموو شتێك بەهای لە بەکارهێنانەکەیدایە نەك لە بوونیدا.

گێلنەر وەك دروستەخوازەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوەی لە ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا گرنگە، ئەوە نییە بزانین بنەماکانی داهێنانی ئەو

ئامێرانە چین، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو ئامێرانە چۆن بەکاردەهێنرێن، ئەو پێی وایە رووداوی داهێنانی ئەو ئامێرانەی ناکرێت دووپات ببێتەوە.

لای ئەو لە رووداوی داهێنانی ئەو ئامێرانەدا نەبوونی هوشیاری شێوەی جەوهەری خودی ئەو رووداوەیە و ئێمە ناتوانین وەك ئەوان ئەو رووداوە ئەنجام بدەینەوە. واتە ناتوانین بەبێ تەقلیدکردنەوەی ئەوەی ئەوان کردوویان وەك ئەوان ئەو ئامێرانە دابهێنین. رووداوی دروستکردنی ئامێرەکان لای ئێمە رووداوێکی تەقلیدییەو ئێمە بە شێوەیەکی تەقلیدی ئەو ئامێرانە دروست دەکەین. دروستکردنی ئامێرەکان وەك داهێنانێك کە کۆمەڵە کەسێك بە بێ ئاگایی ئەنجامیانداوە جیاوازە لە دروستکردنی ئامێرەکان لەرێگەی تەقلیدکردنەوەی داهێنانەکانی ئەوانەوە، بۆیە ناکرێت بە هەمان شێوەی دروستکردنی راستەقینەی ئامێرەکان مامەڵە لەگەڵ دروستکردنە تەقلیدییەکەیاندا بکرێت، دروستکردنە تەقلدییەکانی ئامێرەکان ناکرێت بەهیچ رێگایەك لە رێگاکان بگەرێنرێتەوە بۆدروستکردنە راستەقینەکەیان[٢].

گێلنەر لێرەدا بەوردی کار لەسەر ئەوە دەکات کە داهێنەرەکانی ئامێرەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی بە شێوەیەکی نائاگایانە کاری داهێنانەکەیان کردووەو بۆ ئەوە ئەم کارەیان نەکردووە کە کۆمەڵگای پیشەسازی لەرێگەی ئەو جۆرە لەئامێرەوە سەرهەڵبدات و داهێنانەکەیان ببێت بە بنەما بۆ پەیدابوونی ئەو کۆمەڵگا نوێیە. بەپێی ئەم بۆچوونە داهێنەرانی ئەم جۆرە ئامێرە لە ئەنجامەکانی کارەکەیان بێ ئاگان، بۆیە ناکرێت وابیربکەینەوە ئەوان ئەو ئامێرانەیان لەپێناوی ئەوەدا داهێناون کە ببنە بنەما بۆسەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی نوێ. لەناو بیرکردنەوەی ئەواندا بیرۆکەی کۆمەڵگایەکی لەو جۆرە بوونی نەبووە، بۆیە ناکرێت بڵێین کۆمەڵگای پیشەسازی بەر لەوەی لەواقعدا بوون پەیدا بکات لە ناو بیرکردنەوەی کەسانێکدا بوونی هەبووە و ئەوکەسانە هوشیاریان بە بنەماکانی دروستبوونی هەبووە و بیریان لە دروستکردنی کردووەتەوە.

لای ئەو کۆمەڵگای پیشەسازی بەهۆی رووداوی داهێنانی ئەو ئامێرانە نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵکو بەهۆی تەقلیکردنەوەی ئەو رووداوەوە هاتووەتە ئاراوە کە داهێنانەکەی تیاکراوەو ئەم تەقلیکردنەوەیەشە ئامێرەکان بەرەو پێش دەبات و لە مەبەستە راستەقینەکەی خۆیان لایان

---

(٢) هـ.س:٤٩.

دەدات و دەیانکات بە ئامێرێك بۆ بەرهەمهێنانی پێویستییە مادییەکانی ناو کۆمەڵگاو بەم گۆڕانەش کە تەقلیدکەرەوەکانی ئەو رووداوە ئەنجامی دەدەن کۆمەڵگای پیشەسازی دێتە ئاراوە.

لای ئەو ئەوەی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازی، ئەورووداوە نییە کە ئامێرەکانی ئەم کۆمەڵگایە تیایدا دادەهێنرێن، بەڵکو ئەو رووداوەیە کە بەلاساییکردنەوەی کاری داهێنەرەکانی ئەو ئامێرانە دێتە ئاراوە. واتە ئەوەی گرنگە پرۆسەی داهێنان نییەو پرۆسەی تەقلیدکردنەوەیە. چوونکە کۆمەڵگای پیشەسازی بە پرۆسەی تەقلیدکردنەوە دادەمەزرێت و لەواقعدا بوون پەیدا دەکات نەك بە پرۆسەی داهێنان. ئەم بۆچوونە هەوڵە بۆیەکلاکردنەوەی ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگایەی ئەو ناوی دەنێت نەتەوە بەرلەوەی بوونی لە واقعدا هەبێت بوونی لەناو بیرکردنەوەو هوشیاری کۆمەڵە مرۆڤێکدا نەبووە، بەڵکو بوونی لەناو واقعێکی تەقلیدکراودا هەبووەو بەهۆی تەقلیدکردنەوەی ئەو رووداوەوە کە ئامێرەکان تیایدا داهێنراون بووەتە بیرو لە ناوبیرکردنەوەی خەڵکیدا بوونی پەیداکردووە.

ئەم بۆچوونەی گێلنەر لەبارەی پەیوەندی داهێنان و تەقلیدەوە بە پەیدابوونی کۆمەڵگای پیشەسازییەوە هەمان بۆچوونە کە لە کەلتوری ئیسلامیدا لەبارەی پەیوەندی داهێنان و تەقلیدەوە بە کۆمەڵگای ئیسلامییەوە هەیە؟ ئەو کۆمەڵگایەی کە لەسەردەمی پێغەمبەرو هاوڕێکانیدا دێتە ئاراوە کۆمەڵگایەکی نوێیەو ڕیشەکانی لەناو کۆمەڵگا تەقلیدییەکانی نیوەدورگەی عەربیدا نییە، بەڵام دوای پەرەسەندن و کامڵبوونی ئەوکۆمەڵگایە لەسەردەمی موحەمەددا، ئەو کۆمەڵگایە دەبێت بە کۆمەڵگایەکی تەقلیدکراو و لەبەرئەنجامی تەقلیدکردنەوەی ئەو کۆمەڵگا نوێیەوە کۆمەڵگایەکی تر دێتە ئاراوە کە کۆمەڵگا ئیسلامییە تەقلیدییەکانی سەردەمی خەلافەتەکانە.

کۆمەڵگا تەقلیدییەکانی سەردەمی خەلافەتەکان وەك کۆمەڵگا تەقلیدکراوەکەی سەردەمی موحەمەد کۆمەڵگایەکی داهێنراو نییەو کۆمەڵگایەکی تەقلیدییەو لەبەرئەنجامی تەقلیدکردنەوەی کۆمەڵگا داهێنراوەکەوە هاتووەتە ئاراوە. لەناو ئەو کۆمەڵگا تەقلیدییانەدا ئەوە گرنگ نییە کە کۆمەڵگا داهێنراوە ناتەقلیدییەکەی سەردەمی موحەمەد چییەو بنەماکانی پەیدابوونی چین، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە چۆن ئەوەی ئەوان لەژیاندا کردوویانە بە دروسترین شێوە تەقلیدبکرێتەوە.

لێردا بیرکردنەوە لە داهێنانی کۆمەڵگایەکی نوێ لەسەر هەمان ئەو بنەمایانەی کە کۆمەڵگا داهێنراوەکە لێیەوە داهاتووە، کارێکی مەترسیدارو قەدەغەیەو لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی پەیدا بوونەکەشی قەدەغەیە، ئەوەی دروستەو جێی بایەخپێدانە تەنها تەقلیدکرنەوەی ئەو کۆمەڵگا واقعییەیە بە درووسترین شێوە. ئەوەی کە بنەماکانی تەقلیدکردنەوەی ئەو کۆمەڵگا داهێنراوە دادەڕێژن، یاسادانەرانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانن، واتە ئەو ئیمامانەن کە مەزهەبەکانیان دروستکردووە، هەر مەزهەبێکیش لەو مەزهەبانە ئیدعای ئەوە دەکات کە بنەما دروستەکانی تەقلیدکردنەوەی ئەو کۆمەڵگا داهێنراوە لە مەزهەبەکەی ئەودایەو مەزهەبەکەی ئەو رێگای دروستی تەقلیکردنەوەی ئەوکۆمەڵگایە فێری خەڵکی دەکات. ئەم کۆمەڵگا مەزهەبیانە لەرێگەی چاندنی ئەو کەلتورە مەزهەبیانەوە دێنە ئاراوە.

لای گێلنەریش کۆمەڵگا پیشەسازییەکان کە کۆمەڵگای نەتەوەیین، بەرهەمی تەقلیدکردنەوەی واقعێکی داهێنراو و نوێن، ئەو واقعە داهێنراوە نوێیەش بەهۆی ئەو ئامێرە نوێیانەوە هاتووەتە ئاراوە کە کۆمەڵە کەسێك دایان هێناون و کەسانێکی تر پەرەیان پێداون و کردوویانن بە کۆمەڵە ئامێرێکی باو بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییە مادییەکان. لای ئەو ئەم ئامێرە نوێیانە دەبنە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەو کەسانە گۆڕانیان بەسەردابێت کە سەرقاڵن بە بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی بژێوی مرۆڤەکانەوە. بەهۆی ئەم ئامێرانەوە پەیوەندی مرۆڤەکان لەناو کارکردندا دەگۆڕێت و کۆمەڵە پەیوەندییەکی نوێ دێنە ئاراوە. پەیوەندی مرۆڤەکان لەناو کاردا لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیدا کە ئامێرەکانی ئامێری سادەن، جیاوازە لە پەیوەندی مرۆڤەکانی ناو کارگەیەکی نوێ، کە کۆمەڵە ئامێرێکی نوێی تیایەو مرۆڤ پێویستی بەوەیە لەبەکارهێنانەکەیان شارەزابێت. لێرەدا گۆڕانی ئامێرەکان لە کۆمەڵە ئامێرێکی سادەی ناو کێڵگەکانەوە بۆکۆمەڵە ئامێرێکی تەکنیکی ناو کارگەکان، دەبێتە هۆی گۆڕانی پەیوەندیی نێوان ئەو مرۆڤانەی کە سەرقاڵن بە کاری بەرهەمهێنانەوە.

بێگومان ئەوانەی یەکەمجار ئامێرەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی بەکاردەهێنن دروستکەرە تەقلیدییەکانن و هەرئەوانیشن کارگەکان دروست دەکەن و خەڵکی تر فێری بەکارهێنانی ئامێرەکان دەکەن. گەر بەوردی لە بوونی ئامێرەکان لەناو کارگەکاندا بکۆڵینەوە دەبێت باس لە سێ گروپ بکەین کە لەگەڵ ئامێرەکانی ناو کارگەکاندا لەناو سێ جۆر پەیوەندی جیاوازدان:

گروپی یەکەم ئامێرخولڨێنەرەکانن واتە ئەوانەی کە بۆ یەکەمجار ئامێرەکانیان داهێناوە، ئەمانە خاوەنی مەعرفەیەکی عەقڵین و ئەو مەعرفەیان لە دەرەوەی خۆیان وەرنەگرتووە، چوونکە بەر لەوان نەك هەر ئەو ئامێرانە لەواقعدا بوونیان نەبووە بەڵکو کەسیش بیری لە بوونیان نەکردووەتەوە.

گروپی دووەم گروپی ئامێرسازەکانن، ئەم گروپەش ئەوانەن کە بە تەقلیدکردنەوەی کاری ئامێرخولڨێنەکان تەنها دەتوانن ئامێرەکان دروست بکەن و توانای خولڨاندنی ئامێرەکانیان نییە، ئەمانە ئەوکەسانەن کە بەرهەمی کاری خولڨاندنی ئامێرخولڨێنەکان دەبەن و ئامێرەکان لە زەمینەی خولڨاندنیانەوە دەگوازنەوە بۆ زەمینەی کارکردنیان، واتە کارگەکان. ئەمانە دەتوانن ئامێرەکان دروست بکەن و بەکاریشیان بهێنن، بەڵام توانای داهێنانی ئامێرەکانیان نییە، واتە زانینی ئەمانە زانینێکی تەقلیدییەو لە تەقلیدکردنەوەی زانینی ئامێرخولڨێنەرەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

گروپی سێهەم ئامێر بەکارهێنەکانن، ئەمانەش ئەو کەسانەن کە تەنها دەتوانن ئامێرەکان بەکاربهێنن و توانای داهێنانی ئامێرەکان و دروستکردنی ئامێرەکانیان نییە، زانینی ئەم گروپەش سەرچاوە لە تەقلیدکرنی ئەو زانینەی ئامێردروستکەرەکانەوە دەگرێت کە ئامێرەکانی پێ بەکاردەهێنن. ئەم گروپە وەك ئەفلاتوون دەڵێت سێ هەنگاو لە زانییە راستەقینەکەی ئامێرەکانەوە دوورن، واتە سێ هەنگاو لەو سەرچاوەیەوە دوورن کە سەرچاوەی زانیینی داهێنانی ئامێرەکانە. ئەوەی کە گێلنەر ناوی دەنێت کەلتوری نەتەوەو نەتەوەخوازەکان بەچاندنی لە ناو تاکەکانی ناوسنوری سیاسی دەوڵەتێك نەتەوەی پێ دروست دەکەن، زانینی بەکارهێنانی ئامێرەکان و کارکردنە لەناو کارگەکاندا، ئەم زانینەش سێ هەنگاو لە سەرچاوەی زانینی خولڨاندنی ئامێرەکانەوە دوورە. گێلنەر ئەو زانینەی کە ئامێرخولڨێنەکان هەیانە، دەیخاتە دەرەوەی ئەو زانیینەی کە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا هەیە. زانینی دروستکردنی ئامێرەکانیش کە زانینی ئامێرسازەکانە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، چوونکە نابێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەو کەلتورە گشتییەی کە دەبێت هەموو تاکەکانی ناو سنوری سیاسی دەوڵەتێك وەریگرن و هەڵسوکەوتی پێ بکەن. ئەو کەلتورەی کە شیانی ئەوەی تیایە هەموو تاکەکان وەریگرن و هەڵسوکەوتی پێ بکەن کەلتوری بەکارهێنانی ئامێرەکانە، نەتەوەخوازەکان بەهۆی ئەم کەلتورەوە دەتوانن نەتەوە دروست بکەن.

بەراوردکردن لەنێوان ئەو سێ گرووپە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی گێلنەرو کۆمەڵگا ئیسلامییە تەقلیدییەکانی سەردەمی خەلافەتە ئیسلامییەکان ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە ئەم دوو کۆمەڵگەیە هەمان دروستەی کۆمەڵایەتییان هەیە. لەناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا دەتوانین باس لە هەمان ئەو سێ گروپە بکەین کە لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی گێلنەردا هەن.

لە کۆمەڵگا ئیسلامییە تەقلیدییەکاندا لەبری ئامێر، ئاکار هەیەو پەیوەندی ئەوسێ گروپەی کۆمەڵگای پیشەسازی بە ئامێرەوە، هەمان پەیوەنی سێ گروپەکەی ناو کۆمەڵگای ئیسلامییەکانە بە ئاکارەوە. گروپی یەکەم لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا گروپی ئاکارخوڵقێنەکانە، ئەمانەش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە سەردەمی موحەمەدا ئاکارێکی نوێ دەخوڵقێن کە بەر لەوان بوونی نەبووە، ئەمانە خاوەنی زانینی خوڵقاندنی ئەو ئاکارەبوون، ئەو زانینەشیان لە دەرەوەی خۆیان وەرنەگرتبوو، چوونکە بەر لەوان لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەدەوروبەری ئەواندا هەبوون، ئاکارێکی لەو جۆرە بوونی نەبووە، تا ئەوان لە دەرەوەی خۆیان وەریگرن. ئەمانە بەتەنها خوڵقێنەری کەلتورێکی ئاکاری نەبوون، بەڵکو شێوەگیرکەرو سازکەری ئەو ئاکارەش بوون لەناو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خۆیاندا.

گروپی دووەم ئاکارسازەکانن ئەمانەش ئەو یاساسازکەرانەی ئاکاربوون کە یاساکانی ئاکاریان بە تەقلیدکردنەوەی یاساکانی ئەو ئاکارە سازدەکرد کە ئاکارخوڵقێنەکان لە ئاکاری ڕۆژانەی خۆیاندا بەرجەستەیان کردبوون. ئەم گروپە وەك گروپی ئامێرسازەکان ئەوەی کە خوڵقێنراوە بە پرۆسەیەکدا دەیبەن و شیانی تەقلیدکردنەوەی تیا دروستدەکەن و دەیکەن بە بوونەوەرێکی تەقلیدکراو. گروپی سێهەم یاساجێبەجێکەرەکانن، ئەمانەش هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکەن کە یاساسازەکان بە تەقلیدکردنەوەی یاساکانی ئەو ئاکارە خوڵقاوە سازیانکردوون کە ئاکارخوڵقێنەکان لە ئاکاری خۆیاندا شێوەگیریان کردبوون. ئەم گروپە بەهەمان شێوەی گروپی سێهەمی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان سێ هەنگاو لە سەرچاوەی زانینی ئەو یاسا ئاکاریانەوە دورن کە زانینی ئاکارخوڵقێنەکان سەرچاوەی لێوەدەگرێت.

بۆدروستبوونی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بەهەمان شێوەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان، زانییەنی ئاکارخوڵقینەکان دەکەوێتە دەرەوەی ئەو زانینەی کە کەلتوری کۆمەڵگا ئیسلامییە

تەقلیدیەکان سەرچاوەی لێوەدەگرێت. زانینی یاسا سازەکانیش وەك زانینی ئامێرسازەکانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان لەبەرئەوەی شیانی ئەوەی تیا نییە ببێت بە زانینێکی سەراپاگیر، نابێتە کەلتوری کۆیی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان. ئەو زانینەی کە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا دەبێتە ئەو کەلتورە ئاینییەی کە دەبێت پەیڕەو بکرێت، زانیینی جێبەجێکردنی یاسا ئاکارییەکانە نەك سازکردنیان، واتە ئەو زانینەیە کە مامۆستاکان لە ناو مەلاکاندا دەیچێنن، مەلاکانیش وەك کەلتورێکی ئاینی بڵاوی دەکەنەوە.

لەمەوە دەگەین بەو دەرئەنجامەی کە زانینی جێبەجێکردنی یاسا ئاکارییەکان وەك هەمان ئەو زانینە وایە کە مامۆستاکان لە قوتابخانە مۆدێرنەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیدا وەك کەلتوری نەتەوەیی لەناو قوتابییاندا دەیچێنن و ئەوانیش وەك جێبەجێکارێکی یاساکانی ئەو کەلتورە، یاساکان و زانیینی جێبەجێکردنیان فێردەبن و لە کۆمەڵگاکانیاندا کاری پێدەکەن.

جیاوازی نێوان کەلتوری کۆمەڵگا ئیسلامییە تەقلیدییەکانی سەردەمی خەلافەتەکان و کۆمەڵگا پیشەسازییەکان سەردەمی مۆدێرنە، تەنها ئەوەیە کە کەلتوری کۆمەڵگا ئیسلامییەکان کەلتورێکی ئاکارییەو کەلتوری کۆمەڵگا پیشەسازییەکان کەلتورێکی پیشەییە. ئەم دوو کەلتوورە لەوەدا یەکن کە بەهەمان سیستەم و میکانیزم لەناو خەڵکیدا دەچێنرێن و هەرتاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا بەوە دەبێت بە ئەندامی ناو کۆمەڵگا، کە ئەو کەلتورە لە دەروەی خۆیەوە بەشێوەیەکی سەلبی وەرگرێت و بەپێی سیستەم و یاساکانی بکەوێتە پەیوەندی لەگەڵ ئەندامەکانی تری ناو کۆمەڵگاکە. ئەو سیستەم و میکانیزمەش، سیستەم و میکانیزمێکی نوێ نییەو بە شێوەیەکی نارێکخراو سەرەتاییترین کۆمەڵگا بۆ چاندنی کەلتورەکەی خۆی و پرۆسەی بە ئەندامکردنی تاکەکان لە کۆمەڵگادا پەیڕەوی دەکات.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کۆمەڵگا پیشەسازییە مۆدێرنەکان لەوێوە مۆدێرن نین کە لە پرۆسەی داهێنانێکی بەردەوامدان، تەنها لەوێوە مۆدێرنن کە کەلتورەکەیان کەلتورێکی ئاکاری نییەو کەلتورێکی پیشەییە، چونکە سیستەمەکەیان هەمان ئەو سیستەمە تەقلیدییە کە لە کۆمەڵگاکانی تردا بوونی هەبووە.

ئەوەی گێلەنەر لە کارەکەی خۆیدا گرنگی پێدەدات، پەیوەندی نێوان ئەو سێ گروپە نییە، بە پێچەوانەوە ئەو هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان ئەم سێ گروپە لە پێکهاتەی کۆمەڵگای پیشەسازیدا فەرامۆش بکات. لە پشت ئەم فەرامۆشکردنەی ئەوەوە هەوڵدانێك هەیە بۆ

سەلماندنی ئەوەی کە بیرۆکەی نەتەوە لە واقعەوە سەرچاوەی گرتووەو لە فکرەوە سەرچاوەی نەگرتووە. ئەو دەییەوەێت بلێت بیرۆکەی نەتەوە لەناو بیردا کاتێك سەرهەڵدەدات کە ئامێرسازەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی بیر لەوە دەکەنەوە زانینی بەکارهێنانی ئامێرەکان لە شێوەی کەلتورێکی دارێژراودا بگوازنەوە بۆ خەڵکی تا توانای ئەوەیان تیادروستبکەن لە کارگە دروستکراوەکانی ئەواندا کاربکەن.

ئەو پێی وایە زەروورەتی بەگەڕخستنی کارگەکان وادەکات لە ئامێرسازەکان کەلتورێکی نوێ بۆ هەڵسوکەوتی خەڵکی ناو کۆمەڵگاکەیان لەسەر بنچینەی زانینی بەکارهێنانی ئامێرەکان دابنێن و یاساکانی ناو ئەو کەلتورە بکەن بە شەریعەتێکی نوێ بۆ کۆمەڵگاکەیان. لای ئەو پێداویستی کارگەکان بە کارمەند وادەکات ئەو کەلتورە لەلایەن ئامێرسازەکانەوە دابهێنرێت و پێداویستی چاندنی ئەو کەلتورە لەناو خەڵکدا وادەکات قوتابخانە مۆدێرنەکان سەرهەڵبدەن و جێگە بە مزگەوت و کەنیسەکان چۆڵ بکەن.

ئەو کەلتورەش کە شەریعەتی کارمەندەکانی ناو کارگەکانە، تەنها هەڵگری زانینی بەکارهێنای ئامێرەکانی ناو کارگەکان نییە و هەڵگری ئەو زانینەشە کە پەیوەنی نێوان کارمەندەکانی ناوکارگەکان لەناوەوەو دەرەوەی کارگەکاندا رێکدەخات. واتە ئەم کەلتورە تەنها هەڵگری زانینێکی پیشەیی نییەو هەڵگری زانینێکی ئاکاریشە.

ئەم کەلتورە تەنها هەڵگری ئەو یاسایانە نییە کە پەیوەندی نێوان کارمەندانی کارگەکان لەگەڵ ئامێرەکانی ناو کارگەکاندا رێکدەخات، هەڵگری ئەو یاسایانەشە کە پەیوەندی ئاکاری نێوان کارمەندەکانی ناو کارگەکانیش رێکدەخات. لەناو ئەم کەلتورەدا یاساکانی ئاکار لەسەر بنەمای کارکردنی کارگەکان دادەمەزرێن و کارمەندەکان بەپێی ئەو یاسا ئاکاریانە هەڵسوکەوت دەکەن تا پەیوەندییەکانی نێوانیان نەبێتە هۆی ئەوەی ئامێرەکانی ناو کارگەکە لە کارکردن بوەستن.

بەپێی ئەم بۆچوونە پەیوەندی مرۆیی نێوان کارمەندەکانی کارگەیەك لە پێناو ئەو پەیوەندییە ئامێرییەدایە کە لە نێوان هەریەك لە کارمەندەکان و ئامێرەکانی ناوکارگەکەدا هەیەو هەریەك لەو کارمەندانە دەبێت بزانێت ئەوەی گرنگ و زەروریە پەیوەندییە ئامێرییەکەی نێوان خۆی و ئامێرەکانی ناو کارگەکەیە نەك پەیوەندییە مرۆییەکەی نێوان خۆی مرۆڤەکانی ناو کارگەکە.

ئەم بۆچوونە ئەوە دەخاتە روو کە سیستەمی ئاکار لە سەر بنەمای سیستەمی کار دامەزراوەو بەبێ بوونی سیستەمی کار سیستەمی ئاکار بوونی نییە. لەناوکارگەکاندا ئەوەی گرنگە پارێزگاریکردنە لەو سیستەمەی کە پەیوەندی نێوان ئامێرەکان و مرۆڤەکان رێکدەخات، نەك ئەو سیستەمەی کە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان خۆیان رێکدەخات، چوونکە مرۆڤەکان لە پێناو کارکردنی ئامێرەکاندا دەکەونە ناو پەیوەندییەوە. گەر کارکردنی ئامێرەکان پێویستی بەوە نەبێت مرۆڤەکان لە ناو پەیوەندیدا بن، پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان پێویست نابێت. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سیستەمی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بەرهەمی سیستەمی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئامێرەکانی ناوکارگەکانە، واتە سیستەمی ئاکار بەرهەمی سیتەمی کارە.

گەر نەتەوە بەرهەمی ئەو کەلتورە بێت کە پێداویستی کارکردنی ئامێرەکانی کارگەکان هێناویەتییە ئاراوە، بێگومان ئەو بۆچوونەی گێلنەر دروست دەردەچێت کە پێی وایە بیرۆکەی نەتەوە سەرچاوەی لە واقعێکی کۆمەڵایەتییەوە گرتووە نەك لە بیرو هوشیاری کۆمەڵگاوە. بەڵام گەر بە قوڵی بیر لەوە بکەینەوە کە ئامێرەکانی ناو کارگەکان بەر لەوەی لە ناوکارگەکاندا بوونێکی واقعی پەیدا بکەن لە کوێبوون، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە وەك بیرۆکەیەك لە ناوبیرکردنەوەو هوشیاری ئەو کەسانەدا بوون، کە ئامێرەکانیان داهێناوە. واتە ئەو گروپەی کە ناومان نا گروپی ئامێرخولڤینەکان. گێلنەر هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان ئەم گروپە بە ئامێرەکانەوە بپچڕێنێ و رۆڵی ئەم گروپە لە بوونی ئامێرەکاندا نەهێڵێت، ئەمەش بەوە دەکات شوناسی شێتی دەدات بەو گروپەو بە کۆمەڵە کەسێکیان دەزانێت کە وەك مرۆڤە گێل و شێتەکان بێ ئاگان لەو کارەی کە کردویانە. لای ئەو ئەو کەسە داهێنەرانە بەبێ ئاگایی ئامێرکانیان خولڤاندووەو هیچ هوشیارییەکیان بەو کارە نەبووە کە کردوویانەو هیچیشیان لە بارەی ئەوەوە نەزانیوە کە کردوویانە، بۆیە ناکرێت هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئەوان و ئامێرەکاندا بوونی هەبێت.

لای ئەو ئەوەی پەیوەندی بە بوونی ئامێرەکانەوە هەیە گروپی ئامێرسازەکانن، چوونکە ئەم گروپە هوشیارییان بە بوونی ئامێرەکان هەیەو بە هۆی ئەمشەوە توانیویانە ئامێرەکان بە پرۆسەیەکی ئاگایانە دروست بکەنەوە و لەو پرۆسە داهێنەرە نائاگاییانە کە لە ناو ئامێرخولڤێنەکاندا روویداوە دەربازیان بکەن و پرۆسەی دروستکردنی ئامێرەکان لە رێکەوتەوە

بکەن بە پرۆسەیەکی عادەتی کە مرۆڤ هەرکاتێك ویستی ئامێرێك دروست بکات وەك ئامێرخولقینەکان چاوەڕی ئەوە نەکات وەحی بۆ بێت و بکەوێتە ناو نائاگاییەوە لە ناو ئەو نائاگاییەدا ئامێرەکە بخولقێت، بەڵکو هەرکاتێك بیەوێت ئامێرێك دروست بکات بە بێ بوونی ئەو وەحییە ئەو زانینە بە شێوەیەکی سەلبی وەك هەر زانینێکی تەقلیدی فێر ببێت و ئامێرەکەی پێ دروست بکات.

کاری ئەم ئامێرسازانە وەك کاری ئەو ئاکارسازانەی ناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان وایە کە فرمانە خواییەکانی سەردەمی پێغەمبەر کە لە ڕێگەی وەحییەوە دەهاتن و دەبوایە چاوەڕێی هاتنیان بکرێت، دەگۆڕن بە کۆمەڵە فرمانێك کە مرۆڤ هەرکاتێك بییەوێت دەتوانێت لەڕێگەی کەلتورە مەزهەبییەکەی ئەوانەوە بەشێوەیەکی تەقلیدی و سەلبی وەریانگرێت.

پچڕاندنی پەیوەندی نێوان ئامێرخولقێنەکان و ئامێرەکان بە بیانووی ئەوەی کە ئامێرخولقێنەکان بێ ئاگان لەوەی کە کردوویانە، هەوڵدانە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە واقع فکر دیاری دەکات نەك بەپێچەوانەوە، بیرۆکەی نەتەوەش بەر لەوەی لەفکردا بوونی هەبێت لەواقعدا بوونی هەبووە. لەڕاستیدا ئەو واقعە ئامێرییەی ناو کارگەکان کە گێلنەر بە سەرچاوەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوەی دەزانێت بەر لەوەی لەواقعدا بوونی هەبێت لەناو بیرکردنەوەو هوشیاری ئەو ئامێرخولقێنانەدا بوونی هەبووە کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئامێرەکانن و گێلنەر بەوەی کە بەگێل و بێ ئاگایان دەزانێت مافی خاوەندارییەکەیان لێدەسێنێتەوەو دەیدات بەوانەی کە خۆیان بە میراتگری ئەوان دەزانن. ئامێرەکان کە خولقێنەری ئەو واقعە کۆمەڵایەتییەن ، پێشتر بوونیان لەناو بیرکردنەوەو هوشیاری ئامێرخولقێنەکاندا هەبووە و لەڕێگەی ئەوانەوە بوونی واقعییان پەیداکردووە، بۆیە گەر بیرۆکەی نەتەوە لەو واقعەشەوە چووبێتە ناو هوشیاری و بیرکردنەوەی مرۆڤ ، نابێت لەو واقعەدا بۆ بوونە بەراییەکەی بگەڕێن و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ناو ئەو بیرەی کە ئەو واقعەی لێخولقاوە. بەمەش دەگەینە ئەو دەر ئەنجامەی کە بیرۆکەی نەتەوە بەر لەوەی لەواقعدا بوون پەیدا بکات لەناوبیردا بوونی هەبووە.

## ٢/١ ) بیرۆکەی نەتەوە لە نێوان کەلتوری پیشەیی و کەلتوری ئاکاریدا

ئایا ئەو کەلتورەی کەنەتەوە لەسەری دادەمەزرێت کەلتورێکی پیشەییە یان کەلتورێکی ئاکارییە؟ واتە کەلتورێکە پەیوەندییە ئاکارییەکانی نێوان مرۆڤەکان ڕێکدەخات یان

پەیوەندییە ئامێرییەکانی نێوان مرۆڤ و ئامێرە پیشەییەکان؟ ئایا ئەو سیستەمی ئەو کەلتورە دەبیەخشێت سیستەمی کارە یان سیستەمی ئاکار؟ ئایا سیستەمی کار بەپێی سیستەمی ئاکار کاردەکات یان سیستەمە ئاکار بەپێی سیستەمی کار کار دەکات؟ ئایا پەیوەندی نێوان سیستەمی کار وسیتەمی ئاکار پەیوەندییەکی جەوهەرییە یان پەیوەندییەکی عەرەزی؟ ئەم پرسیارانە دەمانبەنە ناو باسێکی قووڵەوە کە دەتوانیین لەرێگەیەوە ئەوە دیاری بکەین، نەتەوە بیرۆکەیەکە لەناوبیردایەو پێویستی بە شێوەگیربوون هەیە لەناو واقعێکی کۆمەڵایەتیدا، یان نەتەوە واقعێکی کۆمەڵایەتییەو لە شێوەی کەلتورێکدا دەخرێتە ناو سایکۆلۆجیای تاکەکانی ناو کۆمەڵگایەك تا بەپێی سیستەمەکەی هەڵسوکەوت بکەن.

گێلنەر دەڵێت: ( نەتەوەخوازی ریشەی خۆی لەناو جۆرێکی دیاریکراو لە دابەشکردنی کاردا داکوتاوە)[٣]. ئەمە ئەوەدەگەیێنێ دەبێت لەناو ئەو کەلتورە پیشەییەدا بۆ بیرۆکەی نەتەوە بگەڕێین کە لە ژیانی پیشەیی ناو کارگەکانی کۆمەڵگای پیشەسازییەوە وەك کەلتورێك تیۆریزەکراوە. بەپێی ئەم بۆچوونە بۆ ئەوەی لە نەتەوە تێبگەین دەبێت لەو ژیانە پیشەییەو ئەوکەلتورە پیشەییە بکۆڵینەوە کە لەو ژیانەوە تیۆریزەکراوەو کراوە بە کەلتورێك کە شیانی ئەوەی تیابێت لەرێگەی پەروەردەو فێرکردنی ستانداردەوە لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا بچێنرێت.

بەر لەوەی باس لەو ژیانە پیشەییەو کەلتورەکەی بکەین کە لای گێلنەر هەڵگری بیرۆکەی نەتەوەن، گرنگە بەکورتی جیاوازی بکەین لە نێوان کەلتوری پیشەیی کە کەلتوری کارە لەگەڵ کەلتوری ئاکاریدا.

کەلتوری پیشەیی ئەو کەلتورەیە کە هەریەك لە ئێمە پێویستە فێری بێت تا کارێکی لە ناو کۆمەڵگادا دەست کەوێت و لەرێگەیەوە بژێوی خۆی دابین بکات. واتە کەلتورێکە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئەوژینگە مادییە رێکدەخات کە زەمینەی بەرهەمهێنانی پیداویستییەکانی بژێوی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگایەکە. کەلتوری ئاکاریش ئەو کەلتورەیە کە دەبێت مرۆڤ فێری ببێت تا بتوانێت بکەوێتە ناو پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیدا. کەلتوری پیشەیی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە مادییەکەی رێکدەخات و کەلتوری

---

(٣) ه.س:٥٧.

ئاکاریش پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە مرۆییەکەی ڕێکدەخات. دەکرێت لەکۆمەڵگایەکدا کەلتوری ئاکاری زاڵبێت بە سەرکەلتوری پیشەییداو ئەوەی پیشەییە لە پێناو ئەوەدا بێت کە ئاکارییە، دەکرێت لە کۆمەڵگایەکی تردا کەلتوری پیشەیی کەلتوری ئاکاری دیاری بکات و ئەوەی ئاکارییە لە پێناو ئەوەدا بێت کە پیشەییە. واتە بایەخدانی کۆمەڵگاکان بەم دوو کەلتورە جیاوازەو دەکرێت لە کۆمەڵگایەکدا کەلتوری پیشەیی بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدرێت و هەروەك کەلتورێکی سادە بمێنێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی تردا کەلتوری ئاکاری گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت و هیچ بەرەوپێشچونێك بە خۆیەوە نەبینێت، بەڵام کەلتورە پیشەییەکە جێی بایەخپێدان بێت و تەواو پەرە بسێنێ.

گێلنەر بەوەی کەدەڵێت بیرۆکەی نەتەوە تەنها لەناو هوشیاری ئەو کۆمەڵگایانەدا سەرهەڵدەدات کە کۆمەڵگای پیشەسازین، ئەوە بە ئێمە دەڵێت کە بیرۆکەی نەتەوە لەناو هوشیاری ئەو کۆمەڵگایانەدا سەرهەڵدەدات کە کەلتورە پیشەییەکەیان کەلتورێکی بەهێزو زاڵەو کەلتورە ئاکارییەکەیان لەژێر دەسەڵاتی کەلتورە پیشەییەکەیاندایەو ئەوەی لەو کۆمەڵگایەدا پیشەییە زاڵە بەسەر ئەوەدا کە ئاکارییە.

گێلنەر بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی بەراوردێك دەکات لە نێوان کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکان و کۆمەڵگا پشەسازییەکاندا. ئەو پێی وایە کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگای پیشەسازی جیاوازییەکی جەوهەری لەگەڵ کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا هەیەو ئەوەش وادەکات کە ئەو کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان بە کەلتورێکی پەرەسەندووی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان نەزانێت و پێی وابێت لە نێوان ئەم دوو کەلتورەدا دابڕان هەیەو ناکرێت لەناو کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا بۆ ریشەکانی کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان بگەڕێین.

کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان لای ئەو تەنها سەرچاوە لەو واقعە پیشەییەوە دەگرێت کە بەهۆی داهێنانی ئامێرە تەکنیکییە نوێکانی بەرهەمهێنانەوە هاتوەتە ئاراوە، بۆیە بۆ دۆزینەوەی ریشەکانی ئەو کەلتورە پیشەییەش تەنها دەبێت لە ناو واقعە پیشەییەکەدا بگەڕێین.

لای گێلنەر دابەشکرنی کارو ئەو کەلتورە پیشەییەش کە واقعە پیشەییەکەی کۆمەڵگای پیشەسازی دەیخوازێت دروستەیەکی تەواو جیاوازیان هەیە لە دروستەی دابەشکردنی کارو

دروستەی کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان. لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا سروشتی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان وای کردووە دابەشکردنی کارو گواستنەوەی کەلتوری پیشەیی، دروستەیەکی تایبەتی هەبێت کە رێگر بێت لە بەردەم ئەوەدا بیرۆکەی نەتەوە لەناو هوشیاری کۆمەڵگادا سەرهەڵبدات.

لای گێلنەر لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا خەڵکی دابەش بوون بەسەر دوو چیندا، چینی دەسەڵاتداران و چینی جوتیاران. لەناو چینی دەسەڵاتدارانیشدا دوو گروپ هەن گروپێکیان خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسین و گروپەکەی تریان خاوەنی دەسەڵاتێکی مەعریفی و کەلتورین. ئەو کەلتورەی کە کەلتوری دەسەڵاتدارانە کەلتورێکی باڵایەو جیاوازە لەو کەلتورە پیشەییەی کە لە ناو چینی جوتیاراندا هەیە.

لەناو چینی جوتیاراندا کە زۆربەی خەڵکی ناو کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان لەخۆی دەگرێت، کەلتورێکی پیشەیی هەیەو ئەم کەلتورە بە شێوەیەکی سروشتی دەگوازرێتەوە. دروستەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان دەخوازێت گروپە کەلتور جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا کار لەسەر تۆخکردنەوەی جیاوازی نێوان کەلتورەکانیان بکەنەوە، بەمەش کەلتورە باڵاو فەرمییەکەی دەسەڵاتداران و کەلتورە ناوچەییەکەی جوتیاران لێك دادەبڕێن و پەیوەندی لە نێوانیاندا نەمێنێ، ئەمەش وادەکات دروستەو سیستەم لەم کۆمەڵگایەدا لەرێگەی ئەم جیاکارییەوە بوونی خۆی بپارێزێت.

کەلتورە باڵاکەی دەسەڵات بە هیچ رێگایەك ناگوازرێتەوە بۆناو چینی جوتیاران و ئەو کەلتورە تەنها لەناو چینە دسەڵاتدارەکەدا دەمێنێتەوەو تەنها لەنێوان نەوەکانی ئەواندا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، بەهەمان شێوەش کەلتوری پیشەیی جوتیارەکانیش تەنها بۆ نەوە یەك لە دوایەکەکانی جوتیاران دەگوازرێتەوە.

چینی دەسەڵاتداری ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی حوکمی کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی ناوچەیی دەکات کە هەریەکەیان کەلتورێکی جیاوازی هەیەو ئەم کەلتورە جیاوازانەش بە شێوەیەکی ناوەکی لەناو هەر یەك لەو کۆمەڵگا ناوچەییانەدا دەگوازرێنەوە، ئەمەش وای کردووە لەناو چینی جوتیاراندا کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی داخراو هەبن و هەریەك لەو کۆمەڵگایانە زمان و کولتورێکی جیاوازی هەبێت و هیچ پەیوەندییەکی کەلتوری و پیشەیی لەگەڵ کۆمەڵگا ناوچەیەکانی تردا نەبێت و تەنها پشت بەخۆی ببەستێت.

لای گێلنەر نەتەوە لەسەر یەك كەلتوری دادەمەزرێت، بۆیە لەناو دەوڵەتێکی وەك دەوڵەتەکانی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان کە پەیڕەوی لە جیاوازیی کەلتوری و فرەکەلتوری دەکەن، ناکرێت نەتەوەخوازی سەرهەڵبدات و بانگهێشت بۆ بیرۆکەی دروستبوونی نەتەوە بکات، چوونکە نەتەوەخوازی بەوە نەتەوە دروست دەکات کە فرەکەلتوری و جیاوازییە کەلتورییەکان لە سنوری سیاسی دەوڵەتدا نەهێڵێت و لەسەرانسەری دەوڵەتدا کار بۆ زاڵکردنی یەك کەلتور بکات. واتە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە پرۆسەی زاڵکردنی تاکە کەلتورێکە لە سنوری سیاسی دەوڵەتێکداو نەهێشتنی جیاوازی کەلتوری و فرەکەلتورییە. لای گێلنەر دروستەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان رێگە نادات بەوەی جیاوازییە کەلتورییەکان نەمێنن، بەڵکو بەردەوام هەوڵدەدات جیاوازییە کەلتورییەکان پەرە پێبدات و رێگە لەوە بگرێت کەلتورێك لە کەلتورەکان زاڵببێت بەسەر کەلتورەکانی ترداو لەناویان بەرێت، گەرچی ئەو کەلتورە ئەو کەلتورە باڵایەش بێت کە کەلتوری چینی دەسەڵاتدارانە.

گێلنەر لەم بارەیەوە دەڵێت: لەبەر کۆمەڵە هۆکارێکی بەهێزو ریشەدار کە لەناودانیان مەحاڵە، گروپە رۆشنبیرو خوێندەوارەکەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان ناتوانێت بە شێوەیەکی شیاو هەموو کۆمەڵگا لەخۆی بگرێت و کەلتورەکەی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ و فرەکەلتوری لەناو کۆمەڵگادا نەهێڵێت، ئەمەش لەبەرئەوەیە هەندێك جار یاسا تایبەتییەکانی کەلتورەکەی رێگرەو هەندێك جاریش هۆکارە دەرکییەکان وا دەکەن ئەم کارە کارێکی مەحاڵ بێت. لە راستیدا گەر یاساکانی ئەو کەلتورەش شیاوبن ئەوە هۆکارە دەرەکییەکان بەسن بۆ ئەوەی ئەو کارە سەرنەگرێت. ئەمەش ئەوەدەگەیێنێ نەهێشتنی فرەکەلتوری لە ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا مەحاڵە(٤). ئەم بۆچوونەی گێلنەر لەبارەی جیاوازی کەلتوری ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەر لە کۆمەڵگای پیشەسازی بوونیان هەبووە، لە دوو لایەنەوە شیاوی رەخنە لێگرتنە، لایەنێکیان ئەوەیە کە وای بۆ دەچێت ئەو کۆمەڵگایانە کەلتورێکی سەراپاگیریان نییەو دووەمیان ئەوەیە کە ئەو جیاکاریی کەلتوری بە جیاوازیی کەلتوری دەزانێت و لەبری ئەوەی لە کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکاندا باس لە جیاکاریی کەلتوری بکات باس لە جیاوازیی کەلتوری و فرەکەلتوری دەکات.

---

(٤) هـ.س:٤٤.

ئایا کەلتورێکی سەراپاگیری وەك ئەو کەلتورە مۆدێرنە سەراپاگیرەی کە گێلنەر بە موعجزەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان و مۆدێرنیزمی دەزانێت لەناو کۆمەڵگای خەلافەتە ئیسلامییەکاندا بوونی نەبووە؟ بێگومان کەلتورێکی پیشەیی سەراپاگیری لەو جۆرەی کە لە کۆمەڵگا پیشەسازیەکاندا هەیە، بوونی نەبووە، بەڵام ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە کەلتورێکی سەراپاگیر بوونی نەبووە.

ئەوەی گێلنەر بە موعجزەی کۆمەڵگای پیشەسازی دەزانێت و دەیکات بە بنەمای بوونی نەتەوە، بوونی کەلتورێکی سەراپاگیرکراوە لەلایەن نەتەوەخوازییەوە، نەك جۆرێکی جیاواز لە کەلتور. بۆیە ئەو ئەوەی لەبارەی جیاوازی کەلتوری سەراپاگیرکراوی کۆمەڵگا پیشەسازییەکانەوە باسی دەکات، دواجار بۆ ئەوەیە، ئەوە ساغ بکاتەوە کە سەراپاگیربوونی ئەو کەلتورە، کەلتورەکە لە کەلتوری کۆمەڵگا ناپیشەسازییەکان جیادەکاتەوە، واتە خودی جیاوازی ئەم کەلتورە لە کەلتوری کۆمەڵگا ناپیشەسازییەکان ئەوەیە کە شیانی سەراپاگیربوونی تیایەو زەمینەش لواوە بۆ سەراپاگیربوونەکەی. ئەوەی وادەکات لە گێلنەر پێی وابێت جگە لە کەلتوری کۆمەڵگا پیشەسازییەکان، کەلتوری کۆمەڵگاکانی تر شیانی ئەوەی تیا نەبووە ببێت بە کەلتورێکی سەراپاگیر یان گەر شیانی ئەوەشی تیابووبێت، زەمینە نەبووە بۆ ئەوەی ببێت بە کەلتورێکی سەراپاگیر، ئەوەیە کە ناتوانێت کەلتوری ئاکاری لە کەلتوری پیشەیی جیا بکاتەوە. یان بە واتایەکی تر ناتوانێت کەلتوری ئاکاری بە کەلتورێکی سەربەخۆو دابڕاو لە کەلتوری پیشەیی بزانێت.

ئەو پێی وایە کەلتوری ئاکاری توێکڵی کەلتوری پیشەییەو بەبێ بوونی کەلتوری پیشەیی ناتوانێت بوونی هەبێت. بەڵام ئەم بۆچوونەی گێلنەر لە بنچینەدا هەڵەیە، چوونکە کەلتوری ئاکاری دەتوانێت کەلتورێکی سەربەخۆبێت و لە پەیوەندییەکی عەرەزی و نائەنتۆلۆجیدابێت لەگەڵ کەلتوری پیشەییدا. نەك هەر ئەمە جاری واهەیە کەلتوری پیشەیی دەبێتە رواڵەتێك بۆ شێوەگیربوونی کەلتوری ئاکاری و هیچ نابێت جگە لە شێوەگیرکەری ئەوەی ئاکارییە.

جگە لەمەش لەناو کۆمەڵگایەکی ناپیشەسازی وەك کۆمەڵگا خەلافەتە ئیسلامییەکاندا، کەلتورێکی سەراپاگیرکراوی مەزهەبی هەیە کە رێورەسمە ئاینییەکانی ئەو کۆمەڵگایە دیاری دەکات و جیادەکاتەوە لە کۆمەڵگاکانی تر. هەر ئەم کەلتورە مەزهەبییە سەراپاگیرکراوەیە، کە خەلافەتی سونە مەزهەبی عەباسییەکان جیا دەکاتەوە لەخەلافەتی شیعەمەزهەبی فاتمییەکان.

هەر ئەم کەلتورە مەزهەبییەیە سەراپاگیرکراوەیە، وادەکات ئەوانە بە لادەرو دەرچوو لە ئاین بزانرێن کە ئەو سەراپاگیرکردنە کەلتورییە قبوڵ ناکەن و بە کەلتورەکەی خۆیان رووبەرووی دەبنەوە.

لەناو خەلافەتە ئیسلامییەکاندا بەهەمان شێوەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان، حوجرەکان هەمان رۆڵی قوتابخانە مۆدێرنەکانیان گێڕاوەو کاریان ئەوە بووە کە کەلتوری مەزهەبی ئەو خەلافەتە بکەن بە کەلتورێکی سەراپاگیرکراو و لە سنوری دەسەڵاتە سیاسییەکەی خۆیاندا پەیڕەوەی یەك کەلتوری بکەن و رێگە بەوە نەدەن جیاوازی لە کەلتورە مەزهەبییەکاندا سەرهەڵبدات.

گەر لە قوتابخانە مۆدێرنەکاندا مامۆستاکان سەرقاڵ بن بە چاندنی کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکانەوە، ئەوە لە کۆمەڵگای خەلافەتە مەزهەبیەکاندا لەرێگەی حوجرەکانەوە بەهەمان شێوە مامۆستاکان سەرقاڵن بە چاندنی کەلتورە مەزهەبیەکەی خەلافەت و سەراپاگیرکردنییەوە. بەمەش پرۆسەی چاندنی کەلتورە مەزهەبییەکە دەبێتە پرۆسەیەکی بەردەوام و سەراپاگیرکراو. چۆن لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتوری پیشەیی پرۆسەیەکی بەردەوام و سەراپاگیرە، بەهەمان شێوە لە کۆمەڵگاکانی خەلافەتەکانیشدا ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی سەراپاگیرکراو و بەردەوام بووە.

گەر بوترێت بەشێك لەم پرۆسەیە لەو کۆمەڵگایانەدا لەرێگەی قوتابخانە ئاینییەکانەوە ئەنجام نەدراوەو بە شێوەیکی زارەکی ئەنجام دراوە، لەڕاستیدا لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی ئەم سەردەمەشدا پرۆسەی چاندنی کەلتور هەمووی لەرێگەی قوتابخانەکانەوە نییەو هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگا لە رێگەی خوێندنەوە ئەم کەلتورە وەر ناگرێت، هەندێك لە خەڵکی لەڕێگەی میدییاکانەوە بە شێوەیەکی زارەکی ئەو کەلتورە وەردەگرن. ئەمە جگە لەوەی کە کەلتوری پیشەیی بۆ سەراپاگیرکردنی زیاتر پێویستی بە خوێندن و خوێندەوارییە تا کەلتوری مەزهەبی کە کەلتورێکی ئاکارییەو پیشەیی نییە.

گەر سەراپاگیرکردنی کەلتورو نەهێشتنی جیاوازییە کەلتورییەکان پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە بێت، دەبێت هەر خەلافەتێك لە خەلافەتە مەزهەبیەکان بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ بزانیین، گەر نەتوانین بەو خەلافەتانە بڵێین نەتەوە، ئەوە سەراپاگیرکردنی کەلتوری نابێتە بنەما بۆ جیاکردنەوە نەتەوە لە نانەتەوە.

ئەو جیاکاریەش کە گێلنەر بەناوی جیاوازی جیاوازی کەلتورییەوە کەلتوری فەرمی دەسەڵاتدارانی پێ جیا دەکاتەوە لە کەلتوری جوتیارەکان، لەناو خەلافەتەکاندا بوونی نەبووەو ئەو کەلتورە فەرمییە مەزهەبییەی کە دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی خەلافەت پەیڕەویان کردووە، سەپێنراوە بەسەر هەموو خەڵکی ناو سنوری خەلافەتەکەدا. ئەوەی لە ڕووی مەزهەبییەوە خەلیفە باوڕی پێی هەبووەو لە هەڵسوکەوتی مەزهەبیانەی خۆیدا ڕۆژانە پەیڕەوەی کردووە، هەر هەمان ئەو کەلتورە لەڕێگەی مزگەوتەکانەوە لەناو هەموو خەڵکیدا چێنراوەوەو خەڵکی لە هەڵسوکەوتی مەزهەبیانەی خۆیاندا ڕۆژانە پەیڕەویان کردووەو بەمە خۆیان وەك ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگایە هێشتووەتەوە. لەبەر ئەمە ناکرێت بڵێن لە سەردەمی خەلافەتەکاندا پارێزگاری لە سنورە کەلتورییەکان کراوەو ڕێگە لەوە گیراوە کەلتورێکی هاوبەش لە نێوان دەسەڵاتداران و خەڵکیدا هەبێت. لەڕاستیدا ئەم جیاوازییە کەلتورییەی نێوان دەسەڵاتدارنی ناو کۆمەڵگای خەلافەت و خەڵکەکەی نەك هەر پارێزگاری لێنەکراوە بەڵکو بەردەوام هەوڵی نەهێشتنی دراوە. لەو جۆرە لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا کە گێلنەر باسی دەکات و پێی وایە چینی دەسەڵاتدار تیایدا خاوەنی کەلتورێکی جیاوازە لە چینی جووتیار، لە راستیدا خاوەنی کەلتورێکی جیاواز نییە و خاوەنی کەلتورێکی جیاکارەو ڕۆڵی ئەوەیە کە چینی دەسەڵاتدار لە خەڵکی جیا بکاتەوە.

لەم کۆمەڵگایانەدا جیاوازی کەلتوری بوونی نییەو جێی گرنگی پێدان نییە، ئەوەی گرنگە جیاکاری کەلتورییە، ئەم جیاکارییەش دەکرێت تەنها لە زماندا ڕووبدات نەك لە کۆی کەلتوردا. گێلنەر بۆ جیاوازی کەلتوری حاڵەتی تونس لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا وەردەگرێت و باس لەوە دەکات کە چۆن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەی تونس لەگەڵ ئەوەشدا تورکییان نەزانییوە خۆیان بە تورك زانییوە(٥).

ئەم نموونەیەی گێلنەر خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتدارنی خەلافەتەکان، کەلتورێکی جیاوازیان نەبووە لە کەلتوری خەڵکەکەو جیاوازییە کەلتورییەکانیان نەپاراستووە، بەڵکو کاریان لەسەر جیاکاری کەلتوری کردووە و هەوڵیانداوە بە نیشانەیەکی جیاکەرەوە خۆیان جیا بکەنەوە لە خەڵکی و لە لایان گرنگ نەبووە ئەو نیشانە نیشانەیەکی زمانییە یان

(٥) بڕوانە: هـ.س:٣٢.

نیشانەیەکە لە جلوبەرگیاندا یان هەرشتێکی تر. ئەم جیاکاریانە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانیشدا بوونیان هەیەو ئەمەش لە هیچ کاتێکدا ناکرێتە بەڵگە لەسەر جیاوازی کەلتوری.

ئەم جۆرە لە جیاکاری لە نێوان دەسەڵاتدارانی خەلافەتەکاندا بوونی هەبووەو پەنابردنە بەر نەسەب پەیوەندی بەم جیکارییەوە هەبووەو پەیوەندی بە جیاوازی کەلتورییەوە نەبووە. گەر جیاوازی کەلتوری لەنێوان دەسەڵاتدارانی ناو خەلافەتەکان و ئەو خەڵکەدا هەبووبێت، ئەم حاڵەتە بەئاسایی وەرنەگیراوەو دواجار کۆتایی پێ هێنراوە. لەسەردەمی خەلافەتەکاندا جیاوازی لە کەلتوری مەزهەبیدا لەنێوان دەسەڵاتداران و خەڵکیدا ئاسایی نەبووەو بووەتە هۆی ئەوەی کێشەو ململانێ سەرهەڵبدات، لەئەنجامدا یان خەڵکەکە چووەتەسەر کەلتوری مەزهەبی فرمانڕەواکان یان بە پێچەوانەوە. ئیبن خەلدوون لەلێکدانەوەکەیدا بۆ کۆمەڵگاکانی سەردەمی خەلافەت ئەوەی روونکردووەتەوە کە خەڵکی دەبێت زمان و کەلتوری مەزهەبیی فەرمانڕەواکانیان وەرگرن و ئەوەی لە ململانێی زاڵبوونێکی زیاتردا بردوویەتییەوە دەبێت دۆڕاوەکە پەیڕەوی لە زمان و کەلتورەکەی بکات. ئەمەش هەمان ئەو بنەمای سەراپاگیرکردنی کەلتورەیە کە گێلنەر تایبەتی دەکات بە کۆمەڵگا پیشەسازییەکان و دەوڵەتە نەتەوەییەکانییانەوە.

ئەوەی لەناو خەلافەتە ئیسلامییەکاندا پەیڕەوەی لەسەپاندن و سەراپاگیرکردنی کەلتوری مەزهەبی و جیاکاری کەلتوری نەکردووەو بەرگری لە فرەکەلتوری و جیاوازییە کەلتورییەکان کردووە، سەلاحەدینی ئەیوبی و دەوڵەتەکەیەتی و هەر ئەمەش وا لە سەلاحەدین دەکات لەگەڵ ئەوەشدا کە دەتوانێت عەسای خەلافەت لە خەلیفەی فاتمی و خەلیفەی عەباسی بسێنێ و وەك تورکە عوسمانییەکان خەلافەتێك بۆ خۆی دروست بکات، ئەم کارە نەکات و بەرگری لە جیاوازی کەلتورە مەزهەبی و ئاینەکان بکات و ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی لە کەسایەتییەکی ناوچەییەوە ببێت بە کەسایەتییەکی جیهانی و هەرکەلتورێك لەو کەلتورە جیاوازانە هەوڵبدات بیکات بە موڵکی خۆی.

جیاکاری کەلتوری لەناو کۆمەڵگایەکدا برەو پەیدا دەکات کە کەلتورەکەی وەك ئەو کەلتورە پیشەییە کە گێلنەر بە کەلتوری نەتەوەیی دەزانێت، کەلتورێکی سەراپاگیرکراوە بێت. لە ناو کۆمەڵگایەکدا کە جیاوازی کەلتورو فرەکەلتوری بوونی هەبێت، جیاکاری کەلتوری هیچ مانایەکی نابێت. بە واتایەکی تر لەناو کۆمەڵگایەکدا مومکینە جیاکاری کەلتوری نەبێت و

دەسەڵاتداران پێویستیان بەوە نەبێت بە نیشانەیەك خۆیان لە خەڵكی جیا بكەنەوە، بەمەرجێك لو كۆمەڵگایەدا پەیڕەوەی لە فرەكەلتوری بكرێت و جیاوازییە كەلتورییەكان پارێزراو بن و هەر هەوڵدانێك بۆسەراپاگیركردنی كەلتورێك لەكەلتورەكانی ناو دەوڵەت یان ناو كۆمەڵگا رێگەی لێبگیرێت و رێی پێنەدرێت.

گەر لای گێلنەر كۆمەڵگا كشتوكاڵییەكان خاوەنی دروستەیەكی كۆمەڵایەتی بن كە رێگربێت لە بەردەم ئەوەدا كەلتوری چینی خوێندەواری ناو ئەو كۆمەڵگایە زاڵ ببێت بەسەر كۆی كەلتورە ناوچییەكانی ناوكۆمەڵگا كشتوكاڵییەكان، بابزانین لای ئەو لە كۆمەڵگای پیشەسازیدا ئەوەی وا دەكات كەلتورێك لە كەلتورەكان بتوانێت ببێت بە كەلتورێكی سەرپاگیر چییەو دواتریش چۆن بیرۆكەی سەراپاگیركردنی كەلتورێك لە كەلتورەكانی ناو كۆمەڵگا دەبێتە هۆی ئەوەی بیرۆكەی نەتەوە لەناو هوشیاری ئەو كۆمەڵگایەدا سەرهەڵبدات؟

ئایا چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان پرۆسەی سەراپاگیركردنی كەلتورێك لە كەلتورەكان و نەهێشتنی فرەكەلتوری و جیاوازی كەلتورەكان لەگەڵ پرۆسەی بەنەتەوەبوونی كۆمەڵگادا؟ گێلنەر سەراپاگیركردنی كەلتورێك لە كەلتورەكانی ناو كۆمەڵگاو بنەبڕكردنی كەلتورە جیاوازەكان و نەهێشتنی جیاوازی كەلتوری بەو پرۆسەیە دەزانێت كە نەتەوە دەخاتەوە، واتە پرۆسەی بەنەتەوەبوون لای ئەو لەبنچینەدا پرۆسەی نەفیكردنی فرەكەلتوری و سەپاندن وسەراپاگیركردنی كەلتورێكە لە كەلتورەكانی ناو كۆمەڵگا لە سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا كە ئەو كۆمەڵگایە دەگرێتە خۆی. لەمەشدا ئەوە گرنگ نییە ئەو كەلتورەی كە سەراپاگیر دەكرێت كام لەو كەلتورە جیاوازانەیە كە لەناو ئەو كۆمەڵگایەدا هەیە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو كەلتورەی كە شیانی سەراپاگیربوونی تیایە كامەیەو ئەو كەلتورەی كە شیانی سەراپاگیربوونی تیانییە كامەیە. بێگومان بەپێی بۆچوونی ئەو، ئەو كەلتورەی كە شیانی سەراپاگیركردن و سەپاندنی تیایە، دەبێت بەو كەلتورەی كە دەتوانین پێی بڵێین كەلتوری نەتەوە، ئەو كەلتورەش كە شیانی سەراپاگیركردنی تیا نییەو ناتوانێت بەسەركەلتورەكانی تردا سەركەوێت و لەناو كۆمەڵگادا بنەبڕیان بكات، ناكرێت بە كەلتورێكی نەتەوەیی بزانرێت، چوونكە كەلتورێكی لەو جۆرە ئەو توانایەی تیا نییە كە بوونی نەتەوە دەیخوازێت.

گەر بەپێی بۆچوونەكەی گێلنەر بیر لە نەتەوە بكەینەوە، دەبێت بە شوێن ئەو جۆرە لە كەلتوردا بگەڕێین كە لەلایەكەوە توانای زاڵبوون سەراپاگیربوونی تیایە لەلایەكی ترەوە توانای

ئەوەی تیایە کەلتورە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا لەکۆمەڵگادا نەفی بکات و جیاوازی کەلتوری نەهێڵێت. بێگومان لای گێلنەر تاکە کەلتورێك کە شیانی ئەمەی تیا بێت ئەو کەلتورە پیشەییەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکانە کە لەکارگەکاندا پەیڕەو دەکرێت و لەلایەکەوە پەیوەندی هەرکەسێك لە کەسەکان بە کەسەکانی تری ناو کارگەکەو لەلایەکی ترەوە پەیوەندی نێوان ئەو کەسە بە ئامێرەکانی ناو کارگەکە ڕێکدەخات.

ئەم جۆرە لەکەلتوریش وەك پێشتر لێی دوایین بە جەوهەر کەلتورێکی پیشەییەو کەلتورێکی ئاکاری نییە. واتە کەلتورێکە کە خاوەنی سیستەمێکە لەبنچینەدا بۆ ئەوە دانراوە کە پەیوەندی نێوان مرۆ و ئامێرکانی ناو کارگە کۆنترۆڵ بکات. لە نێوان مرۆ ئامێردایشدا شتێك بە ناوی ئاکارەوە بوونی نییە، بەڵام لەبەرئەوەی کارکردن لەناو کارگەکاندا کارکردنە بە کۆمەڵە ئامێرێك کە بە تاکە مرۆڤێك هەڵناسوڕێن و بۆکارکردنیان دەبێت کۆمەڵە مرۆڤێك هەبن، ئەمە وای کردووە ئەوانەی ئەو کەلتورەیان داهێناوەو سیستەمەکەیان ڕێکخستووە، بیر لەوە بکەنەوە لە چوارچێوەی پەیوەندی کەسەکانی ناو کارگەکە بە ئامێرکانەوە، یاساکانی کۆنترۆڵکردنی پەیوەندی کەسەکانی ناو کارگەکەش لە سیستەمە کەلتورییەکەدا دابنرێن، تا کارگەکە لە باشترین دۆخی خۆیدا کار بکات و کاڵاکانی بەرهەم بهێنێ. لای گێلنەر ئەو کەلتورەی کەشیانی سەراپاگیرکردنی تیایە ئەم کەلتورە پیشەییەیە.

گێلنەر پێی وایە ئەوەی ڕێگرە لە بەردەم ئەوەدا کەلتوری خوێندەوارانی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکانی وەك کۆمەڵگای خەلافەتە مەزهەبییەکان ببێت بە کەلتورێکی سەراپاگیرکراو، لەلایەکەوە یاسا تایبەتییەکانی سیستەمەکەن و لەلایەکی ترەوە نەبوونی زەمینەیەکی دەرەکی گونجاو و نەبوونی وەسیلەی گونجاوە بۆ سەراپاگیرکردنی. ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە کەلتورە پیشەییەکەی چینی خوێندەوارانی کۆمەڵگای پیشەسازی هەڵگری ئەو جۆرە لە یاسا نییە کە ڕێگرن لە بەردەم سەراپاگیرکردنیداو لە لایەکی تریشەوە زەمینەیەکی سازو وەسیلەی گونجاویش هەیە بۆ ئەوەی ئەم کەلتورە بە ڕێگایەکی شیاو و خوازراو خۆی سەراپاگیر بکات.

گێلنەر دەڵێت: خەونێکی بە تاڵە گەر بیرلەوە بکرێتەوە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا گروپی خوێندەوارانی ئەو کۆمەڵگایە بکرێت بە گروپێکی سەراپاگیرو کەلتورەکەیان لە ڕێگەی کۆمەڵە پێوانەیەکەوە کە بەشێوەیەکی مەرکەزی سەپێنرابن و بە نوسین پشتڕاستکرابنەوە، سەراپاگیربکرێت و چوونیەکی لە کەلتوری کۆمەڵگادا دروست بکات. گەر لەو کۆمەڵگا

کشتوکاڵیانەدا چەند مەزهەبێکی ئاینی بەرنامەیەکی لەو جۆرەیان هەبوو بێت و بیریان لە سەراپاگیرکردنی کەلتورەکەیان کردبێتەوە، ئەوە نەیانتوانیوە ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەن. لەڕاستیدا بەرنامەیەکی لەو جۆرە جێبەجێ ناکرێت، چونکە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا هۆکارەکانی جێبەجێبوونی بوونیان نییە. دوای ئەمەش دەپرسێت: چی ڕوودەدات گەر ڕۆژێك دابێت گروپی خوێندەوارانی ناو کۆمەڵگا ببێت بە گروپێکی سەراپاگیرو هەموو ئەندامانی ناو کۆمەڵگا لە خۆی بگرێت، ئەمەش بە هەوڵدانی تایبەتی گروپێك نەبێت و لەرێگەی هەوڵدانێکی ناوەکی پاڵەوانانەو موعجزەئاساوە ئەنجام نەدرێت و لەڕێگەی هێزێکی کۆمەڵایەتی کاراترو ریشەداکوتراوترەوە ئەنجام بدرێت، ئەمەش لەڕێگەی گۆڕینێکی تەواوی دابەشکردنی کارو پرۆسە بەرهەمهێنەرو مەعریفیەکانەوە بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەو دیاریکردنی سیماکانی ئەم گۆڕینە لای ئەو دەبنە وەڵامێکی یەکلاکەرەوە بۆ تێگەیشتن لە نەتەوەخوازی و پرۆسەی بەنەتەوەکردنی کۆمەڵگاکان(٦).

یەکێك لەو خاسیەتانەی کە لە کەلتوری پیشەیی کارگەکاندا هەیەو وادەکات ئەم کەلتورە شیانی ئەوەی تیا بێت، ببێت بە کەلتورێکی سەراپاگیر، بە بۆچوونی گێلنەر ئەوەیە کە ئەو کەلتورە بێ ریشەیەو لە هیچ کەلتورێکی پێش خۆی نەکەوتووەتەوەو وەك میراتێك لە کۆمەڵگایەك یان لە گروپێکی ئاینی بەجێ نەماوە، ئەمەش وای کردووە کە هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگا مافی ئەوەی هەبێت ببێت بە خاوەنی بەبێ ئەوەی پرسیاری ئەوەی لێ بکرێت کە سەر بە چ کەلتورێکی ناوچەیی یان مەزهەبییە.

گێلنەر بۆ رونکردنەوەی خاسیەتی بێ ریشەیی ئەو جۆرە لە کەلتور کە ئەو بەو کەلتورەی دەزانێت شیانی سەراپاگیربوونی تیایە، سوود لە بیرۆکەی خەساندن وەردەگرێت. خەساندن لەکۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا لای ئەو نەهێشتنی پەیوەندی خزمایەتییە لە ڕێگەی بێ بەشکردنی جەنگاوەر یان بیرۆکراس یان کاهن لە باوانەکان یان لە نەوەکان یان لە هەردووکیان. ئەو ڕێگا بەکارهێنراوانەش کە پرۆسەی خەساندنیان پێ ئەنجامدراوە ئەو ڕێگایانە بوون کە کەسەکانیان لە پرۆسەکەدا والێکردوون کە لە رووی جەستەییەوە توانای خستەنەوەی نەوەیان نەبێت و نەبنە خاوەنی نەوە، بۆنموونە قەشەکان بۆ ئەوەی بێ نەوەبن دەبێت بە رەبەنی بمێنەوە،

(٦) بڕوانە: هـ.س:٤٤.

یان ئەو کۆیلانەی کە بوون بە موڵکی دەوڵەت و باوانەکانیان مافیان بەسەریانەوە نەماوە نابێت ببن بە ریشە بۆ هیچ نەوەیەك، تا ئەوەی هەیانە بە نەمانی خۆیان بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت. ئەم جۆرە لە کەسی بێ ریشەو بێ باوان و نەوە، لەلایەن دەسەڵاتدارنەوە شیاوی ئەوە بوون پلەو پایەیان لەناو دەسەڵات و چینی فەرمانڕەوادا پێببەخشرێت، ئەوەش وایکردووە شیاوبن، ئەوە بووە کە بێ ریشە بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەو کەلتورەی کە شیانی سەراپاگیربوونی تیایەو لەناو کۆمەڵگایەکدا دەتوانێت خۆی سەراپاگیر بکات کەلتورێکی بێ ڕیشەیەو لەکۆمەڵگایەکیشدا دەتوانرێت سەراپاگیربکرێت کە ئەندامەکانی ئامادەیی ئەوەیان تیا بێت دەستبەرداری ئەو ریشەیەی خۆیان بن کە لێیەوە هاتوون ونەشبن بە ڕیشە بۆ ئەو نەوەیەی کە لەداهاتودا دێت، واتە ئامادەیی ئەوەیان تیا بێت خۆیان و نەوەکانیان بکرێت بە مەملوکی دەوڵەت.

لای گێلنەر هەرچەندە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا چەند گروپێك لەناو گروپەکانی دەسەڵاتدا بەو پرۆسەی خەساندنەدا دەبران کە فەرمانڕەوایانی ناو دەوڵەت ڕێوشوێنی پرۆسەی خەساندنەکەیان بۆ دانابوون، گەر لەم کۆمەڵگایانەشدا ئەم پرۆسە گشتگیر بکرایە هەر سەری نەدەگرت و ئەوانەی کە بەو پرۆسەیدا دەبران ریشەیان بۆ خۆیان دروستدەکردەوەو لەو دۆخەدا نەدەمانەوە. جارێکی تر گێلنەر دەپرسێت چی ڕوودەدات کاتێك لە کۆمەڵگایەکدا پرۆسەی خەساندن نزیك بکەوێتەوە لەوەی ببێت بە پرۆسەیەکی سەراپاگیرو کاراو هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بەناوخۆیدا تێپەڕێنێت و بیانکات بەو جۆرە لە مەملوك کە پەیوەستبوونیان بە پیشەکانیانەوە لە پەیوەستبوونیان بە خزمایەتییەوە لەلا گرنگتربێت؟ لای گێلنەر گەر کۆمەڵگایەکی لەو جۆرە بوونی هەبێت، ئەوە کۆمەڵگای پیشەسازییە، چوونکە تەنها لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا گروپی خوێندەواران دەبێت بە گروپێکی سەراپاگیری مەملوکی لەو جۆرەی کە بوونی خۆی تەنها لە پیشەکەیدا ببینێتەوە. بەهۆی بوونی چینێکی لەو جۆرەشەوەیە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا پەیوەندی نێوان کەلتورو دەوڵەت لەڕیشەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و کەلتورێکی باڵا دەچێتە ناو کۆی کۆمەڵگاوەو پێویستی بەوەش دەبێت لە لایەن دەوڵەتەوە پشتیوانی لێبکرێت. لای ئەو رازی نەتەوەخوازی لە ناو ئەم پرۆسەیەدا پەنهانە[٧].

(٧) بڕوانە: هـ.س:٤٥.

بەپێی ئەم بۆچوونە تەنها لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا پرۆسەی خەساندن دەتوانێت کاری خۆی بکات و لە هەمان کاتیشدا ببێت بە پرۆسەیەکی سەراپاگیرکراوی لە جۆرە کە هەموو ئەندامانی ناو کۆمەڵگا لە خۆی بگرێت و بیانگۆڕێت بۆ مەملوکی دەوڵەت، واتە بیانگۆڕێت بۆ ئەو کۆیلانەی کە خاوەنەکەیان مرۆڤێکی دیاریکراو یان چینێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگا نییە، بەڵکو خواوەندێکی نوێیەو ئەو خواوەندەش ئەو کارگە گەورەیە کە هەموو کارگەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی دەگرێتە خۆی و پێی دەوترێت دەوڵەتی مۆدێرن. ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کێشەی ئازادی مرۆڤ لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا بەوە چارەسەرنەکراوە کەهەرکەسێك سەرداری خۆی بێت و کۆمەڵگا کۆمەڵگای سەردارەکان بێت، بەڵکو بەوە چارەسەرکراوە کە هەموو کەسەکانی ناو کۆمەڵگا بکرێن بە کۆیلەی ئەو دەوڵەتەی کە بە پرۆسەی خەساندندا دەیان بات. مرۆڤەکان لەم کۆمەڵگایەدا لەوێوە ئازادنین کە کۆمەڵێکیان کۆیلەی کۆمەڵێکی تریان نین، لەوێوە ئازادن کە کۆیلەی یەك سەردارن ئەو سەردارەش نە مرۆڤێکە، نە چینێکە لە چینەکانی کۆمەڵگا و نەخواوەندێکە لە ئاسمان، بەڵکو ئەو کارگە گەورەیەی خەساندن و بەمەملوككردنی مرۆڤەکانە کە ناونراوە دەوڵەت. واتە ئازادی لەم کۆمەڵگایەدا ئازادییەکی سەلبییەو سەرچاوە لەنەمانی چینی سەردارەوە دەگرێت و سەرچاوە لە ئازادی مرۆڤەوە ناگرێت، لەم کۆمەڵگایەدا مرۆڤەکان نابن بە مرۆڤێکی ئازاد، بەڵکو لە کۆیلایەتیکردنی چینی سەردارەکانەوە بەرەو کۆیلایەتیکردنی ئەو کارگە گەورەیەی بەرهەمهێنانی پێداویستییە مادیییەکان دەڕۆن کە ناونراوە دەوڵەت.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ لەبارەی خاوەندایەتی دەوڵەتەوە سەرهەڵدەدات، گەر دەوڵەت خاوەنی هەموو مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگا بێت، ئەی کێ خاوەنی خۆیەتی، ئایە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا دەوڵەت و کەلتور بێ خاوەنن و وەك خوا بوونیان لە ماهییەتیان جیانییەو بۆ بوونیان تەنها پێویستیان بەخۆیانەو پێویستیان بەهیچ بنەمایەکی دەرەکی نییە؟ ئایا لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بەهەمان شێوەی کۆمەڵگا ناپیشەسازییەکان چینی فەرمانڕەوا و چینی فەرمانبەر دوو چینی جیا نین؟ ئایا لە ناو چینی فەرمانڕەواشدا چینی قەڵەم و چینی شمشێر لەیەکتر جیانین؟ بەر لەوەی بەشوێین ئەم پرسیارانەدا بڕۆین و بۆچوونی خۆمان لەبارەیانەوە بخەینەروو، با بزانین گێلنەر لەم بارەیەوە چی دەڵێت و وەڵامی ئەم پرسیارانە لای ئەو چییەو بەپێی چ بنەمایەك وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

گێلنەر لەرێگەی مەتەڵێکی نوکتە ئامێزەوە وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە دەداتەوە، کە ئەمەیە: گەر لەگوندێکدا سەرتاشی گوند سەری خەڵکی گوندەکە چاك بکات ، ئایا خۆی سەری خۆی چاك دەکات یان سەری بۆچاك دەکەن؟ ئەو لەرێگەی وەڵامدانەوەی ئەم مەتەڵەوە باس لە چینی خوێندەوارو رۆشنبیر لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی و پیشەسازیدا دەکات. ئەو پێی وایە لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا پیاوە رۆشنبیرو خوێندەوارەکان پیاوە ئاینییەکانن، پیاوە ئاینییەکانیش وەك سەرتاشەکەی ناو گوندەکە وان و خەڵکە جوتیارەکەش دوو کۆمەڵن کۆمەڵێکیان وەك ئەوانە وان کە لە گوندەکەدا خۆیان سەری خۆیان چاك دەکەن و کۆمەڵێکی تریان ئەوانەن کە سەرتاشەکە سەریان بۆچاك دەکات، بەڵام لەم کۆمەڵگایەدا وەڵامی پرسیاری ناو مەتەڵەکە نادرێتەوە، چوونکە نازانرێت سەرتاشەکە کە پیاوە ئاینییەکەیە کێ سەری بۆ چاك دەکات. واتە لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا پیاوانی ئاینی کە گروپێکن لە گروپەکانی ناو دەسەڵات و خۆیان بە دەنگی کۆمەڵ دەزانن، دوو کار ئەنجام دەدەن یەکەمیان ئەوەیە لە ناو خەڵکیدا کۆمەڵ کەسێك هەڵدەبژێن و لەرێگەی راهێنان و فێرکردنیانەوە لە ناو کۆمەڵگادا درێژە بە گروپەکەی خۆیان دەدەن و وەك خۆیان دەیانکەن بە پیاوی ئاینی. دووەم کاریان ئەوەیە کە هەموو کەسەکانی تری ناو کۆمەڵگا بەراهێنانێکی زۆرکەم فێری کەلتورە ئاینییەکەی خۆیانیان دەکەن.

ئەمەش وادەکات ئێمە نەتوانین بزانین ئەوان خۆیان کێ فێریان دەکات. لای ئەو کۆمەڵگای پیشەسازی وەڵامی ئەو مەتەڵە بەوە دەداتەوە کە تەنها کەسانێکی هەڵبژاردە لە لایەن مامۆستا خوێندەوارو رۆشنبیرەکانی ئەم کۆمەڵگایەوە نابن بە مامۆستا، بەڵکو هەموو خەڵکی ناو کۆمەڵگا بەپرۆسەی فێرکردن وراهێنانێکی تەواودا دەبەن و دەیانکەن بە پیاوی ئایینی، واتە دەیانخاتە ناو گروپی خوێندەوارانەوە. لەناو ئەم کۆمەڵگایەشدا کە هەمووی بووەتە پیاوی خوێندەوارو مامۆستا، کەس سەری خۆی بەخۆی ناتراشێت. واتە وەڵامی پرسیاری ناو مەتەڵەکە ئەوەیە کە سەرتاش خۆی سەری خۆی ناتاشێت[٨]. گێلنەر ئەم حکایەتی شێرو رێوییەی بۆ ئەوەیە پێمان بڵێت تەنها لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا کەلتورێکی لەو جۆرە سەرهەڵدەدات کە شیانی ئەوەی تیا بێت جیاوازی کەلتوری نەهێڵێت و خۆی جێگەی

(٨) بڕوانە: هـ.س:٦٩.

هەموو کەلتورە جیاوازەکان بگرێتەوەو ببێتە کەلتورێکی سەراپاگیر. لای ئەو تەنها کۆمەڵگای پیشەسازیش زەمینەی بوون وسەراپاگیرکردنی ئەو کەلتورە شیاوەیە.

ئەوەی کە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکاندا گروپی خوێندەواران ناتوانن ئەنجامی بدەن و کەلتورەکەیان لە کەلتوری گروپێك لە گروپەکانی ناو دەسەڵاتەوە بکەن بە کەلتورێکی سەراپاگیرکراوی ناو کۆمەڵگا، گروپی خوێندەوارانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی ئەنجامی دەدەن و کەلتورەکەیان دەکەن بە کەلتوری هەموو ئەو خەڵکەی کە لە سنوری سیاسی دەوڵەتدان. ئەمەشە وادەکات کە بیرۆکەی نەتەوە لای خوێندەوارەکان سەرهەڵبدات و بە سەراپاگیرکردنی کەلتورەکەیان لە ناو واقعدا هەوڵ بۆ دروستکردن و شێوەگیرکردنی بدەن. ئەو جیاکارییەی کە گێلنەر لەڕێگەی سەراپاگیرکردنی کەلتورەوە لە نێوان کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازیدا دەیکات، تا ئەوەمان بۆ بسەلمێنێ کە بیرۆکەی نەتەوە چۆن سەری هەڵداوە، جگە لە سەفسەتەیەکی ئاڵۆزو چەواشەکەر هیچی ترنییە. گەر تۆزێك بەوردی لەو دوو جۆرە لە کۆمەڵگا بڕوانین، دەگەینە وەڵامی پرسیارە سۆفستیانەکەی ناو مەتەڵەکەی گێلنەر. لەڕاستیدا لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا کە کەلتورەکەیان بە شێوەیەکی تەقلیدی دەگوازرێتەوە دیارە کێ سەرتاشەو کێ سەرتاشراوەو ئەوش دیارە کە سەرتاشەکان کێ سەریان بۆ دەتاشێت.

گەر کۆمەڵگای پیشەسازیش وەك گێلنەر باسی دەکات وەك کۆمەڵگای کشتوکاڵی کەلتورەکەی کەلتورێکی تەقلیدی و گوازراوە بێت، ئەوە دەبێت وەك کۆمەڵگای کشتوکاڵی گروپی خوێندەوارەکە لەڕێگەی دوو گروپی جیاوازەوەو بە دوو ڕێگای جیاواز لە فێرکردن و ڕاهێنان، کەلتورەکەی خۆی بگوازێتەوە.

ڕێگایەکیان گواستنەوەی کەلتورەکەیە بۆ ئەو گروپە کە فێرکردنی ڕێورەسمی فێرکردن و ڕاهێنانی خەڵکەکە لەسەر کەلتورەکە فێردەکرێن و دەچنە ریزی سەرتاشەکانەوەو درێژە بە ژیانی گروپی سەرتاشەکان دەدەن.

ڕێگاکەی تریان گواستنەوەی کەلتورەکە بۆ ئەو گروپەی کە تەنها ڕێوڕەسمی جێبەجێکردنی کەلتورەکە فێردەکرێن، ئەو گروپەش کە بە پرۆسەی فێربوونی جێبەجێکردنی کەلتورەکەدا دەبرێن، گروپی سەرتاشراوەکانە، کە کۆی خەڵکی ناو کۆمەڵگا دەگرێتەوە. واتە گروپی سەرتاشەکان یان گروپی خوێندەوارن کە لەهەمانکاتدا فێرکارو جێبەجێ کاریشن، ئەو گروپەن لەوێوە کە فێرکارن سەرتاشن و لەوێوە کەجێبەجێکارن سەرتاشراون، بەڵام گروپەکەی تری ناو

کۆمەڵگا تەنها جێبەجێکارن و فێرکارنین، لەوێشەوە کە جێبەجێکارن، تەنها سەرتاشراون و سەرتاش نیین.

لە هەموو کۆمەڵگایەکی تەقلیدیدا ئیتر کۆمەڵگاکە کشتوکاڵی بێت یان پیشەسازی یان تەوتەمی، چینی فێرکار ئەو چینەیە کە لە رووی کەلتورییەوە سەری خۆیان و سەری هەموو خەڵکی ناو کۆمەڵگاکەش دەتاشن، بەڵام جگە لەو چینە هەموو چینەکانی تر بە چینی فەرماندەرو فەرمانبەرەوە سەرتاشراون و سەرتاش نیین. کەوابێت سەرتاشەکانی ناو هەموو کۆمەڵگایەك کە کەلتورەکەی بەشێوەیەکی تەقلیدی بگوازرێتەوە لە هەمان کاتدا سەرتاشن و سەرتاشراویشن، واتە جێبەجێکاری کەلتورەکەن وەك هەرئەندامێکی ناو کۆمەڵگاکەو لەهەمانکاتدا فێرکاریشن.

گەر لەڕووی جێبەجێکردنی کەلتورەوە لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازی بڕوانین، لەهەردوو کۆمەڵگاکەدا یەك کەلتورو یەك چینیش دەبینین کە ئەویش چینی جێبەجێکارانی کەلتورن، بەڵام گەر لەڕووی پرۆسەی فێرکردنی کەلتورەوە لێی بڕوانین کۆمەڵگا دەبێت بە دوو چین، چینێك کە کەلتورەکە فێری خەڵکی دەکات و فێرکارە، لەگەڵ چینێك کە کەلتورەکە دەگوازێتەوەو فێرکراوە.

بەبەراوردکردنی کۆمەڵگای خەلافەت کە گێلنەر بە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی لەقەڵەم دەدات لەگەڵ کۆمەڵگا پیشەسازییە نوێکاندا، ئەو راستییە ئاشکرا دەبێت کە لەهەردوو کۆمەڵگاکەدا کەلتوری خوێندەوارن لەڕووی جێبەجێکردنەوە بوونێکی سەراپاگیرکراوی هەیەو ئەندامانی ناو ئەو کۆمەڵگایە بەوە بوون بە ئەندام کە ئەو کەلتورە لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی خۆیاندا جێبەجێ دەکەن. بەڵام لەڕووی فێرکردنەوە دوو چینن، چینی فێرکراو و چینی فێرکەر. پرۆسەی فێرکردن و گواستنەوەی کەلتور پرۆسەیەکە داوای دوو توخم دەکات و بەبێ بوونی ئەو دوو توخمە پرۆسەکە بوونی نابێت، بۆیە بە زەرورەت لەو کۆمەڵگایانەی کە کەلتورەکەیان بەشێوەیەکی تەقلیدی دەگوازرێتەوە دەبێت چینێك هەبێت فێربکات و چینێك هەبێت فێربکرێت و چینی فێرکراوایش لە ژێر فەرمانڕەوایەتی چینی فێرکەردا بێت. گێلنەر لەگەڵ ئەوەشدا کە پێی وایە کەلتوری کۆمەڵگای پیشەسازی وەك کەلتوری کۆمەڵگای کشتوکاڵی بەشێوەیەکی تەقلیدی لەڕێگەی فێرگە مۆدێرنەکانەوە دەگوازرێتەوە، بەڵام دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێ کە لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا تەنها یەك چین هەیە، ئەویش چینی

خوێندەوارانە. بەڵام لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا دوو چین هەیە، چینی فێرکراو و چینی فێرکەر. سەفسەتەکەی گێلنەر لێرەدا سەفسەتەیەکی زمانییەو لە یاریکردن بە وشەی خوێندەوارو فێرکارەوە سەرچاوەی گرتووە، لەگەڵ سود وەرگرتن لەوەی کە لە شێوازەکانی فێرکردندایە، واتە فێرکردنی زارەکی و فێرکردنی نازارەکی لەڕێگەی خوێندن و نوسینەوە.

ئەو وشەی (خوێنەدەوار) بە دوو مانا بەکاردەهێنێ مانای یەکەمیان بۆ ئەو کەسەیە خوێندن و نوسین شارەزایە، مانای دووەمیشیان بۆ ئەو کەسەیە کە فێرکارەو خەڵکی فێری کەلتوری کۆمەڵگا دەکات، ئیتر بە شێوەیەکی زارەکی بێت یان بە شێوەی خوێندن و نوسین بێت. گەر چینی خوێندەوار تەنها ئەو کەسانە بن کە دەتوانن بخوێننەوەو بنوسن ئەوە بۆچوونەکەی گێلنەر دروستەو لە کۆمەڵەگای پیشەسازیدا ڕێژەی ئەوانەی کە دەخوێننەوەو دەنوسن لەچاو کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەلگای خەلافەتەکان زیاترە. بەڵام گەر مەبەست لەچینی خوێندەوار ئەو چینە بێت کە کەلتوری کۆمەڵگایەك بەشێوەیەکی تەقلیدی لەدەرەوەی خۆیەوە وەردەگرێت، ئەوە لەهەردوو کۆمەڵگاکەدا ئەو چینە چینێکی سەراپاگیرە.

بێگومان ئەو کە باس لە سەراپاگیرکردنی کەلتور دەکات و چینی خوێندەوار بەو چینە دەزانێت کە کەلتورەکەی بۆ دەگوازرێتەوە، ئەوە خوێندەواری بەمانای زانینی نوسین و خوێندنەوە هیچ پەیوەندییەکی بە سەراپاگیرکردنی کەلتورەوە نییەو دەکرێت کەلتورێك بەبێ سەراپاگیرکردنی خوێندن و نوسین بە شێوەیەکی زارەکی ببێت بە کەلتورێکی سەراپاگیر. ئەم دوو حاڵەتەی گواستنەوەی کەلتور وەك ئەو دووحاڵەتە وایە کە زمانێك لە زمانەکانی پێ دەگوازرێتەوە، واتە رێگای زارەکی و ڕێگای نوسین و خوێندنەوە.

گێلنەر سەراپاگیرکردنی کەلتور لەگەڵ وەسیلەکانی ئەم سەراپاگیرکردنە تێکەڵاو دەکات و بەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە تەنها لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا کەلتوری رۆشنبیران شیانی ئەوەی تیایە ببێت بە کەلتورێکی سەراپاگیرو ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بیرۆکەی نەتەوە تەنها لەناو هوشیاری کۆیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا دەتوانێت بوون پەیدا بکات، چونکە لای ئەو بەبێ بوونی کەلتورێك کە شیانی سەراپاگیرکردنی تیابێت و بوونی زەمینەیەك بۆ ئەو سەراپاگیرکردنە بیرۆکەی نەتەوە بوون پەیدا ناکات. پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتور شتێکەو وەسیلەکانی گەیاندن و سەراپاگیرکردنی ئەو کەلتورە شتێکی ترە، لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا خوێندن و نوسینی ناو حوجرەکان لەهەموو ئاستەکاندا ناتوانن ببن بە وەسیلەی سەراپاگیرکردنی

کەلتورە مەزهەبییەکەو لە ئاستێکدا ئەم وەسیلەیە دەگۆڕێت و بە ڕێگایەکی زارەکی کەلتورەکە سەراپاگیر دەکرێت.

لە کۆمەڵگای خەلافەتدا مەلاکان لەڕێگەی وتاری زارەکییەکانیانەوە کەلتورەکە سەراپاگیردەکەن. لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکانیشدا بەپێچەوانەی ئەوەی کە گێلنەر دەیڵێت، پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتور لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا لەڕێگەی فێرگەکان و خوێندن و نوسینەوە نییەو لەئاستێکدا کەلتور لەوە دەوستێت خۆی لە ڕێگەی خوێندن و نوسینەوە سەراپاگیر بکات و بەهەمان شێوەی کەلتورە مەزهەبییەکەی کۆمەڵگای خەلافەت پەنا دەباتە بەر وەسیلەیەکی کاریگەرتر کە میدیای بیستراو و بینراوە.

ئەوانەی لەناو دروستەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بەهەمان ڕێگای مەلاکان کەلتورە زاڵەکە سەراپاگیر دەکەن کارمەندانی میدیاکانن و لەڕێگەی میدیای بینراو و بیسراوەوە لایەنی ئاکاری کەلتوری کۆمەڵگا پیشەسازییەکان سەراپاگیر دەکەن. مامۆستیانی قوتابخانەکانە مۆدێرنەکانیش وەك مامۆستایانی حوجرەکان وان و سەرقاڵن بە گواستنەوەی کەلتور لەڕێگەی دەقی نوسراوەوە. مەلای سەر میبەرەکان وەك ئەو گروپە وان کە بە ڕۆژنامەوان ناسراون و لەڕێگەی میدیای بینراو و بیسراو و نوسراوەوە کەلتورەکە دەگۆڕن بۆ کەلتورێکی زارەکی و لە دەقی نوسراوی بەستانداردکراو و تەنانەت هەندێك جار زمانی بەستانداردکراویش لای دەدەن تا پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتورەکە چالاکتر بکەن و لایەنە سایکۆلۆجییەکەی بۆ بگەڕێننەوە. ڕۆژنامەوانان لە دروستەی کۆمەڵگا پیشەسازییە مۆدێرنەکاندا ڕۆڵی مەلاکانی سەر مینبەری مزگەوتەکان دەبینن. لەناو دروستەی کۆمەڵگاکانی خەلافەتداو بەهەمان شێوە مەلاکان لە سەراپاگیرکردنی کەلتورە زاڵەکەدا کاریگەرییان لە مامۆستاکانی حوجرەکان و قوتابخانە ئاینییەکان زیاترو کارکی ترەو ئەمەش ئەوە ساغ دەکاتەوە کە پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتور لەو کۆمەڵگایانەدا کە کەلتورەکەیان کەلتورێکی گوازراوەو تەقلیدییە هەمان پرۆسەیەو ئەم پرۆسەیەش لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان و کۆمەڵگا پیشەییەکاندا هەمان دروستەی هەیەو ئەودروستەیەش پەیوەندی هەمان جۆر لە توخم ڕێکدەخات. ئەو پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتورەش کە گێلنەر بە موعجزەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی دەزانێت لەڕاستیدا هەمان پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتورە مەزهەبییەکەی ئیسلامەو ئەوەی جیاوازە وەسیلەکانی سەراپاگیرکردنی کەلتورەکەیە، نەك ویستی سەراپاگیرکردنی کەلتورەکە.

بۆیە گەر ویستی سەراپاگیرکردنی کەلتورو ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بنەمای پەیدابوونی بیرۆکەی نەتەوەو دروستکردنی نەتەوەکان بێت، ئەوە ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە بیرۆکەی نەتەوە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییە مەزهەبییەکان بە ماناکەی گێلنەر بوونی هەبووەو نەتەوەشی پێدروستکراوە.

کەوابێت جیاوازی نێوان کەلتوری سەراپاگیرکراوی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان وکۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە تەواوەتی دەمانگەیێنێ بەو دەرئەنجامەی کە بیرۆکەی نەتەوەو پەیدابوونی نەتەوە پەیوەندی بە پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتورەێك لە کەلتورەکانەوە نییەو پەیوەندی بە جۆری کەلتورەکەوە هەیەو هەر ئەمەشە بیرۆکەی نەتەوە لای فەیلەسوفانی ئەڵمان و لای لێکۆڵەرە نیۆمارکسییەکانی وەك گێلنەر دەکات بە دوو بیرۆکەی تەواو جیاواز.

ئێمە لە سەرەتای ئەم باسەدا دووجۆر لەکەلتورمان لەیەکتر جیا کردەوە کەلتوری ئاکاری کە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ لەکۆمەڵگادا رێکدەخات لەگەڵ کەلتوری پیشەیی(کار) کە پەیوەندی نێوان مرۆڤ وئامێر رێکدەخات چ لەو کۆمەڵگایانەدا کەمرۆڤ خۆی کراوە بەجۆرێك لەئامێری بەرهەمهێنان چ لەو کۆمەڵگایانەی کەمرۆڤ بووەتە ئامێریك لە ئامێرەکانی ناو ئەو دەزگا ئامێرییە گەورانەی کە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا هەن.

کەلتوری پیشەیی بەوەی کە کەلتورێکە پەیوەندی بە پێداویستییەکانی ژیانی مادی مرۆڤەوە هەیە لە کۆمەڵگاکاندا، بوونی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا پێویستەوە، لە هەر کۆمەڵگایەکیش بە شێوەیەکی تەقلیدی ئەم کەلتورە پیشەییە دەگوازرێتەوەو بەمەش ئەو جۆرە لە پیشەو ئامێری پیشەیی لەو کۆمەڵگایەدا درێژە بە ژیانیان دەدرێت و نەوە بە نەوە دەگوازرێنەوە.

گواستنەوەی ئامێرەکان لە باوانەکانیانەوە بۆ نەوەکانیان لە رێگەی یاسایەکی ئاکارییەوەیەو ئەم یاسا ئاکاریەش یاسایەکە لە یاساکانی کەلتورە ئاکارییەکەو لە رێگەی گواستنەوەی ئەو کەلتورە لە باوانەکانەوە بۆ نەوەکان، نەوەکان رازیکراون بەوەی کە بەپێی ئەو یاسایە ببنە خاوەنی ئەو ئامێرانەی کە لە باوانەکانیان بە جێ ماون. باوانەکانی ناو کۆمەڵگا تەنها ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگاکەیان ناگوازنەوە بۆ نەوەکانیان، ئەو کەلتورە پیشەییەش دەگوازنەوە بۆ نەوەکانیان کە ئەو ئامێرانەیا پێ بەکار دەهێنرێت.

لە کۆمەڵگا ناپیشەسازییەکاندا گواستنەوەی ئەو کەلتورە پیشەییە لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی ئامێرەکانەوە بووەو گواستنەوەی کەلتوری بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە پێویستی بە خوێندنی تیۆری نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان بە هۆی زانستە سروشتییەکانەوە پەرەدەسێنن و دەبن بە ئامێرێکی تەکنۆلوجی ئاڵۆزو کەلتورە پیشەییەکەی بەکارهێنانیشیان دەبێتە کەلتورێکی نوسراو، ئەمە وادەکات لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا قوتابخانە مۆدێرنەکان بکرێنەوە بۆ ئەوەی خەڵکی لەڕێگەی خوێندن و ڕاهێنانەوە فێری کەلتورە پیشەییەکە بن.

کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازی لەوەدا جیاوازنین کە لەیەکەمیاندا کەلتورێکی سەراپاگیرکراو نییەو لە دووەمیاندا هەیە، بەڵکو لەوەدا جیاوازن کە کەلتوری پیشەی لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا کەلتورێك نییە کەشیانی سەراپاگیربوونی تیابێت، بەڵام کەلتوری پیشەیی لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا کەلتورێکە شیانی ئەوەی تیایە سەراپاگیر بکرێت، ئەم جیاوازییەی نێوان کەلتوری پیشەیی ئەم دوو کۆمەڵگایەش پەرەسەندنی ئامێرەکان لە ئامێرێکی ناتەکنۆلۆجییەوە بەرەوە ئامێری تەکنۆلۆجی هێناویەتییە ئاراوە.

لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا ئامێرەکان بە تەکنۆلۆجیایەکی باڵا دروستنەکراون و کارگەی گەورەی بەرهەمهێنانی ئامێرەکان بوونی نەبووە، نەبوونی تەکنۆلۆجیایەکی لەو جۆرە کە لە پشت هەر ئامێرێك لە ئامێرەکانی کۆمەڵگا پیشەسازیەکانەوە هەیە، وای کردووە دروستکردنی قوتابخانە بۆ گواستنەوەی کەلتوری پیشەیی لەڕێگەی خوێندن و نوسینەوە پێویست نەبێت و تەنها لەڕێگەی ڕاهێنانێکی کارەکییەوە ئەو کەلتورە پیشەییە بگوازرێتەوە. ئەمەش جیاوازی دروستکردووە لەنێوان وەسیلەکانی پرۆسەی گواستنەوەی کەلتوری پیشەیی لەنێوان کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان و کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا.

بە مانایەکی تر ئەوەی وای کردووە قوتابخانە مۆدێرنەکان بێنە ئاراوە، لەڕاستیدا سەراپاگیرکردنی کەلتوری پیشەییی نییە، بەڵکو سروشتی ئەو جۆرە لە کەلتوری پیشەییەیە کە بەهۆی تەکنۆلۆجیاوە بەرهەم دێت. واتە قوتابخانە مۆدێرنەکان لەبنچینەدا بۆ ئەوە دانەمەزراون کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە بگەیێنن بە هەموو خەڵکی و بەمە بیکەنە کەلتورێکی سەراپاگیرکراو لە پێناو ئەوەدا سنوری سیاسی دەوڵەت وسنوری کەلتوری دەوڵەت بکەنەوە بەیەك و بەمە نەتەوە بێتە ئاراوە. ئەوەی وادەکات قوتابخانە مۆدێرنەکان بێنە ئاراوە سروشتە

تەکنیکییەکەی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانن. سروشتی تەکنیکی ئەم ئامێرانە دەخوازێت کەلتورێکی پیشەیی بە ستانداردکراو بۆ بەکارهێنان و دروستکردنەوەیان هەبێت. چونکە بەبێ بوونی کەلتورێکی پیشەیی لەو جۆرە ناکرێت ئەو کەلتورە لە نەوەیەکەوە بگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر.

لە کۆمەڵگای خەلافەتدا کە کۆمەڵگایەکە لە رووی پیشەییەوە کشتوکاڵییە، بەهەمان شێوەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان قوتابخانە هەیە، ئەم قوتابخانانەش لەپێناو گواستنەوەی کەلتوردا هاتونەتە ئاراوە، بەڵام ئەو کەلتورەی کە لە رێگەی قوتابخانەکانی ئەم کۆمەڵگایەوە بڵاودەکرێتەوە کەلتورێکی پیشەیی نییەو کەلتورێکی ئاکارییە، ئەمەش وایکردووە مەسەلەی سەراپاگیرکردنی کەلتور لەناو ئەم کۆمەڵگایانەدا بکرێتە ئامانج نەك لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا، چوونکە کەلتوری ئاکاری زیاتر شیانی سەراپاگیربوونی تیایە تا کەلتوری پیشەیی.

گێلنەر لە مەسەلەی سەراپاگیرکردنی کەلتوردا بەراورد لە نێوان کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان و کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا دەکات، لەمەوە نەفی ئەوە دەکات کە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا رۆشنبیران و فەرمانڕەوایان هەوڵی ئەوەیان دابێت کەلتورە باڵاکەی خۆیان بکەن بە کەلتورێکی سەراپاگیر. بە پێچەوانەوە ئەوان بەردەوام بۆ هێشتنەوەی چینەکەی خۆیان لە سەر کورسی فەرمانڕەوایەتی، هەوڵی ئەوەیانداوە جیاوازییە کەلتورییەکانی نێوان خۆیان و خەڵکەکەیان بپارێزن. ئەم بۆچوونەی گێلنەر رەنگە بۆ کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی خەلافەت راست بووبێت، بەڵام بۆ کەلتورە مەزهەبییە ئاکارییەکە هەڵەیەو بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەوەوە کەلتورە مەزهەبییە ئاکارییەکە بە هەمان شێوەی کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان، بۆ بڵاوکردنەوە کەلتورەکەی قوتابخانەی تایبەتی خۆی هەبووە، ئەم قوتابخانانەش لەهەموو ناوچەکاندا بوونیان هەبووەو لەرێگەیانەوە کەلتورەکە بڵاوکراوەتەوەو هەموو کەسێکیش بۆی هەبووە لەناو ئەو قوتابخانانەدا فێری ئەو کەلتورە ببێت.

لەمەدا ئەو دوو کەلتورە هیچ جیاوازییەکیان نییە. چۆن لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا فێرکردنی دەرەکی پەیڕەو دەکرێت و بۆ وەرگرتنی هەرکەسێك لەو قوتابخانانەدا ئەوە گرنگ نییە سەر بە چ گروپێکی کۆمەڵایەتییە، بەهەمان شێوە بۆ وەرگرتنی هەر کەسێکیش لە

قوتابخانە مەزهەبییەکانی کۆمەڵگای خەلافەتدا ئەوە گرنگ نەبووە سەر بە چ چین و گروپێکی کۆمەڵایەتییە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جیاوازی نێوان ئەم دوو کۆمەڵگایە لە بوون و نەبوونی کەلتورێکی سەراپاگیرکراو و پرۆسەیەکی بەردەوامی سەراپاگیرکردندا نییەو لە جۆری کەلتورەکەدایە.

لەکۆمەڵگای پیشەسازیدا کەلتوری سەراپاگیکراو کەلتورێکی پیشەییەو لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکەی خەلافەتەکاندا کەلتورێکی مەزهەبی و ئاکارییە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ناتوانرێت بنەمای سەرهەڵدانی نەتەوەکان بگەڕێنرێتەوە بۆ بوونی پرۆسەیەك بۆ سەراپاگیرکردنی کەلتورو نەهێشتنی جیاوازییە کەلتوری و زمانییەکان لەڕێگەی بە نموونەیی کردنی کەلتورو زمانێك لە کەلتورو زمانەکانی کۆمەڵگا.

گەر پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتورێك لە سنوری دەوڵەتدا بنەمای بوونی نەتەوە بێت، ئەوە نەتەوەکان بەر لە سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازی و مۆدێرنیزم پەیدا بوون، چونکە لە کۆمەڵگا مەزهەبییەکانی خەلافەتدا پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتوری مەزهەبی بوونی هەبووەو بەقەدەر پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتوری پیشەییی لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا سەرکەوتوو بووەو ل واقعدا جێبەجێکراوە. بەڵام گەر مەرجی ئەو کەلتورەی کەشیانی سەراپاگیرکردنە، ئەوەبێت کە کەلتورێکی پیشەسازی بێت، ئەوە بۆچوونەکەی گێلنەر دروست دەردەچێت و نەتەوەکان تەنها لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بوون پەیدا دەکەن.

بەڵام ئەو بنەماییەی ئەو بەو بنەمایەی دەزانێت کە نەتەوەخوازەکان کردوویانە بە بنەما بۆ دروستکردنی نەتەوەکان، ئەو مەرجە ناگرێتەخۆ کە دەبێت ئەو کەلتورە کەلتورێکی پیشەیی بێت. تاکە مەرجێك بۆ ئەو کەلتورە کە بنەماکە داوی دەکات، ئەوەیە شیانی سەراپاگیرکردنی تیابێت. جگە لەو کەلتورە پیشەییەی کە گێلنەر بە کەلتوری نەتەوەیی دەزانێت، کەلتورە مەزهەبییەکانیش شیانی ئەو سەراپاگیرکردنەیان تیایەو سەراپاگیریش کراون. بۆیە ناکرێت مەسەلەی سەراپاگیرکردنی کەلتورێك لە سنوری سیاسی دەوڵەتدا بکرێتە بنەما بۆ بوونی نەتەوەکان.

لەمەی سەرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتورێکی دیاریکراو تەنها لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە ئەنجام نەدراوە، بەڵکو لەناو کۆمەڵگا مەزهەبییەکانیشدا بەهەمان میکانیزمی کۆمەڵگای

پیشەسازی پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتور بەسەرکەوتوویی ئەنجامدراوەو هەر ئەمەش بووە وای کردووە کۆمەڵگاکان چ لە جیهانی مەسیحیدا چ لە جیهانی ئیسلامیدا لەسەر بنەمای مەزهەب دابەش بن و بکەونە ناو ململانێوە.

سەراپاگیرکردنی کەلتوری چینێك لە چینەکانی کۆمەڵگا یان کەلتوری ناوچەیەك لە ناوچەکانی ناو دەوڵەتێك بەسەر کۆی کۆمەڵگاو سنوری سیاسی دەوڵەتدا، شتێکەو بەناوچەیی بوونی کەلتورێکی مرۆیی شتێکی ترە، واتە پرۆسەی بەجیهانیکردنی کەلتورێکی ناوچەیی جیاوازە لە پرۆسەی بە ناوچەیی بوونی کەلتورێکی جیهانی. مەسیح و هاورێکانی لەگەڵ محەمەدو هاوڕێکانی زەمینە بوون بۆ بەناوچەییکردنی کەلتورێکی جیهانی کە سەرچاوەی لە روحی رەهای جیهانەوە دەگرت. بەڵام ئەو موشەریعانەی کە بەهۆی بەئایدیاڵکردنی ژیانی ئەوانەوە مەزهەبە ئاینییەکان دروست دەکەن، ئەم پرۆسەیە پێچەوانە دەکەنەوە، واتە ئەوەی لەناو ژیانی ئەواندا بووە بەکەلتورێکی ناوچەییی دەیگۆڕن بۆ کەلتورێك کە شیانی ئەوەی تیا بێت دەسەڵاتێکی سیاسی بە ناوی کەلتورێکی جیهانی و بیّ لایەنەوە هەوڵی سەراپاگیرکردنی بدات. بۆ تێگەیشتن لەو کەلتورە پیشەییەی کە گێلنەر بە سەرچاوەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوەی دەزانێت، گرنگە لەم دوو پرۆسە جیاواز تێبگەین و جۆری کەلتورەکەیان دیاری بکەین.

گێلنەر بوونی بیرۆکەی نەتەوە لەناو کەلتوری کۆمەڵگای پشەسازیدا ناگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کەلتورە لەبنچینەدا لەسەر بیرۆکەیی نەتەوە دامەزراوە، بەڵکو دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە کەلتوری چینی پیشەیی لەلایەن کۆمەڵە موشەرعێکەوە لەشێوەی کەلتورێکدا داڕێژراوە کە شیانی ئەوەی تیابێت لەلایەن دەسەڵاتەوە بەسەر هەموو چین و کەلتورە ناوچەییەکانی تری ناو سنوری سیاسی دەوڵەت بە ناوی کەلتوێکی ناناوچەیی و نەتەوەییەوە بسەپێنرێت. ئەمەش بۆخۆی پرۆسەی بە جیهانیکردنی کەلتوری چینێکە کە دواتر هەروەك کەلتورە مەزهەبییەکان کە پێشتر پەیڕەویان لەم پرۆسەیە کردووە، لەوەدا شکست دەهێنیّ کە بتوانێت لە کەلتوری چینێکی کۆمەڵایەتییەوە ببێت بە کەلتورێکی جیهانی.

کەواتە بۆ ئەوەی لە بۆچوونەکەی گێلنەر لەبارەی بوونی بیرۆکەی نەتەوە لەناو کەلتوردا تێبگەین، دەبێت لەو دوو پرۆسە کەلتورییە تێبگەین و ئەو جۆرە لە کەلتوریش دیارییبکەین کە لە هەریەکەیان دەکەوێتەوە.

پرۆسەی بەناوچەیی بوونی کەلتورێکی جیهانی زەروورەتێکی سرووشتییە، ئەوەی وادەکات ئەو کەلتورە کەلتورێکی جیهانی بێت و بۆ هەموومرۆڤەکان یەك بێت، ئەوەیە کە لە ناو ئەو کەلتورەدا عەقڵییە، بەڵام ئەوەی وادەکات ئەوکەلتورە لەکەلتورێکی جیهانییەوە ببێت بە کەلتورێکی ناوچەیی، ئەوسروشتە جیاوازەی مرۆڤەکان و کۆمەڵگا مرۆییەکانە کە بە چۆنایەتییە ناوچەیەکانی خۆی ئەوەی لەو کەلتورەدا جیهانی و عەقڵییە، ناوچەیی دەکاتەوە. ئاینە ئاسمانییەکان لەسەرەتادا کەلتورەکەیان سەرچاوە لە روحی رەهاوە دەگرێت و ئەوانەش کە ئەو کەلتورە بە چۆنایەتییە سروشتییەکانی خۆیان شێوەگیر دەکەن، ئەو کەلتورە لە کەلتورێکی رەهاوە دەکەن بە کەلتورێکی ناوچەیی. واتە پەیڕەوی لە پرۆسەی بەناوچەییکردنی کەلتورێکی جیهانی دەکەن و ئەوەی کە لەناو عەقڵدا بوونێکی رەهای هەیە لەرێگەی چۆنایەتییە سروشتییەکانی ناو سروشتی خۆیانەوە ناوچەییی دەکەنەوە.

ئەو یاسا کەلتوریانەی کە لەم جۆرە لە کەلتوردا هەن، کۆمەڵە یاسایەکی نوسراو وئامادەنین و وەك یاساکانی شەرعەت و کەلتور نیین کە شیانی ئەوەیان تیا بێت لە نەوەیەکەوە بگوازرێنەوە بۆ نەوەیەکی تر. ئەو یاسایانە لە ناوعەقڵی هەموو مرۆڤێکدا بوونیان هەیەو لەدەرەوەی خۆی وەرینەگرتوون، واتە سەرچاوەیەکی دەرکی بۆ وەرگرتنیان نییە. ئەو سەرچاوەیەی کە ئەم یاسایانە دەبەخشێت، ئەو عەقڵە مرۆییەیە کە لەناو هەمووماندا یەکەو هەڵگری هەموو ئەو یاسایانەیە کە پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤ و پەیوەندی مرۆڤ بە جیهانەوە ڕیکدەخەن.

کانت ئەم یاسایانە ناو دەبات بە یاسا پێش تاقیکارییەکان، واتە ئەویاسایانەی کە مرۆڤ لە رێگەی تاقیکردنەوەوە لە دەرەوەی خۆی وەری نەگرتوون و بەر لەوەی مرۆڤ بکەوێتە ناو مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوەی خۆی لەناویدا بوونیان هەبووە. ئەو کەلتورەی کە بوونێکی عەقڵی و ڕەهای هەیە کەلتورێکی ناوەکییە، واتە بوونی لەناو عەقڵی مرۆڤدا هەیەو بە پرۆسەیەکی دیارکراوەوە کە پرۆسەی شێوەگیرکردنی یاساکانی ئەوکەلتورەیە لەرێگەی ئەو چۆنایەتیانەوە کە سروشتی کەسێك یان گروپێك دەیانبەخشێت، بوونیان دەبێتە بوونێکی بەرجەستەکراو.

ئەو چۆنایەتیانەی کە سروشتی کەسێك یان گروپێك ئەویاسایانەی پێ شێوەگیر دەکات، کۆمەڵە چۆنایەتییەکی ناوچەیی و تایبەتن بەو کەسە یان بەو گروپە، ئەمەش وادەکات ئەو یاسایانەی کە بوونێکی عەقڵی و رەهایان هەیە لەرێگەی ئەو چۆنایەتیانەوە کە سروشتی مرۆڤ

دەیانبەخشێت و تایبەتن بە کەسێك یان گروپێك، ئەوەی کە جیهانیە ناوچەیی ببێتەوە. ئەم پرۆسەیەش پرۆسەی بە ناوچەیی بوونی ئەو کەلتورە جیهانییە کە بوونی لە ناو عەقڵی هەموو مرۆڤێکدا بە شێوەیەکی نادیارو پەتی هەیە.

پرسیارێك لێرەدا دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە: ئەو کەلتورە عەقڵییەی کە لە ناو هەموو مرۆڤەکاندا بوونی هەیەو کەلتورێکی جیهانیی و رەهایە، چۆن لە لایەن مرۆڤەوە پەی پێدەبرێت و لە شێوەی کەلتورێکی ناوچەییدا لە ژیانیدا شێوەگیر دەبێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت دوو جۆرلە عەقڵ لە ناو مرڤدا جیا بکەینەوە، عەقڵی یاسادۆز و عەقڵی یاسا بەکارهێن.

عەقڵی یاسادۆز عەقڵی بەشە مرۆییەکەی مرۆڤەو مرۆڤ بەمە جیادەکرێتەوە لە زیندەوەرەکانی تر. عەقڵی یاسادۆز ئەو عەقڵەیە کە لە رێگەی تێڕامانی مرۆڤەوە لە بوونی خۆی و بوونی جیهان لەخۆیدا دەتوانێت ئەو یاسایانە بدۆزێتەوە کە لە سروشتدا پەیڕەو دەکرێن لەگەڵ ئەو یاسایانەی کەمرۆڤ لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ دەرەوەی خۆی دەبێت پەیڕەویان بکات.

مرۆڤ بەهۆی تێڕامان لە بوونی خۆی لەرێگەی ئەم عەقڵە یاسادۆزەوە هوشیاری بە خۆی و ئەو یاسایانە پەیدا دەکات کە لەناو خۆیدا بوونیان هەیەو دواتریش ئەم یاسایانە لەرێگەی عەقڵی یاسابەکارهێنی ئەو مرۆڤەوە بەو چونایاتیانە شێوەگیر دەبن کە سروشتی ئەو مرۆڤە بە یاساکانیان دەبەخشێت، ئەم چۆنایەتیانەش ئەو یاسا جیهانیانە ناوچەیی دەکەنەوە. عەقڵی یاسابەکارهێن عەقڵێکە لەناو هەموو زیندەوەرەکان و ئامێرە تەکنیییەکاندا هەیەو دەکرێت بە عەقڵی ئامێریش ناوببرێت، ئەم عەقڵە توانای پەیبردنی بە یاساکان نییە و تەنها توانای جێبەجێکردنی یاساکانی هەیە. بۆ ئەم عەقڵە گرنگ نییە یاساکان لە چ سەرچاوەیەکەوە وەردەگرێت، ئەوەی گرنگە تەنها ئەوەیە کە یاساکان جێبەجێ بکات.

عەقڵی یاسا بەکارهێن لە مرۆڤدا دەتوانێت لە دوو سەرچاوەوە یاساکان وەرگرێت و جێبەجێیان بکات، سەرچاوەیەکیان ئەوروحە رەهایەیە کە بوونی تەنها لە ناومرۆڤدا هەیەو تەنها عەقڵی یاسادۆز دەتوانێت پەی بە بوونی یاساکانی بەرێت و بوونیان لە بوونێکی پەتی ونادیارەوە بەرەو بوونێکی زەینی بەرێت و وایان لێبکات کە شیاوبن بۆ ئەوەی عەقڵی یاسابەکارهێن جێبەجێیان بکات. سەرچاوەکەی تریان سەرچاوەیەکی دەرەکییە. سەرچاوەی

دەرەکیش ئەو کەلتورە کۆمەڵایەتیانەن کە لە کۆمەڵگاکاندا هەن و یاساکانیان بە شێوەیەکی سەلبی دەگوازرێنەوە بۆ هەر تاکێك کە لەناویاندا بوونێکی کۆمەڵایەتی پەیدا دەکات.

کاتێك مرۆڤ لەژیانیدا پەیڕەوی لەو یاسایانە دەکات کە عەقڵە یاسابەکارهێنەکەی لە سەرچاوەیەکی دەرکییەوە وەریگرتوون، پێویستی بەوە نابێت عەقڵە یاسادۆزەکەی ناوخۆی چالاك بکات. عەقڵی یاسادۆز کاتێك پێویست دەبێت کە عەقڵە یاسابەکارهێنەکەی ناو مرۆڤ ئەو یاسایانە جێبەجێ نەکات کە لە سەرچاوە دەرکییەکەوە سەرچاوەیان گرتووە. بۆیە تەنها ئەو مرۆڤانەی کە رازی نابن بە یاساکانی سەرچاوە دەرکییەکە دەتوانن پەی بە بوونی عەقڵە یاسادۆزەکەی ناوخۆیان بەرن و سەرچاوەیەکی ناوەکی بۆ یاساکان لە ناوخۆیاندا بدۆزنەوە.

ئەوکەسانەش کە ئەم ڕێگایە دەگرنە بەر ئەوانەن کە کەلتورە پەتی و رەهاکەی عەقڵ لەرێگەیانەوە بە پرۆسەی بەناوچەییبووندا دەڕوات و لەرێگەی چۆنایەتییە سروشتییەکانی ئەوانەوە دەبێت بە کەلتورێکی ناوچەیی. ئەم جۆرە لە کەلتور پەیڕەوی لەو پرۆسەیە دەکات کە کەلتورێکی عەقڵی سەراپاگیردەکات بەکەلتورێکی ناوچەیی. ئەم پرۆسەیەش تەواو پێچەوانەی ئەو پرۆسەی سەراپاگیرکردنەیە کە گێلنەر دەیکاتە بنەمایەك بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوە.

ئایا کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگا پشەسازییەکان بەگوێرەی ئەو کەسانەی کە لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا دەژین، سەرچاوەیەکی دەرکییە بۆ بەخشینی ئەو یاساو سیستەمەی کەپەیوەندی ئەوان لەگەڵ ئامێرە پیشەییەکاندا رێکدەخات یان سەرچاوەیەکی ناوەکییەو بوونی لە ناوعەقڵی هەرتاکێکدا هەیەو تاکەکەس پێویستی بەوەنییە لە دەرەوەی خۆی وەریگرێت؟ گێلنەر لە کارەکەی خۆیدا بە وردی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان کەلتورێکی دەرەکیەو بە شێوەیەکی سەلبی لە دەرەوەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاوە دەدرێت بە تاکەکان. دەرەوەی تاکەکانیش لای ئەو، ئەو کۆمەڵگا ناوچەییانەی ناو سنوری سیاسی دەوڵەت نیین کە هەریەکەیان خاوەنی کەلتوری ناوچەی خۆیەتی و بووەتە رێگر لەبەردەم سەراپاگیرکردنی ئەوکەلتورە پیشەییەدا کە دەسەڵات دەیەوێت سەراپاگیری بکات، بەڵکو ئەو فێرگانەن کە لەدەرەوەی هەموو کەلتورە ناوچەییەکانەوە، فەزایەکی کۆمەڵایەتی ناناوچەیی بۆ کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگای پیشەسازی سازدەکەن و بەرێگایەکی فەرمی و جیاواز لە رێگاکانی گواستنەوەی یاساکانی کەلتورە ناوچەییەکانەوە یاساکانی کەلتورە پیشەییەکە بەبێ جیاوازی دەگوازنەوە بۆناو

تاکەکانی هەموو ئەو کۆمەڵگا ناوچەییانەی کە لەسنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدان. لای ئەو جیاوازی نێوان کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازی لەوەدانییە کە یەکێکیان سەرچاوەی یاسا کەلتورییەکانی ناوەکی بێت و بوونی لەناو عەقڵی هەموو تاکەکاندا بێت و ئەوی تریان سەرچاوەی یاسا کەلتورییە دەرکییەکە بێت و ئەو کەلتورە بێت کە لە دەرەوەی تاکەکاندا بوونی هەیە. نەك هەر ئەمە بەڵکو جاوازییەکەش لەوەدا نابینیٚ کە لەیەکێکیاندا کەلتورێکی ئاکاری زاڵەو لەوی تریاندا کەلتورێکی پیشەیی.

ئەو لەبەرئەوەی تەنها لەڕوانگەی کەلتورە پیشەییەکەوە لە جیاوازی ئەم دوو کۆمەڵگایە دەدوێت، جیاوازی ئەم دوو کەلتورە کورت دەکاتەوە بۆ ئەوەی کە لە کۆمەڵگا کشتوکالییەکاندا، کۆمەڵگا ناوچەییەکانی ناو سنوری سیاسی دەوڵەت بەرپرسن لەگواستنەوەی یاساکانی کەلتور لە کەلتوری دەرەکی کۆمەڵگاوە بۆ ناو تاکەکانی خۆیان. ئەمەش ڕێگرە لەبەردەم ئەودا لە سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا فرەکەلتوری نەمێنیٚ و تەنها تاکە کەلتورێك بوونی هەبێت. جگە لەمەش گواستنەوەی یاسا کەلتورییەکان لەوکۆمەڵگا ناوچەییانەدا، تاکەکان لەناو فەزای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ناوچەییەکاندا بەبیٚ هیچ چاودێرییەك و بەشێوەیەکی سروشتی و کێوییانە یاساکانی ئەو کەلتورە ناوچەییەیان بۆ دەگوازرێتەوە و لێرەدا وەك ئەو ڕوەکە کێویانە وان کە بەبیٚ چاودێری کردنی مرۆڤ گەشە دەکەن و بەرێگایەکی سروشتی پارێزگاری لە جۆرەکەی خۆیان دەکەن.

کەلتوری کۆمەڵگا پیشەسازییەکان هەرچەندە وەك کەلتوری کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکان سەرچاوەیەکی دەرکییە بۆ بەخشینی یاساکانی بە عەقڵە یاسابەکارهێنەکەی ئەو کەسانەی کە لە سنوری ئەو کۆمەڵگایەدا دەژین، بەڵام ئەم کەلتورە لە فەزایەکی کەلتوریدا کە دەکەوێتە دەرەوەی فەزای کۆمەڵایەتی هەموو ئەو کۆمەڵگا ناوچەییانەی کە لە سنوری سیاسی دەوڵەتدا هەن، یاسا کەلتورییەکانی خۆی دەگوازێتەوە بۆناو تاکەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی، ئەمەش وادەکات کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی لە فەزای کەلتوریی کەلتورە ناوچەییە جیاوازەکانی خۆیان دەرچن و هەموویان لەناو یەك فەزای کەلتوریدا کۆببنەوە کە لەدەرەوەی فەزای کەلتوری کەلتورە ناوچەییەکانی خۆیانە.

ئەوان لەو فەزا کەلتورییەوە ئەو یاسا کەلتوریانە وەردەگرن کە عەقڵە یاسا بەکارهێنەکەیان لە ژیانی ئەواندا جێبەجێیان دەکات، بەمەش دەستبەرداری وەرگرتنی ئەو

یاسا کەلتوریانە دەبن کە کۆمەڵگا ناوچەییەکەی خۆیان پێیان دەبەخشێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەش ئەوان لەناو فەزایەکی کەلتوری بێخاوەن و بێچاودێردا نین و وەك تاکەکانی ناو کۆمەڵگا ناوچەییەکان کێوییانە بوونیان پەرەناسێنیٚ، ئەوان لەناو فەزایەکی کەلتوریی بێخاوەندا یاسا کەلتورییەکان وەرناگرن و لەناو فەزایەکی دەستکردو باخچەییدا یاساکان وەردەگرن کە دەوڵەت خاوەنییەتی و بەردەوامیش لە ژێرچاودێری ئەو پسپۆڕانەدایە کە ئەو فەزا کەلتورییەیان دروستکردووە.

لای گێلنەر باخچەییبوونی فەزای کەلتوری کۆمەڵگا پیشەسازییەکان و بوونی ئەم فەزایە لەدەرەوەی هەموو کۆمەڵگا ناوچەییەکانی ناو سنوری دەوڵەت و نەبوونی ئەم دووخاسیەتە لە فەزا کەلتورییەکانی تردا، وای کردووە بیرۆکەی نەتەوە تەنها لەناو فەزای کەلتوری کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا سەرهەڵبدات و لەفەزا کەلتورییەکانی تردا سەرهەڵنەدات.

بەڵام ئایا کەلتوی پیشەیی کۆمەڵگاکان تاکە کەلتورێکە کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا ناوچەییەکان لە دەرەوەی کۆمەڵگا ناوچەییەکانی خۆیان وەریدەگرن، یان کەلتوری مەزهەبی کۆمەڵگا ئاینییەکانیش بە هەمان شێوە کەلتورێکە لە دەرەوەی کەلتورە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا ناوچەییەکان وەردەگیرێت؟ بێگومان کەلتوری مەزهەبیش بەهەمان شێوەی کەلتوری پیشەیی کەلتورێکی سەرووناوچەییەو ئەندامانی کۆمەڵگا ناوچەییەکان لە دەرەوەی فەزای کەلتوری کەلتورە ناوچییەکەی خۆیان و لەناو فەزای کەلتوری فێرگە مەزهەبییەکاندا یاساکانی وەردەگرن.

ئایا فەزای کەلتورە پیشەییەکەی ناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکان تاکە فەزایەکی دروستکراو و باخچەیی و چاودێری کراوە، یان فەزای کەلتوری کەلتورە مەزهەبییەکانیش بە هەمان شێوەی فەزای کەلتوری کەلتورە پیشەسازییەکە فەزایەکی دەستکردو ناسروشتییەو پێویستی بەوەیە خاوەنی هەبێت و لەلایەن باخەوانەکانیشەوە چاودێرییەکی بەردەوام بکرێت؟ بێگومان کەلتورە مەزهەبییەکەش هەمان ئەو خاسیەتەی کەلتورە پیشەییەکەی هەیە.

گەر ئەو دوو خاسیەتەی سەرەوە کە گێلنەر بە خاسیەتی جیاکەرەوەی کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکانیان دەزانێت، توانای جیاکردنەوەی ئەو کەلتورە پیشەییەیان نەبێت لە کەلتورە مەزهەبییەکەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکانی سەردەمی خەلافەتەکان، کەواتە ئەوەی کەلتوری کۆمەڵگا پیشەسازییەکان لە کەلتوری کۆمەڵگاکانی تر جیادەکاتەو چییە؟

لەڕاستیدا ئەوەی کەلتوری کۆمەڵگای پیشەسازی لە کەلتوری کۆمەڵگای کشتوکاڵی جیادەکاتەوە، بوونە پیشەییەکەیەتی.

کەلتوری باخچەیی کۆمەڵگا کشتوکاڵییە مەزهەبییەکان کەلتورێکی ئاکاری سەراپاگیرکراوە، بەڵام کەلتوری باخچەیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان کەلتورێکی پیشەیی سەراپاگیرکراوە؟ بەگشتی کەلتوری پیشەییش جیاوازییەکی جەوهەری و جۆری لەگەڵ کەلتوری ئاکاریدا هەیەو ئەم جیاوازیەشمان لەسەرەوە روونکردەوە.

ئایا پیشەییبوونی کەلتوری باخچەیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان دەتوانێت لەهەمانکاتدا بەوەی کە کەلتورێکی پیشەییە، ئیدعای ئەوە بکات کە بیرۆکەی نەتەوە تەنها لەناو ئەودا بوونی هەیەو تەنها بە سەراپاگیربوونی ئەویش لە سنوری سیاسی دەوڵەتدا بوون پەیدا دەکات؟ گەر لەڕووی ئەنتۆلۆجییەوە لەکەلتوری پیشەیی بکۆڵینەوە دەگەینە دەرئەنجامێکی تەواو جیاواز لەو دەرئەنجامانەی کە گێلنەر لە بارەی بوونی بیرۆکە نەتەوە لەناو ئەم کەلتورەدا پێی گەیشتووە.

کەلتوری پیشەیی، باخچەیی بێت یان کێوی، کەلتوری وەگەڕخستن و بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەیە کە پێداویستییە مادییەکانی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگایەك بەرهەم دەهێننن. مرۆڤ کاتێك دەکەوێتە ناوپەیوەندی لەگەڵ ئامێرێکدا دەبێت بەپێی ئەو ئامانجە هەڵسکەوت بکات کە ئامێرەکەی بۆ دروستکراوە، واتە مرۆڤ دەبێت بە پێی ئەو یاسایانە بجووڵێتەوە کە بۆ کارکردنی ئامێرەکە دانراون، لێرەدا مرۆڤ دەبێتە توخمێك لە توخمە پێکهێنەرەکانی ئامێرەکە.

لە سەردەمی کۆیلایەتیدا مرۆڤی کۆیلە خۆی ئامێر بووەو بەپێی ئەو یاسا ئامێرییانە کاری کردووە کە لە جەستەی خۆیدا بوون، لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا ئامێر دوو توخمی پێکهێنەری هەبوون: مرۆڤ و ئەو هۆکارەی کە ئەو مرۆڤە بۆ کارکردن بەکاری دەهێنا، بەڵام لەسەردەمی پیشەسازیدا مرۆڤ دەبێتە توخمێك لە توخمە پێکهێنەرەکانی دروستەی کارکردنی ئامێر.

واتە سەرەتا مرۆڤ خوی ئامێربووەو نەدەکرا مرۆڤی کۆیلە لەئامێر جیابکرێتەوە، دوای ئەوەی مرۆڤ ئامێرە سەرەتاییەکان دروست دەکات، مرۆڤ وەك ئامێریك دابەش دەبێت بۆ دوو توخم: جەستەی ئامێرو یاساکانی بەکارهێنانی ئامێر. لەم قۆناغەشدا یاساکانی بەکارهێنانی ئامێر لەناو مرۆڤدا دەمێننەوەو تەنها جەستەی ئامێر دەکەوێتە دەرەوەی مرۆڤ. دوای ئەوەش

کە ئامێرە خۆجوڵێنەکان بەهۆی تەکنۆلۆجیاوە پەیدا دەبن، ئامێر بوونێکی سەربەخۆ لە مرۆڤ وەردەگرێت و بۆکارکردنی پشت بەو یاسایانە نابەستێ کە لەناو مرۆڤدا هەن. دوای ئەوەی یاساکانی کارکردنی ئامێرەکان بەهۆی زانستەوە لەناو جەستەی مرۆڤدا دەردەهێنرێن و بەهۆی تەکنۆلۆجیاوە دەخرێنە ناو ئامێرەکان، مرۆڤ دەبێتە بەشێك لە جەستەی ئامێر و دەکەوێتە ژێرحوکمی ئەو یاسایانەی کە لەناو ئامێرەکەدا بوونیان هەیە.

ئامێر شتێکەو پەیوەندی ئەنتۆلۆجی مرۆڤ لەگەڵ ئامێردا شتێکی ترە، مرۆڤ بەوە دەبێت بە ئامێر کە ببێت بە کۆیلەی مرۆڤێکی تر، کە بوو بەکۆیلەی مرۆڤێکی تر خۆی لە دۆخی ئەنتۆلۆجی ئامێردا دەبینێتەوە. سەردار لێرەدا بەوە سەردار نییە کە ئازادە، بەڵکو بەوە سەردارە کە بەهۆی بە کۆیلەکرنی مرۆڤێکی ترەوە خۆی لەوە دەربازکردووە ببێت بە کۆیلە، واتە سەردار لێرەدا کۆیلەیەکە کە خۆی لە کۆیلایەتیکردن دزیوەتەوەو مرۆڤێکی تری لە بری خۆی کردووە بە کۆیلە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کۆیلەیە بەوە بووە بەکۆیلە کە لەبری کەسێکی تر کۆیلایەتی دەکات، لە پەیوەندی خۆیدا لەگەڵ بوونە ئامێرییەکەیدا ئازادە، واتە لەگەڵ بوونە ئامێرییەکەی خۆیدا لە پەیوەندییەکی ئازادانەدایە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو، بوونە مرڤانەکەی لە هەرخۆیەتی و شوناسدایە لەگەڵ بوونە ئامێرییەکەیدا، واتە بوونە مرۆڤانەکەی هەمان بوونە ئامێرییەکەیەتی. ئەو کاتەی کە ئامێرەو کار دەکات وەك ئەوە هەیە کەهەیەو بەمەش لەبوونیدا لەناوکارکردندا وەك ئامێرێك ئازادەو کۆیلە نییە. کۆیلایەتی ئەو لەپەیوەندیدا لەگەڵ سەردارەکەی بوون پەیدا دەکات نەك لە پەیوەندیدا لەگەڵ بوونە ئامێرییەکەی خۆیدا. کەواتە مرۆڤ لەم سەردەمەدا لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئامێردا لەو پەڕی ئازادیدابووە، چوونکە ئامێر لەناو ئەم پەیوەندییەدا بوونێکی جیای نییە لە بوونی مرۆڤەکەو پەیوەندی مرۆڤ و ئامێر وەك پەیوەندی مرۆڤ وایە بە خۆیەوە.

دوای ئەوەی مرۆڤ بۆ ئاسانکردنی کارەکانی، ئامێرە سادەکان دادەهێنێ، جۆرێك لە جیاشوناسی و ناهەرخۆیەتی لە نێوان مرۆڤ و ئامێردا دێتە ئاراوە. پەیوەندی مرۆڤ و ئەم ئامێرانە، پەیوەندی بەردەستەبوونە. واتە ئامێر لێرەدا بەردەستی مرۆڤەو بەپێی ئەو یاسایانە دەجوڵێتەوە کە لەناو جەستەی ئامێریی مرۆڤدان و مرۆڤ لەکاتی کارکردندا پەیڕەییان دەکات. لەم پەیوەندییەدا ئامێر شوێنکەوتەی بوونە ئامێریەکەی مرۆڤە.

مرۆڤ لێرەدا هەرچەندە لەپەیوەندییە ئاکارییەکەیدا کە پەیوەندی مرۆڤە بە مرۆڤەوە، شوێنکەوتەی داخوازییەکانی مرۆڤێکی ترە، بەڵام لە پەیوەندییە کارییەکەیدا کە پەیوەندی مرۆڤە بە ئامێرەکانی کارکردنەوە، سەردارێکی راستەقینەی ئامێرەکانەو ئامێرەکان لە کاتی کارکردندا دەبێت بەپێ ئەو یاسایانە بجوڵێنەوە کە لەناو عەقڵە ئامێرییەکەی ئەودان. لێرەدا مرۆڤ لەپەیوەندیدا لەگەڵ ئامێرە سادەکاندا ئازادییە رەهاکەی بەشەکی دەبێتەوەو لەکارکردندا ناتوانێت بەتەواوی وەك ئەوە بێت کە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا وەك ئەوەش نییە کە ئامێرەکە دەیخوازێت، بەڵام ئامێرەکە دەبێت وەك ئەوەبێت کە ئەو لەکارکردندا دەیخوازێت.

لە قۆناغی پیشەسازیدا بەهۆی سەرهەڵدانی تەکنۆلۆجیاوە، ئەم پەیوەندییەی مرۆڤ و ئامێر دەگۆرێت و مرۆڤ بوونی خۆی لەم پەیوەندییەدا بزردەکات و لەگەڵ خۆیدا دەگاتە ئەوپەڕی ناهەرخۆیەتی. ئامێر لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا وەك ئامێرە سادەکانی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان نییە کە بوونی لە شێوەکەیدا بێت و یاساکانی بە کارهێنانی لەرێگەی شێوەی ئامێرەکەو بە سەیرکردنێك بزانرێن، واتە وەك ئەو ئامێرە شێوەییانە بێ ناوەرۆك نین و یاساکانی کارکردنەکەیان بەڕوویانەوە دیارنییە، ئەم ئامێرانە جەوهەریان هەیەو یاساکانیان لەناو جەهەرەکەیاندا پەنهانەو مرۆڤ لە رێگەی هەستەکانەوە ناتوانێت پەی بە بوونیان بەرێت و فێریان ببێت و وەك ئامێرە سادەکان لەگەڵیاندا بکەوێتە ناو پەیوەندی و لە دەرەوەش وەك بوونێکی سەربەخۆ بمێنێتەوەو بوونی خۆی لەدەست نەدات.

ئامێرەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی لە پرۆسەیەکی مێژووی دوورودرێژدا هاتونەتە بوون، فەلسەفەی ئەوروپی لەگەڵ سەرهەڵدانیدا دەبێتە سەرەتایەك بۆ دۆزینەوەی ئەو بنەمایانەی کە ئامێرە تەکنیکییەکانی لێدەکەوێتەوە. لە سەردەمی ئەم فەیلەسوفانەدا بۆ یەکەمجار عەقڵی یاسادۆز لەناو مرۆڤی ئەورووپاییدا چالاك دەبێت و دەست دەکات بە دۆزینەوەی ئەو یاسا سروشتی و ئاکاریانەی کە لەناو عەقڵی مرۆڤدا بوونێکی پێشینەیان هەیەو ئەمەش لە کارەکانی دیکارت و لایبێنتزدا بە روونی دەردەکەوێت. ئەو یاسایانەی کە دواتر ماهییەتی ئامێرە تەکنۆلۆجییەکانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان پێکدەهێنن، لەلایەن ئەم فەیلەسوفانەوە بوونیان لەناو عەقڵی مرۆڤدا پەی پێدەبرێت و دەدۆزرێنەوە.

دوای ئەوان زاناکان دێن و بوونی عەقڵی ئەم یاسایانە لە یاساکان دادەماڵن و دەیانکەن بە کۆمەڵە یاسای نوسراو. بەم کارەشیان عەقڵی یاسادۆزی فەیلەسوفەکان کە بنەمای

دۆزینەوەی ئەو یاسایانەیە، لە یاساکانی دوور دەخەنەوەو وا لەیاساکان دەکەن هەر کەسێك بیەوێت بیانزانێت بەبێ چالاکبوونی عەقڵە یاسادۆزەکەی بتوانێت بیانزانێت.

زاناکان یاساکانی دروستکردنی ئەم ئامێرانە لەو شوێنە نهێنییە -کە عەقڵی مرۆڤەو شوێنی راستەقینەی ئەو یاسایانەیە- دەردەهێنن و دەیانکەن بەکۆمەڵە یاسایەکی بەردەستە کە هەرکەسێك بیەوێت فێریان ببێت بە هۆی خوێندن و فێرکردنەوە فێریان ببێت. واتە ئەوەی کە تەنها فەیلەسوفەکان دەیانتوانی بەهۆی عەقڵە یاسادۆزەکەیانەوە بیزانن، وایان لێکرد هەرکەسێك بیەوێت فێریبێت بەبێ بیرکردنەوەو تێڕامان فێری ببێت، بەمەش ئەو نهێنییەی کە تەنها فەیلەسوفەکان دەیانزانی بوونی لە بوونێکی عەقڵییەو دەبێت بە بوونێکی بەردەستە.

ئەم کارەی زاناکان وادەکات بۆ زانینی ئەو ئەو نهێنییە کە دواتر ناو دەنرێت زانست، کەس پێویستی بەوە نەبێت عەقڵە یاسادۆزەکەی ناوخۆی وەك فەیلەسوفەکان بخاتە کارو ئەو ڕێگایە لەژیاندا بگرێتە بەر کەڕێگای فەیلەسوفەکانە. دوای ئەوەی زانست بوونی عەقڵی خۆی لەدەستداو، لەلایەن ئەوانەوە کە پێیاندەوترێت زانا بوونی لەبوونێکی عەقڵییەوە کرا بەبوونێکی بەردەستە، ئەو مرۆڤانەی کە سروشت مەهارەتێکی تەکنیکی پێ بەخشیبوون سودیان لەم کارەی زاناکان وەرگرتوو لەرێگەی عەقڵە ئامێرییە بەهێزەکەیانەوە توانیان لەدوای فێربوونی ئەو یاسادۆزراوانەی کە فەیلەسوفەکان لەناو عەقڵی مرۆیدا پەییان پێبردبوون و زاناکان کردبوویانن بە کۆمەڵەی یاسایەکی بەردەستە، ئەو یاسایانە لەناو مادەیەکی شیاودا بەرجەستە بکەن و بوونەوەرێکی نوێیان پێ بهێننە ئاراوە کە ئەو بوونەوەرە ئامێرییەیە، دواتر دەبێت بە بنەما بۆ بوونی کۆمەڵگای پیشەسازی.

ئەوانەی کە یاساکان لەو کەلتورە بەردەستەیە وەردەگرن و دەیگوازنەوە بۆ ناو ئامێرەکان، تەکنیکارەکانن.

گەر لەو پرۆسەی مێژووییەی دروستبوونی ئەم ئامێرانە وردبینەوە، دەگەین بەو دەر ئەنجامەی کە ئەم پرۆسەیە لە کۆمەڵگا مەزهەبییەکانیشدا هەمان پرۆسەی دروستکردنی ئەو مرۆڤە پیشەییەشە کە گێلنەر پێی وایە مەعدەنی دروستکردنی شەیتان چۆن مەعدەنێکی باشترە لە مەعدەنی دروستکردنی مرۆڤ بەهەمان شێوە مەعدەنی دروستکردنی ئەم مرۆڤە دەستکردەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکانیش باشترە لەمەعدەنی دروستکردنی مرۆڤە سروشتییەکەی کۆمەڵگا

کشتوکاڵییەکان[٩]. موشەریعەکانی زانستە ئەوروپییەکان یاساکانی بوون وکارکردنی ئامێرەکان لەناو عەقڵی مرۆییەوە دەگوازنەوە بۆناو کەلتورێکی دروستکراو کە ناونراوە زانست، گەر بمانەوێت لەمەوە پێناسەی زانست بکەین، دەتوانین بڵێین: زانست شەریعەتی دروستکردن و کارکردنی ئامێرەکانە. واتە ئەو کەلتورە یاساییەیە وەك بەرنامەی کارکردن دەخرێتە ناو ئامێرە تەکنیکییەکانەوە.

ئەم کەلتورە یاساییە هەڵگری ئەو یاسایانەیە کە لەلایەکەوە پەیوەندی نێوان کەسی بەکارهێن و ئامێرە بەکارهێنراوەکان رێکدەخات و لەلایەکی ترەوە پەیوەندییە ناوەکییەکانی نێوان ئامێرەکان خۆیان رێکدەخات. مرۆڤ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم جۆرە لە ئامێردا ناتوانێت بوونێکی سەربەخۆی لە ئامێرەکە هەبێت. مرۆڤ لەم پەیوەندییەدا تەنها شوێنکەوتەی کاری ئامێرەکە نییە، بەڵکو توخمێکە لە توخمەکانی ناو پێکهاتەی ئامێرەکە.

گەر مرۆڤ لە دۆخی کۆیلەدا لەپەیوەندیدا لەگەڵ ئامێرەکەدا لەو پەڕی ئازادیدا بێت بەوەی کە بوونە مرۆڤانەکەی لەگەڵ بوونە ئامێرییەکەی لە شوناسدان و یەکن، ئەوە مرۆڤ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ئامێرە تەکنیکییەدا تەواوی ئازادی خۆی ون دەکات، بەوەی کە ئامێرەکە دەکەوێتە ناو هەرخۆیەتی لەگەڵیداو بەمەش ئامێرەکە کاتێك لەپەیوەندیدایە لەگەڵ ئەم مرۆڤەدا، لەپەیوەندیدا نییە لەگەڵ غەیری خۆیدا، بەڵکو لەپەیوەندیدایە لە گەڵ عەینی خۆیدا.

گەر مرۆڤە کۆیلەکە لەکاتی کارکردندا خۆی بێت و جگە لەخۆی لەپەیوەندیدا نەبێت لەگەڵ هیچی تردا، ئەوە ئامێری تەکنیکی لە کاتی کارکردندا خۆیەتی و جگە لە خۆی لەپەیوەندیدا نییە لەگەڵ هیچ شتێکی تردا، تەنانەت ئەو مرۆڤەش کە بەکاری دەهێنێ. مرۆڤ لەناو ئەم ئامێرەدا بوونی لە بوونی ئامێرەکەدایە، چوونکە ئەوەی کار دەکات مرۆڤەکە نییەو ئامێرەکەیە. بەڵام کاتێك کۆیلەکە لەکاتی کاردا ئامێرێکەو کار دەکات ئەوە ئامێرەکە نییە کاردەکات بەڵکو ئەوە مرۆڤەکەیە کاردەکات.

لە حاڵەتی کۆیلەکەدا جەستەی ئامێریی کۆیلەکە بەهەمان ئەو بەرنامەیە کاردەکات کە لەناو مرۆڤەکەدا هەیەو بەرنامەی کارکردنی ئەویشە. لە حاڵەتی جوتیارەکەدا ئامێرەکە دەکەوێتە دەروەی مرۆڤەکە، بەڵام بەرنامەی سەربەخۆی خۆی بۆ کارکردن نییەو بەهەمان

(٩) بڕوانە : هـ. س : ٤٥.

بەرنامەی کارکردن کار دەکات کە لەناو جەستەی مرۆڤەکەدایە. لە حاڵەتی مرۆڤە تەکنیکییەکەدا بەرنامەی کارکردن لەناو مرۆڤەکەدا نییەو لەناو ئامێرەکەدایەو مرۆڤەکە بەپێ ئەو بەرنامەیە کار دەکات کە لە جەستەی ئامێرەکەدایە، بەمەش مرۆڤەکە دەبێتە بەشێکی تەواوکەری جەستەی ئامێرەکە، ئامێرەکەش لەگەڵ جەستەکەیدا لەشوناسدایەو جەستەکەی هەرخۆیەتی.

لەمەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە مرۆڤی کۆمەڵگای پیشەسازی هیچ نییە جگە لە بەشێك لە جەستەی ئەو ئامێرەی کە کاری پێدەکات، واتە بەشێکە لەوەی کە لەگەڵ ئامێرەکەدا یەکن و لە شوناسدان. ئەم حاڵەتی هاوشوناسییە لەو دۆخە سایکۆلۆجییەدا زۆر بەروونی دەردەکەوێت کە کەسێك لە کاتی لێخورینی ئۆتۆمبێلە ئاخرمۆدێلەکەیدا خۆیشی وەك مرۆڤێکی ئاخر مۆدێل دەبینێتەوەو شوناسی خۆی لەگەڵ شوناسی ئۆتۆمبێلەکەیدا پێ جیاناکرێتەوەو خۆی لێدەبێت بە ئۆتۆمبێلەکەی.

ئایا ئەو کەلتورە باخچەییەی کە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگایەی پێ بەرنامەڕێژ دەکرێت چ پەیوەندییەکی هەیە لەگەڵ ئەو کەلتورەی کە ئامێرەکانی پێ بەرنامەڕێژ دەکرێت؟ ئایا ئەم دوو کەلتورە یەکن یان دوو کەلتوری جیاوازن؟ ئەوەی کە بوونی مرۆڤ تەماهی پێدەکات لەگەڵ بوونی ئامێرەکانداو دەیانکاتەوە بەیەك، ئەو بەرنامەیەیە کە لە نێوان بەکارهێنی ئامێرەکان وئامێرەکاندا هاوبەشە، ئەو بەرنامەیەش هەردووکیان بەروە یەك ئامانج ئاراستە دەکات، ئەو ئامانجەش بەرهەمهێنانی ئەو پێداویستییەیە کە ئەو ئامێرە بەرهەمی دەهێنێ. واتە مرۆڤ لێرەدا تەنها لە پێناو ئەوەدا هەیە کە ئامێرەکەی بۆ دروستکراوە، نەك لە پێناو ئەودا کە خۆی لەپێناویدا هەیە.

ئەو کەلتورە پیشەییەی کە یاساکانی لە یەك کاتدا دەگوازرێنەوە بۆ مرۆڤێکی پیشەیی و ئامێرێکی پیشەیی، کەلتورێکی دەرەکییەو نەبوونی لەناو ئەو مادەیەدا هەیە کە ئامێرەکەی لێ دروستدەکرێت، نە بوونی لەناو ئەو مرۆڤەدا هەیە کە لە کاتی کارکردنی ئامێرەکەدا وەك بەشێك لەجەستە بەرنامەڕێژکراوەکەی ئامێرەکە دەمێنێتەوە.

ئەم کەلتورە کەلتوری دروستکراوەی دەستی زاناکانەو تەکنیککارەکان یاساکانی دەگوازنەوە بۆ ناو ئامێرەکان و مامۆستیانی فێرگە مۆدێرنەکانیش یاساکانی دەگوازنەوە بۆ ناو ئەو کەسانەی کە دەیاننەوێت لەگەڵ ئامێرەکاندا بکەونە ناو پەیوەندییەکی ئامێرییەوە.

کەلتوری پیشەیی لەبەر ئەوەی لەبنچینەدا کەلتوری ئامێرەکانەو هەڵگری ئەو یاسایانەیە کە پەیوەندییە ئامێرییەکانی ئامێر بە خۆی و بە دەرەوەی خۆی ڕێکدەخات، هیچ پەیوەندییەکی بە مرۆڤیەتی مرۆڤ و ئەو کەلتورەوە نییە کە پەیوەندییە مرۆییەکانی مرۆڤ بە مرۆڤ و مرۆڤ بە دەرەوەی خۆی ڕێك دەخات.

کەلتوری مرۆیی کەلتورێکە کە یاساکانی مرۆڤ بەرەو ئامانجە مرۆڤانەکەی ئاراستە دەکەن، واتە ئەم کەلتورە لەبنچینەدا کەلتوری مرۆڤەکانەو پەیوەندی مرۆڤ و هەموو ئەوە ڕێکدەخات کە مرۆڤانەیە. لێرەدا دەکرێت پرسیارەکەمان لە بارەی بوونی بیرۆکەی نەتەوەوە بەم شێوەیە ڕێکبخەینەوە: ئایا بیرۆکەی نەتەوە بوونی لەناو کەلتورێکی مرۆیدایە یان کەلتورێکی ئامێری؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لێمات دەخوازێت لە شوێنێکی ترەوە درێژە بە بەدواداچوونەکەی پێشوومان لە بارەی کەلتوری پیشەییەوە بدەین. کەلتوری پیشەیی ناکرێت هەڵگری بیرۆکەی نەتەوە بێت، نەك لەوێوە کە کەلتورێکی ئامێرییەو کەلتورێکی مرۆیی نییە، بەڵکو لەوێوە کە کەلتورێکە توانای ئەوەی تیایە جیاوازییەکانی نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگا جیاوازەکان نەهێڵێت و هەموویان بکاتەوە بەیەك. ئەم توانایەشی لەوێوە هێناوە کە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکات وەك بەشێکی جیانەکراوە لەو ئامێرانەی کە دروستیان دەکات.

ئەوەی کە دروستکراوە وەك ئەوە نییە کەسروشتییە، ئامێرێکی دروستکراو کە بەدروستکردن هەیە، وەك مرۆڤ نییە کە بەسروشت هەیە، ئەوەی کە بەسروشت هەیە بوونێکی تاکانەی هەیەو جیاوازە لە هەموو ئەو بوونەوەرە هاوجۆرانەی خۆی کە بوون و دەبن، بەڵام ئەوەی کە دروستکراوەو بەدروستکردن هەیە تاکانە نییەو دروستکەرەکەی بەپێی سیستەمێکی ئامێریی دروستی کردووە کە توانای ئەوەی هەیە ئەوەی دروستیکردووە وەك خۆی دروستی بکاتەوە.

کەواتە ئەو کەلتورە دەتوانێت بە قەدەر بەکارهێنەرانی ئامێرێك هەمان ئامێر وەك خۆی دروست بکاتەوە. بەڵام ئەو سیستەمە سروشتییەی کە بوونەوەرە زیندووەکانی لێ دەکەونەوە ئەو بوونەوەرەی کە لە جۆرەکەی خۆی دەیخاتەوە، دووپات بووەوەی هیچ بوونەوەرێك لەو بوونەوەرانە نییە کە لە جۆرەکەی ئەون. هیچ مرۆڤێك لە مرۆڤێکی تر ناچێت و ئاکاری ئازادانەی هیچ مرۆڤێك لە ئاکاری ئازادانەی مرۆڤێکی تر ناچێت، بەڵام هیچ ئامێرێك لەو

ئامێرانەی کە لە هەمان کارگە دەردەچن لەیەکتر جیاواز نین و بوونێکی تاکانەیان نییە. دەکرێت کەلتوری ئامێرەکان، مرۆڤەکان لەناو کارکردنی ئامێرەکاندا وەك ئامێرەکان بکەنەوە بەیەك، ئەمەش بەوە دەکرێت کە ئامێرەکان هەموویان ئامێری هەمان کارگە بن و بە هەمان چۆنایەتی کار بکەن.

کەلتورە ئامێرییەکە لەخۆیدا هەڵگری ئەم بەیەککردنەی مرۆڤەکانەو کاتێك ئەم کەلتوورە دەگاتە ئەو قۆناغەی پەرەسەندنی خۆی کە ئامێرە دروستکراوەکانی لە رووی پراگماتیکی و ئیستاتیکییەوە بگەیێنێتە لوتکە، ئەو کاتە ئامێرەکان لە سەرانسەری جیهاندا هەموویان دەبنەوە بەیەك و یەك کەلتوریش بۆ بەکارهێنانیان دەبێت، واتە گەیشتنی ئامێرەکان بە کەماڵی مومکینی خۆیان دەبێتە هۆی ئەوەی کەلتوری پیشەیی ببێتە خاوەنی یاساکانی دوستکردنی ئامێرە نموونەییەکان و بەمەش ئامێرەکان و کەلتورەکەشیان لە پەرەسەندن راوەستن و لەوە زیاتر پەرەنەسێنن و ئەو جیاوازانەی کە شیانی بوونن لەو جۆرە لە جیاوازی نەبن کە بتوانن کاریگەری لەسەر ئەو چوونیەکییەی ئامێرەکان و یاساکانی ئەو کەلتورە دابنێن. گەر ئەمەش روو بدات ئەوە مرۆڤایەتیش هەمووی وەك ئامێرەکان لە ژیانی پیشەیی خۆیدا پەیڕەوی لە یاساکانی هەمان کەلتور دەکات و بەمەش کەلتورێکی پیشەیی سەراپاگیر دروست دەبێت.

ئامانجی کەلتوری پیشەیی پاراستنی ئەو جیاوازیانە نییە کە لە کەلتوی پیشەیی کۆمەڵگا پیشەسازییە جیاوازەکانی جیهاندا هەیە، بەڵکو ئامانجی نەهێشتنیانە، چوونکە بوونی ئەم جیاوازیانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەو کەلتورە پیشەییە نەگەیشتوەتە کەماڵی مومکینی خۆی و ئەو ئامێرانەش کە بە یاسا ئامێرییەکانی ئەو کەلتورە هاتونەتە ئاراوەو کاردەکەن، ئەو ئامێرە نموونەییانە نین کە ئەو کەلتورە خوازیارە بیانهێنێتە ئاراوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کەلتوری پیشەی کۆمەڵگا پشەسازییەکان ئامانجی نەهێشتنی جیاوازییەکانەو کەماڵی خۆی لەوەدا نابینێتەوە بە کەمترین یاسا زۆرترین جیاوازی لە خۆی کۆبکاتەوە، بەڵکو دەیەوێت بە کەمترین یاسا بگاتە زۆرترین چوونیەکیی کەلتوری و بەکەمترین یاسا بگاتە دروستکردنی باشترین ئامێر بۆ بە بەکارهینان. ئەو کەلتورەی کە موشەریعەکان دایدەنێن، لەبەرئەوەی کەلتورێکی دروستکراوە، ئامانجی ئەوەیە بگاتە ئەو یاسایانەی دروستکردن و کارکردن کە زۆرترین رێژەی ستانداردبوون لە دروستکردن و کارکردندا

دێننەئاراوە. ئەوبنەمایەش ئەو کەلتورەی لەسەر دانراوە ئەویە کە بەکەمترین وزەی تێچوو زۆرترین بەرهەم بخاتەوە.

ئەم بنەمایەش بنەمایەکی پراگماتیکییەو داوای زۆرترین سود دەکات بە کەمترین ماندووبوون. نەهێشتنی جیاوازییەکان لەرێگەی بەستانداردکردنەوە بەرهەمی ئەو سیستەمە ئامێرییەیە کە لەناو ئەو کەلتورەدا هەیە موشەریعەکانی زانست و موشریعەکانی مەزهەبەکان دایانناوە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە: گەر کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان بەهۆی ئەوەوە کە کەلتوری ئامێرەکانە، ئامانجی ئەوەبێت لەرێگەی بەستانداردکردنی کاری مرۆڤ و کاری ئامێرەکانەوە کار بۆ نەهێشتنی جیاوازییەکان بکات، چی وادەکات لە موشەریعەکانی کەلتورە مەزهەبییەکان کە کەلتورەکەیان کەلتورێکی ئاکاری ومرۆییە بەهەمان شێوەی موشەریعەکانی کەلتورە پیشەییەکە، کار بۆ بەستانداردکردنی یاساکانی ئەو کەلتورە ئاکاریە بکەن و هەوڵبدەن جیاوازیی ئاکاری لە نێوان مرۆڤەکاندا نەهێڵێن و ئاکاری هەموو مرۆڤەکان بکەنەوە بەیەك؟

ئەوەی وایکردووە کەلتوری مەزهەبی خەلافەتەکان پەیڕەوی لە و یاسایە بکات کە داوای زۆرترین ستانداردکردن و کەمترین جیاوازی دەکات، ئەوەیە کە وەك کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان کەلتورێکی عەقڵی نییەو کەلتورێکی دروستکراو و تەقلیدییە. هەموو ئەو کەلتورانەش کە کەلتوری بەردەستەو دروستکراو و دەرەکین، پەیڕەوی لەهەمان یاسا دەکەن و هەمان ئامانجیان هەیە.

کەلتوری ئاکاری مەزهەبەکان کەلتورێکە لەلایەن موشەریعەکانەوە دانراوەو مەرجەعەکەی عەقڵی مرۆیی نییەو ئەو واقعە ئاکارییەیە کە شەریعەتەکەی لە ناوعەقڵی مرۆیدایەو بەرجەستەکەری ئەو یاسایانەیە کە بەشێوەیەکی سروشتی لەناو عەقڵدا بوونیان هەبووەو لە ژیانی کەسانی ناو ئەو واقعە ئاکارییەی کۆمەڵگای پێغەمبەرەکان و هاوڕێکانیان شێوەگیربووە. بەهەمان شێوە ئەو کەلتورە پیشەییەش کە زاناکان دایانناوە مەرجەعەکەی ئەو مەعریفە نوسراوەیە کە فەیلەسوفەکان بەهۆی بەرجەستەکردنی ئەو یاسایانەوە لەزماندا بەرجەستەیان کردوون کە لەناو عەقڵدا بە شێوەیەکی سروشتی بوونیان هەیە. ئەو کەلتورە شەرعییانەی کە زاناکان دایان هێناون، مەرجەعەکەیان مەرجەعێکی دەرەکییەو وەك ئەو

کەلتورە نییە کە لەناو عەقڵدا بوونی هەیەو دروستکراو و دەرەکی نییە. هەر ئەمەشە وادەکات ئەو کەلتورە دروستکراوانە ئاکاری بن یان پیشەیی لە سەر ئەو بنەمایە دابمەزێنن کە بەزۆرترین ستانداردکردن کۆتای بە زۆرترین جیاوازی بهێنن.

ئایا کەلتورێك لەسەر بنەمایەکی ئاوا دامەزرابێت، بیرۆکەی نەتەوە لەناویدا بوون پەیدا دەکات؟ ئایا بەو جۆرە لە کەلتور نەتەوە دروستدەکرێت؟ ئایا بیرۆکەی نەتەوە سەر بەکەلتورێکە کە ئامانجی ئەوەیە بە کەمترین ستانداربوون زۆرترین جیاوازی بپارێزیت، یان سەر بەکەلتورێکە ئامانجی ئەوەیە بە زۆرترین ستانداركردن کەمترین جیاوازی بهێڵێتەوە؟

گێلنەر بنەمای بوونی نەتەوە لەو کەلتورەدا دەبینێتەوە کە ئامانجی ئەوەیە لە سنوری دەوڵەتدا بەزۆرترین رێژەی بەستانداركردن کەمترین جیاوازی بهێڵێتەوە، کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگای پیشەسازیش بە تاکە کەلتورێك دەزانێت کە دەتوانێت ئەو بنەمایە جێبەجێ بکات.

ئەو بەهۆی ئەم بنەمایەوە لەڕووی تیۆرییەوە توشی کێشەیەکی گەورە دێت، ئەویش ئەوەیە کە نەتەوەکان دەبێت بەرهەمی ئەو کەلتورە بن کە ئامانجی پاراستنی جیاوازییەکانە نەك نەهێشتنی جیاوازییەکان.

گەر کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگای پیشەسازی لەسەر بنەمای نەهێشتنی جیاوازییەکان و چوونیەکی دامەزرابێت، چۆن دەتوانرێت نەتەوەکانی پێ دروست بکرێت، لەکاتێکدا نەتەوەکان لەسەر بنەمای پاراستنی جیاوازییەکان بوونیان دەبێت نەك نەهێشتنیان.؟

کاتێك کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان ئاستە ناوچەییەکەی خۆی تێدەپەڕێنێ و بەرەو ئاستێکی جیهانی دەڕوات، لەو ئاستەشدا دەبێت لەرێگەی پرۆسەی بەستانداردکردنەوە کۆتایی بەو جیاوازیانە بێنێ کە بوونی نەتەوەکانی جیهانیان لەسەر دامەزراوە. ئەم کەلتورە لەئاستە جیهانییەکەدا ناتوانێت دەستبەرداری بنەماو ئامانجەکەی خۆی ببێت وبەپێچەوانەیانەوە کاربکات، واتە ئەم کەلتورە ناتوانێت لە ئاستە جیهانییەکەدا پرۆسەی بەستانداركردن و نەهێشتنی جیاوازییەکان راگرێت و لە کەلتورێکی جیاوازیکوژەوە ببێت بەکەلتورێکی جیاوازی پارێز.

گێلنەر پێی وایە گەر کۆمەڵگا پیشەسازییە جیاوازەکانی جیهانیش بەرەو پەرەسەندنی تەواوی خۆیان برۆن، جیاوازییەکانی نێوانیان کۆتاییان پێ نایێت، بەڵام ئەو هێزەیان نامێنێ کە ببنە بەربەست لە بەردەم ئەوەدا پرۆسەی بەستانداركردنی کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگا

پیشەسازییەکان لە ئاستە جیهانییەکەدا راگرن، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوەکان کۆتاییان پێنایێت بەڵام لە لێواری مردندا دەمێننەوەو بوونیشیان گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت [١٠]. لەڕاستیدا گەر کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان تاکە کەلتورێك بێت کە شیانی ئەوەی تیابێت -وەك گێلنەر دەڵێت- ببێت بەخوێنی ژیان، ئەوە بەهۆی بوونە دروستکراوەکەی و پیشەییبوونەکەیەوە دەتوانێت ببێت بە تاکە کەلتوری جیهان و ئەو جیاوازیانەش کە گێلنەر پێی وایە لە لێواری مەرگدا نەتەوەکان دەهێڵنەوە، نایانهێڵێت و لە کۆمەڵە کەلتورێکی جیاوازی ناو دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە بە ئاسانی دەتوانێت هەنگاو بنێت بۆ نەهێشتنی جیاوازییەکان و ببێت بە کەلتورێکی جیهانی تاقانە. بەڵام ئایا ئەوەی رێگرە لە بەردەم ئەوەدا ئەو کەلتورە بتوانێت ئەو جیاوازییە کەلتورییانە لە نێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا تێپەڕێنێ و ببێت بەو کەلتورە تاقانەیە چییە؟

ئەو کەلتورە پیشەییە لەبنچینەدا لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە لەرێگەی بەستانداردکردنی یاساکانی دروستکردن و بەکارهێنانی ئامێرەکان کۆتایی بەفرەکەلتوری و ئەو جیاوازیانە بێنێ کە لە کەلتورەکانی تردا هەیە.

ئەم پرۆسەی بەستانداردکردنە بەشێوەیەکی رێژەیی لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکاندا لەرێگەی ئەو هێزەوە کە دەسەڵاتی سیاسی ئەو دەوڵەتانە هەیانە، وایکردووە ئەوکەلتورە بسەپێنرێت و هەوڵی لە ناوبردنی ئەو کەلتورە ناوچەییانەش بدرێت کە لەسنوری سیاسی ئەم دەوڵەتەدا هەن.

لەڕاستیدا پرۆسەی بەستانداردکردنەی کەلتورە پیشەییەکە لەناو ئەو دەوڵەتانەدا بە ئاسانی و بەبێ بوونی هێزو سەپاندن بەرێوە نەچووە. سەپاندنی کەلتور کێشەی گەورەی بۆ زۆریك لەو هێزە سیاسیانە دروستکردووە کە دەوڵەتە نەتەوەییەکانیان بەم سەپاندنە کەلتورییە دروستکردووە، ئەو هیزە سیاسیانە لە پرۆسەی سەپاندنی کەلتورەکەیاندا تووشی بەرگرییەکی گەورە هاتوون و دواجار هەر لەرێگەی هێزوو توندوو تیژییەوە ئەو بەرگرییە نەهێڵراوە، یان بەشێوەیەك لەشێوەکان سەرکوتکراوەو چەپێنراوە. کورد بەهێزترینی ئەو میللەتانەیە کە بەرگری لەم پرۆسەیە کردووەو لەگەڵ ئەو هەموو سەرکوتکردنەش لەناو بەرگریکردندا

(١٠) بڕوانە : ه.س: ٢٢١.

ماوەتەوەو تائێستاش لە ژێر هەرەشەی چوار دەوڵەتی نەتەوەیی جیاوازدا دەستبەرداری بوونی خۆی نابێت و بەرگری لە بوون و جیاوازییەکانی خۆی دەکات.

ئایا کەلتورێك لە ناوسنوری دەوڵەتێکدا کۆتایی بە جیاوازییە کەلتورییەکان بێنێت و خۆی بەسەر هەموو ئەو کۆمەڵگا ناوچەییە جیاوازانە بسەپێنێ کە خاوەنی کەلتوری جیاوازی خۆیانن، چۆن لەدوای سەرکەوتنی بەسەر کەلتورە جیاوازەکانی ناو سنوری دەوڵەتەکەدا دەستبەرداری ئەوە دەبێت کە خۆی بەسەر کەلتورە جیاوازەکانی دەرەوەی سنوری سیاسی دەوڵەتەکەدا نەسەپێنێ و بەرەوە ئەوە نەڕوات ببێت بەکەلتورێکی جیهانی سەراپاگیر؟

لای گێلنەر کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان لە پرۆسەی چونیەککردنی کەلتوری ناوەستن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە داهاتوودا کەلتورێکی تاقانەی جیهانی نایێتە ئاراوەو کەلتورە پیشەییە جیاوازەکان وەك خۆیان دەمێننەوە. لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە چی وادەکات ئەو کەلتورە پیشەییە وەك کۆمەڵە کەلتورێکی پیشەییی جیاواز بمێنێتەوەو نەبێت بە کەلتورێکی تاقانە؟ لەڕاستیدا گێلنەرو لێکۆڵەرانی تری تیۆرە دروستەییەکەی نەتەوەخوازی وەڵامێکی ئەوتۆیان بۆ ئەم پرسیارە نییەو خۆشیان لەو کێشەیەش بەدوردەگرن کە ئەم پرسیارە دروستی دەکات .

ئەوەی لای ئەم لێکۆڵەرانە بەردەوام بەکەم دەزانرێت و فەرامۆش دەکرێ و وادەبینرێ کە بوونێکی عەرەزی و رووکەشانەی هەیە، ئەو جیاوازییانەن کەلەنێوان مرۆڤەکان و گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا هەن. ئەوان پێیان وایە ئەوەی ئەو جیاوازیانەی لە نێوان مرۆڤەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستکردووە ئەو کەلتورەیە کە ئەوان لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان وەریدەگرن ، گەر ئەو کەلتورە بکرێتەوە بە یەك کەلتورو هەموو مرۆڤەکان هەمان کەلتور لە هەمان فەزای کەلتوری وەرگرن، کۆتایی بەو جیاوازییە کەلتوریانە دێت کە لەنێوان کۆمەڵگاکان و تەنانەت زمانە جیاوازەکانیاندا هەیە.

ئەم لێکۆڵەرانە هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەو هەموو کەلتورو زمانە جیاوازانە چۆن لەناو مرۆڤەکاندا هاتوونەتە ئاراوە. واتە بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەم زمان و کەلتورە جیاوازانە بنەمای جیاوازبوونەکەیان لە ناو خۆیاندا نییەو لەناو مرۆڤەکاندایەو ئەوە کەلتورە جیاوازەکان نین کە کۆمەڵگا جیاوازەکانیان پێکهێناوە، ئەوە کۆمەڵگا جیاوازەکانن لەڕێگە تاکە جیاوازەکانی خۆیانەوە کەلتورو زمانە جیاوازەکانی خۆیان داهێناوە. واتە جیاوازی کەلتورەکان

و زمانەكان بنەماكەی لەناو كۆمەڵگا جیاوازەكاندایەو هەر بوونی ئەو بنەمایەشە لە ناو سروشتیی كۆیی كۆمەڵگاكاندا دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ئەو پرۆسەی چوونیەككردنە كەلتورییەی كە مەزهەبە ئاینییەكان بەناوی ئایینەوەو مۆدێرنیزمیش بەناوی نەتەوەوە ئەنجامی دەدات.

ئەو جیاوازیانەی لە نێوان مرۆڤەكان و لە نێوان گروپە كۆمەلاَیەتییەكاندا هەن بنەماكەی لەدەرەوەی ئەواندا نییە، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ نەهێشتنی ئەم جیاوازیانەو چوونیەككردنیان لەڕێگەی دەرەوە، هەوڵێكی نەزۆكەو ناتوانێت سەركەوتووبێت. لە یەك حاڵەتدا دەتوانرێت جیاوازی مرۆڤەكان و كۆمەڵگا جیاوازەكانیا كۆتایی پێ بهێنرێت، ئەویش ئەوەیە پرۆسە سروشتییەكەی پەیدابوونی مرۆڤەكان بگۆردرێت بە پرۆسەیەك كە مرۆڤ خۆی چاودێری و سەر پەرشتی بكات . گەر مرۆڤ بتوانێت وەك چۆن ئامێرەكان لەكارخانەكاندا دروست دەكات، مرۆڤیش لەكارخانەكاندا دروست بكات، ئەو كاتە دەتوانێت كۆتایی بە مرۆڤی سروشتی بهێنێ و لە ڕێگەی مرڤە دروستكراوەكانیشییەوە ئەو كەلتورو زمانە بكاتە كەلتورو زمانێكی ستاندارد كە خۆی دەییەوێت.

ئایا گەر مرڤەكان لەوەگەڕێن كە سروشتیان حوكمیان بكات و بەردەوام جیاوازییەكانی نێوانیان تۆخ بكاتەوەو زمانەكانیان بەرو جیاوازییەكی زیاتر بەرێت لەوەی كەهەیە، ئەوكات جیهان وای لێنایێت ببێت بە كۆمەڵە خێڵێكی دابڕاو و تەریك لەیەكتر؟ ئایا ئەمە واناكات ئەو ژیارە گەورەییەی كە بە پرۆسەی چونیەككردنی كەلتورو زمانەكان و چالاككردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەكان و كۆمەڵگاكان دروستكراوە، وەك بورجی بابل بڕوخێت و لەدەست بچێت؟ ئایا نابێت لەپێناو پاراستنی ئەم بورجە نوێیەی بابل شەڕ لەگەڵ سروشتی مرۆڤانەی خۆماندا بكەین و ڕێگەی لێبگرین بورجەكەمان بڕوخێنێ و زمانە جیهانییە دروستكراوەكەمان بكاتەوە بەكۆمەڵە زمانێكی سروشتی جیاوازو ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەو یەكییەتییە جیهانییەی كەدروستمان كردووە؟ ئایا نابێت ڕێگە لەو شەیتانەی ناو خۆمان بگرین كە دەیەوێت ئەوگوندە گەورەمان لێ هەڵوەشێنێتەوە كەچەند سەدەیەكە خۆمان پێیەوە ماندووكردووە تا كردوومانە بە گوندێك كە هەموو خەڵكی جیهان تیایدا كۆببنەوەو ئاگایان لەهەموو شتێكی یەكتر بێت؟ لەتەوراتدا لە ڕێگەی حكایەتێكەوە باس لە یەكبوون و جیاوازی زمانەكان كراوە، ئەم حكایەتە بە حكایەتی بورجی بابل ناسراوە، بەپێ ئەم حكایەتە لەسەردەمێكدا مرۆڤایەتی یەك زمانی هەبووەو هەموو مرۆڤەكانی جیهان بەو زمانە دواون، ئەم یەكبوونە زمانییەی مرۆڤایەتی

هێزێکی گەورەی داوە بە مرۆڤەکان، ئەمەش وایکردووە کەبیر لەدروستکردنی شارێکی گەورەو بورجێکی بڵند بکەنەوە کە سەری بگاتە ئاسمان. ئەوان ئەمەیان بۆ ئەوە دەکرد تا ئەو یەکبوونەی نێوانیان هەڵنەوەشێتەوەو بەسەر زەویدا پەرت وبڵاو نەبن. بەڵام خواوەند کاتێك لە بورج و شارەکەی ڕوانی لەبەرخۆیەوە وتی: مرۆڤایەتی یەك زمانی یەکگرتووی هەیە، بەهۆی ئەمەوە توانیویانە ئەوکارە گەورە دەست پێ بکەن، گەر لێیان گەڕێم ئاوا بەردەوام بن، ئەوە لە داهاتوودا وایان لێدێت هەرچییەکیان بوێت بتوانن ئەنجامی بدەن. بۆ ئەوەی ئەوانە نەگەن بەو ئامانجە، دەبێت جیاوازی بخەمە ناو زمانە یەکگرتووەکەیان و وایان لێبکەم کە نەتوانن لەیەکتر تێبگەن. مرۆڤەکان بەهۆی ئەوەوە کە زمانە یەکگرتووەکەیان لەدەست دەدەن و جیاوازی دەکەوێتە ناو زمانەکەیان، شارو بورجەکەیان پێ تەواو ناکرێت و دەست لە تەواکردنی دەکێشنەوە، بەم شێوەیە خواوەند کۆتایی بەو کۆبوونەوە جیهانییەی مرۆڤایەتی دەهێنێ و مرۆڤەکان بەسەر زەمیندا پەرتوبڵاو دەکاتەوە(١١).

ئەم حکایەتە گوزارشت لەو ململانێیە دەکات کە لەنێوان ویستی هێزو سروشتی مرۆڤدا هەیە، ویستی هێز بەردەوام مرۆڤ بەرەوە ئەوە ئاراستە دەکات لەرێگەی بەیەککردنی جیاوازییەکانەوە بگاتە دواڕادەی هێز، سروشتی مرۆڤیش بەردەوام بە پێچەوانەی ئەمەوە مرۆڤ ئاراستە دەکات و بەرەو جۆرێك لە گۆشەگیری و تەنیا بوونەوەی دەبات، بەوەی کە بەردەوام جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست دەکات و ناهێڵێت لەرێگەی ویستی هێزەوە ببنەوە بەیەك. نەتەوە وەك بوونەرێك لەلایەکەوە داوای جیاوازی دەکات و لەلایەکی ترەوە داوای یەکبوون دەکات، ئەمەش وایکردووە نە سەر بەوە بێت کە لەناو مرۆڤدا سروشتییەو نەسەر بەوە بێت کە لەناو مرۆڤدا ناسروشتییەو لە ویستی مرۆڤدا خۆی شێوەگیرکردووەو ئەو ویستەی کردووە بە ویستی هێز.

کەلتوری پیشەیی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان و کەلتوری ئاکاری کۆمەڵگا مەزهەبییەکان بنەماکەیان ویستی هێزەو کار لەسەر یەکبوونی جیاوازییەکان دەکەن لەپێناو دروستکردنی هێزێکی گەورەدا کە وا لە ویستی مرۆڤ بکات زاڵ بێت بەسەر سروشتداو بتوانێت پەیڕەوی لەو یاسایانە بکات کە ویستی هێز لەرێگەی موشەریعەکانەوە بۆی داناوە.

(١١) بڕوانە : کتێبی پیرۆز، پەیدابوون :١١.

گەر سروشتی مرۆڤەکانیش سەرچاوەی کەلتوری مرۆڤەکان بێت، بەهۆی ئەوەی کە سروشتی هیچ مرۆڤێك لە سروشتی هیچ مرڤێکی تر ناچێت، دەبێت هەر مرۆڤێك کەلتورێکی تایبەت بە خۆی هەبێت و ئەمەش وادەکات شتێك بە ناوی یەکبوونەوە لەناو ئەم کەلتورەدا بوونی نەبێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بیرۆکەی نەتەوە نە بوونی لەناو ئەو کەلتورەدا هەیە کە بنەماکەی ویستی هێزەو نە بوونی لەناو ئەو کەلتورەدا هەیە کە بنەماکەی سروشتە، چوونکە یەکەمیان ئامانجی ئەوەیە بە یەکبوون کۆتایی بە جیاوازییەکان بێنێت و دەووەمیشیان ئامانجی ئەوەیە بوونەوەرەکان لەناو جیاوازیدا بهێڵێتەوەو رێگەی یەکبوونیان لێبگرێت. کەواتە بیرۆکەی نەتەوە دەبیت بوونی لەناو کام کەلتورەدا هەبێت و بنەمای بوونی ئەو کەلتورە دەبێت چی بێت؟

پێشتر ئەوەمان روونکردەوە ئەو کەلتورە دروستکراوەی کەبەپرۆسەی دروستکردندا براوەو وایلێکراوە بشێت بۆ ئەوەی سەراپاگیر بکرێت، ناکرێت بیرۆکەی نەتەوەی بۆ بگەرێنرێتەوە، چوونکە بیرۆکەی نەتەوە دەبێت سەر بەکەلتورێك بێت کە جیاوازییەکان بپارێزێت نەك جیاوازییەکان نەهێڵێت و بەرەو یەکبوونیان بەرێت. ئەوەشمان روونکردەوە بیرۆکەی نەتەوە هەرچەندە سەر بەکەلتورێکی ئاکارییەو سەر بەکەلتورێکی پیشەیی نییە، بەڵام ئەو کەلتورە ئاکارییەی کە لەلایەن موشەریعەکانەوە دادەنرێت لەبەرئەوەی کەلتورێکە بۆ ئەوە دروستکراوە سەراپاگیربکرێت، بەهەمان شێوە ناتوانرییێت بیرۆکەی نەتەوەی بۆ بگەرێنرێتەوە.

بیرۆکەی نەتەوە سەر بەکەلتورێکە کە توانای ئەوەی تیابێت ئەو یەکبوونەی کەویستی مرۆڤ دەیخوازێت لەگەڵ ئەو جیاوازبوونەی کە سروشتی مرۆڤ دەیخوازێت پێکەوە کۆ بکاتەوە، واتە کەلتوریك بێت لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابێت کە یەکبوون لەناو جیاوازیدا بهێنێتە ئاراوە، ئەو کەلتورەش کە ئامانجی کۆکۆردنەوەی جیاوازییەکانە لەناو یەکبووندا کەلتوری عەقڵی ئەوجۆرە لە کۆمەڵگایە کە فەیلەسوفە ئەڵمانەکان لە لایبنیتزەوە تا هیگڵ وەك کۆمەڵگایەکی عەقڵی لە رووی تیۆرییەوە پەرەیان پێداوەو لەلایەن فیختەو هێردەرو هیگڵەوە بە نەتەوە ناوبراوە.

## ٣/١ ) بیرۆکەی نەتەوە لە نێوان ئایدیۆلۆجیاو فەلسەفەدا

ئایا نەتەوە بەر لەوەی لەواقعدا بوون پەیدا بکات لە کوێ بووە؟ ئەم پرسیارە لێمان دەخوازێت بەشوێن ئەو توخمە بنچینەیەدا بگەڕێین کە بە پرۆسەیەکی مێژوویدا تێپەڕیوەو بووە بەوەی کە ناو نراوە نەتەوە. هەندێك لە لێکۆڵەران لەگەڵ ئەوەشدا بانگهێشت بۆ ئەوە دەکەن کە نەتەوەکان بێ بوونی توخمێکی پێشینە لەواقعدا دەرکەوتوون و وەك ئادەم وان بۆ بوونیان پێویستیان بە توخمێکی پێشینەو سەرەتایی نیە[١٢]، بەڵام هەر ناچارن بە شوێن ئەو توخمەدا بگەڕێن کە نەتەوەی لێدەکەوێتەوە. ئەمەش ئەوەدەگەیێنێ کە نەتەوە بەر لەوەی لە واقعدا بوون پەیدا بکات دەبێت وەك توخمێکی سەرەتای بوونی لە شوێنێك هەبێت.

لەناو لێکۆڵینەوەکانی بواری نەتەوەخوازیدا چەند بۆچوونێکی جیاواز لە بارەی بوونی ئەوتوخمە سەرەتاییەی نەتەوەوە هەیە، هەریەك لەم بۆچوونانە لە شوێنێکدا بە شوێن ئەو توخمەدا دەگەرێت و هەوڵ دەدات ئەوە بسەلمێنێ کە ریشە توخمە سەرتاییەکەی نەتەوە لەو شوێنەدایە کە ئەو دەستنیشانی کردووە.

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لێکۆڵینەوەکانی بواری نەتەوەخوازی بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەدەسێنن و گرنگیدان بەتیۆرەکردنی واقعی نەتەوەکان و بزووتنەوەی نەتەوەخوازی گۆڕانێکی جۆری بە خۆیانەوە دەبینن و بۆچوونێکی نوێ لە بارەی پەیدابوونی نەتەوەکانەوە دێتە ئاراوە و دواتر ئەم بۆچوونە دەبێتە تیۆرێکی سەربەخۆی بواری لێکۆلینەوە لە نەتەوەکان و ناو دەنرێت تیۆری مۆدێرن. ئیلی قەدووری و ئێرنست گێلنەر و هوبزباوم و ئەندرسۆن بە دامەزرێنەرو پەرەپێدەری ئەم تیۆرە دادەنرێن. ئەوەش ئەمانە لە دەوری ئەو تیۆرەدا کۆدەکاتەوە، ئەوەیە کە هەموویان بڕوایان وایە نەتەوەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنەو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەیدا سەر هەڵدەدەن. ئەم لێکۆڵەرانە لەگەڵ ئەوەشدا سەر بە هەمان تیۆرن، بەڵام لە هەندێ مەسەلەی تیۆریدا نەك هەر جیاوازن بەڵکو بۆچوونەکانی یەکتریشیان لە بارەی لێکدانەوەی ئەو مەسەلانەدا پێ قبووڵ نییە. گرنگترین ناکۆکی لەناو ئەو لێکۆڵەرانەدا ناکۆکی نێوان ئیلی قەدوری و گێلنەرە لەبارەی ئەوەوە کە نەتەوەخوازەکان توخمە سەرەتاییەکانی نەتەوەخوازی —کە ئایدیۆلۆجیای

(١٢) ئەنتۆنی دی سیمس، نەتەوەخوازی، و: هوشیار عەبدولڕەحمان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٨٣.

دروستکردنی نەتەوەیە- لە واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەوە وەرگرتوون یان لە فکری کۆمەڵە فەیلەسوفێکی دیاریکراوەوە؟ ئەمەش ئەوەدەگەینێ کە ئەم دوو لێکۆڵەرە هەردووکیان بڕوایان وایە کە بزوتنەوە مۆدێرنەکانی نەتەوەخوازی، نەتەوەکانیان لە دنیا مۆدێرنەکەدا دروستکردووەو بەر لە بوونی ئەم بزوتنەوانە و ئایدیۆلۆجییاکەیان، هیچ نەتەوەیەك لەواقعدا بوونی نەبووە. بەڵام هەریەکەیان لەوەڵامدانەوە ئەو پرسیارەدا بۆچوونی جیاوازیان هەیە کە لەبارەی ئەوەوەیە نەتەوەخوازەکان بۆ تیۆرەکرنی ئایدیاڵی نەتەوە کە ئایدیاڵی جەوهەریی ئایدیۆلۆجیاکەیانە پشتیان بەچی بەستووەو ئەم ئایدیاڵەیان لەچ سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە؟ لێرەدا هەوڵدەدەین بۆچوونی ئەم دوو لێکۆڵەرە لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە بخەینە روو و گفتوگۆیەکی رەخنەییانەی هەردوو بۆچوونەکەش بکەین.

ئەو بیرۆکەیەی کە لێکۆڵەران لەدەوری تیۆرە مۆدێرنەکەی بواری نەتەوەخوازیدا کۆدەکاتەوە بۆ یەکەمجار ئیلی قەدوری لە ساڵی (١٩٦٠) دا لە کتێبەکەیدا (نەتەوەخوازی) خستییە روو. ئەم بیرۆکەیەش پێ لە سەر ئەوەدادەگرێت کە نەتەوەکان بوونێکی سروشتییان نییەو بوونێکی دروستکراویان هەیەو نەتەوەخوازی دروستیان دەکات، نەتەوەخوازیش ئایدیۆلۆجیایەکە بەرهەمی سەرهەڵدانی مۆدێرنەیەو بەر لە سەرهەڵدانی مۆدێرنە بوونی نەبووە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوەکانیش بەرهەمهاتووی سەردەمە مۆدێرنەکەن و بەر لەو سەردەمە بوویان نەبووە.

دوای چوار ساڵ بەسەر تێپەڕینی کتێبەکەی قەدووریدا گێلنەر لەکتێبی (بیرو گۆڕان ١٩٦٤)دا جەخت لەسەر بۆچوونەکەی قەدووری دەکاتەوەو هەوڵدەدات ئەوە بسەلمێنێ کە نەتەوەکان بەرهەمی ئەو بزووتنەوە مۆدێرنەن کەبە نەتەوەخوازی ناو دەبرێت.

قەدووری دوای ئەوەی بۆچوونی خۆی لە بارەی ئەوەوە دەخاتە روو کە نەتەوەکان و نەتەوەخوازیش لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا سەر هەڵدەدەن، ئەوە روونەدەکاتەوە کە ئایدیاڵی نەتەوە کە ئایدیاڵی سەرەکی ئایدیۆلۆجیای دروستکردنی نەتەوەکانە، لە واقعێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە وەرنەگیراوەو نەتەوەخوازەکان بۆ بە ئایدیالکرنی نەتەوە لە ناو ئایدیۆلۆجیاکەی خۆیاندا پشتیان بە فەیلەسوفانی ئەڵمان بەستووە بە تایبەتی کانت. واتە ئایدیاڵی نەتەوە بەر لەوەی ئایدۆلۆجیای دروستکردنی نەتەوە لەسەری دامەزرێت و لەوێشەوە لەواقعدا وەك نەتەوەیەکی واقعی بوون پەیدا بکات، وەك تۆخمێکی سەرەتایی لە ناو فکری فەیلەسوفانی

ئەڵماندا بوونی هەبووە.بەپێی بۆچوونەکەی قەدووری ئایدیاڵی دروستکردنی نەتەوەکان بیرە نەك واقع، ئەم ئایدیاڵەش بەرلەوەی ببێت بە ئایدیاڵی سەرەکی ناو نەتەوەخوازی و وەدیهێنانی ئەم ئایدیاڵەش لە واقعی کۆمەڵگادا ببێت بە ئامانجی نەتەوەخوازەکان، بوونی لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا هەبووە. ئەم بیرۆکەیە وەك ئۆتۆنۆمی ئیرادە بۆ یەکەمجار لە فەلسەفە ئاکارییەکەی کانتدا دەردەکەوێت، فەلسەفەی کانتیش بوونی پێش دەکەوێت بەسە سەرهەڵدانی نەتەوەخوازیدا، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بیرۆکەی نەتەوە بەر لەوەی لە ناو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخواەکاندا بوون پەیدا بکات بوونی لە ناو فەلسەفەی کانتدا هەبووە.

لای قەدووری لەناو فەلسەفەی کانتدا ئایدیاڵی نەتەوە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی ئیرادەی تاکەکەس بووەو دواتر لەرێگەی رۆشنبیرانی ئەڵمانەوە ئەم بیرۆکە وەردەگیرێت و لە ئاستە تاکەکەسیەکەیەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ ئاستە کۆییەکەی و دەبێت بە جەوهەری نەتەوە. بەمەش ئایدیاڵی نەتەوە وەك ئۆتۆنۆمی ئیرادەی کۆیی میللەتەکان دەبێتە ئایدیاڵی بنچینەیی ناو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازەکان و نەتەوەش دەبێتە ئەو بوونەوەرە دروستکراوەی کە بەرهەمی شێوەگیربوونی ئەم ئایدیاڵەیە لە جەستەی کۆیی میللەتدا.

قەدووری پێی وایە نەتەوەخوازی ئایدیۆلۆجیایەکە لە سەدەی نۆزدەدا لە ئەڵمانیا لەلایەن رۆشنبیرە ئەڵمانەکانەوە داهێنراوە. کتێبەکەی فیختە(بانگەوازێك بۆ نەتەوەی ئەڵمان ١٨٠٦-١٨٠٧) رۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە داهێنانی ئەم بیرو باوڕەدا. لای ئەو دوو هۆکار لە پشت داهێنانی ئەم ئایدیۆلۆجیایەوە هەبوون، هۆکارێکی رۆشنبیری لەگەڵ هۆکارێکی کۆمەڵایەتی، هۆکارە رۆشنبیریەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە رۆشنبیرانی ئەو کاتەی ئەڵمان لەژێر کاریگەری فەلسەفەی سەردەمی رۆشنگەریدا بوون و ئەمەش هانیدان بۆ ئەوەی باوڕێك بە بوونی ئەو ئیرادەیە لەناویاندا سەر هەڵبدات کە کانت ناوی نابوو ئیرادەی چاك، باوڕبوون بەوەی کە ئیرادەی چاك ئیرادەیەکە کە خاوەنی ئۆتۆنومییە، ئەوانی بەرەو ئەوە برد ئایدیاڵی نەتەوە لە سەربنەمای ئەم جۆرە لە ئیرادە دابڕێژن و نەتەوە بەو کۆمەڵگایە بزانن کە خاوەنی ئیرادەیەکی کۆییەو ئەم ئیرادە کۆییەش لەناو کەلتورو زمانەکەی خۆیدا لەشێوەی نەتەوەدا شێوەگیر دەبێت. هۆکارەکەی تریش ئەوەبوو کە ئەو رۆشنبیرانە بەهۆی پەروەردەبوونیان بە فەلسەفەی سەردەمی رۆشنگەری، تووشی بیزاری و نائومێدی هاتبوون لەو نەریتەی کە باوباپیرانیان لەژیان خۆیاندا بە شێوەیەکی تەقلیدی پەیڕەویان دەکرد، ئەمەش وای لە رۆشنبیران کرد بیر لەکۆمەڵگایەکی

نویێ بکەنەوە کە لە سەر بنەمای ئۆتۆنۆمی ئیرادە دامەزرابێت و ئەم کۆمەڵگایەشیان بە نەتەوە ناو دەبرد.[١٣]

ئەم بۆچوونەی قەدوری ئەوە ڕووندەکاتەوە کە نەتەوە وەك بیر لەناو فەلسەفەی کانتدا لە شێوەی ئۆتۆنۆمی ئیرادەی چاکدا بوونی هەبووە و دواتر ڕۆشنبیران بە سودوەرگرتن لەم بیرۆکەیە توانیویانە ئەو بیرۆکە پەتییە لەناو ئایدیۆلۆجیاکەی خۆیاندا بگۆڕن بۆ ئایدیاڵی نەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئایدیاڵی نەتەوە سەرچاوەی لەواقعی کۆمەڵگایەکەوە نەگرتووەو سەرچاوەی لە بیری کۆمەڵە فەیلەسوفێکەوە گرتووە کە فەیلەسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەرین. بەپێی ئەم بۆچوونە نەتەوە بەر لەوەی لەواقعدا بوونی هەبێت وەك بیرێکی سەرەتایی لەناو بەرهەمە فەلسەفییەکانی کۆمەڵە فەیلەسوفێکدا بوونی هەبووە. کەواتە سەرچاوەکانی ئایدیاڵی نەتەوە لە ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازەکاندا بەرهەمە فکرییەکانن نەك واقعە کۆمەڵایەتییەکان.

گێلنەر لە کارەکانی خۆیدا ئەم بۆچوونەی قەدووری بە توندی ڕەتدەکاتەوەو پێی وایە فکری فەیلەسوفان ئەو هێزەی تیا نییە کە بتوانێت واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان بگۆڕێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە واقعی کۆمەڵگاکانە گۆڕان لە فکری بیرمەندەکاندا درووست دەکات، بۆیە ناتوانین بڵێین نەتەوەخوازەکان ئایدیاڵی نەتەوەیان لەو بیرانە خولْقاندووە کە لە بەرهەمی کۆمەڵە فەیلەسوفێکدا هەن. بەپێی بۆچوونی گێلنەر کۆمەڵگای نەتەوەیی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنەو لەگەڵ پەرەسەندنی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان لە ئامێرە سادەکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵییەوە بۆ ئامێرە تەکنیکییە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی دەردەکەوێت و نەتەوە لە شێوەی کۆمەڵگایەکی پیشەسازیدا دێتە ئاراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بەر لە پەیدابوونی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان شتێك بە ناوی نەتەوەوە بوونی نەبووەو نەتەوەش هیچ نییە جگە لە کۆمەڵگایەکی پیشەسازیی مۆدێرن. بەپێی ئەم بۆچوونە کۆمەڵگای پیشەسازی لەواقعدا سەرهەڵدەدات و دوای سەرهەڵدانی وەك بیرۆکەیەك لەناو بیری خەڵکیدا بوون پەیدا دەکات، جا ناوی دەنرێت نەتەوە، واتە بەپێی ئەم بۆچوونە بوونی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی لەواقعدا وادەکات بیرۆکەی ئەو کۆمەڵگایە لەناو بیردا سەرهەڵبدات و دواتریش بە وشەی نەتەوە گوزارشتی لێبکرێت.

---

(١٣) بۆ بۆچوونەکانی قەدووری بڕوانە: ه.س:٨٠.

گێلنەر بۆ ئەوەی ئەوە نیشانی ئێمە بدات کە بۆ گەڕانی بە شوێن توخمە سەرەتاییەکانی ئایدیاڵی نەتەوە لە نەتەوەخوازیدا، پەنا ناباتە بەر بیری بیرمەندەکان و سەرچاوەی ئەم ئایدیاڵە بە واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای پیشەسازی دەزانێت دەڵێت: ( نەبوونی بایەخدانی ئێمە بە مێژووی بیری نەتەوەخوازی و بیرمەندە نەتەوەخوازەکان سیمایەکی ئاشکرایە لە سیماکانی لێکدانەوەی ئێمە بۆ نەتەوەخوازی ....ئەم هەڵوێستەش لەوەوە سەرچاوە ناگرێت کە بە گشتی گاریگەری بیرەکان لە مێژوودا بە کەم و بێبەها بزانرێت....بەڵام من وا دەبینم لە مەسەلەی نەتەوەخوازیدا ئەمە وابێت و ئەمەش بە ڕێککەوت دەتوانرێت ئەوەی پێ ڕاڤەبکرێت کە بۆچی بایەخی فەیلەسوفە سیاسییە ئەکادیمیستەکان بە گوێرەی ئەو بایەخە زۆرەی نەتەوەخوازی کە جێی گومان نییە زۆرکەمە)[١٤].

گێلنەر لێرەدا بەروونی ئەوە دەخاتەڕوو کە سەرچاوەکانی ئایدیاڵی نەتەوە لای نەتەوەخوازەکان بەرهەمە فکرییەکان نین و گەڕان لەناو بەرهەمە فکرییەکان بۆ دۆزینەوەی توخمە سەرەتاییەکەی ئەم ئایدیاڵە کارێکی بێ هودەیە، بۆیە دەبێت لە شوێنێکی تردا بۆ ئەو توخمانە بگەڕێن کە ئایدیاڵ و وێنەی نەتەوە لەو ئایدیۆلۆجیایەدا سازدەکات کە نەتەوەخوازەکان بە شێوەگیرکردنی لەناو جەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکاندا نەتەوەکانی پێ دروست دەکەن.

گێلنەر پێی وایە ئێمە لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لەو فەیلەسوفانەی کە باسیان لە بیرۆکەی نەتەوەکردووە هیچ شتێکی ئەوتۆ لەبارەی نەتەوەخوازییەوە فێرنابین، چوونکە نەتەوەخوازی تەواو بەپێچەوانەی ئەوەوە کار دەکات کە نەتەوەخوازەکان بانگهێشتی بۆ دەکەن. نەتەوەخوازی بانگهێشت بۆ ئەوە دەکات کە بەرگری لە کەلتورێکی میللی دەکات کە چی لەواقعدا کەلتورێکی باڵا سازدەکات، بانگهێشت بۆ ئەوە دەکات کە پارێزگاری لە کۆمەڵگایەکی میللی دەکات کەچی خەریکی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی جەماوەری بێئاگایە، بانگهێشت بۆ بەردەوامی دەکات و بەرگری لێدەکات، کەچی لە هەموو روویەکەوە مەحکومە بەو دابڕانە یەکلاکەرەوەیەی کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نییە. بانگهێشت بۆ فرەجۆری و فرەرەنگی کەلتوری دەکات و بەرگری لێدەکات لەکاتێکدا لە سنوری سیاسی دەوڵەتەکەی خۆیداو لەنێوان دەوڵەتەکەی خۆی و دەوڵەتەکانی تردا سەرقاڵە بە سەپاندنی یەکڕەنگی و تاك

(١٤) ایرنست غیلنر، الأمم والقومیة، ص:٢٢٥-٢٢٦.

کەلتوری[١٥]. کێشەی گێلنەر لەگەڵ قەدوریدا لەوەدانییە کە نەتەوەخوازەکان بە بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجییاکەیان نەتەوەیان دروست کردووە، بەڵکو لەوەدایە کە قەدووری پێی وایە ئایدیۆلۆجیای دروستکردنی نەتەوە لە بەرئەنجامی پرۆسەی بە ئایدیۆلۆجیاکردنی فکری فەیلەسوفانی ئەڵمان پەیدا بووەو ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بیرۆکەی نەتەوە بەر لە ئایدیۆلۆجیای دروستکردنی نەتەوەو بەر لە بوونی نەتەوە وەك کۆمەڵگایەکی واقعی بوونی لەناو بیری فەیلەسوفانی ئەڵماندا هەبووە و رۆشنبیران ئەو ئایدیۆلۆجیایەیان بە پرۆسەی بە ئایدیۆلۆجیاکردنی فکری ئەو فەیلەسوفانە هێناوەتە ئاراوەو بە تیۆرەکردنی بوونی واقعیی کۆمەڵگایەك دروستیان نەکردووە. بەڵام گێلنەر پێی وایە ئەو ئایدیۆلۆجیایەی کە نەتەوەخوازەکان نەتەوەی پێ دروست دەکەن، سەرچاوە لە واقعەوە دەگرێت نەك لە فکری کۆمەڵە فەیلەسوفێك.

گەر بە شێوەیەکی سەرپێی بەسەر گفتوگۆی ئەم دوو لێکۆڵەرەدا بگوزەرێین، وادەبینین کە لەگەڕانەوەی بیرۆکەی نەتەوە بۆ مەرجەعەکەی ناکۆکییەکی قوڵ لەنێوانیاندا هەیە. یەکێکیان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە بیرۆکەی نەتەوە سەرچاوە لە بیری فەیلەسوفانی ئەڵمانەوە دەگرێت و نەتەوە بەر لەوەی لە واقعێکی کۆمەڵایەتیدا بوون پەیدا بکات لەناو بیری ئەو فەیلەسوفانەدا بوونی هەبووە. ئەوی تریان بە پێچەوانەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت مەرجەعی بیرۆکەی نەتەوە سەرچاوە لەو ژیانە پیشەییەوە دەگرێت کە لەگەڵ سەرهەڵدانی کارگەکاندا سەرهەڵدەدات و دواتر وێنە سەراپاگیرکراوەکەی لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا لەشێوەی بیرۆکەی نەتەوە لەلای نەتەوەخوازەکان دەردەکەوێت.

گێلنەر ئەو ناکۆکییەی نێوان خۆی و قەدووری لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە بەم شێوەیە دەخاتەروو: ئێمە ناتوانین لە هەموو ئەو هەلانە تێبگەین کە بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی رەخساون، بەڵام دەتوانین لە هەندێك لەو زەرورەتانە تێبگەین کە لەگەڵ خۆی هێناونی و یەکێکیش لەوانە ئەو چوونیەککردنە کەلتورییەیە کە نەتەوەخوازی دەیەوێت، ئەمەش بەوشێوەیە نییە کە ئیلیا قەدووری باسی دەکات و پێی وایە نەتەوەخوازی ئەو چوونیەککردنە دەسەپێنێ، لەراستیدا زەرورەتێکی بابەتی کۆمەڵگای پیشەسازی ئەو چونیەککردنە کەلتورییە

(١٥) بڕوانە :هـ.س:٢٢٧-٢٢٨.

دەسەپێنیَ و لە کۆتاییدا لە رووکاردا وەك نەتەوەخوازی دەردەکەوێت[١٦]. ئەمە ئەوە قەدووری پێی وایە چونیەککردنی کەلتوری سەرەتا وەك بیرۆکەی نەتەوە لەناو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازەکاندا هەیەو لە کۆمەڵگادا نییە و دواتر ئەوان لە کۆمەڵگادا دەیهێننە ئاراوەو دەیسەپێنن و بەمە نەتەوە دروستدەکەن.

بەڵام لای گێلنەر پێش ئەوەی چوونیەککردنی کەلتوری وەك بیرۆکەی نەتەوە لەناو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازەکاندا سەرهەڵبدات، وەك زەروورەتێکی واقعی لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا دەرکەوتووەو نەتەوەخوازەکانیش شوێنکەوتەی ئەو زەروورەتە واقعییەن، بۆیە چوونیەککردنی کەلتوری بەر لەوەی بیرۆکەیەکی ناو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازەکان بێت، داخوازییەکی واقعی و بابەتی کۆمەڵگای پیشەسازی بووەو نەتەوەخوازەکان لەسە بنەمای ئەم داخوازییە واقعییەی کۆمەڵگای پیشەسازی کار لەسەر چوونیەککردنی کەلتوری دەکەن.

گەر بەقووڵی لەم گفتوگۆیە بروانیین دەبینین قەدوری و گێلنەر پێی لەسەر هەمان شت دادەگرن و هەردووکیان بڕوایان بەوەیە کە نەتەوە سەاپاگیرکردنی کەلتورێکی دروستکراوە، ئەوەی ئەم دوو بۆچوونە جیا دەکاتەوە تەنها ئەوەیە ئەو کەلتورە دروستکراوە بە پشت بەستن بە چ مەرجەعێك دروستکراوە، ئایا ئەو مەرجەعە، واقعی بابەتی کۆمەڵگای پیشەسازییەو ئەو کۆمەڵگایە خۆی ئەمە دەخوازێت یان فکری کۆمەڵە فەیلەسوفێکەو نەتەوەخوازەکان بەبێ رەچاوکردنی داخوازییەکانی کۆمەڵگا بەسەر کۆمەڵگادا دەیسەپێنن.

لای قەدوری نەتەوەخوازەکان بە شەرعیەت وەرگرتن لە فکری فەیلەسوفانی ئەڵمان لەرێگەی سەراپاگیرکردن و چوونیەککرنی کەلتوری کۆمەڵگاوە نەتەوە لەناو دەوڵەتدا دروستدەکەن، بەڵام لای گێلنەر نەتەوەخوازەکان لە داخوازییە بابەتییەکانی کۆمەڵگاوە شەرعییەت وەردەگرن بۆ سەراپاگیرکردن و چوونیەککردنی کەلتورەکەیان.

ئێمە لەرێگەی بەراوردکردنی مەزهەبە ئاینییەکانی سەردەمی خەلافەت و نەتەوەخوازی سەردەمی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان دەتوانین لەوە تێبگەین کە ئەوەی گێلنەر و قەدوری لە بارەی نەتەوەخوازی و نەتەوەوە دەیڵێن نەك هەر پێچەوانەی یەکتر نین بەڵکو تەواکەری یەکترین و دوو رووی یەك دراون.

(١٦) بڕوانە :هـ.س: ٨٧.

ئەو موشەریعانەی کە ئەندازیارانی کۆمەڵگا مەزهەبییەکانی سەردەمی خەلافەتەکانن، لە دوو بواردا تەشریعیان کردووە: بواری عەقیدەو بواری شەریعەت. بەهەمان شێوەش موشەریعەکانی نەتەوەخوازی و مۆدێرنیزمیش لەدوو بواردا تەشریعیان کردووە: بواری ئایدیۆلۆجیا و بواری دارشتنی یاسا کەلتورییەکانی کەلتوری پیشەیی.

قەدوری لەڕوانگەی عەقیدەدارێژەرەکانی نەتەوەخوازیەوە لە نەتەوەخوازی دەڕوانێت و گێلنەریش لەڕاوانگەی یاسادارێژەرەکانی هەمان کەلتورەوە لە نەتەوەخوازی دەڕوانێت. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ پەیوەندی نێوان عەقیدەدارێژەرانی ئیسلامی مەزهەبی لەگەڵ قورئاندا چەندە، پەیوەندی نێوان دارێژەرانی ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازی کە بەشێکە لە مۆدێرنیزم لەگەڵ دەقە فەلسەفییەکانی فەیلەسوفانی ئەڵمان ئەوەندەیە. بەهەمان شێوە پەیوەندی نێوان موشەریعەکانی ئاکاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای خەلافەت بەواقعی کۆمەڵایەتی سەردەمی موحەمەدەوە چەندە، پەیوەندی یاسادارێژەرەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیش بە ژیانی فەیلەسوفانەوە ئەوەندەیە.

بۆ تێگەیشتن لەم پەیوەندیەش دەبێت لەو پرۆسەیە تێبگەین کە بیرێك دەگۆرێت بۆ ئایدیۆلۆجیا لەگەڵ ئەو پرۆسەیەی کە ژیانی واقعی کۆمەڵە مرۆڤێك دەگۆرێت بۆ شەریعەت و یاسای کەلتوریی کەلتوێکی تەقلیدی. گێلنەر کاتێك باس لە پەیوەندی نێوان داهێنەرانی بیرۆکەی ئامێرەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی و ئەو زانا و تەکنیکارنە دەکات کە ئەو بیرۆکەیە لە ئامێرەکاندا بەرجەستە دەکەن، باس لە پەیوەندی نموونەیەکی رەسەن بە نموونە تەقلیدییەکەیەوە دەکات و دەڵێت: ناکرێت دروستکردنی بە تەقلیدکردن وەك دروستکردنی راستەقینە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەرگیز ناتوانرێت ئەو رووداوە راستەقینەیەی کە بیرۆکەی دروستکردنی ئەو ئامێرانە لەلای کۆمەڵەکەسێك تیایدا سەری هەڵداوە دووبارە بکرێتەوە، چوونکە ئەوانەی لەو رووداوەدا گەیشتوون بەو بیرۆکەی دروستکردنە، خۆیان نەیانزانیوە ئەوەی لێیان روویداوە چییە. نەبوونی هوشیاری، جەوهەری ئەو رووداوە پێکدەهێنێ[١٧].

ئەم بۆچوونەی گێلنەر تا ئەوێ دروستە کە دەڵێت ئەوەی راستەقینەیە وەك ئەوە نییە کە تەقلیدی ئەو راستەقینەیە دەکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەوەی فەیلەسوفانی ئەوروپی لە

(١٧) بڕوانە : هـ.س: ٤٩.

بواری کۆمەڵگاو سروشت لەناو ژیانی فکری خۆیان پێی گەیشتوون، رووداوە راستەقینەکەیەو ئەوەش بە تەقلیدکردنی ئەوەی کە لە ژیانی فکری ئەواندا هەیە دروستکراوە، تەقلیکردنەوەی ئەوەیە کە لەناو فکری ئەواندا هەبووە. واتە مۆدێرنیزم نوسخەی تەقلیدی ژیانی فکری فەیلەسوفانی ئەوروپایە. ئەمەش بۆ ئیسلامی مەزهەبی و ئیسلامی سەردەمی موحەمەد دروستە. واتە ئەوەی لەسەردەمی موحەمەددا رووی داوە رووداوە راستەقینەکەیەو جارێکی تر رووناداتەوە، بەڵام ئەوەی لە مەزهەبە ئیسلامییەکاندا بە تەقلیدکردنەوەی ژیان و بیری ئەو سەردەمە راستەقینەیە دروستکراوە، شیانی تەقلیدکردنەوەو دروستکردنەوەی تیایەو لەمێژوودا بۆ یەکجار روونادات و توانای ئەوەی تیایە لە هەموو سەردەمێکدا بەپێی ئەو سەردەمە دووپات بکرێتەوە و رووبداتەوە.

ئەوەی لێرەدا بۆ باسەکەی ئێمە گرنگە لایەنە ئایدیۆلۆجییەکەی مۆدێرنیزم و نەتەوەخوازییە، لەگەڵ پەیوەندی ئەم ئایدیۆلۆجیایە بە فکری فەیلەسوفانەوە. واتە ئەوەی گرنگە ئەو پرۆسەیەیە کە پەیوەندی بیری نەتەوە لە فکری فەیلەسوفەکان و بیری نەتەوە لە ئایدیۆلۆجیا نەتەوەخوازیدا دیاری دەکات. ئەوبیرکردنەوەیەی لای فەیلەسوفانی ئەڵمان لە بارەی نەتەوەوە هەیە، بیرکردنەوە راستەقینەکەیە واتە ئەو بیرکردنەوەیە، کە نەتەوە وەك خۆی تیایدا دەردەکەوێت.

نەتەوە وەك بیر لەناو بیرکردنەوەی ئەو فەیلەسوفانەدا بوونێکی دروستکراوی نییە، بەڵام لە ناو ئایدیۆلۆجیا نەتەوەخوازەکاندا بوونێکی دروستکراوی هەیە، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە بیرۆکەی نەتەوە لەناو ئایدیۆلۆجیا نەتەوەخوازەکاندا بیرۆکەیەکی تەقلیدییەو بە تەقلیدکردنی ئەو بیرۆکەیە دروستکراوە کە لە بیری فەیلەسوفەکانا دەرکەوتووە. بەڵام بیرۆکەی نەتەوە لەناو بیری فەیلەسوفەکاندا بیرۆکەیەکی رەسەن وراستەقینەیەو شیانی ئەوەی تیا نییە لە کۆمەڵە کەسێکەوە بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵەکەسێکی تر.

پرۆسەی بەئایدیۆلۆجیاکردنی بیر، پرۆسەی گۆڕینی ئەوەیە کە بە سروشت هەیە بۆ ئەوەی کە بەدروستکردن هەیە، مەبەستمان لەوەی کە بەسروشت هەیە هەرشتێکی زیندووە کە یەکجار دێتە بوون و هاتنەبوونی شیانی دووپات بوونەوەی نییە، ئەوەش بەم رێگایە دێتەبوون تاکە بوونەوەرێکە کە شایانی ئەوەیە بوونەکەی بە بوونێکی مێژوویی بزانرێت. ئەوەی کە بەدروستکردن دێتەبوون بوونێکی مێژوویی نییە، چوونکە بوونی شیانی ئەوەی تیایە دووپات

ببێتەوە. ئەوەی کە مرۆڤ دروستی دەکات لەبەر ئەوەی هەرکاتێك بییەوێت دەتوانێت دروستی بکات، بوونێکی ناکاتانەو نامێژووی هەیە، بەڵام ئەوەی کە بەسروشت دێتەبوون تەنها لە ساتێکی مێژویدا دەتوانێت بێتەبوون و دوای ئەوەش لەو ساتە مێژوویەدا هاتەبوون ناتوانێت لە ساتێکی تردا بێتەوە بوون.

بۆ نمونە هەر مرۆڤێك لە مرۆڤەکان ساتێکی مێژوویی بۆ هاتنەبوونی هەیەو لەو ساتە مێژووییەدا لە دایك بوو، جارێکی ترو لە ساتێکی تردا ناتوانێت لە دایك ببێتەوە، بەڵام ئامێرێك لەو ئامێرە دروستکراوانەی کە مرۆڤ بە دروستکردن دروستیان دەکات راستە لە ساتێکی مێژوویدا درووستیان دەکات کە خۆی دیاری دەکات، بەڵام گەر ئەو ئامێرە بشکێت و تیابچێتت، دەتوانێت دووبارە کاتێکی تر هەڵبژێرێت بۆ دروستکردنەوەی و دروستی بکاتەوە. ئەمەش وادەکات ئەو ئامێرە دروستکراوە وهەرشتێکی تری دروستکراوی لەو جۆرە کە شیانی ئەوەی تیایە لە کات و شوێنێکی تردا دروست بکرێتەوە، بوونێکی مێژوویی نەبێت.

ئەوەی بەسروشت هەیەو بوونی بوونێکی مێژووییە، لەناو مێژوودا بەپرۆسەیەکی مێژوودا دەڕوات و لە کات و شوێنێکی دریکراودا کە خۆی هیچ لەبارەیەوە نازانێت دێتەبوون و دوای ئەوەش هاتە بوون، لەناو مێژوودا پرۆسەی پەرەسەندنەکەی تەواو دەکات. بەڵام ئەوەی بەدروستکردن هەیە بوونێکی مێژوویی نییە، چوونکە دروستکەرەکەی هەرکاتێك بییەوێت دەتوانێت دروستی بکات ودروستکردنەکەشی دووپات بکاتەوە. جگە لەمەش ئەو دروستکراوە وەك بوونەوەرە سروشتیەکە دوای پەیدا بوونی، بەخۆی توانای پەرەسەندنی نییەو ناتوانێت لەناو مێژوودا بوون پەیدا بکات، نەك ئەمە هەر ئەمە بەڵکو لەناو زەمەندا لەبری ئەوەی پەرەبسێنێ وبەرەو کامڵبوون بڕوات، بە پێچەوانەی ئەم ئاراستە مێژووییە، ئەو کەماڵەش کەهەیەتی لەدەستی دەدات وبەرەو تیاچوون دەڕوات.

جیاوازی نێوان بیرۆکەی نەتەوە لەناو بیری فەیلەسوفەکاندا لەگەڵ بیرۆکەی نەتەوە لەناو بیروباوڕ (ئایدیۆلۆجیا)ی نەتەوەخوازەکاندا وەك جیاوازی نێوان ئەوبوونەوەرە مێژوویەیە کە بەسروشت هەیە لەگەڵ ئەو بوونەوەر نامێژووییەی کە بە دروستکردن هەیە. گەر بەراوردەکە وردتر بکەینەوەو بیکەین بە بەراورد لە نێوان ئەوەی کە بەسروشت لەڕێگەی مرۆڤەوە دێتە بوون لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤ بەدروستکردن دروستی دەکات، دەتوانین بەراوردەکە بخەیە نێوان بەرهەمێکی هونەری لەگەڵ بەرهەمێکی تەکنیکی و دروستکراو. دەتوانین بڵێین جیاوازی نێوان

ئەو دوو بیرۆکەیە وەك جیاوازی نێوان وێنەی مۆنالیزایە لە کارەکەی داڤینشی و وێنەی مۆنالیزا لەناو کاری تەکنیکی ئەو تەکنیکارانەدا کە لەکارەکانیاندا وێنەی مۆنالیزا کۆپی دەکەنەوە، یان جیاوازی ئەو وێنەیەیە لەگەڵ هەموو ئەو وێنە فۆتۆگرافانەی کە لەسەر وێنەی ناو کارە هونەرییەکە گیراونەتەوە.

وێنەی مۆنالیزا بەر لەوەی بێتە ناو کارە هونەریەکەی داڤنشییەوە لە ناوبیری داڤینشیدا بووەو لەوێدا ئەو پرۆسە مێژوییەی تێپەراندووە کە بۆ هاتنەبوونی لە ناوکارێکی هونەریدا پێویستی پێی بووە و دوای ئەوەش هاتووەتەبوون، لە ناو کارەکانی داڤنشیدا درێژەی بە بوون وپەرەسەندنی خۆی داوە تا لەو کارە هونەرییەی ئەودا گەیشتووە بە کەماڵی خۆی.

ئەم وێنەیە بەر لەوەی لە کارە هونەرییەکەی داڤینشیدا بوونی خۆی کامڵ بکات، لە ناو بیری ئەودا بەبێ ئاگایی ئەو، پەیدابووەو دوای ئەوەی کە بە پەرەسەندنە مێژووییەکەی خۆیدا تێپەڕیوە جا بوونی خۆی بەتەواوەتی ئاشکرا کردووەو بوەتە بوونەرێك کە شیانی ئەوەی تیابێت بە هۆی دروستکردنەوەو بە رێگایەکی تەواو جیاواز لەو رێگایەی کە بۆ بوونی هەیبووە، بوونی بە دروستکردن دووپات بکرێتەوە. مۆنالیزای ناو کارە هونەرییەکەی داڤنشی بەگوێرەی ئەو تەکنیکارنەی کە لەرێگەی لەبەرگرتنەوەوە بوونی دووپات دەکەنەوە، وەك بوونی هەرکچێك وایە کە پێش ئەوەی لەواقعدا بوون پەیدا بکات لەناو سروشتی باوانەکانیدا بوونی هەبووەو بە پرۆسەیەکی مێژوویدا تێپەریوەو لەناو مادەیەکی سەرەتایدا بوونی پەیداکرووەو دواتر بوونی لە سکی دایکییەوە گوێزراوەتەوە بۆ واقع و لەویش درێژەی بە پەرەسەندنی خۆی داوە، تا گەیشتووەتە ئەوقۆناغەی کەماڵی خۆی کە مۆنالیزا لە وێنەکەی داڤینشیدا پێی گەیشتووە.

وێنەکەی مۆنالیزا چۆن لەناو کارە هونەرییەکەی داڤینشیدا بووە بە بوونەوەرێك کەشیاوی دووپاتکردنەوەو تەقلیدکردنەوەبێت، بە هەمان شێوە بوونی واقعی ئەو کچەش گەیشتووەتە ئەوقۆناغەی کە وەك وێنەکەی مۆنالیزا بەپرۆسەی دروستکردنەوەو تەقلیدکردنەوەدا ببرێت و لە بوونەوەرێکی مێژووییەوە کە بەسروشت هەیە، بکرێت بە بوونەوەرێکی نامێژووی و ئامێری کە بە دروستکردن هەیە. مۆنالیزا گەر وەك وێنەکەی ناو کارەکە بوونێکی وێنەیی هەبێت یان وەك کچەکە بوونێکی واقعی هەبێت، بەرلەوەی لەودۆخەدا بوون پەیدا بکات، شیانی ئەوەی تیا نەبووە کە بە پرۆسەی دروستکردن وتەقلیدکرنەوەدا ببرێت و بکرێت بە بووەنەوەرێکی نامێژوویی. بۆ ئەوەی ببێت بە بوونەورێکی نامێژوویی و دووپاتبووەو دروستکراو، دەبێت

لەسەرەتادا بە سروشت بوون پەیدا بکات و لە پرۆسەیەکی مێژوویدا ببێت بەبوونەوەرێکی مێژوویی. بەبێ پەیدابوونی لە پرۆسەیەکی مێژوویی لەوجۆرەدا ناکرێت بکرێت بە بوونەوەریکی نامێژووی و دروستکراوە.

گەر مۆنالیزا هەر لەناو بیری داڤینشدا بمایەتەوەو نەهاتایەتە ناو کارە هونەریەکەوە، بوونی شیانی تەقلیدکرنەوەو دروستکردنەوەی تیا دروست نەدەبوو. بەهەمان شێوەش گەر مۆنالیزا کچێکی واقعی بوایەو لەناو سروشتی باوانەکانی بمایەتەوەو بە پرۆسە مێژوویەکەی خۆیدا نەڕۆشتایەو بوونێکی واقعی پەیدا نەکردایە، شیانی دروستکردنەوەو تەقلیدکردنەوەی لە وێنەکاندا نەدەبوو ونەدەکرا بە بوونەوریکی دروستکراو و تەقلیدی. ئەمەش دەمانگەیێنێ بەو بیرۆکەیەی کە فەیلەسوفانی ئەڵمان جەختی لەسەردەکەنەوەو هیگڵ بەگوتەیەکی لەم جۆرە گوزاریشتی لێدەکات: ئەوەی عەقڵییە واقعییەو هەرشتێك بوون لە واقعدا پەیدابکات دەبێت پێشتر بوونی لە ناو عەقڵدا هەبوو بێت. لێرەدا شیاوە بپرسین ئایا قەدووری کاتێك بەرهەمە فەلسەفییەکانی فەیلەسوفانی سەردەمی رۆشنگەری دەکات بە مەرجەعێك بۆ ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازی، بەمە باسی لە بیرۆکەی نەتەوە کردوو لەناو عەقڵی فەیلەسوفەکاندا یان باسی لە بیرۆکەی نەتەوەی کردووە لەناو خەیاڵی نەتەوەخوازەکاندا؟ بێگومان ئەو ئەوە ناشارێتەوە کە فەلسەفە تەنها مەرجەعی ئەم بیرۆکەیەو شوێنی راستەقینەی ئەم بیرۆکەیە لەناو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازیدایە نەك لەناو فەلسەفەدا.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بیرۆکەی نەتەوە لەناو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازیدا بەرهەمی بەئایدیۆلۆجیاکردنی بیرۆکەی نەتەوەیە لە فەلسەفەی فەیلەسوفانی سەردەمی رۆشنگەریدا، واتە بیرۆکەی نەتەوە بوونە راستەقینەکەی لەناو فەلسەفەدایە، بەڵام بوونە راستەقینەکەی وەك بوونی راستەقینەی هەر بوونەوەرێك شیانی گواستنەوەو دووپاتبوونەوەی نییە. بۆ ئەوەی ئەو بوونە شیانی گواستنەوەو دووپاتبوونەوەی تێدا بێتەئاراوە، دەبێت بە پرۆسەی دروستکردنەوەدا ببرێت و بوونی لە بوونێکی عەقڵی و سروشتییەوە بکرێت بە بوونێکی دروستکراوی لەو جۆرە کە بۆ ئەوە بشێت لەرێگەی بیروباوڕێکەوە بگوازرێتەوە بۆ ناو خەیاڵی کەسەکان و وایان لێبکات بڕوای پێ بهێنن و لەواقعدا هەوڵی دروستکردنەوەی بدەن. ئەوەی قەدووری باسی دەکات وێنەیەکی تەقلیدی بیرۆکەی نەتەوەیەو ئەم وێنەیەش لەبەر ئەو وێنەیەدا گیراوەتەوە کە وێنە راستەقینەکەی نەتەوەیە لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا.

ئەوەی هەرگیز نەبووەتە جێی بایەخپێدانی لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی، بوون و پەرەسەندنی بیرۆکە عەقڵییەکەی نەتەوەیە لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان لەناو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازیدا بەشوێن بیرۆکەی نەتەوەدا گەڕاون و ئەمەش وای لێکردوون نەفی ئەوە بکەن بیرۆکەی نەتەوە بیرۆکەیەکی عەقڵی و نادروستکراوەو بەر لەوەی ئایدۆلۆجستەکان بتوانن وەك بیرۆکەیەکی دروستکراو لەناو ئایدیۆلۆجیایەکدا دروستی بکەن، بوونی راستەقینەی لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا هەبووە.

بەپێی بۆچوونەکەی قەدوری مادام ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازی مەرجەعەکەی فەلسەفەی ئەڵمانییە، ئەمە هەرخۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بیرۆکە راستەقینەکەی نەتەوە لە ناو فەلسەفەی ئەڵمانیدایە و گەر بمانەوێت باس لە بیرۆکەی نەتەوە بکەین وەك ئەوەی کە هەیە نەك وەك ئەوەی کە دروستکراوەتەوە، دەبێت لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا بگەڕێین نەك لەناو ئەو ئایدیۆلۆجیایەدا کە بیرۆکەی نەتەوەی لەسەر ئەو بیرۆکەیە دروستدەکاتەوە کە لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا وەك بیرۆکەیەکی نادروستکراو و عەقڵیی هەیە.

بیرۆکەی نەتەوە لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا وەك وێنەکەی مۆنالیزا وایە لە کارەکەی داڤنشیداو بیرۆکەی نەتەوە لەناو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازیشدا وەك وێنەکەی مۆنالیزا وایە لە کاری ئەو تەکنیکارانەدا کە بەلاسایکردنەوەی وێنەکەی ناو کارەکەی داڤنشی وێنەکەیان دروستکردووەتەوە.

گەر ئێمە لە واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکدا یان لەناو ئایدۆلۆجیای نەتەوەخوازیدا بۆ بیرۆکەی نەتەوە بگەڕێین، ئەوە قسەمان لەو وێنە دروستکراوەی نەتەوە کردووە کە بەلاسایکردنەوەی بیرۆکە راستەقینەکەی نەتەوە دروستکراوەو لێرەشدا ناتوانین باس لە بوونی راستەقینەی نەتەوە لەناو عەقڵدا بکەین. بۆیە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوەو پەرەسەندنی ئەم بیرۆکەیە، تەنها دەبێت لەناو ئەو مێژووەدا بگەڕێین کە مێژوو سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئەڵمانی و پەرەسەندنەکەیەتی.

تا ئەم ساتەوەختەش فەلسەفەی ئەڵمانی نەك هەر بە نشینگەی راستەقینەی پەیدابوونی بیرۆکەی نەتەوەو پەرەسەندنەکەی نازانرێت، بەڵکو بەمەرجەعی هەموو ئەو بۆچوونانەش دەزانرێت کە لای ئەو لێکۆڵەرانە بە بۆچوونی گومڕاکەرو نازانستی دەزانرێن. ئێمە لەم بەشەی کارەکەماندا هەوڵدەدەین ئەو مافەی کە فەلسەفەی ئەڵمانی لە بارەی ناسینی نەتەوەوە

هەیەتی و لێکۆڵەرە مۆدێرنیستەکانی بواری نەتەوەخوازی لێیان زەوت کردووە، بۆی بگەڕێنینەوەو ئەوە ساغ بکەینەوە کە نەتەوە لەبنچینەدا بیرۆکەیەکی عەقلی و فەلسەفییەو عەقلّ و فەلسەفە نشینگەی راستەقینەی ئەم بیرۆکەیەن.

## 4/١ ) فەلسەفەی ئەڵمانی وەك نشنیگەی راستەقینەی بیرۆکەی نەتەوە

گەر فەلسەفەی ئەڵمانی نشینگەی راستەقینەی بیرۆکەی نەتەوە بێت، بە چ رێگایەك و بەچ میتودێك دەتوانین لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیەو پەرەسەندنەکەی لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا بکۆڵینەوە؟

بۆ کارێکی لەم جۆر بەلایەنی کەمەوە دوو رێگا هەیە، رێگای یەکەمیان ئەوەیە کە لەوێوە دەست بەکارەکەمان بکەین کە یەکەم فەیلەسوف لە فەیلەسوفانی ئەڵمان باس لە نەتەوە دەکات و لێی دەکۆڵێتەوە، ئەم رێگایەش لەڕاستیدا رێگای هەموو ئەو لێکۆڵەرانەیە کە کاریان لەسەر سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکەیە کردووە، چ لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا چ لە دەرەوەی فەلسەفەی ئەڵمانیدا.

کێشەیەکی گەورە لە نێوان ئەو لێکۆڵەرانەدا هەیە کە بوونی نەتەوەکان دەگەڕێننەوە بۆ بەر لە سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم و کۆمەڵگای پیشەسازی لەگەڵ ئەو لێکۆڵەرە مۆدێرنیستانەی کە بوونی نەتەوەکان دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمە مۆدێرنەکەو نەتەوە بە بەرهەمێك لە بەرهەمەکانی ئەو سەردەمە دەزانن. دیارترینی ئەو لێکۆڵەرانەش کە بەم رێگایە ململانێ لەسەر ئەوە دەکەن بیرۆکەی نەتەوە بەر لە سەرهەڵدانی مۆدێرنە بوونی هەبووە یان بوونی نەبووە، (هۆبسباوم) و (هەیستینگس)ن.

هۆبسباوم لە فەرهەنگەکاندا بۆ وشەی نەتەوەو ئەو مانایە دەگەڕێت کە دراوە بەو وشەیە و ئەو پێی وایە وشەی نەتەوە پێش ساڵی ١٨٨٤ز بەو مانایە بەکار نەهاتووە کە ئێستا هەیەتی و پێشتر وشەی نەتەوە Nations بە مانای بێگانەکان یان قوتابیان بەکارهاتووە، هەیستینگس ئەم بۆچوونە رەتدەکاتەوەو لەرێگەی چەند دەقێکی مێژووییەوە ئەوە ساغ دەکاتەوە کە ئەم وشەیە بەلایەنی کەمەوە لە زمانی ئینگلیزیدا لەسەدەی چواردەهەم بە دواوە

بەهەمان ئەو مانایەی کە لە ئێستادا هەیەتی بە درێژای ٦٠٠ ساڵ بەکارهاتووە[١٨]. ئەو ڕێگایەی کە بەرەی مۆدێرنیستەکان و بەرەی پێرینیالێستەکانی وەك هەیستینگس بۆ دیاری کردنی بیرۆکەی نەتەوە گرتویانەتەبەر، توانای یەکلاکردنەوەی ئەوەی نییە کە بیرۆکەی نەتەوە کەی سەری هەڵداوە. هۆی ئەمەش ئەوەیە ئەوانە دەیانەوێت لەرێگەی بەکارهێنانی وشەی نەتەوەوە ئەم مەسەلەیە یەکلابکەنەوە.

بۆ ئەوەی ئێمە بزانین بیرۆکەی نەتەوە کەی لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا سەرهەڵدەدات و چۆن پەرەی سەندووە، بەکارهێنانی وشەی نەتەوە لە زمانی ئەڵمانیدا هیچمان پێنالێت. دەکرێت وشەی نەتەوە لە زمانی ئەڵمانی و زمانەکانی تریشدا بە چەند سەدەیەك بەر لەسەرهەڵدانی فەلسەفەی ئەڵمانی بەمانایەك لە ماناکان بەکار هاتبێت. ئەمە بۆخۆی بە هیچ شێوەیەك مانای ئەوە ناگەیێنێ کە لەو سەردەمەدا هوشیاریەکی عەقڵی بەبوونی ئەوە هەبووبێت کە پێیان وتووە نەتەوە، یا هەمان ئەو مانایەشی هەبووبێت کە دواتر  لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا یان لە ئێستادا ئەو وشەیە هەیەتی.

دەکرێت میللەتێك لە سەردەمێکی مێژوویدا هوشیاری بە بوونی نەتەوە پەیدا کردبێت و کەوتبێتە ناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە بەبێ ئەوەی وشەی نەتەوە لە زمانەکەیدا بوونی پەیداکردبێت. ئەوەی ئێمە دەبێت لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا بەشوێنیدا بگەڕین، وشەی نەتەوە نییە بەڵکو ئەوەیە کە ئەو فەلسەفەیە بە نەتەوە ناوی دەبات. ئەمەش ئێمە ناچار دەکات ڕێگایەکی جیاواز لەو ڕێگا زمانییە بگرینەبەر.

کەواتە ئەو ڕێگایەی کە دەبێت بیگرینە بەر کامەیە؟  ئەو ڕێگایەی کە دەبێت بیگرینە بەر هەمان ئەو ڕێگاییە کە فەلسەفەی ئەڵمانی لە پەیبردنی بە بیرۆکەی نەتەوەو پەرەسەندنەکەی گرتویەتیەبەر. ئەی چۆن دەتوانین ئەو ڕێگاو میتۆدە بدۆزینەوە؟ بێگومان هەر دەبێت لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا بۆ ئەو ڕێگاو میتۆدە بگەڕین.

ئێمە لەلای هەموو فەیلەسوفانی ئەڵمان دەتوانین ئەو ڕێگایە بدۆزینەوە، بەڵام ئێمە لەرێگەی هیگڵەوە زیاتر دەتوانین ئەورێگایە بدۆزینەوەو کارەکەمانی پێ ئەنجام بدەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هیگڵ جیا لە فەیلەسوفانی تری ئەڵمان هەوڵی ئەوەی داوە ئەو ڕێگایە لە شێوەی

(١٨) بروانە : ئەنتۆنی دی سمیس: نەتەوەخوازی: 115 .

میتۆدێکدا تیۆریزە بکات و لە زۆر بواریشدا کاری پێ بکات. کارەکەی ئێمە لەبەرئەوەی پەیوەندی بەسەرهەڵدانی بیرۆکەیەك و پەرەسەندنی ئەم بیرۆکەیەوە هەیە لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا، دەتوانین سود لەو کارەی هیگڵ وەرگرین کە لە بواری مێژوو فەلسەفەدا ئەنجامی داوەو لەرێگەیەوە ئەوەی روونکردووەتەوە کە چۆن بیرۆکەیەك لە بیرۆکەکان لەناو قۆناغێك لە قۆناغەکانی فەلسەفەدا سەر هەڵدەدات و دواتر پەرە دەسێنێ.

هیگڵ بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هەر بیرۆکەیەك لەناو قۆناغێك لە قۆناغە مێژووییەکانی فەلسەفەدا، باس لەوە دەکات ئەو بیرۆکەیە چۆن سەرەتا لەناوبیردا پەیدا دەبێت و دواتریش چۆن پەرەدەسێنێ و بەرەوە ئەوە دەڕوات وەك بیرۆکەیەك لەناو بیردا تەواو عەینی ببێتەوەو بەرەو کامڵبوونی خۆی بڕوات. بۆ ئەمەش سێ قۆناغ دیاری دەکات و لەرێگەی ئەو سێ قۆناغەوە پەیدابوونی ئەو بیرۆکەیەو پەرەسەندن و کامڵبوونەکەی دیاری دەکات. ئەو میتۆدەش کە ئەو لەم کارەدا دەیگریتەبەر میتۆدێکی دیالێکتیکییە. لای هیگڵ بیرۆکەکان وەك تۆوی هەر بوونەوەرێکی زیندوو بوونێکی زیندوویان هەیە، زەمینەی دەرکەوتن و پەرەسەندنیان بیرەو بیریش بەهۆی بیرکردنەوەی فەلسەفییەوە پەرەدەسێنێ و بوونی خۆی دیاری دەکات. لەناو بیرکردنەوەی فەلسەفیشدا بیری مرۆڤ دوور دەکەوێتەوەی لەوەی کە لەدەرەوەی خۆیەتی و سەرقاڵ دەبێت بەخۆیەوە، بەهۆی ئەم سەرقاڵبوونەشی بە خۆیەوە ئەو بیرۆکانەی کە لەناویدا وەك کۆمەڵە تۆوێك بوونیان هەیە، دەست بە پەرەسەندنی خۆیان دەکەن و بوونیان لە بوونێکی هەمەکی و پەتییەوە دەگۆڕێت بۆ بوونێکی بە شەکی و دیاریکراو.

بیر کاتێك دەگاتە ناو دۆخە دروستەکەی خۆی، کە خۆی بە باشترینی ئەو شتانەوە سەرقاڵ بکات کە مرۆڤ هەیەتی، باشترینی ئەو شتانەش بیر خۆیەتی، بیر لەم حاڵەتەدا جگە لە خۆی شتێکی تری ناوێت و بە خۆشییەوە نەبێت بە هیچ شتێکی ترەوە سەرقاڵ نابێت، بیر تەنها لەو کاتەدا کاراو چالاك دەبێت کە خۆی بەرهەم بهێنێ، واتە ببێت بە زمینە بۆ ئەو بیرۆکە هەمەکیانەی کە لەناو خۆیدا بوونیان هەیە. بیر بەبێ ئەم خۆبەرهەمهێنانەوەیە بوونی نابێت، ئەوەش لەم خۆبەرهەمهێنانەوەی بیرە دەکەوێتەوە فەلسەفەیە[١٩]. لە لایەکی ترەوە هیگڵ پێی وایە لێکۆڵینەوە لە بیرەکان لەناو فەلسەفەدا، هەوڵێکی زیاتری دەوێت لەو هەوڵە ئاساییەی کە

(١٩) بڕوانە : هیگڵ: مێژووی فەلسەفە ، و: عرفان مستەفا ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،٢٠٠٥، ل ١٥٣.

بیر خۆی تێدا بەرهەم دەهێنێ. گەڕان بە دوای پەیدابوون و پەرەسەندنی بیرۆکەیەك لە قۆناغێك لە قۆناغە مێژووییەکانی فەلسەفەدا، گەشتێکی پشکێنەرانەیە و ئەم گەشتەش پلانەکەی هەر لە ناو بیر خۆیدایەو بەهەمان شێوە بیر لەم گەشتەشدا بە شوێن خۆیدا دەگەڕێت و سەرقاڵە بەخۆیەوە، واتە لەم گەشتەدا بیر بیرۆکەکانی ناو خۆی پەرەپێدەدات. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ گەڕان بەشوێن پەیدابوونی بیرۆکەیەك لە ناوبیردا و پەرەسەندنی ئەم بیرۆکەیە لە رێگەی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفییەوە، بەهەمان شێوە پێویستی بەوەیە کە بیری کەسی بیرکەرەوە هەڵگری بیرۆکەیەك بێت و لە رێگەی گەڕان بە شوێن ئەو بیرۆکەیە لە ناو فەلسەفەکاندا بیر لەناویدا سەرقاڵ بێت بە پەرەپێدانی ئەو بیرۆکەیەی کە لەناو خۆیدا هەیە. گەڕان بە شوێن پەیدابوون پەرەسەندنی بیرۆکەیەك لەناو قۆناغێك لە قۆناغەکانی فەلسەفەدا لەهەمانکاتدا پەرەسەندنی ئەو بیرۆکەیە کە لەناو لێکۆڵەرەکەدا بوونی هەیەو لەرێگەی ئەوەوە کەبیر لەودا سەرقاڵە بەخۆیەوە ئەو بیرۆکەیە پەرەدەسێنێ و زیاتر لەوەی کە لەو قۆناغە فەلسەفییەدا هەیە عەینی دەبێتەوە، ئەمەش ئەوەی دەگەیێنێ گەڕانێکی لەم جۆرە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی هەیە نەك بیرکردنەوەیەکی زانستی و ئەزموونی.

ئێمە دەمانەوێت بەشوێن بیرۆکەی نەتەوەو پەرەسەندنەکەیدا لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا بگەڕێن بۆ ئەمەش هەر دەبێت لە رێگەی ئەو گەرانەوە ئەو بیرۆکەیە پەرە پێبدەین کە لەناو بیری خۆماندا وەك هەمەکییەك بوونی هەیە. واتە دەبێت لێرەدا بیری خۆمان ئاراستەی خۆی بکەین و بەمە بکەوینە ناو بیرکردنەوەوە تا ئەو بیرۆکە هەمەکییەی کە لەناو بیرماندا بوونی هەیە لە بیرۆکەی نەتەوەدا بەشەکی ببێتەوە.

بۆ ئەم کارەش پێویستمان بەوە دەبێت بزانین لەناو کام لە بەرهەمە فەلسەفیانەی ناو فەلسەفەی ئەڵمانی بیرۆکەی نەتەوە لە شێوە هەمەکی و پەتییەکەیدا دەرکەوتووەو لەناو کام لەو بەرهەمانەشدا پەرەی سەندووەو ئەو بیرەش کە لەناو ئێمەدا هەڵگری بیرۆکەی نەتەوەیە چۆن هەڵگری ئەو بیرۆکەیەیە کە لە کۆی ئەو بەرهەمانەدا خۆی شێوەگیر دەکات کە ئەم بیرۆکەیە لەناویاندا سەری هەڵداوەو پەرەی سەندووە.

ئێمە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا بە شوێن سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم بیرۆکەیەدا دەگەڕێن، ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بیرۆکەی نەتەوە لەناو بیردا تەنها لەلایەن فەیلەسوفانی ئەڵمانەوە دەبێت بە بابەت بۆ بیرو بیر لەرێگەیەوە خۆی بەرهەم دەهێنێت.

بیرۆکەی نەتەوە لەناو بیری فەیلەسوفانی ئەڵماندا لە سەرەتادا وەك بیرۆکەیەك لە بیرۆکەکانی بیر دەردەکەوێت و دواتریش هەر لە ناو بیری ئەواندا پەرەدەسێنێ و دەبێتە بەشێکی جیانەکراوەی فەلسەفەی ئەڵمانی.

ئەو رێگایەی کە دەبێت بگیرێتەبەر بۆ گەڕان بە شوێن دەرکەوتنی بیرۆکەی نەتەوە لەناو فەلسەفە جیاوازەکانی فەلسەفەی ئەڵمانیدا، بەهەمان شێوە دەبێت رێگای فەلسەفە خۆی بێت، واتە دەبێت ئەو رێگایە بێت کە بیر لەڕێگەیەوە سەرقاڵ دەبێت بە خۆیەوەو خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، ئەوەش بەم رێگایە بەرهەم دێت بیرۆکەی نەتەوە نییە، بەڵکو مێژووی پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوەیە.

لای هیگڵ هەر بیرۆکەیەك مێژوویەکی بۆ پەرەسەندن لە ناو بیردا هەیەو پەرەسەندنی ئەو بیرۆکەیەش لەناو بیردا رێڕەوێکی تایبەتی خۆی هەیە. سەرتای ئەم مێژووە بەوە دەست پێدەکات کە ئەو بیرۆکەیە لەناو بیردا بوون پەیدا بکات، ئەوەش وادەکات ئەو بیرۆکەیە بۆ نموونە لە بیری فەیلەسوفانی ئەڵماندا بوون پەیدا بکات و لە بیری فەیلەسوفانی یۆناندا بوون پەیدا نەکات، پەیوەندی بەو روحە رەهایەی فەلسەفەوە هەیە کە مێژووی گشتی فەلەسەفە دیاری دەکات، واتە ئەوە ئەو روحەیە کە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی فەلسەفەدا رێگە دەدات بە بیرۆکەیەك لەناو بیری فەیلەسوفاندا بوون پەیدا بکات و لە قۆناغێکی تردا رێگە لە دەرکەوتنی دەگرێت.

بۆ نموونە روحی رەهای فەلسەفە رێگە دەدات بە بیرۆکەی نەتەوە لەناو بیری فەیلەسوفانی ئەڵماندا دەرکەوێت و رێگە نادا لە بیری فەیلەسوفانی یۆناندا دەرکەوێت، ئەم دەرکەوتنەی بیرۆکەکان لەناو مێژووی بیردا بە پێی پلانێکی پێشینە دەڕوات بە رێوەو ئەم پلانە پێشینەیە ئەو رەوتە مێژووییە دیاری دەکات کە بیرۆکەکان بەپێی لەناو بیری فەیلەسوفەکاندا دەردەکەون و پەرەدەسێنن و ئەو مێژووە وەدی دەهێنن کە شیانی ئەوەیە ناوی بنرێت مێژووی بیر.

دوای ئەوەی روحی ڕەها لە قۆناغێکی مێژوویدا بیرۆکەیەك لە بیرۆکەکان لەناو بیردا دەرکەوت پێدەکات، بەمە هانی ئەو کەسە بیرکەرەوانەی ناو میللەتێك دەدات کە لەناو بیری خۆیاندا بە شوێن دۆزینەوەی ئەو بیرۆکەیدا بڕۆن و بیکەن بە بابەت بۆ بیرکردنەوەی خۆیان، لەڕێگەی ئەم گەڕانەوە ئەو بیرکەرەوانە دەتوانن ئەو بیرۆکەیە لەناو بیردا بدۆزنەوەو بیکەنە بابەتێك بۆ بیر خۆی، بەمەش ئەوان دەکەونە ناو فەلسەفەکارییەوە.

روحی رەها ئەم بیرۆکەیە لەناو بیری یەك بیرکەرەوەدا دەرکەوت پێناکات، بەڵکو لەناو هەموو ئەو کەسانەدا کە لەناو میللەتێکدا کەسی بیرکەرەوەن ئەم بیرۆکەیە دەرکەوت پێدەکات، بەڵام چەند بیرکەرەوەیەکی کەم لەو بیرکەرەوانە لەناو بیردا پەی بەو بیرۆکەیە دەبەن و لەناو فەلسەفەدا گوزارشتی لێدەکەن، جگە لەمەش ئەو بیرۆکەیە لەناو یەك نەوەدا دەرکەوت ناکات و لەناو چەند نەوەیەکدا دەرکەوت دەکات و لەناو بیری چەند بیرکەرەوەیەك لە چەند نەوەیەکی جیاوازدا پەرە بەخۆی دەدات و دەگاتە پەرەسەندنی تەواوی خۆی.

هیگڵ پێی وایە بیرکردنەوە تەنها وەك هوشیارێکی تاکەکەسی بوونی نییە، بیرکردنەوە بەر لەوەی وەك هوشیارییەکی تاکەکەسی بوون پەیدا بکات، وەك روحێکی هەمەکی لەخۆیدا بوونی هەیەو ئەم بیرکردنەوە هەمەکییە هەموو ئەو تەرزوو بارە پەرەسەندووانە دەگرێتەوە کە روح بەپێی ئەو بیرۆکانە کە لەناو بیردا دەرکەوتیان دەکات خۆی دەکاتە بابەت بۆ خۆی. بیرۆکەش لەرێگەی ئەوەوە پەرەدەسێنێ کە روحی بیرکەرەوە لەناو بیرکەرەوە جیاوازەکاندا خۆی وەك بیر دەکاتە بابەت بۆ خۆی.

بیرکردنەوە بەر لەوەی لەناو تاکە کەسدا وەك بیرێك کە خۆی کردووە بە بابەت بۆ خۆی بوونی هەبێت، روحێکی هەمەکییەو بەو هەموو دەوڵەمەندییەی خۆیەوە لە کۆی مێژووی بیردا خۆی دەخاتە روو، بوونیشی لەناو تاکە کەسە بیرکەرەوەکاندا بوونێکی بەشەکییەو لەو بوونە هەمەکییەوە سەرچاوە دەگرێت کە مێژووی بیر بەگشتی دیاری دەکات.

دەرکەوتنی بیرۆکەیەك لەناو بیردا کە گەلێك قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی بیردا هوشیاری پێ پەیدا دەکات، شێوەیەکی بەشەکیی دەرکەوتنی بیرە لە خۆیدا، واتە دەرکەوتنکی بەشەکیانەی ئەو روحەیە کە حوکمی مێژووی بیر دەکات. هەر گەلێکیش لەرێگەی بیرکەرەوەکانییەوە گوزارشتێکی بەشەکیانەی لەو روحە رەهایە کردبێت، بەمە کارەکانی خۆی دامەزراندووەو بوونی خۆی بەمە خستووەتە روو.

دەکرێت دوای چەند سەدەیەك میللەتێکی تر بە هەمان شێوە گوزارشتێکی بە شەکی لەم روحە بیرکەرەوەیە بکات و قۆناغێکی پەرەسەندووتر لە مێژووی بیر بهێنێتە ئاراوە. واتە ئەوەی پەیوەندی نێوان قۆناغە مێژووییەکانی پەرەسەندنی بیر دیاری دەکات، روحێکی سەرونەتەوەییەو لەسەروی ئەو کەسانەوە کارەکانی خۆی دەکات کە کەسانی بیرکەرەوەی ناو میللەتێك لە میللەتەکانن.

بیرۆکە لەناو بیردا بوونەوەرێکی زیندووەو وەك هەربوونەوەرێکی زیندوو پێویستی بە زەمەنێکی دیاریکراوە تا پەرەسەندنی خۆی تەواو بکات و بوونی لە بوونێکی هەمەکی و پەتییەوە ببێت بە بوونێکی دیاریکراو، هەربیرۆکەیەکیش لە سەردەمێکی مێژوویدا لەناو زەمەندا دەردەکەوێت، لەلایەن بیرکەرەوەکانی میللەتێکەوە پەرەدەسێنێ و سوڕی ژیانی خۆی تەواو دەکات و دواتر لە سەردەمێکی تردا سەرهەڵدەداتەوەو بەرەو پەرەسەندنێکی باڵاتر هەنگاو دەنێت.

بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە روحی رەها لەناو بیری بیرکەرەوەکانی میللەتێکدا دەرکەوتی پێکردووە، بێتە ناو زەمەنەوەو بوونی خۆی لە بوونێکی سەرەتایی و سادەوە پەرە پێ بدات و خۆی دیاری بکات، دەبێت بیرکەرەوەکانی ئەو میللەتە لەناو بیردا بەدوایدا بگەڕێن و لە شێوە پەتی و سەرەتاییەکەیدا بیکەنە بابەت بۆ بیرکردنەوەی خۆیان و لەناو خۆیاندا وا لە بیر بکەن لە خۆی رامێنێ و لەڕێگەی ئەو بیرۆکەیەوە خۆی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە.

کاتێك بیر لەناو بیرکەرەوەکانی میللەتێکدا لە رێگەی بیرۆکەیەکەوە خۆی دەکات بە بابەت بۆخۆی، ئەوە مامەڵەی لە گەڵ بیرۆکەیەکی هەمەکی و پەتیدا کردووە، ئەم بیرۆکەیە بوونێکی سادەی هەیەو ئەم بوونە سادەیەش دەیەوێت لەڕێگەی بیرکردنەوەی فەلسەفیانەی بیرکەرەوەکانەوە خۆی لەو سادەیی و پەتیەتییە رزگار بکات و لەناو بیردا بوونی خۆی دیاری بکات. لە سەرەتای سەرهەڵدانی هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی بیردا بیرۆکەیە لە ناو بیرکەرەوەکانی ئەو میللەتەدا دەرکەوت دەکات و ئەو بیرۆکەیە لە سەرەتا دەرکەوتکردنییەوە تا دوا قۆناغی پەرەسەندنی خۆی لە ناو بیری ئەو بیرکەرەوانەدا بوونێکی هەمەکی و پەتی هەیەو لە ماوەی ئەو قۆناغەدا لەناو بیرکەرەوەکانی ئەو میللەتەدا بەپێی ئەو زەمەنەی کە بیرۆکەکە تیایدا بوونی خۆی ئاشکرا دەکات لە ئاستی جیاجیاداو بەشێوەگیرکردنی جیاجیا خۆی عەینی دەکاتەوەو لەناو کۆمەڵە فەلسەفەیەکی جیاوازدا خۆی دیاری دەکات.

لای هیگڵ ئەم بیرۆکەیە لە بەرهەمی بیری ئەو فەیلەسوفانەدا کە لەسەرەتای قۆناغە مێژووییەکەدان، هەمەکیەت و پەتییەتی خۆی زیاتر دەپارێزێت و کەمتر بوونی خۆی دیاری دەکات و خۆی ئاشکرا دەکات، لەناو بەرهەمی ئەو فەیلەسوفانەش کە دەکەونە کۆتای قوناغەکەوە ئەم بیرۆکەیە زیاتر پەرە دەسێنێ و زیاتر بوونی خۆی ئاشکرادەکات و وەك بیرۆکەی شتێکی دیاریکراو خۆی دەخاتە روو.

بۆ گەیشتنی ئەم بیرۆکەیە بە پەرەسەندنی تەواوی خۆی و خۆ ئاشکراکردنی لەناو بیردا وەك بیرۆکەی شتێکی دیاریکراو و هەستەکی، هیگڵ سێ قۆناغی دیاری کردووە[٢٠]: قۆناغی یەکەم قۆناغی بیرەو لەم قۆناغەدا بیرۆکەکە تەنها وەك بیرێکی هەمەکی و پەتی لە ناو بیری بیرمەندەکاندا دەردەکەوێت، بۆیە ناتوانین لەم قۆناغەدا بزانین ئەم بیرۆکەیە بیرۆکەی بوونی چ بوونەوەرێکی هەستەکی و عەینییە. قۆناغی دووەم قۆناغی بیرۆکەی سەراپاگیرەو لەم قۆناغەدا ئەو بیرۆکەیە لەناو بیری بیرمەندەکاندا لەوە دەردەچێت کە تەنها بیرۆکەیەك بێت و بەس، بەڵکو دەبێت بە بیرۆکەی شتێك بەڵام ئەم شتە هێشتا بوونەکەی بە تەواوی دیاری نەکراوەو ماویەتی خۆی وەك بیرۆکەی شتێکی عەینی و هەستەکی دیاری بکات. لەم قۆناغەشدا بیرۆکەکە پێویستی بەوەیە زیاتر پەرە بسێنێ و بوونی خۆی لەناو بیری بیرمەندەکاندا دیاری بکات.

قۆناغی سێهەم ئەو قۆناغەیە کە بیرۆکەکە بەتەواوی بوونی خۆی دیاری دەکات و وەك بیرۆکەی شتێکی دیاریکراو کە هەموو مرۆڤێك دەزانێت چییە خۆی دیاری دەکات و ئەوەی لە خۆیدا شاردوویەتییەوە ئاشکرای دەکات، لەم قۆناغەدا بیرۆکەکە دروست وەك ئەوەی کە لە خۆیدا هەیە لەناو بیری بیرمەندەکاندا دەردەکەوێت و لە بەرهەمی بیری ئەواندا دەگاتە پەرەسەندنی تەواوی خۆی.

بۆ روونکردنەوەی ئەم سێ قۆناغەی پەرەسەندنی بیرۆکەیەك کە لەناو بیردا دەرکەوت دەکات، دەتوانین نموونەیەك بهێنینەوەو ئەم سێ قۆناغەی پێ دیاری بکەین:

کاتێك کەسێك دەڵێت: ( س + ص = ع ) ئەوە بە شێوەیەکی هەمەکی و پەتی گوزارشتی لە بیرۆکەیەك کردووە، لێرەدا بیرۆکەکە تەنها وەك بیرێك گوزارشتی لێکراوە، ئەوەی لەم هاوکێشەیدا بۆ ئێمە دیاری کراوە تەنها یاسایەکی هەمەکییە. (س،ص،ع) تەنها لە پێناو ئەوەدا هەن یاساکە دیاری بکەن و خۆیان بوونێکی دیاریکراویان نییە. لەم قۆناغەدا نازانین چی لەگەڵ چیدا کۆ بکەینەوەو ئەوەش لەو کۆکردنەوەیە دەکەوێتەوە نازانین چییە، ئەوەی کە دەیزانین و لەو گوزارشتەدا خۆی ئاشکراکردووە، تەنها یاساکەیە. بەڵام نازانرێت ئەو یاسایە یاسای کۆکردنەوەی چییە، بۆیە لێرەدا ئەو یاسایە وەك بیرۆکە تەنها بیرێکی هەمەکی و پەتییەو جارێ نازانرێت یاسای پەیوەندی کۆکردنەوەی چ شتێکە لەگەڵ چشتێکدا. لێرەدا

(٢٠) بڕوانە : ه.س: ٤٩.

بیرۆکە بیرە، بۆیە ناتوانین بڵێین بیرۆکەی کۆکردنەوەی چ شتێکە، ئەم بیرۆکەیە تەنها بیرۆکەی کۆکردنەوەیەو هیچی تر.

بەڵام کاتێك کەسێکی تر دێت هەمان ئەو بیرۆکە پەتییە بەم شێوەیە گوزارشت لێدەکات: (١ + ٢ = ٣) ئەوە بیرۆکەی کۆکردنەوەکەی بەوە دیاری کردووە کە بیرۆکەی کۆکردنەوەی ژمارەکانە، واتە بیرۆکەی کۆکردنەوەی دوو ژمارەیە کە ژمارە(١) و ژمارە (٢) ن، بەڵام ئەم دیاریکردنەش هێشا دوا دیاریکردنی ئەو شتە نییە کە بیرۆکەکە دەیەوێت دیاری بکات، بیرۆکەکە لێرەدا جگە لە یاساکە چەندیەتی ئەو دوو شتەشی بۆ دیاریکردووین کە بە یاساکە کۆ دەکرێنەوە. دوای ئەم کەسە کەسێکی تر دێت بەم شێوەیە گوزارشت لە بیرۆکەکە دەکات: (یەك سێو و دوو سێو دەکاتە سێ سێو) ، ئەو کەسە بەم گوزارشتکردنە بە تەواوەتی گوزارشتی لەوە کردووە کە لەبیرۆکەکەدا پەنهانەو ئەوەی بۆ ئێمە ئاشکراکردووە کە ئەو بیرۆکەیە بیرۆکەی کۆکردنەوەی شتێکی دیاریکراوە کە سێوە. بیرۆکەکە لێرەدا بە تەواوەتی خۆی ئاشکرا کردووەو لەوە زیاتر دیاریناکرێت و ئاشکراتر نابێت. واتە بیرۆکەکە لێرەدا وەك ئەوەی کە هەیە دەرکەوتووەو بە تەواوەتی لە شتێکدا بەشەکی بووەتەوە، ئەویش کۆکۆدنەوەی چەندیەتی چەند سێوێکە.

بەنموونەی تر دەتوانرێت ئەم بیرۆکەی هێگڵ روونبکرێتەوەو هیگڵ خۆیشی بۆ روونکردنەوەی پەیدابوونی بیرۆکەو پەرەسەندنەکەی نموونەی تر دەهێنێتەوە، ئەوەی گرنگە لە بارەی بوونی بیرۆکەو سروشتی پەرەسەندنەکەیەوە بیزانین ئەوەیە کە بیرۆکە لەوکاتەدا کە لەناو بیردا بوونێکی هەمەکی هەیەو دەبێت بە بابەت بۆ بیرکردنەوەی بیر لە خۆی، هەمەکییەتەکەی وەك هەمەکییەتی ئەو بیرە هەمەکیانە نییە کە ئێمە لەبارەی شتەکانەوە هەمانن، بۆ نموونە کاتێك ئێمە دەڵێین: روەك ئەوە باسمان لە بیرۆکەیەکی هەمەکی و نادیاریکراو کردووە، رووەك هەموو ئەو رووەکانە دەگرێتەوە کە لەناو واقعدا بوونیان پەیدا کردووە، گیاکان رەوەکن هەروەك چۆن درەختەکان روەکن، لەناو درەختەکانیشدا پرتەقاڵ درەختە وەك چۆن سێو درەختە. ئەو بیرۆکەی کە وشەی روەك دەیگەیێنێ بوونێکی هەمەکی و پەتی هەیەو لەدەرئەنجامی ئەوەوە گەیشتوین بەو بیرۆکەیە کە ئەوەی لە نێوان رووەکەکاندا جیاوازەو بووەتە هۆی ئەوەی هەریەك لەوان لەناو واقعدا وەك بوونەروەرێکی هەستەکی بوون پەیدا بکات، لە هەموویانمان داماڵیوەو بەهۆی داماڵینی ئەم جیاوازیانە لەناو بیری خۆماندا گەیشتوین بەوەی کە لە هەموویاندا

یەکە، ئەوەش لە هەموویاندا یەکە بوونێکی پەتی هەیەو ناتوانێت وەك هەریەك لە روەکە جیاوازەکان بوونێکی واقعی و جیاوازی هەبێت، هەر ئەمەشە کە ئێمە ناومان ناوە رەوەك.

ئەوبیرۆکە پەتییەی کە بە داماڵینی جیاوازییەکانی روەکەکان پێی گەیشتوین، هەمان ئەو بیرۆکە پەتییە نییە کە لە ناو بیری بیرمەندەکاندا بوون پەیدا دەکات و دواتر لە ناو فەلسەفە جیاوازەکاندا خۆی عەینی دەکاتەوە. ئەو بیرۆکەیەی کە لەرێگەی داماڵینی جیاوازییەکانەوە پێی دەگەین، بیرۆکەیەکە لەرێگەی جیاوازییەکانەوە بوونی لە بوونێکی پەتییەوە گۆراوە بۆ بوونێکی عەینی و دوای ئەم گۆڕان و پەرەسەندنە، ئێمە هەوڵدەدەین لە رێگەی پرۆسەی داماڵینی ئەوەی کە لە پەرەسەندنی خۆیدا خۆی پێ عەینی کردووەتەوە بگەین بەوەی کە هەمەکی و پەتییەو بەر لە پەرەسەندنەکە بوونی لەناو بیردا هەبووە.

ئەم رێگایەی گەیشتن بە هەمەکی رێگایەکی سەلبییەو لەرێگەی سەلبکردنی ئەوەوە پێی دەگەین کە ئەو لە پەرەسەندنی خۆیدا بەدەستی هێناوە. بۆجیاکردنەوەی ئەم بیرۆکە پەتییە لەو بیرۆکەیەی کە هێشتا بوونی خۆی لەواقعدا لەرێگەی پەرەسەندنەوە عەینی نەکردووەتەوە، دەتوانین دوو زاراوەی جیاواز بە کاربهێنین و یەکەمیان ناو بنێین پەتی و دووەمیان ناو بنێین هەمەکی. یەکەمیان پەتییە چوونکە بە هۆی داماڵینی ئەوەی کە عەینیە پێی دەگەین و دووەمیشیان هەمەکییە چوونکە لەرێگەی پەرەسەندنەوە بوونی خۆی عەینی دەکاتەوەو بۆ ئێمە دەیخاتە روو.

بیرۆکەی روەك لەناو بیری ئێمەدا بیرۆکەیەکی پەتییە نەك هەمەکی، چوونکە ئێمە لەرێگەی ئەوەوە گەیشتووین بەو بیرۆکەیە کە ئەوەی عەینییە لێمان داماڵییووە رووتمانکردووەتەوە لەوەی کە لە پەرەسەندنە ئەنتۆلۆجییەکەی خۆی پێی گەیشتووە. بەڵام کاتێك ئێمە تۆوی روەکێکمان دۆزییەوەو نەمانزانی ئەم تۆوە دەبێت بە چ جۆرە روکێك، لەم حاڵەتەدا لە بەردەم بیرۆکە هەمەکییەکەی رووەکداین و ئەم تۆوە هیچمان لە بارەی ئەوەوە پێناڵێت کە دواتر لە پرۆسەی پەرەسەندندا عەینی دەبێتەوەو خۆی لەرێگەیەوە دیاری دەکات.
ئێمە لەرێگەی ئەو تۆوەوە تەنها ئەوەندە دەزانیین کە تۆوی روەکێکە، بەڵام نازانین ئەو روەکە گیایە یان درەخت، کاتێك دەزانیین گیایە یان درەخەت گەر خستمانە ناو ئەو زەمینەیەی کە تیایدا پەرە دەسێنێ و ئەوە لەخۆیدا ئاشکرا دەکات گیایە یان درەختە. کاتیك ئەم تۆوە لە زەمینەکەی خۆیدا دەڕوێت و رێگای پەرەسەندنی خۆی دەگرێتە بەرو سەر ئەرز دەکەوێت، جا

ئەوە ئاشكرا دەبێت كە ئەم تۆوە تۆوی گیایەكە لە گیاكان یان تۆوی دەرختێكە لە درەختەكان. دوای ئەوەی لەوە زیاتر پەرەدەسێنێ و بەرەو كامڵبوون دەڕوات، جا دەتوانیین وەك درختێكی جیاواز لە درەختەكانی تر ببینین. بەم پرۆسەی پەرەسەندنە ئێمە لەوەوە كە هەمەكییە دەگەین بەوەی كە بەشەكی و عەینییە.

بیرۆكەكانی ناو بیر وەك ئەو تۆوە نەزانراوە بیرۆكەی هەمەكین و وەك ئەو بیرۆكە پەتی نین كە بە هۆی داماڵینی ئەوەوە دەستمان دەكەوێت كە بیرۆكەی هەمەكی لە پەرەسەندنی خۆیدا دەستی خستووە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ هەر بیرۆكەیەك لەو بیرۆكە پەتیانەی كە لە قۆناغێكی مێژوویدا روحی رەها لەناو بیری بیرمەندەكانی نەتەوەیەكدا دەركەوتی دەكات بیرۆكەیەكی هەمەكییەو لەسەرتای ئەو قۆناغەدا وەك تۆوەكە وایەو هیچمان لە بارەی ئەوەوە پێنادا كە بیرۆكەی چ شتێكە.

ئەم بیرۆكەیە لەبیری بیرمەندەكاندا دەبێت پەرەبسێنێ تا خۆی وەك بیرۆكەی شتێكی دیاریكراو دیاری بكات. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بیرۆكە لەناو بیردا وەك تۆوێكی نەزانراوە كە هێشتا بوونی خۆی وەك تۆوی روەكێكی دیاریكراو دیاری نەكردووە بوونێكی هەمەكی و زیندووی هەیەو بۆ ئەوەی خۆی دیاری بكات دەبێت لە زەمەنێكی دیاری كراودا بوونی خۆی لەناو بیری كۆمەڵە بیرمەندێكدا بەهۆی پەرەسەندنەوە هەنگاو بە هەنگاو دیاری بكات.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ گەڕانی ئێمە بە شوێن بیرۆكەیەكی دیاریكراوی وەك نەتەوە لەناو بیری فەیلەسوفانی ئەڵماندا، لێمان دەخوازێت سەرەتای دەركەوتنی ئەم بیرۆكەیە لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا وەك بیرۆكەی شتێكی نادیار دیاری بكەین و شوێن پەرەسەندنەكەی بكەوین و بگەین بەو قۆناغەی پەرەسەندنەكەی كە تیایدا خۆی وەك بیرۆكەی نەتەوە دیاری دەكات و ئەوە لە خۆیدا ئاشكرا دەكات كە عەینی و دیاریكراوە.

گەڕان بەشوێن بیرۆكەی نەتەوەدا لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا سەختییەكەی لەوەدایە كە دەبێت ئەو بیرۆكەیە لە ناو ئەو فەلسەفەیەدا لەو ساتەوەختەدا پەی پێ ببرێت كە بوونێكی هەمەكی هەیەو هێشتا ئەوەی لێدەرنەكەوتووە كە بیرۆكەی چ شتێكە، گەر توانیمان ئەم بیرۆكە هەمەكییە لە سەرتای دەركەوتنیدا لەناوبیردا بدۆزینەوە، كارێكی گەورەمان ئەنجام داوەو توانیمانە ئەو سەرەتایە بدۆزینەوە كە بیرۆكەی نەتەوە لە ناوبیری فەیلەسوفانی ئەڵماندا وەك بیرۆكەیەكی هەمەكی دەركەوت دەكات و دوای دەركەوتكردنەكەی لەناو بیری ئەم

فەیلەسوفانەدا دەست بە پەرەسەندنی خۆی دەکات و خۆی دەگەیێنێ بەو قۆناغەی کە بوونی خۆی وەك بیرۆکەی نەتەوە ئاشکرا دەکات.

### ٤/١-١) پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا

لە دوای سەدەکانی ناوەڕاستەوە فەلسەفە جارێکی تر دەست بەسەرهەڵدانەوە دەکات و دەکەوێتە ناو قۆناغێکی نوێوە، دیکارت بە رابەری راستەقینەی ئەم قۆناغە نوێیەی فەلسەفە دادەنرێت. روحی رەهای فەلسەفە لە بیری دیکارتدا بیرۆکەی (من) دەرکەوت پێدەکات و فەلسەفەی دیکارت گوزارشتە لەم بیرۆکەیە. بەر لە دیکارت (من)ی بیرکەرەوەی مرۆڤ وەك بیرۆکەیەکی هەمەکی بوونی نەبووە، واتە لە ناو فەلسەفەی یۆنانیدا(من) نابێتە بابەت بۆ بیرکردنەوەی فەیلەسوفانی یۆنان، ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئەوروپیدا لەناو بیردا دەرکەوت دەکات. بەڵام بیرۆکەی (من) بیرۆکەی هەمەکی نەتەوە نییە، بیرۆکەی نەتەوە لەدوای دیکارتەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا بوون پەیدا دەکات. بۆیە دەتوانین بڵێین روحی رەهای فەلسەفە ئەم بیرۆکەیە لەناو بیرمەندەکانی گەلی ئەڵماندا دەرکەوت پێدەکات و هەر لە ناو بیرکردنەوەی ئەوانیشدا ئەم بیرۆکەیە پەرەدەسێنێ و خۆی وەك بیرۆکەی نەتەوە دیاریدەکات.

بەبۆچوونی ئێمە بیرۆکەی نەتەوە لە بوونە هەمەکییە نادیاریکراوەکەیدا بۆ یەکەمجار لەناو بیرکردنەوەی لایبێنتزدا بوون پەیدا دەکات و دەبێتە بابەت بۆ بیرو بیر لە رێگەی لایبێنتزەوە بۆ یەکەمجار لە شێوە هەمەکییەکەیدا گوزارشت لەم بیرۆکەیە دەکات.

لەناو بیرکردنەوەی ئەم بیرمەندەدا بیر بۆ یەکەمجار بیرۆکەی نەتەوە هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی خۆی لەڕێگەیەوە بەرهەم بهێنێ. بەرهەمی بیر لەم قۆناغەدا خستنە رووی بیرۆکەیەکی نوێیەو ئەم بیرۆکە وەك ئەو تۆوە وایە کە هێشتا خۆی دیاری نەکردووەو ئەوەی لێ ئاشکرا نەبووە کە بیرۆکەی چ شتێکە، بۆیە لەم قۆناغەی پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە لەناو بیردا، شتێك بەناوی نەتەوەوە بووەنی نییەو ئەوەی لەم قۆناغەدا لە فەلسەفەی لایبێنتزدا گوزارشتی لێکراوە تەنها ئەو یاسا پەتیانەیە کە ماهییەتی نەتەوە پێکدەهێنن. لەم قۆناغەدا نەتەوە بوونێکی عەینی نییەو تەنها ماهییەتێکی هەمەکییەو فەلسەفەی لایبێنتزیش هیچ نییە جگە لە خستنەرووی ئەو سیستەمە پەتییەی کە ماهییەتی نەتەوەیەو دەبێتە بنەما بۆ بوونە عەینی و هەستپێکراوەکەی.

کتێبە فەلسەفییەکانی لایبێنتز هەوڵێکن بۆ تێگەیشتن بە سیستەمێك کە نازانرێت ئەو سیستەمە سیستەمی دیاریکردنی پەیوەندییە ناوەکییەکانی چ بوونەوەرێکە، واتە گوزارشتە لە سیستەمێك و هیچی تر، بۆیە بێمانایە لەناو فەلسەفەی لایبێنتزدا بەشوێن ئەوەدا بگەڕێین، ئەو بوونەوەرە بدۆزینەوە کە هەڵگری ئەو سیستەمەیەو ئەو سیستەمە ماهییەت و پەیوەندییە ناوەکییەکانی پێکدەهێنێ. بۆ گەڕان بەشوێن ئەو بوونەوەرەدا دەبێت لە ناو کۆی فەلسەفەی ئەڵمانیدا بەشوێن پەرەسەندنی ئەو بیرۆکەیەدا بگەڕێین کە لە فەلسەفەی لایبێنتزدا وەك سیستەمی بوونەوەرێکی نادیار گوزارشتی لێکراوە.

بۆ دۆزینەوەی ئەو بوونەوەرەی کە لایبێنتز گوزارشت لە سیستەمی بوون وپەرەسەندنەکەی دەکات، دەبێت لە فەلسەفەی کانتدا هەمان بیرۆکە بدۆزینەوەو لەوە رامێنین کە لەو فەلسەفەیەدا گوزارشتی لێکراوە. کانت لەبەر ئەوەی لەدوای لایبێنتزەوە دێت، ئەم بیرۆکەیە لەلای ئەو زیاتر پەرە دەسێنێ و خۆی دیاری دەکات، واتە لە فەلسەفەی کانتدا کە بەدوای فەلسەفەی لایبێنتزدا دێت، بیرۆکەی نەتەوە لە ئاستە هەمەکییەکەی تێدەپەڕێت و بە جۆرێك لە خۆدیاریکردن خۆی دیاری دەکات، بەڵام لەم قۆناغەشدا هێشتا ئەوەی لێ ئاشکرا نابێت کە بیرۆکەی چ شتێکی دیاریکراو و عەینییە، واتە لەم قۆناغەشدا هێشتا دیار نییە ئەو بیرۆکەیە بیرۆکەی نەتەوەیە یان بیرۆکەی جۆرێکی ترە لە کۆمەڵگا.

ئەم بیرۆکەیە لە ناو فەلسەفەی کانتدا جگە لەوەی کە لە شێوەی سیستەمێکدا خۆی ئاشکرادەکات، ئەوەش ئاشکرا دەکات ئەو سیستەمە سیستەمێکی ئاکارییەو ئەو سیستەمە ئاکاریەش سیستەمی کۆمەڵگایەکە، بەڵام لەم قۆناغەدا ئەوە دیار نییە ئەو کۆمەڵگایە چ جۆرە کۆمەڵگایەکە، واتە ئەم بیرۆکەیە لە فەلسەفەی کانتدا ناگات بە تەواوی پەرەسەندنی خۆی، بۆ ئەوەی بگات بە تەواوی پەرەسەندنی خۆی دەبێت لەناو بیری فەیلەسوفانی دوای کانتدا پەرە بە بوونی خۆی بدات خۆی وەك سیستەمی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بخاتە روو.

لە دوای کانتەوە ئەم بیرۆکەیە لەناو بیرکردنەوەی هێردەرو فیختەو هیگڵدا خۆی وەك سیستەمی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی دەردەخات و لەمەشەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت ئەو بیرۆکەیەی کە لە فەلسەفەی لایبێنتزدا لە شێوەی سیستەمێکدا دەرکەوتووەو لە فەلسەفەی کانتدا وەك سیستەمی کۆمەڵگایەك گوزارشتی لێکراوە، لەلای هێردەرو فیختەو هیگڵ بووە بە سیستەمی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی.

لەمەوە ئەوە دەردەکەوێت ئەو بیرۆکەیەی کە روحی رەهای فەلسەفە لە بیری لایبێنتزدا بۆ یەکەمجار دەرکەوتی پێدەکات، بیرۆکەی نەتەوەیە. لەمەشەوە ئێمە دەگەین بەوەی کە سەرتای دەرکەوتنی بیرۆکەی نەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ لایبێنتز و سەرەتاکانی فەلسەفەی ئەڵمانی. گەر بمانەوێت پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا لە رێگەی دوو نموونەکەی پێشووەوە روون بکەینەوە بەم شێوەیە دەبێت: لە فەلسەفەی لایبێنتزدا ئەم بیرۆکەیە وەك بیرۆکەی سیستەمێك دەردەکەوێت بەڵام نازانرێت ئەم سیستەمە سیستەمی پەیوەندییە ناوەکییەکانی بوونەوەرە نازیندووەکانە یان سیستەمی پەیوەندییە ناوەکییەکانی بوونەوەرە زیندووەکانە یان سیستەمی پەیوەندییە ناوەکییەکانی کۆمەڵگایەکی مرۆییە. لای ئەو، ئەو سیستەمە سیستەمی پەیوەندییە ناوەکییەکانی نێوان مۆنادەکانە، بەڵام نازانین ئەوەی ئەو بە مۆناد ناوی دەبات بوونەوەرێکی زیندووە یان بوونەوەرێکی نازیندووە یان بوونەوەرێکی عاقڵە کە مرۆڤە. ئەم قۆناغە لە مێژوو پەرەسەندنی بیرۆکەکەدا وەك ئەو قوناغە وایە کە تیایدا تۆوێك وەك تۆوی روەکێك دەردەکەوییێت بەڵام نازانرێت ئەم تۆوە تۆوی گیایەکە لە گیاکان یان تۆوی درەختێکە لە درەختەکان.

لە یاسای کۆکۆدنەوەکەشدا وەك یاسا جەبرییەکە وایە و نازانرێت یاسای کۆکردنەوەی چ شتێکە. مۆنادیش کە یەکەی ناو سیستەمەکەیە لە نموونەی روەکەکەدا وەك تۆوەکە وایە نازانرێت چییە. لە یاسای کۆکردنەوەکەشدا وەك (س،ص،ع) وایە و نازانرێت چییە، ئەوەی تەنها دەزانرێت یاساکانە.

ئەم بیرۆکەیە لە فەلسەفەی کانتدا جگە لەوەی وەك سیستەمێك دەردەکەوێت ئەوەشی لێدەردەکەوێت کە ئەو سیستەمە سیستەمی رێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە، واتە لە فەلسەفەی کانتدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە مۆنادەکان مرۆڤەکانن و سیستەمەکەش سیستەمی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە. ئەم قۆناغە لە یاسای کۆکۆدنەوەکەدا بەرامبەر بەو قۆناغەیە، کە(س،ص،ع) لە یاساکەدا نرخەکەیان دیاریدەکرێت و ئەوە ڕووندەبێتەوە ئەو یاسایە یاسای کۆکردنەوەی کۆمەڵە چەندییەتییەکی دیاریکراوە بە ژمارەکان، لە تۆوەکەشدا لەم قۆناغەدا ئەوە دیاریدەکرێت کە ئەو تۆوە تۆوی درختە یان تۆوی رووەکە.

لە قۆناغی سێهەمی پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەوەی لایبێنتز ناوی نابوو مۆنادو کانت ناوی نابوو تاکەکەسی ئاکاری، تاکە کەسێکی نەتەوەییەو ئەو

سیستەمەش پەیوەندی نێوان ئەو تاکە نەتەوەییان ڕێکدەخات ئەو سیستەمەیە کە ماهییەتی نەتەوەیەو بوونی نەتەوە لەسەری دادەمەزرێت.

ئەم قۆناغەی پەرەسەندنەی کە لە یاسای کۆکۆدنەوەکەدا ئەو قۆناغەیە تیایدا ئەوە دەردەکەوێت ئەو چەندییەتییانەی کە یاسای کۆکۆدنەوەکە کۆیان دەکاتەوە چەندییەتی کۆمەڵە سێوێکە، واتە(س) سێوێکە و (ص) دوو سێوەو(ع) سێ سێوە و یاساکەش یاسای کۆکردنەوەی سێوێکە لە گەڵ دووسێو. لە تۆوەکەشدا لەم قۆناغەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەو تۆوە تۆوی درەختێکە و ئەو درەختەش بوونێکی سەربەخۆو جیاوازی هەیە لە درەختەکان و یەکێکە لە جۆرەکانی درەخت. لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە بیرۆکەی نەتەوە لە ناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا وەك بیرۆکەیەکی عەقڵی سەر هەڵدەدات و هەر لە ناو ئەو فەلسەفەیەشدا لە بیرۆکەیەکی هەمەکییەوە پەرە دەسێنێ و لە دوای زیاتر لە سەدەیەك وەك بیرۆکەی نەتەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا دەردەکەوێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەو سەرەتایەی کە لێکۆڵەرە مۆدێرنیستەکان بۆ بیرۆکەی نەتەوە دیاریان کردووە سەرتای راستەقینەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوە نییەو ئەم بیرۆکەیە بەر لەوەی لە لای فیختەو هێردەر دەرکەوێت لەلای لاییبێنتز و کانت بوونی هەبووەو گوزارشتی لێکراوە. ئەم بیرۆکەیە لە فەلسەفەی فیختەو هێردەرو هیگڵدا تەنها وەك بیرۆکەی نەتەوە خۆی دیاری دەکات و ئەم خۆدیاریکردنەشی وەك بیرۆکەی نەتەوە لە کۆتایی پەرەسەندن و دیاریکردنی خۆیدایە. واتە فیختەو هێردەر لە دوا پەرەسەندنی ئەم بیرۆکەیە گوزارشتیان لە بیرۆکەکە کردووە و بیرۆکەکە لە لای ئەوان سەرەتای دەرکەوتنی نییە، بەڵکو دوا دەرکەوتنییەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بۆ تێگەیشتن لە ماهییەتی نەتەوەو سەرەتای دەرکەوتنەکەی دەبێت بگەڕینەوە بۆ مۆنادۆلۆجیای لاییبێنتز نەك بۆ کتێبی گوتارەکانی فیختە.

ئەو دەر ئەنجامەی کە لە گەڕانمان بە شوێن سەرهەڵدان پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوەدا پێی گەیشتوین، دەرئەنجامێکی مەترسیدارە لە سەر ئەو لێکۆڵینەوە نوێیانەی کە لە لایەن مۆدێرنیستەکان و ئەو لێکۆڵەرانەوە ئەنجامدراون کە سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوە دەبەستنەوە بە سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم و کۆمەڵگای پیشەسازی و نەتەوەخوازییەوە.

گەر سەرتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوە بگەڕێتەو بۆ لاییبێنتز، ئەوە ئەو بۆچوونە هەڵە دەردەچێت کە بیرۆکەی نەتەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر هەڵدانی نەتەوەخوازی و دەوڵەتی مۆدێرن.

سەرەڕای ئەمەش ئەو بۆچوونەی کە لە لێکۆڵینەوەکاندا زۆر پێی لە سەردادەگیرێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بیرۆکەی نەتەوە لەلایەن کۆمەڵە بیرمەندێکی گەورەوە تیۆریزە نەکراوە، هەڵە دەردەچێت. چوونکە بەپێی ئەو دەرئەنجامەی کە ئێمە لێرەدا پێی گەیشتووین، گەورە فەیلەسوفانی ئەڵمان هەریەکەیان تیۆریزەکارێکی گەورەی بیرۆکەی نەتەوەیەو ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بیرۆکەی نەتەوە نەك هەر تیۆریزەکاری نییە، بەڵکو عەقڵە مەزنەکانی ئەوروپا هەریەکەیا بە شێوەیەك لە شێوەکان تیۆریزەی سیستەمی ئەو کۆمەڵگا مرۆییەی کردووە کە بە نەتەوە ناو دەبرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بیرۆکەی نەتەوە تیۆریزەکاری مەزنتری هەیە لە بیرۆکەی ئەو جۆرانە لە کۆمەڵگا کە بەدرێژای دووسەدە بیرمەندانی تری رۆژئاوا خۆیان بە تیۆریزەکردنیانەوە سەرقاڵکردووە.

فەلسەفەی ئەڵمانی نشینگەی راستەقینەی بیرۆکەی نەتەوەو پەرەسەندنەکەیەتی و بەبێ گەڕانەوە بۆ لایبێنتز ناتوانین ئەو سیستەمە دیاری بکەین کە پەیوەنی نێوان ئەندامەکانی ناو نەتەوە دیاری دەکات، بەبێ گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی کانتیش ناتوانین ئەو کەلتورە بدۆزینەوە کە لەناو تاکەکانی نەتەوەدا هەڵسوکەوتی نەتەوەیی تاکەکان دیاری دەکات و وەك تاکێکی نەتەوەی پێناسەیان دەکات، بە بێ گەڕانەوەش بۆ فیختەو هێردەرو هیگڵ ناتوانین پەی بەو رێگایە بەرین کە کەسێك دەبێت بیگرێتە بەر تا ببێت بە تاکێکی نەتەوەیی.

بۆیە گەڕان لە دەرەوەی فەلسەفەی ئەڵمانیدا بۆ ناسینی نەتەوە دەبێت بە گەڕان بە شوێن شتێکدا لە دەرەوەی سەرچاوە راستەقینەکەو بواری دەرکەوتنەکەی. ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات ئەوەی کە نەتەوە نییەو هیچ پەیوەندییەکی بەنەتەوەوە نییە وەك نەتەوە بیناسین ئەو هەستەی لە بارەی نەتەوەوە هەمانە بیدەین بەو و ئەویش لەبەرامبەر ئەودا هیچمان نەداتێ.

لێرەدا گرنگە نەتەوە بەو مانایەی کە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا هەیە جیای بکەینەوە لە نەتەوە بەومانایەی کە لە لێکۆڵینەوەکانی بواری نەتەوەخوازیدا هەیە، ئەم جیاکردنەوەش دواتر بەرەو ئەوەمان دەبات کە جیاکاری بکەین لە نێوان تیۆرەکانی نەتەوەو نەتەوەخوازیدا. نەتەوە لە تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوەدا شتێکەو لە تیۆرەکانی نەتەوەخوازیدا شتێکی ترە، ئەوەی کە ئێمە تائێستا پێی ئاشناین نەتەوەیە لەناو تیۆرەکانی نەتەوەخوازیدا نەك لە ناو تیۆرەکانی نەتەوەدا. نەتەوە لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا بەپێی تیۆرەکانی نەتەوە تیۆریزەکراوە، نەك بە پێی تیۆرەکانی نەتەوەخوازی. لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا شتێکمان بە ناو نەتەوەخوازی و

دروستکردنی نەتەوەکانەوە نییە، لەناو ئەم فەلسەفەیدا نەك نەتەوە دروستناکرێت تەنانەت بیرۆکەی نەتەوەش بیرۆکەیەکی خەیلکردو دروستکراو نییەو بە خەیالْ دروستنەکراوە. واتە نەتەوە لەناو ئەم فەلسەفەیەدا نە یۆتۆپیایەو نە فەنتازیایەکی خەیالْییەو دروستکراوی خەیالْ و حەزو ئارەزووەکانە. نەتەوە لەناو ئەم فەلسەفەیەدا بوونەوەرێکی عەقڵییەو وەك بیرۆکەی عەقڵیی هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە دوورن لەوەی مرۆڤ توانای دروستکردنیانی هەبێت و بە شێوەیەکی سروشتی هەن و بوونێکی خۆرسك و سروشتیان لەناو عەقڵی مرۆڤدا هەیەو دەرکەوتنیان لەناو بیرکردنەوەی میللەتەکاندا لەدەستی بیرمەندانی ئەو میللەتەدا نییەو لەرێگەی ئەوانەوە ناگوازرێنەوە بۆ ناو تاکەکانی ئەو میللەتە.

بیرۆکەی نەتەوە دەبێت خۆی بە شێوەیەکی سروشتی و لەناو روحی کۆیی میللەتدا سەر هەڵبدات و لەناو بیرکردنەوەی کەسە بیرمەندەکانی ئەو میللەتەدا پەرە بە بوونە عەقڵییەکەی بدات، یان لە شێوەی فەلسەفەییەکدا دەرکەوێت یان لە شێوەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوە دەبێت و دروستناکرێت.

رۆلی بیرمەندەکانی نەتەوەیەکیش لە پەیدابوونی نەتەوەدا ئەوەندەیە کە زەمینە خۆش بکەن بۆ پەیدابوونی، ئەوەی فیختە لە گوتارەکانیدا بۆ گەلی ئەڵمان ئەنجامی دەدات دروستکردن و گواستنەوەی بیرۆکەی نەتەوە نییە بۆ گەلی ئەڵمان، بەڵکو بانگهێشتکردنی گەلی ئەڵمانە بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ پەیدابوونی نەتەوە، واتە بۆ پەیدابوونی ئەوەی کە فیختە پێی وایە لەناو رووحی ئەو میللەتەدا ئامادەبووە بۆ لەدایکبوون.

ئەمەش جیاوازی نێوان فیختەو هێردەرە لەگەڵ ئەو نەتەوەخوازانەدا کە لای مۆدێرنیستەکان نەتەوە دروست دەکەن لەرێگەی گواستنەوەی کەلتورێکەوە کە تەنها بوونی لە ناو خەیاڵی نەتەوەخوازەکاندا هەیەو ئەرکی نەتەوەخوازەکان ئەوەیە لەناو خەیاڵی ئەو خەڵکە بێ ئاگایەدا بیچێنن کە هیچی لەبارەوە نازانن و هیچ ریشەیەکی لەناو خیاڵیاندا نییەو ئەوەی هەیە تەنها هەستێکی سادەیە بەرامبەر بەنەتەوەو ئەم هەستەش هەستە بەرامبەر بە بوونەورێك کە هیچ پەیوەندییەکی بەو بوونەوەرەوە نییە کە نەتەوەخوازەکان دەیانەوێت لەناو ئەواندا بە ناوی نەتەوەوە بیچێنن.

نەتەوە لەناو بیری فەیلەسوفانی ئەڵماندا بیرۆکەیەکی زیندووە هەروەك ئەو بیرۆکە زیندووەی ئیسلام وایە کە روحی رەها لەناو بیرکردنەوەی کۆمەڵە بیرمەندێکی سەردەمی

موحەمەد دەرکەوتی دەکات و لەناو ئەواندا بە شێوەیەکی کارەکی پەرەدەسێنێ و لەشێوەی ئەوکۆمەڵگا زیندووەدا دەردەکەوێت کەبەمانا راستەقینەکەی ئیسلام کۆمەڵگایەکی ئیسلامییە.

نەتەوە لە ناو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازەکاندا دروست وەك ئەو کۆمەڵگایە وایە کە لەدوای کامڵبوونی کۆمەڵگا ئیسلامییە راستەقینەکەوە بیرۆکەکەی ئیمامە مەزهەبییەکان لە شێوەی شەریعەتێکی دروستکراودا گوزارشتی لێدەکەن و دەیگوازنەوە بۆناو خەیاڵی ئەو خەڵکەی کە بێئاگان لێی و لەخەیاڵیاندا هیچ شتێك پەیوەست بەو شەریعەتەوە بوونی نییەو بەمەش ئەو کۆمەڵگا مەزهەبییە دروست دەکەن کە بە درێژایی هەزارو سێسەد ساڵ بەناوی ئەو کۆمەڵگایەوە ناسراوە کە لەسەردەمی موحەمەد و هاورێکانیدا وەك کۆمەڵگایەکی زیندوو لە دایك دەبێت و پەرەدەسێنێ و هەر لە سەردەمی ئەواندا دەگات بە کەماڵی خۆی و ئەو روحە رەهایە لەرێگەی قورئانەوە بانگهێشتی کامڵ بوونەکەی دەکات.

نەتەوە لەناو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازەکاندا بیرۆکەیەکی زیندوو نییە کە بە خۆی لەناو بیردا پەرەبسێنێ و بەرەو کەماڵی خۆی بڕوات، نەتەوە لەناو ئەم ئایدیۆلۆجیایەدا پەیڕەووپرۆگرامێکەو لەلایەن کۆمەڵە ئیمامێکەوە دانراوەو دەبێت نەتەوەخوازەکان جێبەجێ بکەن، واتە نەتەوە شتێك نییە بۆ بوون و پەرەسەندن، بەڵکو شتێکە بۆ دروستکردن و جێبەجێکردن.

نەتەوە لە ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازیدا لە پەیڕەو پرۆگرامی حزبێکی دروستکراو دەچێت و دەبێت خەڵکی کار بۆ جێبەجێکردنی بکەن، نەتەوە بیرۆکەیەکی عەقڵی نییە کە پێویستی بەوە بێت لە بیری میللەتێکدا دەرکەوت بکات و لەرێگەی بیرکردنەوەوە لەناو بیری خەڵکیدا بەرەبەرە پەرە بسێنێ و لە شێوەی فەلسەفەیەکدا وەك فەلسەفەی ئەڵمانی یان لە شێوەی کۆمەڵگایەکدا وەك کۆمەڵگا قورئانییەکەی سەردەمی موحەمەد بگاتە تەواوی پەرەسەندنی خۆی. نەتەوە لەناو ئەم ئایدیۆلۆجیایەدا بوونەوەرێکی زیندوو نییە کە لە ناو پەرەسەندندا بەرەبەرە خۆی ئاشکرا بکات و بوونی خۆی بۆ ئێمە دیاری بکات.

نەتەوە لەناو ئەم ئایدیۆلۆجیایەدا بوونێکی کامڵی هەیەو هەر لەسەرەتاوە بیرۆکەی دروستکردنی کۆمەڵگایەکە کە بوونەکەی لای ئەوان رۆشنەو هەمووشتێ لەبارەیەوە دەزانن و پێویستیان بەوە نییە چاوەڕی ئەوە بکەن تا بە پرۆسەی پەرەسەندا بڕوات و بوونی خۆی روون

بكاتەوە. نەتەوە لەناو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازەكاندا وەك ئەو كۆمەڵگا ئیسلامییەی ناو مەزهەبەكان بوونێكی كامڵی هەیەو پێوەیستە بەوە نییە وەك بیرۆكەیەك پەرە بسێنێ و ئەوەی لە ناویدا نادیارە ئاشكرای بكات.

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ نەتەوە لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا بوونێكی راستەقینەی هەیەو بیرۆكەی خوا، حەقیقەت، دادوەری ....هتد چۆن لەناو ئەم فەلسەفەیدا وەك بیرۆكەیەكی عەقڵی بوونێكی راستەقینەیان هەیەو لە رێگەی هەستەكانەوە لەدەرەوەی عەقڵەوە نەگوازراونەتەوە بۆناو عەقڵ، ئاوەهاش بیرۆكەی نەتەوە بیرۆكەیەكی عەقڵی راستەقینەیەو بە شێوەیەكی پێشینە لەناو عەقڵی مرۆیدا بوونی هەیەو وەك هەر بیرۆكەیەكی عەقڵیش توانای پەرەسەندن و خۆدیاریكردنی هەیە. بەڵام نەتەوە بەو مانا باوەی كە لەناو لێكۆڵینەوەكانی بواری نەتەوەخوازی و ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازیدا هەیە، بیرۆكەیەكی عەقڵی نییەو بیرۆكەیەكی دروستكراوی سەردەمی مۆدێرنەیەو وەك هەر دروستكراوێكی تری ئەو سەرەدەمە لەلایەن نوخبەیەكەوە دروستكراوەو لەرێگەی نەتەوەخوازەكانەوە بەناو خەڵكیدا وەك بەرنامەیەك بڵاوكراوەتەوەو پەیڕەوكراوە.

لەبەشی داهاتوودا پەرەسەندنی بیرۆكەی نەتەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا لە چوارچێوەی تیۆرێكی سەربەخۆدا بە ناوی تیۆری عەقڵی بۆ پەیدابوونی نەتەوەكان بەدرێژی دەخەینە روو، دەركەوتنی بیرۆكەی نەتەوەوە لەناو ئەم فەلسەفەیەدا تا دەگاتە پەرەسەندنە تەواوەكەی خۆی روون دەكەینەوە.

بەشی دووەم:

# تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوە

دەبێت تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوە لە تیۆرەکانی نەتەوەخوازی جیابکەینەوە، تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوە لە دەرەوەی نەتەوەخوازییەوە باس لە پەیدابوونی نەتەوەکان دەکەن و بوونی بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز کە هەڵگری ئایدیۆلۆجیای دروستکردنی نەتەوە بێت، لەناو ئەم تیۆرانەدا جێی باس نییە. جگە لەمەش سەدەی نۆزدە ئەو سەدەیە کە دەتوانین بەو سەدەیەی بزانین کە تیایدا تیۆرەکانی سەرهەڵدانی نەتەوەکان کامڵ دەبن و بوونی و پەرەسەندنی نەتەوەکان بە تەواوەتی لە ڕێگەی ئەم تیۆرانەوە تیۆریزە دەکرێت. لەم سەدەیەشدا نەتەوەخوازی نابێتە بابەتێك بۆ تیۆریزەکردن و لێکۆڵینەوە.

تیۆرەکانی نەتەوەخوازی لە شەستەکانی سەدەی بیستدا دەردەکەون و نەتەوەخوازی دەکەن بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوەو تیۆریزەکردن. ئەو لێکۆڵەرانەی کە نەتەوەخوازی لە بابەتێکی ئاساییەوە دەکەن بە بابەتێکی تیۆری، خۆیان دان بەم ڕاستییەدا دەنێن. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ باسکردن لە تیۆرەکانی نەتەوەخوازی لەسەدەی نۆزدەدا ڕێگەی نابێتەوە، ئەوەی لەم سەدەیەدا وەك بابەتێك تیۆریزە دەکرێت و لە بابەتێکی ئاساییەوە دەبێت بە بابەتێکی تیۆریی نەتەوەیە نەك نەتەوەخوازی.

یەکێك لەو هەڵە گەورانەی کە لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی تێی کەوتوون و تائێستاش لەسەری بەردەوامن ئەوەیە کە لەسەدەی نۆزدەدا باس لە تیۆرەکانی نەتەوەخوازی دەکەن و فیختەو هێردەر دەکەن بەرابەری لێکۆڵینەوە تیۆرییەکانی بواری نەتەوەخوازی و لای هەندێ لە لێکۆڵەریش دەکرێن بە کەسانێکی نەتەوەخوازو سەرخەری ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازی.

لەڕاستیدا ئەوەی لەسەدەی نۆزدەدا دەبێتە جێی باسی لێکۆڵەران، نەتەوەیە نەك نەتەوەخوازی و لای ئەو لێکۆڵەرو بیرمەندو فەیلەسوفانەی کە نەتەوەیان وەك بابەتێك تیۆریزە کردووە نەك هەر نەتەوەخوازییان نەکردووەتە بنەما بۆ بوونی نەتەوە بەڵکو شتێك بەناوی نەتەوەخوازی لای ئەوان بوونی نەبووە.

بۆیە دەبێت ئەوتیۆرانەی کە لەبنچینەدا تیۆری پەیدابوونی نەتەوەن جیا بکەینەوە لەو تیۆرانەی کە لەسەدەی بیستەمدا وەك تیۆرەکانی نەتەوەخوازی سەرهەڵدەدەن، گەر ئەم جیاکارییە نەکەین ئەوە ناتوانین لە دەرەوەی تیۆرەکانی نەتەوەخوازی لە مانای نەتەوە تێبگەین و بوون و پەرەسەندنی نەتەوە شی بکەینەوە. ئەوەی لەم بەشەدا جێگەی باسکردنی ئێمەیە نەتەوەیە لە روانگەی تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوەوە نەك نەتەوە لە روانگەی تیۆرەکانی

نەتەوەخوازییەوە، باسکردن لە نەتەوە لە چوارچێوەی تیۆرەکانی نەتەوەخوازیدا هەڵدەگرین بۆ بەشی سێهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

## ١/٢) پۆلێنکردنی تیۆرەکانی نەتەوە

ئەنتۆنی دی سمیس کە یەکێکە لە لێکۆڵەرە ناودارەکانی بواری نەتەوەخوازی و لە بارەی پرۆسەی بەنەتەوەبوونی نەتەوەکان ونەتەوەخوازیی، بە یەکێك لەو چوار لێکۆڵەرە دەزانرێت کە لەم بوارەدا بۆچوونەکانیان لەناو ناوەندە ئەکادیمییەکانی دنیادا بۆچوونی زاڵن و لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ئەم بوارەدا فەرامۆش ناکرێن و وەك مەرجەعێکی گرنگی بواری نەتەوە و نەتەوەخوازی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

سیمیس لەگەڵ ئەوەشدا تیۆرەکانی نەتەوە تێکەڵ بەتیۆرەکانی نەتەوەخوازی دەکات و وەك تیۆرەکانی نەتەوەخوازی پۆلێنیان دەکات و دەیانخاتەڕو، بەڵام شتێکمان لەبارەی تیۆرەکانی نەتەوە لە سەدەی نۆزدەدا پێدەڵێت. ئەم لێکۆڵەرە لە کتێبێکیدا بە ناوی (نەتەوەخوازی) هەوڵدەدات ئەو بۆچوونە گرنگانەی کە لە بواری نەتەوەو نەتەوەخوازیدا هەن لە چوارچێوەی چەند تیۆرێکی گشتیدا پۆلێنیان بکات و هەریەکەیان بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بنەما فکرییەی کە لەسەری دامەزراوە. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لەڕێگەی گفتوگۆکردنێکی رەخنەیانەی پۆلێنکردنەکەی ئەوەوە، بۆچوونە تیۆرییەکانی ئەم بوارە بەپێی بنەماکان پۆلێن بکەینەوەو ئەو تیکەڵکارییەی کە لە پۆلێنکردنەکەی ئەودا هەیە چارەسەری بکەین.

سمیس لەکارەکەی خۆیدا باس لەوە دەکات کە لە سەدەی نۆزدەدا دوو بۆچوونی سەرەکی لە بارەی بوونی نەتەوەوە هەبوون، بۆچوونێکیان پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە بنەمای بوونی نەتەوە ویستی خەڵك و ئەو مێژووە هاوبەشەیە کە ئەو خەڵکە لەسەردەمێکدا بەهۆی پێکەوە ژیانەوە بۆیان دروست بووە. واتە بنەمای بوونی نەتەوە ویستی پێکەوە ژیان و بوونی ئەو یادەوەرییە هاوبەشەیە کە کۆمەڵە گروپێکی جیاواز هەیانە، ئیتر مەرج نییە ئەو کۆمەڵە گروپە لە خەڵك سەر بەیەك زمان و یەك کەلتوری ئەتنیکی و یەك رەچەڵەك بن. کەلتوری هاوبەشی ئەوان ئەو مێژووە هاوبەشەیە کە رێککەوت بۆ ئەوانی دروست کردووەو بوونیشان بەنەتەوە لەرێگەی هەڵبژاردنی پێکەوەژیانیانەو کارکردنیانە بۆدرێژەدان بەو مێژووەو دروستکردنی ئەو داهاتووەی کە خۆیان دەیانەوێت. واتە بەپێی ئەم بۆچوونە بنەمای بوونی

نەتەوەکان، مێژوویەکی هاوبەشە کە هەڵگری یادەوەری هاوبەشی کۆمەڵە گروپێکی کۆمەڵایەتی جیاوازە لەگەڵ ویستیك بۆ پیکەوەژیان لە داهاتوودا.

ئەوەی لەم بۆچوونەدا گرنگی پێدەدرێت ئەوەیە کە ئەندامانی نەتەوەیەك بە ویستی خۆیان ئەوەیان هەڵبژاردووە کە سەر بەو نەتەوەیە بن و سەربەنەتەوەبوون بڕیارێکی ناچارانە نییەو ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەو ئەندامەکانیان بە ئارەزووی خۆیان ئەوەیان هەڵبژاردووە کە لەگەڵ گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تردا کە خاوەنی مێژوو و یادەورییەکی هاوبەشن نەتەوەیەك پێك بهێنن یان پێکی نەهێنن. ئەوانەش کە نەتەوەیان پێکهێناوە هەرکاتێك بیانەوێت دەتوانن لەناو پێکهاتەی ئەو نەتەوەیە بێنە دەرەو لەگەڵ کۆمەڵە گروپێکی تردا میژوو و یادەورییەکی هاوبەش دروست بکەن و نەتەوەیەکی تری جیا لەنەتەوەکەی پێشوو پێك بهێنن، چوونکە (نەتەوە راپرسییەکی رۆژانەیە) لەو راپرسییە رۆژانەیەدا هەرگروپێك لە گروپەکانی نەتەوە دەتوانێت بریاری ئەوە بدات کە لەگەڵ گروپەکانی تردا لەناو پێکهاتەی ئەو نەتەوەیەدا بمێنێتەوە یان نەمێنێتەوەو هەوڵبدا لەگەڵ کۆمەڵە گروپێکی تردا نەتەوە پێکبهێنێ.

ئەم بۆ چوونە بۆچوونێکی سیاسییەو لەڕووی چییەتییەوە نەتەوە لە پارتە سیاسییەکان نزیك دەکاتەوەو واسەیری نەتەوە دەکات کە هەمان دروستەی پارتێکی سیاسیان هەیە، بەڵام لە ئاستێکی گەورەتردا. چۆن کەسێك دەتوانێت دەنگ بدات بە هیزێکی سیاسی و دەنگ نەدات بەهێزێکی تر، ئاواش گروپێکی کۆمەڵایەتی دەتوانێت دەنگ بدات بەوەی کە سەر بە نەتەوەیەك بێت یان سەر بەو نەتەوەیە نەبێت.

سمیس ئەم بۆچوونە بە بۆچوونێکی ڤۆڵەنتەریست ناو دەبات و پێی وایە ئەم بۆچوونە پێ لەسەر پێویستی لە ئارابوونی ئارەزوویەکی ئاشکرا بۆ بەردەوامبوونی ژیانی هاوبەش دادەگرێت و دژی ئەو بۆچوونەیە کە پێی وایە گروپە کۆمەڵایەتییەکان و ئەندامەکانیان هەر لەگەڵ لەدایکبوونیاندا بوونە نەتەوەییەکەیان بە سروشت دیاری کراوەو ناچارن سەر بەو نەتەوەیە بن کە لەگەڵ لەدایکبوونیاندا لە چارەیان نووسراوە.

لە بەرامبەر بۆچوونی ڤۆڵەنتەریستیانە بۆ بوونی نەتەوە، هەر لەسەدەی نۆزدەدا بۆچوونێکی تر هەیە کە سمیس بە بۆچوونی ئۆرگانیستی ناوی دەبات. بەپێی ئەم بۆچوونە گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و ئەندامەکانیان هەر بەسروشت لە چارەیان نووسراوە سەر بە نەتەوەیەك بن و سەر بەنەتەوەیەکی تر نەبن. بەپێی ئەم بۆچوونە ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیانەو

ئەندامەکانیان ناتوانن بوونە نەتەوەییەکەی خۆیان بە ویستی خۆیان هەڵبژێرن و گەر ئارەزویان نەبوو سەر بە نەتەوەیەك بن بە راپرسیەك بە ویستی خۆیان نەتەوەکەیان بگۆڕن، چوونکە بوونی نەتەوەیی ئەوان بەستراوە بە سروشت و ئەو کەلتوورە ئەتنیکییەوە کە ئەو سروشتەی ئەوان بەرهەمی هێناوە.

بە پێی ئەم بۆچوونە بنەمای بوونی نەتەویی گروپەکان و ئەندامەکانیان سروشتی ئەوانەو ئەوان بە ناچاری دەبێت بوونی نەتەوەییانەی خۆیان لەناو ئەو نەتەوەیەدا قبووڵ بکەن کە گروپەکانی هاوسروشت و هاوخوێن وهاوکلتوورو هاوزمانن.

سمیس بۆ ئەوەی ئەم دوو بۆچوونەی سەدەی نۆزدە وەك دوو بۆ چوونی جیاواز بخاتە روو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێ سیاسییە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لە نێوان ئەڵمانیاو فەرەنسادا لە سەر ئەلیساتییەکان دروست دەبێت. سیمیس پێی وایە ئەو دوو بۆچوونە بۆ پەیدابوونی نەتەوە لەو گفتووگۆیەدا گوزارشتیان لێکراوە کە لە نێوان ئێرنست رینان و هاینریخ فۆن تراشیکدا روودەدات، رینان لە موحازەرەیەکدا لە ساڵی ١٨٨٢گوزارشت لە بۆچوونە ڤۆڵەنتریستییەکە دەکات و ئەوە روون دەکاتەوە کە راستە ئەلیساتییەکان بە ئەتنیك ئەڵمانن بەڵام ئەوان بە ئاشکرا دەیانەوێت بوونی نەتەوەیی خۆیان لەڕێگەی نەتەوەی فەرنسییەوە گوزارشت لێبکەن و لەمەشدا پشت بەو یادەوەریانە دەبەستن کە لە مێژووی هاوبەشی ئەوان و نەتەوەی فەرەنسیدا هەن.

لەلایەکی ترەوە تراشیك پشت بە بنەمایەکی ئەتنیکی و زمانی دەبەستێ و لەم رێگەیەوە ئەوە بەڕەوا دەزانێت کە ئەڵمانەکان خاکی ئەلیساس و لۆرین بخەنەوە سەر ئەڵمانییاو ئەلیساتییەکان بگەڕێننەوە بۆ نەتەوەی ئەڵمان. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ تراشیك بەپێی بۆچوونە ئۆرگانیستییەکەو بنەما سروشتییەکەی گوزارشتی لە بوونی نەتەوە کردووە(٢١).

سمیس بۆ ئەوەی زیاتر بۆچوونە سروشتی و ئۆرگانیستییەکە بۆ ئێمە روون بکاتەوە، لەم بارەیەوە بۆچوونی چەند لێکۆڵەری تری بواری نەتەوەو نەتەوەخوازی دەهێنێتەوەو لە هەموشیان گرنگتر بۆچوونەکانی ئیلیا قەدوورییە کە لە بارەی فەیلسوفە ئەڵمانەکانی وەك کانت و فیختەو هێردەرو پەیوەندی بۆچوونەکانی ئەوان بە ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازییەوە لێکۆڵینەوەی

(٢١) ئەنتۆنی دی سمیس: نەتەوەخوازی: ٥٢.

ئەنجامداوەو لێکۆڵینەوەکەی بە یەکێك لەو کارە تیۆرییە سەرپشکانە بەناوبانگە کە لە بوارە ئەکادیمییەکەدا لەبارەی نەتەوەو نەتەوەخوازییەوە هەن.

قەدووری پێی وایە بۆچوونی ئۆرگانیکی و سروشتی بۆ نەتەوەو نەتەوەخوازی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەریتە فیکرییەی کە سەدەیەك باڵی بەسەر فەلسەفەی ئەڵمانیدا کێشابوو، ئەم نەریتەش لە کارەکانی کانت و هێردەر فیحتە و پێش ئەوانیش لە بۆچوونە سروشتخوازەکانی رۆسۆوە سەرچاوەی گرتبوو، بەپێی ئەم بۆچوونە نەتەوەکان لە باوەشی سروشتدا لەدایك دەبن، ئەم بۆچوونە کە بۆچوونی فەیلەسوفێکی سیاسی کۆتایی سەدەی هەژدە(sieyes)ەو لەلایەن فەیلەسوفانی ئەڵمانەوە لەوانەش فیختە جەختی لەسەر دەکرێتەوە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت ئەو نەتەوانەی کە هاوزمان و هاوئەتنیکن بنەمای بوونیان بە نەتەوە سروشتە(٢٢).

ئەم بۆچوونەی قەدووری لەبارەی فەیلەسوفە ئەڵمانەکانی سەدەی نۆزدە کە ئەو بە رۆمانتیکە ئەڵمانەکان ناویان دەبات، لەلایەن لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی بەبێ گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسوفانەو پەیوەندیان بە نەتەوەوە، دووبارە دەکرێتەوە.

بەپێی ئەم بۆچوونە باوەی لێکۆڵینەوەکانی بواری نەتەوەخوازیدا، تەنها دوو تیۆر لە بارەی پەیدابوونی نەتەوەکانەوە لە سەدەی نۆزدەدا هەن، تیۆرێکیان تیۆری فەیلەسوفە ئەڵمانەکانی سەدەی نۆزدەیەو بەپێی ئەم تیۆرە بنەمای بوونی نەتەوەکان سروشتی ئەو کۆمەڵە کەسەیە کە هاوخوێن وهاوکەلتورو هاو زمانن، واتە نەتەوە بوونێکی سروشتی هەیەو ویستی مرۆڤ هیچ رۆڵێکی لەدروستکردنیدا نییە.

بۆچوونی دووەمیش ئەو بۆچوونەیە کە رینان لەبارەی پەیدابوونی نەتەوەکانەوە تیۆریزەی دەکات و بەپێی ئەم بۆچوونە بوونی نەتەوەکان بنەمایەکی سروشتی نییەو گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەرێگەی مێژوو و کۆمەڵە یادەورییەکی هاوبەشەوە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن نەتەوەکان پێك بهێنن و نەتەوە بەبێ بوونی ویست وئارەزووی ئەو گروپانەو ئەو مێژووە هاوبەشەی کە لەگەڵ یەك هەیانە نایەتە بوون، واتە نەتەوە لەسەر خواست وئارەزووی گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوەزەکان دێتەبوون و بەبێ بوونی خواست ئارەزوویەکی لەو جۆرە نەتەوە بوونی نابێت.

---

(٢٢) بروانە: هـ.س: ٥٢-٥٣.

ئەم پۆلێنکردنە بۆ تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوەکان لەدوو رووەوە کێشەی تیایە، لەروویەکەوە بۆچوونی عەقڵی بۆ پەیدابوونی نەتەوەکان لەگەڵ بۆچوونی سروشتی تێکەڵ دەکات و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەم تێکەڵکارییەوە بۆچوونە عەقڵییەکەی فەیلەسوفانی ئەڵمان دەخاتە دەرەوەی پۆلێنکردنەکە، لەکاتێکدا لە سەدەی نۆزدەدا گرنگترین تیۆرە لەبارەی پەیدابوونی نەتەوەکان و لە رووی مێژوویشەوە پێش هەردوو تیۆرەکەی تر دەکەوێت و لە رووی تیۆرییشەوە بنەماکان و بەڵگەکاری و سەلماندنەکانی فراوانترو بەهێزترن لە دوو تیۆرەکەی ترو بەرهەمی بیرکردنەوەی ئەو فەیلەسووفە گەورانەیە کە رابەرایەتی فکری ئەوروپاییانکردووە. راستە ئەم تیۆرە لەرووی سیاسییەوە لەوانەیە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام لەرووی فکری و تیۆرییەو بەبێ ئەم تیۆرە ناکرێت بۆچوونێکی روونی زانستیمان لە بارەی پەیدابوونی نەتەوەکانەوە چنگ کەوێت.

گەر ئەم تیۆرە عەقڵییەی پەیدابوونی نەتەوەکان ئەو گرنگییەی لە رووی فکری و زانستییەوە هەبێت، بۆچی لە لایەن لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازییەوە وەك تیۆرەکانی تر باس نەکراوەو پەرەی پێنەدراوە؟ لەراستیدا ئەمە دوو هۆی گرنگی هەیە:

یەکەم: لێکۆلەرەکانی بواری نەتەوەخوازی زووربەیان یان مێژوونووسی سیاسین یان کۆمەڵناسن و ئەمەش وایکردووە ئەو خبرە زانستییەی کە هەیانەو ئەو بوارە زانستییەی کاری تیادەکەن ناچاریان بکات لە واقعی کۆمەڵگاکانەوە بیرۆکەی نەتەوە وەربگرن و بەپێی ئەو واقعەی کە کۆمەڵگاکان لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە پیایدا تێپەڕیون باس لە پەیدابوونی نەتەوە بکەن. واتە باسکردنیان لە پەیدابوونی نەتەوەکان سەرچاوە لەو حاڵەتە جیاوازانەی کۆمەڵگا جیاوازەکانەوە دەگرێت کە لەناو جیهانە مۆدێرنەکەدا هەیانە. ئەوان بۆ ئەوەی بۆچوونێك لە بارەی پەیدابوونی نەتەوەکان و توخمەکانی ئەم پەیدا بوونەوە قبووڵ بکەن یان رەتی بکەنەوە، پەنا دەبەنە بەر ئەو واقعە سیاسییەی کە گەلێك یان چەند گەلێك لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا هەیانە، هەر ئەمەشە وایکردووە کە لە لێکۆلینەوەکانی ئەو لێکۆڵەرانەدا ئەو هەموو بۆچوونە جیاوازە لە بارەی پەیدابوونی نەتەوەکانەوە بێتەئاراوە.

ئەو لێکۆڵەرانە بەهۆی ئەوەوە کەبیرۆکەی نەتەوە لە واقعی کۆمەڵگا جیاوازەکانەوە وەردەگرن، ناتوانن بگەنە ئەو بیرۆکە هەمەکییە عەقڵییەی کە لە ناو عەقڵدا بۆ نەتەوە هەیە. لەکاتێکدا لای فەیلەسوفانی ئەڵمان کە خاوەنی تیۆرە عەقڵییەکەی نەتەوەن، نەتەوە

بیرۆکەیەکی عەقڵی و هەمەکییەو لە باسکردن و لێکۆڵینەوە لە پەیدابوونە جیاوازەکانی نەتەوەکاندا پشتی پێدەبەستن و ئەمەش وادەکات لێکدژی و ناکۆکی نەکەوێتە ناو بۆچوونەکانیانەوە.

دووەم: لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی بە هۆی ئەوەوە کە کۆمەڵناس و مێژوونووسی سیاسین تواناى تێگەیشتنیان لە بۆچوونە فەلسەفیەکانی فەیلەسوفانی ئەڵمان نییەو هەر ئەمەش وایکردووە ئەوان بۆچوونی عەقڵی ئەم فەیلەسوفانە لەگەڵ ئەو بۆچوونە سروشتخوازە تێکەڵ بکەن کە کەسێکی وەك رۆسۆ بانگهێشتی بۆ دەکردو گۆستاف لۆبۆن کە هاوسەردەمی رینانە لە کتێبی (نهێنی پەرەسەندنی نەتەوەکان)دا وەك تیۆرێك لە تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوەکان دایدەڕیژێت و بەڵگەکاری بۆدەکات.

لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی هەر بۆچوونە عەقڵییەکەیی فەیلەسوفانی ئەڵمان تێکەڵ بەبۆچوونە سروشتخوازەکەی رۆسۆ ناکەن، بەڵکو بۆ شاردنەوەی تیۆرە عەقڵییەکەی پەیدابوونی نەتەوە، گۆستاف لۆبۆن کە هاوسەردەمی رینانەو لە رۆسۆ باشتر بەڵگە کاری بۆ بۆ بۆچوونە سروشتخوازییەکەی پیدابوونی نەتەوەکان دەکات باسناکرێت و وەك تیۆرە عەقڵییەکە دەبێتە بەشێکی گرنگی نابیرلێکراوە(لا مفکر و فیە) ی لیکۆڵینەوە مۆدێرنەکانی بواری نەتەوەو نەتەوەخوازی.

کاتێك دەڵێین باسنەکردن لە تیۆرە سروشتخوازییەکەی گۆستاف لۆبۆن لە پێناو شاردنەوەی تیۆرە عەقڵیەکەدایە، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەولێکۆڵەرانە بە باسنەکردنی بۆچوونەکانی لۆبۆن هێزێکی زیاتریان بەخشیوەتە ئەو تێکەڵکارییەی کە لەنێوان بۆچوونە عەقڵییەکەو بۆچوونە سروشتییەکەدا کردوویانەو لەرێگەیەوە تیۆرە عەقڵییەکەیان بردووەتە دەرەوەی تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوەکان. ئەو تێکەڵکارییەی کە ئەوان لەنێوان ئەو دوو تیۆرەدا کردوویانە لە یەك کاتدا بووتە هۆی ئەوەی تیۆرە سروشتخوازەکە زۆر لاوازتر لەوەی کە هەیە دەرکەوێت و دەرکەوتنە لاوازەکەشی وەك لاوازی بیرکردنەوەی ئەو فەیلەسوفە ئەڵمانانە بخرێتە روو کە هیچ پەیوەندییەکی بە بۆچوونە سروشتخوازەکەی ئەوانەوە نییە. واتە ئەوان بەو تێکەڵکارییە بەتیرێك دوو کێشکەیان کشتووە. بەهۆی ئەو کەموکورتیانەی کە لە پۆلێنکردنەکەی سمیسدا بۆ تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوە لە سەدەی نۆزدەدا هەن، ناچارین پۆلێنکردنێکی تر بۆ ئەو تیۆرانە بکەین و ئەو بۆچوونانەی کە لە لێکۆڵینەوە مۆدێرنەکانی بواری نەتەوە ونەتەوەخوازیدا

فەرامۆشکراون لەم پۆلێنکردنەدا بایەخیان بۆ بگەڕێنینەوە و لە پۆلە راستەقینیەکانی خۆیاندا پۆلێنیان بکەینەوە.

بەبۆچوونی ئێمە لە سەدەی نۆزدەدا سێ بۆچوونی تیۆری جیاواز لە بارەی پەیدابوونی نەتەوەکانەوە هەن، هەریەك لەم بۆچوونە تیۆریانە شتێك بە بنەمای بوونی نەتەوەکان دەزانێ کە جیاوازە لەوەی تریان.

کۆنترینی ئەم سێ بۆچوونە تیۆرییە بوونی نەتەوەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ هوشیارییەکی عەقڵی کە میللەتێك لە میللەتەکان لە سەردەمێکی مێژوویدا پێی دەگات و نەتەوە وەك بیرۆکەیەکی پەتی لە عەقڵەوە بەرەو واقع دەبات و لەواقعێکی مێژوویدا بەرجەستەی دەکات. ئەم بۆچوونە عەقڵ دەکاتە بنەما بۆ پەیدابوونی نەتەوەکان لەمێژوودا. ریشەکانی ئەم تیۆرە لەناو فەلسەفە عەقڵییەکەی (لایبێنتز)و (کانت) دایەو دوای ئەوانیش لەلایەن هێردەرو فیختەو هیگڵەوە پەرە بەم بۆچوونە عەقڵییە دراوەو وەك تیۆرێك لە تیۆرەکانی پەیدا بوونی نەتەوەکان خراوەتەڕوو.

بەپێی ئەم تیۆرە نەتەوە نە کۆمەڵگایەکی سروشتییەو نە کۆمەڵگایەکی سیاسی، نەتەوە کۆمەڵگایەکی ئاکارییەو بە شێوەیەکی پێشینە بوونی لەناو عەقڵدا هەیەو لە قۆناغێکی مێژوویدا ئەو بوونە عەقڵییەی لەناو میللەتێکدا دەگۆڕێت بە بوونێکی مێژوویی و واقعی و لە شێوە کۆمەڵگایەکی ئاکاریدا شێوەگیر دەبێت.

بۆچوونی دووەم ئەو بۆچوونە تیۆرییەیە کە ریشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوە سروشتخوازانەکەی رۆسۆ و ئەو بیرمەندو سیاسیانە کە بنەمای بوونی نەتەوەکان دەگەڕێننەوە بۆ سروشتی میللەتەکان و ئەو کەلتوورو زمانەی کە بەشێوەیەکی سروشتی بوون بە خاوەنی. بە بۆچوونی ئێمە گۆستاف لۆبۆن لە سەدەی نۆزدەدا بەسوود وەرگرتن لە بۆچوونەکانی پیش خۆی ئەم بۆچوونە سروشتخوازە لە شێوەی تیۆرێکدا بۆ لێکدانەوەی پەیدابوونی نەتەوەکان پەرەپێدەدات و لەو سەردەمەشدا ئەم تیۆرە دەبێت بە تیۆرێك لە تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوەو کاریگەری ئەم تیۆرەش تا ئەم سەردەمە بەردەوام دەبێت.

بەپێی ئەم تیۆرە نەتەوەکان کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی سروشتین و بوونیان بە ستراوە بەو خوڵق وخووەی کە سروشتیان بەرهەمی هێناوەو نەوە بەنەوە بەشێوەیەکی بۆماوەیی لەباوباپیرانیانەوە بۆیان گوازراوەتەوەو ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی هەریەکەیان بوونێکی جیاوازی لەوی تریان

هەبێت. نەتەوەکان بەرلەوە لەواقعدا بوون پەیدابکەن لە سروشتی کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی ئەتنیکی جیاوازدا بوونیان هەیەو بە هۆی تیکەڵبوونی سرووشتیانەی ئەو کۆمەڵگا ئەتنیکیانەو پەرەسەندنە سروشتییەکەیانەوە لە واقعیاندا شێوە دەگرێت و لە شێوەی کۆمەڵگایەکی سروشتی گەورەتر لە کۆمەڵگا ئەتنیکییە سروشتییەکان دەردەکەون و بەرجەستە دەبن. ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە لە لێکۆڵینەوەکانی بواری نەتەوەخوازیدا بە پریمۆردیالیزم ناوبراوەو بە هەڵە دراوەتە پاڵ فەیلەسوفانی ئەڵمان.

بۆچوونی سێهەم ئەو بۆچوونەیە کە لەلێکۆڵینەوە نوێکانی بواری نەتەوەخوازیدا بە بۆچوونی ڤۆڵەنتەریستی ناوبراوە، ئەم بۆچوونە ریشە فکرییەکانی دەگەرێتەوە بۆ ئەو بیرکردنەوە ئەمپریکییەی کە ئەزموون و ویستی مرۆڤی دەکاتە بنەمای مەعریفەی مرۆیی، رابەرانی ئەمجۆرە لە بیرکردنەوە (جۆن لۆك )و (داڤید هیوم) و ئەو بیرمەندانەن کە پێیان وایە بنەما مەعریفەی مرۆیی دەوروبەرکەیەتی و مرۆڤ بەبێ تاقیکردنەوەو ئەزموون ناتوانێ هیچ لە بارەی خۆی و دەوروبەرەکەیەوە بزانێت. لە بنچینەدا ئەم بۆچوونە لە پەرچەکرداری بۆچوونە عەقڵییەکەی دیکارت و لایبێنتزەوە سەرچاوە گرتبوو.

لە سەدەی نۆزدەدا ئێرنیست رینان پەرە بەم بۆچوونە دەدات و ئەزموون و ویستی کۆیی کۆمەڵگا ئەتنییکییە سروشتییەکان دەکاتە بنەمای پەیدا بوونی نەتەوەکان. بەپێی بۆچوونەکەی رینان کۆمەڵە گروپێکی کۆمەڵایەتی بە رێککەوت رووداوێکی مێژوویی کۆیان دەکاتەوەو دوای ئەوەی بۆیان دەردەکەوێت کۆبوونەوەیان لەناو ئەو رووداوەدا لە بەرژەوەندی هەموویاندایە، بە ویستی خۆیان بریار دەدەن کە کۆمەڵگایەك پێك بهێنن، ئەم کۆمەڵگایەش پێی دەوترێت نەتەوە.

کەوابێت نەتەوە بەپێی ئەم بۆچوونە کۆمەڵگایەکی سیاسییەو ئەزموونی مێژوویی چەندگروپێکی کۆمەڵایەتی و ویستی کۆیی ئەو گروپانە بۆ پێکەوە ژیانێکی هاوبەش دروستی دەکات. ئەمەی سەرەوە ئەوە دەگەیێنێ لە سەدەی نۆزدەدا سێ تیۆرمان بۆ پەیدابوونی نەتەوەکان :

١) تیۆری عەقڵی

٢) تیۆری سروشتی

٣) تیۆری دروستەیی

لەم بەشەی باسەکەماندا بەپێی ئەو دابەشکردنەی سەرەوە بۆ تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوە، هەریەك لەو سێ تیۆرە بە وردی بە فراوانی دەخەینە روو و باس لە بۆچوونەکانی ئەو فەیلەسوف و بیرمەندانە دەکەین کە رۆڵیان بینیوە لە شێوەگیرکردنی هەریەك لەو تیۆرانە.

ئەو پۆلێنکردنەی سەرەوە بۆ تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوەو دیاریکردنی بیرمەندەکانیان وچۆنییەتی پەرەسەندن و شێوەگیربوونی بیرۆکەکەیان زادەی ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەن. لەم کارەی ئێمەدا پۆلێنکرنی تیۆرەکان و دیاریکردنی بیرمەندەکانیان و پەرەسەندن وشێوەگیر بوونی بیرۆکەکانیان جیاوازە لەوە کە لە لێکۆڵینە مۆدێرنەکانی بواری نەتەوەخوازیدا کراوە، ئەوش وایکردووە ئێمە لە کارەکەی خۆماندا پشت بە پۆلێنکارییەکانی تری بواری تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوەکان نەبەستین، ئەو تێکەڵکارییەیە کە لە پۆلێنکردنەکانی تردا لە نێوان تیۆری سروشتی و تیۆر عەقڵییەکەدا کراوە.

ئەو تێکەڵکارییەیە کە لێکۆڵەرانی ئەم بوارە لە نێوان تیۆرە گرنگەکانی پەیدابوونی نەتەوەکاندا کردویانە، مەبەستێکی ئایدیۆلۆجی لە پشتییەوە هەیەو هەوڵێکە بۆ دروستکردنی مەرجەعێکی مەعریفە بۆ رەوایەتی دان بەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە شوێنکەوتەی مۆدێرنیزمە، ئەوان بە هۆی ئەم تێکەڵکارییەوە توانیویانە تیۆرێك لە تیۆرەکان بکەن بە مەرجەعێك بۆ ئەو سیستەمە سیاسییە نێودەوڵەتییەی کە رەوایەتی دەدات بە بوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی جیهان و لەمەشدا کورد دەبێتە گەورترین قوربانی ئەو ئایدوویۆلۆژیایەی کە ئەو لێکۆڵەرانە بۆ ئەو هێزە نێودەوڵەتییەی جیهان سازیانکردووە و رەوایەتیان داوە بە دەسەڵاتە سیاسییەکەی، چارەنوسی میللەتان بە ئارەزووی خۆی دیاری بکات.

## ٢/٢) تیۆری عەقڵی و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە

لە بەشی پێشودا ئەوەمان ساغ کردەوە فەلسەفەی ئەڵمانی نشینگەی راستەقینەی بیرۆکەی نەتەوەیەو بیرۆکەی نەتەوە لە ناو ئەم فەلسەفەیەدا سەرهەڵدەدات و لەگەڵ پەرەسەندنی ئەم فەلسەفەیەشدا پەرە دەسێنێ و لە کۆتایدا وەك بیرۆکەی نەتەوە لە ناو فەلسەفەی فەیلەسوفە ئەڵمانەکانی سەدەی نۆزدەدا خۆی دەخاتەڕوو. لێرەدا هەوڵدەدەین لە ڕێگەی خستنەڕووی تیۆرە عەقڵییەکەی نەتەوەوە باس لە پەیدابوونی بیرۆکەی نەتەوەو قۆناغەکانی پەرەسەندنی لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا بکەین و پەرەسەندنە دیالێکتیکییەکەی لەناو بیری فەیلەسوفە

جیاوازەکاندا بخەینەڕوو و مێژووی پەرەسەندنەکەی لەناو ئەم فەلسەفەیدا تیۆریزە بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا دەبێت باس لە بوونە هەمەکییەکەی ئەم بیرۆکەیە بکەین لە ناو فەلسەفەی لایبێنتزداو دواتر باس لەپەرەسەندنە سەرەتاییەکەی بکەین لە فەلسەفەی کانتدا و دوای ئەمەش لە فەلسەفەی فیختەو هیگڵدا ئەوە روون بکەینەوە کە ئەو بیرۆکەیە چۆن تەواو پەرەدەسێنێ و خۆی وەك بیرۆکەی نەتەوە دیاری دەکات. بەم کارە ئێمە لەو تیۆرە عەقڵییە تێدەگەین کە لەبارەی نەتەوەوە هەیەو بووتە تیۆرێك لە تیۆرە گرنگەکانی ناو فەلسەفەی ئەڵمانی.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئەورپییەوە مرۆڤ دەبێتە جێگەی تێڕامان و لەلای دیکارت کە رابەری فەلەسەفەی ئەوروپییە، (من)ی مرۆڤ دەبێتە ئەو بنەمایەی کە مەعرفەی راستەقینەی مرۆیی لەسەری دادەمەزرێت، ئەوەی بابەتی بیرکردنەوەی دیکارت بوو، دۆزینەوەی بنەمایەکی جێگیرو راستەقینە بوو بۆ مەعریفەی مرۆیی لە بارەی خۆی و خواو جیهانەوە. کارە فەلسەفییەکانی دیکارت لە سنوری (من)ێکی تاکانەوە تێناپەڕن بۆ ئەو سیستەمە عەقڵییە کە پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵە (من)ێك رێك دەخات، ئەمەش وا دەکات نەتوانین لەناو فەلسەفەی دیکارتدا بۆ ریشەکانی ئەو تیۆرە عەقڵییەی نەتەوە بگەڕین کە لە سەدەی نۆزدەدا لەلایەن فەیلەسوفانی ئەڵمانەوە پەرەی پێدەدرێت.

بۆ دۆزینەوەی ڕیشە فکرییەکانی ئەم تیۆرە دەتوانین بگەڕینەوە بۆ کارە فەلسەفییەکانی لایبێنتز، چوونکە لایبێنتز کۆمەڵگای (من)ەکان دەبێتە جێی تێڕامانی و هەوڵدەدات پەی بەو سیستەمە ببات کە ئەو (من)نانە لەناو کۆمەڵگایەکی عەقڵیدا کۆدەکاتەوەو پەیوەندییەکانیان رێك دەخات. بیرۆکەی نەتەوە لەسەرەتادا لە شێوەی کۆمەڵگایەکی عەقڵیدا دەردەکەوێت کە عەقڵ پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی رێکدەخات، لایبێنتز بە هیچ شێوەیەك ئەو کۆمەڵگا عەقڵییە بە نەتەوە ناو نابات، بەڵام ئەم کۆمەڵگایە هەر هەمان ئەو کۆمەڵگا عەقڵییەیە کە فیختەو هیگڵ ناوی دەنێن نەتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ریشە فکرییەکانی ئەو تیۆرە عەقڵییەی کە فەیلەسوفە ئەڵمانەکان لە سەدەی نۆزدەدا برەوی پێدەدەن لەناو تێڕامانە فەلسەفییەکانی لایبێنتزدایە بۆ کۆمەڵگای (من)ە مرۆییەکان.

لەلێکۆڵینەوە نوێکانی بواری نەتەوەخوازیدا بە هیچ شێوەیەك باس لەوە نەکراوە کە ریشەی فکری بیرۆکەی نەتەوە لای فەیلەسوفانی ئەڵمانی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە بۆ

تێرامانەکانی لایبێنتز لەو کۆمەڵگایەی کە لەسەر بنەمای عەقڵ دادەمەزرێت، لەکاتێکدا هیگڵ کە یەکێکە لە تیۆریزەکارانی بیرۆکەی نەتەوەو تیۆرە عەقڵییەکە باس لەوە دەکات ئەو بیرۆکەیەی ئەو لەسەر بوونی نەتەوە هەیەتی لایبێنتز پێش ئەو لەڕێگەی کۆمەڵە چەمکێکی میتافیزیکییەوە شێوەگیری کردووە.

لە دوای لایبێنتز (ئەمانوئێل کانت) لە سەدەی هەژدەدا هەمان ئەو بیرۆکەیەی لایبێنتز پەرە پێدەدات، کانت لە کتێبی (بنەماکانی میتافیزیکای ئاکار) بە ناوی کۆمەڵگایەکی ئاکارییەوە باس لە هەمان ئەو سیستەمە عەقڵییە دەکات کە سیستەمی پەیوەندی (من)ە عاقڵەکانی لایبێنتزەو ئەم سیستەمە وەك سیتەمێکی عەقڵی بۆ ئاکاری مرۆیی دەخاتەڕوو.

لەناو لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەو نەتەوەخوازیدا ئاماژە بە بۆچوونەکانی کانت دەکرێت و هەندێك لە لێکۆڵەران ریشە فکرییەکانی تیۆرە سروشتییەکە دەگەڕێننەوە بۆ ناو فەلسەفە ئاکارییەکە کانت، بەڵام ئەوەی وایان لێدەکات ئاماژە بە کانت بکەن ئەوەیە کە کانت لە تیۆریزەکردنی کۆمەڵگا عەقڵییەکەدا -کە لەلای ئەو کۆمەڵگایەکی ئاکارییە- باس لە خۆفەرمانڕەوایەتیکردن (ئۆتۆنۆمی)ی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا ئاکارییە عەقڵییەکە دەکات.

ئەوەی لە لێکۆڵینەوە نوێکاندا گفتووگۆی لە بارەوە دەکرێت، ئەوە نییە کە ئایا ئەو کۆمەڵگا ئاکارییەی کە کانت باسی دەکات هەمان ئەو کۆمەڵگا نەتەوەییەیە کە لە سەدەی نۆزدەدا هێردەرو فیختە و هیگڵ باسی دەکەن یان هەمان ئەو کۆمەڵگایە نییە؟ بەڵکو ئەوەیە ئەو فەیلەسوفە ئەڵمانانەی کەباس لە نەتەوە دەکەن هیچ سوودێکیان لە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی ئیرادە وەرگرتوو یان هیچ سوودێکیان وەرنەگرتووەو ئەو بیرۆکەیە هیچ پەیوەندییەکی بە بیرۆکەی نەتەوەو نەتەوەخوازییەوە نییە؟.

ئیلیا قەدووری بۆ یەکەمجار ریشە فکرییەکانی نەتەوەخوازی دەگەڕێنێتەوە بۆ فەلسەفەکەی کانت، ئەو پێی وابوو: نەتەوەخوازی ئایدیۆلۆجیایەکە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لە لایەن فەیلەسوفانی ئەڵمانەوە داهێنراوە، ئەمەش لەکتێبەکەی فیختەدا (بانگەوازێك بۆ نەتەوەی ئەڵمان) دەردەکەوێت، نەتەوەخوازی لەم سەردەمەدا بڕوابوون بوو بەو ئیرادەیەی کە فەیلەسوفە ئەڵمانەکان (رۆمانتیکە ئەڵمانەکان) لە فۆرمە ئایدیاڵییەکەی ئەمانۆیل کانتدا بە ناوەڕکێکی کۆمەڵگیرەوە بانگهێشتیان بۆدەکرد. هێردەر یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە بۆچوونەکەی کانتی لە بارەی ئۆتۆنۆمی ئیرادەوە بۆ گروپە کۆمەڵایەتی و زمانییەکان لە شێوە کۆمەڵگیرەکەیدا

بەکاردەهێنا[٢٣]. قەدووری هەرچەندە پەی بەوە بردووە کە پەیوەندییەك لە نێوان تێرامانەکانی کانت و ئەو فەیلەسوفانەی سەدەی نۆزدەدا هەیە، بەڵام ئەو نەیتوانیوە پەی بەوە بەرێت کە پەیوەندی نێوان تێڕامانی ئەو فەیلەسوفانە لە بارەی نەتەوەوە و تێڕامانی کانت لەبارەی کۆمەڵگای عەقڵییەوە، پەیوەندی نێوان دوو فۆرمی جیاوازی هەمان بیرۆکەن، بەڵکو ئەو پێی وایە ئەوەی کانت لەبارەی ئیرادەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا عەقڵییەکەوە تیۆریزەی کردووە، هێردەرو فیختەتە لە ئاستی ئیرادەیەکی کۆییدا تیۆریزەی دەکەن. ئم بۆچوونە لەلایەن گێلنەرەوە رووبەڕوی رەخنەیەکی توند دەبێتەوە.

گێلنەر دوای تێپەڕینی چوار ساڵ بەسەر بلاّو بوونەوەی کتێبەکەی قەدووریدا لە چاپتەری حەوتەمی کتێبی (بیرو گۆران)دا رەخنە لەم بۆچوونەی قەدووری دەگرێت و ئەوە ڕەتدەکاتەوە ئۆتۆنۆمییەکەی کانت دەربارەی ئیرادەی چاك کە دەربارەی تاکەکانە هیچ پەیوەندییەکی بە بوونی نەتەوەکان و گروپەکانەوە هەبێت[٢٤].

گێلنەر هەر بەمەندە ناوەستێ لە ساڵی ١٩٨٤دا بەشێك لە کتێبی(نەتەوەکان ونەتەوەخوازی) تەرخان دەکات بۆ رەخنەگرتن لە بۆچوونەکانی قەدووری. ئەو لەم کتێبەدا زیاتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئۆتۆنۆمی ئیرادە لای کانت هیچ پەیوەندییەکی بە بۆچوونەکانی فەیلەسوفە ئەڵمانەکانی سەدەی نۆزدەوە نییە، نەك هەرئەمە بەڵکو بۆچوونەکانی کانت بە تەواوەتی دژی ئەو بۆچوونانەی ئەوانە کە لە بارەی نەتەوە و نەتەوەخوازییەوە هەیانە.

هەرچەندە گێلنەر لە خستنە رووی بۆچوونەکانی کانتدا لەبارەی ئۆتۆنۆمی ئیرادەوە وردەو ئەوە روون دەکاتەوە تاکەکەس کاتێك دەبێتە خاوەنی ئیرادەیەکی لەو جۆرە کە نەکەوێتە ژێرفەرمانڕوای هیچ هێزێکی دەرەکی و تەنها لە ژێر فەرمانڕوای عەقڵدا بێت. بەڵام لەلایەکی ترەوە بۆچوونەکەی فیختە و هێردەرو هیگڵ لەبارەی کەلتوورو نەتەوەوە دەشێوێنێ و بەمەش بۆچوونەکانی کانت لەبارەی بوونی تاکەکەس لە کۆمەڵگای ئاکاریدا دژدەکاتەوە بە بۆچوونەکانی ئەو فیلەسوفانە. ئەو بەهۆی ئەم شێواندنەوە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی بیرکردنەوەی کانت بیرکردنەوەیەکی کۆسمۆپۆلۆتیکییەو دژی ئەو بۆچوونانەیە کە فەیلەسوفە

(٢٣) بڕوانە : هـ. س : ٨٠.

(٢٤) بڕوانە : هـ. س : ٧٩-٨٠.

ئەڵمانەکانی دوای کانت لە بارەی نەتەوەوە هەیانە[٢٥]. گێلنەر لەکۆتایدا دەگاتە ئەو دەر ئەنجامەی کە بۆچوونەکانی ئەو فەیلەسوفانە نەك ریشە فکرییەکانیان لەناو فەلسەفەی (کانت)دا نییە، بەڵکو بۆچوونەکانی ئەوانە پەرچەکردارن لە بەرامبەر بۆچوونەکانی کانتدا[٢٦].

قەدوری لەبارەی گەڕاندنەوە ریشە فکریەکانی تیۆرە عەقڵییەکەی هێردەرەو فیختەو هیگڵە بۆ ئۆتۆنۆمی ئیرادە لەلای کانت لە دوو رەوەوە هەڵەیە، لە رووییەکەوە قەدووری بۆچوونی ئەم فەیلەسوفانە بە کانتیشەوە تێکەڵ دەکات بە بۆچوونە سروشتخوازەکەی رۆسۆ. لە روویەکی ترەوە قەدوری پێی وایە بۆچوونی ئەم فەیلەسووفانە تەنها لەوەدا دەگەڕێتەوە سەربۆچوونەکەی کانت کە بڕوایان بەوە هەیە ئیرادەی کۆیی نەتەوەکان ئیرادەیەکی خاوەن ئۆتۆنۆمییەو کانتیش پێی وایە تاکەکانی ناو کۆمەڵگای ئاکاری خاوەنی ئیرادەیەکن کە خاوەنی ئۆتۆنۆمییە.

لەڕاستیدا فیختەو هێردەرو هیگڵ هەریەکەیان وەك کانت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئیرادەی تاك نابێت لەژێر رکێفی هیچ هێزێك و هیچ کەلتورێکی دەرەکیدا بێت، تەنها دەبێت لە ژێر رکێفی عەقڵ و ئەو سیستەمەدا بێت کە لەناو عەقڵی ئەو تاکەکەسەدا هەیە، جا ئەو تاکە کەسە دەتوانێت ببێت بە ئەندامی ناو کۆمەڵگایەکی عەقڵی. ئەوەی بۆچوونەکەی کانت لە بۆچوونی ئەو فەیلەسوفانە جیادەکاتەوە، تەنها ئەوەیە کە کانت ئەو کۆمەڵگا عەقڵییە بە مەملەکەتی غایەتەکان یان کۆمەڵگای ئاکاری ناو دەبات، بەڵام ئەوان ئەم کۆمەڵگا عەقڵییە ناو دەنێن نەتەوە.

گێلنەریش لەگەڵ ئەوەدا کە بەوردی باس لە ئیرادە لە فەلسەفەی کانتدا دەکات، لەوەدا دەکەوێتە هەڵەوە کە بۆچوونەکانی ئەو فەیلەسوفانەی سەدەی نۆزدە بە پەرچەکرداری بۆچوونەکانی کانت دەزانێ، بەڵگەشی بۆ ئەمە ئەوەیە کە بۆچوونەکانی کانت بۆچوونێکی کۆسمۆپۆلیتی (گەردوونی)ن و بۆچوونەکانی ئەوان بۆچوونی لۆکاڵی و ناوچەیین. بەڵام ئەو بەڵگەیەی ئەو سەرچاوە لە تێنەگەیشتنی ئەوەوە دەگرێت لەو یەکبوونەی کە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا هەیە.

گەر بە وردی لە بیری ئەو فەیلەسوفانە ڕامێنین دەگەینە ئەو راستییەی کە ئەو فەیلەسوفانەش وەك کانت پێیان وایە عەقڵێکی گەردوونی هەیەو ئەم عەقڵە گەردوونییە

---

(٢٥) بروانە : ارنست غیلنر : الامم والقومیە:٢٣٨.

(٢٦) بروانە : هـ. س : ٢٤١.

هەڵگری سیستەمێکی هەمەکییە بۆ هەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکانی ناو جیهان. ئەو عەقڵە گەردوونییەو سیستەمە هەمەکییەکەی بۆ هەموو گروپە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان یەکە، بەڵام ئەو سیستەمە لە مێژووی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەدا لە شێوە هەمەکییەکەیدا ناتوانێت شێوەگیر ببێت، گەر هەریەك لەو گروپە کۆمەڵایەتیە جیاوازانە لە شێوە لۆکاڵییە بەشەکییەکەیدا بەرەنگە جیاوازەکانی خۆیان شێوەگیری نەکەن.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنیٚ ئەو بنەمایەی کە گێلنەر بە کاری هێناوە بۆ جیاکردنەوەی بۆچوونەکانی کانت لە بۆچوونەکانی ئەو فەیلەسوفانە هەڵەیەو جیاوازی نێوان ئەم دوو بیرکردنەوەیە جیاوازی نێوان دوو بیرکردنەوەی دژبە یەکتر نییە، بەڵکو جیاوازی نێوان چەند فۆرمێکی جیاوازە لە شێوەگیربوونی هەمان بیرۆکەدا.

لەدوای کانتەوە تیۆرە عەقڵییەکە لەلایەن ئەو فەیلەسوفانەوە کە قەدووری بە رۆمانتیکە ئەڵمانەکان ناویان دەبات وەك تیۆرێك بۆ پرۆسەی بەنەتەوەبوون شێوە کامڵ و پەرەسەندووەکەی خۆی دەگرێت. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا فیختەو هێردەر بە پشت بەستن بە هەمان بیرۆکەی عەقڵی کە لەلای لایبێنتز وکانت هەیە، پرۆسەی بەنەتەوەبوونی نەتەوەکان لەسەر بنەمای عەقڵ تیۆریزە دەکەن و لە شێوەی تیۆرێکدا دەیخەنەڕوو، دوای ئەوانیش هیگڵ لە هەمان سەدەدا وەك تیۆرێك لە بواری فەلسەفەی مێژوودا زیاتر پەرە بە تیۆرە عەقڵییەکە دەدات و لە میژووی جیهاندا بنەماکانی پرۆسەی بە نەتەوەبوونی نەتەوەکان لێکدەداتەوە.

هیگڵ لەدوای فیختەو هێردەرەوە لە کتێبی(فەلسەفەی مێژوو) و (بنەماکانی فەلسەفەی ماف) پەرە بە تیۆرە عەقڵییەکە دەدات، لەکتێبی یەکەمیاندا باس لە روحی نەتەوەکان و پرۆسەی بەنەتەوە بوونی نەتەوەکان لە مێژووی جیهاندا دەکات و لە مێژووی کۆن و نوێدا ئەوە دەخاتە رووی کە نەتەوەکان لە مێژووی جیهاندا چۆن هوشیاری بە روحی نەتەوەیی خۆیان پەیدا دەکەن و دەکەونە ناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوەو لەناو مێژووی جیهاندا روحی نەتەوەیی خۆیان لە کۆمەڵە دەرکەوتەیەکی کەلتوریدا شێوەگیر دەکەن. لە کتێبەکەی تریدا باس لەو پرۆسە مێژووییە پەرەسەندنی روحی نەتەوە دەکات کە نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەی لێدەکەوێتەوە.

هیگڵ لەسەر هەمان ئەو بنەما عەقڵییەی کە فەیلەسوفانی پێش خۆی بوونی نەتەوەکانیان پیٚ لێکدەدابوویەوە لە فۆرمی تیۆرێکی کامڵدا پرۆسەی بە نەتەوەبوونی نەتەوەکان تیۆریزە

دەکات. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی ئاماژەیەکی ئەوتۆ بە بۆچوونەکانی هیگڵ ناکەن.

گێلنەر بە وردی هەستی بەم بێدەنگییەی لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی بەرامبەر بە بۆچوونەکانی هیگڵ کردووە و ئاماژەی بەوە کردوو کە لێکۆڵەران بە ئیلیا قەدووریشەوە بۆچوونەکانی هیگلیان فەرامۆش کردوون و ئەمەش بۆخۆی لەلایەکەوە جێگەی سەرسوڕمان و پرسیارەو لەلایەکی تریشەوە کارێکی زۆر نادادوەرانەیە.

لەناو لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازیدا تەنها گێلنەر لەبارەی بۆچوونەکەی هیگڵەوە لە بارەی پەیدا بوونی نەتەوەکانەوە دەدوێت، بەڵام ئەویش لە بەرامبەر بۆچوونەکانی هیگڵدا هەمان ئەو هەڵەیە دووبارە دەکاتەوە کە قەدووری و لێکۆڵەرانی دوای قەدووریش لە بەرامبەر بۆچوونەکانی کانت وفیختە هێردەردا تێی کەوتوون.

گێلنەر بۆچوونە عەقڵییەکەی هیگڵ وەك بۆچوونە سروشتخوازەکانی رۆسۆو لۆبۆن دەناسێنێ و ئەمەش وادەکات جارێکی تر تیۆرە عەقڵییەکە لەژێر پەردەی تیۆرە سروشتخوازەکەدا بشاردرێتەوەو دووربخرێتەوە لەو گفتوگۆیانەی کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە لە بارەی نەتەوەو نەتەوەخوازی سەرهەڵدەدەن.

لەڕاستیدا ئەوەی جێی پرسیارەو نادادوەرانەو نازانستیانەشە فەرامۆشکردنی بۆچوونەکانی هیگڵ نییە، بەڵکو شێواندنی بۆچوونەکانی ئەو فەیلەسوفە ئەڵمانانەیە کە پەرە بەتیۆرە عەقڵیەکەی بواری پەیدابوونی نەتەوەکان دەدەن.

ئەوان ئەم تیۆرە وەك تیۆرە سرشتخوازەکە پێناسەی دەکەن و بەمەش ڕەوایەتیی بەخۆیان دەبەخشن کە نەك هەر رەخنەی بکەن بەڵکو بە خورافاتیشی بزانن. گێلنەر خۆی یەکێکە لەو لێکۆڵەرانەی کە بۆچوونەکانی هیگڵ دەشێوێنێ و دوای شێواندنەکەش بە خورافات ناویان دەبات.

یەکێك لەو بیرۆکانەی کە لەبارەی بوونی نەتەوەکانەوە هەیەو گێلنەر رەخنەی دەکات، ئەو بیرۆکە رۆسۆییەیە کە لە سەدەی نۆزدەدا گۆستاف لۆبۆن لە فۆرمی تیۆرێکی سروشتیدا بۆ پەیدابوونی نەتەوەکان دایدەڕێژێ، بەپێی ئەم بۆچوونە نەتەوەکان بوونێکی سروشتییان هەیەو بوونیان لە سروشتی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەی نەگرتووە. ئەوەی کە جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە گێلنەر ئەم بۆچوونە دەداتە پاڵ هێگڵ و دواتریش لە بارەیەوە دەڵێت: ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی

خورافییەو نابێت ئێمە قبوڵی بکەین، چوونکە نەتەوەکان لە سروشتی شتەکاندا هەڵنەکۆڵراون و فۆرمێکی سیاسی نین لە ڕێبازی جۆرە سروشتییەکان[٢٧].

گێلنەر بۆچوونە ڕۆسۆییە پریمۆردیاڵەکە لەگەڵ ئەو بیرۆکە هیگڵییەدا تێکەڵ دەکات کە پێی وایە نەتەوەکان پێش ئەوەی بوونیان لەناو واقعدا هەبێت لەناو عەقڵدا بوونیان هەیەو ئەم بوونە عەقڵییەشیان کاتێك لەناو واقعدا هەستەکی دەبێتەوەو شێوە واقعییەکەی خۆی وەردەگرێت کە لەناو میللەتێکدا هوشیاری بە بوونە عەقڵییەکەی نەتەوە سەر هەڵبدات. گێلنەر بۆ ئەوەی ئەم بیرۆکە عەقڵییەی هیگڵ لەگەڵ بیرۆکە ڕۆسۆییەکە بکاتەوە بەیەك، دەستکاری چەمکەکانی هیگڵ دەکات و بوونی عەقڵیی نەتەوە دەکات بە نەتەوەخەوتووەکان و بوونی واقعی نەتەوە دەکات بە نەتەوە بێداربووەکان، لەمەشەوە دێت باس لەوە دەکات کە لە ناو جیهاندا بەپێی سەرەژمێرییەك کە زمانەوانێك پێی داوە هەشت هەزار زمان هەیەو بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا (٢٠٠) نەتەوە بەپێی بۆچوونەکەی هیگڵ بوونیان لە بوونێکی عەقڵییەوە لە ناو دەوڵەتێکی نەتەوەیدا بووە بە بوونێکی واقیعی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەپاڵ یەك نەتەوەی واقعیدا دەیەها نەتەوەی خەوتوو هەیە.

ئەو پرسیارەی کە گێلنەر وەك ڕەخنەیەك ڕوو بەرووی هیگڵی دەکاتەوە، ئەوەیە کەبۆ چی ڕێژەیەکی کەم لە نەتەوە خەوتووەکان بێداربوونەتەوەو بوونیان لەناو دەوڵەتدا وەدیهاتووەو ئەوانی تریان لەو خەوە قووڵەی خۆیاندا خەبەریان نەبووەتەوەو هیچ مەیلێکیشان نییە بۆ ئەوەی خەبەریان بێتەوە؟ لای ئەو نەبوونی وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بیرۆکەکەی هێگڵ خورافەیە[٢٨].

گێلنەر لێرەدا لێکدانەوەیەکی هەڵە بۆ بۆچوونەکەی هیگڵ دەکات و بەمە بۆچوونەکەی دەشێوێنێ، ئەمەش لە پێناو ئەوەدا دەکات بڵێت هیگڵ بڕوای بەوەیە کە نەتەوەکان بوونیان لە ناو سروشتی مرۆڤەکاندایەو هەرمرۆڤێك بە پێی ئەو سروشتە جیاوازەی کە هەیەتی سەر بە نەتەوەیەکە و بەڵام نەتەوەکان بوونیان لە سروشتی مرڤدا نییەو مرۆڤەکان بە ویستی خۆیان وەك هەرشتێکی دروستکراو دروستیان دەکەن. ئەوەی کە گێلنەر دەیداتە پاڵ هیگڵ و هیچ پەیوەندییەکی بە بۆچوونەکانی هیگڵەوە نییەو دیاریکرنی ژمارەی ئەو نەتەوانەی کە بوونێکی

(٢٧) بڕوانە: هـ. س : ٩٧.

(٢٨) بڕوانە: هـ. س :٩٢ و ٩٧.

عەقڵیان هەیە لە ڕێگەی ژمارەی زمانەکانەوە پەیوەندی بە بیری هیگڵەوە نییەو هیگڵ لە هیچ شوێنێکدا زمان ناکاتە پێوانە بۆ بوونی عەقڵی نەتەوەکان و ژماریان. جگە لەوەش ئەوەی هیگڵ ناوی دەنێت دەوڵەت، نە ئەو جۆرەیە لە دەوڵەت کە بەرجەستەکەری پەیوەندییە خوێنی و دەمارگیرییەکانی خێڵەکانەو نە ئەو دەوڵەتە مۆدێرنانەن کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە ئابووری و مادییەکان دروستکراون.

لای هیگڵ ئەو دەوڵەتەی کە نەتەوە شێوە مادی و هەستەکییەکەی خۆی تییدا شێوەگیردەکات دەوڵەتی عەقڵەو بەرجەستەکەری ئەو پەیوەندییە عەقڵیانەیە کە لە نێوان ئەندامانی نەتەوەدا دێنە ئاراوە.

کەوابێت نە دەتوانین لەڕێگەی زمانەکانەوە ژمارەی ئەو نەتەوانە دیاری بکەین کە بوونێکی عەقڵیان هەیەو نە دەتوانین ئەو دەوڵەتانەش کە لە سەر بنەمای هێزو بەرەژەوەندییە دنیاییەکان دروست بوون، بە شێوەگیرکەری هەستەکیانەی ئەو نەتەوانەیان بزانین کە بە هۆی هوشیاریی بە بوونی عەقڵیی نەتەوە، بوونیان لە بوونێکی عەقڵییەو بووە بە بوونێکی هەستەکی و واقعی.

ئەوەی سەرەوە ئەوە دەخاتە روو کە گێلنەر هەوڵی داوە بە ئەنقەست بۆچوونەکەی هیگڵ لە بارەی بوونی نەتەوەکانەوە بشێوێنێ و دوای شێواندنەکەش بە خورافاتی بزانێت. لەڕاستیدا شێواندنی بیرکردنەوەی فەیلەسوفانی ئەڵمان لەلایەن لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی ئامانجێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی لەپشتییەوە هەیەو ئەمە لەبنچینەدا بۆ زاڵکردنی ئەو بۆچوونە دروستەییەیە کە ڕوایەتی داوە بەو نەتەوانەی کە بوونەتە خاوەنی هیزوو دەسەڵاتی سیاسی بە هەموو جۆرێك هەوڵی سڕینەوەی بوونی نەتەوەیی ئەو نەتەوانە بدەن کە بە هەر هۆیەك نەبوونەتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەی خۆیان.

هەر هەوڵێك لە پێناو ئەوەدا بدرێت بۆچوونی فەیلەسوفە ئەڵمانەکان لە بارەی بوونی نەتەوەکانەوە پەرەی پێ بدرێت و لە ژێر فشارو تێکدان وشێواندنی لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی دەر بهێنرێت، هەوڵ بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕەوایەتییەیە کە کەسانێکی وەك گێلنەر بە ناوی زانستەوە داویانە بەو هێزە سیاسییە کوشندانەی کە لەڕێگەی دەوڵەتەکانیانەوە نەتەوەکانی ناوسنوری سیاسی دەوڵەتەکانیان دەچەوسێننەوەو سەرکوتیان دەکەن. گێلنەر خۆی یەکێکە لەو کەسانەی کە بە ناوی زانستەوە رەوایەتی داوە بە دەوڵەتی تورکی و

حکومەتەکەی، کورد بچەوسێننەوە. ئەو لە ساڵی ١٩٨٤ کە دەوڵەتی تورکی بەهەموو هێزی خۆی زمانی کوردی و کەلتوری کوردی قەدەغە دەکرد، باس لەوە دەکات ئەوەی کە لە بارەی نەتەوەخوازیی تورکییەوە دەوترێت و تۆمەتبار دەکرێت بەوەی کە بۆ لە ناوبردنی روحی کەلتوریی و زمانیی کورد و نەتەوەکانی تری ناودەوڵەتی تورکی تینووە، تۆمەتێکە پێچەوانەکەی تەواو دروستە، چوونکە ئەوەی وایکردووە کەلتورو زمانی کوردەکان بەرەوە لە ناوچوون بچێت، کوردەکان خۆیانن نەك دەوڵەتی تورکی، ئەوە کوردەکان خۆیانن لە پێناو گەیشتن بە پێداویستییە دنیاییەکانیان وازیان لە زمان و کەلتورەکەی خۆیان هێناوە(٢٩).

گێلنەر کورد بە نەتەوەیەکی خەوتوو دەزانێت و تورك بە نەتەوەیەکی بێدارو لەرێگەی ئەمەشەوە دەیەوێت ئەوەساغ بکاتەوە کە بۆچوونەکەی هیگڵ لەبارەی نەتەوە خەوتووەکان و بێداربوونەوەیان هەڵەیە، چوونکە کورد یەکێکە لەو نەتەوە خەوتوانەی کەپێش ئەوەی بێدار بێتەوەو بوونی خۆی لە دەوڵەتێکی نەتەوەیدا بەرجەستە بکات، بە ئارەزووی خۆی بە یەکجاری لە باوەشی نەتەوەی تورکدا دەخەوێت و بۆ ئەبەد خەبەری نابێتەوە. لەراستیدا گەر گێلنەر ئێستا بمایە ئەوەی بۆ دەردەکەوت کە بۆچوونەکەی ئەو خورافاتەو بۆچوونە شێوێنراوەکەی هیگڵ بە هەموو ئەو شێواندنەشەوە بۆچوونێکی واقعییەو واقعی ئێستای کورد و داهاتووەکەی دەیسەلمێنێ.

تیۆرە عەقڵییەکەی بواری پەیدابوونی نەتەوەکان لەناو لێکۆڵینەوەکانی بواری نەتەوەخوازیدا جگە لە شێواندن و تێکەڵکردنی بە تیۆرە سروشتییەکە هیچی لە بارەوە نەوتراوە، ئەمەش وادەکات ئێمە لەم کارەی خۆماندا گرنگییەکی زۆری پێ بدەین و وەك تیۆرێکی جیاواز لە تیۆرە سروشتییەکە، بۆچوونی تیۆریزەکارەکانی بە وردی بخەینە روو و هەموو بۆچوونەکانیش بە شێوەیەکی لۆجیکی لەناو یەك تیۆری سەربەخۆدا بە ناوی تیۆری عەقڵی بۆ پەیدابوونی نەتەوەکان کۆ بکەینەوەو پەیوەندییە شاراوەکانی نێوانیان بدۆزینەوەو ئەو بنەما هاوبەشەش ئاشکرا بکەین کە هەموو بۆچوونەکان لەگەڵ یەکدا کۆ دەکاتەوە.

تیۆرە عەقڵییەکە بەرهەمی بیرکردنەوەو تێڕامانی فەیلەسوفانی ئەڵمانە لەو کۆمەڵگایەی کە بوونی لەسەر بنەمایەکی عەقڵی دادەمەزرێت، ریشە فکرییەکانی ئەم تیۆرەش لەناو

---

(٢٩) بروانە: هـ. س : ٩٤.

فەلسەفەكەی لایبێنتزدایە. لایبێنتز لە سەدەی حەڤدەدا لە سێ كتێبی جیاوازدا بە كۆمەڵە چەمكێكی فەلسەفی تایبەت بەخۆی، باس لە كۆمەڵگایەك دەكات كە پەیوەندی ئەندامەكانی لەسەر عەقڵ دامەزراوەو ئەو كۆمەڵگایەش ناودەنێ مەملەكەتی خوا. مەملەكەتی خوا ئەو ناوە سەرەتاییەیە كە لەبری نەتەوە لایبێنتز بەكاری دەهێنێ و دوای لایبێنتزیش كانت لە كتێبی (میتافیزیكای ئاكاردا) هەمان ئەو كۆمەڵگا عەقڵییە ناو دەنێت مەملەكەتی ئامانجەكان. مەملەكەتی ئامانجەكانیش ناوێكی تری ئەو كۆمەڵگایەیە كە دواتر لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا بە نەتەوە ناو دەبرێت.

بۆیە پێش ئەوەی لە روانگەی تیۆرە عەقڵییەكەوە باس لە نەتەوە بكەین دەبێت باس لە مەملەكەت خوای و مەملەكەتی ئامانجەكان بكەین و ئەوە روون بكەینەوە كە ئەو دوو مەملەكەتە كە دوو وەسفكردنی جیاوازی یەك مەملەكەتن، بوونیان لەسەر چی دامەزراوەو ئەوانەی كەسەر بەو دوو مەملەكەتن كێن و بەچی بوونەتە ئەندامێك لە ئەندامەكانی ئەو دوو مەملەكەتەو ئەو سیستەمە كامەیە كە پەیوەندی ئەندامەكانی ناو ئەو دوو مەملەكەتە رێكدەخات؟ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارنە رێگە خۆش دەكات بۆ ئەوەی لەو كۆمەڵگایە تێ بگەین كە سێ فەیلەسوفە ئەڵمانەكەی سەدەی نۆزدە واتە هێردەرو فیختەو هیگڵ بە نەتەوە ناوی دەبەن.

### ١-٢/٢) مەملەكەتی خوا وەك بیرۆكەی هەمەكی نەتەوە

مەملەكەتی خوا مەملەكەتی ئەو مرۆڤە ئازادانەیە كە ئەوەی لەناو هەریەكەیاندا عەقڵییە حوكمی هەریەكەیان دەكات و پەیوەندییەكانیان لەگەڵ یەكدا رێكدەخات. واتە لەناو ئەم مەملەكەتەدا شتێك بەناوی نوخبەوە بوونی نییە، ئەمەش وایكردووە چینێكمان بەناوی چینی حاكمەوە نەبێ.

ئەوەی لەناو ئەو مەملەكەتدا حوكم دەكات ئەوەیە كە لەناو هەر ئەندامێك لە ئەندامەكانی ئەو مەملەكەتەدا بوونی هەیەو هەریەك لەو كەسانە حاكمەكەی كۆمەڵە مرۆڤێكی هەڵبژاردە نین، بەڵكو ئەو عەقڵەیە كە لەناویدا بوونی هەیەو وەك هەرئەندامێك لە ئەندامەكانی مەملەكەتی خوا هوشیاری پێ پەیدا كردووەو دەتوانێت ئەو فرمان چوونایەتیانەی لێ وەربگرێت كە بۆ ئەنجامدانی هەركارێك پێویستی پێییەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ مرۆڤ

لە مەملەکەتی خوادا جگە لەو عەقڵەی کە لەناوخۆیدا بوونی هەیە، فرمانەکان و چۆنایەتییەکانی جێبەجێ بوونیان لە هیچ هێزێکی دەرەکی وەرناگرێت.

بۆ تێگەیشتن لە مەملەکەتی خوا سوود لەو سێ کتێبە گرنگەی لایبێنتز (مۆنادۆلۆجیا، بنەما عەقڵییەکانی سروشت وکۆمەکی خوایی، میتافیزیك) وەردەگرین کە بۆ یەکەمجار لە مێژوو فەلسەفەدا باسی ئەو مەملەکەتە عەقڵییەیان تیا کراوە. بێگومان ئەو مەملەکەتە عەقڵییەی کە لایبێنتز لەکارەکانی خۆیدا باسی دەکات جیاوازە لە کۆمارەکەی ئەفلاتوون. گەورەترین جیاوازیش لە نێوان مەملەکەتی خواو کۆمارەکەی ئەفلاتووندا ئەوەیە کە حاکمی مەملەکەتی خوا عەقڵە بەڵام حاکمی کۆمارەکەی ئەفلاتوون فەیلەسوفەکانن.

کاتێك گوێمان لە ناوی(مەملەکەتی خوا) دەبێت یەکسەر خەیاڵمان بۆ ئەوە دەچێت ئەوە ناوی مەملەکەتێك بێت کە لەسەر بنەمای بیروباوەڕێکی ئاینی دامەزرابێت و وەك ئەو مەملەکەتە لاهوتیانە وابێت کە لاهوتییەکانی ئیسلام و مەسیحیەت باسیان کردووە.

ئەم ناوە لە سەرتادا وێناکردنێکی هەڵەمان لە بارەی مەملەکەتەکەوە پێدەدات، بەڵام دواتر کە کەسانی ناو مەملەکەتەکە دەناسین و سیستەمی دەسەڵات و پەیوەندی نێوان کەسەکانمان بۆ روون دەبێتەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نە خوای ناو مەملەکەتەکە ئەو خوایەیە کە لە بیروباوڕە مەزهەبیەکاندا هەیەو نەمەملەکەتەکەش ئەو مەملەکەتەیە کە کەسە باوڕدارەکان خەونی پێوە دەبینن. بۆیە نابێت ناوی مەملەکەتەکە وامان لێبکات وا وێنای بکەین کە مەملەکەتێکی مەزهەبییە.

مەملەکەتی خوا بەهەموو مانایەك مەملەکەتی عەقڵە، واتە مەملەکەتی ئەو کەسانەیە کە ئیرادەیان تەنها ملکەچە بۆ فرمانەکانی ئەو عەقڵەی کە لە ناویاندا حزوری پەیدا کردووەو پەیڕەوی لە هیچ فرمانێکیش ناکات کە لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی بێت، گەرچی ئەو فرمانە فرمانی خواش بێت.

ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە دژی فرمانەکانی خوان، بەڵکو ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە فرمانە خواییەکان کاتێك شیانی جێبەجێبوونیان تیایە لەو عەقڵەوە بۆیان بێن کە لەناویاندا حاکمە نەك لەدەرەوەی خۆیانەوە. کەسانی ناو ئەم مەملەکەتە هیچ فرمانیك لە دەرەوەی خۆیان قبووڵ ناکەن، گەر ئەو فرمانە هەمان ئەو فرمانە نەبێت کە لە عەقڵەوە بۆیان دێت، واتە فرمانەکان کاتێك رەوایەتی لەلایان پەیدا دەکەن کە بوونیان لە ناو عەقڵدا هەبێت.

**۲/۲-۱-۱) خوا لە مەملەکەتی خوادا**

خوا لە بیروباوڕی ئاینە تەقلیدییەکاندا وەك ئیرادەی هێز وێنا دەکرێت، بە پێی ئەم وێناکردنە خوا لەبەر ئەوەی خاوەنی هێزێکی ڕەهایە دەتوانێت بێ گوێدانە هیچ بنەمایەك بیەوێت هەرچییەك بکات، بیکات. خوا لەم جۆرە لە بیروباوەڕی تەقلیدیدا دەتوانێت کەسێك بە ئاگری دۆزەخ سزا بدات گەرچی ئەو کەسە ئاواش ژیابێت کە شەریعەتی موشەرعەکان بەو ژیانەی دەزانن کە خوا داوا لەمرۆڤ دەکات لەسەری بژی.

بەپێی ئەم بۆچوونە کاتێك کەسێك بەو ژیانە دەژی کە مەشەریعەکان باسی دەکەن، ئەوە بەهۆی ئەوەوە نییە کە بەو ژیانە ژیاوە بۆیە خوا لەو دنیادا پاداشتی دەداتەوەو سزای نادات، بەڵکو ئەوە خوا بە ڕەحمەتی خۆی پاداشتی دەداتەوە. واتە خوا بە ئارەزووی خۆی خەڵکی توشی سزا یان پاداشت دەکات و مرۆڤ بە کارو کردەوەکانی خۆی نەدەتوانێت پاداشتی خوا بەدەست بهێنێ، نە دەتوانێت خۆی لە سزای ئەو دوور بخاتەوە. پاداشت و سزای خوا بۆ مرۆڤەکان هیچ بنەمایەکی نییە جگە لە ویست و ئارەزووی خوا.

ئەم بۆچوونە بۆ ئەوەی ساغی بکاتەوە خوا خاوەنی هێزوو دەسەڵاتێکی ڕەهایەو هیچ هێزێك ناتوانێت بەرامبەری ببێتەوە، خوا وەك بوونەوەرێك وێنا دەکات کە لە سەر بنەمای هێز کارەکانی خۆی دەکات، نەك لە سەر بنەمای حەق و عەقڵ. واتە وا خوا وێنا دەکات کە مادام خاوەنی هێزو دەسەڵاتێکی ڕەهایە پێویستی بەوە نییە کە بەو سیستەمە عەقڵییە داداگای مرۆڤەکان بکات کە خۆی بڕیاری لە سەر داوەو ئەو دادگایی مرۆڤەکان دەکات لە ڕێگەی ئەو هێزو ویستە ڕەهایەی کە خاوەنیەتی و بۆ ئەم دادگایی کردنە، ئەو سیستەمە عەقڵییەی کە گەردوونی لەسەر دامەزراندووە هیچ ڕۆڵێکی لە بڕیارەکانی ئەودا نییە و گەر ئەو بیەوێت کەسێکی باش سزا بدات سزای دەدات، گەرچی بە پێی سیستەمەکەی ئەو شایەنی پاداشتە. گەر بیەوێت پاداشتی کەسێکی خراپیش بداتەوە پاداشتی دەداتە، گەرچی ئەو کەسە بەپێی سیستەمەکەی ئەو شیاوی سزایە. واتە خوا جگە لە هێز و یست و ئارەزووی خۆی هیچ بنەمایەکی تر نییە بۆ پاداشت و سزای بەندەکانی.

وێناکردنی خوا وەك هێزوو ویستێکی ڕەها نزیك دەکەوێتەوە لە وێنەی ئەو مامۆستایەی کە لە دەرچوون دەرنەچوونی قوتابییەکاندا گوێ بەوە نادات کە لە تاقیکردنەوەکەی ئەو دەرچوون یان دەرنەچوون و بە ئارەزووی خۆی هەندێك لە قوتابییەکان دەردەچوێنێت و هەندێکی

تر دەرناچووێنێت و بەهۆی ئەو دەسەڵاتەش کە هەیەتی هیچ قوتابییەك ناتوانێت رووبەرووی ببێتەوە و داوای مافی خۆی بکات.

ئەوانەی کە خوا وەك هێزێکی رەها دەبینن و پێیان وایە خوا لە سەر بنەمای هێز کارەکانی خۆی دەکات، پێیان وایە گەر خوا وا وێنابکەن و بیناسن کە لە سەر بنەمای هێزو ویستی خۆی کارەکانی خۆی ناکات و لەسەر بنەمای عەقڵ و ئەوسیستەمە عەقڵییە کارەکانی دەکات کە گەردوونی لەسەر خولْقاندووە، ئەوە خوایان وەك بوونەوەرێکی نائازادو وابەستە وێناکردووە. بەپێی ئەم وێناکردنە ئازادی مانای ئەوەیە کە بوونەوەر هەرچیەك هات بەسەریدا بیکات و لەکردنی ئەوەی کە دەیکات هیچ بەربەستێك لە بەردەمیدا نەبێت، ئەم جۆرە لە ئازادیش کاتێك ئازادییەکی ڕەهایە کە ئەو بوونەوەرە خاوەنی هێزێکی ڕەها بێت، چوونکە تەنها ئەوەی کە خاوەنی هێزێکی رەهایە دەتوانێت ئەوەی دەیەوێت بیکات بیکات و هیچ هێزێك نەتوانێت رێگر بێت لە بەردەم کردنەکەیدا.

بەپێی ئەم بۆچوونە دەبێت خوا خاوەنی هێزێکی رەها بێت، تائەوەی کە دەیەوێت بیکات بتوانێت بیکات، کاتێك ئێمە دەڵێین خوا کارەکانی خۆی بەپێی سیستەمێك دەکات کەخۆی بڕیاری لەسەرداوەو هەرخۆیشی کردوویەتی بە سیستەمی بوون و ژیانی بوونەوەرەکانی ناو گەردوون، بەمە ئەو ئازادییە رەهایەمان لە خوا سەندووەتەوە، چوونکە گەر خوا بەپێی ئەو سیستەمە گەردوونییە کارەکانی خۆی بکات ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی هەرچییەکی ویست بیکات و تەنها دەتوانێت ئەو کارانە بکات کە ئەو سیستەمە ڕێگای پێداون.

بۆ نموونە خوا کاتێك بەپێی ئەو سیستەمە کارەکانی خۆی دەکات ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی سزاو پاداشت بەسەر مرۆڤەکاندا ببەخشێتەوە، بۆ نموونە ناتوانێت کەسێك سزا بدات کە لە ژیاندا بە پێی ئەو سیستەمە ژیاوە کە ئەو بۆ ژیانی مرۆڤەکانی داناوە، هەروەها ناتوانێت سزای ئەو کەسانە نەدات کە بەو سیستەمە نەژیاون، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بنەمای پاداشت و سزا هێزو ویستی ئەو نییە، بەڵکو ئەو سیستەمەیە کە خوا خۆی بۆ ژیانی مرۆڤەکان بڕیاری لە سەر داوەو لە ناو عەقڵیاندا بنەماکانی چاندووە.

ئەم تێڕوانینە تەقلیدییە بۆ خوا -کە هێزی رەهاو ئیرادە دەکاتە بنەما بۆ خوایەتی خوا- خوا وەك بوونەوەرێك وێنا دەکات خاوەنی ئازادییەکی بێ ناوەرۆك و بەتاڵ بێت و لە کاروکردەوەکانی خۆیدا هیچ حسابێك بۆ حەق و داد نەکات و ئەوەی خۆی ئارەزووی لێبێت

بیکات بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی کارەکەی کارێکی دادوەرانەو هەقە یان نادادوەرانەو ناهەقە. لەوەشەوە کارەکانی ئەو ڕەوان کە خاوەنی هێزێکی رەهایەو هیچ هێزێك نییە بتوانێت ببێتە بەربەست لە بەردەم ویستی ئەودا. بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوەی ڕەوایەتی بەخشیوە بەخوا بە ئارەزووی خۆی هەرچی ویست بیکات، ئەو هێزەیە کە هەیەتی نەك ئەو کارڕەوایی و دادوەرییەی کە پێی ناسراوە. لێرەدا ئەوەی حەقیقەت دیاری دەکات هێزەو بەپێی ئەم بنەمایەش کێ لەناو بوونەوەرەکاندا لەهەموویان بەهێزتر بوو چاکترین و کارڕەواترینیانە و ئەوەی کە دەیکات ئەوە ڕەواو حەقە، لێرەدا هێز دەبێتە بنەمای ڕەوایەتی.

خوا لە(مەملەکەتی خوا)دا، ئەو خوایە نییە کە ئەو بۆچوونەی سەرەوە وەك بوونەورێك وێنای دەکات کە بە ویست ئارەزووی خۆی هەرچییەکی بوێت بەبێ حسابکردن بیکات و لەکارەکانیدا بەئارەزووی خۆی و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بجووڵێتەوەو بەو هێزە رەهایەی هەیەتی ڕەوایەتی بدا بەهەرکارێك کە دەیکات. خوای مەملەکەتی خوا هەموو کاروکردەوەیەکی بە پێی ئەو سیستەمە عەقڵییە ئەنجام دەدات کە گەردوونی لەسەر دامەزراندووەو لەناو عەقڵی مرۆڤەکاندا لەگەڵ دروستبوونیاندا چاندوویەتی تا کاروکردەوەکانیان بەپێی ئەو سیتەمە ئەنجام بدەن.

لایبنتز دەڵێت: بۆچوونی من لە بارەی خواوە زۆر دوورە لەو بۆچوونەوە کە پێی وایە هیچ یاساو ڕێسایەك بۆ چاکەو کەماڵ لە سروشتی شتەکان و لە بیرەکانی خوادا بوونی نییەو کاروکردەوەکانی خواش لەوێوە دروست و چاك نین کە بەپێی ئەو یاساو رێسایانە ئەنجامدراون کە لەودا بوونیان هەیە، بەڵکو لەوێوە چاکن کە خوا ئەنجامی داون(٣٠). ئەم بۆچوونە خوایەتی خوا دەکاتە بنەما بۆ چاکی کارو کردەوەکانی و پێی وایە ئەوەی وادەکات کاروکردەوەکانی خوا کاروکردەوەی چاك بن، ئەوە نییە کە کاروکردەوەکانی چاکن، بەڵکو ئەوەیە کە ئەو ئەنجامی داون، واتە گەر کاروکردەوەکانیشی چاك و ڕەوانەبن، لە بەرئەوەی کاروکردەوەی ئەون، چاك و ڕەوان.

ئەمە وەك ئەوە وایە لە زانکۆیەکدا کە سێکی نەزان بڕوانامەی دکتورای لە بوارێك لە بوارەکاندا پێ بەخشرابێت و کرابێت بە مامۆستاو ئەوەی بە خەیاڵیدا بێت بیلێت بە

(٣٠) بروانە: لایبنتز: مقالة في الميتافيزيقا، ت: د. الطاهر بن قيزة، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى، بيروت ٢٠٠٩،ص:٨٦.

قوتابییەکان و قوتابییەکانیش وەك زانستێك لێی وەرگرن و بیر لەوە نەکەنەوە ئەوەی ئەو پێیان دەڵێت زانستە یان زانست نییە. ئەمەش هۆکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان بڕوایان وابێت مادام ئەوکەسە بڕوانامەی دکتۆرای لەو بوارەدا هەیەو مامۆستایە ئەوەی دەیڵێت زانستە با هەرچییەکیش بێت.

لێرەدا زانایی مامۆستاکەو بیرکردنەوەو گوتە زانستییەکانی مامۆستاکە، مامۆستاکەیان نەکردووە بە مامۆستا، بەڵکو بوونی ئەو وەك مامۆستا بووتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەوەی ئەو دەیڵێ و بیری لێدەکاتەوە زانستە. ئەو بەوەی کە زانستە نەبووە بە زانا بەڵکو ئەو بەوەی کە زانایە هەرچییەك بڵێت با زانستیش نەبێت ئەوە زانستە، ئەو مادام زانایە گەر قسەی بازاڕیش بکات ئەو قسانە گوتەی زانستین.

خواش بەپێی ئەم تێڕوانینە باوە، بەوە خوا نییە کە کاروکردەوەکانی چاکن، بەڵکو بەوەی کە خوایە ئەوەی دەیکات با چاکیش نەبێت هەر کاروکردەوەی چاکە. واتە خوایەتی ئەو بنەمایە بۆ چاکی کاروکردەوەکانی ئەو، ئەو لەبەر ئەوەی خوایە، بۆیە هەر کاروکردەویەك ئەنجام بدات چاکە، نەك لەبەر ئەوەی ئەو کاروکردەوانەی ئەنجامی داون چاکن، بۆیە خوایە.

لایبێنتز رەخنەیەکی ورد لەم بۆچوونە دەگرێت، ئەو پێی وایە بەپێی ئەم بۆچوونە بێت ئەوەی خوا کردوویەتی پێویست ناکات بیر لێبکەینەوەو دانایی و چاکی ئەوی تیا ببینین تا لەڕێگەیەوە بزانین خوا کارڕەوایەو بە پێی بنەمای چاکە کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات. ئەوەی خوا دەیکات چاکەو پێویست بە تێڕامان و لێوردبوونەوە ناکات، ئەوەندە بۆ ئێمە بەسە بزانین ئەوەی ئەو دەیکات چاکە.

ئەم بۆچوونە لەناسینی خوادا پشت بە بیرکردنەوە نابەستێت و پشت بە بڕوا دەبەستێت. بۆ ئەوەی ئێمە بزانین ئەوەی خوا دەیکات چاکە، دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت ئەوەی خوا دەیکات چاکە، بڕوا بوون بەمە بەسە بۆ ئەوەی بزانین ئەوەی خوا دەیکات چاکە. واتە بڕوابوون بەوەی کە ئەوەی خوا دەیکات چاکە زانینی چاکییەتییە لە کاروکردەوەکانی خوادا.

زانین و بڕوابوون بەشتێك لێرەدا دەبنەوە بەیەك، گەر بڕوات بە بوونی شتێك هەبوو ئەوە مانای ئەوەیە ئەو شتە دەزانیت. ئەم بۆچوونە بەوەی زانین و باوڕبوون دەکاتەوە بەیەك، دەبێتە ڕێگر لە بەردەم هەر کەسێکدا گەر بییەوێت لەڕێگەی تێڕامان لە کاروکردەوەکانی خواوە بگات بە ناسینی خوایەتی خوا. جگە لەمەش ئەم بۆچوونە وامان لێدەکات بەبێ بیرکردنەوەو تێڕامان

و ناسنیی شتێك بڕیار لەسەر چاکی و خراپی ئەو شتە بدەین. ئەم بۆچوونە دەیەوێت ئێمە بەبێ بیرکردنەوەو تێڕامان و تاقیکردنەوەی کاروکردەوەکان، کاروکردەوەکان قبووڵ بکەین.

بۆنموونە بەبێ تێڕامان وتاقیکردنەوەی گوتەکانی مامۆستایانی زانکۆ، گوتەکانین وەك زانست قبووڵ بکەین. بەبێ تێرامان لە گوتەکانی مەلاکان ئەوەی بە ناوی خواوە دەیلێین وەك فرمانی خوا قبووڵی بکەین. ئەم جۆرە لە بۆچوون رێگرە لەبەردەم هەر پرسیارو گومانێك کە لە شتەکان دەکرێت و داوامان لێدەکات بەشوێن راستی شتەکاندا نەڕۆین و بەبێ بیرکردنەوە باوڕ بەشتەکان بهێنین، لێرەدا باوڕ بەتەواوەتی جێگەی زانیین و بیرکردنەوە دەگرێتەوە.

لایبێنتز پێی وایە خوایەتی خواو رەوابوونی فرمانەکانی سەرچاوە لەچاکی کاروکردەوکانییەوە دەگرن و خوا بۆیە خوایە چوونکە کاروکردەوکانی مۆرکی چاکییان پێوەیەو بە بێ تێڕامان لە کاروکردەوەکانی و دۆزینەوەی ئەو مۆرکی چاکییە، ناکرێت خوا بە خاوەنی ئەو کاروکردەوانە بزانرێت، چوونکە خوا بەوە خوایە کە سەرچاوەی چاکەیە لەناو هەموو ئەو شتانەدا کە دروستی کردوون. گەر ئەوەی ئەو دروستی کردووە چاك نەبێت، ناتوانین ئەو بە خوا بزانیین، واتە خوایەتی ئەو لەسەر چاکی کردەوەکانی بەندەو چاکی کردەوەکانی بە بوونی خوایانەی ئەوەو بەند نییە.

لایبێنتز لەم بارەیەوە دەڵێت: (تێڕامان لە کارەکان توانای ئەوەمان پێ دەدات خولقێنەری ئەو کارانە بدۆزینەوەو ئەو کارانەش دەبێت لە زاتی خۆیاندا مۆرکی ئەو خولقێنەرەیان لە خۆیاندا هەڵگرتبێ.) (٣١). دوای ئەمەش ئەم بۆچوونەی خۆی لەبارەی خواوە لە بۆچوونە تەقلیدییەکە جیادەکاتەوە، باس لە مەترسیداری بۆچوونە تەقلیدییەکە دەکات و دەڵێت: (من دان بەوەدا دەنێم بۆچوونەکەی من دژی ئەو بۆچوونەیەو وادەبینم ئەو بۆچوونە تا ئەوپەڕی مەترسیداری مەترسیدارەو نزیکە لە بۆچوونی ئەو نوێکەرەوە دوایینانەنەوە کە دەڵێن جوانی و دروستی ئەوەی کە دەدرێتە پاڵ کارەکانی خوا هیچ نییە جگە لە کالاَبڕین بە بالاَی خوادا بەو شێوەیەی کە مرۆڤەکان حەزیان لێیە. بەهەمان شێوە گەر ئێمە وتمان دروستی شتەکان پشت نا بەستێت بە هیچ رێسایەك کە بۆ چاکی هەیەو تەنها پشت بە ویستی خوا دەبەستێ، لەم بۆچوونەشدا ئێمە ئەوە دەبینین کە بەهۆی غەفڵەتمانەوە هەموو خۆشەویستی خواو

(٣١) بروانە: هـ. س ٨٩.

شکۆدارییەکەیان وێرانکردووە - ئەم بۆچوونە بەرەو ئەوەمان دەبات بڵێین- گەر خوا پێچەوانەی ئەوە بکات کە شیاوی پێزانین و سوپاسگوزارییە بۆچی پێزانین سوپاسگوزاریمان بۆی هەبێت؟ دادوەری و حکمەتی ئەو چی دەهێنێ، گەر هیچی لێ نەکەوێتەوە جگە لە جۆرێك لە دەسەڵاتی ستەمکارانەو جگە لەوەی کە ئیرادە شوێنی عەقڵ بگرێتەوەو -وەك ئەوەی کە لەپێناسەی ستەمکاراندا- هەیە ئەوەی کە بۆ ئەوە دەچێتەسەر کە لە هەموان بەهێزترە، ببێت بەداد)[٣٢].

لایبێنتز لێرەدا دوو مەسەلەی گرنگ لە بۆچوونە تەقلیدییەکەدا دەخاتەروو:

<u>یەکەمیان:</u> ئەوەیە کە دوو فۆرمی لە رواڵەتدا لێکدژی بۆچوونە تەقلیدییەکە دیاری دەکات و ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەوانەی پێیان وایە خوا بۆیە چاکە چوونکە لە هەموو بوونەوەرەکان بەهێزترە، لەگەڵ ئەوانەی کەپێیان وایە ئەوەی لە کاروکردەوەکانی خوادا دروست و چاکە، خۆی دروست و چاك نییەو خوا بەپێی یاساکانی دروستی ئەنجامی نەداوە، بەڵکو لەخۆڕا ئەنجامی داوەو ئەوە مرۆڤە بۆخۆی وا وێنای کاروکردەوەکانی خوادا دەکات کە بەپێی یاساکانی دروستی ئەنجامی داون. ئەم دوو بۆچوونە هەردووکیا جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە ئەوەی خوا کردوویەتی لەسەر بنەمای ئیرادەی هێز کردوویەتی نەك لەسەر بنەمای عەقڵ رێساکانی دروستی. <u>دووەمیان:</u> ئەوەیە ئەم دوو بۆچوونە خوا لەرێگەی ستەمکارەکانەوە وێنا دەکەن و پێیان وایە خوا کارەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئیرادەی هێز دەکات، لە بەر ئەوەی بەهێزترینی هەمووانە ئەوەی دەیکات دادوەرانەو رەوایە. واتە ئەوەی وایکردووە کارەکانی ئەو بە ڕەوا بزانرێت هێزی ئەوەو کارەکانی ئەو رەوان چوونکە گەر ناڕەواش بن، هیچ هێزیك نییە رووبەڕووی ئەو ناڕەوایەتییە ببێتەوەو ناڕەوایەتییەکەیان بسەلمێنێ، ئەمەش دروست وەك ئەو ستەمکارە وایە کە بە ئارەزووی خۆی لە مەملەکەتەکەی خۆیدا ئەوەی دەیەوێت دەیکات و هیچ هێزێکی ناو مەملەکەتەکە ناتوانێت رێگەی لێبگرێت، لە بەر ئەمەش هەموو ناچارن ئەوەی ئەو دەیکات بە ڕەوای بزانن و ئەوەی ئەو نایکات بە ناڕەوا.

لایبێنتز بەردەوام دەبێت لەسەر ناساندنی خوا لە (مەملەکەتی خوا) و جیاوازی خوای ئەم مەملەکەتە لەو خوایەی کە لە تێڕوانینە تەقلیدییەکەدا وێناکراوە، بەڵام ئەم جارە هەوڵدەدات بەراوردێکی عەقڵی لە نێوان تێڕوانینەکەی خۆی و تێڕوانییینە تەقلیدییەکەدا بکات. ئەو پێی

(٣٢) بروانە: هـ. س : ٩٠-٩١.

وایە ئیرادەی خوا بەبێ بنەماکانی دروستی و چاکە هیچ شتێك لە خۆڕا ناکات، واتە ئەوەی لەو کەوتووەتەوە بنەمایەکی عەقڵی هەیەو ئیرادەو هێزی خوا بەپێی ئەو بنەمایانە کاردەکات و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و لەخۆڕا گەردوونی دروست نەکردووە.

خوا بەرلەوەی گەردوون دروست بکات لەناو عەقڵی ئەودا بنەماو یاساکانی بوونی گەردوون هەبوون و ویست و هێزی ئەو شوێنکەوتەی ئەو بنەماو یاسا عەقڵیانەیەو ئەوەی کردوویەتی و دەیکات، لەوەوە نایکات کە هیزو ویستی کرنی هەیە، بەڵکو بە پێی ئەوە دەیکات کە لە عەقڵی خۆیدا بوونی هەیە.

واتە هەر کارێکی کە ئەو دەیکات بنەمایەك بۆ بوونی لە عەقڵدا هەیەو لە خۆڕا نایکات. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هێزو ئیرادەی خوا شوێنکەوتەی یاساکانی چاکەو دروستییەو چاکەو دروستی شوێنکەوتەی ویست هێزی ئەو نین. لایبێنتز لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە کەپێی وایە یاساکانی چاکەو دادوەری و کەماڵ هیچ نین جگە لە دەرئەنجامەکانی ویستی خوا، لای ئەو، ئەو راستیانە واتە چاکە و دادوەری و کەماڵ شوێنکەوتەی مەلەکەی بیرو تێگەیشتنی خوان و ئەم مەلەکەیەش لە ژێر رکێفی ویست و هێزی ئەودا نین و ویست و هێزی ئەو لە ژێر رکێفی ئەواندایە[٣٣].

بەپێی بۆچوونە باوەکە ئەوەی وادەکات کردەوەیەك چاك و دروست و دادوەرنە بێت، هێزە. ئەوەی خاوەنی هێز بێت، هەرچییەك بکات دروست و ڕەوایەو ئەوەش خاوەنی هێز نییە هەرچییەك لە دەرەوەی ویستی خاوەن هێزەکە بکات، ناڕەواو نادروستە با لە خۆیشیدا دروستبێت.

لێرەدا علەتی کارایی دەبێتە بنەمای دروستی هەرکردەوەیەك، علەتی کاراییش بە هێز کاری خۆی دەکات، هەرکارێکیش کارایەك توانی ئەنجامی بدات، ئەوە ڕوایە. ئەوەی ناڕەوایە ئەوەیە کە کاراکان توانای کردنی ئەو کارەیان نەبێت.

لەو مەملەکەتەدا کە مەملەکەتی هێزەو لەسەر بنەمای هێز دامەزراوە، ئەوە ڕەوایە، کە کارایەك خاوەن هێز بەهۆی ئەو هێزەی هەیەتی توانیویەتی بیکات، گەر کارایەك لە کاراکانی ناو مەملەکەتی هێز ویستی کارێك لەناو مەملەکەتەکەدا بکات و هێزی ئەوەی تیا نەبوو

(٣٣) بروانە: هـ. س : ٩١.

ململانێ لەگەڵ کاراکانی تری ناو مەملەکەتەکە بکات و سەرکەوێت بەسەریاندا، ئەوە ئەو کارەی کەدەیەوێت بیکات نادروست و ناڕەوایە. ئەمەش لەبەر ئەوەنییە کە کارەکەی لە خۆیدا ناڕەوایە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو هێزە پێویستەی نییە کە لەململانێی کاراکانی تری ناو مەملەکەتەکەو کردنی کارەکەدا بەکاری بهێنێ.

لێرەدا کاری ئەو کەسەی کە بێ هێزەو توانای کردنەکەی نییە، نادروست ناڕەواو بێجێیە، چوونکە کاری ئەو نییەو کاری کەسێکی لەو بە هێزترە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ درووستی و ڕەوایەتی هەرکارێك لەناو ئەو مەملەکەتدا پەیوەندی بە خودی کارەکەوە نییەو پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە کە کارەکە دەکات.

گەر ئەو کەسە خاوەنی ئەو هێزە بوو کە ئەو کارەی پێدەکرێت، ئەوە کارەکەی ڕەوایە، بەڵام گەر ئەو هێزەی نەبوو ئەوە کارەکەی ناڕەوایە. ئەمەش دەمانگەیێنێت بەوەی بڵێن لە مەملەکەتی هێزدا ئەوەی بەهێزە هەرچی دەکات ڕەوایەو بێهێزەکان دەبێت بە دروست و ڕەوای بزانن و بچنە ژێرباری، ئەوەش بێهێزەکان دەیکەن ناڕەوایە و دەبێت لە سەر کردنەکەی سزا بدرێن. مەملەکەتی خوا تەواو جیاوازە لە مەملەکەتی هێز، جیاوازیەکەشی لەوەدایە کەهێز بنەمای ڕەوایەتیدان نییە بەکارەکان و ئەوەی ڕەوایەتی دادات بەکارەکان دروستییە، لە مەملەکەتی خوادا کارەکانی  خواو کارەکانی هەر کارایەکی تری ناو ئەو مەملەکەتە لەوێوە ڕەواو دروست نین کە هی بەهێزەکانن، بەڵکو بەهێزەکان و بێ هێزەکان لەوێوە کارەکانیان دروستن کە بە پێی بنەمای دروستی ئەنجام درابن.

گەر بەهێزێك لەناو مەملەکەتی خوادا کارێکی ئەنجام دا، ئەو کارە نادروست ناڕەوایە گەر بەپێی یاساکانی دروستی و کارڕەوایی ئەنجامی نەدابێت. کاری چاك و دروست لەم مەملەکەتەدا ئەو کارەیە کە شێوەگیرکەری دروستی و دادوەرییە، هەرکارێك با کاری بەهێزترینی ناو مەملەکەتەکەش بێت، گەر شێوەگیرکەری ئایدیاڵ و یاساکانی درووستیی ناو عەقڵ نەبێت، ئەوە ناڕەواو نادروستە. کارەکان بە قەدەر ئەوە دروستن کە ئەو یاسایانەی دروستییان شێوەگیرکردووە کە لەناو عەقڵدا هەن.

لەناو مەملەکەتی خوادا هوشیاری و توانای شێوەگیرکردنی یاساکانی دروستی لەناو کارو کردەوەکاندا بنەمای درووستی هەر کارێکە. گەر لە مەملەکەتی هێزدا هۆشیاری و مەعریفە بەو یاسایانەی کە پێش دەکەون بە سەر کارووکردەوەکاندا هیچ ڕۆڵێکی لەوەدا نەبێت ڕەوایەتی

بدات بەکاروکردەوەکان، ئەوە لە مەملەکەتی خوادا هوشیاری و مەعریفە بەو یاسایانە بنەمای هەر کاروکردەویەکی دروستن، ئیتر گرنگ نییە ئەو کارە بەهێزەکان کردوویانە یان بێهێزەکان.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بنەمای دروستی کاروکردەوەکانی خوا لە مەملەکەتی خوادا، ئەو هێزە رەهایە نییە کە خوا هەیەتی، بەڵکو ئەو یاسایانەن کە بەر لەوەی خوا لەو مەملەکەتەداو لەسروشتدا کارە دروستەکانی خۆی ئەنجام بدات لەناو عەقڵیدا بوونیان هەبووەو ئەویش هوشیاری و مەعریفەیەکی رەهاو تەوای پێیان هەبووە.

خوا لە مەملەکەتی خواو لە مەملەکەتی سروشتدا لەو کاروکردەوانەی کە دەیکات نمایشی بەهێزیی خۆی ناکات لەپێناو ئەوەدا لەرێگەی هێزەوە مرۆڤ ملکەچ بکات بۆ خۆی و ڕەوایەتی بدات بە کارەکانی، خوا لەم دوو مەملەکەتەدا لەکاروکردەوەکانیدا نمایشی دروستی و دانایی و توانایی و چاکی ئەو ئایدیاڵانە دەکات کە بەر لە کردنی کارەکانی لەناو عەقڵدا بوونیان هەبووە، ئەمەش لە پێناو ئەوەدا دەکات مرۆڤ فێری ئەوە بکات بەپێی توانا و هێزی خۆی لە کاروکردەوەکانیدا ئەوە شێوەگیر بکات کە لە عەقڵیدا وەك ئایدیاڵی دروستی و داد و دانایی بە شێوەیەکی پێشینە بوونی هەیەو هێز نەکاتە بنەما بۆ دروستی و رەوایەتیدان بەکارەکانی.

خوا لەم مەملەکەتەدا مرۆڤەکان سزا نادات لە سەر ئەوەی کە هێزێکی کەمیان هەیە، لەسەر ئەوە سزایان دەدات کە ئەو هێزەیان بۆ شێوەگیرکرنی یاساکانی دروستی لە کاروکردەوەکانیاندا بەکار نەهێناوە، بەڵکو لە پێناو ئەوەدا بەکاریان هێناوە رەوایەتی بدەن بەو کارەوکردەوانەی کە لە خۆڕاو بە هەڕەمەکی دەیکەن.

خوا لە مەملەکەتی خوادا وا دەبینرێت کە لەو پەڕی دروستیدا کارەکانی خۆی ئەنجام داوە، بۆ نموونە وادەبینرێت گەردوونی لە دروسترین شێوەی خۆیدا دروستکردووەو خوایەتی خواش لەو کاردروستییەی ئەودایە نەك لەو هێزەدا کە گەردوونی پیٚ دروست کردووە.

لایبێنتز لەرێگە رەخنەکردن لەو بۆچوونەی کە پێی وایە دەکرا خوا گەردوون باشترو دروستتر لەوەی کە هەیە دروست بکات، دەچێتە سەر باسکردنی ئەوەی کە خوا لە تێڕوانیینی کەسانی ناو مەملەکەتی خوادا گەردوونی لە دروسترین شێوەی خۆیدا دروستکردووەو نەدەکرا گەردوون دروستر لەوەی کە هەیە دروست بکرێت.

ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت (من بۆم نییە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کۆك بم، کە بۆچوونی هەندێك لەو (بیرمەند)ە نوێیانەیە کە زۆر بە بوێرییەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەوەی کە خوا

کردوویەتی کاملتر نییە لەوەی کەهەیە، ئەو لەتوانایدا هەبوو دروستر لەوەی کە کردوویەتی بیکات، من لە دەرئەنجامەکانی ئەم بۆچوونەدا رەتکردنەوەیەکی تەواو بۆ بیرۆکەی شکۆداری خوا دەبینم) [٣٤].

ئەو پرسیارەی کە لێرەدا رووبەرووی ئەم بۆچوونە دەبێتەوە ئەوەیە بۆچی خوا لەگەڵ ئەوەشدا دەیتوانی دروستر لەوەی کە کردوویەتی بیکات، بەڵام نەیکردووە؟ بۆچی لەکاتی کردنی کارەکانیدا ئەوەی کردووە کە کەمتر دروستەو کەموکورتی تیایەو ئەوەی نەکردووە کە تەواو دروستەو کەم و کورتی تیا نییە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لای خاوەنانی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە خوا بەپێی دروستی کارەکانی ناکات، چوونکە گەر بەپێی دروستی کارەکانی بکات ئازادیەکی رەهای نابێت و لە کردەوەکانیدا وابەستە دەبێت بە یاساکانی دروستییەوە، بۆ ئەوەی ئەوە نیشانی ئێمە بدات خاوەنی ویستێکی ئازادەو ویستی پابەند نییە بەهیچ شتێکەوە، گەردوونی لە شێوە تەواو کاملەکەی خۆیدا دروست نەکردووەو لەناو چەندها شێوەدا ئەو شێوەیەی بە ئارەزووی خۆی هەڵبژاردووەو لەو شێوەدا گەردوونی دروست کردووە، ئەمەشی بۆ ئەوە کردووە ئەوە نیشانی ئێمە بدات ویستێکی ئازادی هەیەو ویستی پابەند نییە بە هیچ یاسایەکەوە و چۆنی بوێت وادەکات.

ئەم بۆچوونە بە پاساوی ئەوەی خوا پاباند بێت بە یاساکانی دروستییەوە، ویستێکی ئازادو رەهای نابێت، خوا وەك هێزێك وێنا دەکات کە لەکارەکانیدا داناو کار بەجێ نییە و کەموکورتی لەکارەکانیدا هەیەو ئەوەی کە کردووەیەتی لەوپەڕی تەواویدا نییەو دەکرێت ئەوکارە لەوە تەواتر ئەنجام بدرێت کە ئەو ئەنجامی داوە.

ئەو لەبەرئەوەی ئەوە بەلایەوە گرنگ نییە کارەکانی لەو پەڕی دروستیدا بن و تەنها ئەوە بەلایەوە گرنگە لەرێگەی کارەکانییەوە ئەوە بسەلمێنە کە خاوەنی ویستێکی ئازادو هێزێکی رەهایە، کارەکان بەو شێوەیە ئەنجام دەدات کە خۆی دەییەوێت و بەو شێوەیە ئەنجامیان نادات کە هیچ کەم وکورتییەکیان تیا نەبێت. واتە خوا بە ئارەزووی خۆی و لەخۆڕا کارەکانی ئەنجام دەدات و بە پێی حکمەت کارەکانی ئەنجام نادات. ئەم بۆچوونە ئازادی لەوەدا نابینێت ئەوەی

(٣٤) بروانە: هـ. س : ٩٤.

کە خوا یان مرۆڤ دەیکات بەپێی ئەو یاسایانە بیکات کە بۆ ئەو کارە لە عەقڵدا بوونیان هەیە، بەڵکو ئازادی لەوەدا دەبینێت کە کارەکان لە خۆڕاو بێ هیچ بنەمایەك بکرێن. لەکاتێکدا هیچ کارێك نابێت بەکار گەر لەخۆڕا بکرێت و بە پەیڕەوکرنی ئەو بنەمایانە نەکرێت کە ئەو کارەی لێدەکەوێتەوە.

کەسێك لەخۆڕا ناتوانێت بینایەك دروست بکات، گەر ئەو کەسە توانی بینایەك دروست بکات ئەوە بەپێی کۆمەڵە بنەماو دەستورێك ئەو بینایەی دروست کردووە، نەك بەپێی ئارەزووی خۆی. واتە کارای هەر کارێك بیەوێت و نەیەوێت لەکردنی کارێکدا ویستی مەحکومە بە کۆمەڵە بنەمایەك کە بوونی ئەوکارە دەیخوازێت. ئەو کارایە با خاوەنی ویست و هێزێکی ڕەهاش بێت، بەبێ بوونی ئەو بنەمایانە ناتوانێت ئەو کارە بکات.

کەوابێت ئازادی ویستی کارایەك لە کردنی کارێکدا بەندە بە بوون ئەو بنەمایانەوە و بەبێ بوونی ئەو بنەمایانە ئەو ویستە نەك هەر ئازاد نییە لەکردنی ئەوکارەدا بەڵکو ناتوانێ ئەوکارە بکات.

ئەمەش دەمانگەیێنێ بەوەی ئەو کارایەی لە هەموو کارەکانیدا لەکردنی کارێکدا ئازادترە کە هوشیاری تەواوی بەو بنەمایانە هەبێت کە بوونی کارەکەی لەسەر بەندە و دوای ئەوەش لەوکاتەدا کاراکە لەکردنی کارێکدا دەگات بە ئازادی ڕەها کە بەتەواوەتی توانیبێتی بنەماکانی کارەکە لە کارەکەدا شێوەگیر بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کارایەك لە کردنی کارێکدا کاتێك ئازادیەکی تەواو وەردەگرێت کە بتوانێت ئایدیالی ئەو کارە لە دروسترین شێوەدا لەکارەکەدا شێوەگیر بکات. کارایەك گەر خاوەنی هێزێکی ڕەهاش بێت و بەڵام گەر ئەو هێزەی بەپێی یاساکانی کاردروستی بەکار نەهێنابێت، ئەوە لە کاتی کردنی کارەکەدا لەناو ئازادییدا نەبووە.

ئەوانەی پێیان وایە بەوە بەرگری لە ئازادی خوا دەکەن بڵێن خوا کارەکانی خۆی لە دروسترین شێوەدا ئەنجام نەداوە و لەکاتێکدا دەیتوانی لە دروسترین شێوەدا ئەنجامی بدات، ئەوە ویستی خوایان وەك ویستی کارایەك وێناکردووە کە هێزێکی ڕەهای هەبێت، بەڵام لە کردنی کارەکەیدا لە ئازادییەکی ڕەهادا نەبێت. لایبنتز لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەوانە پێیان وایە مەسەلەی ئازادی خوایان یەکلاکردووەتەوە، وەك ئەوە وابێت کامڵترین کار لە بەرزترین

پلەی ئازادیدا بەپێی ئەوە نەکرابێت کە عەقڵ دەیخوازێت)[٣٥]. گەر ئازادی کارایەك لەناو کارەکەیدا بەند بێت بە ڕادەی دروستی ئەو بنەمایانەی کە ئەو کارەکەیان پێ ئەنجام دەدات، ئایا هەڵبژاردنی دروستترینی ئەو بنەماو یاسایانە کە بۆ کارێك هەن زامنی ئازادی ویستی هەڵبژاردنی ئەو کارایە ناکات؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لایبنتز بەرەو ئەوە دەبات باس لەوە بکات خوا لە کارەکانی خۆیدا بەبێ بوونی هۆکارێکی تەواو بۆکردنی کارەکانی هیچ کارێکی نەکردووە.

واتە خوا کاتێك گەردوونی لەو شێوەیەی ئێستادا دروستکردووەو لە شێوەیەکی تردا دروستی نەکردووە هۆکارێکی تەواوی هەبووە، هۆکاری تەواویش ئەوەیە ئەو شێوەیەی کە خوا گەردوونی لە سەر درروستکردووە، لەناو هەموو شێوەکاندا کامڵترین و دروسترین شێوە بووبێت بۆیە لەو شێوەیەدا دروستی کردووەو لە شێوەیەکی تردا دروستی نەکردووە.

ئەم هەڵبژاردنەش ویستێك دەتوانێت ئەنجامی بدات کە ئازادبێت لە هەڵبژاردنی هەموو ئەو شێوانەی کە بۆ دروستکردنی گەردوون هەن. تەنها ویستێکی ئازادی لەم جۆرە دروسترینی ئەو شێوانە هەڵدەبژێرێ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەڵبژارنی شتێك لەناو شتەکاندا لە پێناوی ئەوەدا نییە ئێمە بە هەڕەمەکی شێوەیەك لە شێوەکان هەڵبژێرین، بەڵکو لەپێناوی ئەوەدایە شیاوترینی ئەو شێوانە هەڵبژێرین کە هەن.

کەسێك دەتوانێت شیاوترینی ئەو شێوانە هەڵبژێریت کە مەعریفەیەکی تەواوی بەو کارە هەبێت کەشێوەکەی بۆ هەڵدەبژێرێ و لەسەر بنەمای ئەو مەعریفەیە شێوەیەك لە شێوەکان هەڵبژێرێ وشێوەکانی تری جگەلەوشێوەیە هەڵنەبژێرێ.

کاتێك کەسێك هیچ مەعریفەیەکی بەکارەکە نەبێت، ئەوکاتە ناچارە لەخۆڕا شێوەیەك لە شێوەکانی کردنی کارەکە هەڵبژێریت، ئەم کەسە مادام هیچ لەبارەی کارەکەو شێوەکانییەو نازانێت، لە هەڵبژاردنی شێوەکاندا ناتوانێت هیچ لەو شێوانە هەڵبژێرێ و گەر شێوەیەکیش لە شێوەکان هەڵبژێرێ بەناچاری هەڵیدەبژێرێ نەك بە ئازادی. ئازادی لەهەڵبژاردنیشدا کاتێك وەدی دێت کە ئەو کەسەی هەڵدەبژێرە لە سەربنەمایەك هەڵبژاردنەکە بکات نەك بە ئارەززووی خۆی. لێرەشدا ئەو پەڕی ئازادی پێویستی بەو پەڕی زانینە بۆ هەڵبژاردنی دروسترینی ئەوانە

(٣٥) هـ. س : ٩٥.

کە دەبێت هەڵبژێردرێن. لایبێنتز بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە خوا بەوە خاوەنی ویستێکی ئازادو رەهایە کە لە هەڵبژاردنی ئەو شێوانەی کە لەکارەکانیدا شێوەگیری کردوون پشتی بە زانینی خۆی بەستووەو زانا بووە بە هەموو شێوەکانی کارەکان و لە خۆڕا شێوەیەك لە شێوەکانی بۆ شێوەگیرکردنی کارەکانی هەڵنەبژاردووە دەڵێت ( باوڕبوون بەوەی کە خوا کاریگەری دەخاتە سەر شتێك بەبێ ئەوەی بۆ ئەو کارەی علەتێك هەبێت ویستی ئەو دیاری بکات -جگە لەوەی کە ئەمە نابێت- ئەمە لە گەورەیی ئەویش ناوەشێتەوە. با وادابنێین خوا لە نێوان (أ) و (ب)دا بەبێ هیچ هۆکارێك (أ)ی بە باشتر زانی لە(ب) و (أ) هەڵبژارد. من دەڵێم گەر خوا کارێکی لەو جۆرە بکات کارەکەی شیاوی هیچ پەسەندانێك نییە، پێویستە هەموو شکۆدارییەك لەسەر علەتێك دابمەزرێ(....) بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە من پێم وایە خوا کارێکی لەو جۆرە ناکات کە شیاوی شکۆداری نەبێت) [٣٦].

بەپێی ئەم بۆچوونەی لایبێنتز، خوایەتی خوا لەو هێزەدا نییە کە بە هۆیەوە توانیویەتی گەردوون دروست بکات، واتە بوونی خوا لە هێزە رەهاکەی خوادا نییەو لە حکمەت و دانایی خوادایە، خوا لە مەملەکەتی خوادا بەوە خوا نییە کە خاوەنی ئەو هێزە رەهایەیە کە گەردوونی پێ دروستکردووە، خوا بەوە خوایە کە زانا و دانایە، زانایە بە کارەکەی خۆی کە گەردوونەو بە هەموو ئەو فۆرمانەش کە بۆ دروستکردنی گەردوون هەن. دانایە چوونکە دروسترین فۆرمی لەو فۆرمانە هەڵبژاردووەو بە باشترین شێوەش ئەو فۆرمەی لە مادەی گەردووندا شێوەگیر کردووە.

لێرەدا جیاوازی خوا لە مەملەکەتی خوادا لەگەڵ خوا لەناو بیروباوڕە باوەکاندا ئەوەیە کە خوا لەلای ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئەو بیروباوڕەن بوونەوەرێکە خاوەنی هێزێکی رەهایەو هەرچییەکی بوێت بە ئارەزووی خۆی دەیکات و ئەوەی لەکارەکانیدا پشتی پێ دەبەستێت ئارەزووە نەك عەقڵ. بەڵام خوا لەلای کەسانی ناو مەملەکەتی خوادا بەبێ علەتێکی تەواو هیچ کارێکی نەکردووەو هیچ کارێکیش ناکات، کاتێك کارێك دەکات دەبیت کارەکەی بنەماو علەتێکی عەقڵی هەبێت. کاتیك کارێك بەشێوەیەك دەکات و بەشێوەیەکی تر ناکات، بۆ ئەوە نییە ئەوە نیشان بدات کە ئازادە لەوەی کە چۆن کارەکانی دەکات، بەڵکو بۆ نیشاندانی ئەوەیە

---

(٣٦) هـ. س : ٩٦.

کە لە نێوان دوو چۆنایەتی و شێوەدا ئەوەیان هەڵدەبژێرێت کە بەپێی یاسا عەقڵییەکانی دروستی دروسترینیانە.

خوا لەمەملەکەتی خوادا بوونەوەرێکی عاقڵەو کارەکانی لەسەر بنەمای عەقڵ دەکات و تەنها ئەوانەش لە کارەکانی تێدەگەن کە لەژیانیاندا بەپێی بنەمای عەقڵ دەژین. بەڵام خوا لە تێڕوانینە باوەکەدا بوونەوەرێکی بە هێزەو بە پێی بنەمای هێز هەر چییەکی بوێت دەیکات و هیچ هێزێکیش ناتوانێت ڕێگربێت لەبەردەم کارەکانیدا، کارەکانی ئەم خوایەش تەنها ئەو کەسانە لێی تێدەگەن کە لەژیاندا بەپێی بنەمای هێز دەژین و بەردەوام لە هەوڵدان بۆ ئەوەی بگەن بە هێزێکی زیاتر.

### ٢/٢-١-٢) سیستەمی مەملەکەتی خوا

مەملەکەتی خوا مەملەکەتی مۆنادە عاقڵەکانە، واتە مەملەکەتی ئەو مرۆڤانەیە کە بەپێی ئەو یاسا ئاکاریانە هەڵسووکەوت دەکەن کە لەناو عەقڵیاندا بەشێوەیەکی پێشینە هەن. ئەوان ئەو یاسا ئاکارییانەیان لە دەرەوەی خۆیان وەرنەگرتووە، ئەو یاسایانە لەناو عەقڵی هەریەکەیاندا لەگەڵ بوونیاندا هەن و ئەوان توانیویانە هۆشیارییان پێ پەیدا بکەن و لەناو خۆیاندا چالاکییان بکەن و هەر کارێکیش کە لە ژیانی خۆیاندا دەیکەن لەپێناوی شێوەگیرکردنی ئەو یاسایانەدایە. ئەمەش وایکردووە پەیوەندی نێوان کەسانی ناو ئەو مەملەکەتە بەپێی سیستەمێك ڕێکبخرێت کە تەواو جیاوازە لەو سیستەمە کۆمەڵایەتیانەی کە کۆمەڵگاکان نەوە بەنەوە بە شێوەیەکی تەقلیدی دەیگوازنەوە.

کاتێك باس لە سیستەم دەکرێت بیرمان بۆ لای دروستەخوازەکان دەچێت، ئەوەی دروستەخوازەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە سیستەمە. بیرۆکەی ئەو جۆرە لە سیستەم کە دروستەخوازەکان باسی دەکەن ناگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی ئەو سیستەمەی کە لە مەملەکەتی خوادا هەیە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرۆکەیە کە سۆسۆر لەبارەی سیستەمی زمانەوە هەیەتی. سۆسۆریش بە باوکی دروستەخوازی دادەنرێت و لەدوای بڵاوبوونەوەی کۆوانەکان لەبارەی زمانەوانی گشتییەوە بیرۆکەی سیستەم لەناو فکری ڕۆژئاوایدا پەرەدەسێنێ و تا ئێستاش لە پەرەسەندنی خۆی نەوەستاوە. جیاوازیی ریشەیی بیرۆکەی سیستەم لای لایبێنتزو لای دروستەخوازەکانی وەك سۆسۆر ئەوەیە کە بنەمای بوونی سیستەم لای دروستەخوازەکان

هەرەمەکییەتە و بەبێ بوونی هەرەمەکییەت سیستەم بوونی نابێت، بەڵام بنەمای بوونی سیستەم لە مەملەکەتی خوادا عەقڵە.

یەکەکانی ناو سیستەم لەلای دروستەخوازەکان لەخۆیاندا هەڵگری ماناو ماهییەتێك نین و بە شێوەیەکی سەلبی لەدەرەوەی خۆیانەوە مانا وەردەگرن، بەڵام یەکەکانی ناو مەملەکەتی خوا بەر لەوەی بوون لە ناو سیستەمدا پەیدا بکەن، ماهییەت و مانای خۆیان لەخۆیاندایەو بە شێوەیەکی سەلبی سیستەم مانا ناخاتە ناویان و سیستەم تەنها زەمینەیەکە بۆ دەرکەوتکردنی ماناو ماهییەتی ئەوان.

لەلای دروستەخوازەکان یەکەیەك کاتێك ڕێگەی پێدەدرێت بێتە ناو سیستەمەوە کە پەیوەندی نێوان ماناو فۆرمەکەی پەیوەندییەکی هەرەمەکی بێت و لەسەر هیچ بنەمایەك بەند نەبێت، بەڵام لای لایبینتز دەبێت پەیوەندیەکی هەمئاهەنگانە لە نێوان ماناو واتای یەکەیەکدا هەبێت جا ڕێگەی پێدەدرێت ببێت بە یەکەی ناو سیستەم.

لایبێنتز پێی وایە هەرکارێك کە لەگەردووندا ڕوودەدات بەپێی یاساو سیستەم روو دەدات، تەنانەت گەر کەسێك هەر لەخۆیەوە بە قەڵەمێك کۆمەڵە هێڵێك بکێشێت لە ناو ئەو کۆمەڵە هێڵەدا دەتوانرێت یاسایەك بدۆزرێتەوە، بەڵام لای سۆسۆر بە پێچەوانەوەی ئەمەوە نەك کەسێك ناتوانێت هەرەمەکیانە کۆمەڵە هێڵێکی بێ بنەماو دەستور بکێشێت، بەڵکو دەتوانێت زمانێك بەو هەموو دەستوورو بنەمایەوە بە شێوەیەکی هەرەمەکی و بێ بوونی هیچ بنەمایەك دابهێنێ. لای ئەو، ئەو هەموو زمانەی کە لەجیهاندا هەبوون و هەن، بە شێوەیەکی هەرەمەکی دروستبوون و دوای دروستبوونیان و بەکارهێنانیان لەلایەن خەڵکەوە، ئەوەی هەرەمەکییە لە ناویاندا بووە بە سیستەم و یاسا.

لەم روانگە دروستەخوازانەیەوە نەك هەر زمانەکان بەڵکو کۆمەڵگای پیشەسازی کە دروستەخوازەکان بوونی بە بنەمای نەتەوە دەزانن، بەبێ بوونی بنەماو یاسایەك هاتووەتەئاراوەو کەس بیر لەدروستکردنی نەکردووەتەوە، واتە بنەمای بوونەکەی هەرەمەکییەتە. بەپێی بۆچوونی دروستەخوازەکان هیچ شتێك بەپێی سیستەمێکی پێشینە دروست نەبووەو سیستەم پێش ناکەوێت بەسەر دروستبوونی شتەکانداو شتەکان بە هەرەمەکی دروست بوون و دواتر ڕێکەوتنی ئێمە ئەو هەرەمەکییەتەی ئەوانی کردووە بە سیستەم و یاسا. گەر قووڵ بە شوێن ڕیشەکانی ئەم بۆچوونەدا بگەڕێن دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ بۆچوونە

وەهمییەکەی بارکلی لە بارەی بوونی شتەکانەوە لە جیهاندا، لای بارکلی شتەکان خۆیان بوونیان نییەو خەیاڵی ئێمە بوونیان پێ دەدات، بۆیە گەر خەیاڵ و هەستەکانی ئێمە نەمێنن، شتەکانیش بوونیان نامێنێ. دروستەخوازەکان لێرەدا وەك ئەو نەعامەیە بیردەکەنەوە کە پێی وایە سەری خۆی کرد بە ژێر لمەوە ئیتر کەس نایبینێ.

سۆسۆر پێی وایە ئەوە رێکەوتنی ئێمەیە لەسەر بەکارهێنانی زمانێك وادەکات ئەو زمانە ببێت بە خاوەنی سیستەم، بەبێ رێکەوتنی ئێمە، سیستەم لەزماندا بوونی نییە. واتە زمان خۆی لە خۆیدا شێوەگیرکەری سیستەمێك نییەو بوون سەرچاوەی لە سیستەمێکەوە نەگرتووەو بە هەرەمەکی هاتووەتەبوون و دواتر رێکەوتنی ئێمە لەسەر بەکارهێنانەکەی، سیستەمێکی بۆ هێناوەتە بوون.

گەورەترین هەڵەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە یاساکانی بوونی شتێك جیاناکاتەوە لە یاساکانی کارکردنی ئەو شتەو لەمەشەوە پێی وایە یاساکان و ئەو سیستەمەی کە ئەو یاسایانە پێکەوە دەخاتە کار تەنها لە بەکار هێنانی شتەکاندا بوونیان هەیەو یاساو سیستەم بۆ پەیدابوون یان دروستکردنی شتێك بوونی نییەو ئەو شتانەی کە هەن بە شێوەیەکی هەرەمەکی هاتوونەتەبوون و کارای هاتنەبوونەکەیان بۆ هێنانەبوونیان، پێویستی بە یاساو سیستەم نەبووەو لە خۆڕا دروستی کردوون.

دروستەخوازەکان بۆیە کەوتوونەتە هەڵەوە چوونکە ناتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان یاساکانی پەیدابوون یان دروستکرنی شتێکدا لەگەڵ یاساکانی کارکردن یان بەکارهێنانی هەمان شتداو پێیان وایە بۆشتێك یان بوونەوەرێك تەنها ئەو یاسایانە هەن کە بوونێکی تاقیکارییانەی پاشینەیان هەیەو دوای دروستبوون یان دروستکردنی شتەکە، بەکارهێنەکانی ئەو شتە بە شێوەیەکی سەلبی و لەرێگەی تاقیکردنەوەوە ئەو یاسایانە وەردەگرن و لە رێگەیانەوە دروستکراوەکە دەخەنە ناو بەکارهێنانەوە.

ئەوان لێرەدا دەرك بەوە ناکەن کە پێش دروستکردنی شتەکە کارای دروستکردنەکە بەپێی کۆمەڵە یاسایایەکی پێشینە کە پێش دەکەون بە سەر بوونی شتەکەدا شتەکەیان هێناوەتە بوون و ئەم یاسایانەش لە تاقیکردنەوەو بەکارهێنانی ئەو شتەوە بە شێوەیەکی سەلبی نەگوێزراونەتەوە بۆناو کارای دروستکرنەکەو کارای دروستکردنەکە بەر لە پەیدابوونی شتەکە لەعەقڵدا پەی بەو یاسا پێشیانە بردووەو دوای دۆزینەوەی ئەم یاسایانە توانیویەتی ئەو شتە

بێنێتە بوون. دروستەخوازەکان جگە لەوەی کە تواناى جیاکردنەوەی یاساکانی بەکارهێنان ویاساکانی پەیدابوونی بوونەوەرەکانیان نییە، تواناى جیاکردنەوەی عەقڵی یاسابەکارهێن و عەقڵی یاسادۆزیشیان نییەو پێیان وایە مرۆڤ وەك زیندەوەرانی تر تەنها خاوەنی عەقڵێکی یاسا بەکارهێنەو تەنها دەتوانێت یاساکانی بەکارهێنانی شتەکانی دەوروبەری لەدەرەوەی خۆی بەشێوەیەکی سەلبی لە شێوەی سیستەمێکدا وەرگرێت و لەبەکارهێنانی شتەکاندا جێبەجێیان بکاتەوە.

مرۆڤ لای ئەوان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ زیندەوەرەکانی تردا نییەو بەدەر لەو عەقڵە یاسابەکارهێنە خاوەنی عەقڵێکی یاسادۆز نییەو ناتوانێت پەی بە بوونی ئەو یاسا شاراوانە بەرێت کە لەعەقڵدا بۆ پەیدابوونی شتەکان هەن و لەو دەوربەرە بەدەست ناهێنرێن کە شتەکان لەناویدا بوونیان هەیە. نەك هەر ئەمە، بەڵکو ئەوان لەبنچینەدا بڕوایان بە بوونی سیستەم و یاسایەك بۆ پەیدابوونی شتەکان نییە تا بڕوایان بە بوونی ئەو عەقڵە یاسادۆزە هەبێت کە دیکارت بە(من) ناوی دەبات.

ئەو سیستەمەی کە لایبێنتز بە سیستەمی مەملەکەتی خوای دەزانێت، سیستەمی بەکارهێنانی شتەکان نییەو ئەو عەقڵەش کە لە ناو ئەو مەملەکەتەدا حاکمە، عەقڵی یاسابەکارهێن نییە.

کەسانی ناو مەملەکەتی خوا بەهۆی ئەو هوشیارییەی کە بە بوون هەیانە عەقڵی یاسادۆز لەناویاندا چالاك بووەو ئەوەی لەناو ئەواندا حوکم دەکات ئەو عەقڵە یاسادۆزەیەو ئەو سیستەمەش کە عەقڵی یاسا دۆز لەڕێگەیەوە حوکمی مەملەکەتەکە دەکات، بەڕێکەوتنی کەسانی ناو مەملەکەتەکە نەبووە بە سیستەم.

بەپێچەوانەی ئەمەوە کەسانی ناو مەملەکەتەکە بەبێ بوونی ئەو سیستەمە ڕێککەوتن لەنێوانیاندا بوونی نییە. واتە لەم مەملەکەتەدا ڕێکەوتنی مرۆڤەکان بەرهەمی ئەو سیستەمە عەقڵییەیە کە بوونی لەناو عەقڵی هەموویاندا هەیەو سیستەمەکە بەری ئەو ڕێکەوتنە نییە کە لە نێوان ئەواندا هەیە. واتە لەوێ ڕێکەوتن بنەمای بوونی سیستەم نییەو سیستەم بنەمای بوونی ڕێککەوتنە.

سیستەم لە مەملەکەتی خوادا سیستەمێکی هەرەمی نییە، واتە سیستەمێك نییە کەسەکانی ناو مەملەکەتەکە بەپێی پلەکاری ڕێکبخات و کۆمەڵێك لەو کەسانە لەو

ڕێکخستنەدا بکەونە سەرووی هەرەمەکەو کۆمەڵێکی تر بکەونە خوارووی هەرەمەکە، یان کۆمەڵێك ببنە چەقی مەملەکەتەکەو کۆمەڵێکی تر ببنە پەراوێزی ئەو چەقە. کەسەکانی ناو ئەو مەملەکەتە لەگەڵ یەکدا لە پەیوەندییەکی هەمئاهەنگانەدان و چەقی مەملەکەتەکە کە عەقڵی یاسادۆزە لە ناو هەریەکەیاندا بوونی هەیەو حاکمە بەسەر هەریەکەیانەوە، ئەم حاکمەش تەنها لەناو کەسەکەدا دەتوانێت حوکمی کەسەکە بکات. واتە عەقڵ لە ناو کەسێك لە کەسەکانی ناو مەملەکەتەکە ناتوانێت لە ڕێگەی ئەو کەسەوە یان لە ڕێگەی گروپەکەیەوە حوکمی کەس و گروپەکانی تری ناو مەملەکەتەکە بکات و تەنها دەتوانێت حوکمی ئەو کەس و گروپە بکات کە لەناویاندا بە شێوەیەکی پێشینە بوونی هەیە. ئەمەش وای کردووە چەقی مەملەکەتەکە نەکەوێتە ناوکەسێك یان گروپێك و لە ناو هەموویاندا بوونی هەبێت و لەکەسیشەوە بۆ کەسی تر نەگوازرێتەوە.

ئەم سیستەمە نەك کەسانی ناو کۆمەڵگا لە شێوەی حاکم و مەحکوم ڕێك ناخات و بوونێکی هەرمییان پێنادات، بەڵکو ڕێگرە لە بەردەم ئەوەدا هەرکەسێك خۆی بکات بە حاکم بەسەر ئەوانی ترەوە. لەمەوەیە لایبێنتز کە باس لە کەسانی ناو مەملەکەتی خوا دەکات، باس لەوە دەکات کە هیچ مۆنادێك لە مۆنادەکان دەلاقەیەکی نییە بۆ ئەوەی کاربکاتە سەر مۆنادەکانی  تری ناو مەملەکەتەکەو بە هۆی نەبوونی دەلاقەیەکی واشەوە هیچ مۆنادێکی تری ناو مەملەکەتەکە ناتوانێت کاری لێبکات و لە بوونەوەرێکی ئیجابییەوە بیکات بە بوونەوەرێکی سەلبی.

لەبەر ئەوەی لایبێنتز یەکەم فەیلەسوفی ئەوروپاییە کە پەی بە بیرۆکەی مەملەکەتی خوا بردووە، گوزارشتکردنی ئەو لەو مەملەکەتە لەڕێگەی کۆمەڵە چەمکێکی پەتییەوەیە، دوای ئەو لای فەیلەسوفانی ئەڵمان ئەو بیرۆکە پەتییە پەرەدەسێنێ و لەگەڵ پەرەسەندنی ئەم بیرۆکەیەش، زمانی گوزارشتکردن لەو بیرۆکەیە لە زمانێکی پەتی و عەقڵییەوە دەگۆڕێت بۆ زمانێکی واقیعی و هەستەکی، ئەم گۆڕانەش لە فەلسەفەی هیگڵدا دەگاتە لوتکەی خۆی و مەملەکەتی خوا دەبێت بە نەتەوەو مۆنادەکانی ناو مەملەکەتەکەش دەبن بە تاکی نەتەوەیی.

لای لایبێنتز کەسانی ناو مەملەکەتی خوا بە مۆناد ناودەبرێن، مۆناد ناوە بۆ ئەو عەقڵەی کە لەناو کەسەکانی ناو ئەو مەملەکەتەدا وەك عەقڵێکی یاسادۆز بوونی هەیەو هەڵگری هەموو ئەو (دەبێت) و (نابێت)انەیە کە هەڵسوکەوتی کەسەکان لە مەملەکەتی خوادا دیاری

دەکەن. لایبێنتز بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە هەرکەسێك لە کەسەکانی ناو مەملەکەتی خوا نە هیچ کەسێك دەخاتە ژێر کاریگەری و حوکمی خۆی و نە دەشچێتە ژێرکاریگەری هیچ عەقڵێك لەو عەقڵە یاسادۆزانەی کە بوونیان لەناو تاکەکاندا هەیە، بە زمانە پەتییەکەی خۆی دەڵێت: هیچ رێگایەك نییە بۆ راڤەکردنی ئەوەی کە ئیمکانی ئەوە هەبێت مۆنادێك کاری لێبکرێت یان لەرێگەی مۆنادێکی ترەوە لە ناوەوە توشی گۆڕان ببێت. کەواتە مەحاڵە هیچ شتێکی لەدەرەوەی مۆنادەکانەوە دەزەبکاتە ناویان، یان هیچ جووڵەیەکی ناوەکی وا لە ناویاندا بەدی بکرێت کە جووڵەیەکی کارلێکراو یان ئاراستەکراو یان کەمکراو یان زیادکراو بێت.....مۆنادەکان هیچ کەلێنێکیان نییە بۆ ئەوەی لە رێگەیەوە شتێك دزەبکاتە ناویان یان شتێك لێیانەوە بچێتە دەرەوە، رواڵەتەکانی مۆنادەکانیش وەك وێنە هەستەکییەکان دابڕاو نین لە جەوهەرەکانیان و لە دەرەوەی جەوهەرەکانیان لە گەڕان و جووڵەدا نین، بۆیە مەحاڵە جەوهەرو رواڵەتەکانی مۆنادەیەك لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی هاتبن.) (٣٧).

بەپێی بۆچوونەکەی لایبێنتز تاکەکەس لە مەملەکەتی خوادا لەگەڵ پەیدابوونیدا هەڵگری سیستەمێکەو ئەو سیستەمە لە دەوربەرەکەیەوە بۆی نەهاتووە، ئەوەی کە لە دەوروبەرکەیەوە بۆی دێت، ناتوانێت دزەبکاتە ناوی و گۆڕان لەو سیستەمەدا بکات و ببێت بە یاسادانەری سیستەمەکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو سیستەمە لە رێگەی ئەوەی کە لە دەوروبەرەکەوە دێت، خۆی لە هەڵسوکەوت وئاکاری ئەو کەسەدا شێوەگیر دەکات.

سیستەم لەناو کەسەکانی ناو مەملەکەتی خوادا لەسیستەمی بوون وپەرەسەندنی ئەو تۆوە دەچێت کە لەناو زەوییەکدا دەچێنرێت و ئەوەی کە لە زەوییەکەوە دزە دەکاتە ناو تۆوەکە ناتوانێت بیگۆڕێت، بەڵکو سیستەمی ناو تۆوەکە لەرێگەی ئەوەوە کە لە زەمینەکەوە بۆی دێت بوونی خۆی لە پەرەسەندن و جووڵەی درەختەکەدا شێوەگیردەکات. ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە دروستەخوازەکانی وەك سۆسۆرو گێلنەر بڕوایان پێیەتی، چوونکە لای ئەوان تاکەکەس زەمینەی چاندنی ئەو سیستەمەیە کە لەدەوروبەرەکەیدا هەیەو هەڵسوکەوتی ئەو مەحکومە بەو سیستەمەی کە لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی دێت و هیچ تاکە کەسێك لەناوخۆیدا هەڵگری سیستەم نییەو دەبێت لە دەرەوەی خۆی سیستەمێکی تیا بچێنرێت و ئەو

(٣٧) لیبنتز: مونادولوجیا، ت: دکتور عبدالغفار مکاوي، دار الثقافة، القاهرة ١٩٧٤، ص:١١٦-١١٧.

ببێتە مادەیەك بۆ شێوەگیرکردنی ئەو سیستەمە. ئەمە ئەوە دەگەیێنێ بەپێی بۆچوونی دروستەخوازەکان تاکەکەس بوونێکی سەلبی هەیەو هیچ نییە جگە لە زەمینەیەك بۆ شێوەگیربوونی ئەو سیستەمەی کە کەسانێك لە دەرەوەی خۆیەوە لەناویدا دەیچێنن و ئەویش ناتوانێت بە هیچ شێوەیەك بیگۆڕێت، بەڵام بەپێی بۆچوونی لایبێنتزو عەقڵخوازەکان، تاکەکەس لە کۆمەڵگای عەقڵیدا بوونێکی ئیجابی هەیەو بە خۆی هەڵگری سیستەمێکی تایبەت بە خۆییەتی و هیچ کەسێك لە دەرەوەی خۆیەوە ناتوانێت دەست لەو سیستەمە بدات و بیگۆڕێت.

لایبێنتز بۆ روونکردنەوەی تێڕوانیینە عەقڵییەکەی خۆی، بۆچوونەکەی خۆی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی(ئەرستۆ) و (جۆن لۆك) دا بەراورد دەکات کە عەقڵی تاکەکەس بە لاپەڕەیەکی سپی دەزانێت و پێی وایە ئەو سیستەمەی کە ئەو لە ناو کۆمەڵگادا هەڵسوکەوتی پێدەکات، لەدەرەوەی خۆیەوە بۆی هاتووە و دەوروبەرەکەی تیایدا چاندوویەتی. بەپێی ئەم بۆچوونە روحی مرۆڤەکان (تەختەڕەشێکی بەتاڵەو بەردەوام بوارێکە بۆ ئەوەی نووسینی لەسەر بنوسرێت، ئەم بۆچوونە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەموو ئەوەی لەناو مەلەکەی تێگەیشتنی ئێمەدا هەیە، لە هەستەوەرەکانەوە بۆی هاتووە.... دەکرێت بڵێین ئێمە لەدەرەوەی خۆمانەوە زانینەکان وەردەگرین چوونکە هەندێك لە شتە دەرەکییەکان بە شێوەیەکی تایبەت پێکهاتوون یان گوزارشت دەکەن لەو عللەتانەی کە روحمان بەرەو هەندێك لە بیرەکان ئاراستە دەکەن، بەڵام کاتێێك ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە وردەکاری راستییە میتافیزیکییەکانەوە دەبێت، گرنگە دان بەو بەرفراوانی و سەربەخۆییەی روحمانا بنێین کە لەسەرووی ئەوەوەیە پیاوی ئەو بۆچوونە باوانە بتوانێت وێنای بکات) [٣٨].

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ بەپێی بۆچوونی عەقڵییەکە ئەوەی لەدەرەوە بۆ مرۆڤ دێت، تەنها مادەیەکی پێویستە بۆ شێوەگیربوونی ئەوەی کە لەناو روحیدا بوونی هەیەو هیچ کاریگەرییەکیشی نییە لەسەری و بە پێچەوانەوە ئەوەی لە ناو روحیدا هەیە ئەوەی دەرەوە وەك مادەییەك بەکاردەهێنێ بۆ شێوەگیربوونی خۆی. سیستەمی مەملەکەتی خوا سیستەمی ئەو تاکە کەسانەیە کە بەپێی ئەوە هەڵسوکەوت دەکەن کە لەگەڵ بوونیاندا لەناو عەقڵییاندا بوونی

---

(٣٨) لایبنتز: مقالة فی میتافیزیقا:١٨١-١٨٢.

هەبووەو لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە وەریاننەگرتووەو ئەوەش لەدەرورووبەرە کۆمەڵایەتییەکەوە وەریانگرتووە هیچ نییە جگە لەمادەیەکی خاو بۆ شێوەگیربوونی ئەوەی لە ناو عەقڵیاندا بوونی هەیە.

تاکەکەسی ناو مەملەکەتی خوا هەوڵدەدات ئەو توانایە لە روحیدا چالاك بکات کە تەنها لە مرۆڤدا بوونی هەیە، ئەو توانایەش ئەوەیە گەر زەمینەی بیرکردنەوەی لە هەر ئایدیالێك بۆ بسازێ، دەتوانێت لە ناو عەقڵی خۆیدا پەی پێبەرێت. ئایدیالی هەر شتێك لە شتەکان لە ناو عەقڵی هەر مرۆڤێکدا بوونی هەیەو مرۆڤ بە چالاککردنی توانای بیرکردنەوەو بوونی زەمینەیەکی فکری گونجاو دەتوانێت لەناوخۆیدا پەی پێ بەرێت.

گەر مرۆڤ بیر لەو ئایدیالانە بکاتەوە یان بیریان لێنەکاتەوە لەناو عەقڵیدا بوونیان هەیە، هەڵەیە گەر مرۆڤ پێی وابێت روحی مرۆڤ زانین لە دەرەوەی خۆی وەردەگرێت و کەناڵێك هەیە بۆ گەیشتنی ئەو زانیینە بە روح. ئەو ئایدیالانەی کە مرۆڤ پەییان پێدەبات هەر لە ئەزەلەوە لە ناو بوونیدا هەن، چوونکە عەقڵ بەردەوام گوزارشت لەو بیرانە دەکات کە بە شێوەیەکی پێشینە لە ناو بوونیدا هەن، مرۆڤ ناتوانێت شتێك فێرببێت گەر بیرۆکەی ئەو شتە بوونێکی پێشینەی لە ناویدا نەبێت(٣٩).

سیستەم لە مەملەکەتی خوادا سیستەمی رێکخستنی هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەیە کە ژیانیان گوزارشتکردنە لەوەی کە لە ناو عەقڵیاندا بوونێکی پێشینەی هەیەو لە دەرەوەی خۆیان وەریان نەگرتووە، واتە سیستەم لەم مەملەکەتەدا پەیوەندی نێوان کەسەکان رێکدەخات بە پێی ئەوەی کە لە ناو عەقڵی ئەواندا بوونێکی پێشینەی هەیەو هەریەکەیان لە ژیانی خۆیدا شێوەگیری دەکات. لەمەی سەرەوە دەگەینە ئەو دەر ئەنجامەی کە سیستەم لە مەملەکەتی خوادا بوونێکی پێشتاقیکاریانەی هەیەو بە شێوەیەکی سەلبی لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتییەوە وەرناگیرێت. سیستەم لە ناو ئەم مەملەکەتەدا ئەو یاساو دەستورە نییە کە لەناو کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی ئامادەکراو هەن و هەر مرۆڤێك لە گەڵ لە دایکبوونیدا لە رێگەی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیەوە وەریان دەگرێت و لە ناو کۆمەڵگاکەدا هەموو هەڵسووکەوتەکانی خۆی لەرێگەیانەوە رێکدەخات. سیستەم لە مەملەکەتی خوادا ئەو یاساو دەستورانەن کە لە ناو

(٣٩) بروانە: هـ. س : ١٨٠.

عەقڵدا هەن و هێشتا شێوەگیر نەبوون و پێویستیان بەوەیە لە هەڵسوکەوتی کەسەکانی ناو مەملەکەتەکەدا شێوەگیربن و دەرکەون.

گەر خاسیەتی یەکەمی سیستەم لە مەملەکەتی خوادا ئەوە بێت کە لە ناو عەقڵی تاکەکاندا بوونێکی پێشتاقیکاریانەی هەبێت و سیستەمێکی تاقیکراوەو تەقلیدی نەبێت، ئەوە خاسیەتی دووەمی ئەو سیستەمە ئەوەیە کە لە ناو یەکبووندا جیاوازییەکان دەپارێزێت، واتە سیستەمێك نییە بۆ نەهێشتن و جیاوازیەکان بەڵکو سیستەمێکە بۆ پاراستنی جیاوازیەکان. ئەو کەسانەی کە پەیڕەوی لە سیستەمە عەقڵییەکەی مەملەکەتی خوا دەکەن، بە زەروورەت دەبێت جیاوازبن و نابێت کەسیان لە کەسیان بچێت، ئەم سیستەمە بۆ شێوەگیر بوونی پێویستی بەو جیاوازیانە هەیەو بەبێ بوونی ئەو جیاوازیانە بوونی لە بوونێکی عەقڵییەوە نابێت بە بوونێکی هەستەکی و واقعی.

لای دروستەخوازەکانیش جیاوازی لە یەکەکانی ناو سیستەمدا زەروورەتەو گەر یەکەیەك لە یەکەیەکی تری ناو سیستەم بچێت ناتوانێت لە ناو سیستەمدا بوون پەیدا بکات، بۆیە دەبێت هەریەکەیەکی ناو سیستەم لە کاتی بەرامبەربوونەوەیدا لە گەڵ یەکەکانی تری ناو سیستەمدا توانای ئەوەی هەبێت جیاوازییەکانی خۆی بخاتە روو. واتە بوونی جیاوازییەکان لەپێناو بەرامبەربوونەوەدایەو ئەوەی وایکردووە جیاوازییەکان پێویست بن، شێوەگیر بوونی سیستەم نییە، بەڵکو توانای بەرامبەربوونەوەی یەکەکانە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بنەمای بوونی سیستەم لای دروستەخوازەکان هێزو ململانێیەو ئامانجی ئەو هێزو ململانێیەش پاراستنی جیاوازییەکان نییە، بەڵکو نەهێشتنی جیاوازییەکانە.

لای دروستەخوازەکان جیاوازی وەسیلەی یەکبوونە، جیاوازی گرنگییەکی ئەوتۆی نییەو ئەوەی گرنگە یەکبوونە، چوونکە سیستەمێك لە سەر بنەمای هێز دامەزرابێت داوای یەکبوون دەکات، نەك داوای جیاوازی. سۆسۆر بەوەی کە بایەخی بە جیاوازی داوەو جیاوازی کردووە بەمەرجی بوونی هەریەکەیەك لە ناو سیستەمدا، بەمە توانیویەتی ئێمە تووشی گومڕابوون بکات و وامان لێبکات باوڕ بەوە بهێنین کە جیاوازی لە تێڕوانینی دروستەخوازەکاندا ئامانجەو دروستەخوازی خۆی بەرزکەرەوەی مەشخەڵی پاراستنی جیاوازییەکانە. بەڵام لەڕاستیدا ئەمە دیوێکی حکایەتەکەیەو دیوەکەی تری حکایەتەکە کە مەسەلەی یەکبوونە لە بۆچوونە دروستەییەکەی گێلنەردا لە بارەی بوونی نەتەوەکانەوە دەردەکەوێت.

نەتەوەکان گوزارشتن لە بوونی جیاوازییەکان، نەتەوە ناتوانێت بوونی هەبێت گەر لە بەرامبەر نەتەوەکانی تردا جیاوازییەکانی خۆی نەخاتە روو، بەڵام لای گێلنەر نەتەوەکان بوونێکی راستەقینەیان نییەو ئەو جیاوازیانەش کە نەتەوەکان بوونیان لەسەری هەیە، جیاوازی راگوزەرن و هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگاکان لە یەك کاتدا لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵییەوە نەگۆڕاون بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی، گەر هەموو کۆمەڵگاکان بە تەواوەتی بگۆڕێن بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی، جیاوازییەکانی نێوانیان نامێنن و نەتەوەکانیش کە بوونیان بەهۆی ئەو ناهاوسەنگییەوە هەیە کە گۆڕانی کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکان بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی دروستیکردووە، لەگەڵ نەمانی ئەو ناهاوسەنگییەدا ئەوانیش نامێنن. بۆیە نەتەوەکان و جیاوازییەکانیان هیچ نین جگە لە وەسیلەیەك بۆ دروستبوونی تاکە کۆمەڵگایەك کە کۆمەڵگای پیشەسازییە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جیاوازی لای دروستەخوازەکان وەسیلەیەکە بۆ یەکبوون و دەبێت جیاوازەکان لە دەرئەنجامدا بتوانن نەفی جیاوازییەکانی خۆیان بکەن و ببنەوە بە یەك.

لای دروستەخوازەکان جیاوازییەکانی نێوان یەکەکانی ناو سیستەم بنەمای بوونی ئەو ململانێیەیە کە سیستەم لە نێوان یەکەکاندا ڕێکیدەخات، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا یەکەکان هەریەکەیان هەوڵبدات لەڕێگەی ئەو هێزەی کە هەیەتی بە چۆنایەتییە جیاوازەکانی خۆی نەفی چۆنایەتییە جیاوازەکانی ئەوانی تر بکات و جیاوازیەکانی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ و هەموویان ناچار بکات ئەو فۆرمە بگرن کە خۆی هەیەتی. بەمەش یەکە جیاوازەکان لە فۆرمە جیاوازەکەی یەکێکیاندا دەبنەوە بەیەك و دەستبەرداری فۆرم و چۆنایەتییە جیاوازەکانی خۆیان دەبن.

بۆ نموونە لای گێلنەر جیاوازی زمانەکان لەناو ئەو سیستەمەی کە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا پەیڕەو دەکرێت تا ئاستی نەمان کەم دەبێتەوەو گرنگییەکی ئەوتۆی نامێنێت و لای هۆبسباومیش زمانی ئینگلیزی شوێنی هەموو زمانەکانی تر دەگرێتەوە و دەبێتە ئەو تاکە زمانەی کە دەبێت کەسانی ناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکان پێی بدوێن. ئەوەش زمانی ئینگلیزی دەکات بەو زمانە سەراپاگیرە ئەو هێزەیە کە قسەپێکەرانی ئەو زمانە لەناو سیستەمە دروستەییەکەی دنیای مۆدێرندا هەیانەو زمانی ئینگلیزی بەبێ بوونی ئەو هێزەی کە لە پشتییەوە هەیەتی وەك زمانەکانی ترەو هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ زمانەکانی تردا نییە،

ئەوەش وای کردووە ببێتە نوێنەری زمانی کۆمەڵگای پیشەسازی و جیهانی مۆدێرن، ئەو هیزە کۆمەڵایەتییە گەورەیە کە لە پێشبرکێی بوونی کۆمەڵگاکان بە کۆمەڵگای پیشەسازی توانیوەیەتی بباتەوەو پێشکەوێت بەسەر هەموویاندا.

ئەگەر ئەوکۆمەڵگا براوەیە زمانەکەی ئینگلیزی نەبوایەو زمانێکی تربوایە ئەو کاتە ئەو زمانە دەبوو بە زمانێکی جیهانی و جێگەی هەموو زمانەکانی تری دەگرتەوە. بە پێی ئەم بۆچوونە ئەوەی گرنگە زمانی ئینگلیزی نییە بەڵکو ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەیە کە لە پێشبرکێیەکەدا براوەیە.

ئەم بیرۆکەیەی گێلەنەرو هۆبسباوم لە بارەی جیاوازی زمانەکان لە ناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا ریشە فکرییەکەی دەگەڕێتەوە بۆناو تێڕوانیینە دروستەییەکەی سۆسۆر، سۆسۆر پێی وایە جیاوازی یەکە زمانییەکان شتێکی رووکەشانەیەو هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، شتەکان لە سیستەمدا شێوەی جیاوازیان هەیە تەنها بۆ ئەوەی تێکەڵبەیەکتر نەبن و بناسرێنەوە.

لە یاری شەترنجدا شێوەی داشەکان گرنگ نییەو لە کاتی یاریکردندا کاتێك ئەسپێك لە ئەسپەکان بزر دەبێت، دەکرێت بەردێك لە بری ئەسپەکە دابنرێت و یارییەکە بەردەوامی وەرگرێت، لە کاتێکدا بەردەکە نەمادەکەی وەك مادەی ئەسپەکەیەو نە شێوەکەی لە شێوەی ئەسپەکە دەچێت، ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر یارییەکە دانەناوە، چوونکە ئەوەی گرنگە مادەی دروستکردنەکەو فۆرمە جیاوازەکەی داشەکە نییە، ئەوەی گرنگە تەنها ئەوەیە ئەوەی کە لەبری ئەسپەکە دەهێنرێت نیشانەیەکی پێوەبێت تا لەگەڵ داشەکانی تردا تێکەڵ نەبێت و بناسرێتەوە، بۆیە دەکرێت لەبری ئەسپەکە هەرشتێکی تر بهێنرێت کە خاوەنی نیشانەیەکی جیاکەرەوەبێت.

نیشانە جیاکەرەوەکانیش لەناو ئەم جۆرە لە سیستەمدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دادەنرێن، چوونکە ئەوەی گرنگە نیشانەکە نییە بەڵکو توانای ناسینەوەی ئەو هێزەیە کە لەناو ململانێی بردنەوەکەدایە. دواتر کام هێز لەو هێزانە توانی بباتەوە، ئەوە نیشانەکە لە نیشانەی دانەیەکی ناو سیستەمەکەوە دەبێتە نیشانە بۆ کۆی سیستەمەکە.

ئەو جیاوازیانە کە لەناو ئەم سیستەمەدا هەن، بەقەدەر جیاوازی ئەو جلوبەرگانە گرنگە کە تیپە جیاوازەکانی تۆپی پێ لەکاتی یاریکردندا لە بەریان دەکەن، ئەوەی لە جلوبەرگی

ئەوتیپانەدا گرنگە خودی ڕەنگەکە نییە، هەر تیپێك لەو تیپانە لە کاتی یاریکردندا چ ڕەنگێك هەڵدەبژێرێ ئارەزووی خۆیەتی، تەنها ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەمان ڕەنگی ئەو تێپەی نەبێت کە یاری لەگەڵ دەکات، ئەمەش هۆیەکی پڕاگماتیکیی هەیەو تەنها بۆ ئەوەیە یاریزانەکانی ناو ئەو دوو تێپە بەهۆی ئەو جیاوازیانەوە یارو نەیاری خۆیان بناسنەوەو نەکەونە هەڵەوە. خۆ ئەگەر بەبێ ئەم نیشانانە ئەو تێکەڵبوونە ڕوو نەدات ئەوە هەردوو تیپەکە دەتوانن هەمان جلوبەرگ لەبەر بکەن و جیاوازیی لەجلوبەرگەکانیاندا گرنگ نەبێت.

ئەم سیستەمە لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای هێز کار دەکات، جیاوازییەکان لەلای گرنگ نییە، لێرەشەوەیە جیاوازی زمان و کەلتوری نەتەوەکان کە جیاوازییەکی سروشتی و ئەنتۆلۆجییە لای دروستەخوازەکان ئەوەندە گرنگە کە لە کاتی ململانێ هێزەکاندا هێزی براوە تێکەڵ نەبێت بە هێزی دۆڕاو، دوای ئەوەی هێزێك لەو هێزانە بردییەوە ئیتر جیاوازی کەلتووری و زمانی نامێنێ و دەبێت هێزە دۆڕاوەکە ببێتە هەڵگری کەلتورو زمانی هێزە براوەکە و زمان و کەلتوری خۆی بخاتە لاوە تا لە سیستەمەکەدا مافی بوونی هەبێت. واتە لەم سیستەمەدا لەبەرئەوەی جیاوازی نێوان دانەکانی ناو ئەو سیتەمە گرنگ نین، دەبێت دۆڕاوەکانی ناو یارییەکە پەیڕەوی زمان و کەلتوری براوەکە بکەن و زمان و کەلتوری براوەکە ببێت بە زمان و کەلتوری کۆی سیستەمەکە. لە سیستەمی مەملەکەتی خوادا جیاوازیی نێوان یەکەکانی ناو سیستەمەکە ئەرکیان تەنها بۆجیاکردنەوەی جەمسەرە بەرامبەربووەکانی ناو سیستەمەکە نییەو بەپێی بەرامبەر بوونەوەی جەمسەرە بەرامبەرەکان گۆڕانیان بەسەردا نایێت، چوونکە لەبنچینەدا لەناو ئەم سیستەمەدا بەرامبەربوونەوە لەنێوان یەکەکاندا نییە، ئەم سیستەمە سیستەمی یاریی هێزەکان نییە لەپێناو بردنەوەدا، واتە ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای هێز کارناکات.

سیستەم لە مەملەکەتی خوادا بۆ بەرجەستەکردنی هارمۆنیاو هەمئاهەنگییە لە نێوان یەکەکاندا. ئەم سیستەمە سیستەمی شەڕو ململانێی هێزەکان نییە لەپێناو زاڵبوونێکی زیاتردا، واتە سیستەمی ئەو یارییە سۆسۆرییە نییە کە ململانێی نێوان هێزەکان ڕێکدەخات لەپێناو زاڵکردنی بەهێزەکان بەسەر بێ هێزەکاندا، ئەم سیستەمە سیستەمی کارە هونەریەکانە، کە سیستەمی سازکردنی هەمئاهەنگییە لە نێوان جیاوازەکاندا. لە کەڤاڵی هونەرمەندێکدا ڕەنگە جیاوازەکانی ناو کەڤاڵەکە لە ململانێ و شەڕوشۆڕدا نین لە پێناو

زاڵبوونی رەنگێكیان بەسەر رەنگێكی تریاندا، بەڵكو لە هەمئاهەنگیدان لە پێناو ئاشكراكردنی ئەو وێنەیەدا كە بە جیاوازییەكانی هەموویانەوە دەنوێنرێت. پەیوەندی رەنگە جیاوازەكانی ناو ئەم كەڤاڵەش هەمئاهەنگییەو بەبێ بوونی ئەو هەمئاهەنگییە ناتوانن ئەوەی كە شاراوەو نادیارە بینوێنن.

كەوابێت سیستەم لەم كەڤاڵە هوونەریەدا، سیستەمی هەمئاهەنگكردنی رەنگە جیاوازەكانەو ئەو سیستەمە چەند بتوانێت هەمئاهەنگی نێوان ئەو رەنگە جیاوازانە بەهێزتر بكات ئەوەندە دەتوانێت لە رێگەی ئەو رەنگانەوە ئەوەی پەنهانە ئاشكراتری بكات، تا ئەوەش پەنهانە ئاشكراتر ببێت جیاوازی نێوان رەنگەكان زیاتر ئاشكرا دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ جیاوازی لە ناو ئەم سیستەمەدا شتێكی روكەشانە نییەو بەهێزبوونی جیاوازییەكان بە هێزبوونی سیستەمەكەیەو لە ناو ئەم سیستەمەدا جیاوازییەكان بەرەو نەمان و لە ناوچوون توانەو لە ناو یەك رەنگدا نارۆن، بەڵكو بەردەوام بەرەو پەرەسەندن و بەهێزبوونێكی زیاتر دەرۆن. گەر لە سیستەمە سۆسۆرییەكەدا ئیمكانی ئەوە هەبێت بەبێ بوونی جیاوازییەكان سیستەم بتوانێت درێژە بەكاری خۆی بدات، ئەوە لە مەملەكەتی خوادا سیستەم بەبێ بوونی جیاوازییەكان توانای كاركردنی نابێت.

لای لایبێنتز سیستەم لە مەملەكەتی خوادا بەوە بەرەو كەماڵ دەڕوات كە جیاوازی لە ناو تاكەكانی ناو ئەو مەملەكەتەدا زیاتر پەرەبسێنێ. تاجیاوازیەكان زیاتر و بەهێزتربن، سیستەم باشتر دەتوانێت مەملەكەتەكە بەرەوە كەماڵ بەرێت. ئەمەش تەواو پێچەوانی چارەنووسی جیاوازییەكانە لە ناو ئەو مەملەكەتەدا كە سیستەمەكەی سیستەمێكی دروستەییە. ئەو مەملەكەتەی سیستەمەكەی سیستەمێكی دروستەییە بەوە دەگات بە كەماڵ كە جیاوازی لە نێوان ئەندامەكانیدا نەمێنێ هەموویان بەرەوە ئەوە برۆن كە براوەكە پێی گەیشتووە.

ئەوەی كە (فۆكۆیاما) ناوی ناوەی كۆتای مێژوو و كامڵبوونی سیستەمی سیاسی جیهان و گەیشتنی هەموو دەوڵەتەكانی جیهان بەوەی كە ئەمریكا پێی گەیشتووە، هیچ نییە جگە لە باوەڕبوون بەو سیستەمە دروستەخوازەی كە ئامانجی ئەوەیە هەموو ڕەنگە جیاوازەكان لە ناو یەكێك لە رەنگەكاندا بكاتەوە بەیەك و نەفی هەموو جیاوازییەكان بكات.

لەو مەملەكەتەی كە سیستەمە دروستەییەكە حوكمی دەكات، دوا ئامانج بەوە وەدی دێت كە كۆتایی بە جیاوازەییەكان بهێنرێت. بەڵام لەمەلەكەتی خوادا دوا ئامانجی سیستەم ئەوەیە

کە جیاوازییەکان بگەنە دواڕادەی بەهێزی خۆیان و لە گەڵ یەکدا ئەوە بنوێنن کە بە جیاوازییەکانی خۆیانەوە وەك کەڤاڵێك تیایدا دەبنەوە بەیەك. لە سیستەمە دروستەییەکەدا ئامانج ئەوەیە بوونی ئەو سیستەمە لە ناو تاکە فۆرمێکدا شیوەگیر ببیت، بەڵام ئامانج لە سیستەمی مەملەکەتی خوادا ئەوەیە بوونی سیستەم لە زۆرترین فۆرمی مومکیندا شێوەگیر ببێت.

لایبێنتز لەبارەی جیاوازییەکانی ناو مەملەکەتی خواوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سیستەمی ئەو مەملەکەتە بەبێ بوون و پەرەسەندنی جیاوازییەکان بوونی نییەو سیستەمی ئەو مەملەکەتە لە سەر بنەمای فرەیی لە ناو یەکبوون و شوناسدا دامەزراوە، ئەوەی لە ناو سیستەمەکەدا یەکە بە بێ بوونی فرەیی وفرەڕەنگی نانوێنرێت، ئەوەی لە ناو سیستەمەکەدا یەکە، بێ ڕەنگ و بێ فۆرمەو بوونیشی لە ناو یەك رەنگ و یەك فۆرمدا نانوێنرێت و بۆ نواندنی بوونی خۆی پێویستی بە زۆرترین رەنگ و زۆرترین فۆرم هەیەو یەکبوونەکەی لە ناو ئەو فرەیی و فرە ڕەنگییەدا دەردەکەوێت.

فرەرەنگی کەسانی ناو مەملەکەتی خوا بۆ جیاکردنەوەو نیشانەکردن نییەو پێویستییەکی پراگماتیکی نەیهێناوەتە بوون، فرەڕەنگی لەم مەملەکەتەدا شتیکی راگوزەرو رواڵەتی نییە، بەڵکو زەرورەتێکی ئەنتۆلۆجییەو ئەوانەی کە لە ناو ئەو مەملەکەتەدان دەبێت بوونێکی جیاوازیان هەبێت و ئەو جیاوازییەش نابێت جیاوازی بەرگێك بێت کە بۆ خۆجیاکردنەوە لەوانی تر پۆشیبێتیان و هەر ئەو خۆجیاکردنەوەیەش وابکات ئەمڕۆ بەرگێك بپۆشن و سبەینێ بتوانن ئەو بەرگە بگۆڕن بە بەرگێکی تر. جیاوازی لە مەملەکەتی خوادا بوونێکی سروشتی هەیەو وەك جلوبەرگی یاری قابیلی نەهێشتن و گۆڕین نییبە، بەڵام قابیلی گەشەکردن و گۆڕانی هەیە بەپێی ئەو هارمۆنیایەی کە سیستەم لە نێوان رەنگێك و رەنگەکانی تردا سازی دەکات.

لای لایبێنتز هیچ شتێك لە گەردووندا بوونی نییە گەر جیاوازییەکی ناوەکی لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا نەبێت کە لە گەردووندا هەن، بە مانایەکی تر هیچ دووشتێك لە گەردووندا نیین کە بە تەواوی لە یەك بچن و جیاوازییەکی ناوەکی لە نێوانیاندا بوونی نەبێت. ئەو ئەم حاڵەتە ئەنتۆلۆجییەی ناو ناوە شوناسی ناجیاکان.

بەپێی بنەمای شوناسی ناجیاکان تاکەکانی ناو مەملەکەتی خوا خۆیان بە رەنگێکی جیاواز رەنگ نەکردووە تا خۆیان لە کەسانی تری ناو مەملەکەتەکە جیا بکەنەوە، ئەوان

بەسروشت خۆیان لە یەکتر جیاوازن. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ سیستەم لە مەملەکەتی خوادا مامەڵە لەگەڵ ئەو توخمانەدا ناکات کە خۆیان لە بنچینەدا جیاواز نین و خۆیان بەڕەنگێکی جیاواز ڕەنگ دەکەن و خۆیان جیا دەکەنەوە لەوانی تر. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە سیستەمی ئەم مەملەکەتە بۆ یەکخستنی ئەو جیاوازییە سروشتیانەیە کە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەن و لە ئاستە کۆییەکەشدا لە نێوان کەلتوورەکاندا هەن.

لەمەملەکەتی خوادا پەیوەندی نێوان تاکەکان پەیوەندی بەرامبەربوونەوەو ململانێ نییەو لەپەیوەندییەکاندا هێز خاوەنی بڕیار نییە، پەیوەندی نێوان تاکەکان هەمئاهەنگییەو ئازادی تیایدا بڕیاردەرە، ئازادیش لێرەدا ئەوەدەگەیێنە کە تاکەکان لە پەیوەندییەکانیاندا دەبن بە زەمینە بۆ دەرکەوتنی بوون و جیاوازی یەکتری. تا چەند ئازادی لە نێوان تاکەکاندا زیاد بکات، تاکەکان باشتر دەتوانن وەك خۆیان دەرکەون و بەمەش جیاوازییەکانیان زیاتر ئاشکرادەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هارمۆنیای نێوانیان زیاتر ببێت و ئەوەی کە سیستەمەکە دەیەوێت لەواندا بەرجەستەی بکات باشتر بەرجەستە ببێت.

لایبێنتز پێی وایە خوا گەردوونی لە کامڵترین شێوەدا دروستکردووە، گەر گەردوون لە کامڵترین فۆرمدا دروستنەکرابێت دەبێت خوا لە خۆڕا لە ناو ئەو فۆڕمە جیاوازانەی کە بۆ بوونی گەردوون هەن، فۆرمێکی هەڵبژاردبێت و بوونی گەردوونی لە ناودا شێوەگیر کردبێت، ئەمەش لەگەڵ دانایی و زانایی سیفەتەکانی تری خوادا ناگونجێت. نابێت خوا بەبێ بوونی هیچ هۆکارێك گەردوونی لەم شێوەو فۆرمەدا دروستکردبێت و لەشێوەو فۆرمێکی تردا دروستی نەکردبێت. دانایی خوا دەخوازێت هۆکارێك هەبێت بۆ ئەوەی خوا گەردوونی لەم فۆرمەدا دروست کردووەو لە فۆرمێکی تردا دروستی نەکردووە، ئەو هۆکارەش لای لایبێنتز ناو نراوە هۆکاری تەواو.

هۆکاری تەواو لە دروستکردنی شتێك لە فۆرمێکدا ئەوەیە ئەو شتە لە تەواوترین فۆرمیدا دروست بکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ هۆکاری ئەوەی کە خوا گەردوونی لەم شێوەی ئێستادا دروستکردووەو لە شێوەیەکی تردا دروستی نەکردووە ئەوەیە کە ئەم شێوەیەی گەردوون تەواوترینی شێوەکانی گەردوونەو شێوە مومکینەکانی تری گەردوون هیچیان بەقەدەر ئەم شێوەیە کامڵ و تەواو نین. ئەوەی لە بۆچوونەکەی لایبێنتزدا بۆ باسەکەی ئێمە گرنگە ئەمە نییە، بەڵکو ئەوەیە کە ئەم گەردوونە دروستکراوەی ئێستا بە پەیڕەوکردنی کام جۆرە لە

سیستەم بووە بە کاملترین گەردوون ؟ لای لایبنتز ئەم گەردوونە بەو سیستەمە بووە بەکاملترین گەردوون کە: کە دەتوانێت گەورەترین ڕێژەی مومکین لە جیاوازییەکان لە کەمترین ڕێژەی مومکن لە بەسیستەمکردن کۆ بکاتەوە(٤٠).

مەملەکەتی خوا دەبێت بەپێی ئەم سیستەمە بڕوات بەڕێوە، واتە مەملەکەتێك بەوە دەبێت بە مەملەکەتی خوا کە بەرەو ئەوە بڕوات زۆرترین جیاوازی لە نێوان تاکەکاندا بە کەمترین شێوەی سیستەماتیککردن لە ناو مەملەکەتەکەدا کۆبکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بوونی جیاوازییەکان زەرووڕەتە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەك بەرەو ئەوە بڕوات ببێت بە مەملەکەتی خوا. مەملەکەتی خواش واتە کاملترین کۆبوونەوەی مرۆیی بەپێی ئەو سیستەمەی کە زۆرترین جیاوازی مومکن لە کەمترین رادەی سیستەماتیککردنی مومکن کۆدەکاتەوە.

ئەم جۆرە لە سیستەم بەپێی بنەمای هیز کار ناکات، چوونکە بنەمای هێز کۆمەڵگا بەرەوە ئەوە دەبات بگاتە ئەوەی جیاوازییەکان نەهێڵێت و لە ناو فۆرمە جیاوازەکاندا تەنها ئەو تاکە فۆرمە بێنێتەوە کە فۆرمی ئەو توخمەیە کە لە هەموویان بەهێزترە. ئەم جۆرە لە سیستەم بەپێی بنەمای ئازادی کار دەکات، ئەم بنەمایەش کاتێك وەدیدێت کە پەیوەندی نێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵگا گەیشتبێتە ئەوپەڕی هەمئاهەنگی خۆی و هەریەك لەو تاکانە بەو سیستەمە لەو فۆرمە شیاوەی خۆیدا ئەوەی نواندبێت کە دەبێت هەریەکەیان بۆخۆی و بەو فۆرمە جیاوەزەی کە شیاوترین فۆرمی خۆیەتی بینوێنێ.

تاکەکەس لەمەملەکەتی خوادا وەك هونەرمەندێك وایە کە لەکارەکەیدا سەرقاڵی نواندنی ئەوەیە کە لەخۆیدا هەیەو لەکارەکەشیدا جگە لە نواندنی بوونی خۆی بۆخۆی بیر لە دەرەوەی خۆی ناکاتەوەو دەرەوەی خۆی هیچ کاریگەرییەکی نییە لە سەر ئەوەی کە لەکارەکەیدا دەینوێنێ. بەڵام تاکەکەس لە کۆمەڵگا باوەکاندا وەك یاریزانێکی ناو یاری تۆپی پێ وایەو بەردەوام دەبێت بەپێی ئەوە هەڵسوکەوت بکات کە لە دەرەوەی خۆیەوە لەڕێگەی هەستەوەرەکانییەوە بۆی دێت، گەر ساتێك لە دەرەوەی خۆی غافڵ ببێت دەدۆڕێت، ئەوەی ئەم یاریزانە لەیارییەکەیدا دەینوێنێ بوونی خۆی نییەو بوونی ئەو دەوربەرەیە کە ئەوی تیایە.

---

(٤٠) لایبنتز: مونادولوجیا: ١٤٩.

بەپێی تێڕوانینی دروستەیی تاکەکەس بەوە دەبێت بە خۆی کە بتوانێت ئەو کارێکتەرە براوەیە بنوێنێ کە لەدوای بردنەوەکەی بووە بەو ئایدیاڵەی کە سیستەمی کۆمەڵگاکەی دەیخوازێت. ململانێی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لەسەر نواندنی فۆرمەکانی ئەو کارێکتەرە براوەیە کە هەریەکەیان بوونی خۆی تیا دەبینێتەوە. واتە ئەم سیستەمە بەوە دەتگەیێنێ بەخۆت کە دەستبەرداری خۆت ببیت و ببێت بەوەی کە لەململانێکەدا بردوویەتییەوە، شێوەو فۆرمەکانی کارێکتەری براوە لەم سیستەمەدا دەبن بەو تاکە فۆرمانە کە لەڕێگەیانەوە دۆڕاوەکان دەبن بەخۆیان.

بۆ نموونە لای گێلنەر کۆمەڵگایەك ناتوانێت ببێت بە نەتەوە گەر قبووڵی ئەو کەلتوورە مۆدێرنە نەکات کە کەلتوری براوەکانە، لێرەدا کەلتوری براوەکان دەبێت بە کەلتورێکی جیهانی و هەر کەلتورێك لە کەلتورە جیاوازەکان میللەتەکان گەر نەگۆڕێت بۆ کەلتوری مۆدێرن کە کەلتوری براوەکانە، ئەو میللەتە نەك هەر ناتوانێت ببێت بەخۆی، بەڵکو ناتوانێت ببێت بە میللەتێك لەو میللەتانەی کە بوونیان لە ناو سیستەمی براوەکاندا هەیەو ناویان نراوە نەتەوە. هەر میللەتێك لە میللەتەکان بۆ ئەوەی ببێت، دەبێت واز لەو فۆرمە بینێت کە بۆ نواندنی بوونی خۆی هەیەتی و جیاوازە لە هەموو ئەو فۆرمانەی کە میللەتانی  تر بوونی خۆیان تیا دەنوێنن و لەو فۆرمەدا بوونی خۆی بنوێنێ کە براوەکان بوونی خۆیان تیادەنوێنن. کەواتە بۆ ئەوەی ببیت بەخۆت نابێت لەو فۆرمە ناوازەیەی خۆتدا بوونی خۆت بنوێنی، بەڵکو دەبێت لەو فۆرمە باوەدا بوونی خۆت بنوێنی کە فۆرمی نواندنی بوونی براوەکانە. ڕێگای بوون بەخۆت بەوەدا تێدەپەڕێت کە لەو فۆرمەدا ببیت بەخۆت کە غەیری ئەو فۆرمەیە کە فۆرمی نواندنی بوونی خۆتە.

لەمەملەکەتی خوادا ئەمە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، لەم مەملەکەتەدا بۆ ئەوەی بوون پەیدا بکەیت نابێت سەرقاڵبیت بە نواندنەوەی ئەوەی کە لەناو خۆتدا هەیە لە فۆرمی نواندنی ئەوەی کە لە کەسەکانی تری ناو مەملەکەتەکە هەیە. کاتێك تۆ دەتوانیت لە ناو ئەم مەملەکەتەدا بوون پەیدا بکەیت، گەر روو لە دەرەوەی خۆت وەرگێڕیت و سەرقاڵ بیت بە نواندنی ئەوەوە کە لە ناو خۆتدا هەیە بەو فۆرم و چۆنایەتیانەی کە هی خۆتن و تۆ جیا دەکەنەوە لە هەموو ئەوانەی کە لە مەلەکەتەکەدا هەن. لەناو ئەم مەملەکەتەدا کەسێك بۆ ئەوەی ببێت، دەبێت ئەوە بێت کە خۆیەتی، ئەمەش بنەمای ئازادییە، واتە ئازادی ئەوەیە کە

تۆ لە زەمینەیەکدا بیت توانای ئەوەت تیا چالاك بکات ببیت بەوەی کە هەیت و نەبیت بەهیچ بوونەرەیك لەو بوونەوەرانەی کە خۆت نین، ئەو فۆرمەی کە بۆ بوونی خۆت هەتە کامڵترین فۆرمە بۆ بوونی تۆ، چوونکە سازترین فۆرمە بۆ شێوەگیربوونی بوونت.

### ٢/٢-١-٣) پەیوەندی خوا بە کەسەکانی ناو مەملەکەتی خواوە

تاکەکەس لە مەملەکەتی خوادا کاتێك بوونی دەبێت ئەوە بنوێنێ لە ناو خۆیدا هەیەو ئەوە نەنوێنێ کە لەدەرەوەی خۆی بۆی دێت و بە شێوەیەکی سەلبی لەناویدا دەچێنرێت، بەپێی تیۆرە دروستەییەکە کاتێك کەسێك لەکۆمەڵگایەکدا دەبێت بە ئەندام، ئەو کەلتورەی تیا چێنرابێت کە لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا پەیڕەو دەکرێت و لە دوای چاندنەکەشی ئەوکەسە بەبێ ئاگایی، لە ژیان و هەڵسوکەوتی خۆیدا پەیڕەوەی لەو سیستەمە بکات کە لەو کەلتورەدا هەیە.

لای گێلنەر کەسێك دەبێت بە ئەندامی نەتەوە کە لە قوتابخانە مۆدێرنەکاندا لە لایەن مامۆستا مۆدێرنەکانەوە ئەو کەلتوورە مۆدێرنەی تیا چێنرابێت کە کەلتووری کۆمەڵگا پیشەسازییە براوەکانی رۆژئاوایە. بەبێ چاندنی ئەو کەلتوورە مۆدێرنە لەناو تاکەکانی میللەتێکداو پەیڕەوکردنی نائاگاییانەی ئەو سیستەمەی کە لە ناو ئەو کەلتورە چێنراوەدا هەیە، تاکەکانی ئەو میللەتە نابن بە تاکی ناو کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی و میللەتەکەش نابێت بە نەتەوەیەك لە نەتەوەکان.

بەپێی ئەم بۆچوونە جیاوازی نێوان کۆمەڵگا تەقلیدییە نامۆدێرنەکان و کۆمەڵگا مۆدێرنەکان تەنها لە جیاوازی ئەو کەلتورەدایە کە لە ناو تاکەکاندا دەچێنرێت و جگە لە جیاوازی کەلتورەکان و ئەو سیستەمەی کە بە شێوەیەکی نائاگایانە لەدوای چاندنی لە لایەن تاکەکانەوە پەیڕەو دەکرێت، هیچی تر نییە. گەر ئەمە جیاوازی نێوان کۆمەڵگای مۆدێرن و کۆمەڵگای تەقلیدی بێت ئەوە هەردوو کۆمەڵگاکە سیستەمەکەیان سیستەمێکی دروستەییەو هیچ جیاوازیك لە جۆری سیستەمەکەیاندا نییە.

ئەوەی کۆمەڵگای ناو مەملەکەتی خوا جیا دەکاتەوە لەو دوو کۆمەڵگایە لەلایەکەوە سیستەمەکەیەو لە لایەکی ترەوە کەلتورەکەیە. لە مەملەکەتی خوادا کەلتورێکی ئامادەکراو نییە بۆ چاندنی لە ناو تاکەکانی مەملەکەتەکەدا، کەلتوری ناو مەملەکەتی خودا پێویستی بە

مامۆستا نییە، چوونکە لە بنچینەدا پرۆسەی چاندنی کەلتور لە ناو ئەم کۆمەڵگایەدا بوونی نییەو ئەو کەلتورەی کە لەم کۆمەڵگایەدا پەیڕەو دەکرێت کەلتورێکی تاقیکراوەنییەو نەبووە بە کەلتوری براوەکان تا براوەکان لە نەوەکاندا بیچێنن، ئەم کەلتورە بوونێکی پێشتاقیکاریانەی هەیەو لەگەڵ پەرەسەندنی ئەو کۆمەڵگایەدا کە بەرەو ئەوە دەڕوات ببێت بەو کۆمەڵگاییەی کە لە مەملەکەتی خوادا بەرجەستە دەبێت، وەدی دێت و لە ژیانی کۆیی ئەو کۆمەڵگایەدا شێوەگیر دەبێت. واتە ئەم کەلتورە کەلتورێك نییە کە لەواقعەکەدا بوونێکی ئامادەی هەبێت و نەوەیەك لە نەوەکەی دوای خۆیدا بیچێنێ، ئەم کەلتوورە بوونێکی عەقڵی لەناو هەر تاکێك لەو تاکانەدا هەیە کە دواتر دەبن بە ئەندام لە مەملەکەتی خواداو لەگەڵ پرۆسەی بە ئەندامبوونیان لەناو ئەو مەملەکەتە لە هەڵسووکەوتوو ژیانیاندا بوون پەیدا دەکات.

ئەم کەلتورە وەك کەلتوری کۆمەڵگا مۆدێرنەکان و کۆمەڵگا تەقلیدییەکان کەلتورێکی تەقلیدکراوە نییەو کەسەکانی ناو ئەم مەملەکەتە لە کەسانی پێش خۆیانیان وەرنەگرتووە، ئەم کەلتوورە لە گەڵ ژیانی ئەواندا بوون پەیدا دەکات و خاوەنی ئەو فۆرمانەیە کە لەوانەوە پەیدا دەبن و پێشتر بوونیان نەبووە.

ئەم کەلتوورە کەلتورێکی داهێنراوەو هەریەك لەو کەسانەی کە دواتر دەبن بە ئەندامی ناو مەملەکەتی خوا بەشداری لە داهێنانیدا دەکات و بەرەوە کەلتورێکی کامڵی دەبات. دوای ئەوەش ئەم کەلتوورە وەدی هات و کامڵ بوو، کەسانی ناو مەملەکەتەکە هەوڵ نادەن لە نەوەکانی خۆیاندا بیچێنن، بەڵکو هەوڵدەدەن زەمینە خۆش کەن بۆ ئەو نەوەیە تا ئەوانیش ئەو کەلتورە عەقڵییەی کە لەناوخۆیاندا لەگەڵ بووناییاندا بوونی هەیە، لە ژیانی خۆیاندا وەدی بهێنن و لەوە دووركەونەوە ئەوكەلتووره وەرگرن کە لە ژیانی باوانەکانیاندا بەرجەستە بووە.

هەر نەوەیەك لە نەوەکانی ناو مەملەکەتی خوا دەبێت ئەو کەلتوورە تایبەت و جیاوازە لە ژیانی خۆیدا شێوەگیربکات کە پێشتر لەلایەن نەوەکانی پێشووەوە شێوەگیر نەکراوە. پەیوەندی نێوان کەلتوری نەوەکان لەگەڵ کەلتوری باوانەکان وەك کۆمەڵگا تەقلیدییەکان پەیوەندییەکی بۆماوەییانەی کۆمەڵایەتی نییەو نەوەکان ئەو کەلتوورەی باوانەکان لە دەرەوی خۆیان وەرناگرن، واتە ئەوە وەرناگرن کە باوانەکان لە فۆرمێکدا بەرجەستەیان کردووەو بوونێکی هەستەکی لە کۆمەڵگاکەدا پەیدا کردووە، بەڵکو ئەوەی لە کەلتوری باوانەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکان

ئەوەیە کە لە باوانەکاندا هەیەو هێشتا لە ژیانە خۆیادا بەرجەستەیان نەکردووە، واتە لایەنی بەرجەستە نەکراوی کەلتوورەکەیە نەك لایەنە بەرجەستەکراوەکەی. بۆیە نەوەکان بۆ بەرجەستەکردنەوەی دەبێت لە فۆرمێکی جیاواز لەو فۆرمە بەرجەستەی بکەنەوە کە باوانەکانیان بەرجەستەیان کردبوو، بەمەش ئەو کەلتوورەی کە لە ژیانی ئەواندا بەرجەستە دەبێت نابێت بە تەقلیدکرنەوەی کەلتووری باوانەکان، بەڵکو لەگەڵ کەلتوری باوانەکاندا دەبن بە دوو کەلتوری جیاواز بۆ شێوەگیرکردنی ئەوەی کە لە عەقڵدا بوونێکی پەتی هەیەو پێویستی بەوەیە لە شێوەیەکدا شێوەگیر ببێت.

نەوەکان چۆن شێوەیان دووپاتبوونەوەی هەمان شێوەی باوانەکانیان نییە، بە هەمان شێوە دەبێت کەلتوورەکەشیان دووپاتبوونەوەی هەمان کەلتووری باوانەکانیان نەبێت جا دەتوانن بەردەوامی بە مەملەکەتی خوا بدەن.

ئەمەش ئەوە دەگەوییێنێ بەردەوامیدان بە مەملەکەتی خوا لەلایەن نەوەکانەوە داهێنانەوەیەکی نوێی مەملەکەتی خوایەو بەردەوامبوون نییە لە ناو هەمان مەملەکەتدا. کەسێك دەتوانێت ببێت بەئەندام لە مەملەکەتی خوادا، ئەوەی لەو مەملەکەتدا لێ روودەدات بە شێوەیەکی پێشینە لە ناو عەقڵیدا بوونێکی نادیاری هەبێت، واتە ئەوەی هەڵسوکەوتی ئەوکەسە لەو مەملەکەتە دیاری دەکات ئەو کەلتوورە نەبێت کە هەر مرۆڤێك لەگەڵ لەدایکبوونیدا لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی وەری دەگرێت، بەڵکو ئەو کەلتورە نادیارە بێت کە لەگەڵ لە دایکبوونیدا لە ناو عەقڵیدا بوونێکی نادیاری هەیەو دەبێت لە هەڵسوکەوتی ئەودا لەناو مەملەکەتی خوادا شێوەگیر ببێت و دەرکەوێت. لایبێنتز لەم بارەیەوە دەڵێت: ئایدیاڵی جەوهەری کەسیی هەموو ئەوەی لەخۆیدا هەڵگرتوو کەدواتر لێی روودەدات(٤١). واتە وەك ئەوتۆوە وایە کەلە زەمینەیەکدا دەیچێنین تا ئەوەی لێ وەدی بێت کە لەناوخۆیدا حەشاریداوە، بەبێ وەدیهاتنی ئەوەش کە لە ناویداد پەنهانە ئێمە توانای ئەوەمان نییە بیزانین تۆی چ شتێکە.

بەپێی ئەم بۆچوونە تاك لەناو مەملەکەتی خوادا دەبێت لە ژێر حوکمی فرمان و چوونیەتیاکانی ئەو کەلتورە دەرچوویێت کە لەناو کۆمەڵگا تەقلیدییەکەدایەو بە شێوەیەکی

---

(٤١) بروانە: لایبنتز: مقالة في میتافیزیقا : ١٣٢.

سەلبی لەناویدا چێنراوەو هوشیاری بەوە پەیداکردبێت کە فرمان و چۆنایەتییەکانی کاروکردەکانی ئەو بە شێوەیەکی نادیار لەناو عەقڵیدا بوونیان هەیەو دەبێت لەڕێگەی عەقڵە یاسادۆزەکەی ناو خۆیەوە بیاندۆزێتەوەو لەناو مەملەکەتی خوادا بەپێی ئەو فرمان و چۆنایەتییانە هەڵسوکەوت بکات کە لە عەقڵەوە بۆی دێن.

مەملەکەتی خوا زەمینەی دەرکەوتنی ئەوفرمان و چۆنایەتییە نادیارانەن کە لەناو تاکەکانی ئەو مەملەکەتدا پێش بوونیان لە ناو مەملەکەتەکەدا لە ناویاندا بوونیان هەیە. تاکەکەس لە مەملەکەتی خوادا هیچ فرمان و چۆنایەتییەك لە فەزای کۆمەڵایەتی ئەومەملەکەتە وەرناگرێت و ئەوفرمان وچۆنایەتیانەی کە بوونی ئەو لەمەملەکەتەکەدا دیاری دەکەن لە عەقڵی خۆیەوە بۆی دێن .

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ لەناو مەملەکەتی خوادا هیچ کەلتورێك بۆ چاندنی لەناو تاکەکاندا بوونی نییەو عەقڵی تاکەکان زەمینەی چاندنی کەلتور نییە. بە پێچەوانەوە لەناو عەقڵی هەرتاکێکدا کەلتورێکی نادیار هەیەو دەبێت فەزای کۆمەڵایەتی ناو مەملەکەتی خوا ببێت بە زەمینەیەك بۆ دەرکەوتنی ئەو کەلتورە.

فەزای کۆمەڵایەتی مەملەکەتی خوا تەنها زەمینەی دەرکەوتنی کەلتورەو سەرچاوەی بە خشینی سیستەمی کەلتورەکە نییە. بۆیە دەبێت لە هەر تاکێکی مەملەکەتی خوادا، سەرچاوەی بەخشینی سیستەمی ئەو کەلتورەی کە لێیەوە وەدیدێت ئەو عەقڵە بێت کە فرمان وچۆنایەتیەکانی ئەو کەلتورەی لەناو خۆیدا بۆ ئەو کەسە هەڵگرتوو.

تاکەکەس لەناو مەملەکەتی خوادا دەبێت وا بژی کە تەنها خۆی و خوا لە ناو مەملەکەتەکەدا بوونیان هەیە، واتە تاکەکەس لەم مەملەکەتەدا لەگەڵ تاکەکانی تری مەملەکەتەکەدا لەناو دایلۆگدا نییە، بەڵکو لە ناو مەنەلۆگدایە لەگەڵ ئەوهێزەدا کە لەناوخۆیدا فرمان و چۆنایەتییەکانی ژیانی تایبەتی خۆی لە ناو مەملەکەتەکەدا پێ دەبەخشێت.

گەر ئێمە کەسێك بین لە کەسەکانی مەملەکەتی خوا، ئەوە جگە لەخوا هیچ هێزێکی دەرەکی لە دەرەوەی ئێمە بوونی نابێت کە توانای ئەوەی هەبێت کار لە ئێمە بکات، بە تەنها خوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵماندا لە پەیوەندیدایەو ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە

بەردەوام شوێنی ئەو هێزە دەکەوین کە لە ناوماندا بوونی هەیە[٤٢]. گەر لەمەملەکەتی خوادا تاکەکان بەردەوام لە ناو مەنەلۆگدابن لەگەڵ ئەو هێزەی کە لەناو بوونیاندا فرمان وچۆنایەتییەکانیان پێدەبەخشێت، چۆن لەگەڵ یەکدا دەتوانن بکەونە ناو پەیوەندی و سیستەم دەتوانێت پەیوەندییەکانیان ڕێك بخات؟

وەڵامی لایبێنتز بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ئەو پەیوەندیانە بە شێوەیەکی پێشینە لەناو هەریەك لە تاکەکاندا ڕێکخراون و تاکەکان ئەوەندەیان لەسەرە ئەوەی کە لەناویاندا هەیە لەناو واقعدا شێوەگیری بکەن و بەشێوەگیرکردنی ئەمە ئەو پەیوەندیانەش شێوەگیر دەبن کە بەپێی پلانێکی پێشینە ڕێکخراون.

پەیوەندی نێوان تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە وەك پەیوەندی نێوان ئەو وێنە پارچەپارچەکراوە وایە کە هەر پارچەیەکی کەوتۆتە شوێنێك و پەیوەندی ئەم پارچانە لەناو وێنەکەدا بەوە ڕێکدەخرێتەوە کە هەریەك لە پارچەکان بە ئاراستەی شوێنەکەی خۆی بجولێنرێت بێ گوێدانە ئەوەی کە دەکەوێتە کوێی پارچەکانی ترەوە. کاتێك هەریەك لە پارچە پەرتبووەکانی ئەو وێنەیە دەگەڕێت بەشوێن شوێنەکەی خۆیداو شوێنەکەی خۆی لەناو وێنەکەدا دەدۆزێتەوە، بەمە هەموو پارچەکان لەناو وێنەکەدا لە پەیوەندییەکدا دەبنەوە بە یەك و وێنەکە بەرجەستە دەکەنەوە.

کەسانی ناو مەملەکەتی خوا وەك پارچە ونبووەکانی یەك وێنەن و ئەم وێنەیەش وەك ئایدیاڵ لەناو روحی کۆیی هەریەکەیاندایەو هەریەکەیان بەوە بەشداری لە شێوەگیرکردنی ئەو وێنەیەدا دەکەن کە بێ گوێدانە پارچەکانی تری وێنەکە ئەو پارچەیەی لەناوخۆیاندا هەیەو بوونی ئەو لەناو کۆی وێنەکەدا دیاری دەکات، شێوەگیر بکات. کاتێك هەریەکەیان ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوەو ئەوەی لەناو خۆیدا هەیە بەو ڕێگایە لە کاروکردەوەکانی خۆیدا شێوەگیری دەکات، بەمە لەگەڵ ئەوانی تردا دەکەوێتە ناو پەیوەندییەوەو دەبێتە بە شێك لە ئەندازەی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە.

ئەوەی لەناو عەقڵی هەر تاکێك لە تاکەکانی ئەو مەملەکەتەدا هەیە، تەنها ئەو فرمان و چۆنایەتیانە نین کە ئەو دەبێت لە ژیانی خۆیدا لە کاروکردەوەکانیدا شێوەگیریان بکات، ئەو

---

(٤٢) بروانە: ه.س :١٨٣.

ناوکۆییەشە کە شێوەگیرکردنی فرمان و چۆنایەتییەکانی هەمئاهەنگ دەکاتەوە لەگەڵ ئەو فرمان و چۆنایەتیانەی کە لەناو هەریەك لە تاکەکانی تردا هەیە. ئەو ناوکۆییەش کە ژیان، هەموو تاکەکانی تیا دەگوزەرێت بەرجەستەکەری ئەو بوونە کۆییەی ناو ئەوانە کە دواتر فەیلەسوفە ئەڵمانەکانی سەدەی نۆزدە ناوی دەنێن روحی نەتەوە.

روحی کۆیی ناو تاکەکانی مەملەکەتی خوا لەڕێگەی روحی تاکەکەسەکانەوە، هەریەکەیان بەرەو ئامانجە تاکەکەسییەکەی خۆی ئاراستە دەکات و بەمە ئامانجە کۆییەکەی خۆی وەدی دەهێنیٚ. ئەمەش ئەوە دەگەیێنیٚ ئەوەی کە کۆییە لەڕێگەی وەدیهاتنی ئەوەوە وەدی دێت کە لە ناو تاکەکاندا تاکەکەسی و ناکۆییە.

لایبنێنتز بۆ دیاریکردنی پەیوەندی تاکەکانی ناو مەملەکەتی خوا پەنا بۆ بیرۆکەیەکی سەیر دەبات : بەپێی ئەو بیرۆکەیە هەر تاکێك لە تاکەکانی مەملەکەتی خوا بە شێوەیەکی پێشتاقیکاری کۆی مەملەکەتی خوا بە شێوەیەکی مومکین لەناویدا بوونی هەیەو هەریەك لەو تاکانە بە شێوازی تایبەتی خۆی و لە گۆشەنیگای بوونی خۆیەوە مەملەکەتی خوا دەنوێنیٚ. ئەمەش ئەوە دەگەیێنیٚ هەر تاکێکی واقیعیی ناو مەملەکەتی خوا بوونێکی پەتی و عەقلی لە ناو تاکەکانی تردا هەیە، هیچ تاکێك لەو تاکانە لەڕێگەی بوونی واقیعی تاکەکانی ترەوە ئەو بوونە پەتییەی ئەوان نەهاتووەتە ناوییەوە، واتە کەسانی ناو ئەو مەملەکەتە لە دەرەوە یەك ناناسن و پێش ئەوەی هەریەکەیان لە دەرەوە بۆ ئەوی تریان دەرکەوێت بوونی لە ناو ئەوی تریاندا هەبووە. مامەڵەکردنی هەریەکەشیان لە گەڵ ئەوانی تریاندا مامەڵەکردنێکی راستەوخۆ نییە لەگەڵ بوونە واقیعییەکەیاندا، بەڵکو مامەڵەکردنە لە گەڵ بوونە واقیعییەکەیاندا لە رێگەی ئەو بوونە پەتییەوە کە بەر لە بوونە واقیعییەکەیان لەناو عەقڵیاندا بوونی هەبووە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنیٚ کاتێك هەریەکەیان لەگەڵ ئەوانی تریاندا دەکەوێتە ناو پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەدا ناکەوێتە ناو پەیوەندی کەبوونێکی واقعییان لە مەملەکەتی خوادا هەیە، بەڵکو لەگەڵ ئەوکەسانەدا کە لەناو عەقڵیدا وەك بە شێك لەوەی کە بە شێوەیەکی پەتی بوونی هەیە دەکەوێتە ناو پەیوەنییەوە، واتە هەریەکەیان لەناوخۆیداو لەگەڵخۆیدا لەگەڵ ئەوانی تردایە.

لە کۆمەڵگا تەقلیدی و دروستەییەکانیشدا تاکەکان لەگەڵ بوونی واقعی یەکتردا لە پەیوەندیدا نین و هەریەکەیان لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ئەو وێنانەی کە ئەوانیتر لە ناوکۆییەکی

کۆمەڵایەتی مومکیندا بۆخۆیان لە بەرامبەر ئەودا دروستی دەکەن. واتە لە هەردوو جۆر لەکۆمەڵگادا پەیوەندی نێوان تاکەکان پەیوەندی نێوان بوونە واقیعییەکەیان نییەو پەیوەندی نێوان بوونە وێنەییەکانیانە، بەڵام وێنەی کەسەکان لە مەملەکەتی خوادا ئەو وێنانە نین کە لە کۆمەڵگا تەقلیدی و دروستەییەکاندا تاکەکان لە خەیاڵی یەکتریدا بۆ خۆیانی دروست دەکەن. ئەو وێنانە لە مەملەکەتی خوادا بوونێکی پێشینەو پەتیان لە ناو عەقڵی هەریەك لەتاکەکاندا هەیەو دوای وەدیهاتن و شێوەگیربوونیان لەناو تاکەکاندا بوونیان لە بوونێکی عەقڵییەوە دەبێت بە بوونێکی واقیعی و هەستەکی.

بوونی وێنەیی کەسەکان لەناو کۆمەڵگا دروستەییەکاندا لەپێناو ئەوەدایە هەر تاکێك بوونی خۆی لەوانی تردا دامەزرێنێ و ئەوانی تر هەست بە بوونی بکەن، چوونکە بەبێ هەستکردنی ئەوانی تر بە بوونی، ئەو لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا بوونی نابێت، بەڵام بوونی عەقڵیی کەسەکان لەناو عەقڵی هەریەك لە تاکەکانی مەملەکەتی خوادا لەپێناو ئەوەدایە هەریەکەیان بوونی خۆی تەنها لە وەدیهاتنی ئەوەدا ببێنێ کە لەخۆیدا بوونی هەیەو لە دەرەوەی خۆیدا بە شوێن بەهاو بوونی خۆیدا نەگەڕێت.

## ٢/٢-١-٤) مەملەکەتی خوا و نەتەوە

هێگڵ لە باسکردنی پەرەسەندنی بیرۆکەیەك لەفەلسەفەی قۆناغێکدا باس لەوە دەکات کە فەلسەفە جیاوازەکانی فەیلەسوفانی ئەو قۆناغە مەحکومن بەو زەمەنەی کە بیرۆکەکان تیایدا لەو قۆناغە فەلسەفیەدا پەرەدەسێنن، واتە فەیلەسوفەکان کوڕی سەرەدەمەکەی خۆیانن و دەبێت لە سنوری زەمەنەکەی خۆیان و پەرەسەندنی بیرۆکەکان لەو زەمەنەدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین و زیاتر لەوەیان لێنەخوازین کە هەڵیانگرتووە. لەبەرئەوەی لایبێنتز لەو فەیلەسوفانەیە کە دەکەوێتە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئەڵمانی، ئەوەی لەفەلسەفەکەیدا گوزارشتی لێکراوە تەنها بیرۆکە هەمەکییەکەی نەتەوەیە نەك نەتەوە خۆی. واتە بیرۆکەی نەتەوە لەم قۆناغەدا لە ناو بیری لایبێنتزدا خۆی وەك سیستەمێك دەخاتە روو، بەڵام ئەوە لەخۆیدا ئاشکرا ناکات کە ئەو سیستەمە سیستەمی پەیوەندییە ناوەکییەکانی چ شتێکە، بۆیە ئەوەی کە دەکرێت لە بارەی نەتەوەوە لەناو فەلسەفەی لایبینتزدا بیزانین، نابێت نەتەوە خۆی بێت، بەڵکو دەبێت ئەو سیستەمە بێت کە نەتەوە لەسەری دادەمەزرێت، واتە

دەبێت ئەوە بێت کە هەمەکییەو هێشتا بوونی خۆی وەك نەتەوە ئاشکرا نەکردووەو پێویستی بە کاتێکی زیاتر لە بیرکردنەوەیە تا خۆی وەك نەتەوە ئاشکرابکات.

قۆناغەکانی پەرەسەندنی بیرۆکەیەك لەناو فەلسەفەدا جیاوازن، لە قۆناغە دواینەکاندا بیرۆکەکە دیاریکراوترو ئاشکراترە تا قۆناغە سەرەتاییەکان، لە قۆناغە سەرەتاییەکانیشدا ئەو بیرۆکە پەتیترە لە قۆناغە دواینەکان. (بۆ نموونە ئێمە سەرەتا بەوە دەستپێدەکەین کە شتێکمان وەك بیرۆکەیەکی دیاریکراو دەست کەوێت، بەڵام شتێك لێرەدا بوونی نییە، بەڵکو هەموو ئەوەی کە هەیە تەنها بیرۆکەیەکە دوای ئەمەش سەرتا لە بیرکردنەوەماندا جگە لەم جۆرە دیایکردنە پەتیانە شتێکی تر دەست ناکەوێت و پەتیەتییەکەش ئاسان وسادەیە قۆناغەکەی دواتریش عەینی ترەو پێشتر گریمانەی ئەو قۆناغەی پێش خۆی کردووە، دوای ئەمەش بە شێوەیەکی دوور مەوداتر پەرەدەسێنێ، بەم شێوەیە هەموو قۆناغێکی دواتری قۆناغەکانی پەرەسەندن دەوڵەمەندترە لەوەی پێش خۆی و بە کۆمەکی ئەم تایبەتمەندیانە زیاد دەکات و دواتر عەینیتر دەبێتەوە، دوای ئەمەش شتێك بەناوی بیرەوە نییە کەلە پەرەسەندنی خۆیدا بەرەو پێش نەڕوات[٤٣].

ئەم بۆچوونەی هیگڵ ئەوەمان بۆ رۆشن دەکاتەوە کە بیرۆکەی نەتەوە لە ناو فەلسەفەی لایبێنتزدا بوونێکی پەتی هەیەو هەر ئەو بوونە پەتییەشە کە لە قۆناغەکانی دواتری فەلسەفەی ئەڵمانیدا پەرە دەسێنێ و وەك بیرۆکەی نەتەوە خۆی ئاشکرا دەکات. ئەوەی لای لایبێنتز هەیە تەنها بیرۆکەکەیەو هیچی تر، بۆیە نابێت ئەوە لە لایبێنتز چاوەڕێ بکەین کە باسی نەتەوەمان بۆ بکات و بیرۆکەکە وەك بیرۆکەی نەتەوە بخاتە روو، ئەوانەی کە ئەم بیرۆکەیە دەتوانن وەك بیرۆکەی نەتەوە بخەنەڕوو ئەو فەیلەسوفانەن کە لە دوای لایبێنتزەوە دێن و دەکەونە ناو قۆناغە دواینەکانی فەلسەفەی ئەڵمانییەوە.

ئێمە لەڕێگەی فەلسەفەی لایبێنتزە تەنها ئەوەندە دەزانین کە سیستەمێك هەیەو ئەم سیستەمە سیستەمی پەیوەندی نێوان مۆنادەکانە. واتە ئێمە لە ناو فەلسەفەی لایبێنتزدا ناتوانین ئەوە ساغ بکەینەوە ئەو سیستەمە سیستەمی پەیوەندی نێوان تاکەکانی نەتەوەیەکەو مەبەستی لایبێنتزیش لە مۆنادەکان تاکەکانی نەتەوەن.

---

(٤٣) بروانە: مێژووی فەلسەفە: ١٩٢.

بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەو سیستەمەی لایبێنتز باسی دەکات سیستەمی پەیوەندی نێوان تاکەکانی نەتەوەیەو مۆنادەکانیش تاکە نەتەوەییەکانن، دەبێت لە قۆناغە یەك لە دوا یەکەکانی فەلسەفەی ئەڵمانیدا بە شوێن پەرەسەندنی ئەو بیرۆکەیەدا بڕۆین کە لە فەلسەفەکەی لایبێنتزدا تەنها ئەوەندەی گوزارشت لێکراوە کە سیستەمی پەیوەندی نێوان کۆمەڵە یەکەیەکە کە لایبێنتز بە مۆناد ناوی بردوون.

گەر ئێمە بتوانین ئەو بیرۆکەیە لەلای فەیلەسوفانی دوای لایبێنتز بدۆزینەوە، ئەوە لەرێگە گوزارشتە جیاوازو پەرەسەندووەکانی ئەوانەوە لەو بیرۆکەیە دەگەین بەوەی کە ئەو بیرۆکەیە بیرۆکەی نەتەوەیە یان بیرۆکەی شتێکی تر. ئەمەی سەرەوە دەمانگەیێنێ بەوەی کە تاکە رێگایەکمان هەیە بۆ ئەوەی بزانیین ئەو بیرۆکەیەی کە لایبێنتز وەك مەملەکەتی خوا گوزارشتی لێکردووە بیرۆکەی نەتەوەیە یان بیرۆکەی شتێکی ترە، ئەو رێگایەش ئەوەیە لەدوای لایبێنتز لەناو فەلسەفەی کانتدا بە شوێن گوزارشتە پەرەسەندووەکەی ئەو بیرۆکەیەدا بگەڕین و دوای کانتیش لە ناو فەلسەفەی فیختەدا بە هەمان شێوە بە شوێن ئەوەدا بڕۆین هەمان ئەو بیرۆکەیە بە گوزارشتکردنێکی پەرەسەندووتر بدۆزینەوەو دواجاریش لە فەلسەفەی هیگڵدا بەدوای دوا گوزارشتی پەرەسەندووی ئەو بیرۆکەیەدا بگەڕین، ئینجا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئەوەی کە لایبێنتز ناوی ناوە مەملەکەتی خواو سیستەمەکەی دیاری کردووە، نەتەوەیە یان نەتەوەنییە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەوەیش ئەوەیە: چۆن دەتوانین ئەو بیرۆکەیە لە ناو فەلسەفەی ئەو هەموو فەیلەسوفانەدا بدۆزینەوە لەکاتێکدا هەریەك لەوان فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆی هەیەو جیاوازە لە فەلسەفەی ئەوانی تر؟.

هیگڵ پێی وایە لە پەرەسندنی بیرۆکەیەك لە بیرۆکەکان لەناو سەردەمێکی فەلسەفەدا قۆناغە دواینەکان هەڵگری هەموو ئەوەن کە قۆناغە بەراییەکان هەڵیان گرتووە، واتە ئەو بیرۆکەیەی کە لە قۆناغە بەراییەکانی ئەو فەلسەفەدا گوزارشتی لێکراوە بە خۆی و گوزارشتەکەشییەوە بوونی لە قۆناغەکەی دوای خۆیدا هەیەو لەو قۆناغەدا سەرەڕای ئەوەی کە گوزارشتدەکات لە هەموو ئەوەی کە لە قۆناغەکەی پێشوودا گوزارشتی لێکراوە، گوزارشت لەوەش دەکات کە لەو قۆناغەی پێش خۆیدا گوزارشتی لێنەکراوە. ئەمەش رێگە بۆ لێکۆڵەرێکی راستەقینە خۆش دەکات کە لە فەلسەفەکانی هەموو قۆناغەکاندا بیرۆکەکەو پەرەسەندنە یەك لە دوایەکەکانی بدۆزێتەوە.

ئێمەش بۆ ئەوەی بگەین بەوەی کە ئەو سیستەمەی لایبێنتز وەك سیستەمی مەملەکەتی خوا گوزارشتی لێدەکات سیستەمی نەتەوەیە، دەبێت هەموو ئەو گوزارشتە جیاوازانەی کە لە فەلسەفە یەك لە دوایەکەکانی فەلسەفەی ئەڵمانیدا بۆ ئەم بیرۆکەیە هەن بیانخەینەروو، جگە لەمەش دەبێت ئەو پەرەسەندنەش دەستنیشان بکەین کە لە ناو ئەم گوزارشتە جیاوازانەی بیرۆکەکەدا روویداووەو بەهۆیەوە گەیشتووەتە ئەوەی کە ئەو بیرۆکەیە بیرۆکەی نەتەوەیەو بیرۆکەی شتێکی تر نییە.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئێمە بەبێ خستنەروویەکی یەك لەدوایەکی گوزارشتە جیاوازەکانی ئەم بیرۆکەیە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا، ناتوانین بگەینە وەڵامی ئەو پرسیارە. ئێمە بۆ ئەوەی بگەینە وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت گوزارشتەکەی کانت و فیختەو هیگڵ لەم بیرۆکەیە بخەینە روو، ئەمەش وادەکات کە گەڕانەکەمان بە شوێن پەیدابوونی و پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا درێژە بکێشێت. گەر ئەم کارەش ئەنجام نەدەین ناتوانین لەو گوزارشتە جیاوازانەی بیرۆکەی نەتەوە تێ بگەین وئەو تیۆرە عەقڵییە بە شێوەیەکی تەواو بخەینەروو کە لەبارەی نەتەوەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا هەیە. دوای ئەوەی زانیمان بیرۆکەی نەتەوە لە لای لایبێنتز تەنها وەك سیستەمێك گوزارشتی لێدەکرێت، بە پێی ئەو لۆجیکەی کە بۆ پەرەسەندنی بیرۆکەیەك لەناوبیردا هەیە، دەبێت لە دوای خستنە رووی گوزارشتەکەی لایبێنتز لەو بیرۆکەیە، گوزارشتەکەی کانت لە هەمان بیرۆکە بخەینەروو تا لە شێوەگیربوونی راستەقینەی بیرۆکەکە نزیکتر بکەوینەوە.

### ٢-٢/٢) دەرکەوتنی بیرۆکەی نەتەوە لەکۆمەڵگای ئاکاریدا

دوای لایبێنتز کانت گوزارشتێکی تر لەو بیرۆکەیە دەکات کە ئێمە گریمانەی ئەوەمان کردووە بیرۆکەی نەتەوەیە. کانت لە گوزارشتکردنی لەم بیرۆکەیە، هەمان ئەوە گوزارشت لێدەکاتەوە کە لایبێنتز گوزارشتی لێکردووە. ئەو مەملەکەتی خوا ناو دەنێت مەملەکەتی غایەتەکان، مۆنادەکانیش ناو دەنێت تاکەکەسی ئاکاری.

لای لایبێنتز ئەوەی مۆنادەکان لەناو مەملەکەتی خوادا پەیڕەوی دەکەن سیستەمێکە لەناوخۆیاندا بوونی هەیەو لە دەرەوەی خۆیان وەریان نەگرتووە، لای کانتیش هەرکردەوەیەك کە لە کەسێکی ناو مەملەکەتی غایەتەکان دەردەکەوێت یاساکەی لە ناو عەقڵدا بوونی هەیەو ئەو

یاسایەش لە دەرەوەی ئەو کەسەوە نەهاتووەتە ناوی. لای لایبێنتز مۆنادە جەوهەرەو بوونی بەند نییە بەهیچ شتێکی دەرکییەوە، لای کانتیش تاکەکەسی ئاکاری غایەتە و وەسیلە نییە، واتە بوونی لە پێناو خۆیدایەو بوونی لە پێناو شتێکدا نییە کە لە دەرەوەی خۆی بێت. ئەمانەی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنن ئەو بیرۆکەیەی کە کانت بەشێوازی خۆی گوزارشتی لێدەکات هەمان ئەو بیرۆکەیەیە کە لایبێنتز پێش ئەو گوزارشتی لێکردووە، کانت لەگەڵ ئەوەشدا هەمان ئەوە گوزارشت لێدەکاتەوە کە لایبێنتز گوزارشتی لێکردووە، گوزارشتیش لەوە دەکات کە لایبێنتز گوزارشتی لێنەکردووە، بەمەش بیرۆکەکە زیاتر لەوەی کە لە فەلسەفەی لایبێنتزدا هەیە بوونی خۆی ئاشکرا دەکات و نزیکمان دەکاتەوە لە وڵامی پرسیارەکەمان.

کانت لە کتێبی (دامەزراندنی میتافیزیکای ئاکار)دا گوزارشت لەو بیرۆکە پەتییەی نەتەوە دەکات کە پێش ئەو لایبێنتز سیستەمەکەی دیارکردبوو، ئەو نەتەوە بە مەملەکەتی غایەتەکان ناو دەبات و سەرەتاش بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەست پێدەکات: ئایا تاکەکەس لە مەملەکەتی غایەتەکاندا بەچی بوونی هەیەو چی وای لێدەکات ببێت بە ئەندامێکی ناو ئەو مەملەکەتە؟.

ئەو بۆ رووونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە باس لە ئیرادەی چاك دەکات و پێی وایە ئیرادەی چاك ماهییەتی کەسەکانی ناو مەملەکەتی خوایە.

تاکە کەس لای ئەو بە بوونی ئیرادەی چاك لەناو ئەو مەملەکەتدا بوون پەیدادەکات، ئیرادەی چاکیش لای ئەو، ئەو ئیرادەیەیە کە بۆ کارکردنی، دەستوور لە یاسا عەقڵییەکانی ئاکار وەردەگرێت و کاتێکیش دەتوانێت ئەمە بکات کە خۆی داماڵێبێ لەهەموو ئەوەی کە دەرەکیی و ئەزموونییە.

ئیرادە بەگشتی خۆی لەنێوان دوو جۆرە لە هێزدایەو لە ئیختیاری خۆیدایە بۆ خوڵقاندنی کاروکردەوەکانی مرۆڤ دەستوور لەکام جۆریان وەربگرێت (ئیرادە دەکەوێتە جێگەیەك کە لەنێوان بنەما پێشییەکانی خۆیدایە کە وێنەین لەگەڵ ئەو هاندەرە پاشیانەی کە هەڵێدەنێن و ماددین، هەروەکو ئەوە وایە لە دووڕیانێکدا بێت، گەر پێویست بێت لەرێگەی شتێکەوە شێوەگیر بکرێت، ئەوە بەشێوەیەکی گشتی دەبێت لەرێگەی بنەما وێنەییەکەی ئیرادەوە شێوەگیر بکرێت، کاتێك کردەیەك لە ئەرکەوە روودەدات کە لە هەموو بنەمایەکی ماددی

داماڵرابێت)[٤٤]. بەم پێیە ئیرادە بۆ شێوەگیرکردنی کردەکان بۆی هەیە لە دوو سەرچاوەوە دەستوور وەرگرێت، سەرچاوەیەکیان بنەما پێشینە وێنەییەکانن کە لەناو عەقڵی مرۆییدان و بە ئەزموون و پەروەردەو فێرکردن لەزەینیدا جێگیرنەبوون و بەخۆیان لەناو عەقڵدا بەشێوەیەکی پێشینەیی هەن. سەرچاوەکەی تریان ئەو بنەمایانەن کە لەدەرەوەی مرۆڤەوەو لەو ژینگە کولتوری و پەروەردەییەوە کە تیایدا دەژین، بەهۆی ئەزموونکردن و فێربوون و پەروەردەی فەرمی یان میللییەوە دەگوازرێنەوە بۆیی و لەزەیندا بەشێوەیەکی نائاگایانە کار بە ئیرادە دەکەن و لەکارو کردەوەکانی مرۆڤدا شێوەگیر دەبن. ئیرادەی چاك ئەو ئیرادەیە کە بەهۆی داماڵرانی لەم بنەمایانە، وای لێهاتووە دەستوور لە بنەما عەقڵییەکانی ئاکار وەربگرێت و لەکارو کردەوەکانیدا ئەوان شێوەگیر بکات.

کانت بنەما وێنەییەکانی عەقڵ بە یاسا ناو دەبات و بنەما ئەزموونییە مادییەکان بە رێسا ناو دەبات. ئەوەی کە شایەنی ئەوەیە ناوی بنرێت یاسای ئاکاری، دەبێت بەشێوەیەکی پێشینە لەناو عەقڵی مرۆیدا بوونی هەبێت (بەڵام هەموو رێنماییە ئاکارییەکان (التعاليم الاخلاقيه)ی تر کە لەسەر بنەماکانی ئەزموونێکی رووت دادەمەزرێن، نەك هەر ئەمانە بەڵکو ئەوانەش کە بەشێوەیەك لەشێوەکان بە رێنمایی گشتی دادەنرێن و لەسەر رێسایەکی ئەزموونی دامەزراون، گەرچی لەکەمترین بەشی خۆشیاندابێت و بووبێتە پاڵنەرێك لە پاڵنەرەکانیان، دەڵێین ئەم جۆرانە لە رێنمایی دەبێت ناوی رێسای هەڵسوکەوتی کردەییان لێ بنێین، بەڵام لەهیچ حاڵەتێك لە حاڵەتەکاندا ناتوانین ناوی یاسای ئاکارییان لێ بنێین)[٤٥].

دوای ئەوەی کانت ئەو بنەمایانەی کە لە کولتوری میللی یان فەرمیدا هەن ناو دەنێت رێساکانی هەڵسوکەوتی کردەیی و جیایان دەکاتەوە لەو بنەمایانەی کە بە خۆیان لە عەقڵدا هەن و یاسا ئاکارییەکانی ئاکاری مرۆیی مرۆڤن، لەبەرامبەر کولتوری دەرەکی بە میللی و فەرمییەوە کولتورێکی تر باس دەکات و ناوی دەنێت کولتوری عەقڵ.

کولتوری عەقڵ کولتورێکی وەرگیراو نییە لە کۆمەڵگاو دەرەوەی مرۆڤ، کولتورێکە بە خۆی لەناو عەقڵی مرۆییدا هەیەو مرۆڤ ئەوەندەی لەسەرە لەناو خۆیدا پەی پێببات. بە پەیبردن

(٤٤) امانويل كانت، تأسيس ميتافيزيقا الاخلاق، ت: د. عبدالغفار المكاوي، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٥، ص ٨.

(٤٥) هـ. س : ٨.

و دۆزینەوەی ئەم کولتورەو دەستوور وەرگرتنی ئیرادە لە یاساکانی ئەو کولتورە، مرۆڤ وای لێدێت بگاتە خۆشبەختییەکی راستەقینە (نابێت ئەو ئیرادەیە تاکە چاکەیەك بێت یان هەموو چاکەیەك بێت، بەڵکو دەبێت باڵاترین چاکەکان بێت و ئەو مەرجە بێت کە هەموو چاکەیەکی تر لەسەری راوەستاوە، لەناو ئەو چاکانەشدا هاندانە بەرەو خۆشبەختی، لەم حاڵەتەدا ئەوەی کە هەماهەنگە لەگەڵ ئەو حیکمەتەدا کە لەسروشتدا تەجەلی دەکات، دەتوانین لەوەشدا بیبینین، کە کولتوری عەقڵیش ناکرێت بۆ وەدیهاتنی ئامانجە یەکەمییە رەهاکەی خۆی دەستی لێ هەڵبگرێت، کە لەزۆر رووەوە وەدیهاتنی ئامانجی دووەم دیاری دەکات، واتە خۆشبەختی لەم ژیانەدا بە لایەنی کەمەوە بەردەوام ئامانجێکی مەرجدارکراوی هەیە)[٤٦].

بەم پێیە ئیرادەی مرۆڤ لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگادا، دەکەوێتە بەردەم دوو کولتوری جیاواز، کولتورێکی دەرەکی کە ئەو کولتورەیە لەناو کۆمەڵگاکەدا هەیەو حازرەو لەرێگەی ژیان لەناو کۆمەڵگادا وەریدەگرێت، بەمەش دەبێتە تاکێکی قبوڵکراوی ناو ئەو کۆمەڵگایە، لەگەڵ کولتورێکی ناوەکی کە لە مرۆڤ خۆیدا بەخۆی هەیەو ئەوەی لەسەر مرۆڤە تەنها دۆزینەوەیەتی ئەویش کولتوری عەقڵە.(لاسایکردنەوە (حیکایەتکردنەوە) لەبواری ئاکاردا بە هیچ شێوەیەك جێگەی نابێتەوە)[٤٧]، ئەوەش کە لە کولتوری دەرەکیدا سودی هەیە تەنها هاندان و بزواندنی کولتورە عەقڵییەکەیە، واتە (ئەوەی توانای جێبەجێکردنی ئەوەمان لەبازنەی گوماندا پێبدات ئەوەیە کە یاسا فەرمانی پێدەکات.

ئەوەی کە رێسا کردەییەکە بە گوزارشتکردنێکی گشتی گوزارشتی لێدەکات، زۆر ئاشکراو دیارە، بەڵام ناکرێت هەرگیز پاساوی ئەوەی بۆ بهێنرێتەوە، ئەو بنچینە راستەقینە پێشکەش دەکات کە لەناو عەقڵدا جێگیرە)[٤٨]، لێرەدا کانت تەواو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەو رێسایانەی کولتوری دەرەکی دەیانخاتە بەر دەستمان تەنها بۆ ئەوە باشن کە هانمان بدەن یاساکانی ناو عەقڵ لەکردەکانماندا وەدی بهێنین و جگە لەمە ئەو رێسایانە هیچ سودێکیان نییەو بەکەڵکی ئەوە نایەن کە ئیرادە دەستووری خۆی لەوان وەرگرێت. لەلایەکی ترەوە کانت بۆ پاراستنی کولتورە عەقڵییەکەو تێکەڵاو نەبوونی بە کولتوری گوازراوەو تەقلیدی، باس لەوە

(٤٦) هـ. س : ٢٢.

(٤٧) هـ. س : ٤٣.

(٤٨) هـ. س : ٤٤.

دەكات كە مرۆڤ لەسەرەتادا دەبێت ئەو كولتورە عەقڵییەی ناو خۆی ببوژێنێتەوەو لەناو عەقڵیدا دامەزرێت و بنەماكانی وەك كۆمەڵە یاسایەك بۆ ئیرادە لەكاتی كردنی كردەیەكدا ئامادەبن و ئیرادە دەستووری كاركردنی خۆی لێیان وەرگرێت. دوای ئەمە مامەڵەكردن لەگەڵ كولتوری تەقلیدیدا هیچ كێشەیەك دروست ناكات و دەكرێت بۆ روونكردنەوەی كولتورە عەقڵییەكەو یاساكانی سودی لێوەربگیرێت، بەڵام بۆ ئەوەی عامەی خەڵك لەو كولتورە عەقڵییە تێبگەن، ئەوە هیچ هونەرێكی تیا نییە كە بۆ ئەو مەبەستە قوربانی بدرێت بە هەموو قوڵبوونەوەیەك لەبیركردنەوەدا، گەر قوربانی بەمەدرا ئەوا ئەو روونكردنەوەیە هیچی لێناكەوێتەوە جگە لە تێكەڵ و پێكەڵەیەكی بێ مانا(٤٩).

كەوابێت ئەو كولتورەی كە لە دەرەوە دێتە ناو تاكەكانی كۆمەڵگایەك و رێساكانی خۆی لەناو تاكەكاندا دادەمەزرێنێت و دەیانكات بەرێسای هەڵسوكەوتی كردەیی ئەوان و بەمەش هەماهەنگی كولتوری دروست دەكات، لای كانت هیچ رۆڵێكی نییە لەدامەزراندنی ئاكاری تاكەكەسداو هیچ هەماهەنگییەكی كولتوریش سازناكات. كەوابێت ئەوەی كولتورێكی عەقڵی هەماهەنگ لەنێوان ئەو تاكانەدا دروست دەكات كە یاساكانی كاركردنی ئیرادەیان لەناو ئەو كولتورە عەقڵییەدایە چییە؟

كانت لێرەدا هەوڵدەدات وەك لایبنتزو هیگڵ هەر لەسەر بنچینەی بنەما عەقڵییەكە باس لە كۆمەڵگایەك بكات كە تاكەكانی سەر بە كولتوری عەقڵن و ئەم كۆمەڵگایەش بە مەملەكەتی غایەتەكان یان جیهانی مەعقول ناودەبات. مەملەكەتی غایەتەكان بەهەمان سیستەمی عەقڵی بەڕێوە دەچێت كە لە مەملەكەتی خوای لایبنتزو دەوڵەتی عەقڵی هیگڵدا حاكمە، جیاوازی نێوان كانت و هیگڵ و لایبنتز تەنها لەشێوازی بەڵگەهێنانەوەو تیۆریزەكردنی ژیانی پێكەوەیی ناو ئەو مەملەكەتەدایە.

گەر لایبنتز هەماهەنگی كولتوریی ناو ئەو كۆمەڵگایە بگەڕێنێتەوە بۆ هەماهەنگی پێشینەی نێوان مۆنادەكان و هیگڵیش بیگەڕێنێتەوە بۆ پلانێكی پێشینە كە رۆحی جیهان دایناوە، ئەوەی كانتیش دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو یاسا ئاكاریانەی كە لەناو عەقڵی تاكەكەسی ئاكاریدا هەن و هەموو تاكەكانی ناو ئەو كۆمەڵگایەش لە هەڵسوكەوت و كارو كردەوە

(٤٩) بڕوانە: هـ. س : هـ. ل.

جیاوازەکانیاندا ئیرادەیان دەستوور لەو یاسایانە وەردەگرێ. لەناو ئەم مەملەکەتەدا یاسادانەران و فەرمانڕەوایان دوو گروپی کۆمەڵایەتی نین، تاکەکەس ئەو یاسایانە جێبەجێ ناکات کە ئەنجومەنی یاسادانان ڕەوایەتیان پێدەدات، بەڵکو ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکات کە لەناو عەقڵیدا هەن. بەم شێوەیە تاکەکەسی ئاکاری دەگاتە سەربەخۆییەکی خودی، چونکە یاسادانەرەکەی ئەو عەقڵەیە کە لەناویدا هەیەو ئیرادەش لەناو ئەودا ئەو دەسەڵاتەیە کە ئەو یاسایانە لەکارو کردەوەکانیدا شێوەگیر دەکات.

کانت بۆ ئەوەی بەرەو ئەوەمان بەرێت کە هەماهەنگی تاکە ئاکارییەکانی ناو مەملەکەتی غایەتەکانمان بۆ روونبکاتەوە، سەرەتا کار لەسەر ئەوە دەکات لە مەملەکەتی غایەتەکاندا باس لە دوو جۆر لە بوونەوەرمان بۆ بکات، یەکەمیان بوونەوەرە عاقڵەکانن کە بەخۆیان وەك غایەت لەویێ هەن و ئەمەش وا دەکات نەبنە وەسیلە بۆ جێبەجێ بوونی غایەتێك کە لەدەرەوەی خۆیاندا وەك غایەت هەیەو ئیرادەیەك کار بۆ وەدیهاتنی دەکات. ئەم جۆرە لە بوونەوەر پێیدەوترێت کەس، جۆرێکی تر لە بوونەوەر هەیە کە بوونەوەری ناعاقڵن و بەخۆیان ئامانج نین و بەهایەکی رێژەییان هەیەو وەسیلەن، ئەمانەش پێیان دەوترێت شتەکان[٥٠].

کانت چەند نمونەیەك بۆ فرمانە ئاکارییە مەرجدارەکان دەهێنێتەوە کە کردن تیایاندا مەرجدار دەکرێت بە غایەتێکی دەرەکییەوە، بۆ نمونە هەموو ئەو زانستانەی کە لایەنێکی کرداریان هەیە، کردن تیایاندا لەپێناو کردن خۆیدا نییەو لەپێناو گەیشتنە بەغایەتێکی تر. کانت سێ جۆر لە فرمان جیادەکاتەوە، یەکەمیان ناو دەنێت فرمانی تەکنیکی، ئەمانە کۆمەڵە فرمانێکن کە سەرچاوە لە رێنماییە زانستییەکانەوە وەردەگرن، جۆرێکی تریان ناودەنێت فرمانی کارەکی، ئەمانەش سەرچاوە لە رێنماییە ئاکارییەکانی کەش و هەوای کۆمەڵایەتییەوە دەگرن، جۆری سێیەمیان کە ئەو بەفرمانی ئاکاری راستەقینەی ناوی دەبات، ئەو فرمانانەن کە لە کولتوری عەقڵەوە سەرچاوە دەگرن. یەکەم و دووەمیان رێنمایی زەرورین بۆ دروستکردنی بابەتی پێداویستییە سروشتییەکانی مرۆڤ کە خۆشگوزەرانی بۆ دەستەبەر دەکەن، بەڵام سێیەمیان رێنمایی زەرورین و بەوەدیهاتنیان لە کردنەکانی مرۆڤدا، مرۆڤ دەخەنە ناو مەملەکەتی غایەتەکان کە جیهانێکی مەعقوڵەو هەستەکی نییە. فرمانی جۆری یەکەم و

(٥٠) بڕوانە: هـ. س : ٩٥.

جۆری دووەم کە مەرجدارن و پەیوەستن بە ڕێساکانی ئاکارەوە، لە ئەزموونەوە دەستمان دەکەون، واتە فێریان دەبین. بەڵام فرمانی ئاکاری پەیوەستە بە یاسا ئاکارییەکانەوە، واتە ئەو یاسایانەی لە کولتوری عەقڵ وەریاندەگرین.

تا ئێرە کانت ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، ئەو یاسایانەی کە دەبن بە فرمانی ئاکاری بۆ کەسەکانی ناو مەملەکەتی غایەتەکان سەرچاوە لە چ کولتورێکەوە وەردەگرن و چ جۆرە کردنێك لەو کەسانەدا وەدیدەهێنن. ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە ئەو هەماهەنگییە لەکردنی کەسەکانی ناو مەملەکەتی غایەتەکان چۆن دێتەئاراوە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە کانت باس لە گشتگیری یاسا ئاکارییەکان دەکات و پێیوایە یاسا ئاکارییەکان بەوە یاسای ئاکارین کە نابنە فرمانێکی مەرجدار و بەمەش لەوە دەردەچن کە وەك ڕێسا ئاکارییەکان ڕێژەیی بن. ئەم یاسایانە تاکەکەسی و ڕێژەیی نین و پەیوەندیشیان بەلێهاتوویییەکی سروشتییەوە نییەو بەلێهاتوویی کەسەکان جێبەجێ ناکرێن. بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی عەقلّی و پێشینە لەنێوان کەسەکانی ناو مەملەکەتی غایەتەکان ـ کە هەر یەکەیان بەخۆی غایەتێکە لە غایەتەکانی ئەو مەملەکەتە ـ بێتەئاراوە، نابێت کەسەکانی ناو ئەو مەملەکەتە وەك وەسیلە سەیر یەکتر بکەن، واتە نابێت دۆخێکی وا دروست ببێت کە کەس تیایدا وەك وەسیلە دەرکەوت بکات. ئەمەش کاتێك دەبێت کە مرۆڤ ئیمکانی بە وەسیلەکردن و بەوەسیلەبوونی تیا نەمابێت، کاتێکیش مرۆڤ ئەو ئیمکانەی تیا نامێنێت کە ئیرادەی لەژێر رکێفی هەموو سودخوازییەك دەرچووبێت، با ئەو سودخوازییەش سودخوازییەکی گشتی بێت و خودی نەبێت. گەر مرۆڤەکان نەبنە وەسیلەی خۆشگوزەرانی بۆ یەکتری، چۆن پەیوەندی و هەماهەنگی لەنێوانیاندا دێتەئاراوە؟ چۆن ژیانی بە کۆمەڵ پەیدا دەبێت؟ ئایا لێرەدا هەر کەس بە تەنها بەخۆی و بۆ خۆی ناژی؟ گەر کەسەکان وا ژیان، ئیمکانی ژیانی بە کۆمەڵ بوونی دەمێنێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە کانت لەمرۆڤدا دوو شت جیادەکاتەوە، یەکەمیان عەقڵ و ئایدیاڵە عەقڵییەکانی ناو مرۆڤە، دووەمیان ئەو ئیمکانیەتە سروشتیانەیە کە لە سروشتی مرۆڤدا هەن. بوونی عەقڵیی مرۆڤ وا لە مرۆڤ دەکات بە خۆی غایەت بێت، بەڵام بەهرەو توانا سروشتییەکانی مرۆڤ داوا لە مرۆڤ دەکەن وەسیلەی وەدیهێنیان بۆ بدۆزێتەوە، مرۆڤیەتی مرۆڤ لە بوونە عەقڵییەکەی مرۆڤدایە، واتە لەوەدایە کە لەخۆیدا غایەت بێت و نەبێت بە وەسیلە بۆ کەسەکانی ترو کەسانی تریش نەکاتە وەسیلە بۆ خۆی، بەمە مرۆڤ مرۆڤیەتی خۆی دەپارێزێت.

ئەو بەهرەو توانا سروشتیانەی کە سروشت بە مرۆڤ و زیندەوەرەکانی تریشی بەخشیون، پەیوەندیان بە مرۆڤیەتی مرۆڤەوە نییە، واتە وەدیهێنانیان و وەدینەهێنانیان هیچ لە مرۆڤیەتی مرۆڤ ناگۆڕێت. مرۆڤی ئەم سەردەمە زیاتر لە سەردەمەکانی تر بەوەدیهێنانی بەهرەو توانا سروشتییەکانی خۆیەوە سەرقاڵە، بەڵام ئەو وەدیهێنانە وای نەکردووە کە لە مرۆڤەکانی سەردەمە پێشووەکان مرۆڤتر بێت و مرۆڤیەتییەکەی زیاتر لێ وەدیهاتبێت، کانت لەمبارەیەوە دەڵێت (ئەوەندە بەس نییە کە کردنێك لەگەڵ مرۆڤیەتی لەناو کەسیەتیماندا بەوەی لەخۆیدا غایەتە لێکدژ نەبێتەوە، بەڵکو پێویستە ئەو کردنە لەهەمان کاتدا لەگەڵیشیدا هەماهەنگ ببێتەوە، بەڵام مرۆڤیەتی کۆمەڵە ئامادەگییەك لەخۆدەگرێت کە زەمینەی گەیشتن بە گەورەترین پلەی کەماڵ سازدەکەن و دەبنە بەشێك لەو غایەتەی کە سروشت بەگوێرەی ئەو مرۆڤیەتییەی کە لە خودی ئێمەدا نوێنراوە مەبەستیەتی پێی بگات، فەرامۆشکردنی ئەو بەهرەو ئامادەگیانە هەرگیز لەگەڵ پارێزگاریکردن لە مرۆڤیەتی بەوەی کە لە خۆیدا غایەتە دژ نابێتەوە، ئەوەی لەگەڵیا دژ دەبێتەوە کارکردنە بۆ وەدیهێنانی ئەو غایەتە)[٥١].

مرۆڤەکان بەهرەو توانای سروشتی جیا جیایان هەیەو هەر ئەو تواناو بەهرە سروشتییە جیاوازانەیە کە جیاوازی نێوان مرۆڤەکانی خولقاندووە، ئەوەی مرۆڤەکان تیایدا دەبنەوە بەیەك مرۆڤیەتی مرۆڤە، واتە بوونی عەقڵی مرۆڤە، بەڵام ئەوەی مرۆڤەکان وا لێدەکات یەك نەبن، بوونی سروشتیانەی مرۆڤەکانە. مرۆڤ لەناو مەملەکەتی غایەتەکاندا بوونە عەقڵییەکەی دەرکەوت دەکات و لەوێ وەك بوونەوەرێکی عەقڵی هەست بە بوونی خۆی دەکات نەك وەك بوونەوەرێکی سروشتی.

مرۆڤ وەك بوونێکی عەقڵی لەخۆیدا غایەتە، بەڵام ئەم غایەتە هەڵگری هەموو غایەتەکانی ترە کە لە کەسەکانی تری ناو مەملەکەتی عەقڵدا هەن، مرۆڤ وەك غایەتێك لە خۆیدا ئەوەیە کە (هەڵگری غایەتەکانی هەموو بوونەوەرێکی عاقڵە)[٥٢]، ئەمەش وا دەکات هەر کەسێك لە کەسەکانی ناو مەملەکەتی غایەتەکان کاتێك بە بەهرەو توانا جیاوازەکانی خۆی لە کردنێکدا مرۆڤییەتەکەی وەدیدەهێنێ، بەمە مرۆڤیەتی مرۆڤی لەبری هەموو کەسەکانی تری ناو مەملەکەتەکە وەدیهێناوە، چونکە گەر کەسەکانی تری ناو مەڵەکەتەکەش

(٥١) هـ. س : ٧٥.

(٥٢) هـ.س، هـ.ل.

لە هەمان حاڵەتدا بوونیان هەبێت و هەمان بەهرەو تواناکانی ئەویان هەبێت، هەر هەمان ئەو کردنە دەکەن کە ئەو کردوویەتی.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کردنەکە راستەو بەپێی ئەو یاسایانە کراوە کە لەناو عەقڵی ئەو کەسەدا هەن، لە هەمان کاتدا بەپێی ئەو یاسایانەش کراوە کە لە عەقڵی هەر کەسێك لە کەسەکانی تری ناو مەملەکەتی غایەتەکان وەك مومکین بوونیان هەیە، گەرچی لە کردنێکی ئەوانیشدا وەك کردنەکەی ئەم شێوەگیر نەبووبن.

ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ ئەو یاسایە کە لە کردنی ئەو کەسەدا رەوایەتیی پەیدا کردووە، هەمان ئەو یاسایەیە کە لەناو عەقڵی هەموو کەسەکانی تری ناو مەملەکەتەکەدا هەیە. وەدیهاتنی مرۆڤیەتی ئەو کەسەش لەناو ئەو کردنەدا وەك غایەتێك لە خۆدا، لە هەمان کاتدا وەدیهاتنی مرۆڤیەتی هەر یەك لە کەسەکانی ناو مەملەکەتەکەیە وەك غایەتێك لەخۆیاندا، بەمەش هەر کەسێك لەوان وەك غایەتێك لە خۆیدا بوونی لەناو هەموو ئەوانەی تردا وەك بوونێکی مومکین هەیە، بەڵام ئەو بوونە تەنها ئەو کەسە خۆی دەتوانێت لە کردنەکانیدا بۆ خۆیی و بۆ ئەوانیشی وەدیبهێنێ.

ئەوەی کە هەماهەنگی لەنێوان کەسەکانی ناو ئەم مەملەکەتەو کردنەکانیاندا وەدیدەهێنێ، ئەوەیە کەسێك لە کەسەکانی ناو مەملەکەتەکە وەك غایەتێك لە خۆیدا هەڵگری هەموو غایەتەکانی تربێت. هەر ئەمەشە وا دەکات هەموو فرمانێکی ئاکاری یان یاسایەکی ئاکاری بۆ ئیرادەی هەریەکەیان دەرکەوێت، ئەو ئیرادەیە بتوانێت بۆ کردنێك دەستوری لێوەرگرێت و لە هەمان کاتدا وا لە خۆی بکات کە ببێتە بابەتی ئەو فرمانە ئاکارییە کە وەدیهێنیانی لە کردنەکاندا یاسایەکی گشتییە (بوونەوەرە عاقڵەکان هەموویان ملکەچن بۆ ئەو یاسایەی کە دەخوازێت هەرگیز هیچ یەکێکیان وەك وەسیلە مامەڵە لەگەڵ خۆی و مرۆڤەکانی غەیری خۆی نەکات، بەڵکو دەبێت بەردەوام مامەڵەکردنی لەگەڵیاندا مامەڵەکردن بێت لەگەڵ کۆمەڵە غایەتێکدا کە لە خۆیاندا غایەتن، لەمەشەوە لە رێگەی ئەو یاسایانەوە کە بابەتی و هاوبەشن، ئەو پەیوەست بوونە رێکخراوەی نێوان بوونەوەرە عاقڵەکان دێتەئاراوە، ئەمەش ئەو مەملەکەتەیە کە ئیمکانی هاتنەبوونی هەیە)[٥٣].

---

(٥٣) هـ. س : ٧٨.

هەر بوونەوەرێکی عاقڵ لەسەریەتی (لەرێگەی ئازادی ئیرادەوە، بەردەوام خۆی بە یاسادانەری مەملەکەتی غایەتە مومکینەکان دابنێت، ئیتر ئەوە گرنگ نییە کە لەو مەملەکەتدا ئەندامە یان سەرۆک)[٥٤].

ئەو بنەما عەقڵییەی کە ئەو پەیوەستبوونە رێکخراوە لێیەوە سەرچاوە دەگرێت هەمان ئەو بنەمایەیە کە ئۆتۆنۆمی خودی بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات. راستە کانت باس لە ئۆتۆنۆمی تاکەکەس دەکات و باس لە ئۆتۆنۆمی نەتەوەکان ناکات، بەڵام جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە لە ئۆتۆنۆمی لەوەدا نییە کە ئۆتۆنۆمییەکەی کانت تەنها بۆ تاکەکەس دەستدەدات و بۆ نەتەوە دەستنادات، بەڵام ئۆتۆنۆمی وەك ئامانجی نەتەوەخوازەکان بۆ نەتەوە دەستدەدات و بۆ تاکەکەس دەستنادات، بەڵکو جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەم دوو جۆرە لە ئۆتۆنۆمی لە دوو بنەمای جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن.

ئۆتۆنۆمی نەتەوە لای نەتەوەخوازەکان لەوەوە سەرچاوە ناگرێت کە رۆحی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەك بەخۆی ئامانجەو دەبێت ئەم نەتەوەیە وەك بوونەوەرێکی عەقڵی مامەڵەی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا بکات و نەتەوەکانی تریش وەك غایەتێك مامەڵەی لەگەڵ بکەن و هیچیان ئەوەی تریان نەکات بە وەسیلە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی.

نەتەوەخوازی ئۆتۆنۆمی نەتەوە لەمەدا نابینێ و تەواو بە پێچەوانەی ئەمەوە کار دەکات و بە پێی بنەمای نەتەوەخوازی ئەو کۆمەڵگایە دەتوانێت ببێتە خاوەنی بوونێکی نەتەوەیی کە کۆمەڵگاکانی تری ناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکە بکات بە وەسیلە بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکەی خۆی و رێگەیان لێ بگرێت بەرەو ئامانج و چارەنوسی خۆیان بڕۆن.

بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی لەناو دەوڵەتی نەتەوەیدا کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی جیاواز دەبێت بن بە وەسیلە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی بوونی تاکە کۆمەڵگایەك بە نەتەوە جا نەتەوە دێتە ئاراوە، گەر کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو سنوری سیاسی دەوڵەتێك هەریەکەیان لەخۆیاندا ئامانج بن و بەرەو ئەوە بڕۆن ببن بە نەتەوە، نەتەوە دروست نابێت.

بەپێی ئەو سیستەمە ئاکارییەی کە کانت باسی دەکات، لەناو دەوڵەتێکدا کاتێك نەتەوە بوونی دەبێت کە کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتە وا مامەڵە لەگەڵ

(٥٤) هـ. س : ٨٠.

یەکتردا بکەن کە هەریەکەیان ئامانجێکە بۆ بوون بە نەتەوە لەخۆیداو نابێت هیچیان ئەوی تریان بکات بە وەسیلە بۆ ئامانجەکەی خۆی کە ئامانجی بوون بە نەتەوەیە.

کاتێك کانت باس لە سەربەخۆیی خودی دەکات، لە هەمانکاتدا باس لە مەملەکەتی غایەتەکان دەکات، واتە باس لە ژیانی بە کۆمەڵی تاکەکەسە ئاکارییەکان دەکات. گەر نەتەوە بەو پەیوەست بوونە رێکخراوەی تاکەکان لەسەر بنەما عەقڵییەکە دابنرێت، ئەوە ئۆتۆنۆمیی تاکەکەس، پەیوەندییەکی جەوهەری بە نەتەوەوە دەبێت و ئۆتۆنۆمی نەتەوەش پەیوەندییەکی جەوهەری لەگەڵ یەکەیەکی گەورەتر لەخۆی دەبێت کە لە کۆمەڵە نەتەوەیەکی جیاواز پێکهاتووەو هەریەکەیان ئامانجێکە لەخۆیداو وەسیلە نییە بەدەس ئەوانی ترەوە.

ئەو بیرۆکەیەی کە وەك بیرۆکەی نەتەوە لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا گریمانەمان کردووە لە فەلسەفەی کانتدا زیاتر لە فەلسەفەی لایبێنتز پەرەدەسێنێ، بەڵام لەم فەلسەفەیەشدا خۆی وەك بیرۆکەی نەتەوە ناخاتە روو.

ئەوەی کە لە گوزارشتکردنەکەی کانت لەم بیرۆکەیە گوزارشتی لێکراوەوە لە گوزارشتەکەی لایبێنتزدا گوزارشتی لێنەکراوە، ئەوەیە لای کانت ئەم بیرۆکەیە دەبێت بە بیرۆکەی کۆمەڵگایەکی ئاکاری و ئەوەی لێدەردەکەوێت کە تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە ئەو کەسانەن کە پەیڕەوی لەوە دەکەن کە لەناو عەقڵدا وەك کۆمەڵە یاسایەك بوونیان هەیەو ئەوەش کە لە دەرەوەی ئەوانەوە کۆمەڵگاکەیان بەناوی کەلتوری کۆمەڵگاوە هەوڵیداوە لەناویاندا بیچێنێت، ئەوان لە خۆیان کردوویانەتە دەرەوە و ئەوەی لەناویاندا بوونی هەیەو ئیرادەیان بەپێ کار دەکات ئەو یاسا عەقڵیانەن کە لە دەرەوەی خۆیان وەریان نەگرتوون.

لە گوزارشتکردنەکەی کانتدا دەردەکەوێت مۆنادەکان کەسی ئاکارین و ئەو سیستەمەش کە لە پەیوەندییەکانی خۆیاندا پەیڕەوی لێدەکەن سیستەمی ناو کەلتورێکە کە کانت ناوی ناوە کەلتوری عەقڵ. ئەم کەلتورەش وەك سیستەمەکەی لایبێنتز لەدەرەوە نەهاتووەتە ناو کەسەکان و لە ناوکەسەکاندا بەخۆی بوونێکی پێشینەی هەیە.

### ٣-٢/٢) لە کۆمەڵگای ئاکارییەوە بۆ نەتەوە

لەفەلسەفەی کانتدا ئەوەمان بۆ روون بوویەوە کە ئەو بیرۆکەیەی لایبێنتز وەك سیستەمی مۆنادەکان گوزارشتی لێکردووە، ئەو سیستەمەیە کە تاکەکانی هەموو کۆمەڵگایەکی ئاکاری

دەبێت پەیڕەوی لێبکەن جا دەتوانن بن بە ئەندام لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا. بەڵام ئەم روونبوونەوەیەش هێشتا ئێمەی نەگەیاندووە بەوەی ئەو بیرۆکەیە بیرۆکەی نەتەوەیە یان بیرۆکەی نەتەوە نییە، بۆیە دەبێت پەنا بەرینە بەر گوزارشتێکی پەرەسەندووتری ئەم بیرۆکەیەو لەوێ بۆ وەڵامی پرسیارەکەمان بگەڕین.

ئەو فەیلەسوفەی کە لە دوای کانت گوزارشتێکی نوێ و پەرەسەندووتر لە گوزارشتەکەی لایبێنتزو کانت لە بیرۆکەیە دەکات فیختەیە. فیختەش لە گوزارشتکردنەکەی خۆیدا گوزارشت لەهەمان ئەوە دەکاتەوە کە کانت و لایبێنتز گوزارشتیان لێکردووە، بەهۆی ئەمەشەوە دەزانین ئەوەی کە فیختەش گوزارشتی لێدەکات گوزارشتکردنێکی ترە لە هەمان بیرۆکە.فیختە هەمان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە لایبێنتزو کانت لەبارەی بوونی پێشینەی ئەو سیستەمەوە دەیڵێن کە لەبیرۆکەکەدا هەیەو ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە کەسی سەر بەو سیستەمە دەبێت بەپێ ئەوە هەڵسوکەوت بکات کە بە شێوەیەکی پێشینەو خۆرسك لەناو عەقڵی خۆیدا بوونی هەیەو نابێت پەیڕەوەی لەو سیستەمە بکات کە لەدەرەوەی خۆیەوە بۆی هاتووە. ئەوەی کە فیختە لە بیرۆکەکەدا گوزارشتی لێدەکات و کانت و لایبێنتز گوزارشتیان لێنەکردووە، ئەوەیە کە فیختە تەنها لە ئاستە فەردییەکەیدا گوزارشت لەو بیرۆکەیە ناکات و لە ئاستە کۆییەکەشدا گوزارشتی لێدەکات.

فیختە لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لایبێنتزو کانت لە بارەی تاکی سەر بەو سیستەمە دەیڵێن، بەڵام ئەوەش رووندەکاتەوە کە هەمان ئەو سیستەمە دەبێت لە ئاستی کۆییشدا پەیڕەوی لێبکرێت. گەر لای کانت ئەو سیستەمە تەنها سیستەمی تاکەکان بێت، ئەوەی لای فیختە سیستەمی میللەتەکانیشە و چۆن تاکەکان دەبێت پەیڕەوەی لەوە بکەن کە لەناو عەقڵیاندا بە شێوەیەکی پێشینەو خۆڕسك هەیە، دەبێت میللەتەکانیش پەیڕەوی لەوە بکەن کە بە شێوەیەکی خۆرسك لە ناو عەقڵی کۆییاندا بوونی هەیەو پەیڕەوی لە هیچ شتێك نەکەن کە لە دەرەوەی خۆیانەوە بۆیان دێت. ئەو میللەتەی توانی تەنها پەیڕەوی لەوە بکات کە لەناو عەقڵی کۆیی خۆیدا هەیە ئەوە نەتەوەیەو ئەوەش نەیتوانی پەیڕەوی لێبکات و پەیڕەوی لەوە کرد کە لە دەرەوە هاتووەتە ناوییەوە ئەوە نەتەوە نییە. میللەتێك کاتێك دەبێت بە نەتەوە کە تاکەکانی تەنها پەیڕەوی لەوە بکەن کە لەناو عەقڵی خۆیاندا وەك سیستەمێکی عەقڵی بوونی هەیە، واتە مەرجی بوونی میللەتێك بە نەتەوە ئەوەیە کە تاکەکانی پەیڕەوی لەو

سیستەمە ئاکارییە بکەن کە لایبێنتز بە سیستەمی مەملەکەتی خوا ناوی دەبات و کانت ناوی دەنێت مەملەکەتی غایەتەکان.

(چەند وتارێك بۆ نەتەوەی ئەڵمان) ناوی ئەو کتێبەی فیختەیە کە لێکۆڵەران ریشەکانی بیری نەتەوەخوازی بۆ دەگەڕێننەوە، ئەم کتێبە چواردە وتار لەخۆدەگرێت. لە ساڵی ١٨٠٧ ی زاینیدا ناپلیۆن شکست بە سوپای بروسیا دەهێنێت و بەرلین داگیردەکات، هەر لە هەمان ساڵدا لە بەرلین و لە هۆڵی ئەکادیمیای زانستەکان لە بەردەم جەماوەرێکی زۆردا فیختە ئەم وتارانەی خۆی پێشکەش دەکات. بابەتی وتارەکان خستنەڕووی ئەو کێشانەیە کە لە پەروەردەو فێرکردنی ئەو سەردەمەدا هەن و پێشنیارکردنی جۆرێکی ترە لە پەروەردەو فێرکردن.

ئەو بنەما پەروەردەییەی کە ئەم پەروەردەیە لەسەری دادەمەزرێت، ئەوەیە کە پەروەردە لەپێناو ئەوەدا بێت عیشقی قوتابی بجوڵێنێ بەرامبەر بەو جیهانەی کە لە عەقڵدا بوونی هەیە. گەر پەروەردە بتوانێت ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات، تاکەکەسەکانی نەتەوەی ئەڵمان عاشقی ئەو جیهانە بکات، ئەوە لەناو ئەو نەتەوەیەدا توانایەکی سروشتی هەیە بۆ شێوەگیرکردنی ئەو جیهانە عەقڵییە لەناو واقیعدا. ئەو جیهانەش لای ئەو لەبەرئەنجامی گۆڕان لەو جیهانەوە پەیدا نابێت کە نەتەوەی ئەڵمان لەو سەردەمەداو لەسەردەمەکانی پێشوودا ژیانی خۆی تیایدا گوزەراندووە، ئەمە جیهانێکی نوێیەو بەخۆی گەشە دەکات وەختی وەدیهاتنی هاتووە.

ئەو جیهانەی کە لەو سەردەمەدا ئەڵمانەکان ژیانی تیا دەگوزەرێنن، جیهانێکی داگیرکراوە لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە کە فەرەنسای سەردەمی ناپلیۆنە، لای فیختە هۆکاری ئەو داگیرکردنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەڵمانەکان دەستبەرداری ژیانی عەقڵی خۆیان و تێرکردنی غەریزە عەقڵییەکانیان بوو بوون و سەرقاڵبووبوون بە ژیانی ماددی و تێرکردنی غەریزە سروشتییەکانیانەوە.

لای فیختە بۆ ئەوەی گەلێك لە کۆیلایەتی و مل کەچ بوون رزگاری ببێت، دەبێت ئیرادەی کۆیی خۆی لە حەزو ئارەزوو و بەرژەوندییە دنیاییەکان پاك بکاتەوەو بکەوێتە ژێر رکێفی یاسا عەقڵییەکانی ئەو جیهانە عەقڵییە. دابڕانی ئیرادەی نەتەوە لە جیهانی عەقڵیی وادەکات ئەو نەتەوەیە (ئەوە بزربکات کە شوناسەکەی و سەربەخۆییەکەی پێکدەهێنێت)[٥٥]. بزرکردنی

(٥٥) ي. غ. فيختة، خطابات الى الأمة الألمانية، ت: سامي الجندي، طبعة الاولى، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٦، ص٢٣.

ئەمە وای لێدەکات کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر زەمەن نەمێنێ و بە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری نەکات و هێزە بێگانەکان چارەنوسی دیاری بکەن. نەتەوەی ئەڵمان وەك هەر نەتەوەیەکی تر ناتوانێت لەو دۆخە دەرچێت تەنها بەوە نەبێت کە (جیهانێکی نوێ ببینێت کە لەبەردەمیدا سەردەردێنێ و ئەویش لەناویدا خۆی تەرخان بکات بۆ خولقاندنی قۆناغێکی نوێ لەزەمەن، قۆناغێکی تایبەت بەخۆی کە توانای ئەوەی هەبێت ناوکۆییەکەی بپارێزێت)(٥٦).

هەر لێرەوە فیختە بوونی دوو جیهانی جیاواز دەخاتەڕوو، جیهانێکیان ئەو کەسانە تیایدا دەژین کە هەوڵ بۆ دەستخستنی بەرژەوەندییە دنیاییەکان و تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانیان دەدەن، ئەم جۆرەش لە کەس، کەسێکە لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە دنیاییەکانی خۆیدا ئیرادەی خۆی دەخاتە خزمەتی هێزێکی دەرەکی ، بەمەش ئەو هێزە دەرەکییە دەتوانێت بیکاتە وەسیلەیەك بۆ غایەتەکانی خۆی.

لە بەرامبەر ئەو جیهانە داگیرکراوەدا لای ئەو جیهانێکی عەقڵی هەیە، ئەم جیهانەش خەونی ئەو کەسانەیە کە ئیرادەی خۆیان لەبەرامبەر بەرژەوەندییە دنیاییەکاندا ناخەنە ژێر رکێفی هیچ هێزێکی دەرەکییەوە. هەر ئەم جۆرە لە کەس کە فشارەکانی ئەو هێزە دەرەکییە ئازاری دەدات، قبوڵکردنی ئەو ئازارەو نەدۆڕاندنی ئیرادەی خۆی وای لێدەکات کە هەست بە بوونی جیهانێکی تر بکات و بیرکردنەوەی بەرەو ئەو جیهانە ئاراستەی بکات. ئامانجی وتارەکانی فیختەش ئەوەیە کە بوونی ئەو جیهانە بۆ ئەوان بسەلمێنێ و هۆکارەکانی وەدیهاتنی ئەو جیهانە لەناو ئەواندا ئاشکرا بکات (٥٧).

ئامانجی پەروەردە لای فیختە ئەوەیە کە لای قوتابی خۆشەویستی و مەیل بۆ ئەو جیهانە دروست بکات کە لەناو عەقڵی هەر تاکێك لەتاکەکاندا هەیە، گەر پەروەردە ئەم ئەرکە ئەنجام نەدات، ئەوە کەسێك پێدەگەیەنێ کە بەڕواڵەت هاوڵاتییەکەو هیچ زەرەرمەندییەك دروست ناکات و دەکرێت بەکاربهێنرێ، بەڵام ئەم هاوڵاتییە مومکینە لەناوەوە شەڕەنگێزو زیانبەخش بێت. زیانبەخش بوونیش ئەوەیە کە جگە لە خۆشگوزەرانی ماددی خۆی، هیچی تری نەوێت و هیچ چاکەیەکیش نەکات لەترسی سزا یان پاداشتێکی لەو جۆرەدا نەبێت کە لەم دنیا یان لەو دنیا چاوەڕوانی دەکات. بەڵام لەراستیدا هیچ سودمەندییەك لەو خۆویستییە ناکەوێتەوە کە

(٥٦) هـ. س : هـ. ل.

(٥٧) بڕوانە: هـ. س : هـ. ل.

مەرامەکەی لەناو بوونەوەرێکی هەستەکیدا شاراوەیە، دەبێ پەروەردە خۆشەویستییەکی تر بخاتە شوێنی ئەو خۆویستییەوە، ئەویش خۆشەویستییە بۆ چاکەو ئەو چاکەیەش ئەوەیە کە چاکە، تەنها لەبەرئەوەی چاکە، چاك نییە لەبەرئەوەی سودێکی دنیایی هەیە[٥٨].

خۆشەویستی بۆ چاکەش لەوێوەیە کە چاکەو لەوێوە نییە کە وەك وەسیلە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکی دنیایی چاکە. لای فختە مرۆڤ بەم جۆرە لەچاکە خۆشبەخت دەبێت و دڵرازی بوونی تەواوی خۆی تەنها لەو چاکەیەدا دەدۆزێتەوە.

لای فیختە (ئەو چێژەو ئەو خۆشەویستییەی کە پەروەردەی نوێ لە قوتابیدا دەیچێنێ، تا وای لێبکات بوونێکی جێگیری هەبێت، دەرئەنجام حەتمییەکانی پێکهاتنی ئیرادەیەکی باشی جێگیرە لەلای قوتابی)[٥٩]. ئیرادەی باش لێرەدا هەمان ئیرادەی چاکە کە کانت بە بنەمای یەکەمی جیهانی ئاکاری دەزانێت. ئەمەش لەوەوەیە کە ئەم جۆرە لە ئیرادەیە ئەوەیە کە یاسا ئاکارییەکان لەکردەکاندا شێوەگیر بکات و کردنەکە وا لێبکات تەنها لەپێناو ئەو ئامانجەدا بێت و مەرجدار نەبێت بەهیچ ئامانجێکی دنیایی و راگوزەر.

پەروەردە دەبێت بەچاندنی خۆشەویستی و مەیل بۆ جیهانی عەقڵی، رووی قوتابی لەبەرژەوەندییە دنیاییەکان وەرگێڕێت و بیخاتە سەر رێی دۆزینەوەی یاسا ئاکارییەکانی ناو خۆی و دامەزراندنی ئیرادەی چاك. نابێت پەروەردە کار لەسەر چاندنی رێسا ئاکارییەکانی ئاکاری کۆمەڵگا بکات لەناو تاکەکاندا، گەر ئەمەش بکات کەسێك پێدەگەیەنێت کە بە رواڵەت وا دیارە هەڵگری ئیرادەیەکە دەستوور لە یاسا ئاکارییەکان وەردەگرێت، بەڵام لەراستیدا ئەم کەسە لەنیازو مەرامەکانی خۆیدا خۆویستەو تەنها بەرژەوەندییە دنیاییەکانی خۆی لەبەرچاو دەگرێت.

دەبێت پەروەردە خۆشەویستی چاکە بەوەی کە چاکەیە، نەك وەسیلەی گەیشتنە بە خۆشگوزەرانی، لەناو تاکدا بچێنێت. هەر ئەم خۆشەویستیەیە، تاکەکەس بەرەو جیهانی عەقڵی و قبوڵکردنی یاساکانی ئاراستە دەکات. ئەو چێژەش کە لەم خۆشەویستییە دەکەوێتەوە چێژێکی عەقڵییە، چونکە چێژکردنە لەوەدیهێنانی ئەوەی کە لە واقیعدا بوونی نییەو لەناو عەقڵدا بەشێوەیەکی پێش ئەزموونی هەیە (چێژکردنە لەوەدیهێنانی ئەو ئایدیاڵەدا وێنەیەك

(٥٨) بڕوانە: هـ. س : ٥١-٥٢.

(٥٩) هـ. س : ٥٣.

پەل کێش دەکات کە تەقلیدی نییەو نیگاییانەیە، ئەو چێژە کە باسی لێوە دەکەین لە کەسانێکدا گریمانە دەکرێت کەتوانای پێگەیاندنی جۆرێك لە وێناکان و ئەندازگیری بیرەکانیان هەبێت، ئەو وێنایانەی کە بەگوێرەی واقیع بەتەواوی سەربەخۆییەوە سەربەخۆن، بەکورتی ئەندازگیرکردنی ئەو بیرو وێنانەیە کە پێش ئەزموونێن و لەدوای ئەزموونکردنەوە پەیدا نەبوون)[٦٠].

پەروەردە دەبێت لەرێگەی چاندنی ئەم عەشقەوە ئەو توانادارییە لەناو تاکدا ببوژێنێتەوە کە وێناو بیرە پێش ئەزموونییەکانی ناو عەقڵ پەرەپێدەدات و دەیانگەیێنێ بەئاستی وەدیهێنان.

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەو بیرو وێنانەی کە فیختە باسیان دەکات وەك یاسا عەقڵییە پێش ئەزموونییەکانی کانت وان و پێش ئەزموونێن و دەبێت ئیرادەی تاکەکەس ببێتە وەسیلەی وەدیهێنانیان و ئەو ئیرادەیەش کە تاکەکەس خاوەنیەتی تەنها بەوە دەبێت بەئیرادەی چاك.

لای فیختە ئامانجی پەروەردەو فێرکردن ئەوەیە کە تاکەکانی ناو نەتەوە هانبدات بۆ وەدیهێنانی ئەو جیهانە عەقڵییەی کە وەك جیهانێکی مومکین لەناو هەموو مرۆڤەکاندا بوونی هەیەو فەیلەسوفە ئەڵمانەکان هەر لە لایبێنتزەوە تا هیگڵ هەر یەکەیان بەشێوازی خۆی باسی لێوەکردووە.

بۆ وەدیهێنانی ئەو جیهانە مومکینە، فیختە بەرنامەیەکی پەروەردەیی دەخاتە بەردەم گەلی ئەڵمان، جیاوازی فیختە لەگەڵ فەیلەسوفە ئەڵمانەکانی تردا لەمەدایە. ئەو پێیوایە لەرێگەی پەروەردەیەکی لەو جۆرەوە ئەو جیهانە عەقڵییە لە بوونە مومکینەکەیەوە بەرەو بوونێکی کردەیی هەنگاو دەنێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئەو جۆرە لە پەروەردە کە ئەو پێشنیاری دەکات دەبێت هەموو تاکەکانی ناو نەتەوەی ئەڵمان بگرێتەوەو تایبەت نەبێت بەخەڵکانێکی دیاریکراو (دەبێت پەروەردەی نوێ بەبێ جیاوازی بخرێتە بەردەم هەموو ئەڵمانێك، واتە کاربکەین بۆ ئەوەی پەروەردە تەنها چینێك نەگرێتەوەو بۆ کۆی نەتەوە بێت و پەروەردەی هەموو ئەندامەکانی بێت بێ جیاوازی)[٦١].

---

(٦٠) هـ. س : ٥٤.

(٦١) بڕوانە: هـ. س : ٢٤.

دوای ئەوەی فیختە بەرنامە پەروەردەییەکەی خۆی پەیوەست دەکات بە وەدیهێنانی ئەو جیهانەی کە لەناو عەقڵدا هەیە، هەوڵدەدات باس لەوە بکات کە نەتەوەی ئەڵمان بەهۆی کۆمەڵە خاسیەتێکی تایبەتەوە کە لەمێژووی خۆیدا لێی دەرکەوتوون و لە نەتەوەکانی تری جەرمەندا دەرنەکەوتوون، ئەوە بسەلمێنێ کە نەتەوەی ئەڵمان توانای ئەوەی تیایە ئەو مەملەکەتەی کە فەلسەفەی ئەڵمانی خەونی پێوە دەبینێ، وەدی بهێنێت و لە مەملەکەتێکی عەقڵی مومکینەوە بەرەو مەملەکەتێکی هەستەکی و کردەیی ببات.ئەو دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە نەتەوەی ئەڵمان هیولایەکی سازە بۆ شێوەگیرکردنی مەملەکەتی غایەتەکان کە مەملەکەتێکی ئایدیالییەو فەیلەسوفانی ئەڵمان وەك مەملەکەتی راستەقینەی مرۆڤ، لەناو عەقڵدا پەییان بە بوونی بردووە. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە نەتەوەی ئەڵمان وەك نەتەوە، ئەو ئایدیاڵە نییە کە دەبێت ببێتە جێی گرنگی پێدان، ئەوەی ئایدیاڵەو ئامانجە مەملەکەتی غایەتەکانەو نەتەوەی ئەڵمان وەسیلەی وەدیهاتنی ئەو ئایدیاڵەیەو سەلماندنی بوونیەتی. ئەوە نەتەوە نییە لەبیرکردنەوەی فیختەدا دەبێتە جەوهەری ئەو بیرکردنەوەیە، ئەوە مەملەکەتی غایەتەکانە، جەوهەری بیرکردنەوەی ئەو پێکدەهێنێ. مەملەکەتی غایەتەکان وەسیلە نییە بۆ ئەوەی نەتەوەی ئەڵمان وەك ئایدیاڵێك بەهۆیەوە بەرجەستە ببێت، مەملەکەتی غایەتەکان ئەو ئایدیاڵەیە کە نەتەوەی ئەڵمان دەبێتە وەسیلەی ماددیی بەرجەستەبوونە هەستەکییەکەی. بابزانین بۆ لای فیختە نەتەوەی ئەڵمان وەسیلەو هیولایەکی شیاوە بۆ وەدیهاتنی ئایدیاڵی مەملەکەتی غایەتەکان و بۆچی نەتەوەکانی تری سەر بەرەگەزی جەرمەنی بۆ ئەم کارە دەستنادەن و ئەو هیولا شیاوە نین کە ئەو ئایدیاڵە شێوەگیردەکات؟ فیختە چەند وتارێکی تری کتێبەکەی تەرخان دەکات بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە.

لای فیختە سروشتی رەسەنی ئەڵمانەکان، بەهۆی پاراستنی رەسەنیەتی خۆیەوە هەڵگری ئەو توخمانەیە کە کولتوری مەملەکەتی غایەتەکان دەیخوازێت، ئەم توخمانەش لە گەلە ئەوروپییەکانی تردا بوونیان نییە، نەك هەر ئەمە بەڵکو توانای وەرگرتنەوەی ئەو توخمەشیان تیا نەماوە[٦٢]. گەلە سلاڤییەکان و گەلانی ئەسکەندەنافی و ئەڵمانەکان هەموویان بەبنەچە جەرمانین، لای ئەو جگە لە ئەڵمان ئەوانی تر ئەو توخمانەیان لەدەستداوەو چیتر ناتوانن ببنەوە

(٦٢) هـ. س : ٧٩.

بەخاوەنیان، گرنگترینی ئەو توخمانەش زمانە. فیختە تێڕوانینێکی تایبەتی بەرامبەر بە زمان و گۆڕانە ناوەکی و دەرەکییەکانی زمان هەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو تێڕوانینە ناتوانین لەوە تێبگەین کە چۆن زمان توخمێکە لە توخمەکانی شیاوبوونی نەتەوەیەك بۆ بەرجەستەکردنی مەملەکەتی غایەتەکان. زمان لای ئەو ئاماژەدانە بەشتەکان لەڕێگەی ئەو دەنگە دیاریکراوانەی کە لە دەزگا دەنگییەکەی مرۆڤەوە بەرهەم دێن. لەزماندا پەیوەندی نێوان بیرۆکەو دەنگ پەیوەندییەکی هەرەمەکی نییەو پەیوەندییەکیش نییە بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی هاتبێتەئاراوە.

لە هەر زمانێکدا یاسایەك هەیە بەهۆی ئەو یاسایەوە ئێمە هەر بیرۆکەیەك بە کۆمەڵە دەنگێکی دیاریکراو گوزارشت لێ دەکەین و بە کۆمەڵە دەنگێکی تر گوزارشتی لێناکەین. شتەکانی جیهانی هەستەکی چۆن لە دەزگای بینیندا لەوێنەکاندا پەرچ دەبنەوە، ئەوە لە زمانیشدا بە دەنگەکان دەنوێنرێن، زمانیش دەزگایەکی مرۆیی کۆمەڵایەتییە، ئەوەی دەدوێ و لەڕێگەی زمانەوە دەگوێزرێتەوە سروشتی مرۆییەو مرۆڤ خۆی نییە(٦٣).

لەبارەی گۆڕان و نەگۆڕانی زمانیشەوە تێڕوانینێکی تایبەتی هەیەو پێیوایە زمان ناتوانێت یەکیەتییەکەی خۆی بپارێزێت، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییەکانی بارودۆخ و زۆر بەکارهێنانی زمان لەسەر دەزگای دەنگی. بەدوای یەکدا هاتنی شتەکان، پەیوەندی بە بەدوای یەکداهاتنی ئاماژەکانەوە هەیە، ئەمەش وا دەکات بوار بۆ ڕێکەوت و هەرەمەکییەت نەمێنێتەوەو یاسایەکی زۆر توند بۆ ئەم پەیوەندییە هەبێت. ئەو گۆڕانانەش کە بە کاریگەری بارودۆخ و زۆر بەکارهێنانی زمانەوە تووشی زمان دێن، دەبێت بەپێی ئەو یاسایە ڕووبدەن. مادام بەردەوام یاسایەکی جێگیر بۆ هەموو گۆڕانەکان هەبێت و هیچ گۆڕانێك ڕوونەدات بەپێی ئەو یاسایە نەبێت، ئەو یاسایەش لەناو هەموو ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە زمانییەدا هەبێت، ئەوە زمانەکە لەهەموو ئەو گۆڕانانەی کە تێی دەکەوێت هەرخۆیەتی خۆی دەپارێزێت و وەك خۆی دەمێنێتەوە(٦٤). لێرەدا ئەوەی دەگۆڕێت فۆرمی ئاماژە دەنگییەکانە، ئەوەش کە بەردەوام جێگیرەو وەك خۆی دەمێنێتەوە ئەو یاسایەیە کە لە زمانی گەلێکدا هەیەو

(٦٣) بڕوانە: هـ. س : ٨٢.

(٦٤) بڕوانە: هـ. س : ٨٣.

گۆڕانەکانی زمان بەپێی ئەو ڕوودەدەن و وشەکانی ئەو زمانە بەپێی ئەو یاسایە لەگەڵ سروشتی دەزگای دەنگی ئەو گەلەو ئەو بارودۆخەی کە ئەو گەلە تێی کەوتووە سازدەبنەوە.

بەپێی ئەم تێڕوانینە دوو جۆر یاسا لە زمانی هەر گەلێکدا هەن، یەکەم: ئەو یاسایانەی کە پێکهاتەیەکی دەنگی بۆ گوزارشت کردن لە بیرۆکەیەك دروست دەکەن. ئەم یاسایە یاسای دروستکردنی ئاماژەکانەو پەیوەندی هەموو ئاماژەپێدراوەکان بە ئاماژەکانەوە ڕێکدەخات. دووەم: ئەو یاسایەیە کە بەپێی گۆڕانی بارودۆخ و زۆر بەکارهێنانی زمانەوە، ئاماژەکان سازدەکاتەوەو ڕێگە لە هەموو گۆڕانێکی هەڕەمەکی دەگرێت.

زمانی گەل هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە بە چەندەها بارودۆخی جیاوازدا دەڕوات و تووشی گۆڕان دێت، بەڵام بەهۆی ئەم دوو یاسایەوە هەمیشە هەرخۆیەتی خۆی دەپارێزێت و هەر ئەوە دەبێت کە لە سەرەتای پەیدابوونییەوە هەبووە (ئەوەی وادەکات ئەو زمانانەی باوباپیران پێی دەدوێن دوای چەند سەدەیەك نەوەکانیان لێیان تێبگەن، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان وێنە ناوەندییەکانی پەرەسەندنەکە نازانن. ئەمەش دژی ئەو حاڵەتانەی گواستنەوە دەبێتەوە کە پلە بەپلە ڕوودەدەن و لەئێستادا پەییان پێنابرێت)[٦٥].

ئەوەی باسکرا بۆ سەرەتاکانی هەموو زمانێك دروستە، بەڵام ئەوەی زمانی گەلی ئەڵمان لەزمانە نیوـ لاتینی و زمانە ئەوروپاییەکان جیادەکاتەوە، پەیوەندی بە جیاوازی زمانی ئەڵمانەکان و زمانی ئەوانەوە هەیە. بۆ خستنەڕووی ئەمەش دەبێت باس لە دوو لایەنی تری زمان بکرێت، ئەم دوو لایەنەش لایەنی هەستەکی و لایەنی سەرو هەستەکی زمانن. لای فیختە ئەو (من)ەی کە پەی بە شتەکانی ناو جیهانی ماددی و هەستەکی دەبات، جیاوازە لەو (من)ەی کە پەی بە شتەکانی جیهانی ڕۆحی و سەرووهەستەکی دەبات. زمان لەڕێگەی دەزگای هەستەکانەوە شتەکانی ناو جیهانی هەستەکی دەگوازێتەوە بۆ ناو زمان و لەزماندا بەپێی یاسای دروستکردنی ئاماژەکان لە شێوەی ئاماژەی دەنگیدا دەنوێنرێن، بەڵام ئەو شتانەی لە جیهانی سەرووهەستەکیدا هەن، لەڕێگەی هەستەوەرەکانەوە ناخرێنە بەردەم دەزگای زمان، چونکە شتەکانی ئەم جیهانە بە هەستەکان هەستیان پێناکرێت، (شتەکانی ئەو جیهانە سەرووهەستەکییە بەوەی کە تەنها بەدەزگایەکی سەرووهەستەکی نەبێت پەییان پێ نابرێت،

---

(٦٥) هـ. س : ٨٤.

ئەوە ناکرێت بە گوتن گوزارشتیان لێبکرێت، یان ئاماژەیان پێبدرێت، مەگەر بڵێین پەیوەندییە تایبەتەکەیان لەگەڵ دەزگاکەیاندا، هەر هەمان ئەو پەیوەندییەیە کە شتە هەستەکییەکان لەگەڵ دەزگا هەستەکییەکەیاندا هەیانە، بەیارمەتی ئەم پەیوەندییەش، دەتوانین بەگوتن ئاماژە بە شوێنی دەزگای هەستەکی لە دەزگای سەرووهەستەکیدا بکەین، زمان لەم بوارەدا تەنها ئەوەندەی پێدەکرێت، وێنەیەکی هەستەکی ئەوەی کە سەروو هەستەکییە بخاتە بەردەست، دوای ئەوەی تێبینی ئەوەمان کرد کە ئەوە تەنها وێنەیەکەو هیچی تر، ئەوا ئەوەی کە دەیەوێت بگاتە ئەو شتە خۆی کە لەگەڵ وێنەکەدا هەماهەنگە، پێویستە بەپێی ئەو یاسایەی کە وێنەکە ئاماژەی بۆ دەکات دەزگا ڕۆحییە تایبەتەکەی بخاتەگەڕ)[٦٦].

کەوابێت دەزگای ڕۆحی کە پەی بە شتەکانی ناو جیهانی عەقڵ دەبات، لەرێگەی ئەوەی کە دەزگا هەستەکییەکە بۆ زمان کردوویەتی بە وێنە، دەتوانێت بۆ دەزگای زمان بیکات بە وێنە، هەر ئەمەش وا دەکات کە زمانێکی ڕەمزی جیا لەو زمانەی کە گوزارشت لە شتە هەستییەکان دەکات بێتە ئاراوە، هەر لێرەشەوە دوو جۆر لە کولتوری جیاواز سەرهەڵدەدات، کولتوری هەستەکی و کولتوری ڕۆحی.

بەهێزی کولتوری ڕۆحی لەوەدایە ئەوەی تیایدا سەرووهەستەکییە بەوەی کە هەستەکییە بەروونی گوزارشتی لێکرابێت. دروستکردنی ئاماژەو سازکردنەوەی ئاماژە بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان بۆ شتەکانی جیهانی سەرووهەستەکی هەر بەپێی یاسا سروشتییەکانەو هەرەمەکییەت لە پەیوەندی ئاماژەپێدراو و ئاماژەپێدەردا بوونی نییە. ئەم زمانە لە گۆڕانێکی زیندوو و دینامیکی بەردەوامدایەو نەوەکانی هەر سەردەمێك لەو زمانە ڕەمزییە تێدەگەن و بەشداری لە گەشەکردنی ئەو کولتورە ڕۆحییەشدا دەکەن (ئەوان لە بیرەکان و گوتنەکانی یەکتری تێدەگەن، ئەوەی کە دەیڵێن بەسەر هەموو ئەوانەدا جێبەجێ دەبێ کە بەو زمانە قسە دەکەن، ئەو ڕەمزەش کە ئەو زمانە دروستی دەکات بۆ هەموو ئەوانە روونە کە دەیانەوێ بیربکەنەوەو بۆ هەموو ئەوانەش روونە کە بیر لە حەقیقەتێك دەکەنەوە کە زیندووکەرەوەیە)[٦٧]. ئەڵمانەکان زمانە سەرەتاییەکەی خۆیان پاراستووەو ئەو گۆڕانانەش کە بەسەر زمانەکەیاندا هاتووە، لەو جۆرە لە گۆڕانە کە بەپێی یاسای زمانەکە روویداوە، ئەمەش

(٦٦) هـ. س : هـ. ل.

(٦٧) هـ. س : ٨٧.

وای کردووە زمانی ئەڵمانی هەرخۆیەتییەکەی خۆی بپارێزێت و هەر هەمان ئەو زمانە بێت کە پێشتر سروشتی ئەو گەلە دایهێناوەو پەرەی پێداوە. دەستگرتنی ئەڵمانەکان بە زمانە سەرەتاییەکەی خۆیانەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەڵمانەکان گەلێکن بە سروشت مەیلیان بۆ ئەوە هەیە، کە ئەسڵی و بنچینەییە. ئەم مەیلە سروشتییەی ئەوان بۆ ئەوەی کە ئەسڵە، ئەوان جیادەکاتەوە لەو جەرمەنانەی کە بۆ زمانێکی بێگانە دەستبەرداری زمانەکەی خۆیان بوون. لاوازی مەیلی ئەوان بۆ ریشەی سروشتی خۆیان و ئەسڵی خۆیان وای کردووە کە دەستبەرداری ئەوە بن کە هی خۆیانە و ئەوەی هی ئەویترە بیکەن بە هی خۆیان.

ئەڵمانەکان بەهۆی عەشقیان بۆ ئەوەی کە ئەسڵە، بەردەوام لەناو پرۆسەی بەخۆکردنی خۆدان، بەڵام ئەوانی تر بەردەوام لە پرۆسەی بە غەیرکردنی خۆدان، هەر ئەمەش وای کردووە زمانی ئەڵمانی لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانانەی کە بارودۆخەکە تووشی دەکات، بتوانێت خۆی وا بگۆڕێت کە بتوانێت ببێتەوە بە خۆیی و بەرەو ئەوە نەڕوات ببێتە غەیری خۆی. بەڵام گەلە جەرمەنەکانی تر بەهۆی ئەوەی کە لە پرۆسەی بە غەیرکردنی خۆدان، ئەو گۆڕانانەی کە تووشی زمانەکەیان دێت بەردەوام زمانەکە بەرەو ئەوە دەبات ببێت بە غەیری خۆی، واتە ببێت بەوەی کە خۆی نییە.

فیختە باس لە زەمینەیەکی مێژوویی دەکات کە لەناو گەلەکاندا یەکێك لەم دوو پرۆسەیە تیایاندا بەردەوامی وەردەگرێت، ئەو زەمینەیەش زەمینەی بە رۆمانی بوونی جەرمەنەکانەو مانەوەی ئەڵمانەکان و نەبوونیان بە رۆمانی. فراوانبوونی دەسەڵاتی رۆمانەکان وا لە رۆمانەکان دەکات ئەو وێنەیە بۆ گەلەکانی دەرەوەی خۆیان دروست بکەن کە لە کۆندا یۆنانییەکان بۆ ئەوانیان دروستکردبوو. ئەو وێنەیەش وێنەی بەربەرە بۆ هەر کەسێك و هەر زمانێك کە رۆمانی نەبێت. جەرمەنەکان لەلایەن رۆمانەکانەوە، ئەم وێنەیەیان بەسەردا دەسەپێنرێت تا وای لێدێت (جەرمەنەکان بڕوا بەوەدێنن کە هیچ چارێکیان نییە بۆ ئەوەی لە بەربەریەت دەرچن جگە لەوەی کە بن بە رۆمانی، ئەوانەیان کە کۆچیان کرد بۆ سەر زەمینی رۆمانی کۆن، بەتەواوی هێزی خۆیان ئەم کارەیان ئەنجامدا، وشەی بەربەری چەند وای لێبهاتایە کەمانای سوك و بازاڕی و ئێسکگرانی بگەیاندایە، ئەوەندە وشەی رۆمانی مانای ناوازەیی دەگەیاند. ئەم جۆرە خۆ وەك غەیرلێکردنە تەشەنەی کردبوویە ناو زمان و هەموو بەشەکانییەوە، ئەو دەزگایانەی کە ئەرکی فێرکردنی زمانی عەقڵیان پێسپێردرابوو، بە ئەنقەست کاریان لەسەر

سڕینەوەی ڕەگە جەرمانییەکان و دروستکردنی وشە دەکرد بە ڕەگە ڕۆمانییەکان، ئەو زمانە ڕۆمانییەی کە بەم شێوەیە دروستکرا، بوو بە زمانی کۆشك و زمانی ڕۆشنبیران)[٦٨].

ئەم پەتایە جەستەی هەموو جەرمەنەکان دەیگرێت و بەری نادات تا دەیکاتە گەلێکی نیوڕۆمانی، ئەم پەتایە تووشی ئەڵمانەکانیش دەبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پرۆسەی بە خۆکردنی خۆ لەناو ئەڵمانەکاندا کۆتایی پێنایەت ناتوانێت ئەوان بکاتە گەلێکی نیوڕۆمانی (ئەڵمانەکان لەسەر سروشتی خۆیان دەمێننەوە لەکاتێکدا هەموو شتێك لای بێگانەکان (بەبێگانەبووەکان) ساختەیە، هەر ئەمەش لەواقعدا لەوان جیای دەکاتەوە)[٦٩].

فیختە ئەو زمانانەی کە بە پرۆسەی بەخۆکردنی غەیر پەیدابوون وەك زمانە نیوڕۆمانییەکان بە زمانی مردوو دەزانێت، بەڵام ئەو زمانەی کە بەردەوام لە پڕۆسەی بەخۆکردنی خۆ درێژە بە ژیانی سروشتی خۆی دەدات، بەزمانی زیندووی دەزانێت، هەر ئەم زیندویەتییەی زمانی ئەڵمانیشە جیای دەکاتەوە لە زمانە نیوڕۆمانییەکان.

کاتێك زمانێك دەمرێت ئەو زمانە زمانی گەلێك بێت و گەلێکی تر بەپڕۆسەی بەخۆکردنی غەیر ئەو زمانە بکاتە هی خۆی، واتە زمانێك کە لە قسەپێکەرانی خۆیەوە دەگوازرێتەوە بۆ قسەپێکەرانی زمانێکی تر کە وازیان لە زمانەکەی خۆیان هێناوە، ئەو زمانە بەم دابڕانەی لە قسەپێکەرەکانی دەمرێت و زیندویەتی خۆی دەدۆڕێنێت. زمانە نیوڕۆمانییەکان بەپێی ئەم بۆچوونە بەوە بوون بە زمانی نیوڕۆمانی کە زیندوویەتییەکەی خۆیان لە دەستداوەو بون بە زمانێکی مردوو.

ئەوەی زیندوویەتی زمان دەپارێزێت ئەو هەماهەنگییەیە کە یاساکانی دروستکردن و سازکردنەوەی ئاماژە لەنێوان ئاماژە پێدراو و ئاماژەدەردا دروستی دەکەن، ئاماژەکانی زمانی مردوو ئەو هەماهەنگییەی نێوان ئاماژەدەرو ئاماژەپێدراویان بزرکردووەو ئەمەش وای کردووە یاساکانی دروستکردن و سازکردنەوەی لە سروشتی زمانی ئەواندا لەکار بکەون و لەنێوان ئاماژەپێدراو و ئاماژەدەردا هەرەمەکییەت و ڕێککەوتن جێگەی یاسا بگرێتەوەو بەمەش لە پرۆسەی ئاماژە پێدانی ئاماژەکاندا لێڵی و تەمومژی دروست ببێت.

---

(٦٨) هـ. س : ١٠٣.

(٦٩) هـ. س : ١٠٤.

لەبارەی هەماهەنگی لەنێوان ئاماژەپێدراو و ئاماژەدەری زمانە زیندووەکان و هەرەمەکییەتی نێوان ئەم دووانە لە زمانە مردووەکاندا، فیختە دەڵێت: زمانی زیندوو (دوور لە هەموو هەرەمەکییەتێك گوزارشت لە چەمکێك دەکات کە بە زەرورەت لە ژیانی رابردووی ئەو نەتەوەیە رۆنراوە.... مادام زمانێك زیندوو بێت هەڵگری هەمان ئەو سیفەتانەیە، بەڵام کاتێك دەمرێت دەبێت بە کۆیەکی ناهەماهەنگ لە ئاماژەی هەرەمەکی و ناڕوون بۆ کۆمەڵە چەمکێك کە ئەوانیش هەرەمەکین و مرۆڤ بە فێرکردن فێریان دەبێت)[٧٠].

ئەم جیاوازییەی نێوان زمانی مردوو و زمانی زیندوو زیاتر لەلایەنە سەروهەستەکییەکەدا دەردەکەوێت، واتە لەو لایەنەی زمانەکەدا کە رەمزییەو گوزارشت لە شتەکانی جیهانی عەقڵ دەکات. کاتێك وشەیەك لە وشەکانی زمانی رەمزی لە زمانێکی زیندووەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو زمانی مردووی ئەو زمانە زیندووە، قسەپێکەرانی زمانە مردووەکە ناتوانن ئاماژە پێدراوی ئەو ئاماژەیە کە شتێکە لە جیهانی عەقڵدا، پەی پێ بەرن. بۆ تێگەیشتن لەم جۆرە لە وشە دەبێت پەناببرێت بۆ لێکدانەوەی رەمزەکەو مانا رۆحییەکەی، تا قسەپێکەرانی زمانە مردووەکە لێی تێبگەن. بەڵام لە زمانی زیندوودا رەمزەکان پێویستیان بە لێکدانەوەو دیاریکردنی مانا رۆحییەکانیان نابێت، چونکە قسەپێکەرانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە رەمزەکە تێدەگەن[٧١].

یەکێك لەو بەڵگانەی کە فیختە دەیهێنێتەوە بۆ شیاوبوونی ئەڵمانەکان بۆ وەدیهێنان و شێوەگیرکردنی جیهانی عەقڵی یان مەملەکەتی غایەتەکان، ئەوەیە کە ئەڵمانەکان وەك گەلە نیوڕۆمانییەکان زمانەکەی خۆیان لەدەست نەداوەو بەمەش زیندوویەتی زمانەکەیان پاراستووەو ئەوەی کە لە زمانەکەیاندا عەقڵییە، زمانەکەیان لە شێوەگیرکردنی بەردەوامە، بەم پێیە نەتەوەی ئەڵمان توانای ئەوەیان تیایە کە مەملەکەتی غایەتەکان لەزماندا شێوەگیر بکەن.

پاراستنی ئەوەی کە لە زماندا جێگیرەو شوناس و هەرخۆیەتی زمانەکە دەپارێزێت و لەگەڵ گۆڕانەکانی بارودۆخدا بەجێگیری لە فۆرمێکی زمانی نوێدا دەمێنێتەوە، وا دەکات کە ئەو زمانە شیعریەتی خۆی بپارێزێت و بتوانێت لەگەڵ پەی بردنێکی زیاتر بەشتەکانی جیهانی سەرووهەستەکی، رەمزی زیاتر بخولقێنێ و رەمزی زمانە رەمزییەکە فراوانتر بکات، بەڵام

(٧٠) هـ. س : ٩٢.

(٧١) بڕوانە: هـ. س : ٨٨.

زمانی مردوو بەهۆی نەمانی زیندوویەتییەکەیی و نەمانی پەیوەندی لەنێوان جیهانی عەقڵی قسەپێکەرانی و زمانەکەدا شیعریەتی خۆی لەدەستداوەو بووەتە زمانێکی میکانیکی.

زمانی ئەڵمانی بەهۆی مانی پەیوەندی لەنێوان جیهانی سەرووهەستەکی قسەپێکەرانی و زمانەکە، شیاوە بۆ ئەوەی لە زمانە ڕەمزییەکەی شیعردا گوزارشت لە شتەکانی ناو ئەم جیهانە بکات و شیعرێکی راستەقینە بهێنێتە ئاراوە، (باشترین هۆکار کە توانای ئەوەی هەبێت ئەو بیرەی کە لە ژیانی عەقڵییەوە هەڵدەقوڵێ بباتە ناو ژیانی گشتی، شیعرە، .... بیرمەندێك لەوساتە وەختەدا کە دەیەوێت بەگوتن گوزارشت لە بیری خۆی بکات، ئەوە ناتوانێت ئەمە بکات، بە وێنەی هەستەکی نەبێت، ئەو ئاستی وێنەی هەستەکی بە داهێنانێکی نوێ تێدەپەڕێنێ و دەبێت بە شاعیر) [(٧٢)].

گەر زیندوویەتی و شیعریەتی زمان دەرکەوتنی رۆحی نەتەوەی ئەڵمان بێت لەناو زمان و شیعردا، ئەوا ئەم رۆحە بەدەرکەوتکردنی خۆی لەناو فەلسەفەو زانست و هونەریشدا، ئەم دەرکەوتانەی بەزیندوویەتی راگرتووەو ئەمانەش وەك زمان، لای فیختە دەرکەوتەی تری هەمان کولتوری عەقڵێن و دەرکەوتەی هەستەکی ئەوەن کە لە جیهانی عەقڵدا هەیە. هەر ئەمەشە وا دەکات کە فەلسەفەو زانست و هونەرەکان لە خزمەتی پێداویستییە دنیاییەکان و بازاڕییەکاندا نەبن و لەپێناو ژیانی عەقڵیدا بن و شێوەگیرکەری ئەو ژیانە بن، لەکاتێکدا ئەم دەرکەوتانە لە ژیانی گەلە نیورۆمانییەکاندا لە خزمەتی ژیانی دنیایی و ئەوەدان کە بازاڕی و هەستەکییە[(٧٣)].

ئەم دەرکەوتە کولتوریانە هەموویان شێوەگیرکەری ئەوەن کە لەناو عەقڵدا هەیەو جێگیرە و بەخۆی غایەتی خۆیەتی، گەڕانەوەی بەردەوامی ئەڵمان بۆ ئەوەی کە جێگیرو هەتاهەتایی و عەقڵییە، ئەو چاکسازییە ئاینییەی لێ دەکەوێتەوە کە مارتن لۆسەر دەیکات. ئەمەش وای کرد ئەوەی کە خەڵکی لە ئاینی مەسیحیدا لە دوای مردن بۆی دەگەڕان، بێتە ناو جیهانی عەقڵ و لە شێوەی مەملەکەتی خودا دەرکەوێت. ئەو شەریعەتەی کە لای پاپاکان هەبوو، گۆڕا بەوەی کە لەناو عەقڵی مرۆڤ خۆیدا هەیە، بەمەش مرۆڤ وای لێهات لە جیهانی عەقڵیدا بۆ

(٧٢) هـ. س : ٨٩.

(٧٣) بروانە: هـ. س : ١٢٦-١٢٨.

ئاین و خوا بگەڕێت و دەستبەرداری ئەوە بێت کە پاپاکان وەك بەرنامەیەك بۆ پەیڕەوکردن بۆی دادەنێن و ئەویش بە بێ گەڕانەوە بۆ عەقڵ پەیڕەوی دەکات [٧٤].

فیختە دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە دەرکەوتە کولتورییەکانی نەتەوەی ئەڵمان، ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم نەتەوەیە لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ ئەوەی عەقڵییە. ئەو بارودۆخانەی کە جەرمەنەکان پیایدا تێپەڕیون، پەیوەندی ئەوانی لەگەڵ جیهانی عەقڵدا پچڕاندووە. نەتەوەی ئەڵمان لە ناو جەرمەنەکاندا تاکە نەتەوەیەکە کە بۆ هیچ شتێك و لە هیچ بارودۆخێکی سەختدا دەستبەرداری سروشتی خۆی و ئەوە نەبووە کە عەقڵییەو بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە خۆی ساز بکات تا لەرێگەیەوە بەدی بێت و شێوەگیر ببێت.

هەر لێرەشەوەیە هیگڵ نۆ ساڵ دوای پێشکەشکردنی ئەم وتارانەی فیختە باس لەو پەیوەستبوونەی ئەڵمانەکان بەعەقڵەوە دەکات و هەر بەمەش جیایان دەکاتەوە لە نەتەوە ئەوروپاییەکانی ترو لەم بارەیەوە دەڵێت: (-جگە لەئەڵمان- لە وڵاتە ئەوروپییەکانی تردا بە بایەخێکی پڕ لەشەوق و رێزەوە لە زانستە سروشتییەکان و رۆشنبیرکردنی عەقڵی زانستیدا دەڕۆن، بەڵام فەلسەفە لەو شارانەدا جگە لەناوەکەی نەماوەو تەنانەت لەیادەوەریشیاندا سڕاوەتەوە، لەکاتێکدا لەم ساتەوەختەدا گەلی ئەڵمان بەدوای بوونی فەلسەفەدا دەچێت و تەنانەت وەك شتێکی تایبەت بەخۆی لەخۆی دەگرێت و باوەشی بۆ دەکاتەوە. سروشت بانگکردنێکی پایەدارو بانگەوازێکی باڵای وەك پەیامێك بۆ ناردووین بۆ ئەوەی ببین بە پاسەوانی ئاگری پیرۆز، دروست هەروەك ئەوە یوملبید(Enmolpide) و خێزانەکەی لە ئەسینا بوو بوون بە پاسەوانی نهێنییەکانی ئیلیۆسیس eleusis، هەروەك چۆن خەڵکی دوورگەی ساموتریس SAMOTHRESE یش پاسەوان و پارێزەرانی پەرستشێکی باڵابوون. هەروەك چۆن گیانی جیهان لە رابردوودا گەلی جولەکەی بە هۆشیارییەکی باڵا تایبەتمەند کرد تا لەناویاندا گیانێکی نوێ هاتە ئاراوە) [٧٥]، ئەم بۆچوونەی هیگڵ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سروشت ئەرکی پاسەوانیکردنی فەلسەفەی خستۆتە ئەستۆی گەلی ئەڵمان، فەلسەفەش بەو مانایەی هیگڵ باسی دەکات سەرچاوە لەوە دەگرێت کە عەقڵییەو لەجیهانی عەقڵدا هەیە. بەم پێیە بێت ئەوەی لە سەردەمی فیختەو هیگڵدا بووەتە بایەخی بنچینەیی بیرکردنەوەی

---

(٧٤) بڕوانە: هـ. س : ١١٤-١١٥.

(٧٥) هیگڵ: مێژووی فەلسەفە:٧٤.

ئەڵمانەکان، ئەو جیهانەیە کە لەناو عەقڵدا وەك مومکین بوونی هەیە، نەك نەتەوە. نەتەوە لای ئەوان لەوێوە جێی بایەخە کە لەپێناو ئەوەدابێت کە عەقڵییەو هیولای بەرجەستەکردن و شێوەگیرکردنەکەی بێت، واتە نەتەوە وەسیلەی وەدیهێنانی مەملەکەتی غایەتەکانەو بەخۆی هەرگیز غایەت نییە.

ئەمەش بیرکردنەوەی ئەوان تەواو دووردەخاتەوە لە نەتەوەخوازی، چونکە نەتەوەخوازی، نەتەوەی کردووە بە ئایدیاڵ و خەونی خۆی، نەك مەملەکەتی غایەتەکان. نەتەوەخوازەکان هەموو شتێکیان لەپێناو بوونی نەتەوەدا دەوێت، تەنانەت ئەوەش کە بوونێکی عەقڵی هەیە، گەر بایەخی پێبدەن لەوێوە بایەخی پێدەدەن، بیکەنە وەسیلەیەك بۆ دروستکردنی نەتەوە.

لای فیختە دەوڵەت بەمانا باوەکەی ئەوەیە، بەدادوەرییەکی کەم دادوەری دەکات و ئاسایشی ناوخۆیی دەپارێزێت، رێگا بە تاکەکەس دەدات بەو کارەی کە دەیکات بژێوی خۆی دابین بکات، ئەمەش جگە لە وەسیلەیەك یان مەرجێك هیچی تر نییە، ئەم وەسیلەیەش وەسیلەی وەدیهێنانی ئەوەیە کە نیشتمان پەروەری دەیەوێت وەدی بهێنێت(٧٦). دەوڵەت بەوەی کە ئامێری رێکخستنی مرۆییە لە بارودۆخە ئارامەکاندا شتێکی بەرایی نییە کە غایەتەکەی لە خۆیدا بێت، وەسیلەیەکی رێخۆشکەرە بۆ غایەتێکی باڵا(٧٧). کەوا بێت دەوڵەت بە مانا باوەکەی نەك بەمانا هیگڵییەکەی دەرکەوتەیەك نییە لە دەرکەوتەکانی جیهانی عەقڵ و بەمەش لای فیختە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، لای ئەو نەتەوەو دەوڵەت بوونیان و سنوورەکانیان وابەستەی یەکتری نین، چونکە یەکەمیان عەقڵییەو دووەمیان دنیاییە.

لای فیختە ئەڵمانەکان وەك یۆنانییەکان لەسەردەمە کۆنەکاندا جیاکاریان کردووە لەنێوان دەوڵەت و نەتەوەداو وایان بینیوە، یەکەمیان مەمالیك و ئەمارەتە جیاوازەکان نواندوویانە، بەڵام دووەمیان ئیمپراتۆریەت نواندویەتی و نەبینراوبووە، لەبەرئەوەش نەبینراو نەبووە کە لەناو دەستوورێکی تۆمارکراودا پشت راست نەکراوەتەوە، بەڵکو لەبەرئەوە نەبینراو بووە کە دەرئەنجامە دیارەکانی لەناو دەروونی هەمواندا دەژیان(٧٨)، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئینتما بۆ نەتەوە جیاوازە لە ئینتما بۆ دەوڵەت، با ئەو دەوڵەتەش دەوڵەتی نەتەوە بێت، ئەمەش

---

(٧٦) بڕوانە: ي. غ. فيختة، خطابات الى الأمة الألمانية : ١٥٠.

(٧٧) هـ. س : ١٥٧.

(٧٨) هـ. س : ١٥٧-١٥٨.

لەبەرئەوەیە دەوڵەت بوونەوەرێکی هەستەکی دیارەو سنوورەکانی ئاشکران و لەدەرەوە هەستیان پێدەکرێت، بەڵام نەتەوە بوونەوەرێکی عەقڵی و نادیارەو مرۆڤ دەتوانێت لەناو خۆیدا هەستی پێبکات.

لایبێنتز بیرۆکەی عەقڵی نەتەوە وەك سیستەمێك بۆ پەیوەندی بوونەوەرەکان دەبینێ و تەنها باس لە بەرجەستە بوونی ئەم بیرۆکەیە دەکات لە سیستەمدا و ئەمەش گوزارشتکردنێکی پەتییە لەو بیرۆکەیە. لای کانت ئەم بیرۆکەیە زیاتر پەرە دەسێێنێ و ئەو سیستەمەی کە لای لایبێنتز وەك سیستەمی بوون باس دەکرێت، لای کانت دەبێت بە سیستەمی کۆمەڵگایەکی مرۆیی و لە رێگەی ئاکارەوە سیتەمەکە دیاریدەکرێت و وەك سیستەمی پەیوەندییەکانی ئەندامەکانی ناو کۆمەڵگایەك وەسفدەکرێت . لای فیختە هەمان بیرۆکە زیاتر پەرەدەسێنێ و وەك ئەو سیستەمە گوزارشتی لێدەکرێت کە کۆمەڵگایەك دەکات بەنەتەوە.

لای فیختە بیرۆکەکە لە بیرۆکەی کۆمەڵگایەکی ئاکارییەوە پەرە دەسێنێ بۆ بیرۆکەی نەتەوە، بیرۆکەکە لەم قۆناغەدا تەنها وەك بیرۆکەی نەتەوە خۆی دەردەخات، هەر ئەمەش وادەکات دەوڵەت نەبێتە هیولایەك بۆ بەرجەستە بوونی بیرۆکەکە. لەمەوەیە فیختە لە رووی ئەنتۆلۆجییەوە نەتەوە جیادەکاتەوە لە دەوڵەت و باس لەوە دەکات کە نەتەوە بوونێکی عەقڵی هەیەو سەر بەجیهانی سەرووهەستەکی مرۆڤە، بەڵام دەوڵەت بوونێکی مادیی و هەستەکی هەیەو سەر بە جیهانە ماددی و هەستەکییەکەی مرۆڤە. لەمەشەوە دەگاتە ئەو دەر ئەنجامەی کە سنوری نەتەوە وەك سنوری دەوڵەت هەستیکی و دیار نییە و مرۆڤەکان تەنها لە ناو خۆیاندا هەست بە سنوری نەتەوە دەکەن و ئەو مرۆڤانەی کە سەر بەنەتەوەیەکن و دەکەونە دەرەوەی سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەی کە کەسانێکی سەر بەهەمان نەتەوەی تیایە، بەمە ناکەونە دەرەوەی سنوری نەتەوەکەی خۆیان، چوونکە نەتەوە سنوری خۆی لەناو مرۆڤەکاندا دیاریدەکات و وەك سنوری دەوڵەت سنورەکەی ناکەوێتە سەر خاك و نشتیمانێك. واتە سنوری سیاسی دەوڵەت نەك هەمئاهەنگ نییە لە گەڵ سنوری کەلتوری نەتەوەدا، بەڵکوو سنوری نەتەوە هیچ پەیوەندییەکی بە سنوری دەوڵەتەوە نییەو هەریەکەیان سنورەکەیان لە ناو جیهانێکی جیاوازدایە، سنوری نەتەوە لە ناو جیهانە ناوەکی و سەرووهەستەکییەکەی مرۆڤدایەو سنوری دەوڵەت لە ناو جیهانە دەرکی و بابەتییەکەی مرۆڤدایە. بۆیە لای فیختە مومکین نییە سنورە روحیەکەی نەتەوە بە سنورە هەستەکییەکەی دەوڵەت بنوێنرێت.

ئەم بۆچوونەی فیختە ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەوەی لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی لە بارەی فیختەوە وتوویانە هەڵەیەو فیختە وەك نەتەوەخوازێك بیری لە نەتەوە نەکردووەتەوەو لە رێگەی سنورە سیاسیەکەی دەوڵەتەوە سنورە کەلتوریەکەی نەتەوەی دیاری نەکردووە. واتە بڕوای بەوە نەبووە کە نەتەوە بەوە دێتەبوون کە کەلتوری نەتەوە لە ناو سنوری سیاسی دەوڵەتدا سەراپاگیر بکرێت.

بۆ ئەوەی چۆنیەتی شێوەگیربوونی ئەم بیرۆکەیە لە ناو دەوڵەتی نەتەوەدا بزانین، دەبێت ئەم بیرۆکەیە زیاتر لەوە پەرە بسێنێ خۆی عەینی بکاتەوەو شێوە گیربوونەکەی خۆی لە دەوڵەتدا ئاشکرا بکات، بۆ تێگەیشتن لە دوا پەرەسەندنی ئەم بیرۆکەیە لە فکری فەیلەسوفانی ئەڵماندا، دەبێت بگەڕینەوە بۆ بەرجەستەبوون و شێوەگیربوونی ئەم بیرۆکەیە لە فەلسەفەی هیگڵدا. لای هیگڵ ئەم بیرۆکەیە لەناو دەوڵەتدا شێوەگیر دەبێت و دەوڵەت دەکات بە دەرکەوتەیەکی تر لە دەرکەوتەکانی ئەم بیرۆکەیە.

### ٤-٢/٢) دەوڵەت وەک دواپەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە

دوای ئەوەی لە فەلسەفەی فیختەدا پەرەسەندنی ئەو بیرۆکەیەمان خستە روو کە وەك بیرۆکەی نەتەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا گریمانەمان کردبوو، گەیشتین بەو دەر ئەنجامەی کە گریمانەکەمان دروستەو ئەوە بیرۆکەیەی کە لایبێنتز لە سەرەتادا وەك بیرۆکەی مەملەمەتی خوا گوزارشتی لێدەکات و کانت وەك بیرۆکەی کۆمەڵگای ئاکاری گوزارشتی لێدەکات، لای فیختە لە ئاستە کۆییەکەدا وەك بیرۆکەی نەتەوە دەخرێتەروو، لەگەڵ ئەوەشدا لە فەلسەفەی فیختەدا ئەم بیرۆکەیە پەرەدەسێنێ و وەك بیرۆکەی نەتەوە بوونی خۆی ئاشکرا دەکات، بەڵام لەم قۆناغەشدا ئەم بیرۆکەیە ناگاتە ئەوپەڕی پەرەسەندنی خۆی. ئەم بیرۆکەیە لە فەلسەفەی هیگڵدا دەگاتە دواپەرەسندنی خۆی. هیگڵ بەهەمان شێوەی فەیلەسوفانی پێش خۆی بە شێوازی تایبەتی خۆی گوزارشت لە هەموو ئەوە دەکاتەوە کە لایبێنتزو کانت و فیختە گوزارشتیان لێکردبوو، هیگڵ وەك فیختە لە ئاستە کۆییەکەیدا گوزارشت لەم بیرۆکەیە دەکات و بە بیرۆکەی نەتەوەی دەزانێت، بە هەمان شێوەش گوزارشتکردن لەم بیرۆکەیە وەك بیرۆکەی نەتەوە لە ئاستە کۆییەکەیدا بە دەرئەنجامی گوزارشتکردنی دەزانێ لە هەمان بیرۆکە، بەڵام لە ئاستە تاکەکەسییەکەیدا. واتە لای ئەویش میللەتێك کاتێك دەبێت بە نەتەوە کە تاکەکانی پەیڕەوی

لەوە بکەن کە لە ناو عەقڵیاندا بەشێوەیکی خۆرسك هەیەو پەیڕەوی لەوە نەکەن کە لەدەرەوەی خۆیانەوە بۆیان دێت، گەر تاکەکان ئەم کارە کەسییەیان ئەنجامدا ئەوە نەتەوە کەیان بەهەمان شێوە پەیڕەوی لەو سیستەمە عەقڵییەکردووە کە بە شێوەیەکی خۆرسك بوونی لە ناو عەقڵی کۆی ئەو میللەتەدا هەیە.

ئەوەی گوزارشتەکەی هیگڵ لە گوزارشتەکەی فیختە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە فیختە دەوڵەت لە نەتەوە دوور دەخاتەوە و بەوە وەسفی دەکات کە پەیوەندی بە نەتەوەوە نییەو نەتەوە سەرچاوە لەوە دەگرێت کە عەقڵی و ناوەکییەو دەوڵەت سەرچاوە لەوە دەگرێت کە هەستەکی و دەرەکییە.

بەڵام هیگڵ دەوڵەت بە دوا شێوەگیربوونی بیرۆکەی نەتەوە دەزانێت و پێی وایە بیرۆکەی نەتەوە لەناو دەوڵەتدا دەگاتە ئەوپەڕی پەرەسەندن و دیاریکردنی خۆی و بەبێ دەوڵەت نەتەوە ناتوانێت بوونی خۆی تەواو عەینی بکاتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ نەتەوە بەبێ دەوڵەت بوونی نییە، گەر دەوڵەتیش نەبێت نەتەوە هەر بوونی هەیە، بەڵام نەتەوە بەبێ دەوڵەت وەك ئەوەی کەهەیە هەستەکی نابێتەوەو بوونی بە تەواوەتی لە بوونێکی عەقڵییەوە نابێت بە بوونێکی هەستەکی و ماددی.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بوونی دەوڵەت پێش مەرجی بوونی نەتەوە نییەو بوونی نەتەوە پێش مەرجی بوونی ئەو دەوڵەتەیە کە دەبێت بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی. گەر نەتەوە قۆناغەکانی پەرەسەندنی خۆی نەبڕێت و نەگاتە دوا قۆناغی خۆی، دەوڵەتی نەتەوەیی بوونی نابێت. دەوڵەتی نەتەوەیی بوونێکی عەقڵی لەناو بیرۆکەی نەتەوەدا هەیەو دوا دەرکەوتن و دوا شێوەگیربوونی بیرۆکەی نەتەوەیە.

دەوڵەت یەکێکە لەو دەرکەوتانەی بیرۆکەی نەتەوە کە بیرۆکەی نەتەوە لە دوا قۆناغی دیاریکردنی خۆیدا خۆی پێ دیاری دەکات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نەتەوە بە شێوەگیربوونی بوونی خۆی دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەت نەتەوە دروست ناکات، ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان تیۆرە عەقڵییەکەی نەتەوە لەگەڵ تیۆرەکانی نەتەوەخوازیدا.

بۆ ئەوەی لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا دوا پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە بزانین و ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان نەتەوەو دەوڵەتەکەیدا هەیە بۆمان روون ببێتەوە دەبێت گوزارشتەکەی

هیگڵ لە بیرۆکەی نەتەوە کە دواگوزارشتی فەلسەفەی ئەڵمانییە لە بیرۆکەی نەتەوە بخەینە روو، بە خستنەڕووی گوزارشتەکەی هیگڵ لە بیرۆکەی نەتەوە دەگەین بە تیۆرێکی کامڵ بۆ پەیدابوونی نەتەوە، ئەو تیۆرەش ئەو تیۆرەیە کە ئێمە لە پۆلێنکردنەکەی خۆماندا بۆ تیۆرەکانی نەتەوە ناومان نا تیۆری عەقڵی.

لەروانگەی هیگڵەوە نەتەوە نەدروست دەکرێت و نە بەرهەمی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤە، نەتەوە پێش ئەوەی لە واقیعدا دەرکەوێت دەبێت وەك ئایدیاڵێکی عەقڵی لەناو عەقڵدا هەبووبێت. دەرکەوتنی نەتەوە لەواقیعدا عەینی بوونەوەی ئایدیاڵی نەتەوەیە لەناو واقعدا. بۆ سەلماندنی ئەوەی کە نەتەوە پێش ئەوەی بوونێکی واقیعی هەبێت، دەبێت بوونێکی عەقڵی هەبێت، هیگڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینەی کە وا سەیری جیهانی سروشتی و رووداوەکانی دەکات کە بە رێککەوت و لە خۆڕا روونادەن و عەقڵ لەپشت روودانیانەوە هەیە، گەر عەقڵ لە پشت رووداوەکانی سروشتەوە هەبێت، ئەوە رووداوە مرۆییەکانی ناو مێژووی مرۆڤایەتیش، لەخۆڕا روونادەن و عەقڵ جڵەوگیریان دەکات. ئەو بۆ ئەم مەبەستە گریمانەیەك پێشنیار دەکات و دواتریش هەوڵی سەلماندنی دەدات. گریمانەکە بەم شێوەیە (عەقڵ جڵەوگیری جیهان دەکات و پاشان مێژووی جیهان وەك رێڕەوێکی عەقڵانی لەبەردەمماندا خۆی دەخاتەڕوو، ئەم زانینەهەستەو ئەم باوەڕهێنانە تەنها گریمانەیەکە لەبواری مێژوودا بەوەی کە مێژووە)(٧٩). گەر مێژووی جیهان جڵەوەکەی لەدەستی عەقڵدا بێت و نەتەوەش دەرکەوتەیەکی ناو ئەو مێژووە بێت، دەبێت نەتەوە بوونێکی عەقڵی لەمێژوودا هەبێت و لە بارودۆخێکی مێژوویدا دەرکەوتی کردبێت.

بۆ سەلماندنی ئەمە، سەرەتا پێویستە ئەوە روون ببێتەوە کە عەقڵ حوکمی جیهانی سروشت و جیهانی مرۆڤ دەکات و ئەو جووڵەو پەرەسەندنەی کە لەم دوو جیهانەدا هەیە عەقڵ ئاراستەکەرو وەدیهێنەریەتی. (ئەنکساگۆراس Anxagoras ی یۆنانی یەکەم کەس بووە بۆ ئەوە چووە کە نۆس nous ـ تێگەیشتن بەسیفەتە گشتییەکەی یان عەقڵ ـ ئەوەیە کە حوکمی جیهان دەکات)(٨٠)، ئەنکساگۆراس بۆ یەکەمجار پەی بەوە دەبات کە ئەو رووداوانەی لە جیهاندا

---

(٧٩) المكتبه الهيجلية، هيجل، محاضرات فى الفلسفة التاريخ، الجزء الاول، العقل فى التاريخ، ت: د. امام عبدالفتاح امام، الطبعة الثالثة، دار التنوير-بيروت، ١٩٨٣، ص ٧٨.

(٨٠) هـ. س : ٨٠.

ڕوودەدەن لەخۆڕاو بەرێکەوت ڕوونادەن و بنەمایەکی عەقڵی لەناو عەقڵدا بۆ ڕوودانیان هەیە، بەڵام ئەو بنەما عەقڵییە پەنهان و نادیارەو ئەمەش وای کردووە کە وا دیار بێت ئەو ڕووداوانە لەخۆڕاو بەبێ هیچ بنەمایەك ڕوودەدەن.

هەرچەندە ئەنکساگۆراس پەی بەبوونی عەقڵ دەبات لەپشت ئەو ڕووداوانەوە کە لە جیهاندا ڕوودەدەن، بەڵام لای هیگڵ ئەو پەیبردنە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە پەی بەبوونی عەقڵیش بەرێت لەپشت ئەو ڕووداوانەوە کە لە جیهانی مرۆیی یان مێژوودا ڕوودەدەن. لای ئەو مەبەست لە عەقڵ یان نۆس نە (ئەو لێزانییەیە بەوەی کە عەقڵێکی هۆشیار بەخۆیە، نە ڕۆحە بەوەی کە ڕۆحە. بەبایەخەوە دەبێت جیاکاری بکەین لەنێوان ئەوەو ئەمەدا. جووڵەی سیستەمی خۆر بەپێی کۆمەڵە یاسایەك ڕوودەدات کە ناکرێت بگۆڕدرێن، ئەو یاسایانەش عەقڵێکی پەنهانە لەو دیاردانەدا کە لە بارەیانەوە دەدوێین، بەڵام نە بە خۆرو نە بە ئەستێرەکانی تریش کە بەپێی ئەو یاسایانە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، ناکرێت بوترێت جۆرێك لەجۆرەکانی هۆشیاریان هەیە)[٨١]، ئەمانە هۆشیارنین بەوەی کە لێیان ڕوودەدات. لێرەدا باس لە حوکمی عەقڵ دەکرێت لەسەر دیاردە سروشتییەکان و جیهانی بوونەوەرە سروشتییەکان کە هۆشیارنین بەوەی لێیان ڕوودەدات. بەڵام عەقڵ لەرێگەی ئەم ڕووداوانەوە حوکمی خۆی ئاشکرا دەکات، ئەمەش وا دەکات کە ئێمە نەچینەوە سەر دەرکەوتنی نەتەوە لەمێژوودا، چونکە نەتەوە جەمبوونەوەیەکی عەقڵی مرۆڤ گەلێکەو ڕووداوی پەیدابوونەکەشی حوکمی عەقڵ ئاشکرا دەکات، عەقڵ لەرێگەی دەرکەوتنی نەتەوەوە خۆی لەو جیهانەدا دەخاتەڕوو کە جیهانی ئەو بوونەوەرانەیە هۆشیاریان بەعەقڵ هەیە، هەر ئەمەش وا دەکات ئەو گریمانەیەی سەرەتا لەرێگەی بۆچوونەکانی ئەنکساگۆراسەوە نەسەلمێنرێت.

دوای ئەمە هیگڵ بۆچوونێکی تری نزیك لە گریمانەکەی خۆی دەهێنێتەوە، بەپێی ئەم بۆچوونە (عەقڵ جیهان ئاراستە دەکات(.....)و جیهان دەستی لێ بەرنەدراوە بۆ ڕێکەوت و عیللەتە دەرەکی و عەرەزییەکان، ئەوەی حوکمی دەکات پشتیوانی خواییە)[٨٢]، ئەم بۆچوونە لەشێوەی حەقیقەتێکی ئاینیدا بیرۆکەکەی شێوەگیرکردووە، بیرکردنەوە ئاینییە میللیە کوردییەکە ئەم بۆچوونە لە فۆرمێکی تری گوتندا دەخاتەڕوو، ئێمە زۆرجار دەبیستین کەسێك

---

(٨١) هـ. س : هـ، ل.

(٨٢) هـ. س : ٨٢.

دەڵێت:(گەر خوا شتێك نەكات ئەو شتە نابێت) یان دەوترێت (گەر خوا كارێك رێكنەخات ناكرێت)، ئەم بۆچوونە رۆژانە لەرێگەی ئەم فۆرمی گوتنانەو فۆرمی تریشەوە بەرامبەر ئەو رووداوانەی كە ئەو بیرۆكەیە دەوروژێنێت گوزارشتی لێدەكرێت.

رەخنەی هیگڵ لەم بۆچوونە ئەمەیە، كە ئەوەی ئەم بۆچوونە بەپلانی پشتیوانی خوایی ناوی دەبات، بەپلانێكی دەزانێت، كە بەخۆی گریمانەی ئەوە دەكات پلانێكی شاراوەیەو نابینرێت و پەی پێنابرێت، گێلییە گەر بیر لەزانینی بكەینەوە[٨٣]، واتە نابێت بیر لەوە بكەینەوە پەی بەو پلانە بەرین و بەدوای دەركەوتنەكانیدا لەناو رووداوە مرۆییەكاندا برۆین، ئەوەندە بەسە بڕوای پێبێنین بزانین هەیەو لە رووداوەكاندا حوكم دەكات.

ئەو بیركردنەوە ئاینییە میللەیە، بەیەكجاری ئاشكرابوونی ئەو پلانە نەفی ناكات و دان بەوەدا دەنێت كە لەهەندێك حاڵەتی بەشەكیدا خۆی ئاشكرا دەكات و ئەم خۆئاشكراكردنەی (پاڵ بەمرۆڤە موتتەقییەكانەوە دەنێت لە هەندێ حاڵەتی بەشەكیدا شتێك بزانن زیاترە لەوەی كە رێكەوت بێت، واتە دەستی رێنوێنیكەری خوا بۆ نمونە لەرووداوێكی وادا بناسنەوە، كاتێك كە بەشێوەیەكی چاوەڕوان نەكراوو كت و پڕ فریاگوزارییەك دەگات بەكەسێك كە لە حاڵەتی شڵەژانێكی تەواو و نائومێدییەكی گەورەدایە)[٨٤]، داننان بەخۆئاشكراكردنی پلانی پشتیوانی خوایی بۆ چەند كەسێكی كەم، بۆ ئەوە نییە كە ئێمە بە شوێن ئەوەدا بگەڕێین پەی بە پشتوانی خوایی لەناو رووداوەكانی ناو مێژوودا بەرین، ئەمە تەنها بۆ ئەوەیە ببێتە بەڵگەیەكی واقیعی بۆ پشتگیریكردنی ئەو باوەڕەی كە بەپلانەكە هەیە. واتە ئەم دانپێدانانە بە دەركەوتنی واقیعیانەی ئەم پلانە بەموعجیزەكردنی توانای ئەو كەسانەیە كە پلانەكە حوكمی كردوون و ئەمەش بڕوابوون بەبوونی پلانەكە بەهێز دەكات و بەڵام دەرگا لەوە دادەخات مرۆڤ هەوڵی ئەوە بدات لە هەموو رووداوەكاندا پەی بەپلانەكە بەرێت.

ئەوەی لەم بۆچوونەدا كێشەیە، ئەوەیە وا سەیری ئەو رووداوانە دەكات، كە موعجیزەن و ئاماژە بە گەورەیی ئەو كەسانە دەكەن كە خوا فریایان كەوتووەو ئەم فریاكەوتنەی خواش بۆ ئەوان بەمەبەستەو مەغزاكەی لەفریاكەوتنەكەدا نییەو لەوەدایە كە خوا بەم رێگایانە دەیەوێت بەڵگە بخاتەبەر دەستی ئێمە، تا باوەڕ بەوە بهێنین، خوا ئاگای لەئێمەیەو دەستی لێ

(٨٣) هـ. س : هـ. ل.

(٨٤) هـ. س : ٨٣

بەرنەداوین، بەڵام ئێمە نابێت بیر لەوە بکەینەوە کە پەی بە دەسەڵاتی ئەو بەرین لەو رووداوانەدا کە لە ژیانی رۆژانەماندا بەسەری دەبەین، ئەوەی لەسەر ئێمەیە تەنها ئەوەندەیە بڕوا بەوە بهێنین کە ئەو بەردەوام ئاگای لەئێمەیەو لەپشتی ئێمەیە، گەرچی زۆر کەم یان هیچ کاتێك لەواقیعدا ئەوە نابینین کە ئەو لە رووداوەکاندا بەفریامانەوە بێت. بەڵام ئەمە لەبەرئەوە نییە کە ئەو بەفریامانەوە نایێت، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە نابێت ئێمە بەوە بزانین کە ئەو بەفریامانەوە هاتووە.

ئەم تێڕوانینەو ئەو نمونانەی کە بۆ باوەڕبوون بەپلانی پشتیوانی خوایی دەیانهێنێتەوە (جۆرێکی زۆر دیاریکراون و جگە لەتێرکردنی کۆمەڵە مەیلێکی دیاریکراوی ئەو تاکەکەسەی کە لەبارەیەوە دەدوێت، هیچی تر ناڵێت. ئەو تاکانەی کە -بۆ ئەو مەبەستە- پێویستە لەسەرمان لەمێژووی جیهاندا لێیان بکۆڵینەوە گەلەکان و سەراپاگیرە هەمەکییەکانن totalities، واتە دەوڵەتەکان)[٨٥]، سەرەڕای ئەمەش (ئەو باوەڕە هیچ ناخاتە بەردەمان جگە لە بیرۆکەیەکی گشتی لەبارەی بوونی پشتیوانی خوایی، بەبێ ئەوەی هیچ وردەکارییەکی ئەو رێڕەوە بخاتەڕوو کە (پلانەکە) دەیگرێتەبەر، بەڵام ئێمە پێویستە هەوڵی بەردەوامی خۆمان بخەینەکار بۆ زانینی رێگاکان و شێوازەکانی پشتیوانی خوایی لەمێژووداو زانینی ئەو هۆکارانەی کە بەکاریان دەهێنێ و ئەو دەرکەوتە مێژووییانە کە تیایدا تەجەللی دەکات)[٨٦].

هیگڵ دوای ئەم رەخنانە گریمانەکەی بەم شێوەیە دادەڕێژێتەوە (عەقڵ حوکمی جیهان دەکات و پێشتریش حوکمی کردووە)[٨٧]، واتە عەقڵ لەسەردەمە پێشووەکاندا لەواقیعدا دەرکەوتووەو هەر دەبێت لە داهاتووشدا دەرکەوێتەوە، نەتەوەش کە بابەتەکەی ئێمەیە، پەیوەستە بە دەرکەوتنی عەقڵ لەواقیعداو بەبێ ئەم دەرکەوتنە، نەتەوە لەواقیعدا دەرناکەوێت و پەی پێنابرێت، چونکە نەتەوە بوونەوەرێکە لەناو عەقڵدا هەیەو تەنها کۆبوونەوەی کۆمەڵە مرۆڤێك نییە کە خوێن یان سروشتی مرۆیی یان بەرژەوەندی کۆی کردبێتنەوەو نەتەوەی لێدروستکردبن، گەر نەتەوە پێشتر لەناو عەقڵدا نەبێت بەم جۆرە لە کۆبوونەوەی مرۆیی نایێتە ئاراوەو پەیدانابێت.

---

(٨٥) هـ. س : هـ. ل.

(٨٦) هـ. س : ٨٣.

(٨٧) هـ. س : ٨٤.

عەقڵ گەر بتوانێت لە جیهاندا وەك کۆمەڵە یاسایەکی پشتەکی دەرکەوێت و جیهانی سروشت بەپێی ئەو بڕوا بەڕێوە، ئەوا عەقڵ توانای دەرکەوتنی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا باشتر دەبێت، عەقڵ (لە شتە مەزن و دیارەکانداو لەشتە کەم و بچووکەکاندا یەکەو هەر خۆیەتی)(٨٨)، ئەوەی لێرەدا بۆ تێگەیشتن لە نەتەوە گرنگە دەرکەوتنی عەقڵە (لەبواری رۆحی بوونەوەرێکی چالاك و کارادا وەك ئەو دەرکەوتنەی کە لەچوارچێوەی سروشتی پەتیدا هەیەتی، لەم گۆشەنیگایەشەوە رێگای چارەسەرکردنەکەمان بۆ بابەتەکە تیۆدۆسیەت (thodicaea)ە، واتە پاسادان بۆ شێوازە خواییەکان و رێگاکانی، ئەمەش ئەوەیە کە لایبێنتز ـ لەروانگەیەکی میتافیزیکییەوە ـ بەڕێبازەکەی واتە بەکاتیگۆریە پەتی و نادیاریکراوەکانی لەوێوە ئەنجامی دەدا کە شپرزەیی بوونەوەر لە جیهاندا دەکرێت فەهم بکرێت)(٨٩).

بۆ ئەوەی عەقڵ لەژیانی مرۆڤگەلێکدا دەرکەوێت و لە فۆرمی نەتەوەدا بیانخاتەڕوو، ئەو پەیوەندی و هارمۆنیا عەقڵییەی کە ئەو مرۆڤەگەلە لەنێوان خۆیاندا وەك نەتەوە هەستی پێدەکەن و پێی هۆشیارن، دەبێت لەواقیعداو لەفۆرمی دەوڵەتدا شێوەگیربێت. هەر دەبێت توخمە ئیجابییە عەقڵییەکە کە توخمە سلبییە ماددی و دنیاییەکە تیایدا دەبێت بەشوێنکەوتەو عەدەمێکی لەناوچوو، پەی پێ ببرێت، بەمەش ئێمە دەتوانین پەی بەدەرکەوتنی عەقڵ بەرین لەناو واقیعی ئەو مرۆڤگەلەدا کە عەقڵ وەك نەتەوە لەناویاندا شێوەگیر بووە.

**٢/٢-٤-١) هەنگاوەکانی تێگەیشتن لەشێوەگیربوونی عەقڵ لە واقیعی مرۆییدا**

بوونی نەتەوە لەعەقڵدا شتێکەو بوونی لەواقیعدا وەك بوونێکی کردەیی و واقیعی شتێکی ترە، بۆ ئەوەی ئەو دوو بوونە جیاوازەی نەتەوە کە دوو قۆناغی جیاوازی وەدیهاتنی نەتەوەن لەیەك جیابکەینەوە، دەبێت باس لەوە بکەین رۆحی نەتەوە بوونێکی عەقڵی هەیەو لەناو عەقڵدایە، لەگەڵ ئەوەدا کە هیولای نەتەوە ئەو مرۆڤگەلە دەگرێتەوە دەبنە هیولا بۆ شێوەگیربوونی ئەم رۆحەو وەدیهاتنی. هیگڵ دەپرسێت (دواین پلانی جیهان چییە؟)(٩٠)، بۆ

---

(٨٨) هـ. س : هـ. ل.

(٨٩) هـ. س : هـ. ل.

(٩٠) هـ. س : ٨٥.

تێگەیشتن لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت رەچاوی دوو شت بکرێت (یەکەم: ناوەڕۆکی ئەم پلانە، واتە پێناسە پەتییەکەی، دووەم: وەدیهاتنە کارەکییەکەی. دەبێت هەر لەسەرەتاشەوە تێبینی ئەوە بکەین کە ئەو دەرکەوتەیەی لێی دەکۆڵینەوە، مێژووی هەمەکییەو سەر بەمەملەکەتی رۆحە. لەفزی (جیهان) سروشتی فیزیایی و سروشتی سایکۆلۆجیش دەگرێتەوە، سروشتی فیزیایش بەهەمان شێوە رۆڵێکی لەمێژووی جیهاندا هەیەو هەر دەبێت لایەکیش بەلای ئەو پەیوەندییە بنچینەییانە بکەینەوە کە لەچوارچێوەی ئەو مێژووەدان. بەڵام رۆح و رێڕەوی پەرەسەندنەکەی، بابەتە بنچینەییەکەی ئێمەیە. کارەکەمان لێمان ناخوازێ لەسروشت رامێنین وەك ناوکۆییەکی عەقڵی لەخۆدابوو، سەرەڕای ئەوەش ئەمە لەبوارە تایبەتەکەی خۆی وەك ئەوەی کە هەیە بەڵگەکاری لەسەر دەکرێت، بۆیە ئێمە دەبێت لەوێوە لێی رامێنین کە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ رۆحدا، لەسەر ئەو شانۆیەی کە رۆح لەسەری دەبینین، واتە: ئەو مێژووە هەمەکییەو ئەو رۆحەی کە لە هەقیقەتە زۆر عەینییەکەی خۆیدا خۆی لەسەری ئاشکرا دەکات)[٩١].

لەم پەرەگرافەدا باس لە رۆح کراوە لەخۆیدا، پاشان باس لە وەدیهاتنە کردەییەکەی کراوە. بۆ ئەوەی رۆح لەبوون بەهێزەوە هەنگاوینێ بۆ بوون بەکردە، دەبێت بوارێك بۆ وەدیهاتن و خۆ ئاشکراکردنەکەی هەبێت، ئەو بوارەش هیگڵ بە مێژووی هەمەکی ناوی دەبات. رۆحی نەتەوە بۆ ئەوەی لەبوون بەهێزەوە لەناو مرۆڤگەلێکدا کردەیی ببێتەوە، دەبێت بکەوێتە سەر شانۆی مێژووی هەمەکی و لەوێ خۆی لەشێوەی نەتەوەدا ئاشکرا بکات. بەم پێیە بۆ دەرکەوتنی نەتەوە پێویستمان بە رۆحی نەتەوە واتە ئایدیاڵی نەتەوە دەبێت لەناو عەقڵداو پاشان پێویستمان بە مرۆڤگەلێك دەبێت کە ببنە هیولای شێوەگیربوونی ئەو رۆحە. بۆ ئەو واقیعەش کە نەتەوە تیایدا دەردەکەوێت پێویستمان بە مێژووی هەمەکی دەبێت. مێژووی هەمەکی بواری دەرکەوتنی نەتەوەیەو ئەو ئامانجەش کە عەقڵ دەیەوێت پێی بگات، شێوەگیربوونی نەتەوەیە لەناو دەوڵەتدا، دەوڵەت عەینی بوونەوەیەکی کامڵی رۆحەو ئامانجە رەهاکەی عەقڵە.

بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین چۆن ئایدیاڵی نەتەوە لە دەوڵەتدا شێوەگیر دەبێت و عەقڵ دەگات بەو ئامانجەی کە دەیەوێت، دەبێت لە خاسیەتە پەتییەکانی سروشتی رۆح و ئەو هۆکارانەی کە

(٩١) هـ. س : ٨٥-٨٦.

ڕۆح پێویستی پێیەتی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکەی تێبگەین و دواجاریش هەر دەبێت لەو شێوەیە بکۆڵینەوە کە وەدیهاتنی کاملی ڕۆح لەبووندا وەریدەگرێت، واتە دەوڵەت(٩٢).

### ٢/٢-٤-٢) ئازادی وەک ماهیەتی ڕۆح

هیگڵ یەکەمجار هەوڵی ئەوە دەدات باس لەوە بکات ڕۆحی نەتەوە وەك ئایدیالێك لەناو عەقڵدا چییەو چۆن پەی پێدەبرێت، بۆ ئەم مەبەستەش جیاوازییەك لەنێوان ڕۆح و ماددەدا دەکات و دەڵێت: (دەکرێت لە سروشتی ڕۆح تێبگەین گەر لە دژە ڕاستەوخۆکەی واتە ماددە بڕوانین. هەر وەك چۆن ماهیەتی ماددە قورسییە، لەلایەکی ترەوە دەکرێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە جەوهەر یان ماهیەتی ڕۆح ئازادییە)(٩٣).

ئازادی وەك ماهیەتی ڕۆح جیاوازییەکی زۆری هەیە، لەو ئازادییەی کە مەبەست لێی ئازادبوونە دەرەکییەکەیەو پەیوەستە بە حەزو ئارەزوو و پێداویستییە جەستەیی و سایکۆلۆجییەکانی مرۆڤەوە. ئەم جۆرە لە ئازادی ڕێگرەکانی لەدەرەوەی مرۆڤدا نین و لەناو مرۆڤدان و پەیوەستن بەویست و ئیختیاری مرۆڤەوە. ڕۆح لەناو مرۆڤدا حزور پەیدا ناکات گەر مرۆڤ ڕێگربێت لە بەردەم ئەوەدا ڕۆح ئازادی خۆی وەك ماهیەتی خۆی دەرکەوت پێبکات.

بەبێ دەرکەوتکردنی ئەو خاسیەتەی ڕۆح لەلایەن ڕۆح خۆیەوە، خاسیەتەکانی تری ڕۆح دەرکەوت ناکەن، چونکە (هەموو خاسیەتەکانی تری ڕۆح بەبێ ئازادی وەدی نایەن و ئەوانی تر هەموویان جگە لە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە ئازادی هیچی تر نین)(٩٤)ئازادی وەك خاسیەتی جەوهەری ڕۆح پەیوەستە بەو بوونەوەرەوە کە بە خۆی لەناو خۆیدا هەیەو بوونی پشت بەهیچ شتێکی تری جگە لە خۆی نابەستێ.

واتە ئازادی لێرەدا ئازادی ئەو بوونەوەرەیە کە بەخۆی لەخۆیدا هەیە. ماددە هەڵگری ئەم خاسیەتە نییە، چونکە بەخۆی لەخۆیدا بوونی نییەو بەردەوام بۆ بوونی پێویستی بە غەیری خۆیەتی (ئازادی تاکە حەقیقەتێکی ڕۆحە، ماددە خاوەنی قورسییە -کێشکردن gravity- چونکە مەیلی بۆ خاڵێکی مەرکەزی هەیە، بەزەرورەت ئاوێتەیەکی تێرە لە کۆمەڵە بەشێك کە

(٩٢) هـ. س : ٨٦.

(٩٣) هـ. س : ٨٦.

(٩٤) هـ. س : ٨٦.

لەیەکتری دووردەکەونەوە، مادده هەوڵدەدات بەرەو یەکبوون بڕوات، هەر لەبەرئەمەشە خۆی ویران دەکات و بەرەو نێودژەکەی خۆی دەڕوات –واتە ئەو خاڵەی کەچیتر بەش نابێت–، گەر بیشیتوانیایە بگاتە ئەو خاڵە، نەدەبووەوە بەماددەو لەناودەچوو. مادده هەوڵی ئەوە دەدات بیرۆکەکەی خۆی وەدیبهێنێ، بوونی هزری ئەو لەیەکبووندایە، بەڵام رۆح دەکرێت وا پێناسە بکرێت کە چەقەکەی لەناو خۆیدایە، یەکبوونێکی لەدەرەوەی خۆی نییە، ئەو یەکبوونە کردەییانە لەناو خۆیدا هەیە، ئەو لە خۆیدا بەخۆی هەیە، لەکاتێکدا ماهیەتی مادده دەکەوێتە دەرەوەی خۆی، بەڵام رۆح بوونێکە لە خۆدا ئەمەش خودی ئازادییە)(٩٥).

ئازادی لێرەدا توانای بوونە لەخۆداو بەخۆ، ئەو بوونەوەرەی بوونی بەستراوە بەبوونەوەرێکی جگە لە خۆیەوە بەم مانایە ئازاد نییە، (کاتێك من پشتم بە شتێکی تر بەست ئەوە هەر دەبێت بوونم بگۆڕێت بۆ شتێکی تری جگە لە خۆم، بەشێوەیەك کە نەتوانم بەسەربەخۆ لەو شتە ببم، بەپێچەوانەشەوە من ئازادم کاتێك بوونم پشت بەخۆم دەبەستێ)(٩٦). ئەم جۆرە لە ئازادی، ئازادییەکی تایبەتە بەو بوونەوەرانەی کە لە خۆیاندا بە خۆیان هەن، مرۆڤ کاتێك لەناوخۆیدا بە روحی خۆی هۆشیار دەبێت، دەبێتە ئەو بوونەوەرەی کە بۆ بوونی، جگە لە خۆی پێویستی بەهیچ شتێکی دەرەوەی خۆی نابێت. ئەمە هەمان ئەو بیرۆکەیە، کە لایبێنتز لەبارەی مۆنادی عاقڵەوە لەمەملەکەتی خوادا پێی دەگات. مۆناد لەم مەملەکەتەدا وا دەژی کە هەر خۆی هەیەو بۆ بوونی پشت بە هیچ مۆنادێکی تر نابەستێت(٩٧). مرۆڤ کاتێك هەست بەوە دەکات بەبێ شتەکانی دەرەوەی خۆی و بێ مرۆڤەکانی تر بوونی نابێت، خاسیەتی ئازادی لەدەست دەدات. چونکە رۆح تیایدا غایب دەبێت، بەمەش خاسیەتی مادده وەردەگرێت و پێویستیشی بەهێزێکە لە دەرەوەی خۆی بێت، تا وەك چەقێك لەگەڵیدا ببێتەوە بەیەك و بیکاتە حاکم بەسەر خۆیەوە. بوونەوەرێکی کۆیی وەك نەتەوەش کاتێك لەناو خۆیدا بەخۆی هەیە، بوونەوەرێکی کۆیی ئازادەو رۆحی نەتەوە لەناویدا حزوری هەیە، بەڵام کاتێك بۆ بوونی پشت بە هێزە دەرەکییەکان دەبەستێت و بەمە دەگۆڕێت بۆ غەیری خۆی رۆح تیایدا غائیب دەبێت و ئازادییەکەی لەدەست دەدات و دەبێتە بەشێك لە جەستەی غەیر، بەمەش شوناسی

---

(٩٥) هـ. س : هـ. ل.

(٩٦) هـ. س : ل ٨٧.

(٩٧) بڕوانە: هـ.ل.

خۆی لەدەست دەدات. مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی تاکانەو نەتەوە وەك بوونەوەرێکی کۆیی بەبێ حزوری رۆح ئازادنین و ناتوانن لەخۆیاندا بەخۆیان هەبن.

## ٣-٤-٢/٢) ئیرادەو رۆحی نەتەوە

بۆ ئەوەی رۆحی نەتەوە وەك ئایدیالێکی عەقڵی ناو عەقڵی هەمەکی لە جیهاندا وەدی بێت و بکەوێتە سەر شانۆی مێژووی هەمەکی و بیرۆکەی ئازادیش وەك خاسیەتێکی کرۆکی رۆح لەواقیعی نەتەوەدا دەرکەوێت و ببێتە خاسیەتێکی کرۆکی نەتەوە، توخمێکی تری پێویستە. نەتەوە کاتێك پێویستی بەم توخمە دەبێت، ئەمە وای لێناکات لەخۆی دەرچێت و بۆ بوونی پێویستی بە غەیری خۆی هەبێت.

بەپێچەوانەوە ئەو توخمە کە ئەو بۆ خۆئاشکراکردنی خۆی دەیەوێت، توخمێکە دەبێت ئەو بنوێنێ و لەگەڵ ئەو خۆ بەغەیرکراوی رۆحی نەتەوەدا ئەونوێن بن، بەمەش ئەو توخمە بەشداری لە یەکنوێنی ئەودا دەکات لەپێناو ئەوەدا رۆحی نەتەوە خۆی لە واقیعی نەتەوەدا ئاشکرا بکات. رۆحی نەتەوە توخمە ئیجابییەکەی نەتەوەیە، بەڵام رۆحی نەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ غەیری خۆشیدا خۆنوێن بێت، پێویستی بەو توخمە سەلبییە هەیە، ئەو توخمە سەلبییەش هیگڵ بەکاروکردەوە مرۆییەکان ناوی دەبات.

کاروکردەوە مرۆییەکان ئەو توخمەن کە رۆحی نەتەوە بۆ وەدیهێنانی بیرۆکەکەی خۆی کە ئازادییە بەکاری دەهێنێ، گەر (ئازادی لەبنچینەدا بیرۆکەیەکی نەبینراو -واتە ئاسمانی- بێت، ئەوا ئەو هۆکارانەی کە ئەو بەکاریان دەهێنێ بەپێچەوانەی خۆیەوە، دەرەکی و رواڵەتین و لەمێژوودا دەیانبینین و بەرچاومان دەکەون)(٩٨) ئەوەی بیرۆکەی ئازادی کارەکی و واقیعی دەکاتەوەو لە (بوون لەخۆدا)وە بەرەو (بوون لەپێناو خۆدا) دەیبات، کاروکردەوە مرۆییەکانن و بەبێ ئەم کارو کردەوانە رۆح تەنها خۆی بۆ خۆی ئاشکرا دەکات. کاتێك مرۆڤ دەتوانێت ئەم خۆئاشکراکردنە موشاهەدە بکات، کە لە واقیعی جەستەی خۆی دەرچێت و بچێتە ناو مەملەکەتی عەقڵ، چونکە تەنها لە مەملەکەتی عەقڵدا رۆح خۆنوێنە، بەڵام رۆح بۆ ئەوەی لە غەیری خۆیدا خۆی ئاشکرا بکات، دەبێت مرۆڤ کاروکردەوەکانی خۆی بکاتە زەمینەی

(٩٨) هـ.س: هـ.ل.

خۆئاشکراکردنی رۆح لەواقیعدا. رۆح لێرەدا دەبێتە بنەمای کاروکردەوە مرۆییەکان و لەسەر شانۆی مێژووی هەمەکیدا دەردەکەوێت (بنەما یان ئامانج، یان چارەنووس، یان سروشتی رۆح و ئازادییەکەی، تەنها شتێکی گشتی و پەتییە، بنەما حاڵی وەك حاڵی پلانی بوون یان یاسا وایە، شتێکی نادیارو پەنهانە، یان ماهیەتێکی ناپەرەسەندووە، بەوەش کە ئاوایە بەشێوەیەکی تەواو، واقیعی نییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەخۆیدا راست و دروستە، بەوەی کە بنەماکان و ئامانجەکان....هتد تەنها بوونیان لە خەیاڵی ئێمەدا هەیەو بەس، یان تەنها لەنیازە خودییەکانماندا بوونیان هەیە، لەبواری واقیعیدا بوونیان نییە. ئەوەی تەنها لەپێناوی خۆیدا هەیە، شتێکی مومکینە، یان شتێکە بەهێز هەیەو هێشتا لەناو بوونی کارەکیدا دەرنەکەوتووە، لێرەدا توخمی دووەممان هەیە کە هەر دەبێت بیهێنینە ناوەوە تا ئەو ئیمکانە بەرەو بوونی کارەکی بڕوات، واتە تا ئەوەی بەهێز هەیە بگۆڕێت بۆ بوون بەکردە یان بۆ وەدیهاتنی کردەیی. هێزە پاڵنەرەکەی ئەو توخمی دووەمەش ئیرادەیە)(٩٩).

ئیرادە لێرەدا ئیرادەیە لەپێناوی خۆئاشکراکردنی رۆحی نەتەوە لەناو واقیعداو لەپێناو خۆیدا، رۆح کە دێتە ناو کاروکردەوەکانی میللەتێکەوە، ئەو میللەتە لەئاستی میللەتەوە بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی نەتەوە، ئەمەش بەوە دەبێت کە جەستەی میللەت خۆی سازبکات بۆ ئەوەی رۆحی نەتەوە خۆی لەکاروکردەوەکانیدا ئاشکرا بکات. نەتەوە بەخۆئاشکراکردنی رۆحی نەتەوە لەکاروکردەوەکانی میللەتەوە بەهۆی ئیرادەی کۆیی میللەتەوە دێتە ئاراوە.

دوای ئەوەی کە خۆنوێنی رۆحی نەتەوەمان لەخۆیدا خستەڕوو، دەبێت توخمی دووەمیش بەوردی باس بکەین کە بەشدارە لە وەدیهاتنی نەتەوەدا. توخمی دووەم کە هیولای وەدیهاتنی نەتەوەیە کاروکردەوە مرۆییەکانی میللەتە، ماهیەتی کاروکردەوەکانیش ئیرادەیە، بەڵام ئەوەی ئیرادە لەکاروکردەوەکاندا وەدیدەهێنێ، مەرج نییە لەو بنەمایەوە سەرچاوە بگرێت کە رۆحە، ئیرادە دەکرێت ئەو بیرۆکەیەی رۆح لەکاروکردەوەکاندا کارەکی بکاتەوەو دەشکرێت غەیری ئەو بیرۆکەیە کارەکی بکاتەوە، واتە هەر بیرۆکەیەکی تر کە لە دەرەوەی رۆحەوە هەیە. هەر ئەمەش وای کردووە ئیرادە بە خراپ سەیری بکرێت و بکرێتە بنەمای خۆپەرستی. کاتێك بەخراپی سەیری ئیرادەی مرۆڤ دەکرێت، ئەوە لەوێوە سەیر دەکرێت کە ئیرادە دێتە ژێر رکێفی

---

(٩٩) هـ. س : ٩١-٩٢.

ئەو پێداویستی و حەزو هەڵچوون و تەبیعەت و بەهرە تایبەتانەوە کە مرۆڤ هەیەتی و ناکەوێتە ژێر رکێفی رۆح. ئەم بۆچوونە بۆمرۆڤ (دەیەوێت قەناعەتمان بەوە پێ بهێنێ کە ئەو پێداویستی و هەڵچوون و حەزو بەرژەوەندیانە تاکە سەرچاوەی هەڵسوکەوتی ئێمەن و هۆکارە کاراکانی بواری ئەو چالاکییەن)[١٠٠]، ئەم بۆچوونە خۆی گریمانەی دوو سەرچاوە دەکات بۆ کاروکردەوە مرۆییەکان، هەر یەك لەم دوو سەرچاوەیە خاوەنی ئامانجی خۆیانن و مرۆڤ بەرەو ئامانجەکەی خۆیان ئاراستە دەکەن، ئیرادە ئەو هێزە کارایەیە کە جەستەی مرۆڤ چالاك دەکات و دەیخاتە جوڵە تا بەکاروکردەوەکانی خۆی بیگەێنێ بەو ئامانجەی کە ئامانجی یەکێك لەو دوو سەرچاوەیە کە رکێفی ئیرادەیان کردووە.

بەپێی ئەم بۆچوونە مرۆڤ بەسروشت مەیلی بۆ ئەوە هەیە ئەو ئامانجانە بکاتە ئامانجی خۆی کە لەحەزو ئارەزوو و پێداویستییە غەریزییەکانیدا پەنهانەو بەسروشت مەیلی بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە نییە کە لە عەقڵدا پەنهانە، بەڵگەشی بۆ ئەمە ئەوەیە کە زۆربەی خەڵکی کار بۆ وەدیهێنانی ئامانجە غەریزەیی و سایکۆلۆجییەکە دەکەن و زۆر کەم کار بۆ وەدیهێنانی ئامانجە عەقڵییەکە دەکەن، ئەمەش بەشێوەیەکە کە لەگەڵ یەکدا بە بەراورد ناکرێن، (لەوانەیە لەتواناماندا هەبێت ئەوە ببینین کە نمونەی باڵای عەقڵ کردەییانە لەلای ئەوانە وەدی بێت کە ئیمانیان بەم جۆرە ئامانجانە هەیە لەو بوارەدا کە کاریگەری لەسەریان هەیە، بەڵام ئەوانە نوێنەری رێژەیەکی زۆر کەمی کۆی رەگەزی مرۆیین و پاشان مەودای کاریگەرییەکەشیان زۆر سنووردارە، بەڵام هەڵچوونەکان و ئامانجە تایبەتەکان و تێرکردنی ئارەزووە خۆپەرستانەکان، گەورەترین هەڵسوکەوتن کە کاریگەریان هەیەو هێزەکەشیان لەوەدایە کە دان بەهیچ سروشت و بەربەستێکدا نانێن کە یاساو ئاکار لەسەری سەپاندبن، لەوەشدایە ئەو پاڵنەرە سروشتیانە کاریگەرییەکی راستەوخۆیان لەسەر مرۆڤ هەیە، ئەم کاریگەرییەش زیاترە لە کاریگەری سیستەمە دروستکراوە تەقلیدییەکە[١٠١].

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ ئەوەی بەردەوام زاڵە بەسەر مرۆڤ و خەڵکدا عەقڵ و ئامانجە عەقڵییەکان نین، حەزو ئارەزوو و ئامانجە غەریزییەکانن، هەر ئەمەشە وای کردووە مێژووی جیهان پڕ بێت لە کارەسات (ئەو کۆمەڵە کارەساتە راستەقینانەی کە تووشی خانەدانترین

(١٠٠) هـ. س : ٩٠.

(١٠١) هـ. س : هـ. ل.

نەتەوەو حکومەتەکان بوون کە نمونەی باڵای فەزیلەتە تایبەتەکان بوون، بەبێ زیادەڕۆیی دیمەنێکی تا ئەوپەڕ ترسناک شێوەگیر دەکەن، ئەمەش قوڵترین ورووژانە کە لەهەموو وروژانێکی تر ئازاردەرو نائومێدیکەرەو ئەم جۆرە لەوروژان هیچ ئامانجێك قەرەبووی ناکاتەوە)[١٠٢]، هەر ئەم دیمەنە ئازارهێنەرو نائومێدکەرانە وامان لێدەکەن (لەو دڵتەنگییە کە بەرگەی ناگرین لەوەش کە بەو بیرە ئازاردەرانە دەمانترسێنێ، هەڵبێین و پاشەکشێ بکەین بەرەو ژیانی تاکەکەسی خۆمان کە وای دەبینین باشتر رازیمان دەکات، واتە پاشەکشێ بکەین بەرەو ئەو ئینتمایەی کە ئامانجەکانمان و بەرژەوەندییە تایبەتەکانمان شێوەگیریان کردووە، بە کورتی ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو خۆپەرستییەی کە لەکەناری دەریایەکی هێمندا ئۆقرەی گرتووەو لەوێشەوە بەبێ مەترسی چێژ لەو دیمەنە دوورانە وەردەگرین)[١٠٣].

هیگڵ لێرەدا ناوەستێ و بەرەو ئەوە دەڕوات گەر مێژووش واببینرێت کە قەسابخانەیەکەو خۆشبەختی گەلەکان و حیکمەتی دەوڵەتەکان و فەزیلەتی تاکەکانی تیا سەردەبڕدرێت، ئەوە بەشێوەیەکی بێ ویستانە پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە: ئەو بنەمایە چییەو ئەو دواین ئامانجە چییە کە لەپێناویدا ئەو هەموو قوربانییە زۆرە دەدرێت؟ لای ئەو هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ وەدیهێنانی ئەوەی کە ئەو بەچارەنووسی جەوهەری و ئامانجی ڕەهاو بەرئەنجامی راستەقینەی مێژووی جیهانی ناوی دەبات[١٠٤]، واتە هەموو ئەمانە بۆ ئەوەن دواجار عەقڵ خۆی جڵەوی ئیرادەو کاروکردەوە مرۆییەکان بکات و بەمەش خۆی ببێتە حاکمی جیهانی مرۆیی، هەموو ئەمانە بۆ ئەوەن ئەوەی لە عەقڵدا هەیە بێتە ناو واقیع و لەمێژوودا شێوەگیر ببێت.

ئیرادە بۆ ئەوەی وزە بۆ کارکردن و هەڵسوکەوت کردن بە جەستەو ئاراستەکردنی جەستە وەرگرێت، دەبێت سەرچاوەیەکی وزە هەبێت تا وزەی لێوەرگرێت و ئەوەی لە عەقڵدا هەیە کارەکی بکاتەوە. بۆ ئەوەی ئەو سەرچاوەی وزەیە، وزە بە ئیرادە ببەخشێت، دەبێت ئایدیاڵێکی عەقڵی هەبێت و ببێتە ئامانجی مرۆڤەکانی ناو میللەتێك، ئەم ئایدیاڵەش لە هەر تاکێك لە تاکەکانی ناو ئەو میللەتە دەبێت بەسەر بەخۆ لەوانی تر بوو بێتە ئامانج و ئامانجێك نەبێت کە

(١٠٢) هـ. س : ٩٠.
(١٠٣) هـ. س : ٩٠-٩١.
(١٠٤) هـ. س : ٩١.

کۆمەڵە کەسێك لە ناو کۆمەڵە کەسێکی تردا چاندبێتیان. گەر (من) کەسێك بم لەو کەسانەو هەستم بەو ئایدیاڵە عەقڵییە کرد بێت و بۆ خۆم کردبێتم بە ئامانج ئەمە وام لێدەکات (حەزێکی زۆر گەورەم هەبێت بۆ ئەوەی ئەو وێناکردنە دیاریکراوەی کە بۆ خۆم هەمە لە وێناکردنێکی پەتییەوە بگۆڕێت بۆ ئەوەی کە بوونێکی کردەیی هەیە: ئەمەش لەبەر ئەوەیە حەز بەوە دەکەم بە هۆی ئەمەوە جەخت لەسەر کەسیەتی خۆم بکەمەوەو هەست بە دڵ رازی بوون بکەم لەوەی کە جێبەجێ دەبێت و کردەیی دەبێتەوە، بۆیە دەبێت ئەو ئامانجەی خۆمی بۆ ماندوو دەکەم تەنها ئامانجی من بێت و دەبێت لەهەمان کاتدا تێربوونێکی تایبەتی بە خۆم تیا بێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەش ئەو مەبەستەی کە من لەپێناویدا خۆم ماندوو دەکەم، کۆمەڵە دەرئەنجامێکی زۆر ئاڵۆزی لەخۆگرتووە کە زۆربەیان بۆ من شتێك نین. ئەوە هەتکی رەهای بوونی کەسییە یان یاسای ناکۆتاداری خودە، گەر خود دڵڕازی بوونی تایبەتی خۆی لە چالاکی و کارەکەی خۆیدا بەدی بکات)(١٠٥).

بۆ ئەوەی ئیرادە وزە لەسەرچاوەکەی خۆیەوە وەرگرێت بۆ وەدیهێنانی ئەو ئایدیاڵە عەقڵییە دەبێت وەدیهێنانی ئەو ئایدیاڵە لەلای مرۆڤ ببێتە ئامانجێکی کەسی و ئەو کەسەی لەوەدیهاتنیدا ئەو نیازەی هەیەتی وەدی بێت و بەمەش ئەو حەزەی هەیەتی تێر ببێت و دڵی رازی بکات، ئەوەش کە لە وەدیهاتنی ئەو ئایدیاڵەدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئاواتی خەڵکی تر تیایدا بێتەدی، بۆ ئەو جێی گرنگی نەبێت و ئەو دڵڕازیبوونەوەی ئەوان بەشێك نەبێت لە خەونەکەی ئەو.

ئەم حاڵەتە تەواو پێچەوانەی حاڵەتی ئەو کەسەیە کە دڵڕازیکردنی خەڵکی و کەسانی جگە لە خۆی دەکاتە ئامانجی خۆیی و کار بۆ وەدیهێنانی خەونێك دەکات کە ئەوەی خۆی حەز بە وەدیهاتنی دەکات، لەناو وەدیهاتنی ئەو خەونەدا نییە.

بەهەمان شێوە جیاوازە لەحاڵەتی ئەو کەسەش کە کار بۆ ئەوە دەکات ئەوەی کە کەسانێکی تر وەك خەونێك وەدیدەهێنن لە پێناو ئارەزووە دنیاییەکانی خۆیدا و لە پێناو بەرژەوەندییە دەرکییەکانیدا بیکات بە خەونی خۆی و هەوڵ بۆ وەدیهاتنی بدات. باوادابنێین رۆحی نەتەوە ئەو ئایدیاڵەیە کە لەعەقڵدا هەیەو وەدیهاتنی و شێوەگیربوونی ئەو ئایدیاڵە

(١٠٥) هـ. س : ٩٢.

خەونی کەسێکە، ئەم کەسە هەڵگری تومخمێکە لە تومخمەکانی نەتەوە کە ئایدیاڵی نەتەوەیەو ئەم ئایدیاڵە بۆ ئەوەی عەینی ببێتەوەو لەواقیعدا وەدی بێت پێویستی بە تومخمی دووەمە کە کاروکردەوەی مرۆییە، ئەم کاروکردەوە مرۆییانە بۆ بوونیان پێویستیان بە ئیرادە هەیەو ئیرادەش پێویستی بە سەرچاوەی وزەیەك هەیە، هیگڵ سەرچاوەی ئەو وزەیە بە هەڵچوونە ناوەکییەکان ناودەبات، بەڵام لای ئەو، وشەی هەڵچوونەکان تەواو گونجاو نییە بۆ گوزارشتکردن لەو سەرچاوەی وزەیە، چونکە مەبەستی لێی ئەو چالاکییە مرۆییەیە کە لەبایەخ و خەمخۆرییەکی تایبەت و کەسی دەکەوێتەوە یان لەنیازو مورادێکی تایبەت دەکەوێتەوە، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەشدا کە هەموو وزەو توانایەك و بوونی کەسی ئەو کەسە تەرخان دەبێت بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجانەو بۆ وەدیهاتنی ئەو خەونە، لەکاتێکدا خەونەکانی تر کە لە خۆیاندا ئامانجی گرنگ و بایەخدارن، بەڵام نەك ئەو خەون و ئامانجانە بەڵکو هەموو شتێکی تر لەپێناو ئەو خەونەدا دەکرێتە قوربانی و جگە لەو خەونە هیچ شتێکی تر لای ئەو کەسە بوونی نابێت(١٠٦)، ئەو حاڵەتە کە لە مرۆڤدا حزور پەیدا دەکات دەبێتە چاوگەی وزە بۆ ئیرادەو پێوەی دەبەسترێتەوەو تەنها لەو وزەی پێویست بۆ جووڵەی جەستەو ئەو هەڵسوکەوتانە وەردەگرێت کە لە رێگەی جەستەوە لە واقیعەکەدا دەردەکەون.

حاڵەتی مەمی ئالان لە داستانی مەمی ئالاندا نمونەیەکی باشە بۆ روونکردنەوەی ئەو حاڵەتەی کە هەڵچوونەکان تیایدا پەیدا دەبن و وزە دەبەخشن بە ئیرادە بۆ وەدیهاتنی ئایدیاڵە عەقڵییەکە. مەم و زین لە داستانەکەدا هەر یەکەیان لە مەملەکەتێکی دوور لەویتر دەژی، هەر دووکیان لە شەوێکدا تووشی حاڵەتێکی خەو ئامێز دێن و لەو حاڵەتە یەکتری دەبینن، لێرەدا مەم لەجیهانی عەقڵی خۆیدا زین وەك ئایدیاڵێکی عەقڵی ناو عەقڵی خۆی دەبینیٚ، ئەم بینینە بینینێکی هەستەکی و واقیعی نییە، چونکە بە هەستی بینین و لەناو بینراوەکاندا زەینی نەبووەتەوە لەناو خۆیدا بینیویەتی، کاتێك مەم، زین وەك ئایدیاڵێك لەناو جیهانی عەقڵدا دەبینێت، تووشی عەشق دەبێت و بینینەوەی ئەو ئایدیاڵە لە واقیعدا دەبێتە تاکە ئامانجی ئەو و ئەوەی کە پێش ئەم حاڵەتە لەلای ئەو خەون و ئامانج بووە، بەهۆی بینینی ئەم ئایدیاڵەوە فەرامۆش دەکرێت و بیردەچێتەوە.

---

(١٠٦) هـ. س : ٩٣

مەم وردە وردە حاڵی عەشق دەیگرێت، سەرچاوەی ئەو وزەیە تیایدا دەتەقێتەوە کە وزەی پێویست دەدات بە ئیرادەی ئەو تا بەرەو وەدیهاتنی ئەو ئایدیاڵەو شێوەگیربوونی لە واقیعدا هەنگاوبنێت. لەم حاڵەتەدا پلانی پشتیوانی خوایی لەعەقڵدا ئیرادەی ئەو بەپێی وزەکەی ئاراستە دەکات تا جەستەی وا هەڵسوکەوت پێبکات کە بیگەیەنێت بە بینینەوەی ئەو ئایدیاڵە عەقڵییە لەواقیعدا.

حاڵەتی عەشق ئەو حاڵەتەیە کە ئیرادە چالاك دەکات بۆ ئەوەی جەستە ئاراستە بکات بەرەو وەدیهێنانی ئایدیاڵێکی عەقڵی لەواقیعدا، ئەو تاکەکەسانەی کە وەك مەم لە خۆیاندا پەی بە ئامانجە ناوەکییە عەقڵییەکەی ناو خۆیان دەبەن لەرواڵەتدا وادەردەکەوێت ئەو ئامانجەی کە هەیانە ئامانجێکی تاکەکەسییەو هیچ پەیوەندییەکی بە ئامانجی هەمەکی میللەتەوە نییە. بەڵام ئەحمەدی خانی زۆر بە وردی هۆشیارە بەوەی کە ئەوەی لە مەمدا وەك ئامانجێکی تاکەکەسی خۆی دەنوێنێ لەپشتییەوە ئامانجێکی کۆیی هەیە کە وەدیهاتنی ئایدیاڵی نەتەوەیە لە عەقڵی کۆیی میللەتەدا لە هیولایەکدا کە جەستەیەکی سیاسییەو پێی دەوترێت دەوڵەت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە چۆن لەرێگەی ئامانجێکی تاکەکەسی وەك ئامانجەکەی مەم لە مەمی ئالاندا ئامانجی کۆیی وەك ئەو ئامانجە پەنهانە، کە ئەحمەدی خانی لەرێگەی مەم و زینەوە دەیخاتەڕوو؟ هیگڵ بەوردی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو دەڵێت: (ئەو هەڵچوونە بەپلەی یەکەم لایەنێکی خودییەو پاشان لایەنێکی وێنەیی یان شێوەیی وزەو ئیرادەو چالاکییە، بەشێوەیەك کە ئامانجەکە یان نیازەکە بەنادیاریکراوی دەمێنێتەوە، لێرەدا پەیوەندییەکی هاوشێوە لەنێوان وێنەی بوون و واقیعی بووندا لە بیروباوەڕە تاکەکەسییەکان و راو بۆچوونە کەسییەکان و ویژدانی کەسیدا بوونی هەیە، چونکە ناوەڕۆکی باوەڕی تاك و بابەتی هەڵچوونەکەی بەردەوام مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لەوەدا کە ئەوە ببێت بە بڕیار یەکێك لەوانە خاوەنی سروشتێکی کرۆکی راستگۆیانە بێت، لەبەرامبەر ئەمەشدا گەرچی ئەو سروشتەشی هەبێت، ئەوە دواتر هەر دەبێت بگاتە بوونی کردەیی-واتە هەر دەبێت وەدی بێت)[١٠٧]. لێرەدا هیگڵ ئەوە روونددەکاتەوە ئەوەی عەقڵی و وێنەییە، ئەوە تۆخمە کرۆکی و راستەقینەکەیەو عەقڵ لەناو تاکەکاندا ئەو ئامانجە کۆییەی خۆی کە وەدیهاتنی رۆحی نەتەوەیی میللەتێکە

(١٠٧) هـ. س : هـ. ل.

لەناو دەوڵەتدا لەشێوەی ئامانجێكی تاكەكەسی و راگوزەردا بۆ تاكەكانی ناو ئەو میللەتە دەینوێنێ و ئەوانیش وەك ئامانجێكی تاكەكەسی دەیبیننەوەو عەشقی وەدیهاتنی دەكەوێتە سەریان و بەرەو وەدیهێنانی ئاراستەیان دەكات. رۆحی جیهان یان عەقڵ لەم رێگەیەوە تاكەكەسەكان بەرەو وەدیهاتنی ئامانجێكی كۆیی ئاراستە دەكات كە خۆیان پێی هۆشیارنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی هۆشیارنین، ئەو ئامانجە لەناو ئامانجە بەشەكی و راگوزەرەكەی ئەواندا پەنهانەو لەرێگەی وەدیهاتنی ئەویشەوە نەبێت وەدی نایێت.

بۆ روونكردنەوەی ئەمە دەكرێت نمونەی خولقانی دەوڵەتی عەقڵ بهێنینەوە، لەم جۆرە دەوڵەتەدا (دەوڵەت بە دامەزرانێكی تۆكمە دادەمەزرێت و لەرووی ناوەكییەوە بەهێز دەبێت، گەر بەرژەوەندی تایبەتی هاوڵاتیان لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی دەوڵەتدا ببنەوە بەیەك، بەشێوەیەك هەر یەك لەوان تێربوونی خۆیی و وەدیهاتنە كردەییەكەی لەویتریاندا ببینێتەوە، ئەم مەسەلەیە لەخۆیدا گرنگییەگی زۆری دەبێت، بەڵام هەر دەبێت زۆرێك لە دامەزراوەی ناو دەوڵەت بكەونە سەر پێ، هەر دەبێت زۆرێك لە دامودەزگای سیاسی و هاورێ لەگەڵیاندا كۆمەڵە رێكخستنێكی سیاسی گونجاو دابمەزرێن-ئەمەش كۆمەڵە ململانێیەكی درێژخایەن لە عەقڵ دەخوازێت، تا ئەو رێكخستنە سازو گونجاو و راستەقینانە بدۆزرێنەوە، هەر وەك چۆن ئەوەش دەخوازێت كە جۆرەها ناكۆكی لەگەڵ بەرژەوەندی و هەڵچوونە بەشەكییەكان بوروژێنێ، ئەمەی دواییان رەگداكوتانێكی زەحمەت و بەرەنجی دەوێت تا لە كۆتاییدا سازییە دامەزراوەكە وەدی بێت)[١٠٨].

لەبارەی نائاگایی تاكەكانەوە بە ئامانجە كۆییەكەش هیگڵ دەڵێت: (بەڵام مێژووی مرۆیی لە ئامانجێكی ئاگاییانەوە دەست پێناكات با ئەو ئامانجە هەر چییەكیش بێت، ئەمە وەك ئەو حاڵەتە نییە كە لە بوارە بەشەكییەكاندا هەیەو خەڵكی بەقەست بۆ وەدەستهێنانی مەبەستێك خۆیانی بۆ ئامادە دەكەن، ئەمە تەنها بوونی غەریزەیەكی كۆمەڵایەتییە، واتە بوونی مەبەستێكی ئاگایانەیە كە ژیان و خاوەندارییەتی تایبەت لەخۆدەگرێت. كاتێك بەشێوەیەكی راستەقینە كۆمەڵگا دادەمەزرێت ئەو مەبەستە زیاتر فراوان و سەراپاگیر دەبێت. مێژووی جیهان بە ئامانجە گشتییەكەی دەست پێدەكات كە وەدیهاتنی بیرۆكەی رۆحە، بەڵام ئەو

(١٠٨) هـ. س : ٩٤.

ئامانجە لەوێنە زهنیەکەدا -واتە لەخۆیدا- نەبێت بوونی نییە، واتە بەشێوە سروشتییەکەی یان غەریزییەکەی تا ئەوپەڕ شاراوەو نائاگایانەیە، ڕێڕەوی مێژووش هەمەوو -وەك ئەوەی پێشتر بینیمان- بەو ئاراستەیە دەڕوات کە ئەو پاڵنەرە ناشعورییە وا لێبکات ببێتە پاڵنەرێکی شعوری و ئاگایانە)[١٠٩].

دەکرێت لەسەر نمونەکەی پێشوو مەبەستمان لەنائاگایی تاکەکان بە ئامانجە کۆییەکە کە ئامانجی کۆیی میللەتە بەم شێوەیە روون بکەینەوە: مەم لەداستانی(مەمی ئالان)دا تاکەکەسێکە شوێنی وەدیهاتن و بینینەوەی ئەوە دەکەوێت کە ئایدیاڵییەو وەك ئامانجێکی تاکەکەسی لە خۆیدا پەی پێ بردووە ، لە(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانیدا، مەم نمونەی تاکەکەسی میللەتێکە کە وەدیهێنانی رۆحی نەتەوەیی خۆی کردووە بە ئامانج، خانی لەو ئامانجە دەدوێت کە عەقڵ یان رۆحی جیهان وەك ئامانجێکی کۆیی و وەك رۆحی نەتەوەیی نەتەوەیەك لەناو تاکەکانی ئەو میللەتەدا بەرەنگ و شێوەی جۆراو جۆر بەشەکی دەکاتەوەو ئامانجەکەی خۆی لەوان دەشارێتەوە، ئەوان لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە باڵاکەی خۆیدا بەرەو ئامانجە بە شەکی و کەسییەکەی خۆیان ئاراستە دەکات.

مەم وەك تاکەکەسێك ئاگایی بە ئامانجە کۆییەکە نییەو دوای هەمەوو ململانێی و رووداوەکان پەی بە ئامانجە کۆییەکە دەبات و بۆی ئاشکرا دەبێت. رۆحی نەتەوەیی کورد عەقڵ وەك ئامانجێکی خۆی لەناو تاکەکانی میللەتێکدا بەشەکی دەکاتەوە کە مەم نمونەیەکە لەو تاکەکەسانە. خانی لەرێگەی مەمەوە ئەو رازە کۆییە ئاشکرا دەکات کە رازی وەدیهاتنی رۆحی نەتەوەیی میللەتێکی لەو جۆرەیە لەناو دەوڵەتدا. رۆحی نەتەوەیی کورد بۆ وەدیهاتنی پێویستی بە توخمی دووەمە کەکارو کردەوەی کۆمەڵە تاکێکە کە ئایدیاڵێکی عەقڵی وەك ئەو ئایدیاڵەی کە مەم لە داستانی(مەمی ئالان)دا پەی پێدەبات، وەدی بهێنن و شێوەگیری بکەن، رۆحی نەتەوە لەرێگەی ئەو عیشقەوە خۆی لەو کاروکردەوانەدا شێوەگیردەکات کە هی ئەو کەسەن عاشقی ئایدیاڵێکی لەو جۆرەیە. ئایدیاڵ و عیشق و ئیرادەی ناو ئەو تاکانەی میللەت، هۆکاری وەدیهاتنی شێوەگیربوونی رۆحی نەتەوەیە لەناو دەوڵەتدا (ئەو کۆمەڵە بێ شومارەی هۆکارەکان و بەرژەوەندی چالاکییەکان، ئەو هۆکارو وەسیلانە پێکدەهێنن کە رۆحی جیهان بۆ

---

(١٠٩) هـ. س : هـ. ل.

گەیشتن بە ئامانجەکەی بەکاریان دەهێنێ، ئەمانە رۆحی جیهان دەگوزانەوەو وای لێدەکەن کردەییانە وەدی بێت، ئەو ئامانجەش هیچ نییە جگە لە رێنوێنیکردنی رۆحی جیهان بۆ خۆیی و گەڕانەوەی بۆ خۆی و تێڕامان لە خۆی لەبوونە عەینییەکەیدا)[110]، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەو چالاکییە زیندوانەی کە لە میللەت و تاکەکەسەکانی دەرکەوت دەکەن و ئەوان بەهۆیانەوە دەگەن بە ئامانجە تایبەتەکانی خۆیان، لەهەمان کاتدا وەسیلەو هۆکارن بۆ ئامانجێکی بالاترو گەورەتر، کە ئەوان هیچی لەبارەوە نازانن و بە شێوەیەکی نائاگاییانە وەدی دەهێنن، ئەمەش سەلماندنی ئەو بیروباوەڕەیە کە عەقڵ حوکمی جیهان دەکات و دواتریش حوکمی مێژووی جیهانیش دەکات.

### ٤-٤-٢/٢) رۆحی نەتەوەو دەوڵەت

دوای ئەوەی لە ئایدیاڵی نەتەوەو کارای وەدیهێنەری ئایدیاڵی نەتەوە دواین، ئەوەمان روونکردەوە کە نەتەوە پێش هەموو شتێ ئایدیاڵێکی عەقڵییەو ئەو ئایدیاڵە توخمی یەکەمەو پێویستی بە توخمێکی ترە تا لە عەقڵەوە بیگوازێتەوە بۆ واقیع، ئەوەشمان روونکردەوە کە توخمی دووەم کاروکردەوە خودییەکانی تاکەکەسەکانی ناو میللەتەو ئەوەش کارای ئەو گواستنەوەیەیە ئیرادەی تاکەکەسەکانە کە عەقڵ بەبێ ئاگایی ئەوان ئاراستەی پێدەدات بۆ وەدیهێنانی ئەو ئایدیاڵە لە هیولایەکدا. لەوەش دواین کە ئەو هیولایە جەستەی کۆیی میللەتە، لێرە بەدواوە دەبێت لەو خولقاوە بگەین کە لەو پرۆسەیە دەکەوێتەوە، واتە لەو ئامانجەی عەقڵ بدوێین کە دەیەوێت رۆحی نەتەوە پێی بگات، لای هیگڵ ئەو ئامانجە ئەو جۆرە لە دەوڵەتە کە ئایدیاڵەکەی رۆحی نەتەوەیە.

بۆ ئەوەی دەوڵەتی عەقڵ بخولقێت و لەواقیعدا دەرکەوێت، دەبێت دوو ئایدیاڵ و دوو هیولاو دوو ئامانج و دوو کارامان هەبن، تاکەکان ئایدیاڵ و هیولاو ئامانج و کارای خۆیان هەیە کە هەموویان خودی و کەسین، عەقڵیش ئایدیاڵ و هیولاو ئامانج و کارای خۆی هەیە کە کۆیین و خودی نین. دەوڵەت کۆبوونەوەو یەکبوونی ئەوەیە کە خودییە لەگەڵ ئەوەی کە عەقڵییە.

---

(١١٠) هـ. س : ٩٥.

هەر تاکێك لە تاکەکانی ناو میللەت هەڵگری ئایدیاڵێکی خودی و کەسییە، ئەم ئایدیاڵەش لەگەڵ ئەو تواناو ئیرادەیەدا سازە کە لەناویدا هەیە، هەر یەك لەو تاکانە دەبێت ئەو ئایدیاڵە عەقڵییە خودییەی ناو خۆی پەی پێببات و ببێتە ئامانج لەلای و هەوڵی وەدیهێنانی بدات لە زەمینە واقیعییە گشتییەکەی میللەتدا، ئەوەی کە خەونی تاکەکەسی ئەوەو لەناویدا بوونی هەیەو لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی نەگوێزراوەتەوە، ئەو ئایدیاڵەیە کە لە دوای بەتاڵبوونەوەی لەوەی کە لەدەرەوەی خۆیەوە هاتووەو بووەتە ئامانج، بۆی دەردەکەوێت. دوای دەرکەوتنی ئەم ئامانجە خولیای وەدیهاتنی ئەو ئامانجە دەکەوێتە سەری ئەو کەسەی کە پەی پێ بردووە. ئەم کەسە هەست دەکات وەدیهاتنی ئەو ئامانجە تاکە شتێکە کە دڵی رازی بکات و مانا بدات بە ژیانی.

ئەو عیشقەی کە بۆ ئەو ئایدیاڵە لەناو ئەو کەسەدا پەیدا دەبێت، ئەو وزەیەی کە لەناویدا شاراوەتەوەو وەك وزەیەکی متبوو هەیە وای لێدەکات لەو متبوونە دەرچێت تا ئیرادەی ئەو تاکە لەوەدیهێنانی ئامانجەکەدا بەکاریبهێنێ. ئەوەی لەناو خۆیدا وەك خەونی راستەقینەی خۆی پەی پێدەبات و لەلای دەبێت بەو خەونەی کە شایەنی ئەوەیە بۆی بژی، ئایدیاڵە خودییەکەیە. ئیرادەی کەسەکەش کاراکەیەو جەستەی کەسەکەش هیولاکەیە کە ئایدیاڵەکە لە جووڵەو کاروکردەوەکانیدا شێوەگیر دەکات ، ئەو ئامانجەش کە وەدی دێت، ئەو کەسیەتیەیە کە لەمێژووی وەدیهاتن و شێوەگیربوونی ئایدیاڵەکە دەکەوێتەوەو تاکەکەسەکە بوونی خۆی تیا دەبینێتەوەو دڵی پێی رازی دەبێت. کاتێك دڵی ئەم کەسەش رازی دەبێت کە ئەوەی لێی وەدیهاتووە خۆی بێت، واتە ئەو ئەوە بێت کە پێی رازییە خۆی بێت و جگە لەویش بە هیچی تر رازی نەبێت کە خۆی نەبێت.

هەر تاکێك لە تاکەکانی ناو میللەت کە دواتر دەبنە تاکی پێکهێنەری دەوڵەتی عەقڵ، دەبێت لەناو خۆیاندا پەی بەبوونی خۆیان وەك ئایدیاڵێك ببەن و پاشان ژیانی خۆیان هەموو لەپێناو ئەوەدا بەرنەسەر، بتوانن بەرەو ئەوە بڕۆن بین بەوەی کە لە خۆیاندا بینیویانەتەوە. بەم پێیە هەر تاکێك لەم تاکانە تەنها بەوەوە سەرقاڵ دەبێت کە لەناو ئەودا لەخۆیدا بوونی هەیەو لەسنووری سەرقاڵ بوونی بە وەدیهاتنی ئەو بوونەی خۆیەوە لەگەڵ تاکەکەکانی تردا دەکەوێتە ناو پەیوەندییەوە. ئەو لەگەڵ هیچ تاکێك لە تاکەکان ئامانجێکی هاوبەشی نییە کە پێکەوە کار بۆ وەدیهاتنی بکەن، هەر یەك لەوان تەنها ئامانجە کەسییەکەی خۆی دەبینێ و کاری بەسەر

ئامانجی تاکەکانی ترەوە نییەو هەر یەکە بەرێگای خۆیدا دەڕوات و ئایدیاڵ و کاراو هیولاو ئامانجی خۆی هەیە، هەر یەك لەم چوار توخمە، خودی و تاکەکەسین و کۆیی نین.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: ئەگەر هەر یەك لەو تاکانە بەرێی خۆیدا بڕوات و ئامانج و خەونێکی هاوبەش کۆیان نەکاتەوە، چۆن کۆمەڵگاو میللەت و نەتەوە دێتە ئاراوە؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست کەوێت، دەبێت باس لە ئایدیاڵی عەقڵی کە رۆحی نەتەوەیە لەگەڵ ئیرادەی کۆیی و هیولای کۆیی و ئامانجی کۆیی بکەین، بۆ ئەمە گرنگە بگەڕێینەوە بۆ(مەملەکەتی خوا)ی لایبێنتزو دواتر بگەڕێینەوە بۆ هیگڵ.

لای لایبێنتز هەر مۆنادەیەکی عاقڵ لە مەملەکەتی خودا تەنها جیهانی ناوەکی خۆی دەبینێ و جیهانی ناوەکی ئەویش هەمان مەملەکەتی خودایە، بەڵام لە گۆشەنیگای ئەوەوە، واتە لەو خاڵەوە کە ئەو بوونی لەناو مەملەکەتەکەدا هەیەو بەپێی ئەوەش هەڵسوکەوت دەکات کە لەناو جیهانە ناوەکییەکەی خۆیدا پەی پێدەبات. واتە ئیرادە پەیوەستە بەو ئاماژانەوە کە لەوێ بۆی دەردەکەون و ئیرادە رێنوێنی دەکەن تا لەو مەملەکەتەدا جەستەی لە ناو واقعەکەدا ئاراستە بکات.

ئەو سیستەمەی کە مۆنادە عاقڵەکان لە مەملەکەتی خودا پەیڕەوی دەکەن، وەك ئەو سیستەمە ئاسمانییە وایە کە ئەستێرەکانی ناو گەردوون پێی دەجوڵێنەوە هەر یەك لەو ئەستێرانە بەبێ حیساب کردن بۆ ئەستێرەکانی تر بەرێگای خۆیدا دەڕوات و ناشبێتە بەربەست لەبەردەم هیچ ئەستێرەیەکی تردا، ئەمەش بەپێی لایبێنتز هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیستەمی جوڵەی ئەستێرەکان بەشێوەیەکی پێشینە رێکخراوەو وا رێکخراوە کە هەر یەکەیان بەرێگەی خۆیدا بڕوات و نەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەوانی تردا.

مرۆڤەکانی ناو جیهان وەك ئەستێرەکان نین کە ئیرادەو ئیختیاریان لەدەستی خۆیاندا نەبێت، هەر مرۆڤێك دەتوانێت ئاوا هەڵسوکەوت بکات کە ببێتە بەربەست لەرێگەی کەسانی تردا یان واز لەوە بێنێ کە خۆی حەزی لێیەتی و بەبەرژەوەندی خۆی دەزانێت تا نەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەوانی تردا، جگە لەمەش وا دیارە کە کۆبوونەوەی کۆمەڵە مرۆڤێك پێکەوەو لەناو ژیانی پێکەوەیی خوازراودا زەحمەت بێت، چونکە ناکرێت، هەموو کاتێك تاکەکانی ناو ئەم کۆمەڵە لە دۆخێکدا بن کە هەمووی پێی رازی بن و کەس ناڕەزایی نەبێت. لە ژیانی پێکەوەییدا بەردەوام کۆمەڵێك لە دۆخێکدا رازی دەبن و دەگەن بەوەی کە

دەیانەوێت، بەڵام کۆمەڵێکی تر ناڕازی دەبن و حەزو خواستەکانیان دەبن بە قوربانی، ئەمە وا دەکات کە ژیانی پێکەوەیی بەو شێوەیە ژیانێکی دروست بێت کە هەر کەسێك لە کەسەکانی ناو ئەو ژیانە پێکەوەییە هەندێك لە حەزو خواستەکانی لەپێناو بەدەستهێنانی هەندێکی تر لە حەزو خواستەکانی بکاتە قوربانی، چونکە لە ژیانی پێکەوەیدا مومکین نییە حەزو خواستەکان هەموویان ئاوا پێیان بگەین کە خۆمان دەمانەوێت، ئەم بۆچوونە زۆرێك لە کۆمەڵناسان و دەروونناسان و رای گشتی لەسەری کۆکن(١١١).

لایبێنتزو هیگڵ بەپێچەوانەوەی ئەم بۆچوونەوە پێیان وایە مرۆڤ توانای ئەوەی تیایە کە بەژیانێکی پێکەوەیی بژی و قوربانی بە خواستەکانیشی نەدات، بەمەرجێك ئەو خواستانە لەدەرەوەی خۆیەوە بۆی نەهات بن و بەو بێگانە نەبن و ئەو خواستانە بن کە لەناو خۆیدا دوای بەتاڵبوونەوەی لەخواستە دەرەکییەکان دەرکەوتبن.

کاتێك تاکەکانی ناو کۆمەڵگایەك هەر یەکەیان خواستە هاتوو و چێنراوەکانی ناو کۆمەڵگاکەی رازی ناکات و لەناو خۆیدا خواستە راستەقینەکەی خۆی دەدۆزێتەوەو پەی بە ئایدیاڵە عەقڵییەکەی دەبات و بەمەش وەدیهاتنی دەکاتە ئامانجی خۆی و دەکەوێتە سەر رێی خۆیی، بەمە دەکەوێتە ناو ئەو پلانە خواییەوە، کە بەبێ ئەوەی بە پلانەکە هۆشیاربێت بەرەو مەملەکەتی خوا یان بەزاراوە هیگڵییەکەی بەرەو دەوڵەتی عەقڵ هەنگاوی پێ هەڵدەنێت و دەبێتە هۆکارێك لەهۆکارەکان. عەقڵ ئەوان بۆ وەدیهێنانی ئایدیاڵی کۆیی میللەت کە رۆحی نەتەوەیە بەکاردەهێنێ، هەر یەك لەو تاکانە بە وەدیهێنانی خواستە عەقڵییەکەی خۆیەوە سەرقاڵە، بەڵام هەموویان پێکەوە بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن کە رۆحی نەتەوە لەدەوڵەتدا شێوەگیری دەکات، ئەوەی ئەوان وەك خەون و خواستێکی تاکەکەسی بۆ خۆیان وەدی دێنن، عەقڵ وەدیهێنراوەکانی ئەوان لەوەدیهێنانی ئامانجەکەی خۆیدا کۆیی دەکاتەوەو ئەوەی لە هەر تاکێك وەدی دێت، وەك زەمینەیەك دەیخاتە بەردەم تاکەکانی ترو بەمە لە وەدیهێنانی ئایدیاڵەکەی خۆیاندا کۆمەکیان دەکات.

ئەوەی کە پەیوەندی نێوان تاکەکان رێکدەخات رێککەوتنی تاکەکان نییە لەسەر ئامانجێك، بەڵکو ئەو عەقڵە بەپێی ئایدیاڵە خودییەکەی ئەوان، بەبێ ئاگایی خۆیان رێنوێنیان دەکات،

---

(١١١) بڕوانە: بۆچوونەکانی سیگمۆند فرۆید و گۆستاف لۆبۆن لە: سجموند فروید، علم النفس الاجتماعي و التحليل الانا، ت: جرج طرابيشي، طبعة الاولى، دار لاطليعة، بيروت، ١٩٧٩،ص ٨-٣٠.

هەڵسوکەوت و کاروکردەوە خودییەکانیان بۆ یەکتری دەکاتە کۆمەك لەوەدیهاتنی خواستە عەقڵییەکاندا. عەقڵ لێرەدا بەو قەدەرە پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕێکدەخات کە ئەو ئایدیاڵە کۆییە لە پەیوەندییەکانیاندا شێوەگیر ببێت کە ڕۆحی نەتەوەیی میللەت دەخوازێت لەناو دەوڵەتدا شێوەگیری بکات. دەوڵەت ئەو کەسیەتیەیە کە ئایدیاڵەکەی لەناو منی کۆیی میللەتدایەو میللەت خۆی وەك تاکێکی کۆیی لەناویدا بەدی دەکات و هەموو ئیرادە تاکەکەسییەکانی ناو خۆی وا بەرەو بەدیهێنانی ئایدیاڵ کەسییەکانیان ئاراستە دەکات کە دواجار لەشێوەی دەوڵەتدا کەسایەتی خۆی بەدی بێت و وەك تاکێکی کۆیی رازی ببێت بە کەسیەتی خۆی لەناو کەسیەتی نەتەوەکانی تردا، لێرەدا خواستەکانی عەقڵ و خواستەکانی تاکەکان پێکەوە بەدی دێن و وەدیهاتنی هەر یەکەیان وەدیهاتنی ئەویتریانە.

ئەو تاکانەی کە هەر یەکەیان لەگەڵ بوونی بەوەی کە لەناو(من)ەکەیدا هەیەو دەیەوێت ببێتە بەردێك لەبەردەکانی ئەو باڵەخانەیەی کە هیگڵ بەدەوڵەت ناوی دەبات، ڕێگای خۆی گرتووەتە بەرو عەقڵ وەك یەکەیەکی ناو مەملەکەتەکەی خۆی ئاراستەی دەکات. ئەو پێداویستیانەی کە بۆ وەدیهێنانی کەسیەتییەکەی خۆی پێویستیەتی لەناو تاکەکانی تردایە، بەڵام ئەو پێداویستیانە وای لێناکات ڕێگاکەی خۆی بەرداو ڕێگایەکی تر بگرێتەبەر بۆ ئەوەی پێداویستییەکەی خۆی کە لە تاکەکانی تردا هەیە بەدەست بهێنێ. ئەو گەر ڕێگاکەی خۆی بەرنەدات لەکاتی پێویستی خۆیی و شوێنی پێویستی خۆیدا ئەو پێداویستیانەی دەست دەکەوێت، چونکە عەقڵ بۆ وەدیهێنانی ئامانجە کۆییەکەی خۆی، ئەو تاکانە بەو ڕێگایەدا دەبات کە ئەوەی بۆ وەدیهێنانی خواستە عەقڵییەکەیان پێویستیانە، بێتە سەر ڕێگایان.

تاکەکەسەکانی ناو گەردوونی عەقڵ هەر یەکەیان لەسەر خولگەکەی خۆی ڕێ دەکات و ئەوەی بۆ بڕینی ڕێگاکە پێویستیەتی دێتە سەر ڕێگاکەی گەر بەپێی ئەو ئاماژانە ئاراستە وەرگرێت کە لە جیهانە ناوەکییەکەی خۆیدا بۆ ڕێنوێنیکردنی دەردەکەون. گەردوون ورۆح وتاکەکانی ناو ئەوگەردوونە، جیاوازن لەگەردوونی سروشت و ئەستێرەکانی ناوی، لەوێوە کە گەردوونی سروشت گەردوونێکی شوێنی و مادییە، بەڵام گەردوونی ڕۆح گەردوونێکی کاتی و ڕۆحییە(١١٢)، گەر ئەستێرەکان بەحوکمی ئەوەی بوونەوەری ماددی و شوێنین، پێداویستییەکانیان

(١١٢) بڕوانە: هـ. س : ١٤٦.

لەناو یەکتردا نەبێت و ئەمە وای کردبێت ئەوە پێویست نەکات بەناو یەکدا تێپەڕبن و هەر یەکیان لەسەر ڕێگاکەی خۆی بەر ئەویتر بکەوێت، ئەوا لە گەردوونی ڕۆحدا هەر تاکێك بۆ وەدیهاتنی خواستەکەی خۆی لەسەر ڕێگای خۆی دەڕوات، بەڵام بەپێی ئەو پێداویستیانەی کە هەیەتی بەر تاکەکانی تر دەکەوێت، واتە هەر تاکێك لە تاکەکان لەسەر ڕێگاکەی خۆی تووشی تاکەکانی تر دەبێت بەپێی ئەو پێداویستییانەی کە لەمدا بۆ ئەوان و لەواندا بۆ ئەم هەن و بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکەیان پێویستیانن. لێرەدا هەر تاکێك بەبێ ئەوەی لەسەر ڕێگەکەی خۆی لابدات بەناو ئەوانیتردا دەڕوات و ئەوەی پێویستیەتی لەوان وەریدەگرێت بەبێ ئەوەی ویستی پێدانی یان پێنەدانی هەبێت، هەر وەك چۆن کەسێك بە ڕێگایەکدا دەڕوات تا بگاتە شوێنێك ئەوەی لە دەوری ڕێگاکەدا تووشی دەبێت دەبێتە ئاماژە بۆی بەبێ ئەوەی ئەو شتە خۆی بۆ ئەوە لەوێدا بێت کە ئاماژەی پێبدات و ڕێنوێنی بکات یان ئاماژەی وەهمی پێبدات و ڕێگای لێبزر بکات. ڕۆحی نەتەوە کاتێك لە دەوڵەتدا شێوەگیر دەبێت و واقیعی دەبێتەوە کە تاکەکانی میللەت هەر یەکە ڕێگای خۆی دۆزیبێتەوەو بەرێگای خۆیدا ڕۆشتبێ و هۆشیاری بەو سیستەمە عەقڵییە پەیدا کرد بێت کە پەیوەندی هەر یەکەیان بەویتریانەوە ڕێکدەخات و دەیانکات بە زەمینە بۆ وەدیهاتنی بوونیان، بەمەش هەر یەکەیان لەتاکی ناو میللەتەوە دەبنە تاکی نەتەوەو ڕۆحی نەتەوە کەسیەتەکەی خۆی وەك کەسیەتییەکی کۆیی لە ڕێگەی کەسیەتی ئەوانەوە وەدی دێنێ و دەرکەوتەکانی خۆی دەخاتەڕوو.

### ٥-٤-٢/٢) ڕۆحی نەتەوەو دەرکەوتەکانی

ڕۆحی نەتەوە کە ئایدیاڵی ناو عەقڵی کۆیی میللەتێکە، کاتێك لەدەوڵەتدا شێوەگیر دەبێت کە خۆی لە کۆمەڵە دەرکەوتەیەکدا ئاشکرا کرد بێت، کۆی ئەو دەرکەوتانە کولتوری نەتەوە پێکدەهێنن، کولتوری نەتەوە بەوە کولتوری نەتەوەیە کە ڕۆحی نەتەوە ئایدیاڵەکەی بێت و لەرێگەیەوە لەخۆشێوەگیرکردن نەوەستێت و حزورێکی بەردەوامی لەناو هیولای ئەو کولتورەدا هەبێت.

کولتور لێرەدا ئەوە نییە کە لە مێژووی میللەتێکدا پێشتر بەهۆی شێوەگیربوونی ڕۆحی نەتەوە لە چەند دەرکەوتەیەکی پەرت و بڵاودا دەرکەوتووەو بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری تیا کراوەو ماوەتەوە، بەبێ ئەوەی ڕۆحی نەتەوە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لەناویدا حزوری هەبێت.

کولتوری نەتەوە ئەوەیە کە لە ساتی شێوەگیربوونی رۆحی نەتەوەدا لە زەمەنی ئێستادا دێتە ئاراوە، پەیوەندی ئەو کولتورەی کە بەهۆی ئەو شێوەگیربوونەوە لەئێستادا دەخولقێت لەگەڵ ئەو کولتورەی کە لەرابردودا بەهۆی شێوەگیربوونی هەمان رۆحی نەتەوەوە وەدی هاتووەو رۆحی نەتەوە حزوری لەناویدا نەماوەو بەهۆی ئەمەشەوە نەوە بە نەوە گوێزراوەتەوە، تەنها ئەوەندەیە کە هەر دووکیان لەبەرئەنجامی شێوەگیربوونی هەمان رۆحی نەتەوەییەوە وەدی هاتوون. کولتوری زیندووی نەتەوەش ئەوەیە کە رۆحی نەتەوە حزوری تیادا هەیەو لە پرۆسەی خولقاندا بەردەوامە.

لەلایەکی ترەوە ئەو کولتورەی کە ماوەتەوەو بەپێی پێداویستییە دەرەکییەکانی خەڵك گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەرێگەی حزوری رۆحی نەتەوە لەکولتوری دەرکەوتووی ئێستادا لەو لادان و شێواندنە دەرباز دەکرێت و وا پەی پێدەبرێت کە لە زەمەنی خولقانیدا پەی پێبراوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئەو کولتورە دەرکەوتووی هەمان رۆحە لە سەردەمێکی بەسەرچووداو تەنها بەهۆی حزوری ئەم رۆحەوە وەك ئەوەی کە پێشتر هەبووە پەی پێدەبرێتەوەو لەتێنەگەیشتن و نادیاری رزگار دەکرێت و دەبێتەوە بەبەشێك لە هیولای شێوەگیربوونەوەی رۆحی نەتەوە لە زەمەنی ئێستادا.

دەوڵەت زەمینەی راستەقینەی ئازادی تاکەکانە، واتە ئەو زەمینەیە کە لەو رێگرو بەربەستانە پاك بووەتەوە رێگرن لەبەردەم ئەوەدا ئەو ئایدیاڵەی لە تاکەکەسدا هەیە یان ئەو خواست و خەونانەی تاکەکەس هەیەتی وەدی بێن. ئەمەش لەرێگەی ئەو پەیوەندیانەی تاکەکانی ناو میللەت بە یەکترەوە دەبێت، کە روحی نەتەوە بەبێ ویست و ئاگایی تاکەکان سازیان دەکات، بەبێ ئەوەی لەم پەیوەندیانەدا هیچ تاکێك لەرێگەی خۆی لابدات و لەناو خۆی و لەگەڵ خۆی نەبێت و لەخۆی و ئامانجەکەی دابڕێت.

عەقڵ بەم رێگایە واتە لەرێگەی ئەم پەیوەندیانەوە رۆحی نەتەوە لەکۆمەڵە دەرکەوتەیەکی جۆراوجۆردا شێوەگیردەکات، بۆ دەرکەوتکردنی ئەم دەرکەوتانە، یەکبوونێکی جەوهەری لەنێوان رۆحی نەتەوەو ئەوەی کە خودی و تاکەکەسییە پێویستەو بەبێ ئەم یەکبوونە رۆحی نەتەوە لە کۆمەڵە دەرکەوتەیەکدا ناتوانێت دەرکەوت بکات، (ئەو یەکبوونەش ئەو دەوڵەتەیە کە هەیەو پاشان بنچینەو چەقی توخمە عەینیەکانی تری ناو ژیانی هەر میللەتێکە: واتە بنچینەو چەقی هونەرو یاساو ئاکارو ئاین و زانستە، چالاکی رۆحیش هەمووی جگە لەو ئامانجە هیچی تری لەباردا نییە. ئەو رۆحە دەبێت وای لێبێت هۆشیار بێت بەو یەکبوونە، واتە هۆشیار بێت بە

ئازادییە تایبەتەکەی)[113] . گەر رۆحی نەتەوە خۆی لە کارە هونەرییەکان و یاساو ئاکارو ئاین و چالاکییەکانی تری میللەتدا ئاشکرا بکات و دەوڵەتیش ئەو جەستەیە بێت کە ئەو دەرکەوتانەی تیا عەینی دەبێتەوە، ئەوە رۆحی نەتەوە حزوری بەردەوامی لەکۆی جەستەی دەوڵەتدا هەیەو لەشێوەی کەسایەتییەکی تایبەتدا لێیەوە خۆی دەخاتەڕوو، بەمەش دەرکەوتە هەمەجۆرەکان هەموویان یەك بنەمایان دەبێت و هەموویان رۆح نوێنن و رۆحیش لەناو ئەواندا شوناس و هەرخۆیەتییەکەی خۆی پاراستووە. هەر ئەو چۆنایەتییەی دەرکەوتکردنی رۆحیشە لە دەرکەوتەکاندا وادەکات ئەدەبیات و هونەرو ئاین و دەستووری نەتەوەیەك جیاواز بێت لە هی نەتەوەیەکی تر.

کۆی دەرکەوتەکانی وەدیهاتنی رۆحی نەتەوە، وەك ئایدیاڵێکی کۆیی، عەقڵ شێوەگیر دەکەن و بەمە یەك پێکهاتەی هەمەکیان لێ دێتە ئاراوە، کە کەسیەتی نەتەوە لە جەستەی دەوڵەتدا دەخاتەڕوو، (ئەو بنەما گشتییەی کە تەجەللی دەکات و لەدەوڵەتدا دەبێتە بابەتی هۆشیاری، واتە ئەو وێنەیەی کە هەموو ئەوە لە خۆدەگرێت کە دەوڵەت دەیگرێتەوە، بازنەیەکی تەواوە لەو دەرکەوتانەی کە کولتوری نەتەوەیەك لەنەتەوەکان پێکدەهێنێت، بەڵام ئەو جەوهەرە دیاریکراوەی کە وێنە هەمەکییەکە وەردەگرێت و دەوڵەتیش وەك  ئەوەی کە لەو واقیعەدا عەینییە  قبوڵی دەکات، رۆحی میللەت خۆیەتی. رۆحی میللەت ئەوەیە کە ژیان دەخاتە ناو دەوڵەتی راستەقینەو هەموو کاروبارە بەشەکییەکانی: شەڕەکان و دامەرزاوەکان...هتد، بەڵام مرۆڤ هەر دەبێت بەهەمان شێوە بگاتە قۆناغی وەدیهاتنی هۆشیاری بەو رۆحەی خۆیی و بەسروشتە جەوهەرییەکەیی و شوناسە رەسەنەکەی. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا کە ئاکاری کۆیی یەکبوونی ویستی خودی و ویستی هەمەکییەو هەر دەبێت زەین هۆشیارییەکی بێ پەردە بەمە پەیدا بکات، تیشکۆی ئەو هۆشیارییە یان ئەو مەعریفەیەش، ئاینە. بەڵام هونەرو زانست هیچ نین جگە لە دوو شێوەی هەمەڕەنگی ئە و ناوەڕۆکە خۆی)[114] .

هیگل ئاین تەنها بەدەرکەوتەیەك لەدەرکەوتەکانی رۆحی نەتەوە لەجەستەی دەوڵەتدا نازانێ، ئاین بەخاسیەتێکی جەوهەری دەوڵەت دەزانێت هەروەك چۆن دیکارت بیرکردنەوە بە خاسیەتی جەوهەری (من)و کشان بە خاسیەتی جەوهەری ماددە دەزانێت، لای ئەو ئاین وەك

(١١٣) هـ. س، هـ. ل.

(١١٤) هـ. س : هـ. ل.

خاسیەتێکی جەوهەری رۆحی نەتەوە، جەوهەرو ماهیەتی دەوڵەتە، (دەوڵەت لەسەر ئاین دادەمەزرێت و رەگەکانی بەقوڵی بەناویدا رۆچوون، واتە لەبنچینەوە دەوڵەت لە ئاین کەوتووەتەوە، ئەو گەردانکردنەش تا ئێستا بەردەوامەو لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت و ناوەستێت، واتە بنەماکانی دەوڵەت پێویستە وا سەیریان بکرێت کە لە خۆیانداو بۆ خۆیان دروستن، ئەمەش مومکین نابێت مەگەر بەو سیفەتە لەو بنەمایانە بڕوانین کە درەوشانەوە دیاریکراوەکانی سروشتی خوایین)[115].

لای هیگڵ شێوەی ئاین شێوەی دەوڵەت دیاریدەکات، بەڵام ئاین لای ئەو، ئەو زەمینە رۆحییەیە کە ئایدیاڵ بەهۆیەوە لە واقیعی مرۆیی مرۆڤدا شێوەگیر دەبێت و دەردەکەوێت، گەر لەم روانگەیەوە سەیری حالەتی مەم لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا بکەین، ئەوە عاشق بوونی بەو ئایدیاڵەی کە لەناویدا لەشێوەی زیندا خۆی نواندووە، گرتنەبەری رێگای ئاینە، بوون لەناو ئایندا لەو قۆناغەدایە کە مەم لە عیشقی ئەوەی کە لە زیندا دەیبینێتەوە بەرەو عیشقی هەمان شت دەڕوات لەدەرەوەی زیندا، لێرەوەیە مەم دەبێت بەکەسێکی خواپەرست.

ئاین و بوون لەناو حاڵێکی ئاینیدا جیاوازە لە ئاین وەك رێورەسمێکی مەزهەبی کە لە منالییەوە لەناو خەڵکدا دەچێنرێت، لەم بارەیەوە هیگڵ دەڵێت: (گەر ئەو بانگەوازەو ئەو پێداگرتن و هەوڵەی کە دەدرێت بۆ ئەوەی ئێمە ئاین لە دڵی کۆمەڵگادا بچێنین و ئاینیش تەنها هاواری نیگەرانییەك بێت کە داوای فریاکەوتن بکات و زۆرجار وا دەربکەوێت کە گوزارشت لەنەمانی ئاین بکات، یان لە دەوڵەتدا بوونی تەواو لە لێواری بزربووندا بێت، ئەمە لەواقعدا دەکرێت شتێکی ترسناك بێت، لەوانەیە زۆر خراپتر بێت لەوەی کە ئەو هاوارە گوزارشتی لێدەکات، ئەو هاوارە ئەوە لە خۆدەگرێت کە ئیمانمان بە پەناگایەك هەبێت دژی خراپە، ئەویش چاندنی ئاینە، لەکاتێکدا ئاین هەرگیز شتێك نییە کە بەو شێوەیە بەرهەم بێت، بەڵکو بەرهەمهێنانی بۆ خۆی -کە ناکرێت بەشێوەیەکی تری جگە لەمە بێت- لەوەدا پەنهانە کە لەمە قوڵترە)[116].

ئاین ئەوە نییە کە کۆمەڵگا لەناوماندا دەیچێنێت، ئەوەیە کە لە پەیبردن بە ئایدیاڵەکەی لەناو خۆمان و تووشبوونمان بە عـیشقی ئەو ئایدیاڵە تێیدەکەوین و سەرەتا ئەو ئایدیاڵە لە

(١١٥) هـ. س : هـ. ل.

(١١٦) هـ. س، هـ. ل.

خواستێکی کەسیدا دەبینینەوەو دواتر بەرەو ئەوە دەڕۆین کە هەمەکی و خواییەو هەر بەمەش دەکەوینە ناو ئاینەوە.

لەناو ئەو حاڵەتە ئاینییەدا (ئەو رۆحەی کە بەسەر دیاریکردنە دنیایی و کاتییەکانی بووندا بەرز دەبێتەوە وای لێدێت هۆشیار بێت بە رۆحی رەها. لەو هۆشیارییەشدا بە بوون کە بە خۆی هەیە، دەستبەرداری خەمە بەشەکییەکان و بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی دەبێت و لەپێناو حاڵەتی تێڕامان و خشوعدا دەیانخاتە لاوە، کە ئەمەش حاڵەتێکی زەینییەو تیایدا وا دەبێت کە خۆی بەهیچ شتێکی بەشەکی یان دیاریکراوەوە سەرقاڵ نەکات)(١١٧).

ئاین لێرەدا کۆمەڵە رێورەسمێکی رەق و تەق نییە کە رۆژانە دووپاتیان بکەینەوە، ئاین هۆشیارییەکی باڵایە بەوەی کە لەناو ئێمەدا خواییەو سازکردنی خۆمانە بۆ ئەوەی لەرێگەی ئێمەوە دەرکەوت بکات و خۆی بخاتەڕوو، بەبێ رۆحانیەتێکی کۆیی ئاوا (بنەماکان و دامەزراوەکانی (دەوڵەت) وایان لێدێت کە بەبێ مەڵبەندێکی راستەقینە بمێننەوە)(١١٨).

دەرکەوتەکانی رۆحی نەتەوە بەئاینیشەوە کە دەرکەوتە جەوهەریەکەیەتی، کەسیەتی نەتەوە لە واقیعدا پێکدەهێنن، هەر میللەتێك کە تاکەکانی بەرەو ئەو ئایدیاڵە بڕۆن کە لەناو خۆیاندا هەیە، رۆحی ئەو میللەتە لەناویاندا ئامادە دەبێت و میللەتەکە لەنەتەوەیەکدا شێوەگیر دەکات و دواتریش ئەو رۆحە لە کۆمەڵە دەرکەوتەیەکدا لەدەوڵەتێکدا خۆی ئاشکرا دەکات.

رۆحی هەر نەتەوەیەك کە لەناو دەرکەوتەکانی دەوڵەتەکەیدا دەرکەوت دەکات، مۆرکێکی تایبەت دەبەخشێت بە دەرکەوتەکان و بەو مۆرکەش دەرکەوتەکان و کەسیەتی نەتەوەیەك، لە کەسیەتی نەتەوەکانی تر جیا دەکرێتەوە، ئەو مۆرکەی کە دەرکەوتەکان هەڵیانگرتووە، ئەو بنەمایەیە کە هەموو دەرکەوتەکان تیایدا دەبنەوە بەیەك (ئەو بنەمایە لەمێژوودا خاسیەتی رۆحە، بلیمەتییەکی نەتەوەیی تایبەتە بە نەتەوەیەك لەنەتەوەکان و لەناو سنووری ئەو خاسیەتەدا رۆحی نەتەوە لە درەوشانەوە عەینییەکەی خۆیدا گوزارشت لە هەموو لایەنێك لە لایەنەکانی هۆشیاری نەتەوەو ئیرادەکەی دەکات، واتە لەسەر ئاستی تەواوی وەدیهاتنە کارەکییەکەی: ئاینەکەی، سیستەمە سیاسییەکەی، ئاکارەکەی، یاساکارییەکەی، تەنانەت کارە هونەرییەکەیی و ئاستی مەهارەتە هونەرییەکەی-هەموو ئەمانە سروشتی جیاکەرەی خۆیان هەڵدەگرن، کلیلی

(١١٧) هـ. س، هـ. ل.

(١١٨) هـ. س : هـ. ل.

ئەو خاسیەتە بەشەکییە تایبەتانە لە خاسیەتە گشتییە هاوبەشەکەیدا پەنهانە، واتە ئەو بنەما تایبەتە کە بە سیماکانی خۆی گەلێك سیمادار دەکات. هەر بەهەمان شێوەش دەکرێت لەلایەکی ترەوە ئەو بنەما گشتییە جیاکەرەوە لەم رووداو و راستیانەدا بدۆزرێتەوە کە مێژوو بەدرێژی دەیانخاتەڕوو)[119].

بە گوزارشتەکەی هیگڵ لە بیرۆکەی نەتەوە، لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا تیۆرە عەقڵییەکەی پەیدابوونی نەتەوەکان دەبێت بە تیۆرێکی تەواو بۆ تێگەیشتنێکی عەقڵی و زانستی لە پەیدابوون و پەرەسەندنی نەتەوەکان. ئەم هەموو گرنگیدانەی فەلسەفەی ئەڵمانی بە بیرۆکەی نەتەوە، ئەوە دەسەلمێنە نەتەوە زیاترە لەوەی کە لەم سەردەمەدا باسی لێدەکرێت و لە رێگەی لێکۆڵەرەکانی بواری نەتەوەخوازییەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و بە دروستکراوێك لە دروستکراوەکانی مۆدێرنیزم دەناسرێت.

گەر فەلەسەفەی ئەڵمانی بەدرێژای دوو سەدەو لە رێگەی گەورە فەیلەسوفەکانییەوە جا توانیبێتی گوزارشتێکی تیۆری لە بیرۆکەی نەتەوە بکات، دەبێت لەلایەن چ میللەتێك و لە چ سەردەمێکدا ئەم بیرۆکەیە بێتە ناو واقع و نەتەوە لە مێژووی جیهاندا دەرکەوێت؟ بەڵام ئایا ئەوەی کە لە جیهانە مۆدێرنەکەدا هەن بەرجەسەتەبوونی ئەو بیرۆکەیەنین؟ بێگومان ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەم سەرەدەمەدا ناونراون نەتەوە بەپێی تیۆرە عەقڵییەکەی نەتەوە نەتەوە نین، چوونکە هیچ لەو نەتەوانە بە پەیڕەوی لەو سیتەمە ئاکارییە نەبوون بە نەتەوە کە لە تیۆرە عەقڵییەکەدا باسکراوە.

ئەوەی لەم سەرەدەمەدا ناو نراوە نەتەوە، تاکەکانی تاکەکەسی ئاکاری نین و پەیڕەوی لەوە ناکەن کە لە ناو عەقڵیاندا بەشێوەیەکی خۆرسك بوونی هەیەو بە شێوەیەکی زۆر ریزپەڕ پەیڕەوی لەوە دەکەن کەلە دەرەوەی خۆیانەوە بۆیان هاتووە و لە ناویاندا وەك کەلتورێك چێنراوە. جگە لەمەش ئەو میللەتانە لە ئاستە کۆییەکەشدا نەك پەیڕەوی لەوە ناکەن کە لە بێگانەکانەوە بۆیان دێت، بەڵکو بەبێ پەیڕەوی کردن لەوەی کە لەدەرەوەی خۆیان بۆیان دێت هەست بە بوونی خۆیان ناکەن و بەردەوام بوونی خۆیان لە غەیری خۆیاندا دەبینن نەك لە خۆیاندا. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەو میللەتانەی کە پێیان دەوترێت نەتەوە بە پێی ئەم تیۆرە، ناکرێت نەتەوە بن، چوونکە هیچیان

(١١٩) هـ. س : ل ١٢٨.

نە لە ئاستی تاکەکانیاندا نە لە ئاستی میللەتدا پەیڕەوی لەوە ناکەن کە لە ناو عەقڵی خۆیاندا بە شێوەیەکی خۆرسك هەیەو پەیڕەوی لەوە دەکەن کە لە دەرەوەی خۆیانەوە بۆیان دێت، ئەوەش لە دەرەوەی ئەوانەوە بۆیان دێت و ئەوان پەیڕەوی دەکەن، کەلتورێکە هێزە باڵادەستەکانی جیهان بە ناوی کەلتوری مۆدێرن دروستیانکردووەو بزووتنەوە ناوخۆیەکانیش بە ناوی نەتەوەوە لە ناو دەوڵەتدا سەپاندوویانە.

## ٣/٢ ) تیۆری سروشتی و سروشت وەك بنەمای بوونی نەتەوە

لەسەرەتای ئەم بەشەدا باسمان لەوە کرد کە لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی، تیۆرە عەقڵییەکەی نەتەوە لەگەڵ تیۆرە سروشتییەکەی نەتەوەدا تێکەڵ دەکەن و کانت و فیختە و هێردەر لە ریزی ئەو بیرمەندانەدا باس دەکەن کە بنچینەی تیۆرە سروشتییەکەیان دامەزراندووە، ئەم لێکۆڵەرانە جگە لەوەی کە ئەم تێکەڵکارییە دەکەن، بە هیچ شێوەیەك باس لە بوونی تیۆرێکی عەقڵی بۆ نەتەوە ناکەن، لە کاتێکدا تیۆرە عەقڵییەکەی نەتەوە لە تیۆرەکانی تر لە پێشترو دیارترە، هۆکاری ئەمەشمان لەسەرەتای ئەم بەشەدا دیاری کردو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

دوای ئەوەی بە درێژی تیۆرە عەقڵییەکەی نەتەوەمان خستەروو، ئێستا جێگەی خۆیەتی تیۆرە سروشتییەکەی نەتەوەش بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە جەوهەرییەی کە لە نێوان ئەم دوو تیۆرە جیاوازەدا هەیەو لێکۆڵەران فەرامۆشیان کردووە دەرکەوێت و ئەوە روون بێتەوە، تیۆرە سروشتییەکەی پەیدابوونی نەتەوە، جیاوازە لەو تیۆرە عەقڵییەی کە فەیلەسوفانی ئەڵمان بە درێژای دووسەد ساڵ درێژەیان بە پەرەسەندنەکەی داوە. ئەو بیرمەندانەی کە لای ئێمە سەر بەتیۆرە سروشتییەکەن، لەسەر ئەوە هاوڕان کە سروشت بنەمای نەتەوەکانە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەوەی کە نەتەوە دەکات بەنەتەوە سروشتە. ئەوەی ناکۆکی لەنێوان بیرمەندانی سەر بەم تیۆرە دروست دەکات، جۆرەکانی ئەو سروشتەیە کە نەتەوە دەکات بەنەتەوە.

هەندێك لەو لێکۆڵەرانە کاتێك دەڵێن سروشت بنەمای نەتەوەیە، مەبەستیان لە سرووشت ئەو ژینگە سرووشتییەیە کە میللەتێك تیایدا دەژی، رۆسۆ بناغەدانەری ئەم بۆچوونەیە. بەڵام هەندێکی تریان ئەو سروشتە بە ژینگەی سروشتی میللەتەکان نازانن و مەبەستیان لە سروشت ئەو سروشتە کۆییەیە کە رەنگ و روو و زمان و کەلتوری میللەتێك جیا دەکاتەوە لە رەنگ و روو

و زمان و کەلتوری میللەتەکانی تر. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ مەبەستی ئەوان لەسروشت سروشتی مرۆڤەکانە نەك سروشتی ژینگەکانیان. بۆ ئەوەی تیۆرە سروشتییەکە بە تەواوەتی بخەینەڕوو، دەبێت ئەو دوو بۆچوونە جیاوازەی کە لە تیۆرە سروشتییەکەدا هەیە بە وردی لە یەکتر جیا بکەینەوە و هەریەکەیان بەسەربەخۆ باسبکەین.

ئەو بۆچوونەی کە سروشتی ژینگە مرۆییە جیاوازەکان دەکاتە بنەما بۆ بوونی نەتەوە لە رووی مێژووییەوە کۆنترە لەو بۆچوونەیان کە سروشتی جیاوازی مرۆڤەکان و میللەتەکان بە بنەمای بوونی نەتەوەکان دەزانێت.

بۆچوونی یەکەمیان رۆسۆ لەکارەکانی خۆیدا پێی لەسەر دادەگرێت و بۆچوونی دووەمیشیان گوستاف لۆبۆن لە سەدەی نۆزدەدا وەك تیۆرێك بۆ پەیدابوون و پەرەسەندنی نەتەوەکان لە کارەکانی خۆیدا تیۆریزەی دەکات.

لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی نەك هەر ئەم دوو بۆچوونەیان لەیەکتری جیا نەکردووەتەوە، بەڵکو بە هیچ شێوەیەك باسیان لەو تیۆرە نەکردووە کە گۆستاف لۆبۆن  بوون و پەرەسەندنی نەتەوەکانی پێ لێکداوەتەوە. ئەمەش ئێمە ناچاردەکات لێرەدا هەردوو بۆچوونەکە بخەینە روو و بەوردیش گفتوگۆیان لەسەر بکەین.

### ٢/٣-١) ژینگەی سروشتی و پەیدابوونی نەتەوە

جان جاك روسۆ  ئەو بیرمەندەیە کە ژینگەی سروشتی دەکاتە بنەما بۆلێکدانەوەی جیهانی مرۆیی و ئەوەی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە لە رێگەی ئەو ژینگە سرووشتییەوە راڤەی دەکات کە مرۆڤەکان تیایدا دەژین. ئەو پێی وایە بوونی مرۆڤ لە ناو ئەو ژینگە سروشتیەدا پەنهانە کە تیایدا دەژی و مرۆڤ هیچ نییە جگە لە بەرهەمێك لە بەرهەمەکانی ژینگە سروشتییەکەی، هەر لەم روانگەیەشەوە بوونی نەتەوە دەبەستێتەوە بە سروشتی ئەو ژینگە سروشتییەوە کە مرۆڤ پێداویستییەکانی ژیانی خۆی لێیەوە دەست دەخات.

رۆسۆ ریشەی کولتوری پیشەیی و میللی نەتەوەکان و زمانە جیاوازەکانیان دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی ئەو ژینگە فیزیکییەی کە مرۆڤ تیایدا دەژی، لەم بارەیەوە دەڵێت: (گەر ئێمە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ریشەی هونەرەکان بدەین یان تێبینی عادەت و نەریتە بەراییەکان بکەین، ئەوە لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەبینین، هەموو ئەمانە لە بنەماکەی خۆیاندا دەگەڕێنەوە بۆ وەسیلەکانی

وەدەسهێنانی بژێوی. ئەوەش کە لەناو ئەو وەسیلانەدا جەمکەرەوەی خەڵکی بووە، ئەوە بە کەش و هەواو سروشتی خاك دیاریکراوە)[120]، ئەو هەر بەپێی ئەم لۆجیکەش باس لە مەدەنیەت و دروستبوونی نەتەوەکان دەکات و دەڵێت: (ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی کەش و هەوا سازەکان و زەوییە بەپیت و فەڕەکان بوون، لەرووی ئاوەدانکردنەوەوە یەکەمینەکانن و لەرووی ئەوەشەوە کە نەتەوەکانیان لێدروست ببێ دواهەمینەکانن، ئەمەش لەبەرئەوەیە لەو شوێنانەدا ئاسانبووە خەڵکەکەیان پێویستیان بەیەك نەبێت و دەستبەرداری یەك بن، هەر لەبەرئەوەش بووە هەستکردن بەو پێویستیانەی کۆمەڵگاکان لێیانەوە پەیدا دەبن لەدوای ئەمە نەبێت لێیان دەرنەکەوتووە)[121].

ئەم بۆچوونانەی رۆسۆ ئەوە دەگەیەنن ئەو ئایدیالانەی کەنەتەوەو پەیوەندییە نەتەوەییەکان دەیانوێنن، سەرچاوە لە دوو توخم وەردەگرن، یەکەمیان پێویستییەکانی بژێوی مرۆڤەکانن، واتە پێویستییە دنیایی و مادییەکان، دووەمیان ئەو ژینگە سروشتییەیە کە ئەو پێویستیانە تیایدا دەستەبەر دەبن. ئەم دوو توخمە هەردووکیان سروشتین، یەکەمیان لەناو مرۆڤدایەو پێداویستییە سروشتییەکانی مرۆڤەکانن، دووەمیان لە دەوروبەرە سروشتییەدایە کە مرۆڤەکان تیایدا دەژین.

بەڵام ئایا چۆنایەتییەکان یان ئایدیاڵەکانی پەیوەندی نێوان ئەو مرۆڤانەی کە کۆمەڵگاو نەتەوەیان لێ پێکدێت لەناو توخمی یەکەمدان یان لەناو توخمی دووەمدان؟ بەڕای ئەو هونەرە پیشەییەکان و عادەت و کولتور، بنەماکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەسیلانەی کە بابەتی بژێوییەکانیان لەژینگە سروشتییەکەدا پێ دەستەبەردەکرێت، واتە ئەو ئایدیالانەی کە لەوەسیلەکانی بژێوی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا شێوەگیربوون، پێداویستییە دنیاییەکان پاڵنەری دەرکەوتکردنەکەیانن.

بەڵام ئایا ئەم ئایدیالانە لە سروشتی ژینگەکەوە سەرچاوەیان گرتووە یان لە سروشتی مرۆڤەکانەوە؟ رۆسۆ چۆنایەتی کۆبوونەوەی خەڵك و وەسیلەکانی ئەم کۆبوونەوەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی ژینگە، چونکە لای ئەو ئەوە سروشتی ژینگەکەیە وەسیلەکان و پەیوەندییەکانی جەمبوونەوەی خەڵکی دیاری دەکات، پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی نەتەوەکانیش هەر بەهەمان شێوە ژینگەی سروشتی بەپێدانی چۆنایەتییەکانی ناوخۆی دیارییان دەکات.

---

(١٢٠) جان جاك رسو، محاولة فى اصل اللغات، ت: محمد محجوب، دار الشئون الثقافية العامة ـ بغداد، ١٩٨٦، ص ٦٠.
(١٢١) هـ. س : هـ. ل.

بەپێی ئەم بۆچوونە پاڵنەری دەرکەوتکردنی ئایدیاڵی پێکهاتنی نەتەوە لەناو مرۆڤەکاندایەو ئەو پێداویستیانەن کە بۆ ژیان و مانەوەی خۆی لەژیاندا پێویستی بە تێرکردنیان هەیە، بەڵام ئایدیاڵەکە لەو دەوروبەرە سروشتییەدایە کە بابەتی تێرکردنی پێداویستییەکانی لێ دەردەهێنرێت، بەم پێیەش جیاوازی کولتورو نەتەوەکان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ژینگە سروشتییەکانیان، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بنەمای بوونی نەتەوەکان ژینگەی سروشتییەو جیاوازییەکانیشیان رەنگدانەوەی جیاوازی ژینگە سروشتییەکانیانن.

گەر بنەمای بیرکردنەوەی سروشتیانەی نەتەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەم بۆچوونەی رۆسۆ، ئەوە نەتەوە بەوە ئایدیاڵەکەی دەردەکەوێت کە خەڵکی چۆنایەتیەکانی پەیوەندییە نەتەوەییەکانیان و کولتورە پیشەیی و عادەتییەکەیان لە سروشتی ژینگەکەیانەوە وەرگرن و جگە لەو ژینگە سروشتییەی خۆشیان لە هیچ سەرچاوەیەکەوە هیچ چۆنایەتییەك یان ئایدیاڵێك ناهێننە ناو کولتورەکەیانەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کولتورەکەیان بە چۆنایەتییە بێگانەکان پوختیەتی خۆی لەدەست نەدات. گەر کولتوری نەتەوەیەکیش وای لێهات لەپێداویستییەکانی بژێوی خۆی دابڕا، ئەوە دەرگاکەی واڵا دەبێت بۆ وەرگرتنی چۆنایەتی کولتورە بێگانەکان و بەمەش زیندوویەتی خۆی لەدەست دەدات و پەیوەندییە نەتەوەییەکان لاواز دەبن و نەتەوەکە بەرەو مردن دەڕوات.

بۆ ئەوەی نەتەوەیەك لە مردن رزگاری ببێت، دەبێت تاکەکانی ئەو نەتەوەیە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی بژێوی خۆیان رووبکەنە سروشتی کەش و هەواو خاك و ئاوەکەی خۆیان، تا سەرلەنوێ ئەو چۆنایەتیانە لەو سروشتەوە وەرگرن و بەهەماهەنگی چۆنایەتییەکانی ناو کولتورە مردووەکەیان لەگەڵ هەمان ئەو چۆنایەتییە سروشتیانەی کە ژینگە سروشتییەکەیان سەرلەنوێ پێیان دەداتەوە کولتورەکەیان زیندوو ببێتەوەو ببوژێتەوە، هەر بەمەش پەیوەندییە نەتەوەییەکانی نێوان کەسانی ناو نەتەوە رۆحیان بەبەردا دەکرێتەوەو نەتەوەش دەگەڕێتەوە ناو ژیانی سروشتی خۆی و لەمردن رزگاری دەبێت.

زۆربەی لێکۆڵەران فیختەو هێردەر کە سەر بەتیۆرە عەقڵییەکەی نەتەوەن وەك رۆسۆ بە تیۆریزەکەری تیۆرە سروشتییەکەی نەتەوەیان دەزانن و وای بۆ دەچن کە ئەوانیش بنەمای بوونی نەتەوە دەگەڕێننەوە بۆ سروشت.

لەم بارەیەوە سمیس فیختە و فەیلەسوفە ئەڵمانەکان دەخاتە ریزی پەیڕەوانی رۆسۆەو دەڵێت: (سایس و (پەیڕەوانی رۆسۆ)، نەك تەنها خۆیان بە پرایمۆردیالیست(سروشتخواز) حیساب

نەکردووە، بەڵکو رەنگە نەشیانتوانی بێت بەم شێوەیە قسە بکەن، بەڵام بۆچوونەکانی ئەو بۆچوونی کاریگەرن و لەساڵی ١٧٨٩ دا بۆ پاساودانی سەروەری رەهاو خواستی رەها بەکارهێنران، ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی فیختەو ئەڵمانە رۆمانتیکەکانی تر هەمان بۆچوون بۆ نەتەوەی ئەڵمانی دەربڕن)[١٢٢].

لەراستیدا سمیس و ئەو باسکارانەی تر کە بیرکردنەوەی فیختەو فەیلەسوفە ئەڵمانییەکانی تر لەگەڵ بیرکردنەوەی رۆسۆو پەیڕەوانی رۆسۆ دەکەنەوە بەیەك، لەلایەکەوە نەیانتوانیوە جیاوازی لەنێوان پێداویستییەکان و بابەتی تێرکردنەکانیان بکەن و لەلایەکی ترەوە سەرچاوە سروشتییەکەی چۆنایەتی یان ئایدیاڵەکانی پەیوەندییە نەتەوەییەکانیان پێ دیارینەکراوە، واتە جیاوازیان نەکردووە لەنێوان سروشتی مرۆڤەکاندا وەك سەرچاوەیەك بۆ پێدانی ئەو چۆنایەتیانە، لەگەڵ سروشتی ژینگە وەك سەرچاوەیەکی تر.

فیختەو فەیلەسوفە ئەڵمانییەکانی تر لە دوو خاڵی جەوهەریدا لە رۆسۆو پەیڕەوانی رۆسۆ جیاوازن، یەکەمیان: ئەوان نەتەوە بە بەرهەمی پێداویستییە عەقڵییەکان دەزانن، بەڵام سروشتخوازەکانی وەك رۆسۆو سایس نەتەوە بە بەرهەمی پێداویستییە ماددیی و دنیاییەکانی مرۆڤ دەزانن، ئەوان سەرچاوەی پێدانی چۆنایەتییەکان یان ئایدیاڵەکانی پەیوەندییە نەتەوەییەکان یان کولتوری نەتەوە بە عەقڵی مرۆڤ دەزانن، بەڵام لای ئەمان سروشتی ژینگە سەرچاوەی ئەم چۆنایەتیانەیە.

بیرکردنەوەی فیختە نەك هەر سەر بەو جۆرە لە بیرکردنەوەی رۆسۆیی نییە دەربارەی ئەوەی کە سروشتی ژینگەو خاك بنەمای پێکهاتنی نەتەوەن، بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەو پێیوایە ئەوە سروشتی مرۆڤە چۆنایەتی دەدات بە سروشتی ژینگەو خاك، ئەوە سروشتی مرۆڤە بەپێی چۆنایەتییەکانی ناو خۆی ژینگە سروشتییەکە وا لێدەکات ببێتە شوێنی نیشتەجێبوون و نیشتمان، واتە نیشتمان خۆی چۆنایەتییە کۆییەکانی ناو سروشتی کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت بەپێی پێداویستییە عەقڵییەکانیان و ئەوەی کە عەقڵییە[١٢٣].

---

(١٢٢) ئەنتۆنی دی سمیس، نەتەوەخوازی: ٦٧.

(١٢٣) بۆ ئەم تێڕوانینەی فیختە بگەڕێوە بۆ: ي. غ. فختە، خطابات الى الامة الامانية، ص: ٨.

### ٢-٣/٢) سروشتی مرۆیی و بوون پەرەسەندنی نەتەوەکان

دوای ئەوەی لە سەدەی نۆزدەدا تیۆرە عەقڵییەکەی نەتەوە لەلایەن فیختەو هێردەرو هیگڵەوە دەگاتە پەرەسەندنی تەواوی خۆی، بە کاریگەری ئەم تیۆرە دوو تیۆری تر لە بارەی بوون و پەرەسەندنی نەتەوەکانەوە سەرهەڵدەدەن، یەکێك لەو تیۆرانە تیۆرەکەی گوستاف لۆبۆنە. ئەم تیۆرە ئەوە رەتدەکاتەوە کە عەقڵ بنەمای بوون و پەرەسەندنی نەتەوەکان بێت و نەتەوە سەرچاوە لە هوشیارییەکی عەقڵییەوە بگرێت. بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوەی لە ناو مرڤدا سروشتییە بنەمای بوونی نەتەوەکان و پەرەسەندنیانە، بۆ سەرهەڵدانی نەتەوەکانیش پەرەسەندنی سروشتی لە مرۆڤەکاندا کە پەرەسەندنێکی نائاگایانەیە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتەوە سەرهەڵبدات، واتە بنەمای بوونی نەتەوە لە ناو سروشتی کۆیی میللەتەکاندایە نەك لە ناو عەقلی کۆییاندا.

بەپێی ئەم بۆچوونە نەتەوەکان بوونیان لە ناو ئەو سروشتە مرۆییەدایە کە وای کردووە ئەو هەموو جیاوازییە لە رەنگ و روو و زمان و کەلتورو ئایندا لە نێوان میللەتاندا بێتە ئاراوە. نەتەوەکانیش بە هەمان شێوەی رەنگ و روو و زمان و کەلتور وئاین بەرهەمی ئەو جیاوازیانەن کە سروشتی مرۆیی مرۆڤ لە ناو مرۆڤەکاندا هێناویەتییە ئاراوە. نەتەوە بەرهەمی پەرەسەندنی ئەو سروشتەیەو لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ئەو پەرەسەندنەدا دێتە ئاراوە. ئەوەش لە ناو ئەو سروشتە مرۆییەدا دەبێتە بنەمای دەرکەوتنی نەتەوەکان ئەو ناوی دەنێت میزاجی عەقلی.

میزاجی عەقلی ئەو ئایدیاڵەیە، کە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی نەتەوە لەپێکهاتەی نەتەوەدا رێکدەخات وحوکمیان دەکات، ئەوەش بووەتە هیولای بەرجەستەبوونی ئەو ئایدیاڵە، هەستوسۆزو سایکۆلۆجیەتی تاکەکانی ئەو نەتەوەیەیە. ئەوەش لەبەرئەنجامی شێوەگیربوونی ئەو ئایدیاڵە لە هیولاکەدا دەکەوێتەوە، واتە ئامانجەکە، خوڵك و خوێکە کە ئەو نەتەوە پێی جیادەبێتەوە لەنەتەوەکانی تر. کارای ئەم خولقاندنەش ئەو هێزە نائاگاییەی ناو باوباپیران و پێشینانەو کە لە رێگەی بۆماوەوە گوازراوەتەوە بۆ هەر تاکێك لەتاکەکانی ئەو نەتەوەیەو بەشێوەیەکی نائاگایانە تاکەکان بەو شێوەیە ئاراستە دەکات کە بچنە ناو پێکهاتەی نەتەوەو هەر یەکەیان وەك یەکەیەکی ناو ئەو پێکهاتەیە کاری خۆیان بکەن.

میزاجی عەقلی، وەك رۆحی نەتەوە لای هیگڵ ئایدیاڵێکی جەوهەری نییە، واتە بەخۆی و لە خۆیدا بوونی نییەو بەکۆمەڵە تۆخمێك هەیەو ئەو توخمانە پێکی دەهێنن. بەپێی ئەم

بۆچوونە رۆحی نەتەوە کە میزاجی عەقڵییە، پێکهاتەییەو جەوهەری نییە. لەلایەکی ترەوە میزاجی عەقڵی لەعەقڵدا نییەو عەقڵی نییە، سروشتی و بۆماوەییە، ئەمەش وا دەکات ئەوە ئامانجی نەبێت کە لەواقیعدا خۆی وەدی بێنێ، بەڵکو ئامانجی ئەوە بێت کە بوونی پێکهاتەیەکی سەربەخۆی وەك نەتەوە جیابکاتەوە لە پێکهاتە نەتەوەییەکانی تر.

گۆستاف لۆبۆن لەکتێبەکەیدا (نهێنی پەرەسەندنی نەتەوەکان) هەوڵی داوە ئەم بیرۆکە تیۆریزە بکات و وەك تیۆرێك لەبارەی پەیدابوونی نەتەوەکان بیخاتەڕوو، ئەو لەسەرەتای کتێبەکەیدا بۆ دیاریکردنی بنەمای بوونی نەتەوە، باس لە میزاجی عەقڵی ناکات، لەسەرەتادا باس لە بنەمای بوونی نەتەوە دەکات و دەڵێت: (مەدەنیەتی هەموو نەتەوەیەك لەسەرکۆمەڵە بنەمایەکی بنچینەیی دامەزراوە، هەموو سیستەمەکانی ئەو نەتەوەیەو ئەدەبیاتەکەی و هونەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایانە، ئەو بنەمایانەش بۆ پێکهاتنیان پێویستیان بەکاتێکی درێژخایەن هەیە، هەر بەهەمان شێوە دوای زەمەنێکی دوورو درێژیش لەناو دەچن)[١٢٤].

تاکەکانی نەتەوەیەك لە هەر سەردەمێکدا بەبێ ئاگاداری و بیرکردنەوە، بەپێی ئەو بنەمایانە هەڵسوکەوت دەکەن و ژیان دەگوزەرێنن، بەبێ ئەوەی بتوانن بیر لەوە بکەنەوە ئەوەی کە دەیکەن و لەبنەماکان دەکەوێتە باشە یان خراپە، بەبێ ئەوەی هیچ پاڵنەرێکی عەقڵی هەبێت وایان لێبکات بیر لە خراپی و چاکی ئەو بنەمایانە بکەنەوە (دەکرێت بنەماکە خراپ بێت، بەڵام خراپییەکە تەنها بۆ کەسانی بیررۆشن دەردەکەوێت، بەڵام لەدیدی خەڵك هەموویەوە راستییەکی جێگیرەو سەردەمەکان تێدەپەڕێنێ و پێی کاریگەر دەبن و ئەویش بەناویاندا دەگوزەرێ)[١٢٥]، واتە ئەو بنەمایە ئەو هەقیقەتە جێگیرو هەتاهەتاییەیە کە بەناو سەردەمەکاندا دەڕوات و سەردەمەکان دەگۆڕێن و ئەو هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە. گەر بنەماکە ئەوە بێت کە لە هەڵسوکەوتی جۆراوجۆری تاکەکاندا شێوەگیر دەبێت و هەڵسوکەوتی ئەوان جگە لە عەینی کردنەوەی ئەو بنەما نادیارە هیچی تر نەبێت، لەلایەکی ترەوە ئەو بنەمایە بەبێ هۆشیاری ئەوان لە کاروکردەوە جۆراوجۆرەکانی ژیانیاندا شێوەگیر دەبێت و ویستی ئەوان تیا نییە، ویستی ئەوان نابێت بە کارای شێوەگیرکردنەکە، بەڵکو ویستێکی تر لە

(١٢٤) جوستاف لوبون، سر تطور الامم، ت: احمد فتحی زعلوك باشا، المشروع القومی للترجمة، القاهرة ٢٠٠٦، ص:٢

(١٢٥) هـ. س : هـ. ل.

دەرەوەی ویستی ئەوانەوە بوونی هەیەو لەجوڵەو هەڵسوکەوتی ئەواندا بنەماکە وەدی دەهێنێ. لۆیۆن دواتر باس لەو کارایە دەکات و بە رۆحی هەمەکی باو باپیرانی دەزانێت.

هەر نەتەوەیەکی راستەقینە شێوەگیرکەری کۆمەڵە بنەمایەکی جێگیرە، کە تایبەتن بەخۆیی و جیان لەو بنەمایانەی کە حوکمی هەڵسوکەوتی نەتەوەکانی تری جیا لە خۆی دەکەن، لۆیۆن لە رێگەی ئەو بیرۆکەیەوە رەخنە لەو بیرکردنەوەیە دەگرێت کە جیاوازی تاکەکان و نەتەوەکان بە جیاوازییەکی جەوهەری نازانێ و هۆکارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازی ژینگە سایکۆلۆجی و مرۆییەکان و وا دەزانێت گەر ئەو ژینگانە لەرێگەی پەروەردەو فێرکردنەوە بکرێنەوە بەیەك، جیاوازی نێوان تاکەکان و نەتەوەکان نامێنێ [١٢٦]، لێرەدا جیاوازی نێوان تاکەکان و نەتەوەکان بایەخێکی گرنگ وەردەگرێت و هەر وەك بنەماکان ریشەیەکی سروشتی جێگیری بۆ دەدۆزرێتەوە، ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەتەوەکان وەك یەکە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای مرۆیی بەبێ بوونی جیاوازییەکی هەمیشەیی و جەوهەری ناکرێت بوونیان هەبێت.

گەر لە ڕوانگەی لۆیۆنەوە لە جیاوازی بڕوانین وادەبینین جیاوازی سروشتی نێوان تاکەکان و نەتەوەکان، بەرەو ئەوەمان دەبات ئەوەی حوکمی جیهانی مرۆیی و مێژوو دەکات سروشتی جیاوازی مرۆڤەکان و نەتەوەکانە نەك عەقڵ، هەر ئەویشە کە دەبێت عەقڵ ملی بۆ کەچبکات. بەپێی ئەم بۆچوونە بیرکردنەوە لەچاکەو خراپەو دروستی ونادروستی هەڵسوکەوتە مرۆییەکان کار لە مرۆڤەکان ناکات و واناکات لەژێر حوکمی سروشتە جیاوازەکانی خۆیان دەرچن، (هیچ رێبازێك لەرێبازەکان گرنگ نییە بەرێژەی ئەو کاریگەرییە نەبێت کە لەسەر دەروونی ئەوانەدا دای دەنێت، کە پەیڕەوی دەکەن، ئەوەش کە پەیوەندی بە هەڵەو راستەوە هەیە، مەسەلەیەکی تیۆرییەو جێی گرنگی نییە لەلای حەکیمەکان نەبێت، کاتێك بنەمایەك دەچێتە ناو زەینی عامەی خەڵکەوە، دەبێت مل بۆ هەموو دەرئەنجامەکانی کەچ بکرێت، گەر ئەو بنەمایە راست بێت یان هەڵە)[١٢٧]، عەقڵ لێرەدا ناچار دەکرێت بۆ سروشتی جیاوازی نەتەوەکان و تاکەکان،

(١٢٦) بڕوانە: هـ. س : ٣.

(١٢٧) هـ. س : ٥.

ئەمەش (هەندێکە لەوەی کە ئەم بوونەی پڕکردووە لەو زۆرکاریانەی سروشت و مرۆڤ هیچ چارێکی نییە جگە لەوەی کە بچێتە ژێر حوکمی)[١٢٨].

## ٢/٣-٢-١) بۆماوە و رۆحی نەتەوە

لۆبۆن بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکەی خۆی لەبارەی گواستنەوەی رۆحی نەتەوەوە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر روونبکاتەوە، پشت بە بۆماوەزانی دەبەستێت، لای ئەو جەستەی هەر تاکێك هەڵگری کۆمەڵە سیفەتێکە کە لە باوانەوە بۆی ماوەتەوە. هەر بەم پێیەش رۆحی نەتەوە یان میزاجی عەقڵی نەتەوە هەڵگری کۆمەڵە سیفەتێکی سایکۆلۆجییە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە. بەم پێیە دوو جۆر لە بۆماوە هەیە، بۆماوەی جەستەیی و بۆماوەی سایکۆلۆجی، ئەوەی ئەو لەبارەی جیاوازی نەتەوەکانەوە پشتی پێدەبەستێت بۆماوەی سایکۆلۆجییە.

کاری گشتی بۆماوەزانی جەستەیی دیاریکردنی جۆرە جیاوازەکانی زیندەوەرانە، بەپێی ئەو زانستە جۆرەکانی زیندەوەران بەپێی ئەو سیفەت و خاسیەتانە لەیەکتر جیادەکرێنەوە کە بەردەوام لەنەوەکاندا بەیەك شێوە دەردەکەونەوە[١٢٩]. بۆ نمونە ئەو خاسیەتانەی کە لە ئەسپێکدا هەیە، لەنەوەکانی دوای خۆیدا هەر هەمان ئەو خاسیەتانە وەك خۆیان دەردەکەونەوەو لەنەوەی ئەسپەکاندا پارێزگاری لە ئەسپێتی ئەسپەکە دەکەن و وەك جۆرێکی جیاواز لە جۆرەکانی زیندەوەر دیاری دەکەن. لۆبۆن ئەوە رەت دەکاتەوە کە بەپێی ئەم جۆرە لە بۆماوەزانی نەتەوەکان لە یەکتر جیا بکرێنەوە.

بۆماوەناسەکان دوای جیاکردنەوەی مرۆڤ وەك جۆرێك لە جۆرەکانی زیندەوەر کار لەسەر ئەوە دەکەن کە لەناو مرۆڤەکانیشدا جۆرەکانی مرۆڤ لەرێگەی ئەو جیاییە جەستەییانەی کە لەنێوان مرۆڤەکاندا بەروونی دیارن، جیابکەنەوە، ئەمەش بەپشت بەستن بووە بەرەنگی پێست و شێوەو قەبارەی ئێسکەپەیکەری مرۆڤەکان، هەر ئەو جیاییانە وایان کردووە ئەو بۆچوونە لەبارەی جیاوازی مرۆڤەکانەوە زاڵ ببێت کە وای بۆدەچێت مرۆڤایەتی فرەبنەچەیەو یەك بنەچە

(١٢٨) هـ. س : ٨.
(١٢٩) هـ. س : ١.

نییە، ئەو زانا کۆنەپارێزانەی کە ڕەچاوی نەریتە ئاینییەکان دەکەن، پێیان وایە ئەو جۆرانەی مرۆڤ خێڵ و گەلەکانن[١٣٠].

لۆبۆن ڕەخنە لەم بۆچوونەش دەگرێت و پێی وایە (ئەم دابەشکردنە ڕێگە نادات بەدابەشکردنی ڕەگەزی مرۆیی تەنها بۆ کۆمەڵە جۆرێکی گشتی و کەم و کورت نەبێت... لەگەڵ ئەوەشدا لەناو نەتەوەکاندا نەتەوە هەن کە لە جەستەکانیان و خیلقەتیاندا لێکچوون هەیەو لەهەست و سۆزو کاروکردەوەکانیاندا زۆر جیاوازن و بەمەش بەهەمان شێوە لە مەدنیەتەکەیان و بیرو باوەڕەکانیان و هونەرەکانیاندا جیاوازن)[١٣١].

لەلایەکی ترەوە بۆچوونێکی تر هەیە نەتەوەکان دابەش دەکات بەپێی (کۆمەڵە جیاییەکی تری وەك زمان و ئاین و کۆمەڵگای سیاسی)[١٣٢]، لای لۆبۆن ئەو بنەما کولتورییەش دەست نادات بۆ جیاکردنەوەی نەتەوەکان لەیەکتری، ئەوەی لای ئەو دەبێتە بنەمای جیاکردنەوەی نەتەوەکان (کۆمەڵە سیفەتێکی ڕەوشتی و عەقڵیین کە کار لەپەرەسەندنی نەتەوەکان دەکەن و لەپشت سیستەمەکان و هونەرەکان و بیروباوەڕەکان و کۆدەتا سیاسییەکانەوە پەنهانن، ڕۆحی نەتەوەش لەکۆی ئەو سیفەتانە پێکدێت)[١٣٣]، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ڕۆحی نەتەوە جەوهەر نییەو پێکهاتەیە، ئەو پێکهاتەیەش پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە سیفەتێکی ڕەوشتی و عەقڵی.

ئەوەی وا دەکات تاکەکانی نەتەوەیەك جیاوازبن لەتاکەکانی نەتەوەکانی تر پێکهاتەی ئەو سیفەتانەیە. ئەو سیفەتانەش بە ئاسانی لەتاکەکانی نەتەوەیەکدا هەستیان پێناکرێت، بەڵام گەر بەشێوەیەکی هەمەکی سەیری تاکەکانی ئەو نەتەوەیە بکرێت، پەی بەو سیفەتانە دەبردرێت و دەزانرێت کە کۆی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە کۆمەڵە سیفەتێکی جیاوازیان هەیە، کە جیایان دەکاتەوە لەتاکەکانی نەتەوەکانی تر. مرۆڤ کاتێك وڵاتەکەی خۆی جێ دەهێڵێت و بەرەوە وڵاتێکی بێگانە دەچێت و دەکەوێتە ناو شارێك لە شارەکانی، دەتوانێت لە ناو ئەو شارەدا هەست بەو خاسیەتە گشتیانە بکات (ئەوەی لەو شارەدا بۆ یەکەمجار سەرنجی ئەو

(١٣٠) هـ. س : هـ. ل.

(١٣١) هـ. س : ١٠-١١.

(١٣٢) هـ. س : ١١.

(١٣٣) هـ. س : هـ. ل.

رادەکێشێت ئەو سیفەتانەن کە لەناو هەموو خەڵکەکەیدا باون، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئەو کەسە زۆر تووشی دەرکەوتنی ئەو سیفەتانە لەواندا دەبێتەوە، بەڵام جیاوازییە کەسییەکان بەهۆی دووبارە نەبوونەوەیانەوە بەسەریاندا دەگوزەرێت)[١٣٤].

ئەوەی کە لۆبۆن بە سیفەتە رەوشتییەکان و عەقڵییەکان ناویان دەبات، ئەو سیفەتە گشتیانەن، ئەو سیفەتانەش بەرێگای بۆماوە لەنەوەی نەوەیەکەوە دەگوازرێنەوە بۆ نەوەکانی ترو هەر بەجێگیریش دەمێننەوە، جێگیری ئەو سیفەتانە وەك جێگیری ئەو سیفەتانە وایە کە جۆری زیندەوەرەکان دەپارێزن، بەوەی کە نەوەی یەك جۆر هەڵگری هەمان سیفەتە گشتییەکانی باوانەکانیانن، نەتەوە جیاجیاکان وەك جۆرە جیاجیاکانی زیندەوەران وان و ئەوەی جیاییەکەیان دەپارێزێت و لەشوناسدا لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێڵێتەوە هەرخۆیەتی سیفەتە گشتییەکانە لەنەوە جیاجیاکان و سەردەمە جیاجیاکانیاندا.

ئەو سیفەتە گشتیانە داهێنراوی نەوەیەك لەنەوەکان نین و (پوختەی رابردووی نەتەوەو میراتی باو باپیران و هۆکاری ئەو جووڵەیەن کە نەتەوە لەسەری دەگوزەرێت، وا دەردەکەوێت کە ئەو سیفەتانە لەتاکەکانی یەك نەتەوەدا زۆر جیاوازن، بەڵام ئیستقرا پشتگری لەوە دەکات کە زۆرینەی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە لە سیفەتە سایکۆلۆجییە گشتی و جێگیرەکانیاندا کە وەك سیفەتە جەستەییەکانیان جێگیرن، هاوبەشن. ئەمانەشن جۆرەکەیان لەجۆری تاکەکانی نەتەوەیەکی تر جیادەکاتەوە. سیفەتە سایکۆلۆجییەکان هەر وەك سیفەتە جەستەییەکان لەگەڵ نوێبوونەوەی وەچەکاندا بە رێکخراوییەکی بەردەوام نوێدەبنەوە)[١٣٥].

بەم پێی ئەم بۆچوونە بێت ئەو سیفەتە گشتیانە لە دەرئەنجامی کۆبوونەوەی کۆمەڵە سیفەتێکی هاوبەشی نەوەی سەردەمێك نەهاتوونەتە ئاراوە، کە وا لەو نەوەیە بکەن جیاوازبن لەنەوەکانی پێش خۆیان، ئەم سیفەتانە ریشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن، کە دەکرێت سەردەمی بەرەبابی ئەو نەتەوەیە بێت و بە چەندەها نەوەی نوێ دا تێپەڕ بووبن و هەر خۆیەتییەکەی خۆیان پاراست بێت و لەدەستیان نەدابێت.

لۆبۆن بۆ سەلماندنی ئەم بۆ چوونە دەڵێت (هەر تاکەکەسێك تەنها بەری باوك و دایکی نییە، بەڵکو بەری نەتەوەکەشیەتی، واتە بەری زنجیرەی باوباپیرانیشیەتی. یەکێك لە

(١٣٤) هـ. س : ٢٣.

(١٣٥) هـ. س : ١٢.

ئابووریناسەکان کە (مۆسیۆم شیسوان)ە، سەرژمێرییەکی کردووەو بۆی دەرکەوتووە هەر فەرەنسییەك لەجەستەی خۆیدا بەلایەنی کەمەوە خوێنی بیست ملیۆنی هەڵگرتووە، ئەمە ئەگەر هاتوو لە ساڵی هەزاری زاینییەوە دەستی پێبکرێت و بۆ هەموو سەدەیەك سێ نەوە دابنرێت، ئەو دەڵێت: دانیشتووانی هەر ناوچەیەك یان هەر هەرێمێك حەتمییە، کە لە باوباپیرانیاندا هاوبەشن و ئەوان لەیەك قوڕ خوڵقاون و هەڵگری یەك مۆرکن)[١٣٦].

لۆبۆن زیاتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو سیفەتانەی لەباوانی یەکەمدا بوون هەر وەك خۆیان ماونەتەوەو ئەوەی لەنەوەی ئێستای نەتەوەیەکدا هەیە هەر هەمان ئەو سیفەتانەیە کە لەباوانی یەکەمدا هەبوون و ئەمەش وا دەکات ئەو سیفەتانە هی ئەو نەوەیە نەبن و بەبێ ویست و هۆشیاری خۆی لەو باوانەوە بۆی گوێزرابێتنەوە، ئەویش هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر بوون یان نەبوونیاندا نەبێت، ئەمەش وا دەکات کە ئەو سیفەتانە سیفەتی خودێکی سەروزەمەنی بن، کە خودی نەتەوەیەو ئەم خودەش لە بنچینەدا خودی باوانێك بووەو بەهۆی نەوە یەك لە دوای یەکەکانەوە بۆتە خودی نەتەوە، ئەم خودە (پێکهاتووە لەو تاکە زیندووانەی کە لەزەمەنێکی دیاریکراودا عەینی دەکەنەوە، لەگەڵ زنجیرەی ئەو مردووانەی کە باوباپیرانی ئەوانن(...). لەناو ئەو دوو گروپەدا گروپە بەهێزەکەیان مردووەکانن، چونکە ژمارەیان زیاترەو کاریگەریان لەسەر جیهانی ئەو هەڵسوکەوتە نائاگاییانە هەیە کە عەقڵ و ئاکار لە هەموو دەرکەوتەکانیاندا دەچێتە ژێر رکێفی، نەتەوە زیاتر بەکاریگەری مردووەکانی دەڕوات بەڕێوە تا کاریگەری زیندووەکانی، ئەوە باوانە یەکەمینەکانن کە نەتەوەیان پێکهێناوەو لە زیندووەکاندا بیرو هەست و سۆزەکانیان سەدە بەسەدە وەدی هێناون)[١٣٧]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە خوڕەوشت و عەقڵیەتی تاکەکانی نەتەوەیەك لە ئێستادا مەحکومە بەو خوڕەوشت و عەقڵیەتەی کە چەند سەدەیەك لەوەوپێش لەناو بەرەبابێکدا هەبووەو دواتر ئەو بەرەبابە لەگەڵ بەرەبابەکانی تردا تێکەڵ بووەو ئەو خوڕەوشت و عەقڵیەتەیان وەك خاسیەتی زاڵ لەنەوەکاندا زاڵیەتی خۆی پاراستووە.

ئەمە وا دەکات ئەوەی لە مردووەکانی ئەو باب و باپیرانەی تاکەکانی ئەو نەتەوەیەدا وەك خوو و رەوشت و عەقڵیەت زاڵ بووە، حوکم بەسەر نەوە زیندووەکەدا بکات و ئاکارو عەقڵی

---

(١٣٦) هـ. س : ١٤.

(١٣٧) هـ. س : ١٥-١٦.

ئەو نەوەیە دەستەوەستان لەبەرامبەریدا راوەستێت، بەمەش مردووەکان ببنە ئەو هێزەی کە چارەنووسی زیندووەکان دیاری دەکەن و (زیندووەکان بەبێ یەك و دوو داهاتووی مردووەکانیان بن)[138].

هەر تاکێك لەتاکەکانی نەتەوە بە هەر جۆرە پەروەردەیەکی جیاواز لەو پەروەردەی کە لە کۆمەڵگایەکەیدا هەیە، پەروەردە بکرێت و سەرقاڵ بێت بە جۆرە کارێکەوە کە لە ناو کۆمەڵگاکەی خۆیدا نەبێت، ئەمە وا ناکات لەژێر حوکمی ئەو خورەوشت و عەقڵیەتە دەرچێت (مرۆڤ هەر کارێکی هەبێت ئەوە بەردەوام کوڕی نەتەوەکەیەتی، کۆی ئەو بیرو هەست و سۆزانەی کە تاکەکانی هەر نەتەوەیەك لەرۆژی لەدایکبوونیانەوە لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێنن، رۆحی ئەو نەتەوەن، ئەمانە لە ماهیەتی خۆیاندا پەنهان و شاراوەن، بەڵام لە ئاسەوارەکانیاندا بە دەرکەوتنێکی تەواو دەردەکەون، چونکە لەڕاستیدا حاکمن لەسەر پەرەسەندنی نەتەوە)[139].

لۆبۆن بۆ ئەوەی لەناو تاکی نەتەوەدا، تاکی ناو خێزان و تاکی نەتەوە لەیەکتر جیابکاتەوە، تاك بەبەرهەمی دوو جۆر لە بۆماوە دەزانێت، یەکەمیان بۆماوەی خێزانە کە وا دەکات ئەو تاکە لە سیفەتە جەستەییەکانیداو لە هەندێك سیفەتی سایکۆلۆجی تایبەتدا جیابێت لەتاکی ناو خێزانەکانی تر یان تاکی ناو بنەماڵەکانی تر. دووەمیان بۆ ماوەی میللەتە، کە دیاریکەری سیفەتە میللییەکانی ئەو تاکەیەو جیای دەکاتەوە لە تاکەکانی میللەتەکانی تر. ئەمەی دووەمیان ریشەیەکی قوڵتری هەیە، گەرچی هەروەك ئەوەی یەکەم لەباوك و دایکەوە دەگوازرێنەوە، بەڵام ئەم سیفەتانە بەتەنها لەناو یەك باوك و دایکدا بوونیان نییەو وەك چۆن خوێنی باوانە یەکەمینەکان لەناو هەموویاندا بوونی هەیە، لەناو هەموو باوك و دایکەکانی ئەو میللەتەدا بوونیان هەیە،. ئەمە وا دەکات ئەو تاکانەی کە لەو سەردەمەدا لەدایکان و باوکانی ئەو میللەتە دەکەونەوە هەموویان ببنەوە بە هەڵگری هەمان ئەو سیفەتانەی کە لەباوانە یەکەمینەکاندا هەبوون و بەمەش ببن بە کوڕی میللەت و نەتەوەکەیان.

لەپاڵ ئەم دوو بنەمایەدا باس لە بنەمای سێیەم دەکات کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە، ئەویش ئەو دەوروبەرە ماددی و مرۆییەیە ئەو تاکانە تیایدا گەورە دەبن، لەمبارەیەوە دەڵێت (ئەو کارایانەی کە مرۆڤ لە هەڵسوکەوتیدا دەکەوێتە ژێـر رکێفیان گەر گوزارشتێکی سادەیان

---

(١٣٨) هـ. س : ١٦.

(١٣٩) هـ. س : ١٥.

لێبکەین سێ جۆرن: یەکەمیان و کاراترینیان کارای باوباپیرانە، دووەمیان کارای دایك و باوکە، سێیەمیان کارای ژینگەیە، کە هەندێك پێیانوایە ئەمەی دواییان بەهێزترینیانە، کە لە راستیدا لاوازترینیان[١٤٠].

کەوابێت دواجار ئەوەی هەڵسوکەوتی تاکەکان دیاری دەکات ئەو سیفەتانەن کە لەباوانە یەکەمینەکانەوە ماونەتەوە. گەر ئەو سیفەتانە رکێفی هەڵسوکەوتی تاکەکانی ناو کۆمەڵگایەکیان نەکردو زاڵ نەبوون بەسەر ئەو سیفەتە تایبەتیانەی کە لەدایك و باوك و بنەماڵەوە دەگوازرێنەوە، ئەو نەتەوە بوونی نابێت. گەر سیفەتەکانی دایك وباوکەکان زاڵ ببێت بەسەر سیفەتەکانی باوباپیراندا، لەبری نەتەوە کۆمەڵە بنەماڵەیەکی جیاواز لە یەکتری لەو کۆمەڵگایەدا بوونیان دەبێت. کەوا بێت بنەمای بوونی نەتەوە، ئەو سیفەتانەن کە لەرێگەی باوکان و دایکانی کۆمەڵگایەکەوە لەباوانە یەکەمینەکانەوە دەگوازرێنەوە بۆ نەوەکان و هەڵسوکەوتی گشتی ئەو نەوەیە دیاری دەکەن.

بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەم مەسەلەیە، لۆبۆن باس لە نمونەی میانە دەکات. نمونەی میانە، ئەو تاکە خەیاڵیەیە کە تەنها هەڵگری ئەو سیفەتانەیە کە لەباوانە یەکەمینەکانەوە دەگوازرێنەوە، ئەو سیفەتانەی لە رووی تیۆرییەوە لێ داماڵراون کە لە دایك و باوکەوە دەگوازرێنەوەو تاکەکانی ناو بنەماڵەو خێزانە جیاوازەکانی ناو یەك نەتەوە لە یەکتر جیا دەکەنەوە.

نمونەی میانە نمونەی تاکەکەسێکی پوختە لەکاریگەرییە بۆماوەییەکانی دایك و باوك و کاریگەرییەکانی ژینگە کۆمەڵایەتییەکە. ئەم تاکەکەسە نمونەی باڵای تاکی نەتەوەییە. تاکەکانی ناو نەتەوەدا بەهۆی زاڵی سیفەتەکانی باوانە یەکەمینەکان بەسەر سیفەتەکانی باوك و دایکیدا، بەبێ ئاگایی خۆیان بەرەو ئەو تاکە پوختە نەتەوەییە کێشدەکرێن کە هەڵگری خاسیەتەکانی نەتەوەیە (لەکۆی ئەو سیفەتە سایکۆلۆجیانەی کە تاکەکانی هەر نەتەوەیەك تیایدا هاوبەشن سیفەتێکی گشتی پێکدێت کە بە خولق و خووی نەتەوە یان خولق و خووی میللی گوزارشتی لێدەکرێت، یان بە گوزارشتێکی تر نمونەی میانە پێکدەهێنێت، کە دەکرێت وەك مۆرك و نیشانەی نەتەوە وەربگیرێت)[١٤١]. ئەو نمونە میانەییە لەناو تاکەکاندا هێزێکی

(١٤٠) هـ. س : ١٤.

(١٤١) هـ. س : ١٢.

گەورەی هەیەو بەردەوام وایان لێدەکات کە ئەو بنوێنن و بەردەوام ئەوان بەرەو ئەو نمونە میانەییە کێش بکرێن)[١٤٢].

گەر تاکەکانی هەر نەتەوەیەك وابەستە نەبن بەو نمونە میانەییەوەو لەهەڵسوکەوتیاندا ئەو نەنوێنن و شتانێکی تری جگە لەو بنوێنن، ئەوە بوونی نەتەویی ئەو نەتەوەیە بەرەو لاوازی و لەناوچوون دەچێت. کام لە تاکە نەتەوەییەکانیش ئەو نمونە میانەییە بەباشترین شێوە بنوێنێ و جگە لەو هیچ نمونەیەکی تر نەنوێنێ، ئەوە بەهێزوترین تاکی نەتەوەییەو گەر بەپێچەوانەشەوە بوو لاوازترین تاکی نەتەوەیە.

**٢-٢-٣/٢) سیفەتە جێگیرو گۆڕدراوەکانی رۆحی نەتەوە**

هەموو نەتەوەیەك بەپێی ئەو سەردەم و بارودۆخە جیاوازانەی کە بەناویدا تێپەڕدەبێت، گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام لەگەڵ ئەو گۆڕانانەشدا رۆحی نەتەوە یان میزاجی عەقڵی نەتەوە کۆمەڵە سیفەتێکی هەیە، هەر خۆیەتی خۆیان دەپارێزن و بەمەش نەتەوەکان وەك خۆیان دەهێڵنەوەو لەگۆڕان دەیانپارێزن.

رۆحی نەتەوە پێکهاتەیەکە لە سیفەتە گۆڕاو و نەگۆڕەکان، سیفەتە گۆڕاوەکان سیفەتی عەرەزیی رۆحی نەتەوەن و سیفەتە نەگۆڕەکان سیفەتی جەوهەریی رۆحی نەتەوەن. لەم بارەیەوە لۆبۆن دەڵێت: (میزاجی عەقڵی –واتە رۆحی نەتەوە- کۆمەڵە سیفەتێکی بنچینەیی جێگیری هەیە وەك سیفەتە جەستەییەکانی جۆرەکان، بەهەمان شێوە کۆمەڵە سیفەتێکی لاوەکی گۆڕاویشی هەیە، کە بە ئاسانی دەگۆڕێن، ئەمانەی دواییان ئەوانەن کە بەکاریگەری ژینگەو رووداوەکان و پەروەردەو غەیری ئەمانە کاریان لێدەکرێت)[١٤٣]. ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیە جیاوازانەی کە نەتەوەیەك پیایاندا دەگوزەرێت، دەبنە هۆی ئەوەی رۆحی ئەو نەتەوەیە بۆ سازکردنەوەی خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخانەدا حاڵەتە ئاساییەکانی خۆی ناوکەوت پێبکات و کۆمەڵە حاڵەتێکی تر بەپێی بارودۆخەکان دەرکەوت پێبکات کە جیاوازن لەو حاڵەتانەی کە نەتەوە لە کاتی ئاسایی خۆیدا وەریاندەگرێت، ئەو حاڵەتە ئاکاریانە (لە زۆر کاتدا دەرناکەون، بەهۆی ناسازی ئەو بارودۆخانەی کە بۆ دەرکەوتنیان هەن، کاتێك ئەو

(١٤٢) هـ. س : ١٤.

(١٤٣) هـ. س : ٢٢-٢٣.

بارودۆخانە سازدەبن لەرێگەیانەوە سیفەتێکی نوێ لەنەتەوە دەردەکەوێت، بەڵام عەرەزییەو تەنها لەکاتێکی دیاریکراودا بەردەوام دەبێت، هەر لەبەرئەمەشە لە بۆنە ئاینی و سیاسییە گەورەکاندا، نەتەوە بە رواڵەتێکی نوێوە دەردەکەوێت، ئەوانەی کە چاودێری دەکەن خەیاڵیان بۆ ئەوە دەچێت کە ئەوە لە گۆڕانێکی گەورە لە خولق و خووی ئەو نەتەوەیە کەوتووەتەوە، وەك ئەوەی کۆدەتایەك لەئاکارو بیرو باوەڕو هەڵسوکەوتیدا روویدابێت، کەچی ئەو گۆڕانە زۆرنابات و نامێنێ)[144].

خولق و خووی میللی ئەو خاسیەتە جەوهەرییەی میزاجی عەقڵییە کە لەگەڵ گۆڕانی خاسیەتە لاوەکییە گۆڕاوەکاندا ئەو ناگۆڕێت و وەکو خۆی دەمێنێتەوە. گەر نەتەوەیەك لە خولق و خوویدا ئەوە دەرکەوتبێت کە ئازایەو مل نادات بۆ هیچ هێزێکی دەرەوەی خۆی. بەڵام سەردەمێك بێتە پێشەوەو بارودۆخێکی وا دروست بێت، کە ئەو نەتەوە تیایدا مل بۆ هێزە دەرەکییەکان کەچ بکات، لەڕاستیدا بەمە خولق وخووی ئەو نەتەوەیە لە ئازایەتییەوە نەگۆڕاوە بۆ ترسنۆکی. ئەوەی ترسنۆکی ومل کەچ بوونی تیا دەرکەوت کردووە باوردۆخێکی کاتییەو ئەو دەرکەوت کردنەش بووەتە هۆی ئەوەی ئازایەتی ئەو نەتەوەیە بۆ ماوەیەکی کەم بپۆشرێت و پەنهان ببێت، بەڵام دوای تێپەڕینی ئەو ماوەیە هەمان خولق و خووی ئازایەتی لەنەتەوەکەدا دەردەکەوێتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت زەمەنێکی زۆر درێژ ببێتە هۆی گۆڕانی سیفەتە جێگیرەکان، واتە گۆڕانی خولق و خووی میللی (گەر ئێمە لەهەموو ئەو کارایانەمان روانی کە کاریگەریان لەسەر میزاجی عەقڵی نەتەوە هەیە، دەبینین ئەو کاریگەرییە بەردەوام لەرووە لاوەکییەکەی دەکرێت و زۆر کەم کار لەجیاییە بنچینەییەکانی دەکات، گەر کاریشی لێبکات دەرناکەوێت، گەر ئەو کارە لەزەمەنێکی درێژدا کارایەکەی بەردەوام نەبێت. ئێمە بۆ ئەوە ناچین کە سیفەتە سایکۆلۆجییەکانی نەتەوە شیاوی گۆڕان نین، ئەوەی دەمانەوێت روونی بکەینەوە ئەوەیە کە ئەو سیفەتانە لە پلەیەکی بەرزی جێگیریدان، لەمەشدا وەك سیفەتە جەستەییەکان وان، ئەو جێگیرییەش علەتی هێواشی گوزەری خولق و خووی نەتەوەیە بەناو جەرگەی شەوگارو رۆژگارەکاندا)[145].

(١٤٤) هـ. س : ٢٣.

(١٤٥) هـ. س : ٢٧.

### ٣-٢-٣/٢) رۆحی نەتەوە و دەرکەوتەکانی

رۆحی نەتەوە خۆی پێکهاتەی کۆمەڵە سیفەتێکە کە خولق و خووی میللی پێکدەهێنن و ئەم خولق و خووەش دەبێتە ئەو جەوهەرەی کە لە کۆمەڵە دەرکەوتەیەکدا خۆی دەردەخات و ئەو دەرکەوتانە هەموویان دەبنە سیمای ئەو خولق و خووەو ئەویش لەواندا دەبێتە ئەو مۆرکەی کە سیمای نەتەوەیەك لە نەتەوەکان جیادەکاتەوەو نەتەوەکە لە شوناسدا لەگەڵ خۆیدا دەهێڵێتەوە، (توخمەکانی هەموو مەدەنیەتێك کە زمان و سیستەمەکان و بیرەکان و بیروباوەڕەکان و هونەرەکان و ئەدەبیاتەکەیەتی، ئەوانەن کە پێویستە بەسیما دەرەکییەکانی ئەو رۆحە بزانرێن کە وەدی هێناون)[١٤٦]، مەرج نییە ئەو خولق و خووەی کە نەتەوەیەك هەیەتی لە هەموو سیماکانیدا خۆی ئاشکرا بکات و بدرەوشێتەوە، دەکرێت لەنەتەوەیەکدا سیما درەوشێنەرەوەکەی ئەو خولق و خووە (هونەرەکان بن و لەویتردا سیستەمەکان بن و لەیەکێکی تردا سوپاو لەیەکێکی تردا بازرگانی بێت)[١٤٧] و مۆرکی نەتەوەو شوناسەکەی تیایدا خۆی ئاشکرا بکات. بەڵام لەهەمان کاتدا سیماو رواڵەتەکانی تریش کە کەمتر درەوشاوەن، بەدەرنین لە نواندنی خولق و خووی میللی ئەو نەتەوەیەو هەر بەو مۆرك کراون. گەر هونەرەکانی نەتەوەیەك درەوشاوەترین سیمای ئەو نەتەوەیەبن، ئەوا ئەو هونەرانە دەبێت ( لەگەڵ میزاجی عەقڵی نەتەوەکەدا سازبن، رێژەیەکیش (لەسازی) لەنێوان ئەو میزاجەو نێوان زمان و سیستەمەکاندا هەبێت)[١٤٨]. دەرکەوتەکانی رۆحی نەتەوەیەك، دەکرێت لەو نەتەوەیەوە بگوازرێنەوە بۆ نەتەوەکانی تر، بۆ نمونە دەکرێت زمان یان ئاین یان هەر دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکانی نەتەوە بگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی خۆی و نەتەوەکانی تر وەریبگرن، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەگوازرێتەوە تەنها دەرکەوتەکەیەو جەوهەری دەرکەوتەکە کە خولق و خووی میللی نەتەوەکەیە لەگەڵ دەرکەوتەکەدا ناگوازرێتەوە.

کاتێك زمانی نەتەوەیەك یان ئاینەکەی لەلایەن نەتەوەیەکی ترەوە وەردەگیرێت، ئەو زمان و ئاینە لەگەڵ میزاجی عەقڵی ئەو نەتەوەیەدا ساز نییە، چونکە ئەو نەتەوەیە خاوەنی خولق و خوویەکی تایبەت بە خۆیەتی، هەر ئەمەش وا دەکات کە ئەو زمانە یان ئاینەی کە لە

(١٤٦) هـ. س : ٥٧-٥٨.

(١٤٧) هـ. س : ٥٨.

(١٤٨) هـ. س : ٧٣.

نەتەوەیەکی ترەوە بۆی هاتووە بەشێوەیەك وەربگیرێت کە خولق و خووی خۆی بکاتە جەوهەر بۆیی و لەرێگەیەوە بینوێنێت، واتە بەمۆرکی خۆی مۆرکی بکات. (کەس ناتوانێت ئەوە رەت بکاتەوە کە ئاینە گەورەکانی وەك براهیمیەت و بوزیەت و نەسرانیەت و ئیسلام هەریەکەیان بە تەواوی چۆتە ناو گەلەکان و گەلەکانیش ئەو ئاینەیان خستووەتە شوێنی ئاینە رەسەنەکەی خۆیان. بەتێڕامان لەمە دەردەکەوێت ئەوەی ئەو نەتەوانە ئاڵوگۆڕیان پێکردووە، تەنها ناوی ئاینە کۆنەکەی خۆیانە نەك خودی ئاییەنەکە، ئەوە ئاینە نوێیەکەیە دەگۆڕێت تا لەگەڵ بیروباوەڕە کۆنەکەدا هەمئاهەنگ بێتەوە، لەراستیدا هیچ نوێیەك بوونی نییە جگە لەوەی کە درێژبووەوەی ئەو کۆنەیە)[١٤٩].

لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە ئاینی نەتەوەیەك یان هەر دەرکەوتەیەکی تری ئەو نەتەوەیە کە دەگوازرێتەوە بۆ ناو نەتەوەیەکی ترو ئەو نەتەوەیە پێشوازی لێدەکات، ئەو نەتەوەیە ئاینە وەرگیراوەکە لە روحی ئەو نەتەوەیە بەتاڵ دەکاتەوە کە بەرهەمی هێناوەو دەیکات بە دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکانی رۆحی خۆی.

ئەم ئاینە لە ناو ئەو نەتەوەیەدا بە شێوەیەك وەردەگیرێت کە بشێت ئەو نەتەوەیە لەگەڵ روحی خۆی سازی بکاتەوەو ئەو مۆرکەی پێ ببەخشێت کە روحی دەیبەخشێت بە هەموو دەرکەوتەکانی خۆی. واتە ئەو خولق و خووە میللیە لەخۆی بگرێت کە پێشتر حوکمی ئاینە کۆنەکەی خۆی کردووە. نەتەوەیەك کە کۆمەڵە دەرکەوتەیەك لە نەتەوەیەکی تر وەردەگرێت ئەوەی لەلای گرنگە، ئەوەیە ئەو دەرکەوتانە شیاوبن بۆ ئەوەی بە خولق و خووە میللییەکە خۆی مۆرك بکرێن، بەمەش ئەو نەتەوەیە دەتوانێت هەرخۆیەتییەکەی خۆی لە ناو دەرکەوتەکانی نەتەوەکانی تردا بپارێزێت و وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ پارێزگاری لەبوونی خۆی بکات.

کاتێك ئاینێك یان هەر دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکانی رۆحی نەتەوە، لەلایەن نەتەوەیەکی ترەوە وەردەگیرێت و خولق و خووی ئەو نەتەوەیە وەردەگرێت، لە فۆرمدا هەمان دەرکەوتەیە، بەڵام لەناوەرۆکدا هەمان دەرکەوتە نییە، واتە فۆرمەکەی دەیەوێت هەرخۆیەتی خۆی بپارێزێت، بەڵام مۆرکەکەی هەرخۆیەتی خۆی ناپارێزێت، واتە وەك فۆرم هەمان دەرکەوتوو دەنوێنێ، بەڵام

---

(١٤٩) هـ. س : ٧٤.

لەناوەڕۆکدا فرەمۆرکەو هەر نەتەوەیەك بەمۆرکی خۆی ڕەنگی دەکات و خولق و خووی خۆی پێدەدات. جاری وا هەیە ئەوەندە گۆڕانی بەسەردادێت بەئاسانی سیماکەی ناناسرێتەوە.

((ئەو گۆڕانانەی کەبەسەر ئەو ئاینانەدا هاتوون کە لەنەتەوەیەکەوە چوون بۆ نەتەوەیەکی تر، گەیشتوونەتە ئاستێك کە هیچ لە ئاینە وەرگیراوە نوێیەکە نەمێنێتەوە، ناوەکەو وێنەکەی نەبێت، ڕوونترین نمونەی ئەمە لە بوزیەتدا دەبینین، بوزیەت هەر لەوکاتەوە کە دەگوازرێتەوە بۆ چین، ڕێوڕەسمەکانی خۆی لەدەست دەدات تا ئەو ڕادەیە گۆڕانی بەسەردا دێت، زاناکان لە سەرەتادا بە ئاینێکی سەربەخۆی دەزانن، زەمەنێکی زۆر پێوەی سەرقاڵ دەبن جا دەزانن ئەوە بوزیەتی هیندییەو ئەو نەتەوەی کە وەریگرتووە گۆڕیویەتی، بوزیەتی هیندی هەرگیز بوزیەتی چینی نییەو ئەوانەش بەتەواوەتی جیاوازن لە بوزیەتی(نیپاڵ) ئەمەش دوورە لە بوزیەتی سیلان))(١٥٠).

ئەوەی کە لەبارەی دەرکەوتەی ئاینیی ڕۆحی نەتەوەوە دروستە، بەهەمان شێوە بۆ دەرکەوتەکانی تریش دروستە. لای لۆبۆن زمان وەك یەکێك لە دەرکەوتە گرنگەکانی ڕۆحی نەتەوە بە هۆی ئەو تایبەتمەندییەی کە تیایدا هەیە، دەبێتە جێی گرنگی و بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی خۆی لە چەند شوێنێکدا بەدرێژی لەسەری دەڕوات ولەبارەیەوە دەڵێت: (زمان هەرچەندە بەنووسین جێگیرکراوە بەڵام هەر کاتێك لەنەتەوەیەکەوە گوازرایەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش وای کردووە بیرۆکەی دۆزینەوەی یەك زمان بۆ هەموو نەتەوەکان ببێتە کارێکی مناڵانە. بەڵێ نەتەوەی(غۆل) دوای فەتحی ڕۆمانی زمانی لاتینی وەرگرت، بەڵام زۆر بە خێرایی بەپێی پێداویستییەکانی خۆی گۆڕانی بەسەردا هێناو بە ڕەنگی مەعقولاتەکانی خۆی ڕەنگی کردو تا گەیاندییەی ئەوەی زمانی فەرەنسای ئێستای لێ دەربهێنێ)(١٥١). ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هەر نەتەوەیەك زمانی نەتەوەیەکی تری وەرگرت، تەنها فۆرمی زمانەکە وەردەگرێت و دواتر بەپێی جیهانی مەعقولاتەکانی خۆی سازی دەکاتەوەو فۆرمەکە بەپێی پێویستی ئەو جیهانە دەگۆڕێت. گەر نەتەوەیەك نەیتوانی خولق و خووی خۆی بدات بەو دەرکەوتانەی کە لە نەتەوەکانی ترەوە دەگوازرێنەوە بۆی، ئەو نەتەوەیە بەرەو ئەوە دەڕوات کە لەناو نەتەوەکانی تردا بتوێتەوە، چونکە ئەوەی بوونی نەتەوە دەپارێزێت ئەو مۆرکەیە کە

(١٥٠) هـ. س : ٧٥.

(١٥١) هـ. س : ٧٩.

دەیدات بە دەرکەوتە هاتووەکان، بەڵام گەر نەتەوەیەك دەرکەوتەکانی نەتەوەکانی تری وەگرت و لەخوڵق و خووی ئەوان بەتاڵی کردەوەو بەخوڵق و خووی خۆی مۆرکی کرد، ئەوە هەر خۆیەتی خۆی دەپارێزێت و وەك نەتەوەیەك دەمێنێتەوەو لەناو ئەوانی تردا ناتوێتەوە.

تیۆرە سروشتییەکەی گۆستاف لۆبۆن لەگەڵ ئەوەشدا لە باری سروشتی میللەتەکانەوە کۆمەڵە راستیەکی گرنگ دەخاتە روو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە لێکدانەوەکەیدا بۆ درستبوونی نەتەوەکان تەنها سروشتی مرۆیی بە بنەمای بوونی نەتەوەکان دەزانێت و عەقڵ دەکاتە دەرەوەی پرۆسەی پەیدابوونی نەتەوەکان و کۆی پرۆسەکە دەداتە دەستی ئەو سروشتە مرییەی کە مرۆڤەکان بەبێ ویستی خۆیان بوونەتە خاوەنی و بە ناچاریش دەبێت ئەو سروشتە تایبەتە وەرگرن کە سروشت بەبێ ئاگاداری خۆیان پێی بەخشیون. تیۆرەکە دواجار سەردەکێشت بۆ جۆرێك لە ڕەگەز پەرستی و چارەنوسی نەتەوەکان لە رێگەی ئەو سروشتەوە دیاریدەکات کە مرۆڤەکان بە ویستی خۆیان نەبوون بە خاوەنی و بە ویستی خۆشیان ناتوانن خۆیانی لێدەرباز بکەن.

لۆبۆن کە تیۆرەکەی دەباتە بواری جێبەجێکردنەوەو لەرێگەی تیۆرەکەیەوە باس لە دروستبوونی نەتەوەیەك لە کۆمەڵە هۆزێك دەکات، ناچاردەبێت لە پرۆسە بۆماوەییەکەی دروستبوونی نەتەوە لە بەر ئەنجامی ئاوێتەبوونی ئەو هۆزانە، بگات بەوەی کە لەناو ململانێ بۆماوییە سروشتییەکەی نێوان ئەو هۆزانەدا خاسیەتەکانی ئەو هۆزەیان زاڵ دەبن کە خاسیەتی باش و بە هێزن و دواتریش لەو خاسیەتانە ئەو خاسیەتانە بەرهەم دێن کە خوڵق وخوی نەتەوەکە دیاری دەکەن. واتە لە ناو پرۆسە بۆماوەییەکەی دروستبوونی نەتەوەدا لەناو ئەوهۆزانەدا کە بە شێوەیەکی سروشتی بەشداری لەم پرۆسەیەدا دەکەن ئەو خاسیەتە بۆماوەییانە خاسیەتە بۆماوەییەکەی نەتەوە دیاریدەکەن کە خاسیەتی هۆزە بە هیزەکەیانن و چارەنوسیش لە ناو ئەم ململانێ سروشتییەدا بۆ ئەوانەیە کە خاوەنی خاسیەتە سروشتیە بەهێزەکانن، لۆبۆن لەمەوە دەگاتە ئەو دەر ئەنجامەی کە گەلە ئەوروپییەکان لەو گەلانەن کە خاوەنی خاسیەتی بۆماوەیی بەهێزن و گەلە ئەفریقاییەکانیش خاوەنی خاسیەت گەلێکی بێ هێزن و توانای ئەوەیان نییە بیربکەنەوەو وەك ئەوروپایەکان ژیارێکی مەزن دابهێنن. ئەو تیۆرەی کە لە جێبەجێکردندا سەر بۆ ڕەگەز پەرستی دەکێشێت، ئەو تیۆرە عەقڵییە نییە کە فیختەو هێردەر لە سەدەی نۆزدەدا پەرەی پێدەدەن، بەڵکو ئەو تیۆرە سروشتییەیە کە

پەیدابوونی نەتەوەکان دەداتە دەست ئەو سروشتە قەدەرییەی کە جیاوازییە بۆماوەییەکانی لە نێوان کۆمەڵگاکاندا بەرهەم هێناوە. هەڵەی ئەو لێکۆڵەرانەی کە بۆچوونەکانی هێردەرو فیختە بە بۆچوونی رەگەزپەرەستانەو سروشتی دەزانن لەوەدایە کە نەئاگاداری ئەو تیۆرە سروشتییەن کە گۆستاف لۆبۆن تیۆریزەی کردووە، نە ئاگاداری پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوەشن لە ناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا.

## ٤/٢ ) تیۆری دروستەیی و دروستکردنی نەتەوە

هیگڵ مانایەکی عەقڵی دەدات بە نەتەوەو دەوڵەت، نەتەوە لای ئەو پێش ئەوەی هەر شتێك بێت ئایدیاڵێکی ناو عەقڵەو ئەو ئایدیاڵەش رۆحی نەتەوەیە، بەبێ ئەم رۆحە نەتەوە ناتوانێت ببێت، هەر ئەو رۆحەشە دەبێتە بنەمای یەکەمیی بۆ ئاین و ئاکارو هونەرو دەرکەوتە کولتورییەکانی تری نەتەوە، بەبێ ئەو روحە کولتور بوونی مومکین نییە، چونکە کولتور پێکهاتەی کۆمەڵە دەرکەوتەکەیە کە دەرکەوتەی ئەو رۆحەن و بەبێ بوونی ئەو رۆحی بوونیان نییە.

بۆچوونێکی تر لە بارەی بوونی نەتەوەوە هەیە کە ماهیەتی نەتەوە بەکولتور دەزانێت، واتە بەوەی دەزانێت کە لە رۆحی نەتەوە یان ئایدیاڵە عەقڵییەکەی نەتەوە دەکەوێتەوە، ئەم بۆچوونە بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی هیگڵەوە رۆحی نەتەوە بەو بنەما جەوهەریە دانانێت کە کولتوری نەتەوە لێیەوە دەخولقێت و بە پێچەوانەی ئەمەوە کولتوری نەتەوە بەوە دەزانێت کە رۆحی نەتەوە پێکدەهێنێت.

لێرەدا رۆحی نەتەوە بنەما یان ئایدیاڵ نییە، پێکهاتەیەکە لەبیرەوەری و ئیرادەی کۆیی، ئەو کولتورە لەرێگەی توخمەکانی خۆیەوە رۆحی نەتەوە لەناو سایکۆلۆجیەتی تاکەکانی ناو میللەتێکدا ساز دەکات و ئەو میللەتەش بەو رۆحە یەك ئاراستەو یەك ئامانج دەبن. ئامانج لێرەدا ئەوە نییە کە ئایدیاڵێك هەیەو بە پرۆسەی خولقاندا دەڕوات تا لە هیولایەکدا عەینی ببێتەوەو لەواقیعدا دەرکەوێت، ئامانج کۆبوونەوەی یەکە بچووك و گەورەکانی ناو کۆمەڵگایە لە یەك پێکهاتەی گەورەدا کە پێی دەوترێت نەتەوە، ئەو جۆرە لە نەتەوە پێش ئەوەی ببێت و بێتە ئاراوە، لەشێوەی کولتورێکدا هەیە، واتە کولتوری نەتەوە پێش نەتەوە بوونی هەیەو هەر ئەو کولتورەشە دواتر دەبێتە بنەمای دروستبوونی نەتەوە، بەلام لای هیگڵ رۆحی نەتەوە یان

نەتەوە وەك پەتییەك پێش كولتور لەناو عەقڵدا هەیەو دەبێتە بنەمای بوونی ئەو كولتورەی كە لە وەدیهاتنی ئەو ئایدیاڵە دەكەوێتەوە.

تاكە نەتەوەییەكانی نەتەوە لەلای هیگڵ ئەوانەن كە پاك بوونەتەوە لەو كولتورە باوەی كۆمەڵگاكەیان و بەهۆی ئـەمـەشەوە بەرەو جیهانی ناوەكی خۆیان گەڕاونەتەوەو ئەوەی كە خواستی ئەوانە لەو جیهانە عەقڵییەدا وەك ئایدیاڵێكی پەتی و سادە هەستیان پێكردووەو زەمینەیان بۆ سازاندووە كە لە واقیعدا شێوەگیر بێت و وەدی بێت.

بەڵام بەپێی بۆچوونە دروستەییەكە، ئەو تاكانەی كە دواتر نەتەوە پێكدەهێنن، دەبنە هەڵگری ئەوەی كە لە كولتوری ئەو كۆمەڵگایەدا هاوبەشەو هەر یەك لەوان ئامادەیی تیایە بۆ ئەوەی ئەو كولتورە هاوبەشە وەك كۆمەڵە بنەمایەك لەناویدا ریشە داكوتێ و ببێتە سەرچاوەو بنەمای هەر جوڵەو هەڵسوكەوتێك كە لەودا دەركەوت دەكات، ئەو بنەما هاوبەشانە كە بە رێگایەكی نائاگایانە لە سایكۆلۆجیەتدا دادەمەزرێن، بە رۆحی نەتەوە دەزانرێن و دواتریش ئەو كولتورەی كە لەو تاكانەوە دەكەوێتەوە، دەبێتە فۆرمێكی تری جەوهەری ئەو كولتورەی كە پێشتر لەلایەن ئەوانەوە قبوڵ كراوە. ئەوەی كە ماهیەتی نەتەوە دیاری دەكات، بەپێی بۆچوونە كولتورییەكە، ئەو بنەما كولتوریانەن كە لەناو كۆمەڵگادا هەن و تاكەكانی ناو ئەو كۆمەڵگایە بەرێگایەكی تەقلیدی وەریاندەگرن ودواتر هەموو كاروكردەوەیەكی ئەوان سەرچاوە لێیانەوە دەگرێت وبەمەش هەموو ئەندامەكانی ناوكۆمەڵگا دەكەونە ناویەك یارییەوە كەیاساكانی لەلای هەموویان هەیە.

### ١-٤/٢) نەتەوە لەنێوان رەگەزو كولتوردا

ئێرنست رینان یەكێك لەو بیرمەندانەی ئەو بیرۆكەیەی بە قوڵی تیۆریزە كردووە كە كولتوری هاوبەش بەپێش مەرجی بوونی نەتەوە دەزانێت، رۆحی نەتەوەش بەو سیستەمە دەزانێت كە یاساكانی هەمان ئەو یاسایانەن كە كولتوری كۆمەڵگا كاری پێدەكات و لەرێگەی پرۆسەیەكی نائاگایانەوە ئەو كۆمەڵگایە دەیانگوازێتەوە بۆ تاكەكانی و ئەوانیش بەپێی سەردەمەكەی خۆیان جارێكی تر بەپێی ئەو سیستەمە بەشێوەیەكی نائاگایانە بەرهەمی دەهێننەوە. ئەو بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنێت كە بیرەوەری وەك كولتوری هاوبەش ئەو بنەمایەیە كە نەتەوە لێیەوە پەیدا دەبێت، هەوڵدەدات لەلایەكەوە جیاوازی بكات لەنێوان نەتەوەو

ئیمپراتۆریەتەکانی رابردوودا، لەلایەکی ترەوە جیاوازی بکات لەنێوان رەگەزو نەتەوەدا، بۆئەم مەبەستەش پشت بەمێژوو دەبەستێت ونمونەی زۆر بۆ سەلماندنی ئەو جیاوازیانە دەهێنێتەوە(١٥٢).

بۆ دیاریکردنی ئەو بنەمایەی کە ئیمپراتۆرییەتەکانی لەسەر دامەزراوە چەند نمونەیەك دەهێنیتەوە، لەوانە میسرو چین کە دوو ئیمپراتۆریەتن و لای ئەو (بەهیچ شێوەیەك نەتەوە نەبوون. ئەمانە کۆمەڵە خێڵێك بوون لەلایەن کەسێکەوە سەرپەرشتی کراون کە بەخۆی وتووە کوڕی رۆژ یان کوڕی ئاسمان. شتێك نەبووە بە ناوی هاوولاتی میسری یان چینی. لە مێژووی کۆندا کۆمارو میرنشین لەسەر ئاستی شار هەبوون، بە هەمان شێوە کۆنفدراسیۆنی کۆماری ناوچەیی و کۆمەڵە ئیمپراتۆریەتێکی ناوچەیی هەبوون بەڵام نەتەوە بەو شێوەیەی کە ئێمە باسی دەکەین و تێی دەگەین بوونی نەبووە.)(١٥٣).

لێرەدا ئەو بنەمایەی کە هەر دوو ئیمپراتۆریەتی چینی و میسری لەسەر دامەزراوە، لەلای ئەو ئاینە. ئەمە ئەوە رووندەکاتەوە نەتەوە کە بنەماکەی بیرەوەری و کولتوری هاوبەشە، لەو سەردەمانەدا بوونی نەبووە، چونکە ئەوەی ئیمپراتۆریەتەکانی وەك پێکهاتەیەکی یەکگرتوو راگرتبوو کولتورو بیرەوەری هاوبەشی خەڵکی ناو ئەو ئیمپراتۆریەتانە نەبووەو شتانێکی تری جگە لە کولتور بووە.

بۆ جیاوازی رەگەزو نەتەوەش، نمونەی مێژوویی دەهێنێتەوە، تا ئەوە بسەلمێنێت رەگەز نابێتە بنەما بۆ بوونی نەتەوەکان، چونکە کولتوری هاوبەش نەبووەتە هۆی دروستبوون و پێکهێنانی، ئەوەی پێکیهێناوە خوێن و خزمایەتییە، لەو نمونانەی کە بۆ ئەم جیاکارییە دەیانهێنێتەوە دەوڵەتە شارەکانی یۆنانی کۆن و جولەکەکانن.

لای ئەو لەناو هۆزەکان و شارەکانی چاخی کۆندا رەگەز گرنگییەکی زۆری هەبووەو شاری ئەو سەردەمە درێژکراوەی خێزان بووە، لە ئیسپارتەو ئەسینادا دانیشتوان کەم و زۆر خزمی یەکتربوون، ئەوە لەناو بەنی ئیسرائیلییەکانیشدا هەروا بووەو ئێستاش لەنێو هۆزە

(١٥٢) بڕوانە: ئێرنێست رێنان: نەتەوە چییە؟، و: د.موحسین ئەحمەد عومەر، گۆڤاری : کوردۆلۆجی، ژ:٢، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل٣٥٥.

(١٥٣) هـ. س : ٣٥٧.

عەرەبەکاندا هەروایە[١٥٤]. لێرەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوانە نەتەوە نەبوون و بیرەوەری و کولتوری هاوبەش کۆی نەکردوونەتەوە، ئەوەی کۆی کردوونەتەوە هاوخوێنی وخزمایەتی بووە.

هەر بۆ جیاکردنەوەی رەگەز لە نەتەوە، دوو جۆر لە رەگەز جیادەکاتەوە، رەگەزێکیان بەرەگەزی جەستەیی ناودەبات و ئەویتریان بەرەگەزی زمانی، لای ئەو رەگەزی زمانی شیاوە بۆ ئەوەی ببێتە بنەما بۆ بوونی نەتەوە، نەك رەگەزی جەستەیی.

رەگەزی زمانی زاراوەیەکی فیلۆلۆژییەو پەیوەندی بە خێزانە زمانییەکانەوە هەیە، بەڵام رەگەز خۆی زاراوەیەکی فیسیۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجییە، زانایانی ئەو دوو جۆرەی لە زانست وشەی رەگەز بەدوو مانای جیاواز بەکاردەهێنن، مانای وشەی رەگەز لەسەردەستی زانایانی فیلۆلۆجیای بەراوردکاری گۆڕانێکی ریشەیی بەسەردێت، (لەسەر ئەم بنچینەیە زمان خەریکە بەشێوەیەکی تەواو لەدابەشکردنی کۆمەڵە مرۆییەکاندا جێی رەگەزی گرتووەتەوە، دروستتر دەتوانین بڵێین رەگەز ماناکەی گۆڕاوە، زمان و ئاین و یاساو داب و نەریتەکان زۆر زیاتر دەتوانن رەگەز پێکبهێنن تا خوێن)[١٥٥]، لێرەدا بەراستەوخۆ باس لە کولتور ناکرێت، بەڵام ئەوەی کە ئەو بەپێکهێنەرەکانی رەگەزی زمانییان دەزانێت، هەمان ئەو پێکهێنەرانەن کە کولتوری نەتەوە پێکدەهێنن.

هەر لەم بارەیەوە رینان روونتر باس لە یەکە پێکهێنەرەکانی رەگەز دەکات و دەڵێت: (لەروانگەی زانستە مێژووییەکانەوە، پێنج شت هەن خاسیەتی بنچینەیی هەر رەگەزێك دروست دەکەن و ئەو هەقەی پێدەدەن کە وەك تاکێك لە ریزی جۆری مرۆیدا باسی لێوەبکرێت، ئەو پێنچ بەڵگەنامەیە کە لە هەمان کاتدا بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە هەموو رەگەزێك لەسەر رابردووی خۆی دەژی، ئەمانەن: زمانی تایبەت و ئەدەبێکی چاپکراو بەشەقڵ و سیمای تایبەتییەوە، ئاین و مێژوو و ژیارێك)[١٥٦]. ئەمە ئەوە روون دەکاتەوە، نەتەوە کە رەگەزێکی زمانییە، نەك فیسیۆلۆجی ئەو خاسیەتە جیاکەرەوە تایبەتەی کە هەیەتی، ئەو توخمە کولتوریانەی پێدەدەن کە لە رابردووەوە بۆی ماونەتەوەو ئێستا لەسەریان دەژی، تۆدۆرف

---

(١٥٤) بڕوانە: هـ. س : ل ٣٦٥ .

(١٥٥) رينان: تأريخ شعب اسرائيل، وەرگیراوە لە: تودوروف، نحن والآخرون، ت: د.ربى حمود، الطببعة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر، سوريا ـ دمشق، ١٩٩٨، ص١٦٧. ل ١٦٧.

(١٥٦) هـ. س : ١٦٨.

پێیوایە کولتور کاری هاوبەشی هەر یەك لە زمان و ئەدەب و ئاین و چاپەمەنین، ئەوەشی وای کردووە کە رینان زاراوەی کولتور بەکارنەهێنێ، ئەوەیە کە خۆی لە هەر شتێك دووربخاتەوە کە ئەو مانایەی ئەو دەیدات بەرەگەز نزیکی بکاتەوە لەوەی کە رەگەزی جەستەیی بگەیەنێت[157].

رینان هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی کولتورو بیرەوەری هاوبەش لەنێوان ئەو یەکانەدا کە ئیمپراتۆریەتەکەیان پێکهێناوە، لە دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی رۆماوە، لەلایەن ئەڵمانەکان و فەرەنسییەکان و ئینگلیزەکان و روسەکان هەوڵدرا بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی نوێ، بەڵام ئەم هەوڵانە هەموویان شکستیان خوارد، هۆی ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانە بەهۆی بوونی بیرەوەری هاوبەشی نێوان ئیتنیکەکانی ناویان بوونە یەك یەکەی سەربەخۆ کە پێی دەوترێت نەتەوە (ئەوەی شارل کەن و لوئی چواردەیەم و ناپلیۆنی یەکەم نەیانتوانی بیکەن لەو بڕوایەدا نیم کەس بتوانێت لە ئایندەدا بیکات، دامەزراندنەوەی ئیمپراتۆریای رۆمانی و شارلمان مەسەلەیەکە بووەتە مەحاڵ. دابەشبوونی ئەوروپا زۆر گەورەو فراوان بووە گەر کەسێك یان هێزێك یان هەوڵێك هەبێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵێکی جیهانی بەسەردا بکات لە بەرامبەر ئەمەدا پەرچەکردارێك دێتە ئاراوەو هاوپەیمانییەکی خێرا دروست دەکات و ئەو نەتەوەیەی کە دەیەوێت جیهانیانە ئەوروپای دابەشبوو کۆنترۆڵ بکاتەوە بیگەڕێنێتەوە ناو قەڵەمڕەوی خۆری. لەو کاتەوە تائێستا جۆرێك لە هاوسەنگی درێژخایەن هەیە، لەمەشەوە دەتوانین بگەین بەوەی کە فەرنساو ئینگلستان و ئەڵمانیاو روسیا بەو شێوەیەی کە ئێستا هەن بۆ سەدان ساڵی تریش دەمێننەوەو درێژە بەبوونی خۆیان دەدەن. لەگەڵ ئەو مەترسیانەش کە لەسەر بوونیان دروست دەبن تایبەتمەندییەکانیان وەك تایبەتمەندی داشەکانی شەترەنج وان و لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ یەکدا بەردەوام لە گۆڕاندان، وەك خۆیان دەمێننەوەو لەگەڵیەکدا تێکەڵ نابن.[158].

بۆ سەلماندنی ئەمە رینان چەند هەوڵدانێکی مێژوویی باس دەکات کە لەلایەن ئەو نەتەوانەوە دراوە بۆ دامەزراندنەوەی ئیمپراتۆریەت و هەمووشیان ئەنجامەکەیان پێچەوانە کەوتووەتەوەو بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەی تر سەرهەڵبدات و ئەتنیکەکانی ناو ئەو نەتەوانە

(١٥٧) بڕوانە: هـ. س : هـ. ل.

(١٥٨) ئێرنێست رێنان، نەتەوە چییە: ٣٥٦.

بەهۆی ئەو شەڕو کارەساتانەوە بیرەوەری هاوبەشی زیاتریان بۆ بێتە ئاراوەو بەرەو ئەوە بڕۆن وەك ئەوانی تر ببنە نەتەوەو یەکەی سەربەخۆو بەرگری لەوە بکەن کە ببنە یەکەیەکی وابەستە بەو ئیمپراتۆریەتەوە کە نەتەوەیەك لە نەتەوەکان هەوڵی دروستکردنی دەدات.

لەسەدەی پێنجەمی زایینییەوە ئەڵمانەکان دەستیان بە پەلامارە گەورەکانی خۆیان کرد، هەتا دوا پلەی سەرکەوتن، سەرکەوتنیان بەدەست هێناو ئەمەش تا سەدەی دەیەم درێژەی کێشا. بەڵام لەدامەزراندنی ئیمپراتۆریەتەکەیان هیچیان بەدەست نەهێنا، گەرچی دەسەڵاتیان بەسەر فەرەنساو بورگەرندی و لۆمباردو نۆرماندیشدا گرت. فەرەنسییەکانیش بەهەمان شێوە دەسەڵاتی خۆیان فراوان کردو بۆ سەردەمێکیش یەکێتی ئەوروپای دامەزراند، بەڵام لەدەوروبەری ناوەراستی سەدەی نۆیەمدا بەشێوەیەك دارِما کە نەتوانێت خۆی بگرێتەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی فەرەنساو ئەڵمان و ئینگلستان و ئیتاڵیاو ئیسپانیا رێگەی بەنەتەوەبوون بگرنەبەرو دواتر ببن بەنەتەوە[١٥٩].

بۆ ئیپراتۆریەتی عوسمانیش رینان پێی لەسەر هەمان بۆچوون دادەگرێت و پێیوایە تورکەکان نەیانتوانی ئیمپراتۆریەتەکەی خۆیان رابگرن، چونکە تورکەکان و سلاڤە یۆنانییەکان و ئەرمەنییەکان و عەرەبەکان و سریانەکان و کوردەکان بەقەد ئەو جیاوازبوونەی پێش داگیرکردنیان لەلایەن ئەو ئیمپراتۆریەتەوە لەیەکتری جیاوازن[١٦٠].هەر ئەم جیاوازیانەش وا دەکات ئەو ئیمپراتۆریەتە خۆی رانەگرێت و هەڵوەشێتەوە. بەم پێیە هەموو هەوڵێك کە لە دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانییەوە درابێت بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی نوێ لەبری ئەوەی ئەو کۆمەڵە یەکە جیاوازانەی کە دەبوایە ئیمپراتۆریەتەکەیان پێ دامەزرێت، لەیەکتر نزیك ببنەوە و ئیمپراتۆریەتەکە پێکبێنن، لەناو خۆیاندا لێکدژییەکانی ناو رەگەزو یەکە جیاوازەکانیان بەرە بەرە کەم بوونەتەوەو بەرەو ئەوە رۆیشتوون کولتورو بیرەوەرییەکی هاوبەش دامەزرێنن و ببنە یەکەیەکی ئازادو سەربەخۆ، چیتر نەتوانن یەکەیەکی وابەستەبن.

لای رینان هەوڵدانی ئەڵمانەکان بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی نوێ لەو رووەوە ئاکامی گەورەی لێکەوتەوە، (سەرەڕای توندو تیژییەکی زۆر لە داب و نەریتی هێرشبەرە ژەرمەنەکان، ئەو چوارچێوەو نموونەیەی دەیسەپێنن، وێڕای تێپەڕینی سەدەکان دەبێتە چوارچێوەو نموونەی

(١٥٩) هـ. س : ٣٥٧.

(١٦٠) هـ. س : ٣٥٨.

نەتەوە خۆی، فرانس دوای ئەوەی کەمایەتێکی بچووکی فرانکی تێدا جێگیر دەبێت بە شێوەیەکی شەرعیانە دەبێتە ناوی وڵاتێك. لە شیعرە داستانییە بەراییەکاندا کە ئاوێنەیەکن بۆ گیانی سەردەم، ئەوە دەبینرێت کە هەموو دانیشتوانی فەرنسا فەرەنسین.)[١٦١]، ئەو سروودانە سروودی ئەو بیرەوەرییە هاوبەشەن کە جێگەی بیرەوەرییە جیاوازەکانی رەگەزە جیاوازەکانی ناو فەرەنسا دەگرێتەوە.

**٢-٤/٢) بنەمای پەیدابوونی کولتورو بیرەوەری هاوبەشی نەتەوەکان**

هەرەمەکییەت لە تێڕوانینە دروستەییەکەدا بنەمای دروستبوونی یەکە زمانییەکانەو هیچ بنەمایەکی لۆجیکی نییە بۆ کۆبوونەوەی کۆمەڵە دەنگێك بۆ پێکهێنانی یەکەیەکی زمانی و ئەوە بەهیچ شێوەیەك راڤە ناکرێت کە بۆچی زمانێك بۆ دروستکردنی وشەیەك کۆمەڵە دەنگێك بەکاردەهێنێ و کۆمەڵە دەنگێکی تر بەکارناهێنێ، هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین ئەمە کۆمەڵە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هەیە.

ئەو بۆچوونەی کە کولتوری هاوبەشی نێوان کۆمەڵە ئەتنیکێکی جیاواز بە بنەمای بوونی نەتەوە دەزانێت، بەهەمان شێوە هۆی سازبوونی کولتورێکی هاوبەش لەنێوان کۆمەڵە ئەتنیکێکی جیاوازدا دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی جیاواز، واتە گەر بپرسین بۆچی لە دروستبوونی کولتورێکی نەتەوەیدا چەند رەگەزێکی جیاواز بەشداری دەکەن و چەند رەگەزێکی تر کە دەکرێت لەیەکەوە نزیکیش بن بەشداری ناکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە پێی ئەو بۆچوونە، ئەوەیە کە ئەمە بەشێوەیەکی لۆجیکی روونادات و دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە هۆکارێك کە دیارنین و ئەوەی روودەدات بەشێوەیەکی کتوپڕو چاوەڕێنەکراو روودەدات، ئەمەش وا دەکات نەتوانین بنەمایەك بۆ کۆبوونەوەی رەگەزە جیاوازەکان لە کولتورێکی هاوبەشدا بدۆزینەوە.

رینان لەم بارەیەوە چەند نمونەیەك لەبارەی دروستبوونی کولتوری هاوبەشەوە دەخاتە بەردەستمان کە بنەمای دروستبوونی نەتەوەن، لەم نمونانەدا ئەوەی کە لۆجیکی نییە وادەکات کولتوری هاوبەش بێتە ئاراوەو نەتەوە دروست ببێت. بۆ نمونە لەباسکردنی دروستبوونی نەتەوە

(١٦١) هـ. س : ٣٥٩.

لە فەرەنسادا باس لە دروستبوونی بیرەوەری و کولتوری هاوبەشی نێوان کۆمەڵە رەگەزێکی جیاوازی فەرەنسا دەکات کە رێکەوت کۆی کردوونەتەوە. پێشتریش باسی لە رۆڵی فرەنکەکان کرد کە کەمینەکی دیارو بەرچاو نەبوون، ئەمانە بەبارودۆخێکی مێژوویدا تێدەپەڕن و دواتر دەبنە توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوەی فەرەنسی و هەر یەکەشیان بەهۆی ئەمەوە لەبوونی ئەو نەتەوەیەدا بوونی خۆی نەفی دەکات و هەموویان ناوی ئەو توخمە خۆنەفیکەرە بچووکەش وەردەگرن کە کەمینەیەکی زۆر بچووکە، رینان بۆ ئەوە دەچێت کە یەکبوونی ئەوان شەڕو سەرکەوتن دروستی کردووە، لەلایەکی ترەوە دەڵێت: من تا ئەو جێیە دەچم بڵێم هەڵەی مێژوویی هۆکارێکی گرنگە لەسازکردنی نەتەوەدا(١٦٢).

لە راستیدا نە هەڵەی مێژوویی و نەشەڕ نابنە بنەمایەکی لۆجیکی بۆ لێکدانەوەی خۆتواندنەوەی ئەو رەگەزانە لەناو پێکهاتەیەکی نوێدا کە نەتەوەیە. دەشێت شەڕ وەك زەمینەیەکی دەرەکی سەیر بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە بارودۆخێك بۆ دەرکەوت کردنی توانای یەکبوون لەنێوان کۆمەڵە رەگەزێکی جیاوازدا، بەڵام شەڕی ناو رەگەزەکان خۆیان ئەو ئاکامەی لێناکەوێتەوە، دەکرێت کۆمەڵە هێزێك کە لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە تووشی مەترسی دێن، یەکبگرن دژی ئەو هێزەو دەست لە جیاوازییەکانیان هەڵگرن، ئەو یەکگرتنەش گەر بنەمایەکی ناوەکی لەناو هەموو هێزەکاندا بۆ یەکبوون نەبێت، هەر دوای شکست هێنان بەهێزە دەرەکییەکە، جیاوازییەکانی نێوانیان سەرهەڵدەدەنەوەو شەڕ دەکەوێتەوە نێوان خۆیان، گەر ئەو ئاکامەشی لێنەکەوێتەوەو بە هۆی ئەمەوە بێن بە یەك هێزو دواتر نەتوانن لەیەکتر جیاببنەوە، ئەوە ئەو هێزە دەرەکییەی کە مەترسی و شەڕیان بۆ دروست دەکات بنەمای یەکبوونی ئەوان نەبووەو تەنها هۆکارێکی عەرزی بووەو بووەتە زەمینەیەك بۆ ئەو یەکبوونەی کە لەناو خۆیاندا هەبووەو زەمینەی وەدیهاتنی نەسازاوە. گەر بڵێین شەڕی نێوان کۆمەڵە ئەتنیکێك لەگەڵ یەکتریدا لەو ئەتنیکانە نەتەوەی دروست کردووە، ئەوە بۆچوونەکەمان زۆر بێ بنەماو نالۆجیکییە، چونکە لە شەڕێکی ئاوا بەهێزترینان سەردەکەوێت و ئەوانی تر لەناو ئەودا لەناودەچن و دەبنە خۆراکی ئەو، ئەتنیکە زاڵەکەش بەهۆی ئەمەوە دەبێتە رەگەزی باڵاو لە دەرئەنجامدا رەگەزی باڵا پەیدا دەبێت نەك نەتەوە، ئەمەش وادەکات کولتوری ئەو رەگەزە

(١٦٢) هـ. س : ٣٦٠.

بالآیە بهێنێتەوە نەك كولتورێكی نوێ كە لەبەرئەنجامی خۆنەفیكردنەوەی ئەتنیكەكانەوە سەرهەڵدەدات.

لەراستیدا گەڕاندنەوەی پەیدابوونی نەتەوە بۆ هەڵەی مێژوویی دەگەڕێتەوە بۆ كەم توانایی رینان لە تیۆریزەكردنی بنەمای نەتەوەدا، ئەو هەر خۆی دان بەوەدا دەنێت و پێی وایە خۆسەرقاڵكردن بە لێكۆڵینەوەی مێژووییەوە مەترسی لەسەر تێگەیشتن لە بنەمای دروستبوونی نەتەوەكان دروستدەكات.[١٦٣] ئەو لەبارەی هەڵەی مێژوویی و شەڕ وەك بنەمای بوونی نەتەوە هەر لە مێژوو نمونەی ئەوەشمان بۆ دێنێتەوە كە ئەو بنەمایە، بۆ زۆر نەتەوە نەیتوانیوە ببێتە بنەمای بوونیان.

هەر بۆ سەلماندنی ئەوەی كە ناكرێت بنەمای بوونی نەتەوە دیاری بكرێت، رینان نمونەی زۆر وردتر دەهێنێتەوەو خۆشی دان بەوەدا دەنێت كە ئەوەی دەبێتە بنەما لە خۆراو بەشێوەیەكی هەرەمەكی دەبێتە بنەما (پرێنسیپەكان هەمیشە بە شێوەیەكی زۆر چاوەڕواننەكراو دەردەكەون، ئیتالیا بە هۆی شكان و ژێركەوتنەكانییەوە یەكی گرتەوە، توركیاش بەهۆی سەركەوتنەكانییەوە بەرەو لەناوچوون چوو)[١٦٤].

لێرەدا شكست بۆ ئیتالیا دەبێتە بنەمای دروستبوونی نەتەوە، كەچی سەركەوتن بۆ توركیا دەبێتە هۆی روخانی، ئەمە ئەوە دەگەیێنێ بنەمایەكی لۆجیكی بۆ بوونی نەتەوە نییەو ئەوەی دەبێتە هۆی كۆبوونەوەی كۆمەڵە ئەتنیكێك و ئاوێتەبوونیان لەیەك كولتورو بیرەوەری نەتەوەیدا، هەر وەك ئەو هۆ هەرەمەكییە وایە كە وشەی ناو زمانێك بەهۆی كۆبوونەوەی كۆمەڵە دەنگێك لەیەك یەكەدا بۆ بوونی مانایەك دێتە ئاراوەو سۆسۆر ئەو پەیوەندییە بەپەیوەندییەكی هەرەمەكی نێوان كۆبوونەوەی دەنگەكان و ماناكە دەزانێت، لەدروستبوونی نەتەوەش ئەوەی پەیوەندییەكانی نێوان ئەتنیكەكان رێكدەخات بۆ وەدیهێنانی یەك كولتورو بیرەوەری هاوبەش هەرەمەكییەتەو هیچ بنەمایەكی لۆجیكی و عەقڵی لەپشتەوە نییە.

ئەو بیرۆكەیەی كەرینان لەبارەی نەتەوەو كولتورو بیرەوەری هاوبەشی نەتەوەو ئەتنیكەكانەوە هەیەتی، هەمان بیركردنەوەی دروستەیی دی سۆسۆرە لەبارەی ئاماژە و ئاماژەپێدراو و ئاماژەدەرەوە، ئەوەی ئەم دووە لەیەكتر جیادەكاتەوە تەنها جیاوازی بابەتەكەیان

(١٦٣) بڕوانە هـ. س : هـ. ل.

(١٦٤) هـ. س : ٣٦٢.

و جیاوازی توانای تیۆریزەکردنی بیرۆکەکەیە، لە راستیدا ئەو بیرۆکە تیۆرییەی رینان لەلای سۆسۆر لەرووی تیۆرییەوە کامڵ دەبێت و دواتر قوتابخانەی دروستەیی لەبوارە جیا جیاکاندا کاری پێدەکات.

### ٣-٤/٢) بیرەوەری هاوبەش وەک بنەمای راستەقینەی نەتەوە

ئەو بنەمایەی کە نەتەوە لێیەوە دێتەئاراوە چییە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە رینان هەوڵدەدات وەڵامی بداتەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەمەش لە وتارەکەیدا کار لەسەر ئەوە دەکات سەرەتا ئەوەی وەك بنەمای نەتەوە خۆی دەردەخات و بنەمای بوونی نەتەوە نییە بیخاتەڕوو، بەم کارەش، هەوڵی سەلماندنی ئەوە بدات کە رەگەزو زمان و ئاین و جوگرافیاو بەرژەوەندی، هیچیان بە تەنها نابنە بنەمای تەواوی نەتەوەو هەمووشیان پێکەوە ناتوانن کۆببنەوەو ببنە بنەمای نەتەوە.

بۆ سەلماندنی ئەوەی کە رەگەز بنەمای بوونی نەتەوە نییە، نمونەی مێژوویی زۆر دەهێنێتەوە، سویسرا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە دوو نمونەی دەزانێت کە فرەرەگەزن و کەچی نەتەوەشن.(١٦٥) ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ نەتەوە گەوربوون و گەشەکردنی رەگەزێك نییە، کۆمەڵە رەگەزێك پێکەوە دەبنە توخمەکانی نەتەوە، لەکاتی بوونیشیان لەناو پێکهاتەی نەتەوەدا چیتر وەك رەگەزێکی سەربەخۆ بوونیان نابێت و دەگۆڕێن بۆ ئەو کەرەستانەی کە دەچنە ناو پێکهاتەی نەتەوەوە. کاتێك رەگەز بە بنەمای نەتەوە دادەنرێت کە رەگەز خۆی لە نەتەوەدا لەدەست نەدابێت و هەر خۆیەتییەکەی خۆی پاراستبێت، بەمەش نەتەوە هەر هەمان ئەو رەگەزە خۆیەتی، ئەمە لە قۆناغێکدا بوونی هەبووە، بەڵام لای رینان لەسەردەمی نوێدا نەتەوەی لەو جۆرە بوونی نییەو نەتەوەکان لەبەرئەنجامی ئەوەوە پەیدا دەبن، کۆمەڵە رەگەزێکی جیاواز بەوەی کە دەچنە ناو پێکهاتەی نەتەوەوە رەگەزیەتی خۆیان لەدەست بدەن و ببنە شتێکی تری جگە لە رەگەز، ئەو شتەش یەکەیەکە لە یەکە پێکهێنەرەکانی نەتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: (نەژادی پاك بوونی نییە و دامەزراندنی سیاسەتیش لەسەر بنەمای نەژادو ئیتنۆگرافی وەك ئەوە وایە لەسەر زەمینەیەکی خەیاڵی پەیڕەو بکرێت، دانیشتوانی وڵاتانی مەزنی وەك ئینگلستان و فەرەنساو ئیتالیا، خوێنێکی گەلێك تێکەڵاویان هەیە، ئایا ئەڵمانیا لەم رووەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە؟ ئایا

(١٦٥) هـ. س : ٣٦٤.

ولآتێکی جەرمەنی پاك بوونی هەیە؟ ئەمە لە خەیالٚ و وەهم زیاتر نییە! باشوری ئەو ولآتە هەمووی گۆلوایین، خۆرهەلآتی ئەو ولآتە لە ئەلپەوە هەمووی سلاڤن)[١٦٦].

لای ئەو تاکی سەر بەرەگەزێك جیاوازە لە تاکی ناو نەتەوەیەك، تاکی ناو رەگەزێك تەنها سەر بە رەگەزەکەی خۆیەتی و بەس، بەلآم تاکی ناو نەتەوە لەیەك کاتدا سەر بە هەموو ئەو رەگەزانەیە کە گۆڕاون بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی نەتەوە، ئەو پێی وایە ئەو جۆرە مرۆڤەی کە بە ئەنگلۆساکسۆن دەزانرێ لە راستیدا نە بریتۆنییەکەی سەردەمی سزارەو نە ئەنگلۆساکسۆنی سەردەمی هێنگێستەکانەو نە دانیمارکی سەردەمی کنوتن و نە نورماندی سەردەمی گیومی مەزنن، ئەوان بەری هەموو ئەمانەن.[١٦٧].

بەم شێوەیە رەگەز لە بنەمای بوونی ئەتنیکەوە دەگۆڕێت بۆ بەشێك لەو هیولایەی کە دواتر شێوەی نەتەوە دەگرێت و جەستەی نەتەوەش دەبێتە جەستەیەکی فرەرەگەزو خۆی لە جەستەی ئەتنیك جیادەکاتەوە.

رینان لەبارەی ئەوەشەوە کە زمان بنەمای نەتەوە بێت، هەمان بۆچوونی هەیە کە لەبارەی رەگەزەوە هەیەتی و ئەویش بە بنەمای نەتەوە نازانێت، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەوەی تا ئێستا لە بارەی نەژادەوە وتومانە دەبێ لە بارەی زمانیشەوە بیلێین... ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئینگلستان و ئەمریکای ئیسپانی هەمان زمان بەکاردەهێنن، بەلآم یەك نەتەوەش نین، بە پێچەوانەوەی ئەمەشەوە دەبینین سویسرا نموونەیەکی گونجاوە، چونکە بە رەزامەندی لایەن جیاوازەکان دروستبووە، ئەمەش سێ یان چوار زمان دەگرێتەوە، لە مرۆڤدا شتێکی بالآتر لە زمان هەیە، ئەویش ئیرادەیە، ئیرادەی سویسرا بۆ یەکگرتن سەرەڕای جیاوزی زمانەکان زۆرگرنگترە[١٦٨]. رێنان لێرەدا دەکەوێتە ناو هەڵەیەکی گەورەوە، ئەویش ئەوەیە دەوڵەت و نەتەوە تێکەڵ دەکات و دەیەوێت بڵێت هەرچەندە ئەمریکاو ئینگلستان بەهەمان زمان دەدوێن، بەلآم لەبەر ئەوەی لە ناو دوو دەوڵەتی جیادان دوو نەتەوەی جیاوازن، ئەڵمانەکان و فەرەنسییەکان و ئیتالییەکانی ناو سویسراش لەبەر ئەوەی لە ناو یەك دەوڵەتدان لەگەڵ ئەوەشدا زمانەکانیان

(١٦٦) هـ. س : ٣٦٧.
(١٦٧) هـ. س : ٣٦٨.
(١٦٨) هـ. س : ٣٧٠.

جیاوازن یەك نەتەوەن، ئەمە هەمان هەڵەیە کە دواتر لێکۆڵەرە مۆدێرنیستەکانی بواری نەتەوە خوازی تێی دەکەون و نەتەوەوە دەوڵەت دەکەنەوە بەیەك.

لای ئەو گەر ئایینیش لەسەردەمانێکدا بوو بێتە جیاکەرەوەی کۆمەڵەیەکی مرۆیی لە کۆمەڵەیەکی تری مرۆیی وەك ئەوەی کە لە ئەسینای کۆن هەبووە، ئەوە لەم سەردەمەدا ئاین ناتوانێت ببێتە خاسیەتی جیاکەرەوەو شوناسی نەتەوەکان، بەپێی بۆچوونی ئەو ئاین بووە بەبابەتێکی کەسی و بەستراوەتەوە بەویژدانی تاکەکەسی هەر کەسێکەوە، نەتەوەکان چیتر بەکاسۆلیك و بەپرۆتستانت دابەش ناکرێن[١٦٩].

رینان جوگرافیای سروشتی و خاك وەك رەگەزو زمان و ئاین بەبنەمای بوونی نەتەوە نازانێت و بەڵگەشی ئەوەیە کە سنوورە سروشتییەکان نەیانتوانیوە رێگربن لەبەردەم ئەوەدا کە نەتەوەیەك بێتەئاراوە، شاخەکان و دەریاکان نە بنەمای یەکگرتنی رەگەزە جیاوازەکان بوون لەناو نەتەوەداو نە بنەمای دابڕانی رەگەزێك بوون لەبەشەکانی خۆی، سنووری سروشتی نابێتە بەربەست لەبەردەم ویستی مرۆییدا[١٧٠].

بەپێی ئەم بۆچوونە بەرژەوەندی هاوبەشیش نابێتە بنەمای بوونی نەتەوە، بەرژەوەندی هاوبەش گروپە بازرگانیەکان دروستدەکات و ئەمەش یەکبوونێکی جەستەیی و ماددی رووتە، نەتەوە لەسەر بنەمایەك دروستدەبێت کە لە یەك کاتدا جەستەیی و روحیشە[١٧١]، ئەمەش وادەکات ئەو گروپەی بەرژەوەندی هاوبەش کۆیکردوونەتەوە بە هۆی ئەوەوە بنەمای ئەو کۆبوونەوە تەنها ئەوەیە کە مادی و جەستەییەو ئەوەی نامادییە نەبووەتە بنەمای ئەو کۆبوونەوەیە ئەو گروپە نابن بە نەتەوە.

گەر ئەمانە نەبنە بنەما بۆ بوونی نەتەوە، ئایا نەتەوە بە چی نەتەوەیەو ئەو بنەمایە کامەیە کە نەتەوە لێیەوە پەیدا دەبێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا رینان دەڵێت: نەتەوە رۆحێکە، پرەنسیپێکی رۆحییە. دووشت هەن کە لە راستیدا یەك شتن ئەم روحە پێکدەهێنن: یەکێکیان بوونی میراتێکە لە نەریت و بیرەوەرییەکانی رابردوو، دووەم رەزامەندی هەنوکەیی و ئارەزووی پێکەوژیان و بوونی ئیرادەیەك بۆ درێژەدان بەو نەریت و بیرەوەریانەی کە بەرهەمی

(١٦٩) هـ. س : ٣٧٣.

(١٧٠) بڕوانە: هـ. س : ٣٧٤.

(١٧١) هـ. س : هـ. ل.

پێکەوە ژیانن و بە میرات ماونەتەوە[١٧٢]. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە نەتەوە لای ئەویش وەك ئەوەی لای هیگڵ هەیە ئایدیالێکە واتە رۆحێکە، ئەم رۆحە پێویستی بە توخمێکی تر هەیە کە ئیرادەیە، تا شێوەگیر بێت و بنوێنرێت، بەڵام لەراستیدا ئەو لێکچوونەی کە لەنێوان تیۆرەکەی هیگڵ و تیۆرەکەی ریناندا هەیە لێکچوونێکی رواڵەتی زاراوەکانە، چونکە رۆحی نەتەوە لای هیگڵ لەرابردووی هاوبەشی کۆمەڵە ئەتنیکێك وەرناگیرێت، روحی نەتەوە لای ئەو ئەوەیە کە لە عەقڵی تاکەکانی ناو میللەتدا هەیەو ئەو تاکانە کاتێك پەی پێدەبەن کە لە ژێر حوکمی ئەو نەریت و کولتورە دەرچووبن کە لە مناڵییەوە وەك کۆمەڵە یاسایەك لەناویاندا چێنراوە.

بەڵام رۆح لای رینان تەواو پێچەوانەی ئەمەیە، رۆح لای ئەو نەریت و بیرەوەریانەن کە لە رابردووەوە گوازراوەتەوە بۆ ئێستاو لە ئێستادا ئیرادە بەرەو داهاتوو ئاراستە دەکەن. رۆحی نەتەوە پێکهاتەیەکە لە ویست و ئەو بیرەوەریانە، واتە رۆح جەوهەر نییەو تاکانە نییە، پێکهاتەیەو لە دوو توخم پێکهاتووە، بیرەوەری ویست. رۆح لای هیگڵ تاکانەو یەکەو هەر خۆیەتی و لەرێگەی ویستەوە هەوڵی خۆئاشکراکردنی خۆی دەدات لەناو واقیعێکی ماددیدا. رۆح شتێکە وەدی دێت، شتێك نییە کە پێکبێت، بەڵام رۆح لای رینان دروستەییەو پێکدێت و وەدی نایەت. لای ئەو رۆح لەدەرەوەی ئێمەوە دێتە ناومان و حوکممان دەکات، بەڵام لای هیگڵ رۆح لەناوماندایەو دواتر دێتە دەرەوەو خۆی لەرێگەی ئێمەوە ئاشکرا دەکات. نەتەوە لای رینان پێش ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵە ئەتنیکێك بێت، رۆحە، بەڵام ئەم رۆحە پێکهاتەیەکە لە بیرەوەرییە هاوبەشەکانی ئەو ئەتنیکانەو لەرابردووەوە هاتووەتە ناو تاکەکانی ئەتنیکەکان و دواتر لەرێگەی ئیرادەیانەوە لەداهاتوودا لە کاروکردەوەی تری پێکەوەیدا شێوەگیر دەبێتەوەو بەهەمان شێوە ئەم شێوەگیربوونە دووپات دەبێتەوە.

لای هیگڵ رۆح کاتێك عەینی دەبێتەوە، کە لەکارو کردەوەی کەسەکاندا شێوەگیر ببێت، دوای شێوەگیربوونیشی لەنەوەکانی داهاتوودا نابێتەوە بە رۆحێکی پەتی. نەوەی داهاتوو، رۆحی لەناو خۆیدایەو دەبێت وەك نەوەی پێشوو ئەویش رۆحەکەی ناو خۆی شێوەگیر بکات، رۆح بەمە ئازادەو جگە لە خۆی پەیوەست نییە بەهیچ شتێکی ترەوە، لە خۆیداو بەخۆی و بۆ

(١٧٢) بڕوانە: هـ. س :٣٧٥.

خۆی هەیە. بەڵام رۆح لای رینان بەبێ وابەستە بوون بەرابردووەوە بوونی نابێت، رۆحی نەتەوە لەناو کەسەکاندا بوونێکی پێشینەی نییەو بوونی پێشینەی رۆحی نەتەوە لە رابردوودایە، لای ئەو نەتەوە وەك تاکەکەس بەری رابردوویەکی دوورودرێژی رەنج و قوربانی و گوێڕایەڵییە، نەریتی باوباپیران لە هەمووشتێك رەواترە. ئێمە بە رەنجی باوباپیرانمان بووین بەوەی کە ئێستا هەین(١٧٣).

لێرەدا ئەو جیاوازییە لە مانای رۆحی نەتەوەدا لەنێوان هیگڵ و ریناندا دەردەکەوێت، بەوەی کە رۆح لای هیگڵ پێویستی بە رابردوویەك نییە بۆ بوونی، چونکە بەخۆی لە خۆیدا هەیەو ئەمەش بووە بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە جەوهەری روح ئازادییەو هەر لەمەشەوەیە کە مرۆڤ لە خۆیدا ئازادە، بەڵام لای رینان رۆحی ئێمە بوونی پەیوەستە بەبوونی پێشینەکانمانەوەو بەبوونی ئەوان ئێمە هەین و بەبێ بوونی ئەوان ئێمە بوونمان نییە ئێمە ئەوەین، ئێوە بوون، ئەوەش دەبین کە ئێوەن(١٧٤). ئازادی لێرەدا نابێتە خاسیەتی جەوهەریی رۆح، وابەستەبوون و بەندیەتی خاسیەتی ئەو رۆحەیە کە رینان بە روحی نەتەوەی دەزانێت.

بەپێی ئەم بیرکردنەوەیە ئەوەی وزەی زۆر دەدات بەئیرادەی یەکبوونی ئەتنیکەکان بۆ ئەوەی لەناو نەتەوەدا خۆیان نەفی بکەن، زەحمەت و رەنج و دەردی سەری پێکەوەیی ئەتنیکەکانە، نەك خۆشییە پێکەوەییەکانیان، ئەوەی رۆحی نەتەوە بەهێز دەکات سەرکەوتنەکان نین، خەم و پەژارەکانن، چونکە ئەمانە زیاتر ئەرك دەخەنە سەرشانی کەسەکانی ناو نەتەوە.

نەتەوە یەکبوونێکی گەورەی تاکەکانی ناو ئەتنیکە جیاوازەکانە، ئەم یەکبوونەش بەو قوربانییە پێکەوەییانە دروستبووە کە لە رابردوودا داویانەو بەو خۆبەختکردنانەیە کە بۆ ئایندەی خۆیان بۆ ئامادە کردووە، نەتەوە مۆرکی رابردووەو لە ئێستادا وەك راستییەکی هەستەکی و واقیعی لە هەڵسوکەوتی کەسەکاندا دیارو ئامادەیە، خواستێکی ئاشکرایە بۆ ژیانی پێکەوەیی، دواجار بوونی نەتەوە راپرسییەکی میللییانەی رۆژانەیە(١٧٥). واتە بەڵێ کردنە بۆ ژیانی پێکەوەیی تاکەکانی ناو ئەتنیکە جیاوازەکان لەناو نەتەوەداو ناکردنێکی

(١٧٣) هـ. س : ٣٧٢

(١٧٤) هـ. س : ٣٧٧.

(١٧٥) بروانە: هـ. س : ٣٧٦.

بەردەوامیشە بۆ ئەو ژیانە پێکەوەییەی کە لەناو بنەماڵەو خێڵ و ئەتنیکەکاندا هەیە. گەر لای هیگڵ خواستە بەشەکییەکانی تاك لەخواستەکانی نەتەوەدا وەدی بێن و خواستە هەمەکییە عەقڵییەکانی نەتەوەش لەرێگەی وەدیهاتنی خواستە بەشەکییەکانی تاکەکانەوە وەدی بێت، ئەوە لای رینان خواستە تاکەکەسییەکانی تاکەکانی ناو نەتەوە بەردەوام دەبێت ببنە قوربانی بۆ خواستە گشتییەکانی نەتەوە، بەبێ ئەو قوربانییە، ئەو یەکبوونەی کە نەتەوە لەسەری دامەزراوە، ناتوانێت خۆی راگرێت، رینان ئەم قوربانیدانەی تاك بە خواستەکانی خۆی بۆ خواستەکانی نەتەوە بە هۆشیاری ئاکاری ناو دەبات و ئەو هۆشیارییەش بەهۆشیاری نەتەوەیی دادەنێت. بۆ ئەوەی ئەو هۆشیارییە ئاکارییەش بوونی خۆی بسەلمێنێت دەبێت تاکەکەس لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا خۆی بکاتە قوربانی(١٧٦).

ئەم بۆچوونە تیۆرییەی رینان لە بارەی نەتەوەوە رێگە خۆشکەرە بۆ سەرهەڵدانی ئەو تیۆرانەی نەتەوەخوازی کە لەسەدەی بیستەمدا باس لە دروستکردنی نەتەوەکان دەکەن. ئەوەی لە نێوان بۆچوونەکەی رینان و لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی هاوبەشە، ئەوەیە کە مرۆڤەکان بە ویست و ئارەزووی خۆیان نەتەوەکانیان دروست دەکەن و نەتەوە بەرهەمی رێکەوتنی ئەوانە، لەلایەکی ترەوە لای رینان تاکەکەس کاتێك دەبێتە تاکەکەسێکی نەتەوەی کە قوربانی بدات بەوەی کە تایبەتە بە خۆی بۆ ئەوەی کە گشتییەو تایبەتە بەنەتەوەوە، لای لێکۆڵەرە مۆدێرنیستەکانی بواری نەتەوەخوازی ئەم بۆچوونە لە ئاستێکی کۆیدا گوزارشتی لێکراوە، لای ئەوان کۆمەڵگا ناوچەییەکانی ناو دەوڵەت دەبێت دەستبەرداری ئەو کەلتورە ئەتنیکییە بن کە بە هی خۆیانی دەزانن بۆ ئەو کەلتورەی کە دەوڵەت بەناوی کەلتوری نەتەوەوە بڵاوی دەکاتەوە.

ئەو بیرۆکە دروستەییەی کە رینان لە سەدەی نۆزدەدا بە شێوەیەکی زۆر سادە گوزارشتی لێدەکات، هەمان ئەو بیرۆکەیە کە لە سەدەی بیستدا لە لایەن لێکۆڵەرە مۆدێرنیستەکانی بواری نەتەوەخوازی بە شێوەیەکی فراوان و قووڵ گوزارشتی لێدەکرێت و دەبێت بەو تاکە تیۆرەی کە باڵ بەسەر هەموو لێکۆڵینەوەکانی بواری نەتەوەو نەتەوەخوازیدا دەکێشێت. لەسەدەی بیستدا کە سەدەی سەرهەڵدانی تیۆرەکانی بواری نەتەوەخوازییە، تەنها بۆچوونە تیۆرییەکەی رێنان لە ناو تیۆرەکانی نەتەوەخوازیدا پەرەسەندنێکی باش بەخۆییەوە دەبینێ.

---

(١٧٦) هـ. س : ٣٧٨.

تیۆرە سروشتییەکەی لۆبۆن گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت و بۆچوونە سروشتییەکە وەك بۆچوونێکی رەگەز پەرەستانەو دژەمۆدێرنیزم دەناسرێت، تیۆرە عەقڵییەکەش بە هیچ شێوەیەك لە ناو ئەم لێکۆڵینەوانەدا باسی ناکرێت و فرامۆشدەکرێت.

بەشی سێهەم:

# تیۆرەکانی نەتەوەخوازی و دروستکردنی نەتەوە

مۆدێرنیستەکان و ئیتنۆسیمبولیستەکان بڕوایان وایە کە نەتەوە بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی مۆدێرنەو پێش ئەم سەردەمە نەتەوە بوونی نەبووە. ئەمەش ئەو خاڵە گرنگەیە کە بۆچوونەکەی ئەوان لەبارەی بوون و نەبوونی نەتەوەوە جیادەکاتەوە لە بۆچوونی فەیلەسوفە ئەڵمانەکان. بەپێی ئەم بۆچوونە نەتەوە لەلایەکەوە بەتوندی بەستراوە بە مۆدێرنەو کولتوری مۆدێرنەکەوە، لەلایەکی ترەوە بەستراوە بەنەتەوەخوازی و دەوڵەتی نوێوە، واتە ئەو دەوڵەتانەی کە لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتەکانی رۆژئاواو رۆژهەڵات دروست دەبن.

بەپێی تێڕوانینی مۆدێرنیستەکان، نەتەوە وەك هەر دروستکراوێکی تەکنیکی بەرنامەو پلان بۆ دروستکردنەکەی دادەنرێت، بەمەش پلاندانان بۆ دروستکردنی نەتەوە دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە، (ئەم پرۆسەی (پێکهێنانی نەتەوە) پلانی بۆ دانراوە، پرۆسەیەکی مۆدێرن بوو کە لە پێش ساڵی ١٧٨٩دا شتی وا رووینەدابوو. راستە لەسەردەمەکانی پێشووتردا پرۆگرامی بوژانەوەو پڕۆژەی مەزنی ئاوەدانکردنەوەو نوێکردنەوەی کارگێڕی بەئەندازەی گەورە لەلایەن پاشا مونەوەرەکانەوە خرابوونەگەڕ، هەر لە یاساکانی حامورابی لەبابلی کۆن و چاکسازییەکانی ئۆگستۆسی رۆم تا پرۆگرامە نوێکارەکانی پیتەری مەزنی روسیاو جۆزیفی دووەمی نەمسا، بەڵام کارەکانیان دیزاینێکی بە کۆمەڵی لەخۆ نەگرتبوو، کارەکان بەناوی یان لەبری تەنها کەسێك یان چینێکی دەسەڵاتدارەوە ئەنجامدرابوون)[١٧٧]، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە سەر بەسەردەمێکی جیاوازە، لەپێش ئەو سەردەمەوە کاری مەزن ئەنجامدراون، بەڵام دروستکردنی نەتەوە یەکێك نەبووە لەو کارانە.

لەو سەردەمە نوێیەدا ئایدیۆلۆجیای گەلی سەروەر کە خاوەنی کولتورو مێژوویەکی هاوبەش بێت و خەڵکی لەپێناو پاراستنیدا قوربانی گەورە بدەن، دێتە ئاراوەو خەڵکی بەگشتی لەم سەردەمەدا هاندەدرێن بۆ بەشداریکردن لە سیاسیەتی مەڵبەندی بڕیارداو دەبنە هاوڵاتی کارا، پەروەردەیەکی گشتی و جەماوەری و ئیلزامی چون یەك بۆ دانیشتوان دەستەبەر دەکرێت و رەفتارو شارەزایی پێویست لەناو خەڵدا پەرەپێدەدات تا (هێزو دەسەڵاتی نەتەوە بگەیەنێتە ئەوپەڕی و هاووڵاتی لەسەر رێزگرتنی یاساکانی نەتەوە لەسەر بناغەی عیلمانی رووت رابهێنێت)[١٧٨].

(١٧٧) ئەنتۆنی دی سمیس، نەتەوەخوازی: ٦٠.

(١٧٨) هـ. س : هـ. ل.

ئەوانەی سەرەوە لەیەك سەردەمدا دێنەئاراوەو بەرهەمی ئەو شۆڕشانەن کە لەسەدەی حەڤدەهەمی ئەوروپاو ئەمەریکادا روودەدەن، وەك شۆڕشی (PURITAN)ەکانی هۆڵەنداو ئینگلتەراو شۆڕشی وڵاتە یەکگرتووەکان و شۆڕشی فەرەنسا. دۆرکهایم لەبارەی شۆڕشی فەرەنساوە دەڵێت: (لەراستیدا هەر لەم کاتەدا بوو کە لەژێر کارگەرێتی خواست و حەزی گشتی وەك نیشتمان و سەربەستی و مەنتیق کە لە بنەڕەتدا شتی عەلمانین گۆڕان بۆ شتی پیرۆز، لەوە دەچوو ئاینێك دروست بوو بێت کە بیروباوەڕو سیمبول و بۆنەی تایبەتی خۆی هەبێت)[١٧٩].

سمیس کە رابەری ئیتنۆسیمبولیستەکانی بواری نەتەوەخوازییە، پێیوایە مۆدێرنیزم لەدوو شێوەدا خۆی دەنوێنێت کە بریتین لەشێوەی کرنۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی، یەکەم شێوەیان ئیتنۆسیمبولیستەکان پەیڕەوی دەکەن و (پێ لەسەر ئەوە دادەگرن نەتەوەخوازی وەك ئایدیۆلۆجیاو بزوتنەوەو سیبمولیزم تا رادەیەك نوێیە)[١٨٠]. شێوەی دووەمیان کە مۆدێرنیستەکان نوێنەرایەتی دەکەن (پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، نەتەوەخوازی بریتی نییە لە داهێنان و شێوازی نوێکردنەوەی شتێکی زۆر کۆنتر، بەڵکو شتێکی لەم چەشنە لەوەوبەر لە ئارادا نەبووە، ئەمەش بریتی نییە لە گۆڕانکارییەکی حەتمی مێژوو، بەڵکو دیاردەیەکە بەهۆی هاتنی سەردەمێکی تەواو نوێ و زنجیرە هەلومەرجێکی تەواو نوێوە هاتۆتە ئاراوە، بەکورتی نەتەوەخوازی بەهەرمی مۆدێرینیتەیەو هیچی تر، ئەم پێداگرتنەی دووەمە کە چوارچێوەی مۆدێرنیزمی راستەقینە دەنەخشێنێت)[١٨١] لای مۆدێرنیستەکان (تەنها نەتەوەخوازی مۆدێرن نییە، بەڵکو نەتەوەکان و دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەیی و هەموو ئەوانەی لەناو کۆمەڵگا نەتەوەییەکاندا هەن مۆدێرنن. هەموو ئەمانەش بەلای مۆدێرنیستەکانەوە تەنها لەرووی کرۆنۆلۆجییەوە نوێ نین، بەڵکو لەرووی چۆنایەتیشەوە نوێن. شۆڕشی فەرەنسا تەنها ئایدیۆلۆجیایەکی نوێی نەهێنایە کایەوە، جۆرێکی نوێی دەوڵەت و لە کۆتایدا جۆرێکی نوێ لە سیسەمی نێودەوڵەتی هێنایەکایەوە. ئەم دیاردە نوێیانە پێکەوەو بەهاوکاری یەکتر ئاوێتەی سیستەمی نوێی جیهانی مۆدێرنتین، بەڵام لەهەمان کاتدا رەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجە نوێیانەن کە سیمای مۆدێرنتین)[١٨٢]. ئێرنیست رینان بناغە

(١٧٩) هـ. س : ٦١.

(١٨٠) هـ. س : هـ. ل.

(١٨١) هـ. س : ل ٦٢.

(١٨٢) هـ. س : هـ. ل.

داڕێژەری بیرکردنەوەی مۆدێرنیزمانەیە بۆ نەتەوە، گەرچی لای ئەو نەتەوەخوازی هیچ باس و خواسێکی نییە، بەڵام لەرێگەی دیاریکردنی ئەو توخمانەی کە نەتەوە دروست دەکەن زەمینەخۆش دەکات بۆ مۆدێرنیستەکانی دوای خۆی نەتەوەخوازی بکەنە هێزی کارای دروستکردنی نەتەوە.

مۆدێرنیستەکان هەر لە ڕینانەوە تا ئەندرسن لەکارەکانی خۆیاندا پێ لەسەر کولتورێکی داهێنراو دادەگرن کە نەتەوەخوازی کار لەسەر چاندنی دەکات لەناو ئەو جەماوەرەدا، کە دواتر بەهۆی وەرگرتنی ئەم کولتورەوە نەتەوەیان لێدروست دەکرێت. گرنگی ئەم کولتورە لە جۆری کولتورەکەوە سەرچاوە ناگرێت و لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم کولتورە دەتوانێت چین و توێژە جیاوازەکان و گروپە ئەتنیکییە جیاجیاکان لەدەوری یەك ئامانجدا کۆبکاتەوەو ناکۆکییەکانی نێوانیان نەهێڵێ و لەناو یەك پێکهاتەدا بیانکاتەوە بەیەك. ئەو پێکهاتەیەش پێی دەڵێن نەتەوە، بەمە شوناسە جیاوازەکان لەناو یەك شوناسدا جیاوازییەکانی خۆیان لەدەست دەدەن، ئەو شوناسەش شوناسی نەتەوەییە.

نەتەوە لای ڕینان داهێنراوێکی نوێیەو پێش شۆڕشی فەرەنسا بوونی نەبووە، بۆ ئەم داهێنانە نوێیەش دوو توخمی سەرەکی هەن، یەکیان ریشەی لەرابردوودایەو خاوەندارێتییەکی هاوبەشی کۆمەڵە ئەتنیکێکە بۆ میراتێکی دەوڵەمەندی بیرەوەرییەکان، ئەوی تریان ریشەی لە ئێستادایەو ئاواتی پێکەوە ژیان و ویستی بەزیندوو راگرتنی ئەو میراتە هاوبەشەیە بەوەی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەی کە خاوەنی ئەو میراتەن پێکەوە کاری پێکەوەیی ئەنجام بدەن و ئەو میراتە پەرەبسێنن و گەشە بکات(١٨٣).

بۆ ئەمەش ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانە دەبێت چۆنایەتی کولتوری نوێ دابهێنن، بۆ ئەو ژیانە پێکەوەییەی کە بەهۆی بیرەوەرییەکانی رابردووەوە بۆتە ئامانجیان. کەوابێت هەستکردن بە ژیانی پێکەوەیی لەو گروپانە دەخوازێت کولتورێکی هاوبەشی بۆ دابهێنن و ئەم کولتورە هاوبەشەش جێگە بە کولتوری ناوچەیی هەر یەك لەو گروپانە چۆڵ بکات، بەمە ئەو ژیانە پێکەوەییە دەستدەکەوێت و لێکدژییە کولتورییەکانی ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانە نامێنن.

ویستی پێکەوەژیان، ئەو بیرەوەریانە چالاکی دەکات کە سەرکەوتن و شکستەکانی کۆمەڵە گروپێکی کۆمەڵایەتی لەرووداوێکی مێژوویدا تووشیان دەبن، ئەمەش لەو کاتەدا دەبێت کە

---

(١٨٣) بڕوانە: ٢/٤.

رووبەرووی هێزێکی دەرەکی دەبنەوە کە مەترسییە لەسەر هەموویان. ئەم گروپانە بەرێکەوتێکی مێژوویی لەناو رووداوێکی لەو جۆرەدا وەك یەك هێز لەبەرامبەر ئەو هێزە دەرەکییەدا دەوەستن کە هەڕەشەیان لێدەکات، ئەو رێکەوتە ئەو یەکبوونە مێژووییە لەنێوان ئەو گروپە ناچونیەك و جیاوازانەدا دروست دەکات، بەمەش جۆرێك لە هۆشیاری لەلایان سەرهەڵدەدات بەرامبەر بەسودی پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن، ئەم هۆشیارییەش لەو بیرەوەرییانەوە سەرچاوە دەگرێت کە گروپەکان لەو رووداوەدا بوونەتە هەڵگری.

تاکە شتێك کە ئەوان تیایدا هاوبەش بن ئەو بیرەوەریانەن، هەر ئەوانیشن کە پەرە بە هۆشیاری و بیرکردنەوەی ئەوان دەدەن، تا بیر لەوە بکەنەوە بەپێکەوە ژیانێکی هاوبەش بژین و بەردەوامی بەو یەکبوونە بدەن کە بەرێکەوتێکی مێژوویی تێیکەوتوون. لێرەدا مێژوو ئەوە نیشانی ئەوان دەدات کە چەند پێویستە بۆ پاراستنی بوونی خۆیان درێژە بەو یەکبوونە بدەن کە بە رێکەوت لە رووداوێکی مێژوویدا تێیکەوتوون.

نەتەوە بەوە دروست دەبێت ئەوەی کە ئەوان بەرێکەوت تووشی هاتوون، هەوڵبدەن بەویستی خۆیان دروستی بکەنەوەو گەشەی پێبدەن، لێرەوەیە کە رینان هەلومەرجی دروستبوونی نەتەوە دەبەستێت بەوەوە کە لە رابردوودا کۆمەڵە گروپێك بە رێکەوتێکی مێژوویی کەوتوونە ناو ژیانێکی پێکەوەیی و ئەوەش کە لە رابردودا بەرێکەوت روویداوە کردویانە بەئامانجێك و دەیانەوێت لە ئێستاو داهاتوودا لەرێگەی ئەو ژیانە پێکەوەییەوە پێکەوە کاری گەورەترو مەزنتر ئەنجامبدەن[١٨٤].

بۆ ئەوەی ئەوەی لە رابردوودا بەرێکەوت پێیگەیشتوون لە داهاتووشدا بەردەوام بێت، دەبێت ئەوەی بەرێکەوت کراوە، بەرنامەو پلانی گونجاوی بۆ دابنرێت و پەرە بسێنێت. کەوا بێت ئەوەی ئەوان بەنائاگایی تێیکەوتوون، دەبێت بەویست و ئاگایی خۆیان پلان و بەرنامە بۆ رووداني دابرێژنەوە، بە بەئاگایی کردنی ئەوەی کە نائاگایە نەتەوە دروست بکەن[١٨٥].

بەپێی ئەم بۆچوونە، نەتەوە پێویستی بەویستی ئاگایانەی کۆمەڵە گروپێکە، لەگەڵ ئەزموونێکی هاوبەشدا کە لە واقیعێکی مێژوویدا بەرێکەوت دەستیان کەوتووە، ئەوان چۆنایەتییەکانی ئەو سیستەمەی کە پێکەوە بە رێکەوت ئەوانی خستووەتە ناو پەیوەندییەوە

---

(١٨٤) هـ. س : ١٩٥.

(١٨٥) بڕوانە: ٢/٤.

وەردەگرن و بەئاگایی و بیرکردنەوەی خۆیان سیستەمێك لە چۆنایەتییەکانی پێدروست دەکەن، تا بەژیانێکی پێکەوەیی کار بۆ ئەو دەستکەوتانە بکەن کە لەو رووداوە مێژووییەدا بەرێکەوت دەستیان کەوتووە.

دروستکردنی سیستەمێك لە چۆنایەتییەکان بۆ پێکەوە ژیان، ئەو توخمەیە کە دواتر لای مۆدێرنیستەکان بە توخمی کارای دروستبوونی نەتەوە دادەنرێت و پێی دەڵێن نەتەوەخوازی. کەواتە نەتەوەخوازی دروستکەری سیستەمێکە لە چۆنایەتی بۆ ژیانی پێکەوەیی کۆمەڵە گروپێکی کۆمەڵایەتی جیاوازو چاندنی چۆنایەتییەکانی ئەو سیستەمەیە لەناو ئەندامانی ئەو گروپە جیاوازانە تا ئەو گروپانە ببنەوە بەیەك و لەناو یەك ژیانی پێکەوەییدا ئەوە ئەنجامبدەن کە بەبێ ئەو پێکەوە ژیانە ناتوانن ئەنجامی بدەن.

دروستکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لەو جۆرە لە چۆنایەتی شیاو بۆ پێکەوە ژیان، کارێکی پلان بۆ دانراو و ئاگایانەیە، هەر ئەمەشە وا دەکات کە نەتەوە بچێتە ریزی ئەو بوونەوەرانەوە کە بەپلان و بەرنامەو تەکنیك دروست دەکرێن.

نەتەوە لێرەدا هیچ نییە جگە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لە چۆنایەتی، بۆ ژیانی پێکەوەیی کۆمەڵە گروپێکی جیاواز. لێرەدا زمان و نەتەوە وەك یەکیان لێدێت و جیاوازیان تەنها ئەوەندەیە کە زمان سیستەمی ئاماژەکان و چۆنایەتی بەکارهێنانی ئاماژەکانە، نەتەوەش بەهەمان شێوە سیستەمی ئەو تاکەکەسانەو چۆنایەتییەکانی کارکردنی ئەوانە لەناو ژیانێکی پێکەوەییدا.

لەراستیدا ئەو بۆچوونە ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە بۆچی ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانە بەبێ بوونی ئەو رووداوە مێژووییەی کە بەرێکەوت روودەدات ئەو هۆشیاریەیان لا پەیدا نابێت و پەی بەسودی ژیانی پێکەوەیی نابەن و ناتوانن سیستەمێك لە چۆنایەتییەکان بۆ ئەو ژیانە پێکەوەییە بهێننە ئاراوە؟.

هەر وەك چۆن ئەو لێکۆڵەرانەی بواری زمانەوانی کە هەرەمەکیەت دەکەنە بنەمای بوونی زمان ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە مرۆڤ بۆ ناتوانێت سیستەمێك لەئاماژەو چۆنایەتییەکان دابهێنێ و زمانێکی پێ دروست بکات و ئەو زمانە وەك زمانە سروشتییەکان کاری خۆی بکات، بەڵام هەرەمەکییەت و رێککەوت لای مرۆڤی سەرەتایی وا دەکات کە سیستەمێکی لەو جۆرە بۆ ئاماژەکان بێتەئاراوە؟! واتە بۆچی رێکەوت و هەرەمەکییەت بۆ

دروستبوونی ئەم سیستەمانە پێش مەرجەو بەبێ بوونی ئەو ڕێکەوتە ئەو سیستەمانە نایەنە ئاراوە؟! .

لەلایەکی ترەوە ئەم بۆچوونە چ لە زمان و چ لە نەتەوەدا وەك دوو سیستەم، ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە بۆچی ئەوەی بەرێکەوت ڕوودەدات لە کۆمەڵە مرۆڤێکدا ڕوودەدات و لە کۆمەڵە مرۆڤێکی تردا ڕوونادات؟ بۆ ئەو ڕووداوەی کە بەرێکەوت ئەو کۆمەڵە گروپە تێیدەکەون کە نەتەوەی فەرەنسیان لێ دروست دەبێت و کەچی ڕووداوێکی بەرێکەوتی لەو جۆرە تووشی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازانە نابێت کە خۆیان بە کورد دەزانن و بەردەوام لە شەڕدان؟. ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە پێش مەرجی ڕێکەوتی مێژوویی ڕێگە بە کردنیان نادات.

بۆ زمانیش هەمان پرسیار گرنگە، بۆ نمونە لە سیستەمی ئاماژەکانی زمانی کوردیدا، بۆچی ڕێکەوت ئەو چۆنایەتی و ئاماژانە هەڵدەبژێرێ و چۆنایەتی و ئاماژەی تری جگە لەوان هەڵنابژێرێت؟ بۆچی ڕێکەوت کار بۆ ئەو ئاماژە چۆنایەتییە جیاوازانە دەکات و زمانی کوردیان لێ دروست دەکات و کار بۆ ئاماژەو چۆنایەتی تر ناکات؟ گەر ڕوونتر گوزارشت لەمە بکەین دەڵێین بۆچی ڕێکەوت کار دەکات بۆ ئەوەی (بەرد) ببێتە ناوی شتێك، بەڵام ڕێکەوت کۆمەڵە دەنگێکی تر لە دروستکردنی وشەیەکی تردا بۆ ناوی ئەو شتە کۆناکاتەوە؟ لێرەدا بۆیە ڕێکەوت دەکرێتە بنەماو پێش مەرج، تا دروستکردنی نەتەوە بگەڕێنرێتەوە بۆ ویست و هۆشیاری مرۆڤەکان، هەر ئەمەش بنەمای بیری مۆدێرنیستەکانە.

مۆدێرنیستەکانی دوای ڕینان پەرە بە بۆچوونەکانی ڕینان دەدەن و تیۆرێکی بەهێز بۆ نەتەوەو نەتەوەخوازی تیۆریزە دەکەن، بەشێوەیەك کە ئیمکانی کردنی ئەو جۆرە لە پرسیار نەمێنێت، یەکێك لەو لێکۆڵەرانە کە پەرە بە تیۆرەکەی ڕینان دەدات، ئێرنست گێلنەرە.

ئەوەی کە گێلنەر پێناسەی نەتەوەخوازی و نەتەوەی لەسەر دادەمەزرێنێت، بۆچوونێکە پێیوایە نەتەوەخوازی بنەمایەکی سیاسییەو داوای هەماهەنگی یەکەی سیاسی و یەکەی نەتەوەیی دەکات(١٨٦). بەپێی بۆچوونی گێلنەر هەماهەنگی ئەو دوو یەکەیە لەپێش سەردەمی مۆدێرنەدا بوونی نەبووەو لەگەڵ هاتنی مۆدێرنە ئەو هەمئاهەنگییە هاتووەتە ئاراوە، ئەویش بەهۆی ئەو کولتورە داهێنراوە فەرمییەوە هاتووەتەئاراوە، کە لە ڕێگەی قوتابخانە مۆدێرنەکان و

(١٨٦) ایرنست غیلنر، الأمم والقومیة: ١٥.

پەروەردەو فێرکردنی مۆدێرنەوە بەناو هەموو ئەو هاوڵاتییانەدا بڵاوبووەتەوە کە لەناو یەك سنووری سیاسیدان.

لەسەر مەسەلەی ئەو هەماهەنگییەی کە نەتەوەخوازی کردوویەتی بە ئامانجی خۆی، گفتوگۆیەك لەنێوان دوو لێکۆڵەری مۆدێرنیستدا هەیە، یەکێکیان ئیلیا قەدوورییەو ئەویتریان گێلنەرە، لای گێلنەر ئەو هەماهەنگییەی کە نەتەوەخوازی داوای دەکات، نەتەوەخوازی دروستی نەکردووە، واتە ئەوە نەتەوەخوازی نییە کە بەیەك کولتور لەرێگەی پەروەردەو فێرکردنەوە، کەسەکانی ناو یەك یەکەی سیاسی وەك دەوڵەت وا لێدەکات هەڵگری هەمان کولتورێن و بەهەمان سیستەمی چۆنایەتییەکان پێکەوە بژین، بەپێچەوانەوە، ئەوە ئەو هەماهەنگییەی نێوان یەکەی کولتوری و یەکەی سیاسییە، کە لە فۆرمی نەتەوەخوازیدا دەردەکەوێت، ئەوە نەتەوەخوازیشە کە ئەو کەسانەی ناو ئەو یەکە سیاسییە دەکات بەنەتەوەو لە فۆرمی نەتەوەدا دەیانخاتەڕوو.

بەڵام لای قەدووری نەتەوەخوازی پێش بوونی ئەو هەماهەنگییە هەیەو هەوڵی ئەوە دەدات سیستەمێك لە چۆنایەتییەکان دابهێنێت و بیخاتە شوێنی ئەو سیستەمە جیاوازانەی چۆنایەتییەکانی گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی ناو یەك یەکەی سیاسی، لەپێناو دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان یەکەی کولتوری و یەکەی سیاسیدا. لێرەوەیە کە گێلنەر دەڵێت: ئەوە نەتەوەخوازی نییە کە هەماهەنگی دەسەپێنێت، زەرورەتێکی بابەتی هەیە -کە خۆلادان لێی مەحاڵە- هەماهەنگی دەسەپێنێت و دواتر لە رووکاردا لەشێوەی نەتەوەخوازیدا شێوەگیر دەبێت[١٨٧].

بەم پێیە لای قەدووری کارای ئەو هەماهەنگییە کولتورییە کە لەسنووری یەکەیەکی سیاسی وەك دەوڵەتدا دروست دەبێت نەتەوەخوازییە. بەڵام لای گێلنەر ئەو هەماهەنگییە ئایدیاڵەو دواتر لەشێوەی نەتەوەخوازیدا شێوەگیر دەکرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لای گێلنەر نەتەوەخوازی کارای دروستکردنی نەتەوە نییە، هەماهەنگی کولتوری، نەتەوەخوازی فەرزدەکات و نەتەوەخوازیش نەتەوە، بەڵام لای قەدووری نەتەوەخوازی هەماهەنگی کولتوری دەسەپێنێت و گەر هەماهەنگی کولتوریش سەپێنرا ئەوا نەتەوە دروست دەکات.

---

(١٨٧) هـ. س : ٨٤.

لای قەدووری خەون بینین بە کۆمەڵگایەکی عەقڵی لەو جۆرە کە فەلسەفەی ئەڵمانی باسی دەکات، لەلای رۆشنبیرە لاوە ئەڵمانەکان دەبێتە ئایدیۆلۆجیاو ئەم ئایدیۆلۆجیایەش ئەوان وا لێدەکات کار بۆ وەدیهاتنی بکەن لە فۆرمی نەتەوەی ئەڵمانداو بەمە نەتەوەی ئەڵمان دروست بکەن، لێرەدا نەتەوەخوازی بریتی بوو لە بزوتنەوەی لاوە بێزارەکانی ئەڵمان کە لەگەڵ نەریت و باوباپیرانیان ناکۆك بوون(١٨٨)، ئەم بزوتنەوەیە هەوڵی دەدا ئەو کولتورە عەقڵییە بکاتە کولتوری سەراسەری کۆمەڵگاو بەمەش هەماهەنگی لەنێوان یەکەی کولتوری و یەکەی سیاسیدا دروست بکات و نەتەوە بهێنێتەئاراوە.

لای گێلنەر کارای تر هەیە بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان ئەو دوو یەکەیەدا، ئەمەش وا دەکات کە نەتەوەخوازی دوای هەماهەنگییەکە دەرکەوێت و ئەو هەماهەنگییە وا پێناسە بکات کە نەتەوەیە.

جیاوازی نێوان بۆچوونی ئەم دوو مۆدێرنیستە لەوەدا نییە کە نەتەوەخوازی نەتەوە دروست دەکات یان دروستی ناکات، لەوەدایە کە ئەو هەماهەنگییەی نێوان کولتورو یەکەی سیاسی نەتەوەخوازی دروست دەکات یان بەپێچەوانەوە. هەر دوو بۆچوونەکە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە نەتەوەخوازی نەتەوە دروست دەکات، ئەوەی جیاوازییەکەی دروستکردووە چۆنییەتی دروستکردنی نەتەوەیە لەلایەن نەتەوەخوازییەوە.

بەپێی هەر دوو بۆچوونەکە دەبێت کولتورێك هەبێت و لەسنووری یەکەیەکی سیاسیدا چۆنایەتییەکانی خۆی بگوازێتەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە سنووری ئەو یەکە سیاسییەدان و بەمەش یەکەیەکی کولتوری هەماهەنگ لەگەڵ یەکە سیاسییەکە بێتە ئاراوەو لە ئەنجامدا نەتەوە دروست ببێت. کەوابێت لێرەدا نەتەوە پێکهاتەیەکە لە تاکەکانی ناو یەکەیەکی سیاسی و چۆنایەتییەکانی یەك کولتوری دروستکراو.

بەمانایەکی تر گەر ئێمە کولتورێکی دروستکراومان هەبوو کە شیاوبێت بۆ ئەوەی چۆنایەتییەکانی لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگایەکی سیاسی وەربگیرێن و کۆمەڵگایەکی سیاسی لەو جۆرەشمان هەبێت، با لە کۆمەڵە گروپێکی کۆمەڵایەتی و خاوەن کولتورو زمانی جیاوازیش پێکهات بێت، ئەوە دەتوانین نەتەوە دروست بکەین.

---

(١٨٨) ئەنتۆنی دی سیمس، نەتەوەخوازی: ٨٠.

بەپێی ئەم بۆچوونە ئەو کولتورەی کە بە چۆنایەتییەکانی، نەتەوە دروست دەکرێت، نابێت کولتورێکی سروشتی و میللی یان ئاینی بێت و دەبێت کولتورێکی دروستکراو بێت و مرۆڤەکان بە ئاگایی و ویستی خۆیان دروستیان کردبێت، وەك ئەو کولتورە فەرمییەی کە لە قوتابخانەو زانکۆ مۆدێرنەکانی ئێستادا لە رێگەی پەروەردەو فێرکردنێکی فەرمی دروستکراوەو چۆنایەتییەکانی بەشێوەیەکی ئیلزامی دەگوازرێنەوە بۆ ناو هەموو ئەو تاکانەی لە چوارچێوەی یەك یەکەی سیاسیدان، کە دەوڵەتی مۆدێرنە.

ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە گێلنەر پێشنیاری دەکات، ئەوەش کە جێی گرنگی پێدانی کارەکانی ئەو و مۆدێرنیستەکانی تریشە ئەوەیە: کولتورێکی دروستکراوی لەو جۆرە کە جیاوازە لە کولتوری میللی و ئاینی، چۆن دروست دەبێت؟ چۆن لەناو یەکەیەکی سیاسی وەك دەوڵەتدا بڵاودەبێتەوەو چۆنایەتییەکانی جێگەی چۆنایەتییەکانی کولتورە میللییە جیاوازەکان و کولتورە ئاینییە جیاوازەکان دەگرنەوە؟ چۆن ئەم کولتورە دەبێتە کولتوری باڵای ناو دەوڵەت؟ گەر ئەم کارە سەربگرێت نەتەوەو نەتەوەخوازی چۆن دێنەئاراوەو نەتەوەخوازی پێداویستی پاراستن و بەردەوامی و پەرەسەندنی ئەو کولتورەی چۆن دەکەوێتە ئەستۆ؟ چۆن نەتەوەش دەبێتە ئەو بوونەوەرە کە لە هەماهەنگی یەکەی کولتورەکەو یەکە سیاسییەکە بکەوێتەوە؟

لێکۆڵەرە مۆدێرنیستەکانی بواری نەتەوەخوازی هەموویان لە سەر ئەو بنەمایانە کۆکن کە نەتەوەیان لەسەر دروستدەکرێت. ئەوەی جیاوازی لەنێوانیاندا دروستکردوو، ئەوەیە کە هەریەکەیان بۆچوونێکی لە بارەی جۆری ئەو کەلتورە دروستکراوەوە هەیە کە نەتەوەی پێدروست دەکرێت. لای گێلنەر و هۆبزباوم ئەو کەلتورە ئەو کەلتورە پیشەییەیە دروستکراوەیە کە لە قوتابخانەو زانکۆ مۆدێرنەکاندا دەخوێنرێت، لای ئەندرسن ئەو کەلتورە ئەو کەلتورەیە کە رۆشنبیران و رۆژنامەنوسەکان دروستیدەکەن و لە رێگەی کتێبەکان و رۆژنامەو گۆڤارەکانیانەوە بڵاوی دەکەنەوە، لای سیمیس ئەو کەلتورە هەمان ئەو کەلتورە میللییەیە کە لە ناو کۆمەڵگادا هەیە، بەڵام ئەو کەلتورە بە پرۆسەی دروستکردندا براوەو جارێکی تر بە پێی پێداویستی ژیانە مۆدێرنەکە دارێژراوەتەوە و کراوە بە کەلتورێکی مۆدێرن. جیاوازی ئەم لێکۆڵەرانەی بواری نەتەوە خوازی لە بارەی جۆری ئەو کەلتورە دروستکراوەی کە نەتەوەخوازەکان نەتەوەی پێدروست دەکەن چەند بۆچوونێکی تیۆریی جیاوازی هێناوەتە ئاراوە، ئێمە لێرەدا دووبۆچوونی گرنگیان بە جیا باس دەکەین و گفتوگۆیەکی رەخنەیان لەسەر دەکەین.

### ١/٣) دروستکردنی نەتەوە بە کەلتوری پیشەیی قوتابخانە مۆدێرنەکان

نەتەوە لای گێلنەر پێش ئەوەی هەر شێك بێت، کۆمەڵگایەکی پیشەسازییە، واتە بوونی نەتەوە لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا شاراوەیەو ئەوە کۆمەڵگا پیشەسازییەکانن کە هەڵگری بوونی نەتەوەن و لەگەڵ پەرەسەندنیاندا نەتەوە دروست دەبێت. کۆمەڵگای کشتوکاڵی بەهیچ شێوەیەك هەڵگری بوونی نەتەوە نییەو نەتەوەی لێناکەوێتەوە.

کەوابێت نەتەوە پێش بوونی کۆمەڵگای پیشەسازی بوونی نەبووە، کۆمەڵگای پیشەسازیش دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتەکانی مۆدێرنە، ئەمەش وا دەکات کە نەتەوە بوونەوەرێکی مۆدێرن بێت و پێش هاتنی مۆدێرنە هیچ ریشەیەکی نەبێت. لێرەوەیە کە گێلنەر دەڵێت: (نەتەوەکان لەسەدەی هەژدەهەمدا دروستکران و هیچ شتێکیش پێش ئەم کاتە بایەخی نەبوو، پێویست ناکات نەتەوەکان وەك ئادەم سەرەتایان هەبێت)[١٨٩].

ئەوەی وا لە گێلنەر دەکات نەتەوەکان بە دەرکەوتەی کۆمەڵگای پیشەسازی بزانێت، ئەو بنەما سیاسیەیە کە نەتەوەخوازی گوزارشتی لێدەکات و دەڵێت: بۆ ئەوەی نەتەوە هەبێت دەبێت یەکەی سیاسی و یەکەی کولتوری هەماهەنگ بن. لەناو کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا هەماهەنگی ئەو دوو یەکەیە مومکین نییە، بۆیە مومکین نییە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا نەتەوە دروست بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم هەماهەنگییە تەنها لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا مومکینە، نەتەوەش تەنها لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا ئیمکانی بوونی دەبێت.

لای گێلنەر لەرووی بوونەوە، دەبێت یەکەی سیاسی واتە دەوڵەت هەبێت جا نەتەوەخوازی دەبێت و دەتوانێت بە پاراستن و هێشتنەوەی هەماهەنگیی یەکە کولتورییەکە لەگەڵ یەکە سیاسییەکەدا نەتەوە دروست بکات و بیپارێزێت، لەم بارەیەوە دەڵێت: (گەر دەوڵەت نەبێت مەسەلەی نەتەوەخوازی سەرهەڵنادات، ئەمەش ئەوەی بەدوادا نایەت کە مەسەلەی نەتەوەخوازی بۆ هەموو دەوڵەتێك سەرهەڵدەدات، ئەم مەسەلەیە تەنها بۆ هەندێك لە دەوڵەتەکان سەرهەڵدەدات)[١٩٠]، لەبارەی پێشکەوتنی بوونی نەتەوەخوازیش بەسەر بوونی نەتەوەدا دەڵێت: (نەتەوەخوازیی لەو شوێنەدا کە نەتەوە نییە نەتەوە دروست دەکات)[١٩١].

---

(١٨٩) هـ. س : ٨٣.

(١٩٠) ایرنست جیلنر، الأمم والقومیة: ٢٢.

(١٩١) ئەنتۆنی دی سمیس، نەتەوەخوازی: ٨٤.

بەبۆچوونی گێلنەر لەسەردەمی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا، زۆربەی کۆمەڵگاکان خاوەنی دەوڵەت بوون، بەڵام هەندێك لەو دەوڵەتانە بەهێزبوون و هەندێکیشیان لاوازبوون. گەر ئەمە وابێت و بوونی دەوڵەتیش پێش مەرجی بوونی نەتەوەخوازی بێت، بۆچی نەتەوەخوازی و نەتەوە لەو کۆمەڵگایانەدا سەرهەڵنادەن؟ وەڵامی گێلنەر بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ئیمکانی هەماهەنگ بوونەوەی یەکە کولتورییەکە لەگەڵ یەکە سیاسییەکەدا نییە، چونکە ئەوەی لەو کۆمەڵگایانەدا هەڵسوکەوت و ژیانی پێکەوەیی ناو دەوڵەتەکانی پێ بەڕێوەدەچێت، کۆمەڵە کولتورێکی میللی یان بە زمانەکەی گێلنەر(کێوی)ین و ئیش و کار لەو کۆمەڵگایانەدا ناخوازێت کە کولتورێکی فەرمی یان بەزمانەکەی گێلنەر (باخچەیی) دروست ببێت و جێگە بە کولتورە جیاوازە کێوییەکان چۆڵ بکات و ببێتە ئەو یەکە کولتورییەی کە لەگەڵ یەکە سیاسییەکەدا کە دەوڵەتە هەماهەنگ ببێتەوە، هەتا ئەم هەماهەنگییەش دروست نەبێت، نەتەوەو نەتەوەخوازی لەناو کۆمەڵگای دەوڵەتەکاندا سەرهەڵنادات.

بەپێی ئەم بۆچوونە لەناو کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا یەکەیەکی سیاسی هەیە لەگەڵ دوو یەکەی کەلتوریدا کە یەکێکیان میللیە و ئەوی تریان فەرمییەو کەلتورە میللیەکەش لە ناو خۆیدا لە چەند یەکەیەکی کەلتوری جیاواز پێکهاتووەو ئەمەش ڕێگرە لەبەردەم هەماهەنگی یەکەی کولتوری لەگەڵ یەکەی سیاسیدا. لەناو ئەو کۆمەڵگایانەشدا ئیمکانی لابردنی ئەو ڕێگرو بەربەستانە نییە کە ڕێگرن لەبەردەم ئەوەدا کولتورە فەرمییەکە لەگەڵ یەکە سیاسییەکەدا هەماهەنگ ببێتەوە. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە، ئەوەی وا دەکات ئەو بەربەستانە لەبەردەم ئەو هەماهەنگییەی کولتور لەگەڵ یەکەی سیاسیدا هەبێت چییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە گێلنەر باس لە چەند بەربەرستێك دەکات کە ئەمانەن:

١) کەهەنوت و یاسادانان و دادوەری و بەڕێوەبردن و چاککردنەوەی نەخۆشان، هەموو ئەمانە ئەو چینە پێکدەهێنن کە هەڵگری کولتوری فەرمین و چینی خوێندەوارە پسپۆڕەکانن، ئەمانە لەگەڵ پیاوە زانا نەخوێندەوارەکانی کولتوری میللیدا لەهاوپەیمانیدان و زۆرجاریش لەململانێدان، زانینی خوێندن و نووسین لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا کەلێنێکی گەورە لە نێوان کولتوری فەرمی و کولتوری میللی دروست دەکات، جگە لەوەی کە شێوەکانی ڕێکخستنی گروپی خوێندەواری کولتورە فەرمییەکە زۆر جیاوازن و ئەمەش ئەو کەلێنەی نێوان هەر دوو کولتورەکە فراوانتر

دەکات[١٩٢] و وادەکات کولتوری فەرمی نەتوانێت ببێتە ئەو یەکە کولتورییەی کە لەگەڵ یەکە سیاسییەکەدا هەماهەنگ ببێتەوە.

٢) خوێندنەوەو نووسین و دامەزراندنی دەقی نووسراوی پێوانەیی و خاوەن بەردەوامییەکی ماقوڵ، واتە توانای خەزنکردنی کولتوری و مەعریفی و چەقگیرکردنی لەگەڵ چەقگیرکردنی مەعریفی و تۆمارکردن و پۆلێنکردندا کە توێژە خوێندەوارەکە ئەنجامی دەدەن، ئەم کارانە هاوڕێ نین بەکاری چەقگیرکردنی سیاسی کە دەوڵەتەو زۆرجاریش رووبەرووی یەك دەبنەوە[١٩٣]، لەم کۆمەڵگایانەدا ئەمەش هۆیەکی تری ناهەماهەنگی یەکەی کولتوری و یەکەی سیاسییە.

٣) لەکۆمەڵگای کشتوکاڵیدا چینی فەرمانڕەوا و ئەو توێژەی کە هەڵگری کولتوری فەرمییە، کار لەسەر جیایی نێوان چینەکان دەکەن و بەردەوام ئەو جیاییە بەهێزتر دەکەن و کار بۆ یەکسانی و یەکبوونی چینەکان ناکەن، ئەمەش وای کردووە فەرمانڕەوایانی یەکەی سیاسی و خوێندەوارەکان دوو توێژی جیابن لە توێژی بەرهەمهێنەرانی کشتوکاڵی، واتە جوتیارەکان، ئەم جیاییەش رێگرێکی تری هەماهەنگ بوونەوەکەیە، (توێژی فەرمانڕەوا هەر هەمووی و ئەو توێژە جۆراوجۆرانەی ناویشی کە لقەکانی ئەون، جەختێکی زۆر زیاتر لەسەر جیایی کولتوری دەکەن لەوەی جەخت لەسەر هەماهەنگی کولتوری بکەن.... لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا لە تونس توێژی فەرمانڕەوا خۆی بەتورك دەزانی لەکاتێکدا زۆر دووربوون لەوەی بتوانن بە تورکی قسە بکەن)[١٩٤].

٤) لەخوار توێژی فەرمانڕەواوە، جیهانێکی تر هەبوو، جیهانێك بوو لە کۆمەڵە کۆمەڵەیەکی بچووکی دابڕاوی وەلاوەنراو لە ئەندامە ئاساییەکانی کۆمەڵگا، لێرەشدا جیایی کولتوری زۆر بەڕوونی دەبینرا، کۆمەڵگا جوتیارییە بچووکەکان کە بەشێوەیەکی گشتی بەژیانێکی داخراو دەژیان، بە شوێنە ناوچەییەکانی خۆیان و پێداویستییە ئابورییەکانیانەوە بەتوندی گرێدرابوون و گەر لە سنوورەکانی خۆیان دەرچوونایە بۆ ئەوەی مەودای کولتورە میللییەکەیان فراوانتر بکەن، کولتورەکەیان جیاوازی تێدەکەوت و زمانەکەیان شێوەزاری جیای لێدەکەوتەوە[١٩٥].

---

(١٩٢) بڕوانە: ایرنست غیلنر، الأمم والقومية: ٣٠.

(١٩٣) هـ. س : ٣٢.

(١٩٤) هـ. س : ٣٢-٣٣.

(١٩٥) بڕوانە: هـ. س : ٣٣.

٥) هۆیەکی تری نەبوونی هەماهەنگی کولتوری ئەوە بوو کە هەندێك لە خوێندەوارانی کولتورە فەرمییەکە بەچاوێکی نزمەوە سەیری رێورەسمەکانی کولتورە میللییەکانیان دەکردو هەندێکی تریان کاریان لەسەر ئەوە دەکرد بەهۆی خوێندەوارییەوە ئاین و کاری ئاینی تایبەت بکەن بەخۆیان و کولتورە ئاینییەکە لەکولتورە میللییەکان جیابکەنەوە. گەر لەناو خوێندەوارانی کولتورە فەرمییەکەشدا، گروپێك یان کۆمەڵەیەك هەبوایەو کاری لەسەر بەجەماوەریکردنی خوێندەواری و کولتورە فەرمییەکە بکردایە سەرکەوتوو نەدەبوو، چونکە ئەو هۆکارو وەسیلانەی لەبەردەستدا نەبوو کە خوێندەواری و کولتوری فەرمیان پێ جەماوەری دەکرێتەوە[١٩٦].

لەم جۆرە لە کۆمەڵگادا هیچ شتێك لەبەرژەوەندی هەماهەنگی یەکەی کولتوری لەگەڵ یەکەی سیاسیدا نەبوو و هەموو هێزەکان بەرژەوەندییان لەوەدابوو کە یەکسانی لە کولتوردا نەبێت، گەر نەتەوەخوازی و نەتەوە بنەماکەیان هەماهەنگی یەکەی کولتوری و یەکەی سیاسی بێت، ئەوە لەم جۆرە لە کۆمەڵگادا بەهۆی نەبوونی ئیمکانی ئەو هەماهەنگییەو نەبوونی ئەو هێزانەی کە ئەم هەماهەنگییە دروست دەکەن، نەدەکرا سەرهەڵبدەن. گێلنەر لێرەدا هەوڵی ئەوەدەدات ئەوە ساغ بکاتەوە کە نەتەوەخوازی و نەتەوە بەهیچ شێوەیەك نەوەك مومکین و نەوەك بوون، لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا بوونیان نییەو دەرکەوتەیەکن لە دەرکەوتەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن کە کۆمەڵگا پیشەسازییەکانن.

پێشکەوتنی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان، ئەوە لە مرۆڤ دەخوازن لە مرۆڤێکی کشتوکاڵییەوە بگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی پیشەسازی و دەست لەکولتورە میللییەکەی خۆی هەڵگرێت بۆ کولتورە پیشەیی و فەرمییەکە، لەم بارەیەوە گێلنەر دەڵێت: (وا دەردەکەوێت مرۆڤی کشتوکاڵی لەکانزایەك دروستکرابێت کە قابیلیەتی نەمان و خراپ بوونی هەبێت، بەڵام خەلیفەکەی کە مرۆڤی پیشەسازییە وا دەردەکەوێت لەکانزایەکی بێگەردتر دروستکرابێت، چی روودەدات کاتێك بەرێکەوت سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت و توێژی خوێندەواران دوای بڕینی رێگایەکی دوور، دەبنە توێژێکی سەراپاگیرو زانینی خوێندن و نووسین تەنها پسپۆڕیەك نابێت و دەبێتە پێش مەرج بۆ هەموو پسپۆڕییەکان؟)[١٩٧]. لەرێگەی وەڵامی ئەم پرسیارەوە باس لەکۆمەڵگای

(١٩٦) هـ. س : ٤٥.

(١٩٧) بڕوانە : هـ . س: ٤٧.

پیشەسازی و مرۆڤی پیشەسازی دەکات و دەیانکاتە مەرج و بنەمای بنچینەیی سەرهەڵدانی نەتەوەو نەتەوەخوازی.

بابزانین لای گێلنەر کۆمەڵگای پیشەسازی چۆن پەیدا دەبێت، عیللەتی پەیدابوونەکەی چییە؟ دوای ئەوە با بزانین مرۆڤی پیشەسازی چییە؟ بەبێ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ناتوانین باس لە نەتەوەو تاکەکەسی نەتەوەیی بکەین، چونکە بەپێی ئەم بۆچوونە نەتەوەو تاکەکەسی نەتەوەیی دەرکەوتەیەکن لەدەرکەوتەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی و مرۆڤی پیشەسازی.

پرسیارکردن لە بنەمای بوونی شتێك لە بنچینەدا پرسیارکردنێکی فەلسەفییە، ئەم جۆرە لە پرسیار لەسەردەمی مۆدێرنیتێدا بەپرسیارێکی نەزۆك و بێ وەڵام لە قەڵەم دەدرێت، چونکە مۆدێرنیزم خۆی کار لەسەر چۆنیەتی شتەکان دەکات و بەردەوام خۆی لەپرسیارکردن لە چیەتی شتەکان دووردەخاتەوە.

بنچینە یان ئەسڵ بەپێی بۆچوونی مۆدێرنیستەکان بوونی نییەو ئیتر ئەو ئەسڵە خوایی بێت یان عەقڵی یان سروشتی. لەبری ئەوە شتەکان بە ئەسڵەکانیان بزانرێن، شتەکان بە پەیوەندییەکانیان دەزانرێن و پێناسە دەکرێن.

بۆنموونە ئێمە بۆئەوەی لە زمان بکۆڵینەوەو لێی تێبگەین نابێت بیرلەوە بکەینەوە زمان ئەسڵێکی خوایی هەیە یان ئەسڵێکی عەقڵی یان سروشتی، ئەوەی دەبێت بۆ زانین و ناسینی زمان بیزانین، سیستەمی گشتی ئەو پەیوەندییە ناوەکیانەی یەکە جۆراو جۆرەکانی زمانە. زمان هیچ نییە جگە لەو سیستەمەو ئەو سیستەمەش هیچ ئەسڵێکی نییەو هەرەمەکییەو بەرێکەوت پەیدابووە. مرۆڤ خۆی بەشێوەیەکی ئاگایانە کاری نەکردووە بۆ دروستکردنی سیستەمێکی لەو جۆرە، ئەو بۆ خۆی و بۆ ئامانجی تر خەریکی کارکردنی خۆی بووەو بەرێکەوت ئەو سیستەمە بەبێ ئاگایی ئەو پەیدابووەو بووەتە ئەوەی کە پێی دەوترێت زمان. واتە ئەم سیستەمە بەو مانایەی کە ئەرستۆ بەکاری دەهێنێ بوونێکی عەرەزی هەیەو وەك ئەوە وایە مرۆڤ خەریکی هەڵکەندنی گۆڕێك بێت تا مردوویەکی تیا بشارێتەوە، بەڵام کە گۆڕەکە لێدەدا، کوپە زێڕێك بدۆزێتەوە. دۆزینەوەی کوپە زێڕەکە وەك کارێك بەگوێرەی گۆڕلێدانەکە کارێکی عەرەزییە، بەپێی مۆدێرنیزم زمان و کۆمەڵگاکان و نەتەوەکان، لەکردەیەکی عەرەزی لەو جۆرە کەوتوونەتەوە. لەو جۆرە رووداوانەدا مرۆڤ خۆی سەرقاڵە بەدەستخستنی شتێکەوە، کەچی بەرێکەوت شتێکی تری دەستدەکەوێت کە هەرگیز بیری لێ نەکردووەتەوە، کۆمەڵگای پیشەسازی

بەرهەمی ئەم ڕێکەوتەیە. بوونی زمان و کۆمەڵگای پیشەسازی و شتانێکی تری لەم جۆرە بەستراوە بەکاری ڕێکەوتەوەو بوونەکەیان بوونێکی عەرزییەو هەر لە خۆیانەوە بوون و مرۆڤ بیری لەدروستکردن و داهێنانیان نەکردووەتەوەو شتێکیش بەناوی خواو سروشت و عەقڵەوە لەدروستکردنی ئەمانەدا بوونی نییە.

گێلنەر وەك بیرکەرەوەیەکی مۆدێرنیست، بەپێی هەمان ئەو بیرکردنەوەیەی سەرەوە باس لەبوون وسەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازی دەکات و پێیوایە بەشێوەیەکی هەرەمەکی و بەرێکەوت سەریهەڵداوەو هیچ پەیوەندی بەو هەوڵ و کۆشش و کارو کردەوانەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵییەوە نییەو ئەوان بەپێی سیستەمی کۆمەڵگای کشتوکاڵی کاریان کردووە، هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەهاتووە کە بەرەو کۆمەڵگایەکی پیشەسازی هەنگاو دەنێن.

ئەم بۆچوونەی گێلنەر درێژکراوەی هەمان بۆچوونی رینانە لەسەر پەیدابوونی نەتەوە، چونکە ئەویش پێیوایە هێزێکی دەرەکی دێت و بوونی کۆمەڵە ئەتنیکێکی جیاوازو سەربەخۆ لەیەکتر دەخاتە مەترسییەوەو هەر یەکە لەوان بەبێ ئاگادارکردنەوەی یەکتری و پلان دانانێکی پێکەوەیی بۆ بەرگریکردن، لەلای خۆیەوە دەکەوێتە بەرگریکردن و شەڕ لەگەڵ ئەو هێزەدا، بەمەش هەر یەکێکیان دەکەونە ناو هەمان شەڕەوە دژی هەمان دوژمن، ئەم ڕێکەوتەش وا دەکات ئەوان بکەونە ناو کارێکی پێکەوەییەوە، بەبێ ئەوەی ئاگایان لەمە هەبێت و پلانیان بۆ دانابێت.

دۆزینەوەی ئەم ژیانە پێکەوەییە بەگوێرەی کاری بەرگریکردنەکە کارێکی عەرەزییەو هیچ پەیوەندییەکی جەوهەریان بەیەکەوە نییە. هەرئەوەش کە بە عەرەزی ڕوویداوە، دواتر بەئاگاییەوە ئەو کۆمەڵە ئەتنیکە جیاوازنە سودی لێوەردەگرن و ئەوەی بەرێکەوت تێی کەوتوون دەیکەن بەژیان و بڕیار لەسەر ژیانی پێکەوەیی دەدەن و بەمەش دەبن بەنەتەوە. ئەم بۆچوونە لەلایەکی ترەوە درێژکراوەی بۆچوونەکەی سۆسۆرو قوتابخانەی دروستەییە، لەوێوە کە سۆسۆر پێیوایە پەیوەندی وشەکان بەماناکانەوە پەیوەندییەکی عەرەزییەو بەرێکەوت دروستبووە.

بۆنموونە لەزمانی کوردیدا کاتێك وشەی بەرد وەك ناوێك لە بەرد نراوە، کەسەکە پێشتر بیری نەکردووەتەوە ئەو ناوەی لێبنێت و ئەو ناوە بە هیچ شێوەیەك لە خەیاڵیدا نەبووەو لەکاتی ناولێناکەدا بەرێکەوت هاتووەتە سەر زمانی و ناوی بەردەکەی پێ لێناوە، هەر ئەمەش وا دەکات کردەی ناولێنانی بەرد بەوشەی بەرد کردەیەکی هەرەمەکی و نائاگایانەو لەخۆوە بێت، بەڵام دواتر ئەوەی کە بەشێوەیەکی عەرەزی ڕوویداوە، دەبێت بە یاساو هەموو کەسێکی سەر بەو زمانە

پەیڕەوی دەکات و بە بەرد بەرد دەڵێت بەرد. ئەمەش تەواو پێچەوانەی بۆچوونەکانی لایبێنتزو کانت و هیگڵە، چونکە لای ئەوان ئەوەی لە مێژوودا ڕوودەدات بەپێی ڕۆح و ئامانجە عەقڵییەکەی ڕوودەدات و هیچ بوارێك بۆ ڕێکەوت نامێنێتەوە کاری خۆی بکات.

بـا بزانین گێلنەر چۆن ئەو بیرەی مۆدێرنیزم لەبواری لێکدانەوەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازیدا گوزارشت لێدەکات و چۆن سەرهەڵدانی ئەم کۆمەڵگایە دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕێکەوت و نائاگایی. گێلنەر دەڵێت: (بنەماکانی کۆمەڵگای پیشەسازی بەوە کە بابەتێکە بۆ گفتوگۆی نێوان لێکۆڵەران، بەردەوام دەبێت ـ من وا دەبینم ئەم حاڵەتە تاهەتایە بەردەوام دەبێت)(١٩٨)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی کۆمەڵگای پیشەسازی هەرگیز نامانگەیەنێت بەوەی کە دەستنیشانیان بکەین و پێیان بگەین. بۆیە ئەم گەڕانە هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت و دۆزینەوەی یەکجارەکی بنەماکانیش جگە لە وەهمێك هیچی تر نییە. لای زمانەوانە مۆدێرنیستەکانی وەك سۆسۆر ئەم بۆچوونە لەبارەی دۆزینەوەی یەکجارەکی بنەماکانی زمان دووبارە دەبێتەوە. ئەمە خۆی جۆرێکە لە هەڵهاتن لەجەوهەرو بنەماکانی بوونی شتەکان کە کاری فەلسەفەیە.

ئەم بۆچوونە هەر لە سەرەتاوە دەرگای گەڕان بەشوێن بنەماکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازی دادەخات، لەکاتێکدا کۆمەڵگای پیشەسازی ئەو کۆمەڵگایانەن کە لە ئێستادا بوونیان هەیەو لەوپەڕی هێزی خۆیاندان. گێلنەر لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ڕاستییە دەزانێت، بەڵام هەوڵدەدات بەوە پاساو بۆ نەدۆزینەوەی بنەماکانی کۆمەڵگای پیشەسازی بهێنێتەوە کە ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییانەی لە ئێستادا بوونیان هەیە، نوسخەیەکی تەقلیدی کۆمەڵگا ئەسڵییەکەن و کۆمەڵگا ئەسڵییەکە نەماوە تا بتوانین بنەماکانی بدۆزینەوەو کۆمەڵگا تەقلیدیەکەش بە هەموو شێوەیەك لەو بنەمایانە پچڕاوە کە کۆمەڵگا ئەسڵییەکە لەسەری دامەزرابوو(١٩٩). ئەمەش وای کردووە (کە هەرگیز نەتوانرێت ئەو ڕووداوە ئەسڵییە دووبارە بکرێتەوە کە لە پیاوانێك کەوتبووەوە ئەوەیان نەدەزانی کە کردبوویان، نەبوونی هۆشیاری جەوهەری خودی ئەو ڕووداوەی شێوەگیرکردبوو)(٢٠٠). ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ ئەو پیاوانەی کە بە هۆی ئەوانەوە

(١٩٨) هـ. س : ٤٩.

(١٩٩) هـ. س : هـ. ل.

(٢٠٠) هـ. س : هـ. ل.

کۆمەڵگای پیشەسازی سەریهەڵدا، هەرگیز بیریان لەوە نەکردبۆوە کە کار بۆ رووداوی ئەم سەرهەڵدانە بکەن و ئەوان لەکارەکانیاندا ئامانجی تریان هەبووەو بە شتی ترەوە سەرقاڵبوون ، ئەوەی لە کارەکەی ئەوان کەوتووەتەوە عەرەزی بووەو رووداوێکی لەو جۆرە لە خەیاڵی ئەواندا بوونی نەبووە.

لەبارەی ئەوەوە کە ئایا لێکۆڵەران دەتوانن بنەماکانی ئەو رووداوە عەرەزییە ئەسڵییە لەرێگەی دووبارە دامەزراندنەوەیەوە رووداوەکە پەی پێبەرن، گێلنەر دەڵێت: (ئێمە لە هەموو حاڵەتێکدا ناتوانین دووبارە هەموو ئەو بارودۆخەی ئەوروپای خۆرئاوای نوێ و بەرایی بەرهەم بهێنینەوە، ئەزموونکاری لە مەودایەکی لەو جۆرەدا لەپێناو سەلماندنی خاڵێکی تیۆریدا، لەرووی مەعنەوییەوە وەدیهێنانی زەحمەتە. لە هەموو حاڵەتێکدا ئێمە بۆ رێکخستنەوەی سەرەدەزووە راگوزەرەکانی پرۆسەی پێکهاتەیەکی لەو جۆرە، پێویستمان بەوەیە چەند جارێك ئەو سەرەدەزووانە دووبارە بگەرێنینەوە بۆ ریشەکەیان، ئەمەش بۆ ئێمە دەستەبەر نابێت)[٢٠١]، کەواتە دووبارە وێناکردنەوەی ئەو رووداوە ئەسڵییەی کە لە ئەوروپای رۆژئاوادا کۆمەڵگای پیشەسازی لێکەوتەوە، کاری کرانێ نییەو ئەمەش وا دەکات لەرووی تیۆرییەوە هەرگیز نەگەینە ئەو بنەمایانەی کە رووداوەکەیان لێ کەوتووەتەوە.

بەم پێیە لەرووی مێژووییەوە، گەڕان بەشوێن بنەماکانی کۆمەڵگای پیشەسازیدا کارێکی بێ هودەیەو لەرووی ئەتنۆلۆجیشەوە بەهۆی ئەوەی ئەو رووداوە رووداوێکی عەرەزییەو بەرێکەوت روویداوە، هەر کارێکی مەحاڵەو بەم رێگایەش بنەماکانی بوونی کۆمەڵگای پیشەسازیمان بۆ دەستنیشان ناکرێت.

کاتێك دیاریکردنی بنەماکانی سەرهەڵدان و بوونی کۆمەڵگای پیشەسازی دیاری نەکرێت، ناکرێت جەوهەری ئەو جۆرە لە کۆمەڵگاو بوونی ئەو کۆمەڵگایەش دیاری بکرێت و لێیان بکۆڵرێتەوە. گەر ئەمە وا بێت، ئێمە چۆن دەتوانین لە کۆمەڵگای پیشەسازی بکۆڵینەوە کە بنەمای دەرکەوتنی نەتەوەو نەتەوەخوازییە؟ وەڵامی گێلنەر بۆ ئەم پرسیارە ئەمەیە: (گەرچی ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی راستەقینە بنەماکانی کۆمەڵگای پیشەسازی بسەلمێنین، بەڵام ئێمە دەتوانین بیر لە وەدیهێنانی برێك لە بەرەو پێش چوون بکەینەوە لە پێشنیارکردنی نمونەی

(٢٠١) هـ. س : ٤٩-٥٠.

کارکردنی سەراپاگیرانەی کۆمەڵگای پیشەسازیدا)[٢٠٢]. لێرەدا گێلنەر پرسیاری (کۆمەڵگای پیشەسازی چییە؟) دەگۆڕێت بە (کۆمەڵگای پیشەسازی چۆن کاردەکات؟)، گۆڕینی ئەو پرسیارەش پەیوەندی بەکۆی بیرکردنەوەی ئەو ئایدیۆلۆجیایەوە هەیە کە لە پشت کارەکەی ئەوەوەیەو وا لەو دەکات وا سەیری ئەو جۆرە لە رووداو بکات کە کۆمەڵگای پیشەسازی تیایدا سەرهەڵدەدات، رووداوێکی راگوزەرەو بەرێکەوت روویداوەو هیچ بنەمایەکی لۆجیکی و واقیعی لەپشتەوە نەبووە. هەر هەمان ئایدیۆلۆجیاشە وا دەکات لە رینان رووداوی سەرهەڵدانی نەتەوە بەرووداوێکی عەرەزی بزانێت و پێی وا بێت بەرێکەوت روویداوە.

لەراستیدا ئەوەی وا لەگێلنەر دەکات کار لەسەر بنەماکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازی نەکات و کار لەسەر چۆن کارکردنی ئەو کۆمەڵگایە بکات، ئەو هۆکارانە نین کە ئەو دیاریان دەکات، واتە ئەوە نییە کە ئێمە لەبەردەم نوسخەیەکی کۆمەڵگای پیشەسازیداین کە تەقلیدەو نوسخە ئەسڵییەکە نییەو نوسخە ئەسڵییەکەش ناگەڕێتەوەو نادۆزرێتەوە، چونکە ئیمکانی سەر لەنوێ دروستکردنەوەی نییە. بەڵکو ئەو ئایدیۆلۆجیایە کە وا لەو دەکات پێی وابێت هیچ بوونەوەرێکی لەو جۆرە، بنەماو ریشەی نییەو بەرێکەوت پەیدابووە.

هەر ئەمەشە لە لێکدانەوەکانی دواتری ئەودا رەنگدەداتەوەو وای بۆ دەچێت کە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان لە قەیرانێکی گەورەدا دەژیان، چونکە بڕوابوون بە ئەسڵ لای ئەوان زۆر بەهێزبوو، هەر گروپێك لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان خۆی وابەستەکردووبوو بە ئەسڵێکی وەهمییەوە یان ئەسڵێکی وەهمی بۆ خۆی دروست کردبوو، ئەمەش وای کردبوو کە ببێتە کۆمەڵگایەکی وەستاو و نەگۆڕ و ناپەرەسەندوو.

بەڵام لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا وەهمی بنەچە نامێنێت و پەیوەندی بە بنەچەوە کۆتایی پێدێت و جۆرێکی تر لە پەیوەندی دێتە ئاراوە، لەم پەیوەندییەدا لەبری ئەوەی هەر شتێك پەیوەست بێت بە ئەسڵەکەیەوە، پەیوەست دەبێت بە شتەکانی دەوروبەرییەوەو بەمەش جۆرێك لە یەکسانی دێتەئاراوە.

لەکۆمەڵگای کشتوکاڵیدا (زمانە جیاوازەکانی راوچیەتی و دروێنەو سرووتەکان، ژووری دانیشتنیان پێکدەهێناو چێشتخانە یان حەرەمسەرا هەر یەکەیان سیستەمێکی سەربەخۆی

(٢٠٢) هـ. س : ٥٠.

هەبوو: کارکردن بۆ یەکخستنی ئەو زانیاریانەی کە لەو بوارە لە یەك جیاوازو جۆراوجۆرانەو گەڕان بەدوای ناهەماهەنگی نێوانیان و هەوڵدان بۆ بەیەککردنیان، دەبووە لایەنێکی کۆمەڵایەتی و لەوە خراپتریش)[٢٠٣]، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا هەموو بەکارهێنانە ئاماژەییەکانی زمان دواجار ئاماژە بە یەك جیهانی پێکەوە بەستراو دەکەن و دەکرێت لە زاراوەیەکی یەکخراودا کورت بکرێنەوەو پەیوەستکردنی هەریەکەیان بەوی تریانەوە رێپێدراوە، (تەنها پەیوەندی، ئایدیالێکی زانراو و وەرگیراوە)[٢٠٤]، لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە بەپێی ئەم بۆچوونە نەك هەر کۆمەڵگای پیشەسازی نوسخە ئەسڵەکەی خۆی بزرکردووە، بەڵکو هەموو پێکهاتەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایە لە ئەسڵەکەیان دابڕاون و پەیوەندیان بە ئەسڵەوە گۆڕاوە بۆ پەیوەندیان بەیەکترییەوە.

ئەم گۆڕانەی پەیوەندیی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە پەیوەندی بە ئەسڵەوە بۆ پەیوەندی بە یەکترەوە لای گێلنەر ئەوە دەگەیەنێ کە (شتێکی نائاسایی و شتێکی ناوازە روویداوە، تێگەیشتن لە جیهان بەوەی کە هەماهەنگییەکی ژێرپارکەوتووی کۆمەڵە یاسایەکی سیستەماتیکی ناجیاکارو کراوەیە بۆ پشکنینێکی ناکۆتادار، کۆمەڵە ئیمکانیاتێکی بێ کۆتای خستۆتە بەردەست بۆ کۆمەڵە پێکهاتنێکی نوێی ئەو وەسیلانەی کە ناکرێت بەدیقەتێکی پێشینەو سنووردار، پێشبینییان بکەین: هیچ یەکێك لەو ئیمکانیاتانە ناخرێتەلاوە، دواجاریش هیچ شتێك جگە لە بەڵگە ناتوانێت بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە شتەکان بوونیان لەسەری هەیە...... ئەم جیهانبینییە بەتەواوی جیهانبینییەکی نوێیە)[٢٠٥].

گەر ئەمە حاڵەتی جیهان و شتەکانی ناو جیهانی کۆمەڵگای پیشەسازی بێت، ئەوە جیهان و شتەکانی ناو جیهانی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بەهۆی پەیوەستبوونیان بە ئەسڵەوەو دابڕانیان لە یەکتری وەك گەردوونێك دەهاتنە پێش چاو کە (ئامانجەکەی لە خۆیدا بوو، هەرەمی بوو، (خاوەنی مانابوو)و تەواویش یەکگرتوو نەبوو، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، لە کۆمەڵە جیهانێکی بەشەکی پێکهات بوو، هەر یەك لەو جیهانانە زاری خۆیی و لۆجیکی خۆی هەبوو،

(٢٠٣) هـ. س : ٥٣.
(٢٠٤) هـ. س : هـ. ل.
(٢٠٥) هـ. س : ٥٥.

نەدەکرا لە ژێر یەك سیستەمی سەراپاگیردا پۆلین بکرێن)[٢٠٦]. گێلنەر لێرەدا بەتەواوەتی ڕێگاخۆش دەکات بۆ خستنەڕووی ئەو تێڕوانینەی کە بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی هەیەتی، ئەمەش لەهەمان کاتدا ڕێخۆشکردنە بۆ ئەوەی کە ئەوە بسەلمێنێ نەتەوەو نەتەوەخوازی پێویستییەکانی ژیان لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا دەرکەوتیان پێدەکات و گەر ئەو پێویستییانە نەبن هەماهەنگی یەکەی کولتوری و یەکەی سیاسی بوونیان نابێت و گەر ئەو هەماهەنگییەش بوونی نەبوو، ناکرێت باس لە بوونی نەتەوەو نەتەوەخوازی بکرێت.

ئەو ڕیشەکانی بیرکردنەوەی خۆی لەبارەی کۆمەڵگای پیشەسازی و سەرهەڵدانی هەماهەنگی یەکەی کولتوری لەگەڵ یەکەی سیاسیدا دەگەڕێنێتەوە بۆ تێڕوانینەکانی هیوم لەبارەی یاسای سەبەبیەت و لەم بارەیەوە دەڵێت: (فەلسەفەی هیوم یەکێکە لەو تۆمارکراوانەی کە گرنگیەکی تەواو گەورەی هەیە بۆ ئەم جیهانبینییە، بەشە هەرە بەناوبانگەکەی فەلسەفەکەی چارەسەرکردنی سەبەبیەتە، کە لە واقیعدا سەرچاوە لە جیهانبینییەکی گشتی و بینینخوازییەکی ناوەندییەوە دەگرێت، لە دواجاریشدا ئەوەی دەیەوێت گوزارشتی لێبکات ئەوەیە: لە سروشتی شتەکان خۆیاندا شتێك نییە کە بەشێوەیەکی بنەماییانە پەیوەست بێت بە شتێکی ترەوە، پەیوەندییە کردەییەکانی ئەم جیهانە گەر هزریانە لێکدانەبڕدرێن، ناکرێت دابمەزرێن. یەکەمجار هەموو شتێك دەبێت بەشێوەیەکی لێکدراو بیری لێبکرێتەوە، بەم شێوەیە دەکرێت توخمە پوختەکان تەریك بکرێن ـ گەر ئەم گوزارشتە گونجاوبێت-دوای ئەمەش دەبینین هەر شتێك لە شتەکان لە ئەزمووندا ئەوەی لێی ڕوودەدات کە بەشێوەیەکی کردەیی پەیوەست ببێت بە شتێکی ترەوە)[٢٠٧].

لەڕاستیدا ئەمە هەر بیرکردنەوەو تێڕوانینی هیوم نییە بۆ دنیا، بەڵکو تێڕوانینی گێلنەریشە بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی و پێیوایە کۆمەڵگای پیشەسازی گوزارشتکردنێکی کردەییە لەو بۆچوونەی هیوم، هەر لێرەشەوەیە خۆی دەپرسێت ئایا جیهانێکی لەو جۆرە هەیە کە هیوم باسی دەکات؟ هەر خۆیشی وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: بەڵێ ئەو جیهانەی ئێمە هەمانە ئەو جیهانەیە کە هیوم باسی دەکات. ئەو جیهانبینییەی هیوم هەر جیهانبینی لێکۆڵەرێکی تاهەتایی و ناوابەستەی کۆمەڵگای پیشەسازی نییەو جیهانبینی ئەو کەسانەشە کە ئابووری ئەو جیهانە لە دەستیاندایە، چونکە ئەوان وەك دەرەبەگەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی قازانجیان

(٢٠٦) هـ. س : هـ. ل.

(٢٠٧) هـ. س : هـ. ل.

نەبەستووەتەوە بە دەسەلاْت و پاراستنی دەسەلاْتی خۆیانەوە، ئەوان بەردەوام لە هەلْبژاردنێکی ناوابەستەن بۆ هەر وەسیلەیەك لە ژێر تیشکی بەلْگەکاری و بەس، هەر ئەمەش خزمەت بەو ئامانجەی ئەوان دەکات کە وەدیهێنانی ئەوپەڕی قازانجە(٢٠٨).

لای ئەو بۆ ئەوەی هەماهەنگی یەکەی کولتوری و یەکەی سیاسی وەدی بێت دەبێت کۆمەلْگایەکی لەو جۆرەمان هەبێت کە هیوم وەك جیهانێك باسی دەکات کە بوونەوەرەکانی لە ریشەکانیان دابڕاون و ئامادەکراون بۆ ئەوەی بکەونە ناو ناکۆتا پەیوەندییەوە لەگەلْ یەکتریدا، کۆمەلْگایەکیش ئەمە حالْی بوونەوەرەکانی بێت، لە جولْەیەکی بەردەوام و گۆڕان و پەرەسەندنێکی بەردەوامدا دەبێت و بەمەش ئەو هەماهەنگییە وەدی دێت کە نەتەوەخوازی داوای دەکات.

بەپێی بۆچوونەکەی گێلنەر لە کۆمەلْگای پیشەسازیدا کەسی ئاینی لە ریشە پیرۆزەکەی خۆی دادەبڕێت و کەسی فەرمانڕەوا لە رەچەلْەکە پاشایانەکەی خۆی دادەبڕێت و خەلْکە ئاساییەکەش لە رەچەلْەکی ئەتنیکی و کولتوری خۆیان دادەبڕێن و دەبنە کۆمەلْە توخمێکی پوختی دابڕاو لە هەموو ئەسلْ و بنەچەیەك، ئیتر ئەو ئەسلْ و بنەچەیە هەر چییەك بێت. بەمەش هەر یەك لەو توخمانە ئامادە دەبن بۆ جولْە لەناو کۆمەلْە پەیوەندییەکی بەردەوام گۆڕاو و پەرەسەندوودا.

لەناو کۆمەلْگایەکی لەم جۆرەدا جۆرێك لە یەکسانی دێتەئاراوە، ئەم یەکسانییە بەردەوام لە ئەندامانی ئەو کۆمەلْگایە دەخوازێت لە جولْەو شوێن گۆڕکێدابن بۆ ئەوەی ئابووری کۆمەلْگاکە بکەوێتە ناو پەرەسەندنێکی بەردەوامەوە.

لە ناو ئەم کۆمەلْگایە ناکرێت کارێکتەرەکان کۆمەلْە رۆلْێکی جێگیریان هەبن و دەبێت ئەم رۆلاْنە بەردەوام کارەکتەرەکانیان بگۆڕێن، چیتر دەسەلاْت و فەرمانڕەوایی لەدەستی یەك خێزاندا نەبێت، هەر کەسێك لە کەسەکانی ناو کۆمەلْگا بەپێی گۆڕانی خێرای پەیوەندییەکان، دەکرێت ئەو رۆلْەی بەرکەوێت، ئەوەی ئەو رۆلْە دەبەخشێت بەکەسەکان جولْەو گەشەکردنی ئابوری ئەو کۆمەلْگایەیە، (کاتێك سیستەمی رۆلْەکان خۆی زۆر گۆڕاوبێت، ئەوە ئەوانەی کە لەناویدا شوێنەکانیان گرتووە، ناکرێت بەسیستەمێکی پلەدارو هەرەمی مردووەوە پەیوەست بن، وەك

(٢٠٨) بڕوانە: هـ. س : ٥٦.

ئەوەی کە هەندێك لە زانا کۆمەڵناسە چەپەکان باسی دەکەن، گەر ئەم کۆمەڵگایە بە کۆمەڵگای کشتوکاڵی بەراورد بکرێت کۆمەڵگایەکی جولاوەو خاسیەتی یەکسانخوازی پێوە دیارە)[٢٠٩]، یەکسانخوازی ئامانجی کۆمەڵگایەکی لەو جۆرەو ئایدیالەکەیەتی و بەردەوامیش لە گۆڕان و پەرەسەندندایە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئایدیالە.

لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا بەهۆی سەرهەڵدانی ئامێرو دەستگای تەکینکی و گۆڕانی پەیوەندییەکانەوە جۆرێکی زۆر جیاواز لە دابەشکردنی کار بۆ کارمەندیەتییە جۆراوجۆرەکان دێتەئاراوە، پسپۆڕییەکان زۆردەبن و جۆرەکانیشیان زیاد دەکات، ئەم گۆڕانە وا دەکات کە خوێندەواری جەماوەریی بکرێتەوەو لەوە دەرچێت کە تایبەت بێت بە توێژێکەوە. ئەمەش وا دەکات فێربوونی کار، کاتێکی کەمترو توانایەکی کەمتری بوێت.

پسپۆڕی لەکۆمەڵگای کشتوکاڵیدا (بەری داهێنانێکی زۆر دوورو درێژو خۆتەرخانکردنێکی تەواوی ژیان بوو، دەکرا لە سەرەتاکانی گەنجیەتییەوە دەست پێبکات و وابەستە بێت بە وەلانانێکی تەواوەتی کارەکانی تر)[٢١٠]، بەڵام لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا (بەشێکی زۆری راهێنان، راهێنانی سەراپاگیرو گشتییە، بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەست نییە بەچالاکییەکی پیشەیی پسپۆڕییەکی باڵا، بۆ ئەو کەسەی کە راهێنانەکە دەبینیَ، ئەمە پێش دەکەوێت بەسەر پسپۆڕییەکەدا. دەکرێت کۆمەڵگای پیشەسازی لە پسپۆڕییەکاندا ـ لەرێگەی زۆرینەی پێوەرەکانەوە ـ بەشێوەیەکی رەها لە هەموو کۆمەڵگاکان فرە پسپۆڕی تر بێت، بەڵام سیستەمی فێرکردنەکەی گومانی تیا نییە کە کەمتر پسپۆڕییەو زیاتر ملکەچە بۆ پێوەرە یەکگرتووەکان، بەشێوەیەکی واش سەراپاگیرکراوە کە لە هیچ کۆمەڵگایەکی تردا بوونی نەبوویێت، هەمان جۆری راهێنان و فێرکردن دەبەخشرێت بە هەموو منداڵان چ کوڕ بن یان کچ یا زۆرینەیان، ئەوەشی جێی سەرسوڕمانە، ئەمە تا تەمەنێکی زۆر درێژە دەکێشێت)[٢١١]، دوای ئەمە هەریەك لەوان دەچێتە بواری ئەو پسپۆڕییەی کە خۆی دەیەوێت.

ئەم کۆمەڵگایە راهێنانێکی زۆر دوورو درێژو سەراپاگیرو ئیلزامی دەستەبەر دەکات بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاکەی و پیَ لەسەر ئامادەکارییەکی دیاریکراو و هاوبەش بۆ هەمووان

---

(٢٠٩) هـ. س : ٥٩.

(٢١٠) هـ. س : ٦٢.

(٢١١) هـ. س، هـ.ل.

دادەگرێت و وایان لێدەکات کە خوێندنەوەو نووسین و زانینێکی تەواوی ماتماتیک و عادەتە بنچینەییەکانی ناو کارو مەهارەتە کۆمەڵایەتییەکان و خووگرتن بە تەکنۆلۆجیاوە فێربن، دوای ئەمەش بواری پسپۆڕییەکان کاتێکی کەمترو راهێنانێکی کەمتری دەوێت، ئەمەش بوار دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەر کەسێك بیەوێت پسپۆڕییەکەی بگۆڕێت، بە هۆی ئەو راهێنانە دوورو درێژەی کە پیایدا تێپەڕیوە و لەرێگەیەوە ئەوە فێربووە کە بنچینەی هەموو پسپۆڕییەکانە، بە ئاسانی بتوانێت بگۆڕێت ، ئەمەش بەرهەمی ئەو جوڵەو گۆڕانەیە کە ئەو کۆمەڵگایە بۆ گەشەکردنی بەردەوامی ئابوری خۆی دەیخوازێت(٢١٢).

ئەم پرۆسەی راهێنان و فێرکردنە سەراپاگیرە، تاکەکانی کۆمەڵگا وا لێدەکات کە ببنە هەڵگری هەمان ئەو چۆنایەتییانەی ئەو کولتورەی کە ئەوانی بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە پێ پەروەردە دەکرێن. ئەم کولتورە فەرمی و تەکنیکییە دەبێتە هۆی ئەوەی کولتورێکی سەراپاگیری وا بێتە ئاراوە کە لەگەڵ یەکە سیاسییەکەدا هەماهەنگ ببێتەوە، بەمەش ئەو بنەما سیاسییەی کە نەتەوەخوازی بانگهێشتی بۆ دەکات، زەمینەی وەدیهاتنەکەی دێتە پێشەوە.

ئەوەی وا دەکات کە یەك نمونەی پێوەرو سەراپاگیری فێرکردنی خوێندن و نووسین و ببێتە زەرورەتی کۆمەڵگای پیشەسازی چییە؟ کۆمەڵگای پیشەسازی لە جوڵەو پەرەسەندنێکی بەردەوامدایەو ئەمەش لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە دەخوازێت، بۆ دووبارە دابەشکردنەوەیان بەسەر ئەرکە نوێیەکاندا ئامادەبن. بۆ ئەوەی ئەو ئامادەییەیان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە تێدا بێت، دەبێت بە پرۆسەی ئەو جۆرە لە راهێنان و فێرکردنی سەراپاگیردا تێپەڕ بن، لەم حاڵەتەدا کەسەکان ئامادەییان هەیە بۆ ئەوەی پسپۆڕییەکەیان بەهۆی راهێنانێکی کەم خایەنەوە بگۆڕن و ئەو رۆڵە وەرگرن کە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە پێیان دەدات.

هۆیەکی تری پێداگرتنی ئەم کۆمەڵگایە لەسەر فێرکردنی سەراپاگیر ئەوەیە، کە کارکردن لەم کۆمەڵگایەدا زەوی کێڵان و دروێنەو کۆکردنەوەی باج و سەرانە نییەو مامەڵەکردن نییە لەگەڵ شتەکانداو مامەڵەکردنە لەگەڵ مانای شتەکاندا، کۆنترۆڵکردنی زمانی ئامێرو مەکینەکانە. کارکردن لە زۆربەی پیشەکاندا کۆنترۆڵکردنی کلیلی مەکینەکان و تێگەیشتنە لە زمانی ئەو مەکینانە. ئەمەش فێربوون و راهاتنی دەوێت لەسەر ئەو زمانە سەراپاگیرەی کە

(٢١٢) بڕوانە: هـ. س : ٦٢-٦٣.

ئامێرەکان و مەکینەکان هەیانە، زمان و بەکارهێنانی زمان لێرەدا لە ئاستێکی ناوچەییەوە بەرەو ئاستێکی سەراپاگیرتر دەڕوات ، ئەمەش خوێندن و راهێنانێکی گشتی و سەراپاگیری ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەی دەوێت.

بەم پێیە خوێندن و فێربوونی کولتورێکی سەراپاگیری لەو جۆرە لە کۆمەڵگادا کە لەسەر تەکنۆلۆژیایەکی بەهێز و مەزن و پێشبینیکردنی پەرەسەندنە کۆمەك کراوەکەی دامەزرابێت، دابەشکردنی کاری جولاّو پەیوەندیکردنێکی کۆمەك کراو و دوپاتبووەوەو وردی دەوێت، لەنێوان کەسە نەناسراوەکاندا. پەیوەندیکردنێك کە بەشداریکردن لە مانایەکی روون دەخوازێت تا بەزمانێکی ستانداردی نووسراو یان نەنووسراو بگوزارێتەوە. بەهۆی ئەم هۆکارانەوە ئەم کۆمەڵگایە پێویستی بە فێرکردنێکی سەراپاگیری لەم شێوەیە[٢١٣].

بلاّوکردنەوەی کولتورێکی سەراپاگیری لەو جۆرە بە گروپە کولتورییە ناوچەییەکان ناکرێت و کاری دەوڵەتە، دەوڵەتیش بۆئەوەی ئەم کارەی پێ بەڕێوەبچێت پێویستی بە نەتەوەخوازییە، نەتەوەخوازیش بەپێی ئەم بۆچوونە (رێکخستنی کۆمەڵە مرۆییەکانە لەو یەکە گەورانەدا کە خاوەنی فێرکردنێکی ناوەندین و لەرووی کولتورییەوە هەمئاهەگن... ریشەکانی نەتەوەخوازی لەناو پێداویستییە دروستەییە ناوازەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیدا زۆر قوڵ رۆچوون، ئەم بزوتنەوەیەش ـ واتە نەتەوەخوازی ـ بەری هەڵچوونێکی ئایدیۆلۆجی یان ریزپەڕییەکی سایکۆلۆجی نین. ئەوانەی کە لە بزوتنەوەیەکی گشتیدا بەشدارن لە راستیدا بەبێ جیاوازی تا رادەیەك لە تێگەیشن لەوەی کە دەیکەن بێ توانان و سەرەڕای ئەمە بزوتنەوەکەش رووکاری دەرەکی پێکهاتنێکی قوڵە لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کولتوردا کە هەرگیز ناکرێت بازی بەسەردا بدرێت)[٢١٤].

بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوەی فێرکردنی سەراپاگیر دەکاتە پێویستییەك لە پێویستییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی، دابەشکردنی کارو دەستکەوتنی کارە. بەبێ فێربوونی ئەو زمان و کولتورەش کە ئەو کۆمەڵگایە هەیەتی، تاکەکەس ناتوانێت ببێتە ئەندامێکی ناو ئەو کۆمەڵگایەو ناتوانێت بچێتە ناو تۆڕی پەیوەندییەکانەوە. هەر ئەمەش وا دەکات لەو کەسانەی کە دەیانەوێت ببنە ئەندامی ئەو کۆمەڵگایە، هەوڵی ئەوە بدەن لەناو کولتوری ئەو کۆمەڵگایەدا

---

(٢١٣) هـ. س : ٧٢.

(٢١٤) هـ. س : ٧٤.

بەو شێوەیەی کۆمەڵگاکە دەیخوازێت پەروەردەبکرێن و چۆنایەتییەکانی ئەو کولتورەو زمانە ستانداردەکەی قبوڵ بکەن و ڕێگەی پێبدەن لە هەڵسوکەوت و کارو کردەوەکانیاندا دەرکەوت بکات.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە وەرگرتنی ئەو کولتورە لەلایەن ئەندامانی گروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا هیچ پەیوەندییەکی بە نەتەوەخوازییەوە نییە، واتە ئەم کارە لە بنچینەدا بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەخوازی نییە، نەتەوەخوازی بە هیچ شێوەیەك نەبۆتە هۆی سەرهەڵدانی یەك جۆر لە کولتور لە کۆمەڵگاداو بڵاوبوونەوەی ئەو کولتورە بەناو هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەدا، بەڵکو نەتەوەخوازی خۆی ئەنجام و بەرهەمی ئەو هەماهەنگییە کولتورییەیە. لێرەوەیە گێلنەر دەگاتە ئەو دەرئەنجامە کە ئەوە هەماهەنگی کولتورییە نەتەوەخوازی لێدەکەوێتەوەو ئەوە نەتەوەخوازی نییە کە هەماهەنگی لێدەکەوێتەوە(٢١٥).

گەر بەوردی لە بۆچوونەکەی گێلنەر بڕوانین لەوە تێدەگەین کە لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا کار بۆ وەدیهێنانی هەماهەنگی کولتوری نەکراوەو کەسانی ناو ئەو کۆمەڵگایە بۆ ئەوەی کاریان دەستکەوێت و لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا ڕێگەیان ببێتەوە دەبێت چۆنایەتییەکانی ئەو کولتورە دروستکراوە وەرگرن، دواجار لەمە هەماهەنگی کولتوری دەکەوێتەوەو ئەم کەوتنەوەیە ڕووداوێکی عەرەزییەو هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە خەڵکی ناو ئەو کۆمەڵگایە دەیکەن. هەر لەم ڕووداوە عەرەزییەوە، نەتەوەخوازی دێتەئاراوەو هەوڵدەدات هەماهەنگیی یەکەی کولتوری لەگەڵ یەکەی سیاسی بپارێزێت و زیاتر پەرەی پێبدات و دواتریش کۆمەڵگا پیشەسازییەکە لەفۆرمی نەتەوەدا بخاتەڕوو.

ئەمەش هەمووی لەپێناو ئەوەدایە ئەو هەماهەنگییەی یەکەی کولتورو یەکەی سیاسی کە بەرێکەوت و بەشێوەیەکی عەرەزی دەرکەوتووە، ببێتە کارێکی ئاگایانەو پلان بۆ دانراوی ئەو کەسانەی کە ڕۆڵی کارەکتەری سیاسی دەبینن. لێرەدا سیاسەت کاری دەبێت بەوەی کە پشتگیری ئەو کولتورە نوێیە بکات بۆ خۆ هەماهەنگ کردنەوەی لەگەڵ ئەو سنوورەی کە دەوڵەت هەیەتی، ئەمەش لە هەمان کاتدا هەوڵێکی بەردەوامە بۆ سەرکوتکردنی کولتورە ناوچەییەکان و سەپاندنی یەك کولتوریی لەسەراپای دەوڵەتدا.

---

(٢١٥) هـ. س : ٨٣-٨٤.

بەم پێیە نەتەوەخوازی هەڵگری ناوەڕۆکێکی سیاسی پەتییەو هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێگەی پاراستنی هەماهەنگی یەکەی کولتوری لەگەڵ یەکەی سیاسیدا ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەی کە هاتووەتە ئاراوە ناو بنێ نەتەوە، تا هیچ گروپێکی کۆمەڵایەتی یان هیچ ئەتنیکێکی ناو ئەو دەوڵەتە رەوایەتیی ئەوەی نەمێنێ خۆی وەك نەتەوە پێناسە بکات.

بەپێی بنەما سیاسییەکەی نەتەوەخوازی، ئەوەی نەتەوە دیاری دەکات  کولتوری میللی نییەو کولتورە پیشەییە دروستکراوەکەیە، کولتوری پیشەیی دروستکراو کە سیاسەتی دەوڵەت بەردەوام پشتیوانی دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت  زاڵبێت بەسەر کولتورە میللیەکاندا، دەبێت بە کولتوری راستەقینەی نەتەوە پێناسە بکرێت و نەتەوە هەماهەنگی ئەم کولتورەبێت وەك یەکەی کولتوری لەگەڵ یەکە سیاسییەکەدا کە سنوورەکانی قەڵەمڕەوی دەوڵەت دەگرێتەوە.

بەپێی ئەم پێناسەیە گەر کەسانی ناو دەوڵەتێك بە پرۆسەی فێرکردنی ئەو کولتورە پیشەییەدا نەڕۆیشت بن و چۆنایەتییەکانیان وەرنەگرت بێت، سەر بەو نەتەوەیە نین کە لەناو ئەو دەوڵەتەدا بوونی هەیە. بەڵام گەر کەسانێکی بێگانە بێنە ناو ئەو دەوڵەتەوەو بەپرۆسەی فێرکردنەکەدا بڕۆن، دەبنە کەسانی سەر بەو نەتەوەیە.

بەمەش هەر کەسێك گەر بۆی بلوێت دەتوانێت نەتەوەکەی خۆی بگۆڕێت و ببێتە کەسێکی سەر بە نەتەوەیەکی تر، بۆ نمونە کوردێك دەتوانێت ببێت بە ئینگلیز بەمەرجێك بتوانێت بەپرۆسەی فێرکردنی کولتوری پیشەیی ئەواندا بڕوات و چۆنایەتییەکانی وەرگرێت و لەکارو کردەوەکانیدا پەیڕەوی ئەو چۆنایەتیانە بکات.

بەپێی ئەم بۆچوونە کوردەکانی تورکیا هەموو تورکن، چونکە پەروەردەکراوی ئەو کولتورە پیشەییە فەرمییەن کە لە تورکیادا هەیە، کوردەکانی ئێرانیش هەموویان فارسن و کوردی عێراقیش تا سەردەمێك عەرەب بوون و لەئێستادا خەریکە دەبنەوە بە کورد.

لای گێلنەر کوردەکانی تورکیا بەفشارێکی سیاسی لەلایەن دەسەڵاتەوە نەبوون بە تورك، ئەو فشارەی کە کوردەکان دەکات بە تورك داخوازی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازییە لە تورکیا. ژیان لەو کۆمەڵگایەکی پیشەسازیەدا کە نەتەوەخوازییە تورکییەکە دەیبات بەڕێوە لە هەموو کەسێکی ناو سنوری سیاسی دەوڵەتی تورکی  دەخوازێت کە بچێتە ناو پرۆسەی فێربوونی ئەو کولتورە دروستکراوەوە کە پێداویستییە پیشەسازییەکان هێناویانەتە ئاراوە. کوردەکانیش بۆ ئەوەی کاریان دەستبکەوێت و ڕێگەیان پێبدرێت وەك هەر هاوڵاتییەکی تر بچنە ناو تۆڕی

پەیوەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە، دەبێت قبوڵی ئەوە بکەن لەسەر ئەو کولتورە پیشەییەو زمانە ستانداردەکەی رابهێنرێن ، ئەمەش وای کرد کە کوردێك و تورکێك لە تورکیادا ئەو کولتورە قبوڵ بکەن. بەمەش کوردەکان و تورکەکان وەك یەك، پێداویستی دەستکەوتنی کارو بژێوی و ژیان لەو کۆمەڵگا تازەیەدا، وای لێکردن واز لە کولتورە ناوچەییەکانی خۆیان بهێنن بۆ کولتورە نوێیەکە، بەمەش کەسانی سیاسی ناو ئەو کۆمەڵگایە بەرێکەوت ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە بۆ بەردەوام بوونی ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەو هەماهەنگی کولتوری پێویستە، ئەمە بوو وای لە تورکەکان کرد کە فێربوونی ئەو کولتورە پیشەییە کە بە زمانی تورکییە بکەنە کارێکی ئیلزامی و لەسەراپای کۆمەڵگادا بیسەپێنن، ئەم کارە بە هیچ شێوەیەك ئەوەی لە پشتەوە نەبووە کە دەوڵەتی تورکی بەرنامەی دانابێت بۆ بەتورك کردنی کورد.

لای گێلنەر هەڵەیە گەر وابزانین دەسەڵاتدارانی سیاسی لە تورکیا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا (نەیانتوانی بەسەلامەتی دانیشن و بنەمای نەتەوەخوازیان سەپاند، بەوەی: دەبێت یەك ناوچە هەبێت و یەك زمان هەبێت، ئەوان بەمە تەنها ئەوەیان نەدەویست کە بگەنە پارەو پولێکی زیاترو سەپاندنی ملەکەچی، بەڵکو ئەوان تینوی ئەوە بوون کە دەست بەسەر رۆحی کولتوری و زمانی رەعیەتەکانیاندا بگرن، ئەم تۆمەتە دەبێت سەرنخون بکرێتەوە. لەراستیدا حاڵەتەکە وا نییە کە نەتەوەخوازی بەهۆی پێداویستییەکی دەسەڵاتخوازانەی کولتوریانەی مەبەستداری پوخت، هەماهەنگی بسەپێنێت، ئەوە پێداویستییە بابەتییەکەی هەماهەنگییە کە لە نەتەوەخوازیدا رەنگ دەداتەوە)[٢١٦]. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە تیۆرەکەی گێلنەر تا چەند دەست دەدات بۆ ئەوەی باس لەشتێك بکەین بەناوی نەتەوەی کوردەوە، یان نەتەوەخوازی کوردییەوە، لە راستیدا ئەم تێڕوانینە رەوایەتیی سیاسی دەدات بەو هەموو وەحشیگەریانەی کە فارس و عەرەب و تورك بەرامبەر بە کورد کردوویانەو دەیکەن.

بەرگریکردنی کورد لەرۆحی کولتوری خۆیی و زمانەکەی لە تورکیادا، بەخشینی هەموو ئەم قوربانیانەو ناچاربوونی دەسەڵاتدارانی تورك بەوەی کە زمان و کولتوری کوردی رێگەی پێبدرێت، راستی تیۆرەکەی گێلنەر دەخاتە مەترسییەوەو ئەوەش کە ئەو بەتۆمەتی دەزانێت، دەیکاتە راستییەکی نکۆڵی لێنەکراو و ئەوەش دەسەلمێنێت کە کولتوری پیشەیی و فەرمی هەر دەوڵەتێك

(٢١٦) هـ . س : ٨٥.

لەژێر دەسەڵاتی رۆحی کولتورە میللییەکەو ئەو ئەتنیکەدایە کە کولتورەکەی بووە بە کولتورێکی پیشەیی و فەرمی.

حاڵەتی کورد ئەوە دەسەلمێنێت کە کولتوری پیشەیی و فەرمی ئەو هەژموونەی نییە کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا وا لێبکات لەژێر حوکمی کولتورە میللییەکەیان دەرچن و بچنە ژێر رکێفی ئەو چۆنایەتیانەی کە ئەو کولتورە دەیانخاتە جێگەی چۆنایەتییەکانی کولتورە میللییەکە.

گێلنەر بۆ وەسفکردنی هەیمەنەی کولتوری پیشەیی و فەرمی و نەمانی هەیمەنەی کولتوری میللی، پەنا دەباتە بەر میتافۆڕی رووەکی باخچەیی و رووەکی کێوی، هەر لەمەشەوەیە کە کولتوری فەرمی بە کولتوری باخچەیی و کولتوری میللی بە کولتوری کێوی ناودەبات، لەم بارەیەوە دەڵێت: (کولتورەکان لە رووەکەکان دەچن، دەکرێت دابەشیان بکەین بۆ جۆری کێوی و جۆری چێنراو، جۆری کێوی بەشێوەیەکی هەرەمەکی و لەخۆوە بەرهەم دێت و خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، وەکو بەشە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ، هیچ کۆمەڵەیەك بەبێ جۆرێك لە سیستەمی هاوبەشی پەیوەندیکردن و رێساکان بوونی نییە، سیستەمە مرۆییەکانی لەم جۆرە (بەواتایەکی تر، کولتورەکە) لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەبێ ئەندازگیرییەکی هۆشیارانەو بەبێ سەرپەرشتیکردن و چاودێری و خۆراك پێدانی تایبەت خۆیان بەرهەم دەهێننەوە، بەڵام کولتورە چنراوەکان یان کولتورە باخچەییە جیاوازەکان، هەر چەندە لە جۆرە کێوییەکانەوە پەرەیان سەندووە، زۆر ئاڵۆزو دەوڵەمەندن، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا بەفێرکردنی خوێندن و نووسین و کادیری پسپۆڕ پاڵپشتیان لێدەکرێت، لەناودەچن گەر ئەو خۆراکە تایبەتەیان لێ بگیرێتەوە)[(٢١٧)].

لەلایەکی ترەوە هەر لەرێگەی هەمان میتافۆرەوە بەراوردی مرۆڤی کشتوکاڵی بە مرۆڤی پیشەسازی دەکات و دەڵێت: ( دەکرێت مرۆڤی کشتوکاڵی بە جۆرە سروشتییەکە بەراورد بکرێت کە لە ژینگەیەکی سروشتیدا توانای مانەوەی هەیە، بەڵام دەکرێت مرۆڤی پیشەسازی بەو جۆرەیان بەراورد بکرێت کە پیشەسازیانە بەرهەمدێت یان پەروەردەکردنی بەسەردا دەسەپێنرێت و چیتر توانای هەناسەدانی لەو ژینگەیەدا نامێنێ کە سروشت دەستەبەری کردوە، بەڵام دەتوانێت ئەرکی خۆی چالاکانە جێبەجێ بکات و بەهۆی ئەو هەوایەوە یان ئەو

(٢١٧) هـ. س : ١٠٠.

ژینگەیەوە بمێنێتەوە کە بە شێوەیەکی تایبەت سازکراوەو بەشێوەیەکی دەستکرد بوونێکی بەردەوامی هەیە... ئەمەش پێویستی بە دامەزراوەیەکی تایبەتمەندکراو هەیە، ناوی ئەو دامەزراوەیەش سیستەمی فێرکردن و پەیوەندیکردنە نەتەوەییەکانە، ئەمەش جگە لە دەوڵەت شتێکی تر نییە) [(٢١٨)]، لەلایەکی ترەوە باس لەوە دەکات کە دەوڵەت سەرپەرشتیکردنی جۆرێك لە پیشەسازی دەگرێتە ئەستۆی خۆی کە لە هەموو پیشەسازییەکان بایەخی زیاترە، ئەویش دروستکردنی مرۆڤێکە کە شیاو بێت بۆ ژیان و سودبەخش بێت.

حاڵەتی کورد جارێکی تر دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ئەو ڕەوایەتییەی ئەم بۆچوونە دەیدات بەو دەوڵەتانەی کە کولتوری فەرمی خۆیان بەسەر کورددا سەپاندووەو لەوەدا شکستیان هێناوە کە مرۆڤێکی شیاو و سودبەخشی لێدروست بکەن بەوەی بیکەنە مرۆڤێك نەتوانێت بەبێ ئەو کولتورە باخچەییەی ئەوان بژی. ئەو کوردانەی کە جارێکی تر دەچنەوە شاخ و دەبنەوە بە مرۆڤی کێوی زۆربەی زۆریان پەروەردەی کولتورە باخچەییەکانی عەرەب و فارس و تورکن، بەڵا ئەم کولتورە باخچەییانە نەیانتوانیوە وا لەو مرۆڤە بکەن کە خۆراکی ئەو ژینگەیەی لێگیرایەوە لەناوبچێت و چیتر نەتوانێت لەو ژینگە سروشتییەدا هەناسە بدات کە پێشتر تیایدا ژیاوە، حاڵەتی کورد تەواو پێچەوانەی ئەمەی سەلماندووەو بووەتە گەورەترین بەربەست لەبەردەم واقیعیەت و ڕاست و دروستی تیۆرەکەی گێلنەردا.

### ٣/١-١) نەتەوەخوازی لە نێوان کەلتوری پیشەیی و کەلتوری ئەتنیکیدا

لێرەدا بۆچوونی مۆدێرنیستێکی تر دەخەینەڕوو کە تەواوکەری بۆچوونە مۆدێرنیستانەکەی ترەو لەو سیاسەتەوە لەنەتەوەو نەتەوەخوازیی دەڕوانێت کە دەوڵەتی مۆدێرن لەلایەکەوە بەرامبەر بە نەتەوەخوازی فەرمی دەوڵەت دەیگرێتە بەرو لەلایەکی ترەوە بەرامبەر نەتەوەخوازی نافەرمی ناو ئەتنیکەکانی دەوڵەت دەیگرێتەبەر، پاشان باس لەو پەرەسەندنە دیالێکتیکییەی نەتەوەخوازی فەرمی دەکات کە لە ململانێی هەر دوو جۆرەکەی نەتەوەخوازیدا دەکەوێتەوە. ئەم بۆچوونەش بۆچوونەکەی (ئەریك هۆبسباوم)ە. هۆبسباوم نکۆڵی لەوە ناکات کە لەگەڵ بنەماکانی تیۆرەکەی گێلنەردا هاوڕایە، هەر لەمەشەوەیە بۆچوونە

(٢١٨) هـ. س : ١٠٣.

سەرەکییەکانی گێلنەر لەبارەی نەتەوەو نەتەوەخوازی دەکاتە دەستپێکی تیۆری کارەکەی خۆیی و لەچەند خاڵێکدا بەم شێوەیە دەیانخاتەڕوو:

١) لەبارەی نەتەوەخوازییەوە دەڵێت: ( من چەمکی(نەتەوەخوازی) Nationalism بەو مانایە بەکاردەهێنم کە گێلنەر دەیدات بەم چەمکەو ئەو مانایەش ئەوەیە: (بنەمایەکە لەبنچینەدا باوەڕی وایە کە یەکەی سیاسی و یەکەی نەتەوەیی پێویستە هەماهەنگ بن)، .... ئەم مانا ناڕاستەوخۆیەش نەتەوەخوازی نوێ لەشێوەکانی تری نەتەوەخوازی جیادەکاتەوە)[٢١٩].

٢- نەتەوە بوونێکی کۆمەڵایەتی نەگۆڕی نییەو سەر بەسەردەمێکی مێژوویی نوێو دیاریکراوە، تەنها بوونێکی کۆمەڵایەتی هەیەو وابەستەیە بەجۆرێکی دیاریکراو لە دەوڵەتەوە کە دەوڵەتی هەرێمیی نوێیە، واتە(دەوڵەت ـ نەتەوە)، ناکرێت باس لە نەتەوەو نەتەوەخوازی بکرێت بەرێژەی وابەستەبوونیان نەبێت بەو جۆرە لە دەوڵەتەوە. نەتەوەکان دەوڵەتەکان و نەتەوەخوازییەکان دروست ناکەن، بەپێچەوانەوە دەوڵەت نەتەوەخوازی و نەتەوە دروست دەکات[٢٢٠].

٣- هۆبسباوم دەڵێت: من لەگەڵ گێلنەردا لە دروستکردنی نەتەوەکاندا پێ لەسەر توخمی دروستکردن و داهێنانی ساختەو ئەندازەکاری کۆمەڵایەتی دادەگرم و نەتەوەکان وەك رێگایەکی سروشتی کە خوا نازلی کردبێت بۆ پۆلینکردنی مرۆڤایەتی و وەك چارەنووسێکی سیاسی سروشتی.... ئەفسانەیە، ئەوە نەتەوەخوازییە کە هەندێك جار ئەو کولتورانەی کە پێشتر هەبوون وەردەگرێت و دەیانگۆڕێت بۆ نەتەوەکان و هەندێك جاریش هەر خۆی کولتورەکەیان بۆ دادەهێنێت، زۆرجار ئەو کولتورانەش دەخاتە لاوە کە پێشتر هەبوون[٢٢١].

٤) نەتەوەخوازی دەرکەوتەی لێکدانی سیاسەت و تەکنۆلۆجیاو وەرچەرخانی کۆمەڵایەتییەو نەتەوەکانیش تەنها شوێنکەوتەی دەوڵەتی هەرێمی نوێ نین و دەرکەوتەی قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی تەکنۆلۆجیایی و ئابورین. زۆربەی لێکۆڵەرانی لەسەر ئەوە هاوڕان کە زمانە نەتەوەییە ستاندادەکان، چ ئەوانەی قسەیان پێدەکرێت یان ئەوانەی پێیان

---

(٢١٩) ایریك هوبسباوم، الأمم والنزعة القومیة، ت: عدنان حسن، ط١، دار المدى للثقافة والنشر، سوري ـ دمشق، ١٩٩٩، ص ١٦.

(٢٢٠) هـ. س : ١٧.

(٢٢١) هـ. س : هـ. ل.

دەنووسرێت، نەدەکرا پێش سەرهەڵدانی چاپەمەنی و نەهێشتنی نەخوێندەواری جەماوەریی و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا دەرکەون، دەبێت نەتەوەکان و ئەو دەرکەوتانەی پێیانەوە وابەستەن لەبەر رۆشنایی مەرج و داخوازییە سیاسی و تەکنیکی و بەڕێوەبەریەتی و ئابورییەکاندا شیبکرێنەوە.

ئەمانە هەموو ئەو بنەماو بۆچوونە سەرەکی و بنچینەییانەن کە لە تیۆرەکەی گێلنەردا هەن و هۆبسباوم جەختیان لەسەر دەکاتەوەو دەیانکاتە بنەمای تیۆریی کارەکەی. با بزانین جیاوازییەکانی ئەم دوو بۆچوونە مۆدێرنە لەکوێدایەو لەکوێ دەتوانین کارەکەی هۆبسباوم بەتەواوکەری کارەکەی گێلنەر بزانین؟.

گێلنەر ئەوە بەنەتەوەخوازی دادەنێت کە لەگەڵ ئەو بنەما سیاسییەدا یەکدەگرێتەوە کە پێناسەی نەتەوەخوازی دەکات، واتە هەماهەنگی یەکەی کولتورییە لەگەڵ یەکەی سیاسیدا. جگە لە کولتوری فەرمیش هیچ کولتورێکی تر توانای هەماهەنگبوونەوەی لەگەڵ یەکەیەکی سیاسی کە دەوڵەتی نوێیە نییەو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەدەرەوەی نەتەوەخوازی دەوڵەتی، هیچ نەتەوەخوازییەکی تر بوونی نییە، چونکە پێناسەکەی نەتەوەخوازی نایگرێتەوە.

ئەو نەتەوەخوازیانەش کە لەناو کولتورە میللییە نادەوڵەتییەکاندا سەرهەڵدەدەن هیچ بایەخێکیان بۆ کارەکەی گێلنەر نییەو بەهیچ شێوەیەك لە کارەکەی ئەودا جێیان نابێتەوە، گەرچی ئەو کولتورە میللییانەش گۆڕابن بۆ جۆرێك لە کولتوری فەرمی و لەناو دەوڵەتەکەدا لەسنووری ئەتنیکەکەدا هەماهەنگی کولتوریشیان دروستکردبێت، وەك ئەو کولتورە فەرمییە کوردییە کە لەناو دەوڵەتی عێراقدا لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێت و هەمان رۆڵی ئەو کولتورە فەرمییە دەبینێت کە کولتوری دەوڵەتێکە لە دەوڵەتەکان. ئەم کولتورە گەرچی کولتوری سەراسەری کوردەکانی عێراقە، بەڵام لەبەرئەوەی لەناو دەوڵەتی عێراقدان و خۆیان دەوڵەتێکیان نییە لە گەڵیدا هەمئاهەنگ ببنەوە، پێناسەکە نایانگرێتەوەو لەلایەکی تریشەوە پێناسەکە ئەو کولتورە عەرەبییە فەرمییەی دەوڵەتی عێراقیش ناگرێتەوە، چونکە نەبووەتە یەکەیەکی کولتوری هەماهەنگ لەگەڵ سنوورە سیاسییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی عێراقدا. ئەوەی هۆبسباوم گرنگی پێدەدات ئەو جۆرەیە لە نەتەوەخوازییە کە لەناو ئەتنیکە جیاوازەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا سەرهەڵدەدەن و دواتر لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێنەوەو نەتەوەخوازیی دەوڵەتییان پێ بەهێزتر دەکرێت، کەوابێت ئەوەی گێلنەر لەکارەکەی

خۆیدا فەرامۆشی دەکات و کەلێنێك دەخاتە ناو کارەکەیەوە، هۆبسباوم کار لەسەر ئەوە دەکات کە بایەخی بۆ بگەڕێنێتەوەو ئەو کەلێنەی پێ پڕبکاتەوە.

لای گێلنەر نەتەوەخوازی نادەوڵەتی جگە لە وەهمێکی خەڵەتێنەر کە نەتەوەخوازی فەرمی و دەوڵەتی بۆ رازیکردنی ئەتنیکە جیاوازەکانی ناوخۆی بەکاری دەهێنێت، هیچی تر نییە. ئەو پێیوایە نەتەوەخوازی بەرگری لە کولتورێکی میللی دەکات کەچی لە راستیدا کولتورێکی باڵا گەشەپێدەدات، بانگەواز بۆ ئەوە دەکات کە پارێزگاری لە کۆمەڵگایەکی میللی کۆن دەکات، کەچی لەڕاستیدا یاریدەدەری بوونیادنانی کۆمەڵگایەکی جەماوەرییە[٢٢٢].

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی تەنها لەناو ئەو پڕوپاگەندەو هەڵخەڵەتاندنانەدا بوونی هەیە کە نەتەوەخوازیی دەوڵەتی دروستیان دەکات و جگە لەمە شتێکی تر نییە.

هۆبسباوم رەخنە لەو بێدەنگییەی ئەو لەبارەی نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی دەگرێت و پێیوایە ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازی لەوە زیاترە کە ئەو باسی دەکات و بۆ تێگەیشتن لە نەتەوەخوازی دەوڵەتی هەر دەبێت بۆی بگەڕێنەوەو لێی بکۆڵنەوە.

هۆبسباوم لەبارەی دیاریکردنی نەتەوەخوازی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت و نەتەوەخوازی ناو خەڵکەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە نەتەوەخوازی ( لەبنچینەدا لەسەرەوە شێوەگیردەکرێت، بەڵام ناکرێت لەمە تێبگەین گەر لە خوارەوەش بەهەمان شێوە شینەکرێتەوە، واتە بەزمانی لافلێدان و ئومێدو پێداویستییەکان و ئارەزووەکانی و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤە ئاساییەکان، ئەمەش بەزرورەت نەتەوەخوازی نییە)[٢٢٣].

دوای ئەمەش باس لەو کەلێنە دەکات کە لەکارەکەی گێلنەردا بۆ رەخنەگرتن بەجێ ماوەو دەڵێت: ( من رەخنەیەکی گەورەم لەکارەکەی گێلنەر هەیەو ئەویش ئەوەیە، روانگە پەسەندەکەی ئەو بۆ بەمۆدێرنکردن لەسەرەوە، وا دەکات کە زەحمەت بێت لە خوارەوە بایەخێکی تەواو بەدیمەنەکە بدرێ.، ئەو دیمەنەی لەخوارەوە هەیە ئاشکراکردنی لە ئاستێکی قوڵدا کە نەتەوەیە گرانە، بەڵام بەو شێوەیە نا کە حکومەتەکان و گوتەبێژە فەرمییەکان و

(٢٢٢) هـ. س : ١٨.

(٢٢٣) هـ. س : هـ. ل.

ئەندامانی بزوتنەوە نەتەوەییەکان (یان نانەتەوەخوازەکان دەیبینن) بەڵکو بەو شێوەیەی ئەو خەڵکە ئاساییە دەیبینێ و دەیکاتە ئامانجی چالاکی و پڕوپاگەندەکانی)[٢٢٤].

جیاکردنەوەی نەتەوە بۆ ئەوەی کە لە دەوڵەتەوە دەبینرێت لەگەڵ ئەوەی لە خەڵکی ئاساییەوە دەبینرێت، کردنەوەی دەروازەیەکە بۆ باسکردن لە دیالێکتیکی نێوان نەتەوەخوازیی دەوڵەتی و نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی. بۆ زیاتر جیاکردنەوەی ئەم دوو روانگە جیاوازە بۆ نەتەوەو جیاکردنەوەی دوو جۆرەکەی نەتەوەخوازی، هۆبسباوم سێ خاڵ دیاری دەکات کە ئەمانەن[٢٢٥]:

یەکەم: بوونی نەتەوەخوازی لە ئایدیۆلۆجیای رەسمی دەوڵەت و بزوتنەوەکان بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە لە عەقڵی زۆرینەی هاوڵاتیاندا هەیە، تەنانەت بەڵگە نییە لەسەر ئەوەش کە بوونی لەلای ئەوانەش هەبێت کە لە گەڵێکدان و سەر بەو ئایدیۆلۆجیایەن.

دووەم: ناکرێت گەر لای زۆربەی خەڵکی دیاریکەری شوناسی نەتەوەیی هەبوو، بەردەوام نزم تر بێت یان یەکسان بێت یان باڵاتر بێت لە کۆی ئەو دیاریکەرانەی شوناسی تاك کە بوونە کۆمەڵایەتییەکەی شێوەگیردەکەن، بەڵکو بەردەوام لەگەڵ دیاریکەرەکانی جۆرێکی تر لە شوناسدا دەبێتەوە بەیەك.

سێیەم: دیاریکەری نەتەوەیی شوناس و ئەوەی وادەزانرێت ناوەڕۆکەکەی پێکدەهێنێت دەکرێ لە ماوەی تەواو کورتیشدا بە بەسەرچوونی کات بگۆڕێت.

ئەم خاڵانەی سەرەوە زیاتر مەبەستی کارەکەی هۆبسباوم لەبارەی نەتەوەخوازییەوە دەخەنەڕوو، بەوەی کە لای ئەو نەتەوەخوازی وێنەیەکی جێگیرو بەردەوامی بۆ نەتەوە نییەو بەپێی بارودۆخەکان و ئەو حاڵەتانەی کە نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی لەناو ئەتنیکەکاندا دەجوڵێنێت، ئایدیۆلۆجیای رەسمی نەتەوەخوازیی دەوڵەت، دەستکاری وێنەی نەتەوە دەکات و هەماهەنگی یەکە کولتورییەکە لەگەڵ یەکە سیاسییەکەی پێ دەپارێزێت.

هەر لەم تێڕوانینەوە ئەو باس لە سێ قۆناغ دەکات کە وێنەی نەتەوە لەلایەن ئایدیۆلۆجیای فەرمی نەتەوەخوازی دەوڵەتەوە دەستکاری دەکرێت لەپێناو ئەوەدا ئەو هەڵچوونانەی ئەتنیکەکانی ناو دەوڵەت بگەڕێنەوە دۆخی ئاسایی خۆیان و هەماهەنگی یەکە کولتورییەکە لەگەڵ یەکە سیاسییەکە بەردەوامی زیاتر بەخۆی بدات و کەلێن نەکەوێتە نێوان

(٢٢٤) هـ. س : هـ. ل.

(٢٢٥) بڕوانە: هـ. س : ١٨.

دەسەڵاتی سیاسی و هاوڵاتیانی ناو سنووری ئەو دەسەڵاتە کە کۆمەڵ و گروپێکی جیاوازن و کولتورە فەرمییەکە یەکی خستوون.

هۆبسباوم دوای ئەوەی لە مێژوودا بۆ کۆمەڵە مانایەکی نەتەوە دەگەڕێت کە لە بەرژەوەندی بۆچوونەکەی خۆیدان و وا دەکات کە ماناکردنی نەتەوە بە ئەتنیك لاوازتر ببینرێت لەماناکردنی بەگەل و بەدەوڵەت. دەڵێت:( با هەر مانایەك لە ماناکانی(nation) گونجاو و رەسەنیش بێت، ئەوە زاراوەی نەتەوە بەشێوەیەکی تەواو روون هەر جیاوازە لەمانا نوێیەکەی. بەبێ قوڵبوونەوەیەکی زیاتر لەم بابەتە، چەمکی (نەتەوە) لەمانا نوێ و سیاسییەکەیدا لەرووی مێژووییەوە چەمکێکی تەواو نوێیە، لەراستیدا هەر ئەمەشە کە فەرهەنگێکی زمانیی مەزنی وەك فەرهەنگی ئینگلیزی نوێ جەختی لەسەر دەکاتەوەو لە ساڵی ١٩٠٨ دا ئاماژە بەوە دەکات کە مانا کۆنەکەی وشەکە لە بنچینەدا یەکەی ئەتنیکی دەگرێتەوە، بەڵام بەکارهێنانە نوێیەکەی لەبری ئەمە پێ لەسەر -بیرۆکەی یەکەی سیاسی و سەربەخۆیی- دادەگرێت)[٢٢٦].

هۆبسباوم بەپێی لێکدانەوەکانی خۆی بۆ مانای نەتەوە، بەرە بەرە ئەو مانایە لە نەتەوە دادەماڵێت کە یەکەی ئەتنیکی پێیدەدات و ئەو مانایەی کە یەکەیەکی سیاسی و سەربەخۆ، واتە دەوڵەت دەیدات بە نەتەوە، دەکاتە مانا راستەقینەکەی نەتەوە. بەمەش رەوایەتی لە نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی دەسێنێتەوەو رەوایەتی رەها بە نەتەوەخوازیی دەوڵەتی دەبەخشێت. هەر لێرەشەوەیە ئەو دەڵێت: (ئەو توخمە جیاوازانەی کە دواتر بۆ روونکردنەوەی پێناسەکانی نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی بەکاردەهێنرێت گومانی تیا نییە بوونیان هەیە، بەڵام یان وابەستەن بە نەتەوەیەکی شۆڕشگێڕەوە یان خولقێنەری نارەحەتی و زەحمەتن بۆی، هەر جارێك وازانرا یەکن و دابەش ناکرێن، ئەو ناچوونیەکییەی کە لەناویدا هەیە کۆمەڵە کێشەیەکی زیاتری بۆ دەنێتەوە)[٢٢٧]. بەم پێیە نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی گەر باس بکرێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی و ناهەماهەنگی یەکەی کولتوری لەگەڵ یەکەی سیاسیدا. ئەم خۆیەیەك زانینەی نەتەوەخوازیی دەوڵەتی، دەبێتە هۆی ئەوەی نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی لەناو دەوڵەتدا سەرهەڵبدات، گەر ئەمە نەبێت نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی کە پێناسەی نەتەوە بە یەکەی ئەتنیکی دەکات، بوونی نابێت، چونکە بنەماو هۆی بوونەکەی، ئەو هەڵە سیاسیانەیە کە

(٢٢٦) هـ. س : ٢٥.

(٢٢٧) هـ. س : ٢٧.

نەتەوەخوازیی دەوڵەتی تێیدەکەوێت و دواتریش دەبێت باجی ئەو هەڵانەی بدات و هەماهەنگی یەکە کولتورییە فەرمییەکە لەگەڵ یەکە سیاسییەکەدا راگرێتەوە.

بەپێی ئەم بۆچوونە لە دوای ساڵی ١٨٣٠ وە، ئەوە گەلە لە دەوڵەتدا وەك نەتەوە گوزارشت لەخۆی دەکات نەك ئەتنیك، گەلیش هەموو ئەو ئەتنیکە جیاوازانە لەخۆ دەگرێت کە لە سنووری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا نیشتەجێن (گەر نەتەوە لە روانگەی گەلـخوازییە ـ شۆڕشگێڕییەکەیەوە خاوەنی شتێکی هاوبەش بێت، ئەوە بە هیچ مانایەکی راستەقینە ئەتنیك و زمانی هاوبەش و شتانێکی لەم جۆرە نییە)[٢٢٨]. گەر فەرنسییەکانیش هەندێك جار مەسەلەی زمانی هاوبەشیان بۆ پێناسەکردنی نەتەوە هێنابێتە ئاراوە ئەوە حاڵەتێکی شاز بووەو کاری نەکردووەتە سەر ئەو بۆچوونەی لەو سەردەمەدا بۆ نەتەوە هەبووە[٢٢٩].

با بزانین بەپێی ئەم بۆچوونە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە، دەوڵەت ـ نەتەوە لەرۆژئاوا بەپێی چ بنەمایەك دیاری دەکرێت؟ بەپێی بنەمای ئەتنیك ـ دەوڵەت، یان گەل ـ دەوڵەت؟ ئایا نەتەوە فۆرمی سیاسی گەلە یان فۆرمی سیاسی ئەتنیکە؟ ئەمە ئەو پرسیارانەن کە هۆبسباوم هەوڵدەدات بەپێی ئەو رووداوە مێژووییانەی کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە تا ساڵی ١٨٧٠ روودەدەن و نەتەوەکان بەهۆیەوە پەیدا دەبن، وەڵامیان بداتەوە. لای ئەو لە ساڵی ١٨٣٠وە بۆ ساڵی ١٨٧٠ بۆ یەکەمجار نەتەوەکان بە مانا مۆدێرنەکە سەرهەڵدەدەن، ئەوەی لەو سەردەمەدا بنەماکانی بوونی نەتەوە دیاریان دەکات گەورەیی گەلەکان و بەهێزی ئابووری ئەو گەلانەیە کە خاوەنی دەوڵەتن.

یەکێك لەو کێشانەی کە لەنێوان نەتەوەخوازیی دەوڵەتی و نادەوڵەتیدا سەرهەڵدەدات پەیوەندی بە زمانەوە هەیە. دەوڵەت ـ نەتەوەی فەرەنسی کە لەو سەردەمەدا سەرهەڵدەدات وبەهێز دەبێت، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئەو دەوڵەتە بوونی زمانێکی هاوبەشی پێویست دەبێت. بۆ دەستکەوتنی زمانێکی لەو جۆرەش دەبێت پەنا ببرێتەوە بەر یەکێك لەو زمانە سروشتیانەی کە ئەتنیکەکانی ناو ئەو دەوڵەت ـ نەتەوەیە لە ژیانی خۆیاندا بەکاریدەهێنن. ئەمەش بەخۆی جۆرێك لە کێشە لەنێوان ئەتنیکەکاندا دروست دەکات، لەوەوە کە دەوڵەت کام زمان لەو زمانانە هەڵدەبژێرێت و چ لۆجیکێك لە پشت ئەو هەڵبژاردنەوە هەیە؟

(٢٢٨) هـ. س : ٢٥.

(٢٢٩) بڕوانە: هـ. س : ٢٧.

لای هۆبسباوم دەوڵەت ـ نەتەوەی فەرەنسی بە ئاسانی ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات و ڕێگە لەوە دەگرێت نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی لەناو ئەتنیکەکاندا بێتەئاراوە، ئەمەش لەوێوە دەکات ئەو زمانەی کە لە ئەتنیکێك لە ئەتنیکەکان دەیخوازێت لە زمانێکی کێوی و سروشتییەوە کە بەخۆی بەبێ چاودێری کەس خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، بیکاتە زمانێکی دروستکراو کە بەردەوام پێویستی بەچاودێریکردن بێت، بەمەش لەریشە ئەتنیکییەکەی خۆی دایدەبڕێت و لە دەوروبەرە ئەتنیکییەکەوە دەیگوازێتەوە بۆ دەوروبەرێکی نائەتنیکی و فەرمی. بەم کارەش کە لەسەر ئەو زمانە کێوییە ئەنجامی دەدات زمانەکە شیاوی دەکات بۆ ئەوەی ببێتە زمانی هەموو ئەوانەی کە لە سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتەکەدان. لەلایەکی ترەوە خاسیەتێکی گرنگ دەدات بەو زمانە دروستکراوە، ئەویش ئەوەیە کە هەر کەسێکی ناو سنووری دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت پێی بدوێت، گەرچی زمانە میللییەکەشی هەمان ئەو زمانە میللییە نەبێت کە زمانە دروستکراوەکەی لێ دروستکراوە، ئەوە سەر بەو نەتەوەیەیە کە دەوڵەتی فەرەنسی گوزارشتی لێ دەکات.

ئەم مەرجی فەرەنسی بوونە تەنها کەسانی سەر بەو زمانە میللییانە ناگرێتەوە کە سەر بە ئیتنیکەکانی تری جگە لەو ئەتنیکەن کە زمانەکەی وەرگیراوە، ئەوانەش دەگرێتەوە کە سەر بەو زمانەن و ئەوانیش بەوە دەبن بە فەرەنسی کە لەگەڵ زمانە میللییەکەی خۆیاندا زمانە دروستکراوەکەش فێربن. بەمەش هەموو زمانە میللییەکان و ئەو زمانەش کە زمانە فەرمییەکەی لێ دروستکراوە لەبەرامبەر زمانە فەرمییەکەدا وەك یەکیان لێ دێت و جیاوازی لەنێوانیاندا نامێنێت.

هۆبسباوم لەبارەی زمانی فەرەنسی و پەیوەندی بە ململانێی نەتەوەخوازیی دەوڵەتی و نەتەوەخوازیی میللییەوە دەڵێت: (لەرووی تیۆرییەوە بەکارهێنانە میللییەکەی زمانی فەرەنسی، کەس ناکات بە فەرەنسی، چۆن ئەمە دەبێت، لەکاتێکدا شۆڕش خۆی ڕێژەیەکی زۆری لەکاتی خۆی لەوەدا بردووەتە سەر ئەوە بسەلمێنێت چۆن کەمینەیەك لە خەڵکی لە فەرەنسادا ئەم زمانەیان بەکردەوە بەکارهێناوە؟ حەزکردن لە فێربوونی لەناو ئازادییەکانی ترو یاساکان و خاسیەتە هـاوبەشەکـانی گەلی فەرەنسا ئازادییەو بەمانایەك لە ماناکان فێربوونی زمانی فەرەنسی یەکێکە لە مەرجەکانی هاوڵاتی بوون و دوای ئەمەش مەجێکە بۆ رەگەزنامەی فەرەنسی تەواو، هەروەك چۆن فێربوونی زمانی ئینگلیزی مەرجی هاوڵاتیبوونی

ئەمریکاییە)[230]. لەتێڕوانینی شۆڕشگێڕانی فەرەنسادا (جولەکە سفاردییەکان کە بەزمانی ئیسپانی سەدەکانی ناوەڕاست دەدوان و ئەشکنازییەکانیشیان کە بەزمانی لیدی دەدوان ـ فەرەنسا هەردووکیانی گرتبووە خۆی ـ هەروەك فەرەنسییەکانی تر فەرەنسی بوون، دوای ئەوەی کە قبوڵی مەرجەکانی هاوڵاتیبوونی فەرەنسایان کرد، کە لەناو ئەو مەرجانەدا بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی دوانبوو بە زمانی فەرەنسی)[231]. ئەمە یەکێکە لەو نمونانەی کە سەرکەوتنی نەتەوەخوازیی دەوڵەتی نیشان دەدات بەسەر نەتەوەخوازیی نادەوڵەتیدا.

هۆبسباوم بۆ شکستهێنانی نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی لەو ماوەیەدا چەند نمونەیەك دەهێنێتەوە، یەکێك لەو نمونانە ویلزیەکانی ناو دەوڵەت ـ نەتەوەی بەریتانییان، لای ئەو یاساکانی بەرەو پێش چوون وا لە ویلزییەکان دەکات واز لەو ململانێ زمانییە بهێنن کە لەگەڵ ئینگلیزییەکان و زمانەکەیاندا تێیکەوتوون، لەوێوە کە زمانی ئینگلیزی بووە بە زمانی دروستکراوەی دەوڵەتی نەتەوەیی، بووەتە مەرجێك لەو مەرجانەی هاوڵاتیبوون و بوونی کەسێك کە سەر بەو نەتەوەیە بێت، کە دەوڵەتی نەتەوەیی بەریتانیا دەینوێنێت.

ئەو بەم شێوەیە باس لە شکستی نەتەوەخوازی نادەوڵەتی ویلزییەکان دەکات لەرێگەی شکستی زمانەکەیانەوە بەرامبەر زمانی ئینگلیزی فەرمی: (ئەوە قسەپێکەران و هەوادارانی زمانی ویلزی خۆیانن، کە لە وێلزی سەدەی هەژدەدا گومان لەوە دەکەن زمانە ناوەندییە بەهێزەکەیان بۆ شیعرو ئاین، توانای ئەوەی تیابێت وەك زمانێکی گشتی ببێت بە زمانێك لە زمانەکانی ئەو کولتورەی کە لە جیهانی سەدەی هەژدەدا هەبوو، واتە ئەوان خۆیان بوون دانیان بەوەدا دەنا کە دوو زمانی پێویستەو باشییەکانی زۆرە.

ئەوە گومانی تیا نییە کە ئەوان دەیانزانی توانای هەڵبژاردنی ئەو پیشانەی کە خرابوونە بەردەستی هەموو بەریتانییەکان، بەگوێرەی ئەو ویلزیانە بە ئینگلیزی دەدوان، پەیوەست بوونە سۆزاوییەکەی ئەوانی بە کولتورە کۆنەکەیانەوە لاواز دەکرد)[232]، بەڵام ئەوان ئەمەیان قبوڵ دەکرد و تەنانەت لەناوچوونی زمانەکەی خۆشیان قبوڵ دەکرد، چونکە بەو پەرەسەندنە

(٢٣٠) هـ. س : ٢٧-٢٨.
(٢٣١) هـ. س : ٢٨.
(٢٣٢) هـ. س : ٤١.

سروشتییە هۆشیاربوون کە ڕێڕەوی خۆی گرتبووەبەر[٢٣٣]. کاتێك نەتەوە بچووکەکانی وەك ویلزییەکان لەو ململانێیەدا خۆیان تەسلیمی نەتەوە دەوڵەتدارەکانی وەك ئینگلیز دەکەن، بەهۆی هۆشیاریان بەبزوتنەوەی مێژوو و یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئەوە نەتەوە دەوڵەتدارەکان لەدوای خۆبەدەستەوەدانی ئەوان، وەك خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن و بەیەك چاو سەیری خۆیان و ئەوان دەکەن و هەموویان دەبنە هاوڵاتی ئەو دەوڵەت ـ نەتەوەیەی کە بە نەتەوە بەهێزەکە دیاریکراوە.

لەم روانگەیەشەوە باس لەم یەکسانخوازییەی ئەو نەتەوانە دەکات کە شوناسی نەتەوەیی دەوڵەت ـ نەتەوەکانیان لەو سەردەمەدا دیاری دەکەن و لەم بارەیەوە چەند نمونەیەك دەهێنێتەوە، یەکێك لەو نمونانە دیالێکتەکانی زمانی ئەڵمانییە، واتە ئەو زمانەی کە لە یەکێك لە دیالێکتەکان دروستکراوە، نەتەوەخوازە پان جەرمانەکان هانی ئەڵمانی خواروو زمانی فریزییان دەدا کە ئەدەبیاتیان پێ بەرهەمبهێنرێت، دوای ئەوەی ئەم دوو زمانە بەسەلامەتی وایان لێکرا لەبری ئەوەی ببن بە دوو زمانی نەیاری زمانی ئەڵمانی باڵا، بوون بە دوو زمانی شوێنکەوتوو[٢٣٤].

دوو نمونەی تریش دەهێنێتەوە، یەکێکیان باس لە نەتەوەخوازە ئیتاڵییەکان دەکات، مەبەست لە نەتەوەخوازە دەوڵەتییەکانن ـ کە چۆن شانازیان بەو سرودو گۆرانیانەوە دەکرد کە بە زمانی ناپۆلی بوون، ئەویتریان باس لە بەلجیکای فرانکفۆنی دەکات کە ڕێگربووە لەبەردەوام ئەوەدا بەلجیکییەکان بە فلیمەنکی بنووسن و بخوێننەوە، بەپێچەوانەوەی ئەوانەوەی کە بە فلیمەنکی دەدوان لە بەرامبەر زمانی فەرەنسیدا کەوتبوونە بەرگریکردن[٢٣٥]. دواتر هۆبسباوم ئەوە بە یاساکانی پەرەسەندن دەزانێت کە وادەکات نەتەوە بەهێزەکان نەتەوە لاوازەکان لەناو خۆیاندا بتوێننەوە، ئەو لەمبارەیەوە دەڵێت: (هەندێك لە گەلەکان یان نەتەوەکان هەرگیز لە چارەیان نەنووسرابوو کە ببن بە نەتەوەی تەواو، بەڵام هەندێکی تر بوون بە نەتەوەی تەواو، یان کەوتنە سەر ڕێی ئەوەی ببن بە نەتەوەی تەواو، بەڵام ئایا کامانەن ئەوانەی کە دوارۆژیان هەیەو کامانەن ئەوانەی کە نیانە؟ مێژووی تۆمارکراو لەبارەی ئەوەی کە ئەوە چییە تایبەتمەندییەکانی

---

(٢٣٣) هـ. س : هـ. ل.

(٢٣٤) بڕوانە: هـ. س : ٤١-٤٢.

(٢٣٥) بڕوانە: هـ.س، ٤٢.

نەتەوەخوازی ـ هەرێمی پێکدەهێنێت، ئەوە دەخەنە بەردەست کە زمان و ئەتنیك...هتد یارمەتیدەری ئەمە نین)[٢٣٦].

لەلایەکی تریشەوە ئەو حاڵەتەی ئیرلەندییەکان بە حاڵەتێکی ناوازەو بەدەر لە یاساکانی پەرەسەندن دەبینێت، چونکە بەبێ بوونی دەوڵەتیش لەبری ئەوەی وەك ویلزییەکان خۆیان بدەن بەدەست دەوڵەت ـ نەتەوەی بەریتانییەوەو ببنە هاوڵاتییەکی بەریتانی، بەرگری لەم توانەوەیە دەکەن و وەك نەتەوەیەکی لاواز هەوڵی دروستکردنی دەوڵەت ـ نەتەوەی خۆیان دەدەن. لەم بارەیەوە دەڵێت: (دەرکەوتنی بزوتنەوە نەتەوەخوازەکان ـ واتە نەتەوەخوازییە نادەوڵەتییەکان ـ بەهۆی پشتیوانیکردنێکی جەماوەری جێی سەرنجەو ئەوە دەخوازێت کە پێداچوونەوەی جەوهەری بە حکومەکاندا بکرێتەوە، بەلاّم لەسەردەمی لیبراڵیەتی کلاسیکیدا ـ لەدەرەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ـ وادەردەکەوێت تا کاتی خۆیان، کەمێك لەوان داوای ئەوەیان کردووە کە وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری دانیان پیابنرێت...بەلاّم لەم رووەوە حاڵەتی ئیرلەندا ناوازەیە ـ لەهەموو حاڵەتێکیشدا ئەمە لەگەڵ دەرکەوتنی شین ـ فین دا روویدا کە داوای کۆمارێکی ئیرلەندیان دەکرد کە بوونی نەدەبوو گەر سەربەخۆ نەبووایە لەبەریتانیا)[٢٣٧].

لەراستیدا دانانی حاڵەتی ئیرلەندییەکان بە لە یاسا بەدەرو ناوازە، هەر خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هۆبسباوم تەنها لەوێوە گرنگی بە نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی دەدات، کە لەبەرامبەر نەتەوەخوازی دەوڵەتیدا شکست دەهێنێت و ئەویش بەهەمان شێوەی گێلنەر هیچ گرنگییەك بە هۆکارە بنچینەییەکانی نەتەوەخوازی نادەوڵەتی نادات و ئەمەش لەو بۆچوونە ئایدیۆلۆجییەی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەوڵەت بەدروستکەری نەتەوەو نەتەوەخوازی دەزانێت و گەر نمونەیەك لە مێژوودا وەك ئیرلەندا هەبێت کە نەتەوەخوازی ـ دەوڵەت دروست بکات، ئەوە دەبێت بەوە لێکیبداتەوە کە حاڵەتێکی شازو بەدەر لە یاساکانی پەرەسەندنە.

بەپێی ئەم بۆچوونە دوای شۆڕشی فەرەنساو هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتەکان هەندێك لە گەلەکان لە فۆرمی دەوڵەتداو هەندێکی تریان بەبێ دەوڵەت درێژەیان بەژیانی خۆیاندا، ئەو

---

(٢٣٦) هـ. س : هـ. ل.

(٢٣٧) هـ. س : ٤٢.

گەلانەی کە ١٨٣٠-١٨٧٠ بە پرۆسەی بەنەتەوەبووندا تێدەپەڕین و بەرەو ئەوە دەچوون ببنە نەتەوەی تەواو، دەبوایە خاوەنی سێ خاسیەت بن[٢٣٨]:

یەکەم: پەیوەست بوونێکی مێژوویی بەدەوڵەتێکی پێشینەوە یان بەدەوڵەتێکەوە کە رابردوویەکی دێرین و قوڵی هەبێت.

دووەم: بوونی دەستەبژێرێکی رۆشنبیری دێرین کە خاوەنی زمانێکی شاری و ئەدەبی نووسراوبێت و کاروباری نەتەوەیی خۆیانی پێ بەڕێوەببەن، ئەمەیان بناغەی ئیددیعاکردنی بەنەتەوەبوونی ئیتاڵی و ئەڵمانی بوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە ئەو(دوو گەلە) دەوڵەتێکیان نەبوو کە شوناسەکەی بەوان دیاری بکرێت.

سێیەم: توانادارییەکی بەڵگەدار لەسەر وڵاتگیری دەرەکی، لێرەدا گەلێکی ئیمپرپیالی لەو جۆرە بوونی نییە کە کۆمەڵگایەکی گەورە لە دانیشتوان کۆبکاتەوەو وایان لێبکات لە ئاستی خۆیاندا بەبونی کۆیی خۆیان هوشیاربن، بەڵام بەدرێژایی سەدەی نۆزدە وڵاتگیرییەکان زیاتر ئەو بەڵگە داروینییەیان سەلماند کە لەسەر سەرکەوتنی پەرەسەندنی جۆرەکان بوو، بەوەی کە جۆرە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکان لە درووستکردنی نەتەوەدا سەرکەوتن و جۆرەکانی تر کە شایەنی مانەوە بوون لەناو چوون.

واقیعی ئیرلەندییەکان دەبێتە رێگر لە لەبەردەم ئەوەدا ئەو سێ بنەمایەی سەرەوە بە بنەماکانی پرۆسەی بەنەتەوەبوونی گەلەکانی ئەو سەردەمە بزانرێن ، واقعی ئیرلەندییەکانە، چونکە ئەوان نەخاوەنی دەوڵەتێکی پێشینەیی بەهێزبوون و نە زمانێکی نوسراوی لەو جۆرەیان هەبوو کە پێویستە، نە لەو جۆرە کۆمەڵایەتیە بەهێزانەش بوون کە شیاوی بوون بە نەتەوە بن، هەر ئەمەش وادەکات کە هۆبسباوم واقیعی ئیرلەندییەکان و ئەوانەش کە هەمان واقعی ئەوانیان هەیە بە حاڵەتێکی لە یاسا بەدەرو شاز بزانێت و بەمەش مەترسی ناواقیعی بوون لە تیۆرەکەی دووربخاتەوە. لەراستیدا گەر شاز و لە یاسا بەدەر لە زمان و بابەتەکانی تردا هەبێت شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەو حاڵەتانە بۆ ئەو مێژووەی کە بەهۆی پەرەسەندنەوە چارەنووسی نەتەوەکان دیاریدەکات، مەترسیدارەو راست و دروستی تیۆری مێژوویی دەخاتە ژێر گومان و پرسیارەوەو لەرووی زانستییەوە ناکرێت مێژوو و پەرەسەندنەکەی بە

(٢٣٨) بڕوانە: ه. س : ٤٣.

بەڵگەنەویست و بنەمای لێکدانەوەی رووداوە مێژووییەکان بزانرێت. بەڵام ئەمە لای هۆبسباوم گرنگ نییەو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە مۆدێرنیزم رەوتی مێژوو و پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان دیاریدەکات و دەبێت گەلە بێ هێزەکان قبوڵی نەمان و توانەوە بکەن و گەلە بەهێزەکانیش قبوڵی ئەوە بکەن ببن بە نەتەوە. هەر گەلێکی بێ هێزی وەك ئێرلەندییەکان بەرگری لە توانەوەی خۆی بکات بە پێی ئەم بۆچوونە داروینییە دژی رەوتی سروشتی مێژوو جووڵاوەتەوەو ئەمەش وا دەکات کە دژی پێشکەوتن و مۆدێرنە بێت کە لای ئەو هێزی وەگەڕخەری مێژووە.

ئەم تێڕوانینە تەنها رەوایەتی دەدات بە نەتەوەخوازیی فراوانخوازو دەوڵەتی کە نەتەوە دروست بکات، چونکە ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازی زەمینەسازێنەری پەرەسەندن و مێژووەو نابێتە بەربەست لە بەردەم بەرەو پێشچوونی مێژوو و پەرەسەندنی کۆمەڵگاکاندا. بەرگریکردنی گەلە بچووکەکان لەمانەوەو خەباتکردنیان لەپێناو ئەوەدا ببن بە نەتەوە، بەرگریکردنێکی کۆنەپارێزانەیە لە بەرامبەر پێشکەوتنی حەتمیانەی مێژوودا. گەلە بچووکەکان و زمانە بچووکەکان و کولتورە بچووکەکان، بەرێژەی ملکەچبوونیان بۆ گەلە گەورەکان و زمانە گەورەکان و کولتورە گەورەکان، دەبنە زەمینەخۆشکەری ئەو پەرەسەندنە مێژووییەی کە مۆدێرنە وەك هێزێك لە پشتیەوەیەتی و ئاراستەی دەکات[٢٣٩].

با بزانین بەپێی ئەم تێڕوانینە لەم سەردەمەدا واتە لە ١٨٣٠-١٨٧٠ چ زەرورەتێکی مێژوویی لەپشت بە نەتەوەبوونی گەلە بەهێزەکانەوەیەو هێزی ئەو گەلانە لەکوێوەیەو سەرچاوەی بێ هێزی گەلەکانی تر، کە توانای بوون بە نەتەوەیان نییە، لە چییەوەیە؟

بەپێی ئەم تێڕوانینە لەدوای شۆڕشەکان و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکان، بارودۆخە مێژووییەکە ئەرکێك دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتە نوێیەکان و گەلەکانیان، ئەویش لە ئەستۆگرتنی ئاسایشی موڵکییەتەکان و بەڵێننامە ئابوورییەکانە، هیچ نەتەوەیەك نییە کە ئاستێك لە دەوڵەمەندی بەدەست هێنابێت بەبێ ئەوەی نەکەوتبێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی یاساییەوە[٢٤٠]، ئەمەش وا دەکات هەر گەلێك بیەوێت بگاتە ئاستێکی باش لە بەدەستهێنانی سەروەت و سامان، دەبێت خاوەنی دەوڵەت بێت یان هەوڵبدات ببێتە خاوەنی دەوڵەت، لەم

(٢٣٩) بڕوانە: هـ. س : ٤٦-٤٧ .

(٢٤٠) هـ. س : ٣٤.

سەردەمەدا بەهۆی هەوڵدانی گەلەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی سەروەت و سامان، هەندێك لە گەلەکان دەوڵەتەکانیان بەهێز دەکەن و هەندێکی تریشیان هەوڵی دروستکردنی دەوڵەت دەدەن.

یەکێك لەو ئەرکە سیاسیانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت، ئەوەیە لە نەتەوە بچووکەکان و توانەوەیان لەناو نەتەوەیەکی بەهێزدا کە خاوەنی دەوڵەتە، گەلێك دروست بکات و دواتر ناوی نەتەوەی لێبنێت، ئەمەش وا دەکات کە (دابەشکردنی مرۆڤایەتی بۆ نەتەوەکان لە جەوهەردا دابەشکردنێکی ئابووری بێت)[٢٤١].

بەم پێیە مێژوو و پەرەسەندنەکەی، لەو سەردەمەدا لە گەلان دەخوازێت سەروەت و سامانێکی زۆریان هەبێت تا رێگەیان بدات ببنە نەتەوە، هەر گەلێك لە گەلەکان بۆ ئەوەی بەدەم ئەو بانگەوازەی مێژووەوە بڕوات دەکەوێتە ناو ململانێ لەگەڵ گەلەکانی تری دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکان، لەم ململانێیەدا یان بە زمانەکەی هۆبسباوم (لەم تاقیکردنەوەیەدا) تەنها هەندێك لە گەلەکان سەردەکەون و ئەوانیتریان دەتوێنەوە، یان بەرگری لە مانەوەی خۆیان دەکەن.

ئەوانەیان کە سەر دەکەون ئەوانەن کە توانای ئەوەیان هەیە گەلە بچووکەکان لەناو خۆیاندا بتوێننەوە، ئەم توانەوەیەش بەپێی رادەی قبوڵکردنی گەلە بچووکەکانە لە توانەوە لەناو گەلە گەورەکەداو قبوڵکردنی ئەوانیشە لەلایەن گەلە گەورەکەوە وەك بەشێکی راستەقینە لەخۆیان.

بەم پێیە دەبێت ئەو گەلە گەورانە لەو تاقیکردنەوە دەرچن و دواتر بن بە نەتەوە کە رێکەوتی ئەو گەلە بچووکانە دەکەن کە بۆ وەدەستهێنانی سەروەت و سامان سود لەوەدا دەبینن کە لەناو گەلە گەورەکەدا بتوێنەوە. بەڵام ئەو گەلانەی کە رێکەوتی ئەم جۆرە لە گەلی بچووك ناکەن و رێکەوتی ئەو گەلانە دەکەن کە سود لەوەدا نابینن بۆ سەروەت و سامان لەناو ئەو گەلەدا بتوێنەوە، یان دەبێت لەناو گەلێکی بەهێزتردا بتوێنەوە یان دەبێت بەرگری لەمانەوەی خۆیان بکەن، تا مێژوو هەلی بوون بە نەتەوەیان بۆ دەڕەخسێنێ.

وابەستەبوونێکی مێژوویی بە دەوڵەتێکی دێرینەوە، لەگەڵ بوونی دەستەبژێرێکی رۆشنبیر کە خاوەنی زمانێکی شاری و ئەدەبی و بەڕێوەبەری نەتەوەیی نوسراوبن، دەبنە نیشانەو

(٢٤١) هـ. س : هـ. ل.

خاسیەتی ئەو گەلە بە هێزانەی کە چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت لەو تاقیکردنەوە مێژووییەدا دەربچن، بەڵام بەبێ توانای قەناعەت پێهێنانی ئەو گەلانەی کە ئامادەن بۆ توانەوەو ملکەچبوون، لەگەڵ ئەو ڕێکەوتە مێژووییەدا ئەوە زامن نابێت کە ئەو گەلە ببێت بە نەتەوە.

هۆبسباوم دەیەوێت لەرێگەی بۆچوونی هەندێك لە بیریارانی ئەو سەردەمەو ئابووری زانەکانییەوە ئەوە بسەلمێنێ کە لەو سەردەمەدا لەپێناو بەدەستهێنانی سەروەت و ساماندا، گەلە بەهێزەکان مەیلی فراوانخوازیان هەیەو گەلە بچووکەکانیش مەیلی توانەوەیان هەیەو ئەم پرۆسەیەش بەبێ توندوتیژی و بەشێوەیەکی ئاسایی و ئازادانە روودەدات. ئەمە وا دەکات کە نەتەوەخوازی لەلای گەلە بچووکە تواوەکان سەرهەڵنەدات و گەر شتێکی لەو جۆرەش رووبدات حاڵەتێکی راگوزەربێت و زۆر بە ئاسانی لەلایەن نەتەوەخوازیی دەوڵەتییەوە چارەسەربکرێت. هەر ئەمەشە دەمانگەیەنێت بەو راستییەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لەرووی نەتەوەییەوە ناهەماهەنگ بن و لەناو خۆیاندا هەڵگری کۆمەڵە نەتەوەیەکی جیاوازبن. ئەوەش بەشێوەیەکی ئاسایی قبوڵبکرێت کە یەك گەل پێکبهێنن و دواتر ئەو گەلەش لەلایەن نەتەوەخوازی دەوڵەتییەوە بەبێ کێشە بکرێت بەو نەتەوەیەی کە شوناسی ئەو دەوڵەتە دیاری دەکات. لە ئەورووپای ئەو سەردەمەدا نەتەوەکان بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا لەسەر یەك خاك ئاوێتەی یەکتری دەبن و ئەم ئاوێتە بوونەش بەشێوەیەکە گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان دەبێتە کارێك کە کاری کرانێ نەبێت[٢٤٢].

بەپێی ئەم بۆچوونە ئەو نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەی کە لەم سەردەمەدا گەلە فرەنەتەوەکان دەکات بە نەتەوە، ئایدیۆلۆجیای لیبراڵیەتی کلاسیکەو لەشێوەی نەتەوەخوازیدا خۆی دەنوێنێ، نەتەوەخوازی و نەتەوە لەم سەردەمەدا دەمامکێکی سیاسی ئایدیۆلۆجیای لیبراڵیەتی کلاسیکن و ئەو گەلانەن کە نوخبەی سیاسی و نوخبەی کولتورە لیبراڵە پەیدابووەکەی ئەوکاتە فەرمانڕەوایەتی دەکردن[٢٤٣]. گەر نەتەوەکان لە ساڵی ١٨٣٠-١٨٧٠ بەم شێوەیە سەریان هەڵدابێت کە باسکرا، با بزانین بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوەی وا دەکات لە ساڵی ١٨٧٠-١٩١٨ کۆمەڵە نەتەوەیەکی تر بێنە ناو نەتەوە دروستکراوەکانەوە چییەو ئەو نەتەوە بچووکانە کامانەن کە لەم قۆناغەدا لە تاقیکردنەوەی بەنەتەوەبووندا دەردەچن؟

---

(٢٤٢) بڕوانە: هـ. س : ٣٨-٣٩.

(٢٤٣) بڕوانە: هـ. س : ٤٥-٤٨.

لەقۆناغەکەی پێشوودا نەتەوەخوازی فراوانخوازی دەوڵەتی دەتوانێت نەتەوە بچووکەکان لەناو چەند نەتەوەیەکی گەورەدا بتوێنێتەوەو بەمەش دەوڵەت بکاتە دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەهێز کە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە نەتەوەیەکی بچووکی شکستخواردوو لەگەڵ نەتەوەیەکی گەورەی سەرکەوتوو. هەر لەم سەردەمەدا هەندێك لە نەتەوە بەهێزەکان لە توانەوەی نەتەوە بچووکەکان لەناو خۆیاندا شکست دەهێنن و بەڵام خۆشیان لەوە دەپارێزن کە لەناو نەتەوە بەهێزەکانی تردا بتوێنەوە، بەمەش هەروەك خۆیان دەمێننەوەو چاوەڕێی تاقیکردنەوەیەکی تری بەنەتەوەبوون دەکەن، تا خۆیانی تیا تاقیبکەنەوەو چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئەم نەتەوانە گروپێکن لە گروپی ئەو نەتەوانەی کە پاڵێوراون بۆ ئەوەی بچنە ناو ئەو تاقیکردنەوەی بەنەتەوەبوونەوە کە لە ساڵی ١٨٨٠ دەست پێدەکات و لە ساڵی ١٩١٤ کۆتایی پێدێت.

گروپێکی ترمان هەیە گروپی ئەو نەتەوە نیمچە بەهێزانەن کە لەناو نەتەوە بەهێزەکاندا تواونەتەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئەم تاقیکردنەوەیەدا هەوڵ دەدەن لە جەستەی ئەم نەتەوە دروستکراوانە بێنە دەرێ و وەك گروپەکەی تر بچنە ناو تاقیکردنەوەکەوە، تا دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن.

لەم تاقیکردنەوەیەشدا کۆمەڵە نەتەوەیەکی تر سەرهەڵدەدەن و ئەو نەتەوانەش ئەوانەن کە لەو تاقیکردنەوەیەدا دەردەچن، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم تاقیکردنەوەیەدا نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی سەرهەڵدەدات و دەکەوێتە ناو ململانێ لەگەڵ نەتەوەخوازیی دەوڵەتیی دەوڵەتی نەتەوەییەکانی قۆناغی پێشوو، ئەم حاڵەتەش لە گروپی دووەمدا دەردەکەوێت، بەڵام لە گروپی یەکەمدا نەتەوەخوازی نادەوڵەتی دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ پاشماوەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرە لاوازەکانی ئەو سەردەمەی وەك ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

بۆ باسکردنی نەتەوەو نەتەوەخوازی ئەم سەردەمە، هۆبسباوم بە وەرگرتنی بۆچوونێکی رینەر دەستپێدەکات، بەپێی ئەم بۆچوونە (کاتێك پەرەسەندنی (مێژوویی) ئەوروپایی گەیشتە پلەیەکی دیاریکراو، کۆمەڵە یەکەیەکی زمانی و کولتوری لەجیهانی بوونی سەلبی گەلەکان لەو گەلانەدا دەرکەوت کە بەدرێژایی سەدەکان بەبێ دەنگی گەشەیان کردبوو و وایان لێهاتبوو وەك هێزێکی خاوەن چارەنووسی مێژوویی گەیشتبوونە ئەوەی بەخۆیان هۆشیاربن، ئەم گەلانە وایان لێهات داوای دەسەڵاتگرتن بکەن بەسەر دەوڵەتدا وەك باڵاترین ئامێری شیاو بۆ دەسەڵات

و خەبات بکەن بۆ چارەی خۆنووسینی سیاسی خۆیان)[٢٤٤]. هۆبسباوم پێیوایە ئەم بۆچوونە گونجاوە بۆ باسکردن لە نەتەوەخوازی دوای ١٨٧٠ و نەتەوەخوازیش لەو سەردەمەدا بەوە لە نەتەوەخوازی پێش خۆی جیادەکرێتەوە: لەم سەردەمەدا لەبری ئەوەی نەتەوە بەوە دروستبێت کە نەتەوە بچووکەکان لەناو نەتەوە گەورەکاندا بتوێنەوە، هەموو کۆمەڵە مرۆڤێك کە خۆیان بە نەتەوە داناوە دەتوانن داوای مافی چارەی خۆنووسین بکەن و هەقی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان بۆ هەرێمەکەی خۆیاندەبێت.

بەهۆی بوونی ژمارەیەکی شیاو لەم نەتەوە بێ دەوڵەتە مێژووییانە، ئەتنیك و زمان دەبن بە دوو قەرینەی بنچینەیی و یەکلاکەرەوەو تاکانەی بە نەتەوەبوونی شیاو بۆ ئەو جۆرە لە کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی، ئەم حاڵەتە لە پێش ساڵانی ١٨٧٠ وە بوونی نەبووەو ئەم حاڵەتە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی ناو دەوڵەت ـ نەتەوەکانی قۆناغی پێشوو نەبوو، نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی دوای ئەم سەردەمە بەهێز دەبێت، ئەم حاڵەتە زیاتر کاریگەری لەسەر نەتەوەخوازی دەوڵەتیی دەوڵەت ـ نەتەوە نوێیەکان هەبوو[٢٤٥].

بەپێی ئەم بۆچوونە گرنگیدان بە زمان و ئەتنیکەکان و کولتورە میللییەکان، لەپێش ئەم سەردەمەو لەسەردەمی لیبراڵیەتی کلاسیکیدا هیچ پەیوەندییەکی بە نەتەوەخوازییەوە نەبووەو ئەمە زیاتر (کاری دەستەبژێرە فەرمانڕەوا بێگانەکان بووە، وەك ئەڵمانە بەڵتیکییەکان و سویدییە فیلندییەکان)[٢٤٦]. لەم سەردەمەدا نەتەوەخوازی زمان دەکاتە بیانوویەکی سیاسی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، (لەبنچینەدا نەتەوەخوازی زمانیی داوای دەسەڵاتگرتن دەکات بەسەر دەوڵەتدا، یان بەلایەنی کەمەوە هەوڵ بۆ دەستخستنی دانپیانانێکی فەرمی دەدات بۆ زمان، ئەمەش سوك و ئاسان بە گوێرەی هەموو توێژەکان یان کۆمەڵەکانی ناو دەوڵەت یان نەتەوەخوازەکان تەنانەت لەلای دەوڵەت خۆیی و نەتەوەخوازی خۆی بەهەمان رادە گرنگ نەبووە. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوەی کە دەکەوێتە ناو جەرگەی نەتەوەخوازی زمانیی، کێشەکانی دەسەڵات و بارودۆخی یاسایی و سیاسی و ئایدیۆلۆجی بوون، نەك کێشەکانی پەیوەندیکردن و تەنانەت کولتوریش، گەر پەیوەندیکردن یان کولتور دوو مەسەلەی

(٢٤٤) هـ. س : ١٠٥.

(٢٤٥) بڕوانە: هـ. س : ١١٦.

(٢٤٦) هـ. س : ١٠٧.

یەکلایکەرەوە بوونایە، ئەوا بزوتنەوەی نەتەوەخوازی جولەکە (سەهیۆنیەت) زمانی عبریی نوێی هەڵنەدەبژارد کە زمانێك بوو کەس تا ئەو کاتە پێی نەدەدوا)[٢٤٧].

بۆ بزوتنەوە نەتەوەخوازییەکانی ئەم سەردەمە زمان لەوێوە گرنگبووە کە ببێتە وەسیلەیەکی رەمزی بۆ یەکخستنی کۆمەڵایەتی و لایەنە راستەقینەکەی زمان کە پەیوەندیکردن و گەشەدانە بە کولتور نابێتە هۆی ئەوەی زمان ئەو بایەخە وەربگرێت. بەم پێیە لێرەدا نەتەوەخوازی بەناوی بەرگریکردن لە زمانی نەتەوەیی کار دەکات و کەچی نیازی ئەوەیە کە هەماهەنگی لەنێوان یەکەی کولتوری و یەکەی سیاسیدا بپارێزێت، واتە مەبەستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی لە پشت بایەخدانیەوە بە زمان هەبووە.

با بزانین بەپێی ئەم بۆچوونە، نەتەوەخوازی ئەم سەردەمە چی دروستی دەکات و کار بۆ چی دەکات و بۆ زمان دەکاتە بیانوویەك بۆ ئەوەی ئەوە بکات کە تاقیکردنەوەی بە نەتەوەبوونەکە لێی دەخوازێت؟ لای هۆبسباوم نەتەوەخوازی ئەم سەردەمە، ئایدیۆلۆجیای چینی ناوەندی خواروو بوو کە لە ئەدەبیاتی مارکسیەتدا بە بورژوای بچووك ناودەبران[٢٤٨]، ئەم چینەش بەهۆی ئەو هەژارییەوە کە لەو سەردەمەدا هەبوو، کەوتە کارکردن بۆ بەدەستهێنانی بژێوی خۆی، هەر ئەمەش وای کرد بکەوێتە ناو ململانێ لەگەڵ چینی کرێکارو چینی بورجوازیەتی گەورەدا، بۆ ئەوەی رەوایەتیی ئەوەش وەرگرێت بچێتە ناو ئەو ململانێیەوە، پەنا دەباتە بەر نەتەوەخوازی و هەر لەمەشەوە بە گوێرەی ئەم چینە زمان دەکرێتە کێشەو دەبێتە جێی گرنگی پێدان. لەم سەردەمەدا نە بورجوازیەتی گەورەو نە پرۆلیتاریا هیچ بایەخێکیان نەدەدا بە نەتەوەخوازیی زمانیی[٢٤٩]. (ئەو چینەی کە پشتگیریکەر یان دژی بەکارهێنانی فەرمی زمانی شاری نووسراو بوو، توێژە ناوەندییەکەبوو کە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە توێژێکی ئاسایی بوون، بەڵام خوێندەواربوون و ئەوانەی گرتبووەخۆ کە پلەو پایەی چینی ناوەندی خواروویان بەدەست هێنابوو، ئەمەش بەهۆی ئیش و پیشە نادەستییەکانەوە بوو کە خوێندنێکی قوتابخانەییانەیان پێویست بوو)[٢٥٠]. بەپێی ئەم بۆچوونە زمان و نەتەوەخوازیی زمانیی کە ئەم چینە جیا لە

(٢٤٧) هـ. س : ١١٤.
(٢٤٨) بڕوانە: هـ. س : ١٢٠.
(٢٤٩) بڕوانە: هـ. س : ١٢١.
(٢٥٠) هـ. س : ١٢١.

چینی پرۆلیتاریاو چینی بورجوازیەتی گەورە گوزارشتی لێدەکەن، زمان و نەتەوەخوازیی زمانیی دەکاتە بیانوو بۆ بەرزکردنەوەی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی خۆی. کاتێك بەرگری لە زمانێك دەکات دژی ئەو زمانە رەسمییەی کە زمانی دەوڵەتە، لەبەرئەوەیە قسەکردن بە زمانی رەسمی دەوڵەت بەشێکە لە شوناسی کۆمەڵایەتی تاکەکەسەکان و گوزارشت لە پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز دەکات و ئەمەش وا دەکات ئەو کەسانەی کە زمانی فەرمی دەوڵەت دەزانن ببنە خاوەنی ئەو جۆرە لە کارو پیشە کەچینی بۆرجوازی بچووك خاوەنیان نییەو ئەمەش وا دەکات کە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی ئەوان بەرزتربێت لەو کەسانەی کە سەر بە چینی بورجوازی بچووکن، (لە خولقاندنی توێژە ناوەندییە شارییەکەدا پەرەسەندنی زمانی جەخت لەسەر دونیەت و نەبوونی سەقامگیری پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ناڕازی بوون بەو سیفەتانەی کە توێژە ناوەندییە نزمەکانیان جیادەکردەوە دادەگرت و نەتەوەخوازیشی وا لێدەکرد کە تەواو سەرنجی بۆ خۆی رابکێشێ)[٢٥١].

ئەو هێزانەی کە نەتەوەخوازی چینی بورجوازی بچووك تێیدەکەوت، لە لایەکەوە ململانێ بوو دژی چینی کرێکاری ناو شارە پیشەسازییەکان، لەلایەکی ترەوە ململانێ بوو لەگەڵ چینی بورجوازیەتی گەورەدا. ئەو سیستەمە دیموکراتییە سیاسییەی کە لەو سەردەمەدا دەوڵەتەکان پەیڕەویان دەکرد، ململانێی نێوان هێزەکانی بەستبوو بە زۆری جەماوەر لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەمەش وایکردبوو ئەو جەماوەرە زۆرەی کە بورجوازیەتی بچووك بە ئایدیۆلۆجیا نەتەوەخوازییە زمانییەکەی لە دەوری خۆی کۆیکردبوویەوە، هێزە سۆسیالیستییەکان و هێزە لیبراڵییەکان وا لێبکات کە ئایدیۆلۆجیاکەی خۆیان لەگەڵیدا رێکبخەنەوە، لەم سەردەمەدا (لە توانای حکومەتەکاندا نەبوو کە بەشێوەیەکی هەمەکی زاڵ بن بەسەر نەتەوەخوازی نوێدا، هەر وەك چۆن ئەم نەتەوەخوازییەش بەو رۆڵەی کە هەیبوو نەیدەتوانی زاڵبێت بەسەر حکومەتەکاندا، تەماهیکردنی بورجوازیەتە بچووکەکانی خاوەنی نەتەوەخوازی و چینە ناوەندییە نزمەکان لەگەڵ دەوڵەتدا زەروری بوو، گەر ئەم بزوتنەوانە چیتر نەتوانن ببنە خاوەنی دەوڵەت ئەوە سەربەخۆیی نەتەوەیی جێگیرییەکی وای پێدەبەخشێت کە هەست بەوە بکات شایەنیەتی)[٢٥٢].

---

(٢٥١) هـ. س : ١٢١.

(٢٥٢) هـ. س : ١٢٥.

بەپێی ئەم بۆچوونە نەتەوەخوازیی زمانیی ئایدیۆلۆجیایەکی بەهێزی ئەو سەردەمە بووەو چینی بورجوازی بچووك گوزارشتی لێکردووەو دژی ئایدیۆلۆجیای چینی پرۆلیتاریای شارە پیشەسازییەکان و ئایدیۆلۆجیا باوەکانی تربووە (نەتەوەخوازیی جەماوەری لەم ماوەیەدا سەرکەوت بەسەر ئایدیۆلۆجیا نەیارەکانیدا، بەتایبەتی ئەو سۆشیالیزمەی کە خاوەنی قاعیدەیەکی چینایەتی بوو)[٢٥٣].

نەتەوەخوازی خۆی تەنها ئایدیۆلۆجیایەکی بەهێز نەبوو، ئەوەی ئەو هێزەی دا بەو ئایدیۆلۆجیایەو چالاکترو کاراتری کرد، تێکەڵاوکردنی داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان بوو لەگەڵ داواکارییە نەتەوەییەکاندا. هەر ئەم تێکەڵاوکردنەش وای کرد کە نەتەوەخوازی وەك ئایدیۆلۆجیای چینێك لە چینەکان، بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی شوێنی بەرنامەی ئایدیۆلۆجیاکانی تر بگرێتەوەو لەرووی ئایدیۆلۆجییەوە زاڵ ببێت و دەسەڵات وەك ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا بکات[٢٥٤].

نەتەوەخوازی چینی بورجوازی بچووك دواجار هەر شتێك بێت، ئەوەی وایکرد سەرهەڵبدات، خۆشەویستی نەبوو بۆ نەتەوە بەڵکو (لە زۆربەی حاڵەتەکاندا رووکەشێك بووە لە رووکەشەکانی ململانێی نێوان دەوڵەمەندو هەژارەکان بەتایبەتی لەو کاتەدا کە هەر یەك لەمانە سەربەنەتەوەیەکی جیاوازبن)[٢٥٥].

ئەمانە هەمووی ئەوە دەردەخەن کە نەتەوەخوازی جگە لە بیانوویەکی سیاسی چینێك لە چینە کۆمەڵایەتییەکان هیچی تر نییەو نەتەوەخوازی بەبێ چەوساندنەوەی چینی بورجوای بچووك، لەلایەن چینی کرێکارو چینی بورجوازیەتی گەورە، بوونی نەدەبوو. بە پێی ئەم بۆچوونە ئەمە دەمانگەیەنێت بەوەی کە نەتەوەش کۆمەڵگایەکی خەیاڵکردی خەون و خەیاڵی ئەم چینەیەو لەمە زیاتر هیچی تر نییە.

گەر لەسەردەمی لیبراڵیەتی کلاسیکدا پرۆسەی بەنەتەوەبوون تەنها ئەو نەتەوە بەهێزانەی گرتبێتەوە کە توانای توانەوەی نەتەوە بچووکەکانیان هەبووە لەناو خۆیاندا، لە ساڵی ١٨٧٠-١٩١٤ ساڵانی دەرکەوتنی ئەو جۆرە لە نەتەوە بووبن کە بورجوازیەتی بچووك بۆ رزگارکردنی

---

(٢٥٣) هـ. س : هـ. ل.

(٢٥٤) بڕوانە: هـ. س : ١٢٧.

(٢٥٥) بڕوانە: هـ. س : ١٣٠.

خۆی لەو پلەو پایە کۆمەڵایەتییە نزمەی کە هەیبوو ناوی نەتەوەی لێنابوون. با بزانین هۆبسباوم چۆن باس لە نەتەوەو نەتەوەخوازی دوای ئەم قۆناغە دەکات و نەتەوەخوازی لەم قۆناغەدا بە دەمامکی چ هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەزانێت؟

بەپێی بۆچوونی ئەو لە ساڵی ١٩١٨وە بۆ ساڵی ١٩٥٠ نەتەوەخوازی دەگاتە لوتکەی گەشەکردنیخۆی، (گەر ساتەوەختێك هەبووبێت بۆ سەرکەوتنی -بنەما نەتەوەخوازییەکەی - سەدەی نۆزدەهەم، ساتەوەختی کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمە، سەرەڕای ئەمەش ئەو سەرکەوتنە شتێکی پێشبینی نەکراوبوو، ئامانجی ئەوانەش نەبوو کە دواتر سەرکەوتنەکەیان بەدەست هێنابوو. لەراستیدا سەرکەوتنەکە دەرئەنجامی دوو پەرەسەندنی بێ مەبەست بوو: روخانی ئیمپراتۆریەتە گەورە فرەنەتەوەکانی ناوەندو رۆژهەڵاتی ئەوروپا، لەگەڵ شۆڕشی روسیا)[٢٥٦].

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ سەرکەوتنی بنەمای نەتەوەخوازی بەهۆی بەرنامەدانان و خەباتکردنی نەتەوەخوازەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە نەبووەو ئەم سەرکەوتنە رووداوێکی عەرەزی دوو رووداوی تری مێژوویی بووە کە روخانی ئیمپراتۆریەتە فرەنەتەوەکان و شۆڕشی روسیان.

ئەمە خۆی خستنەڕووی ئەوەیە کە نەتەوەخوازی هەر لە بنچینەدا هێزێکی مێژوویی نییەو دەستی لەبەرەو پێچشوونی مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبووەو بەردەوام وەسیلەیەك بووە بەدەست هێزە چارەنووسسازەکانی ترەوەو بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەو هێزە چارەنووسسازانە گۆڕانی بەسەردا هێنراوە، لەلایەکی تریشەوە نەتەوەخوازی داهێنراوێکی خەیاڵکردی رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە بوو. ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازی، گوزارشتی لە نەتەوەخوازی نادەوڵەتی دەکردو لەم قۆناغەشدا هەروەك قۆناغەکانی پێشوو لەوەدا شکستی هێناوە کە ببێتە هێزێکی چارەنووسساز. دواتریش ئەو هێزەی کە هەیبوو لەلایەن هێزە چارەنووسسازەکانی ترەوە وەك وەسیلەیەك لە وەسیلەکان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەکاریان دەهێنا. بەم پێیە نەتەوەخوازی و نەتەوە لەو سەردەمەشدا جگە لە وەسیلەیەك لە وەسیلەکان و درۆیەکی سیاسی ئایدیۆلۆجیاکانی تر هیچی تر نەبووە. دوای پەیدابوون و بەهێزبوونی بورجوازیەتی بچووك و

(٢٥٦) هـ. س : ١٣٥.

دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییە بچووکەکان، نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی بوو بە ئایدیۆلۆجیای ئەو نەتەوە بچووکانەی کە دواتر ناوی کەمە نەتەوەییەکانیان لێنرا. ئەمەش هۆکەی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی ئەو نەتەوانەی کە لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی بوو بوونە خاوەنی دەوڵەت، لەناو خۆیاندا هەڵگری نەتەوەی بچووك و ئەتنیکی جۆراو جۆر بوون، (ئەو دەوڵەتە نوێیانەی کە لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزران، بەشێوەیەکی روون دابەش بوو بوون بۆ ژمارەیەکی بچووك ـ لە دووەوە بۆ چوار ـ لەناوچەی جیاواز، کە بەشێوەیەکی دیار لەرووی ژینگە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکەوە یان ژینگە کولتوری و ئەتنیکیەکەوە یان کۆمەڵە خاسیەتێکی ترەوە کە لەرووی سیاسییەوە گونجاوبوون، جیاواز بوون، گەر بارودۆخی نێونەتەوەیی نەبووایە لەوانەیە بەپێی ئەو جیاوازیانە دابەش ببوونایە)[٢٥٧].

ئەو گەلانەی کە بەهۆی روخانی ئیمپراتۆریەتەکانی رۆژئاواوە لە تاقیکردنەوەی بەنەتەوەبووندا تێپەڕین و دەوڵەت ـ نەتەوەی خۆیان دامەزراند، لە چەند نەتەوەیەك پێکهاتبوون. ئەم نەتەوانە پێکەوە کاریان بۆ سەربەخۆیی هەرێمەکە کردبوو، بەڵام نەتەوە بەهێزەکەیان بوو بووە دیاریکەری شوناسی دەوڵەت ـ نەتەوە دروستکراوەکە، بەمەش نەتەوە بچووکەکانی تر هەموویان بوو بوون بە کەمەنەتەوە.

نەتەوەخوازی نەتەوە بەهێزەکان، نەتەوەخوازیی دەوڵەتی بوو، بەڵام نەتەوەخوازیی کەمینەکان نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی بوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەم سەردەمەدا نەتەوە بچووکەکانی ناو دەوڵەتە نەتەوەییەکانی سەردەمی لیبراڵیەتی کلاسیك وەك ویلزی و سوکتلەندییەکانی بەریتانیاو فلیمەنکییەکانی بەلجیکا لەگەڵ کردنی نەتەوەکان بە کەمینەی ناو دەوڵەت و جارێکی تر بوونەوە بە هەڵگری نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی و بەرامبەر بە نەتەوەخوازیی دەوڵەتی وەستانەوە. هۆبسباوم لێرەشدا هەوڵدەدات بەو ئاراستەیە مێژوو بنووسێتەوە کە نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی بەردەوام لە شکستدا بووە لەبەرامبەر نەتەوەخوازیی دەوڵەتیدا، لەرۆژئاوادا نمونەی کاتالۆنییەکان و باسکەکان وەردەگرێت کە لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیاندا شکستیان هێناوە. دوای ئەمەش باس لە نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی فلیمەنکییەکانی بەلجیکا دەکات کە چۆن لەگەڵ بەهێزبوونی بزوتنەوەکەشدا نەگەیشتە ئەوەی

(٢٥٧) هـ. س : ١٥٧.

یەکیەتی بەلجیکیا هەڵوەشێنێتەوە. دواتر باس لە شکستی ویلزییەکان و سکوتلەندییەکان دەکات[٢٥٨]، هەموو ئەمانەش دەکاتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە بەردەوام نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی لەبەرامبەر نەتەوەخوازیی دەوڵەتیدا نەتەوەخوازییەکی شکستخواردوو بووە.

لەم سەردەمەدا نەتەوەخوازیی دەوڵەتی لە دەوڵەتە پێشکەوتووە نوێیەکاندا کە خاوەنی تەکنۆلۆجیایەکی پێشکەوتووبوون. بۆ بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان وەسیلەی نوێیان بەکار دەهێنا، ئەویش راگەیاندن بوو، بەتایبەت رادیۆو تەلەفیزیۆن. لەرێگەی راگەیاندنەوە هەوڵیان دەدا ئەو کەلێنانە پڕ بکەنەوە کە کەوتبوونە ناو هەماهەنگی یەکەی کولتوری لەگەڵ یەکەی سیاسیدا. ئەمەش بە دروستکردنی سروتی نوێ بوو وەك جەژنی لە دایکبوونی پاشایەتی لە بەریتانیادا، بەمەش ئەیقونەیەکی ناو بنەماڵەی پاشایەتی فراوانکراو بوو بە ئەیقونەیەکی گشتی و نەتەوەیی، ئەمەش بەبێ ئەو هۆکارانەی راگەیاندن نەدەکرا کە لەو سەردەمەدا داهێنرابوون[٢٥٩].

رێگایەکی تر کە نەتەوەخوازیی دەوڵەتی بۆ بەهێزکردنی ئەو هەماهەنگییە دەیگرتە بەر وەرزش و یارییەکانی ئۆلۆمپیات بوون کە لە ساڵی (١٩١٤)ەوە بوونە بوارێك بۆ کێبڕکێی نەتەوەیی خولە نێودەوڵەتییەکان کە لەواقیعدا بەرێوەدەچوون و ئامانج لە بەرێوەچوونیان ئەوە بوو نەتەوەخوازیی دەوڵەتی ئەو دەوڵەتانەی کە فرەنەتەوەن توخمە نەتەوەییەکانی خۆیان یەکخەن. ئەمەش خۆی دروستکردنی کەش و هەوای شەڕی رەمزی نێوان نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەکان بوو کە وەك شەڕی راستەقینە بە ئازار نەبوو، واتە کارکردن بوو بۆ دروستکردنی دوژمنە دەرەکییە رەمزییەکان، ئەم جۆرەش لە دوژمن وای دەکرد کە نەتەوە بچووکەکانی ناو دەوڵەت ـ نەتەوەکان ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان لەیاد بکەن و وەرزشکارەکان ببنە ئەو پاڵەوانانەی کە دەبێت بە رەمزی نەتەوەکەیان یان دەوڵەتەکەیان و ئەمەش گوزارشتکردنێکی بەراییانە بوو لە کۆمەڵگا خەیاڵکردەکانی خۆیان[٢٦٠]. بەپێی ئەم بۆچوونە نەتەوەخوازیی دەوڵەتی ئەو دەوڵەتانەی کە نەتەوەخوازی نادەوڵەتییان هەر تیا نەبوو یان لاواز بوو، لەرێگەی راگەیاندن و وەرزشەوە دەیانتوانی ئەو هەماهەنگییە بپارێزن کە لەنێوان یەکەی کولتوری و

---

(٢٥٨) بڕوانە: هـ. س : ١٤٤-١٤٥.

(٢٥٩) هـ. س : ١٤٤-١٤٥.

(٢٦٠) بڕوانە: هـ. س : ١٤٥-١٤٦.

یەکەی سیاسیدا هەبوو. با بزانین نەتەوەخوازیی دەوڵەتی بە چ ڕێگایەك لەناو ئەم دەوڵەتانەدا ئەو هەماهەنگییە دەپارێزێت کە نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی ئەتنیکەکان و نەتەوە بچووکەکان تیایاندا گوڕو تین و هێزی خۆی هەیە؟

لەسەرەتای بیستەکاندا لە ئەڵمانیاو ئیتاڵیا بەهۆی نائومێدبوون لەسەرهەڵدانی شۆڕش و چاکسازی لە ژیان و گوزەرانی چینە هەژارەکانی کۆمەڵگا، ئایدیۆلۆجیای فاشیەت و راستەڕەوەکانی تر ئەو جەماوەرەیان بەلای خۆیاندا راکێشا کە لە دەوری ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازی کۆبووبوونەوە، بەمەش نەتەوەخوازی بوو بە دەمامکێکی سیاسی فاشیەت و بزوتنەوە راستڕەوەکانی ترو هەر ئەمەش وای کرد کە خەڵکی بەرەو حیزبی نازی و بزوتنەوە راستڕەوەکانی تری ناوچەکانی تری رۆژئاوا بڕۆن و ببنە جەماوەری ئەم بزوتنەوانە(٢٦١)، لێرەدا نەتەوەخوازی لەگەڵ ئەو بزوتنەوانەدا تەماهی پێدەکرێت و بەمەش نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی دەگۆڕێت بۆ نەتەوەخوازیی دەوڵەتی و نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی لەبەرامبەر نەتەوەخوازیی دەوڵەتیدا لە ململانێیەکی سیاسیدا شکست دەهێنێت.

گەر ئایدیۆلۆجیای فاشیەت و بزوتنەوە راستڕەوەکانی تر لەرێگەی دروستکردنی جەنگەوە رێگەیان لە بەهێزبوونی نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی نەتەوە بچووکەکانی ناو دەوڵەت گرتبێ، ئەوە بەپێی ئەم بۆچوونە لەو وڵاتانەی تری رۆژئاوادا کە لەگەڵ فاشیەتدا نەبوون، چەپەکان لە دەستبەسەراگرتنی هەست و سۆزی نەتەوایەتی و نیشتمانیدا سەرکەوتنێکی زۆریان بەدەستهێنابوو، ئەویش لەوێوە بوو کە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فاشیەتدا، لەلایەکی ترەوە راستڕەوەکانی ئەو وڵاتانە بەهۆی نواندنی ئیتنمایان بۆ فاشیەت دەستبەرداری نەتەوەخوازی بوو بوون. بەڵام بزوتنەوە سۆشیالیستییەکە بەپێچەوانەوە، نەتەوەخوازی لەگەڵ ئایدیۆلۆجیاکەی خۆیدا تەماهی پێکردو بەمە گەنجەکان و رۆشنبیرانی بەلای خۆیدا راکێشا. بەم تەماهیکردنەی ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازی دژە فاشیەت لەگەڵ سۆشالیزمدا لە یەك پێکهاتەدا، دوو جۆر لە ململانێ کۆدەبنەوە: ململانێی نەتەوەیی لەگەڵ فاشیەتداو ململانێی چینایەتی کە ململانێیەکی کۆمەڵایەتی و ناوەکییە(٢٦٢)، هەر ئەمەش وایکرد زۆر بە ئاسانی لەو وڵاتانەدا سۆشیالیزم لەپێناو کۆکردنەوەی زۆرترین جەماوەردا نەتەوەخوازی بکاتە بەرگێك و

(٢٦١) بڕوانە: هـ. س : ١٤٧.

(٢٦٢) بڕوانە: هـ. س : ١٤٩-١٥١.

بیپۆشێت، بەمەش نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی، دەوڵەتی بکاتەوەو ببتە ڕێگر لەبەردەم گەشەکردن و پەرەسەندنیداو هەر بەمەش دەوڵەتەکە لە جیاخوازی نەتەوە بچووکەکانی ناو خۆی بپارێزێت.

هۆبسباوم لەگەڵ ئەوەشدا کە نەتەوەخوازی لە جیهانی سێدا بە دروستکراوێکی دەستی ئەو ڕۆشنبیرانە دەزانێت کە لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازی ڕۆژئاوایدا بوون، دان بەوەدا نانێ کە نەتەوەخوازی و نەتەوە لەناو کۆمەڵگاکانی جیهانی سێدا بوونێکی ڕاستەقینەی هەبێت، بەڵام بۆ لێکدانەوەی دروستبوونی دەوڵەت ـ نەتەوەکانی جیهانی سێ جارێکی تر پەنا دەباتەوە بەر دیالێکتیکی نێوان نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی و نەتەوەخوازیی دەوڵەتی.

ئەو پێیوایە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بۆ دروستکردنی جەماوەر بۆ دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت، سیاسییەکان ئاینیان بەکاردەهێناو کاریان لەسەر جوڵاندنی هەستی ئاینی خەڵك دەکرد نەك هەستی نەتەوەیی. لەم سەرەتایەدا تەنها ڕۆشنبیرەکان کە لە ژێر کاریگەری بیری ڕۆژئاوایدا پەروەردە بوو بوون باسیان لە نەتەوە دەکرد، ئەوان ئەم چەمکەیان لە ڕۆژئاوا وەرگرتبوو، باسکردن لە نەتەوەو نەتەوەخوازی لەلای ئەوان هیچ بناغەیەکی جەماوەری نەبوو.

دوای ساڵی ١٩٤٥ ونەمانی ئیستعمار، نەتەوەخوازی بەمانا ڕۆژئاواییەکەی لەناو دەوڵەتەکانی جیهانی سێدا سەرهەڵدەدات، ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازیش دژی هێزە چەوسێنەرە ئیمپریالییە بێگانەکە نەبوو، بەڵکو دژی ئەو دەوڵەتە ڕزگارکراوە نوێیە بوو کە داوای هەماهەنگی نەتەوەیی دەکرد، لەکاتێکدا بەهۆی بوونی نەتەوەی تر لەسنووری دەسەڵاتە سیاسییەکەیدا داواکەی زۆر ناواقیعیانە دەکەوتەوە[٢٦٣].

بەم شێوەیە نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی ئەتنیکەکان دژی دەوڵەتە نوێکانی جیهانی سێ دەبێتەوە، بەڵام دواجار ئەویش لەگەڵ ئایدیۆلۆجیای سۆشیالیزمدا تەماهی دەکات و دەگۆڕێت بۆ نەتەوەخوازییەکی دەوڵەتی. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی نابێتە هێزێکی چارەنووسسازو ناتوانێت دەوڵەت دروست بکات و دواتریش نەتەوە لە ڕێگەی دەوڵەتەوە دروست بکات، نەك هەر ئەمە ناشتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆو بێ تەماهیکردن لەگەڵ ئایدیۆلۆجیایەکی تردا لەدەوڵەتدا ببێتە خاوەنی دەسەڵات و شوناسی دەوڵەت دیاری بکات.

(٢٦٣) بڕوانە: هـ. س : ١٥٦ .

بۆ باسکردن لە پەیوەندی نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی یان ئەتنیکی لە دروستکردنی ئەو دەوڵەت ـ نەتەوانەی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا لەدوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و یوگسلافیا دروست بوون، هۆبسباوم هەر بەپێی هەمان بنەمای پێشوو باس لە دروستبوونی ئەم دەوڵەتانە دەکات و لەسەر ئەوە سوورە کە نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی دەستی لە دروستکردنی ئەم دەوڵەتە نوێیانەدا نەبووەو ئەوەی هۆکاری دروستبوونیان بووە ئەو قەیرانە ئابورییە بووە کە یەکێتی سۆڤیەت لەو سەردەمەدا تێی کەوتووە(٢٦٤).

نەتەوەخوازی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەوە بەرە بەرە لەوە دەردەچێت کە ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت پێویستی بە پۆشینی بێت لەپێناو ئەوەدا کە نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی نەتەوە بچووکەکانی ناو خۆی لاواز بکات چونکە بەپێی ئەم بۆچوونە چیتر (ئەو ولاتانەی کە کۆمەڵگا فرەزمانییەکان و فرەکولتورییەکانیان لە خۆیان گرتووە، وەك زۆربەی ولاتانی ئەفریقیا و ئاسیا دابەش نابن و ئەو ولاتانەش تەنها بەشێکن لەیەك کۆمەڵەی زمانی وەك ولاتانی عەرەبی و ولاتانی باکوری ئەفریقیا یەکناگرن و نابنەوە بەیەك)(٢٦٥).

بەپێی ئەم بۆچوونە نە نیشتمانی عەرەبی، کە خەونی ناسیۆنالیستە عەرەبەکانە، دێتە ناو واقیع و نە کوردستانیش بوونێکی واقیعی دەبێت، چونکە سەردەمی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەتەکان و نەتەوە گەورە فرەنەتەوەکان کۆتایی پێهاتووەو نەتەوەخوازیش بووەتە دەمامکی سیاسی توێژێکی چەوساوەی ناو دەوڵەتە دروستکراوەکان و بەناوی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆوە کار بۆ هاولاتیبوون و ئۆتۆنۆمی دەکات، واتە ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازی داوای مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەتی سەربەخۆ ناکات، گەر ئەم داوایەش بخاتەڕوو، تەنها بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵە مافێکی تر بەدەست بهێنێت کە پەیوەستن بە ژیان و خۆشگوزەرانی ئەو توێژەوە کە نەتەوەخوازیی کردووەتە بیانوو.

بەپێی ئەم بۆچوونە مێژوو لەچارەی نەتەوەخوازیی نادەوڵەتیی نووسیوە کە داوای جیابوونەوەو دەوڵەتی سەربەخۆ نەکات و خۆی رابهێنێت لەسەر پێکەوە ژیان لەگەڵ هاولاتیانی ئەو دەوڵەتەی کە کێشەی لەگەڵیدا هەیەو پێیوایە دەچەوسێنرێتەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی هێزێکی چارەنووسساز نییەو هۆکارێکی پاڵنەرە بۆ هێزە

(٢٦٤) بڕوانە: هـ. س : ١٧٢.

(٢٦٥) هـ. س : ١٨٣.

چارەنووسسازەکانی تر کە رۆڵیان لەپەرەسەندنی گەلەکاندا هەیەو چارەنووسە مێژوویەکەیان دیاری دەکەن.

ئەم بۆچوونە ئەوە دەخاتەڕوو کە نەتەوەکان بوونیان نابێت گەر پێکهاتەیەکی فرەنەتەوەیی نەبن و زمانی یەکێك لەو نەتەوانەو کولتورە فەرمییەکە کە ئەو نەتەوەیە نوێنەرایەتیی دەکات، لەرووی سیاسییەوە زاڵ نەبێت بەسەر کولتوری میللی و زمانی نووسراو یان نەنووسراوی نەتەوەکانی تری ناو هەمان دەوڵەتدا. ئەمەش دواین جۆری نەتەوەیە کە لەوە زیاتر دابەشبوون قبوڵ ناکات.

ئەمە دەمانگەیەنێت بەوەی کە چارەنووسی ئەو نەتەوانەی لەناو ئەم جۆرە لە دەوڵەتدان تەنها ئەوەندەیە کە لەلایەن دەوڵەتەوە مافی ئەوە بەدەست بهێنن بەزمانەکەی خۆیان بخوێنن و گەشە بە کولتورەکەی خۆیان بدەن، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە زمان و کولتورەکەیان جێگەی زمان و کولتوری نەتەوەخوازیی دەوڵەتی بگرێتەوە.

لە بنچینەدا ئەم بۆچوونە کارکردنە لەسەر ئەوەی کە ئینتما بۆ ئەتنیك و کولتوری میللیی نەتەوە، هەرگیز ئەو نەتەوەیە بەرەو ئەوە نابات کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دروست بکات و تەنها ئەو نەتەوانە توانیویانە ببنە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوە کە لە مەسەلەی نەتەوەخوازیدا ئەتنیکیان وەك وەرەقەیەکی سیاسی بەکارهێناوەو وەك ئایدیۆلۆجیایەکی چارەنووسسازو بەهێز سەیریان نەکردووەو لەوە تێگەیشتوون ئەوەی ئەوان دەگەیەنێت بەوەی دەوڵەت دروست بکەن نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی نییەو رێکەوتێکی مێژووییەو پەیوەندی بە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکانەوە هەیە.

نەتەوەخوازیی دەوڵەتیش هیچ نییە جگە لە بەرگێك کە ئایدیۆلۆجیا نانەتەوەخوازییەکان لەبەری دەکەن بۆ خەڵەتاندن و راکێشانی ئەو جەماوەرەی کە ئایدیۆلۆجیا جیاوازەکانی ناو دەوڵەت بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و رەوایەتیدان بە دەسەڵاتی خۆیان ململانێی لەسەر دەکەن. بەپێی پێشبینییەکانی هۆبسباوم نەتەوەخوازی لەسەدەی بیست و یەکدا رۆڵی خۆی وەك وەرەقەیەکی سیاسی ململانێ سیاسییەکانی ناو دەوڵەتەکان لەدەست دەدات و بەمەش کۆتایی بەو بوونە وەهمییەی دێت کە بەدرێژایی دوو سەدە درێژەی کێشاوە[٢٦٦].

(٢٦٦) بڕوانە: هـ. س : ١٩٤-١٩٥.

بەپێی ئەم بۆچوونە لەگەڵ هاتنی سەدەی بیست و یەکدا کۆتایی بە تاقیکردنەوەی پرۆسەی بە نەتەوەبووون دێت و جارێکی تر ئەم تاقیکردنەوەیە دووپات نابێتەوەو ئەو نەتەوانەی کە لەم تاقیکردنەوەیەدا دەرچوون و بوون بە نەتەوە، خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن و ئەو نەتەوانەش کە وەك کورد لەو تاقیکردنەوانەی پێشوودا دەرنەچوون، چارەنووسیان وایە ببنە کەمە نەتەوەو شیاوی ئەوە نەبن کە دەوڵەتیان هەبێت و دواجاریش بەناچاری دەبێت رازی بن بەوەی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا بمێننەوە کە ئەو نەتەوانە شوناسەکەیان دیاریکردوون کە لە تاقیکردنەوەی بەنەتەوەبووندا دەرچوون و دەوڵەت نەتەوەی خۆیان دروستکردووە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەو خەونەی کە کورد بە سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەییەوە دەیبینێ، جگە لەوەهمێك هیچی تر نییە، بۆیە دەبێت دەستبەرداری بێت و کار بۆ ئەوە بکات ئەو مافانە بەدەست بهێنێت کە کەمە نەتەوەکان داوایان دەکەن، چونکە لە دوای سەدەی بیستەوە شتێك بەناوی نەتەوەخوازییەوە بوونی نییەو ئەو کێشانەی رووبەڕووی دەوڵەتە نوێکان دەبنەوە یان کێشەی سەرونەتەوەیین یان کێشەی خوارنەتەوەیین، واتە کێشەی کەمینەکان(٢٦٧).

## ٢/٣) دروستکردنی نەتەوە بە داڕشتنەوەی مۆدێرنانەی کەلتوری میللی

ئیتنۆسیمبولیستەکان بەمۆدێرنیست دادەنرێن، لەوێوە کە نەتەوە بەبوونەوەرێکی نوێ دەزانن و وەك مۆدێرنیستەکان بوونی دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی مۆدێرنەو جگە لەمەش لای ئەوان هەر وەك مۆدێرنیستەکان نەتەوەخوازی دروستکەری نەتەوەیە، جیاوازی نێوانیشیان لە چەند خاڵێکدایە:

<u>یەکەم</u>: مۆدێرنیستەکان بوونی دەوڵەت بە مەرجی پێشینەی نەتەوەو نەتەوەخوازی دەزانن و وای بۆ دەچن، دەبێت دەوڵەت هەبێت جا نەتەوەخوازی دەبێت، دەبێت نەتەوەخوازیش هەبێت جا نەتەوە دەبێت، بەڵام سیبمولیستەکان تەنها بوونی خاکێکی هاوبەش بۆ بوونی نەتەوەو نەتەوەخوازی بەگرنگ دەزانن و دەوڵەت ناکەنە مەرجێکی ئەنتۆلۆجی بۆ بوونی نەتەوەخوازی و نەتەوە.

(٢٦٧) بڕوانە: هـ. س : ١٨٩.

دووەم: لای مۆدێرنیستەکان کولتوری فەرمی قوتابخانەکان لەگەڵ یەکەی سیاسیدا هەماهەنگ دەبێتەوە، بەڵام لای ئەتنۆسیمبولیستەکان کولتوری میللی ئەم هەمئاهەگییە دروستدەکات، ئەمەش دوای ئەوەی کە بەپێی سەردەمەکە نوێدەکرێتەوەو سەر لە نوێ دادەڕێژرێتەوە. یەکەی سیاسیش هەر دەوڵەت نییە، ئەو ناوچانەش بەیەکەی سیاسی دەزانرێن، کە بەناوچەی ئۆتۆنۆمی ناو دەوڵەت ناودەبرێن و ئەمە بۆ هەرێمە فیدراڵەکانیش هەر دروستە، بەڵام یەکەی سیاسی لای مۆدێرنیستەکان تەنها دەوڵەتە.

سێیەم: لای مۆدێرنیستەکان نەتەوە پێکهاتەیەکی کۆمەڵاتییەو ئەم پێکهاتەیە هیچ ریشەیەکی لە رابردوودا نییەو لەسەردەمی مۆدێرنەدا وەك سیستەمێکی نوێی کۆمەڵایەتی و جۆری نوێ لە کۆمەڵگا بەخۆی پەیدا بووە، پێشتر لەو جۆرە لە کۆمەڵگا نە وەك چۆنایەتی و نە وەك بوون بوونی نەبووە، لای ئیتنۆسیمبولیستەکان ئەو کۆمەڵگایەی کە پێیدەوتریت نەتەوە فۆرمێکی نوێی کۆمەڵگایەکی ترە کە کۆمەڵگای ئەتنیکییەو نەتەوە داڕشتنەوەیەکی مۆدێرنانەی ئەتنیکە. ئیتنۆسیمبولیستەکان نەتەوەخوازی بە کارای دروستکردنی نەتەوە دەزانن و هەر لەمەشەوە لەرێگەی نەتەوەخوازییەوە نەبێت ناتوانن باس لە نەتەوە بکەن. ئەنتۆنی دی سمیس یەکێکە لەو لێکۆڵەرانەی کە گوزارشتێکی تیۆری بەهێزی لەم بۆچوونە کردووە، لای ئەو نەتەوەخوازی لەسەدەی رابردوودا بووەتە هەڵگری کۆمەڵە بنەمایەك کە ئەمانەن[٢٦٨]:

١- بوونی ئایدیۆلۆجیایەك کە نەتەوە بکاتە ئایدیاڵ.

٢- بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە نوێنەرایەتی وەدیهاتنی ئەوە بکات ئایدیۆلۆجیاکە کردوویەتی بە ئایدیاڵی خۆی، واتە نەتەوە.

٣- زمان و سیمبولیزمی دەربڕینی ئەو ئایدیاڵە.

٤- پرۆسەی پێکهێنانی یان گەشەپێدانی نەتەوە.

٥- هۆشیاری سەر بە نەتەوەبوون.

(٢٦٨) بڕوانە: ئەنتۆنی دی سمیس، نەتەوەخوازی: ١٤.

لای ئەو خاڵی یەکەم و دووەم و سێیەم پەیوەندیان بە نەتەوەخوازییەوە هەیەو خاڵی چوارەم ئامانجی نەتەوەخوازییە(٢٦٩)و خاڵی پێنجەمیش پەیوەندی بەو هیولایەوە هەیە کە نەتەوەی لێ پێکدێت.

سمیس لێرەدا بەبێ ئەوەی باس لە دروستکردنی نەتەوەو بنەماکانی ئەم دروستکردنە بکات، لەرێگەی ئەو خاڵانەی کە دیاریکردوون بنەماکانی دروستبوونی نەتەوە یان بە مانا ئەرستۆییەکەی عیللەتەکانی خولقانی نەتەوەی خستووەتەڕوو کە ئەمانەن: (کارای دروست کردن، ئایدیاڵ، ئامانج، هیولا).

کارای دروستکردنی نەتەوە بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، واتە (من)ێکی کۆییە، ئایدیاڵەکەش ئەوەیە کە ئایدۆلۆجیاکە دەیکات بە ئایدیاڵ، واتە ئەو وێنەیەی نەتەوە کە لە خەیاڵگەی کۆیی بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەدایە. ئامانجەکەش پێکهێنانی نەتەوەیە لەرێگەی بەرجەستەکردنی ئەو وێنەیەی نەتەوە کە لە خەیاڵگە کۆییەکەی کارا کۆییەکەدا هەیە. هیولاکەش کە ماددەی دروستکردنی نەتەوەیە ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە کە لە خەڵکێکی پەتییەوە بەو هوشیارییەی کە لەلایان هەیە بەوەی کە سەر بە نەتەوەیەکن بوونەتە هیولایەکی شیاو و ساز بۆ شێوەگیرکردنی وێنەی ئەو نەتەوەیەی لە خەیاڵی کۆیی بزوتنەوەکەدا هەیە. واتە خاڵی پێنجەم پەیوەستە بە سازی و شیاوبوونی ماددەی دروستکردنەکە بۆ شێوەگیرکردنی وێنەکە. هەروەك چۆن ئاسن بە ئاگر سازدەکرێت و شیاو دەکرێت بۆ شێوەگیرکردنی وێنەی چەکوشێك، ئاواش خەڵکی بە بوونی هوشیاری بەوەی کە دەبێت سەر بە نەتەوەیەك بن، سازو شیاو دەبن بۆ شێوەگیرکردنی وێنەی ئەو نەتەوەیەی کە لە خەیاڵگەی بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەدا کراوە بە ئایدیاڵ.

بەم پێیە بۆ دروستکردنی نەتەوە جگە لە خاڵی سێیەم کە زمان و سیمبولیزمی نەتەوەیە، دەبێت ئەوەی لە هەر چوار خاڵەکەدا هەیە، هەبێت. لە راستیدا زمان و سیمبولیزمی نەتەوە وەسیلەی دەربڕین و بەنەتەوەبوونی نەتەوەیە، واتە نەتەوە بۆ ئەوەی بەنەتەوەبوونی خۆی بخاتەڕوو و شوناس و بوونی خۆی ئاشکرا بکات، لەرێگەی زمانەوە مامەڵەکردنێکی کۆییانە لەگەڵ کۆمەڵە رەمزێکدا دەکات و شایەتی لەسەر بوونی خۆی دەدات و خۆی وەك نەتەوە

(٢٦٩) بڕوانە: هـ. س : ١٤-١٥.

دەبینێتەوەو ئەو هوشیاریی سەر بە نەتەوەبوونەی ناو کەسەکان لەلایەن کەسەکانەوە دەبینرێتەوەو کەسەکان بە واقعی هەست بەوە دەکەن لەناو نەتەوەدا حزوریان هەیەو بەشێکن لەو پێکهاتەیەی کە نەتەوە هەیەتی، ئەمەش زیاتر هوشیاری سەر بە نەتەوەبوونەکە تۆکمەو بەهێز دەکات و نەتەوە بەهۆیەوە بوونی بەردەوامی وەردەگرێت و بەهێزتر دەبێت.

ئەمە وا دەکات نەتەوەخوازی تەنها لە دروستکردنی نەتەوەدا وەك کارایەك ئامادە نەبێت و بەس، بەڵکو لەدوای دروستکردنی نەتەوەش کارای گەشەکردنی نەتەوە بێت، بەمانایەکی تر نەتەوە لێرەدا وەك دروستکراوێکی پیشەسازی نییە کە لە دوای دروستکردنەکەی کارای دروستکردنەکە لێی دابرێت و هیچ پەیوەندییەکی پێوە نەمێنێت، بەڵکو زیاتر لە دروستکراوێکی سروشتی دەچێت کە کارای دروستکردنەکە دوای دروستکردنەکەشی لەشێوەی کارای گەشەپێدەری دروستکراوەکە بەردەوام دەبێت.

لێرەوەیە سمیس لە پێناسەکردنی نەتەوەخوازیدا باس لەوە دەکات کە بزوتنەوەیەکی ئایدیۆلۆجییە، هەوڵی بەدەستهێنانی نەتەوەو هێشتنەوەی ئۆتۆنۆمی و یەکێتی و ناسنامەی کۆمەڵە مرۆڤێك دەدات و بەشێك لەو کۆمەڵە مرۆڤە نەتەوەی تەواو پێکدەهێنن، یان لەرێگەی بە نەتەوەبووندان[٢٧٠].

پێکهێنانی نەتەوە ئاماژەیە بۆ دروستبوونی نەتەوەو رێگەی بە نەتەوەبوونیش گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەوەیە کە دروستبووەو بەرەو پێگەیشتنی تەواو دەڕوات. بەدەستهێنانی نەتەوە بەهەمانشێوە ئاماژە بە دروستبوونی نەتەوە دەکات لەلایەن کاراکەوە، هێشتنەوەکەشی ئاماژەیە بە پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئەوەی کە دروستبووە.

لەپێناسەکەی سەرەوەدا چەمکی نەتەوەخوازی ئەوە ناگەیەنێت (تەنها پەیوەندی بەو بزوتنەوانەوە هەیە کە بۆ سەربەخۆیی تێدەکۆشن. وشەی (هێشتنەوە) لەپێناسەکەدا کاریگەرییەتی بەردەوامی نەتەوەخوازی لەناو ئەو نەتەوانەی کە لەمێژە دامەزراون و ئەوانەش کە تازە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، لەبەرچاو دەگرێت)[٢٧١]، واتە نەتەوەخوازی وەك کارایەك دوای پێکهێنانی نەتەوە کارەکەی تەواو نابێت و لەکارایەتی ناکەوێت و دوای دروستکردنەکە لە کارایەکی دروستکەرەوە دەبێت بە کارایەکی گەشەپێدەرو پارێزەر.

---

(٢٧٠) هـ. س : ١٨.

(٢٧١) بڕوانە: هـ. س : هـ. ل.

بەپێی ئەم بۆچوونە نەتەوەخوازی لەرووی (ڕێکخراوەیی و چالاکی تەکنیکەوە لەبزوتنەوەکانی تر جیاناکرێتەوە تەنها لەیەك رووەوە نەبێت: ئەویش پێداگرتنیەتی لەسەر قورسایی کولتورو نوێنەرایەتی. ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازی نقوم بوون لە کولتوری نەتەوەدا دەخوازێت ـ پەیبردن بە مێژووەکەیی و بوژانەوەی زمانە میللییەکەی لەرێگەی بوارەکانی فیلۆلۆجی و لیکسیکۆگرافی و برەودان بەکولتور بەتایبەتی دراماو هۆنراوەو وەگەڕخستنەوەی هونەرو پیشە دەستییەکان و مۆسیقاو هەڵپەڕکێ و گۆرانی فۆلکلۆری، ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە کە بۆچی بزوتنەوە نەتەوەخوازەکان هەوڵی بەردەوام بۆ بوژانەوەی کولتورو ئەدەب و ئەو چالاکییە دەوڵەمەندو هەمەجۆرانە دەدەن کە نەتەوەخوازی دەیانوروژێنێت)[٢٧٢].

لێرەدا نەتەوەخوازی وەك بزوتنەوەو ئایدیۆلۆجیا، هەروەك سۆشیالیزم و بزوتنەوە ئیسلامییەکان و هەر ئایدیۆلۆجیاو بزوتنەوەیەکی تر وایە، بەڵام ئەوەی کە لە یەکتریان جیا دەکاتەوە ئەو مەرجەعە کولتورییەیە کە هەر یەك لەمانە هەیانە. بۆ نمونە سۆشیالیزم مەرجەعە کولتورییەکەی ئەو فکرو کولتورەیە کە مارکس داهێنەرەیەکەیەتی و لەگەڵ مارکس کۆمەڵە بیرمەندێکی تر لەرێگەی نووسینەکانیانەوە بەشداریان لە دروستکردنیدا کردووە. بە هەمانشێوە مەرجەعی ئیسلامی سیاسی ئەو کولتورە ئاینییە نووسراوەیە کە کەلامییەکان و فەقیهەکان و راڤەکارەکانی قورئان و کەسانی تر بەشداریان لە داهێنان و نووسینیدا کردووە.

ئەم دوو کولتورە کە مەرجەعی ئەم دوو ئایدیۆلۆجیایەن، کولتورێکی نووسراون و کۆمەڵە بیرمەندێك بەشداریان لەنووسینیدا کردووە، بەڵام ئەو کولتورەی کە نەتەوەخوازی دەیکاتە مەرجەعێك بۆ خۆی، بەپێی ئەم بۆچوونە ئەو کولتورە زارەکی و کارەکییە میللییەیە کە لە کۆمەڵەیەکی مرۆییدا لەشێوەی کۆمەڵە چالاکییەکدا خۆی دەنوێنێت، وەك زمان و هونەرو پیشە دەستییەکان و گۆرانی و سەماو هەڵپەڕکێ و بۆنە میللییەکان و هەموو ئەوەی کە لە هەڵسوکەوت و گوتن و هەڵوێست وەرگرتن و هەڵچوونەکانی ئەو کۆمەڵەیەدا دەردەکەوێت.

ئەوەی کە ئەو کولتورەی داهێناوە وەك کەسێکی دیار بوونی نییە، هەروەك چۆن زمان و گۆرانی و سەماو هەڵپەڕکێی میللی داهێنەرەکانیان دیار نین و بەهۆی دیارنەبوونیشیانەوە، ئەوانە بە بەرهەمی عەقڵی کۆیی میللەت دەزانرێن.

(٢٧٢) هـ. س : ١٥-١٦.

ئەم جۆرە لە کولتور لە داهێنەرێکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بوونی نییە. ئەمەش وای کردووە داهێنانەکەی بگەڕێنرێتەوە بۆ عەقڵی کۆیی ئەو میللەتە. ئەمە خۆی خاڵێکی گرنگە لەم کولتورەدا، لەوێوە کە کاتێك لەشێوەی ئایدیۆلۆجیایەکدا دادەڕێژرێتەوە، بۆ بڵاوکردنەوەکەی پێویستی بە زەبرو زەنگ نابێت.

ئەمەش وا دەکات ئەو ئایدیۆلۆجیایە بەشێوەیەکی ئاسایی ترو ئاسانتر لە ئایدیۆلۆجیاکانی تر بڵاو ببێتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەر ئەم خاڵەشە وا دەکات لە بیندکت ئەندرسن و باسکارەو مۆدێرنیستەکانی تر باس لە لاوازی فکری ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازی بکەن و بڵێن نەتەوەخوازی وەك ئایدیۆلۆجییەکانی تر خاوەنی بیرمەندی گەورە نییە(٢٧٣).

کولتوری میللی مەرجەعی ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازییە، بەڵام ئەم کولتورە لەبەرئەوەی داهێنەرەکەی یان ئەوەی لێیەوە وەدیهاتووە کەسێکی دیاریکراو یان کەسانێکی دیاریکراو نین، نوێنەرانی ئەم کولتورە گروپێکی دیارو ڕێکخراوەیی نین و کەس ناتوانێت وەك نوێنەرو بڕیاردەری ئەو کولتورە بڕیار لەسەر گۆڕانی ئەبێت و نابێتە کولتوریەکان و چۆنایەتییەکانی بدات. لێرەدا نوخبەیەکی کولتوری نییە کە بەناوی کولتورەکەوە بدوێت و هەقی خاوەنداریەتی و پارێزگاریکردن و گەشەپێدانی ئەو کولتورەی دەست کەوتبێت، ئەم کولتورە وەك کولتوری ئاینی نییە کە پیاوە ئاینییەکان نوێنەرایەتی دەکەن. زمان بەرهەمێکە لە بەرهەمە کولتورییەکانی سەر بەم کولتورەو سروشتی ئەو کولتورەی هەڵگرتووە، چۆن تاکەکەس و گرووپێکی کۆمەڵایەتی ناتوانن ئەبێت و نابێتەکانی زمانە میللییەکە بگۆڕن، ئاوەهاش ناتوانن ئەبێت و نابێتەکانی هیچ دەرکەوتەیەکی تری ئەو کولتورە بگۆڕن. کولتوری سروشتی بەخۆی دەگۆڕێت و گەشە دەکات، ئەم گۆڕان و گەشەکردنەش لە دەرەوەی ئاگایی و ویستی تاکەکەس و گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کولتوری میللی کولتورێکی بێ نوێنەرو بێ نوخبەیە. گەر کولتورێك ئەم سروشتەی هەبێت، مومکین نییە بەخۆی بزوتنەوەیەك بۆخۆی بهێنێتە ئاراوە، بۆیە گەر بەگۆڕانێکدا نەبرێت و ئەو سروشتە کێوییەی لاواز نەکرێت، مومکین نییە ببێتە ئایدیۆلۆجیا یان مەرجەعی ئایدیۆلۆجی بزوتنەوەیەکی وەك نەتەوەخوازی.

(٢٧٣) بندیکت اندرسون، الجماعات المتخیلە:١٣.

نەتەوەخوازی وەك ئایدیۆلۆجیایەکانی تر هەڵگری ئایدیاڵ و کۆمەڵە چۆنایەتییەك نییە لەناو بیرداو نەتەوەخوازەکان لە ڕێگەی پەروەردەو فێرکردنەوە لەناو واقعە کۆمەڵایەتییەکە کار بۆ چاندنی بکەن، نەتەوەخوازی هەمان کارەکتەرو هەمان چۆنایەتی ناو مێژوو و کولتورە میللییەکە لەکات و کەس بەتاڵ دەکاتەوەو دەیان کاتە کارەکتەرو چۆنایەتی پەتی و ئەو ڕووداوانەش کە بە هۆی هێزە دەرەکییەکانەوە توشی کۆمەڵگا دێن، دەیانکات بە زەمینەو بوار بۆ کەسەکان، تا شێوەو ڕەنگ و ڕووی کارەکتەرە پەتییەکان و چۆنایەتییە پەتییەکانی لێوە شێوەگیر بکات، بەمەش پاڵەوانی ڕەمزیی دیارو ناسراو دروست دەبن و شوێنی پاڵەوانە میللییەکان دەگرنەوە، واتە شوێنی ئەو پاڵەوانانە دەگرنەوە کە لە کولتورە میللییەکەو مێژووە میللییەکدا هەن و تەنها پاڵەوانی ناو حیکایەتەکانن و لەواقعدا پاڵەوانی زیندوو نین.

لێرەدا نەتەوەخوازی کار لەسەر وەدیهێنانەوەیەکی زیندووی ئەوە دەکات کە کولتور حیکایەتی دەکات و خەڵکی هان دەدات ئەو واقعە بکاتەوە بە واقعی ژیانی خۆیی و ئەو ڕووداوانە بۆ ژیانی خۆی سازبکاتەوە کە لەو ڕابردووە پاڵەوانانەی باو و باپیرانیدا هەبووە، بەڵام لە فۆڕمێکی نوێ و زیندوودا. ئەوەش کە ڕوودانەوەی ڕووداوی ناو حیکایەتەکانی کولتور لەناو کۆمەڵە ڕووداوێکدا بەپێی ئەو چۆنایەتیانەی وەدیدەهێنێت و حوکم لەسەر ڕوودانەوە یان ڕوونەدانەوەیان دەدات، نەتەوەخوازییە. هەر نەتەوەخوازیشە ئەو فۆڕمە نوێیە دیاری دەکات کە شیاوە بۆ ئەوەی ڕووداوەکە تیایدا ڕووبداتەوە.

ئەمە وادەکات نەتەوەخوازی وەك بزوتنەوە ڕەوایەتی ئەوە وەرگرێت کە شتێك بە نەتەوەیی بزانێت یان نەزانێت، چونکە تەنها بزوتنەوەیەکی لەو جۆرە کە توانای دارشتنەوەی سەر لەنوێی کولتوری میللی هەبێت، بۆی هەیە ئەو ڕەوایەتییە وەرگرێت و بڕیار لەسەر نەتەوەیی بوون و نانەتەوەیی بوونی شتەکان بدات، ئەمەش وا دەکات کە کولتوری میللی وەك کولتوری ئایدیۆلۆجیا دروستکراوەکان لە کولتورێکی بێ خاوەن و کێوییەوە ببێتە کولتورێکی خاوەندارو خاوەن مەرجەع.

نەتەوەخوازی چ وەك ئایدیۆلۆجیاو چ وەك بزوتنەوە دەبێت کار لەسەر ئەوە بکات چۆنایەتییەکان و وێنەی ناو ررووداوەکانی کولتورە میللییەکە لەئێستادا زیندوو بکاتەوە، واتە وا بکات ڕووداوە نوێکان وا ڕووبدەن کەڕووداوەکانی ناو کولتورە میللییەکە بنوێنن و خەڵکەکەی ناو ڕووداوەکانیش هانبدات لەناو ڕووداوەکاندا وا دەربکەون کە کەسەکانی ناو

ڕووداوەکانی ڕابردوو بنوێنن، تا وا دەرکەوێت یەك ڕۆح هەیە، کە ڕۆحی کەسی نەتەوەییەو لەدوو کات و شوێنی جیاوازداو لە دوو بەرگی جیاوازدا دەرکەوتووە. لێرەدا نەتەوەخوازی کار بۆ ئەوە دەکات هەمان ئەو شتانەی کە لە جیهانی کۆمەڵگا ئەتنیکی و میللییەکەدا هەبوون لە بەرگێکی مۆدێرندا بەهەمان ناوەڕۆکی خۆیانەوە لە ئێستادا دەرکەونەوە، واتە ئەوەی لە کۆمەڵگای ئەتنیکی و کۆمەڵگای ناو حیکایەتە میللییەکانی ناو کولتوری میللییدا وەك ئایدیاڵ و چۆنایەتی شێوەی گرتووە، لە کۆمەڵگای نەتەوەییدا کە کۆمەڵگایەکی مۆدێرنە لە ڕواڵەتێکی مۆدێرندا دەرکەوت بکاتەوە، بەبێ ئەوەی هەر خۆیەتییەکەی خۆی لەدەست بدات.

نەتەوەخوازی ئەو هێزەیە کە ناوەڕۆك و جەوهەری کۆمەڵگایەکی ئەتنیکی کۆن لەدەرکەوتە بەشەکی و کاتییەکانی خۆی پاك دەکاتەوەو دەیباتەوە دۆخی پەتیەتی خۆیی و خەڵکی ناو کۆمەڵگا ئەتنیکییە کۆنەکە بەرەو ئەوە ئاراستە دەکات کە بە وەسیلەو هۆکارەکانی جیهانی مۆدێرن هەمان جەوهەر لە ئێستادا شێوەگیر بکەنەوە. لێرەدا ئەوەی کە لە نەتەوەکاندا پەیوەندی بە مۆدێرنەوە دەبێت تەنها ڕواڵەت و دەرکەوتە بەشەکییەکانی نەتەوەیەو جەوهەری نەتەوە هەمان ئەو جەوهەرەیە کە لە ئەتنیکدا شێوەگیربووە. کەوابێت بەپێی بۆچوونی ئەتنۆسیمبولیستەکان نەتەوە تەنها بەڕواڵەت مۆدێرنەو بە جەوهەر کۆنەو لەپێش سەردەمی مۆدێرنەشدا هەر هەبووە، بەڵام لەڕواڵەتی ئەتنیکدا ئەو جەوهەرە بەخۆی ناتوانێت ڕواڵەتەکەی خۆی بگۆڕێت وەك چۆن زمان یان کەلتووری میللی بەخۆی دەتوانێت ڕواڵەتەکەی خۆی بگۆڕێت و گەشەی پێبدات. هەر ئەمەش وادەکات کە بەبێ بوونی بزوتنەوەیەکی کاراو چالاکی نەتەوەخوازی ئەو جەوهەرە هەر لەڕواڵەتە کۆنەکەی خۆیدا بمێنێتەوەو گەشە نەکات یان لە گەشەکردن بوەستێ گەر بزوتنەوەیەکی لەو جۆرە، ئەوە نەکاتە ئامانجی خۆی کە لە ڕواڵەتە کۆنەکەی دایماڵێت و لە ڕواڵەتێکی مۆدێرندا شێوەگیری بکاتەوە. لێرەوەیە کە سمیس لەگەڵ مۆدێرنیستەکان لەسەرئەوە هاوڕایە کە بەبێ بوونی نەتەوەخوازی نەتەوە بوونی نابێت، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەو پێناسەیەی من پێشنیازی دەکەم وای بۆ دەچێ کە تێگەی نەتەوە بەر لە نەتەوەخوازی هەبووە، بەڵام پێی وانییە کە بوونی نەتەوەکان پێش بوونی نەتەوەخوازی دەکەوێت)[٢٧٤]. نەتەوە وەك ماناو جەوهەر بەر لە نەتەوەخوازی

---

(٢٧٤) ئەنتۆنی دی سیمس، نەتەوەخوازی: ١٩

هەیەو نەتەوەخوازی ئەو مانایە یان ئەو جەوهەرە لە فۆڕمە ئەتنیکییە کۆنەکە بەتاڵ دەکاتەوەو هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێگەی ئەو وەسیلانەوە کە جیهانی مۆدێرن و تەکنۆلۆجیاو پیشەسازی سازیکردوون هەمان جەوهەر لەڕواڵەتێکی نوێدا بەرجەستە بکاتەوە.

لێرەدا جیاوازی نێوان ئەتنۆسیمبولیستەکان و مۆدێرنیستەکان دەردەکەوێت، جیاوازیەکەش ئەوەیە کە مۆدێرنیستەکان پییانوایە، نەتەوە بونەوەرێکی بەڕواڵەت و بە جەوهەر مۆدێرنەو پێش ئەم سەردەمە بوونی نەبووە، بەڵام لای ئەتنۆسیمبولیستەکان نەتەوە بوونەوەرێکە تەنها بە ڕواڵەت مۆدێرنەو بەڵام بە جەوهەر کۆنە. لەمەوەیە کە سمیس ڕەخنە لەمۆدێرنیستەکان دەگرێت و دەڵێت لای ئەوان (تەنها نەتەوەخوازی نییە کە مۆدێرنە، بەڵکو نەتەوەکان و دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەیی و هەموو ئەوانەی کە لەناو کۆمەڵگا نەتەوەییەکاندا هەن مۆدێرنن، هەموو ئەمانەش بەلای مۆدێرنیستەکانەوە تەنیا لە ڕووی کرۆنۆلۆجیەوە نوێ نین، بەڵکو لە ڕووی چۆنایەتیشەوە نوێن)[٢٧٥].

نەتەوەخوازی لێرەدا ئەو ئایدیۆلۆجیایە دەبێت کە چۆنایەتییەکانی نەتەوە لە ئەتنیکێك وەردەگرێت و بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دانراو و پلان بۆ داڕێژراو کار لەسەرئەوە دەکات بە کەرەستە نوێکانی سەردەمی مۆدێرن لە ڕواڵەتێکی مۆدێرندا شێوەگیریان بکاتەوەو بەمەش ڕەوایەتیی بڕیاردان لەسەرئەوەی نەتەوەییەو ئەوەی نەتەوەیی نییە بگرێتە دەست خۆی و خۆی بکاتە نوێنەری نەتەوەو خەڵکی بۆ شێوەگیرکردنەوەی ئەو چۆنایەتیانەی کە لە کولتورە میللییەکەیاندا هەیە ڕەوایەتی لەو وەرگرێت.

یەکێك لەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئەم بۆچوونە دەبێتەوە، مەسەلەی پەیوەندی نێوان نەتەوەو دەوڵەتە، لەوێوە کە دەوڵەت گوزارشتکەری سیاسیی نەتەوەیەو پەیوەندی نەتەوەو دەوڵەت پەیوەندیەکی زەرورییەو بوونی نەتەوە پەیوەستە بە بوونی نەتەوەوە. هەر دەوڵەتێك دەتوانێت گوزارشتکەرێکی سیاسیانەی یەك نەتەوە بێت، ئەمە کێشەیەك بۆ دەڵەتە نوێکانی سەردەمی مۆدێرنە دروست دەکات، کێشەکەش ئەوەیە زۆربەی زۆری دەوڵەتەکان فرەئەتنیکن و زەحمەتە دەوڵەتێك هەبێت یەك ئەتنیك بێت، ئەمەش وادەکات ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە ئایا دەوڵەت گوزارشتکەری سیاسیی کام ئەتنیك لەو ئەتنیکانەیە کە کولتورەکەی لە ڕواڵەتە مۆدێرنەکەیدا

(٢٧٥) هـ. س : ٦٢.

داڕێژراوەتەوە؟ ئەوە چییە وادەکات ببێتە گوزارشتکەری سیاسی کولتورێك و نەبێتە گوزارشتکەری کولتورەکانی تر؟ مۆدێرنیستەکان بەوە خۆیان لەم کێشەیە ڕزگار دەکەن کە کولتوری نەتەوە لە ڕووی جەوهەرو چۆنایەتی و ڕواڵەتیشەوە لە کولتوری میللی دادەبڕێنن و بە کولتورێکی بەجەوهەر مۆدێرن و بەڕواڵەت مۆدێرنی دادەنێن، ئەو پچڕاندنەی پەیوەندی کولتوری نەتەوە بە کولتوری میللی ئەتنیکەکانەوە، لەوێوە ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات کە ئەندامانی هەموو ئەتنیکەکان بەبێ جیاوازی دەتوانن ئەو کولتورە فەرمییە وەرگرن کە دەوڵەت دەیخوازێت، بەمەش یەك کولتور دێتە ئاراوە کە هیچ پەیوەندیەکی بە کولتوری میللی ئەتنیکەکانەوە نییەو دەبێتە کولتوری نەتەوەو دەوڵەت گوزارشتی سیاسی لێدەکات، هەر لەمەشەوەیە مۆدێرنیستەکان بەبێ مەترسی دەست بۆ ئەو بنەمایە دەبەن کە بە ( بنەمای نەتەوەخوازی) ناسراوەو بنەماکە داوای هەماهەنگی یەکەی کولتوری لەگەڵ یەکەی سیاسی دەکات کە دەوڵەتە. بایەخدانی ئەوان بەم بنەمایە لەوێوەیە ئەوە بسەلمێنن ئەو کولتورە فەرمییەی دەوڵەت هەوڵی بڵاوکردنەوەی دەدات کولتوری نەتەوەیە، نەك ئەو کولتورە میللیە ئەتنیکییەی کە ڕواڵەتە کۆنەکەی خۆی لەدەستداوەو ڕواڵەتێکی مۆدێرنی لەخۆی گرتووە. ئەمەش خۆی چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات کە دەوڵەت بەرامبەر بە کولتورە جیاوازەکانی خۆی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

مۆدێرنیستەکان بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ڕووبەڕووی کێشەیەکی تر دەبنەوە، کە کێشەی مانەوەی کولتورە میللییە ڕواڵەت مۆدێرنەکانە، ئەمەش لەوێوەیە دەوڵەت توانای ئەوەی نابێت گوزارشتی سیاسی لەم کولتورانە بکات و ناچارە لە سنوورە کۆمەڵایەتییەکاندا بیانهێڵێتەوەو بێتە ڕێگریش لەبەردەم ئەوەدا کە هیچ یەکێك لەو کەلتوورانە گوزارشتی سیاسی لێبکرێت.

ئەمە بەگوێرەی ئیتنۆسیمبولیستەکان جیاوازە، گەر کەلتوورە میللییە بەڕواڵەت مۆدێرنەکانی ئەتنیکە جیاوازەکان کێشە بۆ مۆدێرنیستەکان دروست بکات، ئەوە هەڵبژاردنی یەکێك لەو کەلتوورە میللییانە وەك کولتوری نەتەوە، کێشە بۆ ئەتنۆسیمبولیستەکان دروست دەکات. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان بوونی نەتەوەو کەلتووری نەتەوەیی دەبەستنەوە بە بوونی ئەتنیکەکانەوە. دەوڵەتەکان فرەئەتنیکن و کولتورە جیاوازەکانی ئەتنیکە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتەکان بوونەتە خاوەنی ڕواڵەتە مۆدێرنەکەی خۆیان و ئەمەش

وایکردووە ئەو کولتورانە لە کولتوری ئەتنیکەوە ببن بە کولتوری نەتەوە. گەر ئەمە وابێت، ئەوا هەر دەوڵەتێك بۆ گوزارشتکردنی سیاسی لە نەتەوە، لەبری یەك کولتور رووبەرووی چەند کولتورێکی نەتەوەیی دەبێتەوەو ئەمەش کێشە لەوەدا دروست دەکات کە دەوڵەت دەبێت یەکێك لەم کولتورانە هەڵبژێرێت و ئەوانی تر فەرامۆش بکات. لەم کاتەشدا یەك کولتور لە کولتورەکان لەلایەن دەوڵەتەوە گوزارشتێکی سیاسی لێدەکرێت و ئەوانی تر تەنها لە ئاستی گوزارشت لێکردنە کۆمەڵایەتییەکەدا دەمێننەوەو جەماوەری نابنەوە.

سمیس هەوڵدەدات چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە، یەکێك لەو رێگایانەی کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەیگرێتەبەر لاوازکردنی پەیوەندییە ئەنتۆلۆجییەکەی نێوان نەتەوەو دەوڵەتە. لاوازکردنی ئەو پەیوەندییەش لەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت: (نەتەوە نە دەوڵەتە نە کۆمەڵگای ئەتنیکییە، نەتەوە دەوڵەت نییە، چونکە تێگەی دەوڵەت پەیوەندی بە چالاکی دەزگاییەوە هەیە، لەکاتێکدا تێگەی نەتەوە دەستنیشانی کۆمەڵگا دەکات. تێگەی دەوڵەت دەشێت بەوە پێناسە بکرێت کە بریتییە لە کۆمەڵێك دەزگای خاوەن ئۆتۆنۆمی کە لەگەڵ دەزگاکانی تردا جیاوازن و خاوەنی مۆنۆپۆلی رەوای ناچارکردن و دەرهێنانن، ئەمەش لە تێگەی نەتەوە زۆر جیاوازە، نەتەوە وەك وتمان کۆمەڵگایەکی هەستپێکراو و زیندووەو ئەندامەکانی هاوبەشی نیشتمان و کولتورێکن)[٢٧٦]، لێرەدا لەبری دەوڵەت خاك دەبێتە مەرجێکی بنەڕەتی بۆ بوونی نەتەوەو دەوڵەت وەك مەرجی بوونی نەتەوە پەراوێز دەخرێت، ئەمەش زیاتر لەوەدا روون دەبێتەوە کە سمیس لەبارەی پەیوەندی نەتەوەو دەوڵەتەوە باسی دەکات و دەڵێت: (پێویست ناکات نەتەوە دەوڵەتێکی سەروەری خۆی هەبێت، بەڵام دەبێت ئاواتی هێنانەدی ئەندازەیەك لە ئۆتۆنۆمی هەبێت، کە هاوشان بێت لەگەڵ نیشتەجێبوونی فیزیکی لەناو نیشتمانی خۆیدا)[٢٧٧].

لێرەدا پەنابردنە بەر خاك و دوورخستنەوەی دەوڵەت لە نەتەوە، خۆلادانە لەو کێشەیەی کە دەوڵەت لەبەرامبەر کولتورە جیاوازەکانی ناوخۆی تێیدەکەوێت، لەلایەکی ترەوە دەرگا لەسەر ئەوە دەخاتە سەرپشت، بێ ئەوەی ئەو ئەتنیکانەی ناو دەوڵەت کە رواڵەتێکی مۆدێرنیان بەخۆیان داوەو دەوڵەتێکیان نییە کە گوزارشتکەری سیاسی ئەوان بێت، بەنەتەوە بزانرێن و لەو

(٢٧٦) هـ. س : ٢١.

(٢٧٧) هـ. س : ٢٢.

کەمە نەتەوەییانە جیابکرێنەوە کە لەناو دەوڵەتێکدان و دەوڵەتێکی تر گوزارشتی سیاسی لە کولتورەکەیان دەکات، وەك ئەو کەمینە عەرەبەی کە لە سنووری دەوڵەت نەتەوەی ئێران و تورکیادان.

ئەم جیاکردنەوەی سمیس وا دەکات کە شیاوبێت لەناو دەوڵەتدا دوو جۆر لە گروپی کۆمەڵایەتی هەبن، یەکەمیان نەتەوەیە بەمانا فەرمییەکەی نەتەوە کە دەوڵەت گوزارشتی سیاسی لێدەکات و شوناسەکەی هەڵدەگرێ. دووەمیان نەتەوەیە بە مانا میللییەکەی، ئەمەیان دەکرێت خاوەنی حکومەت و بەڕێوەبردنی سەربەخۆی خۆی بێت، واتە لەرووی خۆبەڕێوەبردنەوە بتوانێت لەسنووری دەوڵەتەکەدا گوزارشت لەخۆی بکات، بەڵام ناتوانێت لەرووی سیاسییەوە گوزارشت لەخۆی بکات و دەوڵەت وا لێبکات بەناوی ئەوەوە لەگەڵ دەرەوەی خۆی بدوێت.

بۆ نمونە سکوتلەندییەکانی بەریتانیا ناتوانن دەوڵەت وا لێبکەن کە شوناسە ئینگلیزییەکەی فڕێ بدات و گوزارشت لە شوناسی سکوتلەندی بکات، کەسێکی سکوتلەندی تەنها لەناو بەریتانیادا سکوتلەندییەو لەدەرەوەی بەریتانیا ئینگلیزەو وەك ئینگلیزێك دەبینرێت، کوردێك لەناو عێراقدا کوردەو لەدەرەوەی عێراقدا وەك عێراقی دەبینرێت و وەك کورد نابینرێت. نەمانی کورد لەناو عێراقدا هیچ کاریگەرییەك لەسەر عێراقی بوونی عێراق دروست ناکات و عێراق هەرخۆیەتییەکەی خۆی دەپارێزێت و عێراقیەتی خۆی لەدەست نادات، بەڵام گەر عەرەبەکانی ناو عێراق لە عێراق دابڕێن، کوردەکانی عێراق هەر خۆیەتی عێراق یان عێراقی بوونی عێراق ناپارێزن و عێراق هەر خۆیەتییەکەی خۆی لەدەست دەدات.

ئێرلەندییەکانی ناو سنووری سیاسی بەریتانیای گەورە بەدابڕانیان لە بەریتانیا کاریان نەکردە سەر بەریتانیەتی بەریتانیا، چونکە بەریتانیا بە ئێرلەندییەکان نەبووە بە بەریتانیاو بەئینگلیزەکان بووەتە بەریتانیا، بە هەمانشێوە بەجیابوونەوەی سکوتلەندییەکان و ویلزییەکانیش لەبەریتانیا، بەریتانیا هەر هەرخۆیەتی خۆی دەپارێزێت، بەڵام بەجیابوونەوەی ئینگلاندەکان لەبەریتانیا بەریتانیا هەرخۆیەتییەکەی خۆی لەدەست دەدات. ئەمە ئەوە روون دەکاتەوە کە یەك نەتەوە لە نەتەوەکان بوونی دەوڵەت دیاری دەکات و نەتەوەکانی تر دیاریکەری بوونی ئەو دەوڵەتانە نین کە سنووورە سیاسییەکەی دەیانگرێتەوە.

هەموو دەوڵەتێك ماهیەتێکی هەیەو ماهیەتەکەشی ئەو کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەن کە شوناسی دەوڵەتەکەیان دیاری کردووە، هەر ئەوانیش توانای هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتە یان

مانەوەی ئەو دەوڵەتەیان هەیەو نەتەوەکانی تری ناو دەوڵەتەکە بوون و نەبوونیان کار ناکاتە سەر بوون و نەبوونی دەوڵەتەکە، بەڵام کار لە لاوازی و بێ هێزییەکەی دەکات.

بەپێی بۆچوونەکەی سمیس ئەو کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەی داوای دەوڵەت دەکات، لەرووی بوونەوە جیاواز نییە لەو کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەی کە داوای حکومەت دەکات و داوای دەوڵەت ناکات. ئەم دوو کۆمەڵەیە هەردووکیان نەتەوەن و بوون و نەبوونی دەوڵەت کار ناکاتە سەر بوونی نەتەوە، نەتەوە دەتوانێت بەبێ دەوڵەت لەناو دەوڵەتی نەتەوەیەکی تردا بوونی هەبێت بەمەرجێك داوای کەمێك لە ئۆتۆنۆمی بکات.

سمیس بۆ روونکردنەوەی ئەمە باس لە حاڵەتێك دەکات بەناوی حاڵەتی نەتەوەیی فرەئیتنی، ئەم جۆرە لە نەتەوە (لە چەند کۆمەڵگایەکی فرە ئیتنی پێکدێت و لەبەر هەر هۆکارێك بێت یەکیانگرتووە یان ناچارکراون یەکبگرن و پێکەوە مێژووی ناوکۆو یادگارە سیاسییە هاوبەشەکانیان پێکهێناوەو لە بەلجیکاو سویسراو ئیسپانسا کۆمەڵگای ئیتنی جیاواز لەناو دەوڵەتی فیدراڵدا پێکەوە دەژین و ئەندامەکانیان بانگهێشەی هەردوو ناسنامەی نەتەوەیی و ئیتنی دەکەن)(٢٧٨)، لێرەدا سمیس ئەوە دەشارێتەوە کە لە پێناسەکەیدا بۆ نەتەوە دەیخاتەروو ، چونکە ئەو ئەتنیکانەی لەناو ئەو دەوڵەتانەدا دەژین کە ئەو باسیان دەکات، نەتەوەن و ئیتنیك نین و کولتورەکەیان رواڵەتێکی مۆدێرنی وەرگرتووەو جۆرێك لە ئۆتۆنۆمیشیان هەیەو لەسەر خاکی خۆشیانن، گەر بەپێی پێناسەکە ئەو ئەتنیکانەمان بە نەتەوە زانی، ئەوە ئەندامانی ئەو ئەتنیکە جیاوازانە بانگهێشتی دوو شوناسی نەتەوەیی دەکەن، نەك شوناسێکی نەتەوەیی و شوناسێکی ئەتنیکی. لێرەدا بۆ ئەندامانی ئەو ئەتنیکە جیاوازانە دوو شوناسی نەتەوەییمان دەبێت، ئەمەش وا دەکات کە بەشوێن ئەوەدا بڕۆین کام لەم دوو شوناسە نەتەوەییەو شوناسی راستەقینەی ئەوانە؟

لەراستیدا ناکرێت گروپێکی کۆمەڵایەتی لەیەك کاتدا هەڵگری شوناسی دوو نەتەوەی جیاواز بێت، ناکرێت کوردەکانی عێراق هەڵگری شوناسی ئەو نەتەوەیەبن کە دەوڵەتی عێراقی گوزارشتی لێدەکات و هەڵگری شوناسی خۆشیان بن، واتە ناتوانن لەیەك کاتدا سەر بە نەتەوەی عەرەبی عێراقی و سەر بەخۆشیان بن، گەر ئەمەش نەکرێت، ئەوە دەوڵەتی عێراقی

(٢٧٨) هـ. س : ٢٥.

گوزارشتی سیاسی لە نەتەوەی عەرەب دەکات و لە نەتەوەی کورد ناکات. کورد لێرەدا وەك نەتەوەیەکی گوزارشت لێنەکراو وایەو بەمەش وەك نەتەوەی عەرەب ناتوانێت بەرامبەر نەتەوەکانی دەرەوەی خۆی بوونێکی سیاسی هەبێت، ئەمەش ناچاری دەکات کە لە دەرەوەی عێراقدا نەتوانێت بە شوناسە کوردییەکەی خۆی خۆی بخاتەڕوو و شوناسە عێراقییەکە بۆ خستنەڕووی خۆی بەکاربهێنێت، لەکاتێکدا ئەم شوناسە هەڵگری نەتەوەیەکە یان دەرخەری نەتەوەیەکە کە نەتەوەی عەرەبە لە عێراقدا، بوونی عێراق لەناو جامعەی عەرەبیدا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت.

ئەم حاڵەتە بەگوێرەی سوکوتیەکانی سکوتلەندەش کە لەناو دەوڵەتی بەریتانیادان هەر ڕاستە، سوکتیەکانی بەریتانیا سوکوتین و ئینگلیزنین، لەناو بەریتانیا بۆ خستنەڕووی خۆیان بەرامبەر بە ئینگلیزەکانی ئینگلاند شوناسەکەی خۆیان بەکاردەهێنن، واتە وەك سوکوتیەك خۆیان دەخەنەڕوو. بەڵام لەبەرامبەر نەتەوەکانی دەرەوەی بەریتانیا ناچارن لەڕێگەی شوناسە ئینگلیزیەکەوە خۆیان بخەنەڕوو، لەبری ئەوەی بڵێن سوکوتین بڵێن ئینگلیزین. لەکاتێکدا ئینگلیزەکان سوکوتی نین و نەتەوەیەکی ترن و جیان لەوان. لەبەرامبەر ئەمەدا هیچ حاڵەتێکی لەو جۆرەمان نییە، کە ئینگلیزەکان ناچاربکرێن بەوەی لەڕێگەی شوناسی سکوتلەندیەکانەوە خۆیان بخەنەڕوو و بڵێن سوکوتین، ئەمە خۆی جۆرێك لە نایەکسانی نابەرامبەری ئەنتۆلۆجی نێوان دوو نەتەوە دەخاتەڕوو.

دەتوانین لەڕێگەی ئەم دوو حاڵەتەوە، ئەوە ڕوون بکەینەوە کە شوناسی هەر دەوڵەتێك با ناوی دەوڵەتەکەش هەمان ناوی نەتەوەکە نەبێت، وەك بەریتانیاو عێراق یان هەمان ناوی نەتەوەکە بێت، وەك ئەڵمانیاو تورکیا، شوناسی ئەو نەتەوەیەی کە نەتەوەی زاڵی ناو نەتەوەکانە شوناسی ئەو دەوڵەتە دەبێت، بەمانایەکی تر دەوڵەت لەگەڵ نەتەوە زاڵەکەدا هاوشوناسە، بەڵام لەگەڵ نەتەوەکانی تری غەیری ئەو نەتەوانەدا جیاشوناسە.

هەر ئەمەش وا دەکات دەوڵەت شوناسی خۆی لەگەڵ نەتەوە زاڵەکەدا هەماهەنگ بکاتەوە، بەڵام لەسەر نەتەوەکانی تری ناوخۆی بیسەپێنێ و نەفی شوناسەکەیان بکات. کوردێك کە ناچارە لە دەرەوەی عێراق بڵێت عێراقیم، شوناسە عێراقییەکە لێرەدا نەفی شوناسە کوردییەکەی دەکات، گەرچی شوناسە عەرەبییەکەش نەخاتە شوێنەکەی. عێراقی بوون بۆ کوردەکە شوناسێکی وەهمییە چونکە ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا شوناسە کوردییەکەی خۆی

بخاتەڕوو، بەڵام عێراقی بوون بۆ عەرەبێك لەهەمان کاتدا عێراقی بوون و عەرەبی بوونی ئەو کەسە دەخاتەڕوو.

کەواتە شوناسی عێراقی بوون بۆ عەرەبێك شوناسێکی پڕە، بەڵام بۆ کوردێك شوناسێکی بەتاڵە، چونکە عێراقی بوون شوناسێکە لەدەرەوەی عێراق وادەبینرێت کە ئەوەی دەیخاتەڕوو عەرەبێکە نەك کوردێك، بۆیە شوناسەکە کاتێك شوناسێکی راستەقینە دەبێت کە عەرەبێکی عێراقی پێ دەخرێتەڕوو، چونکە هەڵگری ناوەڕۆکێکی راستەقینەیە، بەڵام کاتێك کوردێك لەپشت ئەم شوناسەوەیە شوناسێکی وەهمی و ساختە دەردەچێت، چونکە لێرەدا شوناسەکە هەڵگری ناوەڕۆکە راستەقینەکەی خۆی نییە، ئەمە بۆ سوکوتییەك و ئینگلیزێکیش هەر راستە، کاتێك کە لە رێگەی شوناسە بەریتانییەکەوە خۆیان دەخەنەڕوو.

ئەم حاڵەتەی کە لە دەوڵەت نەتەوەکاندا هەیە، پرسیار دەخاتە سەر ئەو بۆچوونەی سمیس، کە نەتەوەکانی غەیری نەتەوە زاڵەکانی ناو دەوڵەتەکان بەنەتەوە دەزانێت و هەمان بەهای نەتەوە زاڵەکانیان پێدەدات، ئەمەش لەوێوە کە نەتەوە نازاڵەکانی ناو دەوڵەت شوناسی نەتەوە زاڵەکە لە خۆیان دەگرن، بەڵام شوناسی نەتەوە نازاڵەکان توانای لەخۆگرتنی شوناسی نەتەوە زاڵەکانیان نییە. هەموو سوکوتییەك لەدەرەوەی بەریتانیا ئینگلیزە بەڵام لە هیچ حاڵەتێکدا هیچ ئینگلیزییەك سوکوتی نییە.

لەدەرەوەی تورکیا، هەموو کوردێکی ناو دەوڵەتی تورکی ناچارە لە رێگەی شوناسە تورکییەکەوە خۆی بخاتەڕوو، بەڵام هیچ تورکێك لەهیچ حاڵەتێکدا ناچار نییە لە شوناسە کوردییەکەدا خۆی بخاتەڕوو. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو کوردێك لە حاڵەتە هەمەکییەکەی دەوڵەتدا تورکە، بەڵام هیچ حاڵەتێکی هەمەکی نییە کە تیایدا تورکێك لە شوناسە کوردییەکەدا خۆی بخاتەڕوو، لێرەدا تورکبوون شوناسێکی هەمەکییەو کوردبوون شوناسێکی بەشەکییە، کورد لەناو دەوڵەتی تورکیدا بەشێك لە شوناسی تورکبوون پڕ دەکاتەوە، بەڵام تورك هەمەکیەتی شوناسەکە پڕ دەکاتەوە، تورکبوون ئەو شوناسە هەمەکییەیە کە کوردبوون و ئەرمەنی بوون و هیتر لە خۆدەگرێت، لەم حاڵەتەشدا تورکبوون وەك بەشەکییەك بوونی نامێنێ چونکە هەمەکییە.

کوردبوون و ئەرمەنی بوون...هتد ئەمانە کۆمەڵە شوناسێکن لە شوناسێکی هەمەکیدا نەفی بوونی خۆیان دەکەن، ئەو شوناسە هەمەکییەش تورکبوونە، ئەمە هەروەك ئەوەیە کە

ئاسن و تەختەو بزمار لە کورسییەکدا شوناسی خۆیان لە شوناسی هەمەکی کورسییەکەدا نەفی دەکەن و کەس ناتوانێت بە کورسییەکە بڵێ بزمار یان تەختە یان ئاسن، هەروەك چۆن ئاسن و بزمارو تەختەکەش پێش نەفیکردنیان لەناو کورسییەکەدا پێیان ناوترێت کورسی و لەلایەکی تریشەوە لە حاڵەتە بەشەکییەکەی بزمارو تەختەو ئاسنەکەشدا هیچیان ئەوانی تریان نییەو نە بە ئاسن دەوترێت بزمارو نە بەبزماریش دەوترێت ئاسن.

لە دەوڵەت نەتەوەی تورکیدا ئەرمەن و کوردو تورك و چەرکەس هەن، ئەمانە لە حاڵەتە بەشەکییەکەی دەوڵەت نەتەوەی تورکیدا هیچیان ئەویتریان نییە، کوردو تورك و ئەرمەن نییە، تورکیش ئەرمەن و کورد نییە، ئەرمەنیش تورك و کورد نییە، ئەمە هەر وەك بوونی بزمارو تەختەو ئاسنەکەیە پێش ئەوەی لە هەمەکیەکی وەك کورسیدا نەفی بوونی خۆیان بکەن.

بۆ ئەوەی دەوڵەت نەتەوەی تورکی هەبێت، هەر یەك لە تورك و کوردو ئەرمەن وەك بەشە پێکهێنەرەکانی ئەو دەوڵەت نەتەوەیە زەرورین، چونکە بوونی دەوڵەتی مۆدێرن دەخوازێت لە چەند نەتەوەیەك خۆی بێنێتەئاراوە، واتە پێویستی بە چەند بەشێکی جیاوازە، جیاوازبوونی ئەم بەشانە زەرورەتێکە بۆ پێکهاتنی ئەو و رێکەوتێك نییە لە رێکەوتەکان، واتە دەوڵەتی مۆدێرن دروست نابێ گەر چەند بەشە پێکهێنەرێکی جیاوازی نەبێت، هەر ئەم زەرورەتەشە وای کردووە کە دەوڵەتەکان فرە ئەتنیك بن و مەحاڵ بێت دەوڵەتێکی یەك ئەتنیك بوونی هەبێت.

دەوڵەتی تورکیش بۆ بوونی خۆی پێویستی بە کۆمەڵە ئەتنیکێکی جیاوازە، ئەم ئەتنیکە جیاوازانە دەبێت بوونە هەمەکییەکەی خۆیان لە بوونێکی بەشەکیدا نەفی بکەن، تا شیاوبن بۆ ئەوەی وەك بەشەکییەك لەناو هەمەکییەکدا دەرکەون کە دەوڵەت نەتەوەکەیە.

کوردی تورکیا وەك ئەرمەن و تورکەکان و ئەوانی تر دەبێت هەمەکیەتی خۆی لەدەست بدات و بوونی خۆی لەناو دەوڵەت نەتەوەی تورکیدا نەفی بکات، دەوڵەت نەتەوەی تورکی وەك شوناسێك بۆ دەرەوەی خۆی تورك بوون دەخاتەڕوو، نەك کوردبوون و ئەرمەنی بوون. لێرەدا نەتەوەی تورك جیا لە نەتەوەی کوردو ئەرمەن لە شێوەی نەتەوەیەکی هەمەکیدا دەردەکەوێت و کوردو ئەرمەن و تورك لەناو ئەم نەتەوە هەمەکییەدا بوونیان وەك بزمارو تەختەکە لەناو هەمەکیەتی نەتەوەی تورکدا نەفی دەکرێت، بەمەش هەموویان لە شێوەی هەمەکیەکدا دەردەکەون کە نەتەوەی تورکە، تورك لێرەدا جارێك وەك کوردو ئەرمەن بەشەو جارێکیش جیا لە کوردو ئەرمەن هەمەکییەو کوردو ئەرمەن و تورکە بەشەکییەکەی لەخۆگرتووە.

نەتەوەی تورك وەك هەمەکی، هەمەکیەکی وەهمییەو بوونێکی واقیعی نییە، ئەوەی بوونی واقیعی پێدەبەخشێت دەوڵەتی تورکییە، دەوڵەتی تورکی دەوڵەتی نەتەوەیەکی هەمەکیی و وەهمییە کە پێیدەڵێن نەتەوەی تورك، چۆن ناتوانن وەك هەمەکیەتی بزمارو تەختەو ئاسنەکە بە کورسییەکە بڵێن تەختە یان بزمار یان ئاسن، دەبێت نەتوانن بەو نەتەوە هەمەکییەش بڵێن تورك، دەبێت ئەو نەتەوەیە ناوێکی تری هەبێت و شتێکی تر بێت، بەڵام کاتێك دەبینین لەرووی واقیعەوە ئەو نەتەوە وەهمییە تەنها لە تورکەکاندا خۆی دەخاتەڕوو و لە کوردەکان و نەتەوەکانی تردا ناتوانێت خۆی بخاتەڕوو گەر نەبن بە تورك، ئەمە ئەوە دەردەخات کە کێشەیەکی لۆجیکی لە دروستبوونی ئەم دەوڵەتەدا لە ئارادایە، ئەویش ئەوەیە کە نەتەوەی تورك وەك نەتەوەی کوردو ئەرمەن، پێش ئەوەی بچێتە پێکهاتەی نەتەوە وەهمییەکەوە هەمەکییەکە وەك نەتەوەی کوردو ئەرمەن، کەچی کاتێك بۆ پێکهێنانی نەتەوە هەمەکییەکە بوونی هەمەکی خۆی لە پێکهاتەی نەتەوە وەهەمییەکەدا وەك کوردو ئەرمەن بەشەکی دەکاتەوە، لەبری ئەوەی بوونی لە بوونی نەتەوە هەمەکییەکەدا بەشەکی بێتەوە ، هەمەکیەتی نەتەوەکە پێکدەهێنێت، بەمەش خۆی لە کوردو ئەرمەن جیادەکاتەوە، چونکە ئەوان هەمەکییەتەکەی خۆیان لەناو بەشەکیەتێکی ئەم هەمەکییە وەهمییەدا نەفی دەکەن و چیتر وەك هەمەکییەك بوونیان نابێت، تەنها بەوە نەبێت کە ئەو هەمەکییەی کە لەمان پێکهاتووە هەڵنەوەشێتەوە.

گەر ئەمە بخەینە سەر نمونەی کورسییەکە بەو شێوەیە دەبێت: بزمارو تەختەو ئاسنەکە هەموویان بوونی خۆیان لەناو پێکهاتەی کورسییەکەدا کە بوونێکی هەمەکی هەیە، بەشەکی دەکەنەوە، بزمارو تەختەکە بەمە بوونە هەمەکییەکەیان لە پێکهاتەی کورسییەکەدا لەدەست دەدەن و کەچی ئاسنەکە دەبێتە خاوەنی بوونێکی هەمەکی، ئەمە وەکو ئەوە وایە ویستبێتمان لە بزمارو تەختەو ئاسنەکە شتێك دروست بکەین کە جیاوازە لە هەر سێکیان، کەچی دوای دروستکردنەکە ئەوەی دروستبووە، ئاسنێکی تر بێت و شتێکی جیاوازبێت لە بزمارو تەختەکە، بەڵام شتێکی جیاواز نەبێت لە ئاسنەکە، لێرەدا ئاسنەکە شوناسەکەی خۆی کە ئاسنیەتەکەیەتی پاراستووە، کەچی بزمارو تەختەکە بزماریەتی و تەختەیەتی خۆیان لەدەستداوەو دوای بەشەکی بوونەوەیان بوون بە ئاسن و بەشێك لە ئاسنیەتی ئاسنە دروستکراوەکەیان پێکهێناوە.

کاتێك دەوڵەت نەتەوەی تورکی وەك دەوڵەتی نەتەوە دروست دەبێت، لە کوردو تورك و ئەرمەن و .... ئەوانی تر دروست دەبێت، ئەوەی کە لەمانە دروست دەبێت نەتەوەیەکی جیا لەو سێ نەتەوانە نییە، واتە نەتەوەیەك نییە کە نە تورك بێت و نە کورد بێت و نە ئەرمەن و ئەوانی تر، ئەم نەتەوە هەمان نەتەوەی تورکە، بەڵام گەورەتر لەنەتەوەکەی پێشوو.

لێرەدا نەتەوە بچووکەکەی تورك هەر خۆیەتییەکەی خۆی لە نەتەوە پێکهێنراوەکەدا دەپارێزێت و دەبێتەوە بە خۆی، بەڵام نەتەوەی کوردو ئەرمەن هە خۆیەتی خۆیان لەدەست دەدەن و دەبنە بەشە پێکهێنەرەکانی نەتەوە گەورەکە، بەمانایەکی تر تورك لەناو نەتەوە پێکهاتووەکەدا هەر دەبێتەوە بە تورك و نابێتە شتێکی جیاواز لە تورك، بەڵام کوردو ئەرمەن و ئەوانی تر دەبن بە تورك و نابنەوە بە خۆیان. ئەمەش وا دەکات نەتەوەی تورك و دەوڵەتی تورکی هاوشوناس بن، بەڵام دەوڵەت و نەتەوەی کورد یان ئەرمەن جیاشوناس بن و یەك شوناس نەبن، گەر بشیانەوێت وەك تورك لەگەڵ دەوڵەتدا هاوشوناس بن، چاریان نییە دەبێت نەفی خۆیان بکەن و ببن بە تورك. هەموو کوردێك یان ئەرمەنێك یان هەر کەسێك گەر بیەوێت ببێت بە کەسێکی پێکهێنەری ئەو دەوڵەتە ناچارە ببێت بە تورك، بەڵام هەموو تورکێك لە تورکیادا بەپێچەوانەی ئەمەوە گەر کەسێکی ناو ئەو دەوڵەتە بێت ناچارە نابێت ببێت بە هیچ شتێکی تری جگە لە خۆی، چونکە بەخۆی تورکەو ببێت بە هەر شتێکی تر لە تورکیەتی دەردەچێت و لەپێکهاتەی ئەو دەوڵەتەدا دێتە دەرەوە.

جیاوازی نێوان نەتەوە بەشەکییەکانی ناو دەوڵەت ـ نەتەوەیەك و نەتەوە هەمەکییەکەی دەوڵەت ـ نەتەوەکە، ئەو کێشەیە دەسازێنێت کە هەر یەك لە مۆدێرنیستەکان و ئیتنۆسیمبولیستەکان هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن، بەڵام هەر یەکەیان بەرێگایەکی جیاواز.

مۆدێرنیستەکان وا سەیری نەتەوە هەمەکییەکە دەکەن کە نەتەوەیەکی پێکهاتوو نییە لە کۆمەڵە نەتەوەیەکی بەشەکی، بەڵکو ئەو بەخۆی هەیەو بوونەکەشی لە نەتەوە بەشەکییەکانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەمەش نەتەوە هەمەکییەکەی دەوڵەتە نەتەوەییەکە دەکەنە بوونەوەرێکی جیاوازو ناوی دەنێن نەتەوە. بەهۆی دەرکەوتنی ئەم بوونەوەرە جیاوازەشەوە، نەفیی بوونی هەر نەتەوەیەك لە نەتەوە بەشەکییەکان دەکەن.

بۆ نمونە گەر دەوڵەت نەتەوەی بەریتانیا وەرگرین کە دەرخەری شوناسی ئینگلیزی بوونی بەریتانییەکانە، ئەوان نەتەوەی ئینگلیز بە بوونەوەرێکی نوێ دەزانن کە هیچ پەیوەندییەکی بە

ئینگلیزەکانی ئینگلاندەوە نییە، نەك هەر ئەمە لای ئەوان لەناو دەوڵەت نەتەوەی بەریتانیدا شتێك بەناوی سوکوتلەندییەکان و ویلزییەکان و ئینگلاندەکانەوە نییەو ئەوەی هەیە تەنها ئەو نەتەوە هەمەکییەیە کە دەوڵەت گوزارشتی لێدەکات، ئەوان بەم بۆچوونەی خۆیان هەموو ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان نەتەوە هەمەکییەکەو نەتەوە بەشەکییەکاندا هەیە نەفی دەکەن و کێشەکە دەگەیەننە بن بەست، لەکاتێکدا لە واقیعدا لەپاڵ نەتەوە هەمەکییەکەدا نەتەوە بەشەکییەکانیش بوونیان هەیەو لەگەڵ نەتەوە هەمەکییەکاندا لە لێکدژییەکی بەردەوامدا دەژین.

بەڵام ئەتنۆسیمبولیستەکان کێشەی جیاوازی نێوان نەتەوەی هەمەکی و نەتەوە بەشەکییەکان بەوە چارەسەر دەکەن کە نەتەوە بەشەکییەکانیش وەك نەتەوە هەمەکییەکە بە نەتەوەی هەمەکی دابنێن و هەمان بەهاو نرخیان پێبدەن، واتە لای ئەوان لەناو دەوڵەتێکدا لەبری نەتەوەیەکی هەمەکیی نەتەوە بەشەکییەکان، چەند نەتەوەیەکی هەمەکی هەن و هیچ لەم نەتەوانە لە هیچ حاڵەتێکدا وەك نەتەوە بوونی خۆی لەدەست نادات و ئەمانە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەبێ کێشە پێکەوە ژیان دەبنە سەر، بەبێ ئەوەی هیچیان لەژێر رکێفی ئەویتریاندا بێت و لەوانی تردا بوونی سەربەخۆی خۆی لەدەست بدات. گەر لە واقیعی دەوڵەت نەتەوەکانی جیهان بڕوانین، پێچەوانەی ئەوە دەبینین کە ئەوان دەیخەنەڕوو، چونکە ئەو نەتەوە بەشەکییەی کە دواتر دەبێتە نوێنەرو دەرخەری نەتەوە هەمەکییەکە، نەتەوەکانی تر ناچار دەکات کە لەناو نەتەوە هەمەکییەکەدا نەفی بوونی هەمەکی خۆیان بکەن و بەشەکی ببنەوە، ئەمەشمان لە نمونەکانی پێشوودا خستەڕوو.

ئەوەی لەناو دەوڵەت نەتەوە نوێکاندا وا دەکات کە لێکدژییەکانی نێوان بوونە هەمەکییەکەو بوونە بەشەکییەکان نەمێنێت، تەنها ئەو جۆرە لە نەتەوەیە کە لەناو عەقڵدا بوونی هەیە، واتە ئەو نەتەوەیەی کە هیگڵ باسی دەکات، ئەویش بەوەی لەکاتی بەشەکی بوونەوەیدا خۆی لەناو چەند نەتەوەیەکدا بەشەکی بکاتەوە کە هەر یەکەیان بەشێوازو چۆنایەتییەکانی خۆی ئەم بەشەکی بوونەوەیە شێوەگیربکات. نەتەوەی هەمەکی لێرەدا هیچ لەو نەتەوە بەشەکیانە نییە کە هەر یەکە بەخۆی هەمەکیەکی سەربەخۆیە، بەڵام لەناو هەر یەکەشیاندا بوونی هەیەو هەریەکەیان لە دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکانیدا دەیخاتەڕوو، کۆی ئەم خستنەڕوانەش، نەتەوەیەکی عەینی و واقیعی نیشان دەدەن کە لە بنچینەدا شێوەگیرکەری

نەتەوە هەمەکییە عەقڵیەکەیە، لێرەدا نەتەوەی هەمەکی بوونێکی عەقڵی هەیەو هیچ لە نەتەوە بەشەکییەکان نییە چونکە عەقڵییە، هەمووشیانە چونکە لەواندا نەبێت عەینی نابێتەوە.

لەڕاستیدا هیچ دەوڵەت نەتەوەیەك لە دەوڵەت نەتەوەکان جەوهەرەکەی نەتەوەیەکی هەمەکی عەقڵی نییەو نەتەوەیەکی بەشەکییەو خۆی عەقڵی کردووەتەوە، تا نەتەوە بەشەکییەکانی تری ناو دەوڵەتەکەی وەك نەتەوەیەکی هەمەکی سەیری بکەن و بەشەکی بکەنەوە، ئەمەش لەپێناو چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی نەتەوە بەشەکییەکانەو ناچارکردنیانە بەوەی ببنە بەشەکی کەرەوەو دەرخەری شوناسی نەتەوە زاڵەکە.

بەشی چوارەم:

# تیۆرەکانی نەتەوەخوازی و
# وێناکردنی کورد وەك نەتەوەیەکی خێڵەکی

جیاوازی نێوان تیۆرە عەقڵی و تیۆری دروستەیی نەتەوە لە لایەکەوە ئەوەیە کە تیۆری عەقڵی وا سەیری نەتەوە دەکات کە بوونەوەرێکی عەقڵییەو دەبێت لە واقعدا بێتەبووە، بەڵام تیۆری دروستەیی واسەیری نەتەوە دەکات کە بوونەوەرێکی دروستەییەو لەلایەن کۆمەڵە ئەندازیارێکی کۆمەڵایەتییەوە نەخشەی بۆ دەکێشرێت و لە زەمینەیەکی شیاودا دروست دەکرێت. لەلایەکی ترەوە تیۆرە عەقڵیەکە بوونی نەتەوە دەکاتە پێش مەرج بۆ بوونی دەوڵەت و دەوڵەت دوای ئەوەی دێتە بوون کە نەتەوە لە ناو کۆمەڵگادا پەیدابووەو پێویستی بەوەیە سنورەکانی بوونی خۆیی لە دەوڵەتدا شێوەگیر بکات ولە بوونەوەرێکی نادیارو ناهەستپێکراوەوە ببێت بە بوونەوەرێکی هەستپێکراو دیار. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بەپێی ئەم تیۆرە دەوڵەت لە نەتەوەوە دێتە بوون و ماهییەتی دەوڵەت بوونی نەتەوەیە. بەڵام بەپێی تیۆرە دروستەییەکە بوونی دەوڵەت پێش مەرجە بۆ دروستکردنی نەتەوە و دەوڵەت نەتەوە لەناوخۆیدا دروستدەکات و گەر دەوڵەت بوونی نەبێت شوێنێك بۆ دروستکردنی نەتەوە بوونی نابێت، بۆیە بەبێ بوونی دەوڵەت ناکرێت بیر لەدروستکردنی نەتەوە بکرێتەوە. واتە دەوڵەت بنەمای دروستکردنی نەتەوەیە.

بەپێی تیۆرە عەقڵییەکە دەوڵەت لە ناو نەتەوەدا بوونی هەیەو نەتەوە دەرکەوت بە بوونی دەوڵەت دەکات و لە ناوەوەی خۆیەوە دەیهێنێتە دەروەی خۆی و لە ناویدا نیشتەجێ دەبێت، بەڵام بەپێی تیۆرە دروستەییەکە نەتەوە بوونێکی ناوکەوتووی ناو دەوڵەتەو دەوڵەت دەرکەوت بە بوونی ناوەکیانەی نەتەوە دەکات.

بۆ تێگەیشتن لەو لێکۆڵینەوانەی کە بەپێی تیۆرە دروستەییەکە لەبارەی نەتەوەخوازیی کوردی و دروستکردنی نەتەوەوە کراون، گرنگە ئەوە بزانین کە بەپێی تیۆرە دروستەییەکە نەتەوەخوازی لەناودەوڵەتدا نەتەوە دروست دەکات و بێ بوونی دەوڵەت ئەو زەمینەیە بوونی نابێت کە نەتەوەخوازی تیایدا دەتوانێت نەتەوە دروست بکات.

بۆیە ئەو نەتەوەخوازیانەی کە دەوڵەتیان نییە گەر بیر لە دروستکردنی دەوڵەت بکەنەوە وەك ئەو ئەندازیارەیان لێدەێت کە بەبێ بوونی پارچە زەوییەکی گونجاو بیر لەدروستکردنی باڵە خانەیەك بکاتەوە. جگە لەمەش ئەو نەتەوەخوازیانەی کە لە دەرەوەی دەوڵەتدا سەریان هەڵداوەو بە زاروەکەی هۆبسباوم نەتەوەخوازیی نادەوڵەتین، ناتوانن دەوڵەت دروست بکەن، چوونکە لەبنچینەدا نەتەوەخوازی کاری دروستکردنی دەوڵەت نییەو کاری دروستکردنی

نەتەوەیەو جگە لەمەش ئەوەی کە نەتەوەخوازی دروستدەکات دەوڵەت خۆیەتی، بۆیە ناکرێت نەتەوەخوازی خۆی سەرقاڵ بکات بە بیرکردنەوەی لەوەی کە دەوڵەت دروست بکات.

کورد دەوڵەتی نییە، بەپێی تیۆرە دروستەییەکەش بزووتنەوە کوردییەکان لەبەر ئەوەی بەرهەمی دەوڵەت نین، بزووتنەوەی نەتەوخوازی ساختەن و نەزۆکن و ناتوانن نەتەوە دروست بکەن، بۆیە هەر لە سەرەتاوە قسەکردن لە سەر نەتەوەخوازیی کوردی و دروستکردنی نەتەوە بەپێی تیۆرە دروستەییەکە کارێکی مەحاڵە.

ئەوەی کە تیۆرە دروستەییەکە دەتوانێت لە بارەی بزووتنەوە کوردییەکانەوە پێمان بڵێت تەنها ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوانە وەك نەتەوەخوازییەکی خەیاڵی و نەزۆك بۆ ئێمە پێناسە بکات و ئەوە روون بکاتەوە کە ئەم نەتەوەخوازییە لەبەر ئەوەی لە ناو دەوڵەتی خۆیدا سەری هەڵنەداوە ناتوانێت نەتەوە دروست بکات و بیرکردنەوەشی لە دروستکردنی دەوڵەتێك بۆ ئەوەی نەتەوەکەی تیا دروست بکات لە ئەفسانەیەك زیاتر نییە. بۆیە تاکە رێگایەك کە لەبەردەم ئەم بزووتنەوانەدا هەیەو رێگایەکی عەقلانی و واقعییە، تەنها ئەوەیە کە رێگە بدەن بەو نەتەوەخوازییە دەوڵەتیانەی کە کۆمەڵگاکەیان بەسەریاندا دابەشکراوە هەریەکەیان پارچەیەکی بخاتە ناو پێکهاتەی ئەو نەتەوەوە کە لەناو دەوڵەتەکەیدا سەرقاڵە بەدروستکردنییەوە.

لەڕاستیدا بەپێی تیۆرە دروستەییەکە لەمە زیاتر لەسەر بزووتنەوە کوردییەکان و دروستکردنی نەتەوە ناوترێت و ئەوەی لەم چوارچێوەیە دەرچێت کارەکەی دەکەوێتە دەرەوەی تیۆرە دروستەییەکە و ئەوەی دەیڵێت بنەما تیۆرییەکەی خۆی لە دەستدەدات.

ئایا بەپێی تیۆرە عەقلییەکە دەتوانین هیچ لە بارەی بزووتنەوە کوردییەکان و دروستکردنی نەتەوەوە بڵێین؟ بەپێی تیۆرە عەقلییەکەش نەتەوە بوونەوەرێکی عەقڵیی زیندووەو بوونەوەرێکی دروستەیی نییە تا دروستبکرێت، لەبەر ئەوە تیۆرە عەقلییەکە ناکرێت هیچمان لە بارەی ئەو نەتەوەخوازیانەوە پێ بڵێت کە لە پێناو دروستکردنی نەتەوەدا پەیدابووەن.

گەر بزووتنەوە کوردیەکانیش وەك ئەو بزوتنەوانەی کە ئامانجیان دروستکردنی نەتەوەیە لە پێناو دروستکردنی نەتەوەدا سەریان هەڵدابێ، ئەوە تیۆرە عەقلییەکە هیچ لێکدانەوەیەکی بۆیان نییە، بەڵام گەر ئەم بزوتنەوانە وەك ئەو بزووتنەوە نەتەوەخوازانە ئامانجیان دروستکردنی نەتەوە نەبێت و لەناو خۆیاندا هەڵگری ئامانجێکی عەقڵی بن، دەتوانین لە رێگەی تیۆرە عەقلییەکەوە لێیان بکۆڵینەوە. بەر لەوەی بەپێی تیۆرە عەقلییەکە لەو بزووتنەوانە بکۆڵینەوە

کە ناونراون نەتەوەخوازیی کوردی، دەبێت لە ئامانجی ئەو بزووتنەوانە بکۆڵینەوەو بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەوەی بووتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوانە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەهەمان ئەو ئامانجەی کە بزووتنەوە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان لە پێناویدا سەریان هەڵداوە یان هەوڵدانە بۆ وەدیهێنانی ئەو بیرۆکە عەقڵییە کە لەناو روحی هەمەکیی کورددا وەك بیرۆکەی نەتەوە بوونی هەیە. دوای ئەوەی ئامانجی بوونی ئەو بزووتنەوانە لەلامان روون بوویەوە، ئەوکات دەتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە ئەو بزوتنەوانە بەشێکن لە پرۆسەی پەیدابوونی نەتەوە یان وەك بزووتنەوەکانی تری دنیا بزووتنەوەی نەتەوەخوازن و کار بۆ ئەو ئامانجانە دەکەن کە نەتەوەخوازییە جیاوازەکانی دنیا بە درێژایی ئەم سەدەیە کاریان بۆکردوون.

گەر ئەو بزووتنەوانە بەشێکبن لە پرۆسەیەکی مێژوویی دوورودرێژ کە بەپێی تیۆرە عەقڵییەکە پرۆسەی پەیدابوونی نەتەوەیە، ئەوە بۆ تێگەیشتن لەم بزووتنەوانە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین سوود لە تیۆرە دروستەییەکە وەرگرین و ئەو لێکۆڵینەوانەش کە تائێستا لە چوارچێوەی تیۆرە دروستەییەکەی نەتەوەخوازی لەم بزووتنەوانەیان کۆڵیوەتەوە نە لەم بزووتنەوانە تێگەیشتوون و نەتوانییویانە هیچیش لە بارەیانەوە بڵێن، ئەوەش کە وتراوە سەرچاوە لە تێنەگەیشتن لە جەهەری ئەم بزوتنەوانەوە گرتووە. ئەوەی دەتوانین سودی لێوەرگرین بۆ تێگەیشتن لە سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوانە، تەنها تیۆرە عەقڵییەکەیەو تەنها بەو چەمکانەش دۆخی ئەم بزوتنەوانە لێکدەدرێتەوە کە تیۆرە عەقڵییەکە دەیانخاتە بەردەستمان.

بەر لەوەی کار لەسەر ناسینی ئەو بزووتنەوانە بکەین کە بە نەتەوەخوازیی کوردی ناسراون، گرنگە ئەو بۆچوونانەی لە بارەی ئەم بزووتنەوانەوە هەن بیانخەینەڕوو و گفتوگۆیان لەسەر بکەین، بە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم بۆچوونانە لەوانەیە بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم بزووتنەوانەش هەمان ئامانجی بزووتنەوە نادەوڵەتییەکانی نەتەوەخوازییان هەبێت. گەر بگەین بە دەرئەنجامێکی لەم جۆرە، ئەو کات لە رێگەی تیۆرە دروستەییەکەوە دەتوانین لێیان بکۆڵینەوەو ئەوە دیاری بکەین کە بۆچی نەیان توانییوە نەتەوە دروست بکەن. یان دەکرێت بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم بزووتنەوانە بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی نین و دەرئامانجێکی تر لە پشت دروستبوونیانەوە هەیە.

گەر بگەین بە دەرئەنجامێکی لەم جۆرەش، ئەوکات لە رێگەی تیۆرە عەقڵییەکەوە دەتوانین لێیان بکۆڵینەوەو ئەوە ئاشکرا بکەین کە سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوانە بەشێکە لەو پرۆسە

گەوریەی کە نەتەوە بەمانا عەقڵییەکەی تیایدا پەیدادەبێت، یان بەشێك نییە لەو پرۆسەیەو لە بارەی بوونی نەتەوەیی کوردەوە هیچمان پێنالێن.

هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە بارەی ئەم بزووتنەوانەوە هەن لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونانە دەرنەچوون کە سەر بەتیۆرە دروستەییەکەن، ئەو لێکۆڵینەوانەش کە دەکەونە دەرەوە تیۆرە دروستەییەکەوە یان لێکۆڵینەوەی مێژووین و حکایەتەکانی ئەم بزووتنەوانە دەگێڕنەوە یان لێکۆڵینەوەی ئایدیۆلۆجین و ئامانجیان دروستکردنی ئایدیۆلۆجیایەکی نەتەوەخوازانەیە.

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەبارەی نەتەوەخوازیی کوردییەوە کراون چ ئەوانەیان لێکۆڵەرە بیانییەکان کردویانن چ ئەوانەی کە لێکۆڵەرە کوردەکان کردویانن، هەموویان لە سنوری ئەو بیرکردنەوە گێلنەرییە دەرنەچوون کە پێی وایە نەتەوەخوازیی کوردی بوونەوەرێکی دروستکردووە لە ناوەوە خێڵەو لە دەرەوە نەتەوەیەو دەتوانرێت ناوی بنرێت نەتەوەی خێڵەکی.

گەر ئەو لێکۆڵینەوانە خۆیان سەرقاڵکردبێت بەسەلماندنی ئەم بیرۆکە گێلنەرییەوە، ئەوە گفتووگۆکردنی ئەم بیرۆکەیەو ئەو عەقڵە دروستەییەی کە لە پشتییەوە هەیە، قسەکردنە لەسەر هەموو ئەو بۆچوونانەی کە سەرچاوە لە هەمان عەقڵی دروستەییەوە دەگرن و بە شێوازی جیاواز جیاواز هەمان ئەو بیرۆکەیە دووپات دەکەنەوە کە بەیانی ئەوە دەکات بزووتنەوە کوردییەکان بە درێژایی ئەم سەدەیە لەبری ئەوەی نەتەوە دروست بکەن بوونەوەرێکیان دروست کردووە کە نەخێڵە نە نەتەوەیە، کەچی لە هەمان کاتدا هەردووکیشیانە.

لەوانەیە گرنگترین و کۆنترینی ئەو بۆچوونانەی کە لە بارەی بزووتنەوە کورییەکانەوە هەن ئەو بۆچوونەی گێلنەر بێت کە لە کتێبی( نەتەوەکان و نەتەوەخوازی) دەیخاتەڕوو، ئەم بۆچوونەی گێلنەر لەوێوە گرنگە کە گێلنەر تەنها لێکۆڵەرێکی ئاسایی بواری نەتەوەخوازی نییە، بەڵکو گرنگترین مەرجەعە بۆ ئەولێکۆڵینەوانەی کە لە بواری نەتەوەخوازیدا ئەنجامدراون، جگە لەمەش گێلنەر ئەم بۆچوونەی خۆی لە چوارچێوەی داڕشتنی تیۆرە مۆدێرنەکەدا دەخاتەڕوو و لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدات بزووتنەوە کوردییەکان وەك جۆرێك لە جۆرەکانی نەتەوەخوازی لەجیهاندا پۆلێن بکات و جیایان بکاتەوە لە نەتەوەخوازییەکانی تر.

گێلنەر لەکارەکەی خۆیدا وەك لێکۆڵەرانی تر بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی مێژووی بزووتنەوە کوردییەکانمان بۆ ناگێڕێتەوەو لە پۆلێنکردنەکەی خۆیدا بۆ نەتەوەخوازییەکانی جیهان باس لە مێژووی نەتەوەخوازی کوردی ناکات، بەڵکو بزووتنەوە کوردییەکان لە ناو

جۆرێك لە نەتەوەخوازیدا پۆلێن دەكات، كە نەتەوەیەكی خێڵەكی دروست دەكەن، ئەم نەتەوە خێڵەكییەش لە ناوەوە خێڵەو لە دەرەوەش خۆی وەك نەتەوە دەنوێنێ، واتە نەتەوەیە بە ناوەڕۆكێكی خێڵەكییەوە.

بۆ ئەوەی بنەمای ئەو بڕیارە بدۆزینەوە كە كورد بە نەتەوەیەكی خێڵكی دەزانێت، دەبێت بە شوێن ئەوەدا بڕۆین كە خێڵە بەراییەكان چۆن پەرەدەسێنن و چۆن دواتر دەبن بەنەتەوە. بۆ ئەمەش دەبێت گەشتێك بە ناو سیستەمی پەرەسەندنی خێڵەكاندا بۆ كۆمەڵگایەكی پەرەسەندووتر لەخۆیان بكەین و ئەوە روونبكەینەوە ئەوەی لەو پەرەسەندنە جیاوازانەی خێڵە بەراییەكان دەمێنێتەوە چییە؟

بەبێ روونكردنەوەیەكی تیۆری ئەم مەسەلەیە ناتوانین ئەوە روونبكەینەوە كە ئەوەی لەو خێڵە بەراییانەی كە كوردییان لێهاتووەتە ئاراوەو تا ئێستا لە كورددا ماوەتەوە چییەو چی وا لە لێكۆڵەران دەكات لەم سەردەمەدا كورد بە نوێنەری خێڵە بەراییەكان بزانن و ناوی بنێن نەتەوەیەكی خێڵەكی.

## ١/٤) خێڵ و دروستكردنی نەتەوە

گێلنەر لە كارەكەی خۆیدا سەرتا باس لە جیاوازییەكانی نێوان كۆمەڵگای كشتوكاڵی و كۆمەڵگای پیشەسازی دەكات و ئەوە روون دەكاتەوە: بە هۆی ئەو دروستە كۆمەڵایەتیەوە كە پەیوەندی كەلتورو دەوڵەت لە ناو ئەو دوو كۆمەڵگایەدا رێك دەخات، ناكرێت كۆمەڵگای كشتوكاڵی بەو كۆمەڵگایە بزانرێت كە نەتەوەكان تیایدا سەرهەڵدەدەن، چوونكە لە ناو كۆمەڵگای كشتوكاڵیدا دروستەی كۆمەڵایەتی ئەو كۆمەڵگایە رێگرە لە بەردەم سەرهەڵدانی كەلتورێكی سەراپاگیرداو بەردەوام كار بۆ ئەوە دەكات سنوری نێوان كەلتورە ناوچەییە جیاوازەكانی ناو خۆی بەهێز بكات، ئەمەش رێگرە لە بەردەم ئەوەدا لە ناو دروستەیەكی كۆمەڵایەتی لەو جۆرەدا رێگە بەوە بدرێت كەلتورێك لەسنوری سیاسی دەوڵەتدا سەراپاگیر بكرێت و نەتەوە بەمە بێتە ئاراوە. بەڵام دروستەی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای پیشەسازی بە پێچەوانەی كۆمەڵگای كشتوكاڵییەوە لەسەر ئەوە دادەمەزرێت كە كەلتورێك لە سنوری سیاسی دەوڵەتدا سەراپاگیر بكرێت و سنوری سیاسی دەوڵەت و سنوری كەلتوری كۆمەڵگا ببێتەوە بەیەك و نەتەوە بە هۆی ئەمەوە بێتە ئاراوە.

نەتەوەخوازی و دروستکردنی نەتەوەکان لای گێلنەر بەشێکی جیانەکراوەی گۆڕانی کۆمەڵگا جیاوازەکانی جیهانە لە کۆمەڵگای کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی. لای ئەو پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگاکان بەبێ بەرگریکردن لەو گۆڕانە ناچێت بەڕێوە. نەتەوەخوازی چۆن وەك هێزێکی ناو دروستەی کۆمەڵگای پیشەسازی کار بۆ ئەوە دەکات لە رێگەی دروستکردنی نەتەوەوە کۆمەڵگا لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵییەوە بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی، لە بەرامبەریدا خێڵیش وەك هێزێکی ناو دروستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کشتوکاڵی دەبێتە هێزێکی بەرگریکەر لە بەردەم ئەو گۆڕانەدا کە نەتەوەخوازی ئەنجامی دەدات و هەوڵدەدات دروستە کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی وەك خۆی پارێزراوبێت و کۆمەڵگاکە وەك خۆی بمێنێتەوە.

لەلایەکەوە نەتەوەخوازیی هێزێکە لەناو پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگای پیشەسازیدا وەك پێداویستییەکی ئەو کۆمەڵگایە سەر هەڵدەدات و کاری ئەوەیە بە کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگای پیشەسازی نەفی هەموو ئەو کەلتورە ناوچەییانە بکات کە کەلتوری کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکەن. ئەمەش لە پێناوی ئەوەدا دەکات جیاوازی کەلتوری نەهێڵێت و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا ناوچەییەکانی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکە وا لێبکات کە بتوانن بە یەکسانی ئەو کەلتورە پیشەییە وەرگرن و لەو کۆتوپەیوەندانە دەربازبن کە لەکۆمەڵگا کشتوکاڵییەکەدا رێگەی لێدەگرن فێری کەلتورێکی تری جگە لەکەلتورە ناوچەییەکەی خۆیان بن.

لای ئەو لە ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا لە فێربوونی کەلتودا، سیستەمێك پەیڕەو دەکرێت کە رێگرە لە بەردەم ئەوەدا هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە بن بە خاوەنی یەك کەلتورو یەك زمان، لە ناو ئەم کۆمەڵگایەدا کۆمەڵە کەلتورێکی جیاواز هەن، مەرجی فێربوونی هەریەك لەو کەلتورانە ئەوەیە کە ئەو کەسە سەر بە کۆمەڵگا ناوچەییەکەی ئەو کەلتورە بێت، واتە ئەندامانی کۆمەڵگا ناوچەییەکانی تر لەبەر ئەوەی ئەندامی کۆمەڵگایەکی ترن و ئەندامی ناو هەمان کۆمەڵگا نین، بۆیان نییە کەلتوری ئەو کۆمەڵگایە فێربن، واتە بۆ فێربوونی کەلتوری ئەو کۆمەڵگایانە پێویستە ئەو کەسە هەڵگری شوناسی ئەو کۆمەڵگایە بێت. بەپێی بۆچوونی گێلنەر کەلتور لە ناو ئەم کۆمەڵگا ناوچەییانەی کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا وەك ئەو موڵکە وایە کە لە باوکی ناو خێزانێك جێ دەمێنێ و ئەوەی کە شیاوی ئەوەیە ئەو موڵکەی بۆ بگوازرێتەوە و ببێت بە خاوەنی راستەقینەی، ئەندامانی ناو ئەو خێزانەن، جگە لە ئەندامانی

ناو ئەو خێزانە کەس بۆی نییە ببێت بە میراتگری ئەو موڵکە بەجێماوە. لەبەرامبەر ئەمەشدا کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگای پیشەسازی پەیڕەوی لە سیستەمێکی تر دەکات کە سیستەمی میرات نییە، ئەم کەلتورە پیشەییە موڵکی کەس نییە و لە باوکێك جێ نەماوە، بۆیە هەموو کەسێك بۆی هەیە ببێت بەخاوەنی، مەرجی خاوەندارییەتییەکەش تەنها ئەوەیە کە ئەو کەسە توانای ئەوەی هەبێت فێری ببێت، کە فێری بوو دەبێت بە موڵکی خۆی و دەتوانێت کاری پێبکات.

دەکرێت بۆچوونەکەی گێلنەر لەبارەی پەیوەندییە کەلتورییەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی بە نموونەیەك روونبکەینەوە، بۆ ئەمەش دەبێت کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی لەشێوەی ئەو کۆمەڵگا کشتوکاڵیانە بێنینە پێش چاومان کە لە سەردەمی خەلافەتە ئیسلامییەکاندا هەبوون، با نموونەی میرنشینێکی ئەو سەردەمە وەرگرین و پەیوەندییە کەلتورییەکانی ناوی دیاریبکەین.

با وادابنێین ئەم میرنشینە لە چەند خێڵێکی گەورەی جیاواز پێکهاتووە، ئەم خێڵانەش لە ژێر فەرمانڕەوایی چینێکی دەسەڵاتداردان کە سەر بە هیچ یەکێك لە خێڵانە نین، کە خەلافەت دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتیکردنەی پێ بەخشیون، با وادابنیین لەپاڵ ئەو کۆمەڵە فەرمانڕەوایەدا گروپێکیش لە زانای ئاینی هەن، ئەوانیش بە هەمان شێوە سەر بەهیچ یەکێك لەو خێڵە گەورانە نین و خەلافەت دایناون تا ڕەوایەتی بدەن بە دەسەڵاتی فرمانڕەواکان. با وادابنین ئەو چەند خێڵەی کە ئەو میرنشینەیان پێکهێناوە هەریەکەیان خاوەنی زمانی خۆی و کەلتورێکی میللی تایبەت بە خۆیەتی و هەریەکەشیان سەرقاڵن بە پیشەیەکی تایبەتەوە کە کەلتورە پیشەییەکەی بەشێکە لە کەلتوری خێڵەکی خێڵەکان. لە بەرامبەر خێڵەکانیشدا با وادابنێین فەرمانڕەواکان و زانا ئاینییەکان خاوەنی کەلتوری باڵای خەلافەتن و زمانی کەلتورەکەشیان زمانی عەرەبییە.

لای گێلنەر لە کۆمەڵگایەکی لەو جۆرەدا ئەندامی هەریەك لەو خێڵانە بە حوکمی ئەندامبوونی لەو خێڵەدا تەنها بۆی هەیە کەلتوری ئاکاری و پیشەیی خێڵەکەی خۆی لەناو خێڵەکەدا وەرگرێت، چوونکە دروستەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی رێگە نادات بە ئەندامی خێڵێك لە خێڵەکان کەلتوری ئاکاری و پیشەیی هیچ خێڵێك لە خێلەکان وەرگرێت، لەهەمانکاتدا ئەندامانی هیچ خێڵێك لە خێڵەکان بۆی نییە کەلتوری ئاکاری و پیشەیی فەرمانڕەواکان و زانا

ئاینییەکان وەرگرێت و ببێت بە ئەندام لە ناو چینی فەرمانڕەوا یان چینی زانا ئاینییەکاندا. بە هەمان شێوەش دروستەی کۆمەڵگاکە رێگە نادات ئەندامێك لە ئەندامانی چینی فەرمانڕەواو چینی زانایان کەلتوری خێڵێك لە خێڵەکان فێرببێت و پەیڕەوی لە ئاکارو پیشەکەی ئەوان بکات.

بەپێی ئەم بۆچوونە لە ناو کۆمەڵگایەکی لەم جۆرەدا چەند شوناسێکی خێڵەکی جیاوازمان هەیە کە کەلتوری ئاکاری و پیشەیی هەریەك لەو خێڵانە دیاری دەکەن، هەرکەسێك هەڵگری شوناسێك لەو شوناسانە بێت ئەوە تەنها لە چوارچێوەی خێڵێك لەو خێلانە دەتوانێت کاربکات و بژێت، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت سنوری کەلتوری خێڵەکەی خۆی ببڕێت. کەلتور لێرەدا وەك میرات وایە لە باوانەکانی خێڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکان.

چینی فەرمانڕەوا و چینی زانا ئاینییەکانیش هەرچەندە هەمان زمان و هەمان کەلتورییان هەیە، بەڵام هەریەکەیان خاوەنی شوناسێکی پیشەیی جیاوازەو نەوەی چینی زانایانی ئاینی دەبێت لە ناو ئەو دەسەڵاتە ناوچەییەدا وەك باوانەکانیان ببن بە زانای ئاینی و شوناسی پیشەیی باوانەکانیان هەڵگرن، چینی فەرمانڕەواش بەهەمان شێوە.

بەپێی بۆچوونەکەی گێلنەر دروستەی ئەم کۆمەڵگا کشتوکاڵییە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە بەردەوام سنوری نێوان ئەم شوناسە جیاوازانە بەهێز بکات و جیاییەکەیان بپارێزێت و ببێتە رێگر لە بەردەم هەر هێزێکدا کە کار بکات بۆ ئەوەی ئەو شوناسە جیاوازانە بکاتەوە بەیەك. بۆ نموونە گەر کەسانێك لەو کۆمەڵگایەدا بیانەوێت زمانە جیاوازەکانی خێڵەکان بکاتەوە بەیەك زمان، ئەوە ئەو کەسانە دژی ئەو رێککەوتنە کۆمەڵایەتییە بوونەتەوە کە کۆمەڵگاکەی لەسەر دامەزراوە.

لە کۆمەڵگایەکی لەم جۆرەدا کاتێك کەسێك کە لەناو یەکێك لەو گروپانەدا لەدایك دەبێت لە گەڵ لەدایکبوونیدا شوناسی گروپەکە هەڵدەگرێت و بەهۆی ئەو شوناسەشەوە تەنها دەبێت کەلتوری ئاکاری و پیشەیی ئەو گروپە وەرگرێت کە شوناسەکەی پێداوە، واتە لەم کۆمەڵگایەدا شوناسی کۆمەڵایەتی پێشدەکەوێت بەسەر وەرگرتنی کەلتوری کۆمەڵایەتیدا. بەهۆی ئەمەشەوە هەر گروپێك لەو گروپانە شوناسەکەی خۆی دەپارێزێت و خۆی لە جیاوازیدا لەگەڵ ئەوانی تردا دەهێڵێتەوە. گێلنەر لەبارەی ئەم کۆمەڵگایەوە دەڵێت: کۆمەڵگای کشتوکاڵی بەوەی کۆمەڵە پسپۆڕییەکی جێگیرو کۆمەڵە گروپێکی لۆجیکی وخوێنی و پیشەیی و پلەداریی جێگیر لە

خۆدەگرێت، دروستەیەکی کۆمەڵایتی روون ودیایکراوی هەیە، توخمەکانی ناوی رێکخراون و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەش نەبوون، کەلتورە لکییەکانی جەخت لەسەر ئەو جیاکارییە دروستەییانە دەکەنەوەو هێزیان پێدەدەن، بەهەرحاڵ بەشێوەیەکی گشتی لەڕێگەی دامەزراندن و جەختکردنەوە لەسەر جیاوازییە کەلتورییەکانی ناوخۆی بەربەست نایێتە سەر رێگەی کاری کۆمەڵایەتی. کۆمەڵگا هەستدەکات گوزارشتکردن لەو جیاکارییە کەلتورییانەو دانپیانانیان شتێکی تەواو گونجاو و شیاوە و دوورە لەوەی دوژمن کاری تیا بەدی بکرێت(٢٧٩).

ئەوەی گێلنەر لە بارەی کۆمەڵگای کشتوکاڵییەوە دەیلێت گوزارشتێکی وردە لە بارەی میرنشینە گریمانەکراوەکەی ناو نموونەکەی ئێمە، ئەمەش یارمەتی خوێنەر دەدات کە لەو دروستە کۆمەڵایەتی و کەلتورییە تێبگات کە گێلنەر بە دروستەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکانی دەزانێت.

دوای ئەوەی ئەوە لەلامان روونبوویەوە کە دروستەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی رێ بەچی دەدات و رێ بەچی نادات، با هەوڵبدەین دروستەی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەش روونبکەینەوە کە بەپێی بۆچوونەکەی گێلنەر رێگە بەوە دەدات نەتەوە دروست بێت و کۆتایی بە جیاکارییە کەلتورییەکانی ناو دروستەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بێنێت. دەتوانین لەسەر نموونەکەی پێشوو سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازی و پەرەسەندنەکەی باس بکەین و بەم شێوەیە روونی بکەینەوە: با وا دابنێین بەهۆی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپاییەوە مۆدێرنزم بە کەلتورەکەی خۆیەوە گەیشتووەتە ناو پایتەختی خەلافەت و کۆمەڵە قوتابخانەو مەڵبەندێك لە ناو پایتەختی خەلافەتدا کراونەتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو کەلتورە. باوا دابنێین کەسانێکی ناو ئەو کۆمەڵگا کشتوکاڵییە ناوچەییەی کەپێشتر باسمان کرد، بە هەر هۆیەك بێت خێڵەکانی خۆیان جێهێشتووەو هاتوون بۆ پایتەخت و دوای کردنەوەی ئەو قوتابخانە نوێیانەو مەڵبەندە روشنبیرییەکان روویانکردووەتە ئەو قوتابخانانەو بوون بە خاوەنی کەلتورە مۆدێرنەکە، باوای دابنێین دوای نەمانی خەلافەت، لەلایەن هێزە کۆلۆنیالیستەکانەوە بەپێی ئەو نەخشەیەی کەهەیانە بۆ دامەزراندنی ئەو جۆرە لە دەسەڵات، بڕیار وایە ئەو کۆمەڵگا کشتوکاڵییە بکرێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، باوادابنێین ئەو نوخبە سیاسییەش کە هەڵی دەبژێرن بۆ

(٢٧٩)ایرنست غیلنر، الامم والقومیە، ص:١٢٧.

فەرمانڕەوایەتیکردنی ئەو کۆمەڵگایە، ئەو کەسانەن کە سەر بە خێڵە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایەن و هەریەکەیان کەلتورە خێڵەکییەکەی خۆی و شوناسە خێڵەکییەکەی خۆی لەدەستداوەو هەموویان بوونەتە خاوەنی یەك شوناس ویەك کەلتور کە کەلتوری کۆمەڵگایەکی پیشەسازییە. بابزانین ئەو کۆمەڵە خوێندەوارەی کە بە یارمەتی هێزە کۆلۆنیالیستەکان بوون بە فەرمانڕەوای ئەم کۆمەڵگا کشتوکاڵییە خێڵەکییە چۆن ئەو کۆمەڵگایە لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکییەوە دەگۆڕن بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی؟

فەرمانڕەوا نوێکانی ئەم کۆمەڵگا کشتوکاڵییە پێشتر هەریەکەیان هەڵگری شوناسی خێڵێك لە خێڵەکان بووەو وەك ئەندامی هەرخێڵێك لە خێڵەکان بەردەوام هەوڵیداوە خۆی جیابکاتەوە لەوانی ترو شوناسەکەی خۆی بەمە بپارێزێت، بەڵام دوای ئەوەی ئەمانە لە قوتابخانە مۆدێرنەکاندا دەبن بەهەڵگری کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگای پیشەسازی و دەستەبەرداری کەلتورە خێڵەکییەکەی خۆیان دەبن، هەموویان دەبن بە هەڵگری یەك شوناس و یەك کەلتور کە جیاوازە لە شوناس و کەلتوری خێڵەکانیان.

ئەمانە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکەی خۆیان بگۆڕن بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی، دەبێت قوتابخانەی نوێ بکەنەوەو زمانێك لە زمانەکانی خێڵەکان بکەن بەزمانێکی ستاندارد بۆ ئەوەی ببێتە زمانی خوێندنی کەلتورە مۆدێرنەکە، گەر ئەمەش نەگونجا، ئەو زمانەی خۆیان کە لە قوتابخانەکانی پایتەختدا کەلتورەکەیان پێ خوێندووە، بکەن بەزمانی خوێندنی کەلتورە مۆدێرنەکەی ناو دەوڵەتە ناوچەییەکەی خۆیان.

دوای ئەوەی لە دیاریکردنی زمانی کەلتورەکە سەرکەوتوو بوون و توانیان ئەو زمانە والێبکەن ببێت بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە، دەبێت هەنگاوێکی تر بنێن ئەویش ئەوەیە قوتابخانەی نوێ بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی هەموو خێڵەکان بەو زمانە کەلتورە مۆدێرنەکە وەرگرن و لە کەلتورە میللییە جیاوازەکانی خۆیان و شوناسە جیاوازەکانیان رزگاریان ببێت و بەهۆی وەرگرتنی ئەم کەلتورەوە بێن بە خاوەنی یەك شوناس و یەك کەلتور.

ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەندازە کۆمەڵایەتییەکەی لای ئەم فەرمانڕەوا نوێیانەیە و کار بۆ دروستکردنی دەکەن، وەك کۆمەڵگا کشتوکاڵییە خێڵەکییەکە شوناسەکەی پێش ناکەوێت بەسەر وەرگرتنی کەلتورەکەیدا، واتە ئەندامەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایەو ئەندامانی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکە بەوەی کە لە ناو ئەم کۆمەڵگا نوێیەدا لەدایکدەبن نابن بەهەڵگری شوناسەکەی

بەڵکو بە وەرگرتنی کەلتورەکەی دەبن بەهەڵگری شوناسەکەی. لەم کۆمەڵگایەدا وەرگرتنی کەلتورەکە مەرجە بۆ ئەندامبوون لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا.

گەر کەسێك لەناو خێزانێکدا لەدایك بێت کە باوانەکانی ئەندامی ئەو کۆمەڵگا نوێیەبن بەوەی کە نەوەی ئەوانە، نابێت بە ئەندامی کۆمەڵگاکەیان، بەڵکو بەوە دەبێت بە ئەندامی کۆمەڵگاکە کە وەك ئەوان لە قوتابخانە نوێکاندا پەروەردە بکرێت و کەلتورە نوێیەکە وەرگرێت. لێرەدا کەلتور شوناسی ئەندامبوون لەو کۆمەڵگایەدا دیاری دەکات نەك بە پێچەوانەوە. بەڵام وەك باسکرا لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکەدا شوناس جۆری کەلتورەکەو زمانەکەی دیاری دەکات، کەسێکیش بەوە دەبێت بە خاوەنی شوناس کە لەناو خێڵێك لە خێڵەکاندا لەدایکبوویێت، بە لەدایکبوونی لەناو ئەم خێڵەدا شوناسی ئەندام بوون لەو خێڵەدا وەردەگرێت و دوای وەرگرتنی ئەم شوناسەش شوناسی ئەو کەسە ئەوە دیاری دەکات کە ئەو کەسە دەبێت چ جۆرە کەلتورێك بەچ زمانێك لە زمانەکانی ئەو کۆمەڵگا کشتوکاڵییە وەرگرێت.

کاتێك لە ناو کۆمەڵگا نوێیەکەدا وەرگرتنی کەلتوری ئەو کۆمەڵگایە دەبێت بەمەرج بۆ شوناسی ئەندامبوون لەو کۆمەڵگایەدا، ئەو کاتە هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی ناو خێڵە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بچێتە ناو پرۆسەی فێربوونی کەلتورە مۆدێرنەکە، پێویستی بە شوناسی خێڵەکەی نابێت، ئەو کەسە سەر بە هەرخێڵێك لە خێڵەکان بێت و زمانەکەی زمانی هەرخێڵێك لە خێڵەکان بێت، ئەمە نابێتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا کە بەزمانی کەلتورە مۆدێرنەکە فێری کەلتورە مۆدێرنەکە ببێت و ببێتە هەڵگری شوناسی ئەو کۆمەڵگا نوێیەی کە فەرمانڕەوا نوێیەکان خەریکی ئەوەن دروستی بکەن.

لەم کۆمەڵگا نوێیەدا لەبەر ئەوەی فێربوونی کەلتور مەرجە بۆ شوناس و شوناس مەرج نییە بۆ فێربوونی کەلتور، هەموو کەسێك بەبێ جیاوازی بۆی هەیە لە قوتابخانە مۆدێرنەکاندا بەزمانی ئەو قوتابخانانە فێری کەلتورە مۆدێرنە پیشەییەکە ببێت و ببێتە هەڵگری شوناسی ئەو کۆمەڵگایە، گێلنەر ئەمەی ناو ناوە یەکسانی کۆمەڵایەتی.

گێلنەر لەبارەی دروستەی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگا نوێیەوە دەڵێت: بوون بە ئەندام لە یەکە ناوچەییەکان و یەکەکانی کار و یەکەکانی تایبەت بە بابەتێکی دیاریکراو ئاسانەو گۆڕانی زۆریشی تیایە، ئەمەش بەگشتی بەندە لەسەر شوناسی ئەندامبوون لەو کۆمەڵگایەدا.

بە کورتی دروستە کۆنەکەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەدا براوەو تا ئاستێکی زۆریش یەکەیەکی تەواو خراوەتە جێگەکەی کە لە ناوەوە هەرەمەکییەو لەناویدا کەلتوری ناوچەیی زۆرکەمن، جگە لە بەربەستێکی زۆرکەم هیچ ئاستەنگێك لە ڕێگای ئەو ڕێکخەرە وابەستەو کارایەدا نییە کە پەیوەندی نێوان تاکەکەس و ئەو کۆمەڵە تەواوە ڕێکدەخات، ئەم کۆمەڵە سیاسییە تەواو و یەکجارییەو بەوەی کە ئاوایە گرنگییەکی زۆر گەورەو تەواو نوێ بەدەست دەهێنێ لە ڕێگەی ئەوەوە کە پەیوەستە بە دەوڵەت و سنوری کەلتورییەوە، لێرەدا نەتەوە گرنگی خۆی پەیدا دەکات بەهۆی ئەوەوە کە کۆمەڵە ناوچەییەکان بەرەبەرە سنورەکانی نێوانیان دەڕمێن و گرنگییەکی زۆرگەورەش بەو جۆرە لە کەلتور دەدرێت کە پشت بە خوێندن دەبەستێ و دەوڵەتیش دەبێتە هەڵگری بەرپرسیاریەتی پاراستنی و سەرپەرشتیکردنی دروستە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو کۆمەڵگایەی  کە سیستەمی خوێندن بووە بە بەشێکی یەکلاکەرەوە جەوهەری لە دروستەکەی... هاوڵاتیان لەم کۆمەڵگایەدا لەدەرەوەی ئەو سیستەمەی خوێندنەوە کە سەراپای سنوری ئەو دەوڵەتەو دەزگای فێرکاری وکەلتورییەکەی تەنیوە ناتوانن هیچ فێر بن و هیچ کارێکیش بکەن[٢٨٠] .

ئەم بۆچوونەی گێلنەر لەسەر ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەی کە خوێندەوارەکانی قوتابخانە مۆدێنەکان کار بۆدروستکردنی دەکەن، ئەوە دەردەخات کە ئەم جۆرە لە کۆمەڵگا وەك کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکەی پێشوو نییەو سنوری نێوان کەلتورە ناوچەییەکانی نێوان خێڵەکان ناهێڵێت و ئەو کەسانەی کە بەهۆی شوناسی خێڵەکی خێڵەکەیانەوە نەیاندەتوانی لە دەرەوەی خێڵەکانی خۆیان هیچ فێربن و هیچ کارێك بکەن، لەم کۆمەڵگا نوێیەدا دەتوانن لە دەرەوەی خێڵەکانیان کەلتورێکی تر و زمانێکی تری جیا لە زمان و کەلتورە خێڵەکییەکەی خۆیان فێربن و بن بە خاوەنی شوناسی کۆمەڵگایەکی گەورتر لە کۆمەڵگا خێڵەکییەکەی خۆیان.

بە بۆچوونی گێلنەر ئەم کۆمەڵگایە دروستەکەی وەك دروستەی کۆمەڵگا خێڵەکییەکان کار لەسەر جیاوازی نێوان کەلتوری خێڵەکان ناکات و بە پێچەوانەوە سنوری نێوان ئەو کەلتورە ناوچەییانە ناهێڵێت و ئەندامەکانیان دەکات بە ئەندام لە ناو کۆمەڵگایەکی گەورەتردا کە کۆمەڵگایەکی نەتەوەییە.

(٢٨٠) بڕوانە : هـ . س : ١٢٨.

بەڵام ئایا ئەمەی گێلنەر دەیڵێت وایە؟ بەراوردکردنەکەی گێلنەر لەوێوە دروستە کە لە نێوان کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیدایە کە لەناوخۆیدا چەند خێڵێکی داخراوی هەڵگرتووە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی کە لە ناو دەوڵەتە مۆدێرنەکان بە ناوی نەتەوەوە دروستکراوە. راستە لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیدا کە هەڵگری چەندەها کۆمەڵگای ناوچەیی و کەلتورو زمانی جیاوازە، دروستەی کۆمەڵگاکە وا بۆی گونجاوە کە پەیڕەوی لە سیستەمێك بکات سنوری نێوان کۆمەڵگا ناوچەییەکان و کەلتورو زمانە جیاوازەکانیان بپارێزێ و لەناو جیاوازیدا بیانهێڵێتەوەو پارێزگاری شوناسە جیاوازەکانیان بکات، بەڵام لە ناو کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی لەو جۆرەدا کە نەتەوەخوازی بە کەلتورە پیشەییەکە دروستیکردووە، دەبێت پەیڕەوی لە سیستەمێك بکرێت کە شوناسی کەلتوریی ئەندامانی کۆمەڵگا ناوچەییەکان بکاتەوە بەیەك و یەکسانی لە وەرگرتنی ئەو کەلتورە پیشەییە پەیڕەو بکات کە کۆمەڵگاکەی پێدروست دەکات. بەڵام ئایا بەراوردکردنی کۆمەڵگای کشتوکاڵی کە کۆمەڵگایەکی سەرو ناوچەییە بە کۆمەڵگایەکی ناوچەیی ناو کۆمەڵگا سەروناوچەییە پیشەسازییەکە بەراوردکردنێکی دروستە؟

کۆمەڵگای کشتوکاڵی وەك کۆمەڵگایەکی سەروناوچەیی و گشتی لەناوخۆیدا لە کۆمەڵە یەکەیەکی ناوچەیی وەك خێڵە گەورەکان پێکهاتووە، واتە خێڵ خۆی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکە نییە، بەڵکو یەکەیەکە لە یەکە پێکهێنەرەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

دروستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا کشتوکاڵییە سەروناوچەییەکە دروستەی کۆمەڵایەتی یەکە پێکهێنەرەکانی نییە، واتە هەمان دروستەی کۆمەڵایەتی خێڵە گەورەکان نییە، دروستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا کشتوکاڵییە سەروناوچەییەکە پەیڕەوی لەو سیستەمە دەکات کە شوناسی یەکە پێکهێنەرەکانی خۆی کە خێڵەکانن لەناو جیاوازیدا بهێڵێتەوەو وا لە هەر یەکێکیان بکات کە لەبەرامبەر ئەوانی تردا جیاوازبێت و پارێزگاری لە جیاشوناسی خۆی بکات، بەڵام ئەو سیستەمەی کە یەکە پێکهێنەرەکانی ناوی خێڵەکانن، پەیڕەوی لێدەکەن، تەواو پێچەوانەی ئەم سیستەمەیە.

سیستەمی ناو خێڵەکان بەردەوام وا کار دەکات کە لەنێوان یەکە بچووکەکانی ناوخۆیدا جیاشوناسی و فرەکەلتوری پەیدا نەبێت، واتە بەردەوام هەوڵدەدات لە ناو یەك شوناس و یەك کەلتورو یەك زماندا بیانهێڵێتەوە، تا خێڵەکە وەك خێڵێکی جیاشوناس و جیا کەلتور لەبەرامبەر خێڵەکانی تری ناو کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکەدا بتوانێت بوونی خۆی بپارێزێت. خێڵ

کە یەکەیەکی ناوچەیی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵییە لەناوخۆیدا پەیڕەوی لە یەکشوناسی و یەککەلتوری و یەکزمانی دەکات، بەڵام لە دەرەوەی خۆیدا و لەناو کۆمەڵگا کشتوکاڵییە سەروناوچەییەکەدا لەگەڵ خێڵەکانی تردا پەیڕەوی لە جیاشوناسی فرەکەلتوری و فرەزمانی دەکات و بەمەش خۆی لە خێڵەکانی تر جیا دەکاتەوە.

گێلنەر لەوە دەچێت لە وەسفکردنی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بەوەی کە پەیڕەوی لە سیستەمی جیاشوناسی دەکات هەڵەی نەکردبێت و لەوەشدا هەڵەی نەکردبێت کە کۆمەڵگای ناو دەوڵەتی نەتەوەیی بەوە وەسفکردووە کە پەیڕەوی لە یەکشوناسی دەکات، ئەوەی ئەو تیایدا کەوتووەتە هەڵەوە بەراوردکردنی کۆمەڵگای کشتوکاڵییە بە کۆمەڵگایەکی ناوچەیی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی کە کۆمەڵگای دەوڵەتە نەتەوەییەکانە.

لە راستیدا ئەو کۆمەڵگا دروستکراوانەی کە گێلنەر بە نەتەوە ناویان دەبات، کۆمەڵگا پیشەسازییەکە نین و وەك خێڵەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی یەکە پێکهێنەرەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازین، بۆیە دەبوایە گێلنەر بەراوردەکە لەنێوان دروستەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی و دروستەی کۆمەڵگاکانی ناو دەوڵەتە مۆدێرنەکان نەکات، بەڵکو بەراوردەکە لەنێوان دروستەی ئەو کۆمەڵگا ناوچەییانەو دروستەی خێڵەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا بکات. یان بەراوردەکە لە نێوان دروستەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییە سەروخێڵەکییەکەو کۆمەڵگا پیشەسازییە سەرونەتەوەییەکەدا بکات، ئەو کات بەراوردەکەی دروست دەردەچوو.

پێشتر ئەوەمان روونکردوە کە خێڵ یەکەیەکە لەیەکەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی، واتە کۆمەڵگای کشتوکاڵی لە رووی دروستەی کۆمەڵایەتییەوە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە خێڵێکی گەورە، لە رووی کەلتوریشەوە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە کەلتورێکی میللی و کۆمەڵە زمانێکی جیاواز کە زمانی ئەو کەلتورانەن و هەر یەك لەم یەکانە لەناوخۆیدا پەیڕەوی لە سیستەمێك دەکات کە داوای یەکشوناسی و یەککەلتوری دەکات، ئەم سیستەمەش سیستەمی ناو خێڵەکانە.

بەڵام خێڵەکان لەدەرەوەی خۆیاندا لەگەڵ یەکتریدا پەیڕەوی لە سیستەمە ناوەکییەکەی ناوخۆیان ناکەن و پەیڕەوی لە سیستەمێکی تر دەکەن کە سیستەمی کۆمەڵگا سەروخێڵەکییەکەیە، ئەم سیستەمەش داوای یەکشوناسی و یەککەلتوریان لێناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە داوای فرەشوناسی و فرەکەلتورییان لێدەکات. بۆیە هەریەك لەو یەکانە دەبێت

لەناوخۆیاندا یەکبوونی خۆیان بپارێزن و لە دەرەوەی خۆیاندا لە بەرامبەر یەکەکانی تردا جیایی خۆیان بپارێزن. یەکبوونی ناوەکییانەی ئەو یەکانەش زامنی جیاییەکەیان لەگەڵ یەکەکانی تردا بۆ دەکات. ئەمەی سەرەوە ئەو دوو سیستەمە روونده‌کاتەوە کە خێڵ لە دەروەی خۆی و ناوەوەی خۆی پەیڕەوییان لێدەکات.

لێرەدا دەتوانین بپرسین: ئایا نەتەوە کە یەکەیەکی ناو کۆمەڵگای پیشەسازییە بەهەمان شێوەی خێڵ هەمان دروستەی کۆمەڵایەتی هەیەو پەیڕەوی لەهەمان ئەو دوو سیستەمە دەکات، یان دروستەیەکی کۆمەڵایەتی تری هەیەو پەیڕەوی لەو دوو سیستەمە ناکات؟ گەر نەتەوەیەك لەو نەتەوە دروستکراوانەی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی کە لەسنوری سیاسی دەوڵەتێکدا دروستکراوە بهێنینە پێش چاومان دەگەینە ئەم دەرئەنجامانی خوارەوە:

نەتەوەیەکی لەم جۆرە لەناوخۆیدا پەیڕەوی لە سیستەمێك دەکات کە لە سنوری دەوڵەتەکەیدا داوای هاوشوناسی لێدەکات و نەتەوەخوازیش بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکات خەڵکی ناو سنوری دەسەڵاتی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە بەرەو ئەوە بەرێت فێری یەك کەلتورو یەك زمان بن و لە ناو کۆمەڵگا نەتەوەییەکەیاندا بەو زمانە گفتووگۆ بکەن و لە هەڵسوکەوتیشیاندا پەیڕەوی لە یاساکانی ئەو کەلتورەبکەن، تا ببنە کەسانێکی هاوشوناس. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم جۆرە لە نەتەوە لەناوخۆیدا هەمان دروستەی کۆمەڵایەتی خێڵی هەیەو پەیڕەوی لە هەمان ئەو سیستەمە دەکات کە خێڵ لەناوخۆیدا هاوشوناسی ناوخۆی پێدەپارێزێت.

کاتێك ئەم نەتەوەیە لە ناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا دەکەوێتە ناو پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، پەیڕەوی لەو سیستەمە ناوەکییەی خۆی ناکات کە داوای پاراستنی هاوشوناسی ناوەکی لێدەکات، بە پێچەوانەوە پەیڕەوی لەو سیستەمە دەکات کە داوای جیاشوناسی لێدەکات. بەپێی ئەم سیستەمە نەتەوە دەبێت لەگەڵ نەتەوەکانی تردا جیاشوناس بێت، چوونکە بەبێ پاراستنی جیاشوناسی خۆی ناتوانێت لە پەیوەندی بەرامبەربوونەوەدا لەگەڵ نەتەوەکانی تردا بمێنێتەوە، نەتەوە بەوە زامنی جیاشوناسی خۆی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا دەکات کە لەناوخۆیدا هاوشوناسی ناو خۆی بپارێزیت، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوەش وەك خێڵ لە ناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی خۆیدا لەناوخۆیدا پەیڕەوی لە هاوشوناسی دەکات و لەدەرەوی خۆیشی پەیڕەوی لە جیاشوناسی دەکات.

ئەم بەراوردەی سەرەوە دەمانگەیێنێ بە دەرئەنجامێکی پێچەوانەی ئەوەی کە گێلنەر لە کتێبەکەی خۆیدا پێی دەگات، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گێلنەر نەیتوانیوە جیاوازی بکات لە نێوان ئەو سیستەمە ناوەکییەی کە نەتەوەو خێڵ لەناوخۆیاندا پەیڕەوی دەکەن لەگەڵ ئەو سیستەمە دەرکییەی کە لەگەڵ هاوجۆرەکانی خۆیاندا لە ناو کۆمەڵگاکەی خۆیاندا پەیڕەوی دەکەن. هەر ئەمەش وایکردووە ئەو سیستەمەی کە خێڵ لەدەرەوەی پەیڕەوی دەکات و داوای لێدەکات لەگەڵ خێڵەکانی تردا جیاشوناس بێت بەراورد بکات لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە نەتەوە لەناوخۆیدا پەیڕەوی دەکات و داوای ئەوەی لێدەکات لەناو خۆیدا هاوشوناس بێت و جیاشوناس نەبێت. گەر ئەویش وەك ئێمە بەراوردەکەی لە نێوان دوو سیستەمە ناوەکییەك و دووسیستەمە دەرکییەکە بکردایە، ئەوە دەگەیشت بەهەمان دەرئەنجامی ئێمە.

بەپێی ئەوەی کە لەسەروە باسکرا، نەتەوە دروستکراوەکان لەراستیدا ئەو بوونەوەرە نوێیە نین کە گێلنەر وەك موعجزەیەك لە موعجزەکانی مۆدێرنیزم باسیان دەکات. بەڵکوو نەتەوە دروستکراوەکان هیچ نین جگە لە خێڵێکی دروستکراو کە لەناو خۆیدا هاوشوناسی خۆی دەپارێزێت و لەدەرەوەی خۆیدا لە بەرامبەر ئەوانی تردا جیاشوناسی خۆی دەپارێزێت.

ئەوەی لەکارەکەی گێلنەردا ماوە روونی بکەینەوە دروستەی کەلتوری و سیستەمی گواستنەوەی کەلتوەرە. گێلنەر جیاوازیەکی تری نێوان کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازی لە دروستەی کەلتوری و سیستەمی گواستنەوەی کەلتوردا دەبینێ کە پەیوەندی بە دابەشکردنی کارەوە لە ناو کۆمەڵگادا هەیە. ئەو بەوەی کە بەراوردەکە لە نێوان یەکەکانی ناو ئەم دوو کۆمەڵگایەدا ناکات کە خێڵ و نەتەوەن، بەراوردەکە دەخاتە نێوان دروستەی کەلتوریی کۆمەڵگای کشتوکاڵی و یەکەیەك لە یەکەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی کە نەتەوەیە، ئەمەش وادەکات ئەو جیاوازییانەی باسیان دەکات نەبن بە جیاوازی لەنێوان دروستەی کاری ئەم دوو کۆمەڵگایە، بەڵکو بن بە جیاوازی نێوان دروستەی کاری ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی و یەکەیەك لە یەکەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی کە نەتەوەیە.

بێگومان گەر ئێمە بەراوردەکەش بخەینە نێوان دروستەی کەلتوری ناو خێڵ و کۆمەڵگای پیشەسازی بەگشتی کە کۆمەڵگای نەتەوەکانە، هەر دەگەین بە هەمان دەرئەنجامی گێلنەر، چوونکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەراوردەکە دەکەوێتە نێوان پەیوەندییە کەلتورییەکانی ناو یەکەکانی کۆمەڵگایەك لەگەڵ پەیوەندییە کەلتورییەکانی نێوان یەکەکانی کۆمەڵگایەکی تر.

کاتێك پەیوەندییە کەلتورییەکانی ناو نەتەوە بەراورد دەکەین بە پەیوەندییە کەلتورییەکانی نێوان خێڵەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی، ئەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە لەیەکەمیاندا پەیڕەوی لە یەککەلتوری و یەکزمانی دەکرێت و لە دووەمیاندا پەیڕەوی لە فرەکەلتوری و فرەزمانی دەکرێت. ئەمە ئەو بەراوردەیە کە گێلنەر دەیکات. گەر ئێمەش بەراوردەکە بخەینە نێوان پەیوەندییە کەلتورییەکانی نێوان نەتەوە دروستکراوەکان لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا لەگەڵ پەیوەندییە کەلتورییەکانی ناو خێڵێك لە خێڵەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی، ئەو کات خێڵ وەك نەتەوە لە پەیوەندییە کەلتورییەکانی ناو خۆیدا پەیڕەوی لە یەکزمانی و یەککەلتوری دەکات و نەتەوە دروستکراوەکان لەپەیوەندییە کەلتورییەکانی نێوانیاندا وەك خێڵەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی پەیڕەوی لە فرەکەلتوری و فرەزمانی دەکەن.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ ئەو دەرئەنجامەی کە گێلنەر لە بەراوردکردنی پەیوەندییە کەلتورییەکانی نێوان کۆمەڵگای کشتوکاڵی وکۆمەڵگای پیشەسازی پێی گەیشتووەو ئەوە روون دەکاتەوە کە کۆمەڵگای پیشەسازی لە پەیوەندییە کەلتورییەکاندا پەیڕەوی یەکزمانی ویەککەلتوری دەکات وکۆمەڵگای کشتوکاڵی لەپەیوەندییە کەلتورییەکاندا پەیڕەوی لە فرەزمانی فرەکەلتوری دەکات، لەوەوە پێی گەیشتووە کە بەراوردەکەی لە نێوان کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازیدا نەکردووە، بەڵکو بەراوردەکەی لە نێوان کۆمەڵگای کشتوکاڵی و یەکەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی کردووە نەك کۆمەڵگای پیشەسازی خۆی کە کۆمەڵگای کۆی یەکەکانە.

کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازی هەردووکیان لە پەیوەندییە کەلتورییەکانی نێوان یەکاکانیاندا پەیڕەوی لە هەمان ئەو سیستەمە دەکەن کە داوای فرەکەلتوری و فرەزمانی دەکات. نەتەوەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی وەك خێڵەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی لەنێوان خۆیاندا پەیڕەوی لە فرەزمانی و فرەکەلتوری دەکەن، بۆ نموونە نەتەوەکانی ناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەریەکەیان زمان و کەلتوری تایبەت بەخۆی هەیەو لە پەیوەندییە کەلتورییەکانی نێوانیاندا فرەکەلتوری و فرەزمانی پەیڕەوە دەکرێت، ئەمەش هەمان ئەو سیستەمەیە کە دەسەڵاتە ناوچەییەکان لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانیدا لە پەیوەندییە کەلتورییەکانی نێوان خۆیاندا پەیڕەوییان کردووە.

لەلایەکی تریشەوە هەریەك لەم نەتەوانە لەناوخۆیدا پەیڕەوی یەکزمانی و یەککەلتوری دەکات، ئەمەش پەیڕەویکردنە لەو سیستەمەی کە میرنشینەکانی سەردەمی خەلافەتی عوسمانی لە پەیوەندییە کەلتورییەکانی ناو خۆیاندا پەیڕەوییان کردووە. بۆیە ناکرێت بڵێین نەتەوە دروستکراوەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی لە پەیوەندییە کەلتورییە ناوەکی و دەرەکییەکانی خۆیاندا پەیڕەوی سیستەمێکی جیاواز لەو سیستەمە دەکەن کە میرنشینە خێڵەکییەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی لەناوخۆیان لە دەرەوەی خۆیاندا پەیڕەوییان کردووە.

گەر ئێمەش وەك گێلنەر هەمان هەڵە بکەین و بەراوردەکە بخەینە نێوان خەلافەتی عوسمانی کە خاوەنی کۆمەڵگاییەکی کشتوکاڵییەو پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە میرنشینێکی خێڵەکی لەگەڵ پەیوەندییە کەلتورییەکانی ناو نەتەوەیەکی دروستکراوی وەك نەتەوەی تورك، ئەوە دەگەین بە هەمان دەرەنجام و وەك گێلنەر بۆمان دەردەکەوێت لە ناو کۆمەڵگای خەلافەتی عوسمانیدا لە نێوان میرنشینە خێڵەکییەکاندا پەیڕەوی لە فرەزمانی و فرەکەلتوری کراوە، بەڵام لە ناو تورکیای ئێستادا پەیڕەوی لەیەککەلتوری و یەکزمانی دەکرێت.

ئەم بەراوردە بەراوردێکی دروست نییە چونکە بەراود نییە لە نێوان میرنشینێکی خێڵەکی ناو خەلافەتی عوسمانی لەگەڵ تورکیای ئێستادا، بەڵکو بەراوردە لە نێوان خەلافەتی عوسمانی کە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی لەگەڵ یەکێك لەو کۆمەڵگا خێلەکیانەی کە نەتەوەیەکی وەك یەکێك لە یەکەکانی ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەی رۆژهەڵاتی ناوەراست لێدروستکراوە کە جێگەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکەی خەلافەتی عوسمانی گرتووەتەوە. ئەمەش جارێکیتر دەمانگەیێنێ بەوەی کە ئەوەی گێلنەر لەبارەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازی پێی گەیشتووە بەرهەمی بەراوردکردنێکی سانکرۆنێکی هەڵەیە.

بابزانین گێلنەر لە دەرئەنجامی بەراوردکردنە هەڵەکەیەوە لەبارەی گواستنەوەی کەلتورو دابەشکردنی کارەوە لە هەردوو کۆمەڵگاکەدا دەگات بەچی؟ گێلنەر بە بەراوردکردنی کۆمەڵگای کشتوکاڵی لەگەڵ یەکەیەکی دروستەیی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی کە ناونراوە نەتەوە، دەگات بەو دەر ئەنجامەی کە فێربوونی کەلتور لە ناو نەتەوەدا یەکسانی تیایەو هەموو کەسێکی ناو ئەو کۆمەڵگایە بەبێ جیاوازی بۆی هەیە کەلتوری پیشەیی ئەو کۆمەڵگایە لە قوتابخانەکاندا فێرببێت. بەڵام لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا کە کۆمەڵگای میرنشینە خێڵەکییەکانە، کەسێك سەر بە هەرخێڵێك بوو دەبێت تەنها کەلتورە خێڵەکیەکەی خۆی

فێرببێت و ببێتە خاوەنی تەنها یەکێك لەو پیشانەی کە لەناو خێڵەکەی خۆیدا هەیە، ئەمەش وایکردووە کەلتوری ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵییەکان یەك کەلتورنەبێت و کەسەکانیش بە یەکسانی هەمان کەلتور  فێر نەبن.

جگە لەمەش لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا کەسی ناو خێڵێك بۆی نییە کەلتوری خێڵێکی تر فێرببێت و ببێت بە خاوەنی پیشەیەك کە لەناو ئەو خێڵەدا هەیەو لەناو خێڵەکەی خۆیدانییەو لە هەمان کاتیشدا بۆی نییە لە خێڵەکەی خۆیدا ئەو پیشەیەی فێری بووە بیگۆڕێت بە پیشەیەکی تر، بۆنموونە فێری شوانی بووە بیگۆڕێت بە گاوانی یان مەیتەری، ئەو کەسە دەبێت تا دەمرێت هەر وەك باوکی شوان بێتییان مەیتەر بێت.

بەڵام لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا هەرکەسێك لەکەسەکان بۆی هەیە پیشەیەك لە پیشەکانی ئەو کۆمەڵگایە فێر ببێت و دەشتوانێت هەرکاتێك ئارەزووی لێبوو لە رێگەی خوێندنێکی کەمەوە بیگۆڕێت بۆ پیشەیەکی تر.

بۆ نموونە کەسێك لە رێگەی خوێندنەوە فێری پزیشکی بووەو لە کۆمەڵگاکەدا رێگەی پێدراوە ببێت بە پزیشك و ماوەیەك خەریکی پزیشکی بووە، بەڵام تاقەتی لەکاری پزیشکی نەماوەو حەزی لەکاری پارێزەرییە، ئەوە بەخوێندنێکی کەم دەتوانێت فێری پارێزەری ببێت و ببێت بە پارێزەرو لەدادگاکاندا بەرگری لە بێ تاوانان بکات. گەر لەو کارەش بێزار بوو حەزی چووە ئەوەی ببێت بە ئەندازیاری بیناسازی ئەوە دروستەی کۆمەڵگاکە رێگەی پێدەدات بە خوێندنێکی کەم ئەو کارەش بگۆڕێت و ببێت بە ئەندازیاری بیناسازی و لەو بوارەدا کار بکات.

ئەم بەراوردەی گێلنەر دروستە بۆ بەراوردکرن لە نێوان کۆمەڵگای کشتوکاڵی و نەتەوەدا کەیەکەیەکی ناو کۆمەڵگای پیشەسازییە نەك کۆمەڵگای پیشەسازی خۆی، گەر بەراوردەکە بکەوێتە نێوان خێڵێکی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی و نەتەوەوە، ئەوە لەناو نەتەوە دروستکراوەکاندا کەسێك چۆن دەتوانێت لە پزیشکییەوە بڕوات بۆ دەرمانسازی و لە دەرمانسازییەوە بڕوات بۆ ئەندازیاری، ئاواش لەناو خێڵێکدا کەسێك دەتوانێت لە شوانەوە ببێت بە گاوان یان ببێت بە ماسیگر. گۆڕانی ئەم پسپۆڕیانە چۆن لەناو نەتەوەدا خوێندنێکی کەمی دەوێت، لەناو خێڵیشدا فێربوونێکی کەمی دەوێت. لەناو خێڵدا چۆن تاکە کەلتورو تاکە زمانێك هەیەو هەموو ئەندامەکانی ناو خێڵ بۆیان هەیە لە خێزانەکانییانەوە ئەو کەلتورەو زمانەکەی فێربن، بەهەمان شێوەش لەناو نەتەوەدا هەرکەسێکی ناو ئەو کۆمەڵگایە لەناو

قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا کە کۆمەڵە خێزانی دروستکراوی گەورەن، دەتوانێت کەلتورو زمانی ئەو کۆمەڵگایە فێرببێت. ئەمەش ئەوە دەگەیێنیٚ جیاوازی لە سیستەمی گواستنەوەی کەلتورو دروستەی دابەشبوونی کار لەناو نەتەوەو خێڵدا نییە، ئەوەی جیاوازە جۆری کەلتورو جۆری پسپۆڕییەکانە نەك سیستەمی گواستەوەو دروستەی دابەشبوونی کار.

کاتێك ئەو جیاوازیانە لەو سیستەم و دروستەیەدا دروست دەبن، بەراوردەکە بکەوێتە نێوان نەتەوەو کۆمەڵگای کشتوکاڵی یان بکەوێتە نێوان خێڵ و کۆمەڵگای پیشەسازی، ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیستەم و دروستەکەیان سیستەم و دروستەی ناو یەکە پێکهێنەرەکانی ئەو دوو کۆمەڵگایەن و ئەوی تریان سیستەم و دروستەی نێوان یەکەکانی دوو کۆمەڵگاکە خۆیەتی.

گەر بەوردی لەو کۆمەڵگا نەتەوەییە رامێنین کە گێلنەر باسی دەکات، دەگەین بەوەی لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو کەسێك دەتوانێت لە رێگەی فێربوونی کەلتورەکەیەوە ببێت بەئەندام، بەڵام هەرکەسێکیش لەو کەسانە دەبێت بەهۆی خوێندن لە قوتابخانەکاندا پسپۆڕی لە پیشەیەك لە پیشەکان پەیدا بکات و ببێتە خاوەنی نەك لەرێگەیەکی ترەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو ئەم کۆمەڵگایەدا یەك زمان و یەك کەلتور هەیە، بەڵام کۆمەڵە پیشەو پسپۆڕییەکی جیاواز هەیەو لە یەك کاتدا کەسێك دەتوانێت خاوەنی پیشەیەك لە پیشەکان بێت و ناتوانێت خاوەنی هەموو پیشەکان بێت، لەو قۆناغەی خوێندندا کە کەسێك دەیەوێت ببێت بە خاوەنی پسپۆڕییەك لە پسپۆڕییەکان، ئەو کەسە دەبێت لە رێگەی وەرگرتنی ئەو کەلتورە بنچینەییەی کە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا هەیە، بووبێت بە خاوەنی شوناسی ئەندامبوون لە کۆمەڵگا نوێیەکەدا، جا رێگەی پێدەدرێت پسپۆڕییەك لە پسپۆڕییەکان فێرببێت و ببێت بە خاوەنی پیشەیەك لەو پیشە جیاوازانەی کە لەو کۆمەڵگایەدا هەن. لێردا بوونی شوناسی ئەو کۆمەڵگایە دەبێتە مەرج بۆ وەرگرتنی کەلتوری پیشەیی ئەو کۆمەڵگایە.

بۆنمونە کەسێك گەر خوێندنی بنەڕەتی لە قوتابخانەکاندا تەواو نەکردبێت، ناتوانێت خوێندنی پیشەیی پیشەیەك لە کۆلێژەکانی زانکۆیەکدا بخوێنیٚ، ئەمەش ئەوە دەگەیێنیٚ ئەو شوناسەی کە خوێندنی بنەڕەتی دەیدات بە هەموو ئەندامێکی ناو کۆمەڵگا، مەرجە بۆ ئەوەی

ئەو کەسە ڕێی پێ بدرێت ببێت بە خاوەنی پیشەیەك لە پیشە بەرزەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە. تەنانەت گەر کەسێك لە قوتابخانەکاندا خوێندنە بنەڕەتییەکە فێرنەبوویێت و فێربوونەکەی تاقینەکرابێتەوەو لەسەر بنەمای ئەو تاقیکردنەوەیە نەبوویێتە خاوەنی بڕوانامەی خوێندنی بنەڕەتی، با لە دەرەوەی قوتابخانەکاندا بە هەر وەسیلەیەك بێت خۆی فێری کەلتورە بنەڕەتییەکەش کردبێت و توانای ئەوەشی هەبێت لەو تاقیکردنەیە دەرچێت، ئەوە بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی پێ نادرێت بچێتە ناو تاقیکردنەوەکەوەو بە دەرچوونی ببێت بە خاوەنی شوناسێکی پیشەیی. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ تەنها کەسانی پەروەردەبووی ناو قوتابخانەکان دەتوانن ببن بەخاوەنی شوناسی ئەو کۆمەڵگایە، نەك هەموو کەسێکی ناو ئەو کۆمەڵگایە.

لێرەدا کێشەیەك بۆ ئەو جیاکارییە دروست دەبێت کە گێلنەر لە نێوان دروستەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی و دروستەی کۆمەڵگای پیشەسازیدا کردوویەتی، بەوەی کە هەموو کەسێك بە وەرگرتنی کەلتورە مۆدێرنەکە دەبێت بە خاوەنی شوناسی ئەندامبوون لەو کۆمەڵگایەداو فێربوونی کەلتور پێش مەرجی ئەوەیە کە کەسێك ببێت بە خاوەنی شوناسی ئەو کۆمەڵگایە.

لەڕاستیدا لەو کۆمەڵگا پیشەسازییەشدا کە گێلنەر باسی دەکات بەهەمان شێوەی کۆمەڵگا خێڵەکییەکان کەسێك ڕێگەی پێنادرێت کەلتوری پیشەیی پسپۆڕییەك فێرببێت گەر لەناو قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا لەدایك نەبوویێت و پەرەوەردە نەکرابێت. گەرکەسێك شیانی ئەوەشی تیابێت پسپۆڕییەك لە پسپۆڕیەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە فێرببێت، بەڵام پەروەردەکراوی ئەو قوتابخانانە نەبێت و هەڵگری شوناسی ئەو قوتابخانانە نەبێت بۆی نییە ئەو پسپۆڕییە فێرببێت. ئەمەش ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا ئەوکەسە کارێکی پیشەیی دەستکەوێت.

بە هەرحاڵ دەبێت ئێمە ئەوە بزانین ڕاستە دروستەی ئەو کۆمەڵگایە شوناسی خێلەکی ناخوێنێتەوەو بۆ ئەندامبوونی کەسێك لەو کۆمەڵگایەدا گرنگ نییە سەر بەچ بنەماڵەو خێڵێکەو بەچ زمانێك دەدوێت، بەڵام ئەوە گرنگە کە سەر بە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بێت و شوناسی ئەو قوتابخانانەی هەڵگرتبێت و بوویێت بە کوڕی ئەو قوتابخانانە.

دروستەی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگا نەتەوەیەش بە هەمان شێوەی کۆمەڵگا خێڵەکییەکان ڕێگە بەکەسێك نادەن ببێت بە ئەندام گەر لەناو قوتابخانەیەك لە قوتابخانەکاندا گەورە نەبوویێت و کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکەی لەو قوتابخانانە وەرنەگرتبێت.

بۆ ئەوەی کەسێك لەم کۆمەڵگا پیشەییەدا ببێت بە خاوەنی پیشەیەك و ئەندامێك لە ئەندامەکانی، لە بری ئەوەی کوڕی خێڵێك بێت و لە ناو خێڵیکدا پەروەردەکرابێت، دەبێت کوڕی قوتابخانەیەکی بنەڕەتی بێت و ئەو قوتابخانەیە شوناسی خۆی پێدابێت، بەبێ ئەم شوناسە ئەو کەسە ناتوانێت بچێتە ناو فێربوونی پیشەیەك لە پیشەکان، گەرچی وەك کوڕانی سەر بەو قوتابخانانەش بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە لەدەروەی قوتابخانەکان هەمان ئەو کەلتورە فێربووبێت کە لە قوتابخانەکاندا قوتابییەکانی پێ فێردەکرێت. گەر کەسێك بۆ نموونە لە بواری زانستێك لە زانستە مرۆییەکاندا پسپۆڕبێت و ئەم پسپۆڕییەی لە زانکۆیەك لەزانکۆکاندا بەدەست نەهێنابێت و لەرێگەی تاقیکردنەوەوە پسپۆڕییەکەی تاقی نەکرابێتەوە، ناتوانێت وەك پسپۆڕێکی بواری کۆمەڵایەتی کاربکات. واتە گەر پسپۆڕییەکەی هەڵگری شوناسێکی زانکۆیی نەبێت، لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا رێگە بە چالاکبوونی نادرێت. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە ئەوەی کە گرنگە خبرەی زانستی وپسپۆڕییەتی نییە لە بوارێك لە بوارەکاندا، بەڵکو ئەو شێوازو زمان و ئەتەکێتە زانستییەیە کە لە زانکۆکاندا بەشێوەی جیاواز جیاواز پەیڕەوە دەرکرێت.

لە زانکۆیەك لە زانکۆکانی جیهاندا گەر کەسێك بییەوێت لە بواری فەلسەفەدا بخوێنێ، ئەوەی پێویستە فێری بێت فەلسەفە نییە، بەڵکو ئەو زمان و  شێوازەیە لە تێگەیشتن لە فەلسەفە کە لەو زانکۆیەدا پەیڕەو دەکرێت، گەر کەسێك لە فەلسەفە شارازابێت و شارەزاییەکەشی لە مامۆستایانی ئەو زانکۆیە بەرزتر بێت، بە شێوازێکی جیاواز لەو شێوازەی کە لەو زانکۆیەدا پەیڕەو دەکرێت لە فەلسەفە تێبگات و نەتوانێت بەو شێوازە لە فەلسەفە تێبگات کە ئەو زانکۆیە پەیڕەوی دەکات، بە هەر هۆیەك بێت ئەو کەسە ناتوانێت بڕوانامەی زانکۆیی ئەو زانکۆیە لە بواری فەلسەفەدا بەدەست بێنێ و بەبێ ئەو بڕوانامەیەش ناتوانێت لە بواری فەلسەفەدا شارەزاییەکەی خۆی چالاك بکات، ئەمە نەك بۆ فەلسەفە بۆ زانستەکانی تریش هەروایە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەوەی کەسێك دەکات بە ئەندامی ئەو کۆمەڵگایە، لێهاتوویی کەسەکە نییە لە بوارێك لە بوارەکانی کەلتورە پیشەییەکەدا، بەڵکو وەرگرتنی ئەو شێوازی کارکردنەیە کە قوتابخانەکان و زانکۆکان بۆ کارکردن لە بوارێك لە بوارەکاندا رەوایەتیان پێداوە. ئەمەش لەراستیدا کۆمەڵگای پیشەسازی تەواو نزیك دەکاتەوە لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی کە کۆمەڵگایەکی خێڵەکانە.

ئەوەی کە گێلنەر ناوی دەنێت یەکسانی کەلتوری لەناو نەتەوەدا، لەڕاستدا هەمان یەکسانی کەلتوری ناو خێڵەکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵییە کە یەکسانی کۆمەڵایەتیە لە فێربوونی کەلتوری پیشەیی ئەو کۆمەڵگایەدا. ئەو یەکسانییە کەلتورییەی ئەو باسی دەکات تەنها بۆ ئەندامانی سەر بە خێزانە دروستکراوەکانی ناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەیە، واتە بۆ ئەو کەسانەیە کە لەمنداڵییەوە لە قوتابخانە بنەڕەتیانەی ئەو کۆمەڵگایەدا بە کەلتورە مۆدێرنەکە پەروەردە کراون.

چۆن لە کۆمەڵگای خێڵەکیدا کەسێك زمان و کەلتوری ئەو کۆمەڵگایە لە دەروەی خێزانەکانی ناو خێڵەکە فێربووبێت بۆی نییە ببێت بە ئەندام لەناو ئەو خێڵەدا، بەهەمان شێوە لەم کۆمەڵگا مۆدێرنەشدا کەسێك لە قوتابخانەکانی ئەم کۆمەڵگایە فێری کەلتورو زمانی ئەو قوتابخانانە نەبووبێت، شوناسی ئەندامییەتی لە کۆمەڵگاکەدا پێنادرێت، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازی لە ڕووی دروستەی کۆمەڵایەتییەوە جیاواز نین و تەنها لە جۆری کەلتورەکەدا جیاوازن.

گەر ئێمە لە ئاستی ئەو کۆمەڵگا نوێیانەی کە بەناوی نەتەوەوە دروستکراون سەیری کۆمەڵگای پیشەسازی نەکەین و بەرز ببینەوە بۆ ئەو ئاستەی کە دەکەوێتە سەرووی ئەم کۆمەڵگا ناوچەییانەوە واتە ئاستە سەرونەتەوەییەکە، بۆمان دەردەکەوێت لە رووی دروستەی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندی نێوان خێڵەکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵی هەمان پەیوەندی نێوان نەتەوەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازییە.

چۆن لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا ئەندامی خێڵێك لە خێلەکان بە زانینی زمان و کەلتوری خێڵێکی تر لە خێڵەکانی هەمان کۆمەڵگا نابێت بە ئەندامی ناو ئەو خێڵە، بەهەمان شێوە ئەندامی ناو نەتەوەیەك لە نەتەوە دروستکراوەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی بە فێربوونی زمان و کەلتوری نەتەوەیەکی تر لە نەتەوەکانی هەمان کۆمەڵگا، نابێت بە ئەندامی ناو ئەو نەتەوەیە. ئەو ڕێگایەش کە لە سەردەمی خێڵەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا لەبەردەم کەسێکی بێگانە بە خێڵێکدا هەبوو تا ببێت بە ئەندامی ناو ئەو خێڵە، هەمان ئەو ڕێگایەیە کە لە سەردەمی نەتەوە دروستکراوەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیدا لەبەردەم کەسێکی بیگانە بە نەتەوەیەك هەیە بۆ بوونی بە ئەندام لە ناو ئەو نەتەوە بێگانەدا. ئەو ڕێگایەش ڕێگای پەنابەرییە.

لە سەردەمی خێڵەکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا گەر کەسێکی ناو خێڵێك بە هەر هۆیەك لە خێڵەکەی خۆی هەڵهاتایەو پەنای ببردایێتە بەر خێڵێکی بێگانە، ئەو خێڵە بیگانەیە بە ڕەچاوکردنی شتانێك ئەو کەسەی پەنا دەداو گەر ئەو کەسەش داوای ئەوەی بکردایە ببێت بە ئەندامی خێڵەکەیان ئەوە لەرێگەی کۆمەڵە ڕێڕەسمێکی تایبەتەوە کەلتورو زمانی خێڵەکەیان فێرەکردو گەر لە تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتوو بوایە دەیانکرد بە ئەندامی خێڵەکەی خۆیان و هەمان ئەرك و مافی ئەندامێکی ناو خێڵەکەی دەبوو.

لە سەردەمی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیشدا ئەم یاسایە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە و کەسێکی بێگانە بە نەتەوەیەك بە هەمان ڕێگا دەتوانێت ببێت بە هەڵگری شوناسی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە، واتە دەبێت سەرەتا وەك پەنابەرێك روو بکاتە ئەو دەوڵەتەو ئەو دەوڵەتە وەك پەنابەر قبوولی بکات و ئەو کەسە وەك کەسە خێڵەکییەکە بە ڕێوڕەسمێکدا بڕوات و لە تەعمیدکرنەکەیدا بە شێوازی ژیانی ئەوان و زمان و کەلتورەکەیان سەرکەوتوو بێت، دوای ئەمانە کەسەکە دەتوانێت رەگەزنامەی ئەو وڵاتە وەرگرێت و ببێت بە ئەندامێکی ئاسایی ناو ئەو کۆمەڵگایە.

ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازی لە رووی دروستەییەوە جیاوازنین و لەرووی کەلتورەوە جیاوازن و ئەو یەکسانیەش کە لەناو نەتەوەیەکی دروستکراودا بۆ ئەندامانی ئەو نەتەوەیە هەیە، لەناو خێڵێکیشدا هەیەو ئەو جیاوازییانەش کە لە نێوان خێڵەکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا هەیە لە نێوان نەتەوەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیشدا هەیەو دروستەی ناوەکی ئەو نەتەوانەش وەك دروستەی ناوکی خێڵەکان جەختکردنەوەو دانەنان بە جیاوازییە کەلتوریی و زمانییەکانی نێوان خۆیان بە شتێکی گونجاوو شیاو دەزانن.

بەپێی بۆچوونی گێلنەر نەتەوە لە پرۆسەی گۆڕانی دروستەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری کۆمەڵگای کشتوکاڵییەوە بۆ دروستەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری کۆمەڵگای پیشەسازی دێتە ئاراوە، بەڵام بەپێ ئەو بەراوردەی کە ئێمە لەسەرەوە لە نێوان دروستەی خێڵ وەك یەکەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی و دروستەی نەتەوە وەك یەکەی کۆمەڵگای پیشەسازی ئەنجامماندا، گەیشتین بەوەی کە ڕاستە دروستەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری کۆمەڵگای کشتوکاڵی جیاوازە لە دروستەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری نەتەوە وەك یەکەی پیکهێنەری کۆمەڵگای پیشەسازی، بەڵام

دروستەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری خێڵەکان کەیەکەی بنچینەی کۆمەڵگای کشتوکاڵین هەمان دروستەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری نەتەوەکانەو خێڵ و نەتەوەی دروستکراو لە رووی دروستەی کۆمەڵایەتی و کەلتورییەوە هیچ جیاوازییەکیان نییە.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوە وەك یەکەی بنچینەیی کۆمەڵگای پیشەسازی هیچ نییە جگە لە خێڵێکی دروستکراو، ئەندامەکانی ناو نەتەوەش شوناسەکەیان پێشدەکەوێت بەسەر فێربوونی کەلتورەکەیانداو گەر پەنابەرێکیش ببێت بە ئەندامی نەتەوەیەکی غەیری نەتەوە دروستکراوەکەی خۆی، ئەویش وەك پەنابەری خێڵەکان دەبێت کەلتوری ئەو کۆمەڵگایە فێر ببێت جا دەبێت بە خاوەنی شوناسی ئەو کۆمەڵگایە.

## ٤/١-١)دروستەی کەلتوری وکۆمەڵایەتی خێڵەکان ونەتەوە دروستکراوەکان

جیاوازی نێوان خێڵ و نەتەوە دروستکراوەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی لە دروستە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکەیاندا نییە، خێڵ و نەتەوە هەردووکیان دوو کۆمەڵگای ناوچەیی ناو دوو کۆمەڵگای سەرووناوچەیین کە کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازین، خێڵ و نەتەوە لەوەدا یەکن کە هەردووکیان کۆمەڵگایەکی ناوچەی ناو کۆمەڵگایەکی سەرووناوچەین، خێڵ کۆمەڵگایەکی ناوچەیی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵییەو نەتەوە کۆمەڵگایەکی ناوچەیی ناو کۆمەڵگای پیشەسازییە. ئەم دوانە بە حوکمی ئەوەی کە یەکەی پێکهێنەری ناو دروستەی کۆمەڵگایەکی گەورەن و ئەو کۆمەڵگایە پێکدێنن، دەبێت لەناوخۆیاندا یەکبوونی خۆیان بپارێزن و لە دەرەوەی خۆیاندا لەبەرامبەر یەکتردا جیاوازییەکانیان بپارێزن، واتە دەبێت لەگەڵ خۆیاندا لەناوشوناسدابن و لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا لە جیاوازیدا بن. ئەمەش یاسایەکی گشتییەو بوونی ئەو بوونەوەرانەی لەسەر دامەزراوە کە پێکهاتەیەکن لە کۆمەڵە یەکەیەکی جیاواز. لەناو ئەم جۆرە لەبوونەوەری دروستەییدا یەکە پێکهێنەرە جیاوازەکانی ئەو بوونەوەرە دەبێت لەگەڵ خۆیاندا لەشوناسدا بن و لە گەڵ یەکتریدا لە جیاوازیدا بن.

نەتەوە و خێڵ لەوەدا یەکن کە یەکەی پێکهێنەری دوو بوونەوەری دروستەیی جیاوازن، خێڵەکان یەکە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵین و نەتەوەکان یەکەی پێکهێنەری کۆمەڵگا پیشەسازییەکانن، ئەوەش وایکردووە هەریەکەیان وەك یەکەی پێکهێنەری ناو بوونەوەرێکی دروستەیی لەگەڵ خۆیدا یەکبێت و لەشوناسدا بێت، لەگەڵ هاوجۆرەکانیشیدا

جیاوازبێت و لە جیاوازیدا بێت. کەواتە خێڵ و نەتەوە لە چیدا جیاوازن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانخاتە ناو گفتوگۆیەکی قوڵەوە لەبارەی پەیوەندییەکانی خێڵ بەنەتەوەوە.

مادەی خاوی دروستکردنی نەتەوەکان خێڵەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵین، ئەمەش ئەو خاڵەیە کە گێلنەر بەهەڵەدا دەبات و لەبری ئەوەی لەرێگەی بەراوردکردنی خێڵ و نەتەوەوە باس لە نەتەوە بکات، لەرێگەی بەراوردکردنی کۆمەڵگای کشتوکاڵی کە پێکهاتەیەکە لە خێڵەکان لەگەڵ  نەتەوە کە یەکەیەکی پێکهێنەری کۆمەڵگای پیشەسازییە باس لە نەتەوە و کۆمەڵگای پیشەسازی دەکات. بۆ ئەوەی جیاوازی لەنێوان کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازیدا بکەین دەبێت جیاوازی لەنێوان یەکە پێکهێنەرکانیاندا بکەین، بۆ ئەوەی باس لەگۆڕانی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بۆ کۆمەڵگای پیشەسازیش بکەین دەبێت باس لەگۆڕانی خێڵ بکەین بۆ نەتەوە.

راستە نەتەوە خێڵێکی گەورە نییەو جیاوازی نێوان خێڵ و نەتەوە جیاوازییەکی چەندی نییە، بەڵام ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە جیاوازییەکەیان چۆنی بێت و جیاوازی بێت لە دروستەی ناوەکیدا. جیاوازی نێوان نەتەوەو خێڵ، جیاوازییە لەو هێزەدا کە بەردەوامی بە بوونیان دەدات، لەناو خێڵدا هۆیەك هەیە بۆ مانەوەی خێڵ وەك خێڵ و لە نەتەوەدا هۆیەکی تر هەیە بۆ مانەوەی نەتەوە وەك نەتەوە. هۆی مانەوەی خێڵ خوێن و کەلتوری میللییە، بەڵام هۆی مانەوەی نەتەوە تەنها کەلتورێکی دروستکراوە.

ئەو جیاوازییە دروستەییانەی کە گێلنەر لە نێوان کۆمەڵگای کشتوکاڵی و نەتەوە باسیان دەکات، گرنگترینیان ئەوەیە: کە کۆمەڵگای کشتوکاڵی پەیڕەوی فرەکەلتوری و فرەزمانی دەکات و نەتەوە بە پێچەوانەوە پەیڕەوی لە یەککەلتوری و یەکزمانی دەکات. ئەم جیاوازییەش جیاوازی نێوان کۆمەڵگای کشتوکاڵی و نەتەوەیە نەك خێڵ و نەتەوە. بەڵام کاتێك بەراوردەکە دەکەوێتە نێوان خێڵ و نەتەوە، ئەم جیاوازییە دروستەییانە نامێنن، چونکە خێڵ لەگەڵ ئەوەشدا کەلتورەکەی کەلتورێکی میللییەو لەرێگەی خوێندنەوە ناگوازرێتەوە، بەڵام کەلتورێکە بەهەمان شێوەی کەلتوری نەتەوە پەیڕەوی لە یەکبوون دەکات و پەیڕەوەی لە فرەیی و جیاوازی ناکات. ئەوەش لای گێلنەر لە دروستکردنی نەتەوەدا پەیوەندی بە کەلتورەوە هەیە ئەوە نییە کە ئەو کەلتورە بەشێوەیەکی سروشتی دەگوازرێتەوە یان لە رێگەی خوێندنەوە دەگوازرێتەوە، بەڵکو ئەوەیە کە پەیڕەوی لە یەکبوون دەکات یان پەیڕەوی لە فرەیی و جیاوازی دەکات.

ئەوەی کە گێلنەر کەلتوری نەتەوەی پێ جیادەکاتەوە لە کەلتوری کۆمەڵگای کشتوکاڵی ئەوەیە کە کەلتوری کۆمەڵگای کشتوکاڵی پەیڕەوی لە فرەیی دەکات و پەیڕەوی لە یەکبوون ناکات، بەڵام کەلتوری نەتەوە پەیڕەوی لە یەکبوون دەکات و پەیڕەوی لە فرەیی ناکات، گەر ئەمە بۆ کۆمەڵگای کشتوکاڵی و نەتەوە دروست بێت ئەوە بۆ خێل و نەتەوە دروست نییە، کەواتە خێڵ و نەتەوە بەچی جیاوازن؟

گرنگترین جیاوازی نێوان خێڵ و نەتەوە بەمانا دروستەبییەکەی ئەوەیە خێڵ بۆ بوونی پشت بە خوێن و کەلتورێك دەبەستێ کە بەرهەمی سروشت و خوێنی خۆیەتی، بەڵام نەتەوە پشت بەکەلتورێك دەبەستێ کە کەلتورێکە نامۆیە بەسروشت و خوێنی ئەو، واتە کەلتورێکی بێ خوێن و بێ سروشتە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوە خێڵێکی بێ خوێن وبێ سروشتە. بەم پێیە بێت نەتەوە لەوێوە بوونەوەرێکی نوێیە کە وەك خێڵ سروشتی نییەو ئەوەی بوونی راگرتووە سروشت و خوێنی ناو جەستەکەی نییە، بەڵکو ئەوەیە کە بە جەستەی بێگانەیەو لە دەرەوەی خۆی بۆی گوێزراوەتەوە. کەواتە ئەوەی لە نەتەوەدا نوێیەو جیای دەکاتەوە لە خێڵ تەنها ئەوەیە کە نەتەوە خێڵێکە کە بەبێ خوێن دروستکراوەو بوونی نەبەستراوە بە سروشتیەوەو بوونی بەستراوە بە دروستکردنییەوە، واتە شتێکە بەدروستکردن هەیە نەك بە سروشت و خوێن. لێرەدا ئەوە روونەبێتەوە کە جیاوازی خێڵ و نەتەوە لەوەدایە: کە خێڵ بوونی بە شتێك راگیراوە کە لەناو خۆیدایەو لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی نەهاتووە، بەڵام نەتەوە بوونی لە شتێکدایە کە لەناو خۆیدا نییەو لە دەروە بۆی هاتووە.

خێڵ لەڕووی بوونەوە بەسروشت هەیەو بنەمای پەرەسەندنەکەی لە ناو خۆیدایە، بەڵام نەتەوە بەدروستکردن هەیەو بنەمای بوون وپەرەسەندنەکەی لە دەرەوەی خۆیدایە. گێلنەر لەم رووەوە بە وردی باس لە بەرهەمە هونەریی و پیشەییەکانی ناو خێڵ و ناو نەتەوە دەکات و دەڵێت: بەرهەمە پیشەییەکان و بەرهەمە هونەرییەکانی لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا خۆماندووکرنێکی زۆرو کارامەییەکی لەرادەبەدەریان دەوێت، جاری واهەیە ئەو بەرهەمانە دەگەن بە ئاستێك لە وردی و کەماڵ کە بێ وێنەیە، بەڵام ئەم بەرهەمانە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا ئەو خاسیەتانە لەدەست دەدەن و دەبن بە بەرهەمێکی ساختەو خراپ(٢٨١).

(٢٨١) بڕوانە : هـ . س :٦٠-٦١.

ئەم بۆچوونەی گێلنەر ئەوە روونده‌کاتەوە کە کارە پیشەیی و هونەرییەکان لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا پێویستیان بە بەهرەیەکی سروشتی هەیەو سروشتکردن بەڵام ئەو کارانە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا پشت بەو بەهرە سروشتییە نابەستن و دەستکردن. ئەم ئاماژەیەی گێلنەر لەهەمان کاتدا ئاماژەشە بەوەی کە خێڵەکان وەك بەرهەمەکانیان سروشتکردن، نەتەوەکانیش وەك بەرهەمەکانیان دەستکردن.

گەر نەتەوە بەوە لە خێڵ جیاواز بێت کە دەستکردەو وەك ئەو سروشتکرد نییە، ئەوە ئەو نەتەوەیەی کە گێلنەر باسی دەکات بەرهەمی پرۆسەی بە دەستکردکردنی خێڵە، واتە نەتەوە هیچ نییە جگە لە خێڵێکی دەستکرد. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە لە خێڵ کەوتووەتەوە، گوڵێکی دەستکرد چۆن لە گوڵێکی سروشتی ناکەوێتەوە ئاوەهاش ئەو خێڵە دەستکردەی کە ناونراوە نەتەوە لە خێڵێکی سروشتی نەکەوتووەتەوە.

خێڵ لە بەرئەوەی سروشتکردەو دەستکرد نییە، ئەوەی لێی دەکەوێتەوە وەك خۆی خێڵە، گەر خێڵێك ژیانێکی دوورودرێژی هەبێت، بە گەورەبوونی ناگۆڕێت بۆ جۆرێکی تر لە بوونەوەر. خێڵ بە مانەوەو پەرەسەندن، نەوەی وەك خۆی دەخاتەوە. خێڵ لە زەمەندا دەبێت بە چەند خێڵێکی جیاوازو کەلتورو زمانەکەشی بە هەمان شێوە دەبێت بە چەند کەلتورو زمانێکی جیاواز، ئەمەش رێگر لەبەردەم ئەوەدا بەو رێگا سروشتییەی کە هەیەتی جۆرەکەی خۆی بگۆڕێت و ببێت بەنەتەوە.

خێڵ وەك زمانە سروشتییەکان و کەلتورە سروشتیییەکان لە بوون و پەرەسەندنی خۆیدا پەیڕەوی لە سیستەمێکی سروشتی دەکات. چۆن زمانێکی سروشتی کە پەرەدەسێنێ دەبێت بە چەند زمانێکی جیاواز، خێڵیش کە پەرە دەسێنێ دەبێت بە چەند خێڵێکی جیاواز، بەهەمان شێوە کەلتورو زمانی خێلیش لە پەرەسەندنی خۆیاندا پەیڕەوی لە هەمان سیستەمی سروشتی پەرەسەندن دەکەن.

خێڵ و زمانی سروشتی و کەلتوری میللی وەك مرۆڤ کە پەرەدەسێنن ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە لە رووی جۆرەوە هەروەك خۆیانە، بەڵام لەرووی ژمارەوە جیاوازە. چۆن لە مرۆڤێك دەکرێت لە مرۆڤێك زیاتر بکەوێتەوە، لەوانیش دەکرێت چەند خێلێك و چەند زمانێك و چەند کەلتورێکی میللی بکەونەوە. ئەوانەش کە لەوان دەکەونەوە تەنها لە رووی چەندییەتییەوە جیاواز نیین لە رووی چۆنییەتیشەوە جیاوازن. ئەوەی خێڵەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە وەك

ئەوەی کە مرۆڤەکان وزمانەکان وکەلتورەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە چۆنایەتییەکانیانن، ئەم بوونەوەرانە کاتێك بە سروشتکردی دەمێننەوەو ناکرێن بە بوونەوەری دەستکرد، لە پەرەسەندنی خۆیاندا لە رووی جۆرە پەیڕەوی لە یەکبوون و شوناس دەکەن و ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە وەك خۆیانە، بەلاّم لەرووی چۆنایەتییەوە پەیڕەوی لە ناهەرخۆیەتی و جیاوازی دەکەن و ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە لە خۆیان جیاوازەو خۆیان نییە. چۆن مرۆڤ لەکاتی گەورە بوونیدا جۆرەکەی خۆی دەپارێزێت خێڵیش چەند گەورەببێت نابێت بەنەتەوەو جۆرەکەی خۆی دەپارێزێت.

گەر جیاوازی نێوان ئەو بوونەوەرە نوێیەی کە گێلنەر بە نەتەوە ناوی دەبات لەگەڵ خێڵدا لەوەدا بێت کە خێڵ سروشتکردبێت و لەبوون و پەرەسەندنی خۆیدا پەیڕەوی لە سیستەمێکی سروشتی بکات، بەلاّم نەتەوە بوونەوەرێکی دەستکردبێت و لە بوون و مانەوەی خۆیدا پەیڕەوی لە سیستەمێکی سروشتی نەکات، ئەوە نەتەوە هیچ نابێت جگە لە خێڵێك کە ئەو سیستەمە سروشتییەی بوون پەرەسەندنەکەی لێدەرهێنراوە کە وای لێدەکات لە پەرەسەندنی خۆیدا چەند نەوەیەك بخاتەوە کە لە رووی جۆرەوە پەیڕەوی لە یەکبوون بکەن و لە ڕووی  چۆنیەتییەوە پەیڕەوی لە جیاوازی بکەن.

نەتەوە لێرەدا خێڵێکی دەستکردەو بە لەسروشتخستنی خێڵێکی سروشتی دروستکراوە، ئەم پرۆسەی دروستکردنەش وەك پرۆسەی دروستکردنی زمانێکی ستاندارده بە لەسروشتخستنی زمانێکی سروشتی.

لە پرۆسەی دروستکردنی زمانێکی ستاندارد ئەوانەی کە زمانەکە دروستدەکەن زمانەکە بەو رێگا سروشتییە دروست ناکەن کە زمانەکان لەسەری دروستبوون، ئەوانەی ئەم زمانە دروستدەکەن لەرێگەی لەسروشتخستنی زمانێکی سروشتییەوە دروستی دەکەن و بەوە زمانەکە دەکەن بە زمانێکی دروستکراو کە ئەوەی لە ناو زمانە سروشتیەکەدا سروشتییە، بە ئیرادەی دروستکردنی کەسە دروستەکەرەکانی نەفی بکەن و زمانەکە لە ژێر فەرمانڕەوایەتی سروشتەوە بخەنە ژێر فەرمانڕەوایەتی مرۆڤ.

ستانداردکردنی زمانێك پرۆسەی گۆڕینی ئەوەیە کە لە زمانێکی سروشتیدا سروشتییە بۆ شتێکی دەستکرد، ئەو کات ئەم زمانە لە زمانێکەوە کە بەسروشت هەیە دەکرێت بە زمانێك کە بە دروستکردن هەیە، بەمەش توانای پەرەسەندن لە دەستدەداو دەبێت بە زمانێکی نەزۆك.

چۆن زمانی ستاندارد زمانێکی داهێنراو نییەو بە گۆڕینی زمانێکی سروشتی بۆ زمانێکی دەستکرد دروستکراوە، ئەو بوونەوەرەی کە گێلنەر ناوی ناوە نەتەوە ئەویش هیچ نییە جگە لە خێڵێکی ستاندارد کە بەگۆڕینی کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و سروشتی بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەیی و دەستکرد دروستکراوە.

پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمانە سروشتییەکان پرۆسەیەکی جیاکراوە نییە لە پرۆسەی بە ستاندارد کردنی خێڵە سروشتییەکان، بۆیە بە ئاسانی دەتوانین لە رێگەی پرۆسەی بەستانداردکردنی زمانە سروشتییەکانەوە لە پرۆسەی بەستاندارد کردنی ئەو خێڵانە تێبگەین کە ناونراون نەتەوە. لای گێلنەر بەبێ کەلتورو زمانێکی ستانداردو خوێندنێکی ستاندارد نەتەوە دروستناکرێت، لای ئەو بە ستانداردکردنی ئەم سیانە پێشمەرجی دروستکردنی نەتەوەن.

یەکێك لەو پرۆسە گرنگانەی کە لە دروستکردنی نەتەوەدا هەن و گێلنەر بە وردی ئاماژەی بۆ دەکات، پرۆسەی خەساندنە. لای ئەو تاکەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایە هەموویان لە رووی گواستنەوەی کەلتورو پیشەکانیان بۆ کەسانی دوای خۆیان دەبێت بە پرۆسەی خەساندندا ببرێن و لەوە بکەون کە لە رووی کەلتورو پیشەوە بتوانن خاوەن کەلتورو خاوەن پیشەی وەك خۆیان بخەنەوە. لەڕاستیدا ئەم پرۆسەی خەساندنە پرۆسەیەك نییە کە لەسەر تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە ئەنجامدرابێت تا توانای گواستنەوەی کەلتورە پیشەییەکەو پیشەکەی خۆیان نەبێت بۆ نەوەکانیان، بەڵکو لەسەر ئەو زمان و کەلتورە ئەنجامدراوە کە بوونی ئەو کۆمەڵگایەی لەسەر دامەزراوە.

پرۆسەی بەستاندارد کردنی کەلتورو زمان پرۆسەی خەساندنی خودی ئەو کۆمەڵگاییەیە کە خاوەنی کەلتورو زمانێکێکی سروشتییە. ئەم کۆمەڵگایە زمانەکەی وەك زمانی سروشتی خێڵ و کەلتورەکەی وەك کەلتوری سروشتی خێڵ ناتوانێت نەوەیەکی نوێ بخاتەوە کە لە رووی جۆرەوە لەشوناسدابێت لەگەڵ خۆیداو لە رووی چۆنییەتیەوە لە جیاوازیدا بێت. کەلتورو زمانی ئەم کۆمەڵگایە تەنها گەورە دەبن و بەهیچ شێوەیەك زیاد ناکەن، جگە لەمەش ئەم کەلتوروو زمانە وەك کەلتوری میللی خێڵ و زمانی سروشتی خێڵ هەرگیز نابن بە کۆمەڵە زمان و کەلتورێکی فرەڕەنگ و بەردەوام پارێزگاری لە یەکڕەنگی خۆیان دەکەن و وەك خۆیان دەمێنەوە، گۆڕان لەناویاندا گۆڕانی چەندییەو گۆڕانی چۆنی نییە. ئەمەش وادەکات لەناوخۆیاندا بەردەوام بەرگری لە یەکڕەنگی خۆیان بکەن و چەند گەورە بن و پەرە بسێنن هەر

وەك خۆیان بمێننەوەو هەرخۆیەتی خۆیان لەدەست نەدەن. ئەمەش لە راستیدا هیچ نییە جگە لە مەحکومکردنی نەوەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە بەهەمان زمان و هەمان کەلتورو سەرکوتکردنی هەر نەوەیەك لە نەوەکان کە ویستی ئەوەی هەبێت لە رێگەی سروشتی خۆیەوە دەست لە یەکڕەنگییەکەیان بدات و بەرو فرەڕنگییان بەرێت.

زمانێك کە دەکرێت بە زمانێکی ستاندارد تەنها بەوە ناکرێت بە زمانێکی ستاندار کە کۆمەڵە رێزماننوسێك رێزمانەکەی بنوسنەوەو قوتابخانە بۆ فێربوونی دروستبکەن، بەڵکو ئەم زمانە دەبێت بەردەوام چاودێری بکرێت و رێگە بگیرێت لەوەی کە جارێکی تر سروشتی مرۆڤ بچێتەوە ناوی و روحی بەبەردا بکاتەوەو بیکاتەوە بەزمانێکی سروشتی.

بەبێ بوونی دەزگایەکی لەو جۆرە کەتوانای ئەوەی هەبێت چاودێریەکی توندی ئەوە بکات کە ئەو زمانە بەرەو ئەوە دەباتەوە ببێتەوە بە زمانێکی سروشتی، زەحمەتە رێگە لەگەڕانەوەی ئەو سروشتە بگیرێت کەلەناویدا دەرکراوە. گێلنەرو دروستەخوازەکانی تر لێرەوەیە دەوڵەت دەکەن بە پێش مەرج بۆ دروستکردنی نەتەوە.

لای گێلنەر بەبێ هێزێکی گەورەی وەك هێزی دەوڵەت زەحمەتە بەرگری لە گەڕانەوەی ئەو هێزە سروشتییە بکرێت کە لەناو کەلتورو زمان و خوێندنی ئەو کۆمەڵگایەدا دەرکراوەو بە یەکجاری بەر نەفرەتی مۆدێرنیزم کەوتووە.

ئەو پێی وایە ویست و کەلتور بنەمای دروستکردنی نەتەوەن، بەڵام بەبێ دەوڵەت ناتوانن بن بە بنەمای دروستکردنی نەتەوە. واتە بەبێ دەوڵەت ئەوەی بەوان دروستدەکرێت ناکرێت پێی بوترێت نەتەوە، هۆی ئەمەش بەوە دەزانێت کە تەنها دەزگایەکی وەك دەوڵەت دەتوانێت کەلتورو زمان و خوێندنی ئەو کۆمەڵگایە لە شەیتانی سروشت بپارێزێت و ببێتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا یەکبوون و یەکڕەنگییەکەی خۆیان لەدەست بدەن و بەرەو فرەڕەنگی و جیاوازی برۆن و ببنە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆمەڵگایەی کە بەدەرکردنی ئەو لەوان دروستکراوە. گێلنەر دەوڵەت وەك بەرجەستەکەری ئیرادە وخوێندن وەك وەسیلەی بەردەوامی لە زەمەنداو کەلتوری هاوبەش وەك هێزێك بۆ مانەوە لە هەرخۆیەتی و شوناسدا بە بنەمای بوونی نەتەوەکان دەزانێت[٢٨٢]. دەوڵەت وەك بەرجەستەکەری ویستی هەمەکی دروستکردنی

(٢٨٢) بڕوانە : هـ . س :١١١و١٨١.

کۆمەڵگا، تەنها ڕۆڵەکەی ئەوە نییە چاودێری کەلتورو زمانی ئەو کۆمەڵگایە بکات و لە شەیتانی سروشت بیپارێزێت، بەڵکو ڕۆڵی راستەقینەی ئەو لە دەرکردنی سروشتە لە ژیانی کەلتوری کۆمەڵگاداو گۆڕینی بەردەوامی ئەو کۆمەڵگایەیە لە کۆمەڵگایەکەوە کە سروشت حوکمی دەکات و بەردەوام بەرەو جیاوازی و ناکۆکی کۆمەڵایەتی و فرەکەلتوری و فرەزمانی دەبات بەرەو کۆمەڵگایەکی ناسروشتیی دروستکراو کە بەردەوام یەکڕەنگی زمان و کەلتورەکەی خۆی دەپارێزێت. بەپێی ئەم بیروباوڕە گەر کۆمەڵگایەك ویستی دروستکردن حوکمی بکات بەردەوام بەرەو یەکبوون و هەرخۆیەتی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و زمانی دەڕوات.

ئەو دەوڵەتە مۆدێرنانەی کە ئەم جۆرە لە کۆمەڵگایان بە ناوی نەتەوەوە دروستکردووە ویستی مرۆڤیان لە بری سروشتی مرۆڤ کردووە بە فەرمانڕەوا بەسەر کۆمەڵگاوە. دەوڵەتیش کە بەرجەستەکەری ویستی دروستکردنە لەمرۆڤداو بەرهەمهێنەری ئەو یەکبوونە زمانی و کەلتورییەیە، کۆمەڵگا بەردەوام لەو هێزە وێرانکەرە دەپارێزێت کە لەسەردەمی دروستکردنی شاری بابل و بورجەکەیدا مرۆڤایەتی پەرتوبلاو کردەوەو ناکۆکی لەنێوانیاندا دروستکرد. دەوڵەت بۆ یەکبوونی ئەم کۆمەڵگایەو پارێزگاریکردنی لەوەی یەکبوونە پێویستە. بوونی دەڵەت مەرجی ئەم جۆرە لەکۆمەڵگایەو ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا جارێکی تر ڕووداوەکەی بابل ڕوویداتەوەو کۆمەڵگا یەکبوونی خۆی لەدەست بدات و توشی فرەزمانی و فرەکەلتوری ببێتەوەو نەتەوەکان ببنەوە بە کۆمەڵە خێڵکی سروشتی.

دەوڵەت بەناوی شەڕکردن لەگەڵ سروشتی مرۆ و پاراستنی یەکبوونی مرۆڤەکان لە شەیتانی دووبەرەکی، توانی ڕەوایەتی بدات بە بەکارهێنانی هێز دژی ئەو خێڵانەی کە لەناوسنوری سیاسی ئەودان و دەیانەوێت بەزمان و کەلتورە جیاوازەکانی خۆیانەوە بژینەوە. ئەمە ئەو بیروباوڕەیە کە هەموو دەوڵەتە مۆدێرنەکان وەك ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت پەیڕەویان لێکردووەو ڕەوایەتییان لێوە وەرگرتووە بۆ سەرکوتکردن و لە ناوبردنی ئەو خەڵکەی کە لەسنوری سیاسی ئەواندا ویستویانە لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا پەیڕەوەی لە کەلتوری خۆیان بکەن و پەیڕەوی لەو کەلتورە نەکەن کە دەوڵەت لە سروشت خاڵی کردووەتەوە.

بەپێی ئەم بیروباوڕە فرەزمانی و فرەکەلتوری لەناو سنوری سیاسی هەر دەوڵەتێکدا هەبوو ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسانی ناو ئەو دەوڵەتە کەسانێکی خێڵەکین و سروشت حوکمیان

دەكات نەك ويستی مرۆڤ. گەر دەوڵەت هەوڵ نەدات كۆتایی بە فرەزمانی و فرەكەلتوری ناو خۆی بێنێ، ئەوە دەبێت بە هێزێك بە دەستی سروشتەوە و دەبێتە مەترسی لەسەر هەموو ئەو دەوڵەتە مۆدێرنانەی كە لە سەر بنەمای ویستی مرۆیی دامەزراون.

ئەم بیروو باوڕەیە وادەكات میللەتێكی وەك كورد -لەگەڵ ئەوەشدا داوای دەوڵەتێكی سەربەخۆ ناكات و تەنها داوای ئەوە دەكات لەناو ئەو دەوڵەتانەی بەسەریاندا دابەشكراوە پەیڕەوی فرەزمانی و فرەكەلتوری بكرێت و لە بری ئەوەی خوێندن بەیەك زمان و یەك كەلتورو یەك سیستەمی سەراپاگیر بێت، خوێندن بە چەند زمانێك و چەند كەلتورێك و چەند سیستەمێكی جیاوازی خوێندن بێت- بە لایەنگرێكی گەورەی سروشت و خێڵ بزانرێت و لەمەشەوە بكرێت بە بەهێزترین ڤایرۆسی ئەو ویستباوڕییە كە دەوڵەتەكانی جیهان لەسەری دامەزراون و دەسەڵاتەكەیان سەرقاڵە بە قەلاچۆكردنی هەر بوونەوەرێك كە دژی ئەو ویسباوڕییە بێت.

ئەم روونكردنەوانەی سەرەوە دەری دەخەن ئەوەی دروستەخوازەكان ناویان ناوە نەتەوە نەك هەر داهێنراوێكی مۆدێرنیزم نییە، بەڵكو دروستكراویكی نوێش نییەو هیچ نییە جگە لە بەستانداردكردنی خێڵ لە رێگەی دەركردنی سروشتەوە لە ناو خێڵدا. گەر نەتەوەش وەك زمان و كەلتورەكەی خێڵێكی ستاندارد بێت، ئەو كات نەتەوە بەرهەمی كۆمەڵگای پیشەسازیی نییە، بەڵكو بەرهەمی ئەو شەڕەیە كە لە نێوان ویستی مرۆڤ و سروشتی مرڤدا هەیە. نەتەوەو دەوڵەتەكەی بەرهەمی سەركەوتنی ویستی زاڵیەتی مرۆڤە بەسەر سروشتیداو خێڵیش بەرهەمی سەركەوتنی سروشتی مرۆڤە بەسەر ویستیدا.

بۆ ئەوەی ئەوە روونبێتەوە كە مەبەستی دروستەخوازەكان لە دروستكردنی نەتەوە چییە، گرنگە درێژە بە بەدواچوونەكانی خۆمان لە بارەی كەلتوری خێڵ و كەلتوری نەتەوە دروستكراوەكان بدەین، بۆ ئەمەش جارێكی تر دەگەڕینە لای گێلنەر و بۆچوونەكەی ئەو لە بارەی ئەو كەلتورە دروستكراوەوە دەخەینەڕوو كە لای ئەو نەتەوەخوازی نەتەوەی پێ دروست دەكات.

گێلنەر كەلتوری میللی بەكەلتورێكی سروشتی دەزانێت و پێی وایە دروستەی كۆمەڵایەتی خێڵەكانی ناو كۆمەڵگای كشتوكاڵی لەسەر ئەم كەلتورە دامەزراوە، ئەو ئەم كەلتورە بە كەلتوری كێوی ناوی دەبات، بەڵام كەلتوری ستاندارد بە كەلتورێكی ناسروشتی و دەستكرد

دەزانێت و پێی وایە نەتەوەخوازی لە ناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا بەم کەلتورە نەتەوە دروست دەکات. لای ئەو دروستەی کۆمەڵایەتی نەتەوەکان لەسەر بنەمای ئەم کەلتورە دروستکراوە دادەمەزرێت و بەبێ بوونی کەلتورێکی لەم جۆرە کە بەرهەمی ویستی دروستکردنی مرۆڤە ناکرێت باس لە بوونی نەتەوە بکرێت. بەپێی ئەم بۆچوونە کەلتوری سروشتی وەك رووەکە کێوییەکان بە شێوەیەکی سروشتی پەیدادەبێت و سروشتیش بەپێی یاساکانی خۆی دەیپارێزێت و بەردەوامی بە بوونی دەدات، بەڵام کەلتوری دروستکراو گەرچی وەك روەکە باخچەییەکان پێشتر کەلتورێکی کێوی بووە، بەڵام بە پرۆسەی دروستکردندا براوەوە بووە بە کەلتورێکی باخچەیی.

کەلتوری باخچەیی لای گێلنەر وەك رووەکی باخچەکان نییە، بەڵکو وەك ئەو روەکانەیە کە لەناو ژینگەیەکی شووشەیی دروستکراودا دەژین. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کەلتور تەنها خۆی بە پرۆسەی دروستکردندا نابرێت ئەو فەزایەش کە ئەو کەلتورە تیایدا توانای مانەوەو بەردەوامی هەیە، فەزایەکی دەستکردەو فەزایەکی سروشتی نییە، بۆیە ناکرێت ئەم کەلتورە بەو روەکانە بشوبهێنرێت کە لە ناو باخچەی ماڵاندا یان لە ناو باخچەکانی شاردا لەناو کەشوهەوایەکی سروشتیدا ژیان بەسەردەبەن، دروستر وایە ئەم کەلتورە بەو روەکانە بشبهێنرین کە لەناو ماڵە شووشەییەکاندا لە بری ئەوەی سوڕی ژیانیان بە پێی وەرزە سروشتییەکانی خۆیان تەواو بکەن، سوڕی ژیانیان لە ناو ئەو وەرزانەدا تەواو دەکەن کە بەشێوەیەکی ساختەو دروستکراو لە لایەن خاوەنەکانیانەوە بۆیان دروستدەکرێن.

ئەم کەلتورانە وەك ئەو ڕووەکانە وان کە دەتوانن لەو وەرزانەشدا بەر بگرن کە ئەو وەرزە نییە ئەوان بەری تیا دەگرن. ئەم موعجزەیەش کە لەم رووەکانە روودەدات بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەو وەرزانەی ئەو روەکانە سوڕی ژیانی خۆیان تیا بەسەر دەبەن وەرزی ساختەو دەستکردن و بە ئارەزووی چاودێرەکان دەسوڕێن.

گێلنەر جیاوازی نێوان کەلتوری خێڵ وکەلتوری نەتەوە بەوە دەکات کە یەکەمیان کێوییەو دوومیان باخچەیی. کەلتوری خێڵ کەلتورێکی کێوییەو بەخۆی بەرهەم دێت و خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، لەمەدا وەك جەستەی مرۆڤ وایە، ئەم جۆرە لە کەلتور بەبێ ئەندازەگیرییەکی هوشیارانەو بەبێ سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردن و بەخێوکردنێکی تایبەت، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەرهەم دەهێنرێتەوە.

بەڵام کەلتوری باخچەیی هەرچەندە لەکەلتوری کێوی کەوتووەتەوە، بەرهەمهاتنەکەی و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی لەنەوەکاندا ئاڵۆزو فرەئەرکە، لە زۆربەی کاتدا پاڵپشتی دەکرێت بە فێرکردن و خوێندن و نوسین و کادری پسپۆڕ، گەر لەو بەخێوکرنە تایبەتەی بگیرێتەوە کە ڕێژەیێکی شیاو لە کادری تەرخانکراو بۆ ئەو کارە لە ڕێگەی دامەزراوەی تایبەتەوە بۆ فێرکردن ئەنجامی دەدەن، تیادەچێت و نامێنێت[(٢٨٣)].

لێرەدا گێلنەر بڕیاری خۆی لەسەر ئەوە دەدات کە کەلتوری خێڵ کەلتورێکی سروشتییەوە بەخۆی پەیدابووەو بەبێ سەرپەرشتی و چاودێری کەسیش لە ڕێگەی سروشتەوە پەرە بەبوون و مانەوەی خۆی لەناو نەوەکاندا دەدات. بەڵام کەلتورە دروستکراوەکەی نەتەوە کەلتورێکە بەخۆی بەردەوامی بەبوون و پەرەسەندنەکەی نادات و بەردەوام دەبێت لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیکردنی کۆمەڵە کەسێکی شارەزادا بێت و ئەو کەسانە بەردەوامی بە بوون و پەرەسەندنەکەی لە ناو نەوەکاندا بدەن.

ئەوەی لای گێلنەر گرنگە تەنها ئەوەنییە کە کەلتوری خێڵ کەلتورێکی بێ خاوەن و بێ سەرپەرشتیارەو کەلتوری نەتەوە کەلتورێکە بەردەوام پێویستی بە خاوەن و سەرپەرشتیار هەیە، بەڵکو ئەوەشە ئەوەی دەبێت بە خاوەن و بەخێوکەری ئەو کەلتورە دروستکراوە کێیە؟ لە ڕێگەی وەڵامی ئەم پرسیارەوە ئەوە روون دەکاتەوە کە دەوڵەت تاکە خاوەن و تاکە دروستکەری ئەم کەلتورەیە و ئەمەش وادەکات دەوڵەت پێش مەرجی نەتەوە بێت.

لای ئەو کەلتورێکی لەو جۆرە بە گروپە بچوکوکان دروستناکرێت و ناپارێزرێت. ئەوەی توانای خاوەنداریکردن و سەرپەرشتیکردن وپارێزگاری کردنی ئەم کەلتورەی هەیە دەوڵەتە. دەوڵەت لای ئەو تاکە دەزگایەکە کە دەتوانێت ئەو فەزا کەلتورییە دەستکردە بپارێزێت و بەردەوامی بە گواستنەوەکەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بدات. ئەو دان بەوەدا دەنێت کە لەکۆمەڵگای پیشەسازیدا جگە لە کەلتوری خێڵ کە کەلتورێکی کێویی و سروشتییە کەلتوری باخچەیی و دروستکراویش بوونی هەیەو نموونە ئەم جۆرە لە کەلتور بە کەلتوری مەزهەبی دەهێنێتەوە. کەلتوری مەزهەبی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان لای ئەو کەلتورێکی دەستکردو باخچەییەو ئەویش خاوەن و سەرپەرشتیاری خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لەو

---

(٢٨٣) بڕوانە : هـ . س : ١٠٢.

کەلتورە دروستکراوەی کە نەتەوەخوازی نەتەوەی پێدروست دەکات، خاوەنەکانیانە. کەلتوری دروستکراوی کۆمەڵگای کشتوکاڵی گەر کەلتورێکی مەزهەبی بێت، ئەوە دامەزراوە ئاینییەکانی وەك کەنیسەکان و مزگەوتەکان خاوەنداری دەکەن و کەشوهەوا ستانداردو دەستکردەکەی لە رێگەی پیاوانی مەزهەبیی پسپۆڕەوە دەپارێزن و لە ناو نەوەکاندا بەردەوامی بە بوونی دەدەن.

ئەم دامەزراوە ئاینیانەش جیاوازن لە دامەزراوەیەکی سیاسی وەك دەوڵەت، راستە ئەم دامەزراوانە لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتدان، بەڵام زۆرجار لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتدا وەك دەسەڵاتێکی جیاواز راوەستاون و کەوتوونەتە ناو ململانێی دەسەڵاتەوە.

لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا دەسەڵاتی سیاسی نەبووە بە خاوەن و پارێزەری کەلتوری مەزهەبی پیاوانی ئاینی، پەیوەندی دەسەڵاتی سیاسی بەم کەلتورە مەزهەبییەوە تەنها ئەوە بووە کە رەوایەتی بۆ دەسەڵاتەکەی لێوەرگرتووە، بەڵام ئەو کەلتورە دروستکراوەی کە نەتەوەی پێدروستدەکرێت، بە بۆچوونی ئەو کەلتورێکە تەنها دەسەڵاتی سیاسی توانای ئەوەی هەیە ببێت بە خاوەن و پارێزەری، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم کەلتورە توانایەکی دنیایی زیاتر لەو توانایەی دەوێت کە گروپێك لە گروپەکان هەیانەو تەنها گروپی فەرمانڕەوای ناو دەوڵەت توانای ئەوەی هەیە کە خاوەنداریەتی و پارێزگاریکردنی ئەم کەلتورە بگرێتە خۆی، ئەویش بە هۆی ئەوەوە کە دەوڵەت لە ژێر دەستیایەتی.

گێلنەر پەیوەندی نێوان ئەو کەلتورەی کە نەتەوەخوازیی نەتەوەی پێدروستدەکات لەگەڵ دەوڵەتدا دەکاتە خاڵێکی جیاکەرەوەی ئەم کەلتورە لەگەڵ ئەو کەلتورە دروستکراوەی کە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا وەك کەلتوری چینی خوێندەوارو چینی فەرمانڕەوا بوونی هەیەو ئەوان جیادەکاتەوە لەو خێلانەی کە هەریەکە کەلتوری تایبەت بەخۆی هەیە. جگە لەوەی لە رێگەی ئەو پەیوەندییەوە ئەو دوو کەلتورە لە یەکتر جیادەکاتەوە، دەوڵەتییش دەکاتە کارایەکی ناراستەوخۆی نەتەوە و دەڵێت: هەموو کەلتورێکی باڵا دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆی دەوێت[٢٨٤]. گێلنەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت ئەو کەلتورە دروستکراوەی کە نەتەوەخوازی نەتەوەی پێدروست دەکات، دەبێت کەلتورێکی دەستکردبێت و ئەو کەسانەش کە ئەو کەلتورە

(٢٨٤) بڕوانە : هـ . س :١٠٢.

وەردەگرن، دەبێت وەك ئەو رووەكانە وابن كە وایان لێكراوە تەنها لەو ژوورە شووشەییە تایبەتەدا بتوانن هەناسە بدەن و بژین كە كەشوهەواكەیان كەشوهەوایەكی سروشتی نییەو كەشوهەوایەكە بەپێی بەرنامەیكی دیاریكراو دروستكراوە. بەپێی ئەم بۆچوونە كەسێك نابێت بە ئەندامی ئەو نەتەوەیەی كە بەو كەلتورە دستكردە دروستكراوە گەر لە لایەكەوە توانای ئەوە لەدەست نەدابێت لە كەشوهەوای سروشتیی كەلتوری خێڵدا بژی و لەلایەكی ترەوە توانای ئەوەی پەیدانەكردبێت كە لەناو كەشوهەوای دەستكردی كەلتوری نەتەوەدا بژی.

ئەم جۆرە لە تاكەكەس كە لە كەشوهەوای ئەو كەلتورە دەستكردەدا دەژی، لە پەیوەندییەكی توندایە لەگەڵ دەوڵەتدا، چونكە دەوڵەت خاوەنی ئەو ژوورە شووشەییەیە كە ئەو دەتوانێت تیایدا بژی وهەناسە بدات. گێلنەر پێی وایە هەر ژوورێكی شووشەیی لەو جۆرە دەبێت دەوڵەتێك خاوەنداری بكات. لە ناو جیهانیشدا چەند دەوڵەتێك هەن و هەر یەكەیان ژوورێكی شووشەیی تایبەت بە خۆی دروستكردووەو لەگەڵ ئەوەشدا كەشوهەوا كەلتورییە دروستكراوەكانی ناو ژوورە شووشەییەكان بەپێی ئەندازەگیریەكی هاوبەش دروستكراون، بەڵام لە شیوازی دروستكردنەكەیاندا جیاوازن و زۆرجار ئەم جیاوازیانەش بە ئەنقەست دەدرین بە رواڵەتی ژوورە شووشەییەكان.

گێلنەر دان بەوەدا دەنێت كە هەر نەتەوەیەكی دروستكراوی ناو ئەو ژوورە شووشەیانە لەگەڵ ئەوەشدا سیمایەكی هاوبەشی لەگەڵ هەموو نەتەوەكانی تری ناو ژوورە شووشەییەكاندا هەیە، خاوەنی سیمای تایبەتی خۆشیەتی و ئەمەش وایكردووە ئەو بووەنەوەرە دروستكراوانەی ناو شوشەكان لەیەكتر جیاوازبن و لە ئاستی كۆمەڵگا پیشەسازییە سەرونەتەوەییەكەدا پەیڕەوی فرەكەلتوری بكەن ولە ئاستی ناوەكی خۆشیاندا پەیڕەوی لە شوناس و یەككەلتوری بكەن(٢٨٥).

گێلنەر چاوپۆشی لەو فرەكەلتورییەی كۆمەڵگای پیشەسازی دەكات كە لە ئاستە سەرونەتەوەییەكەی كۆمەڵگای پیشەسازیدا پەیڕەو دەكرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەدایە ئەو راستییە بشارێتەوە كە بۆ كۆمەڵگایەكی سەروناوچەیی وەك كۆمەڵگای پیشەسازی، فرەكەلتوری لە ئاستە سەرونەتەوەییەكەدا زەرورەتێكی دروستەییە بۆ یەككەلتوری لە ئاستە

(٢٨٥) بڕوانە : هـ . س : ١٠٣.

نەتەوەییەکەدا. ئەو دەیەوێت ئەو باوڕە لای ئێمە دروستبکات کە دروستەی کۆمەڵگای پیشەسازی لە هیچ ئاستێکدا قبووڵی فرەکەلتوری ناکات و دوا ئامانجی ئەوەیە کە لە ئاستە سەرونەتەوەییەکەدا یەکبوونی کەلتوری دروست بکات و فرەکەلتوری لە ناو جیهاندا نەهێڵێت. ئەو گەر گریمانەی ئامانجێکی لەو جۆرە لە پەرەسەندنی کەلتوری کۆمەڵگای پیشەسازی نەکات و دان بەوەدابنێت کە پەیڕەوکردنی یەککەلتوری لە ئاستی ناوچەیدا زەروورەتێکە بۆ پەیڕەوکردنی فرەکەلتوری لە ئاستی جیهانیداو ئەمەش فرەکەلتوری لە ئاستە جیهانییەکەدا کردووە بە مەرجی بوونی ئەو جۆرە لە کۆمەڵگا کە بە کۆمەڵگایەکی سەروناوچەیی و جیهانی دەبینرێت، ئەوە ناتوانێت لە رووی دروستەییەوە باس لەوە بکات فرەکەلتوری لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا زەروورەتەو لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا زەروورەت نییە، لەمەشەوە ناگاتە ئەو بڕیارە قورسەی کە: لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا ناکرێت نەتەوە سەرهەڵبدات و دەبێت سەرهەڵدانەکەی دواکەوێت بۆ ئەو سەردەمەی کە ئەو کۆمەڵگایە دەبێت بە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی.

گەر بەوەردی لە دروستەی ناوچەیی و سەروناوچەیی هەردوو کۆمەڵگاکە رامێنین دەگەین بەو راستییەی کە هەردوو کۆمەڵگاکە بەوەی کە کۆمەڵگای سەروناوچەیین، دروستە ناوچەییەکەیان دەخوازێت لە ئاستی ناوچەییدا پەیڕەوی لە هەرخۆیەتی و شوناس بکەن و لە ئاستی سەروناوچەیدا پەیڕەوی لە جیاوازی و جیاشوناسی بکەن. ئەمەش دەمانگەیێنێ بەوەی کە جیاوازی کەلتوری تەنها خاسیەتی کۆمەڵگای کشتوکاڵی نییەو خاسیەتی کۆمەڵگای پیشەسازیشەو لە هەمان کاتدا یەکبوونی کەلتوریش بە تەنها خاسیەتی کۆمەڵگای پیشەسازی نییەو خاسیەتی کۆمەڵگای کشتوکاڵیشە، هەردوو کۆمەڵگاکەش دروستە ناوچەییەکەیان یەکبوونی کەلتوری دروستدەکات و دروستە سەروناوچەییەکەیان فرەکەلتوری و جیاوازی کەلتوری دروست دەکات، بۆیە باسکردنی هەر جیاوازییەکی دروستەیی لە نێوان ئەم دوو کۆمەڵگایەدا ئەوە دەگەیێنێ کە دروستەی سەرووناوچەیی ئەم دوو کۆمەڵگایە لەدروستە ناوچەییەکانیان جیانەکراوەتەوە.

گێلنەر لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوەدا دەنێت کە کۆمەڵگای پیشەسازیش وەك کۆمەڵگای کشتوکاڵی لە ئاستە سەروناوچەییەکەدا فرەیی تێدەکەوێت و ناتوانێت پەیڕەوی لە یەکبوون بکات، بەڵام دان بەوەدا نانێت کە ئەوەی وادەکات لە ئاستە سەروناوچەییەکەدا کۆمەڵگای

پیشەسازی هەڵگری فرەیی بێت، دروستەی ئەو کۆمەڵگایە بێت، بەڵکو ئەو پێی وایە ئەوەی بووەتە هۆی ئەوەی فرەیی بێتە ئاراوە ناکامڵی ئەو کۆمەڵگایەیەو ئەو ئاستەنگانەیە کە بەهۆی مانەوەی ئاسەوارەکانی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەوە هاتوونەتەوە سەر ڕێگای گەشە کردنەکەی. ئەو بەمە دەیەوێت بڵێت فرەرەنگی بۆکۆمەڵگای کشتوکاڵی لەئاستە سەروناوچەیەکەدا زەروورەتێکی دروستەییەو لە پەرەسەندنی ئەو کۆمەڵگایەدا ئەم فرەییە ئامانجە، بەڵام لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا فرەیی لەئاستە سەروناوچەییەکەدا زەروورەتێکی دروستە کۆمەڵایەتییەکە نییەو هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستەنگانەی کە هاتوونەتە بەردەم گەیشتنی بە ئامانجەکەی خۆی. بەڵگەشی بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئامانجی ئەوڵ و ئاخری ئەم کۆمەڵگایە گەیشتنە بە یەکبوونێکی سەروناوچەییی و گۆڕینی جیاشوناسییە لەنێوان ناوچەکاندا بۆ یەکشوناسی.

ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: کۆمەڵە هۆکارێکی روون وئاشکرا هەن بۆ سەرهەڵدانی ئەم فرەییە نوێیە، سەردەمی پیشەسازی یەکە سیاسییەکان و یەکە کەلتورییە بەرز(دەستکرد) ونزم(سروشتی)ەکانی بە میرات لە سەردەمەکەی پێش خۆیەوە بۆ ماوەتەوە، هۆکارێکیش نییە بۆ ئەوەی کە پێویست بکات لەپڕ ئەو یەکانە هەموویان ببنەوە بەیەك، بەڵام هۆکاری تر هەیە بۆ ئەوەی ئەو یەکانە لە پڕ نەبنەوە بەیەك، ئەو هۆکارەش ئەوەیە شێوازی بەرهەمهێنان یان دابەشکردنی کار لەیەك کات و بە هەمان شێواز نەگەیشتووەتە هەموو ناوچەکانی جیهان، تا یەکبوونی یەکە کەلتوریی وسیاسییە جیاوازەکان زەروریێت وزەرورەت وابکات ببنەوەبەیەك و لەجیهاندا فرەیی نەمێنێ(٢٨٦).

ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەو چاوەڕێی ئەوە دەکات گەر کۆمەڵگای پیشەسازی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا بگات بە پەرەسەندنی تەواوی خۆی، یەك دەوڵەتی جیهانی و یەك کەلتوری جیهانی جێگای ئەو هەموو کەلتورە جیاوازانەو دەوڵەتەکانیان بگرێتەوەو ئیتر فرەیی وجیاشوناسی لەنێوان کەلتورەکان و دەوڵەتەکاندا نەمێنێ و مرۆڤایەتی سەرکەوێت بەسەر سروشتی خۆیداو ئەو خەونە تەوراتییەو ئەو ئامانجە دێرینەی خۆی وەدی بهێنێ کە بابلییەکان بە هۆی نەفرەتی سروشتەوە لەسەردەمی دروستکردنی بورجی بابلدا نەیانتوانی وەدی بێنن.

---

(٢٨٦) بڕوانە : هـ . س : ١٠٣.

ئایا لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگای پیشەسازی و سەپاندنی یەکبوونی کەلتوری و قەلاچۆکردنی فرەیی و جیاوازی لە کەلتوردا، سروشت هێزی زیاتری پەیدا کردووەو جیاوازی زیاتری خستووەتە ناو کەلتورەکان یان سروشت بەرەبەرە بەهۆی ئەم پەرەسەندنەوە پاشەکشەی زیاتر کردووەو وەك روحێکی بێگانەو پیس لە جەستەی مرۆڤایەتی هاتووەتە دەرەوە و گەڕاوەتەوە بۆ ناو ئەو شەیتانەی کە دووبەرەکی و ناکۆکی لە ناو مرۆڤایەتیدا دروستدەکات؟ ئەمە ئەو پرسیاریە کە دروستەخوازەکان و مۆدێرنیستەکان تا ئێستاش سەرقاڵن بە وەڵامدانەوەیەوە. بابزانین وەڵامی گێلنەر بۆ ئەم پرسیارە چییە؟

ئێمە ئەوەمان باسکرد کە گێلنەر نە لەئاستی ناوچەییداو نە لەئاستی سەروناوچەییدا فرەیی و جیاوازیی کەلتوری بە زەرووڕەتێکی دروستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای پیشەسازی و مۆدێرنیزم نازانێت و پێی وایە دوا ئامانج لە پەرەسەندن و بەرەوە پێشچوونی کۆمەڵگای پیشەسازیدا ئەوەیە ئەو یەکبوونە کەلتورییەی کە لەئاستە ناوچەییەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا ئەو کۆمەڵگایە پێی گەیشتووەو نەتەوەکان بەهۆیەوە هاتوونەتە ئاراوە، لە کۆمەڵگا سەرونەتەوەیەکەشدا پێیبگات و کۆتای بە نەتەوەکان بێنێت و کۆمەڵگایەکی یەك کەلتوری لە سەرانسەری جیهاندا بهێنێتە ئاراوە.

لێکدانەوەکەی گێلنەرو هەموو مۆدێرنیستەکانی تر بۆ ئەو جیاوازیانەی کە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا دروستبوون و بوونی نەتەوەکانیان دیاریکردووە ئەوەیە: ئەو جیاوازیە کەلتوریانە بەهۆی ئاستەنگەکانی بەردەم پەرسەندنی کۆمەڵگای پیشەسازی دروستبوون ، بوونی نەتەوەکانیش بەستراوە بەبوونی ئەو ئاستەنگانەوە، گەر ئەو ئاستەنگانە بەپەرەسەندنێکی چوونیەکی کۆمەڵگای پیشەسازی لە ناوچەکانی جیهاندا نەمێنن، نەتەوەکانیش بوونیان نامێنێ و چیتر مرۆڤ پێویستی بە نەتەوە نابێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ لای ئەوان نەتەوەکان لەلایەکەوە بەرهەمی کۆمەڵگای پیشەسازی و پرۆسەی یەکبوونە کەلتورییەکەی ئەو کۆمەڵگایەن و لەلایەکی تریشەوە بەرهەمی ئەو ئاستەنگانەن کە رێگرن لەبەردەم ئەوەدا کۆمەڵگا پیشەسازییەکە پرۆسەی یەکبوونە کەلتورییەکەی خۆی لەئاستە سەروناوچەییەکەدا ئەنجام بدات. واتە نەتەوەکان لەلایەکەوە بەرهەمی ئیرادەی دروستکردن و لەلایەکی ترەوە بەرهەمی ئەو سروشتەن کە رێگرە لەبەردەم ئیرادەی دروستکردندا.

بەپێی بۆچوونە دروستەییەکە، لەبەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵگای پیشەسازی و بوونی کەلتورەکەی بەکەلتورێکی سەراپاگیری جیهانی، دوو جۆر لە ئاستەنگ هەیە، ئاستەنگێکیان لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم کۆمەڵگایەدا دروست دەبێت و دەبێتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا کۆمەڵگای پیشەسازی ببێتە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی ناوچەیی و لە هەر ناوچەیەك لەو ناوچانەدا نەتەوەخوازی نەتەوە دروست بکات. بەڵام ئاستەنگی دووەم ئاستەنگە لەبەردەم ئەوەدا کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەکان کە نەتەوەکانن، ببنەوە بەیەك و کۆمەڵگایەکی پیشەسازی جیهانی بهێننە ئاراوە کە یەك زمان و یەك کەلتوری پیشەیی هەبێت.

لای دروستەخوازەکان لەهەردوو ئاستەکەدا ئاستەنگەکان بەهۆی پاشماوە سروشتییەکانی ئەو خێڵانەوە دروست دەبن کە کۆمەڵگا ناوچەییەکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵیان پێکهێنابوو. واتە لە هەردوو ئاستەکەدا سروشت لەرێگەی ئەو پاشماوانەی خۆیەوە کە لە جەستە بەهیولاکراوەکەی ئەوخیلانەدا بەجێیهێشتوون کە نەتەوەخوازی نەتەوەکانی لێدروستکردوون، بووەتە ئاستەنگ لەبەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵگای پیشەسازیدا.

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ سروشت لەرێگەی ئەو فرەرەنگی و فرەکەلتورییەی کە لە خێڵەکاندا بەرهەمی هێناوە، ئاستەنگی لەبەردەم ئەوەدا داناوە لە هیولای چەند خێڵێکی فرەکەلتورو فرەزمان کۆمەڵگایەکی ناوچەیی پیشەسازی بەناوی نەتەوەوە دروست بکرێت. واتە لێرەدا سروشت لەرێگەی ئەو فرەزمانی و فرەکەلتورییەی کە لەخێڵەکاندا دروستی کردووە، رێگرە لەبەردەم نەتەوەخوازیدا نەتەوەیەك بەوە دروست بکات کە فرەکەلتوری و فرەزمانی خێڵەکان بە تاکە کەلتورێك و تاکە زمانێك نەفی بکات.

کاتێك نەتەوەخوازی لەپرۆسەی گۆڕینی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی بە یەك کەلتورو یەك زمان نەفی فرەکەلتوری و فرەزمانی ئەو کۆمەڵگایانە دەکات و نەتەوە دروست دەکات، سروشتیش فرەزمانی و فرەکەلتورییەکە لەناو کۆمەڵگا ناوچەییەکانی خۆیەوە کە خێڵەکانن دەگوازێتەوە بۆناو کۆمەڵگا ناوچەییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی کە نەتەوە دروستکراوەکانن.

بەمەش لەناو نەتەوە دروستکراوەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیدا جارێکی تر فرەکەلتوری و فرەزمانییەکەی خۆی دەرکەوت پێدەکاتەوەو خۆی لە ناو نەتەوەکاندا دەکاتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەو هێزەی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی کە دەیەوێت فرەکەلتوری و فرەزمانی لە ناو

نەتەوە دروستکراوەکانی خۆیدا بە تاکە کەلتورو تاکە زمانێك نەفی بکات و کەلتورو زمانی کەلتورەکەیان لە کۆمەڵە کەلتورو زمانێکی ناوچەییەوە بکات بە یەك کەلتورو یەك زمانی جیهانی. نەتەوەخوازی لە پرۆسەی گۆڕینی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی چەند ویستی دروستکردنی خۆی بباتە ناو کۆمەڵگا ناوچەییەکان و سروشت لەناویاندا بکاتە دەرەوە، ئەوەندە سروشت دەچێتە ناو کۆمەڵگا جیهانییەکەو دەبێت بە بەربەست لە بەردەم ئەوەدا کۆمەڵگایەکی پیشەسازی جیهانی یەك زمان و یەك کەلتور بێتە ئاراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ مۆدێرنیزم لە راوکردنی سروشتدا نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت و لەو شوێنەدا کە ویستوویەتی راوی سروشت بکات لە شوێنێکی ترەوە سروشت راوی ئەوی کردووە.

لای مۆدێرنیستەکان سروشت دوو جۆر لە ئاستەنگی لە بەردەم پەرەسەندن وکامڵ بوونی کۆمەڵگای پیشەسازیدا داناون: ئاستەنگی یەکەمیان ناوچەییەو ئەو هێزە سروشتییەیە کە لە ناوخێڵەکاندا لە بەرامبەر ئەو کەلتورو زمانەدا کە نەتەوەخوازی دەیەوێت نەتەوەی پێدروست بکات بەرگری لە فرەکەلتوری و فرەزمانی دەکات.

گەر مۆدێرنیزم لەرێگەی نەتەوەخوازییەوە لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا بەسەپاندنی یەك زمانی و یەك کەلتوری لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکاندا ئاستەنگە ناوچەییەکانی بڕی بێت و نەتەوە یەکزمان و یەك کەلتورەکانی دروستکردبێت، ئەوە سروشت ئاستەنگی دووەم لە بەردەم کارەکەیدا دادەنێ و فرەزمانی و فرەکەلتورییەکەی خۆی دەگوازێتەوە بۆ نێوان نەتەوەکان و دەبێتە ئاستەنگێکی نێونەتەوەیی و دەبێتە رێگر لەبەردەم ئەو هێزەی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی کە دەیەوێت فرەزمانی و فرەکەلتوری نەتەوە دروستکراوەکانی خۆی بە زمان و کولتورێکی جیهانی نەفی بکات. ئەم ئاستەنگەش دەکرێت بە ئاستەنگێکی سەروناوچەییی ناو ببرێت.

دروستەخوازەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە نەتەوە دروستدەکرێت، واتە نەتەوە بوونەوەرێکە بە دروستکردن هەیە نەك بەسروشت. نەتەوە لەبەر ئەوەی بەدروستکردن هەیە بەبێ چاودێری بەردەوامی دروستکارەکانی ناتوانێت بمێنێتەوە. دەوڵەت دەبێت بەردەوام لەرێگەی دروستکارەکانی ئەم بوونەوەرەوە ئەم بوونەوەرە بپارێزێ، بەڵام خێڵ لەبەر ئەوەی بەسروشت هەیە نەك بە دروستکردن، دەبێت سروشت پارێزگاری لە بوونی بکات و وەك خۆی بیهێڵێتەوە.

بەپێی ئەم بۆچوونە خێڵ و نەتەوە لەوەدا جیاوازن کە خێڵ سروشتی مرۆڤ دایهێناوە، بەڵام نەتەوە ویستی مرۆڤ دروستیکردووە. خێڵ بەبێ سروشتی مرۆیی بوونی نابێت و ناشتوانێت بمێنێتەوە، نەتەوەش بەبێ ویستی دروستکردنی مرۆیی نە دەتوانێت ببێت و نەدەتوانێت بمێنێتەوە. خێڵ و نەتەوە هەر یەکەیان یەکەی پێکهێنەری دوو کۆمەڵگای سەروووناوچەیی جیاوازن و بەوەش کە یەکەی ناو پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەن لە ناو خۆیاندا پەیڕەوی لە یەکبوون دەکەن و لە دەرەوەی خۆیاندا پەیڕەوی لە جیاوازی دەکەن.

بەپێی تیۆرە دروستەییەکە پێش ئەوەی نەتەوەکان هەبن خێڵەکان هەبوون، نەتەوەش بەوەی کە گەورەترە لە خێڵ لەهەمان ئەو مادەییە دروستکراوە کە سروشتی مرۆیی بوونی خێڵەکانی تیا بەرجەستەکردووە. نەتەوەخوازی بەر لەوەی وێنەی نەتەوە لە ڕێگەی کەلتورە دەستکردەکەیەوە لەو مادەیەدا شێوەگیر بکات کە مادەی کۆمەڵە خێڵێکە، دەبێت ئەو مادەیە لەو وێنە جیاوازانەی ئەو خێڵانە پاك بکاتەوە کە سروشت بە شێوەگیرکرنیان ئەو خێڵانەی لێدروستکردوون.

گەر نەتەوەخوازی بەر لەوەی بوونی خێڵ لەو مادەیە دەرکات و ئەو مادەییە بکاتەوە بە مادەیەکی خاو و نەتەوە لە مادەکە دروست بکات، ئەوەی سروشتییەو لە ناو مادەکەدا ماوەتەوە لە مادەکەی دەرنەکات، دەبێت بە ئاستەنگ لەبەردەم دروستکردنی نەتەوەو یەکبوونی کەلتورەکەیدا.

گەر نەتەوە لە مادەی یەك خێڵ دروست بکرایە نەك لە مادەی چەند خێڵێك، ئەوە ئاستەنگ لەبەردەم دروستکردنەکەیدا دروست نەدەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی بۆ دروستکردنی نەتەوە مادەیەکی خاو پێویستە کە زیاترە لەو مادە خاوەی کە سروشت خێڵی لێدروستکردووە، ئەمە نەتەوەخوازی ناچار دەکات بۆ دروستکردنی نەتەوە، مادەی نەتەوە لە چەند خێلێکی کەلتور جیاوازو زمان جیاواز وەرگرێت، ئەمەش وادەکات لە ناو مادە خاوەکەی نەتەوەدا ئاسەواری ئەو جیاوازیانە بمێنن کە سروشت خێڵەکانی پێ مۆرك کردووەو ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم ئەو یەککەلتوری و یەکزمانییەدا کە نەتەوەخوازی لەو مادەیەدا شێوەگیری دەکات.

کاتێك نەتەوەخوازی دەیەوێت بوونی نەتەوە لە ڕێگەی تاکە کەلتورێك و تاکە زمانێکەوە لەناو مادەکەیدا شێوەگیر بکات، ڕووبەڕووی چەند هێزێکی بەرگریکەری جیاواز دەبێتەوە، ئەو هێزە جیاوازانەش باشماوەی هەریەك لەو خێڵانەن کە بەو کەلتورو زمانە دەکرێن بە نەتەوە. ئەو

هێزە سروشتیانەی کە لەناو مادەی خاوی خێڵە جیاوازەکاندا ماونەتەوە و ڕێگرن لەبەردەم ئەودا نەتەوەخوازی لە ڕێگەی تاکە کەلتورێك و تاکە زمانێکەوە وێنەی نەتەوەی تیا شێوەگیر بکات، گێلنەر ناوی ناون دژە ئەنترۆپی، مەبەستیشی لە ئەنترۆپی ئەوەیە لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا دروستەی دابەشکردنی پیشەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بێ بوونی هیچ بنەمایەك کەسەکان دابەشدەکات بەسەر پیشەکاندا. لەمەشدا هەرکەسێك لە کەسەکان بەبێ جیاوازی بۆی هەیە ببێت بە خاوەنی هەر پیشەیەك لە پیشەکانی ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییە. دژە ئەنتروپی ئەو هێزەیە کە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەدا هەموو کەسێك شیاوی هەڵبژاردن بێت بۆ بەدەستهێنانی هەر پیشەیەك لە پیشەکانی ناو ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەو لای ئەو دژە ئەنترۆپی کۆمەڵگاکە بەرەو ئەوە دەبات هەر کۆمەڵە پیشەیەك لە پیشەکانی تایبەت بن بە گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەبەت و تەنها کەسانی ناو ئەو گروپە بتوانن ببنە خاوەنی ئەو پیشانە و کەسانی تری ناو گروپەکانی تر بۆیان نەبێت بن بە خاوەنی ئەو پیشانە.

## ٢/٤ ) عەسەبە لە نێوان خێڵە پەرەسەندووەکان و خێڵە وەستاوەکان

ئەو نەتەوانەی کە نەتەوەخوازی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا دروستیکردوون لە خێڵێکی یەك زمان و یەك کەلتورو دروستی نەکردوون و لە چەند خێڵێکی فرەزمان و فرەکەلتور دروستیکردون و تا ئێستاش ئەوە نەبووەتە پرسیار کە نەتەوەخوازی بۆ لە هیولای یەك خێڵ نەتەوە دروست ناکات و لە هیولای چەند خێڵێکی جیاواز نەتەوە دروست دەکات، ئێمەش لێرەدا ناتوانین بە شوێن وەڵامی ئەم پرسیارەدا بڕۆین.

ئایا ئەو هێزەی لەناو خێڵەکاندا لەڕێگەی فرەکەلتوری و فرەزمانی خێڵەکانەوە ئاستەنگ لەبەردەم ئەوەدا دروستدەکات کە نەتەوەخوازی بە سەپاندنی تاکە کەلتورێك وتاکە زمانێك نەفی فرەزمانی و فرەکەلتوری ناو خێڵەکان بکات، هێزێکی سروشتییە یان هیزێکی عەقلی. واتە ئەوە عەقڵە بە فرەزمانی و فرەکەلتوری دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم نەتەوەخوازیدا کە بەیەککەلتوری و یەکزمانی نەتەوە دروست بکات یان سروشتە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت دوو جۆر لە کۆمەڵگای ناوچەیی لەناو کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا لەیەکتر جیا بکەینەوە، یەکەم: کۆمەڵگا سروشتییە وەستاوەکان کە تەنها تۆخمە سروشتییەکەی ناو مرۆڤ دەنوێنن. دووەم : کۆمەڵگا سروشتییە پەرەسەندووەکان کە لەگەڵ تۆخمە سروشتییەکەی ناو مرۆڤدا تۆخمە

عەقڵییەکەش دەنوێنن و بە هۆی نواندنی توخمە عەقڵییەکەوە کەلتورو زمانەکەیان دۆخە سروشتییە وەستاوەکەی خۆی تێدەپەڕێنێ و دەکەوێتە ناو پەرەسەندنێکی عەقڵییەوە.

ئایا کام لەو دووجۆرە لە خێڵ دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم ئەوەدا کە نەتەوەخوازی بە نەفیکردنی فرەکەلتوری و فرەزمانی کۆمەڵگا سروشتییەکان نەتەوە دروست بکات؟ بۆ وەڵامدانەوی ئەم پرسیارە پێویستمان بە ناسینێکی زیاتری ئەو دوو جۆرە لە کۆمەڵگای سروشتی هەیەو ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لە ڕێگەی جیاوازییەکانی نێوانیانەوە هەردوو جۆرەکە بناسێنین و دوای ئەوە وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە.

بەرلەوەی کۆمەڵگا سروشتییە وەستاوەکان و کۆمەڵگا سروشتییە پەرەسەندووەکان بێنە ئاراوە، کۆمەڵگایەکی سروشتی هەیە کە سروشت لە ڕێگەی پێداویستییە غەریزەییەکانی مرۆڤەوە دەیکات بە ئاوێنەیەك بۆ ئەوەی خۆی تیایاندا بنوێنێت، بەمەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەدا ئەوەی لەناو مرۆڤدا عەقڵییەو پەیوەندی بە پێداویستییە غەریزییەکانی مرۆڤەوە نییە خۆی لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا بنوێنێ. ئەم کۆمەڵگا سروشتیانە ئاوێنەی ڕاستەقینەی نواندنی ئەوەن کە لە مرۆڤدا سروشتییەو هەر ئەمەش وا لەو کۆمەڵگایانە دەکات کە پەرەسەندنەکەیان وەك پەرەسەندنی هەر گیانلەبەرێکی سروشتی بێت و ئەوەی کە لێیان دەکەوێتەوە لە ڕووی جۆرەوە هەرخۆیەتی خۆی بپارێزێت و پەرە نەسێنێ بۆ جۆرێکی پەرەسەندووتر. ئەم کۆمەڵگا خێڵەکییە سروشتییە بەهۆی ئەوەوە کە توانای نواندنی ئەوەی نییە لەناو مرۆڤدا عەقڵییەو تەنها ئەوە حوکمی دەکات کە لەناو مرۆڤدا غەریزییە، کە بە شێوەیەکی ناوەکی پەرەدەسێنێ، هەرخۆی بەرهەم دەهێنێتەوە.

گەر ئەو کۆمەڵگا سروشتییە خێڵێك بێت لە خێڵەکان ئەوە ئەوەی بەهۆی پەرەسەندنە ناوەکییەکەیەوە لێی دەکەوێتەوە خێڵێکی تری وەك خۆیەتی یان چەند خێڵێکی تری وەك خۆیەتی. چۆن مەیموون لەکاتی پەرەسەندنی سروشتیانەی خۆیدا جۆرەکەی ناگۆڕێت و ئەوەی لێی دەکەوێتەوە مەیمونێك یان چەند مەیمونێکی وەك خۆیەتی و لە مەیموونەوە پەرە ناسێنێ بۆ جۆرێکی باڵا تر کە مرۆڤە، ئەو خێڵانەش لە پەرەسەندنە سروشتییەکەی خۆیاندا بە هۆی پەرەنەسەندنی توخمە عەقڵییەکەی ناویانەوە ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە نەتەوە نییە، بەڵکو چەند خێڵێکی وەك خۆیانن. ئەم جۆرە لە کۆمەڵگای سروشتی گەر توخمە عەقڵییەکەی ناوی وەك خۆی بمێنێتەوەو پەرەنەسێنێ، ئەوە چەند لە ژیاندا بەردەوام بێت لە ڕووی جۆرەوە هەروەك

خۆیەتی و ناتوانێت ببێت بەجۆرێکی بالاتر لە خۆی. واتە ئەم جۆرە لە کۆمەڵگای سروشتی، لە ناو مێژووی گەشەکردنی خۆیدا تەنها زۆر دەبێت و هیچی تر، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ پەرەسەندن بۆ ئەم کۆمەڵگا سروشتییە ناوەڕۆکێکی چەندی هەیەو تەنها زۆربوونە نەك پەرەسەندن، بۆیە لە مێژوودا توانای پەرەسەندنی نییەو ناتوانێت لە جۆرێکەوە بەرەو جۆرێکی پەرەسەندووتر لە جۆرەکەی خۆی بڕوات.

ئەم جۆرە لە کۆمەڵگای سروشتی بەو پەرەسەندنە سروشتییە جۆرەکەی ناگۆڕێت و لە خێڵەوە نابێت بە شتێکی نوێ، بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگا سروشتییە جۆرەکەی بگۆڕێت و کۆمەڵگایەکی جیاواز لە خۆی لێبکەوێتەوە چەند ڕێگایەك هەیە: یەکێك لەو ڕێگایانە ئەوەیە کە خێڵ بەهۆی غەریزەی زاڵبوونەوە بتوانێت ببێت بە شتێکی تری جیاواز لەخۆی. زاڵبوونیش غەریزەیەو بەڵام غەریزەیەکی جیاوازە لەو غەریزانەی کە خێڵە سروشتییە بەراییەکەیان دروستکردووە.

غەریزەی زاڵبوون، غەریزەیەکی جیاوازە لەو غەریزانەی کە ژیانی مرۆڤ لەسەری بەندە، مرۆڤ ناتوانێت بەبێ تێرکردنی غەریزەی برسیەتی بژی، مرۆڤ ناتوانێت بەبێ غەریزەی جنسی درێژە بە جۆرەکەی خۆی بدات و بەبەردەوامی جۆرەکەی خۆی بهێڵێتەوە، بەڵام مرۆڤ بەبێ غەریزەی زاڵبوون دەتوانێت بژی و درێژە بە جۆرەکەی خۆی بدات. خێڵ وەك کۆمەڵگایەکی سروشتی ناتوانێت بەبێ ئەو غەریزەیە بە ڕێگایەکی غەریزی و سروشتی جۆرەکەی خۆی دەستکاری بکات و بیگۆڕێت، غەریزەی زاڵیەتی مرۆڤ وا لێدەکات حەز لە گۆڕان لە ناو جۆرەکەیدا بکات و لە بوونەوەرێکەوە کە وەك ئاژەڵ دەژی و درێژە بەجۆرەکەی خۆی دەدات، بگۆڕێت بۆ بوونەوەرێك کە حوکم بکات بەسەر غەیری خۆیدا و ببێتە خاوەنی دەسەڵات.

ئەم غەریزەی زاڵبوونە دەتوانێت سروشتی مرۆڤ بە تەواوەتی بنوێنێت و جیای بکاتەوە لە سروشتی ئاژەڵەکانی تر. غەریزەی زاڵبوون دەبێتە هۆی ئەوەی خێڵێك هانبدات بۆ زاڵبوون بەسەر خێڵەکانی دەرەوەی خۆیدا، واتە زەمینەی تێرکردنی ئەو غەریزە مرۆییەی ناو خێڵێکی بەرایی، زاڵبوونیەتی بەسەر خێڵیکی هاوجۆری خۆیداو کردنی ئەو خێڵەیە بە هیولایەك بۆ فراوانکردن و بەهێزکردنی جەستەی خۆی. ئەم جۆرە لە خێڵ ئەو هێزە دروستیدەکات کە ئیبن خەلدوون ناوی ناوە عەسەبیەت(دەمارگیری). عەسەبیەتیش کە پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی ناو عەسەبەیەك ڕێکدە خات، سەرچاوە لە غەریزەی زاڵبوونەوە دەگرێت.

هیچ عەسەبەیەك بەبێ چالاکبوونی ئەم غەریزەی زاڵبوونە دروست نابێت، دروستەی عەسەبە لەگەڵ دروستەی خێڵی بەرایدا بەوە جیاوازە کە زاڵبوون مەرجی پەیوەندییە دروستەییەکانی ناو عەسەبەیە، بەڵام زاڵبوون مەرجی پەیوەندییە دروستەییەکانی ناو خێڵی بەرایی نییە. جگە لەوەش خێڵێکی بەرایی ناتوانێت ببێت بە عەسەبە گەر زاڵ نەبووبێت بەسەر خێڵێك یان زیاتر لە خێڵێك لە خێڵەکانی دەرەوەی خۆی و نەیکردبن بە توخمێکی بەزیووی ناو جەستەی خۆی و لە ناو خۆیدا لە دۆخی بەزینێکی بەردەوامدا نەیهێشتبنەوە.

کەواتە هیولای دروستبوونی عەسەبە گەورەترە لەو هیولایەی سروشت خێڵەکانی لێدروست دەکات، ئەمەش وادەکات بەبێ بوونی چەند خێڵێك عەسەبە بوونی نەبێت. کاتێك هێزی زاڵبوونی ناو خێڵێك خۆی لە هیولای چەند خێڵێکی جیاوازدا بەرجەستە دەکات، بە بوونە خێڵەکییەکەی خۆی تەنها نەفی بوونە خێڵەکییەکەی ئەوان ناکات، لەهەمان کاتدا بە بوونە زمانی و کەلتوورییەکەی خۆیشی نەفی کەلتورو زمانە جیاوازەکانیان دەکات و لە ناو زمان و کەلتورەکەی خۆیدا دەیانکاتەوە بەیەك.

ئیبن خەلدوون بە زمانە سادەکەی خۆی بەم شێوەیە گوزارشت لەمە دەکات و دەڵێت: خێڵە بەزیووەکان دەبێت زمان و کەلتوری ئاینی خێڵە زاڵەکانی ناو عەسەبە هەڵگرن. پرۆسەی دروستکردنی عەسەبە لەخێڵە سروشتییەکان هەمان پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەکانە، چونکە نەتەوەخوازیش لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەدا کەلتورو زمانێك لە کەلتورو زمانی کۆمەڵگا ناوچەییەکان بە پرۆسەی بەستانداربووندا دەبات و زاڵی دەکات بەسەر هەموو ئەو کۆمەڵگا ناوچەییانەدا کە نەتەوەکەیان لێدرووست دەکات.

بابزانین عەسبەو خێڵی بەرایی لە کوێدا جیاوازن و لە کوێدا یەکن. ئێمە لە باسکردنی خێڵەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا باسمان لەوە کرد کە خێڵ لە ناوخۆیدا پەیڕەوی لە یەکبوون و شوناس دەکات و بەردەوام شوناسەکەی خۆی دەپارێزێت. عەسبە کە بە زاڵبوونی خێڵێك بەسەر چەند خێڵێکی جیاوازدا دروست دەبێت، دەستبەرداری یاسای شوناس نابێت و وەك خێڵ پەیڕەوی لە یاسای شوناس دەکات و یەکبوونەکەی خۆی بە زاڵکردنی کەلتورو زمانەکەی خۆی بەسەر کەلتورو زمانە جیاوازەکانی خێڵە بەزیوەکاندا دسەپێنێت.

ئەوەی عەسەبە جیادەکاتەوە لە خێڵ تەنها ئەوەیە کە عەسەبە لە ڕێگەی غەریزەی زاڵبوونەوە یەکبوونە ناوەکییەکەی خۆی دروستدەکات و دەپارێزێت، بەڵام خێڵ لە ڕێگەی دوو

غەریزە سەرەتاییەکەوە ئەم یەکبوونە دەپارێزێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە عەسبەو خێڵ لەناو خۆیاندا پەیڕەوی لە یەکزمانی و یەککەلتوری دەکەن نەك فرەزمانی و فرەکەلتوری. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ لە ڕووی دروستەییەوە یەکن و لە ناو خۆیاندا مەیلیان بۆ یەکبوون هەیە نەك جیاوازی.

خێڵ کاتێك گەورە دەبێت و زیاد دەکات، ئەوەی لەسنورە سروشتییەکەی ئەو زیادە دەیکاتە دەرەوەی خۆی و لە دەرەوەی خۆی دەبێت بە خێڵێکی سەربەخۆو جیاواز، واتە لە پەرەسەندنە چەندییەکەی خۆیدا پەیرەوی لە یاسای دەرکردن دەکات و بەوە زیاد دەکات کە خێڵی تری وەك خۆی بخاتەوە، بەڵام عەسەبە لە زیادبوونی خۆیدا پەیڕەوی لە یاسای ڕاکێشان دەکات و بەوە لە رووی چەندییەوە زیاد دەکات کە خێڵەکانی دەرەوەی خۆی ڕاکێشێتە ناو خۆیەوەو بیانکات بە بەشێك لە جەستەکەی خۆی.

ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان پرۆسەی گەشەکردنی عەسەبەو خێڵدا هەیە جیاوازییەکی دروستەیی و جەوهەرییەو لەڕووی دروستەی کۆمەڵایەتیەوە خیڵ بە تەواوی لە عەسەبە جیادەکاتەوە، ئەمەش هەر سەرچاوە لەوەوە دەگرێت کە عەسبە بنەمای بوونەکەی غەریزەی زاڵیەتییە، بەڵام بنەمای بوونی خێڵ غەریزەکانی ترن.

خێڵ لە پرۆسەی زۆربوونەکەیدا پەیڕەوی لەهەمان ئەو پرۆسە سروشتییە عەقڵانییە دەکات کە لە گیانلەبەراندا هەیە. ئەو پرۆسەی زۆربوونەیش بەپێ ڕێسای شوناس ناڕوات بەرێوە، بەڵکو بەپێی ڕێسای جیاشوناسی دەڕوات بەڕێوە، هەر لەبەر ئەوەیە خێڵ بەوە زیاد دەکات و دەبێت بە چەند خێڵێکی جیاواز کە ئەو خێڵانە لە رووی جۆرەوە وەك خۆی بن و لە رووی چۆنیەتییەوە جیاوازبن.

ئەو خێڵانەی کە بە پرۆسەی زیادبوون لە خێڵێك دەکەونەوە، بەوە دەتوانن بوونێکی سەربەخۆیان هەبێت کە لە رووی جۆرەوە وەك باوانەکەیان خێڵ بن و لە رووی چۆنیەتییەوە لە باوانەکان و لەیەکتریش جیاوازبن.

ئەم پرۆسە سروشتییە بەرهەمی غەریزە سروشتییەکان نییە، چونکە غەریزە سروشتییەکان تەنها بەرپرسن لە پارستنی جۆر، ئەوەی لەم پرۆسەیەدا پەیڕەو دەکرێت یاسایەکی عەقڵییە لە ناو سروشتی مرۆڤدا و لەدەرەوەی ویست و هۆشیاری مرۆڤەکان کاری خۆی دەکات و داوای یەکبوون دەکات لە ناو فرەییدا.

خێڵە جیاوازەکانیش لە ڕووی جۆرەوە یەکن و لە ڕووی چۆنایەتییەوە جیاوازن و بەمە بوونیان لەسەر ئەوە دامەزراوە کە یەکبوون لە ناو فرەییدا وەدی بهێنێ. ئەم یاسایە هەموو بوونەوەرە زیندووەکان لە پرۆسەی زیادبووندا پەیڕەوی دەکەن. بەم پرۆسەی زیادبوونە مرۆڤێك دەبێت بە چەند مرۆڤێکی سەربەخۆو جیاواز. بەهەمان پرۆسەش خێڵێك دەبێت بە چەند خێڵێکی جیاوازو زمانێك دەبێت بە چەند زمانێکی جیاواز و کەلتورێك دەبێت بە چەند کەلتورێکی جیاواز. دوای ئەوەی کە خێڵێك بە هۆی غەریزەی زاڵبوونەوە دەبێت بە عەسەبە، ئەوەی لە دەستیدەدات ئەو یاسا عەقڵییەیە کە بێ ویستی مرۆڤ لە پەرەسەندنی بوونەوەرەکاندا یەکبوون لەناو فرەییدا شێوەگیر دەکات.

کاتێك خێڵێك دەبێت بە عەسەبە کە لە پەیڕەوکردنی ئەم یاسا عەقڵییەی ناو سروشتی مرۆڤ بکەوێت و ڕێگا سروشتییەکەی پەرەسەندنی خۆی لەدەست بدات و لەوە بکەوێت عەقڵ بەپێی یاساکەی خۆی فەرمانڕەوایەتی بکات و پەرەسەندنەکەی بکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایەتی ویستی زاڵبوونی مرۆڤ خۆی و بەو پرۆسەی خەساندنەدا بڕوات کە گێلنەر پێی وایە نەتەوەخوازی لە دروستکردنی نەتەوەکاندا پەیڕەوی دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ عەسەبە خێڵێکی خەسێنراوەو چیتر وەك خێڵ توانای ئەوەی نییە لە ڕێگەی زیادبوونەوە چەند خێڵێك بخاتەوە کە لە ڕووی جۆرەوە وەك خۆی بن و لە ڕووی چۆنییەتییەوە جیاواز بن. نەك هەر ئەمە عەسەبە بەهیچ شێوەیەك لە ڕێگەی زیادبوونییەوە هیچ جۆرە نەوەیەك ناخاتەوە.

عەسەبە یەکجار دێتەبوون و بە یەکجاریش کۆتایی پێدێت و ناتوانێت لە ڕێگەی نەوەی جیاوازەوە درێژە بە جۆرەکەی خۆی بدات. عەسەبە لە ڕێگەی خواردنی جەستەی خێڵەکانەوە، جەستەی خۆی پەرە پێدەدات و یەکبوونی جەستەی خۆی دەپارێزێت و ناهێڵێت جەستەی جیاوازی لێ ببێتەوە. لێرەشدا پەیڕەوی لە یاسا عەقڵییەکەی ناو سروشتی مرۆڤ ناکات کە داوی یەکبوون لە ناو فرەیدا دەکات و پەیڕەوی لە یاسایەکی تەواو پێچەوانەی ئەم یاسایە دەکات کە یاسای زاڵبوونە، ئەم یاسایەش داوای ئەوە دەکات لە ناو یەکبووندا نەفی فرەیی بکرێت و لەناو شوناسدا نەفی جیاوازی بکرێت.

عەسەبە لە پەرەسەندنی خۆیدا نەك هەر ڕێگە نادات خێڵی تری لێ بکەوێتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات ئەو خێڵانەی کە لەخۆی کەوتوونەتەوە لە ڕێگەی هێزەوە بیانگێڕێتەوە ناو خۆی و بەهۆی نەهێشتنی جیاوازییەکانیانەوە بیانکاتەوە بە بەشێك لەجەستەی خۆی و وەك خۆراکێکی

هەرسکراو جەستەکەی خۆی پێیان گەورە بکات. عەسەبە گەر لە توانایدا هەبێت هەموو خێڵەکانی جیهان دەخوات و لە ناو جەستەی خۆیدا دەیانکاتەوە بەیەك و جگە لەمەش هیچ ئامانجێکی تری نییە.

عەسبە هەر جەستەی خێڵەکانی دەروەی خۆی ناخوات، کەلتورو زمانەکەشیان دەخوات و دەیکاتە وزە بۆ بەهێزکردنی کەلتورو زمانەکەی خۆی. عەسەبە بە پێچەوانەی خێڵەوە لە پرۆسەی پەرەسەندنیدا بەردەوام مەیلی بۆ یەکبوون هەیەو ئامانجی ئەوەیە هەموو خێڵەکان لە ناو خۆیدا بتوێنێتەوە بیانکاتەوە بەیەك، تابگاتە دوارادەی زاڵبوون.

گەر لەسەردەمی خەلافەتە ئیسلامییەکاندا عەسەبەیەك توانای ئەوەی هەبووایە هەموو کۆمەڵگا جیاوزەکانی ناو جیهان قوتبدات، قوتی دەدان و هەموویانی لە ناو خۆیدا دەکردنەوە بەیەك و ئەو کۆمەڵگا یەکزمان و یەککەلتورەی دروستدەکرد کە لای گێلنەر دوا ئامانجی پەرەسەندنی کۆمەڵگای پیشەسازییە.

ئەوەی کە لەعەسەبدا درێژکراوەی خێڵەو عەسەبە وەك خێڵ پەیڕەوی لێدەکات، پاراستنی یەکبوونی ناوەکی خۆیەتی، خێڵ چۆن بەدەرکردنی ئەوەی کە لەناوخۆیدا جیاوازە و زیادە، یەکبوونی خۆی دەپارێزێ، عەسەبەش بەتوانەوەی ئەوەی کە لەدەرەوەی خۆیدا وەریدەگرێت و زاڵدەبێت بەسەریدا، یەکبوونە ناوەکییەکەی خۆی و دەپارێزێت. خێڵ بە دەرکردنی جیاوازییەکان لە خۆی یەکبوونی خۆی دەپارێزێ، بەڵام عەسەبە بە پەلکێشکردنی خێڵەکانی دەرەوەی خۆی و کوشتنی جیاوازییەکانیان لە ناو خۆیدا یەکبوونی خۆی دەپارێزێت.

خێڵ بەوەی کە جیاوازییە ناوەکییەکانی ناوخۆی دەکاتە دەرەوەی خۆی رێگر نییە لەبەردەم دروستبوونی جیاوازییەکاندا، خێڵە جیاوازەکان دەردەکات تا یەکبوونەکەی تێك نەدەن، واتە قبوڵی جیاوازەکان دەکات بەڵام لە دەرەوەی خۆیەوە.

کەچی عەسەبە بە پێچەوانەی خێڵەوە نەك هەر جیاوازەکانی ناوخۆی فڕێناداتە دەرەوەی خۆی بەڵکو جیاوازەکانی دەرەوەی خۆیشی دەهێنێتە ناو خۆیەوە، ئەمەش بۆ ئەوە نییە کە ئەو جیاوازانەی قبوڵە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بە لەناودانی جیاوازیەکانیان یەکبوونەکەی ناو خۆی لەرێگەی هێزو زاڵییەتییەوە بەهێزتر بکات. عەسەبە لەناوەوەی خۆی و دەرەوەی خۆی پەیڕەوی لە یەکبوون دەکات و هەوڵی لە ناوبردنی جیاوازەکان دەدات. بەڵام خێڵ تەنها لە ناو خۆیدا جیاوازەکان ناهێڵێت و لە دەرەوەی خۆی نابێتە رێگر لەبەردەم بوونیاندا.

خێڵە بەراییەکان بەوە دەبن بەیەك عەسەبە کە غەریزەی زاڵبوون لە ناو خێڵێك لەو خێڵانەدا چالاك ببێت و لە جەستەی خۆی و جەستەی خێڵە جیاوازەکانی تر یەك بوونەوەر لەرێگەی هێزو دروستکردنەوە دروست بکات. لەم پرۆسەیەدا ئەوەی لە خێڵەکان دەمێنێتەوەو لە ناو ئەم بوونەوەرەدا بەردەوامی بە خۆی دەدات، ئەو یاسایەیە کە یەکبوونی ناوەکی خێڵەکان دەپارێزێت و رێگرە لەبەردەم ئەوەدا خێڵ لە ناوەوە یەکبوونی خۆی لەدەست بدات و بکەوێتە ناو جیاوازبوون لە گەڵ خۆیدا.

ئەم یاسایە گەر لەناو خێڵدا یاسایەکی سروشتی بێت وسروشت ئەو یەکبوونەی لەناو خێڵدا بەرهەم هێنابێت و هەر ئەویش لەرێگەی دەرهاویشتنی ئەو توخمانەی کە جیاوازی لە ناویدا دروستدەکەن پارێزگاری لە یەکبوونەکەی کردبێت، ئەوە ئەو یاسایە لەناو عەسەبەدا یاسایەکی سروشتی و نائاگایانە نییە، بەڵکو یاسایەکە ئەو هێزە پەیڕەوی دەکات کە لەناو خێڵدا زاڵبوون لەناویدا چالاك بووەو توانیویەتی یەکبوونی ناو خۆی لە یەکبوونێکی سروشتییەوە بگۆڕێت بۆ یەکبوونەی کە ئەو دەیبەوێت و پێی هوشیارە. واتە ئەوەی نوێنەری ئەو هێزی زاڵبوونەیەو لەناو خێڵە بەراییەکەدا بەرجەستەکەریەتی، بە هێزی زاڵبوون یەکبوونە سروشتییەکەی ناو خێڵ دەگۆڕێت بە یەکبوونێك کە دروستکراوی دەستی خۆیەتی و لەژێر ویستی خۆیدایە.

ئەو هێزەی ناو خێلە بەراییەکە کە یاسای یەکبوونی ناوەکیانەی خێڵ لە یاسایەکی سروشتیی نائاگایانەوە دەگۆڕێت بۆ یاسایەك لە یاساکانی ویستی خۆی، لەناو خێڵەکدا زاڵ دەبێت بەسەر ئەو هێزە سروشتییەدا کە رێگرە لەبەردەم ئەوەدا ئەم یاسایە لە یاسایەکی سروشتییەوە بگۆڕدرێت بۆ یاسایەکی دانراو و دروستکراوی دەستی خۆی.

هەنگاوی یەکەمی گۆڕینی خێڵ بە عەسەبە ئەوەیە کە خێڵ لەناو خۆیدا دابەش ببێت بۆ دوو هێزی دژ بەیەك، هێزێکیان ئەو هێزەبێت کە دەیبەوێت یەکبوونی ناو خێڵەکە یەکبوونێکی سروشتی بێت نەك یەکبوونێکی بەهێزو بەویست، بەڵام هێزەکەی تر ئەو هێزە بێت کە زاڵیەتی تیایدا چالاك بووە و دەیبەوێت یاسای یەکبوونی خێڵ لە سروشت بسێنێتەوەو بیخاتە ژێردەستی خۆی.

گەر شەڕی ئەم دوو هێزە بەوە کۆتایی بێت کە هێزی ویست و زاڵیەتی بەسەر هێزی سروشتدا سەرکەوێت و یەکبوونی ناو خێڵەکە لە یەکبوونێکی سروشتییەوە بکات بەیەکبوونێکی بەویست، ئەوە خێڵەکە دەگۆڕێت بە عەسەبە. واتە عەسەبە بەرهەمی زاڵبوونی

بەشێك لە خێڵە بەسەر بەشێکی تریدا. دوای ئەوەی خێڵ بەم ململانێ ناوەکییەدا تێپەڕی و بوو بە عەسەبە، داوای زاڵبوونێکی زیاتر لەو زاڵبوونە دەکات کە لەناوخۆیدا بەدەستی هێناوە، بۆ گەیشتن بە زاڵیەتییەکی زیاترو سەپاندنی یاسای یەکبوون بە هۆی هێزەوە، پەلاماری خێڵە جیاوازەکانی دەوروبەری خۆی دەدات و لەرێگەی هێزەوە بەسەریاندا زاڵدەبێت و دەیانهێنێتە ناوخۆی و یاسای یەکبوونی ناوەکییان بەسەردا دەسەپێنێ و دەیانکات بە بەشێك لەجەستەی خۆی.

عەسەبە بەمە زاڵبوونەکەی ناگات بەدوا ئامانجی خۆی و بەردەوام داوای زڵبوونی زیاترو زیاتر دەکات، گەر لەشوێنێکدا غەریزەی زاڵبوونەکەی تێر ببێت و لەوە ڕاوەستێت خێڵەکانی دەرەوەی خۆی قوتبدات، ئیتر بەرەبەرە بوونی خۆی لەدەست دەدات و دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی تر، ئەو بوونەوەرەش لای ئیبن خەلدوون بە کۆمەڵگای شارنشین ناودەبرێت کە لە بەرامبەر کۆمەڵگای دەشتەکییە واتە عەسەبە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ عەسەبە بۆ مانەوەی بەردەوامی خۆی پێویستی بە نەفیکردنی روحی خێڵەکانی ترە لە جەستەکەیان و گۆڕینی جەستەکەیان بۆ بەشێك لە جەستەی خۆی.

زاڵبوون غەریزەیەکی سروشتی ناو مرۆڤەو وەك هەر غەریزەیەکی تر بوونێکی سروشتی هەیە، ئەم غەریزەیە پێویستی بە ویستێکە بابەتی تێربوونەکەی بۆ ئامادە بکات، ئەو ویستەش پێویستی بە هێزێك هەیە بۆ ئامادەکردنی ئەو بابەتە. ئەم هێزو ویستە، دەبێت مادەی ئەو غەریزەیە بە پرۆسەی دروستکردندا بێن و بیکەن بەو بابەتەی کە ئەو غەریزەیە دادەمرکێنێتەوە.

زاڵبوون وەك غەریزەیەکی تاکەکەسی ناتوانێت عەسەبە دروست بکات، بۆ ئەوەی خێڵێك ببێت بە عەسەبە دەبێت ئەم غەریزەیە لە غەریزەیەکی تاکەکەسییەوە ببێت بە غەریزەیەکی کۆیی. ئەم غەریزەیە لە رووی میکانیزمی تێرکردنەکەیەوە لە برسیەتی دەچێت، کەسێك کە برسی بوو لە رێگەی ویست و هێزەوە مادەی برسی بوونەکەی دەست دەخات و ئەم مادەیە بابەتی تێرکردنی ئەو غەریزەیە نییە، ئەم مادەیە دەبێت دروستە ناوەکییەکەی کە بوونی پێداوە لە پرۆسەی دروستکردنی بابەتی تێربوونی غەریزەکەدا تێك بشکێنرێت و دروستەیەکی تر شوێنی بگرێتەوە کە بوونی ئەو بابەتە دیاری دەکات کە غەریزەکە تێردەکات. باوادابنێین ئەم مادەیە سێوێکە، ئەم سێوە خۆی بابەتی تێرکردنی غریزەکە نییەو کاتێك لە مادەی

تێرکردنەکەوە دەبێت بە بابەتی تێرکردنەکە کە لەشی مرۆڤ دروستەکەی تێکدەشکێنێت و دروستەیەکی نوێی پێ دەبەخشێت. ئەوەی بابەتی تێربوونەکەیە ئەو دروستکراوە نوێیەیە کە لەش پێویستی پێیەتی. زاڵبوونیش لەناو عەسەبەدا غەریزەیەکە بەردەوام پێویستی بەوەیە تێربکرێت، بۆ تێرکردنەکەش دەبێت یەکەمجار لە رێگەی ویست و هێزی خێڵەوە مادەی تێرکردنەکەی دەست بخرێت و دوای دەست خستنەکەشی بخرێتە ناو جەستەی عەسەبەوە دروستەکەی تێك بشکێنێ و ئەو مادەیەی لێدروست بکات کە جەستەی عەسەبەکە بۆ گەورەبوونی خۆی پێویستی پێیەتی.

کاتێك عەسەبەیەك زاڵدەبێت بەسەر خێڵێکدا و خێڵەکە دەهێنێتە ناو خۆیەوە، دروستەی کۆمەڵایەتی ئەو خێڵە تێکدەشکێنێ و هەمان دروستەی کۆمەڵایەتی پێدەبەخشێت کە خۆی هەیەتی و بەمەش یەکبوونی ناوەکی خۆی دەپارێزێت. واتە عەسەبە بۆ پاراستنی یەکبوونی ناوەکی خۆی هەر خێڵێکی نوێ بێتە ناوییەوە دەبێت تێکی بشکێنێت و لەناوخۆیدا وەك بەشێك لە خۆی دروستی بکاتەوەو ئەو جیاوازیانەی تیا نەهێڵێت کە لە خۆی جیایی دەکەنەوە. ئەم پرۆسەی تێکشکاندن و دروستکردنەوەیە هەمان ئەو پرۆسەییە کە نەتەوەخوازی لەسەر ئەتنیکە جیاوازەکانی ناو سنوری دەوڵەتەکەی ئەنجامی دەدات و بەهۆیەوە دەیانکات بە بەشێك لە جەستەی نەتەوە.

## ٣/٤) نەتەوە و پێکهاتە خێڵەکییەکان

ئایا نەتەوەکان لە خێڵەکان دروستبوون یان لە پێکهاتە خێڵەکییەکان، گەر لە پێکهاتە خێڵەکییەکان دروستبوون چەند جۆر لە پێکهاتەی خێڵەکی هەن و کام لەو پێکهاتانە دەبن بە مادەی دروستکردنی نەتەوەکان؟ یەکێك لە کێشەکانی لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی ئەوەیە کە باوڕیان وایە نەتەوەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە خێڵەکان و پێکهاتە خێڵەکییەکانەوە نییەو نەتەوەخوازی بەبێ پێکهاتە خێڵەکییەکان دروستیان دەکات، ئەم باوڕە بووەتە هۆی ئەوەی لە باسکردنی دروستکردنی نەتەوەکاندا پێکهاتە خێڵەکییەکان بە توخمێك لە توخمەکانی دروستبوونی نەتەوەکان نەزانن. بەهۆی ئەم باوڕەشەوە ئەوان توانای لێکدانەوەی ئەو کێشانەیان نییە کە لەناو نەتەوە دروستکراوەکاندا سەرهەڵدەدەن و وایان لێدەکەن نەبن بەو دروستکراوەی کە مۆدێرنیزم و نەتەوەخوازی چاوەڕی دەکات. ئەوان لەبارەی ئەو کێشانەی ناو نەتەوە

دروستکراوەکانەوە تەنها ئەوەندە دەڵێین کە بەهۆی پاشماوەی ئەو پێکهاتە خێڵەکیانەوە دروستبوون کە هاتوونەتە ناو نەتەوە دروستکراوەکانەوەو نەتەوەخوازی لە کاتی دروستکردنی نەتەوەکەدا نەیتوانیووە ڕێگە بگرێت لە دزەکردنی ئەو پاشماوانە بۆ ناو پێکهاتەی دروستکراوەکەی.

نەتەوەکان لە خێڵە سروشتییەکان ناکەونەوە، ئەمە ڕاستییەکە دەکرێت هەر لێکۆڵەرێکی ئەم بوارە بەبیرکردنەوەیەکی کەم پەی پێ بەرێت. بەڵام ناکرێت سەرهەڵدانی نەتەوەکان لەپێکهاتە خێڵەکییەکان دوربخرێتەوە، واتە ناکرێت بڵێین پێکهاتە خێڵەکییەکان هیچ ڕۆڵکیان لە بوون و پەرەسەندنی نەتەوەکاندا نییە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لەپەیوەندی نێوان خێڵ و نەتەوە دەبێت باس لە پەیوەندی نەتەوەو پێکهاتە خێڵەکییەکان بکرێت نەك پەیوەندی نێوان خێڵ و نەتەوە.

بۆ ئەوەی پەی بەو پەیوەندییە بەرین کە لەنێوان پێکهاتە خێڵەکییەکان و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی نەتەوەکاندا هەیە، دەبێت پێش هەموو شتێك پێکهاتە خێڵەکییە جیاوازەکان لەیەکتری جیابکەینەوەو دوای جیاکردنەوەی ئەوپێکهاتە خێڵەکییە جیاوازانە جا دەتوانین ئەوە ڕوون بکەینەوە کە نەتەوە لە کام لەو پێکهاتە خێڵەکییانە دەکەوێتەوە.

بەرلەوەی پێکهاتە خێڵەکیەکان بوونیان هەبێت، خێڵە سروشتیەکان هەن و ئەم خێڵانەش لە پەرەسندنی سروشتی خۆیاندا گەورە دەبن و زۆردەبن بەڵام لەم پرۆسەی گەشەکردن و زۆربوونە سروشتییەی خۆیاندا ناگۆڕێن بۆ پێکهاتەیەکی نوێ و هەر وەکو خۆیان دەمێننەوە. بۆ ئەوەی لە کۆمەڵە خێڵێکی سروشتی، کۆمەڵگایەکی جیاواز لە کۆمەڵگای خێڵ بێتە ئاروە، دەبێت خێڵەکان بە جۆرێکی تر لە پەرەسەندندا بڕۆن کە هەمان ئەو پەرەسەندنە سروشتییە نەبێت بە خۆیان هەیانە.

پێکهاتەی خێڵەکی یان: هێزێکی دەرکی دروستی دەکات و کۆمەڵگاکە وەك کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و سروشتی دەهێڵێتەوە و هەر خێڵێك لە خێڵەکانی ناو ئەو پێکهاتەیە وەك خێڵێکی سروشتی دەمێنێتەوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت. یان عەسەبیەت دروستی دەکات و خێڵە سروشتییەکان تیایدا دەتوێنەوە و دەبن بە عەسەبە. یان هوشیاریەکی عەقڵی دروستی دەکات و خێڵەکان بە هۆی عەقڵەوە پەرەدەسێنن و لە ناویدا دەکەونە ناو پەیوەندییەکی عەقڵییەوە.

ئەوی پێکهاتە خێڵەکییەی کە گێلنەر لەگەڵ نەتەوەدا بەراوردی دەکات و لە ڕێگەی بەراوردەکەیەوە جیاوازی نێوان کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازی دیاری دەکات، ئەو پێکهاتە خێڵەکییەیە کە هێزێکی دەرکی دروستی دەکات و خێڵەکان لەناویدا لە دۆخە بەراییە سروشتییەکەی خۆیاندا دەمێننەوە. گێلنەر هیچ لەبارەی پەیوەندی عەسەبەکان بە نەتەوە دروستکراوەکانەوە ناڵێت و عەسەبەکان لەوە دوور دەخاتەوە کە پەیوەندیان بەنەتەوە دروستکراوەکانەوە هەبێت. ئەمە جگە لەوەی کە لای ئەو پێکهاتەیەکی خێڵەکی لەو جۆرە بوونی نییە کە هوشیاریەکی عەقڵی بەرهەمی هێنابێت، بەهۆی ئەو بێئاگابوونەشیەوە هیچ لەبارەی ئەم جۆرە لە کۆمەڵگاو نەتەوە دروستکراوەکانەوە ناڵێت.

بەرلەوەی پەیوەندی نەتەوە بەپێکهاتەی خێڵەکییەکانەوە دیاری بکەین، هەوڵدەدەین دروستبوونی ئەو سێ جۆرە لە پێکهاتەی خێڵەکی باس بکەین و ئەو پەیوەندییە روون بکەینەوە کە لەنێوان نەتەوەکان و ئەم سێ جۆرە لە پێکهاتەی خێڵەکیدا هەیە.

### ٤-٣-١) عەسەبەو پێکهاتە خێڵەکییەکەی

عەسەبە یەکێکە لە سێ پێکهاتە خێڵەکییەکە، بۆدروستکردنی عەسەبە چەند خێڵێك پێویستەو دەبێت یەکێك لەو خێڵانەش غەریزەی زاڵییەتی لە ناویدا چالاك ببێت تا لە جەستەی خێڵەکانی تر بەهێزی زاڵیەتی عەسەبەکە دروست بکات، لە ناو ئەو عەسەبەیدا هێز حوکم دەکات، ئەوەی بەهێزە حوکمی ئەوە دەکات کە بێ هێزە. خێڵەکان کە دەچنە ناو پێکهاتەی ئەم جۆرە لە کۆمەڵگاوە، دروستە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان و کەلتورو زمانە جیاوازەکەیان لەدەست دەدەن و دەبنە بەشێك لەجەستەی ئەو ویستەی کە ویستی بنەماڵە زاڵەکەی ناو خێڵە زاڵەکەیە.

خێڵەکان لەناو ئەم پێکهاتەیەدا هەموویان دەبێت شوناسی خۆیان لەدەست بدەن و ئەو شوناسە بنوێنن کە جەستەی بنەماڵە زاڵەکەی ناو خێڵە زاڵەکە دەینوێنێ. لەم کۆمەڵگا دەمارگیرەدا هەموو خێڵەکان کەلتورو زمانە جیاوازەکانیان لە دەستدەدەن و لە ناو یەکێکیاندا دەتوێنەوە و بەمە عەسەبەیەك دێتە ئاراوە. عەسەبە خێڵێکی گەورە نییە، هەرچەندە وەك خێڵ لەناوخۆیدا پەیڕەوی لە یەکشوناسی دەکات، بەڵام شوناسەکەی شوناسێکی سروشتی نییەو شوناسێکی دروستکراوو سەپێنراوە بەسەر کۆمەڵە خێڵێکدا کە دەکرێت لە رووی رەچەڵەك و

خوێنەوە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبێت، یان گەر پەیوەندیشیان هەبێت پەیوەندییەکی زۆر دووربێت و هیچ رۆڵێکی لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان خێڵە بەراییەکاندا نەبووبێت. ئیبن خەلدوون خۆی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە عەسەبە کۆمەڵگایەك نییە لەسەر بنەمای رەچلەك و خوێن دامەزرابێت، ئەو کۆمەڵگایە لای ئەو لە سەر غەریزەی زاڵیەتی دامەزراوەو ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کەکۆمەڵگایەکی دروستکراوەو وەك خێڵە بەراییەکان کۆمەڵگایەکی سروشتی نییە. لەم جۆرە لەکۆمەڵگادا خێڵەکان سەربەخۆییە بەراییەکەیان و شوناسەکەیان لە دەستدەدەن و وەك مادەیەکی خاو دەچنە ناو پێکهاتەی جەستەی عەسەبەکەوە.

## ٢-٣/٤) پێکهاتەی خێڵەکی وەک کۆمەڵگایەکی خێڵەکی

ئەم جۆرە لە کۆمەڵگا لە زەمینەیەکدا دێتە ئاراوە کە کەلتورێکی باڵا و ستانداردی هەبێت و دەوڵەتێکی دروستکراویش هەبێت کە لەسەر بنەمای ئەو کەلتورە باڵایە دامەزرابێت. لەکۆندا دەتوانیین باس لە دەوڵەتی خەلافەتە مەزهەبییەکان بکەین و لە سەردەمی نوێشدا دەتوانین باس لەسەردەمی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی ئەوروپا و جوگرافیای دەسەڵاتی سیاسی و کەلتورییان بکەین.

لەسەردەمی خەلافەتە ئیسلامییەکان وسەردەمی سەرهەڵدانی دەوڵەتە مۆدێرنەکانیشدا، خێڵە بەراییەکان هەبوون، مامەڵەکردنی دەوڵەتە مۆدێرنە کۆلۆنیالیستەکانی ئەوروپا و مامەڵەکردنی خەلافەتە مەزهەبیەکان لەگەڵ ئەو ناوچانەدا کە خێڵە بەراییەکانی تیایە، هەمان میکانیزم و سیستەمی هەیەو هەمان جۆر لە کۆمەڵگاشیان بۆ ئەم خێڵانە دروستکردووە، ئەم کۆمەڵگایەش تەواو جیاوازە لەو کۆمەڵگایەی کە خێڵێك لە خێڵەکان لە رێگەی دەمارگیری و هێزەوە لە خێڵەکانی تر دروستی دەکات.

لە سەردەمی خەلافەتە ئیسلامییەکاندا دەوڵەتی خەلافەت رەوایەتی لە کەلتورێکی مەزهەبی باڵاوە وەردەگرت کە جیاوازبوو لەکەلتوری میللی خێڵە بەراییەکان و عەسەبەکان. دەسەڵاتی ئەم خەلافەتە لەناو ئەو ناوچانەدا کە ناوچەی کۆمەڵە خێلکی بەرایی کەلتور جیاوازو لێکدابڕاو بوون و کەسانێك نوێنەرایەتیان دەکرد کە هەڵگری کەلتوری باڵای خەلافەت و زمانە ستاندارەکەی بوون. ئەمەش وایکردبوو ئەم گروپە خۆی جیابکاتەوە لەخێڵەکان و شوناسەکەی شوناسی خێڵێك نەبێت لەبەرامبەر خێڵەکانی دەوروبەریدا، بەڵکو شوناسی

گرووپێکی ناخێڵەکی بێت لەبەرامبەر کۆمەڵە شوناسێکی خێڵەکی جیاوازدا. ئەم گرووپە شوناس جیاوازە بەوەی کە شوناسەکەی خۆی بەرامبەر دەکردەوە لەگەڵ شوناسی خێڵەکی هەموو خێڵەکانی ناوچەکەدا، شوناسە جیاوازەکانی ئەوانی وا لێدەکرد لەناو یەك شوناسدا لەگەڵ شوناسی خۆیدا بەرامبەر ببنەوەو بەم بەرامبەربوونەوەیە شوناسەکەیان بکات بە شوناسی خێڵێکی لەبەرامبەر شوناسی ناخێڵەکی خۆیدا.

ئەم هێزە دەرەخێڵییە وەك ئەو هێزە ناوخێڵەکییەی کە لەناو خێڵێك لە خێڵەکاندا سەرهەڵدەدات خێڵەکان لەناو یەکێکیاندا ناتوێنێتەوە، ئەم هێزە دەرەخێڵییە لەبەر ئەوەی خاوەنی شوناسی تایبەت بەخۆیەتی و ئەم شوناسەش ئەو وەك حاکم جیا دەکاتەوە لە مەحکومەکانی کە خێڵەکانن، بۆیە وەك ئەو خێڵەی کە عەسەبە دروستدەکات پێویستی بە دروستکردنی شوناس نییە.

شوناسی ئەم هێزە هەمان شوناسی دەوڵەتەو دەوڵەتیش لە مەزهەبەوە ڕەوایەتی داوە بە شوناسەکەی، ئەمەش وای لێدەکات بۆ ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتی خۆی، وەك عەسەبە پێویستی بەوە نەبێت بۆ گۆڕینی هێزەکەی بۆ دەسەڵاتێکی ڕەوا زمان و شوناسی خۆی بەسەر خێڵەکاندا بسەپێنێ. ئەم هێزە بەر لەوەی رووبەڕووی ئەم خێڵانە ببێتەوەو بەهێز رەوایەتی بە دەسەڵاتەکەی بدات، دەسەڵاتەکەی خاوەنی ڕەوایەتی خۆیەتی. ئەمەش وا لەو هێزە دەکات کار بۆ ئەوە نەکات لە ڕێگەی هێزەوە کۆتایی بە شوناسی خێڵەکان بێنێ.

ئەوەی کیشەی ئەم هێزەیە لەگەڵ خێڵەکاندا دەسەڵاتە نەك شوناس، ئەم هێزە تەنها داوای ئەوە لەو خێڵە بەراییانە دەکات کە ملکەچبن بۆ فرمانەکانی و داوای ئەوەیان لێناکات واز لە شوناسەکەی خۆیان بهێنن و گوزارشت لە شوناسە ناخێڵەکییەکەی ئەو بکەن.

ئەم هێزە بۆ ملکەچکردنی ئەم خێڵانە پێویستی بەوە نییە دروستە کۆمەڵایەتییەکەیان تێکبشکێنێ و بە زمان و کەلتورەکەی خۆی نەفی زمان و کەلتورە جیاوازەکانیان بکات. ئەم هێزە تەنها دان و نەدانی باج و سەرانە دەکاتە ئاماژە بۆ ملەکەچبوون و ملەکەچ نەبوونی ئەوان و لەوانەشە وەك هێزێکی سەربازیش بەکاریان بهێنێ، بەڵام کاری بەسەر کەلتورە میللییەکەیان و زمانە جیاوازەکەیانەوە نییە. گێلنەر پێی وایە دروستەی ئەم کۆمەڵگایە دەخوازێت خێڵەکان لەناو خۆیاندا لە جیاشوناسیدا بمێنەوەو هەمووشیان لەیەك کاتدا لەناو جیاشوناسیدابن لەگەڵ ئەوهێزەی کە فەرمانڕەوایەتیان دەکات و ئەوانیش ملکەچی بوون.

ئەوەی ئەم خێڵانە لەگەڵ یەکدا کۆدەکاتەوە کەلتورو زمانی هاوبەش نییە، بەڵکو ملکەچبوونی هاوبەشە بۆ دەسەڵاتێکی ناخێڵەکی جیاواز لە خۆیان.

بابزانین خێڵە بەراییەکان لەناو ئەم جۆرە لەکۆمەڵگادا چی لەدەستدەدەن؟ ئەوەمان روونکردەوە کە خێڵە بەراییەکان لەناو عەسەبەدا بوونە سەربەخۆکەیان و شوناسەکەشیان لەدەست دەدەن، بەڵام خێڵە بەراییەکان لەم کۆمەڵگایەدا تەنها بوونە سەربەخۆکەیان لەدەستدەدەن و لە بوونەوەرێکی سەربەخۆوە دەبن بە بوونەوەرێکی وابەستە، بەڵام وەك خێڵەکانی ناو عەسەبە شوناسەکەیان لەدەست نادەن و جیاوازییەکانی نێوان خۆیان دەپارێزن و لەگەڵ یەکدا بەسەربەخۆ دەمێننەوە. خێڵەکان لەم کۆمەڵگایەدا لەگەڵ یەکتردا سەربەخۆن و وەك جاران پەیوەندیان بەیەکەوەنییە، ئەوەی پەیوەندی نێوانیان دروستدەکات وابەستە بوونی هەموویانە بەهێزێکی ترەوە کەدەکەوێتە دەرەوەی هەموویان و وەك خۆشیان خێڵەکی نییە.

ئەوەی ئەوان لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا دەکاتەوە بە یەك، نە وەك عەسەبە هێزێکە لەخۆیان و نەهێزێکیشە لەناو خۆیاندا، ئەوەی ئەوان دەکاتەوە بەیەك هێزەێکە لە دەرەوەی هەموویانەوە، بەوەش کە لەدەرەوەی هەموویانەوەیە دەتوانێت ئەوان لەگەڵ یەکدا لەناو پێکهاتەیەکی جیاواز لەخۆی کۆبکاتەوەو بیانکات بە جەمسەرێکی بەرامبەر بە خۆی. لێرەدا کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی هەیە، راستە وەك عەسەبە لەناو خۆیاندا مەیلیان بۆ ئەوەنییە کە کەسیان زاڵببێت بەسەر ئەوی تریاندا، بەڵام ئەوەیان قبوولکردووە کە هێزێك لە دەرەوەی خۆیانەوە بێت و زاڵببێت بەسەر هەموویاندا. خێڵی بەرایی لەناو ئەم جۆرە لەکۆمەڵگادا لەناو خۆیدا ئازادەو لەدەرەوەی خۆیدا کۆیلەیە، هەر ئەمەشە وایکردووە خێڵەکان لەناو دروستەی ئەم کۆمەڵگایەدا پەیڕەوی لە فرەزمانی و فرەکەلتوری بکەن و شوناسەکەی خۆیان لەبەرامبەر یەکتریدا بپارێزن.

لەم کۆمەڵگایەدا خێلەکان لەبەرامبەر یەکدا وابەستە نین و ئازادن، بەڵام ئازادییەکەیان ئازادییەکی بەتاڵە، چوونکە ئەوان لەسەر بنەمای ئازادی نەکەوتوونەتە ناو ئەو ناوابەستەبوونەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای ناوابەستەبوون کەوتوونەتە ناو ئازادبوونەوە، واتە ئەوان وابەستە نین، بۆیە ئازادن و ناوابەستە بوونەکەیان بەند نییە بەوەوە کە هەریەکەیان لە خۆیداو بۆ خۆی ئازاد بێت. ئەوان لە بەرئەوەی لە پەیوەنییدا نین بۆیە لەگەڵ یەکدا ئازادەن، نەبوونی ئەم پەیوەندییە ئازادانەی نێوانیشیانە بووتە هۆی ئەوەی قبوڵی ئەوە بکەن لەلایەن

هێزێکی دەرەکییەوە پێکەوە نەفی ئازادەییەکەیان بکرێت و ئازادییەکەیان بە کۆیلایەتی بۆ ئەو هێزە دیاری بکرێت و ئەو هێزە دەرکییە لە رێگەی کۆیلەکردنیانەوە بیانخاتە ناو پەیوەندییەوەو پەیوەندییەکەی نێوانیان بەوە دیاری بکات کە هەموویان کۆیلەی ئەون.

ئەم هێزە دەرەخێڵییە خاوەنی کەلتورو زمانێکە کە کەلتورو زمانێکی ستانداردی مەزهەبییەو جیاوازە لە کەلتوری عەسەبە کە کەلتوری خێڵەکی و میللی خێڵێکە لە خێڵەکان. ئەو هێزە مەزهەبییە لەبەرئەوەی کەلتورەکەی لەرووی جۆرەوە جیاوازە لە کەلتوری خێڵ، کێشەی لەگەڵ کەلتورە خێڵەکییەکان نییەو لەگەڵیاندا ناکەوێتە ناو ململانێوە.

ئەم جۆرە لەهێزی ناخێڵەکی بەهۆی جیاوازی کەلتوەکەو زمانەکەیەوە دەتوانێت خۆی وەك هێزێکی زاڵ لەبەرامبەر خێڵەکاندا بهێڵێتەوەو خێڵەکانیش لەبەر ئەوەی توانای ئەوەیان نییە کەلتورەکەی خۆیان بکەن بەکەلتورێکی مەزهەبی و زمانەکەیان وەك زمانی کەلتورە مەزهەبییەکەی ئەو هێزە بکەن بە زمانێکی ستاندارد، کەلتورەکەیان ناتوانێت بکەوێتە ناو ململانێی کەلتوریی وزمانیی لەگەڵ ئەو هێزە مەزهەبییەی کە فەرمانڕەوایەتیان دەکات.

گەر خێڵێك لەخێڵەکان توانای ئەوەی تیابێت کەلتورەکەی خۆی لە کەلتورێکی خێڵەکی ومیللییەوە بکات بەکەلتورێکی مەزهەبی و فەرمی، ئەوە لەرووی کەلتورییەوە ناتوانێت لەبەرامبەر کەلتوری فەرمانڕەواکاندا راوەستێت و بکەوێتە ناو ململانێی کەلتورییەوە، ئەوەی وادەکات ئەمە روو نەدات ئەوە نییە کە چینە فەرمانڕەوا مەزهەبییەکە بەربەستە لەبەردەمیدا، بەڵکو ئەوە نەبوونی توانایەکی کەلتوری لەوجۆرەیە لەناو خێڵەکاندا وا لە خێڵەکان دەکات کەلتورەکەیان بکەن بە کەلتورێکی دروستکراو و لەو بەرامبەربوونەوەیە دەربازی بکەن.

عەسەبە لەبەر ئەوەی کەلتورەکەی وەك کەلتوری خێڵەکانی تر کەلتورێکی میللییەو لە گەڵیاندا هاوجۆرە، لە رووی کەلتورییەوە دەکەوێتە ناو ململانێ لەگەڵ ئەو خێڵانەدا کە زاڵبووە لەسەریان و کەوتوونەتە ژێر فەرمانڕەوایەتی ئەوەوە. لەو ململانێ کەلتورییەشدا دەبێت کەلتورو زمانی عەسەبە زاڵبێت بەسەر کەلتورو زمانی ئەو خێلانەدا کە لەرێگەی هێزەوە ملکەچیکردوون بۆخۆی. زاڵنەبوونی کەلتورو زمانی عەسەبە بەسەر کەلتورو و زمانی خێڵەکانی ژێردەستیدا، کێشە بۆ زاڵیەتی و دەسەڵاتی عەسەبەکە دروستدەکات، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەڕووی جۆری کەلتورەوە کەلتوری عەسەبەو کەلتوری خێڵەکانی

ژێردەسەڵاتی یەکن و ئەمەش دەخوازێت چۆنایەتییە جیاوازەکانی زمان و کەلتورێکی خێڵەکی لەبری ئەو هەموو کەلتورە خێڵەکیانە هەبێت کە چۆنایەتییە کەلتوری و زمانییەکانیان لەیەکتر جیاوازن، بێگومان ئەوچۆنایەتییە زمانی و کەلتوریانەش دەبن بە چۆنایەتی زمانیی و کەلتوری کەلتورە خێڵەکییەکە، کە چۆنایەتی زمانیی و کەلتوریی ئەو خێڵە زاڵەن کە بەهۆی زاڵییەتییەکەیەوە بووە بەعەسەبە.

لەناو عەسەبەدا لەبەر ئەوەی یەك جۆر لەکەلتور هەیەو ئەو کەلتورەش کەلتوری خێڵەکییە، ئەمە دەخوازێت یەکجۆر لە چۆنایەتیشی هەبێت. عەسەبە لەم بنەما لۆجییکییە سود وەردەگرێت بۆ سەپاندنی زمان و چۆنایەتییەکانی کەلتورەکەی بەسەر هەموو ئەوکەسانەدا کە لە ژێرحوکمی دروستە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو عەسەبەیدان.

گەر خێڵێك لە خێڵەکان جگە لە کەلتورە خێڵەکییەکەی خۆی خاوەنی کەلتورێکی ناخێڵێکی و مەزهەبیش بوایە، عەسەبە ئەو کەلتورە مەزهەبییەی قەدەغە نەدەکرد، چوونکە خۆی خاوەنی کەلتورێکی مەزهەبی ناخێڵەکی لەو جۆرە نییە تا کەلتوری مەزهەبی بکاتە زەمینەیەك بۆ تاقیکردنەوەی هیزو زاڵییەتی خۆی.

بەهەمان شێوە لەو کۆمەڵگا دروستکراوەشدا کەچینێکی فەرمانڕەوای سەر بەکەلتورێکی مەزهەبی تیایدا حوکمی کۆمەڵە خێڵێك دەکات، گەر لەگەڵ کەلتورە مەزهەبییە رەسمییەکەیاندا کەلتورێکی میللی و خێڵەکییان هەبوایە ئەوە کەلتورە مەزهەبییەکەی خۆیان بەسەر خێڵەکاندا نەدەسەپاند، بەڵام کەلتورە خێڵەکییەکەی خۆیان دەسەپاند، چوونکە لەناو خێڵەکانی ژێر فەرەمانڕەوایەتیەکەیاندا کەلتوری هاوجۆری هەیەو ئەمەش وادەکات ئەو جۆرە لە کەلتور ببێت بە زەمینیەك بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خێڵەکاندا.

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ ئەوەی وادەکات کە چینی فەرمانڕەوای کۆمەڵگایەکی مەزهەبی کێشەیان لەگەڵ کەلتوری میللی خێڵەکان و زمانە سروشتییە جیاوازەکانیان نەبێت و رێگە بدات بە هەر خێڵێك کەلتورە خێڵەکییەکەی خۆی و زمانە سروشتییەکەی خۆی لە کاروباری رۆژانەدا بەکاربهێنێ، ئەوەیە کە ئەم کەلتورە خێڵەکییە لە رووی جۆرەوە جیاوازە لەکەلتورە مەزهەبیەکەیان و ئەوانیش خاوەنی کەلتورێکی خێڵەکی و زمانێکی سروشتی لەو جۆرە نین تا کەلتوری خێڵەکی و زمانی سروشتی ببێت بە بوارێك بۆ تاقیکردنەوەی هێز و سەپاندنی دەسەڵاتی بەهێزەکانی ناو تاقیکردنەوەکە بەسەر بێهێزەکاندا.

کەواتە ئەوەی وایکردووە لەم جۆرە لەکۆمەڵگادا جیاوازی کەلتوری و زمانی نێوان خێڵەکان لەلایەن چینی فەرمانڕەواوە قبووڵ بکرێت، ئەوەنییە کە ئەم چینە پەیڕەوی لە سیستەمی فرەکەلتوری بکەن، بەڵکو ئەوەیە کە کەلتوری چینی فەرمانڕەوا هاوجۆری کەلتوری خێڵەکان نییەو هەرکاتێك کەلتوری چینی فەرمانڕەوا و ژێردەستەکان هاوجۆر ببێتەوە، چینی فەرمانڕەوا کەلتورو زمانەکەی خۆی بەسەر ژێردەستەکانی خۆیدا دەسەپێنێت و ناهێڵێت کەلتورو زمانی خۆیان بەکار بهێنن. لەو کۆمەڵگایانەدا کەهێزێکی ناخێلەکی فەرمانڕەوایی کۆمەڵە خێڵێکی زمان و کەلتور جیاواز دەکات، بۆیە بە کەلتورەکەی خۆی نەفی کەلتورە خێڵەکییەکەی خێڵەکان ناکات، چوونکە کەلتورەکەی هاوجۆری کەلتوری خێڵەکان نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بوونی فرەکەلتوری و فرەزمانی لەو کۆمەڵگایانەدا هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەسەلآت لەو کۆمەڵگایانەدا بڕوای بە یەککەلتوری نییەو بڕوای بە فرەکەلتورییە.

دەسەلآت لەناو ئەم کۆمەڵگایانەدا لەبەر ئەوەی رەوایەتی لە رێگەی هێزو زاڵبوونەوە وەرگرتووە، بەهەمان شێوەی عەسەبە بڕوای بە یەککەلتوری هەیەو هەرکاتێك کەلتورەکەی لەگەڵ کەلتوری خێڵەکانی ژێر فەرمانڕەوایەتیەکەیدا هاوجۆر بوویەوە، وەك عەسەبە فرەکەلتوری ناهێڵێت و کەلتورو زمانەکەی خۆی وەك تاکە کەلتورێکی ئەو کۆمەڵگایە بەسەر هەموو ئەو خەڵکەدا دەسەپێنێ کە لە سنوری سیاسی ئەو کۆمەڵگایەدان. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە دەتوانین بڵێین هەرکاتێك کەلتوری عەسەبەو کەلتوری خێڵەکانی ژێردەستی لە رووی جۆرەوە جیاوازبوون، ئەوە کیشەی لەگەڵ کەلتوری ئەو خێڵانەدا نابێت و خێڵەکان دەتوانن پەیڕەوی لەو کەلتورە بکەن.

### ٤/-٣-٣) پێکهاتەی خێڵەکی وەک کۆمەڵگایەکی عەقڵی

ئەو پێکهاتە خێڵەکییەی کە بەهۆی عەقڵەوە کۆمەڵە خێڵکی سروشتی پێکیان هێناوە، بەهۆی زاڵیەتیەوە دروستنەبووە و بەرهەمی توانەوەی کۆمەڵە خێڵێك نییە لە ناوجەستەی بنەماڵەیەکدا کە توانای زاڵبوونی هەیە. ئەم پێکهاتە خێڵەکییە کۆمەڵگایەکە لەرێگەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتییەوە دێتەئاراوە کەعەقڵ بنەماکەیەتی. لەباسکردنی پرۆسەی پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە لای فەیلەسوفانی ئەڵمان باسمان لەم جۆرە لە سیستەمی

کۆمەڵایەتی کرد، ئێستاش هەوڵدەدەین باس لە بەرجەستەبوونی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیە لەناو پێکهاتەیەکی خێڵەکیدا روون بکەینەوە.

خێڵە بەراییەکان چۆن زەمینەی سەرهەڵدانی عەسەبەکانن بەهەمان شێوەش زەمینەی دەرکەوتنی کۆمەڵگای عەقڵین و لە رێگەی چالاك بوونی ئەو پاڵنەرەوە-کە فیختە بە غەریزەی عەقڵی ناوی دەبات- خێڵەکان بە پرۆسەیەکی دووروودرێژی پەرەسەندندا دەڕۆن و دەبن بە کۆمەڵگایەکی عەقڵی کە لەڕووی جۆر و چۆنایەتییەوە جیاوازە لە خێڵەکان.

باوادابنێین کۆمەڵە خێڵێکی بەراییمان هەیە کە سروشت حوکمیان دەکات، ئەم خێڵانە لەبەرئەوەی خێڵی بەراین، کۆمەڵە خێڵێکی داخراون و هەریەکەیان لەناو خۆیدا پەیڕەوی لە یەکبوون دەکات و زمان و کەلتورێکی جیاوازی هەیە. هیچ یەك لەم خێڵانە لەگەڵ یەکتردا لە پەیوەندییەکی کەلتوری و سروشتیدا نین و نەچوونەتە ناو جوگرافیای سیاسی ئەو کۆمەڵەگایەوە کە بەهۆی هێزو کەلتورێکی ستانداردی مەزهەبییەوە دروستکراوەو بەردەوام توانییویانە بەرگری لەوە بکەن ئەو هێزە مەزهەبییە ئاینییە حوکمیان بکات ولە گەڵ خۆیدا بەرامبەریان بکاتەوە.

باوادابنێین ئەو خێڵانە ئەو خێڵە کوردیانەن کە ناچنە ژێر رکێفی کۆمەڵگا مەزهەبییەکانەوەو هەریەکەیان بەهەر رێگایەك بێت لەدەرەوەی دەسەڵات و فرمانڕەوایی ئەو هێزەدا گەر بەنیوەو ناچڵیش بێت خۆی بە سەربەخۆی دەهێڵێتەوە. ئەم خێلانە جگە لەوەی کە ناچنە ناو پێکهاتەی خەلافەتی مەزهەبییەکانەوە لەناو خۆشیاندا حەزی زاڵبوونیان بەسەر یەکتریدا نییەو گەر ئەو حەزەش لە یەکێکیاندا سەرهەڵبدات، بەهۆی ئەوەوە کە لەوانی تردا ئەم حەزە بوونی نییە، ناتوانێت بەسەر ئەوانی تریاندا زاڵببێت و عەسەبەیەك دروست بکات. ئایا جگە لە دروستکردنی عەسەبەیەك هیچ رێگایەك هەیە ئەم خێڵانە لە رێگەیەوە ببنەوە بەیەك؟

ئەم خێڵە بەراییانە لەرێگەی عەسەبەیەکەوە نابنەوە بەیەك و وەك خێڵە بەراییەکانیش لە پرۆسەی پەرەسەندنی خۆیاندا ئەو توخمە جیاوازانەی کە لەناویاندا سەرهەڵدەدەن لەخۆیان دوریان ناخەنەوەو لەناو خۆیاندا دەیانهێڵنەوەو بەمەش لەخێڵێکی بەراییەوە پەرە دەسێنن بۆ بوونەوەرێکی نوێ کە لە رووی دروستەو جۆرەوە جیاوازە لە خێڵ. ئەم پێکهاتە خێڵەکییە بەوە خۆی لە خێڵ جیا دەکاتەوە کە توخمە جیاوازەکانی ناوخۆی ناکاتە دەرەوەی خۆی و وەك خۆی

لەدەرەوەی خۆیدا نابن بە خێڵێکی سەربەخۆ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا نابێتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەدا لەناو خۆیدا وەك بوونەوەرێکی سەربەخۆ بمێننەوەو ئەمەش ئەو خێڵە بەرەو ئەوە دەبات لە ناو پێکهاتە خێڵەکییەکەدا وەك ئەو خێڵانەی لێی کەوتوونەتەوەو لەناویدا بەسەربەخۆ ماونەتەوە ببێت بە یەکەیەکی پێکهێنەری کۆمەڵگا خێڵەکییەکە.

لێرەدا ئەوەی لە خێڵێك لە خێڵەکان دەکەوێتەوەو دەبێت بە خێڵ، لەگەڵ باوانەکەیدا دەچنە ناو دروستەی کۆمەڵگایەکی ترەوە کە هەریەکەیان یەکەیەکی پێکهێنەری ئەو کۆمەڵگایەن. ئەم کۆمەڵگایە خێڵ نییە چوونکە وەك خێڵ لەرێگەی دەرکردنی ئەو توخمە جیاوازانەی کە لە پەرەسەندنە سروشتییەکەی دەکەونەوە و دەبنە هۆی ئەوەی یەکبوونە ناوەکییەکەی نەهێڵن، یەکبوونی ناوەکی خۆی ناپارێزێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی وەك خێڵ پەیڕەوی لە یاسا شوناس ناکات و پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی دەکات.

ئەم خێڵانە لە دوای ئەوەی لە خێڵێکەوە بوون بە چەند خێڵێك و هەریەکەشیان لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ ئەوانی ترداو پەیوەندییەکەشی پەیوەندی عەسەبیەتی ناو عەسەبەیەك نەبووە، ئەوە دەبن بەو کۆمەڵگا عەقڵییەی کە لە ناوەوەی خۆی و دەرەوەی خۆیشیدا پەیڕەوی لە فرەیی و جیاوازی دەکات و ڕێگرە لە بەردەم ئەوەدا بە یەکبوون نەفی جیاوازی و فرەیی بکرێت. ئەم کۆمەڵە خێڵە دەتوانین بە کۆمەڵگا ناویان بەرین، چونکە لەناو پەیوەندیدان و وەك خێڵە بەرابییەکان دابڕاو نین لەیەکتر. خێڵە بەرابییەکان لەبەر ئەوەی نایانەوێت پەیڕەوی لە فرەشوناسی بکەن، ناتوانن لەگەڵ یەکدا کۆببنەوە. بەڵام ئەم خێڵانە لەبەر ئەوەی قبووڵی فرەشوناسیان لەناو خۆیاندا کردووە توانیویانە بەبێ لەدەستدانی شوناسەکەیان بکەونە ناو پەیوەندییەوەو پێکهاتەیەکی گەورەتر لە خێڵ بهێننە ئاراوە بەبێ ئەوەی جیاوازییەکانی خۆیان لەدەست بدەن.

ئەو کۆمەڵگا عەقڵییە کە ئەم خێڵانە لە خۆدەگرێت، جیاوازە لەو کۆمەڵگا کشتوکاڵییەی کە خێڵەکان لەخۆدەگرێت. بە بۆچوونی گێلنەر ئەو کۆمەڵگا کشتوکاڵییە لە سەرەوە لە چینی فەرمانڕەواو پیاوانی ئاینی پێکهاتووە کە خاوەنی کەلتورێکی مەزهەبی باڵان و جیاوازە لەو کەلتورە میللییە جیاوازانەی کە لە خوارەوە خێڵەکان پەیڕەوی دەکەن، لە خوارەوەش لە کۆمەڵە خێڵێکی دابڕو لەیەکتر پێکهاتووە. لەم کۆمەڵگایەدا خێڵەکان لەگەڵ یەکدا لەناو پەیوەندیدا نین و ئەوەی ئەوانی لەگەڵ یەکدا کۆکردووەتەوە ئەو چینە فەرمانڕەوایەیە کە بە

هەموویان بێگانەیە، جگە لەمەش ئەو خێڵانە بە ویستی خۆیان لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا کۆنەبوونەتەوەو بەو هێزە لەگەڵ یەکدا کۆبوونەتەوە کە چینی فەرمانڕەوا هەیەتی و بەهۆیانەوە حوکمیان دەکات. ئەوەی لەنێوان ئەم خێڵانەدا هاوبەشە کۆیلایەتیکردنی هاوبەشە بۆ یەك دەسەڵات.

ئەو خێڵانەی کە بە قبووڵکردنی فرەشوناسی کۆمەڵگایەکی هاوبەشی فرەشوناس دەهێننە ئاراوە، جیاوازن لەو خێڵانەی کە لە ناو ئەم کۆمەڵگا کشتوکاڵیەدان. چونکە ئەوەی لە نێوانیاندا هاوبەشە ئازادییە نەك کۆیلایەتییەکی هاوبەش.

ئەوان لەوەدا یەکن کە هیچیان قبووڵی ئەوە ناکات ملکەچ بێت بۆ هیچ هێزێکی دەرەکی و لە ناو خۆیشدا رێگە نادات هیچ هێزێك لە هێزەکانی ناوخۆی زاڵ ببێت بە سەر ئەوانی تریانداو خۆی و یەکەکانی ناوی توانای ئەوەیان هەیە بەردەوام لەناو ئازادیدا بمێننەوە. ئەم خێڵانە نەوەك خێڵەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی قبووڵی ئەوە دەکەن ملکەچ بکەن بۆ هێزێکی دەرەوەی خۆیان و نە وەك عەسەبەکانیش مەیلیان بۆ زاڵیەتی هەیەو خێڵەکانی دەرەوەی خۆیان پەلکێش دەکەنە ناو خۆیان و ملکەچیان دەکەن بۆ ویستی خۆیان.

ئەم خێلانە نە لەو خێڵانەن کە لەناو دروستەی کۆمەڵگایەکی گەورەتر لە خۆیاندا شوناسی خۆیان لەدەستداوەو بوونەتە بەشێك لە جەستەی ئەو خێڵەی کە شوناسەکەی بووە بە شوناسی ئەو کۆمەڵگایە، نە دەچنە ناو دروستەی کۆمەڵگایەکەوە کە تیایدا شوناسەکەیان پارێزراوە، بەڵام لەدەرەوەی خۆیاندا هێزێکی بێگانە حوکمیان دەکات و شوناسەکەیان لەبەرامبەر خۆیدا دەکاتەوە بەیەك. ئەو بنەمایەی کە بوونی ئەم خێڵانەی لەسەر دامەزراوە ئازادییە. بەپێی ئەم بنەمایەش ئەو جۆرە لە خێڵ تەنها دەتوانێت بچێتە ناو دروستەی کۆمەڵگایەکەوە کە شوناسە جیاوازەکەی تیایدا پارێزراو بێت.

گەر بمانەوێت لە مێژوودا نموونەی ئەم جۆرە لە خێڵ بدۆزینەوە ئەوە خێڵە میدییەکان باشترین نموونەی ئەم جۆرە خێڵەن و کۆمەڵگاکەشیان باشترین نموونەی ئەو جۆرە لە کۆمەڵگایە کە تیایدا خێڵ دەتوانێت دەسەڵاتە ناوەکییەکەی خۆی و شوناسەکەی خۆی بپارێزێت و لەگەڵ خێڵەکانی تردا بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی دەرکی کۆببێتەوەو شوناس و سەروەریەکەشی لەدەست نەدات. ئەو کۆمەڵگایەی کە بەم رێگایە لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرابەرەوە دێتە ئاراوە، لە رێگەی هێزەوە نایێتە ئاراوەو بۆ دروستبوونی هێز پێویست نییە، ئەوەی پێویستە عەقڵە. گەر لە هۆزە

میدییەکان بڕوانیین بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی دەکرێت پەرەبسێنن بۆ کۆمەڵگایەکی نویێ کە لە رووی جۆرەوە لە خێڵەکان جیاواز بێت و هێزیش رۆڵی لەم پەرەسەندنەدا نەبێت.

هۆزە میدییەکان لەسەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ئاشوریدا لەرێگەی زاڵبوونی یەکێك لە خێڵەکانەوە بەسەر خێڵەکانی تردا لەناو کۆمەڵگایەکی گەورەتر لەخۆیان نابنەوەبەیەك، لەرێگەی هێزێکی ناخێڵەکی بیگانەشەوە بەرەو یەکبوونێکی دەرەکی نارۆن. ئەوەی ئەوان بەرەو ئەوە دەبات پێکەوە لەناو کۆمەڵگایەکدا کۆببنەوە عەقڵە. ئەم هۆزانە بەوەی کە لەرێگەی عەقڵەوە هوشیاری بەوە پەیدا دەکەن بوونیان لەناو کۆمەڵگایەکدا پێکەوە باشترە لەوەی کە بوونیان لەناو خۆیاندا بێت، بۆ ئەوەش پێکەوە لەناو یەك کۆمەڵگادا کۆببنەوە، شاری ئەکباتان دروست دەکەن و پێکەوە لە ناویدا کۆمەڵگایەکی نویێ دەهێننە ئاراوە.

دیاکۆ لە رێگەی هێزەوە ئەوان ناچار ناکات بەوەی کە ئەوشارە دروست بکەن و لەناویدا کۆمەڵگایەکی جیاواز لە خێڵ بهێننە ئاراوە، ئەو لە رێگەی ئەو هوشیارە عەقڵییەوە ئەم کارە دەکات کە لەرێگەی گوتەکانییەوە لەناو ئەواندا دەیهێنیتە ئاراوە.

دروستەی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگاییەی کە بەهۆی پەرەسەندنی عەقڵ لە ناو کۆمەڵە خێڵێکی بەراییدا دێتە ئاراوە، جیاوازە لە دروستەی ئەو دوو کۆمەڵگایەی پێشوو، گرنگترین جیاوازیش لە نێوانیاندا ئەوەیە ئەم کۆمەڵگایە بنەمای دروستبوونەکەی عەقڵەو دوو کۆمەڵگاکەی تر بنەمای دروستبوونەکەیان هێزە.

ئەوەی وادەکات ئەو خێڵانە عەقڵ لەناویاندا لە شێوەگیربوونە سروشتییەکەیەوە پەرەبسێنیێ بۆ شێوەگیربوونی لەناو ویستیاندا، ئەوەیە کە ئەم خێڵانە پێویستیان بەوەیە لەناوخۆیاندا لەگەڵ یەکدا لەناو کۆمەڵگایەکی گەورەتر لە خێڵدا کۆببنەوە، بەڵام بۆ ئەم کۆبوونەوەیە ناتوانن قبوڵی ئەوە بکەن یەکێکیان زاڵ ببێت بەسەر ئەوانی تریاندا، ئەمەش لەوەوە نییە، کە لە تاقیکردنەوەی هێزەکانیاندا هیچیان نەتوانێت سەرکەوێت بەسەر ئەوانی تریاندا، بەڵکو لەبەرئەوەیە هیچیان مەیلیان بۆ ئەوەنییە زاڵببێت بەسەر ئەوانی تریانداو ئەوانی تر بکاتە کۆیلە بۆ ویستی خۆی.

عەسەبە لەناو کۆمەڵە خێڵێکدا پەیدادەبێت کە غەریزەی زاڵبوون لەناویاندا سەری هەڵدابێت و ئازادی مانایەکی راستەقینەی لەناویاندا پەیدا نەکردبێت، ئەو خێڵانەی کە لە ناو

ئەو ململانێیەدا دەدۆڕێن لەگەڵ ئەو خێڵەدا کە براوەیە دەکەونە ناو پەیمانەوەو بەوە رازی دەبن کە بچنە ژێر دەسەڵاتییەوە.

بەڵام ئەم خێڵانە گەر ناکۆکیش لە نێوانیاندا روویداو لەشەڕێکدا یەکێکیان بەسەر ئەوانی تریاندا سەرکەوێت، ئەوانی تر لەناوخۆیدا ناتوێنێتەوەو نایناخاتە ژێر فەرمانڕەواییی ویستی خۆیەوە. بەهەمان شێوە خێڵە دۆڕاوەکانیش لەگەڵ ئەم خێلە براوەدا ناچنە ناو پەیمانەوە، بەڵکو لەدوای دۆڕانیشیان هەر ئازادی خۆیان دەپارێزن و لەناوچوونیان پێ باشترە لەوەی بچنە ژێر رکێفی خێڵە براوەکەوە. ئەم خیلانە ئازادی خۆیان بۆ هیچ شتێك لەدەست نادەن و ئازادیان لە ژیان پێ گرنگترە، ئەمەش وایکردووە نەتوانن لەناو کۆمەڵگایەکی گەورتر لەخۆیان کۆببنەوە کە لەسەر هێز دامەزرابێت، ئەوان تەنها کۆمەڵگایەك دەتوانێت کۆیان بکاتەوە کە بوونی لەسەر ئازادی دامەزرابێت. ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەوان داوای دەکەن عەسەبە نییە چوونکە عەسەبە کۆمەڵگایەکە بوونی لەسەر هێز دامەزراوەو دروستە کۆمەڵایەتیەکەشی کاتێك توخمێك قبووڵدەکات لە تاقیکردنەوەی هێزدا بەزیی بێت و بووبێت بە کۆیلە بۆ ویستی ئەو توخمەی کە لە تاقیکردنەوەکەدا زاڵبووە.

ئەوەی کە لەتاقیکردنەوەی هێزدا دەردەچێت گەر خۆیشی نەییەوێت ببێت بە فەرمانڕەوا و ئەوانیتر ملکەچ بکات بۆ ویستی خۆی، دروستە کۆمەڵایەتییەکە قبوڵی ناکات و لە عەسەبەکە دەیکاتە دەرەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە تەنها بوونی هێز نییە، بەڵکو قبووڵکردنی زاڵییەتییە بەسەر ئەوانی تردا، واتە هیز بەبێ ویستی زاڵیەتی ناتوانێت عەسەبە دروست بکات، کاتێك هێز دەتوانێت عەسەبە دروست بکات ئەو هێزە لەپێناو زاڵبوونێکی زیاتردا بەکاربهێنێ.

ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەم خێڵە ئازادانە تیایدا کۆدەبنەوە ئەو کۆمەڵگایە نییە کە لەرێگەی زاڵیبوونی هێزێکی ناخێڵەکییەوە لە خێڵەکان دروستدەکرێت. ئەم خێڵانە چۆن قبوڵی ئەوە ناکەن لەژێر سایەی خێڵێك لە خێڵەکاندا ببنەوە بەیەك و عەسەبەیەك دروست بکەن، بەهەمان شێوە قبوڵی ئەوە ناکەن لەژێر سایەی هیچ هێزێکی ناخێڵەکی بێگانەو دەرەکیشدا کۆببنەوە.

ئەم خێڵانە قبوڵی هیچ جۆرە زاڵییەتییەك ناکەن و ئەوەی وەك روحی خۆیان دەیپارێزن ئازادییەکەیانە. بۆیە هیچ هێزێکی ناخێڵەکیش ناتوانێت بەسەریاندا زاڵببێت و لەژێر

دەسەڵاتی خۆی بیانهێڵێتەوەو بە ویستی خۆی ئاراستەیان بکات. ئەم عاشقبوونەیان بە ئازادی ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا هێزێکی دەرەکی و ناخێڵەکی کۆمەڵگای خێڵە وابەستەکانیان لێ بێنێتە ئاراوە. ئەم خێڵانە وەك خێڵەکانی ناو ئەو دوو کۆمەڵگایە هێزێکی دەرکی ناتوانییێت لەناو یەك کۆمەڵگادا کۆیان بکاتەوە، ئەم خێڵانە تەنها بەهێزێکی ناوەکی لەناو کۆمەڵگایەکدا کۆدەبنەوە، ئەو هێزە ناوەکیەش هەمان ئەو هێزە عەقڵییەیە کە لە پەرەسەندنە سروشتییەکەیاندا یەکبوون لەناو فرەییدا شێوەگیر دەکات. عەقڵ لەناو سروشتی ئەواندا تەنها دەتوانێت یەکبوونە سروشتییەکەیان لەناو جیاوازییە سروشتییەکانیاندا شێوەگیربکات و توانای ئەوەی نییە کۆمەڵە خێڵێکی سروشت جیاواز لە ناو کۆمەڵگایەکدا کۆبکاتەوە.

ئەم هێزە عەقڵییە کاتێك دەتوانێت ئەو خێڵانە لەناو یەك پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا کۆبکاتەوە کە لەناو ویستی ئەواندا یەکبوون لەناو جیاوازییە سروشتییەکاندا شێوەگیر بکات و کارکردنەکەی لەناو ئەواندا لە کارکردنێکی نائاگایانەو بێ ویستەوە بگۆڕێت بۆ کارکردنێکی ئاگایانەو بەویست. واتە بۆ ئەوەی عەقڵ لە ناو ویستی ئەواندا شێوەگیرببێت، دەبێت ئەوان بەبێ بەکارهێنانی هێز بچنە ناو دروستەی کۆمەڵگایەکی پەرەسەندووتر لە خێڵ و لەو کۆمەڵگایەشدا هیچیان نەکەوێتە ژێر رکیفی ویستی ئەوی تریان.

عەقڵ لەناو ویستدا هەر بەپێی ئەو یاسایە شێوەگیر دەبێت کە یەکبوون لەناو فرەییدا شێوەگیر دەکات. کاتێك ئەم خێڵانە لەناو کۆمەڵگایەکی عەقڵی لەم جۆرەدا کۆدەبنەوە، عەقڵ چۆن بەبێ ویست و ئاگایی خۆیان بە یاسای یەکبوون لەناو فرەیدا حوکمی سروشتیان دەکات ئاوا لەناو ویست و ئاگایشیاندا بەپێی هەمان یاسا حوکمی ئەوەش دەکات کە لەناو ئەواندا عەقڵییە و سروشتی نییە. تەنها لەناو کۆمەڵگایەکی لەو جۆرەدا عەقڵ دەتوانێت لە ڕێگەی ئەوەی کە عەقڵییە خۆی شێوەگیر بکات، لەبەر ئەمەشە دەتوانین ئەم کۆمەڵگایە بە کۆمەڵگایەکی عەقڵی ناو بەرین. ئەو خێڵانەی کە دەچنە ناو پێکهاتەی کۆمەڵگایەکی عەقڵییەوە، وەك خێڵە بەرایییەکان لەپەرەسەندنی سروشتی خۆیان ناکەون، واتە لەڕێگەی پەرەسەندنە سروشتیییەکەیانەوە وەك خێڵە بەرایییەکان خێڵی نوێ دەخەنەوەو لە پەیڕەوکردنی ئەو یاسا عەقڵییەی کە خێڵە بەرایییەکان لە پەرەسەندنی خۆیاندا سروشتیان پەیڕەوی دەکات بەردەوام دەبن، بەڵام ئەوەی کە وەك خێڵە بەرایییەکان لەناویاندا بەردەوام نابێت، ئەوەیە ئەو خێڵانەی کە لە خێلە بەرایییەکان دەکەونەوەو خێڵە بەرایییەکان دەیانکەنە دەرەوەی خۆیان و لە

دەرەوەی خۆیاندا ڕێگایان پێدەدەن سەربەخۆبن، ئەم خێڵانە نایانکەنە دەرەوەی خۆیان و لەناو خۆیاندا ڕێگایان پێدەدەن بەسەربەخۆی بمێننەوە.

لەناو ئەم خێڵانەدا بەهۆی چالاکبوونی عەقڵ و پەرەسەندنی هوشیاریان بەخۆیان، ئەو دابڕانە سروشتییە کە پرۆسە سروشتییەکەی پەرەسەندن لەناو ئەو خێڵانەدا بەرهەمی هێناوە لەڕێگەی یەکبوونێکی عەقڵییەوە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندیەکی عەقڵی و هوشیارانە. لەمەشەوە ئەو پرۆسەی دابڕانە بەردەوامەی کە لەنێوان ئەو خێڵە بەراییانەدا هەیە، کۆتایی پێدێت و بەهۆی ئەمەشەوە کۆمەڵگایەکی نوێ دێتەئاراوە کە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە خێڵکی بەرایی ئازاد و سەربەخۆ.

لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا وەك عەسەبە ئەوەی سروشتییەو بەبێ ویست و هوشیاری خێڵەکان روو دەدات دەگۆڕێت بۆ پرۆسەیەکی هوشیارانەی بەویست، جیاوازی نێوان پرۆسەی پەرەسەندنە بەویستەکەی ئەم کۆمەڵگایەو عەسەبە ئەوەیە کە ئەوەی لەناو ئەم کۆمەڵگا عەقڵییەدا بەویستە، ئەو پرۆسە عەقڵییەیە کە شێوەگیرکەری ئەوەیە لەناو خێڵە بەراییەکاندا عەقڵییە، ئەوەی لە ناو خێڵە بەراییەکانیشدا عەقڵییەکی بەویستە ئازادییە. بەڵام ئەوەی لەناو عەسەبەدا بەویستە ئەو پرۆسە عەقڵییەیە کە شێوەگیرکەری ئەوەیە لەناو خێڵەکاندا سروشتییە، ئەوەش لەناو خێڵەکاندا سروشتییەکی بەویستە غەریزەی زاڵییەتییە.

ئەوەی لەناو ئەم کۆمەڵگا عەقڵییەدا بەردەوامی بەخۆی دەدات، ئەوەیە کە لەناو خێڵە بەراییەکاندا عەقڵییەو ئەوەی لەناو عەسەبەدا بەردەوامی بەخۆی دەدات، ئەوەیە کە لەناو خێڵە بەراییەکاندا سروشتییە. ئەوەی وایکردووە خێڵە بەراییەکان لە پرۆسەی پەرەسەندنە سروشتییەکەی خۆیاندا پەیڕەوی لە فرەیی و جیاوازی بکەن و پەیڕەوی لە یەکبوون نەکەن، عەقڵە نەك سروشت. ئەوە عەقڵە پێویستی بەوەیە لەناو فرەییدا خۆی شێوەگیر بکات نەك سروشت، ئەوەش وادەکات لەو خێڵانە لەناو خۆیاندا پەیڕەوی لە یەکبوونی ناوەکی خۆیان بکەن ئەوەیە کە لەناو ئەواندا سروشتییە.

سروشت لە خێڵە بەراییەکاندا داوای یەکبوون دەکات و عەقڵیش داوای فرەیی دەکات. کۆمەڵگای عەقڵی لەناو خۆیدا پەیڕەوی لە فرەیی دەکات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، ئەوەی لە دروستە کۆمەڵایەتییەکەیدا شێوەگیر دەبێت عەقڵییە نەك سروشتی.

عەسەبە لەناو خۆیدا پەیڕەوی لە یاسای یەکبوون دەکات و دروستە ناوەکییەکەی فرەیی قبووڵ ناکات، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە دروستە کۆمەلایەتییەکەی خۆیدا بە شێوەیەکی ئاگایانەو بەویست هەمان ئەوە شێوەگیردەکات کە لەناو خێڵەکاندا سروشتیەو بە شێوەیەکی نائاگایانە یەکبوونە ناوەکییەکەیان دەپارێزێت.

جیاوازی نێوان ئەم کۆمەڵگا عەقڵییە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا کە هێزێکی مەزهەبی ناخێڵەکی لەخێڵە بەراییەکان دروستی دەکات و خێڵەکان ملکەچ دەکات بۆ خۆی، ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە بە هێزێکی ناوەکی کە لەناو هەموو خێڵە بەراییەکاندا چالاك بووە، خێڵە جیاوازەکان لەناو کۆمەڵگایەکدا کۆدەکاتەوە. بەڵام ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو هێزە مەزهەبییە لە خێڵە بەراییەکان دروستی دەکات، بەهێزێك دروستی دەکات کە لە ناو ئەواندا بوونی نییەو ئەوان تەنها بەوە لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا دەبنەوە بەیەك کە ببن بەکۆیلەی ئەو ویستەی کە خاوەنی ئەو هێزە یەکخەرەیە کە ئەوان لەناو کۆمەڵگاکەدا رێکدەخات.

هێزی یەکخەر لەناو کۆمەڵگای عەقڵیی خێڵەکاندا هێزێکی ناوەکییەوە بە هۆی پەرەسەندنی هوشیاری بە عەقڵ لەناو کۆمەڵە خێڵێکی بەرایدا خێڵە بەراییەکان لەناو دروستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکدا رێکدەخات، ئەو خێڵە بەراییەی کە عەقڵ لەناو دروستە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیدا رێکی دەخات، دەبێت هوشیاری بە عەقڵ و یاساکەی کە یاسای پەیڕەوی کردنە لە فرەیی لە ناویدا پەرەی سەندبێت و گەیشتبێتە ئەوەی کە یەکبوونی لەگەڵ خێڵەکانی تردا تەنها بە پەیڕەویکردن لەو یاسایە بێت کە زامنی شوناسەکەی و ئازادییەکەی دەکات. خێڵە میدییەکان و خێڵە یۆنانیەکانی ناو دەوڵەتە شارەکانی یۆنان بە هۆی گەیشتنیان بەم هوشیارییە عەقڵییەو یاساکەی، توانیان ببنەوە بەیەك و ناوێکی تری جیاواز لە ناوی خێڵەکان لە یەکبوونەکەیان بنێن. هێزی یەکخەر لەناو ئەو کۆمەڵگایەی کە هێزێکی داگیرکەری ناخێڵەکی تیایدا سەرەوەرە، هێزێکی ناوەکی ناو خێڵەکان نییەو هیزێکی دەرکییەو ئەم هێزەش هێزێکی عەقڵی نییەو هەمان ئەوهێزە سروشتییە یەکخەرەی زاڵبوونە کە لەناو عەسەبەدا هەیە.

واتە عەسەبەو ئەم کۆمەڵگایە تەنها لە میکانیزمی بەرجەستەکردنی ئەو هێزە سروشتییە یەکخەرەدا جیاوازن. عەسەبە بەشێوەیەکی ناوخۆیی ئەو هێزە یەکخەرەی زاڵییەتی لە بەیەککردنی خێڵە جیاوازەکاندا شێوەگیر دەکات، بەڵام ئەو هێزە ناخێڵەکییە ئەو هێزە

یەکخەرەی زاڵییەتی بە شێوەیەکی دەرەخۆیی لە بەیەککردنی خێڵەکاندا شێوەگیرەدەکات. ئەو میکانیزمەی کە عەسەبە دەیگرێتەبەر، لە عەسەبە دەخوازێت لە بەیککردنی یەکەی سیاسی و یەکەی کەلتوریدا پەیڕەوی لە یاسا سروشتییەکەی یەکبوون بکات، بەڵام ئەو میکانیزمەی کە ئەم هێزە ناخێڵەکییە دەیگرێتەبەر، تەنها دەخوازێت لە یەکەی سیاسیدا پەیڕەوی لە یاسای یەکبوون بکات و لەیەکەی کەلتوریدا پەیڕەوی لەم یاسایە نەکات. گەر ئەو هێزە یەکخەرەی دەسەڵاتە ناخێڵەکییەکەش وەك عەسەبە پێویستی بە بەیەککردنێکی ناوەکییانەی خێڵە بەراییەکان هەبووایە، وەك عەسەبە لە یەکەی کەلتوریشدا پەیڕەوی لە یاسای یەکبوون دەکرد.

خێڵە بەرایەکان لە ناو عەسەبەدا نەك هەرناکەونە ناو پەیوەندییەکی ناوەکییەوە بەڵکو بوونیشیان لە ناو عەسەبدا نەفی دەکرێت. لەناو ئەو کۆمەڵگایەشدا کە هێزێکی مەزهەبی و ناخێڵەکی فەرمانڕەوایەتی دەکات، خیڵەکان هەرچەندە بوونیان نەفی ناکرێت بەڵام لەگەڵ یەکدا نەك ناکەونە ناو پەیوەندییەوە بەڵکو دروستبوونی هەر پەیوەندییەك لە نێوانیاندا لە دەرەوەی پەیوەندییان بە دەسەڵاتە نا خێڵەکییەکەوە قەدەغەکراوەو مەترسی لەسەر بوونیان دروست دەکات. ئەو کۆمەڵگایەی کە خێڵە بەراییەکان ناوەکییانە تیایدا دەکەونە ناو پەیوەندییەوە تەنها کۆمەڵگای عەقڵیی خێڵەکانە.

خێڵە بەراییەکانی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا کە هێزێکی مەزهەبی و ناخێڵەکی حوکمی دەکات، جیاوازییە کەلتوری و زمانییەکانیان پارێزراون، لەمەشدا لە کۆمەڵگای عەقڵی دەچێت و خۆی لە عەسەبە جیادەکاتەوە، بەڵام جیاوازییەکی دروستەیی گەوەرە لە نێوان ئەم دوو کۆمەڵگایەو پەیوەندی نێوان خێڵەکانیاندا هەیە.

دروستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای دەسەڵاتە ناخێڵەکییەکە رێگرە لە بەردەم ئەوەدا هەر خێڵێك لەو خێڵانە بەهۆی هوشیياری بەعەقڵ، کەلتورو زمانەکەی لە کەلتورو زمانێکی خێڵەکی و سروشتییەوە پەرەبسێنیٚ بۆ کەلتور و زمانێکی عەقڵی، چوونکە گەر شتێك لەو جۆرە روو بدات ئەوە کەلتور و زمانی ئەم خێڵە دەبێت بە کەلتورێکی هاوجۆری کەلتوری دەسەڵاتە ناخێڵەکییەکەو ئەمەش وادەکات کە لەگەڵ کەلتوری ئەو دەسەڵاتە بەرامبەر بێتەوە و کیشە بۆ ئەو دەسەڵاتە دروست بکات و یەکبوونە سیاسییەکەی بخاتە مەترسیەوە.

ئەم دەسەڵاتە ناخێڵەکییە وەك دەسەڵاتی دەوڵەتە نەتەوەییە مۆدێرنەکان تا ئەو شوێنە کێشەیان لەگەڵ کەلتور و زمانی خێڵەکانی ناو خۆیاندا نییە کە ئەو کەلتور و زمانانە لە ناو

بوونە سروشتییەکەی خۆیان بهێننەوەو پەرەنەسێنن، بەڵام کاتێك ئەم زمان و کەلتورە سروشتیانە بوونە سروشتییەکەی خۆیان تێدەپەڕێنن و پەرە دەسێنن و دەبن بەکەلتورو زمانێکی ناسروشتی هاوجۆر لەگەڵ کەلتورو زمانە ناسروشتییەکەی دەسەڵاتە ناخێڵەکییەکەدا، ئەو کات ناچار دەبێت لەسەر ئەم خێڵانە یاسای یەکبوونی کەلتوری بخاتەکارو بە کەلتور و زمانە ناسروشتییەکەی خۆی ئەو کەلتورو زمانە پەرەسەندووە نەفی بکات.

ئەوەی ئەو دەسەڵاتە ناخێڵەکییەی راگرتووە لەوەی کە لەناو یەکە کەلتورەیەکەیدا یاسای یەکبوون جێبەجێ نەکات و جێبەجێ کردنەکەی لە ئاستی یەکە سیاسیەکەدا بهێڵێتەوە، ئەوە نییە کە بڕوای بە فرەکەلتوری هەیە، بەڵکو ئەوەیە کە دڵنیایە ئەو خێڵانەی زاڵبووە بەسەریاندا ناتوانن کەلتورو زمانەکەیان لە کەلتورو زمانێکی ناسروشتی و جیاجۆرەوە بگۆڕن بە کەلتورو زمانێکی ناسروشتی و هاوجۆری کەلتورەکەی خۆی. گەر ئەمە لە ناو ئەو خێڵانەدا روو بدات و کەلتورەو زمانەکەیان پەرە بسێنێ بۆ کەلتورو زمانێکی ناسروشتی و هاوجۆری کەلتورە ناسروشتییەکەی ئەو دەسەڵاتە ناخێڵەکییە، یان ئەوەیە کۆمەڵگاکە هەڵدەوەشێتەوەو دەبێت بە چەند کۆمەڵگایەکی جیاواز، یان ئەوەیە دەبێت ئەو دەسەڵاتە لە یەکەی کەلتوری کۆمەڵگاکەی خۆیدا وەك عەسەبە کەلتورو زمانەکەی خۆی زاڵبکات بەسەر ئەو کەلتورە پەرەسەندووانەداو یەکبوونی ناوەکی کۆمەڵگاکەی بە جێبەجێکردنی یاسای یەکبوون لە یەکە کەلتوریەکەیدا بپارێزێت.

ئەم حاڵەتە بە گوێرەی ئەو کۆمەڵگا عەقڵییەی خێلە بەرابیەکان جیاوازەو هەر خێڵێك لە خێڵەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە گەر زمان و کەلتورەکەی لە زمان و کەلتورێکی سروشتییەوە پەرەبسێنێ بۆ زمان وکەلتورێکی عەقڵی و ناسروشتی، یەکبوونی کۆمەڵگاکە بەمە بەهێزتر دەبێت، چوونکە ئەو خێڵەی کە کەلتورەکەی پەرەی سەندووە ناتوانێت ئەو یاسا عەقڵیەی فرەیی کە دروستەی کۆمەڵگاکەی لەسەردامەزراوە ببەزێنێت و بەهۆی ئەو پەرەسەندنەی کە لە کەلتورو زمانەکەیدا روویداوە کەلتورو زمانەکەی خۆی بەسەر خێڵەکانی تردا بسەپێنێ و ببێتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا کەلتورو زمانی هەرخێڵێك لە خێڵەکان وەك ئەو پەرەبسێنێ و ببێت بەکەلتورو زمانێکی عەقڵی و ناسروشتی.

لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا هیچ شتێك ناتوانێت یاسای فرەکەلتوری بگۆڕێت بۆ یاسای یەککەلتوری، چوونکە لە بنچینەدا دروستەی ئەو کۆمەڵگایە لەسەر بنەمای فرەکەلتوری

دامەزراوە، نەك بنەمای یەككەلتوری. ئەمەش جیاوازی نێوان ئەو فرەكەلتورییەیە كە لەنێوان كۆمەڵگای عەقڵی خێڵە بەراییەكاندا هەیە لەگەڵ كۆمەڵگای ئەو دەسەڵاتە ناخێڵەكییەی كە دروستەی كۆمەڵگاكەی لە سەر بنەمایەكی سروشتی دامەزراوە كە زاڵییەتییە.

دەتوانین كۆمەڵگای كوردی لەگەڵ كۆمەڵگای یونانی پێش سەردەمی هیلینییەت و نەمانی دەوڵەتە شارەكانی، بە دوو نموونەی باشی كۆمەڵگای عەقڵیی خێڵە بەراییەكان بزانرێن، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە كە قبووڵی فرەزمانی و فرەكەلتوری و پەرەسەندنی زمان و كەلتوری سروشتیی خێڵەكانیان بۆ زمان وكەلتورێكی ناسروشتی كردووەو بەمەش چەند دیالێكتێك و چەند ئەدەبیاتێكی باڵا هاتوونەتە ئاراوەو كۆمەڵگاكەش بەمە یەكبوونی خۆی لەدەست نەداوە. كۆمەڵگای كوردی تا ئەم سەردەمەش پەیڕەوی لەو سیستەمە كۆمەڵایەتییە دەكات كە دروستەكەی دروستەیەكی عەقڵییەو پەیڕەوی لە یاسای فرەكەلتوری و فرەدەسەڵاتی دەكات و هەر ئەمەشە وایكردووە وەك نموونەیەكی لە یاسابەدەری ناو جیهان سەیر بكرێت.

## ٤/٤) نەتەوەو پێكهاتە خێڵەكییە جیاوازەكان

دوای ئەوەی ئەوەمان روونكردەوە كە سێ ڕێگا لە بەردەم كۆمەڵە خێڵێكدا هەیە بۆ ئەوەی پێكەوە بكەونە ناو پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی گەورەتر لە خۆیان. پێویستە پەیوەندی نێوان ئەم پێكهاتە خێڵەكیانەو نەتەوە بەگشتی روون بكرێتەوە. بۆ روونكردنەوەی ئەم پەیوەندییەش سەرەتا دەبێت بزانین كام لەو سێ پێكهاتەیە دەبنە زەمینە بۆ سەرهەڵدان و دروستبوونی نەتەوەكان.

لە ناو ئەو سێ پێكهاتە خێڵەكییەدا ئەو پێكهاتەیان كە هێزێكی ناخێڵەكی لە خێڵەكان پێكی دەهێنێ نابێتە زەمینە بۆ دروستبوونی نەتەوە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ناو ئەم پێكهاتەیەدا خێڵەكان لە دۆخە سروشتییەكەی خۆیاندا دەمێننەوەو لە نێوان خۆیاندا ناكەونە ناو پەیوەندییەكی راستەقینەوە.

ئەو خێڵانە لەبەرئەوەی هێزێكی دەرەكی لەناو ئەو پێكهاتەدا كۆی كردوونەتەوە، بە نەمانی ئەو هێزە دەركییە یان ئەوەیە هەریەكەیان لە دۆخە سروشتییەكەی خۆیدا دەمێنێتەوەو هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا دروست نابێت، یان ئەوەیە دەكەونە ناو ململانێوە تا یەكێكیان شوێنی هێزە ناخێڵەكییەكە دەگرێتەوەو زاڵ دەبێت بە سەر ئەوانی تردا و لەناو پێكهاتەیەكی

نوێدا کۆیان دەکاتەوە، ئەم پێکهاتە نوێیەش لەبەرئەوەی بنەماکەی زاڵبوونێکی نێوخێڵەکییە دەبێت بە عەسەبە. کە بوو بە عەسەبە جا دەبێت بە زەمینە بۆ سەرهەڵدانی نەتەوە، نەتەوە لە زەمینەی دوو پێکهاتە خێڵەکییەکەی تردا سەر هەڵدەدات، بەڵام ئەو نەتەوەیەی کە بە هۆی پەرەسەندنی عەسەبەوە دێتە ئاراوە جیاوازە لەو نەتەوەیەی کە بە هۆی پەرەسەندنی ئەو پێکهاتە خێڵەکییەوە دێتە ئاراوە کە بنەمای دروستبوونەکەی عەقڵە.

کاتێك عەسەبەیەك دەبێتە بنچینە بۆ دروستبوونی نەتەوەیەك، ئەوەی لە عەسەبەکەدا پەرەدەسێنێ تەنها کەلتورەکەیەتی، ئەم جۆرە لە نەتەوە وەك عەسەبە لەسەر بنەمای زاڵیەتی دروستدەبێت، بەڵام ئەو کەلتورو زمانەی کە بەسەر بەزیوەکاندا دەیسەپێنێ، زمانی سروشتی خێڵە زاڵەکەو کەلتورە میللییەکەی نییە، بەڵکو زمانێکی بەستانداردکراو و کەلتورێکی مۆدێرنە.

ئەو نەتەوانەی کە نەتەوەخوازییەکانی جیهان لەناو دەوڵەتەکانی خۆیاندا دروستیان کردوون، لەرێگەی گۆڕینی زمانێکی سروشتی بۆ زمانێکی ستاندارد و گۆڕینی کەلتورێکی نامۆدێرنە بۆ کەلتورێکی مۆدێرن دروستیان کردوون، لە پرۆسەی دروستکردنەکەشدا پەیڕەویان لە هەمان پرۆسەی دروستبوونی عەسەبەکان کردووەو ئەو پێکهاتە خێڵەکییەی کە توانیویەتی لەناو دەوڵەتەکەدا بەسەر پێکهاتە خێڵەکییەکانی تردا زاڵببێت و بیانخاتە ناو دۆخی بەزینەوە، زمانێکی سروشتی گۆڕیوە بۆ زمانێکە ستانداردو کەلتوری یەکێك لە عەسەبەکان کە زۆرجار کەلتوری عەسەبە زاڵەکە خۆی بووە، گۆڕیوە بە کەلتورێکی مۆدێرن و دواتر هەموو عەسەبە بەزیوەکانی ناو دەوڵەتەکەی ناچار کردووە کە بە زمان و کەلتوری خۆیانی بزانن و دەستبەرداری زمان و کەلتورەکەی خۆیان بن. ئەم جۆرە لە نەتەوە پێکهاتەیەکە لە عەسەبەیەکی زاڵ و چەند عەسەبەیەکی بەزیوو، بۆیە دەکرێت بە عەسەبەیەکی پەرەسەندوو یان مۆدێرن بزانرێت. عەسەبیەت عەسەبە لە خێڵەکان دروستدەکات و لە رێگەی هێزەوە لەناو پێکهاتەیەکی خێڵەکی نوێدا دەیانکاتەوە بەیەك و رێگە دەگرێت لەوەی کە خێڵە زاڵبووەکە لە دۆخی زاڵبوون و خێڵە بەزیوەکان لە دۆخی بەزین دەرچن و بەمەش یەکبوونی ناو عەسەبەکە دەپارێزێت و ناهێڵێت هەڵوەشێتەوە.

بەهەمان شێوە نەتەوەخوازی نەتەوە لە چەند عەسەبەیەکی جیاواز دروستدەکات و لەرێگەی هێزەوە لەناو پێکهاتەیەکی دروستکراودا کۆیان دەکاتەوەو زمان و کەلتورێك بەسەر

هەموویاندا دەسەپێنێ و دوای ئەمەش رێگە دەگرێت لەوەی کە عەسەبە زاڵەکەی ناو ئەو نەتەوەیە لەزاڵیەتی بکەوێت و لەهەمان کاتدا ڕێگە دەگرێت لەوە عەسەبە بەزیوەکان لە دۆخی بەزینەکەی خۆیان بێنە دەرەوە، لەرێگەی پاراستنی ئەم دوو دۆخەوە رێگە لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو نەتەوەیە دەگرێت کە دروستیکردووە.

بۆ ئەمەش هێزی دەوڵەت بەکار دەهێنێ و لە رێگەیەوە عەسەبە زاڵکە لە ناو زاڵیەتیدا و عەسەبە بەزیوەکان لە ناو بەزیندا دەهێڵێتەوەو هەر عەسەبەیەك لە عەسەبە بەزیوەکان لەبری ئەو زمان و کەلتورە مۆدێرنەی کە نەتەوەخوازی سەپاندوویەتی زمان و کەلتورە میللیەکەی بگۆڕێت بۆ زمان و کەلتورێکی مۆدێرن و دەست لەو زمان و کەلتورە مۆدێرنە هەڵبگرێت کە عەسەبە زاڵەکە کردوویەتی بە زمان و کەلتوری نەتەوە دروستکراوەکە، ئەو عەسەبە زاڵە بۆی هەیە هێزی دەوڵەت بۆ سەرکوتکردنی بەکار بهێنێ و رێگەی لێ بگرێت لە ناو پێکهاتەکەدا لە دۆخی بەزینەکەی دەرچێت.

ئەمەش دەمانگەیێنێ بەوەی بڵێن گەر عەسەبە بە هۆی دەمارگیری بەرامبەر نەریت و کەلتوری خێڵەکی بنەماڵەیەکی زاڵەوە بێتە ئاراوە، ئەوە نەتەوە بەهۆی دەمارگیریەوە بەرامبەر ئەو کەلتورو زمانەی کە نەتەوەخوازی وەك هێزی زاڵی ناو دەوڵەت دەیسەپێنێ دێتەئاراوە، بۆیە هەر دەست تێوەردانێك لە زمان و کەلتوری ئەو نەتەوەیە بە دەستلێدان لە موقەدەسی نەتەوە دەزانرێت. واتە گەر دەمارگیری لەناو عەسەبەدا بۆ بنەماڵەی زاڵ و نەریتەکەی بێت، دەمارگیری لەناو نەتەوەی دروستکراودا بۆ نەتەوەخوازی زاڵ و زمان و کەلتورە مۆدێرنەکەیەتی.

لە ناو ئەم جۆرە لە نەتەوەدا پێکهاتە خێڵەکییە بەزیوەکانی ناو دەوڵەت دەبێت بۆ هەتاهەتایی لە ناو دۆخی بەزیندا بمێننەوەو پێکهاتە زاڵەکەش لەناو دۆخی زاڵیەتیدا بمێنێتەوە. مانەوەی ئەو دوو تۆخمە پێکهێنەرەی ئەو نەتەوە دروستکراوە زامنی مانەوەی نەتەوەکە دەکات و لە هەڵوەشاندنەوە دوری دەخاتەوە. ئەوەش رەوایەتی داوە بە مانەوەی عەسەبە زاڵەکە لە دۆخی زاڵییەتی و عەسەبە بەزیوەکان لە دۆخی بەزیندا، مانەوەی نەتەوە دروستکراوەکەیە. واتە بۆ ئەوەی نەتەوە دروستکراوەکە لەناو نەچێت و بوونی خۆی بپارێزێت، دەبێت تۆخمە بەزیوەکانی ناو پێکهاتەی نەتەوەکە لە دۆخی بەزیندا بمێننەوەو تۆخمە زاڵەکەش لە دۆخی زاڵییەتیدا بمێنێتەوە.

ئەمەی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە نەتەوە دروستکراوەکانی ناو دەوڵەتە نەتەوەییەکان هەڵگری هەمان سیستەم و دروستەی عەسەبەکانن و وەك عەسەبەکانیش بوونیان لە سەر زاڵەتی دامەزراوە. بۆیە ئەم جۆرە لە نەتەوە لە پەرەسەندنی ئەو عەسەبانە دەکەوێتەوە کە هەرەیەکەیان بە هۆی زاڵییەتییەوە لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی دروستکراون.

جۆرێکی تر لە نەتەوە هەیە پەرەسەندنی ئەو پێکهاتە خێڵەکییەیە کە بنەمای دروستبوونەکەی عەقڵەو ئەو خێلانەی پێکیان هێناوە ئەو جۆرەن لە خێڵی پەرەسەندوو کە دۆخە سروشتییەکەی خۆیان تێپەڕاندووەو لەگەڵ یەکدا لەناو پێکهاتەیەکدا کەوتوونەتە ناو پەیوەندییەوە کە هیچ یەکێکیانی زاڵ نەکردووە بەسەر ئەوانی تریانداو لە دۆخی ئازادیدا هێشتوونیەتیەوەو رێگرە لەبەردەم ئەوەدا کە هەریەك لەو خێلانە لەو دۆخە دەرچێت و بکەوێتە دۆخی زاڵیەتی یان دۆخی بەزینەوە. ئەوەی زامنی مانەوەی بوونی ئەم جۆرە لە پێکهاتەی خێڵەکی دەکات، مانەوەی خێلەکانە لەناو دۆخێ ئازادانەی خۆیاندا.

ئەو نەتەوەیەی کە لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا نەتەوەخوازی دروستیکردووە بە پێی سیستەم و دروستەی عەسەبە دروستی کردووەو بنەمای دروستکردنەکەشی زاڵبوونی عەسەبەیەك بە سەر پێکهاتە خێڵەکییەکانی ترداو هێشتەنەوەیان لەناو دۆخی بەزیندا. مانەوەی ئەم دوو توخمەش لەم دوو دۆخەدا زامنی مانەوەی نەتەوەکەیە و ئەوەش پێکهاتە خێلکییە بەزیوەکان لە دۆخی بەزین دەردەهێنێ، ئەوەیە کە قبوڵی ئەو زمان و کەلتورە مۆدێرنە نەکەن کە نەتەوەخوازی بەسەر هەموو پێکهاتە خێڵەکییەکاندا بە یەکسانی دەیسەپێنێ و لە بەرامبەر ئەو زمان و کەلتورە سەپاوەدا ئەو زمان و کەلتورە هەڵبژێرن کە خۆیان دەیانەوێت.

لەناو دەوڵەتە نەتەوەییەکانی جیهاندا نەتەوەیەك بوونی نییە سیستەمەکەی سیستەمێکی پەرەسەندووی ئەو پێکهاتە خێڵەکییەبێت کە لەسەر بنەمای ئازادی دامەزراوە. کێشەی پێکهاتە خێڵەکییەکانی کورد لە ناو ئەو چوار دەوڵەتەدا کە کورد بە سەریاندا دابەشکراوە، ئەوەیە کە لەو جۆرە لە پێکهاتەی خێڵەکین کە بنەمای دروستبوونەکەیان ئازادییەو لەبەرامبەر ئەوانیشدا لە ناو ئەو چواردەوڵەتە پێکهاتەیەکی خێڵەکی زاڵە کە لە بنچینەدا لەسەر بنەمای زاڵیەتی دامەزراوە نەك بنەمای ئازادی. کێشەکەش لەوەدایە کە پێکهاتە خێڵەکییە کوردییەکان دەیانەوێت لە رێگەی پەرەسەندنی سیستەمەکەی خۆیانەوە پەرەبسێنن و بێ بە

نەتەوە، واتە دەیانەوێت نەتەوەش لە سەر بنەمای ئازادی بێتە ئاراوە نەك لەسەر بنەمای زاڵیەتی دروستبكرێت. بەڵام ئەو پێكهاتە خێڵەكییانەی كە لەبەرامبەریاندا هەن، لەبەرئەوە لەوجۆرە لە پێكهاتەن كە لەسەر بنەمای زاڵیەتی دروستكراون و لەسەر بنەمای ئازادی دروست نەبوون، دەیانەوێت بەپێ هەمان بنەمای عەسەبەكان پەرە بسێنن و ببن بەنەتەوە.

پێكهاتە خێڵەكییە كوردییەكانی ناو ئەم چوار دەوڵەتە بەهۆی ئەو سیستەمەوە كە بوونیان لەسەری هەیە، دەیانەوێت دەوڵەت بەرەوە ئەوە بەرن ببێت بە دەوڵەتی ئەو پێكهاتە خێڵەكییانەی كە شیانی ئەوەیان تیایە ببن بەنەتەوەو دەوڵەتەكەش ببێت بە زەمینەیەكی ئازاد بۆ سەرهەڵدانی كۆمەڵە نەتەوەیەك كە پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنەمای ئازدی بێت نەك لەسەر بنەمای زاڵیەتی. بەڵام لە بەرامبەر ئەواندا پێكهاتە خێڵەكیەكانی تری ناو دەوڵەت، دەوڵەتەكەیان بەرەوە بردووە ئەوە كە ببێت بە زەمێنەیەك بۆ زاڵبوونی پێكهاتەیەكی خێڵەكی بەسەر پێكهاتە خێڵەكییەكانی تردا، ئەمەش هەوڵە بۆ دروستكردنی تاكە نەتەوەیەك لەسەر بنەمای زاڵیەتی و هێشتنەوە پێكهاتە خێڵەكییە زاڵەكە لەناو زاڵیەتی و پێكهاتە خێڵەكییە بەزیوەكان لەناو بەزیندا.

پێكهاتە خێڵەكییە كوردییەكانی ناو ئەم دەوڵەتانە خەون بە دەوڵەتێكەوە دەبینن كە فرەنەتەوەبێت و سیستەمەكەی سیستەمی پەرەسەندووی عەسەبەكان نەبێت و لەسەر بنەمای زاڵیەتی دانەمەزرابێت، بەڵام پێكهاتە خێلەكییەكانی تر خەون بە دەوڵەتێكەوە دەبینن كە یەك نەتەوەی تیابێت و سیستەمەكەی هەمان سیستەمی پەرەسەندووی عەسەبەكان بێت و نەتەوەكەش پێكهاتەیەك بێت لە پێكهاتەیەكی خێڵەكی زاڵ و كۆمەڵە پێكهاتەیەكی خێڵەكی بەزیوو. واتە كورد لەناو ئەم دەوڵەتانەدا دەیەوێت دەوڵەت دەوڵەتێكی فرەنەتەوە بێت، بەڵام پێكهاتە خێڵەكییەكانی تر دەیانەوێت دەوڵەتی نەتەوە بێت تا خۆیان ببن بە توخمی زاڵی ناو ئەو نەتەوەیەو پێكهاتە خێلەكیەكانی تری ناو دەوڵەتەكەش ببن بە توخمی بەزیوی ناو نەتەوەكە.

## ٥/٤ ) شوێنی كورد لە نەخشەی نەتەوەخوازیدا

ئەو گۆڕانەی كە لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنەدا روودەدات، گۆڕانی كۆمەڵگا كشتوكاڵییەكانە بۆ كۆمەڵگای پیشەسازی. لای دروستەخوازەكان نەتەوەخوازی پێداویستی

ئەوگۆڕانە دەیهێنێتە ئاراوەو لەرێگەی ئەو گۆڕانەوە کە مۆدێرنیزم بەسەر کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا دەیهێنێ، نەتەوەکان دروست دەکات، واتە دروستکردنی نەتەوەکان بەشێکە لەپرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی.

کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکانی ناو جیهان هەموویان وەك یەك نین و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەخوازی بەرێگای جیاواز جیاواز کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکە بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی و نەتەوەکان دروست بکات.

ئێمە پێشتر باسمان لەسێ جۆر لە کۆمەڵگا کرد کە هەرسێکیان لە پەرەسەندنی خێڵە بەراییەکان کەوتوونەتەوە. کاتێك مۆدێرنیزم بە خۆی و کەلتورە مۆدێرنە پیشەییەکەیەوە دێت و دەیەوێت کۆمەڵگای کشتوکاڵی بگۆڕێت بە کۆمەڵگای پیشەسازی، ڕووبەڕووی ئەم سێ جۆرە لە کۆمەڵگا دەبێتەوە کە هەریەکەیان لە ناو خۆیدا لە دروستەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوریدا کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی کۆکردووەتەوە، جگە لەم سێ کۆمەڵگا جیاوازەش لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵە خێڵێکی بەراییی دەبێتەوە کە نەچوونەتە ناو پێکهاتەی هیچ یەك لەم سێ کۆمەڵگا جیاوازەوە.

خێڵەکانی دوورەگەکانی ئوسترالیاو خێڵە بەراییەکانی ئەفریقاو ئەمریکاو هیندستان نموونەی ئەو جۆرە لە خێڵی بەرایین کە هیچ پەرەسەندن و گۆڕانێکی ئەو تۆیان بەخۆیانەوە نەبینیوە و هەر وەك خێڵە بەراییەکان لە پەرەسەندنە سروشتییەکەی خۆیاندا خێڵی بەرایی نوێ و زمانی سروشتی نوێ و کەلتوری خێڵەکی نوێ دەخەنەوەو لە ڕووی جۆرەوە هیچ گۆڕانێك بەسەریاندا نەهاتووە.

گێلنەر لەکارەکەی خۆیدا ئاماژە بە چەند جۆرێك لە نەتەوەخوازی جیاواز دەکات کە توانیویانە ئەو کۆمەڵگا دروستە جیاوازانەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بگۆڕن بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی و نەتەوەیان لێدروست بکەن، بۆ دیاری کردنی ئەو سێ جۆرە لە کۆمەڵگا کە لەسەرەوە باسمانکردن، پێویستمان بە نموونەکانی گێلنەر دەبێت و لە رێگەی نموونەکانی ئەوەوە هەوڵدەدەین شیکردنەوەوە لێکدانەوەیەکی جیاواز لە لێکدانەوەکەی گێلنەر بۆ هەریەکەیان بکەین و لەرێگەی ئەمەشەوە شێوە جیاوازەکانی نەتەوەخوازی بەپێ ئەو سێ کۆمەڵگا جیاوازەو ئەو خێڵە بەراییانەی کەوەك خێڵ ماونەتەوە بدۆزینەوەو پاشان ئەوە ڕوون بکەینەوە کە بزووتنەوە کوردییەکان سەر بەکام شێوە لەم شێوانەن.

گێلنەر لەکارەکەی خۆیدا بەپێی دروستەی جیاوازی کۆمەڵگا ناوچەییەکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵی باس لە دووجۆر لەبەربەست دەکات کە دێنە بەردەم نەتەوەخوازی و دەبنە ڕێگر لەبەردەم ئەوەدا نەتەوەخوازی لەڕێگەی دروستکردنی نەتەوەوە ئەو کۆمەڵگایانە لە کۆمەڵگای کشتوکاڵییەوە بکات بە کۆمەڵگای پیشەسازی.

یەکەم بەربەستیان بەربەستێکی زمانییەو ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا پەیوەندیکردن لەو کۆمەڵگایەدا ببێت بە پەیوەندیکردنێکی سەراپاگیرو هەر کەسێك لەگەڵ هەر کەسێکی تری ناو ئەو کۆمەڵگایەدا بەیەك زمان بتوانن پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن.

دووەم بەربەستیش بەربەستێکی کەلتورییەو ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا کەلتوری دروستکراوی دەوڵەت ببێت بە کەلتورێکی سەراپاگیر. ئەو کەلتورەش کە دەبێتە بەربەست لەبەردەم کەلتورە دروستکراوەکەی دەوڵەتدا کەلتورێکی میللییەو کەسانی سەر بەو کەلتورە میللییە ئامادەنین دەست لە کەلتورەکەیان هەڵگرن و ئەو کەلتورە دروستکراوەی دەوڵەتەکە وەرگرن کە نەتەوەخوازی وەك کەلتوری نەتەوەیی دەیسەپێنێ و نەتەوەی پێدروستدەکات.

## ٤/٥-١) بەربەستی زمانی لەبەردەم دروستکردنی نەتەوەدا

بەپێی بۆچوونەکەی گێلنەر لەسەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا ئەوەی دەبێتە بەربەسەت لەبەردەم ئەوەدا کە نەتەوەخوازی لەڕێگەی دروستکردنی نەتەوەوە کۆمەڵگای کشتوکاڵی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی، بە ستانداردکردنی زمانێکە بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە.

چارەسەرکردنی ئەم کیشەیەش لای ئەو بە دوو ڕێگا دەبێت، یەکەمیان: ئەوەیە کۆمەڵگا ناوچەییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتێك رازی بن بەوەی لەسنوری ئەو دەوڵەت مۆدێرنەدا بمێننەوە کە لە داروپەردووی ئیمپراتوریەتەکە دروستدەکرێت، لەم کاتەشدا دەبێت نەتەوەخوازییەکەیان تەماهی بکات لەگەڵ ئەو نەتەوەخوازییەدا کە لەناو چینی فەرمانڕەوای ئەو ئیمپراتۆریەتەدا سەرهەڵدەدات و بەزمانی ستانداردکراوی ئەو ئیمپراتۆریەتە کەلتورە مۆدێرنەکە لەسنوری سیاسی دەوڵەتەکەیدا سەراپاگیر دەکات، لەم حاڵەتەدا ئەو کۆمەڵگا ناوچەییە بە پرۆسەی دروستکردنی ئەو نەتەوەیەدا دەبرێت کە نەتەوەخوازیی چینی فەرمانڕەوای ئەو ئیمپراتۆریەتە رابەرایەتی دەکەن.

دووەمیان: نەتەوەخوازیی کۆمەڵگا ناوچەییەکانی ناو ئەو ئیمپراتۆریەتە، بەشێوەیەکی سەربەخۆو جیا لە نەتەوەخوازیی چینی فەرمانڕەوای ئەو ئیمپراتۆریەتە لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆی ڕێپێدراودا یەکێك لە زارەکانی ناو کۆمەڵگا ناوچەییەکەی خۆی دەکات بە زمانێکی ستانداردو لەڕێگەی سەراپاگیرکردنی کەلتورە مۆدێرنەکە بەو زمانە ستانداردە نەتەوەیەکی سەربەخۆ لەو نەتەوەیەی کە نەتەوەخوازیی چینی فەرمانڕەوای ناو ئیمپراتۆریەتەکە دروستی کردووە دروست دەکات.

گێلنەر بۆ باسکردنی بەربەستی یەکەم کە بەربەستی زمانییە لە بەردەم پەیوەندیکردندا، باس لە رویتانیەکان و ئیمپراتۆریەتی میغالۆمانیا دەکات. گەلی رویتانی و ئیمپراتۆریەتی میغالۆمانیا هیچیان بوونێکی واقعیان نییە، بەڵام گێلنەر ئەم دوو بوونەوەرە خەیاڵکردە دەکاتە نموونە بۆ ئەو گەلانەی کە لە ژێرسایەی ئیمپراتۆریەتەکانی بەر لە سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازیدا دەژین و دروستە کۆمەڵایەتیەکەیان و پەیوەندییە دروستەییەکەیان بەو ئیمپراتۆریەتەوە هەمان دروستەی کۆمەڵایەتی و هەمان پەیوەندی دروستەیی رویتانییەکانە بەئیمپراتۆریەتی میغالۆمانیاوە.

واتە باسکردنی نەتەوەخوازی رویتانی و ئەو بەربەستانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم ئەوەدا نەتەوەی رویتانی دروست بکات، باسکردنە لە هەموو ئەو گەلانەی کە لەناو ئیمپراتۆریەتەکانی سەدەی هەژدەو سەدەی نۆزدەدا هەمان حاڵەتی رویتانییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی میغالۆمانیایان هەیە.

رویتانییەکان و نەتەوەخوازییەکەیان لای گێلنەر نموونەیەکە بۆ گەلانی ئەوروپاو نەتەوەخوازییە جیاوازەکانیان. ئەو کاتێك باس لە رویتانییەکان دەکات، باس لەوکەلتورە ئاینییە ناوچەییەی مەسیحییەت دەکات کە بە زمانی ناوچەی ئەو گەلانەی ئەوروپا لەناو ئەو کەنیسانەدا هەیە کە لەناو سنوری ئەو ئیمپراتۆریەتانەدان و رەوایەتیان لە مەزهەبێك لە مەزهەبەکانی ئاینی مەسیحی وەرگرتووە. جگە لەمەش زمانی فەرمانڕەوایانی کۆشك زمانی رەسمی ئیمپراتۆریەتەکەیەو لەناو دەرباردا فەرمەنڕوایان و کارمەندانی ئەو ئیمپراتۆریەتە بەو زمانە کاروبارەکانی خۆیان هەڵدەسوڕێنن، واتە لەناو ئەو گەلانەدا زمانی دەسەڵاتی دنیایی زمانێکی بێگانەیە بە گەلەکان و زمانی دەسەڵاتی مەزهەبی لە زارێك لە زارەکانی ئەو گەلە وەرگیراوە و کراوە بەزمانی ئاین و کەنیسە.

گێلنەر لەرێگەی رویتانییەکانەوە بەم شێوەیە باس لە نەتەوەخوازی ناو ئەو گەلانەو دروستکردنی نەتەوەکانیان دەکات(٢٨٧) : رویتانییەکان کۆمەڵە خێڵێکی ناو کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵین کە سەر بە ئیمپراتۆریەتێکە بە ناوی میغالۆمانیا، خەڵکی ناو ئەم کۆمەڵگایە بە کۆمەڵە زارێکی نزیك لە یەکەوە دەدوێن کە بە ئاستی جیاجیا لە نێوان خۆیاندا دەتوانن لە یەکتری تێبگەن. لە رویتانیادا ئەرستوکراتەکان و کارمەندەکان بەهەمان زمانی فەرمانڕەوایانی دەربارو کارمەندەکانی ئیمپراتۆریەتی میغالۆمانیا دەدوێن. رویتانییەکان لە تەقسە ئاینییەکانی خۆیاندا زمانی کەنیسە بەکاردەهێنن، واتە ئەو زمانەی کە پیاوانی ئاینی کەنیسە لە کاروباری ئاینی خۆیاندا بەکاری دەهێنن. ئەم زمانەش هەرچەندە لە زارێك لەزارەکانی رویتانییەکان وەرگیراوەو کراوە بەزمانی تەقسە ئاینییەکانیان، بەڵام هەموو رویتانییەکان بەباشی لێی تێناگەن و زۆر دوورە لەو زارە جیاوازانەی کە لە ناو خۆیاندا بۆکاروباری رۆژانەی خۆیان بەکاریان دەهێنن.

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا کۆمەڵگای پیشەسازی بەکەلتورو قوتابخانە مۆدێرنەکانی و بەکارگەو ئامێرە پیشەییە نوێکانیەوە دەگاتە ناو ناوەندی ئیمپراتۆریەتی میغالۆمانیا، ئەوەی کە دەگاتە رویتانیاو ناوچەکانی تری دەرەوەی ناوەندی ئیمپراتۆریەت، قوتابخانە سەرتاییە مۆدێرنەکان و کەلتورە مۆدێرنەکەیە بە زمانی دەرباری ئیمپراتۆریەت. رویتانییەکان لە رابردوودا بە زارە جیاجیاکانی خۆیان ئێش و ئازارەکانی خۆیان لە رێگەی گۆرانی و بەسەرهاتی میللییەوە تۆمارکردووە، بە هاتنی قوتابخانە سەرەتایەکان و کەلتورە مۆدێرنەکەو هەوڵدانی مامۆستایانی ئەو قوتابخانە سەرەتاییانە هەوڵێکی باش دەدەرێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو کەلتورە میللییە زارەکییە.

لەناو ئەو قوتابخانە سەرەتاییانەدا قوتابیان ئاین بەزمانی کەنیسە دەخوێنن کە زمانی ناوچەیی خۆیانە، بەڵام کەلتورە مۆدێرنەکە بە زمانی دەربار دەخوێنن. ئەو قوتابیانەی کە قوناغی سەرەتایی دەبڕن و خوێندنی دواناوەندی و زانکۆ تەواو دەکەن، دەکەونە ژێر کاریگەری کەلتورە مۆدێرنەکەو لیبرالیزم، ئەمەش وادەکات نەبن بە قەشە، بەڵکو ببن بە رۆژنامەنوس و مامۆستا. ئەمانەش لە رێگەی ئەو زانا بێگانانەی کە هاتوون بۆ ناسینی رویتانییەکان، لەسەر

(٢٨٧) بڕوانە : هـ . س : ١١٥-١٢٢.

ئەو بیروبۆچوونانە زیاتر هاندەدرێن کە لەرێگەی خوێندنە مۆدێرنەکەوە پێی کاریگەر بوون. لەگەڵ زیادبوونی قوتابخانە سەرەتاییەکان و بڵاوبوونەوەی کەلتورە مۆدێرنەکەو ئەو گۆڕانە پیشەسازییەی کە لەمیغالۆمانیادا روودەدات، خەڵکی روویتانیا بۆ کارکردن روو دەکەنە میغالۆمانیا و لەوێ دەبن بە کرێکار.

دوای ئەوەی ئەو خوێندەوارو کرێکارانەی کە کەلتورە مۆدێرنەکە بە زمانی دەربار وەردەگرن و دەگەڕێنەوە بۆ روویتانیاو بەراوردی ژیانی روویتانییەکان بە ژیانی ئەو خەڵکە دەکەن کە لەشارە پیشەسازییەکانی میغالۆمانیادا ژیان دەبەنەسەر، بیر لەوەدەکەنەوە ژیانی رویتانیەکان بگەیێنە ئەو ئاستەی ژیان کە لە میغالۆمانیادا هەیە، بۆ ئەمەش ئەوان لەبەردەم دوو رێگادان، یان ئەوەیە زمان و کەلتوری میغالۆمانیا وەرگرن و واز لە زمان و کەلتورە رویتانییەکە بێنن و ببن بە میغالۆمانی، یان دەبێت بیر لەسەربەخۆیی بکەنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دروستبکەن و کەلتورە مۆدێرنەکە بە زمانی رویتانی لە قوتابخانەکاندا بڵاوبکەنەوەو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی خۆیان پەرە پێ بدەن.

گەر رێگای دووەمیان گرتە بەر ئەو کات چینی ئەرستوکرات و فەرمانڕەوا لە دەوڵەتە نوێکەدا رویتانیین و لە خۆیانن، بەزمانێکیش دەدوێن کە لە یەکێك لەزارە رویتانییەکان وەرگیراوەو کراوە بەزمانی کەلتورە مۆدێرنەکە، بەڵام ئەم زمانە زمانی ئەو خوێندەوارو کرێکارانەیە کە کەلتور و زارە میللییەکەی خۆیان لەدەستداوە. ئەمەش وادەکات جۆرێك لەجیاکاری لەنێوان خەڵك و ئەو فەرمانڕەوایانە بێتە ئاراوەو ئەو جیاکاریەش وادەکات کە ئەو چینە دەسەڵاتدارە نوێیە زمان و کەلتورە نوێکەی خۆیان لە رێگەی قوتابخانەکانەوە بەسەر هەموو خەڵکی رویتانیادا بسەپێنن و نەتەوەی رویتانی دروست بکەن.

ئەو بزوتنەوەیەی کە لە لایەن کرێکار و خوێنەوارە رویتانییەکانەوە سەرهەڵدەدات لەوکاتەدا وەك نەتەوەخوازی دەردەکەوێت کە هەوڵدەدات کەلتورە مۆدێرنە پیشەییەکە بە زمانی رویتانی لەرێگەی قوتابخانە مۆدێرنەکانەوە بەناو هەموو خەڵکی رویتانیادا بڵاوبکاتەوە و بەربەست لە بەردەم تێگەیشتنی رویتانییەکان لە یەکتری نەهێڵێت و هەموو ئەو رویتانیانەی کە لە قوتابخانە مۆدێرنەکاندا کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگای پیشەسازیان وەرگرتووە یەك زمانیان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکدا هەبێت و لە ئاستی ئاسۆیدا کۆتای بەو فرەزارییە بهێنرێت کە پێشتر هەبوو. لە ئاستی ستونیشدا جیاوازی زمانی و کەلتوری نێوان خەڵك و

فەرمانڕەواکان نەمێنیٚ و چیتر هیچ گروپێك لە گروپەکانی ئەو کۆمەڵگایە نەتوانێت خۆی بە هۆی زمان و کەلتورەوە جیابکاتەوە.

ئەم حکایەتەی گێلنەر لە راستیدا حکایەتی کۆمەڵە خێڵێکی جیاوازە کە هێزێکی ناخێڵێکی لە رێگەی هێزەوە کۆمەڵگایەکی لیٚ پێکهێناون کە تیایدا خێڵەکان لە رووی کەلتورییەوە ئازادن و هەریەکەیان زمان و کەلتورە میللییەکەی خۆی لە ژیانی رۆژانەدا بەکاردەهێنیٚ و چینی فەرمانڕەوا کەسەر بە هێزێکی سەرووناوچەیی ناخێڵەکیێ کەلتورە ناخێڵەکییەکەی خۆیان ناسەپێنن بەسەر خێڵەکانداو بەردەوام وەك کەلتورێکی جیاواز لە کەلتورە میللییەکەی ئەوان دەیهێڵنەوە.

کەلتوری چینی فەرمانڕەوا لە رووپتانیادا کەلتورێکی باڵایەو زمانێکی ستانداردی هەیە، بەمەش دەتوانێت لەناو دروستە کۆمەڵایەتییەکەی روپتانیادا بەرامبەر ببێتەوە لەگەڵ زارە سروشتییەکان و کەلتورە میللیەکانی خێڵە روپتانییەکاندا، لێرەدا کەلتوری چینی فەرمانڕەوا بە جۆرەکەی بەرامبەر دەبێتەوە لەگەڵ جۆری کەلتورو زمانی خێڵەکاندا و بەسەریاندا زاڵدەبێت.

کەلتوری چینی فەرمانڕەواو زمانەکەی بەوەی کە لەرووی جۆرەوە خۆی لەگەڵ کەلتوری خێڵەکاندا بەرامبەر دەکاتەوە، کەلتورە جیاوازەکانی خێڵەکان و زارە جیاوازەکانیان لەبەرامبەر خۆیدا لە رووی جۆرەوە دەکاتەوە بەیەك و وەك کەلتور و زمانێکی نزم تر لەکەلتورو زمانەکەی خۆی پێناسەیان دەکات و بەمەش زاڵدەبێت بەسەریاندا.

چینی فەرمانڕەوا کاری بە چۆنایەتییە زمانی و کەلتورییەکانی خێڵەکانەوە نییە و کاری بەجۆری کەلتورەکەیانەوە هەیە. کەلتورو زمانی خێڵەکانیش لە چۆنایەتیدا جیاوازن و لە جۆردا یەکن، واتە ئەوە لە ناو کەلتورو زمانی خێڵەکاندا جیاوازە ناکەوێتە ناو بەرامبەربوونەوە دروستەییەکەی کۆمەڵگاکەوە، بۆیە خێڵەکان دوای ئەوەش کە دەچنە ناو پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەوە کەلتورو زمانەکانیان لە رووی ئەو جیاوازیانەی کە لە چۆنایەتییەکانیاندا هەیە وەك خۆیان دەمێننەوەو پەرەسەندنی چۆنایەتییە زمانی و کەلتورییەکانی خێڵەکان لەناو پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەدا وەك خۆی بەردەوام دەبێت. بەڵام لەبەر ئەوەی زمان و کەلتوری چینی فەرمانڕەوا لە رووی جۆرەوە زاڵە بەسەر زمان و کەلتوری ئەم خێڵانەدا بە زاڵبوونی جۆرەکەی دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەوەدا زمان وکەلتوری هیچ خێڵێك لە پەرەسەندنی

سروشتی خۆیدا جۆرەکەی پەرە بسێنێ و لە کەلتورێکی خێڵەکی و میللییەوە ببێت بەکەلتورێکی باڵا و زمانەکەشی لە زمانێکی سروشتییەوە ببێت بە زمانێکی دروستکراو و ستاندارد.

دوای ئەوەی ئەوەمان بۆ روون بوویەوە کە کۆمەڵگای رویتانی لەو جۆرە لە کۆمەڵگایە کە دەسەڵاتێکی ناخێڵەکی کە خاوەنی زمانێکی ستانداردو کەلتورێکی باڵایە لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی دروستی کردووە کە خاوەنی چەند زمانێکی سروشتی جیاوازو چەند کەلتورێکی میلللی جیاوازن، بابزانین نەتەوەخوازی رویتانی چۆن مامەڵە لەگەڵ خێڵە بەراییەکانی ناو کۆمەڵگای رویتانی دەکات و ئەو کۆمەڵگایەی کە بەناوی نەتەوەوە لەو خێڵانە دروستی دەکات چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو دەسەڵاتە دەرکییە پێشتر لەوان دروستیکردووە؟

دوای ئەوەی کەلتوری مۆدێرنی کۆمەڵگای پیشەسازی لەرێگای ئەو کرێکارو خوێندەوارە رویتانیانەوە کە لە میغالۆمانیاوە گەڕاونەتەوە، دێتە ناو رویتانییەکانەوەو ئەو خوێندەوارو کرێکارنە ئەو چینە فەرمانڕوایە لەسەر حوکم لادەبەن کە ئیمپراتۆریەتی میغالۆمانیا دەسەڵاتی پێ بەخشیبوون و خۆیان لەجێگەیاندا دەبن بەفەرمانڕەوا، رویتانیا دەبێت بەدەوڵەتێکی سەربەخۆو ئەم دەوڵەتەش هەوڵدەدات دروستە کۆمەڵایەتیە کۆنەکەی رویتانیا بگۆڕێت بۆ دروستەیەکی کۆمەڵایەتی مۆدێرن کە تیایدا خێڵەکان بکەونە ناو جۆرێکی تر لە پەیوەندی کە جیاوازە لەو پەیوەندییەی لەناو دروستە کۆمەڵایەتییە کۆنەکەدا هەیانبوو.

لەم قۆناغەدا رویتانیا دەوڵەتێکی سەربەخۆیەو ئەو چینە خوێندەوارو کرێکارە فەرمانڕوایەتی دەکات کە سەر بەهەموو خێڵە رویتانییەکانن و وەك فەرمانڕەواکانی پێشوو بێگانە نیین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چینە لە خوێن و گۆشتی خێڵە جیاوازەکانی رویتانیان، یەك زمان و یەك کەلتوری هاوبەشیان هەیە کە لە رووی جۆرەوە جیاوازە لەو کەلتورو زمانەی کە خێڵەکانیان هەیانە. خێڵە رویتانییەکانی ناو ئەم دەوڵەتە نوێیە بە زمان و کەلتورە میللیەکانیانەوە لەبەردەم دەسەڵاتێکدا نین کە لە خوێن و گۆشتی خۆیان نەبێت و بێگانە بێت، ئەوان لە بەردەم چینێکی دەسەڵاتداردان کە رۆڵەی خۆیانن و لە گۆشت و خوێنی خۆیانن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە شوێنێکی تردا لەوان جیاوازن، ئەویش ئەوەیە کە هەڵگری ئەو کەلتورە مۆدێرنەن کە لە میغالۆمانیا وەریان گرتووەو ئەوانی لە ئەندامانی ناو کۆمەڵە خێڵێکی

رویتانی زمان و کەلتور جیاوازەوە کردووە بە ئەندامانی ناو گروپێکی ناخێڵێکی کە یەك کەلتورو یەکزمانیان هەیەو کەلتورەکەیان بەوەی کە کەلتورێکی باڵایە لە رووی جۆرەوە جیاوازە لە کەلتوری میللی خێڵەکانیان و زمانەکەشیان بەوەی زمانی ستانداردی ئەو کەلتورەیەو لە زاری خێڵێك لە خێڵەکان وەرگیراوەو بە گوێرەی رویتانییەکان زمانێکی بێگانە نییە، بەڵام وەك زمانی چینە فەرمانرەوا بێگانەکە لە رووی جۆرەوە جیاوازە لە زمانی ئەو خێڵەی کە لێی وەرگیراوە و جیاوازیشە لە زارە جیاوازەکانی تری خێڵەکان.

ئەم گروپە دەسەڵاتدارە نوێیە لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی رویتانییەکان خۆیین و بێگانە نین، بەڵام هەر وەك گروپە فەرمانڕەوا بێگانەکە خاوەنی زمان و کەلتورێکی جیاوازن لە زمان و کەلتوری خێڵەکانیان.

گێلنەر لەبارەی ئەم گروپەوە دەڵێت: کەسانی ناو ئەم گروپە پێشتر لەناو خێڵەکانی خۆیاندا بە زمانی خێزانەکانیان یان گوندەکانیان یا ئەوپەڕەکەی بەزمانی دۆڵەکەیان بیریان دەکردەوەو هەست و سۆزی خۆیان دەردەبڕی، بەڵام ئێستا بەهۆی توانەوەیان لە ناو مەنجەڵی کۆمەڵگای پیشەسازیدا نە خاوەنی دۆڵن و نەخاوەنی گوند، جاری واش هەیە خاوەنی خێزان و بنەماڵەش نین، بەڵام خاوەنی زمان و کەلتورێکی ناخێڵەکین کە زمان و کەلتوری دەسەڵاتە، لەپاڵ ئەوانیشدا کەسانێکی تر هەن کە برسیکراو و چەوساوەن و بە کۆمەڵە زارێکی جیاواز دەدوێن کە لە یەکەوە نزیکن و بەهۆیانەوە دەتوانن کەم و زۆر لەیەکتر تێبگەن. بە هۆی ئەم گۆڕانەوە کە لە خەڵکی ناو خێڵە رویتانییەکان روویداوەو ئەوانی لە ناو خۆیاندا توشی جۆرێك لە دابڕان و جیاوازی زمانی وکەلتوری تر کردووە، بیرۆکەی نەتەوە سەرهەڵدەدات(٢٨٨).

دوای ئەوەی بە هۆی ئەم گۆڕانەوە کە بە هۆی هاتنی کەشوهەوای کۆمەڵگای پیشەسازیەوە لە خێڵە رویتانییە بەراییەکان روودەدات و بیرۆکەی نەتەوە لەلایان دێتە ئاراوە، بابزانین نەتەوەخوازی رویتانی کە گروپە فەرمانڕەوا نوێیەکە رابەرایەتی دەکات چۆن ئەو خێڵە بەراییە زمان و کەلتور جیاوازانەی رویتانیا لە کۆمەڵگایەکی دروستەیی نوێدا کۆدەکاتەوەو دەیانکات بەنەتەوە؟

---

(٢٨٨) بڕوانە : هـ . س : ١٢٢.

لە دەوڵەتە نوێیەکەی رویتانیادا گروپی فەرمانڕەوا کەسانی ناو خێڵە جیاوازەکانن، بەڵام ئەم کەسانە بەهۆی ئەو کەلتورە مۆدێرنە پیشەییەوە کە لەدەرەوەی رویتانیا وەریانگرتبوو، بوون بە گروپێکی نوێ و هەریەکەیان ئینتمای بۆ ئەو گروپە نوێیە و کەلتورەکەی هەیەو ئینتمای بۆ خێڵەکەی و کەلتورە میللییەکەی نەماوە.

ئەم گروپە وێنەیەکی بچوکراوەی ئەو کۆمەڵگا نوێیەیە کە خێڵە رویتانییەکان تیایدا کەلتورو زمانە جیاوازەکانی خۆیان لە دەست دەدەن و هەموویان تیایدا دەبن بە خاوەنی زمان وکەلتورێکی تر کە لە رووی جۆرەوە وەك کەلتورەکەی خۆیان کەلتورێکی میللی نییەو کەلتورێکی باڵایە و زمانەکەشی وەك زمانەکەی خۆیان زمانێکی سروشتی نییەو زمانێکی ستانداردە.

نەتەوەخوازی رویتانی کە ئەو گروپە نوێیە رێبەرایەتی دەکات، بەوە نەتەوە دروستدەکات کە بوونی خۆی وەك گروپێك زاڵبکات بەسەر هەموو خێڵە رویتانییەکانداو بە کەلتورە باڵاکەی و زمانە ستانداردەکەی نەفی هەموو کەلتورە میللیە جیاوازەکانی خێڵەکان و زمانە سروشتییە جیاوازەکانیان بکات و لەناو خۆیدا بیانتوێنێتەوەو بیانکات بەبەشێك لە جەستەی گروپەکەی خۆی.

ئایا ئەم گروپە نوێیە کە بە کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگای پیشەسازی بوون بە گروپێکی جیاواز لە خێلەکانیان، ئەو کۆمەڵگایەی کە بە سەپاندنی زمانە ستانداردەکەیان و کەلتورە دروستکراوە پیشەییەکەیان بە سەر خێڵەکانیاندا دروستی دەکەن، هەمان ئەو کۆمەڵگایە دروست ناکەنەوە کە خێڵێك دوای بوونی بە عەسەبە لە خێڵە بەراییەکانی تر دروستی دەکات؟ ئایا ئەم گروپە نوێیە وەك عەسەبە غەریزەی زاڵبوون وایان لێناکات زاڵ بن بەسەر خێڵە بەراییەکانی خۆیانداو جەستەی خۆیان بە قوتدانی خێڵە بەراییەکان گەورەتربکەن؟ بەمانایەکی تر چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان گروپی نەتەوەخوازەکان و ئەو خێڵە بەراییەدا کە بە هۆی غەریزەی زاڵییەتییەوە بووە بەعەسەبەیەکی بچوك و لە رێگەی خواردنی جەستەی خێڵە بەراییەکانی ترەوە پەرە بەجەستەکەی خۆی دەدات و گەورەی دەکات؟ خێڵە رویتانییەکان لەبەردەم گروپێکی دەسەڵاتداردان کە خاوەنی کەلتورو زمانێکی جیاوازن ، بەڵام ئەم گروپە خەڵکێکی بێگانە نین و هەریەکەیان پێشتر ئەندامی یەکێك لەو خێڵانە بوون. ئەم گروپەش ئەو گروپەیە کە رابەرایەتی نەتەوەخوازی رویتانی دەکات و ئامانجی ئەوەیە لەو خێڵە بەراییانە

نەتەوە دروست بکات. ئەم گروپە کە دەیەوێت نەتەوەی رویتانی دروست بکات، لەوێوە لە عەسەبە جیاوازە کە تاکەکانی، تاکەکانی ناو خێڵێك نین و تاکەکانی ناو کۆمەڵە خێڵێکن، واتە لە رووی بنەچەوە وەك عەسەبە سەر بەیەك بنەماڵە نین و پەیوەندییە گۆشتی و خوێنیەکانیان وەك عەسەبە تۆخ نییە، بەڵام پەیوەندییەکەشیان پەیوەندییەکی تەواو بێ خوێن نییە، جگە لەمەش کەلتورەکەی ئەمان وەك کەلتوری عەسەبە کەلتورێکی سروشتی و میللی نییەو کەلتورێکی دروستکراو و ستاندارکراوە، زمانەکەشیان وەك زمانی عەسەبە زمانێکی سروشتی نییە و زمانێکی دروستکراوە لە زمانی سروشتی خێڵێك لە خێڵەکان. واتە جیاوازییەکەی لەگەڵ عەسەبەدا لەجۆری کەلتورو زمانەکەیدایە لەگەڵ پەیوەندییە خوێنیی و بنەچەییەکاندا.

عەسەبە لەگەڵ گروپی نەتەوەخوازەکاندا گەر لە جۆری کەلتورو زمان و پەیوەندییە خوێنییەکانەدا جیاواز بێت، ئەوە عەسەبەو گروپی نەتەوەخوازەکان لەوەدا یەکن کە هەریەکەیان دەیەوێت جەستەی کەلتوریی و زمانی خۆی بەتواندنەوەی جەستەی کەلتوری و زمانیی کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی فراوان بکات.

عەسەبە دەیەوێت بە بەکارهێنانی هێز زاڵ ببێت بەسەر خێڵە بەرایەکان و لەناو خۆیدا بیانتوێنێتەوەو بەمە کۆتایی بە جیاوازییەکانی نێوانیان بهێنێ و لەگەڵ خۆیدا بیانکاتەوە بەیەك و خۆی بەمە گەورتر بکات لەوەی کەهەیە.

گروپی نەتەوەخوازەکانیش بەهەمان شێوەی عەسەبە گروپێکی بچوکە بەڵام لەرێگەی هێزەوە دەییەوێت زاڵبێت بەسەر خێڵە بەراییەکانداو لەناو خۆیدا بیانتوێنێتەوەو لەمەشدا پەیڕەوی لە یەکبوون دەکات و ئەو خێڵانەی زاڵدەبێت بەسەریاندا بەوەی کە لەگەڵ جەستەی خۆیدا دەیانکاتەوە بەیەك جیاوازییەکانی نێوانیان ناهێڵێت و جەستەکەی خۆی پێیان فراوان دەکات.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەو نەتەوەیەی کە گروپی نەتەوەخوازەکان دروستی دەکەن، بەپەیڕەوکردن لەو سیستەمە دروستیدەکەن کە عەسابەیەك عەسەبەکەی خۆی پێدروستدەکات. واتە نەتەوە لێرەدا هیچ نییە جگە لە عەسەبەییێکی مۆدێرن.

ئەوەی نەتەوەخوازکان ئەنجامی دەدەن گۆڕینی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی نییە بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی، بەڵکو گۆڕینی ئەو کۆمەڵگایەی خێڵە بەراییەکانە کە دەسەڵاتێکی

بێگانەی ناخێڵەکی لەکۆمەڵە خێڵێکی بەرایی دروستیکردووە بۆ عەسەبەیەك کە خاوەنی کەلتورێکی بالاو زمانێکی بالای وەك ئەو کەلتورو زمانەیە کە دەسەلاتە ناخێڵەکییەکەی پێشوو هەیەتی. ئەو کۆمەڵگایەی کە لەنموونەکەی گێلنەردا نەتەوەخوازەکان بەناوی نەتەوەی رویتانییەوە دروستی دەکەن، دروستە ناوکییەکەی دروستەی عەسەبەیەو کەلتورەکەی لە جۆری کەلتوری ئەو دەسەلاتە بێگانەیە کە بەر لەدروستکردنی نەتەوە لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی کۆمەڵگاکەی دروستکردووە. نەتەوە بەم مانایە عەسەبەیەکە کە بەکەلتورێکی بالاو زمانێکی ستاندارد دروستکراوە، لەمەشەوە دەتوانین پێناسەی عەسەبەش بکەینەوەو بلێین عەسەبە نەتەوەیەکی دروستکراوە بەکەلتورو زمانێکی سروشتی.

گەر نەتەوەخوازی بەم رێگایە نەتەوە دروست بکات کە گێلنەرو دروستەخوازەکان باسی دەکەن، ئەوە زۆر بەئاسانی دەتوانین بلێین نەتەوە عەسەبەیەکی مۆدێرنەو درێژکراوەی خێڵە بەراییەکانەو پەیڕەوی لە هەمان یاسا دەکات کە ئەو خێڵە بەراییانە لەناو خۆیاندا پەیڕەوی دەکەن و لە دەرەوەش پەیڕەوی لە هەمان یاسا دەکات کە ئەو خێلانە لەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی لەوجۆرەدا پەیڕەوی دەکەن کە گێلنەر باسی دەکات، چوونکە ئەم جۆرە لە نەتەوە دەبێت وەك خێڵە بەراییەکان لەناو خۆیدا پەیڕەوی لە یاسای یەکبوون و لەدەرەوەی خۆیشیدا پەیڕەوی لەیاسای جیاوازی بکات.

لای گێلنەر بەربەستەکانی بەردەم ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازی بەربەستن لە بەردەم یەکبوونی ئەو زمانەدا کە نەتەوەخوازی کەلتورە پیشەییەکەی پێ بلاودەکاتەوە، ئەو بەربەستە زمانییانەش بەدوو رێگا چارەسەر دەکرێن، رێگایەکیان ئەوەیە کە رویتانییەکان لەناو ئیمپراتۆریەتی میغالۆمانیا دەیگرنەبەرو زمانێکی ستاندارد لە زارێك لە زارەکانی خێڵە رویتانییەکان دروستدەکەن و هەموو خێڵە رویتانییەکان ئەوە قبووڵ دەکەن کە ئەو زمانە ببێت بەزمانی ئەو کۆمەڵگا نوێیەی کە نەتەوەخوازە رویتانیەکان بەناوی نەتەوەوە دروستی دەکەن، لێرەشدا نابێت نەتەوەخوازی رویتانی رێگە بدات بە هیچ هێزێك زارێکی تری جگە لە زاری ئەو خێڵەی کە زمانە ستانداردەکەی لێدروستکراوە بکات بە زمانێکی ستاندارد بۆ کەلتورە مۆدێرنە بالاکە، بەلام ئەوە نابێتە کیشە ئەوەیە کەسانی ناو خێڵەکان لەماڵەوە زاری خێڵەکەی خۆیان بەکاربهێنن، چوونکە مانەوەی زارەکان وەك زار نابێتە رێگر لەبەردەم ئەو زمانە ستانداردەدا کە کەلتورە مۆدێرنەکەی پێ بلاودەکرێتەوەو تەنها لەوکاتەدا دەبێتە رێگر گەر

هێزێك هەبێت و بیەوێت ئەو زارە بکات بەزمانێکی تری ستانداردو کەلتورە مۆدێرنەکەی پێ بڵاوبکاتەوەو کەلتورێکی تری مۆدێرنی لەبەرامبەر کەلتوری نەتەوەخوازەکاندا پێدروست بکات. ئەو گروپە خۆییەی کە ڕێبەرایەتی نەتەوەخوازی دەکات وەك گروپە دەسەڵاتدارە بێگانەکە هەمان کێشەی لەگەڵ زارەکاندا هەیەو وەك ئەو دەسەڵاتەی پێشوو ڕێگە نادات بێن بە زمانێکی هاوجۆری زمانە ستانداردەکە.

حکایەتی ڕویتانییەکان لەناو ئیمپراتۆریەتی میغالۆمانیادا نەتەوەخوازییەك بۆ ئێمە دەخاتە ڕوو کە دەبێت بەسەر ئەو بەربەستە زمانییەدا زاڵبێت کە ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا لە سنوری سیاسی دەوڵەتێکدا بە یەك زمان کەلتورە پیشەییەکە سەراپاگیر بکرێت.

ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازی بۆ ئەوەی بەسەر ئەو بەربەسەتە زمانییەدا زاڵبێت، دەبێت یەکێك لەم ڕێگایانە بگرێتەبەر: یان دەبێت لە زارە ناوچەییەکانی ڕویتانیا زمانێکی ستاندارد دروست بکات و نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە سەراپاگیرکردنی کەلتورە پیشەییەکە بە زمانێك لە زمانەکانی ناوخۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ئیمپراتۆریەتی میغالۆمانیا دروست بکات. یان ئەوەیە ڕویتانییەکان بەو زمانە میغالۆمانییەی کە لەدەوڵەتی نوێی میغالۆمانیادا کەلتورە پیشەییەکەی پێ سەراپاگیردەکرێت، کەلتورەکە لەناو خۆیاندا سەراپاگیر بکەن و لەناو جەستەی ئەو نەتەوە میغالۆمانییەی کە نەتەوەخوازی میغالۆمانی دروستی دەکات بتوێنەوە. لەم حاڵەتدا نەتەوەخوازی میغالۆمانی و نەتەوەخوازی ڕویتانی دەبنەوە بەیەك و یەك نەتەوە دروستدەکەن کە نەتەوەی میغالۆمانییە نەك نەتەوەی ڕویتانی. یۆنانییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕێگای یەکەمیان دەگرنەبەرو نەتەوەخوازیی یۆنانی بە زمانێکی یۆنانی نوێ کەلتورە پیشەییەکە لەسنوری دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەو دەوڵەتە مۆدێرنە سەراپاگیر دەکەن کە نەتەوەخوازیی تورکی لە ئیمپراتوریەتی عوسمانی دروستی دەکات. بەمەش دەتوانن لەناو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیاندا نەتەوەی یۆنان دروستبکەن.

حاڵەتی دووەمیان وەك حاڵەتی چەرکەسەکانی ناو ئەو ئیمپراتۆریەتە وایە، چەرکەسەکان وەك یۆنانییەکان ناتوانن لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا زمانێکی چەرکەسی ستانادادی مۆدێرن بۆ سەراپاگیرکردنی کەلتورە پیشەییەکە بهێننە ئاراوەو کەلتورە مۆدێرنەکە لە سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا سەراپاگیر بکەن و بەمە نەتەوەی چەرکەس دروستبکەن. ئەوان لەبری ئەمە لەناو ئەو دەوڵەتەدا کە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەوتووەتەوە دەبن بە بەشێك لە نەتەوەخوازیی

تورکی و بە زمانێکی تورکی ستاندارد کەلتورە پیشەییەکە لە ناوچەکانی خۆیاندا سەراپاگیردەکەن و لەگەڵ نەتەوەخوازیی تورکیدا نەتەوەی تورك لەناو ئەو دەوڵەتەدا دروستدەکەن. نەتەوەخوازیی چەرکەسی وەك نەتەوەخوازی تورکی بەزمانە ستانداردە تورکییەکەو لەسنوری سیاسی دەوڵەتە نوێیەکەدا کەلتورە پیشەییەکە سەراپاگیر دەکات و واز لە زمانەکەی خۆی و دروستکردنی نەتەوەکەی خۆی دەهێنێ و دەگۆڕێت بۆ نەتەوەخوازیی تورکی.

حاڵەتی یەکەم داوا لە نەتەوەخوازیی یۆنانی دەکات دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دامەزرێنێت و لە زمانەکەی خۆی زمانێکی ستانداد بۆ سەراپاگیرکردنی کەلتورە پیشەییەکە لە سنوری سیاسی دەوڵەتەکەی بهێننە ئاراوەو بەمەش نەتەوەی یۆنان دروست بکات. بەڵام حاڵەتی دووەم داوا لەنەتەوەخوازی چەرکەسی دەکات دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دانەمەزرێنێ و لەنا سنوری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بمێنێتەوەو خۆی لە نەتەوەخوازی تورکی جیا نەکاتەوەو لەگەڵ نەتەوەخوازیی تورکیدا ببێتەوە بەیەك و لەگەڵ یەکدا لە ڕێگەی نەتەوەخوازیی تورکییەوە دەوڵەتە کۆنەکە بگۆڕن بە دەوڵەتێکی مۆدێرن و زمانی تورکیش بگۆڕن بۆ زمانێکی ستانداردی نوێ و کەلتورە پیشەییەکەی لە سنوری دەوڵەتە مۆدێرنەکەدا پێ سەراپاگیر بکەن.

نەتەوەخوازی ئازەریش لەناو ئێراندا دوای روخانی کۆماری ئازربایجان هەمان رێگای چەرکەسەکان دەگرێتە بەرو دەستبەردای ئەوە دەبێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دامەزرێنێ و بەزمانەکەی خۆی کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە لە سنوری سیاسی دەوڵەتە سەربەخۆکەی خۆیدا سەراپاگیر بکات و نەتەوەی ئازەری دروستبکات. نەتەوەخوازیی ئازەری لەگەڵ نەتەوەخوازی فارسیدا تەماهی دەکات و بە زمانی فارسی ستاندارد کەلتورە پیشەییەکە لەناو سنورەکەی خۆیدا سەراپاگیر دەکات و خەڵکەکەشی دەبن بەبەشێك لەو نەتەوەیەی کە نەتەوەخوازیی فارسی وەك نەتەوەی فارس دروستی دەکات.

لە ناو هەردوو ئێمپراتۆریەتەکەدا حاڵەتی کورد لە هەردوو حاڵەتەکە جیاوازە. ئەو بزووتنەوانەی کە بە نەتەوەخوازیی کوردی ناسراون وەك یۆنانییەکان لە ناو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیاندا ناتوانن نەتەوەیەکی نوێ دروستبکەن، بەڵام وەك چەرکەس و ئازەریەکانیش لەگەڵ نەتەوەخوازی فارسی و تورکیدا تەماهی ناکەن و لە ناو سنوری سیاسی هەردوو دەوڵەتە مۆدێرنەکەدا وەك بەربەستێك لەبەردەم ئەم دوو نەتەوەخوازیەدا دەمێننەوە و نە ئەم دوو

نەتەوەخوازییە دەتوانن ئەو بەرەستە بشکێنن کە ئەم بزووتنەوانە لە بەردەم سەراپاگیرکردنی زمان و کولتورەکەی ئەواندا لە ناوچەکانی خۆیاندا دروستیانکردووە، نە ئەم بزوتنەوانەش توانای ئەوەیان هەیە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دامەزرێنن و نەتەوەیەکی سەربەخۆ بۆخۆیان دروست بکەن.

نەتەوەخوازیی تورکی و فارسی بەهۆی ئەوەوە کە فەرمانڕەوایەتی هەردوو دەوڵەتی مۆدێرنی ئێران وتورکیا دەکەن، لەسنوری سیاسی خۆیاندا ڕەوایەتی ئەوەیان هەیە کەلتورە مۆدێرنەکە بەو زمانە ستاندارده تورکی و فارسییە سەراپاگیر بکەن کە خۆیان لە بنچینەی زمانە ناستانداردەکەی عەسەبە زاڵەکانی خۆیان دروستیان کردووە، لە لایەکی تریشەوە ئەوان ڕەوایەتی ئەوەیان هەیە کە لە سنوری دەوڵەتەکەیاندا هەموو ئەو هەوڵانە سەرکوت بکەن کە لەپێناو ئەوەدا دەدرێن زمانێکی تری جگە لەو زمانە ستاندارده فەرمییەی دەوڵەت لە ناوچەیەك لە ناوچەکانی ناو سنوری دەوڵەتەکانیاندا بە پرۆسەی ستاندارکردندا ببرێت.

ئەوەی ئەم بزووتنەوانە لەو دوو دەوڵەتە داوای دەکەن بە پێی ئەو سیستەمەی کە نەتەوەخوازییەکانی جیهان نەتەوەکانیان پێدروستکردووە دوایەکی ناڕەوایەو نابێت لە سنوری سیاسی دەوڵەتیکی مۆدێرندا بەدوو زمانی جیاواز کەلتورە مۆدێرنەکە بڵاوبکرێتەوەو کەلتورەکە دابەش ببێت بۆ دوو کەلتوری جیاوازو نەتەوەخوازییەکەش کە نەتەوەکە دروستدەکات ببێت بە دوو نەتەوەخوازیی جیاواز.

ئەو سیستەمەی کە نەتەوەخوازییەکانی جیهان لە دروستکردنی نەتەوەکانیاندا پەیڕەوی دەکەن، وەك ئەو سیستەمەی کە عەسەبیەتێك لە دروستکردنی عەسەبەیەکدا پەیڕەوی دەکات، ڕێگە نادات لەناو سنوری سیاسی هەمان دەوڵەتدا دوو کەلتوری هاوجۆر بوونیان هەبێت و دەبێت ئەو کەلتورو زمانەی کە لە سنوری ئەو دەوڵەتەدا کاری پێدەکرێت یەك کەلتورو یەك زمان بێت و دەوڵەت لەناو خۆیدا پەیڕەوی لە یەك کەلتوری و یەك زمانی بکات نەك فرەکەلتوری و فرەزمانی.

ئەو کەلتورو زمانانەی کە لەناو ئەو دەوڵەتەدا ڕێگەیان پێدەدرێت تەنها ئەو کەلتورو زمانە میللیانەن کە هیچ هەوڵێك نادرێت بۆ ئەوەی بکرێن بەکەلتورو زمانێکی هاوجۆری ئەو کەلتورو زمانەی کە دەوڵەت لەرێگەی نەتەوەخوازییەکەیەوە نەتەوەکەی پێدروستدەکات و بەردەوامیش دەیپارێزێت.

بزووتنەوە کوردییەکان دیالێکتە ناوچەییەکانی خۆیان و کەلتورە ئەدەبییە باڵاکەی خۆیان دەگۆڕن بۆ ئەو جۆرە لە کەلتورو زمان کە نەتەوەخوازیی تورکی و فارسی نەتەوەی تورك و فارسی لە چوارچێوەی دەوڵەتە مۆدێرنەکانی خۆیاندا پێدروستدەکەن و بەردەوامیش داوا لە دەوڵەتەکان دەکەن کە ڕێگە لەم کارەیان نەگرێت. دەوڵەتەکانیش لەبەر ئەوەی پەیڕەوی لە سیستەمە جیهانییەکە دەکەن، دژی ئەم داوایە دەوەستنەوەو ئەو زمانە ستاندارە قەدەغە دەکەن کە هەریەك لەم دوو بزووتنەوەیە لە دیالێکتە ئەدەبییەکەی خۆیان دروستیانکردووە، بەڵام ئەم قەدەغەکردن و سەرکوتکردن و سەپاندنە وا ناکات ئەم بزووتنەوانە دەستبەرداری کارەکەیان بن و لەناو نەتەوەخوازییەکانی ئەو دوو دەوڵەتەدا تەماهی بکەن و کۆمەڵگا ناوچەییەکەیان ببێت بە بەشێك لەو دوو نەتەوەیەی کە نەتەوەخوازیی تورکی و فارسی دروستیدەکەن.

نەتەوەخوازی تورکی تەنها ئەو زمانە ستانداردە لەناوچە کوردییەکاندا قەدەغە ناکات کە بەر لەدروستبوونی دەوڵەتە مۆدێرنەکەی تورکیا بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتورە مۆدێرنەکەی ناو قوتابخانەکان لە لایەن بزووتنەوە کوردییەکەی ناو ئیمپراتوریەتی عوسمانی ئامادەکرابوو، بەڵکو ئەو زمانە میللییەش قەدەغە دەکات کە هاوجۆری زمانە ستانداردەکەی خۆی نییە، بەڵام نەتەوەخوازی فارسی لە دوای دروستبوونی دەوڵەتە مۆدێرنەکەی تەنها ئەو زمانە ستانداردە قەدەغە دەکات کە بەر لە دروستبوونی ئەو دەوڵەتە لە دیالێکتێکی تری جیا لەدیالێکتی بزووتنەوەکەی ناو ئیمپراتوریەتی عوسمانی بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتورە مۆدێرنەکە ئامادەکرابوو، بەڵام ئەو زارە میللیانە قەدەغە ناکات کە خەڵکی ئەو ناوچەیە لەماڵەکانی خۆیاندا بەکاریان دەهێنن.

ئەم بزووتنەوانە لە بەردەم ئەم قەدەغەکردن و سەرکوتکردنەدا، دەستبەرداری ئەوە نابن کە کەلتورە مۆدێرنەکە بە زمانەکەی خۆیان بڵاو بکەنەوە، بەڵام ئەو بزووتنەوانە لە سنوری سیاسی ئەو دوو دەوڵەتەدا ناتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن، بۆیە ناچاردەبن بچنە دەرەوەی سنوری سیاسی ئەو دوو دەوڵەتەو لەناو زەمینەیەکدا ئەو کارە ئەنجام بدەن کە ناکەوێتە ناو ئەو جوگرافیا سیاسیانەی کە سیستەمە جیهانییەکە ڕەوایەتی پێداون. لێرەدا خەڵکی ئەو دوو کۆمەڵگا ناوچەییە کوردییەی ناو ئەو دوو دەوڵەتە مۆدێرنە دەکەونە بەردەم دوو هێز کە هەریەکەیان دەیەوێت بە کەلتورو زمانی خۆی نەتەوەکەی خۆی دروستی بکات، هێزێکیان

نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەکەی ئەو دوو دەوڵەتەیە، ئەوی تریان ئەو بزووتنەوەیە کە لە بەرامبەر ئەوەدا رادەوستێ کە ئەو دوو بزووتنەوە نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەیە خەڵکی ئەو دوو ناوچەیە بە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەکەی خۆیاندا ببەن.

نەتەوەخوازیی دەوڵەتی ئەو دوو دەوڵەتە قوتابخانە مۆدێرنەکانی ناوچە کوردییەکە لە ژێردەسەڵاتیاندایەو لە رێگەی ئەو قوتابخانانەوە ئەو خەڵکە بە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەی فارس و تورکدا دەبەن، بزووتنەوە کوردییەکانیش تەنها لە رێگەی ئەو کەلتورە مۆدێرنە نامەکتەبییەوە دەتوانن خەڵکی ئەو ناوچەیە بە پرۆسەی دروستکردنی ئەو نەتەوەیەدا بەرن کە دەیانەوێت لە ناوچەکەی خۆیاندا دروستی بکەن. لێرەدا ئەدەبیات و نوسینی ناقوتابخانەیی دەبێتە تاکە هۆکارێك بەدەس ئەم دوو بزووتنەوەیەوە تا کەلتورە مۆدێرنەکە بە زمانەکەی خۆیان بگەیێنن بە خەڵکی ناوچەکانیان.

جگە لەمەش هەندێك لەو بزووتنەوانە لە دەرەوی جوگرافیای ئەو دوو دەوڵەتە هەوڵیانداوە کەلتوری قوتابخانە بنەڕەتییە مۆدێرنەکانە لە رێگەی دروستکردنی قوتابخانەکانەوە لە دەرەوەی دەوڵەتەدا بە زمانەکەی خۆیان بڵاو بکەنەوە.

ئەمانە هەموو بوونەتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا نەتەوەخوازییەکانی ئەو دوو دەوڵەتە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەکانیان لەو ناوچە کوردیانەدا جێبەجێ بکەن. خەڵکی ئەم ناوچانە نە دەتوانن وەك یۆنانیەکان دەوڵەتی خۆیان دامەزرێنن و بزووتنەوەکانیان نەتەوەکانی خۆیان دروست بکەن، نە نەتەوەخوازیی دەوڵەتیی ئەو دوو دەوڵەتەش توانیویەتی وەك چەرکەس و ئازەر بە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەی فارس ونەتەوەی تورکدا بیانبات و بیانکات بە بەشێك لەو نەتەوەیەی کە دروستیکردووە.

ئەو دوو رێگایەی کە رویتانییەکانی ناو ئیمپراتوریەتی میغالۆمانیا دەتوانن بیگرنەبەرو ئەو بەربەستە زمانییە لەناو خۆیاندا نەهێڵن کە رێگرە لەبەردەم سەراپاگیربوونی کەلتورە مۆدێرنەکەو دروستکردنی نەتەوەدا، دەکرێت حاڵەتی چەرکەسەکان و یۆنانییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێ لێکبدریتەوە، بەڵام ئەم دوو رێگایە حاڵەتی کوردەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێ لێکنادرێتەوە، چوونکە نە دەوڵەتی تورکی لە رێگەی نەتەوەخوازییەکەیەوە توانیویەتی کوردەکانی ناو ئیمپراتوریەتی عوسمانی وەك چەرکەسەکان بە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەی تورکدا بەرێت و بیانکات بە بەشێك لەو نەتەوە دروستکراوە،

نە بزووتنەوە کوردیەکەش توانیویەتی وەك نەتەوەخوازیی یۆنانی لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا نەتەوەکەی خۆی دروستبکات.

### ٢-٥/٤) کەلتوری خێڵەکی وەک بەربەست لەبەردەم دروستکردنی نەتەوەدا

لای گێلنەر گەر لەسەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا زمان بوویێتە بەربەست لەبەردەم ئەوەدا کە نەتەوەخوازییەکانی جیهان لە رێگەی دروستکردنی نەتەوەکانیانەوە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکانیان بگۆڕن بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی، ئەوا لە دوای پەرەسەندنی کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بەربەستێکی تر دێتە بەردەم نەتەوەخوازییەکان، ئەویش ئەو کەلتوری خێڵەکییە کە گێلنەر پێی وایە ئەوەندە ئاوێتەی کۆمەڵگای خێڵەکی بووە، وەك خاسیەتێکی سروشتی لێهاتووەو خۆڕزگارکردن لێی ئاسان نییە.

ئەو بۆ ئەوەی ئەم جۆرە لەبەربەست بۆ ئێمە روون بکاتەوە، میتافۆرێکی تر بەکار دەهێنێ. لەناو ئەو میتافۆرەدا ئەو جۆرە لە کەلتوری خێڵەکی چوێنراوە بە خاسیەتێکی بایلۆجی و سروشتی، ئەو خاسیەتەش گێلنەر بە شینییەتی ناوی دەبات، ئەو لە نموونەکەی خۆیدا باس لە گروپێك دەکات کە لەناو دەوڵەتێکی مۆدێرندان و ئەو دەوڵەت مۆدێرنە لەرێگەی نەتەوەخوازییەکەیەوە پەرەی بە کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی خۆی داوەوە، ئەو گروپەش وەك گروپەکانی تری ناو ئەو دەوڵەتە لەرووی کەلتوری و زمانییەوە بە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەدا براوەوەو زمان و کەلتورەکەیان هەمان ئەو زمان و کەلتوریە کە لەسنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا نەتەوەخوازی نەتەوەکەی خۆی پێدروستکردووە.

ئەم گروپە هاوزمان و هاوکەلتوری هەموو ئەو خەڵکەن کە لەناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتدا بە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەدا براون و وەك ئەوانیش قبووڵی ئەو زمان و کەلتورەیان کردووە و کێشەکەیان لەگەڵ نەتەوەخوازی ئەو دەوڵەتدا لەوەدا نییە کە وەك رویتانییەکان خاوەنی زمانێکی ناوچەیی خۆیانبن و بیانەوێت بە زمانەکەی خۆیان کەلتورە مۆدێرنەکە لەو سنورە سیاسیەی خۆیاندا سەراپاگیر بکەن کە جیایاندەکاتەوە لە سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتە مۆدێرنەی کە میغالۆمانییەکان نەتەوەی میغالۆمانییان تیا دروستکردووە. ئەم گروپە کێشەکەی لەوەدایە لەگەڵ ئەوەشدا کە بە پرۆسەی دروستکردنەکەدا براوەو بووەتە بەشێك لەو نەتەوەیەی کە نەتەوەخوازی ئەو دەوڵەتە مۆدێرنە دروستیکردووە،

لەناو کۆمەڵگای ئەو دەوڵەتەدا وەك گروپەکانی تر کە بە پرۆسەی دروستکردندا براون و دابەشبوون بەسەر پیشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا پیشەییەکەدا، خەڵکەکەی دابەش نەبووە بەسەر پیشە جۆراو جۆرەکانداو زۆربەیان لە ناو کۆمەڵگا پیشەییەکاندا یەك جۆر لە پیشە لە قوتابخانە مۆدێرنەکان فێردەبن و دواتریش مومارەسەی هەمان پیشە دەکەن، ئیتر ئەم پیشەیە پیشەیەکی بەرز بێت یان پیشەیەکی نزم.

ئەم گروپە بەهۆی ئەوەوە کە هەموویان سەرقاڵن بەیەکجۆر لە پیشەوەو وەك گروپەکانی تری ناو ئەو نەتەوە دروستکراوە خەڵکەکەیان بەشێوەیەکی هەرەمەکی دابەش نەبووە بەسەر کۆمەڵە پیشەیەکی جیاوازداو بەمەش بوونەتە بەربەست لەبەردەم ئەو یەکسانییە پیشەییەی کە مەرجی بوونی هەموو کۆمەڵگایەکی پیشەسازییە.

لای گێلنەر لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا پیشەکان لەلایەن گروپەکانەوە قۆرخ دەکرێن و هەرگروپێك لە گروپەکان تەنها لە کەلتورو زماندا جیاواز نین، لە پیشەکانیشاندا جیاوازن و دروستەی کۆمەڵگاکەش دەخوازێت ئەو جیاوازییە زمانی وکەلتوری و پیشەیانە بمێننەوەو هەر گروپێك چۆن خاوەنی زمان و کەلتوری میللی یان باڵای خۆیەتی ئاواش خاوەنی پیشەی تایبەتی خۆی بێت و رێگە نەدات بە خەڵکی گروپەکانی تر ببن بەخاوەنی ئەو پیشەیەی کە ئەو گروپەی پێ ناسراوە.

بەڵام لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا چۆن زمان و کەلتوری ناوچەیی نامێنێ و خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی ناو سنوری سیاسی دەوڵەتێکی مۆدێرن یەك زمان و یەك کەلتوریان دەبێت و هەریەکە دەست لە کەلتورو زمانە ناوچەییەکەی خۆی هەڵدەگرێت و دەچێتە ناو ئەو گروپە نوێیەوە کە نەتەوەخوازی دروستیدەکات و ناوی دەنێت نەتەوە، بەهەمان شێوە لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا گروپە ناوچەییەکان دەبێت دەستبەرداری پیشە تایبەتەکانی خۆیان ببن و هەموویان بۆیان هەبێت ببنە خاوەنی هەر پیشەیەك لەو پیشانەی کە لەو کۆمەڵگا پیشەییەدا هەیە.

لەم کۆمەڵگایەدا نابێت پیشەیەك لەپیشەکان لەلایەن گروپێکەوە قۆرخ بکرێت و ئەندامەکانی ئەو گروپە وەك گروپەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵی لە رێگەی ئەو پیشەوە شوناسێکی جیاواز بۆخۆیان دروست بکەن و بەمە ببنە رێگر لەبەردەم ئەوەدا خەڵکی کۆی کۆمەڵگا پیشەییەکە لەو پیشەیەدا بەشدار بن. گێلنەر لە میتافۆرەکەی خۆیدا باسی گروپێك

دەکات کە ڕەنگیان شینەو ئەم شینییەش لەواندا وەك سپیەتی یان ڕشەیەتی خاسیەتێکی بۆماوەییە، ئەم گروپە پێست شینە لەناو دەوڵەتێکدان و وەك هەر ئەندامێکی ناو ئەو نەتەوەیەی کە نەتەوەخوازی ناو ئەو دەوڵەتە دروستیکردووە خاوەنی هەمان زمان و هەمان کەلتوری ئەو نەتەوەیەن، ئەوەی جیایاندەکاتەوە لە خەڵکەکەی تر ئەوەیە کە پێستیان شینە.

مرۆڤە پێست شینەکانان دەرچووی قوتابخانە مۆدێرنەکانی ئەو دەوڵەتەن و ئەو پیشەیەش کە فێری بوون و لە ژیانی پیشەیی خۆیاندا کاری پێدەکەن هەر لەو قوتابخانە مۆدێرنە پیشەییانەو بەو زمانەی کە لەو قوتابخانانەدا وانەی پێدەوترێتەوە، فێری بوون، ئەندامەکانی ناو ئەم گروپە بە هەر هۆیەك بێت لەناو ئەو قوتابخانانەدا فێری یەکێك لە پیشەکان دەبن و لە ژیانی پیشەیی خۆشیاندا مومارەسەی ئەو پیشەیەدەکەن، ئەمەش وایکردووە شینی پێستیان بە هۆی ئەمەوە ببێتە شوناس و خاسیەتێکی جیاکەرەوە لەناو کۆی خەڵکەکەدا.

ئەوەی پێستی شینی ئەوان چالاك دەکات و دەیکاتە شوناسێکی جیاکەرەوەی ئەوان لە خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە، شینی پێستەکەیان نییە بەڵکو ئەوەیە کە هەموویان سەرقاڵن بەیەك پیشەوەو دابەش نەبوون بەسەر هەموو پیشە جیاوازەکاندا. واتە گەر ئەوانیش وەك گروپەکانی تر دابەشببوونایە بەسەر هەموو پیشەکاندا، شینییەتییەکەیان لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا ئەو هێزەی پەیدا نەدەکرد کە ببێتە شوناسێکی جیاکەرەوە بۆیان و جیایان بکاتەوە لە کۆی خەڵکی ناو ئەو کۆمەڵگایەو ببێتە بەربەست لە بەردەم ئەو یەکبوونەدا کە دروستەی ئەو کۆمەڵگایە لە دروستکردنی نەتەوەدا داوای دەکات.

ئەوان بەهۆی ئەوەوە بەو پیشەیە ناسراون، هەرکەسێك لەناو کۆمەڵگادا ببێتە خاوەنی ئەوپیشەیە گەر پێستیشی شین نەبێت وەك پێست شینەکان سەیردەکرێت و ئەو شوناسەی پێدەدرێت کە پێست شینەکان خۆیانی پێ جیادەکەنەوە. لێرەدا شینییەتی بەها پەیدا دەکات و دەبێتە بەربەست لە بەردەم ئەوەدا نەتەوەخوازیی ئەو دەوڵەتە بۆ دروستکردنی نەتەوەکەی جیاوازییەکان نەهێڵێت و بنەمای یەکبوون بسەپێنێ.

گێلنەر پێی وایە شینەکانی ئەم کۆمەڵگایە نە وەك چەرکەسەکانی ناو ئیمپراتوریەتی عوسمانیین تا نەتەوەخوازیی چینی فەرمانڕەوا بەهۆی سەپاندنی کەلتورو زمانەکەی خۆی جیاوازییەکەیان نەهێڵێت و بیانکات بە بەشێك لەو نەتەوە دروستکراوەی کە لەدەوڵەتە مۆدێرنەکەی خۆیدا دروستیکردووە، نە وەك یۆنانییەکانیش زمان و کەلتورێکی ناوچەیی

جیاوازیان هەیە تا وەك زمان و کەلتوری نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەکە بیکەن بە زمان و کەلتورێکی ستانداردو نەتەوەخوازییەکەیان لە سنورێکی سیاسی سەربەخۆدا نەتەوەکەی دروستبکات و بەمە کۆتاییە بەو بەربەستە بێت کە هاتووەتە بەردەم نەتەوەخوازی و ناهێڵێت لەرێگەی دروستکردنی نەتەوەکەیەوە کۆمەڵگا پیشەسازییەکە پەرە پێبدات.

گێلنەر پێی وایە ئەم بەربەستە بۆ نەتەوەخوازی لە بەربەستە زمانییەکەی پێشوو دەوڵەتی مەترسیدارترە، هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە بەو دوو رێگایەی کە بەربەستەکەی پێشوویان پێ چارەسەر دەبوو ئەم بەربەستە چارەسەر نابێت. ئەوانەی کە لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا حاڵیان حاڵی ئەم شین پێستانەیە، ئەوانەن کە نە دەبن بە بەشێك لەو نەتەوەیەی کە نەتەوەخوازی ئەو دەوڵەتە دروستی دەکات، نە لەو دەوڵەتەش جیا دەبنەوەو لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا نەتەوەیەکی تایبەت بەخۆیان دروست دەکەن. ئایا ئەوانەی کە حاڵیان حاڵی ئەم شین پێستانەیە کێن و نەتەوەخوازی چۆن بەسەر ئەم بەربەستەدا زاڵ دەبێت؟.

گێلنەر لەناو جیهانی ئیسلامیدا ئەو گروپانە دەست نیشان دەکات هەر چەندە ئەو لە هێنانەوەی نموونەکاندا زۆر سەرکەوتوو نابێت و نموونەکانی حاڵەتەکەیان لەگەڵ حاڵەتی شینپێستەکانی ناو میتافۆرەکەیدا زۆر وێك نایەنەوە، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو دەبێت کە دەستنیشانی جۆرێکی تر لە بەربەست دەکات کە دێتە بەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵگای پیشەسازی لەناو ئەو جیهانەدا کە لە خەلافەتە ئیسلامییەکان جێ دەمێنێ.

گێلنەر بۆ دیاریکردنی ئەم جۆرە لەبەربەست باس لە دوو جۆر لە کەلتوری ئیسلامی دەکات کە لەکۆمەڵگا کشتووکاڵییەکانی سەردەمی خەلافەتەکاندا بوونیان هەبووەو دوای نەمانی دوایین خەلافەتی ئیسلامیش ماونەتەوە.

لای ئەو هەریەك لەم دوو جۆرە لەکەلتور لەبەردەم دروستبونی کۆمەڵگای پیشەسازی و نەتەوە دروستکراوەکاندا رۆڵێکی جیاوازی دەبێت و یەکێکیان رێخۆشکەر دەبێت لەبەردەم گۆڕانی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی و ئەوی تریان دەبێتە ئەو بەربەستە مەترسیدارەی بەردەم نەتەوەخوازی کە ناهێڵێت نەتەوەخوازی لەرێگەی دروستکردنی نەتەوەکەیەوە پەرە بە کۆمەڵگای پیشەسازی بدات. گێلنەر یەکەمیان کە رێخۆشکەرە لەبەردەم نەتەوەخوازیدا بە کەلتوری ئیسلامی باڵا ناودەبات و دووەمیان کە وەك شینپێستەکان بەربەستێکی مەترسیداری بەردەم نەتەوەخوازییە بە کەلتوری ئیسلامی نزم ناو دەبات. بەپێی

ئەم بۆچوونە لەناو سنوری خەلافەتە ئیسلامییەکاندا کەلتوری مەزهەبی کە کەلتوری ئاینیی مەلاکانە کەلتورە باڵاکەی ئەو کۆمەڵگایانەیەو کەلتوری تەریقەتیش کە کەلتوری پیاوە رووحانییەکانە، ئەو کەلتورە نزمەیە کە وەك خاسیەتە بۆمایەکان چووەتە ناو خوێنی خەڵکەوەو بە ئاسانی ئەو خەڵکە ناتوانێت خۆی لێی دەربازبکات، ئەوەش بەربەستە لەبەردەم نەتەوەخوازیدا کەلتوری تەریقەتە.

گێلنەر پێی وایە کەلتورە باڵاکەی ئیسلام کە کەلتوری مەلاکانە نەك هەر نابێتە کۆسپ لەبەردەم ئەوەدا کە نەتەوەخوازی لە رێگەی دروستکردنی نەتەوەوە پەرە بە کۆمەڵگای پیشەسازی بدات، بەڵکو دەبێتە هێزێك کە نەتەوەخوازی بەکاری دەهێنێ بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو بەربەستەدا کە کەلتوری تەریقەت دروستی دەکات.

گێلنەر پێی وایە لەناو کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکانی سەردەمی خەلافەتدا لە سەرەتای گۆڕانی ئەم کۆمەڵگایانە بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی، هەندێك لەو کۆمەڵگا ناوچەییانە کە خاوەنی کەلتورە نزمە نامەزهەبییەکەن توانیویانە کەلتورەکەیان بگۆڕن بۆ کەلتورێکی باڵای پیشەیی و بەهۆیەوە نەتەوەخوازییەکەیان نەتەوەکەی دروست بکات.

بەڵام لەدوای ئەوەی کۆمەڵگای پیشەسازی لەم ناوچانەدا پەرەدەسێنێ و قۆناغە بەراییەکەی خۆی تێدەپەڕێنێ، ئەو ناوچانەی کە خاوەنی ئەو کەلتورە نزمەن ناتوانن کەلتورەکەیان بگۆڕن بۆ کەلتورێکی باڵای پیشەیی و لەهەمان کاتیشدا دەستبەرداری نابن بۆ ئەو کەلتورە باڵایەی کە بەزمانێکی بێگانە نەتەوەخوازی ئەو دەوڵەتە بەسەریاندا دەیسەپێنێ. لەم حاڵەتەشدا ئەو گروپەی کە خاوەنی کەلتورێکی نزمی لەو جۆرەیە دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەوەدا کە نەتەوەخوازی کەلتورەکەی خۆی لە سنوری دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتەکەیدا سەراپاگیر بکات ونەتەوەکەی دروست بکات.

لەو ناوچەیەدا کە بە جیهانی ئیسلامی ناو دەبرێت، ئەو نەتەوەخوازیانەی کە بەکەلتورە پیشەییەکە ناتوانن لە سنوری سیاسی دەوڵەتەکانی خۆیاندا یەکبوونی زمانی و کەلتوری دروست بکەن و زاڵبن بەسەر کەلتورە نزمەکانی وەك کەلتوری تەریقەتدا، بەناچاری دەکەونە ناو پەیمانەوە لەگەڵ کەلتورە مەزهەبییە باڵاکەی ئیسلامداو لە رێگەی ئەم پەیمانەوە دەتوانن کەلتورە ئیسلامییە نزمەکان لە کەلتورێکی مەزهەبیدا بکەنەوە بەیەك و ئەو بەربەستەتە لەبەردەم یەکبوونی کەلتوریدا نەهێڵن و بەمەش نەتەوەخوازی بتوانێت کەلتورە پیشەییەکەی

خۆی بە زمانە ستانداردکراوەکە بەیەکسانی بەسەر هەموو ناوچە کەلتورییە جیاجیاکانی ناو سنوری دەوڵەتەکەی بسەپێنێ.

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازی بۆ نەهێشتنی ئەو بەربەستەی کە کەلتوری ئیسلامی نزم دروستی دەکات، کەلتورە مەزهەبیە باڵاکەی ئیسلام بەکار دەهێنێ و دەچێتە شەڕەوە لەگەڵ کەلتورە نزمەکەیدا. بەڵام ئایا نەتەوەخوازی بەم کارە چی لە خۆی و چی لە ئیسلامی مەزهەبی دەکات؟ گێلنەر بە وردی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازی نەتەوەیەك دروستدەکات کە شوناسە نەتەوەییەکەی لە شوناسە ئیسلامییەکەی جیاناکرێتەوە، واتە ئەو نەتەوەیەی کە نەتەوەخوازی بەم رێگەیە دروستی دەکات نەتەوەیەکی مەزهەبییەو ئەو مەزهەبەش کە دەچێتە ناو پێکهاتەی ئەم نەتەوەیەوە مەزهەبێکی نەتەوەییەو لەوە دەرچووە بتوانێت وەك ئەو مەزهەبەبێت کە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا سنورە ناوچەییە ئەتنیکییەکانی دەبڕی و وەك مەزهەبێکی سەروئەتنێکی و سەروناوچەیی کاری خۆی دەکرد.

گێلنەر لەچوارچێوەی گۆڕانی مەزهەبە سەروئەتنیکییەکەی ئیسلامی کۆمەڵگای پیشەسازی بۆ مەزهەبە نەتەوەییەکەی ئیسلام، لەبارەی ئیسلامی مەزهەبییەوە دەڵێت: ئیسلام لەبارودۆخێکی لەم جۆرەدا لەیەك کاتدا توشی چەند گۆڕانکارییەك دەبێت، ئیسلام کە گەورەترینی ئاینە یەکتاپەرستییە گەورەکانە، ئارەزووێکی بەردەوامی بۆ چاکسازی هەیە- دەکرێت وەسفی راستەقینەی ئیسلام بەوە بکرێت کە چاکسازییەکی بەردەوامە-(٢٨٩). ئەم پیاهەڵدانەی گێلنەر بە ئیسلامی مەزهەبیدا لەوەوەیە کە وەك مۆدێرنیزم توانای ئەوەی هەیە لەرێگەی کەلتورێکی باڵاو مەکتەبییەوە یەکبوونی کەلتوری دروستبکات و کۆمەڵگایەك دروست بکات کە خەڵکەکەی لەناو غەفڵەتدا بژین و وەك مێگەل تەنها پێویستیان بە شوانێك بێت رێبەرایەتیان بکات.

ئەو دوای ئەوەی بەم جۆرە وەسفی ئیسلامی مەزهەبی دەکات، لەبارەی یەکێك لەو گۆڕان وچاکسازییانەوە دەدوێت کە ئیسلامی مەزهەبی لە کۆمەڵگای پیشەسازییدا لەگەڵ سەرهەڵدانی نەتەوەخوازیی عەرەبیدا توشی دەبێت، ئەو پێی وایە لەگەڵ هاتنی نەتەوەخوازیی

(٢٨٩) بڕوانە : هـ . س : ١٥٢.

عەربیدا ئیسلامی مەزهەبی گۆڕانکارییەکی خودیی بەسەردا دێت و وای لێدێت کە زۆر زەحمەت بێت لەنەتەوەخوازیی عەرەبی جیابکرێتەوە. دەرکەوتنی نەتەوەو سەرکەوتنی بزووتنەوەی چاکسازی لە ئیسلامدا دوو دیوی یەك دراون، دروستە خزمایەتی و ناوچەییە کۆنە بەهێزەکان کە تارماییە بەهێزەکەیان ماوەتەوەو هەندێ جاریش بەوەی کە تۆڕێکی پارێزگاریکردنی باوڕپێکراو و زاڵن و لەسەر دروستە سیاسییە چەقگیرە نوێیەکە مەترسیدارو کوشندەن، لەگەڵ نەمانی پەرستنی ئەولیاکاندا کە ڕەوایەتی دەدات بە بوونی، ڕێکخراوە کۆمەڵییە بچووکەکان، پێکەوە هەڵدەوەشێنەوە، یەکەمیان دروستەی کۆمەڵگایەکی نەتەوەی شوێنی دەگرێتەوەو دووەمیشیان لاهوتێکی چاکسازو یەکتاپەرستانەو تاکەکەسی جێگەی دەگرێتەوە کە ڕێگە بە تاکەکەسی ئیماندار دەدات بەشێوەیەکی تاکەکەسی خۆی بەیەك خواو و یەك کۆمەڵەی گەورە لەخەڵکی غافڵ و بەتاڵ لە نێوبەست ببەستێتەوە. لەڕاستیدا ئەمەش هەمووی لە پێناو ئەو داخوازییەدایە کە دروستکردنی نەتەوە لەلایەن نەتەوەخوازییەوە دەیخوازێت(٢٩٠).

ئەم بۆچوونە لە ناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی جیهانی ئیسلامیدا نەتەوەخوازی و ئیسلامی مەزهەبی وەك هێزێکی دووسەرە دەبینێ کە لە ململانێدایە لەگەڵ هێزێکی دوو سەرەی تردا کە سەرێکی خێڵەو سەرێکی ئیسلامی تەریقەتە، واتە تەریقەت و خێڵ ئەو دوو هێزەن کە لەبەردەم ئیسلامی مەزهەبی و نەتەوەخوازیدا وەستاون و ڕێگرن لەبەردەم ئەوەدا لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتدا یەك کەلتوری پیشەیی و یەك زمان و یەك کەلتوری ئاکاری سەراپاگیر بکرێت. ئەوەی نەتەوەخوازی وەك هێزێکی عەلمانی لەگەڵ ئیسلامی مەزهەبیدا تەماهی پێدەکات، ئەوەیە کە هەردووکیان هەمان ئامانجیان هەیە، ئەو ئامانجەش سەپاندنی یەککەلتورییە لە سنوری سیاسی دەوڵەتی مۆدێرندا.

نەتەوەخوازی دەیەوێت لە سنوری سیاسی دەوڵەتە مۆدێرنەکەدا یەك کەلتوری پیشەیی بەیەك زمان سەراپاگیربکرێت و لەبەرامبەر ئەو کەلتورەدا کەلتورە پیشەییەکە بە زمانێکی تر بوونی نەبێت، ئیسلامی مەزهەبیش دەیەوێت لەچوارچێوەی هەمان دەوڵەتدا یەك کەلتوری مەزهەبی ببێت بە کەلتوری ئاکاری و ئاینی ناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتە و لەهەمان کاتدا

(٢٩٠) بڕوانە : هـ . س : ١٢٥.

ڕێگەش نەدات بەوەی کەلتورێکی تری مەزهەبی یان چەند کەلتورێکی نامەزهەبی وەك کەلتوریی روحی تەریقەتەکان لەناو سنوری ئەو دەوڵەتەدا بن بە کەلتوری ئاکاری و ئاینی ناو دەوڵەتە مۆدێرنەکە. لە کاتێکدا خێڵ و تەریقەت ڕێگرن لە بەردەم ئەوەدا یەك کەلتوری پیشەیی و یەك کەلتوری ئاکاری بەسەر خەڵکی ناو ئەو دەوڵەتەدا بسەپێنرێ و هەر خێڵ و تەریقەتێك دەیەوێت لەناو ئەو دەوڵەتەدا دەستبەرداری کەلتورو ئاکاری خۆی نەبێت و کۆمەڵگاکەی ناو ئەو دەوڵەتە وەك کۆمەڵگایەکی فرەرەنگ بهێڵێتەوە.

گێلنەر پێی وایە ئیسلامی مەزهەبی توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگای کشتوکاڵیداو لەرێگەی چینی خوێندەواری ناو خەلافەتەکانەوە رەوایەتی دەدات بە هەموو ئەو دەسەڵاتە ناوچەییانەی کە لە سنوری سیاسی ئەو خەلافەتەدا هەن، لەهەمان کاتدا توانای خۆ گونجاندنیشی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگای پیشەسازیداو رەوایەتی دەدات بەدەسەڵاتی سیاسی ئەو دەوڵەتە مۆدێرنانەی کە نەتەوەخوازی نەتەوەیان تیا دروست دەکات. ئەو پێی وایە لەناو ئاینە تاکخواپەرستییەکاندا ئیسلامی مەزهەبی نموونەیەکە کە رێگە دەدات بە کەلتورە گەورەکەی خۆی لە کەلتوری چینی فەرمانڕەواو خوێنەوارنی ناوچە جیاوازەکانی خەلافەتەوە ببێت بە کەلتوری نەتەوەیی ئەو نەتەوانەی کە نەتەوەخوازی لە پرۆسەی پەرەپێدانی کۆمەڵگای پیشەسایدا دروستیان دەکات(٢٩١).

بەپێی بۆچوونەکەی گێلنەر لەناوچە جیاجیاکانی خەلافەتە ئیسلامییەکاندا کەلتوری تەریقەت بووەتە بەربەست لەبەردەم نەتەوەخوازیداو نەتەوەخوازیش بەهۆی کەلتورە مەزهەبییە باڵاکەوە توانیویەتی کەلتورە میللییە ئاینییەکانی ئەو ناوچانە بکاتەوەبەیەك و کۆتایی بەو بەربەستە بهێنێ. ئەو نەتەوەخوازیانەی کە کەلتورە ناوچەییەکەی خۆیان بە زمانێکی ستانداردی ناوچەیی گۆڕیوە بۆ کەلتورێکی پیشەیی مۆدێرن و کێشە زمانیان چارەسەرکردووەو زمان وەك بەربەستێك لە بەردەم دروستکردنی نەتەوەکانیاندا نەماوە، ئەوەی کە ماوە تەنها کەلتورە ئاینییە جیاوازەکانی تەریقەتن و نەتەوەخوازی بەوەی کە لەگەڵ ئیسلامی مەزهەبیدا دەکەوێتە ناو پەیمانەوە ئەم بەربەستەش ناهێڵێت و هەموو ئەو کەلتورە ئیسلامییە میللیانە لەناو کەلتورێکی مەزهەبی باڵادا دەکاتەوە بەیەك و کۆتایی بە جیاوازی ئاینی دەهێنێ. لای

(٢٩١) بڕوانە : هـ . س : ١٥٥.

ئەو نەتەوەخوازی عەرەبی بەهۆی ئەوەوە کە زمانەکەی هەمان زمانی ئیسلامی مەزهەبییە دەتوانێت کەلتورە مەزهەبییە باڵاکەی ئیسلام بخاتە ناو پێکهاتەی نەتەوەوە و لەگەڵ کەلتورە پیشەییەکەدا بەبێ کێشە نەتەوە دروست بکات. گێلنەر پێی وایە جۆرێکی تر لە نەتەوەخوازیی لە ناوچەکەدا هەیە بەهۆی ئەوەوە کە هەموو دەرهاوسێکانی ناموسڵمانن، سود لە ئیسلامی مەزهەبی وەردەگرێت و سەردەکەوێت بەسەر کەلتورە نزمە نامەزهەبییەکانداو نەتەوە دروست دەکات، وەك سۆماڵ و مالیزیا.

نەتەوەخوازیش هەیە وەك نەتەوەخوازیی جەزائیری لەگەڵ ئەوەشدا لە سنوری سیاسی دەوڵەتەکەیدا فرەزمانی هەیە، بەڵام سود لە ئیسلامی مەزهەبی و زمانەکەی وەردەگرێت و دەیخاتە شوێنی ئەو کەلتورە میللیە ئاینیانەی کە رێگرن لەبەردەم دروستبوونی نەتەوەداو لەلایەکی تریشەوە خۆی دەچێتە شوێنی فەرمانڕەوا بێگانەکان و زمانی عەرەبی دەکاتە زمانی کەلتورە پیشەییەکەو دەیخاتە شوێنی زمانی فەرنسی و بەمەش نەتەوەکەی خۆی دروست دەکات و کۆتایی بە بەربەستە کەلتورییەکە دەهێنێ. لە ئێرانیشدا نەتەوەخوازیی ئێرانی سود لەکەلتوری مەزهەبی وەردەگرێت و کۆتایی بەو کەلتورە عەلمانییە دەهێنێ کە فەرمانڕەوایانی ئێران فەرمانڕەوایەتی ئێرانیان پیدەکرد[(٢٩٢)].

بەپێی ئەم بۆچوونە نەتەوەخوازی ناو ئەو دەوڵەتانە هەموویان دەکەونە ناو پەیمانەوە لەگەڵ ئیسلامی مەزهەبیداو بەمەش سەردەکەون بەسەر ئیسلامی تەریقەتدا کە رێگرە لەبەردەم ئەوەدا کەلتوری ئاینی لەناو دەوڵەتدا ببێتەوە بەیەك کەلتور. هەریەك لەم نەتەوەخوازیانە بەجۆرێك لەگەڵ ئیسلامی مەزهەبی دەکەوێتە ناو ئەم پەیمانەوە، بەڵام هەموویان یەك ئەنجامیان هەیەو نەتەوەیەك درووست دەکەن کە شوناسە نەتەوەییەکەی لە شوناسە ئاینییەکەی جیا ناکرێتەوە. لاوازی ئیسلامی مەزهەبی و بەهێزی ئیسلامی میللی لە هەندێك ناوچەدا دەبێتە هۆی ئەوەی نەتەوەخوازی بەئاسانی نەتوانێت نەتەوەکەی خۆی دروستبکات، لای گێلنەر نەتەوەخوازییەکانی باشوری ئەفریقا نموونەی ئەو جۆرە لە نەتەوەخوازین بە هۆی لاوازی ئیسلامی مەزهەبییەوەو بە هێزی ئیسلامی میللیەوە لە دروستکردنی نەتەوەکانیاندا رووبەرویی کێشەی گەورە بوونەتەوە. لای ئەو ئیسلامی میللی لەو ناوچانەدا وایکردووە کە

---

(٢٩٢) بڕوانە : هـ . س : ١٢٨.

خێڵەکان زیاتر وابەستە بن بە جیاوازییە زمانیی وکەلتورییەکانی خۆیانەوە. بۆ روونکردنەوە ئەم حاڵەتەش باس لە سومالییەکان دەکات.

لای گێلنەر هەیمەنەی ئەورووپای و لاوازی کەلتوری مەزهەبی لەئەفریقادا حاڵەتێکی تایبەتی دوستکردووەو بووەتە هۆی ئەوەی کەلتوری خێڵەکی ببێتە ڕێگرێکی گەورەی کەلتوریی لەبەردەم هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازیدا کە لەدوای نەمانی فەرمانڕەوا ئەورپاییە بیگانەکان بییەوێت بەزمانیکی ستانداردکراوی ناوچەیی لە ڕێگەی کەلتورە پیشەییەکەوە نەتەوەکەی خۆی دروست بکات.

لەم ناوچەیەدا کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان پێکهاتەیەکن لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرابی کە چینێکی فەرمانڕەوای بێگانە حوکمیان دەکات و لەبەرامبەر خۆیدا لە سنوری فەرمانڕەوایەتی خۆیدا دەیانکاتەوە بەیەك، لەناو ئەم خێڵانەدا هەرخێڵێك زمان وکەلتوری خێڵەکی تایبەت بەخۆی هەیەو هیچ کەلتورێکی مەزهەبی سەردەمی خەلافەتەکانیش نەیتوانیوە جۆرێك لە نزیکی و هاوبەشی لە نێوانیاندا دروست بکات.

کاتێك لەڕێگەی ئەورپاییەکانەوە کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو ناوچانە، ئەوەی دەگۆڕێت تەنها چینی فەرمانڕەوای ناو ئەو کۆمەڵگا ناوچەییانەو کەلتورە باڵا مەزهەبییەکەیانە بە چینێکی فەرمانڕەوا کە ئەوانیش بیگانەن، بەڵام کەلتورەکەیان کەلتورێکی مەزهەبی نییەو ئەو کەلتورە پیشەییەیە کە نەتەوەخوازی دەتوانێت نەتەوەی پێدروست بکات.

لەناو ئەم ناوچانەدا ئەوەی کەلتوری کۆمەڵگا پیشەسازییەکە پەرە پێدەدات و قوتابخانە مۆدێرنەکانی بۆدەکاتەوە، چینە فەرمانڕەوا ئەورووپییەکەیە، کەلتورەکەش بەزمانی ئەو چینە فەرمانڕەوایە لەناو قوتابخانەکاندا دەخوێنرێت. لای گێلنەر ئەوەی خێڵەکانی ناوچەیەك لەم ناوچانە لەبەرامبەر چینی فەرمانڕەوادا دەکاتەوە بەیەك، زمان و کەلتوری هاوبەش نییە، بەڵکو کۆیلایەتی هاوبەشی ئەوانە بۆ ئەو چینە. ڕەشپێستییەکەشیان لەگەڵ شوناسی کۆیلایەتی بوونەکەیاندا بووەتە مۆرکێك بۆ کۆیلایەتی ولەبەرامبەر سپی پێستیەتی فەرمانڕەوا ئەورپاییەکانیاندا بەرامبەربووەتەوە، واتە ئەوان لەبەرامبەر چینی فەرمانڕەوادا لەوەدا یەکن کە کۆیلەی ئەو چینە فەرمانڕەوایەن و ڕەشیەکەشیان مۆرکی هاوبەشی

کۆیلایەتییەکەیانە[٢٩٣]. چینە فەرمانڕوا ئەوروپاییەکان قوتابخانە مۆدێرنەکان لەناو ئەو خێڵانەدا دەکەنەوە کە لەسنوری دەسەڵاتی سیاسی خۆیاندان، زمانی خوێندنیش لەناو ئەم قوتابخانانەدا ئەو زمانە ئەوروپییەیە کە چینی فەرمانڕەوا لە کاروبارەکانی خۆیاندا بەکاری دەهێنن. دوای ئەوەی لەم ناوچانەدا خوێندن بەرو پێش دەڕوات و کەسانی ناو ئەو خێڵانە لەرێگەی ئەو قوتابخانانەوە کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە وەردەگرن و دەبن بەچینی خوێندەواری ناو خێڵەکان، هەوڵدەدەن چینە فەرمانڕوا ئەوروپاییەکە لابدەن و خۆیان جێگەیان بگرنەوە. ئەو خوێندەوارانەی کە رابەرایەتی ئەم نەتەوەخوازییە دەکەن، پێویستیان بەوەیە زمانێك لە زمانە ناوچەییەکانی خۆیان بکەن بە زمانی کەلتورە پیشەییەکەو لە قوتابخانەکانیشدا بیخەنە شوێنی ئەو زمانە ئەوروپییەی کە خۆیان کەلتورە مۆدێرنەکەیان پێ وەرگرتووە.

لەهەندێك ناوچەدا کە چینی فەرمانڕەوا ئەوروپایی و بێگانەیەو زمانی کەلتورە پیشەییەکەی قوتابخانەکانیش زمانێکی ئەوروپی بێگانەیە، چینە فەرمانڕەوا نابێگانەکە، بە هەوڵێکی زۆری نەتەوەخوازی زمانی عەرەبی ستاندارد کە زمانی مەزهەبە دەکاتە زمانی کەلتورە پیشەییەکەو جێگەی زمانە بێگانەکەی پێدەگرێتەوە. نەتەوەخوازی جەزائیری نموونەی ئەو جۆرە لە نەتەوەخوازییە کە دەتوانێت زمانی کەلتوری مەزهەبی بکات بەزمانی کەلتورە پیشەییەکەی قوتابخانەکان و لە رێگەیەوە نەتەوە دروست بکات.

نەتەوەخوازی جەزائیری بۆ یەکخستنی کەلتورە خێڵەکییەکانی و کەلتورە ئاینییە میللیەکانی ناوخۆی، پەنا دەباتە بەر کەلتورە مەزهەبییە باڵاکەی ئیسلام و زمانەکەشی دەکات بە زمانی کەلتورە پیشەییەکەی خۆی و بەمە یەکبوونێکی کەلتوری لە نێوان خێڵە عەرەبییەکان و خێڵە بەربەرەکاندا دروستدەکات، واتە لێرەدا نەتەوەخوازی جەزائیری ئیسلامی مەزهەبی بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی ئەو ئیسلامە میللییە فرەرەنگەی ناو خێڵەکان نەهێڵێت و رێگە خۆشبکات بۆ ئەوەی نەتەوەخوازی جەزائیری بە زمانی عەرەبی ستانداد نەتەوە دروست بکات. بەڵام لە باکوری ئەفریقا لەبەر ئەوەی خوێندن و نوسین لەناو خێڵەکاندا نەبووەو ئیسلامی مەزهەبی زۆر بەهێز نەبووە تا خوێندن و نوسین لەناویاندا سەرهەڵبدات، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەخوازی لەو ناوچانەدا بەئاسانی نەتوانێت نەتەوە دروست بکات.

---

(٢٩٣) بڕوانە : هـ . س : ١٥٦.

لەناو خێڵەکانی ئەم ناوچەیەدا سەرەڕای نەبوونی کەلتورێکی نوسراو فرەزمانییەکی ئێجگار زۆر هەیەو ئەو بێگانانەش کە ئەو ناوچانەیان داگیرکردووە، سنورە سیاسییەکانیان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دروستکردووەو چینە خوێندەوارەکەی ئەو خێڵانەش دوای ئەوەی فەرمانڕەوایەتی لەدەستی ئەورپییەکان وەردەگرنەوە ئەو سنورە سیاسیانە دەستلێنادەن. لەهەر سنورێکی سیاسی ئەو ناوچەیەدا کۆمەڵە خێڵێکی زمان و کەلتور جیاواز هەیەو ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی چینە خوێندەوارە نوێیەکە نەتوانێت زمانێکی ستاندارد لە زمانی یەکێك لەو خێڵانە بۆ کەلتورە پشەییەکەی قوتابخانەکان سازبکات.

گێلنەر بۆ روونکردنەوەی ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازیی کە کەلتورێکی مەزهەبیی بەهێزیان نییە، باس لە نەتەوەخوازی سومالی دەکات. لای ئەو نەتەوەخوازیی سۆمالی بۆ خۆجیاکردنەوەی لەئەمهرییەکان، ئیسلامیبوونەکەی لەگەڵ مەسیحیبوونی ئەمهریەکان بەرامبەر دەکاتەوە. نەتەوەخوازیی سۆمالی و ئەمهری هەردووکیان ئاین بەکار دەهێنن بۆ خۆجیاکردنەوەی خۆیان لەیەکتر و بەهۆی ئەمەوە هەریەکەیان دەتوانێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دامەزرێنیێ.

نەتەوەخوازی سۆمالی سود لە ئیسلامبوونەکەی خێڵەکان وەردەگرێت و بەهۆی ئەمەوە دەتوانێت سەرکەوێت بەسەر ئەو هەموو جیاوازییە کەلتوری و زمانیانەی کە لەنێوان خێڵەکاندا هەیە. نەتەوەخوازی سۆمالی لەناو دەوڵەتی سۆمالیدا لە پێکەوەبەسترانێکی بازرگانیی شارستانی و شوانکارییەکی خێڵەکی نەتەوەیەك دروستدەکات و ئەوەش ئەم دوو پێکهاتە دژ بەیەکە لەناو پێکهاتەیەکی نەتەوەیدا کۆدەکاتەوە، ئیسلامیبوونی هەردوو پێکهاتەکەیە. واتە نەتەوەخوازیی سۆمالی سود لە ئیسلامی مەزهەبی وەردەگرێت بۆئەوەی چینە خوێندەوارەکەی و خەڵکە خێڵەکییە نەخوێندەوارەکە لەناو نەتەوە دروستکراوەکەیدا بکاتەوە بەیەك.

ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە چۆن لەناو نەتەوەیەکی دروستکراودا دروستەی کۆمەڵایەتی خێڵ و دروستەی کۆمەڵایەتی ئەو خوێندەوارانەی کە کەلتورە پیشەییەکە کردوونی بە گروپێکی جیاواز لەخێڵە بەراییەکان، بوونەتەوە بەیەك و هەریەکەشیان دروستەکەی خۆی پاراستووە؟ ئایا دەتوانین بەوەی کە نەتەوەخوازی سۆمالی دروستیکردووە بڵێین نەتەوە، لەکاتێکدا نەتەوەخوازیی سۆمالی کۆمەڵگایەکی دروستکردووە کە چینە فەرمانڕەواکەی کەلتورێکی پیشەیی مۆدێرنی هەیەو خێڵەکانیش ئەو کەلتورە مۆدێرنە پیشەییەیان

وەرنەگرتووەو لەسەر کەلتورە خێڵەکییەکەی خۆیان و زمانە سروشتییەکەی خۆیان و پیشەکانی خۆیان ماونەتەوە؟ ئایا ئەتوانین بەو کۆمەڵگا سۆماڵییە بڵێین کۆمەڵگای پیشەسازی کە دەوڵەتەکەی دەوڵەتێکی مۆدێرنە، بەڵام کەلتورەکەی وەك کەلتوری کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکانی سەردەمی خەلافەت پێکهاتەیەکە لەکەلتوری چینی خوێنەوارو فەرمانڕەوا کە کەلتورێکی باڵایەو زمانەکەی زمانێکی ستاندارەدە لەگەڵ کەلتورە میللییە خێڵەکییەکانی خێڵەکان کە کۆمەڵە کەلتورێکی لەیەکتر جیاوازن و هەریەکەیان زمانی تایبەتی خۆی هەیە؟. ئایا سۆماڵ بەوەی کە خاوەنی دەوڵەتێکی مۆدێرنەو نەتەوەخوازییەکەی نەیتوانیوە کۆتایی بەو فرەزمانی و فرەکەلتورییەی ناو خێڵەکان بێنێ و لەناو کەلتورە پیشەییەکەدا بیانکاتەوە بەیەك، توانیویەتی لە سنوری سیاسی دەوڵەتەکەیدا نەتەوە دروست بکات؟.

گێلنەر بۆ ئەوەی کێشە بۆ تیۆرەکەی دروست نەبێت، وای بۆ دەچێت کە نەتەوەخوازیی سۆماڵی توانیویەتی نەتەوە دروست بکات بەوەی کە خێڵە جیاوازەکان و گروپە خوێندەوارەکەی لەوەدا کردووەتەوە بەیەك کە هەموویان موسڵمانن و سەر بەهەمان کەلتوری مەزهەبین. واتە نەتەوەخوازی سۆماڵی نەتەوەی بەکەلتورە مەزهەبی و ئاکارییەکە دروستکردووە نەك بەکەلتورە مۆدێرنە پیشەییەکە، ئەوەش بۆ دروستکردنی نەتەوە گرنگە یەکبونی کەلتورییە، ئیتر ئەوە گرنگ نییە ئەو کەلتورە کەلتورێکی مۆدێرنی پیشەیی بێت یان کەلتورێکی مەزهەبی ئاکاری بێت. ئەم پاساوە  دژ دەبێتەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە پێی وایە تەنها بەکەلتورە مۆدێرنە پیشەییەکەو تەنها لە سەردەمی مۆدێرنەدا نەتەوە دروستدەکرێت.

حاڵەتی سۆماڵییەکان ئەوە دەسەلمێنێ کە دەکرێت نەتەوە بەهەمان دروستەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان و بەکەلتورێکی مەزهەبی و ئاکاری دروست بکرێت. گەر ئەمەش وابێت، ئەو کات دەتوانرێت هەموو ئەو کۆمەڵگا ناوچەییانەی ناو کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان بە نەتەوە بزانین کە دروستە کۆمەڵایەتییەکەیان وەك دروستە کۆمەڵایەتییەکەی سۆماڵییەکان لە دوو چین پێکهاتووە، چینی فەرمانڕەوا کە خاوەنی کەلتورێکی مەزهەبی باڵایەو خێڵەکان کە هەریەکەیان خاوەنی کەلتوری میللی و زمانی سروشتیی خۆیەتی و لەلایەکەوە لە چینی فەرمانڕەوا جیای دەکاتەوە لەلایەکی ترەوە لە خێڵەکانی تری ناو سنوری سیاسی ئەو ناوچەیە جیای دەکاتەوە. گەر ئەو کۆمەڵگا کشتوکاڵییە ناوچەییانە لەبەر بوونی فرەکەلتوری و فرەزمانی نێوان خێڵەکان و بوونی دووجۆر لە کەلتور و زمانی جیاواز نەتەوە نەبن، ئەوە بە

هەمان شێوە ناتوانیین بڵێین ئەوەی نەتەوەخوازیی سۆماڵی لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتە مۆدێرنەکەی سۆماڵدا دروستیکردووە نەتەوەیە، چونکە لەناو ئەم کۆمەڵگایەشدا هەرچەندە چینی فەرمانڕەوا بە پێچەوانەی چینی فەرمانڕەوای کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکان کار لەسەر یەکبوونی کەلتوری دەکات و هەوڵدەدا خێڵەکان لەناو جەستەی خۆیدا بگۆڕێت بۆ بەشێك لە جەستەی خۆی، بەڵام لەمەدا سەرکەوتوو نابێت و خێڵەکان پێشتر لە کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکەیاندا چۆن بوون، لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەشدا وەك خۆیان بە زمان و کەلتورە میللیە جیاوازەکانیانەوە دەمێننەوە.

لەراستیدا ئەوەی لەنێوان کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی سۆماڵ و کۆمەڵگایەکی ناوچەیی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا جیاوازە تەنها ئەوەیە کە چینی فەرمانڕەوا لە سۆماڵدا هەوڵدەدات هەموو خێڵەکانی ناو سنورە سیاسییەکەی خۆی لەناو جەستەی خۆیدا بتوێنێتەوەو کۆتایی بە فرەزمانی و فرەکەلتورییەکەیان بێنێ، بەڵام چینی خوێندەواری ناو کۆمەڵگا کشتوکاڵییە ناوچەییەکە بە پێچەوانەی ئەمەوە هەوڵ دەدات لە رووی کەلتوری و زمانییەوە لەجیاوازیدا لەگەڵ خێڵەکاندا بمێنێتەوەو کۆمەڵگاکەی نەکات بە کۆمەڵگایەکی یەککەلتورو یەکزمان.

هەرچەندە ئەم جیاوازییە جیاوازی نێوان چینی فەرمانڕەوای هەردوو کۆمەڵگاکەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەوە خێڵە سۆماڵییەکان وەك خۆیان بە زمان و کەلتورە جیاوازەکانی خۆیانەوە ماونەتەوە، حاڵەتە واقعییەکەیان هەروەك حاڵەتی کۆمەڵگا کشتوکاڵییە ناوچەییەکانەو وەك حاڵەتی ئەو کۆمەڵگا پیشەسازیانە نییە کە نەتەوەخوازی بەناوی نەتەوەوە دروستیکردوون. کەواتە چۆن دەتوانیین بڵێین نەتەوەخوازی سۆماڵی نەتەوەی لەناو دەوڵەتی سۆماڵیدا دروستکردووە؟.

لە باشترین حاڵەتدا دەتوانین بڵێین ئەوەی کە نەتەوەخوازی سۆماڵی لەواقعی خێڵەکاندا دروستیکردووە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و کشتوکاڵییەو لە خەیاڵی نەتەوەخوازیی سۆماڵیشدا کۆمەڵگایەکی پیشەسازی و نەتەوەییە. گێلنەر ئەمە بەجۆرێکی تر گوزارشت لێدەکات و دەڵێت سۆماڵییەکان وەك کوردەکان لەرووی دەرەکییەوە بونیان بونێکی نەتەوەییەو لەڕووی ناوەکییەوە بوونیان بوونێکی خێڵەکییە، واتە لە ناوەوە خێڵن و لە دەرەوە نەتەوەن(٢٩٤).

(٢٩٤) بڕوانە : ھ . س : ٢٥٠.

بەپێی بۆچوونی دروستەخوازەکان کۆمەڵگای پیشەسازی ئەو کۆمەڵگایەیە کە مرۆڤایەتی هەمووی دەیخوازێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییە ناوچەییەکان هەموویان لەبەرامبەر کۆمەڵگای پیشەسازیدا شکست بهێنن و هەموویان بگۆڕێن بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی. بەڵام حاڵەتی سۆماڵیەکان ئەوە دەخاتە روو کە ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی دروست نییە، چوونکە لەگەڵ هاتنی کۆمەڵگای پیشەسازی بەخۆی و قوتابخانەکانییەوە بۆ ئەو ناوچەیە کۆتایی بە کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکەی ئەو ناوچەیە نەهاتووەو خێڵەکان بەخۆیان و کەلتورو زمانە جیاوازەکانیان و پیشەکانیانەوە ماونەتەوەو لەناو ئەو گروپە خوێندەوارەدا نەتوانەتەوە کە فەرمانڕەوایی دەوڵەتەکە دەکەن و هەوڵدەدەن کۆمەڵگا پیشەسازییەکە پەرە پێبدەن.

گێلنەر بۆ ئەوەی خۆی لەم کێشەیە دەرباز بکات و ئەو باوڕە لە مەترسی دووربخاتەوە کە پێی وایە هەموو مرۆڤایەتی مەیلی بۆ ئەوە هەیە کۆمەڵگاکانیان بن بە کۆمەڵگای پیشەسازی، هۆی نەبوونی ئەو جۆرە لە مەیل لەناو خێڵە سۆماڵییەکاندا دەخاتە ئەستۆی نەتەوەخوازی سۆماڵیی و پێی وایە ئەوە لاوازی و شکستی نەتەوەخوازیی سۆماڵی و چینە فەرمانڕەوا خوێندەوارەکەیەتی ناتوانێت خێڵە سۆماڵییەکان وا لێبکات واز لە ژیانە خێڵەکییەکەی خۆیان بهێنن و روو بکەنە قوتابخانە مۆدێرنەکان و بەکەلتورە پیشەییەکەی لەکەسانێکی سەر بەکۆمەڵگایەکی خێڵەکی و کشتوکاڵیەوە بن بە کەسانێکی ناو ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەی کە ئەوان دەیانەوێت بە ناوی نەتەوەوە لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتی سۆماڵیدا دروستی بکەن.

گێلنەر پێی وایە نەتەوەخوازیی سۆماڵی لەبەرئەوەی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی و کەلتورێکی پیشەی مۆدێرنی تایبەت بەخۆیەتی، دەتوانێت کەلتورەکەی خۆی بەسەر خێڵە سۆماڵییەکاندا بسەپێنێ و کۆتایی بەکۆمەڵگای کشتوکاڵییە ناوچەییەکەی ناو سۆماڵ بهێنێ. بۆیە ئەوەی وایکردووە لەگەڵ بوونی دەوڵەت و نەتەوەخوازیدا دروستەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی لە ناوچەیەکدا بەردەوام بێت و نەگۆڕێت بۆ دروستەی کۆمەڵگای پیشەسازی، لاوازی کۆمەڵگای پیشەسازی نییەو لاوازی ئەو نەتەوەخوازییەیە کە لەو ناوچەیەدا پەرە بە کۆمەڵگا پیشەسازییەکە دەدات. واتە ئەوەی کە گومان دەخاتە سەر ئەوەی کۆمەڵگای پیشەسازی ئەو کۆمەڵگا جیهانییەیە کە هەموو مرۆڤایەتی دەیخوازێت، لەناو کۆمەڵگای

پیشەسازی خۆیدا نییەو لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا کە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا پەرە بە کۆمەڵگای پیشەسازی دەدات.

گەر حاڵەتی سۆماڵییەکان بەپێ ئەو سێ کۆمەڵگایە لێکبدەینەوە کە خێڵە بەراییەکان لەناو پێکهاتەیەکی گەورەتر لە خێڵدا کۆدەکەنەوە، ئەوە دەتوانین کۆمەڵگای سۆماڵی بخەینە ریزی ئەو جۆرە لە کۆمەڵگاوە کە هێزێکی ناخێڵەکی لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی دروستی دەکات و لەرووی سیاسییەوە دەیانکاتەوە بەیەك، بەڵام لە رووی کەلتورو زمانەوە نایانکاتەوە بەیەك و لەنێوان خۆیانداو لەبەرامبەر کەلتورەکەی خۆیدا لەناو جیاوازیدا دەیانهێڵێتەوە. ئەوەی کۆمەڵگای سۆماڵی لەم جۆرە لەکۆمەڵگای خێڵەکی جیا دەکاتەوە، تەنها جیاوازی کەلتورو زمانی هێزە ناخێڵەکییەکەیە.

کەلتوری هێزە ناخێڵەکییەکەی ناو کۆمەڵگا کشتوکاڵییە ناوچەییەکە کەلتورێکی مەزهەبییەو زمانەکەشی زمانێکی ستانداردکراوە بۆ ئەو مەزهەبە، بەڵام کەلتوری ئەو هێزە ناخێڵەکییەی کە خێڵە بەراییەکانی سۆماڵ لەناو کۆمەڵگای سۆماڵیدا کۆدەکاتەوە کەلتورێکی پیشەیی مۆدێرنەو زمانەکەشی زمانێکی ستانداردکراوە بۆ گەیاندنی ئەو کەلتورە پیشەییە.

ئەو نەتەوەخوازیەی کە وەك نەتەوەخوازیی رویتانی نەتەوە دروست دەکات پەیڕەوەی لەو سیستەمە دەکات کە عەسابەیەك لەناو خێڵێکی بەرایدا بە جەستەی کۆمەڵە خێڵێکی زمان وکەلتور جیاواز لە رێگەی هێزەوە عەسەبەکەی دروست دەکات و کەلتورە خێڵەکییە جیاوازەکانی خێڵەکان و زمانە سروشتییە جیاوازەکانیان لەناو کەلتوری خێڵەکی خێڵەکەی خۆی و زمانی سروشتییەکەی دەکاتەوەبەیەك و یەك جەستەی کەلتوری و زمانی و سیاسی دروستدەکات، کە جەستەی عەسەبەیە. بەڵام ئەو نەتەوەخوازیانەی کە وەك نەتەوەخوازی سۆماڵین لە دروستکردنی نەتەوەکانیاندا پەیڕەوی لەو سیستەمە دەکەن کە هێزێکی ناخێڵەکی کۆمەڵگا خێڵەکییەکەی خۆی لەچەند خێڵێکی زمان وکەلتور جیاواز دروستدەکات و وەك عەسەبە کەلتورە ناخێڵەکییەکەی خۆی و زمانە ستانداردە دروستکراوەکەی خۆی ناسەپێنێ بەسەر خێڵەکانداو رێگە دەدات هەر خێڵێك بە زمان و کەلتورە سروشتییە خێڵەکییەکەی خۆیەوە بمێنێتەوە بەمەرجێك کەلتورەکەی نەگۆڕێت بۆ کەلتورێکی ناخێڵەکی و زمانەکەشی نەگۆڕێت بۆ زمانێکی ستانداردی وەك ئەو زمانەی کە زمانی کەلتورە ناخێڵەکییەکەی چینە فەرمانڕەوا ناخێڵەکییەکەیە.

نەتەوە لەحاڵەتی سۆماڵییەکاندا وەك ئەو عەسەبە مۆدێرنە نییە کە نەتەوەخوازییەکانی چەشنی نەتەوەخوازیی رویتانی دروستی دەکەن، ئەو نەتەوەیەی نەتەوەخوازیی سۆماڵی دروستی دەکات، شێوە مۆدێرنەکەی ئەو کۆمەڵگایەیە کە هێزێکی ناخێڵەکی لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی بە کەلتورێکی ناخێڵەکی نامۆدێرن دروستی دەکات، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی ئەم جۆرە لە نەتەوەش هیچ نییە جگە لەو کۆمەڵگایەی کە هێزێکی ناخێڵەکی مۆدێرن بە کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی دروستی دەکات.

ئەو نەتەوەیەی کە نەتەوەخوازی سۆماڵی دروستی دەکات و گێلنەر بە نەتەوەی خێڵەکی ناوی دەبات، کۆمەڵگایەکە کە هێزێکی ناخێڵەکی لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی دروستی دەکات کە لەڕووی سیاسییەوە توانیویەتی بەسەریاندا زاڵ ببێت.

ئەو نەتەوەیەش کە نەتەوەخوازی رویتانی و هاوشێوەکانی دروستی دەکەن، کۆمەڵگایەکە عەسابەیەك لە رێگەی هێزەوە بەکەلتورێکی ناخێڵەکی مۆدێرن لە توانەوەی کۆمەڵە خێڵێك لەناو تاکە خێڵێکدا یان توانەوەی کۆمەڵە میللەتێك لەناو یەك میللەتدا دروستی دەکات. ئەمەش بەڵگەیەکی روونە لەسەر ئەوە کە ئەوەی لەسەردەمی کۆمەڵگای پیشەسازی و دروستکردنی نەتەوەکاندا لەناو کۆمەڵگاکاندا دەگۆڕێت، سیستەمی کۆمەڵایەتی و دروستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان نییە، ئەوەی دەگۆڕێت تەنها جۆری کەلتورە.

لەکۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا کەلتوری کۆمەڵگاکان کەلتورێکی ئاکاری بووەو لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا ئەو کەلتورە ئاکارییە گۆڕدراوە بۆ کەلتورێکی پیشەیی، ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر سیستەم و دروستەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و زمانی کۆمەڵگاکان نەبووەو کۆمەڵگاکانی ئەم سەردەمە درووستەی زمانیی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی کۆمەڵگا پریمۆدێرنەکانیان هەڵگرتووە، ئەوەی لەناویاندا گۆڕاوە تەنها جۆرو شێوەی کەلتورو زمانەکانە و کەلتوری ئەم کۆمەڵگایانە لەبری ئەوەی کەلتورێکی ئاکاری بێت، کەلتورێکی پیشەییەو زمانەکەشیان لەبری ئەوەی زمانی سروشتی کەلتورێکی ئاکاری سروشتی بێت یان زمانی کەلتورێکی مەزهەبی دروستکراو بێت، زمانی کەلتورێکی پیشەییە.

### ٣-٥/٤) کورد لە نێوان رویتانییەکان و سوماڵییەکاندا

ئایا ئەو بزووتنەوە کوردییانەی کە لە کۆتای سەدەی نۆزدەدا سەرهەڵدەدەن و تا ئێستاش لە پەرەسەندنی خۆیان نەوەستاوەن، حاڵەتەکەیان وەك حاڵەتی ئەو نەتەوەخوازیانەیە کە

بەهەمان سیستەمی عەسەبە نەتەوە دروستدەکەن یان حاڵەتەکەیان وەك حاڵەتی سۆماڵییەکانەو هێزێکی ناخێڵەکین و دەیانەوێت بە کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە بە ناوی نەتەوەوە کۆمەڵگایەکی سیاسی لەکۆمەڵە خێڵێکی بەرایی دروست بکەن و ناوی بنێن نەتەوە؟.

گێلنەر بەبێ ئاگایی لە ئامانجی ئەم بزووتنەوە کوردییانەو ئەو سیستەمەی کە بە شێوەیەکی نائاگایانە پەیڕەوی دەکەن، حاڵەتەکەیان بە حاڵەتی نەتەوەخوازی سوماڵی دەزانێت و پێی وایە ئامانجیان ئەوەیە نەتەوەیەکی خێڵەکی وەك ئەو نەتەوەیە دروستبکەن کە نەتەوەخوازیی سۆماڵی لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکەی خۆیدا بە پشت بەستن بە کەلتورە مەزهەبییەکەی ئیسلام و زمانە ستانداردەکەی دروستیکردووە، ئەو دەڵێت: بۆ نەتەوەیەکی خێڵەکی وەك ئەوەی لە حاڵەتی سوماڵییەکان و کوردەکاندا بەدیدەکرێت شیاوە کە بۆ ماوەیەك لەناوەوە خێڵ بێت و لەدەرەوە نەتەوە بێت[٢٩٥].

لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەڵێت: (سۆماڵییەکان جێی بایەخپێدانن بەوەی کە وەك کوردەکان نموونەیەکن لە ئاوێتەکردنی خێڵێکی کۆن کە لەسەر دروستەیەکی کۆمەڵایەتی دامەزراوە لەگەڵ نەتەوەخوازییەکی نوێی غافڵ کە لەسەر کەلتورێکی هاوبەش دامەزراوە- لەگەڵ ئەوەشدا هەستکردن بە رەچەڵەکی خزمایەتی لەڕووی فەرمییەوە ناپەسەندەو باوەڕپێهێنانی لە رووی واقعییە قەدەغەیە- بەڵام هەر بەهێزو کارایە و بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ناوخۆیی بنەمایەکی یەکلاکەرەوەیە. پێموایە ئەمەش لەگەڵ ئەو تیۆرە گشتییەی ئێمەدا دژ نابێتەوە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە زاڵبوونی ئەو کەلتورە هاوبەشە (نەتەوەییە) خوێندەوارانەیە بەسەر مرۆڤی مۆدێرندا لە داخورانی ئەو دروستە کۆنانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە سەردەمێکدا شوناس و کەرامەت و ئاسایشی مادی پێ بەخشیوە، بەڵام لە ئێستادا ئەم مرۆڤە بۆ بەدەستهێنانی ئەمانە پشت بە خوێندەواری دەبەستێ)[٢٩٦].

گێلنەر لەم دوو پەرەگرافە جیاوازەدا جارێك دەڵێت کوردەکان هەمان حاڵەتی سۆماڵییەکانیان هەیەو جارێکیش بە پێچەوانەوە دەڵێت سۆماڵییەکان هەمان حاڵەتی کوردیان هەیە، بەڵام بۆ چوونەکەی خۆی لەسەر حاڵەتی سۆماڵییەکان تیۆریزە دەکات نەك حاڵەتی

---

(٢٩٥) بڕوانە : هـ . س : ١٥٠.

(٢٩٦) بڕوانە : هـ . س : ١٦٢.

کورد، ئەوەی لەبارەی کوردەوە دەیڵێت، دەبێت لەوەوە بیزانین کە لەبارەی حاڵەتی سۆماڵییەکانەوە تیۆریزەی کردووە. ئەوەش لە حاڵەتی سۆماڵیەکانەوە تیۆریزەی کردووە ئەوەیە کە نەتەوەخوازیی سۆماڵی وەك نەتەوەخوازیی کوردی ئەوەی دروستی دەکات جۆرێکی تایبەتە لە نەتەوە کە خێڵ ئاوێتە دەکات بەنەتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوەی دروستیدەکات لە ناوەوە خێڵ بێت و پەیڕەوی لە یاساکانی خێڵ بکات و لە دەرەوە نەتەوەبێت و پەیڕەوەی لە یاساکانی نەتەوە دروستکراوەکان بکات. بەپێی ئەم بۆچوونە ئەم حاڵەتەش حاڵەتێکی کاتییەوە نەتەوەخوازی سۆماڵی بە هۆی ئەوەوە کە خاوەنی کەلتورێکی پیشەیی و باڵاو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیەتی دەتوانێت ئەو نەتەوە خێڵەکییە پەرەپێبدات و لەداهاتوودا بیکات بە نەتەوەیەکی دروستکراوی وەك ئەو نەتەوانەی کە نەتەوەخوازییە سەرکەوتووەکانی جیهان لەناو دەوڵەت مۆدێرنەکانی خۆیاندا دروستیان کردووە[٢٩٧].

ئێمە پێشتر باسمان لەوە کرد کە حاڵەتی کورد لە حاڵەتی ئەو رویتانیانە جیاوازە کە وەك خێڵێکی تواوە لەناو عەسەبە میغالۆمانییەکەدا دەتوێنەوەو بەشێك لە جەستەی کەلتوری و سیاسی و زمانی ئەو عەسەبە مۆدێرنە پێکدەهێنن کە نەتەوەخوازی میغالۆمانی لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکەی میغالۆمانیادا بەناوی نەتەوەوە دروستی دەکات. بۆ روونکردنەوەی ئەمەش نەتەوەخوازی تورکی و فارسیمان وەرگرتوو لە رێگەیانەوە باسمان لە نەتەوەخوازی ئازەری و چەرکەسی کرد کە چۆن لە ناو نەتەوەخوازی فارسی و تورکیدا دەتوێنەوەوە دەبنە بەشێك لە جەستەی ئەو عەسبە نوێیەی کە نەتەوەخوازی فارسی و نەتەوەخوازی تورکی لەناو دەوڵەتی ئێران ودەوڵەتی تورکیادا دروستی دەکەن، لەم حاڵەتەشدا ئازەری و چەرکەسەکان حاڵەتی ئەو رویتانییانەیان دەبێت کە دەچنە ناو پێکهاتەی ئەو نەتەوەیەوە کە نەتەوەخوازیی میغالۆمانییەکان دروستی دەکەن.

ئێمە باسمان لەوەش کرد کە حاڵەتی کورد لە حاڵەتەکەی تری رویتانییەکان جیاوازە، واتە ئەو حاڵەتەی کە نەتەوەخوازیی رویتانی خۆی جیادەکاتەوە لە نەتەوەخوازی میغالۆمانی و لەناو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیدا عەسەبەیەکی مۆدێرن بەناوی نەتەوەی رویتانی دروست دەکات، بۆ روونکردنەوەی ئەمەش باسمان لە نەتەوەخوازیی یۆنانی کرد کە چۆن خۆی لە

(٢٩٧) بڕوانە : هـ . س : ١٦٢-١٦٣.

نەتەوەخوازیی تورکی جیا دەکاتەوەو لەناو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیدا عەسەبە مۆدێرنەکەی خۆی بە ناوی نەتەوەوە دروستدەکات.

ئەوەی ماوە گفتوگۆی لەبارەوە بکەین ئەو بۆچوونەی گێلنەرە کە کورد و سۆماڵییەکانی تێدا دەکاتەوە بەیەك و دەیەوێت بەبێ هیچ بەڵگەیەك ساغی بکاتەوە کە کوردەکانیش وەك سۆماڵییەکان ئەوەی کە دروستیانکردووە نەتەوەیەکی خێڵەکییەو لە ناوەوە پەیڕەوی لە یاساکانی خێڵ دەکات و لەدەرەوە پەیڕەوەی لە یاساکانی نەتەوە دەکات. ئایا حاڵەتی کوردو بزووتنەوە کوردییە مۆدێرنەکان هەمان حاڵەتی سۆماڵییەکان و نەتەوەخوازییەکەیانە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەبێت لێرەدا وەڵامی بدەینەوە.

بەر لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە دەبێ ئەوە روونبکەینەوە کە مەبەستی گێلنەر لەوە چییە کە دەڵێت کورد و سۆماڵییەکان هەریەکەیان نەتەوەیەکی خێڵەکییان دروستکردووە، کە لەناوەوە خێڵەکییەو لە دەرەوە نەتەوەییە؟ بە پێی ئەوەی کە گێلنەر لە بارەی سۆماڵییەکانەوە وتوویەتی مەبەستی لە خێڵ و یاسا خێڵەکییەکان ئەوە نییە کە خێڵێکی بەرایی لەناو خۆیدا پەیڕەوی دەکات، چوونکە ئەو سیستەمەی کەخێڵ لەناوخۆیدا پەیڕەوی دەکات داوای یەك شوناسی و یەك زمانی و یەك کەلتوری دەکات، بەڵام ئەوەی کە گێلنەر بە سیستەمی خێڵەکی ناوی دەبات ئەو سیستەمەیە کە داوای فرەشوناسی و فرەزمانی و فرەکەلتوری دەکات.

لای گێلنەر کێشەی نەتەوەخوازیی سۆماڵی لەوەدایە کە لە رێگەی کەلتورە پیشەییەکەوە نەیتوانیوە شوناس و زمان و کەلتوری خێڵەکانی ناو دەوڵەتی سۆماڵی بکاتەوە بەیەك، هەرخێڵێك لەو خێڵانە شوناس و کەلتورو زمانی خۆی هەیەو لە لایەکەوە جیاوازە لە شوناس و کەلتورو زمانی گروپی نەتەوەخوازەکان، لە لایەکی ترەوە جیاوازە لە شوناس و زمان وکەلتوری خێڵەکانی تر. مەبەستی گێلنەر لە خێڵەکیبوونی ئەم کۆمەڵگایە بوونی ئەم فرەکەلتورییەی نێوان خێڵەکانە. کەواتە ئەوەی لە ناو نەتەوە دروستکراوەکەی سۆماڵییەکاندا خێڵەکییە ئەوەیە کە خێلەکانی ناو ئەم نەتەوە دروستکراوە فرەشوناس و فرەکەلتورو فرەزمانن، لێرادا خێڵەکیبوون مانای فرەشوناسی دەگەیێنێ.

لای گێلنەر کۆمەڵگای سۆماڵیی لەناوەوە خێڵەکییە چوونکە کۆمەڵگایەکە خێڵەکانی ناوی پەیرەوی لە فرەشوناسی دەکەن نەك یەکشوناسی، کاتێکیش کە گێلنەر دەڵێت ئەم

کۆمەڵگایە لەدەرەوە نەتەوەییە، لەوێوە دەڵێت کە نەتەوەخوازی سۆماڵی لەناوخۆیدا وەك خێڵەکان پەیڕەوی لە فرەشوناسی ناکات بەڵکو پەیڕەوی لە یەکشوناسی دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کۆمەڵگای سۆماڵی لەدەرەوە نەتەوەییە بەوەی کە پەیڕەوی لە یەکشوناسی دەکات، کەواتە پەیڕەوی کردن لە یەك شوناسی لای گێلنەر مانای نەتەوەیبوونە و پەیڕەوی کردن لە فرەشوناسی مانای خێڵەکیبوونە.

بەبۆچوونی گێلنەر ئەوەی نەتەوەخوازی سۆماڵی و بزوتنەوە کوردییەکان دروستیدەکەن لەناوەوە خێڵەکییە، چوونکە خێڵەکانی ناوی پەیڕەوی لە فرەشوناسی دەکەن، لە دەرەوەش نەتەوەییە چونکە نەتەوەخوازییەکەی دەیەوێت پەیڕەوی لە یەکشوناسی بکەن. ئێمە لەرێگەی چەمکی فرەشوناسی و یەکشوناسییەوە دەتوانین بە وردی لەوە تێبگەین کە گێلنەر لە رێگەی سۆماڵیەکانەوە لە بارەی کوردەوە دەیلێت.

ئەوەی گێلنەری بە هەڵەدا بردووە و وای کردووە حاڵەتی کوردەکان بە هەمان حاڵەتی سۆماڵییەکان بزانێت ئەو فرەشوناسی و فرەزمانی و فرەکەلتوریەیە کە کوردەکان لە ناو خۆیاندا هەر لەمیدییەکانەوە تا ئێستا پەیڕەویان کردووە. لەراستیدا گێلنەرو ئەو لێکۆڵەرانەی کە بەپێی تیۆرە مۆدێرنەکەی نەتەوەخوازی ئەو سیستەمە لێکدەدەنەوە کە نەتەوەخوازییەکانی جیهان نەتەوەکانیان پێدروست کردووە، بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری ئەو سیستەمە نین کە بزووتنەوە کوردیە مۆدێرنەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە پەیڕەوییان کردووە و بووەتە هۆی ئەوەی فرەشوناسی و فرەکەلتوری و فرەزمانی ببێتە دیارترین و گرنگترین خاسیەتی جیاکەرەوەی ئەم بزووتنەوانە لەهەموو بزووتەنەوە نەتەوەخوازییەکانی جیهان بە نەتەوەخوازیی سۆماڵیشەوە.

بێ ئاگای گێلنەرو مەرجەعەکانی تری تیۆرە مۆدێرنەکەو ئەو لێکۆڵەرانەش کە بە پشت بەستن بەم مەرجەعانە باس لە نەتەوەکان دەکەن، هەر لەوەدا دەردەکەوێت کە تیۆرە عەقڵییەکەی نەتەوە کە تیۆری فەیلەسوفانی ئەڵمانە، تێکەڵدەکەن لەگەڵ تیۆرە پریمۆردیاڵە سروشتییەکەی بیرمەندە فەرنسییەکاندا، ئەوان بەم کارەیان ئەوە دەسەلمێنن کە بێئاگان لەو سیستەمە عەقڵییەی کە فەیلەسوفانی ئەڵمان بە سیستەمی پەیدابوونی نەتەوەکانی دەزانن.

بەبێ ئاگادار بوون لەو سیستەمەی کە فەیلەسوفانی ئەڵمان بۆ بوونی نەتەوەکان تیۆریزەی دەکەن، زەحمەتە حاڵەتی کوردو پەیڕەوکردنی لە فرەشوناسی لەگەڵ حاڵەتی سۆماڵییەکان و

هەموو ئەو کۆمەڵگایانەشدا کە هێزێکی ناخێڵەکی لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی دروستی دەکات و لە ناو خێڵەکاندا پەیڕەو لە فرەشوناسی دەکات جیا بکرێتەوە. بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو حاڵەتە جیاوازەی پەیڕەوکردن لە فرەشوناسی دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو جیاکارییەی کە پێشتر ئێمە لە نێوان ئەو سێ کۆمەڵگای جیاوازەدا کردمان کە لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی دروستدەبن، واتە عەسەبە و کۆمەڵگای خێڵەکی هێزە ناخێڵەکییەکان و کۆمەڵگای عەقڵی.

ئەوەی حاڵەتانەی کە گێلنەر پەی پێ بردوون و کردوونی بە نموونە بۆ حاڵەتی نەتەوە دروستکراوەکان، تەنها حاڵەتی عەسەبەیە لەگەڵ حاڵەتی کۆمەڵگای خێڵەکی هێزە ناخێڵەکیەکان. نەتەوەخوازیی رویتانیی لە هەردوو حاڵەتەکەدا پەیڕەوی لە سیستەمی عەسبە دەکات و نەتەوەخوازی سۆماڵیش بە هۆی شکستهێنانی لە دروستکردی عەسەبەدا وادەردەکەوێت پەیڕەوی لە سیستەمی ئەوهێزە ناخێڵەکییە بکات کە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی لە خێڵە بەراییەکان لە  رووی سیساسیەوە بەرێوە دەبات. حاڵەتی کوردیش لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازیدا پەیڕەوی لەم دوو سیستەمە ناکات و پەیڕەوی لە سیستەمێکی تردەکات کە گێلنەر لێی بێئاگایەو ئەو سیستەمەش ئەو سیستەمە عەقڵییەیە کە فەیلەسوفانی ئەڵمان بۆ پەرەسەندنی نەتەوە تیۆریزەیان کردووە. جیاوازی حاڵەتی کورد و حاڵەتی رویتانییەکان جیاوازی نێوان حاڵەتی عەسەبەو حاڵەتی کۆمەڵگای عەقڵییە، بەڵام جیاوازی نێوان حاڵەتی کوردو حاڵەتی شینپێستەکان کە خێڵە سۆماڵییەکان لە واقعدا دەینوێنن، جیاوازی حاڵەتی ئەو کۆمەڵگا خێڵەکیانەیە کە هێزێکی ناخێڵەکی وەك نەتەوەخوازی سۆماڵی دروستی دەکات لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا فرەشوناسەدا کە بزووتنەوە کوردییەکان بەبێ هوشیاری هێناویانەتە ئاراوە.

لەراستیدا ئەوەی کێشە بۆ تیۆرە دروستەییەکەی لێکۆڵەرە مۆدێرنیستەکان دروستکردووە حاڵەتی بزووتنەوە کوردییەکانە نەك حاڵەتی نەتەوەخوازی سۆماڵی، چوونکە حاڵەتی سۆماڵییەکان لەوەوە کێشەیە لەبەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵگای پیشەسازی و ئەو تیۆرەدا کە تیۆریزەی ئەم جۆرە لە کۆمەڵگا دەکات، کە لەگەڵ بوونی نەتەوەخوازیی سۆماڵیداو بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا خێڵە سۆماڵییەکان هەر پەیڕەوی لەو سیستەمەی سەردەمی خەلافەتە ئیسلامیەکان دەکەن کە تیایدا هێزێکی ناخێڵەکی لە رووی سیاسییەوە زاڵ دەبوو بەسەر کۆمەڵە خێڵێکی بەراییدا و لە رووی کەلتوریی و زمانییەوە ئازادی دەکردن و رێگەی بە

هەرخێڵێك لە خێڵەكان دەدا لەسەر كەلتورە خێڵەكییەكەی خۆی و زمانەكەی خۆی بمێنێتەوەو پارێزگاری لە جیاوازییەكانی خۆی لە بەرامبەر خێڵەكانی تردا بكات، لە كاتێكدا لەگەڵ بوونی دەوڵەت و بوونی نەتەوەخوازیدا دەبێت دیوارە كەلتوری و زمانییەكانی نێوان خێڵەكان نەمێنن و ئەندامانی هەموو خێڵەكان بەبێ جیاوازیی ببن بە ئەندامی ناو ئەو گروپە خوێندەوارەی كە لەناو دەوڵەتەكەدا فەرمانڕەوایەتی دەكەن و لەهەمانكاتدا رابەرایەتی نەتەوەخوازی دەوڵەتەكەشی دەكەن. ئەو كێشەیەی كە خێڵە سۆمالییەكان بۆ پەرەسەندنی كۆمەڵگا پیشەسازییەكە دروستی دەكەن، مانەوەی خێڵە سۆماڵیەكانە لەسەر هەمان ئەو حاڵەتەی كە لە كۆمەڵگا كشتوكاڵییەكەدا لەسەری بوون، ئەم حاڵەتەش دەكرێت بەو رێگایە چارەسەر بكرێت كە گێلنەر باسی دەكات.

كوردەكان وەك سۆماڵییەكان نە دەوڵەتیان هەیەو نە وەك ئەوان و زۆربەی نەتەوەخوازیەكانی جیهانی ئیسلامی سودیان لە ئیسلامی مەزهەبی وەرگرتووە بۆ یەكخستنی جیاوازییە ناوەكییەكانی خۆیان. كورد وەك سۆماڵییەكان نییە چوونكە دەوڵەتی نییە بەوەش كە دەوڵەتی نییە ناتوانین بزووتنەوە كوردییەكان وەك بزووتەنەوەی نەتەوەخوازیی سۆماڵی بە بزووتنەوەی نەتەوەخوازی بزانین.

گەر كورد بەپێی بۆچوونەكەی گێلنەر وەك سۆماڵییەكان بەربەستی كەلتوری لەبەردەم نەتەوەخوازییەكەیدا هەبێت و ئیسلامی مەزهەبیش دەرمانی ئەم دەردە بێت، ئەوە بزووتنەوە كوردییەكانیش سودیان لەو دەرمانە وەردەگرت و كێشەی فرەزمانی و فرەكەلتوری ناو كۆمەڵگا كوردییەكەیان وەك سۆماڵییەكان لە ئاستە باڵاكەیاندا پێ چارەسەردەكرد. بەڵام ئەم بزووتنەوانە لەبری ئەوەی سود لە ئیسلامی مەزهەبی وەرگرن و یەكبوونی كەلتوری پێ دروستبكەن، سود لە ئیسلامی تەریقەت وەردەگرن و فرەكەلتوری پێ دەهێننە ئاراوە، ئەمەش نەك سود وەرگرتنە لە دەرمانەكەی گێلنەر بەڵكو سود وەرگرتنە لەو دەردەی كەئەو دەرمانە چارەسەری دەكات.

جگە لەمەش ئەو فرەزمانی و فرەكەلتورییەی كە لەناو ئەو بزووتنەوانەدا هەیە وەك فرەزمانی و فرەكەلتوری خێڵە بەراییەكانی سۆماڵ، فرەزمانیی كۆمەڵە زمانێكی سروشتی و فرەكەلتوری كۆمەڵە كەلتورێكی خێڵەكی نییە، بەڵكو فرەزمانی كۆمەڵە زمانێكی ئەدەبی و باڵایە لەگەڵ فرەكەلتوری كۆمەڵە كەلتورێكی ئەدەبی و ئاینیی نوسراو  كە هەریەكەیان لە

ئاستی ئەو کەلتورە باڵا تورکی و فارسیەدایە کە ئەدەبیاتی ئەو دوو میللەتەی پێ نوسراوەتەوە. واتە کوردەکان وەك سۆماڵییەکان کەلتورەکەیان کەلتورێکی زارەکی نییە تا پێویستیان بە زمانێکی مەزهەبی وەك زمانی عەربی بێت بیکەن بەزمانی کەلتورە پیشەییەکە، هەر بزووتنەوەیەك لەو بزووتنەوانە خاوەنی زمانێکی ئەدەبی باڵاو کەلتورێکی ناوچەیی باڵایەو هەوڵیداوە زمانەکەی بکات بەزمانی کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە.

بزووتنەوە کوردییەکان وەك نەتەوەخوازیی سوماڵی میراتگری دام و دەزگاو کەلتور و زمانی ئەو هێزە کۆلۆنیالیستییە نەبوون کە خێڵە سۆماڵییەکان لە بەرامبەریدا کۆیلایەتییەکی هاوبەش کۆی کردبوونەوە، بە پێچەوانەوە ئەم بزووتنەوانە بەرهەمی رووبەررو بوونەوەن بەرامبەر هەر هێزێك ویستبێتی کوردەکان بکاتە کۆیلە.

ئەم بزووتنەوانە بە هەموو ئەو ناهوشیاریەشەوە کە بەرامبەر بە ماهییەتی خۆیان هەیانە، ئەوەی کە ماهیەتەکەیان پێکدەهێنێ ئازادییە نەك کۆیلایەتی. ئەم بزووتنەوانە نە لەنێوان خۆیاندا کۆیلایەتیکردن بۆ یەکتری قبووڵ دەکەن نە کۆیلایەتیکردن بۆ هێزێکی بێگانەش قبووڵ دەکەن.

خێڵ و ئەتنیکە کوردییەکان نەك وەك سۆماڵییەکان قبووڵی ئەوەیان نەکردووە کە هێزێکی ناخێڵێکی لە بەرامبەر خۆیاندا بیانکات بە کۆیلە، بەڵکو باشترین نموونەی بەرگریکردنن لەوەی هەر هێزێك خێڵەکی بێت یان ناخێڵەکی بێگانە بێت یان خۆمانە لە بەرامبەر سەرداریەتی خۆیدا بیانکات بە کۆیلە.

کوردەکان باشترین نموونەن لە مێژوودا نەچوونەتە ناو ئەو پەیمانەوە کە لە نێوان سەردارو کۆیلەدا دەبەسترێت. هەر ئەم حاڵەتەیە وای لە کورد کردووە لە سەردەمی خەلافەتەکاندا ببێت بە حاڵەتێکی ناوازەو لە یاسابەدەری ئەو سیستەمەی کە ئیبن خەلدوون وەك سیستەمی دروسبوونی عەسەبەکانی ناو خەلافەتی ئیسلامی تیۆریزەی دەکات و لەسەردەمە مۆدێرنەکەشدا بەهەمان شێوە ببێت بە حاڵەتی ناوازەو لەیاسابەدەری ئەو سیستەمەی کە گێلنەر وەك سیستەمی دروستبوونی نەتەوەکان تیۆریزەی دەکات.

ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە کە عەسەبە لەسەردەمی خەلافەتەکان و نەتەوە لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا بە هەمان سیستەم دروستدەکرێن، بەڵام بە دوو کەلتوری جیاواز. لەهەمان کاتدا ئەمە ئەوەش روونەدەکاتەوە کە حاڵەتی کورد لە هەردوو سەردەمەکەدا لە دەرەوەی ئەو دوو

سیستەمە دایەو لەناو ئەو دوو جیهانەدا پەیڕەوی لە سیستەمێکی تردەکات کە سیستەمی عەسەبە نییە.

حاڵەتی کورد لە هەردوو سەردەمەکەدا لەوەدا ناوازەو لە یاسا بەدەر نییە کە بۆ بوونی پەیڕەوی لە یاساکانی سیستەمێك نەکردووە، بەڵکوو لەوەدا ناوازەو لە یاسابەدەرە کە پەیڕەوی لە یاساکانی دروستبوونی عەسەبەکان و ئەو عەسەبە مۆدێرنانە نەکردووە کە ناونراون نەتەوە. کورد لە مێژووی عەسەبەکانی ناو خەلافەتەکان و میژووی نەتەوەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا حاڵەتێکی لە یاسا بەدەری ئەو سیستەمەنییە کە خۆی پەیڕەوی کردووە، بەڵکوو بەرجەستەکەری یاساکانی ئەو سیستەمەیە کە جیاوازە لە سیستەمی درووستبوونی عەسەبە مۆدێرن و پریمۆدێرنەکان.

ئەو سیستەمەش کە کورد لە مێژوودا پەیڕەوی کردووە ئەو سیستەمەیە کە بەرهەمهێنەری جیاوازییە زمانی و کەلتورییەکانە لەو یەکبوونە عەقڵییەی کە لەناو جیاوزییە زمانی و کەلتورییەکاندا بەشێوەیەکی پەتی هەیە، ئەم سیستەمەش یاساکانی تەواو پێچەوانەی ئەو سیستەمەن کە عەسەبەو نەتەوەخوازی پەیڕەوی لێدەکەن و بەرهەمهێنەری یەکبوونێکی سروشتییە لەو جیاوازییە کەلتوری و زمانییانەی کە بەشێوەیەکی واقعی هەن.

بەپێی نەخشەکەی گێلنەر نەتەوەخوازییەکانی جیهان شێوەی جیاجیای دوو نەتەوەخوازیی ئایدیاڵیی جیاوازن، یەکەمیان ئەو نەتەوەخوازییە ئایدیاڵییەیە کە بەسەر بەربەستی زمانیدا زاڵ دەبێت و نەتەوەکەی دروستدەکات، دووەمیان ئەو نەتەوەخوازییە ئایدیاڵییەیە کە بەسەر بەربەستی کەلتورە میللییە نزمەکاندا زاڵ دەبێت و نەتەوەخوازییەکەی دروست دەکات.

ئەو نەتەوەخوازییە ئایدیاڵییەی کە لەسەرتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازیدا زۆرێك لە نەتەوەخوازییەکانی جیهان پەیڕەوی دەکەن، لەو جۆرەیە لە نەتەوەخوازیی کە رویتانییەکان دەتوانن بەدوو رێگاری جیاواز پەیڕەوی بکەن. ئەو نەتەوەخوازییە ئایدیاڵییەش کە زۆرێك لە نەتەوەخوازییەکان لە قۆناغی پێگەیشتنی کۆمەڵگای پیشەسازیدا پەیڕەوی دەکەن، ئەویش بە دوو رێگا پەیڕەو دەکرێت، رێگایەکیان ئەوەیە کە جەزائیرییەکان لە دوای کشانەوەی ئەو هێزە کۆڵەنیالیستەی کە کۆمەڵگا کشتوکاڵییە خێڵەکییەکەی جەزائر بەروە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی دەبات، پەیڕەوی لێدەکەن، پەیڕەوکردنەکەشی بەوە دەبێت کە نەتەوەخوازیی جەزائیری سود لە ئیسلامی مەزهەبی و زمانی عەرەبی وەر بگرێت و لەڕێگەیەوە سەرکەوێت

بەسەر ئەو کەلتورە خێڵەکییە ئاینیانەدا کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم ئەوەدا نەتەوەخوازیی جەزائیری لە دوای ئازادبوونی لە دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستی فەرەنسی نەتەوەکەی خۆی لە ناو دەوڵەتەکەیدا دروست بکات. ڕێگاکەی تریشیان ئەوەیە کە سۆماڵییەکان دەیگرنە بەرو سود لە کەلتورە ئیسلامییە مەزهەبییەکەو زمانی عەرەبی وەردەگرن دەیخەنە شوێنی زمان و کەلتوری ئەو هیزە کۆلۆنیالیستەی کە فەرمانڕەوایەتی سۆماڵییەکانی کردووە، بەڵام بەم کارەی ناتوانێت وەك نەتەوەخوازیی جەزائیری بەکەلتورە مەزهەبییەکەو زمانە عەرەبییەکەی زاڵ بێت بەسەر کەلتورە ئاینییە میللیەکانی ناو خێڵەکان و زمانە سروشتییەکانیاندا. دەکرێت حاڵەتی یەکەم بە نەتەوەخوازیی دوای ئیمپراتۆریەتەکان ناوی بەرین و دووەم بەنەتەوەخوازی دوای کۆلۆنیالیزم ناوی بەرین.

لەڕاستیدا نەتەوەخوازی پاش ئیمپراتوریەتەکان لەگەڵ نەتەوەخوازی پاش کۆلۆنیالیزم جیاوازییەکی رواڵەتی لە نێوانیاندا هەیەو ئەمەش وادەکات کە دابەشکردنەکەی گێلنەر تەنها توانای ئەوەی هەبێت بە شێوەیەکی رواڵەتی نەتەوەخوازییەکان لەیەکتر جیابکاتەوە، گەر بمانەوێت نەتەوەخوازییەکانی جیهان لەشێوە ئایدیاڵییەکەیاندا پیشان بدەین، ئەوە دەگەینە یەك نەتەوەخوازیی ئایدیاڵی، ئەو نەتەوەخوازییە ئایدیاڵییەشە بەهەمان سیستەمی عەسەبە کاردەکات و نەتەوەکەی دروستدەکات، ئەوەی جیاوازی نێوان نەتەوەخوازییەکانی جیهان دروستدەکات جیاوازی رادەی بەرجەستە کردنی ئەو نەتەوەخوازییە ئایدیاڵییەیە.

بەبێ تێگەیشتن لە عەسەبە زەحمەتە لەو نەتەوەیە تێبگەین کە نەتەوەخوازی دروستی دەکات، بەبێ تێگەیشتن لەو هێزە ناخێڵەکیەش کە کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی دروستدەکات زەحمەت لەو خێڵانە تێبگەین کە نەیانتوانیوە ببن بەعەسەبە یان بچنە ناو پیکهاتەی عەسەبەیەکەوە.

ئەو دوو حاڵەتەی کە گێلنەر باسی دەکات دوورێگای جیاوازن بۆ دروستبوونی عەسەبەیەك لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی. بوونی هێزێکی ناخێڵەکی و کۆکردنەوەی کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی لە سنوری فەرمانڕەوایی سیاسی خۆیدا ئەوە دەگەیێنێ ئەو خێڵانە نە توانای ئەوەیان هەبووە خۆیان ببن بە عەسەبەو نەتوانای ئەوەیان هەبووە لە ناو عەسەبەیەکدا بتوێنەوە. ئەو دوو حاڵەتەی نەتەوەخوازیی هەردوکیان یەکن و ئەوەی لەنێوانیاندا جیاوازە تەنها ئەوەیە کە یەکەمیان لەئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵییەوە دێتە ئاراوەوەو نەتەوەکەی

خۆی دروست دەکات، دووەمیان لە ئەنجامی پاشەکشێ کردنی هێزێکی کۆلۆنیالیستی مۆدێرنەوە دێتە ئاراوەو نەتەوەکەی خۆی دروستدەکات.

بۆ حاڵەتی یەکەم دەتوانین نموونەی نەتەوەخوازی فارسی و تورکی بهێنینەوە کە لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دروستبوون، بۆ دووەمیان دەتوانیین هەموو ئەو نەتەوەخوازیانە بە نموونە بێنینەوە کە لەدوای کشانەوەی هێزە کۆلۆنیالیستییەکان دروستبوون، وەك جەزائیرو سۆماڵ. ئەم نەتەوەخوازیانە لەوەدا یەکن کە بەوە نەتەوە دروستدەکەن کە خێڵەکان و ئەتنیکەکانی ناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکەی خۆیان تەماهی پێ بکەن لەگەڵ ئەو گروپە خوێنەوارە نوێیەدا کە نەتەوەخوازی رابەرایەتیان دەکات.

ئەوەی ئایدیاڵی نەتەوەخوازی دەیخوازێت ئەوە نییە کە نەتەوەخوازی بە زمانێکی بێگانەو کەلتورێکی بێگانە نەتەوەکەی دروستدەکات یان بە زمان و کەلتوری مەزهەبێکی ئاینی دروستی دەکات یان بە زمان و کەلتوری ئەتنیکێك لە ئەتنیکەکانی ناو سنوری دەوڵەتەکەی خۆی دروستی دەکات.

ئەوەی ئایدیاڵی نەتەوەخوازی داوای دەکات ئەوەیە کە لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکەیدا دەبێت چینی خوێندەوار بە کەلتورە پیشەییەکەی خۆی و ئەو زمانەی کە کردوویەتی بە زمانی ئەو کەلتورە، جەستەی کەلتوری و زمانی خێڵ و ئەتنیکە جیاوازەکان هەڵوەشێنێتەوەو لەگەڵ جەستە کەلتوری و زمانییەکەی خۆیدا تەماهی پێبکات و عەسەبە کەلتورییەکەی خۆی دروست بکات. ئەمەش هیچ جیاوازییەکی ئەنتۆلۆجی و دروستەیی لەگەڵ ئەو خێڵەدا نییە کە دەبێت بە عەسەبەو لە سنوری ئەو دەسەڵاتە سیاسییەیدا کە هێزی زاڵیەتییەکی بۆی دیاریکردووە جەستەی خێڵە جیاوازەکان لەگەڵ جەستەی خێڵەکەی خۆیدا تەماهی پێدەکات و عەسەبەکەی دروستدەکات.

نەتەوەخوازی سۆماڵی کە گێلنەر حاڵەتەکەی بەهەمان حاڵەتی بزووتنەوە کوردییەکان لە قەڵەم دەدات بە هەمان شێوەی نەتەوەخوازییەکانی جیهان پەیڕەوی لە سیستەمی دروستکردنی عەسەبە دەکات وهەوڵدات بگات بە شێوەگیرکردنی هەمان ئەو ئایدیاڵەی کە نەتەوەخوازی داوای بەرجەستەکردنی دەکات، بەڵام بە هۆی شکستهێنانی لە شێوەگیرکردنی ئەو ئایدیاڵە دەبێت بەحاڵەتێکی ناوازە، واتە نەتەوەخوازی سۆماڵی گوزارشت لە شکستی نەتەوەخوازی دەکات لە ناو دەوڵەتی سۆماڵیداو مانەوەی خێڵەکان لەجیاوازیدا بەرهەمی شکستی

نەتەوەخوازی سۆماڵییە لە سەپاندنی کەلتورە پیشەییەکەداو شتێك نییە کە لەنەتەوەخوازی سۆماڵی کەوتبێتەوە. گەر بوونی ئەم جیاوازیانە دەرئەنجامی شکستی ئەم نەتەوەخوازییە نەبن و بەرهەمێکی ئیجابی ئەم نەتەوەخوازییە بن، ئەوە ناکرێت بە نەتەوەخوای ناو ببرێت، چوونکە نەتەوەخوازی بەوە نەتەوەخوازییە کە لە سنوری سیاسی دەوڵەتەکەی خۆیدا شوناس و یەکبوون بەرهەم بهێنێ نەك فرەیی و جیاوازی.

ئەوەی بزوتنەوە کوردییەکان لە نەتەوەخوازییە شکستخواردووەکەی سۆماڵ و هەموو نەتەوەخوازییەکانی جیهان جیادەکاتەوە ئەوەیە بە پێچەوانەی ئەوەوە کار دەکەن کە نەتەوەخوازی داوای دەکات.

ئەم بزووتنەوانە لەبری ئەوەی وەك نەتەوەخوازی لەناو خۆیان و لەنێوان خۆیاندا یەکبوونی کەلتوری و زمانی بەرهەم بهێنن، جیاوازی کەلتوری و زمانی بەرهەم دەهێنن و پەیڕەوی لە یەکبوونی کەلتوری و زمانی ناکەن و هەر هەوڵێکیش بۆ ئەو یەکبوونە درابێت لەبری ئەوەی یەکبوونی بەرهەم هێنابێت، جیاوازییەکانی تۆختر کردووەتەوە. گەر ماهییەتی نەتەوەخوازی یەکبوون بێت، ماهییەتی هەر بزووتنەوەیەك لە بزووتنەوە کوردییە سەرکەوتووەکان جیاوازیی و فرەییە. هیچ بزووتنەوەیەك لەو بزووتنەوە مۆدێرنانەی کە لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەوە تائێستا هەن نەیتوانیوە بمێنێتەوە گەر هەوڵی ئەوەی دابێت وەك نەتەوەخوازی زمان و کەلتورە جیاوازەکان بکاتەوە بەیەك، ئەو بزووتنەوانەش لە هەموویان سەرکەوتووتر بوون کە لەناو خۆیاندا توانیویانە جیاوازییەکان بەرهەم بهێننەوەو پەرەیان پێ بدەن. ناکرێت بزووتنەوە کوردییەکان بە بزوتنەوەی نەتەوەخواز بزانرێن و بخرێنە ریزی هیچ نەتەوەخوازییەك لە نەتەوەخوازییە سەرکەوتوو و شکست خواردووەکانی جیهان، بزووتنەوە کوردییەکان نەتەوەخواز نین لەبەر یەك هۆی بچوك ئەویش ئەوەیە لە بری ئەوەی پەرە بەیەکبوونی کەلتوری و زمانی بدەن بەبێ هیچ مەترسییەك پەرە بە جیاوازی کەلتوری و زمانی دەدەن. بزووتنەوە کوردییەکان بە ئاراستەی هەڵوەشاندنەوەی ئەوە کاردەکەن کە نەتەوەخوازی وەك عەسەبەیەکی مۆدێرن دروستی دەکات، واتە دژی ئەو نەتەوەیەن کە نەتەوەخوازی بەسەپاندنی یەکزمانی و یەککەلتوری بەسەر فرەزمانی و فرەکەلتوریدا دروستی دەکات. بزووتنەوە کوردییەکان نەك بزووتنەوەی نەتەوەخوازنین بەڵکو تاکە بەربەستێکی گەورەن لەبەردەم ئەوەدا کە نەتەوەخوازی بەناوی نەتەوەوە لە ناوخۆیان و لە دەرەوەی خۆیاندا دروستی دەکات.

**بەشی پێنجەم:**

# بوونی نەتەوەیی کورد لە نێوان کوردبوون و نەتەوەخوازیدا

## ١/٥) بزوتنەوە کوردییەکان و نەتەوەخوازی

ئایا ئەو بزووتنەوە کوردییانەی کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کەلتورە مۆدێرنەکەو بڵاوبوونەوەی کۆمەڵگای پیشەسازی سەرهەڵدەدەن وەك بزووتنەوەکانی تری ناوچەکە دەتوانین بە نەتەوەخوازی ناویان بەرین؟ ئایا شتێکمان بەناوی نەتەوەخوازیی کوردییەوە هەیە؟ ئایا ئەم بزووتنەوانە وەك بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانی جیهان هەڵگری هەمان ئەو ئامانجەن کە نەتەوەخوازی لە رێگەی سەراپاگیرکردنی کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکەوە دەیەوێت وەدی بهێنێ؟ ئایا ئەم بزووتنەوانە وەك نەتەوەخوازی ئامانجیان دروستکردنی نەتەوەیە لە رێگەی سەپاندنی کەلتورە مۆدێرنەکەوە بەیەك زمان و یەك چۆنییەتی؟ ئایا گەر ئەم بزووتنەوانە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوونایە بە سەراپاگیرکردنی یەك کەلتورو یەك زمان نەتەوەیان لەسنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا دروستدەکرد، یان کەلتورە مۆدێرنەکەش لەناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا دەبوویە کەلتورێکی فرەزمان و نەتەوە دروست نەدەبوو؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە هەموویان لە دەوری یەك تەوەردا کۆبوونەتەوە ئەویش ئەو کێشەیە کە لەنێوان بزووتنەوە مۆدێرنە کوردییەکان و نەتەوەخوازیدا هەیەو ئەو کێشەیە شێوەگیر دەکات کە لەکۆنەوە لەلایەن لێکۆڵەرانی بواری کوردناسی ناو نراوە کێشەی کورد.

بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە دیاری بکرێت پێویستە سەرتا کێشەی نێوان بزووتنەوە کوردییە مۆدێرنەکان کە بەهەڵە ناو نراون نەتەوەخوازی لەگەڵ نەتەوەخوازیدا باسبکرێت و ئەوە روون بکرێتەوە کە جیاوازی چییە لەنێوان ئەو بیرەی کە ئەم بزووتنەوانە لەپێناو شێوەگیرکردنی لەناو کۆمەڵگادا هەن، لەگەڵ ئەو بیرەی کە نەتەوەخوازی لەپێناویدا هەیە. دەبێت لەهەمان کاتدا ئەو جیاوازییە بدۆزینەوە کە لەنێوان ئەو ئامانجەدا هەیە کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوانە لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە نەتەوەخوازی هەیەتی.

دوای ئەوەی توانیمان جیاوازی لەنێوان بیرو ئامانجی ئەم بزووتنەوانەو نەتەوەخوازیدا بکەین، ئەو کات دەتوانین جارێکی تر بەو کێشانەدا بچینەوە کە لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی بە کێشەیان دەزانن لە بەردەم ئەوەدا کە ئەم بزووتنەوانە لەگەڵ ئەو تواناو چالاکییەشدا هەیانە بەدرێژای سەدەیەك زیاتر وەك بزووتنەوەکانی تری نەتەوەخوازی نەیانتوانیوە نەتەوە دروست بکەن، یان بە زمانی ئەو لێکۆڵەرانە لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەدا وەك نەتەوەخوازیە راستەقینەکان سەرکەوتوو نەبوون و شکستیان هێناوە.

کێشەی ئەم لێکۆڵەرانە بە کوردو بێگانەوە ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوانە لەبەرئەوەی شێوەی بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانیان گرتووەو بەبێ لێکۆڵینەوە وەك نەتەوەخوازی مامەڵەیان لەگەڵ کردوون و نەیانتوانیوە سەرەتا ئەو ساغ بکەنەوەو بە بەڵگەوە بیسەلمێنن کە ئەم بزووتنەوانە لەراستیدا وەك هەموو بزووتنەوەکانی تری ئەو سەردەمە بزووتنەوەی نەتەوەخوازن یان جۆرێکی ترن لە بزووتنەوە کە خاوەنی بیرو ئامانجی تایبەتی خۆیانن.

ئەم لێکۆڵەرانە هەر لەسەرەتاوە ئەوەیان بە بەڵگە نەویست زانیوە کە بزووتنەوە کوردییەکان وەك هەموو بزووتنەوەکانی تر نەتەوەخوازن و هەڵگری هەمان بیرو هەمان ئامانجی نەتەوەخوازین، بۆیە دەبێت لە چوارچێوەی نەتەوەخوازیدا لێیان بکۆڵرێتەوە.

لەڕاستیدا زانینی ئەوە بە بەڵگە نەویست کە ئەم بزووتنەوانە بزووتنەوەی نەتەوەخوازن و پرسیار نەکردن لەوەی کە ئەم بزووتنەوانە نەتەوەخوازن یان نەتەوەخواز نین، بووەتە هۆی ئەوەی ئەو لێکۆڵەرانە لەکارەکانی خۆیاندا نەگەن بە دەرئەنجامێکی زانستی و باوەڕپێکراو.

ئەو لێکۆڵەرانە شکستی ئەم بزووتنەوانە دەگەڕێننەوە بۆ کۆمەڵە هۆیەك، گەر ئەم بزووتنەوانە نەتەوەخوازبن تا رادەیەك ئەو هۆکارانە دروست دەر دەچن، بەڵام کاتێك ئەم بزووتنەوانە هەڵگری هەمان ئامانج و هەمان بیری نەتەوەخوازی نەبن ئەوەی ئەوان بە هۆکاری شکستی ئەم بزووتنەوانەیان زانیوە دەبێت هۆکار بۆ سەرکەتنی ئەم بزووتنەوانە.

بۆ نموونە ئەو فرەزمانی وفرەکەلتورییەی کە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوانەدا لە زمان وکەلتورە مۆدێرنەکەدا دێتە ئاراوە، گەر ئەم بزووتنەوانە بزووتنەوەی نەتەوەخوازبن ئەمە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوان هەر لەسەرتاوە توشی شکست هاتوون، چونکە نەیانتوانیووە رێگە لەوە بگرن فرەزمانی لە کەلتورە ئەدەبییە باڵاکانی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکانیانەوە بگوازرێتەوە بۆ کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە، یان بە مانایەکی تر ئەم بزووتنەوانە وەك بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازی راستەقینە لەوەدا سەرکەوتوو نەبووە کە زمانی یەکێك لە ئەدەبیاتە باڵا جیاوازانەی کۆمەڵگای کوردی سەردەمی خەلافەتەکان وەرگرێت و بیکات بەتاکە زمانێك بۆ کەلتورە مۆدێرنەکەو رێگە بگرێت لەوەی زمانە باڵاکانی تر ببن بە زمانی ئەو کەلتورە.

بەڵام گەر ئەم فرەزمانی و فرەکەلتورییە کە ئەم بزووتنەوانە لە کەلتورە مۆدێرنە کوردییەکەدا دەیهێننە ئاراوە لەوەوە نەبینرێت کە ئەم بزووتنەوانە نەتەوەخوازن، بەڵکوو لەوەوە

ببینرێت کە ئەم بزووتنەوانە بەرهەمی پرۆسەی بەنەتەوەبوونن بەو مانایەی کە لە تیۆرە عەقڵییەکەدا هەیە، ئەوکاتە ئەم فرەزمانی وفرەکەلتورییە دەبێتە نیشانەی سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوانە، چونکە بەپێی تیۆرە عەقڵییەکە بوونی فرەزمانی و فرەکەلتوری لە گوزارشتکردنی رووحی نەتەوەدا نیشانەی سەرکەوتنەو نەبوونی فرەزمانی وفرەکەلتوری لە گوزارشتکردنی روحی نەتەوەدا نیشانەی شکستە.

بەپێی ئەم تیۆرە روحی نەتەوە بۆ ئەوەی لە کەلتورو زماندا خۆی شێوەگیر بکات پێویستی بە فرەزمانی وفرەکەلتوری هەیەو ئەو بەهۆی یەك رەنگەوە ناتوانێت خۆی شێوەگیر بکات و بۆ خۆشێوەگیرکردنی پێویستی بە زیاتر لە رەنگێك و زیاتر لە زمانێك و زیاتر لە شێوازێکی کەلتوری هەیە.

بۆ ئەوەی ئێمە خۆمان لەو هەڵە سەرەتاییە دووربخەینەوە کە ئەو لێکۆڵینەرانە لە دەستپێك و بنەمای کارەکانیاندا تێی کەوتوون و لە بنچینەوە کارەکەیان لەسەری دامەزراوە، سەرەتا دەبێت باز بەسەر ئەو پرسیارەدا نەدەین کە داوامان لێدەکات بەر لەهەموو شتێك ساغی بکەینەوە ئەو بزووتنەوانە بزووتنەوەی نەتەوەخوازن و هەڵگری هەمان ئامانج و هەمان بیری نەتەوەخوازین یان جۆرێکی ترن لە بزووتنەوەو هەڵگری بیروئامانجێکی ترن. بۆ ئەمەش پێویستمان بەوەیە بەراوردێك بکەین لەنێوان ئەو بیرو ئامانجەدا کە ئەم بزووتنەوانە لەسەری دامەزراون لەگەڵ ئەو بیرو ئامانجەدا کە نەتەوەخوازی لەسەری دامەزراوە.

ئێمە پێشتر لەرێگەی مەرجەعە تیۆرییە باوڕپێکراوەکانی نەتەوەخوازییەوە ئەوەمان روونکردەوە کە ئامانجی نەتەوەخوازی لەراستیدا نەتەوە نییە، بەڵکو نەتەوەخوازی بەناوی دروستکردنی نەتەوەوە کار بۆ ئەوە دەکات کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی. لەروانگەی نەتەوەخواییەوە نەتەوە ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەیە کە نەتەوەخوازییەك لە نەتەوەخوازییەکان لەرێگەی بزووتنەوەکەیەوە دروستی دەکات و ئەو نەتەوەیەش دروستی دەکات بەو مانایە نەتەوە نییە کە خەڵکی بە گشتی لەکاتی بیرکردنەوە لە نەتەوەکەی خۆیدا وێنای دەکەن، ئەم کۆمەڵگا پیشەسازییە نەتەوەیە چوونکە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی دروستکراوەو بەوەش دروستکراوە کە نەتەوەخوازییە دروستکەرەکەی کەلتورە مۆدێرنە پیشەییەکەی بە تاکە زمانێك لە سنوری سیاسی دەوڵەتێکی مۆدێرندا سەراپاگیر کردووەو بووە بەکەلتوری هەموو خوێندەوارانی ناوسنوری سیاسی ئەو دەوڵەتە.

نەتەوە لەروانگەی نەتەوەخوازییەوە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی یەك زمان و یەککەلتورەو ئەندامانی ئەو نەتەوەیەش تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەو زمان و شێوازە کەلتورییە لە قوتابخانەکانی ئەو دەوڵەتەدا پەروەردەکراون وبوونەتەوە ئەندامی ئەو کۆمەڵگا خوێندەوارەی کە ئەو قوتابخانانە بەرهەمی دەهێنن.

کەسێك لەوقوتابخانانە ئەو کەلتورەی بەهەمان ئەو زمانە وەرنەگرتبێت کە زمانی کەلتورە پیشەییەکەی قوتابخانەکانی ئەو دەوڵەتەیە، ئەوە نابێت بە ئەندامی ئەو کۆمەڵگا خوێندەوارە پیشەسازییە، گەر نەبوو بە ئەندامی ئەو کۆمەڵگایەش، ناتوانێت ببێت بە ئەندام لەناو ئەو نەتەوەدا کە نەتەوەخوازی دروستی دەکات.

نەتەوە بەپێی ئەم بۆچوونە ناوە بۆ ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەی کە قوتابخانەکانی ناو سنوری سیاسی دەوڵەتێك بە یەك زمان بەرهەمی دەهێنن. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ شتێك بەناوی نەتەوەوە لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەوە بوونی نییە.

لەراستیدا ئەوەی نەتەوەخوازی دروستیدەکات نەتەوە نییە، بەڵکو کۆمەڵگایەکی پیشەسازیی یەکزمان و یەککەلتورەو نەتەوەخوازی ناوی دەنێت نەتەوە، نەتەوەخوازی دەتوانێت بەبێ ناولێنانی ئەم کۆمەڵگایە بە نەتەوە کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی خۆی دروست بکات.

بەکارهێنانی ناوی نەتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییە وەك گێلنەر دەڵێت جگە لە چەواشەکردنێکی سیاسی هیچی ترنییە، لەڕاستیدا نەتەوەخوازی لە رێگەی بەکارهێنانی ناوی نەتەوەوە هەوڵدەدات ئەوەی کە خەڵکی بە شێوەیەکی سروشتی ناویان ناوە نەتەوە بیگۆرێت بۆ شتێکی تر کە نەتەوە نییەو کۆمەڵگای پیشەسازییە. واتە نەتەوەخوازی لە بنچینەدا کاری دروستکردنی نەتەوە نییە، بەڵکو کاری رێگرتەنە لە دروستبوونی ئەو کۆمەڵگایەی کە خەڵکی لە بیرکردنەوەی خۆیدا ناویان ناوە نەتەوە.

لەوانەیە گرنگترین جیاوازی نێوان بزووتنەوە کوردییەکان و نەتەوەخوازی ئەوە بێت کە بزووتنەوە کوردیەکان بیرۆکەی نەتەوە لەلایان ئەو کۆمەڵگایە بێت کە خەڵك لە خەیاڵی خۆیدا ناوی ناوە نەتەوە، بەڵام بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانی دنیا بە پێچەوانەی ئەمەوە بیرۆکەی نەتەوە لەلایان ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەیە کە کۆتایی بەو خەونە دەهێنێ خەڵکی بەو کۆمەڵگایەوە دەیبینن کە ناویان ناوە نەتەوە. ئایا بیرۆکەی نەتەوە لەناو خەیاڵی بزووتنەوە کوردییە مۆدێرنەکاندا چییەو بەچی جیادەکرێتەوە لەو بیرۆکەیەی کە لەناو بیری بزووتنەوە

نەتەوەخوازەکاندا هەیە؟ ئێمە پێشتر ئەوەمان رونکردەوەکە بیرۆکەی نەتەوە لە تیۆرە دروستەییەکەی نەتەوەخوازیداو لە واقعی هەموو نەتەوەخوازییەکانی جیهاندا بیرۆکەی ئەو کۆمەڵگایە نییە کە خەڵکی لە خەیاڵی خۆیاندا وێنای دەکەن و ناوی دەنێن نەتەوە، بەڵکو بیرۆکەی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی ناوچەییە کە یەك زمان و یەك شێوازی کەلتوری هەبێت و رێگە نەدا بە فرەزمانی و فرەشێوازی لە کەلتورەکەیدا.

ئەوەی وادەکات ئەو بزووتنەوانەی کە کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەکان دروستدەکەن کۆمەڵگا دروستکراوەکەیان ناو بنێن نەتەوە، ئەوە نییە کە ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی مۆدێرنەو لەسەر کەلتورێکی پیشەیی نوێ دامەزراوەو لەسەر ئەو کەلتورە ئاکاری و مەزهەبییە دانەمەزراوە کە کۆمەڵگا کشتوکاڵییە پریمۆدێرنەکانی لەسەر دامەزراوە، بەڵکوو لەوێوە ناو نراوە نەتەوە کە رێگە نادات بەوەی کەلتورەکەی زیاتر لە زمانێك و شێوازێکی هەبێت.

ناونانی ئەم کۆمەڵگایە بەنەتەوە لەوەوە نییە کە کەلتورەکەی کەلتورێکی پیشەیی مۆدێرنەو جیاوازە لە کەلتوری کۆمەڵگا کشتوکاڵیە ناوچەییەکان کە کەلتورەکەیان کەلتورێکی نامۆدێرن وناپیشەییە، بەڵکو لەوەوە ناونراون نەتەوە کە کۆمەڵگایەکی تاککەلتورین و کەلتورەکەیان یەکزمان و یەك شێوازی کەلتوری هەیە.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوە لەبیری نەتەوەخوازیدا کۆمەڵگایەکی یەککەلتورو یەکزمانەو لەناوخۆیدا لەرووی کەلتورییەوە پەیڕەوی لەیاسای شوناس دەکات و رێگرە لەبەردەم ئەوەدا جیاوازی وفرەیی بکەوێتە ناو کەلتورەکەیەوەو کەلتورەکەی بکات بەچەند کەلتورێکی جیاواز.

نەتەوە لەبیری نەتەوەخوازیدا ئەوەندەی وێناکردنی کۆمەڵگایەکی یەککەلتورو یەکزمانە، ئەوەندە وێناکردنی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی و مۆدێرن نییە. ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەی کە نەتەوەخوازی دروستی دەکات گەر کۆمەڵگایەکی فرەزمان و فرەشێواز بێت، ناکرێت ناو بنرێت نەتەوە. کاتێك شیاوە ئەم کۆمەڵگایە بەناوی نەتەوە ناوبرێت کە لە کەلتورە مۆدێرنەکەیدا پەیڕەوی یەکزمانی و یەك شێوازی بکات و نەهێڵێت فرەزمانی و فرەشێوازی ببێتە هۆی ئەوەی کەلتورەکەی ببێت بە کۆمەڵە کەلتورێکی جیاواز.

گەر لەو بزووتنەوە مۆدێرنانە رامێنین کە بەر لە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی مەزهەبیی عوسمانییەکاندا لەگەڵ بزووتنەوە تورکییە مۆدێرنەکەو بزووتنەوە مۆدێرنەکانی تری ناوچەکەدا

وەك بزووتنەوە نەتەوەخوازییەكانی ناو ئەو خەلافەتە سەرهەڵدەدەن، زۆر بە روونی ئەوە هەست پێدەكەین كەهەموو بزووتنەوە مۆدێرنەكانی تری جگە لە بزووتنەوە كوردییەكان، یەكزمان و یەك شێواز بۆ بڵاوكردنەوەی كەلتورە مۆدێرنەكە بەكار دەهێنن و ئەو مەرجە بنەڕەتییەی نەتەوەخوازی تێردەكەن كە داوای ئەوە دەكات كەلتوری ئەو كۆمەڵگایەی كە بەناوی نەتەوەوە دروستی دەكات دەبێت یەكزمان و یەكشێوازبێت و پارێزگاری لەوە بكات ببێت بە كۆمەڵە كەلتورێكی مۆدێرنی جیاواز.

پەیڕەوكردنی ئەو بزووتنەوانە لە یەككەلتوری، پەیڕەوكردنە لەو بنەما یەكەمییە میتافیزیكییە پشتەكییەی كەهەموو بزووتنەوەیەكی لەو جۆرە دەكات بە بزووتنەوەیەكی نەتەوەخواز.

ئایا بزووتنەوە كوردییەكان ئەو یاسای شوناسە لەكەلتورە مۆدێرنەكەدا پەیڕەودەكەن كە پەیڕەوكردنی مەرجە بۆ ئەوەی هەر بزووتنەوەیكی مۆدێرن ببێت بە بزووتنەوەیەكی نەتەوەخوازو بتوانێت كار بۆئەوە بكات نەتەوەكەی لەرێگەی دروستكردنی كۆمەڵگایەكی پیشەسازی ناوچەییەوە دروست بكات یان پەیڕەوی یاسای جیاوازی دەكات و وا نەتەوە دەبینێ كە كۆمەڵگایەكە كەلتورەكەی فرەشێوازو فرەزمانە؟

گەر لە بەرایترینی بزووتنەوە كوردییە مۆدێرنەكانی ناو خەلافەتی عوسمانی رامێنین ئەوە بە روونی دەردەكەوێت كە بزووتنەوە كوردیەكان لەو كاتەوە كە دەوڵەتە مۆدێرنەكان دروست نەبوون و بزووتنەوەكان هێشتا نەچوونەتە ئەو قۆناغەی پەرەسەندنی خۆیان كە تیایدا دەبن بە بزووتنەوەی نەتەوەخواز، پەیڕەوییان لەو یاسا بنەڕەتییە نەكردووە كە ئەو بزووتنەوەیە دەكات بە بزووتنەوەیەكی نەتەوەخواز.

ئەو بزووتنەوە مۆدێرنە كوردییەی كە لەناوجەرگەی خەلافەتە مەزهەبییەكەی عوسمانییەكاندا لە رێگەی چینە خوێندەوارەكەی ناوچە جیاجیاكانی كوردستانەوە وەك بزووتنەوەیەكی مۆدێرن سەرهەڵدەدات، هەر لەسەرەتاوە پەیڕەوی لەو یاسایە ناكات كە بە پەیرەوكردنی دەتوانێت ببێت بە بزووتنەوەیەكی نەتەوەخواز.

ئەم بزووتنەوەیە لە یەكەم بڵاوكراوەی مۆدێرنی خۆیدا كە رۆژنامەی كوردستانەو كۆمەڵە خوێندەوارێكی مۆدێرن دەری دەكەن كە سەر بە ناوچە جیایاكانی كوردستانن و هەریەكەیان سەر بە كەلتورێكی ئەدەبی باڵای جیاوازن، بەهەمان ئەو جیاوازییە زمانیانەی خۆیانەوە

کەلتورە مۆدێرنەکە لەسەر لاپەڕەکانی ئەو رۆژنامەیە دەکەن بە کۆمەڵە کەلتورێکی مۆدێرنی جیاوازو ئەمەش تا ئێستا بەردەوامی هەیە.

پەیڕەوکردنی فرەزمانی و فرەشێوازی لەلایەن ئەو چینە خوێندەوارە مۆدێرنەی کە نوێنەرایەتی لایەنی کەلتوری ئەم بزووتنەوە کوردییە دەکات، لەلایەکەوە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم بزووتنەوەیە وەك هەموو بزووتنەوە مۆدێرنەکانی تری ناوچەکە کار بۆ ئەوەدەکات بەکەلتورە پیشەیی مۆدێرنەکە کۆمەڵگا کشتوکاڵییە کوردییە پرێمۆدێرنەکەی خۆی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی ناوچەیی مۆدێرن. بەڵام لەلایەکی ترەوە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم بزووتنەوەیە هەر لەسەرتاوە دژی ئەو بنەمایەی نەتەوەحوازی کاردەکات کە داوا دەکات ئەو بزووتنەوەیە یەك زمان و یەك شێواز لە کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکەدا بەکاربهێنێ و بەهۆی بەکارهێنانی فرەزمانی و فرەشێوازییەوە کەلتورە مۆدێرنەکە لەناوخۆیدا نەکات بە چەند کەلتورێکی پیشەیی جیاواز.

ئەم بزووتنەوەیە لەبری ئەوەی پەیڕەوی لەم یاسایە بکات و یەك شێوازو یەك زمان بدات بەکەلتورە مۆدێرنەکە، بە پێچەوانەی ئەم یاسایەوە کاردەکات و کەلتورە مۆدێرنەکە لەناوخۆیدا دەکات بەچەند کەلتورێکی جیاوازو ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وەك دژێکی نەتەوەخوازی و هەموو ئەو بزووتنەوە مۆدێرنانە دەرکەوێت کە بە پەیرەو کردنی ئەو یاسایە دەبن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز.

ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم بزووتنەوەیە وەك هەر بزووتنەوەیەکی مۆدێرن ئامانجی ئەوەیە کە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی ناوچەیی دامەزرێنێ، بەڵام بەوەی کە لەناوخۆیدا لە دارشتنی کەلتورە مۆدێرنەکەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکەدا پەیڕەوی لە یاسای شوناس ناکات و پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی و فرەشوناسی دەکات، ئەوە رەتدەکاتەوە وەك بزووتنەوەکانی تر ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز. ئەم بزووتنەوەیە هەر لەسەرەتاوە بزووتنەوەیەکی مۆدێرنە، بەڵام نەتەوەخواز نییەو ئەوە ناکاتە ئامانجی خۆی کەلتوری ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییە مۆدێرنەی کە دەیەوێت دروستی بکات یەك کەلتور بێت و یەك زمان و شێوازی هەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە رێگە دەدات بەو فرەزمانی وفرەشێوازییەی کە کەلتورە ئەدەبییە باڵاکەی کۆمەڵگا کوردییە پرێمۆدێرنەکەی کردووە بە چەند کەلتورێکی ئەدەبی جیاواز، کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکەش بکات بە چەند کەلتورێکی پیشەیی جیاواز.

ئەم بزووتنەوەیە بەوەی کە لەسەر بنەمای کەلتورە مۆدێرنەکەی کۆمەڵگای پیشەسازی دامەزراوە، وەك هەموو بزووتنەوەکانی تر بزووتنەوەیەکی مۆدێرنەو کار بۆدروستکردنی کۆمەڵگای پیشەسازی دەکات، دانانی ئەم بزووتنەوەیە بەپەرچەکردارێکی خێڵەکیانەی کۆمەڵگا پریمۆدێرنە کوردییەکە، دژی مۆدێرنەو دروستکردنی کۆمەڵگا پیشەسازی، کارێکی نازانستی و بیٚ بەڵگەیە.

ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ ئەوەشدا وەك هەر بزووتنەوەیە مۆدێرن بەرهەمی مۆدێرنەو خوێندنی ناو قوتابخانە مۆدێرنەکانەو دەیەوێت کۆمەڵگای پیشەسازی دروستبکات، بەڵام بەوەی کە کەلتورە مۆدێرنەکە دەکات بە چەند کەلتورێکی جیاواز، لە پەرەسەندنی خۆیدا لەبزووتنەوەیەکی مۆدێرنەوە ناگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز.

واتە ئەم بزووتنەوەیە دەیەوێت کۆمەڵگایەکی پیشەسازی ناوچەیی پەرە پێبدات، بەڵام نایەوێت بەناوی دروستکردنی نەتەوەوە ڕێگە بگرێت لەوەی کە لەناو ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەی ناوچەییەدا کە کار بۆ پەرەسەندنی دەکات، کەلتورەکە ببێت بەچەند کەلتورێکی زمانجیاوازو شێوازجیاواز. واتە نایەوێت بەو مانایە نەتەوە دروستبکات کە نەتەوەخوازی بەسەپاندنی یاسای شوناس لەکەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکەدا دروستی دەکات.

ئەم بزووتنەوەیە کۆمەڵگای پیشەسازی دروستدەکات، بەڵام نەتەوە دروست ناکات چونکە لەناو بیری ئەودا بەسەپاندنی یاسای شوناس ویەککەلتوری نەتەوە دروستناکرێت. بەمانایەکی تر لە بیری ئەم بزووتنەوەیەدا کۆمەڵگای پیشەسازیی بەوەی کۆمەڵگایەکی پیشەییە دروستدەکرێت، بەڵام نەتەوە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگایەکی پیشەیی و دەستکرد نییە بەوە دروستناکرێت کە لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەکەدا پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری بکرێت. ئەم بزووتنەوەیە بەوەی کە ئەو چاوبەستە سیاسیەی کە گێلنەر باسی دەکات لە خەڵکەکەی خۆی ناکات، ناتوانێت بەناوی نەتەوەوە کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەکەی خۆی بەرەو کۆمەڵگایەك بەرێت کە لەناوخۆیدا وەك عەسەبە پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری وشۆڤێنیەتی کەلتوری بکات. ئەم بزووتنەوەیە دەیەوێت پەرە بە کۆمەڵگایەکی پیشەسازیی ناوچەیی لەو جۆرە بدات کە لەناو خۆیدا لە ڕووی کەلتورییەوە وەك عەسەبە تۆتالیتارو شۆڤێنی نەبێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەم بزووتنەوەیە نەك هەر نایەوێت ئەو کۆمەڵگایە دروستبکات کە نەتەوەخوازی ناوی ناوە نەتەوە، ئەم بزووتنەوەیە بەوەی کە دژی شۆڤێنیەت وتۆتالیتاریەتی کەلتورییە، دژی ئەوەیە کە بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان بەناوی نەتەوەوە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی لەسەر بنەمای تۆتالیتاریەتی کەلتوری وزمانی دروست بکەن. ئەم حاڵەتەی بزووتنەوە کوردییەکان بووەتە هۆی ئەوەی لای لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی بە بزووتنەوەیەکی خێڵەکی بزانرێن و بکرێن بە رەمزی بەهێزترینی ئەو بزووتنەوە خێلەکیانەی کە رێگرن لەبەردەم ئەوەدا نەتەوەخوازی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکەیان بگۆرێت بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی.

لەڕاستیدا بزووتنەوە مۆدێرنەکان کە ئامانجیان گۆڕینی کۆمەڵگا کشتوکاڵییە ناوچەییەکان بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی پەرەسەندوو، پێویستیان بە تۆتالیتاریەتی کەلتوری و جێبەجێکردنی یاسای شوناس نابێت، چونکە گۆڕینی کەلتورە پیشەییەکە بۆ کۆمەڵە کەلتورێکی فرەزمان و فرەشێواز، نابێتە بەربەست لەبەردەم پەرەسەندنی ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەدا کە ئەم بزووتنەوەیە پەرەی پێدەدات. گەر فرەکەلتوری و فرەزمانی بەربەست بوایە لەبەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵگای پیشەسازییە ناوچەییەکانی جیهاندا ئەوە تەنها لە ئاستە ناوچەییەکەی ئەم کۆمەڵگای پیشەسازیدا نەدەبوون بەبەربەست بەڵکو لە ئاستە جیهانی و سەروناوچەییەکەشدا دەبوون بە بەربەست.

کۆمەڵگای پیشەسازی لە ئاستە سەرووناوچەیی و جیهانییەکەدا پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری نەکردووەو کەلتورە مۆدێرنەکە لە ئاستە جیهانییەکەی کۆمەڵگای پیشەسازیدا وەك بزووتنەوە کوردییەکان پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی دەکات نەك یاسایی شوناس.

کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە بە رێژەی دەوڵەتە مۆدێرنەکان و کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەکانیان، بووە بە کۆمەڵە کەلتورێکی شێوازجیاواز و زمانجیاواز ئەمەش نەبووەتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا پیشەسازییە جیهانییەکە پەرەنەسێنێ و لە پەرەسەندن راوەستێ. گەر لە ئاستە جیهانییەکەدا بوونی کەلتورە مۆدێرنەکە بە کۆمەڵە کەلتورێکی جیاواز نەبووبێتە بەربەست لەبەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵگای پیشەسازیدا چی وادەکات وابزانین لە کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەکاندا بوونی کەلتورە پیشەییەکە بە چەند کەلتورێکی جیاواز ئاماژە بەوە دەکات خێڵ لەو ناوچەیەدا هێشتا زیندوو و چالاکەو رێگرە لە بەردەم مۆدێرنەو پەرەسەندنی

کۆمەڵگا پیشەسازییەکەیدا؟.ئەو بۆچوونەی کە لە ئاستە ناوچەییەکەی کۆمەڵگای پیشەسازیدا بوونی کەلتورە مۆدێرنەکەی بەکۆمەڵە کەلتورێکی جیاواز بەوە لێکدەداتەوە کە کۆمەڵگای کشتوکاڵی لەم ناوچەیەدا لەبری ئەوەی بگۆڕدرێت بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی مۆدێرن، بە هۆی بەهێزی کەلتوری خێڵەکییەوە کەلتورە مۆدێرنە پیشەییەکەی گۆڕیوە بۆ کۆمەڵە کەلتورێکی خێڵەکی جیاواز، دەبێت دان بەوەشدا بنێت کە لە ئاسەتە جیهانییەکەی کۆمەڵگای پیشەسازیدا بەهۆی بوونی کەلتورە مۆدێرنەکە بە کۆمەڵە کەلتورێکی ناوچەییەی جیاواز، کولتورە مۆدێرنەکە گۆردراوە بۆ کۆمەڵە کەلتورێکی عەسەبەیی جیاواز.

بەپێی ئەم بۆچوونە گەر لەکۆمەڵگایەکی پیشەسازیدا کەلتورە پیشەییە مۆدیرنەکە لەرێگەی فرەزمانی و فرەشێوازی بوویێت بە چەند کەلتورێکی جیاواز، ئەوە ئەو بزووتنەوە مۆدێرنە کە لەوناوچەیەدا پەرەی بەکۆمەڵگا پیشەسازییەکە داوە، پەیڕەوی لەو سیستەمە کردووە کە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییە پریمۆدێرنەکاندا هەیە نەك ئەو سیستەمەی لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا هەیە.

بەپێی ئەم بۆچوونە ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەی کە ئەو بزووتنەوەیە بە پەیڕەوکردنی لە یاسای جیاوازی وفرەکەلتوری پەرەی پێداوە، با بەشێوەیکی کارەکی پەرەشی پێدابێت و پیشەکانی ناو کۆمەڵگاکەی لەپیشە کشتوکاڵییەکانەوە گۆڕیبێ بۆ پیشەکانی ناو کارگەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی، ئەوە ئەو کۆمەڵگایەی پەرەی پێداوە بە ڕواڵەت کۆمەڵگایەکی  پیشەسازییەو لە ناوەوە هەر کۆمەڵگا کشتوکاڵییە کۆنەکەیە. بەپێی ئەم بۆچوونە بۆ ئەوەی ئەوکۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییە ساختەیە ببێت بە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی ڕاستەقینەی لەو جۆرەی کە نەتەوەخوازی ناوی ناوە نەتەوە، دەبێت کۆتایی بەو فرەکەلتورییەی ناو ئەو کۆمەڵگایە بهێنرێت و بە پەیڕەوکردن لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری هەموویان لەناو یەك کەلتوری مۆدێرنی پیشەییدا بتوێنرێنەوەو چیتر ڕێگە نەدرێت لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا کەلتورە مۆدێرنەکە ببێت بەچەند کەلتورێکی جیاواز.

بەپێی ئەم بۆچوونە لە کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەکاندا گەر خەڵکی کەلتورە مۆدێرنەکە بە یەك زمان و یەك شێواز وەرنەگرن، ناتوانن فێری بن و بن بە ئەندامێکی ناو ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەی کە نەتەوەخوازی ناوی ناوە نەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەم بۆچوونە توانای جیاکردنەوەی کەلتورە مۆدێرنەکەو ئەو زمانەی نییە کە کەلتورە

مۆدێرنەکەی پێ دارێژراوە، چوونکە فێربوونی کەلتورە مۆدێرنە ناوچەییەکەی بەندکردووە بەو زمانەوە کە کەلتورەکەی پێدارێژراوەتەوە. لەناو ناوچەیەکدا دەبێت خەڵکی ئەو ناوچەیە چۆن کەلتورە مۆدێرنەکە فێردەبن ئەو زمانەش فێربن کە نەتەوەخوازی لەو ناوچەیەدا کردوویەتی بە زمانی دارشتنی کەلتورە مۆدێرنەکە، گەر کەسانێك فێری ئەو زمانە نەبن و کەلتورە مۆدێرنەکە بە زمانە خێڵەکییەکەی خۆیان دارێژنەوە، ناتوانن لە زمانەکەی خۆیانەوە فێری کەلتورە مۆدێرنەکە بن، بۆیە بەپێی ئەم بۆچوونە مەرجی فێربوونی کەلتورە مۆدێرنەکە ئەوەیە کە ئەو خەڵکە فێری ئەو زمانە ببێت کە نەتەوەخوازەکان بە ئارەزووی خۆیان هەڵیان بژاردووەو کردوویانە بەزمانی دارشتنی کەلتورە مۆدێرنەکە.

ئەم بۆچوونە لەراستیدا هیچ بنەمایەکی لۆجیکی نییەو لە سەر سەفسەتەیەکی رووت دامەزراوە، کە سەرچاوە لە شۆڤێنییەتێکی زمانییەوە دەگرێت و کار بۆ ئەوە دەکات ئەو زمانەی کە نەتەوەخوازی کردوویەتی بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە، بیکات بە زمانێکی پیرۆز و هەموو ئەو زمانانەش کە لە کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەکەدا شیانی ئەوەیان تیایە وەك ئەو زمانەی کە نەتەوەخوازی کەلتورەکەی پێدارشتووە ببن بەزمانی دارشتنی کەلتورە مۆدێرنەکە، ناپیرۆزن و لە رێگەیانەوە کەس نابێت فێری کەلتورە مۆدێرنەکە ببێت.

ئەم بۆچوونە هەروەك ئەو بۆچوونە شۆڤینییە زمانییە وایە کە زمانی عەرەبی دەکات بە زمانێکی پیرۆزو پێی وایە گەر کەسێك بەو زمانە لەگەڵ خوا نەدوێت و بەو زمانە لێی نەپارێتەوەو نوێژی بۆ نەکات ئەوە خوا نزاو پارانەوەکانی لێوەرناگرێت و خوا تەنها بەو زمانە نزاو پارانەوەکان وەردەگرێت و لەگەڵ بەندەکانی خۆیدا دەدوێت کە خۆی کردوویەتی بە زمانی کتێبە پیرۆزەکەی.

لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە ئایا نەتەوەخوازی یاسای شوناسی لە عەسەبەکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵییەوە گواستووەتەوە بۆ ناو دروستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەکەی خۆی، یان بزووتنەوە کوردییە مۆدێرنەکان یاسای جیاوازیان لەو کۆمەڵگا خێڵەکییەوە گواستووەتەوە بۆ ناو کەلتورە مۆدێرنەکە؟

ئێمە پێشتر ئەوەمان روونکردوە کە لای ئیبن خەلدوون عەسەبە لە خێڵ جیاوازەو ئەوەی کە خێڵ لەسەری دادەمەزرێت پەیوەندییە خوێنی و بنەچەییەکانە، بەڵام ئەوەی عەسەبە لەسەری دادەمەزرێت زاڵییەتییە نەك خوێن و بنەچە. عەسبە بەوەی کە لەسەر بنەمای زاڵییەتی

دامەزراوە ئەو یاسایەی شوناسە کە خێڵ بەشێوەیەکی سروشتی و بێ ویستی خۆی لەناوخۆیدا پەیڕەوی دەکات، بەتوانای زاڵییەتی لە یاسایەکی سروشتییەوە دەیگۆڕێت بۆ یاسایەك کە بەویست جێبەجێ بکرێت، ئەمەش وادەکات عەسەبە لەرێگەی هێزو و زاڵییەتییەوە یاسای شوناس بەسەر هەر خێڵێکدا بسەپێنێ کە دەیهێنێتە ناو دروستە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکەی خۆیەوە.

هەر خێڵێك کە عەسەبەیەك زاڵ دەبێت بەسەریدا، لەناو ئەو قەڵەمڕەوە سیاسییەکەی خۆیدا دەیهێڵێتەوە کە هێز و زاڵیەتی جوگرافیاکەی دیاری کردووە، دوای ئەوەی ئەو خێڵەش کەوتە ناو جوگرافیا سیاسیەکەیەوە دەبێت لە کەلتورو زمانەکەیدا پەیڕەوی لە یاسایی شوناس بکات و ئەو کەلتورو زمانە وەرگرێت کە عەسەبەکە هەیەتی. نەتەوەخوازیش بەهەمان شێوەی عەسەبە خاوەنی زمان و کەلتورێکی ناخێڵەکی تایبەت بەخۆیەتی کە زمان و کەلتوری ئەو چینە خوێندەواریە، رابەرایەتی ئەو بزووتنەوەیە دەکەن.

نەتەوەخوازی بۆ ئەوەی نەتەوە دروست بکات لە رێگەی هێزەوە یان لەڕێگەی زەبروزەنگی رەمزییەوە هەوڵدەدات بەویستی خۆی لەسنوری سیاسی دەوڵەتە مۆدێرنەکەی خۆیدا یاسای شوناس لە کەلتورو زمانەکەیدا جێبەجێ بکات و هەر ئەتنیکێك لەناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدابێت بە هەر رێگایەك بێت، دەبێت ئەو یاسایە جێبەجێ بکات و بە ویستی خۆی دەستەبەرداری زمان و شێوازە کەلتورییەکەی خۆی ببێت و ئەو زمان و شێوازە کەلتورییە وەرگرێت کە نەتەوەخوازی نەتەوەکەی خۆی پێدروست دەکات.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوەخوازی یاسای شوناسی لە عەسەبە وەرگرتووەو لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەیەکەدا جێبە جێی دەکات وکۆمەڵگاکە لە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی مۆدێرنەوە دەگۆڕێت بۆ عەسەبەیەکی پیشەسازی مۆدێرن و ئەو عەسەبەیەش ناو دەنێت نەتەوە. هەموو نەتەوەخوازییەك بۆ نموونە وەك نەتەوەخوازیی تورکی یان فەرەنسی یاسای شوناس بەسەر ئەتنیکەکانی ناوخۆیدا ناسەپێنێ، هەندێك لە نەتەوەخوازییەکان لە قوناغە دواینەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگا پیشەسازییەکەیاندا رێگەیان داوە بە هەندێك لە ئەتنیکە جیاوازەکانی ناوخۆیان زمان وشێوازە کەلتورییەکەی خۆیان لەبۆنەکانی وبڵاوکراوە نافەرمییەکانی وهوونەرو ئەدەبیاتە میللیەکەی خۆیاندا بەکاربهێنن و لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانیشدا رێگەیان پێدراوە خوێندن و نوسین بە زمانەکەی خۆیان فێربن، ئایا ئەمە ئەوە

ناگەیێنیٚ ئەم نەتەوەخوازیانە لە سنوری سیاسی دەوڵەتەکانی خۆیاندا یاسایی جیاوازییان لەسەر ئەتنیکەکانی ناوخۆیان جێبەجیٚ کردووە نەك یاسایی شوناس؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەناو ئەو کۆمەڵگا کشتوکاڵییە خێڵەکییەدا دەست دەکەوێت کە هێزیکی ناخێڵەکی کە خاوەنی کەلتورو زمانێکی باڵایە لە کۆمەڵە خێڵێك دروستی دەکات کە هەریەکەیان خاوەنی زمان و کەلتوری تایبەت بەخۆیەتی. ئەم هێزە ناخێڵەکییە وەك ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازی رێگە دەدات بە خێڵەکان لەناو خۆیاندا زمان و کەلتورە تایبەتەکەی خۆیان بەکاربهێنن، بەڵام هەرگیز رێگەنادات زمان و کەلتورەکەی خۆیان لە زمان و کەلتورێکی سروشتی و خێڵەکییەوە بگۆڕن بۆ زمان وکەلتورێکی باڵا.

ئەو جۆرە لە نەتەوەخوازی کە رێگە دەدات بە ئەتنیکەکانی ناو خۆی زمانە جیاوازەکانیان لە بۆنەکانی خۆیان و هەندێك لە کارە مەدەنی وکۆمەڵایەتیەکاندا بەکار بهێنن، رێگە نادات زمان و کەلتوری ئەو ئەتنیکانە بگۆڕێت بۆ ئەو جۆرە لە زمان و کەلتور کە زمان و کەلتوری نەتەوەخوازەکانە.

بۆ نموونە لە بەریتانیادا نەتەوەخوازی ئینگلیزی لەگەڵ ئەوەشدا رێگەی داوە بە سکوتییەکان لەناو خۆیاندا لە بۆنەکان و هەندێك کاروباری مەدەنی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا زمانەکەی خۆیان بەکار بهێنن، بەڵام ئەم نەتەوەخوازییە هەرگیز رێگە نادات بە سکوتییەکان زمان و کەلتورەکەیان بگۆڕن بۆ ئەوجۆرە لە زمان و کەلتوری باڵا کە نەتەوەخوازی بەریتانی نەتەوەکەی خۆی پێدروستکردووە. زمان و کەلتورە پیشەییە ئینگلیزییەکەی ناو دەوڵەتی بەریتانی تاکە زمانی کۆمەڵگا پیشەسازییە بەریتانییەکەیەو نابێت هیچ زمان و کەلتورێکی تر لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا ببێت بە زمانی ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەی کە نەتەوەخوازی ئینگلیزی دروستی کردووە.

حاڵەتی سکوتییەکان و ویلزییەکانی ناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی بەریتانیا لە رووی زمان و کەلتورەوە هەمان حاڵەتی ئەو خێڵە زمان و کەلتور جیاوازانەیە کە هێزێکی ناخێڵەکی لەیەك کۆمەڵگادا کۆی کردوونەتەوەو رێگەیان پێدەدات زمانەکەیان وەك زمانی کەلتورە میللیەکەی خۆیان بەکار بهێنن، بەڵام رێگەیان پێنادات زمانەکەیان بۆ ئەو کەلتورە باڵایە بەکاربهێنن کە ئەو هێزە ناخێڵەکییە خۆی پیٚ لە خێڵەکان جیادەکاتەوە. ئەو هێزە ناخێڵەکییەی کە فەرمانڕەوایی دەوڵەتێك دەکات کە لە کۆمەڵە خێڵیکی جیاواز یان کۆمەڵە

ئەتنیکێکی جیاواز پێکهاتوون، لە ڕێگەی زمان و کەلتورە باڵاکەیەوە دەبێت خۆی لە خێڵەکان یان ئەتنیکەکان جیابکاتەوە، بۆ مانەوەی ئەم جیاییەش نابێت ڕێگە بدات زمانی هیچ خێڵێک و کەلتورەکەی وەك زمان و کەلتورەکەی خۆی ببێت بەزمان و کەلتورێکی باڵا، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ لە ئاستی زمان و کەلتورە باڵاکەدا هەر پەیڕەوی لە یاسای شوناس کردوو نەك یاسای جیاوازی.

نەتەوەخوازییەکی وەك نەتەوەخوازی ئینگلیزی بەهەمان شێوە لە ئاستی زمان و کەلتورە باڵاکەدا پەیرەوی لە یاسای شوناس دەکات و ڕێگە نادات زمان و کەلتوری سکوتی و ویڵزی ببێت بەو زمان و کەلتورە باڵایەی کە وەك زمان و کەلتوری ئینگلیزی نەتەوەخوازییەك بتوانێت نەتەوەی پێدروست بکات. لەم کۆمەڵگا پیشەسازیانەشدا بەهەمان شێوەی عەسەبە پەیڕەوی لە یاسای شوناس دەکرێت نەك جیاوازی.

کاتێك لەم کۆمەڵگایانەدا پەیڕەوی لە یاسایی جیاوازی دەکرێت کە ڕێگە بدرێت بە هەر زمان و کەلتورێکی ئەتنیکی جیاواز بگۆڕێت بۆ ئەو زمان و کەلتورەی کە نەتەوەخوازی بەناوی کەلتوری نەتەوەوە لەناو سنوری سیاسی کۆمەڵگاکەدا سەراپاگیری کردووە.

تا ئەم ساتە وەختەش لەناو هیچ دەوڵەتیکدا بەو مانایە پەیڕەوی لەیاسای جیاوازی نەکراوە کە بزووتنەوە کوردییەکان بە درێژایی مێژووی سەدساڵەی خۆیان پەیڕەویان کردووە. هەرکاتێکیش زمان وکەلتورێکی ئەتنیکی لەناو دەوڵەتێکدا گۆڕابێت بەو جۆرە لە زمان و کەلتور کە نەتەوەخوازی ئەو دەوڵەتە هەیەتی، ئەو دەوڵەت کەرت بووە بۆ دوو دەوڵەت و لە نەتەوەیەکەوە بووە بە دوو نەتەوەی جیاواز. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لەناو ئەم دەوڵەت مۆدێرنانەو کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا پەیڕەوی لە سیستەمێك دەکرێت کە بە یاسایی شوناس کاردەکات نەك یاسایی جیاوازی، ئەوەش لەم کۆمەڵگایانەدا پەیڕەوە دەکرێت هەمان ئەو سیستەمەی ناو عەسەبەیە کە بە یاسای شوناس کاردەکات.

لەوانەیە لێرەدا حاڵەتی سویسراو ئەو هاوشێوە نوێیانەی کە لەم دواییەدا سەریان هەڵداوە، بەوە بزانرێن کە سەر بەو سیستەمەن کە کار بەیاسای جیاوازی دەکات!.

لە لایەکەوە ئەم بۆچوونە دروستە، ئەویش ئەو ئاستە سەروونەتەوەییەیە کە لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی ئەو دەوڵەدا هەیە، بەڵام لە ئاستە نەتەوەییەکەدا لە سویسرادا پەیڕەوی لە یاسای شوناس دەکرێت نەك جیاوازی. حاڵەتی ئەڵمانەکانی سویسراو ئەڵمانەکانی ئەڵمانیا وەك

حاڵەتی عەرەبەکانی عێراق وعەرەبەکانی هەر دەوڵەتێك لە دەوڵەتە عەربیەکان وایە، ئەوەی عەرەبەکانی ناو سنوری سیاسی بیست و دوو دەوڵەت دەکات بەیەك نەتەوە ئەو زمانە ستانداردەیە کە هەموویان کردوویانە بەزمانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی خۆیان، بەهەمان شێوە ئەوەش ئەڵمانەکانی سویسراو ئەڵمانەکانی ئەڵمانیا دەکات بەیەك نەتەوە ئەو زمانە ستانداردە ئەڵمانییەیە کە هەردووکیان کردوویانە بەزمانی کۆمەڵگا پیشەسازیەکەی خۆیان. ئەمەش بۆ فەرنسییەکانی سویسرا دروستەو لەمەشدا پەیڕەوی لەیاسای شوناس کراوە نەك جیاوازی. نەتەوەخوازی لەناو کۆمەڵگا ناوچەییەکەی خۆیدا تەنها بە جێبەجێکردنی یاسای شوناس دەتوانێت نەتەوەکەی خۆی دروست بکات، چوونکە یاسای شوناس مەرجە بۆ بوونی ئەو نەتەوەیەی کە نەتەوەخوازی دروستی دەکات، گەر نەتەوەخوازی پەیڕەوی لەم یاسایە نەکات ناتوانێت نەتەوەکەی دروست بکات.

گەر نەتەوەخوازییەکانی جیهان هەموویان لە دروستکردنی نەتەوەکانیاندا وەك عەسەبە پەیڕەوییان لەیاسای شوناس کردبێت، ئایا دەتوانین بڵێین بزووتنەوە کوردییەکان لە بوون و پەرەسەندنی خۆیاندا پەیڕەوییان لە یاسای جیاوازی کردووە؟

لە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامییەکاندا هەندێك لە میللەتەکان بە هاتنی ئیسلام زمان و کەلتوری خۆیان لەدەستدەدەن و کەلتوری مەزهەبی ئیسلام و زمانی عەرەبی وەردەگرن. ئەو میللەتانە لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا بەسەر ئەو دەوڵەتە مۆدێرنانەدا دابەشدەبن کە نەتەوەخوازیی عەرەبی جوگرافیا سیاسییەکەیانی ناو ناوە نیشتمانی عەرەبی و خەڵکەکەشی ناو ناوە نەتەوەی عەرەب.

فارس و تورك  وەك ئەم میللەتانە زمانەکەی خۆیان لەدەستنادەن و هەریەکەیان لەبەرامبەر زمانی عەرەبیدا زارێك لە زارە سروشتییەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن و دەیکەن بە زمانی ئەدەبیات و کەلتورێکی ناوچەیی باڵاو لەگەڵ ئەو زمانە عەربییە مەزهەبییەدا بەرامبەری دەکەنەوە کە لەو سەردەمەدا لەوە دەرچووە تەنها زمانی ئیسلامی مەزهەبی بێت و بووە بە زمانی ئەدەبیات و کەلتورێکی باڵای نامەزهەبی عەرەبی، بەمەش دەتوانن لەناوخۆیاندا زمانی عەربی وەك زمانی مەزهەب بهێڵنەوەو لە ڕێگەی زمانەباڵاکەی خۆیانەوە کەلتورە باڵا نامەزهەبیەکەی خۆیان لەگەڵ کەلتورە باڵا عەربییە نامەزهەبییەکەدا بەرامبەر بکەنەوەوە شوناسی نامەزهەبییانەی خۆیان لە شوناسی نامەزهەبی عەرەب جیا بکەنەوە.

لەناو خەلافەتی عەباسیدا دوو جۆر لەدەسەڵات هەبووە، دەسەڵاتی مەزهەبی کە خەلیفەیەکی عەربی قوڕیشی گوزارشت لێکردووە، لەگەڵ دەسەڵاتی دنیایی کە بەهێزترین عەسەبەی ناوسنوری خەلافەتەکە گوزارشتی لێکردووە. واتە لەناو چینی فەرمانڕەوای خەلافەتدا دووجۆر لەدەسەڵات هەبووە سەڵتەنەت لەگەڵ خەلافەت.

لە سەردەمە جیاجیاکانی خەلافەتی عەرەبی ئیسلامیدا لەبەر ئەوەی خەلافەت تەنها بۆ عەرەب بوو، فارس و تورك نەیاندەتوانی ببن بەو چینە فەرمانڕەوایەی کە خەلافەت گوزارشتی لێدەکات، بەڵام ئەوان دەیانتوانی لەو چینە فەرمانڕەوایە بن کە سوڵتان گوزارشتی لێدەکات، سەڵتەنەت بەوە جیادەکرایەوە لەخەلافەت کە دەسەڵاتێکی دنیایی بوو ڕەوایەتی لە دەسەڵاتە ئاینییەکە وەردەگرت.

لەنێوان ئەم دوو جۆرە لە دەسەڵات لە ناو پێکهاتەی چینی فەرمانڕەوای خەلافەتدا ململانێی بەردەوام هەبوو، جاری واهەبوو خەلافەت لە رووی هێزە زاڵدەبوو بەسەر سەڵتەنەتداو لەم حاڵەتەشدا خەلیفە بەهۆی ئەو هێزەی کە هەیەتی دەیتوانی رەوایەتی لە سوڵتانێك بسێنێتەوەو بیدات بە سوڵتانێکی تر، بەڵام جاری واهەبوو سەڵتەنەت زاڵ دەبوو بەسەر خەلافەتداو ئەو کاتە سوڵتان خەلیفەیەکی لادەبردوو خەلیفەیەکی تری دەخستە شوێنەکەی. بەڵام بەم زاڵبوونەی سەڵتەنەت لەسەر خەلافەت، سەڵتەنەت نەیدەتوانی ببێت بە مەرجەعی رەوایەتیدان بە دەسەڵاتی خۆی و ئەمەش ناچاریدەکرد لەگەڵ زاڵبوونی بەسەر خەلافەتیشدا نەتوانێت نەفی دەسەڵاتی خەلیفە بکات.

لەو حاڵەتەدا کە سەڵتەنەت لە رووی هێزەوە زاڵدەبوو لەسەر خەلافەت بەم زاڵبوونەی نەیدەتوانی مەرجەعییەتی رەوایەتی بەخشین بەدەسەڵات لە خەلافەت بسێنێتەوەو خۆی ببێتە مەرجەعی ئەو رەوایەتی بەخشینە.

عەسەبە جیاجیاکانی تورك و فارس لەسەردەمە جیاجیاکاندا توانیویانە بچنە ناو پێکهاتەی خەلافەتەوەو لەناو خەلافەتە مەزهەبییە عەربییەکەدا لەگەڵ خەلافەتدا چینی فەرمانڕەوای خەلافەت پێکبهێنن و لەناو ئەو چینەدا گوزارشتە لە دەسەڵاتی دنیای ئەو چینە بکەن و ببنە خاوەنی سەڵتەنەت. بەڵام ئەو عەسەبانەی کە لەناو ئەم دوو میللەتەدا سەرهەڵدەدەن لەبەر ئەوەی خاوەنی کەلتورێکی باڵاو زمانێکی ستانداردی باڵا نین، ناتوانن وەك عەرەبەکان خەلافەت دروست بکەن.

هەتا ئەوسەردەمەی کە زمانی عەرەبی تەنها زمانی مەزهەبەو هێشتا نەبووەتە زمانی کەلتورێکی بالاّی نامەزهەبی، تەنها عەرەبەکان خاوەنی کەلتورێکی بالاّو زمانێکی ستانداردن، بەلاّم دوای ئەوەی زمانی عەرەبی دەبێت بەزمانی ئەدەبیات و مێژوو و زانستە نامەزهەبییەکانی ترو لەپاڵ کەلتورە مەزهەبییە عەرەبییەکەدا کەلتورێکی نامەزهەبی بالاّش دێتە ئاراوەو رێگە خۆش دەبێت بۆ ئەو عەسەبانەی کە لەناو فارس و تورکدا سەرهەڵدەدەن، کەلتورە عەسەبەییە میللەییەکەی خۆیان لە رێگەی زمانێك لە زمانە سروشتییەکانی خۆیانەوە بکەن بە کەلتورێکی نامەزهەبی بالاّو زمانە سروشتییەکەش بکەن بە زمانێکی ستانداردی لەو جۆرە کە زمانی کەلتورە مەزهەبی و نامەزهەبیە عەربییەکەیە.

عەسەبەکانی ناو ئەم دوو میللەتە بەوەی کە دەبنە خاوەنی کەلتورێکی نامەزهەبی بالاّ، دەتوانن کەلتورە بالاّکەی خۆیان بکەن بەمەرجەعێکی نامەزهەبی بۆ رەوایەتیدان بە دەسەلاّتە سیاسیەکەی خۆیان. ئەوان بەهۆی ئەوەوە کە خاوەنی ئەو کەلتورە نامەزهەبییەن دەتوانن کەلتورەکەیان لەگەڵ کەلتورە نامەزهەبییە عەرەبیەکەدا بەرامبەر بکەنەوە، بە بەرامبەربوونەوەی ئەو کەلتورەی ئەوان لەگەڵ کەلتورە نامەزهەبییە عەرەبیەکەدا، وا دەکات کەلتورە مەزهەبییە عەرەبیەکە لەوە بکەوێت ببێتە تاکە مەرجەعێك بۆ رەوایەتیدان بە دەسەلاّت. لەم سەردەمەدا دەسەلاّت دەبێت ڕەوایەتی لە دوو کەلتوری بالاّ وەرگرێت، کەلتورە مەزهەبییە عەربییەکە و کەلتورێکی نامەزهەبی کە مەرج نییە زمانەکەی زمانی عەربی بێت. بەهۆی ئەم گۆڕانە کەلتورییەوە تورکەکان و فارسەکان لەدوای روخانی خەلافەتی عەباسی و فاتمی دەتوانن خەلافەتی خۆیان دروستبکەن، ئەو دوو خەلافەتەش کە ئەوان دروستی دەکەن رەوایەتی لەکەلتورێکی مەزهەبییەوە وەردەگرێت کە زمانەکەی زمانی عەرەبییە لەگەڵ کەلتورێکی نامەزهەبی کە زمانەکەی زمانی ئەو عەسەبە فارس و تورکانەیە کە خەلافەتەکەیان دروستکردووە.

عەسەبە فارس و تورکەکانی ناو خەلافەتە مەزهەبییە عەربییەکان جیاوازن لەو عەسەبانەی کەخەلافەتە مەزهەبییە فارسی و تورکییەکە دروست دەکەن، جیاوازییەکەشیان لەوەدایە کە عەسەبەی ناو خەلافەتە عەرەبییەکە بەهۆی نەبوونی کەلتورێکی بالاّو زمانێکی ستانداردەوە بەبێ پێکهاتە مەزهەبییە عەربییەکەی ناو خەلافەت ناتوانێت رەوایەتی بۆ دەسەلاّتەکەی خۆی دروست بکات ولەدەرەوەی خەلافەتە عەربییەکەوە ببێت بە دەسەلاّتێکی

سەربەخۆ، بەڵام ئەو عەسەبەی بە سەربەخۆ لە خەلافەتە مەزهەبییە عەرەبییەکە خەلافەتی خۆی دروستدەکات، لەوێوە دەتوانێت دروستی بکات کە بووە بەخاوەنی کەلتورێکی باڵای نامەزهەبی و خەڵکی ناو ئەو عەسەبەیەش لەبری ئەوەی تەنها هێزی زاڵییەتی عەسەبەکە لەگەڵ عەسەبەکە کۆیان بکاتەوە، کەلتورێکی باڵای نامەزهەبیش کۆیان دەکاتەوە کە بە زمانێك لە زمانە ناوچەییەکانی ئەوانە.

ئەو عەسەبانەی کە لەناو فارس و تورکدا سەرهەڵدەدەن، ئەو کاتە دەتوانن خەلافەت دروست بکەن کە لە عەسەبەیەکی خێڵەکییەوە بگۆڕدرێن بۆ عەسەبەیەکی کەلتوری و بتوانن کەلتورێکی نامەزهەبی باڵا بکەن بە سەرچاوەیەکی تری یەکبوونی ناو عەسەبەکەیان. فارس و تورك خەلافەتەکەی خۆیان لە رێگەی عەسەبەیەکەوە دروستدەکەن کەتوانای ئەوەی هەیە زمانێك لە زمانە خێڵکییە سروشتییەکانی ناو خۆی بکات بە زمانی کەلتورێکی نامەزهەبی باڵاو ئەو کەلتورش بکات بە شوناسێك بۆ یەکبوونی ناوەکییانەی خۆی و نیشاندانی جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەو عەسەبانەدا کە وەك ئەو خاوەنی کەلتورێکە نامەزهەبی باڵان.

گەر پێش سەرهەڵدانی کەلتورە نامەزهەبییەکان کەلتوری مەزهەبی، دوو خەلافەتی وەك خەلافەتی فاتمی شیعە مەزهەب و خەلافەتی عەباسی سوونە مەزهەبی لەیەکتر جیاکردبێتەوە، ئەوە لە سەردەمی سەرهەڵدانی کەلتورە نامەزهەبییەکاندا کەلتوری نامەزهەبی و زمانەکەی دوو خەلافەت لە یەکتر جیا دەکەنەوە، واتە لە دەرەوەی عەرەب شوناسی جیاکەرەوەی ئەم دوو خەلافەتە کەلتورە نامەزهەبییەکەو زمانەکەیانەو هەر ئەویش وادەکات کەلتورە مەزهەبییەکەش وەك دوو کەلتوری جیاواز لە نێوان ئەو دوو خەلافەتدا دابەش ببێت.

بوونی سەفەویەکان بە شیعەو گۆڕینی مەزهەبی ئێرانییەکان بە مەزهەبی شیعە لەسەر بنەمای ئەو کەلتورە فارسییە نامەزهەبییەیە کە عەسەبە فارسییەکە جیادەکاتەوە لە عەسەبە تورکییەکەو کەلتورە نامەزهەبییەکەی. واتە بەر لە دروستبوونی دەسەڵاتی سەفەویەکان، خەڵکی ناوچەکە لە رووی مەزهەبەوە هەڵگری هەمان ئەو مەزهەبە بوون کە دەسەڵاتی عوسمانی پەیڕەوی دەکرد، بەڵام هەڵگری هەمان زمان و هەمان کەلتوری نامەزهەبی باڵای دەسەڵاتی عوسمانییەکان نەبوون.

کەلتورە باڵا نامەزهەبییە فارسییەکەو زمانەکەی، فارسەکانی ناو ئێرانی دەکاتەوە بەیەك و لە بەرامبەر تورکە عەسمانییەکان و کەلتورە نامەزهەبییەکەیاندا رایاندەگرتن. دواتر

دەسەڵاتی سەفەوییەکان بە مەزهەبی شیعە ئەو جیاوازیانە لە نێوان عەسەبەکەی خۆی وعەسەبە تورکییە عوسمانییەکەدا دروستدەکات، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە ئیبن خەلدوون لە بارەی عەسەبەکانەوە دەیڵێت و ئەوە دەسەلمێنێ کە دەوڵەت بە بانگهێشەی دینی دروست نابێت، دەوڵەت بۆ دروستبوونی پێویستی بە عەسەبەیەو ئاین جگە لە بەهێزکەرێکی عەرزی هێزی عەسەبە هیچی تر نییە.

باسکردنی عەرەب و فارس و تورك لەسەردەمی خەلافەتەکاندا بۆ ئەوەیە بزانین نەتەوەخوازی ئەم میللەتانە چ پەیوەندییەکی بەو عەسەبەیەوە هەیە کە خەلافەتی بۆ ئەو سێ میللەتە دروستکردووەو ئەو خەلافەتەش چ پەیوەندییەکی هەیە بەو نەتەوەیەوە کە نەتەوەخوازی دروستی دەکات. کاتێك لەو نەتەوانە ورددەبینەوە کە نەتەوەخوازییەکانی ئەو سێ میللەتە بەناوی نەتەوەی تورك و فارس و عەرەب دروستیان کردووەن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەهەمان ئەو رێگایە دروستیانکردوون کە عەسەبەکانیان لە سەردەمی خەلافەتەکاندا خەلافەتەکانی خۆیان پێ دروستکردووەن. نەتەوەخوازی چۆن بەپشت بەستن بە کەلتورێکی پیشەیی مۆدێرن نەتەوە دروست دەکات و بنەمای شوناس لە رێگەی ئەو کەلتورەو زمانەکەیەوە لەناو خۆیدا جێبەجێ دەکات و ناهێڵێت فرەکەلتوری و فرەزمانی لەناویدا سەرهەڵبدات، ئەو عەسەبانەی کە لەناو فارس و تورك و عەرەبدا خەلافەتەکان دروستدەکەن بە هەمان شێوە پەیڕەوی لە یاسای شوناس دەکەن.

ئەوە پەیڕەویکردنی عەسەبەکانە لە یاسای شوناس، خەلافەتی فاتمی و خەلافەتی عەباسی دەکەن بەدوو هێزی بەرامبەر بەیەك، ئەوەش لەم سەردەمەدا عەسەبەکان یاسای شوناس لە رێگەیەوە جێبەجێ دەکەن کەلتوری مەزهەبییە نەك زمانەکەی. بەڵام دوای ئەوەی کەلتورە نامەزهەبییە باڵاکان بە زمانی عەسەبە عەربی و فارسی و تورکییەکە سەرهەڵدەدەن، ئەم عەسەبانە یاسای شوناس لە رێگەی کەلتوری مەزهەبییەوە جێبەجێ ناکەن ، چونکە کەلتوری مەزهەبی بەوەی کە کەلتورێکی عەرەبییەو مەرجەعەکەی ئەو وەحییەیە کە بەزمانی عەرەبییە، تەنها ئەو عەسەبانە دەتوانن یاسایی شوناس لە رێگەیەوە جێبەجێ بکەن و بەهۆیەوە وەك دوو هێزی سەربەخۆ بەرامبەر یەك ببنەوە کە عەرەبن.

خەلافەتی فاتمی و خەلافەتی عەباسی گەر دوو عەسەبەی عەرەب دروستی نەکردانایە تەنها یەکێکیان توانای بوونی دەبوو، بۆیە پێش سەرهەڵدانی کەلتورە نامەزهەبییە باڵاکان ئەو

جیاوازییەی کە لەکەلتوری مەزهەبیدا هەیەو کەلتورەکەی کردووە بەدوو کەلتوری مەزهەبیی جیاواز، تەنها توانای ئەوەی هەیە دوو عەسەبەی هاوزمان و هاورەچەڵەك بەرامبەر یەك بکاتەوە، ئەو عەسەبانەی کە لەو سەردەمەدا هاوزمان و هاورەچەڵەکی عەسەبە عەرەبییەکان نیین ، ناتوانن وەك هێزێکی بەرامبەر بەو دوو هێزە بوونیان هەبێت و لەگەڵیاندا بمێنێتەوە. ئەو عەسەبانە چەندیش بەهێز بن دواتر هەردەبێت بچێنە ناو پیکهاتەی یەکێك لەو دوو هێزە بەرامبەرەوە کە جیاوازی لە مەزهەبدا بەرامبەر یەکی کردوونەتەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی کەلتورە نامەزهەبییە باڵاکاندا ئەم حاڵەتە دەگۆڕێت، عەسەبە غەیرە عەرەبەکان کە خاوەنی کەلتوری نامەزهەبی باڵای خۆیانن، دەتوانن لەپاڵ کەلتورە نامەزهەبییەکەیاندا کەلتورە مەزهەبییەکەش بکەنە هۆیەك بۆ جێبەجێکردنی بنەمای شوناس و خۆجیاکردنەوەیان لەو هێزەی کە لەبەرامبەریانەوە هەیە. گەر کەلتورە نامەزهەبییەکە لەناو میللەتانی غەیرە عەرەبدا سەری هەڵنەدایە، هیچ عەسەبەیەکی ناو ئەو میللەتانە نەیدەتوانی رەوایەتی بۆ دەسەڵاتێکی سەربەخۆ وەرگرێت و تەنها عەسەبە عەرەبەکان لە نێوان خۆیاندا دەیانتوانی ئەو دوو مەزهەبە جیاوازە بکەنە مەرجەعێك بۆ رەوایەتیدان بە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ.

ئەمەش دەمانگەیێنێ بەوەی بڵێین تورك و فارس تەنها لە دوای سەرهەڵدانی کەلتورە باڵا نامەزهەبییەکان توانیان ببن بە دوو هێزی سەربەخۆی رەوا، بۆیە ئەوەی ئەوان رەوایەتی راستەقینەیان بۆ دەسەڵاتە سەربەخۆکەیان لێوە وەردەگرت کەلتورە مەزهەبییە عەرەبییەکە نەبوو، بەڵکو ئەو کەلتورە نامەزهەبییە فارسی وتورکییە بوو کە لەبەرامبەر کەلتورە نامەزهەبییە عەرەبییەکەدا سەری هەڵدابوو.

لەناو سنوری خەلافەتە مەزهەبییە عەرەبییەکاندا ئەو خێڵە بەراییان هەن کە بەدرێژایی مێژووی ئەو خەلافەتانە توانای ئەوەیان نەبووە لە حاڵەتە سروشتییەکەی خۆیان بێنەدەرەوەو ببن بەعەسەبە، هەر لە سەردەمی ئەو خەلافەتانەدا عەسەبە هەیە لەناو ئەو عەسەبە عەربیانەدا دەتوێتەوەو دەبێتە بەشێك لەو عەسەبانەو زمان و کەلتورە مەزهەبییەکەی ئەوان وەردەگرێت. خێڵیش هەیە دەبێت بە عەسەبەو خێڵەکانی دەوروبەری خۆی لەناو خۆیدا دەتوێنێتەوەو لەگەڵ عەسەبە عەرەبییەکانی خەلافەتەکانا دەچێتە ناو پێکهاتەی یەك دەسەڵاتەوە، بەبێ ئەوەی هیچیان لەناو ئەویتریاندا بتوێتەوە.

دوای نەمانی خەلافەتە مەزهەبییە عەرەبییەکان، عەسەبە هەیە کەلتورە خێڵەکییە سروشتییەکەی خۆی دەکات بەکەلتورێکی نامەزهەبی باڵاو زمانێك لە زمانە سروشتیەکانی ناو خۆشی دەکات بەزمانی ئەو کەلتورەو دواتر بەبێ ئەوەی رەوایەتی لە خەلافەتێکی عەرەبی وەرگرێت، دەتوانێت خەلافەتێکی سەربەخۆ دروست بکات، بەڵام عەسبە هەیە وەك دەیلەمییەکان زمان و کەلتورەکەیان بەم پرۆسەیەدا ناڕوات و نابن بەخاوەنی کەلتورێکی نامەزهەبی باڵا، بۆیە دواتریش وەك عەسەبە فارس و تورکەکان ناتوانن خەلافەتی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن.

لەناو ئەو عەسەبانەدا کە کەلتورێکی نامەزهەبی باڵا کۆی کردوونەتەوە عەسەبە تورك و فارسەکان دەتوانن خەلافەتی مەزهەبی خۆیان بەهۆی کەلتورە نامەزهەبییەکەیانەوە دامەزرێنن. عەسەبەش هەیە کە فارس و تورك نییەو بەر لەوانیش بە زمانێك لە زمانەکانی خۆی کەلتورێکی نامەزهەبی باڵا دادەمەزرێنێ، بەڵام وەك عەسەبە فارس و تورکەکان ناتوانێت خەلافەتی خۆی دروست بکات.

حاڵەتی ئەو عەسەبانەی کە لە سەردەمی خەلافەتە ئیسلامییەکاندا خاوەنی دەسەڵات بوون، لە رێگەی ئەو نەتەوەخوازیانەوە کە سەر بەو عەسەبانەن دەگوازرێتەوە بۆ سەردەمە مۆدێرنەکە، واتە تێگەیشتن لە حاڵەتی عەسەبەکانی سەردەمی خەلافەتە ئیسلامییەکان و دەوڵەتەکانیان گرنگە بۆ تێگەیشتن لە نەتەوەخوازی ئەو میللەتانەو دروستکردنی نەتەوەکانیان لەناو سنوری سیاسی دەوڵەت مۆدێرنەکانیاندا.

گەر حاڵەتی عەسەبە عەرەبییەکان و ئەو میللەت و خێڵە ناعەربیانە وەرگرین کە زمانەکانی خۆیان لەدەستداوەو زمانی عەرەبی و کەلتورە مەزهەبییە عەرەبییەکەیان وەرگرتووە و لەناو عەسەبە عەرەبییەکاندا تواونەوتەوە، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە نەتەوەخوازیی عەرەبی لە دروستکردنی نەتەوەی عەرەب لەناو چوارچێوەی چەند دەوڵەتێکی مۆدێرندا لە رێگەی کەلتورە مەزهەبی و نامەزهەبییە باڵاکەی خۆیەوە هەمان عەسەبەی سەردەمی خەلافەتە عەرەبییەکانی بەناوی نەتەوەی عەرەبەوە دروستکردووەتەوە، بەڵام ئەم عەسەبەیە عەسەبەیەکی خێڵەکی نییەو بنەماڵەیەکی قورەیشی فەرمانڕەوایەتی ناکات، ئەم عەسەبەیە عەسەبەیەکی کەلتوری و زمانییەو ئەو زمانە عەرببییەو ئەو کەلتورە مەزهەبی ونامەزهەبییە باڵایە حوکمی دەکات کە بەیاساکانی کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە

داڕێژراوەتەوە. لەناو ئەم عەسەبەیەدا هەمان ئەو میللەت و خێڵانە هەن کە وەك تورك و فارس و کورد لەسەردەمی خەلافەتەکان و بەر لە هاتنی مۆدێرنەو کەلتورە پیشەییەکەی نەیانتوانیوە کەلتورێکی نامەزهەبی باڵا بەرامبەر کەلتورە نامەزهەبییە عەرەبییەکە دروستبکەن و خۆیان لە عەسەبە عەرەبەکان جیابکەنەوە.

نەتەوەخوازیی ئەو میللەتانەی کە پێشتر نەیانتوانیوە ببن بە خاوەنی کەلتورێکی نامەزهەبی باڵا و زمانێکی ئەدەبی باڵا، ناچارن سود لە زمانی عەرەبی و کەلتورە مەزهەبییە عەرەبییەکە وەرگرن تا لە سنوری سیاسی دەوڵەتەکانی خۆیاندا بە پەیڕەوی کردن لە یاسای شوناس و سەراپاگیرکردنی کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە بە زمانی عەرەبی نەتەوەکەیان وەك بەشێك لە نەتەوەی عەرەب دروست بکەن. ئەو میللەتانەی لە چوارچێوەی نیشتمانی عەرەبیدا کۆبوونەتەوە، نەتەوەخوازییەکانیان بەم شێوەیە نەتەوەیان دروستکردووە. ئەمەش بۆخۆی لە ئاستی کەلتورو زماندا پەیڕەویکردنە لە یاسای شوناس و ئەو سیستەمەی کە عەسەبە عەرەبییەکان لە سەردەمی خەلافەتە عەرەبییەکاندا پەیڕەوییان کردووە.

جیاوازی نێوان ئەو نەتەوەیەی کە ئەم نەتەوەخوازیانە لەسنوری چەند دەوڵەتێکدا بەناوی نەتەوەی عەرەبەوە دروستیانکردووە، لەگەڵ ئەو عەسەبە عەرەبییەدا کە لەسەردەمی خەلافەتەکاندا خەلافەتی دروستکردبوو، تەنها ئەوەندەیە لەسەردەمی خەلافەتەکاندا بنەماڵەیەکی قوڕەیشی عەسەبەکەی دروستدەکردو یاسای شوناسی لەناو عەسەبەکەدا جێبەجێ دەکرد، بەڵام لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا ئەو بزووتنەوە نەتەوەخوازانە عەسەبەکە دروستدەکەن کە بەناوی دروستکردنی نەتەوەی عەرەبەوە کەلتورە مۆدێرنەکە بە زمانە عەرەبییە باڵاکە لە سنوری سیاسی دەوڵەتەکەی خۆیاندا سەراپاگیر دەکەن. لەڕووی کەلتورو زمانەوە نەتەوەخوازییەکان بەهەمان شێوەی عەسەبەکان پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری و زمانی دەکەن و لە هەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی سنوری سیاسی نیشتمانی عەرەبیدا میللەتێك هەوڵبدات زمانەکەی خۆی بکات بەزمانی کەلتورە مۆدێرنەکەو لەبەرامبەر زمانی عەربیدا رایگرێت، ئەو تۆتالیتاریەتە کەلتوری و زمانییە دەگۆڕدرێت بۆ شۆڤێنیەتی کەلتوری و زمانی.

فارسەکان و تورکەکان لەسەردەمی خەلافەتە ئیسلامیەکاندا دەتوانن کەلتورێکی نامەزهەبی باڵا بە زمانەکەی خۆیان و شێوازی تایبەتی خۆیان دروستبکەن و بەهۆیەوە خۆیان وەك بوونەوەرێکی سەربەخۆ و جیا لە عەرەب پێناسەبکەن و خەلافەتی سەربەخۆی خۆیان

دروستبکەن، ئەم دوو میللەتەش لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا پەیڕەوی لە هەمان ئەو سیستەمە دەکەن کە عەسەبەکانیان لەسەردەمی دروستکردنی دەوڵەتەکانیاندا پەیڕەویان دەکرد.

نەتەوەخوازی ئەم دوو میللەتە بەهۆی ئەو توانایەی کە پێشتر لە عەسەبەکانیاندا هەبووەو کەلتورە نامەزهەبییەکەیان بە زمانی خۆیان پێ هێناوەتە ئاراوە، لە سەردەمە مۆدێرنەکەشدا بە هەمان شێوە بە زمانەکەی خۆیان کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکەی خۆیان دروستدەکەن و هەر بەو کەلتورەش لە سنوری سیاسی دەوڵەتە مۆدێرنەکەی خۆیان نەتەوەکانیان بەسەراپاگیرکردنی کەلتورە مۆدێرنەکە بە زمانەکەی خۆیان، دروستدەکەن.

نەتەوەخوازی ئەم دوو میللەتەش بەهەمانشێوەی نەتەوەخوازی عەرەبی لە دروستکردنی نەتەوەکانی خۆیاندا پەیڕەوی لەیاسای شوناس دەکەن و کەلتورە پیشەییەکە بە زمانەکانی خۆیان سەراپاگیردەکەن و لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتاکانیاندا هەر میللەتێك بیەوێت کەلتورە پیشەییەکە بەزمانەکەی خۆی وەرگرێت و جیاوازی لە زمان و شێوازی کەلتورە مۆدێرنەکەی ناو ئەو سنورە سیاسیەدا دروستبکات و رووبەڕووی ئەو تۆتالیتاریەتە زمانی و کەلتورییە ببێتەوە کە نەتەوەخوازییەکانیان پەیڕەویان کردووە، لە رێگەی هێزەوە سەرکوت دەکرێت و بەمەش تۆتالیتاریەتە زمانی و کەلتورییەکە دەگۆڕدرێت بە شۆڤێنییەتی کەلتوری و زمانی.

ئەمەی سەرەوە دەری دەخات نەتەوەخوازی عەرەبی و تورکی و فارسی نەتەوەکانی خۆیان لەسەر دروستەی کۆمەڵایەتی هەمان ئەو عەسەبانەو ئەو زمان و کەلتورانەی کە زمان و کەلتوری ئەو عەسەبانەیە دروستکردووەو تاکە جیاوازییەك کە لەنێوان عەسەبەکانی ئەم سێ میللەتەو نەتەوە دروستکراوەکانیاندا هەیە، ئەوەیە لە عەسەبەکاندا خێڵێك لە خێڵەکانی ناو عەسەبەکە دەبێت بەو نموونە کەلتوری و زمانییەی کە لەناو کۆی عەسەبەکەدا سەراپاگیردەکرێت، بەڵام لە نەتەوەکانیاندا زمان و کەلتوری ئەو چینە خوێندەوارە دەبێت بەنموونەیەك بۆ سەراپاگیرکردن کە سەر بە کەلتورە مۆدێرنەکەو کۆمەڵگا مۆدێرنەکەن.

خێڵە زاڵەکانی ناو عەسەبەکان راستە گۆڕاون بەچینێکی خوێندەوار کە هەڵگری کەلتورێکی مۆدێرنن وجیاوازە لەو خێڵە زاڵانەی کە عەسەبەکانیان دروستدەکرد، بەڵام ئەم چینە خوێندەوارە بە هەمان شێوەی خێڵە زاڵەکەی ناو عەسەبە، زمان و شێوازی ئەو خێڵە دەکات بە زمان و شێوازی کەلتورە مۆدێرنەکە کە لە قوتابخانەکاندا وەریگرتووەو دوای ئەمەش هەروەك خێڵی زاڵی ناو عەسەبەکە ئەو زمان و شێوازە کەلتورییەی کە کەلتورە مۆدێرنەکەی

پێدارشتووەتەوە سەراپاگیری دەکات و بە هەمان شێوەی خێڵە زاڵەکە لە دروستکردنی نەتەوەکەیدا پەیڕەوی لە یاسای شوناس و تۆتالیتاریەتی کەلتوری دەکات. ئەم حاڵەتەش تەنها لە ناو ئەم سێ نەتەوەخوازییەدا نییەو حاڵەتی هەموو ئەو نەتەوەخوازیانەی جیهانە کە لە سنوری دەوڵەتەکانیاندا نەتەوەکانی خۆیان دروستکردووە.

گەر لە ناو ئەو مێژووەدا لە حاڵەتی کورد وردببینەوە، دەگەینە ئەو دەر ئەنجامەی کە حاڵەتێکی جیاوازی هەیە لە حاڵەتی عەسەبە عەرەبی و فارسی و تورکیەکانی ناو خەلافەتە مەزهەبییەکانی ئیسلام. خێڵە کوردییەکان بەر لە هاتنی ئیسلام لە سەردەمی میدییەکانەوە ئەو خێڵانە بوون بە پێچەوانەی هەموو خێڵەکانی ناوچەکەوە هەرگیز لە رێگەی هێزو زاڵبوونەوە بەسەر یەکتریدا عەسەبەیان دروستنەکردووەو یەکتریان لەناوخۆیاندا نەتواندووەتەوە. لەسەردەمی ئاشورییەکاندا خێڵە پارسەکان و خێڵەکانی تر بەهۆی هێزو زاڵییەتییەوە عەسەبەکانی خۆیان دروستدەکەن، بۆنموونە لە سەردەمی ئاشورییەکاندا دە خێڵی پارسی هەبوون شەشیان نیشتەجێ بوون و چواریان کۆچەربوون، لەناو ئەو دە خێڵەدا خێڵی هەخامەنشی هێزی زاڵییەتی تیایدا چالاك دەبێت و عەسەبەکەی خۆی لە نۆ خێڵە پارسیەکەی تر دروستدەکات، بەڵام خێڵە میدییەکان کە شەش خێڵن هێزی زاڵییەتی لەناو هیچیاندا سەرهەڵنادات و هیچیان بە پەیڕەوکردنی سیستەمی عەسەبە لە پێنجەکەی تریان عەسەبەکەی دروستناکات و نایانکات بە بەشێك لەجەستەکەی خۆی.

واتە ئەم خێڵانە وەك خێڵە پارسەکان لەناو یەکێکیاندا نابنەوەبەیەك و لە پێکەوەبوونیاندا پەیڕەوی لە یاسای شوناس ناکەن و ناچنە ناو پێکهاتەی یەك عەسەبەوە، بە پێچەوانەی ئەمەوە خێڵە میدییەکان لەو سەردەمەدا جیاوازییە کەلتوری و زمانییەکانی خۆیان دەپارێزن و لە نێوان خۆیاندا پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی دەکەن و ئەمەشە وادەکات وەك پارسەکان نەبن بە بەشێك لە جەستەی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری و بەردەوام لە حاڵەتی سەربەخۆیدا بمێننەوە.

ئەو کاتەی کە ئەم خێلانە لەناو دەوڵەتی میدیدا کۆدەبنەوە، دەوڵەتەکەیان نابێت بە دەوڵەتی عەسەبە، ئەوان لەناو ئەو دەوڵەتەشدا هەریەکەیان دەست بە جیاوازیەکانی خۆیەوە دەگرێت و هیچیان لەناو هیچیاندا ناتوێتەوەو هەرەیەکەیان لەناو پێکهاتەی ئەو دەوڵەتەدا بوونێکی سەربەخۆی دەبێت، واتە لە پێکەوە بوونیان لەناو ئەو دەوڵەتەدا پەیڕەوی لەیاسای جیاوازی دەکەن نەك لە یاسای شوناس.

بە هۆی ئەو سیستەمەوە کە بە بنەمای جیاوازی کاردەکات، دەوڵەتی میدیا دەبێتە دەوڵەتێکی جیاواز لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە بەر لە ئەو هەبوون و دوای ئەویش دێن. دەوڵەتی میدیا لە سەردەمی خۆیدا پەیڕەوی لە سیستەمێکی سیاسی دەکات کە جیاوازە لە سیستەمی دەوڵەتەکانی تر بەوەی کە لەناو خۆیداو لە دەرەوەی خۆیدا پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی دەکات نەك لە یاسای شوناس.

دەتوانین لەمەوە میدیبوونی خێڵە میدییەکان بەوە بزانین کە لە نێوان خۆیاندا پەیڕەوی لەیاسایی جیاوازی دەکەن و بەهیچ شێوەیەك قبووڵی ئەوە ناکەن جیاوازییەکانی خۆیان لەدەست بدەن وبچنە ناو پێکهاتەی هیچ عەسەبەیەکەوەو خۆشیان بەهیچ شێوەیەك لە ڕێگەی توانەوەی خێڵەکانی دەوروبەری خۆیانەوە لەناو جەسەتەی خۆیاندا نابن بەعەسەبە. ئەم خاسیەتەش لە سەردەمی ئاشورییەکاندا تەنها خاسییەتی ئەو خێڵانەیە کە بە میدییەکان ناوبراون.

گەر هاوبەشییەك لە نێوان خێڵە کوردییەکانی سەردەمی ئیسلام و میدییەکاندا هەبێت ئەوەیە کە خێڵە کوردییەکان بە هەمان شێوەی خێڵە میدییەکان نەقبووڵی ئەوە دەکەن جیاوازییەکانی خۆیان لەدەستبدەن و بچنە ناو پێکهاتەی عەسەبەیەکەوە، نە خۆشیان دەبن بەعەسەبەو لەڕێگەی زاڵییەتییەوە خێڵەکانی دەوروبەری خۆیان لەناو جەسەتە کەلتوری و زمانی و سیاسییەکەی خۆیاندا دەتوێننەوە.

خێڵە کوردییەکانی سەردەمی خەلافەت هاوشوناسی خێڵە میدییەکانی سەردەمی ئاشورییەکانن، لەوێوە کە وەك خێڵەکانی دەوروبەری خۆیان بۆ کۆبوونەوەیان پەیڕەوی لە یاسای شوناس ناکەن و ناگۆڕدرێن بۆ عەسەبەو پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی دەکەن و لە ناو پێکهاتەیەکی جیاواز لە پێکهاتەی عەسەبەدا کۆدەبنەوە.

گەر کوردبوون کۆکەرەوەی خێڵە کوردییەکان بێت و خێڵە کوردییەکان لەوەدا هاوشوناسبن کە کوردین، ئەوە کوردبوون هاوخوێنی و هاورەچەڵەکی وهاوزمانی هاوکەلتوری ناگەیێنێ، چوونکە خێڵە کوردییەکان هەر لەسەردەمی میدییەکانەوە هاورەچەڵەك وهاوخوێن وهاوکەلتورو هاوزمان نەبوون ولەزمان وکولتوردا وەك عەسەبەکان پەیڕەوییان لە هاوزمانی و هاوکەلتوری نەکردووەو پەیڕەوییان لە جیازمانی و جیاکەلتوری کردووە. کوردبوون وەك میدیبوون ئەوە دەگەیێنێ کە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵە خێڵێکدا لە ناو یەك پێکهاتەدا پەیڕەوی لە یاسای

جیاوزی بکرێت و پیکهاتەیەك بێتە ئاراوە کە فرەکەلتوری و فرەزمان بێت و  وەك عەسەبەکان پیکهاتەیەك نەبێت کە بە پەیڕەوی کردن لە یاسای شوناس هاتبێتە ئاراوەو قبوڵی فرەزمانی و فرەکەلتوری نەکات.

کەواتە تەنها بەو خێڵانە دەتوانیین بڵێین خێڵی کوردی کە لە کۆبوونەوەیاندا پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی دەکەن نەك لە یاسای شوناس، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ هەر خێڵێك یان هەر ئەتنیکێك لە کۆبوونەوەی لەگەڵ خێڵەکانی تر یان  ئەتنییەکەکانی تردا پەیڕەوی لە یاسای شوناس کردوو چووەیە ناو پێکهاتەی عەسەبەیەکەوە، ئەوە خێڵێك یان ئەتنیکێکی کوردی نییە.گەر لە سەردەمی خەلافەتە عەرببیەکاندا بپرسین کورد چییەو لەچی پێکهاتووە؟.

بەپێی ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کورد پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە خێڵێك کە قبووڵی ئەوەیان نەکردووە خۆیان بن بەعەسەبەو قبوڵی ئەوەشیان نەکردووە کە بچنە ناو پێکهاتەی هیچ عەسەبەیەکەوە.

ئەم خێڵانە بە رەچڵەك و زمان و کەلتور کوردییان پێکنەهێناوەو رەچڵەك و زمان و کەلتور مەرج نیین بۆ ئەوەی ئەو خێڵانە بن بە خێڵی کوردی، ئەوەی مەرجە تەنها ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەی لەگەڵ خێڵە کوردییەکانی تردا لەناو ئەو پێکهاتەدا کە ناو نراوە کورد جیاوازییە کەلتورییەکانی خۆی وخێڵەکانی تری ناو کورد بپارێزێت و پەیڕەوی لەیاسای جیاوازی بکات و رێگە نەدات بەهیچ خێڵێکی تری ناو ئەو پێکهاتەیە لەناوخۆیدا بیتوێنێتەوەو هیچ خێڵێکی ناو پێکهاتەکەش لەناو خۆیدا نەتوێنێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کوردبوونی خێڵە کوردیەکانی سەردەمی خەلافەتە مەزهەبییە عەرببیەکان لەسەر یاسای جیاوازی بەندەو کوردبوون هیچ نییە جگە لە پەیڕەوکردن لە یاسای جیاوازی.

خێڵە کوردییەکان لە سەردەمی خەلافەتە مەزهەبییە عەرەبییەکاندا بە هۆی پەیڕەیکردنیان لە یاسای جیاوازی، هەرگیز وەك خێلە فارسی و تورکی و عەرەبییەکانی ناو سنوری ئەو خەلافەتانە نابن بەعەسەبەو نابن بە بەشێك لە دەسەڵاتی خەلافەت و سەربەخۆیی خۆیان لە رێگەی شەڕ یان ئاشتییەوە دەپارێزن و لەگەڵ ئەوەشدا توانایان هەیە لەناو پێکهاتەی دەسەڵاتی خەلافەتدا وەك عەسەبە فارسی و تورکییەکان ببنە خاوەنی دەسەڵاتی دنیایی و سەڵتەنەتی ناو ئەو خەلافەتانە پێکبهێنن و سەرۆکەکانیان بن بە سوڵتان، بەڵام لەناو مێژووی ئەو خەلافەتە مەزهەبییە عەرەبیانەدا خێڵە کوردییەکان هەرگیز نەچوونەتە ناو پێکهاتەی

دەسەڵاتی خەلافەتەوەو نەبوونەتە خاوەنی سەڵتەنەت. باشترین نموونەش بۆ ئەمە دەوڵەتی ئەیوبیەکان و سەلاحەدینە، سەلاحەدین لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتەکەی دەیتوانی کۆتاییی بە خەلافەتی عەربی بهێنێ وخەلافەتێکی کوردی ئەییوبی بخاتە شوێنی، سەلاحەدین نەك هەر ئەم کارە ناکات بەڵکو ئەوش قبوڵ ناکات ببێتە سوڵتان و دەسەڵاتە دنییایەکەی ناو خەلافەت بگرێتە دەست، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەلاحەدین لە دروستکردنی دەوڵەتەکەیدا وەك دەوڵەتی عەسەبەکان بە یاسای شوناس و زاڵییەتی دەوڵەتەکەی خۆی دروست ناکات، بەڵکو بە یاسای جیاوازی کە یاسایی کوردبوونە دەوڵەتەکەی خۆی دروستدەکات و دەبێتە نموونەیەك بۆ پارێزگاریکردن لە جیاوازیە مەزهەبی و ئاینییەکانی نێوان هەرسێ ئاینە ئاسمانییەکان.

دەوڵەتەکەی سەلاحەدین بەوە لە دەوڵەتی خەلافەت و دەوڵەتی عەسەبە ناعەرببییەکان جیادەکرێتەوە کە بە پەیڕەوکردن لە یاسای جیاوازی دامەزراوە نەك بە پەیڕەویکردن لە یاسای شوناس. دەوڵەتەکەی سەلاحەدین ئەو دەوڵەتەیە کە بە پێی تیۆرەکەی ئیبن خەلدوون کە تیۆری دامەزراندنی دەوڵەتی عەسەبەکانە لێك نادرێتەوەو لە سەردەمی خەلافەتە مەزهەبییەکاندا دەبێتە حاڵەتێکی ناوازەی دەوڵەت.

قودس بۆ عەسەبە مەزهبییەکانی مەسیحییەت و ئیسلام زمینەیەکە بۆ موماڕەسەکردنی هێزی زاڵیەتی و هەریەك لەو عەسەبانە لە ململانێی زاڵەیەتیدا لەگەڵ یەکتریداو دەیەوێت قودس بخاتە ناو سنوری سیاسی عەسەبەکەی خۆی و زاڵببێت بەسەریدا، ئەو کاتەی کە عەسەبەیەکی ناو خەلافەتی ئیسلامی لەناو قودسدا زاڵدەبێت، بە پەیڕەویکردنی لە یاسای شوناس مەزهەبە ئاینییەکەی خۆی دەسەپێنێ بەسەر خەڵکی قودسدا، بەهەمان شێوە کاتێك عەسەبەیەکی مەسیحی لەناو قودسدا زاڵدەبێت بە پەیڕەوی کردنی لە یاسای شوناس مەزهەبە ئاینییەکەی خۆی زاڵدەکات لە سەر هەموو ئەو خەڵکەی کە سەر بە مەزهەبە ئاینییەکانی ترن. لەو کاتەدا کە عەسەبە مەسیحییەکان بەسەر قودسدا زاڵدەبن، مەزهەبە مەسیحییەکەی خۆیان تەنها بەسەر ئەو خەڵکەدا ناسەپێنن کە مەزهەبێکی ئیسلامی هەیە، بەسەر ئەو خەڵکەشدا دەیسەپێنن کە مەزهەبێکی یەهودیان هەیەو یەهودین.

گەر نورەدین زەنکی و خەلیفەی عەباسی قودسیان لە ژێردەسەڵاتی عەسەبە مەسیحییەکاندا دەربهێنایە، مەزهەبە ئیسلامییەکەی خۆیان بەسەر خەڵکە مەسیحی و

یەهودییەکەی قودسدا دەسەپاندو دەیانکرد بەمەزهەبێکی سەراپاگیرو بەمەش لەناو جەستەی عەسەبەکەی خۆیان دەیانتواندنەوەو هەمان ئەو کارەیان دەکرد کە عەسەبە مەسیحیەکان لە قودسدا کردبوویان.

سەلاحەدین لەبەر ئەوەی وەك عەسەبە مەسیحییەکان و عەسەبەکانی ناو خەلافەتە مەزهەبییە عەربییەکان پەیڕەوی لە یاسای شوناس و سیستەمی عەسەبە ناکات، لەدوای سەرکەوتنی بەسەر عەسەبە مەسیحییەکەی ناو قودسدا نایەوێت بە سەپاندنی مەزهەبە ئاینییەکەی خۆی بەسەر خەڵکی قودسدا قودس بکات بە بەشێك لە جەستەی دەوڵەتەکەی خۆی. سەلاحەدین بەهۆی کوردبوونەکەیەوە پەیڕەوی لە یاسایی جیاوازی دەکات و پەیڕەوی کردنیشی لەو یاسایە وای لێدەکات لە دوای رزگارکردنی قودس، نەك هەر موسڵمانەکانی قودس بگەڕێنێتەوە بۆ قودس، بەڵکو جوولەکە دەربەدەرکراوەکانی قودسیش بگەڕێنێتەوەو ئەو مەسیحیانەش کە رازین بەوەی لەناو قودسدا لەگەڵ موسڵمانەکان و جوولەکەکانی قودسدا پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی بکەن، لەناو قودسدا بمێننەوە قودس جێنەهێڵن.

سەلاحەدین بەپەیڕەکردنی لە یاسای جیاوازی قودس لە جەستەی عەسەبە مەسیحی و ئیسلامییەکان دەردەهێنێ و دەیکاتە نموونەی شارێکی فرەئاین و فرەمەزهەب. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ سەلاحەدین لە دەوڵەتەکەی خۆیدا نە پەیڕەوی لە سیستەمی عەسەبەکانی ناو خەلافەتی ئیسلامی کردووەو نەپەیڕەوی لە سیستەمی عەسەبە مەسیحییەکان کردووە، لەکاتێکدا عەسەبە مەسیحییەکان و عەسەبە ئیسلامییەکان بەهۆی پەیڕەکردنیان لە یاسای شوناس لەگەڵ ئەو جیاوازییە ئاینییەی کە لەنێوانیاندا هەیە پەیڕەوی لە هەمان سیستەم دەکەن و هەریەکەیان بە زاڵبوونی بەسەر ئەوەی تریاندا لەناو قودسدا مەزهەبەکەی خۆی بە پەیڕەوکردن لە یاسای شوناس سەراپاگیر دەکردوو و رێگەی نەدەدا جگە لە مەزهەبەکەی خۆی پەیڕەوی لە هیچ مەزهەبێکی تری ئاینی بکرێت گەرچی ئەو مەزهەبە ئاینییەش مەزهەبێکی ئاینی ئاینەکەی خۆیشی بێت.

ئەمەی سەرەوە ئەوە دەردەخات خێڵە کوردییەکان لەو پەری بەهێزی خۆشیاندا وەك عەسەبە عەربی و فارسی و تورکییەکانی سەردەمی خەلافەتە مەزهەبییە عەرەبیەکان پەیڕەویان لە یاسای شوناس نەکردووەو لەناو خۆیان و لە دەرەوەی خۆشیاندا پەیڕەویان لە یاسای جیاوازی کردووە.

ئەو پێکهاتە خێڵەکییە کوردیانەی کە لەسەردەمی خەلافەتە مەزهەبییە عەرەبییەکاندا هەبوون، وەك عەسەبەکان لەبەرامبەر کەلتورە نامەزهەبییە عەرەبییەکەدا توانیویانە کەلتورێکی نامەزهەبی باڵاو زمانێکی باڵا لە زمان و کەلتورە میللییەکانی خۆیان بهێننە ئاراوە، جگە لەمەش ئەو پێکهاتە خێڵەکییە کوردیانەی کە بە پەیڕەویکردن لە یاسایی جیاوازی لەو سەردەمەدا پێکهاتوون، بەر لەوەی کەلتورێکی نامەزهەبی و زمانێکی باڵا بۆ خۆیان بهێننە ئاراوە، توانیویانە کەلتورێکی ئاینی باڵا لە بەرامبەر کەلتورە مەزهەبییە عەرەبیەکان بهێننە ئاراوە.

ئەم پێکهاتە کوردییە خێڵەکیانە لە سەردەمی خەلافەتە عەرەبییەکاندا لە بەرامبەر هەردوو مەزهەبە ئاینییە عەرەبییەکە(سوننە و شیعە) دوو ئاین دەهێننە ئاراوە کە( یارسان و یەزیدی) ن، ئەم دوو ئاینییە لە بەرامبەر ئیسلامی سەردەمی موحەمەددا دروستنابن، بەڵکو لە بەرامبەر هەردوو مەزهەبە عەربییەکەی خەلافەتە عەرەبیەکاندا درستدەبن کە یەکێکیان ئەو خەلافەتە مەزهەبییە عەربییەیە کە عەباسییەکان نوێنەرایەتی دەکەن و ئەوی تریان ئەو خەلافەتە مەزهەبییە عەربییەیە کە فاتمیەکان نوێنەرایەتی دەکەن، یارسان لە بەرامبەر مەزهەبی سوننەدا دروست دەبێت و یەزیدی لە بەرامبەر مەزهەبی شیعەدا دروستدەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لە دەقە ئاینییەکانی یارسان و یەزیدییەتدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەم دوو ئاینە دوو دەرکەوتەی جیاوازی یەك ئاینن کە ئاینی حەقیقەتە، بەڵام ئەم ئاینە لە بەرامبەر ئاینە نامەزهەبییەکەی سەردەمی موحەمەددا سەری هەڵنەداوە، ئەم ئاینە بەپێی دەقەکانی یارسان وا نیشاندەدرێت کە دەرکەوتەی هەمان رووحە کە ئاینە نامەزهەبییەکەی سەردەمی موحەمەدو دوو ئاینە نامەزهەبییە ئاسمانییەکەی تر سەرچاوەیان لێوە گرتووە، لەناو دەقەکانی یارساندا ئاینە ئاسمانییەکان و ئاینی حەقیقەت لە پەیوەندی لەبری یەکبووندان نەك لە پەیوەندی بەرامبەربووندا، بەڵام یارسان وەك دەرکەوتەیەکی ئاینی حەقیقەت روحی کوردیی لە بەرامبەر مەزهەبی سوننەدا دەرکەوتی دەکات و یەزیدیەتیش هەمان روح لە بەرامبەر شیعەدا دەرکەوتی دەکات.

گەر هەردوو مەزهەبەکەی ئیسلام لە زماندا پەیڕەییان لە یاسای شوناس کردبێت و زمانەکەیان زمانی عەربی بووبێت، ئەوە ئەم دوو دەرکەوتە ئاینییەی ئاینی حەقیقەت کە لەبەرامبەر ئەو دوو مەزهەبە دەرکەوتوون، لە زمانەکەیاندا پەیڕەوییان لە یاسای جیاوازی

کردووە و هەریەکەیان لە زمانێکی جیاوازدا خۆی شێوەگیر کردووە، نەك هەر ئەمە تەنانەت هەریەکەیان لەناو خۆشیاندا پەیڕەوی لە فرەزمانی کردووە.

دەقەکانی (سەرئەنجام) کە کتێبی ئاینیی یارسانەکانە، بە چەند شێوازێکی زمانی جیاواز نوسراونەتەوە تەنانەت لەناو یەك دەقدا کە یەك بابەتی هەیە پەیڕەوی لە فرەزمانی کراوە. بەڵام ئەوانەی کە دانەری ئەو دوو مەزهەبە ئیسلامییەن لە نوسینەوەی دەقە مەزهەبییەکانی خۆیاندا پەیڕەوییان لە یاسای شوناسکردووەو زمانی عەرەبییان بۆ دەقە مەزهەبییەکان بەکارهێناوە. مەزهەبی شیعە کە لەم سەردەمەدا بە مەزهەبی فارسەکان ناسراوە لەڕاستیدا مەزهەبێکی فارسی نییەو زمانی دەقە مەزهەبییەکان وتەقسە ئاینییەکانی هەمان ئەو زمانە عەرەبییەی دەقە قورئانییەکان ودەقە مەزهەبییەکانی مەزهەبی سوننەیە. مەزهەبی شیعە مەزهەبێکی دروستکراوی دەستی فارسەکان نییەو فارسەکان دوای سەرهەڵدانی ئەم مەزهەبەو پەرەسەندنی دەبن بە شیعەو ئەم مەزهەبە وەردەگرن.

لەناو میللەتەکانی سەردەمی خەلافەتدا هیچ عەسەبەیەك ناتوانێت زمانەکەی خۆی بکات بەزمانی ئاین، تا ئەم سەردەمەش زمانی ئاین لە جیهانی ئیسلامیدا زمانی عەرەبییەو زمانی تورکی و زمانی فارسی لە سەردەمی خەلافەتە مەزهەبییە ناعەرەبییەکاندا دەبن بەزمانی کەلتورێکی باڵای نامەزهەبی، بەڵام نابن بەزمانی مەزهەب، زمانی مەزهەبیی فارس و تورك لە سەردەمی دامەزراندنی دەسەڵاتە مەزهەبییەکانی خۆشیاندا هەر زمانی عەرەبییەو هەمان ئەو زمانەیە کە عەسەبە عەرەبییەکان کردوویانە بەزمانی کەلتورە مەزهەبی و نامەزهەبییەکەی خۆیان.

لەناو ئەو میللەتانەی سەردەمی خەلافەتە عەرەبییەکاندا تەنها پێکهاتە خێڵەکییە کوردییەکان هوشیاری ئاینی لەلایان پەرە دەسێنێ و زمانە ناوچەییەکانی خۆیان دەتوانن بەرز بکەنەوە بۆ زمانی کەلتورێکی ئاینی، لەمەشدا بە پێچەوانەی عەرەبەکانەوە لە زمانە ئاینەییەکەدا پەیڕەوی لە یاسایی جیاوازی دەکەن و دەقەکانی ئاینی حەقیەقەت بە چوار شێوەی زمانی ئەو پێکهاتە کوردییانە دەنوسرێنەوەو بە یەك زمان نانوسرێنەوە.

ئەم پێکهاتە کوردیانە بەوەی کە خاوەنی کەلتورێکی مەزهەبی باڵای وەك کەلتورە مەزهەبییە سونی و شیعییەکەن، دەتوانن دەوڵەتێکی ئاینی سەربەخۆ لە بەرامبەر خەلافەتە مەزهەبییەکاندا دروستبکەن، بەڵام عەسەبە تورکی و فارسییەکان ئەمە ناتوانن بکەن چونکە

کەلتورێکی مەزهەبییان بە زمانەکەی خۆیان نییە. ئەو پێکهاتە کوردییانە لەبەرئەوەی لەئاینەکەیاندا پەیرەویان لە یاسای جیاوازی کردووە، دەوڵەت لەسەر بنەمای مەزهەب دانامەزرێنن، دەوڵەت لەسەر بنەمای مەزهەب کاتێك دادەمەزرێت کە ئەو مەزهەبە بە پەیڕەویکردن لە یاسایی شوناس دامەزرابێت و هەڵگری هەمان خاسیەتی عەسەبەکان بێت و شیاوی ئەوە بێت خۆی و زمانەکەی لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتێکدا سەراپاگیر بکرێن.

شا ئیسماعیلی سەفەوەی ناتوانێت دەوڵەتە مەزهەبییەکەی خۆی لە سەر ئەو ئاینە کوردییەی شێخ سەفیی باپیرەی دامەزرێنێ، چونکە مەزهەبە کوردییەکەی شێخ سەفی هەمان مەزهەبی یارسانەکانەو بە پەیڕەوکردن لە یاسای جیاوازی دامەزراوە، شا ئیسماعیل لەبەر ئەمە ناچار دەبێت دەوڵەتەکەی لەسەر مەزهەبی ئەو مەلا شیعانە دامەزرێنە کە لە سوریاوە دەیانهێنێ.

ئاینە کوردییەکە لەبەرئەوەی لە زمانی دەقە پیرۆزەکانیدا پەیڕەوی لە جیاوازی زمانی دەکەن و لەسەر جیاوازی زمانی و کەلتوری دادەمەزرێن، نابن بە کەلتورێك بۆ دەوڵەتداری، ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە پێکهاتە کوردییەکان لە سەردەمی خەلافەتە عەرەبییەکاندا دەتوانن زمان و کەلتورە ناوچەییەکەی خۆیان بەرز بکەنەوە بۆ زمان وکەلتورێکی مەزهەبی باڵاو لەمەشدا پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی بکەن نەك یاسای شوناس. ئەمەش بۆخۆی بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە پێکهاتە خێڵەکییە ناوچەییەکانی کورد وەك پێکهاتە خێڵەکییە ناوچەییەکانی عەرەب و فارس و تورك پێکهاتەی دەمارگیر نەبوون و لە پێکهاتنیاندا وەك عەسەبەکان پەیڕەوییان لە یاسای شوناس نەکردووەو بە پەیڕەوی کردنیان لە یاسای جیاوازی لە کەلتورە ئاینییەکەشیاندا جەختیان لە سەر کوردبوونی خۆیان کۆدووەتەوەو ئەوەیان خستووەتەڕوو کە کوردبوون پەیڕەوکردنە لە یاسای جیاوازی لە پێکهێنانی دەوڵەت و کەلتوری مەزهەبیدا.

پێکهاتە کوردییەکان لە سەردەمی سەرهەڵدانی کەلتورە ئەدەبییە نامەزهەبییە باڵاکانی سەردەمی خەلافەتەکاندا بەهەمان شێوەی عەسەبە تورك و فارس و عەرەبەکان کەلتورە ئەدەبییە نامەزهەبییە باڵاکەی خۆیان دادامەزرێنن، بەڵام لە دامەزراندنی ئەم کەلتورە نامەزهەبییە باڵایەشدا وەك ئەو سێ عەسەبەیە پەیڕەوی لە یاسای شوناس ناکەن و پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی دەکەن. پەیڕەوکردنیان لەم یاسایە وادەکات ئەو کەلتورە نامەزهەبییە باڵایەی

کە بەرهەمی دەهێنن، لەبری ئەوەی بەیەك شێوەی زمانی بنوسرێتەوە بە چوار شێوەزمان بنوسرێتەوە.

لەم سەردەمەدا فارس و عەرەب و تورك کەلتورە نامەزهەبییەکەی خۆیان بە یەك شێوەی زمانی دادەمەزرێنن وهەرەیەکەیان خاوەنی یەك کەلتوری نامەزهەبی و یەك زمانی باڵایە، کەچی پێکهاتە کوردییەکان لەم سەردەمەدا بەهۆی پەیڕەویکردنیان لە یاسای جیاوازی لەبری یەککەلتوری نامەزهەبی باڵا چوار کەلتوری نامەزهەبی باڵا دادەمەزرێنن، هەر ئەمەشە وادەکات هەریەك لە عەرەب و فارس و تورك بن بە خاوەنی یەك کەلتوری ئەدەبی کلاسیك، بەڵام کورد ببێت بە خاوەنی چوار کەلتوری ئەدەبی کلاسیك. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە پێکهاتە خێڵەکییە کوردییەکان عەسەبە نەبوون و وەك عەسەبە عەربی و فارسی و تورکییەکان لە کەلتورە ئەدەبییە باڵاکەی خۆیاندا پەیڕەوییان لە یاسای شوناس نەکردووەو پەیڕەوییان لە یاسای جیاوازی کردووە.

لە دوای ئەوەی کۆتایی بە خەلافەتە نامەزهەبییەکانی ئیسلام دێت و خەلافەتە مەزهەبییەکانی ئیسلام وعەسەبە عەرەبییەکان سەرهەڵدەدەنەوە، خێڵە کوردییەکان لەبەرامبەر عەسەبە عەربی و فارسی و تورکییەکاندا نابن بە عەسەبەو پەیڕەوی لە یاسای شوناس ناکەن. لە بەرامبەر ئەو عەسەبانەدا جۆرێك لە پێکهاتە لە کۆبوونەویان دێتەئاروە کە پەیڕەوی لە جیاوازی دەکات، ئەم پێکهاتانە بە ڕواڵەت لە عەسەبەکان دەچن بەڵام لەناوەوە عەسەبە نین، چونکە خێڵەکانی ناو ئەم پێکهاتانە وەك عەسەبەکان لەسەر تۆتالیتاریەتی مەزهەبی و زمانی و کەلتوری دانەمەزراون و لەناوخۆیاندا پەیڕەوی لە یاسایی شوناس ناکەن و پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی دەکەن و بەهۆی ئەمەشەوە پێکهاتەیەکی فرەمەزهەب و فرەزمان و فرەکەلتوریان لێ پێکهاتووە کە تەواو جیاوازە لە پیکهاتەی عەسەبەکان.

ئەم پێکهاتە خێڵەکییانە لە سەردەمی خەلافەتە مەزهەبییەکاندا بە درێژای زیاتر لە هەزار ساڵ پەیڕەوییان لە سیستەمێك کردووە کە لە سەر جیاوازییە کەلتوری و زمانی ومەزهەبییەکان دامەزراوەو جیاوازە لەو سیستەمەی کە عەسەبە عەربی و فارسی و تورکییەکان بەدرێژایی ئەو سەردەمە پەیڕەوییان کردووە. هەر ئەمەشە وایکردووە کە عەسەبە فارسی و تورکی و عەرەبییەکان ئیمپراتوریەتە مەزهەبییەکانی خۆیان بەناوی خەلافەتەوە دامەزرێنن، بەڵام ئەم پێکهاتە کوردییانە لەگەڵ ئەوەشدا توانای دامەزراندنی ئیمپراتوریەتێکی

مەزهەبیان هەبووە، ئیمپراتوریەتی مەزهەبی خۆیان دانەمەزراندووە. ئەمە لەلایەکەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیمپراتۆریەت بە پەیڕەوی کردنی لە یاسای شوناس دادەمەزرێت نەك بە پەیڕەویکردن لە یاسای جیاوازی. لەلایەکی ترەوە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوەی بووەتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەدا کوردیش وەك ئەو سێ میللەتە خەلافەتی خۆی دروستبکات، نەبوونی هێزو توانا نەبووە بەڵکو ئەوەبووە کە نەیتوانیوە پەیڕەوی لە یاسای شوناس بکات و پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی کردووە.

کاتێك کورد بەمێژووە هەزار ساڵییەکەی خۆیەوە لە پەیڕەوکردنی ئەو سیستەمەدا کە بە یاسایی جیاوازی کاردەکات، لەگەڵ عەسەبە فارسی و عەرەبی و تورکییەکاندا کە خاوەنی ئەزموونی هەزارساڵەن لە پەیڕەوکردنی ئەو سیستەمەی عەسەبەدا کە بە یاسایی شوناس کاردەکات، دێنە ناو سەردەمە مۆدێرنەکەوە، بێگومان لەبەرامبەر مۆدێرنەو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی و نەتەوەخوازیدا تووشی دوو حاڵەت جیاواز دەبن.

فارس و تورك و عەرەب لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا دەتوانن بە ئاسانی قبوولّی ئەو تۆتالیتاریەتە زمانی و کەلتورییەی نەتەوەخوازی بکەن ، چوونکە مێژوویەکی هەزار ساڵەیان لە پەیڕەویکردن لە تۆتالیتاریەت و یاسای شوناسدا هەیە، بەڵام کورد کە کوردبوونەکەی لە سەر پەیڕەویکردن لە یاسایی جیاوازی دامەزراوە، ناتوانێت قبوولّی ئەو تۆتالیتاریەتە زمانی و کەلتورییە بکات کە نەتەوەخوازیی لە دروستکردنی نەتەوەدا داوای دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە بنچینەدا کوردبوونی زمان و کەلتور لە جیاوازییە زمانی و کەلتورییەکانیاندایەو ئەو پێکهاتە کوردیانە بە درێژایی هەزا ساڵ شەڕی تۆتالیتاریەتی عەسەبە عەربی و فارسی و تورکییەکانی خەلافەتە مەزهەبییەکانیان کردووە و ئەو سیستەمەیان لە زمان و کەلتوردا پەیڕەو کردووە کە بە یاسای جیاوازی کار دەکات.

بزووتنەوە کوردییە مۆدێرنەکان لەگەڵ ئەوەشدا وەك بزووتنەوە مۆدێرنەکانی دنیا کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە وەردەگرن و پەرە بە کۆمەڵگای پیشەسازی دەدەن، بەڵام ناتوانن وەك ئەو بزووتنەوە مۆدێرنانە بن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، چوونکە بوونیان بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز لەوان دەخوازێت دەستبەرداری ئەو سیستەمە بن کە کار بە یاسایی جیاوازی دەکات وکوردبوونی ئەوانی بەدرێژاییی هەزار ساڵ لە سەردامەزراوە. ئەوان ناتوانن دەستبەرداری ئەو سیستەمە بن و قبوولّی ئەوە بکەن کە نەتەوەخوازی لەوانی دەخوازێت.

بەڵام بزووتنەوە مۆدێرنە عەربی و فارسی و تورکییەکان بە ئاسانی دەتوانن لە بزووتنەوەیەکی مۆێنەوە بن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، چونکە ئەوان کاتێك پەیڕەوی لە یاسای شوناس و توتالیتاریەتی کەلتوری و زمانی دەکەن، پەیڕەوی لەهەمان ئەو سیستەمە دەکەن کە بەدرێژای ئەو هەزار ساڵە عەربوون و تورکبوون و فارسبوونی ئەوانی لەسەردامەزراوە. ئەوان بە پەیڕەیکردن لە یاسای شوناس و تۆتالیتاریەتی زمانی و کەلتوری وەك بزووتنەوە کوردییەکان پێویستیان بە گۆڕانی ئەو سیستەمە نییە کە پێکهاتە خێڵەکییە کوردییەکانی سەردەمی خەلافەت پەیڕەوییان کردووە، ئەوان بە پەیڕوکردن لەو سیستەمەی کە نەتەوەخواوی لەوانی دەخوازێت پەیڕەوی لەهەمان ئەو سیستەمە تۆتالیتاریەتە دەکەن کە عەسەبەکانیان لەسەردەمی خەلافەتەکاندا پەیڕەوییان کردووە.

ئەو بزووتنەوە مۆدێرنانەو بزووتنەوەکانی تری جیهان بۆ ئەوەی بن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز تەنها ئەوەندەیان لەسەرە کە ئەو سیستەمەی لە مێژووە پرێمۆدێرنەکەدا عەسەبەکانیان پەیڕەوییان کردووە لە کۆمەڵگا پیشەسازییە مۆدێرنەکەی خۆیاندا پەیڕەوی بکەن. بەڵام ئەمە بۆ بزووتنەوە کوردییەکان بەو شێوەیە ئاسان نییە، چوونکە بۆ بوونیان بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز تەنها ئەوەندە بەس نییە ئەو سیستەمەی کە بە درێژایی سەردەمی خەلافەتەکان پێکهاتە کوردییەکان پەیڕەوییان کردووە لە پەرەسەندن و دروستکردنی کۆمەڵگا پیشەسازییەکەیاندا پەیڕەوی بکەن، بەڵکو ئەوان دەبێت ئەو سیستەمە لە سیستەمێکی جیاوازیخوازو ناتۆتالیتارەو بگۆڕن بۆ سیستەمێکی ناجیاوازیخوازو تۆتالیتار.

ئەم بزووتنەوە مۆدێرنانە بەگۆڕینی ئەم سیستەمە لەناو کۆمەڵگا کوردیەکاندا ڕەوایەتی لەدەستدەدەن، چوونکە ئەم بزووتنەوانە بەوە کوردین کە لە شێوازی زمانی و کەلتوری کەلتورە مۆدێرنەکەدا پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی بکەن و لە بەرامبەر هەموو جۆرە تۆتالیتاریەتێکی زمانی وکەلتوریدا ڕاوەستن. گەر ئەم بزووتنەوانە پەیڕەوی لەو تۆتالیتاریەتە زمانی و کەلتورییە بکەن کە نەتەوەخوازی داوای دەکات، ئەوە کوردبوونی خۆیان لەدەستداوەو ناتوانن بە ناوی کوردبوون و زمانی کوردی وکەلتوری کوردییەوە ڕەوایەتی بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتورە مۆدێرنەکەو پەرەسەندنی کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی خۆیان دەست بخەن.

لەمەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت بزووتنەوەیەکی مۆدێرن بۆ ئەوەی ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز دەبێت پەیڕەوی لەو سیستەمە بکات کە عەسەبەکان لەناو

سەردەمە پریمۆدێرنەکەدا پەیڕەوییان کردووە، ئەو بزووتنەوانەی کە لەزمان و شێوازە کەلتورەیەکەدا وەك بزووتنەوە کوردییەکان پەیڕەوی لەیاسای شوناس و ئەو تۆتالیتاریەتە نەکات کە عەسەبەکان لە سەردەمە پریمۆدێنەکەدا پەیڕەوییان کردووە، نابن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز. ئەمەی سەرەوە ئەوە دەردەخات ئەوەی بەکەلتورە مۆدێرنە پیشەییەکە دروستدەکرێت نەتەوە دروستکراوەکەی ناو دەوڵەت نییە، بەڵکو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی ناو دەوڵەتە.

ئەوەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی ناو دەوڵەتیش دەکات بە نەتەوە، ئەو زمان و شێوازە کەلتورییەیە کە ئەو نەتەوەخوازییە وەك زمان و شێوازی کەلتوریی تایبەت بەخۆی بەپەیڕەوکردن لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری وزمانیی لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەدا سەراپاگیری دەکات.

گەر نەتەوەخوازییەك زمانێکی تایبەت بەخۆی و شێوازێکی تایبەت بەخۆی بۆ داڕشتنی کەلتورە مۆدێرنەکە نەبێت، ناتوانێت کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی ناو دەوڵەتەکەی خۆی بکات بەنەتەوە. واتە بوونی شێوازێکی زمانی و کەلتوری تایبەت مەرجە بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی مۆدێرن بتوانێت ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز. هیچ یەك لەو نەتەوەخوازیانەی کە لە جیهاندا لەناو دەوڵەتەکانی خۆیاندا نەتەوەکانی خۆیان دروستکردووە بەبێ پەیڕەویکردن لەم یاسایە نەیانتوانیوە نەتەوەکانی خۆیان دروست بکەن. بەمانایەکی تر هەموو نەتەوەخوازییەکانی جیهان بە پەیڕەوکردنی ئەم یاسا گشتییە کە یاسای شوناسە نەتەوەکانی خۆیان دروستکردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پەیڕەویکردن لە تۆتالیتاریەتی زمانی و کەلتوری مەرج و بنەمای راستەقینەی دروستکردنی ئەو عەسەبە مۆدێرنانەیە کە ناو نراون نەتەوە.

لەمەوە دەبێت ئێمە بتوانین لە لایەکەوە بزووتنەوە مۆدێرنەکان و نەتەوەخوازی لە یەکتر جیابکەینەوە، لەلایەکی تریشەوە دەبێت بتوانین کۆمەڵگای پیشەسازی لەو کۆمەڵگایە جیابکەینەوە کە نەتەوەخوازی بەناوی نەتەوەوە دروستیدەکات. دەبێت ئەوەش بزانین هیچ بزووتنەوەیەکی مۆدێرن گەر نەبێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازو پەیڕەوی لە یاسای شوناس و تۆتالیتاریەت لە شێوازە کەلتوری و زمانییەکەی خۆیدا نەکات، نەك ناتوانێت نەتەوە دروست بکات، بەڵکو ئەو دەوڵەتەش کە هەیەتی ناتوانێت پارێزگاری لێبکات و رێگە بگرێت لە

هەڵوەشاندنەوەی. بەپەیڕەویکردن لە تۆتالیتاریەتی زمانی و کەلتوری و هەندێ جاریش مەزهەبی هەموو ئەو نەتەوانە لەناو جیهاندا دروستکراون کە لەناو جیهانە مۆدێرنەکەدا بەنەتەوە دادەنرێن وهەموو ئەو ئەرك و مافانەیان پێ ڕەوا دەبینرێت کە سیستەمە نێودەوڵەتییەی جیهانییەکە دەیدات بە نەتەوە.

لە جیهانە مۆدێرنەکەدا پەیڕەویکردن لە تۆتالیتاریەتی زمانی و کەلتوری و مەزهەبی جیاکەرەوەی بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانە لە بزووتنەوە نا نەتەوەخوازەکان، بەڵام پەیڕەویکردنی ئەم یاسایە جیاکەرەوەی بزووتنەوە مۆدێرنەکان نییە لە بزووتنەوە نامۆدێرنەکان.

مەرجی بوونی بزووتنەوەیەك بە بزووتنەوەیەکی مۆدێرن تەنها ئەوەیە کە کەلتورە مۆدێرنە پیشەییەکەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکە پەرە پێبدات، ئەم بزووتنەوەیە بەپەیڕەونەکردنی یاسای شوناس و تۆتالیتاریەتی زمانی و کەلتوری و مەزهەبی، شوناسی مۆدێرنبوونی خۆی لەدەست نادات. بەڵام مەرجی بوونی بزووتنەوەیەك بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز تەنها ئەوە نییە کە بە کەلتورە مۆدێرنەکە پەرە بە کۆمەڵگا پیشەسازییەکە بدات، ئەو بزووتنەوەیە بەم کارە تەنها دەتوانێت ببێت بە بزووتنەوەیەکی مۆدێرن وناتوانێت ببێت بەبزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز. بۆئەوەی ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز مەرجێکی تر هەیەو بەبێ جێبەجێ کردنی ئەو مەرجە ناتوانێت ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، ئەو مەرجەش ئەوەیە ئەو بزووتنەوەیە شێوازێکی زمانی تایەبەت و شێوازێکی کەلتوری تایبەت و شێوازێکی مەزهەبی تایبەت یان یەکێك لەمانە لەناو ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەدا سەراپاگیر بکات و ڕێگە نەدات جگە لەو شێوازە زمانی وکەلتوری ومەزهەبییەی خۆی پەیڕەوی لەهیچ شێوازێکی تر بکرێت.

هەر بزووتنەوەیەکی مۆدێرن بۆ ئەوەی ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز دەبێت بەپێی ئەو ناوکۆییەی نێونەتەوەییەی کە تێی کەوتووە پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی یان شێوازی کەلتوری یان شێوازی مەزهەبی یان دوان لەوانە یان هەرسێکیان بکات، گەر پەیڕەوی لەمە کرد جا دەتوانێت ببێت بەبزووتەوەیەکی نەتەوەخوازو ناوکۆییە نێودەوڵەتییەکە ڕێگەی پێدەدات لەناو دەوڵەتەکەیدا نەتەوەکەی خۆی دروست بکات و دەوڵەتەکەی لە دەوڵەتێکی مۆدێرنەوە بکات بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی مۆدێرن و وەك هەر دەوڵەتێکی نەتەوەیی تر لە ناو سیستەمە نێونەتەوەییی و نێودەوڵەتییەکەدا مافی بوون و مانەوەی هەبێت. دەکرێت لە ڕێگەی حاڵەتە جیاوازەکانی پەیڕەوکردنی ئەم یاسا گشتییەوە ڕەخنە لەبۆچوونەکەی ئێمە بگیرێت و

گومان بخرێتە سەر ئەوەی تۆتالیتاریەتی شێوازی کەلتوری و زمانی و مەزهەبی یاسایەکی گشتی بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان بێت. دەکرێت بوترێت لەناو دەوڵەتێکی وەکو سویسرادا پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی و کەلتوری و مەزهەبی نەکراوەو لەناو دەوڵەتی بەریتانیشدا رێگە دراوە بە سوکوتلەندیەکان بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت و لە بۆنە میللیەکانی خۆیاندا شێوازە زمانی و کەلتوریی و مەزهەبییەکەی خۆیان بەکاربیهێنن و ئەمەش بکرێت بەبەڵگە کە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی و کەلتوری ومەزهەبی یاسایەکی گشتی نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەکانی جیهان نییەو ناکرێت بەمەرجی بوونی هەموو بزووتنەوە نەتەوەخوازییەکان بزانرێت.

ئەو گومانەی کە لێرەدا دەخرێتە سەر بۆچوونەکەی ئێمە، سەرچاوە لەوەوە دەگرێت کە شێوە جیاوازەکانی پەیڕەوی کردنی ئەم یاسا گشتییە بەوە زانراوە کە شکاندنی یاسا گشتییەکەیەو گۆڕینی یاسای شوناسە بە یاسای جیاوازی، بەڵام گەر بەوردی لەم دوو حاڵەتەو حاڵەتە هاوشێوەکانیان لەناو جیهاندا رامێنیین، دەگەین بەوەی کە ئەم حاڵەتانە دەرکەوتەی جیاوازی پەیڕەوکردنی هەمان یاسان و لەناو ئەو دەوڵەتانەشدا نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەکان پەیڕەویان لەهەمان یاساکردووەو نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی ئەو یاسایە دەرچن.

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی لەناو نەتەوەخوازییەکانی ئەمڕۆی جیهاندا چەند شێوازێکی جیاوازی پەیڕەویکردن لە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی وکەلتوری ومەزهەبی دیاری بکەین :

*یەکەم*: ئەو نەتەوەخوازییانەی کە تۆتالیتاریەتی کەلتوری لە شێوەی شۆڤێنیەتی کەلتوریدا پەیڕەو دەکەن، وەك نەتەوەخوازی تورکی و فەرنسی، ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازی لە شێوازی زمانی و کەلتوری و مەزهەبیدا پەیڕەوی لەو جۆرە لە تۆتالیتاریەت دەکات کە عەسەبەکانی ناو کۆمەڵگا پریمۆدێرنەکان لە رۆژهەلأت و رۆژئاوادا لەناو خۆیاندا پەیڕەوییان کردووە. پەیڕەویکردن لە تۆتالیتاریەت لەناو ئەم دەوڵەتانەدا رێگە نادات هیچ شێوازێکی زمانی و کەلتوری و مەزهەبی جگە لەو شێوازانەی کە نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەکە پەیڕەوی دەکات لە ئاستە کۆمەڵایەتی و میللییەکاندا پەیڕەوبکرێت، ئەو شێوازە زمانی وکەلتوری ومەزهەبییانەی کە جیاوازن لە شێوازی زمانی و کەلتوری و مەزهەبیی نەتەوەخوازیەکە، تەنها لەئاستی خێزانەکان و ناو ماڵەکاندا رێگەپێدراون و بەهەموو شێوەیەك رێگە لەوە دەگیرێت ئەم شێواە زمانی و کەلتوری و مەزهەبییە جیاوازانە پەرەبسێنن بکشێن بۆ دەرەوەی ماڵەکان و بن بە

شێوازی بۆنە میللیەکان و خوێندنی بنەڕەتی قوتابخانەکان. ئەو تۆتالیتاریەتەی لەناو ئەم دەوڵەتانەدا نەتەوەخوازییەکان پەیڕەوی دەکەن هەمان ئەو تۆتالیتاریەتەیە کە لە کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکاندا عەسەبەکان لە ئاستی دەسەڵات و موڵکییەتدا پەیڕەوییان کردووە.

*دووەم:* ئەو نەتەوەخوازیانەی کە پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی و کەلتوری و مەزهەبی لە ئاستە سیاسییەکەو شوناسی نەتەوەیی دەوڵەتدا دەکەن، وەك نەتەوەخوازی ئینگلیزی لە بەریتانیا و نەتەوەخوازی عەربی لە عێراقدا.

نەتەوەخوازیی ئینگلیزی لەناو بەریتانیادا تا نەوەدەکان بە هەمان شێوەی نەتەوەخوازی فەرنسی و تورکی پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی و کەلتوری و مەزهەبی دەکات، بەڵام بەهۆی لاوازی سوکوتلەندیەکان و ویلیزییەکانەوە ئەم تۆتالیتاریەتە شێوازە شۆڤێنییەکەی وەرناگرێت. دوای ئەوەی نەتەوەخوازیی ئینگلیزی ڕێگە دەدات بە سکوتلەندییەکان لەناو ناوچەکەی خۆیاندا لە ئاستە میللیەکەدا شێوازە زمانی و کەلتوری و مەزهەبیەکەی خۆیان بەکار بهێنن، تۆتالیتاریەتەکەی شێوازێکی تر وەردەگرێت و لەئاستە میللییەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاستە سیاسییەکەو شوناسی دەوڵەتە نەتەوەییەکە.

نەتەوەخوازی ئینگلیزی لەوەدا پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی و کەلتوری دەکات کە ڕێگە نادات بە سوکتلەندییەکان و ویلزییەکان شێوازە زمانیی و کەلتورییە ناوچەییەکەی خۆیان بکەن بە بنەمای شوناسێکی سیاسی و نەتەوەیی لەو جۆرە کە نەتەوەخوازیی ئینگلیزی لەناو بەریتانیادا هەیەتی. واتە نەتەوەخوازیی ئینگلیزی ڕێگە نادات شێوازی کەلتوری و زمانی سکوتلەندییەکان و ویلزییەکان ببێت بەو جۆرە لە شێوازی زمانی و کەلتوری کە زمان و کەلتوری ئینگلیزی هەیەتی.

نەتەوەخوازیی ئینگلیزی هەرگیز ڕێگە نادات شتێك بە ناوی نەتەوەخوازیی سوکوتی یان ویلزی سەرهەڵبدات ولەناوچەکانی خۆیاندا بەپەیڕەوکردن لەتۆتالیتاریەت وەك نەتەوەخوازیی ئینگلیزی نەتەوەکەی خۆیان دروست بکەن.

نەتەوەخوازیی ئینگلیزی ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا نەتەوەخوازیی سکوتی و ویلزی سەرهەڵبدات و شێوازە زمانیی و کەلتورییەکەی خۆی بەرزبکاتەوە بۆ ئاستی ئەو شێوازە زمانی وکەلتورییەی کە نەتەوەخوازیی ئینگلیزی نەتەوەکەی خۆی لەناو سنوری سیاسی بەریتانیادا پێ دروستکردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ سکوتییەکان و ویلیزییەکان لە ئاستی

کەلتوری نەتەوەییدا پەیڕەوی لە شێوازە زمانیی وکەلتورییەکەی نەتەوەخوازیی ئینگلیزی دەکەن نەك شێوازە کەلتوری وزمانییەکەی خۆیان. ئەوان لە ئاستی خوارنەتەوەدا کە ئاستە میللییەکەی زمان وکەلتورە، دەتوانن شێوازە زمانی و کەلتورییەکەی خۆیان بەکار بهێنن و لە ئاستە سیاسی و نەتەوەییەکەدا هەردەبێت پەیڕەوی لە شێوازە زمانی وکەلتورییەکەی نەتەوەخوازی ئینگلیزی بکەن و ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوەخوازی ئینگلیزی تەنها لەئاستە میللییەکەدا دەستبەرداری تۆتالیتاریەتی کەلتوری و زمانی بووە نەك لە ئاستە نەتەوەییەکەدا.

ناتوانین بڵێن نەتەوەخوازیی ئینگلیزی لەدوای نەوەدەکانەوە لەناو دەوڵەتی بەریتانیدا دەستبەردای تۆتالیتاریەتی کەلتوری بووەو ڕێگەی بەوەداوە جیاوازییە زمانی و کەلتورییەکان لەناو سنوری سیاسی بەریتانیادا سەرهەڵبدەن. نەتەوەخوازیی ئینگلیزی بەبێ پەیڕەوی کردنی لە تۆتالیتاریەت، وەك هەر نەتەوەخوازییەکی تر کە دەستبەرداری تۆتالیتاریەت بووە، دەوڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوەو شتێك بەناو دەوڵەتی بەریتانییەوە نامێنێ.

بۆیە نابێت هەرگیز لە نەتەوەخوازیی ئینگلیزی ئەوە چاوەڕێ بکرێت کە لەناو دەوڵەتی بەریتانیدا بتوانێت ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستبەرداری تۆتالیتاریەی زمانی و کەلتوری ببێت و ڕێگە بدات زمان و کەلتوری سوکوتییەکان و ویلزییەکان وەك زمان و کەلتورەکەی خۆی ببێت بە زمان و کەلتورێکی نەتەوەیی، بەبێ ئەوەی ئەوە قبوولْ بکات کە بەریتانیا هەڵبوەشێتەوە.

ئەم جۆرە لە پەیڕەوی کردن لە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی و کەلتوری، سەرچاوە لەو جۆرە لە تۆتالیتاریەتەوە دەگرێت کە لە کۆمەڵگا پریمۆدێرنەکاندا چینێکی فرمانڕەوای ناخێڵەکی لە ئاستی سیاسی و ئابووریدا پەیڕەوی دەکات و موڵکییەت و دەسەڵاتی ئەو چینە فەرمانڕەوا ناخێڵەکییە بەپیڕەوی کردن لە تۆتالیتاریەتی موڵکییەت و دەسەڵات ئەو چینە دەکات بە چینی موڵکدارو دەسەڵاتداری ئەو کۆمەڵگایەو ڕێگە دەگرێت لە هەرکەسێك سەر بەو چینە ناخێڵەکییە نەبێت، ببێت بە خاوەنی موڵك و دەسەڵات.

ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازی لەبری پەیڕەویکردنی تۆتالیتاریەت لە موڵك و دەسەڵاتدا پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەت دەکات لە زمان و کەلتورو سیاسەتدا و کەسێك دەتوانێت ببێت بە خاوەنی کەلتور و زمانێکی نەتەوەیی و حزبێکی سیاسی کە سەر بەو نەتەوەخوازییە بێت کە لەناو ئەو دەوڵەتەدا فەرمانڕەوایە. ئەمەش سەرچاوەی لەوەوە گرتووە کە نەتەوەخوازیی لەناو ئەو دەوڵەتەدا پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری و زمانی و سیاسی کردووە.

جۆرێك لە نەتەوەخوازی هەیە كە لەناو دەوڵەتێكی دیاریكراودا بە پەیڕەوی كردن لە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی وكەلتوری و مەزهەبی نەتەوەی دروستكردووەو لە سنوری دەوڵەتەكەی خۆیش پەڕیوەتەوە بۆناو دەوڵەتێكی تر یان چەند دەوڵەتێكی تری دەرهاوسێ و لەناوچەیەك لەناوچەكانی ئەو دەوڵەتانەشدا بەهۆی پەیڕەیكردن لە تۆتالیتاریەتە كەلتوری و زمانیەكەیەوە درێژەی بە دروستكردنی نەتەوەكەی داوە. نەتەوەخوازی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتالی نموونەی ئەم جۆرە لە نەتەوەخوازین. دەوڵەتی سویسریش نموونەیەكە لەو جۆرە لە دەوڵەت كە چەند نەتەوەخوازیەكی جیاواز كە نەتەوەكانی خۆیان لەناو دەوڵەتەكانی خۆیاندا بە پەیڕەوی كردن لە تۆتالیتاریەتی زمانی و كەلتوری دروستكردوەو لەناو دەوڵەتی سویسریشدا درێژەیانداوە بەم دروستكردنەو هەریەكەیان لەناوچەیەك لەناوچەكانی ئەو دەوڵەتەدا نەتەوەكەی خۆی فراوانكردووە.

ئەڵمانەكانی ناو دەوڵەتی سویسری وەك ئەڵمانەكانی ناو ئەڵمانیا مەحكومن بەو تۆتالیتاریەتە زمانی وكەلتورییەی كە نەتەوەخوازیی ئەڵمانی نەتەوەی ئەڵمانی لە ئەڵمانیاو سویسرادا پێدروستكردووە، نەتەوەخوازی ئەڵمانی لەناو ئەم دوو دەوڵەتەدا وەك هەر نەتەوەخوازییەكی تر ڕێگا نادات ئەڵمانەكانی ناو سویسراو دەوڵەتەكانی تریش شێوازی زمانی خۆیان و شێوازە كەلتورییەكەیان لە ئاستە میللییەكەوە بەرزكەنەوە بۆ ئەو ئاستەی كە نەتەوەخوازیی ئەڵمانی شێوازە زمانیی وكەلتورییەكەی خۆی بۆ بەرزكردووەتەوە. ئەڵمانەكانی سویسرا بەوەی كە لەناو دەوڵەتی ئەڵمانیدا نین و لەناو دەوڵەتی سویسریدان ناتوانن شێوەزارەكەی خۆیان و ئەو شێوازە كەلتورییە ناوچەییەی كە خۆیان هەیانەو ئەوانی پێ جیا دەبێتەوە لە ئەڵمانەكانی ناوچە جیایاكانی تر، لە ئاستە میللییەكەوە پەرەی پێبدەن و بەرزی كەنەوە بۆ ئەو ئاستەی كە نەتەوەخوازیی ئەڵمانی شێوازە زمانییەكەی خۆی و شێوازە كەلتورییەكەی خۆی بۆ بەرزكردووەتەوەو لە ڕێگەی سەراپاگیركردنییەوە لە هەموو ناوچە جیاجیاكانی ناو دەوڵەتی ئەڵمانی و دەوڵەتەكانی تر نەتەوەی ئەڵمانی پێ دروستكردووە.

گەر نەتەوەخوازی ئینگلیزی دەستبەرداری تۆتالیتاریەت زمانی و كەلتورییەكەی خۆی نەبێت تا دەوڵەتی بەریتانی هەڵنەوەشێتەوە، ئەوە نەتەوەخوازی ئەڵمانی و هاوشێوەكانی دەستەبەرداری تۆتالیتاریەتی شێوازی كەلتوری و زمانی خۆیان نابن تا ئەو نەتەوەیەی كە بە پەیڕەویكردن لەو تۆتالیتاریەتە دروستیانكردووە هەڵنەوەشێتەوە.

واتە نەتەوەخوازیی ئەڵمانی لەناو سویسراشدا هەر پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی و کەلتوری دەکات و هەمان ئەو شێوازە کەلتوری و زمانییە لە ناوچە ئەڵمانییەکەی سویسرادا سەراپاگیر دەکات کە لە ئەڵمانیادا سەراپاگیری کردووە، ئەمە بۆ نەتەوەخوازییەکانی تری ناو سویسرا وەك نەتەوەخوازی فەرنسی و ئیتالی دروستە و هەموو نەتەوەخوازییەکانی تری ناو سویسرا بە هەمان شێوەی نەتەوەخوازیی ئەڵمانی ناتوانن شێوەزارە ناوچەییەکەی خۆیان وشێوازەکەلتوریە ناوچەییەکەی خۆیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەو ئاستەی کە نەتەوەخوازییەکانیان لەناو دەوڵەتە سەربەخۆکانی خۆیاندا شێوازە زمانی و کەلتورییەکەی خۆیان بۆ بەرزکردووەتەوە.

ئەڵمانەکانی سویسرا لەبری ئەوەی پەرە بە شێوازە زمانی و کەلتورییەکەی خۆیان بدەن پەرە بەهەمان ئەو شێوازە زمانی و کەلتورییە دەدەن کە نەتەوەخوازیی ئەڵمانی لە ئەڵمانیادا پەرەی پێدەدات ودەیپارێزێت، بۆیە ناکرێت نەتەوەخوازیی ئەڵمانی لە ئەڵمانیاو لە سویسرا لەیەکتر جیا بکەینەوە.

دەبێت ئەو حاڵەتەی نەتەوەخوازی وشێوازی پەیڕەوکردنی لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری لەناو دەوڵەتی بەریتانی و هاوشێوەکانیاندا هەیە، لەو حاڵەتەی نەتەوەخوازی وشێوازی پەیڕەوکردنی لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری کە لە دەوڵەتی سویسرا و هاوشێوەکانیدا هەیە جیابکەینەوە. ئەو جیاکردنەوەیەش لە رێگەی خاڵێکی جیاکەرەوەی گرنگەوەیە کە تا ئێستا سەرنجی لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی بۆخۆی رانەکێشاوە.

ئەو خاڵە گرنگەش ئەوەیە کە دەبێت ئەڵمانەکانی ناو سویسرا کە نەتەوەخوازییەکەیان لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆی وەك ئەڵمانیادا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دروستکردووە جیابکرێنەوە لە سکوتییەکانی بەریتانیا کە خاوەنی نەتەوەخوازییەك نین کە لە دەرەوەی بەریتانیا لە ناو سنوری دەوڵەتێکی سکوتلەندیدا نەتەوەکەی خۆی دروستکردبێت.

سکوتیلەندییەکان لەبەر ئەوەی وەك ئەڵمانەکان خاوەنی نەتەوەخوازیی نین و شێوازە زمانی وکەلتورییەکە خۆیان لە سنورێکی سیاسیدا سەراپاگیر نەکردووەن، ناتوانن وەك ئەڵمانەکانی سویسرا یان فەرەنسیەکانی سویسرا لەناو بەریتانیادا شێوازی زمانی و کەلتوری خۆیان لەرێگەی نەتەوەخوازییەکەوە لە ناوچەکەی خۆیاندا سەراپاگیر بکەن. گەر کارێکی لەو جۆرە بکەن، دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتی بەریتانی هەڵوەشێتەوە، ئەوان بۆ ئەوەی دەوڵەتەکە

هەڵنەوەشێتەوە لە ئاستە نەتەوەییەکەدا قبوڵی ئەوە تۆتالیتاریەتە کەلتوری و زمانییە دەکەن کە نەتەوەخوازیی ئینگلیزی لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتی بەریتانیدا پەیڕەوی دەکات.

حاڵەتی ئەڵمانەکانی سویسراو نەتەوە دروستکراوەکانی تری ناو سویسرا تەواو پێچەوانەی حاڵەتی سکوتلەندییەکان و ویلزییەکانە، هەرنەتەوەخوازییەك لەو نەتەوەخوازیانەی کە لە سنوری سیاسی دەوڵەتی سویسریدا لە ناوچەکانی خۆیاندا شێوازی زمانی و کەلتوری نەتەوەخوازییەکانی خۆیان سەراپاگیرکردووە، گەر ئەو سەراپاگیرکردنە بگوازنەوە بۆ سنورەکانی یەکتری ئەوە دەوڵەتی سویسری هەڵدەوەشێتەوە. پەیوەندی نێوان نەتەوەخوازییە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتی سویسری پەیوەندی نێوان نەتەوەخوازییەکانی چواردەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆیە، کە هەریەکەیان لە سنوری سیاسی خۆیدا تۆتالیتاریەتی کەلتوری وزمانی پەیڕەو دەکات.

<u>*سێیەم:*</u> ئەو نەتەوەخوازیانەی کە لەناو دەوڵەتێکدا لە ناوچە سیاسییەکانی خۆیاندا پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی و کەلتوری دەکەن، وەك نەتەوەخوازیی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتالی لە دەوڵەتی سویسریدا. لەناو دەوڵەتی سویسریدا چەند نەتەوەخوازییەك بوونیان هەیە و هەرەیەك لەو نەتەوەخوازیانە لە دەرەوەی سویسرادا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن و ئەو شێوازە زمانی و کەلتورییە کە ئەم نەتەوەخوازیانە هەیانە هەمان شێوازی زمانی و کەلتوری ئەو نەتەوانەیە کە لە ناو ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەدا دروستکراون.

دەوڵەتی سویسری وەك دەوڵەتی بەریتانی و دەوڵەتە نەتەوەییەکانی تر دەوڵەتی نەتەوە نییەو دەوڵەتێکی سەرونەتەوەییە، لەناو سنوری سیاسی ئەم دەوڵەتەدا چەند نەتەوەخوازیەکی جیاواز هەن و هەرەیەکەیان بە پەیڕەویکردن لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری و زمانیی لەناوچەکەی خۆیدا نەتەوەکەی خۆی دروستکردووە. پەیوەندی نێوان ئەم نەتەوەانە وەك پەیوەندی نێوان چوارنەتەوە وایە لەناو چوار دەوڵەتی سەربەخۆدا، چۆن ئەو چوار نەتەوەیە کە لەناو چواردەوڵەتی سەربەخۆدا لەناو سنوری سیاسی خۆیاندا پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری وزمانی دەکەن وئەو شێوازە کەلتوری وزمانییە سەراپاگیردەکەن کە نەتەوەکەیان پێ دروستکردووە، بەهەمان شێوە ئەو چوار نەتەوەخوازییەی ناو سویسراش لەناوچە سیاسییەکانی خۆیاندا پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی زمانی و کەلتوری دەکەن وهەریەکەیان ئەو شێوازە زمانی وکەلتورییە لەناوچە سیاسیەکەی خۆیدا سەراپاگیر دەکات کە زمان و شێوازی هەمان ئەو نەتەوەخوازییەیە کە دەوڵەتە سەربەخۆکەی خۆی هەیە.

لای ئەم چوار نەتەوەخوازییەی ناو سویسرا ئینتما بۆ نەتەوە، جیاوازە لە ئینتما بۆ دەوڵەت، هەریەك لەو نەتەوەخوازیانە تا ئەو کاتە ئینتمای بۆ دەوڵەتی سویسری هەیە کە دەوڵەتی سویسری دەوڵەتێکی سەرونەتەوەیی بێت و دەوڵەتی یەکێك لە نەتەوەکان نەبێت، گەر یەکێك لە نەتەوەکان شوناسی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی سویسریدا تەماهی پێبکات ئەوە ئەوانی تر ئینتمایان بۆ دەوڵەتی سویسری نامێنیٚ، کەواتە ئینتمای ئەو نەتەوانەی ناو سویسرا بۆ دەوڵەتی سویسری ئینتمای نەتەوەیەکە بۆ دەوڵەتێکی سەرونەتەوەیی نەك دەوڵەتێکی نەتەوەیی، ئینتمای هەریەك لەم نەتەوانەش بۆ ئەو نەتەوە دروستکراوەی خۆیەتی کە لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا نەتەوەخوازییەکەی دروستیکردووە نەك بۆ نەتەوەیەك لە ناو سویسرادا. واتە لە ناو سویسرادا شتێکمان بە ناوی نەتەوەی سویسرییەوە نییەو ئەوەی هەیە تەنها دەوڵەتی سویسرییە.

ئەڵمانەکانی ناو سویسرا ئینتمایان بۆ نەتەوە دروستکراوەکەی ئەڵمانە لە ناو دەوڵەتی ئەڵمانیدا نەك بۆ نەتەوە دروستکراوەکەی فەرەنسییەکان یان ئیتالییەکانی لەناو سویسرادا. ئەمەش وادەکات هەر تەماهیکردنێکی نەتەوە لەگەڵ دەوڵەتی سویسریدا کێشە دروست بکات و ببێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتی سویسری هەڵوەشێتەوەو ببێت بەچەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ. گەر تەماهیکردنێکی لەو جۆرە لە سویسرادا روویدات و دەوڵەتی سویسری هەڵوەشێتەوەو هەریەك لەو نەتەوانە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆشیان دروستبکەن، ئەوە هیچ یەك لەو نەتەوانە توشی هەڵوەشاندنەوە نایێن، لەم حاڵەتدا هەریەك لەو نەتەوانە ئەو هاوشوناسییە نەتەوەییە لەدەست نادات کە لەگەڵ ئەو نەتەوەیەدا هەیەتی کە خاوەنی دەوڵەتە سەربەخۆکەی خۆیەتی.

بۆ نموونە گەر سویسرا هەڵبوەشێتەوەو ئەڵمانەکانی سویسرا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دروستبکەن، ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی شوناسی ئەڵمانیبوونەکەیان لەدەست بدەن، ئەوان لەم حاڵەتەشدا لەگەڵ ئەڵمانەکانی ئەڵمانیادا لەناو هاوشوناسیدا دەمێننەوەو ئەو حاڵەتە دێتە ئاراوە کە لە نەتەوەخوازییە فرەدەوڵەتەکەی عەرەبدا بوونی هەیە. واتە ئەڵمانییەکانی سویسرا بەمە نەتەوەخوازیی ئەڵمانی دەکەن بە نەتەوەخوازییەکی فرەدەوڵەت.

ئەم سیٚ حاڵەتەی کە باسکران سیٚ شێوازی جیاوزی پەیڕەوکردنی تۆتالیتاریەتی کەلتورین و بە پەیڕەوکردن لە یاسای شوناس هاتونەتە ئاراوە نەك بە پەیڕەوکردن لە یاسای جیاوازی. لەناو ئەو دەوڵەتانەی کە لە جیهاندا هەن و نەتەوەخوازی بە پەیڕەوکردن لە تۆتالیتاریەتی

کەلتوری و زمانی کردوونی بە دەوڵەتی نەتەوەیی، پەیڕەوی کردن لە یاسای جیاوازی و فرەزمانی و فرەکەلتوری لە ناو نەتەوە دروستکراوەکاندا قەدەغەیەو هیچ نەتەوەخوازییەك ڕێگە نادات لەناو ئەو نەتەوەدا کە دروستیکردون، پەیڕەوی لە یاسای جیاوزی بکرێت و فرەکەلتوری و فرەزمانی بێتەئاراوە، تەنانەت لە ناو دەوڵەتە عەرەبییە هاونەتەوەکاندا ئەم سیستەمە ڕێگە نادات میسرییەکان یان جەزائیرییەکان شێوەزارە عەرەبییەکەیان و شێوازە کەلتورییە تایبەتەکەی خۆیان لەگەڵ ئەو زمانە عەرەبییەو شێوازەکەلتورییەکەیدا بەرامبەربکەنەوە کە نەتەوەی عەرەبی لەناو ئەو دەوڵەتانەدا پێدروستکراوە، چوونکە بەمە نەتەوەی عەرەب دابەشدەبێت بۆ دوو نەتەوەی سەربەخۆو نەتەوەیەك دێتە ئاراوە کە هاوشوناسی نەتەوە عەرەبییەکە نییەو ئەمەش دابەشبوونی نەتەوەیە نەك دابەشبوونی دەوڵەت. گەر لە سویسرادا بە پەیڕەوی نەکردن لە یاسای شوناس دەوڵەت دابەش ببێت بۆ دوو دەوڵەتی جیاشوناس ئەوە لە نیشتمانی عەرەبیدا بە پەیڕەوینەکردن لە یاسای شوناس نەتەوە دەبێت بە چەند نەتەوەیەکی جیاشوناس. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نەتەوەخوازی بزووتنەوە مۆدێرنەکانی ناچارکردووە کە لە پەرەپیدانی کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەکانیاندا پەیڕەوی لە هەمان سیستەمی تۆتالیتاری عەسەبەکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بکەن و کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بە ناوی دروستکردنی نەتەوەوە بگۆڕن بۆ عەسەبەیەکی کەلتوری.

## ٢/٥ ) کوردبوون و بزوتنەوە کوردییە مۆدێرنەکان

باوادابنیین کورد دەوڵەتی هەیەو بزووتنەوە کوردییەکان لەناو ئەو دەوڵەتەدا سەرهەڵدەدەن، ئایا ئەو بزووتنەوانە وەك ئەوەی کە لە دەرەوەی دەوڵەتی خۆیاندا پەیڕەوییان لە فرەزمانی وفرەکەلتوری کردووە، ئەگەر بن بەخاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بە هەمان شیوە پەیڕەوی لە فرەزمانی و فرەکەلتوری دەکەن؟ بەمانایەکی تر ئایا نەبوونی دەوڵەت وایکردووە لەم بزووتنەوانە کەلتورە مۆدێرنەکە لە ڕێگە چەند زمان و شێوازێکی جیاوازەوە بکەن بە چەند کەلتورێکی مۆدێرنی جیاواز، یان گەر دەوڵەتیش هەبوایە ئەوان هەر کەلتورە مۆدێرنەکەیان لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی خۆیاندا دەکرد بەچەند کەلتورێکی جیاوازو لە ڕێگەی چوونیەککردنی کەلتوری و جێبەجێ کردنی یاسای شوناسەوە وەك نەتەوەخوازییەکانی جیهان نەتەوەیان دروست نەدەکرد؟

هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی بەپشت بەستن بە تیۆرە دروستەییەکە لەبارەی نەتەوەخوازیی کوردییەوە کراون، گەیشتوونەتەوە ئەو دەرئەنجامەی کە بزووتنەوە کوردییە مۆدێرنەکان بە درێژای سەدەی بیستەم شکستیان هێناوە لەوەی کە وەك نەتەوەخوازییەکانی دەوروبەری خۆیان نەتەوە دروست بکەن، هۆی ئەم شکستەشیان گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی کە نەیانتوانیووە جیاوازییە زمانی و کەلتورییەکانی ناو کۆمەڵگای کورد لە ڕێگەی کەلتورو زمانێکی چوونییەکەوە نەفی بکەن و کەلتور و زمانێکی سەرتاسەری بخەنە شوێنی کەلتورو زمانە ناوچەییە جیاوازەکانی خۆیان.

ڤان برۆنسن کە یەکێکە لە لێکۆڵەرە ناودارەکانی بواری نەتەوەخوازی کوردی، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لە بارەی بزووتنەوە کوردییەکان و دروستکردنی نەتەوەوە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی ئەو بزووتنەوانە لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی کۆمەڵگای کوردی بە پرۆسەی بە مۆدێرنکردندا بەرن وکەلتورە مۆدێرنەکە بخەنە شوێنی کەلتورە ئەتنیکی و میللییەکان، بەڵام لە پرۆسەی سەراپاگیرکردنی کەلتورە مۆدێرنەکەدا سەرکەوتوو نەبوون و لەبری ئەوەی کەلتورە ناوچەییە فرەجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردی بکەنەوە بەیەك، کۆمەڵگای کوردی فرەجۆرییە کەلتورییەکەی خۆی لەناو ئەوان و کەلتورە مۆدێرنەکەشدا بەرهەم هێناوەتەوەو ئەمەش بووەتە ڕێگر لە بەردەم دروستبوونی ئەو کەلتورە مۆدێرنە سەراپاگیردا کە نەتەوەی پێدروستدەکرێت.

ئەو پێی وایە بزووتنەوە کوردییەکان بەپێچەوانەی نەتەوەخوازییەکانەوە لەبری ئەوەی یەکبوونی کەلتوری دروست بکەن جیاوازی کەلتورییەکان دەپارێزێن و پەرەیان پێدەدەن، لە مەشەوە دەگاتە ئەو دەر ئەنجامە کە: کۆمەڵگای کوردی مۆزایکێك دەنوێنێ کە هەموو پێکهاتەکانی بە ڕێژەیەکی یەکسان لە هێز تەماهی لەگەڵ ئەوەدا ناکەن کە هەمەکییەو دەیانکاتەوە بەیەك، دەکرێت توخبە دەرکییەکان هەندێك جار گۆڕانیان بەسەردا بێت، بەڵام کۆمەڵگایەکە بەردەوام وەك مۆزایکێك دەمێنێتەوە(٢٩٨).

ئەم دەر ئەنجامەی برۆنسن پێمان دەڵێت بزووتنەوە کوردییەکان ناتوانن لە دروستکردنی نەتەوەدا سەرکەوتوو بن، چونکە دروستکردنی نەتەوە داوای ئەوە دەکات لە کۆمەڵگادا

(٢٩٨) الاثنية و الدولة، ت: مجموعة من الباحثين ، ت:عبدالاله النعيمي، الطبعة الاولى، الفرات، بغداد-بيروت: ٢٠٠٦،ص:٧٥.

جیاوازییەکان لەناو یەکبووندا نەفی بکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوە کوردییەکان کۆمەڵگای کوردیان بە پرۆسەی بە مۆدێرنکردندا بردووە، لەبری ئەوەی بەم پرۆسەی بە مۆدێرنکردنە، جیاوازییە زمانی وکەلتورییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی لەناو یەکبوونێکی زمانی وکەلتوریدا نەفی بکەن، کۆمەڵگای کوردی جیاوازییە ناوەکییەکانی خۆی لەناو ئەم بزووتنەوە کوردیانەدا بەرهەمهێناوەتەوەو بزووتنەوە کوردییە مۆدێرنەکانی کردووە بە چەند بزووتنەوەیەکی جیاواز وکەلتورە مۆدێرنەکەشی بە هەمان شێوەی ئەم بزووتنەوانە کردووە بە چەند کەلتورێکی مۆدێرنی جیاواز کە هەریەکەیان خاوەنی زمانی تایبەت و ڕینوسی تایبەتی خۆیەتی.

ئەم بۆچوونەی سەرەوە نەفی ئەوە ناکات کە بزووتنەوە کوردییەکان نەیانتوانیووە کەلتورە ناوچەییە پریمۆدێرنەکان بگۆڕن بۆکەلتورێکی مۆدێرن، واتە شکستی ئەم بزووتنەوانە لە پرۆسەی بە مۆدێرنکردنی کەلتورە نامۆدێرنەکان و دامەزراندنی کەلتورێکی مۆدێرندا نییە، بەڵکو لە پرۆسەی چوونیەککردنی کەلتورە نامۆدێرنەکاندایە بە کەلتورێکی مۆدێرنی چوونیەك و ناجیاواز. واتە لەوەدایە: لەبری ئەوەی یەك کەلتورو یەك زمانی مۆدێرن بخەنە شوێن ئەو هەموو کەلتورو زمانە ناوچەییانە، چەند کەلتورێکی مۆدێرن و چەند زمانێکی مۆدێرنیان خستووەتە شوێنیان.

لێرەدا پرسیارێکی تر سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە کە بۆچی ئەم بزووتنەوە کوردییانە ناتوانن یەك کەلتورو یەك زمانی مۆدێرنی سەراپاگیر بخەنە شوێنی کەلتورو زمانە نامۆدێرنەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی وبەسەر جیاوازییە کەلتوری و زمانییەکاندا سەرکەون؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش لەناو هەموو لێکۆڵینەوەکاندا ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی خێڵەکییەو خێڵەکیبوونی ئەم کۆمەڵگایە ڕێگرە لە بەردەم ئەوەدا ئەم بزووتنەوانە بتوانن فرەکەلتوری کەلتورە نامۆدێرنەکانی کۆمەڵگای کوردی بگۆڕن بە تاکە کەلتورێکی مۆدێرنی سەراپاگیر.

بەپێی تیۆرە دروستەییەکە ئەوەی لە پرۆسەی بە مۆدێرنکردنی کۆمەڵگادا بۆ دروستکردنی نەتەوە مەرج و بنەمایە، ئەوەیە کە نەتەوەخوازی لەم پرۆسەیەدا کەلتورە مۆدێرنەکە وەك کەلتورێکی سەراپاگیر بخاتە شوێنی ئەو کەلتورە پریمۆدێرنە جیاوازانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی فرەکەلتوری و فرەزمانی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا پەیڕەو بکرێت. گەر

بزووتنەوەیەکی مۆدێرن لەوەدا سەرکەوتوو بێت کە کەلتورە مۆدێرنەکە بخاتە شوێنی کەلتورە ئەتنیکییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، بەڵام نەتوانێت پارێزگاری لەوە بکات ئەو کەلتورە مۆدێرنە ببێت بە کەلتورێکی فرەڕەنگ و فرەزمان، ئەوە لەوەدا شکستی هێناوە ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز و نەتەوەکەی دروست بکات.

ئەوەی لە دروستکردنی نەتەوەدا گرنگە، گۆڕینی کەلتورە ئەتنیکییەکان نییە بۆ کەلتورە مۆدێرنەکە، بەڵکوو گۆڕنی فرەڕەنگی وفرەزمانی ئەو کەلتورانەیە بۆ کەلتورێکی یەکڕەنگ و یەکزمان. ئەوەی وایکردووە پرۆسەی گۆڕینی ئەو کەلتورە ئەتنیکییە فرەڕەنگانە بۆ کەلتورە مۆدێرنەکە گرنگ بێت، مۆدێرن بوونی کەلتورەکە نییە، بەڵکو ئەو توانایەیە کە لە کەلتورەکەدا بۆ چوونیەککردنی کەلتوری هەیە. گۆڕینی کەلتورە ئەتنیکییە جیاوازەکان بۆ یەك کەلتوری مۆدێرن لەوێوە گرنگە کە ئەم کەلتورە ئەتنیکیانە هەریەکەیان جیاوازەییەکانی خۆی دەپارێزێت و بەبێ دارشتنەوەیان لەناو کەلتورێکی نوێدا توانای ئەوەیان نییە بەخۆیان ببنەوە بەیەك. بۆیە لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەکاندا نابێت وابزانین ئەوەی لە گۆڕینی کەلتورە ئەتنیکییە فرەڕەنگەکانی کۆمەڵکادا بۆ کەلتورە مۆدێرنەکە گرنگە، گۆڕانی کەلتورە ئەتنیکییەکانە بە کەلتوری مۆدێرن، بەڵکو ئەوەی گرنگە گۆڕینی فرەڕەنگی کەلتورە ئەتنیکییەکانە بۆ یەکڕنگی کەلتورە مۆدێرنەکە.

بەپێی بۆچوونە دروستەییەکە گەر کەلتورە ئەتنیکییە فرەڕنگەکانی ناو کۆمەڵگا شیانی ئەوەیان تیا بوایە ببن بە کەلتورێکی یەك ڕەنگ، ئەوە نەتەوەخوازی بەبێ گۆڕینی ئەم کەلتورە ئەتنیکیانە بۆ کەلتوری مۆدێرن دەیتوانی نەتەوە لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا دروست بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەوەی لە دروستکردنی نەتەوەدا گرنگە ئەوە نییە کە نەتەوەخوازی کەلتورە خێڵەکییەکان بگۆڕێت بۆ کەلتورێکی مۆدێرن، بەڵکو ئەوەیە کە فرەڕنگی ئەو کەلتورانە بگۆڕێت بۆ یەك رەنگیی کەلتوری.

بزووتنەوە کوردییەکان لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە کەلتورە ئەتنیکی و خێڵەکییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی- لەگەڵ بوونی ئەو هەموو بەربەستانەشدا کە نەیارەکانی لە بەردەمیدا دایاننناون- بگۆڕن بۆ کەلتورێکی مۆدێرن، بەڵام ئەوەی تیایدا سەرکەوتوو نەبوون ئەوەیە نەیتوانییوە فرەڕنگی و فرەزمانی ئەو کەلتورە ئەتنیکی و خێڵەکییانە بگۆڕن بە یەکڕنگی و یەکزمانی کەلتوری. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە ئەوەی وادەکات ئەم بزووتنەوانە نەتوانن

نەتەوە دروست بکەن بەهێزیی خێڵەکان وکەلتورە ئەتنیکییەکەیان نییە، چوونکە ئەم کەلتورە خێڵەکی وئەتنیکیانە بە ئاسانی گۆڕاون بۆ کەلتوری مۆدێرن، ئەوەی نەگۆڕدراوە فرەڕەنگی وفرەزمانی کەلتورییە، واتە ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی دەستی لێ بەرنەداوە خودی کەلتورە خێڵەکییەکە نییە، بەڵکو ئەو فرەڕنگی و فرەزمانییەیە کە لە کەلتورە خێڵەکی و ئەتنیکییەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە.

هیچ کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکانی جیهان وەك کۆمەڵگای کوردی کەلتورە مۆدێرنەکەی لەلایەن هیزە دەرکییەکانەوە لێ قەدەغە نەکراوە، هیچ زمانێك وەك زمانی کوردی لەلایەن هیزە دەرکیییەکانەوە ئەوەی لێ قەدەغە نەکراوە ببێت بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە، لەگەڵ ئەمەشدا بە درێژایی ئەم سەدە ڕێژەی خوێندەواران و هەڵگرانی کەلتورە مۆدێرنەکە لەناو کۆمەڵگا پارچەکراوەکەی کوردا کەمتر نەبووە لە ڕێژەی ئەو خوێندەوارانەی کە لە کۆمەڵگای تورکی و فارسی و عەرەبیدا هەبوون. ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی تاسەر ئێسقان کەلتورە مۆدێرنەکەی قبوڵە. لەناو کۆمەڵگای کوردیدا تەنانەت کەلتوری خێڵەکی و کەلتوری مەزهەبیش نەکەوتوونەتە ململانێ لەگەڵ کەلتورە مۆدێرنەکەدا، مەلاکان و سەرۆك خێڵەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا بەر لە هەموو کەسێك ڕەوایەتیان بە فێربوونی کەلتورە مۆدێرنەکە داوەو خەڵکیان هانداوە بۆ فێربوونی.

کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ کەلتورە مۆدێرنەکەدا مێژوویەکی دیارو ڕۆشنی هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی گەر کۆمەڵگایەکی خێڵەکیش بێت خێڵەکی بوونەکەی نەبووەتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەدا کە کەلتورە خێلکییەکەی خۆی بگۆڕێت بە کەلتورە مۆدێرنەکەی قوتابخانەکان. ئەوەی کۆمەڵگای کوردی لە نەتەوەخوازی قبووڵ ناکات کەلتورە مۆدێرنەکە نییە، بەڵکو ئەو چوونیەککردنە کەلتورییەیە کە لەدروستکردنی نەتەوەدا دەبێت نەتەوەخوازی پەیڕەوی لێبکات.

ڕێگرتنی کۆمەڵگای کوردی لە چوونیەککردنی کەلتوری ڕێگرتنی نییە لە گۆڕینی کەلتوری خێڵەکی بە کەلتورە مۆدێرنەکە. بەمانایەکی تر شکستی چوونەیەککردنی کەلتوری لەناو کۆمەڵگای کوردیدا ئەوە ناگەیێنێ لەم کۆمەڵگایەدا پرۆسەی گۆڕینی کەلتوری خێڵەکی و ئەتنیکی بە کەلتوری مۆدێرن شکستی هێناوە، بۆیە گەڕاندنەوەی شکستی بزووتنەوە کوردیەکان لە دروستکردنی نەتەوەدا بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی نایەوێت کەلتورە

خێڵەکییەکەی بگۆڕێت بە کەلتورە مۆدێرنەکەو دەیەوێت لەناو کەلتورە خێڵەکییەکەدا بمێنێتەوە، هەڵەیەو ئەم هەڵەیەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ماهیەتی کەلتوری مۆدێرن کە پیشەیبوونی ئەم کەلتورەیە لەو لێکۆڵەرانە بووە بە چوونیەککردنی کەلتوری.

لای ئەم لێکۆڵەرانە پرۆسەی چوونەیککردنی کەلتوری تێکەڵکراوە لەگەڵ پرۆسەی گۆڕینی کەلتوری خێڵەکی بە کەلتورە مۆدێرنەکە. کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنەو کۆمەڵگایەکی خێڵەکی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگایەکی مۆدێرنە، کەلتورە مۆدێرنەکەی کەلتورێکی فرەڕنگ و فرەزمانەو ئەو کەلتورە یەکڕەنگ و یەك زمانە نییە کە نەتەوەخوازی نەتەوەی پێدروستدەکات. کۆمەڵگای کوردی دژی کەلتورە مۆدێرنەکە نییە، بەڵکو دژی هەمووجۆرە هەوڵێکە بۆ کوشتنی فرەرەنگی و فرەزمانی کەلتوریی، ئیتر بە هەرناوێکەوە بێت.

کۆمەڵگای کوردی تەنها لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا بەرگری لەم فرەڕەنگی و فرەزمانییەی نەکردووە، لەسەردەمی خەلافەتە ئیسلامییەکانیشدا کە فارس و عەرەب و تورك کەلتورێکی ئەدەبی یەکزمان و یەکڕەنگ بوونیاد دەنێن، کۆمەڵگای کوردی بە پێچەوانەی ئەوانەوە ئەدەبیاتێکی فرەزمان و فرەڕەنگ بەرهەم دێنیٚ. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی لە هەموو سەردەمێکدا دژی کوشتنی جیاوازی کەلتوریی بووەو پەیڕەوی لەو جۆرە لە سیستەم نەکردووە کە یەکڕەنگی و یەکزمانی کەلتوریی دەسەپێنیٚ و پەیڕەوی لەو سیستەمە کردووە کە فرەرنگی و جیاوازی بەرهەم دەهێنیٚ.

ئێمە پێشتر بە بەڵگەوە ئەو راستییەمان سەلماند کە خێڵە کوردییەکان لە مێژوودا بەپێی سیستەمێك لەگەڵ یەکدا کۆبوونەتەوە بۆ پێکهێنانی پێکهاتەیەکی نویٚ کە سیستەمی عەسەبە نییە و بەیاسای شوناس و چونییەککردن و سەاپاگیرکردن کار ناکات و بە یاسای جیاوازی وجیاشوناسی کاردەکات و هەرخێڵێك لەو خێڵانە بوونە جیاوازەکەی خۆی لەناو ئەو پێکهاتەیەدا بە پەیڕەوکردن لەو سیستەمە دەپارێزێت و لەناو ئەو پێکهاتەیەدا نە بوونی بەبوونی خێڵەکانی تری ناو پێکهاتەکە نەفی دەکرێت و نە بە بوونیشی بوونی هیچ خێڵێك لە خێڵەکان نەفی دەکات. کوردبوونی هەر پێکهاتەیەکی لەو جۆرەش لەوەدایە کە پەیڕەوی لەو سیستەمە بکات. ئەمەش ئەوەدەگەیێنیٚ کوردبوون دەخوازێت لە هەر شتێکی کوردی، بوونی

پەیڕەوی لە یاسای جیاوازیی بکات، بۆنموونە کوردبوون لەو پێکهاتە کوردییانەی کە لە چەند خێڵێك پێکهاتوون دەخوازێت پەیڕەوی لەو سیستەمە بکەن.

لە قۆناغێکی مێژوویدا بەهۆی ئەو هوشیارییەوە کە کۆمەڵگا کوردییە زمانجیاوازەکان بە روحی کوردییانەی خۆیان پەیدای دەکەن، کوردبوون لە زمانی کوردی دەخوازێت لەرێگەی شێوازە زمانییەکانی ئەو پێکهاتانەوە ببێت بە زمانی گوزارشتکردن لە هوشیارییەکی ئایینی. ئەو هوشیارییە ئایینییەش لەناو چەند گوتارێکی ئاینی جیاوازدا شێوەیان گرتووەو زمانی دەقەکانی ئاینی حەقیقەت بەهەردوو لقەکەیەوە واتە یارسان ویەزیدی بەرجەستەکەری ئەو راستییەن وئەوە دەسەلمێنن کە کورد لە ئایینەکەیدا پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی کردووە نەك یاسای شوناس. لە قۆناغی سەرهەڵدانی کەلتورە ئەدەبییە نامەزهەبییەکانی سەردەمی خەلافەتەکاندا، کۆمەڵگا کوردییە جیاوازەکان هەریەکەیان بە زمانە کوردییە جیاوازەکەی خۆی و شێوازە جیاوازەکەی خۆی گوزارشت لەو هوشیارییە دەکات کە لەو سەردەمەدا پێی گەیشتووەو ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەبری یەك کەلتوری نامەزهەبی چەند کەلتورێکی نامەزهەبی بهێننە ئاراوە، ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کۆمەڵگا کوردییەکان لە گوزارشتکردن لەو هوشیارییە بە هەمان شێوە پەیڕەوی هەمان سیستەمیان کردووە.

لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا کە بزووتنەوە کوردییە مۆدێرنەکان سەرهەڵدەدەن و وەك بزووتنەوە مۆدێرنەکانی تورك وفارس وعەرەب دەگەنە ئەو قۆناغەی ببن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، دەکەونە نێوان دووڕیانێك، لەلایەکەوە کوردبوون لەم بزووتنەوانە دەخوازێت پەیڕەوی لە هەمان ئەو سیستەمە بکەن کە بە یاسای جیاوازی کار دەکات، تا ببن بە بزووتنەوەیەکی کوردی. لەلایەکی ترەوە نەتەوەخوازی داوا لەم بزووتنەوە مۆدێرنانە دەکات پەیڕەوی لەو سیستەمە بکەن کە بەیاسای شوناس کاردەکات، تا لە بزووتنەوەیەکی مۆدێرنەوە ببن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز.

ئەم بزووتنەوانە گەر پەیڕەوی لەو سیستەمە تۆتالیتارە بکەن کە نەتەوەخوازی دەیخوازێت و ببن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، کوردبوونی خۆیان لەدەستدەدەن. لەلایەکی تریشەوە گەر پەیڕەوی لەو سیستەمە جیاوازخوازە بکەن کە کوردبوونیان لێیان دەخوازێت ببن بە بزووتنەوەیەکی کوردی، ئەوە لە دەستدەدەن بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازبن. ئەو حاڵەتە لێکدژییەی کە بزووتنەوە کوردییەکان لەنێوان کوردبوون و نەتەوەخوازبووندا تێی دەکەون،

بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانی فارس و عەرەب و تورك و هەموو بزووتنەوە مۆدێرنەکانی تری جیهان تێی ناکەون، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو میللەتانە بونیان لە عەسەبەکانی بەر لە سەرهەڵدانی مۆدێرنەو نەتەوەخوازی سەرچاوەیان گرتووە. عەسەبەکانی ئەو سەردەمەش بە هەمان ئەو سیستەمە دروستبوون کە نەتەوەخوازی داوادەکات ئەوان نەتەوەی پێدروستبکەن.

بەڵام کوردبوون لەو پێکهاتە خێڵەکیانەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە سیستەمێکی جیاواز لە سیستەمی عەسەبەو ئەو سیستەمە دروستبوون کە نەتەوەخوازی بزووتنەوە مۆدێرنەکانی پێدەکات بە بزوتنەوەیەکی نەتەوەخواز. ئەمەش وادەکات ئەم بزووتنەوانە بکەونە ناو ئەو لێکدژییەوە کە لەنێوان کوردبوون و نەتەوەخوازبوونیاندا هەیە.

نەتەوەخوازی داوا لە بزووتنەوە مۆدێرنەکان دەکات بە بەپەیڕەوی کردن لەو سیستەمە نەتەوەکانیان دروستبکەن کە عەسەبییەتەکان لە سەردەمە پریمۆدێرنەکەدا عەسەبەکانی خۆیان پێدروستکردووە. سیستەمەکەش ئەو سیستەمەیە کە زمان و شێوازی کەلتوری کۆمەڵگایەك دەسەپێنێ بەسەر ئەو کۆمەڵگا زمان و شێواز جیاوازانەدا کە نەتەوەخوازی نەتەوەکەیان لێدروستدەکات.

بزووتنەوە کوردییەکان لەبەر ئەوەی بەوە دەتوانن ببن بزووتنەوەیەکی کوردی کە لە دروستکردنی نەتەوەدا پەیڕەوی لەو سیستەمە بکەن کە زمان و شێوازی هەر کۆمەڵگایەك لەو کۆمەڵگا کوریانەی کە هوشیاریان بە سەردەمە مۆدێرنەکە هەیە دەکات بە زمان و شێوازی ئەو نەتەوەیەی کە دروستیدەکەن، ئەوان بەمە دژدەبنەوە لەگەڵ ئەو سیستەمەدا کە نەتەوەخوازی نەتەوەی پێدروستدەکات.

ئەو بزووتنەوە مۆدێرنانەی کە لەناو کۆمەڵگا کوردییە نامۆردێرنەکاندا سەرهەڵدەدەن، لەیەك کاتدا ناتوانن بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازبن وبزووتنەوەیەکی کوردییش بن، چونکە بەبوونیان بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز لە کوردبوون دەکەون و ناکرێت ناویان بنرێت بزووتنەوەیەکی کوردی، بە بوونیشیان بە بزووتنەوەیەکی کوردی لەوە دەکەون بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز بن.

بزووتنەوە کوردییەکان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە پەیڕەوی لەو سیستەمە دەکەن کە کوردبوونیان لێیان دەخوازێت، واتە هەر لەسەرەتاوە پەیڕەوی لە سیستەمێك دەکەن

کەلەسەر بنەمای جیاوازی دامەزراوە نەك بنەمای شوناس، ئەو بزووتنەوانە بەوەی کە پەیرەوی لەو سیستەمە دەکەن، وەك بزووتنەوە مۆدێرنەکانی تر ناتوانن پەیڕەوی لەو سیستەمە بکەن کە بە پەیڕەوکردنی دەبن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز. واتە ناتوانن پەیڕەوی لەو سیستەمە بکەن کە لەسەر بنەمای شوناس دامەزراوەو ئەو بزووتنەوانە بەرەو ئەوە دەبات وەك بزووتنەوەکانی تر ببن بە بزووتنەوەیەکی تۆتالیتارو لەرێگەی تۆتالیتاریەتی کەلتوری و زمانییەوە کەلتورە مۆدێرنەکە لە کۆمەڵگا کوردییە جیاوازەکاندا بڵاو بکەنەوەو ئەو کۆمەڵگایانە لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی نامۆدێرنەوە بگۆڕن بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی مۆدێرن.

ئەم بزووتنەوانە هەر لەسەرتای سەرهەڵدانیانەوە پەیڕەوی لەو تۆتالیتاریەتە زمانی و کەلتورییە ناکەن کە نەتەوەخوازی بەسەریاندا دەیسەپێنیّ، ئەوان لە بری ئەمە پەیڕەوی لە فرەزمانی و فرەکەلتوری دەکەن و بە هۆی ئەو زمانە جیاوازانەو ئەو شێوازە جیاوازانەی کە لە کۆمەڵگا کوردییە جیاوازەکاندا هەن، کەلتورە مۆدێرنەکە بە چەند زمان و شێوازێکی جیاواز دەکەن بەچەند کەلتورێکی جیاواز، ئەمەش وادەکات لەناو کۆمەڵگا کوردییەکاندا لەبری یەك بزووتنەوە چەند بزووتەوەیەك سەر هەڵبدەن و هەر یەکەیان زمانی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی و شێوازە کەلتوریەکەی بکات بە زمان و شێوازی کەلتورە مۆدێرنەکەو هەوڵبدات کۆمەڵگا ناوچەییەکەی خۆی بەکەلتورە مۆدێرنەکە بخاتە ناو پرۆسەی بە مۆدێرن بوونەوە.

گەر هەموو بزووتنەوە مۆدێرنەکان لەناو میللەتەکانی خۆیاندا وەك چەند بزووتنەوەیەکی جیاوازیش سەرهەڵبدەن و لەرێگەی ئەو زمان و شێوازە کەلتورییەی کە دەیدەن بە کەلتورە مۆدێرنەکە بەرەو یەك بزووتنەوەی نەتەوەخواز بڕۆن و هەموویان کەلتورە مۆدێرنەکە بە یەك زمان و یەك شێواز لەناو کۆمەڵگا جیاوازەکانی خۆیاندا  بڵاوبکەنەوەو کۆمەڵگا جیاوازەکانیان بەمە بکەنەوە بەیەك کۆمەڵگا، ئەوە بزووتنەوە مۆدێرنە کوردییەکە لەسەرتادا لە شێوەی یەك بزووتنەوەدا دەردەکەوێت و دواتر بە هۆی ئەوەوە کە کەلتورە مۆدێرنەکە بە چەند زمان و شێوازێکی کەلتوری جیاواز بڵاودەکاتەوە، لە یەك بزووتنەوەوە دەگۆڕێت بۆ چەند بزووتنەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ، کە هەریەکەیان خاوەنی زمان و شێوازی کەلتوری تایبەت بە خۆیەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیێنیّ کە بزووتنەوە مۆدیرەنەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی لە بری ئەوەی پەیڕەوی لەو سیستەمە بکەن کە بزووتنەوە مۆدێرنەکان دەکات بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، پەیڕەوی لەو سیستەمە دەکەن کە بزووتنەوەکان لە بزووتنەوەیەکی مۆدێرنەوە

دەکات بە بزووتنەوەیەکی کوردی. بەبێ تێگەیشتن لە سیستەمی نەتەوەخوازی و سیستەمی کوردبوون ئەستەمە لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزووتنەوە مۆدێرنەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی تێبگەین. بۆ تێگەیشتن لەم بزووتنەوانە دەبێت بەردەوام ئەو راستییە لە بەرچاو بگرین کە بزووتنەوە مۆدێرنەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا ناتوانن پەیڕەوی لە سیستەمی نەتەوەخوازی بکەن و ببن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، چوونکە بەوەی کە پەیڕەوی لەو سیستەمە دەکەن لەوە دەکەون بزووتنەوەیەکی کوردی بن.

ئەو رۆشنبیرە کوردانەی کە دەیانەوێت بزووتنەوەیەك لە بزووتنەوە مۆدێرنەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایە بکەن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەکەونە دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی و شوناسە کوردیەکەیان لە دەستدەدەن، جاری وا هەیە ئەم رۆشنبیرانە ناچار دەبن لە کۆمەڵگا کوردییەکە بچنە دەرەوەو بەرەو ناو بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانی ناو کۆمەڵگاکانی تر بڕۆن.

باشترین نموونەی ئەم رۆشنبیرانە ئەو رۆشنبیرە کوردانەی ناو (ئیتحاد و تەرەقی)ن کە لە بزووتنەوە مۆدێرنە کوردییەکەوە بازدەدەنە ناو ئەو بزووتنەوە مۆدێرنە تورکییەوە کە بووە بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازو لەناو ئەم بزووتنەوەیەشدا دەبن بە گەورترین مونەزری ئەو بزووتنەوەیە.

ئەمەی سەرەوە ئەوە رووندەکاتەوە کە هەر بزووتنەوەیەکی مۆدێرنی کوردی گەر بگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازو بیەوێت لەناو کۆمەڵگا کوردییە پارچەپارچەکراوەکەدا کەلتورە مۆدێرنەکە لەرێگەی دامودەزگا مۆدێرنەکانەوە بە یەك زمان و یەك شێوازی کەلتوری بسەپەێنێ، بەمە کۆمەڵگا کوردییەکەی کە لەسەر بنەمای جیاوازیی کەلتوری وەك کۆمەڵگایەکی کوردی بوونی هەیە، هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەم بزووتنەوە نەتەوەخوازە بەکارێکی لەو جۆرە نەك هەر کۆمەڵگایەکی کوردی یەکگرتوو دروستناکات، بەڵکو بەمە وادەکات کۆمەڵگا کوردییەکە لە کوردبوون بکەوێت و بەروە پارچەپارچە بوونێکی ناوەکیانەی بڕوات.

کۆمەڵگای کوردی پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی زمانی و کەلتوری جیاواز، ئەوەی هەریەك لەو کۆمەڵگا زمانی و کەلتوریانەی کردووە بە پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردی بنەمای کوردبوونە، ئەم بنەمایەش زەمینە خۆشدەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگا کوردیەکە لەناو خۆیدا ببێت بە زیاتر لە کۆمەڵگایەکی زمانی و کەلتوری. کاتێك

بزووتنەوەیەکی مۆدێرن بە پەیڕەوی کردن لە بنەمای نەتەوەخوازی دەیەوێت بە ناوی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نەتەوەوەییەوە لە ڕێگەی هێزەوە کۆمەڵگا زمانی و کەلتورییە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی بگۆڕێت بۆ یەك کۆمەڵگای زمانی و کەلتوری، بەمە کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی بۆ کورد دروست ناکات، بەڵکو ئەو کۆمەڵگا کوردییە هەڵدەوەشێنێتەوە کە لەسەر بنەمای کوردبوون دامەزراوە.

کۆمەڵگای کوردی بەوە کۆمەڵگایەکی کوردییە کە لەسەر بنەمای کوردبوون دامەزرابێت، بنەمای کوردبوونیش لە هەر بزووتنەوەیەکی مۆدێرن دەخوازێت زەمینە خۆش بکات بۆ ئەوەی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا لە ڕێگەی کەلتورە مۆدێرنەکەوە زۆرترین کۆمەڵگای زمانی و کۆمەڵگای کەلتوری دروستببن. هەر بزووتنەوەیەکی مۆدێرنی ناو ئەم کۆمەڵگایە پەیڕەوی لەم بنەمایە نەکات و بیەوێت بەوە کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی یەکگرتوو دروست بکات کە لە ڕێگەی کەلتورە مۆدێرنەکەوە کۆمەڵگا کوردییەکە لە کۆمەڵگایەکی فرەزمان و فرەکەلتورە بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەکی یەکزمان و یەککەلتور، ئەوە لە ناو ئەم کۆمەڵگایەدا پێشوازی لێناکرێت.

لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بۆ هەر بزووتنەوەیەکی مۆدێرن ئەوە گرنگە پەیڕەوی لە بنەمای کوردبوون بکات، واتە بڕوای بەوە هەبێت کە کۆمەڵگای کوردی دەبێت پێکهاتەیەك بێت لە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی فرەزمان و فرەکەلتور، بە بێ باوڕبوون بەم بنەمایەو کارکردن بەم بنەمایە هیچ بزووتنەوەیەك توانای مانەوەی لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا نابێت، گەرچی خاوەنی هێزێکی جەماوەری و مادیی گەورەش بێت.

لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا بەر لەهەموو شتێك پەیڕەویکردن لەم بنەمایە گرنگەو هەر بزووتنەوەیەکیش بۆ ئەوەی ڕەوایەتی لەم کۆمەڵگایە وەرگرێت و ئەم کۆمەڵگایە وەك بزووتنەوەیەکی کوردی دانی پێدابنێت، دەبێت لەو بنەمایە لانەدات کە کوردیبوونی ئەم کۆمەڵگایەی لەسەر دامەزراوە. ئەمەش وایکردووە لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا هیچ بزووتنەوەیەکی مۆدێرن لە مێژووی پەرەسەندنی خۆیدا لە بزووتنەوەیەکی مۆدێرنەوە نەتوانێت ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز.

ئەو بزووتنەوە کوردیانەی کە بە درێژای ئەم سەد ساڵە سەریان هەڵداوەوەو پەرەیان سەندووەو بەهۆی ئەو ڕەوایەتیەوە کە لەم کۆمەڵگا کوردییە وەریان گرتووە بۆ ماوەیەکی درێژ توانیویانە بمێننەوە، ئەو بزووتنەوانە بوون کە پەیڕەوییان لە بنەمای کوردبوون کردووەو

کۆمەڵگای کوردییان وەك کۆمەڵگایەکی فرەزمان و فرەکەلتور بینیوەو بەهیچ شێوەیەك کاریان بۆ ئەوە نەکردووە کۆتایی بە فرەزمانی و فرەکەلتوری ناو ئەم کۆمەڵگایە بهێنن. ئەم بزووتنەوانە لە پێناو مانەوەی خۆیاندا بەردەوام هەوڵیانداوە پەرە بە فرەزمانی و فرەکەلتوری ناو ئەم کۆمەڵگایە بدەن و بەمەش توانیویانە بەردەوامی بەو ڕەوایەتییە بدەن کە کۆمەڵگا کوردییەکە پێی بەخشیون.

ئەو بزووتنەوە کوردییەی کە لە حەفتاکانی سەدەی بیستدا لە ناو کۆمەڵگا کوردییەکەی تورکیادا سەرهەڵدەدات و دواتر لە فۆرمی حزبێکی سیاسی وەك پارتی کرێکارنی کوردستاندا شێوەگیر دەبێت، هەوڵدەدات بە تاکە کەلتورێکی سیاسی کۆمەڵگا سیاسییەکەی کوردستان کە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی سیاسی جیاواز، بگۆڕێت بۆ یەك کۆمەڵگای سیاسی. ئەم حزبە ئەو تۆتالیتاریەتە کەلتوری و زمانییەی کە بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان پەیڕەوی دەکەن و دەیانەێت کۆمەڵگا زمانی و کەلتورییە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی بکەنەوە بەیەك کۆمەڵگای زمانی و کەلتوری، دەگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگا سیاسیەکەی ناو کۆمەڵگای کوردی. واتە ئەم حزبە لەبری ئەوەی کار بۆ ئەوە بکات لە کۆمەڵگا فرەزمان و فرەکەلتورەکەی کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگایەکی یەکزمان و یەککەلتور دروستبکات، دەیەوێت کۆمەڵگا کوردییە سیاسیەکە کە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی سیاسی جیاوازو هەریەکەیان خاوەنی کەلتورێکی سیاسی تایبەت بە خۆیەتی، بگۆڕێت بۆ یەك کۆمەڵگای سیاسی سەرتاسەری و تۆتالیتار، ئەم حزبە لەمەدا پەیڕەوی ئەو جۆرە لە تۆتالیتاریەتی سیاسی دەکات کە مارکسیزم و ئیسلامی سیاسی پەیڕەوی دەکەن.

لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا ئەوەی لەناو ئەم حزبەدا قبوولنەدەکرا ئەو جۆرە لە تۆتالیتاریەتی سیاسی بوو کە ئەم حزبە بەناوی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سیاسی یەکگرتوو لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا پەیڕەوی دەکرد. ئەوەی وادەکات ئەم حزبە دەسبەرداری ئەو تۆتالیتاریەتە سیاسییە ببێت و وەك حزبەکانی تر لە بزووتنەوەیەکەوە کە داوای سەربەخۆی بۆ کوردستان دەکات بگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی کە داوای فیدراڵیەت بۆ کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیدا بکات، بەهۆی ئەو فشارە دەرکیانەوە نییە کە لەدەرەوەی کۆمەڵگا کوردییەکە توشی دەبێت، بەڵکو بەهۆی ئەو فشارە ناوەکییەوەیە کە لەناو کۆمەڵگا کوردییەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

ئەم بزووتنەوەیە لەناو کوردستانی باشوردا بەوە شکست ناهێنێ کە حزبە کوردییەکانی کوردستانی باشور دژی دەبنەوەو دەچنە پاڵ سوپای تورکی، ئەوەی ئەم بزووتنەوە لەناو کوردستانی باشوردا لاوازدەکات و رەوایەتی و هێز دەدات بە حزبە کوردییەکانی ئەم ناوچەیە، ئەوەیە کە ئەم حزبە لە کوردستانی باشوریشدا سەرقاڵبوو بە سەپاندنی هەمان کەلتوری سیاسی و دژبوونەوە لەگەڵ بنەمای کوردبووندا، کە داوای ئەوە دەکات کۆمەڵگا کوردییەکە کۆمەڵگایەك بێت لە رووی کەلتوری سیاسیەوە فرەکەلتوربێت و تاك کەلتورنەبێت.

ئەم حزبە لەوێوە کە کەلتورە سیاسیەکەی خۆی بە تاکە زمانێك و تاکە شێوازێکی کەلتوری لەناو کوردستانی باشوردا بڵاو ناکاتەوەو لە زمان و شێوازی کەلتوریدا پەیڕەوی لە بنەمای شوناس ناکات و پەیڕەوی لە بنەمای جیاوازی دەکات، لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا بە بزووتنەوەیەکی کوردی دەبینرێت و وەك هەر بزووتنەوەیەکی تری ئەم ناوچەیە پشتگیری لێدەکرێت، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە بەوەی کە کەلتورە سیاسیەکەی خۆی بە تاکە کەلتورێکی سیاسی کوردی دەبینی و کەلتوری سیاسی حزبەکانی تری ناو ئەم ناوچەیە وەك کەلتورێکی سیاسی ناکوردی وێنادەکردەوە، لەناو کۆمەڵگا کوردییەکەی باشوردا وەك بزووتنەوەیەکی مارکسیستی وێنا دەکرا نەك بزووتنەوەیەکی کوردی، ئەمەش هۆکەی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە لە بڵاوکردنەوەی کەلتورە سیاسیەکەی خۆیدا پەیڕەوی لە بنەمای کوردبوون نەدەکرد و پەیڕەوی لەو بنەمایە دەکرد کە بزووتنەوە مارکسیستەکان پەیڕەوییان لێدەکرد.

ئەوەی ئەم حزبە لە کوردستانی باشوردا توشی شکست کرد، حزبە سیاسییەکانی ناو کوردستانی باشور نەبوون، بەڵکو ئەو لێکدژییە ناوکییەبوو کە لە نێوان کەلتوری سیاسی و کەلتوری ناسیاسی ئەم حزبەدا هەبوو.

ئەم حزبە لەکەلتورە سیاسیەکەیدا بەوەی کە پەیڕەی لە بنەمای شوناس دەکردو تەنها کەلتورە سیاسیەکەی خۆی بە کەلتورێکی سیاسیی نەتەوەیی دەزانی، دژی ئەو بنەمایە دەبوویەوە کە کوردبوونی لێی دەخواست پەیڕەوی بکات، واتە دژی ئەو بنەمایە دەبوویەوە کە کەلتورە سیاسییە کوردییەکە دەکات بە چەند کەلتورێکی سیاسی جیاواز. لەلایەکی ترەوە ئەم حزبە لەبەر ئەوەی کەلتوری ناسیاسیەکە بەکەلتورێکی فرەزمان و فرەشێواز دەزانی و پەیڕەوی لە بنەمای کوردبوون دەکرد، دژی ئەو بنەمایە دەبوویەوە کە لە بڵاوکردنەوەی کەلتورە سیاسیەکەدا پەیڕەوی دەکرد.

ئەوەی ئەم حزبەی لە نەمان پاراست و لەناو بزووتنەوە کوردییەکان و کۆمەڵگای کوردیدا وەك بزووتنەوەیەکی کوردی هێشتیەوە، ئەوەبوو کە لە بڵاوکردنەوەی کەلتورە ناسیاسیەکەیدا پەیرەوی لە بنەمای جیاوازی دەکرد نەك بنەمای شوناس. ئەوەش ئەم حزبەی توشی شکست کرد ئەوەبوو لە بڵاوکردنەوەی کەلتورە سیاسییەکەیدا پەیڕەوی لە بنەمای شوناس دەکردو کەلتورە سیاسییەکەی خۆی بە دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکانی کەلتوری سیاسی نەتەوەی نەدەزانی و بە خودی کەلتورەکەی دەزانی.

ڤان برۆنسن لە دوای ئەوەی کە باس لەوە دەکات کەلتورێکی یەکزمان و یەك شێواز لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بوونی نییە دەڵێت: تەنانەت حزبێکی دەسەڵاتخوازی وەك پارتی کرێکارانی کوردستان کە  لە رێکخستنندا پەیڕەوی لە چەقگیری دەکات، هەرگیز هەوڵی ئەوەی نەداوە کەلتورێکی کوردی یەکگرتوو بڵاو بکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە فرەیی لە خۆی گرتووەو کۆمەڵە رێکخراوێکی هاوڕێی بۆ هەر کۆمەڵێك لە کۆمەڵە جیاوازو دابڕاوەکانی ناوخۆی داناوەو هەریەکەیان چاپکراوی تایبەت بەخۆی و میدیایەکی ئەلیکترونی تایبەت بەخۆی هەیەو پەرە بە هوشیارییە دەدات کە کۆمەڵگای کوردی مۆزایکێك دەنوێنێ  هەریەك لە پێکهاتەکانی بەرێژەیکی چونیەك لەگەڵ ئەوەی کە هەمەکییە تەماهیان نەکردووە(٢٩٩).

ئەوەی لەناو ئەم حزبەدا کوردیەتی ئەم حزبە دەنوێنێ، ئەوەیە کە لە کەلتورە کوردییەکەدا پەیڕەوی لە بنەمای کوردبوون کردووەو زمان و شێوازێکی زمانی لەناو خۆیدا نەسەپاندووە بەسەر هەموو ئەندامەکانی ناو خۆیداو زەمینەی سازکردووە بۆ ئەوەی کەلتورە کوردییە مۆدێرنەکە لەناو خۆیدا بگۆڕێت بۆ چەند کەلتورێکی جیاواز، بەڵام ئەوەی لەم حزبەدا ناکوردی بوو ئەوە بوو لە پەرەوەردەکردنی ئەندامەکانی خۆیدا پەیڕەوی لە یەك کەلتوری سیاسی دەکردو لە رێگەی ئەمەشەوە ئەو باوڕەی لای ئەندامەکانی دروستدەکرد کە ئەو کەلتورە سیاسییەی ئەو پەیڕەوی دەکات تاکە کەلتورێکی سیاسی کوردییەو کۆمەڵگا کوردییە جیاوازەکان هەموویان دەبێت پەیڕەوی لەو کەلتورە سیاسییە بکەن کە سەرۆکی ئەو حزبە تیۆریزەی کردووە.

---

(٢٩٩) بروانە : هـ . س: هـ . ل.

ئەم حزبە لە دەروستکردنی ئەو بڕوایەدا کە کەلتورە سیاسییەکەی خۆی تاکە کەلتورێکی سیاسیی کوردییە شکست دەهێنیٚ، چوونکە هەر بەوەی کە بە تاکە کەلتورێك دەزانرێت و لە بڵاوکردنەوەیدا پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەت دەکرێت، کوردبوونی خۆی لەدەستدەدات و لە کەلتورێکی کوردییەوە دەبێت بە کەلتورێکی ناکوردی. لەناوکۆمەڵگای کوردیدا کەلتورێکی سیاسی تا ئەو شوێنە بە کەلتورێکی سیاسی کوردی دەزانرێت کە کەلتوری کۆمەڵگایەکی سیاسی لە کۆمەڵگا سیاسییە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی و حزبەکانی بێت، کاتێك ئەم کەلتورە سیاسییە وا سەیری دەکرێت کە کەلتورێکی سیاسی سەرتاسەری ناو کۆمەڵگای کوردییەو هەر حزبێکی ناو ئەم کۆمەڵگایە دەبێت ئایدیۆلۆجیا سیاسییەکەی سەرچاوە لەو کەلتورە سیاسییەوە بگرێت جا دەبێت بە حزبێکی کوردی، بەمە ئەو کەلتورە سیاسییە نەك هەرنابێتە کەلتورێکی سیاسی کوردی، بەڵکو کوردییەتیەکەی خۆی لەدەستدەدات و دەبێتە کەلتورێکی سیاسی ناکوردی.

لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هەرکەلتورێکی سیاسی ئاینی بێت یان لیبراڵ یان مارکسی بەوە دەبێت بەکەلتورێکی سیاسی کوردی وکوردییەتەکەی خۆی دەپارێزێت کە وەك کەلتورێکی سیاسی ناوچەیی بمێنێتەوەو هەوڵی ئەوە نەدات ببێت بە کەلتورێکی سەراپاگیرو بەپەیڕەوکردن لە یاسای شوناس نەفی کوردییەتی کەلتورە سیاسییەکانی تر بکات. کوردییەتی کەلتورە سیاسیە جیاوازەکانی ناو کورد لەوەدایە کە لە بوون پەرەسەندنیاندا پەیڕەوی لە بنەمای جیاوازی بکەن و لەپاڵ کەلتورە سیاسییەکانی تری ناو ئەو کۆمەڵگایەدا دەرکەوتەیەك بن لە دەرکەوتەکانی عەقڵی سیاسی کوردی. ئەمە بۆ کەلتورە ناسیاسییەکان و زمانی ئەو کەلتورانەش دروستە.

دیالێکتی سۆرانی یان کرمانجی تا ئەو شوێنە کوردیەتی خۆیان دەپارێزن کە لەپاڵ دیالێکتە پەرەسەندووەکای تردا دیالێکتێکبن لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی، کاتێك دەسەڵاتێکی سیاسی بیەوێت یەکێك لەو دیالێکتانە بەرزبکاتەوەو بیگۆڕێت بە زمانی کوردی و ڕێگە بگرێت لە پەرەسەندنی دیالێکتەکانی تر، ئەوە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە بەمە نەك هەر زمانی کوردی لەو دیالێکتە دروست ناکات بەڵکو کوردیەتی لەناو ئەو دیالێکتەدا نەفی دەکات. دیالێکتە کوردییەکان بەوە زمانی کوردی دەنوێنن کە نەبن بە تاکە نوێنەری زمانی کوردی وهەریەکەیان لەپاڵ ئەوەی تریاندا وەك دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکانی زمانی کوردی

بهێنێتەوە. واتە هەردیالێکتێك لەو دیالێکتانە بەوە کوردییە کە پەیڕەوی لە بنەمای کوردبوون بکات و وەك دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکانی زمانی کوردی بهێنێتەوەو نەبێتە تاکە نوێنەری زمانی کوردی، بەمانایەکی تر کوردییەتی زمانی کوردی لەوەدایە کە لە پەرەسەندنی خۆیدا پارێزگاری لە بنەمای جیاوازی بکات و لەرێگەی بنەمای شوناسەوە یەکێك لە دیالێکتەکان نەکات بە تاکە نوێنەری خۆی و بەردەوام لە رێگەی هەموو ئەو دیالێکتانەوە کە توانای پەرەسەندنیان هەیەو توانیویانە ببن بەزمانی خوێندن و نوسینی کەلتورە مۆدێرنەکە بە رەنگی جیاواز خۆی بنوێنێ.

پەیڕەویکردنیش لەم بنەمایە ئەوەیە کە زەمینەیەك سازبکرێت بۆ ئەوەی زمانی هەر کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا زمانییەکانی ناو کۆمەڵگا کوردییەکە کە زمانەکەی توانای پەرەسەندنی هەیە، وەك هەر دیالێکتێك لەدیالێکتە پەرەسەندووەکان ببێت بە دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکانی زمانی کوردی. زمانی کوردی تا ئەو شوێنە زمای کوردییە کە پەیڕەوی لە بنەمای جیاوازی بکات و لە رێگەی زمانی هەر کۆمەڵگایەکی زمای ناو کۆمەڵگا کوردییەکەوە ببێت بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە.

ئەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازەوە دەگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخواز، کوردبوونی ئەم بزووتنەوەیەیە، ئەم بزووتنەوەیە بەوە دەتوانێت بزووتنەوەیەکی کوردی بێت کە لەناو کۆمەڵگای کوردیداو لەناو کۆمەڵگایەکی ناکوردی وەك کۆمەڵگای تورکیدا ئۆتۆنۆمیخواز بێت نەك نەتەوەخواز، چوونکە گەر ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازو پەیڕەوی لە بنەمای شوناس بکات، لەگەڵ کوردبوونی خۆیدا دژ دەبێتەوە، کوردبوونی ئەم بزووتنەوەیە لەم بزووتنەوەیە دەخوازێت لە ناو کۆمەڵگای کوردیداو لە ناو غەیری کۆمەڵگای کوردیدا ئۆتۆنۆمیخواز بێت، چوونکە بنەمای کوردبوون کە جیاوازییە، لەگەڵ بنەمای ئۆتۆنۆمی یەکە نەك لە گەڵ بنەمای نەتەوەخوازی.

### ٥/٢-١) بزوتنەوە کوردییەکان لەنێوان نەتەوەخوازی و ئۆتۆنۆمیخوازیدا

کوردبوون بنەمایەکە دوادەکات لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بزووتنەوە مۆدێرنە کوردییەکان زەمینە خۆشبکەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا زمانی و کەلتوری و سیاسییە جیاوازەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایە پەرەبسێنن و کۆمەڵگا کوردیەکە بکەن بە کۆمەڵگایەکی فرەزمان و فرەکەلتور و

فرەدەسەڵات، ئەم بنەمایە بەوەی داوای جیاوازی وفرەیی دەکات دەبێتە رێگر لەبەردەم سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هەر بزووتنەوەیەکی مۆدێرندا کە بییەوێت بە پێی بنەمای نەتەوەخوازی لە سنوری ئەو کۆمەڵگایەدا وەك بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان تاکە کەلتورێکی مۆدێرن بە تاکە زمانێك سەراپاگیر بکات. کوردبوون ئەو بنەماییە کە هەموو بزووتنەوەیەکی ناو کۆمەڵگای کوردی ناچار دەکات لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخواز بێت و وەك بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان تۆتالیتار نەبێت. لەناو کۆمەڵگای کوردیدا ئەوەی رێگە لە تۆتالیتاریەتی سیاسی دەگرێت و ناهێڵێت تاکە حزبێکی سیاسی فەزا سیاسیەکەی ناو کۆمەڵگای کوردی کۆنترۆڵ بکات، بوونی کەلتورێکی دیموکراسی نییە. واتە فرەحزبی لەناو فەزای سیاسی ئەم کۆمەڵگایەدا لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا کەلتورێکی سیاسی هەیەو ئەم کەلتورە سیاسییە وایکردووە لەم کۆمەڵگایە بڕوای بە دیموکراسیەت هەبێت. ئەوەی رێگە دەگرێت لە تۆتالیتاریەتی سیاسی هەمان ئەو بنەمای کوردبوونەیە کە رێگە دەگرێت لە تۆتالیتاریەتی زمانی و کەلتوری. واتە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دەیموکراسیەتی سیاسی لە دیموکراسیەتی زمانی و کەلتوری جیا ناکرێتەوەو هەرسێکیشیان لە بنەمای کوردبوونەوە سەرچاوە دەگرن.

دیموکراسیەتی سیاسی وفرەحزبی لەناو دەوڵەتە دیموکراسیەکاندا سەرچاوە لەو کەلتورە لیبراڵەوە دەگرێت کە بڕوابوون بە دیموکراسیەت دروستکردووە، دیموکراسیەت لەناو دەوڵەتێکی لەو جۆرەدا لە بنچینەدا لەسەر تۆتالیتاریەتی کەلتوری دامەزراوە. دیموکراسیەت دیموکراسیەتی دروستبوونی نەتەوەکان نییە لەناو دەوڵەتدا لەرێگەی دیموکراسیەتی کەلتوری و زمانییەوە، بەڵکو دیموکراسیەت دیموکراسیەتە بۆ ئەو حزبە سیاسیانەی کە لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایەدا سەرهەڵدەدەن کە نەتەوەخوازی بە پەیڕەیکردن لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری دروستیکردوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ لە پشت ئەو دیموکراسیەتە سیاسییەوە کە لەناو دەوڵەتە نەتەوەییە دیموکراسییەکانی وەك بەریتانیادا بوونی هەیە، تۆتالیتاریەتێکی کەلتوری هەیەو بەبێ رازیبوون بەو تۆتالیتاریەتە کەلتورییە ناکرێت دیموکراسیەتێکی سیاسی لەو جۆرە هەبێت. هەر حزبێك لە حزبەکانی ناو ئەو جۆرە لە کۆمەڵگا ناتوانێت لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا بوون پەیدا بکات و پەرە بە بوونی خۆی بدات گەر بڕوای بەو تۆتالیتاریەت کەلتورییە نەبێت کە لەناو ئەو دەوڵەتانەدا بەبەردەوامی پەیڕەودەکرێت و دەبێتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا هیچ کەلتورو زمانێکی

تر لە بەرامبەر ئەو کەلتورو زمانەدا سەرهەڵبدا کە نەتەوەخوازی لەناو ئەو دەوڵەتەدا نەتەوەی پێدروستکردووە و شوناسی نەتەوەیی دەوڵەتەکەی پێ دیاریکردووە. ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کە لەنێوان کۆمەڵگای کوردیی و هەموو ئەو کۆمەڵگایانەدا هەیە کە پەیڕەوی لە دیموکراسیەت دەکەن.

بڕوابوون بە فرەیی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بڕوابوونە بە فرەیی لە بواری سیاسیەت و لە بواری زمان و کەلتوریشدا، بۆیە ناکرێت والێکبدرێتەوە کە قبولکردنی فرەیی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا سەرچاوەی لە باوڕبوون بە دیموکراسیەتەوە گرتووە، بڕوابوون بە فرەیی لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا پەیوەندی بە کوردیبوونی ئەم کۆمەڵگایەوە هەیە. ئەم کۆمەڵگایە ناتوانێت کۆمەڵگایەکی کوردی بێت گەر پەیڕەوی لە فرەیی نەکات و زەمینەیەکی ساز نەبێت بۆ سەرهەڵدانی فرەیی لە فەزای سیاسی و فەزای زمانی وکەلتوری خۆیدا.

پەیڕەیکردن لە بنەمای کوردبوون وادەکات هەر بزووتنەوەیەك کە لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا سەرهەڵدەدات لە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازەوە بگۆڕێت بۆ بزوتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخواز، گۆڕانی بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانی ئەم کۆمەڵگایە بۆ بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخواز لەپێناو ئەوەدایە کە کوردبوونی خۆیان لەدەستنەدەن، واتە ئەوە کوردبوونی ئەم بزووتنەوانەیە ئەم بزووتنەوانە ناچار دەکات بن بە بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخواز نەك ململانێی ئەم بزووتنەوانە لەگەڵ نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەکانی ناو ئەو دەوڵەتانەی کە کۆمەڵگای کوردییان بەسەردا دابەشکراوە.

ئۆتۆنۆمی لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا دەرکەتەی بنەمای نەتەوەخوازیەو نابێتە هۆی ئەوەی نەتەوە لەناو دەوڵەتە نەتەوەییەکەدا دابەش بکات بۆ دوو نەتەوەی سەربەخۆ، بەڵام ئۆتۆنۆمی لەخەیاڵی بزووتنەوە کوردیەکاندا دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتەکانی بنەمای کوردبوون. جێبەجێکردنی بنەمای کوردبوون دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو نەتەوەیەی کە لەناو دەوڵەتەکەدا بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی دامەزراوە هەڵوەشێتەوە بۆ چەند نەتەوەیەکی جیاواز. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئۆتۆنۆمی بەپێی بنەمای کوردبوون شتێکەو بە پێی ئەو بنەما سیاسیەی کە لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا پەیڕەو دەکرێت شتێکی ترە.

ئۆتۆنۆمی بەپێی بنەمای کوردبوون ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و کەلتوری لەناو دەوڵەتی مۆدێرندا لە دەسەڵاتێکی ناوەندییەوە بگۆڕێت بۆ چەند دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی

و ناوچەیی. بەڵام ئۆتۆنۆمی بەو مانایەی کە لەدەوڵەتێکی مۆدێرنی وەك بەریتانیادا هەیە ، ئەوەیە کە دەوڵەت ماف بدات بە ناوچەیەك لە ناوچەکانی سنوری خۆی لە رووی ئیدارییەوە سەربەخۆبێت، واتە ئۆتۆنۆمی لەناو ئەم دەوڵەتانەدا ئۆتۆنۆمی ئیدارییە نەك ئۆتۆنۆمی سیاسی و کەلتوری.

سوکوتلەندییەکان گەر وەك کورد لەپاڵ ئۆتۆنۆمی ئیداریدا داوای ئۆتۆنۆمی کەلتوری و سیاسی لە دەوڵەتی بەریتانی بکەن، بەمە دەبنە مەترسی لەسەر ئەو یەکبوونە نەتەوەییەی کە نەتەوەخوازی ئینگلیزی لەناو دەوڵەتی بەریتانیدا دروستیکردووە، ئەمەش مەترسی لە سەر دەوڵەتی بەریتانی دروستدەکات، چوونکە کەرتبوونی نەتەوە بۆ دوونەتەوەی جیاواز لە هەمان کاتدا کەرتبوونی دەوڵەتە بۆ دوو دەوڵەتی جیاواز.

کاتێك کەرتبوونی نەتەوە نابێتە هۆی ئەوەی دەوڵەت کەرت ببێت، ئەو دوو نەتەوەیەی کە لە کەرتبوونی ئەو نەتەوە کەوتونەتەوە کە لە ناو دەوڵەتەکەدا نەتەوەخوازی دروستیکردووە، دەستبەرداری بنەمای نەتەوەخوازی بن و بوونی نەتەوەیی خۆیان لەسەر ئەو بنەمایە دانەمەزرێنن کە داوای هەمئاهەنگی یەکەی کەلتوری و یەکەی سیاسی دەکات. ئەوان بۆ ئەوەی لەناو یەك دەوڵەتدا بمێننەوە دەبێت یەکەی سیاسی کە دەوڵەتە جیابکەنەوە لە یەکەی کەلتوری کە نەتەوەیەو بەوە رازیبن لەناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتدا لەبری یەك یەکەی کەلتوری و یەك نەتەوە چەند یەکەیەکی کەلتوری و چەند نەتەوەیەکی سەربەخۆو جیاواز بوونیان هەبێت، ئەمەش لەو بزووتنەوە نەتەوەییانەی کە نوێنەری نەتەوەجیاوازەکانی ناو ئەو دەوڵەتەن، دەخوازێت نەتەوەخواز نەبن و ئۆتۆنۆمیخواز بن.

ئەو جۆرە لە ئۆتۆنۆمی کە بزووتنەوە کوردییەکان لەسەر بنەمای کوردبوون داوای دەکەن، لە لۆجیکی سیاسی دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا مانای دابەشبوون و جیابوونەوە دەگەیێنێ و بەپێی ئەم لۆجیکە جێبەجێکردنی داوایەکی لەو جۆرە تەنها نەتەوەکە ناکات بە دوو پێکهاتەی نەتەوەیی سەربەخۆ، بەڵکو دەوڵەتەکەش دەکات بە دوو دەوڵەتی سەربەخۆ.

ئۆتۆنۆمی بەپێی ئەو لۆجیکە سیاسییەی کە لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا قبووڵە، ئەوەیە لەناو دەوڵەتدا لەپاڵ دەسەڵاتێکی سیاسی وکەلتوری ناوەندیدا، یەکەیەکی ئیداری خۆحکومکەر هەبێت، بەمەرجێك ئەم یەکە خۆحوکمکەرە دەسەڵاتێکی کەلتوری وسیاسی سەربەخۆی نەبێت و کەلتورو زمانە ناوچەییەکەی خۆی بەرزنەکاتەوە بۆ ئاستی ئەو زمان

وکەلتورە فەرمییەی کە شوناسی سیاسی ئەو دەوڵەتە دیاری دەکات. واتە ئۆتۆنۆمی لێرەدا نابێت فەزای سیاسی دەوڵەت بکات بە دوو فەزای سیاسی سەربەخۆو یەکە کەلتوری وزمانییەکەی دەوڵەتیش بکات بەدوویەکەی سەربەخۆو ئەو هەمئاهەنگییە تێکبدات کە نەتەوەخوازی لەنێوان یەکەی سیاسی ئەو دەوڵەتەو یەکە کەلتورییەکەیدا دروستیکردووە.

چۆن بەپێ بنەمای کوردبوون دیموکراسیەت لە زمان و کەلتوردا جیا ناکرێتەوە لە دیموکراسیەت لە ئیدارەو سیاسەتدا، بە هەمان شێوە بەپێی بنەمای کوردبوون ئۆتۆنۆمی لە ئیدارەدا جیا ناکرێتەوە لە ئۆتۆنۆمی لە سیاسەت و کەلتورو زماندا. ئۆتۆنۆمی ئیداری لای کورد بەبێ ئۆتۆتۆنۆمی سیاسی وکەلتوری ئۆتۆنۆمییەکی ساختەیەو راستەقینە نییە. کێشەی بزووتنەوە کوردییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا لە مەسەلەی ئۆتۆنۆمیدا ئەوە بووە کە ئۆتۆنۆمی لەناو حکومەتی عێراقیدا تەنها ئۆتۆنۆمییەکی ئیداری و تاڕادەیەکیش کەلتوری بووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئۆتۆنۆمییەکی سیاسی نەبوو، بەڵام لای بزووتنەوە کوردییەکان ئۆتۆنۆمی لە هەمان کاتدا ئۆتۆنۆمی سیاسیش بوو، واتە گۆڕینی حکومەتی ناوەندی بەغدا بوو بۆ دوو حکومەتی سەربەخۆ لە ناو یەك دەوڵەتدا، ئەم داوایەی بزووتنەوە کوردییەکان وا لە سەرۆکی پێشوو عێراق سەدام حسین دەکات کە بڵێت کوردەکان لەناو دەوڵەتدا داوای دەوڵەت دەکەن.

ئۆتۆنۆمی بەپێ بنەمای کوردبوون بەئۆتۆنۆمیکردنی فەزای سیاسی و ئیداری و کەلتوریەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو نەتەوەیەیە کە نەتەوەخوازی لەناو ئەو دەوڵەتدا بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی دروستکردوو. واتە گۆڕینی حکومەتی ناوەندی ناو دەوڵەتە بۆ چەند حکومەتێکی سەربەخۆ لە سیاسەت و کەلتور و بەرێوەبردندا بەبێ دابەشبوونی دەوڵەتەکە بۆ چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

ئەو ئۆتۆنۆمییەی بزووتنەوە کوردییەکان داوای دەکەن وەرگرتنی کۆمەڵە مافێکی کەلتوری وئیداری نییە، بەڵکو داوایەکە بۆگۆڕینی ئەو سیستەمەی کە دوڵەتە نەتەوەییەکەی لەسەر دامەزراوە لە سیستەمی چەقگیریی دەوڵەتی نەتەوەییی مۆدێرنەوە بۆ سیستەمێکی نێوانگیر کە رێگە دەدات لەناو دەوڵەتدا دوو نەتەوە یان زیاتر هەبن، بەبێ ئەوەی یەکێکیان نەتەوە بێت و ئەوانی تریان کەمە نەتەوە بن. دواکردنی ئۆتۆنۆمییەکی لەو جۆرە کە بزووتنەوە کوردییەکان داوای دەکەن دەخوازێت لەناو ئەو دەوڵەتەدا ئەو بنەمایە هەڵوەشێتەوە کە

نەتەوەخوازی نەتەوەی لەناو ئەو دەوڵەتەدا پێدروستکردووە، هەڵوەشاندنەوەی ئەم بنەمایەش هەڵوەشاندنەوە تەماهیکردنی شوناسی نەتەوەیە لەگەڵ شوناسی دەوڵەتداو جیاکردنەوەی نەتەوەیە لە دەوڵەت، واتە ئەم بزووتنەوانە بەر لەوەی داوای ئۆتۆنۆمی بکەن دوای جیاکردنەوەی نەتەوە لە دەوڵەت دەکەن، ئەوان ئۆتۆنۆمی لەم جیابوونەوەیەدا دەبینن، ئەم جیابوونەوەیەش دەوڵەتی نەتەوەیی دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی نێوان نەتەوەیی.

پەیڕەویکردن لە بنەمای کوردبوون پەیڕەویکردنە لە سیستەمێکی نێوانگیرو دەستبەرداربوونە لەو سیستەمە چەقگیرەی کە لەناو دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرندا پەیڕەودەکرێت. بزووتنەوە کوردییەکان هەموویان باوڕیان بەوە هەیە تەنها بەپێ ئەو سیستەمە نێوانگیرە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لەناو دەوڵەتە نەتەوەییەکانی فارس و عەرەب و تورکدا، کورد لە بەرامبەر ئەو نەتەوانە وەك نەتەوە دەهێڵێتەوەو لەوە دەری دەکات کە وەك ئەتنیکێك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

لەناو دەوڵەتی نەتەوەدا کورد ناتوانێت بە وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی بەپێی بنەمای نەتەوەخواری و ئەو سیستەمە چەقگیرەی کە نەتەوەخوازی لەناو دەوڵەتدا پەیڕەوی دەکات بوونی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت و لە بەرامبەر ئەو نەتەوەدا کە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەکەیە بوونی لە بوونێکی نەتەوەییەوە نەکرێت بە بوونێکی ئەتنیکی.

بنەمای کوردبوون لە بزووتنەوە کوردییەکانی ناو دەوڵەتی نەتەوەیی ئۆتۆنۆمییەك دەخوازێت کە بوونە نەتەوەییەکەی لە بەرامبەر نەتەوەکەی ناو ئەو دەوڵەتەدا بپارێزێت و نەگۆڕێت بۆ ئەتنیکێك لە ئەتنیکەکانی ناو ئەو نەتەوەیە کە نەتەوەخوازی لە ڕێگەی تۆتالیتاریەتی کەلتوری و سیاسیەوە لە ناو دەوڵەتەکەدا دروستیکردووەو هیچ مافێکی سیاسی و کەلتوری و زمانی بۆ کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو دەوڵەت نەهێشتووەتەوە.

بزووتنەوە کوردییەکان نە ئۆتۆنۆمییەکیان قبوڵە کە نەتەوەی ناو دەوڵەت نەتەوەکە لەبەرامبەر بوونی نەتەوەیی کوردا بگۆڕێت بۆ ئەتنیك، نە ئۆتۆنۆمییەکیشیان قبوڵە کە تیادا کورد بوونی نەتەوەی خۆی لەدەست بدات و بگۆڕێت بۆ ئەتنیکێك لە ئەتنیکەکانی ناو ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە. ئەم جۆرەش لە ئۆتۆنۆمی لەناو سیستەمی سیاسی دەوڵەتی نەتەوەدا ڕێگەی پێ نەدراوە. سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی تەنها ڕێگە بە ئۆتۆنۆمییەك دەدات کە ئۆتۆنۆمییە بۆ ئەتنیکەکان نەك بۆ نەتەوەکان. چوونکە ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوەکان پێویستی

بەوەیە لە بنچینەوە دەوڵەت لە دەوڵەتێکی نەتەوەییەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی نێوان نەتەوەیی. کاتێك بزووتنەوە کوردییەکان بەپێی بنەمای کوردبوون لەبری ئەوەی بەرەوە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز بڕۆن دەبن بە بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخواز، بەمە لە بزووتنەوەیەکی نەتەوەییەوە ناگۆڕێن بۆ بزووتنەوەیەکی ئەتنیکی و خێڵەکی، ئەم بزووتنەوانە داوای ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوە دەکەن نەك ئۆتۆنۆمی بۆ ئەتنیك، هەر لەمەشەوەیە کێشە لەنێوان بزووتنەوە کوردییەکان ودەسەلاٌتی نەتەوەیی دەوڵەتە نەتەوەیەکاندا سەرهەڵدەدات.

دەسەلاٌت لەناو دەوڵەتە نەتەوەییە مۆدێرنەکانی جیهاندا، ئەو بزووتنەوە ئەتنیکیانە بەمەترسی لە سەرخۆیان نازانن کە وەك سوکوتلەندییەکانی بەریتانیا داوای ئۆتۆنۆمییەکی ئەتنیکی دەکەن و داوای ئەوە ناکەن کە زمان و کەلتورەکەیان وەك زمان و کەلتوری نەتەوەیی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە لەناو دەوڵەتەکەدا ببێت بە زمان و کەلتورێکی نەتەوەیی و لە پاڵ شوناسی نەتەوەیی دەوڵەتە نەتەوەییەکەدا گوزارشت لە شوناسی نەتەوەیی خۆی بکات. دەسەلاٌتی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە ئەو بزووتنەوە کوردیانە بە مەترسی لەسەرخۆیان دەزانن کە داوای ئۆتۆنۆمییەکی نەتەوەیی دەکەن و دەیانەوێت دەوڵەت لە دەوڵەتێکی نەتەوەییەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی نێوان نەتەوەیی و شوناسی نەتەوە لە شوناسی دەوڵەت جیا ببێتەوەو تاکە نەتەوەیەك شوناسی دەوڵەتەکە دیاری نەکات.

ئەمەش داوای بزووتنەوەیەکە کە لە بنچینەدا وەك بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان بەوە نەتەوەخواز نەبێت کە شوناسی نەتەوە لەگەڵ شوناسی دەوڵەتدا لە رێگەی تۆتالیتاریەت کەلتوری و زمانییەوە تەماهی پێبکات، بەڵکو بەوە نەتەوەخوازبێت کە شوناسی دەوڵەت لە شوناسی نەتەوە جیابکاتەوەو تۆتالیتاریەتی زمانی و کەلتوری لەناو دەوڵەتدا بگۆڕێت بۆ دیموکراسیەتی زمانی و کەلتوری و جیاوازی و فرەیی بخاتە شوێنی شوناس و تاکڕەوی.

بزووتنەوە کوردییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی گەر لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیشدا سەریان هەڵبدایە هەر بە هەمان شێوە بنەمای کوردبوون بەرەوەی ئەوەی دەبردن بىن بە بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخواز.

بۆیە لەناو دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆشدا نابێت لە بزووتنەوە کوردییەکان ئەوە چاوەڕێ بکرێت کە بىن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازی لەو جۆرە کە نەتەوە لەناو دەوڵەتدا بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی و پەیڕەویکردن لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری و زمانی و سیاسی

درستدەکەن. بزووتنەوە کوردییەکان گەر لەناو دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆدا بن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازو بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی کەلتورە مۆدێرنەکە بە دیالێکتێك لە دیالێکتەکان لەناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا سەراپاگیر بکەن، ئەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵە بزووتنەوەیەکی ناوچەیی کە هەریەکەیان داوای ئەوە دەکات زمان وکەلتورە ناوچەییەکەی وەك ئەو زمان و کەلتورە ناوچەییەی کە نەتەوەخوازی کردوییەتی بە زمان و کەلتوری نەتەوە دروستکراوەکەی ناو دەوڵەت ببێت بە زمان و کەلتوری نەتەوە دروستکراوەکە، هەر رێگرتنێکیش لەوەی کە ئەو زمان کەلتورە ناوچەییانە بەرزبنەوە بۆ زمان و کەلتورێکی نەتەوەیی دەبێتە هۆی ئەوەی هەریەك لەو بزووتنەوە ناوچەییانە بن بە بزووتنەوەی نەتەوەخوازو بوونی ئەو نەتەوە کوردییە هەڵوەشێننەوە کە نەتەوەخوازییەکە دروستیکردووەو دابەشیبکەن بۆ چەند نەتەوەیەکی جیاوازی وەك نەتەوەی زازاکی و نەتەوەی سۆرانی و نەتەوەی کرمانجی و نەتەوەی هەورامی نەتەوەی موکری و..هتد.

لە ناو دەوڵەتێکی کوردی لەو جۆرەدا تەنها بنەمای کوردبوون پارێزگاری لە بوونی نەتەوەیی کورد دەکات ودەبێتە رێگر لەبەردەم ئەوەدا کورد وەك نەتەوەیەك هەڵوەشێتەوەو ببێت بە چەند نەتەوەیەکی جیاواز. بنەمای کوربوون لەناو دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆدا یان لەناو دەوڵەتێکی ناکوردیدا تەنها رەوایەتی بەبوونی ئەو بزووتنەوانە دەدات کە ئۆتۆنۆمیخوازن و وەك بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی زمانی و کەلتوری ناکەن و لە کەلتورو زماندا پەیڕەوی لە دیموکراسیەت و جیاوازی دەکەن.

بنەمای کوردبوون لەناو دەوڵەتێکی کوردیشدا داوا لە بزووتنەوە سیاسییەکان دەکات ئۆتۆنۆمیخوازبن نەك نەتەوەخواز، لەناو دەوڵەتی کوردیشدا کۆمەڵگای کوردی رێگە نادا هیچ بزووتنەوەیەکی مۆدێرن بە ناو نەتەوەوە تاکە کەلتورێك و تاکە زمانێك لەناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا سەراپاگیر بکات، بۆ نموونە رێگە نادا بە بزووتنەوەیەکی مۆدێرن دیالێکتی سۆرانی یان دیالێکتی کرمانجی بکات بە زمانی کەلتورە مردێرنەکەو یەکەی کەلتوری پێ هەمئاهەنگ بکاتەوە لە گەڵ یەکەی سیاسیداو بەمە لە زمان و کەلتورێکی ناوچەییەوە بەرزی بکاتەوە بۆ تاکە زمان و کەلتورێکی نەتەوەیی وبیکاتە رێگر لە بەردەم ئەوەدا دیالێکتە کوردییەکانی تری ناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەت بن بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە و وەك ئەو زمانە گوزارشت لە زمانی کوردی بکەن. واتە لەناو دەوڵەتێکی لەو جۆرەشدا بزووتنەوەکان

ناتوانن ئەو بنەمایە جێبەجێ بکەن کە داوای ئەوەدەکات لە ناو دەوڵەتدا یەکەی کەلتوری لە سنوری سیاسی دەوڵەتدا بە تاکە دیالێکتێك سەراپاگیر بکرێت ورێگە نەدرێت هیچ دیالێکتێکی تر لە دیالێکتەکانی ئەو زمانە بەرز ببێتەوە بۆ زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە.

نەتەوەخوازی بنەمایەکە داوای ئەوە دەکات لە سنوری سیاسی دەوڵەتدا بزووتنەوەیەکی مۆدێرن کەلتورە مۆدێرنەکە بە تاکە زمانێك یان تاکە دیالێکتێك سەراپاگیر بکات و یەکەی کەلتوری لەناو ئەو دەوڵەتەدا هەمئاهەنگ بکاتەوە لەگەڵ یەکەی سیاسیدا. بەڵام بنەمای کوردبوون داوا لەو بزووتنەوانە دەکات لە سنوری سیاسی ئەو دەوڵەت کوردییەدا کەلتورە مۆدێرنەکە لە رێگەی هەموو ئەو دیالێکتانەوە کە لە کۆمەڵگا زمانییە ناوچەییەکانی خۆیاندا توانای پەرەسەندنیان هەیە لەو کۆمەڵگا زمانیانەدا بڵاو بکرێتەوەو یەکەی کەلتوری هەمئاهەنگ نەکرێتەوە لەگەڵ یەکەی سیاسیداو شوناسی نەتەوە بەمە تەماهی پێنەکرێت لەگەڵ شوناسی دەوڵەتدا.

ئەمەش لە هەر بزووتنەوەیەکی مۆدێرن کە بزووتنەوەیەکی کوردییە دەخوازێت یەکەیەکی کەلتوریی ناوچەیی بۆ خۆی دروستبکات و رێگە نەدات بە هیچ بزووتنەوەیەك بە ناوی نەتەوەوە زمانی کۆمەڵگا زمانییەکەی بەرز بکاتەوە بۆ زمانی نەتەوەو کۆمەڵگا کەلتوری و زمانییە کوردییە جیاوازەکان بکاتەوە بەیەك کۆمەڵگای زمانی و کەلتوری. واتە کۆمەڵگای کوردی بەپێ بنەمای کوردبوون رێگە تەنها بە بزووتنەوەیەك دەدات بەناوی نەتەوەوە کار بکات کە بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخواز بێت نەك بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز.

ئەوەی بزووتنەوە مۆدێرنە کوردییەکان لە بزووتنەوە مۆدێرنە عەرەبییەکان جیادەکاتەوە، بنەمای نەتەوەخوازی وبنەمای کوردبوونە. بزووتنەوە مۆدێرنە عەرەبییەکانی دوای هەڵوەشەندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازو بەوە بوونی نەتەوەیی عەرەب لەناو سنوری سیاسی ئەو هەموو دەوڵەتە عەرەبییەدا دەپارێزن و لەناو چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆدا لە رێگەی سەراپاگیرکردنی کەلتورە مۆدێرنەکەوە بەو زمانە عەربییە کە پێشتر زمانی کەلتورە مەزهەبی و نامەزهەبییەکەی خەلافەتە عەرەبییەکان بوو، نەتەوەیەك بە ناوی نەتەوەی عەرەبەوە دروستدەکەن. ئەوان بە پەیڕەویکردن لە بنەمای نەتەوەخوازی نەتەوەکەیان دروستدەکەن، بۆیە ناتوانین لە باسکردنی نەتەوەخوازی عەربیدا باس لە چەند نەتەوەخوازییەکی جیاواز بکەین.

هەموو بزووتنەوە مۆدێرنە عەرەبییەکان بەوەی کە بەو زمانە عەربییە کەلتورە مۆدێرنەکە لە سنوری دەوڵەتەکانی خۆیاندا سەراپاگیر دەکەن و هەریەکەیان زارەکەی خۆی ناکات بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکەو هەریەکەیان واز لە زمانە ناوچەییەکەی خۆی دێنێ و ئەو زمانە دەکات بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە کە هەزارو چوارسەد ساڵە بەبێ گۆڕان وەك خۆی ماوەتەوە، ئەمەش وا لەو بزووتنەوە مۆدێرنانە دەکات لە چوارچێوەی یەك بزووتنەوەدا کۆببنەوە کە نەتەوەخوازیی عەرەبییە.

بەڵام بزووتنەوە مۆدێرنە کوردییەکان لەبەر ئەوەی پەیڕەوی لە بنەمای کوردبوون دەکەن و پەیڕەوی لە بنەمای نەتەوەخوازی ناکەن، هەریەکەیان دیالێکتی ئەو کۆمەڵگا زمانییە دەکات بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە کە تیایدا سەرهەڵدەدات و وەك بزووتنەوە عەرەبییەکان هەموویان یەك دیالێکت ناکەن بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە.

ئەمەش دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەدا ئەو بزووتنەوانە بچنە ناو پێکهاتەی یەك بزووتنەوەی نەتەوەخوازەوە، ئەمەش وادەکات نەتوانین بڵێین یەك نەتەوەخوازیی کوردی پێکدەهێنن، نەك هەر ئەمە ئەوان بەوەی وەك بزووتنەوە عەرەبییەکان بەیەك زمان کەلتورە مۆدێرنەکە بڵاو ناکەنەوەو هەریەکەیان دیالێکتی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی بەکاردەهێنێ، لەگەڵ بنەمای نەتەوەخوازیدا دژ دەبنەوە.

هەڵەیە گەر ئێمە بڵێن کورد لەبری نەتەوەخوازییەك چەند نەتەوەخوازییەکی جیاوازی هەیە، چوونکە هیچ لەو بزووتنەوانە وەك بزووتنەوە نەتەوەخوازە عەرەبییەکان هەر لە بنچینەوە پەیڕەوی لە بنەمای نەتەوەخوازی نەکردووەو پەیڕەوی لە بنەمای کوردبوون کردووە.

ئێمە دەتوانین بڵێن یەك بزووتنەوەی مۆدێرنی کوردیمان هەیە چونکە هەموو بزووتنەوە کوردییە جیاوازەکان پەیڕەوییان لە بنەمای کوردبوون کردووە، بەڵام ناتوانیین بڵێین نەتەوەخوازیەك یان چەند نەتەوەخوازیەکی کوردی جیاوازمان هەیە، چونکە لەبنچینەدا هیچ بزووتنەوەیەکی کوردی نەیتوانیووە پەیڕەوی لە بنەمای نەتەوەخوازی بکات و یەکەی کەلتوری و زمانی لەگەڵ یەکەی کۆمەلایەتی یان سیاسی هەمئاهەنگ بکاتەوەو کۆمەڵگای کوردی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەکی یەکزمان و یەککەلتور.

بزووتنەوە کوردییەکان بەپێی بنەمای کوردبوون کۆمەڵگای کوردییان لە کۆمەڵگایەکی نامۆدێرنی فرەکەلتورو فرەزمانەوە گۆڕیوە بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی فرەزمان و فرەکەلتور،

ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە بنەمای نەتەوەخوازی دەیخوازێت، بۆیە ناتوانین بڵێن لەناو کۆمەڵگای کوردیدا شتێکمان بە ناو نەتەوەخوازیی کوردییەوە هەیە.

گەر کوردبوون بنەمایەك بێت دژی بنەمای نەتەوەخوازی، لە رووی لۆجیکییەوە مومکن نییە شتێك بەناوی نەتەوەخوازیی کوردییەوە هەبێت، چونکە گەر بزووتنەوەیەك نەتەوەخواز بوو بنەمای کوردبوون رێگەی نادات کوردی بێت، گەر کوردیش بوو بنەمای نەتەوەخوازی رێگەی نادات نەتەوەخواز بێت.

کاتێك بزووتنەوەیەك لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازە، وەك بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان پەیڕەوی لە بنەمای شوناس و تۆتالیتاریەت بکات، گەر بزووتنەوەیەکی لەم جۆرەش لەناو کۆمەڵگای کوردیدا سەرهەڵبدات، ناتوانێت بەناوی کوردەوە رەوایەتی بدات بە بوونی خۆی، هەر بزووتنەوەیەك پەیڕەوی لە هەرجۆرە تۆتالیتاریەتێکی کەلتوری بکات، لە بزووتنەوەیەکی کوردییەوە یان دەبێت بە بزووتنەوەیکی خێڵەکی یان دەبێت بە بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆجی وەك بزووتنەوە ئیسلامی و مارکسییە سەرونەتەوەییەکان.

هەر بزووتنەوەیەك لە بزووتنەوەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی پەیڕەوی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی تۆتالیتاریەت بکات ئەو رەوایەتییە لە دەستدەدات کە بە ناوی کوردبوون و نەتەوەوە بە دەستی هێناوە، هەموو بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازیش دەبێت لە زمان و کەلتوردا تۆتالیتار بێت، ئەمەش دەمانگەیێنێ بەوەی کە هەر بزووتنەوەیەك لە بزووتنەوەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی بن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازو پەیڕەوی لە و بنەمایە بکەن کە داوای ئەوەدەکات یەکەی سیاسی و یەکەی کەلتوری هەمئاهەنگ بن، ئەوە کوردبوونی خۆی لە دەستدەدات و لەوە دەکەوێت بزووتنەوەیەکی کوردی بێت. بزووتنەوە کوردییەکان لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دەتوانن رەوایەتی لە کوردبوونی خۆیان وەرگرن، گەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بن. بەڵام ئەم رەوایەتییە لە دەستدەدەن گەر بزوتنەوەیەکی نەتەوەخواز بن. ئەو بزووتنەوانەی کە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بوونیان رەوایەتی لە کوردبوونەوە وەرگرتووە بزووتنەوەی نەتەوەیین، بەڵام بزووتنەوەی نەتەوەخواز نین. هەرکاتێکیش بگۆڕین بۆ بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز ئەوە ئەوە رەوایەتییە لەدەستدەن کە لەکوردبونیانەوە وەریانگرتووە. لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بۆئەوەی بزووتنەوەیەك ئەو رەوایەتییە لە دەست نەدات کە لەکوردبوونییەوە بۆ بوونی وەریگرتووە، دەبێت بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخواز بێت نەك نەتەوەخواز. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە هەر

بزووتنەوەیەکی مۆدێرنی ناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا نەتەوەخوازی بەناوی نەتەوەوە دروستیکردوون، بگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیکی ئۆتۆنۆمیخواز ڕەوایەتییەکەی لە دەستدەدات.

بۆ ئەوەی بزووتنەوە کوردییەکان لەناو دەوڵەتە ناکوردییەکاندا یان لەناو دەوڵەتێکی کوردی گریمانەکراودا بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بن، دەبێت بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخوازبن، بەڵام بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەك لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بێت، دەبێت بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازبێت نەك بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخواز، هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز لەناو ئەم دەوڵەتانەدا داوای ئۆتۆنۆمی بکات لەوە دەکەوێت بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بێت و بەمە دەگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی خێڵەکی و ئەتنیکی.

کێشەی بزووتنەوە کوردییەکان بەر لە دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و دوای دروستبوونیان و دابەشکردنی کورد بەسەر چوار دەوڵەتە نەتەوەییەکەدا، لەوەدابووە ئەو بزووتنەوانەی کە دەوڵەتە نەتەوەییەکانی خۆیان دروستکردووە، بنەمای بوونە نەتەوەییەکەیان لەگەڵ بنەمای نەتەوەخوازیدا یەك بووەو لێکدژ نەبووە. فارسیبوون یان عەرەبیبوون یان تورکیبوون یان فەرەنسیبوون، بنەمایەکە لەگەڵ ئەو بنەمایەی نەتەوەخوازیدا یەکە کە داوای ئەوە دەکات لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتێکدا دەبێت یەکەی کەلتوری لەگەڵ یەکەی سیاسیدا هەمئاهنگ بێت. بەڵام بنەمای کوردبوون لەگەڵ ئەم بنەمایەدا لێکدژ دەبێتەوە.

نەبوونی لێکدژیی لەنێوان تورکیبوون و بنەمای نەتەوەخوازیدا وایکردووە هیچ کێشەیەك بۆ تورکیبوونی ئەو بزووتنەوە تورکیانە دروست نەبێت کە دەبن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازو کەلتورو زمانێکی ناوچەیی بەسەر هەموو کۆمەڵگا زمانی و کەلتورییە تورکی و ناتورکییەکانی سنوری سیاسی دەوڵەتەکەدا دەسەپێنن. بەڵام بوونی لێکدژیی لە نێوان بنەمای کوردبوون و بنەمای نەتەوەخوازیدا ڕێگە دەگرێت لە بزووتنەوە کوردییەکان وەك بزووتنەوە تورکی و فارسی و عەرەبییەکان، دیالێکتێکی ناوچەیی بکەن بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکەو بیسەپێنن بەسەر کەمەڵگا زمانییە کوردی و ناکوردیەکاندا. بەبێ تێگەیشتن لەوەی کە کوردبوون وەك تورکیبوون یان فەرەنسیبوون بنەمایەك نییە کە تەماهی بکات لەگەڵ بنەمای نەتەوەخوازیدا، ناتوانین لەو لۆجیکە تێبگەین کە بزووتنەوە کوردییەکان بە درێژایی ئەو سەد ساڵە لە پەرەسەندنی خۆیاندا پەیڕەوییانکردووە. بەبێ تێگەیشتن لەو لێکدژییە ناتوانین باس

لەو پەیوەندییە بکەین کە لە لایەکەوە لە نێوان بزووتنەوە کوردییە جیاوازەکاندا هەیەو لە لایەکی ترەوە لە نێوان ئەو بزووتنەوانەو ئەو نەتەوەخوازییە دەوڵەتیانەدا هەیە کە لەناو ئەو چوار دەوڵەتەدا خاوەنی دەسەڵاتن کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە.

### ٢-٢/٥) کێشەی بزوتنەوە کوردییەکان لەناو دەوڵەتە ناکوردییەکاندا

عەباس وەلی یەکێکە لەو لێکۆڵەرانەی کە هەوڵیداوە کێشەی بزووتنەوە کوردییەکان لە رێگەی پەیوەندی نێوان ئەم بزووتنەوانە بە نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەکانی ناو ئەو دەوڵەتانەوە لێکبداتەوە کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە. ئەو لە بەر ئەوەی لە کارەکەیدا بزووتنەوە کوردییەکانی وەك بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان بە بزووتنەوەی نەتەوەخواز داناوەو نەتەوەخوازی کردووە بە بنەمایەك بۆ لێکدانەوی ئەو پەیوەندیە، گەیشتووەتە کۆمەڵە دەرئەنجامێك کە لێکدژ دەبنەوە لەگەڵ ئەو راستییە مێژووییەدا کە بزووتنەوە کوردییەکان لە پەرەسەندنە مێژووییەکەی خۆیاندا بەرجەستەیان کردووە.

ئەم لێکۆڵەرە لەوێوە دەکەوێتە هەڵەوە کە بزووتنەوە کوردییەکان بە بزووتنەوەی نەتەوەخواز دادەنێ و ئەمەش بەرەوە ئەوەی دەبات کە پەیوەندی نێوان ئەم بزووتنەوانە بە نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەکانەوە، لە چوارچێوەی پەیوەندی نەتەوەخوازی نادەوڵەتی بە نەتەوەخوازی دەوڵەتییەوە لێکبداتەوە، ئەم لێکدانەوەیەش بۆ ئەو پەیوەندییە وا لەو دەکات ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە بزووتنەوە کوردییەکان داوای دەکەن بەو ئۆتۆنۆمییە ئەتنیکییە نانەتەوەیی بزانێت کە بزووتنەوەیەکی ئەتنیکی داوای دەکات.

عەباس وەلی لەلێکۆڵینەوەیەکدا بەناو(کوردو غەیرەکانی: شوناسی پارچەپارچەبوو و سیاسەتی پارچەپارچەبوو) بەم شێوەیە کێشەکە دەخاتە روو: ( کورد لە جیهانی نوێدا گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە، نزیکەی سی ملیۆن کورد لە کوردستاندا لە ژێر دەسەڵاتی نەتەوەیی چوار دەوڵەتی خاوەن سەروەری دەژین کە تورکیاو ئێران و عێراق و سوریان. ئەم دەوڵەتانە بە شێوازو رێگای جیاواز بوونی شوناسی نەتەوەیی کورد رەتدەکەنەوەو دەرکەوتە سیاسی و کەلتورییەکانی بە زەبری چەك سەرکوت دەکەن. دابەشکردنی کوردستان لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم و ئەو فرەییە دروستەییەی کە لەناو ئەو کۆمەڵگا کوردیانەدا لێی دەکەوێتەوە کە سیستەمە سیاسی و ئابورییە جیاوازەکان بەرێوەیان دەبەن، پەردەی لەسەر

بێبەشبوونی کورد لە یەکبوونی سیاسی و کەلتوری هەڵدەماڵێ)[٣٠٠]، وەلی لە بارەی کاریگەری ئەم دابەشکردنەی کورد لەسەر بزووتنەوە کوردییەکان دەڵێت: (لە ساڵی (١٩١٨)ەوە رێکخراوەکان و ئەو بزووتنەوە سیاسییە کوردیانەی لەناو کوردستانی دابەشکراودا سەرهەڵدەدەن و بڵاودەبنەوە، کۆمەڵە شێوەیەکی جیاواز وەردەگرن و لەپێناو کۆمەڵە ئامانجێکی جیاوازدا کار دەکەن، بەڵام بەرگرتن لە نکوڵیکردن لە شوناسی کوردی و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شوناسە (نەتەوەییە) سەپێنراوەکاندا، وەك دوو هۆکاری بنچینەیی شۆڕشە کوردییەکان دەمێننەوە، دیالێکتیکی نکوڵیکردن و رووبەرووبوونەوە، شێوەی سیاسی نەتەوەخوازیی کوردی و مۆرکەکەی دیاریدەکەن، نەتەوەخوازیی کوردی سیاسەتی پێداگرتنە لە سەر شوناسی نەتەوەیی کورد)[٣٠١].

بەپێی ئەم بۆ چوونە ئەوەی بزووتنەوە کوردییەکانی کردووە بە کۆمەڵە بزووتنەوەیەکی جیاواز، دابەشبوونی کوردەستان و کۆمەڵگای کوردییە بەسەر چوار دەوڵەتی مۆدێرندا کە خاوەنی سەروەرییەکی نەتەوەیین و بزووتنەوەی نەتەوەخوازی لە هەریەکەیاندا بە شێوازی تایبەتی خۆی دەیەوێت بەپێ بنەمای نەتەوەخوازی لە رێگەی سەراپاگیرکردنی کەلتورە مۆدێرنەکەوە بە یەك زمان و یەك شێوازی کەلتوری، نەتەوە لە ناو ئەو دەوڵەتەدا دروستبکات. بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوە نەتەوەخوازانەش بتوانن لەناو دەوڵەتەکەیاندا بەپێی ئەو بنەمایە نەتەوە دروست بکەن، دەبێت زمان وکەلتورەکەی خۆیان بەسەر کۆمەڵگای کوردییە دابەشبووەکەدا بسەپێنن و رێگە نەدەن هیچ بزووتنەوەیەکی مۆدێرن لەناو ئەو کۆمەڵگا کوردییەدا سەرهەڵبدات و بە زمان و شێوازی کەلتوری خۆی نەتەوەیەك لە بەرامبەر ئەو نەتەوانەدا دروست بکات کە نەتەوەخوازییە دەوڵەتیەکانی ئەو چوار دەوڵەتە لە رێگەی سەراپاگیرکردنی زمان و شێوازە کەلتورییەکەیانەوە لە ناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکەیاندا دروستیدەکەن.

بەپێی ئەم بۆچوونە لەناو ئەو چوار دەوڵەتەدا دوو بزووتنەوە هەیە، بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز کە لەناو دەوڵەتەکاندا سەروەرەو بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی رەوایەتی ئەوەی هەیە

---

(٣٠٠) عباس ولي: الكرد و(اخروهم) هوية متشظية...وسياسة متشظية، الاثنية و الدولة، ت: عبدالاله النعيمي، الطبعة الاولى، الفرات، بغداد–بيروت: ٢٠٠٦،ص: ٧٧.

(٣٠١) هـ.س: ٧٧-٧٨.

زمان و شێوازە کەلتوورییەکەی خۆی بەسەر کۆمەڵگا کوردییەکەی ناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکەی خۆی بسەپێنێ، لەگەڵ بزووتنەوەیەکی تردا کە بزووتنەوە کوردییەکەی ناو ئەو دەوڵەتەیەو خاوەنی سەروەری نییەو رەوایەتی ئەوەی نییە کە بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی زمان و شێوازە کەلتوورییەکەی خۆی لەناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا سەراپاگیر بکات.

بزووتنەوە نەتەوەخوازە دەوڵەتییەکەی ناو ئەو چوار دەوڵەتە کار لەسەر ئەوە دەکات کۆمەڵگا کورییەکەی ناو دەوڵەتەکەی خۆی تەماهی پێبکات لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا نەتەوەییەی کە لە رێگەی سەراپاگیرکردنی کەلتورە مۆدێرنەکەوە دەیەوێت وەك نەتەوە لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکەیدا دروستی بکات. بزووتنەوە کوردییەکان بەپێی ئەم بۆچوونە لە پێناو ئەوەدا سەرهەڵدەدەن رێگە لەو تەماهیکردنە بگرن و نەهێڵن کۆمەڵگاکەیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا سەراپاگیرەدا تەماهی بکات کە ئەو نەتەوەخوازیانە لە ناو سنوری سیاسی دەوڵەتدا دروستیدەکەن.

بەپێی ئەم بۆ چوونە بزووتنەوە کوردییەکانی ناو ئەو چواردەوڵەتە بزووتنەوەی نەتەوەخوازن ودەتوانین لە چوارچێوەی بنەمای نەتەوەخوازیدا لێیان تێبگەین، هەر ئەمەش ئەم لێکۆڵەرە بەرەو ئەوە دەبات کە ئەو جیاوازییە کەلتوری و زمانییەی کە لەم بزووتنەوە کوردیانە دەکەوێتەوە بەوە لێکبداتەوە کە بەرهەمی بەرگریکردنی چوار بزووتنەوەی نەتەوەخوازی کوردییە لە بەرامبەر هێرشی چوار بزووتنەوەی نەتەوەخوازی جیاوازدا کە هەریەکەیان شێوازو رێگای جیاواز دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی و شوناسە جیاوازەکەی لەناو ئەو کۆمەڵگایەو شوناسەکەیدا بتوێنێتەوە کە بەناوی نەتەوەوە لە ناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکەیدا دروستی دەکات. لە روانگەی ئەم لێکۆڵەرەوە ئەوەی رێگرە لەبەردەم ئەوەدا بزووتنەوە کوردییەکان وەك هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی کەلتورە مۆدێرنەکە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بە یەك زمان و یەك شێوازی زمانی سەراپاگیر بکەن، ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوە کوردیانە لەناو بەرگریکردن لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری و زمانیی چوار بزووتنەوەی نەتەوەخواز سەریان هەڵداوە کە هەریەکەیان خاوەنی زمان و شێوازی کەلتوری خۆیەتی و بەرێگایەکی جیاوازیش کەلتورو زمانەکەی خۆی سەراپاگیردەکات و رێگە دەگرێت لە هەر بزووتنەوەیەکی تری ناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکە زمان و کەلتورەکەی خۆی بەرز بکاتەوە بۆ ئەو جۆرە لە زمان و کەلتور کە نەتەوەخوازی دەتوانێت نەتەوەی پێدروستبکات.

واتە بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوەی جیاوازی لە کەلتورە کوردییە سیاسی و ناسیاسییەکەی ئەم بزووتنەوانەوەدا دروستکردووە، هۆکارێکی ناوەکی ناو کۆمەڵگای کوردی نییەو سەرچاوە لە کۆمەڵگای کوردییەوە ناگرێت و هۆکارێکی دەرەکییەو سەرچاوە لە هەمەرەنگی زمانیی وکەلتوری وشێوازی سیاسی ئەو چوار نەتەوەخوازییەوە دەگرێت کە دەیانەوێت لە سنوری سیاسی دەوڵەتەکەیاندا بەناوی دروستکردنی نەتەوەوە کۆمەڵگای کوردی لەناو کۆمەڵگا نەتەوەییەکەی خۆیاندا بتوێننەوە.

ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە ئەوەیە بەڵگە چییە لەسەر ئەوەی کە نەبوونی یەکبوونی کەلتورێکی کوردی وبوونی جیاوازی کەلتوری لەناو کەلتورە کوردییە مۆدێرنەکەدا سەرچاوە لەوەوە دەگرێت کە بزووتنەوە کوردیەکان لەبەرامبەر یەك نەتەوەخوازیدا نین و بەرامبەر چەند نەتەوەخوازییەکی جیاوازن کە هەریەکەیان کەلتورە مۆدێرنەکە لەسنوری سیاسی دەوڵەتەکەی خۆیدا بە زمانێکی جیاوازو بە میکانیزمێکی جیاواز سەراپاگیر دەکات و نەفی ئەو زمان و کەلتورە دەکات کە بزووتنەوە کوردییەکان دەیانەوێت شوناسی نەتەوەی کوردی پێدروستبکەن؟. ئایا گەر بزووتنەوە کوردییەکان لە بەرامبەر یەك نەتەوەخوازیدا بەرگرییان لە شوناسی کوردی کۆمەڵگا کوردییەکە بکردایە، کەلتورە کوردییە مۆدێرنەکە لە رێگەی دیالێکتە کوردییەکانەوە نەدەبوو بە چەند کەلتورێکی جیاواز؟. ئایا بەوەی کە ئەم بزووتنەوانە لەبەرامبەر یەك نەتەوەخوازیدابن بە پەیڕەویکردن لە بنەمای نەتەوەخوازی لەناو کۆمەڵگا کوردییە زمان جیاوازەکاندا کەلتورە مۆدێرنەکەیان بە زمانی یەکێك لەو کۆمەڵگا زمانیانە سەراپاگیر دەکردوو وەك بزووتنەوە عەرەبییەکان دەبوون بەیەك بزووتنەوەی نەتەوەخواز؟

ئێمە پێشتر ئەوەمان روونکردەوە کە بزووتنەوە کوردییەکان بەوەی کە پەیڕەوی لە بنەمای کوردبوون دەکەن و پەیڕەوی لە بنەمای نەتەوەخوازی ناکەن، کەلتورە مۆدێرنەکە بە دیالێکتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا کوردییەکە بڵاو دەکەنەوە و بەمە دەیکەن بە چەند کەلتورێکی جیاواز. بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوە بوو کە کورد لەسەردەمە پریمۆدێرنەکەدا لەبری یەك دیالێکت چەند دیالێکتێکی کردووە بە زمانی کەلتورە ئاینییەکەو کەلتورە نامەزهەبییە ئەدەبییەکەی خۆی. لەمەدا وەك تورك و فارس و عەرەب لەناو کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانی خۆیدا پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری نەکردووەو پەیڕەوی لە دیموکراسیەتی کەلتوری کردووەو هەر کۆمەڵگایەکی زمانی توانیبێتی دیالێکتەکەی خۆی بەرز بکاتەوە بۆ زمانی دەقە

ئاینییەکان و زمانی دەقە ئەدەبییەکان، کۆمەڵگا کوردییەکەو دەسەڵاتە کوردییەکان ڕێگەیان پێداوەو ئەو فرەزمانییەش لەناو کەلتوری ئاینی ئاینە کوردیەکان و کەلتوری ئەدەبی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا هەیە، بەڵگەیەکی روونە لەسەر ئەوەی کە بوونی جیاوازی کەلتوری و نەبوونی کەلتورێکی ناوەندی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بەرهەمی هێزێکی ناوەکی ناو ئەم کۆمەڵگایەیەو هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزە دەرکییانەی کە کۆمەڵگا کوردییەکان رووبەروویان بوونەتەوە.

چۆن ناتوانین ئەو جیاوازییە کەلتوری و زمانییەی کە لەناو ئاینی حەقیقەتدا دێتە ئاراوە، بگەڕێنینەوە بۆ بەرگریکردنی کۆمەڵگای کوردی لە سەپاندنی چەند کەلتورێکی مەزهەبی جیاواز لەلایەن دەسەڵاتە مەزهەبییەکانەوە، چۆن ناتوانین ئەو فرەیی و جیاوازییەی کە لەناو کەلتورە ئەدەبییە کلاسیکیە کوردیەکەدا هەیەو کەلتورە ئەدەبیەکەی کردووە بەچەند کەلتورێکی جیاواز بگەڕینینەوە بۆ بەریگریکردنی کۆمەڵگای کوردی لە سەپاندنی چەند کەلتورێکی ئەدەبی جیاواز لەلایەن هێزە دەرکییەکانەوە، بە هەمان شێوە ناتوانین ئەو جیاوازییە کەلتوریەی کە لەناو کەلتورە مۆدێرنە کوردییەکەدا هاتووەتە ئاراوەو کەلتورە مۆدێرنە کوردییەکەی کردووە بە چەند کەلتورێکی مۆدێرنی جیاواز بگەڕێنینەوە بۆ بەرگریکردنی کۆمەڵگای کوردی لە سەپاندنی چەند کەلتورێکی مۆدێرنی جیاواز لەلایەن چوار نەتەوەخوازی جیاوازەوە.

ئەم لێکۆڵەرە لەبەرئەوەی ناتوانێت لە دەرەوەی ئەو بنەمای نەتەوەخوازیەوە بیر لە بزووتنەوە کوردیەکان بکاتەوە، نەبوونی یەکبوونی کەلتوری و زمانی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا و بوونی ئەو جیاوازییە کەلتوری وزمانیانەی کە لەناو کەلتورە مۆدێرنە کوردییەکەدا هەیە، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم کەلتورە بەرهەمی بزووتنەوەیەکی کارا نییەو لە کاردانەوەی بزووتنەوەیەك کەوتووەتەوە کە لە بەرامبەر کارایی چوار بزووتنەوەی نەتەوەخوازی جیاوازدایە کە هەریەکەیان کەلتورەکەی بەرهەمی کارابوونیەتی.

بەپێی ئەم بۆچوونە بوونی فرەیی و جیاوازیی لە کەلتوری بەرهەم هاتووی بزووتنەوەیەکدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو بزووتنەوەیە بوونێکی کاراو سەربەخۆی نییەو بەرهەمی ئەو کاریگەریەیە کە چەند بزووتنەوەیەکی کارای جیاواز بەکارایی خۆیان دروستیدەکەن لەسەر بزووتنەوە شوێنکەوتووە وابەستەکانی خۆیان. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە بوونی یەکبوونی

کەلتوری و زمانی لەو کەلتورەدا کە بزووتنەوەیەك بەرهەمی دەهێنێ، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو بزووتنەوە کارایەو لە ژێر کاردانەوەی هێزێکی دەرکیدا ئەو کەلتورەی بەرهەم نەهێناوە.

دروستکردنی پەیوەندییەکی لۆجیکی لە نێوان یەکبوونی کەلتوری و کارایی بەرهەمهێنەرەکەی وجیاوازی کەلتوری وناکارایی بەرهەمهێنەرەکەی، سەرچاوە لە بنەمای نەتەوەخوازییەوە دەگرێت. چونکە بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز کاتێك دەتوانێت بزووتنەوەیەکی کاراو راستەقینە بێت کە لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکەیدا یەکبوونێکی کەلتوری دروستبکات. هەر بزووتنەوەیەکیش نەیتوانی یەکبوونی کەلتوری دروستبکات و لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکەیدا فرەیی و جیاوازی کەلتوری سەرهەڵبداو کەلتورە مۆدێرنەکە بکات بە چەند کەلتورێکی جیاواز، ئەوە ئەو بزوتنەوەیە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازی کاراو راستەقینە نییە.

ئەم لۆجیکەی بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کارایی و یەکبووندا وایکردووە لە لێکۆڵەران بوونی جیاوازی وفرەیی لە کەلتورە مۆدێرنەکەی کۆمەڵگای کوردیدا بەوە لێکبدەنەوە کەبزووتنەوە کوردییەکان بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازی ناکاراو ناراستەقینەن وبزووتنەوە نەتەوەخوازە غەیرە کوردییەکان بەهۆی ئەوەوە کە یەکبوونە کەلتورییەکەیان لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتە مۆدێرنەکەی خۆیاندا بە زەبری هێز دەپارێزن ورێگە دەگرن لەوەی فرەکەلتوری لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکەیاندا دروستببێت، بزووتنەوەی نەتەوەخوازی کاراو راستەقینەن. گەر بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی بیربکەینەوە، ئەم لۆجیکە تەواو دروستەو پارێزگاریکردن لە یەکبوونی کەلتوری لە سنوری سیاسی دەوڵەتدا، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لەناو ئەو دەوڵەتەدا بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازی کاراو راستەقینە هەیەو رێگەدانیش بە سەرهەڵدانی فرەیی لە کەلتوردا، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازی ناکاراو ناراستەقینە لەناو ئەو دەوڵەتەدا بوونی هەیە.

لە راستیدا هەر ئەم لۆجیکەیە رەوایەتی دەدات بە بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانی تورك و فارس و عەرەب بە هەموو شێوەیەك بەسەرکوتکردنی دەرکەوتە کەلتوری و سیاسیەکانی شوناسی کوردی یەکبوونە کەلتورییەکەی خۆیان بپارێزن و رێگە لەوە بگرن لە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازی راستەقینەو کاراوە ببن بە بزووتنەوەیەکی ناراستەقینەو ناکاری وەك بزووتنەوە کوردییەکان. بیرکردنەوەی ئەم لێکۆڵەرە بەپێ ئەو لۆجیکەی کە بنەمای نەتەوەخوازی

دەیخوازێت، رەوایەتی دەدات بە بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانی ئەو چوار دەوڵەتە بەناوی ئەوەوە کە نەبن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازی ناکاراو ناراستەقینە بەردەوام بن لە سەپاندنی یەکبوونی کەلتوری بەسەر کۆمەڵگای کوردیداو هەموو ڕەوایەتیەکیش لە بزووتنەوە کوردییەکان بۆ بەرگری لە فرەکەلتوری بسێننەوەو بن بە ڕێگر لەبەردەم ئەوەدا لەناو ئەو دەوڵەتانەدا فرەکەلتوری بێتەئاروەو هەر کۆمەڵگایەك لە ڕێگەی کەلتورەکەی خۆیەوە شوناسی خۆی لە بەرامبەر شوناسی ئەوانی تردا ڕاگرێت.

بیرکردنەوە لە سنوری بنەمای نەتەوەخوازیدا ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا جیاوازی کەلتوری لە سنوری کۆمەڵگایەکدا یان لە سنوری سیاسی دەوڵەتیکی مۆدێرندا بە بەرهەمهێنانێکی ئیجابی بزووتنەوەیەکی کارای مۆدێرن بزانرێت. وەك ئەوەی کەلتورە مۆدێرنەکە دژی هەموو جیاوازییەکی کەلتوری بێت وجیاوازی کەلتوری پەیوەندی بە کەلتوری خێڵەکی خێڵەکانەوە هەبێت و بەرهەمی هێزێکی کۆمەڵایەتی ناکاراو سەلبی وەك خێڵ بێت.

بیرکردنەوە بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی هەمووو جۆرە جیاوازییەکی کەلتورە لەکەلتورە مۆدێرنەکەدا جگە لە جیاوازی پیشەیی بەوە لێکدەداتەوە لەو کۆمەڵگایەدا کەلتوری خێڵەکی زاڵەو مۆدێرنەو پەرەسەندنی کەلتورە مۆدێرنەکە لاوازە، یان دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە نەتەوەخوازی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا شکستی هێناوە و نەیتوانیوە لە ڕێگەی یەکبوونی کەلتوریەوە نەتەوە دروستبکات.

ئەم لێکۆڵەرە لەبەر ئەوەی لە سنوری نەتەوەخوازیدا بیر لە بزووتنەوە کوردییەکان و ئەو جیاوازیە کەلتورییە دەکاتەوە کە ئەم بزووتنەوانە بەرهەمیان هێناوە، لەلایەکەوە ئەم بزووتنەوانە وەك بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینە سەیر ناکات و بە پەرچەکرداری بزووتنەوە نەتەوەخوازییەکانی ئەو چوار دەوڵەتەیان دەزانێت، لەلایەکی تریشەوە ئەو فرەکەلتورییە دەکاتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا مۆدێرنەو پەرەسەندنی کەلتورە مۆدێرنەکە لاوازەو ئەم لاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرکوتکرنە کەلتورییەی کە ئەو چوار بزووتنەوە نەتەوەخوازە بۆ پارێزگاریکردن لە یەکبوونە کەلتورییەکەی خۆیان لەناو کۆمەڵگا کوردییەکاندا پەیڕەوی دەکەن. ئەو پێی وایە شوناسی نەتەوەیی کورد شوناسێکی پارچەپارچەیەو ئەمەش سەرچاوە لەوەوە دەگرێت کە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بزووتنەوە کوردییەکان نەیانتوانیوە یەکبوونی کەلتوری لە ڕێگەی کەلتورە مۆدێرنەکەوە دروستبکەن و لەبری یەکبوونی کەلتوری

جیاوازی کەلتورییان بەرهەم هێناوە. لای ئەو حاڵەتی پارچەپارچەبوونی شوناسی نەتەوەیی کوردو کەلتورە مۆدێرنە کوردییەکە بەرهەمی مۆدێرنەیەیەکی وابەستەیە بە دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن و ئەو سیاسەتە جیاوازانەیە کە ئەو چوار نەتەوەخوازییە لە دروستکردنی شوناسی خۆیان لە رێگەی یەکبوونە کەلتورییەکەیانەوە پەیڕەیان کردووە.

لای ئەو نکۆڵی کردن لە بوونی کۆمەڵگای کوردی و شوناسە نەتەوەییەکەی مەرجێکی پێویست بووە بۆ ئەوەی ئەو چوار نەتەوەخوازییە شوناسی نەتەوەیی خۆیان لە رێگەی یەکبوونی کەلتورییەوە لە پارچەپارچەبوون بپارێزن. هەریەك لەم نەتەوەخوازیانەش بە سیاسەتێکی جیاواز وکەلتورو زمانێکی جیاوازەوە شوناسی خۆی لە رێگەی سەپاندنی یەکبوونە کەلتوریەکەی و نکۆڵی کردن لە بوونی کۆمەڵگای کوردی و شوناسەکەی دروستکردووە، شوناسی کوردیش بەهۆی ئەو هەمەجۆرییەی کە لە کەلتورە مۆدێرنەکەی ئەو چوار نەتەوەخوازیەدا هەیە، هەمەجۆر بووەو ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە شوناسی نەتەوەیی کورد هەر لەسەرتای سەرهەڵدانیەوە بەهۆی ئەو هەمەڕەنگییەی کە ئەو چوار نەتەوەخوازییە بەسەریدا سەپاندوویانە بەپارچەپارچەکراوی سەرهەڵبدات(٣٠٢).

بەپێی ئەم بۆچوونە کۆمەڵگا کوردییە مۆدێرنەکەو بزووتنەوە کوردییە مۆدێرنەکان و ئەو کەلتورە مۆدێرنە کوردیەش کە ئەم بزووتنەوانە بەرهەمیان هێناوە، هیچ نین جگە لە ئاوێنەیەك بۆ نواندنەوەی هەمەڕەنگی ئەو کۆمەڵگا مۆدێرنانەی کە بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانی تورك و عەرەب و فارس لە سنوری سیاسی چوار دەوڵەتەکەی خۆیان بە سەپاندنی یەکبوونە کەلتوریەکەی خۆیان دروستیان کردوون.

بەپێ ئەم بۆچوونە شتێکمان نییە بەناو کۆمەڵگای کوردی، ئەوەی هەیە تەنها سێبەرێکی هەمەڕەنگی ئەو نەتەوانەیە کە ئەو چوار بزووتنەوە نەتەوەخوازە بە سەپاندنی یەکبوونی کەلتوری لەناو دەوڵەتەکانیاندا دروستیانکردووە. کۆمەڵگای کوردی بەپێی ئەم بۆچوونە هیولاکی بێ رەنگ و بێ شێوەیەو ئەوەی ئەو شێوە رەنگاوڕەنگەی پێ بەخشیوە ئەو چوار نەتەوەخوازییە جیاوازەن وئەم کۆمەڵگایە هیچ نییە جگە لە پێکهاتەیەك لە سێبەرەکانی ئەو چوار کۆمەڵگا مۆدێرنە جیاوازەی کە ئەو چوار نەتەوەخوازییە هەریەکەیان لە ناو سنوری

(٣٠٢) بڕوانە : هـ.س: ٨١-٨٤.

سیاسی دەوڵەتەکەی خۆیدا دروستیکردووە. گەر لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە لە کۆمەڵگای کوردی بڕوانین، ئەوە کۆمەڵگای کوردی لەناو بەرگریکردندا نییە لەو پرۆسەی تەماهیکردنە کە ئەو بزووتنەوە نەتەوەخوازانە لەدروستکردنی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی ناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکانیان پەیڕەوی دەکەن، بەڵکو هەر پارچەیەکی ئەم کۆمەڵگایە بەبێ بەرگریکردن تەماهیکردووە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا کە لەناو دەوڵەتەکەدا دروستکراوە.

کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ ئەم تەماهیکردنەشدا لەگەڵ ئەو چوار کۆمەڵگا نەتەوەییەدا توانیویەتی شوناسی خۆی لەرێگەی ئەو  هەمەرەنگییەوە کە لەو پرۆسەی تەماهیکردنە کەوتوەتەوە لەبەرامبەر ئەواندا ڕاگرێت وهەمەڕەنگییەکەی ببێت بەمۆرکێکی جیاکەرەوەی شوناسەکەی. بەم پێیە کۆمەڵگای کوردی بەوە لە هەریەك لەو کۆمەڵگا مۆدێرنە جیاوازانە جیاوازە کە لە یەك کاتدا دەتوانێت هەرچواریان بنوێنێ و وێنەیەکی هەمەڕەنگ بدات بەخۆی کە لە وێنە ڕەنگاورەنگەکانی هەرچوار کۆمەڵگا مۆدێرنەکە هاتووەتە ئاراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کۆمەڵگای کوردی بەوە کۆمەڵگای کوردییە کە پێکهاتەیەکی ڕەنگاورەنگە لە کۆمەڵگای فارسی و کۆمەڵگای تورکی و هەردوو کۆمەڵگا عەرەبییە دروستکراوەکەی ناو هەردوو دەوڵەتی مۆدێرنی عێراق و سوریا.

بەپێی ئەم بۆچوونە کۆمەڵگای کوردی نەك خاوەنی شوناسێکی پارچەپارچەبووە، بەڵکو خاوەنی شوناسێکە کە فرەرەنگی ئەو چوار کۆمەڵگا جیاوازە دەنوێنێ و بەهیچ شێوەیەك توانای نواندنی خۆی نییە. ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات بڵێین کۆمەڵگای کوردی هیچ نییە جگە لە سێبەری پێکهاتەیەك لەو چوار کۆمەڵگا مۆدێرنە.

لە ڕاستیدا ئەمە جەختکردنەوەیە لەسەر هەمان ئەو بۆچوونەی کە ئەو چوار نەتەوەخوازیە لە سەر کورد بەرهەمیان هێناوەوەو واوێنای کوردیان کردووە کە بوونەوەرێکی بێ ریشەیەو تێکەڵەیەکە لەوەی کە لە فارس و تورك و عەرەب کەوتووەتەوە.

لای ئەم لێکۆڵەرە کاریگەری هەمەڕنگی ئەو چوار بزووتنەوە نەتەوەخوازە تەنها پارچەپارچەبوونی شوناسی نەتەوەیی کورد دیاری ناکات، بەڵکو سروشتێکی سەرونەتەوەیش بە کۆمەڵگای کوردی دەدات و گەر ئەم کۆمەڵگایە بەو دۆخەوە کە ئەو چوار نەتەوەخوازییە پێیانداوە لەناو ئەو چوار دەوڵەتەدا بێتەدەرەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دروستبکات، لەناو ئەو دەوڵەتەشدا ناتوانێت لەو پارچەپاچە بوونە دەرباز ببێت و لەناوخۆیدا دەبێت بە چوار

نەتەوەی جیاواز کە هەریەکەیان لە رووی کەلتورییەوە هەمان ئەو کەلتورە دەنوێنێ کە کەوتووەتە ژێرکاریگەرییەکەی.

هەر لەم روانگەیەوە چۆن ئەم دۆخەی کۆمەڵگای کوردی سروشتێکی سەرونەتەوەیی پێ بەخشیوەو بە جیابوونەوەی لەو دەوڵەتانە دەبێت بە چوار کۆمەڵگای نەتەوەیی جیاوازی، مانەوەشی لەناو سنوری سیاسی ئەو چواردەوڵەتەدا، سروشتێکی خوارنەتەوەیی پێدەدات ونەتەوەخوازی کوردی دابەش دەکات بۆ چەند بزووتنەوەیەك لەپێناو ئۆتۆنۆمیەکی ناوچەیدا، کە کۆمەڵە بەرژەوەندیەکی تەسك وپەیوەندی شوێنکەوتن دیاریان دەکات.

ئەم وێنەیەی کە ئەم لێکۆڵەرە بۆ کۆمەڵگای کوردی وێنای دەکات سەرچاوە لەو وێناکردنەوە دەگرێت کە نەتەوەخوازی بۆ بزووتنەوە مۆدێرنەکان وکۆمەڵگا مۆدێرنەکان هەیەتی. بینینەوەی نەتەوە وەك کۆمەڵگایەك کە خاوەنی یەك شوناس و یەك کەلتورو یەك زمانەو فرەشوناسی و فرەکەلتوری فرەزمانی قبوڵناکات، وادەکات لەم لێکۆڵەرە کۆمەڵگای کوردی وبزووتنەوە کوردییەکان واوێنابکات کە بوونێکی راستەقینەیان نییەو سێبەری چوارکۆمەڵگای راستەقینەن کە هەریەکەیان خاوەنی شوناسێکی تەواو ورەنگێکی تایبەت بە خۆیەتی. ئایا کۆمەڵگای کوردی بۆیە کۆمەڵگایەکی فرەرەنگە چوونکە سێبەری ئەو چوار کۆمەڵگایەیە کە هەریەکیان رنگێکی تایبەت بەخۆی هەیەو پەیڕەوی یەکڕەنگیی کردووە، یان ئەو هەمەڕەنگییەی کۆمەڵگای کوردی بەرهەمی کۆمەڵگای کوردی خۆیەتی وگەر دابەشیش نەکرایە بەسەر ئەو چواردەوڵەتەدا هەر ئەو هەمەرەنگییەی بەرهەم دەهێناو وەك ئێستا هەمەرەنگ دەبوو؟ ئایا کۆمەڵگا کوردی بە هۆی ئەوەی دەرکەوتە کەلتوری و سیاسیەکانی شوناسە نەتەوەییەکەی هەمەرەنگن و لەناو ئەو دەوڵەتانەدا داوای ئەوە دەکات شوناسی دەوڵەتیش دەرکەوتە سیاسی و کەلتورییەکانی هەمەرەنگ بن، بۆیە لەلایەن نەتەوەخوازییە جیاوازییەکانی ئەو چواردەوڵەتەوە سەرکوتدەکرێت و نکوڵی لە شوناسەکەی دەکرێت، یان لەبەر ئەوەی لەلایەن ئەو چوار نەتەوەخوازییەوە سەرکوتکراوە، بۆیە دەرکەوتە کەلتوری و سیاسیەکانی شوناسە نەتەوەییەکەی هەمەرەنگن؟.

بزووتنەوە مۆدێرنە کوردییەکان بەر لە دروستبوونی ئەو چوار دەوڵەتەو نەتەوەخوازییە سەروەرەکانیان، بۆدامەزراندنەوەیەکی مۆدێرنانەی نەتەوە لەناو سەردەمە مۆدێرنەکەدا رێگایەکی تەواوجیاواز لەورێگایە دەگرنەبەر کەبزووتنەوە نەتەوەخوازەکانی ناو ئەو

چواردەوڵەتەو هەموو بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانی دنیا لەدروستکردنی نەتەوەکانیاندا دەیگرنەبەر. بزووتنەوە مۆدێرنەکان هەر لە سەرتای سەرهەڵدانیانەوە نەك نابن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، بەڵکوو بە توندی رووبەرووی نەتەوەخوازی و بزووتنەوەکانی دەبنەوە.

رووبەرووبوونەوەی ئەوان لەگەڵ نەتەوەخوازی و بزووتنەوەکانیدا بەردەوام والێکدراوەتەوە کە رووبەرووبوونەوەیە لەگەڵ مۆدێرنەدا، بەڵام لەراستیدا ئەم رووبەڕووبوونەوەیە لە بنچینەدا لە پێناو ئەوەدایە لەلایەکەوە نەتەوەخوازی لە مۆدێرنە جیابکرێتەوەو لەلایەکی تریشەوە شوناسی نەتەوە لەگەڵ شوناسی دەوڵەتدا تەماهی پێنەکرێت ودوور لەشوناسی دەوڵەت بمێنێتەوە، رووبەررووبوونەوەی بزووتنەوە کوردییەکان لەگەڵ نەتەوەخوازیدا لە پێناو ئەوەدایە جارێکی تر دروستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی عەسەبەکانی سەردەمی خەلافەتە ئیسلامییەکان وسیستەمە سیاسییەکەیان تێکەڵ بەو کۆمەڵگا مۆدێرنانە نەبێتەوەو سەردەمە مۆدێرنەکەش نەبێتەوە بە زەمینەیەك بۆ دووبارە بوونەوەی ئەو مێژوو تراژیدییەی کە کورد لە سەردەمی خەلافەتە ئیسلامییەکاندا پیایدا تێپەڕیوە.

بزووتنەوە کوردییەکان کار لەسەر ئەوە دەکەن دەمارگیری ناو عەسەبەکان نەگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا مۆدێرنەکان وکۆمەڵگا مۆدێرنەکان ئامانجەکەی خۆیان لەدەستنەدەن و نەگۆڕێن بۆ عەسەبەیەکی مۆدێرن. راستە بزووتنەوە کوردییەکان لە دوای ئەوە باس لە نەتەوە دەکەن کە مۆدێرنیستەکانی ناو بزوتنەوە مۆدێرنەکەی ناو خەلافەتی ئیسلامی ئامانجە مۆدێرنەکەی خۆیان لەدەستدەدەن وئالآی نەتەوەخوازی هەڵدەکەن. بەڵام کۆمەڵگای کوردی و بزووتنەوە کوردیەکان بەهۆی ئەوەوە کە لەسەردەمی خەلافەتە ئیسلامییەکاندا نەگۆڕاون بۆ عەسەبە، هۆشیاریان بەنەتەوە زیاترە لەو کۆمەڵگایانەی کە گۆڕاون بۆ عەسەبەو مێژوویەکی دووروودرێژیان لە ناو عەسەبیەتدا بەسەر بردووە.

(مەم و زین)ەکەی ئەحمەدی خانی و ئەو هوشیارییە نەتەوەییەی کە گوزراشتی لێکراوە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر ئەوەی کە لەناو کۆمەڵگا کوردییەکاندا هوشیاری بەنەتەوە زیاترە لەو کۆمەڵگایانەی کە عەسەبیەت جەوهەرەکەیانە. نەتەوە لەناو ئەو هوشیارییە نەتەوەییەدا کە خانی گوزارشتی لێکردووە بەرهەمی نەبوونی کۆمەڵگا کوردییەکانە بە عەسەبەو هەوڵە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی لەبەرامبەر عەسەبەکاندا باس لە کۆمەڵگایەك

بکات کە جەهەرەکەی دەماگیری و عەسەبییەت نەبێت. کورد کە دێتە ناو سەردەمە مۆدێرنەکەوە بەو هەموو تراژیدیایەوە دێت کە بەهۆی نەبوونی بە عەسەبەو نکوڵی کردن لە بوونی لەلایەن عەسەبە فارسی و تورکی و عەرەبییەکانەوە توشی بووە، ئەمەش وادەکات بیرکردنەوەی ئەم بزووتنەوانە لە نەتەوە جیاواز بێت لە بیرکردنەوەی ئەو بزووتنەوە نەتەوەخوازانە لە نەتەوە.

بیرۆکەی نەتەوە لای بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان لەگەڵ بیرۆکەی ئەو عەسەبەیدا تەماهی دەکات کە ئەو بزووتنەوانە ریشەی مێژوییەکانی نەتەوەیان بۆ دەگێڕنەوە، ئەم بزووتنەوانە لەڕێگەی ئەو رەوایەتییەی کە لە نەتەوەخوازی وەریدەگرن دەیانەوێت درێژە بە مێژووی عەسەبیەتی خۆیان بدەن و کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بە ئاراستەیەکدا پەرەپێبدەن کە ببن بەعەسەبەیەکی مۆدێرن و زاڵیەتی شاهانە ببێت بە تاکە ئامانجیان.

بزووتنەوە کوردییەکان لەدەروەی بنەمای نەتەوەخوازییەوە بیر لەنەتەوە دەکەنەوە، بەڵام بزووتنەوەکانی تری ناو ئیمپراتوریەتی عوسمانیی و شاهەنشاهیەتی ئێرانی بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی بیر لەنەتەوە دەکەنەوە، ئەوەی کێشەی نێوان بزووتنەوە کوردییەکان و بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانی ناو ئەم چوار دەوڵەتە دیاری دەکات، ئەو جیاوازییەیە کە لەنێوان بزووتنەوە کوردییەکان و ئەو بزووتنەوە نەتەوەخوازانەدا لەبارەی دروستکردنی نەتەوەوە هەیە. کێشەی ئەم بزووتنەوانە لەگەڵ ئەو چوار بزووتنەوە نەتەوەخوازەدا کێشەی کۆمەڵگا کوردییە مۆدێرنەکان نییە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا مۆدێرنانەی کە ئەو بزووتنەوانە لەناویاندا سەرهەڵدەدەن وپەرەدەسێنن، بەڵکوو کێشەی بزووتنەوەیەکی مۆدێرنە کە نایەوێت بەپێ بنەمای نەتەوەخوازی لەناو دەوڵەتدا نەتەوە دروستبکات لەگەڵ کۆمەڵە بزووتنەوەیەکی مۆدێرندا کە دەیانەوێت بەپێ بنەمای نەتەوەخوازی نەتەوە لەناو دەوڵەتدا دروستبکەن. واتە لە بنچینەدا کێشەکە کێشەیە لە نێوان بزووتنەوە کوردییەکان و پەرپێدان بە کۆمەڵگا مۆدێرنەکەی ناو ئەو دەوڵەتانە لە رێگەی جێبەجێکردنی بنەمای نەتەوخوازیەوە. بەڵام ئەو لێکۆڵەرانەی کە بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی بیردەکەنەوە ئەم کێشەیە بەکێشەی ئەم بزووتنەوانەو پەرەسەندنی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی ناوئەو دەوڵەتانە دەزانن، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پرۆسەی پەرەپێدانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان ناو ئەم دەوڵەتانە لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە لە رێگەی پەرپێیدان بە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان لەیەکتر جیانەکراونەتەوەو پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەو

پرۆسەی پەرەپێدانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی ناو دەوڵەت بە یەك پرۆسە سەیرکراون. لە کاتێکدا پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە لەبنچینەدا دژی پرۆسەی پەرەپێدانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی ناو ئەو دەوڵەتانەیە.

بزووتنەوە کوردییەکان لەگەڵ بزووتنەوە فارسی و تورکی و عەرەبییەکاندا لە پەرەپێدان بە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی ناو ئەو دەوڵەتانە ناکەونە کێشەوە، ئەوان ئەو کاتە کێشە لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدات کە ئەو بزووتنەوانە دەیانەوێت بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی پەرە بەکۆمەڵگا مۆدێرنەکەی خۆیان لەناو دەوڵەتدا بدەن و نەتەوە لە رێگەی تەماهی پێکردنییەوە لەگەڵ دەوڵەتدا دروستبکەن و لە رێگەی فراوانکردنی سنوری کۆمەڵگا مۆدێرنەکەی خۆیان بە فراوانی سنوری سیاسی دەوڵەت، هەموو کۆمەڵگا مۆدێرنە جیاوازەکانی ناو دەوڵەت بسڕنەوە، بەڵام بزووتنەوە کوردییەکان نایانەوێت بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی نەتەوە دروستبکەن ودەیانەوێت بەپێی بنەمایەکی تر کۆمەڵگا مۆدێرنەکەی خۆیان پەرە پێبدەن کە نەتەوە لەگەڵ دەوڵەتدا تەماهی پێناکات و رێگە دەدات هەموو کۆمەڵگا مۆدێرنە جیاوازەکانی ناو دەوڵەت بە هەموو جیاوازییەکانی خۆیانەوە وەك چەند کۆمەڵگایەکی جیاواز لەناو دەوڵەتدا پەرەیان پێبدرێت و لەناو تاکە کۆمەڵگایەکدا بە ناوی نەتەوەوە تەماهییان پێنەکرێت. ناکۆکی بزووتنەوە کوردییەکانی ناو ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ نەتەوەخوازیی باڵادەستی ئەو دەوڵەتانەدا لەسەر شێوازی پەرەپێدانە بە کۆمەڵگای مۆدێرنەکە ناو ئەو چوار دەوڵەتانەیە.

کێشەی ئەم بزووتنەوانە لەوەدا نییە کە لەناو ئەو دەوڵەتانەدا باڵادەستنین و دەبێت شەڕبکەن لەپێناو ئەوەدا باڵادەست بن، واتە کێشەی ئەم بزووتنەوانە کێشەی دوو بزووتنەوەی سیاسی ناو ئەو کۆمەڵگایە نییە کە نەتەوەخوازی لەناو دەوڵەتەکەدا دروستیکردووە. بەهەمان شێوە کێشەی نێوان دوو بزووتنەوەی نەتەوەخوازیش نییە کە هەریەکەیان کار بۆ ئەوە بکات کۆمەڵگاکەی خۆی بەناوی نەتەوەوە بکات بە تاکە کۆمەڵگایەکی پەرەسەندوو.

کێشەی بزووتنەوە کوردییەکان لەگەڵ نەتەوەخوازییە باڵادەستەکاندا لەسەر ئەوەیە بزووتنەوە کوردییەکان رازی نین لە سنوری ئەو دەوڵەتانەدا بنەمای نەتەوەخوازی جێبەجێ بکرێت و تاکە کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان هەڵبژێردرێت بۆ ئەوەی لەلایەن بزووتنەوە مۆدێرنەکانەوە پەرەی پێبدرێت ومافی ئەوەش لە هەر بزووتنەوەیەکی مۆدێرن بسێنرێتەوە کە دەیەوێت لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگایەدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ پەرە بە کۆمەڵگا مۆدێرنەکەی

خۆی وزمان وکەلتورەکەی بدات. نەتەوەخوازەییە باڵادەستەکانیش دەیانەوێت کۆمەڵگاکەی خۆیان بکەن بە کۆمەڵگایەکی سەراپاگیرو هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکانی تری ناو دەوڵەتەکەش تەنها لەناو ئەو کۆمەڵگا سەراپاگیرەداو لەرێگەی زمان و شێوازی کەلتوری ئەو کۆمەڵگایەوە وەك بەشێکی جیانەکراوەی ئەو کۆمەڵگایە پەرەیان پێبدرێت.

شەڕی بزووتنەوە کوردییەکانی ناو ئەو دەوڵەتانە شەڕی بەدەستهێنای دەسەڵات نییەو ئامانجیان ئەوە نییە لەناو دەوڵەتدا بن بە بزووتنەوەی باڵا دەست، دیموکراسیەت لەناو ئەو دەوڵەتانە بۆ بزووتنەوە کوردییەکان هیچ مانایەکی نییە، چوونکە ئەو دیموکراسیەتە تەنها بۆ ئەو بزووتنەوانەیە کە بەوە رازیبوون بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی نەتەوە لەگەڵ دەوڵەتدا تەماهی پێبکرێت. لە تورکیادا هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی ناتوانێت سود لەو دیموکراسیەتە وەرگرێت گەر دان بەوەدا نەنێت لە تورکیادا یەك نەتەوە هەیەو ئەو نەتەوەیەش ئەوەیە کە نەتەوەخوازی تورکی بە سەراپاگیرکردنی کەلتورەکەی لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتدا دروستیکردووە.

دیموکراسیەت لەناو ئەو دەوڵەتانەدا کاتێك دەبێت بە دیموکراسیەت بۆ بزووتنەوە کوردییەکان کە ببێت بە زەمینەیەك بۆ سەرهەڵدانەوەی ئەو کۆمەڵگا مۆدێرنانەی کە لەناو ئەو کۆمەڵگا مۆدێرنەدا بزرکراون کە بزووتنەوە نەتەوەخوازە باڵادەستەکە پەرەیپێداوە. لەوشوێنەدا کە بزووتنەوە کوردییەکان لەناو ئەو دەوڵەتانەدا پێویستیان بە دیموکراسیەتە، نەتەوەخوازەیە باڵادەستەکانی ئەو دەوڵەتانە پەیڕەوی لەتۆتالیتاریەت دەکەن.

بزووتنەوە کوردییەکان دەیانەوێت لەناو ئەو دەوڵەتانەدا هەر کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکانی ناو ئەو دەوڵەتە، ئازاد بێت بە چ زمانێك و بە چ شێوازێکی کەلتوری کۆمەڵگاکەی خۆی پەرەپێبدات، بەڵام نەتەوەخوازییە باڵادەستەکان تەنها رێگە دەدەن بە زمان وشێوازی کەلتوریی کۆمەڵگا سەراپاگیرکراوەکەو لەناو سنوری کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەدا بزووتنەوەکان پەرە بەو کۆمەڵگایە بدەن کە بە کۆمەڵگایەکی جیاواز لە کۆمەڵگا زاڵەکەی دەزانن. بەمەش ئەو بزووتنەوانە نەك ناتوانن لە پەرەپێدانی کۆمەڵگاکەیاندا کۆمەڵگاکەیان بەرەو کۆمەڵگایەکی سەربەخۆو جیاواز لە کۆمەڵگا زاڵەکە بەرن، بەڵکوو زیاتر کۆمەڵگاکەی خۆیان تەماهی پێدەکەن لەگەڵ کۆمەڵگا زاڵەکەدا. نەتەوەخوازیە باڵادەستەکەی ناو ئەو دەوڵەتانە، رێگە دەدات بە بزووتنەوەکان لەناو کۆمەڵگا زاڵەکەدا بە زمان و کەلتوری

کۆمەڵگا زاڵەکە پەرە بە کۆمەڵگا جیاوازەکەی خۆیان بدەن، چونکە بەم کارە ئەو بزووتنەوانە لەبری ئەوەی پەرە بە کۆمەڵگاکەی خۆیان بدەن کۆمەڵگاکەیان زیاتر لەگەڵ کۆمەڵگا زاڵەکەدا تەماهی پێدەکەن و بەرەو ئەوە ئاراستەی دەکەن بە تەواوەتی لە ناویدا بتوێتەوە.

کاتێك دەکرێت لەناو ئەم دەوڵەتانەدا باس لە دیموکراسیەت بکرێت کە یەك کۆمەڵگای زاڵ بوونی هەبێت نەك چەند کۆمەڵگایەك، واتە بوونی یەك کۆمەڵگای مۆدێرن لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکانداو نەبوونی فرەیی وجیاوازی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکەی سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا مەرجە بۆ بوونی دیموکراسیەت و هەڵبژاردنی ئازادانە. بۆ ئەوەی خەڵکی ناو ئەو دەوڵەتە لە هەڵبژاردندا ئازادبن، دەبێت خۆیان بە ئەندامی کۆمەڵگا زاڵەکە بزانن و لەناو ئەندامبوونیان لە کۆمەڵگا زاڵەکەدا هەست بە ئەندامبوونی خۆیان لە کۆمەڵگاکەی خۆیان بکەن و کۆمەڵگاکەیان وەك بە شێکی جیانەکراوەی کۆمەڵگا زاڵەکە ببینن.

خەڵکی بەر لەوەی ئازادبن لە هەڵبژاردنی ئەو بزووتنەوە سیاسییەدا کە دەیانەوێت لەناو ئەو دەوڵەتەدا دەسەڵات بگرێتە دەست، دەبێت بەناچاری ئەوەیان قبولکردبێت کە ببن بە ئەندامی ئەو کۆمەڵگا زاڵەی کە کۆمەڵگاکەی ئەوانی لەناو خۆیدا بزرکردووە.

لە پشت ئەو دیموکراسیەتەوە کە لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا پەیڕەو دەکرێت، پەیڕەویکردن لە تۆتالیتاریەتێکی دەمارگیرانە هەیە. تا خەڵکی لە هەڵبژاردنی کۆمەڵگا مۆدێرنەکەدا لەبری کۆمەڵگا جیاوازەکەی خۆیان ئەو کۆمەڵگا زاڵە بە ناچاری هەڵنەبژێرن کە بەسەر کۆمەڵگا مۆدێرنەکەی خۆیاندا زاڵ بووەو لە پەرەسەندنی سروشتیانەی خۆی رایگرتووە، ناتوانن لەناو کۆمەڵگا زاڵەکەدا بە ئارەزووی خۆیان ئەو بزووتنەوە سیاسیە هەڵبژێرن کە دەیانەوێت لەناو دەوڵەتدا ببێت بە خاوەنی دەسەڵات.

لەناو ئەم دەوڵەتانەدا دیموکراسیەت لە هەڵبژاردنی پارت ورێکخراوە سیاسییەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا مەرجدارکراوە بە قبوولکردنێکی ناچارانەی ئەو کۆمەڵگایەی کە زەمینەی سەرهەڵدانی پارتە سیاسییەکانە. هیچ پارتێکی سیاسی لەناو ئەم دەوڵەتە مۆدێرنانەدا رەوایەتیەکی سیاسی پێ نابەخشرێت گەر سەر بە کۆمەڵگا زاڵەکەی ناو دەوڵەت نەبێت وسەر بە کۆمەڵگایەك لەو کۆمەڵگایانەبێت کە ئەو کۆمەڵگایە بەسەریدا زاڵبووە. بزووتنەوە کوردییەکان پارتێکی سیاسی ناو کۆمەڵگا زاڵەکان نین و گوزارشتێکی سیاسی لە کۆمەڵگا زاڵەکانی ناو ئەو چواردەوڵەتە ناکەن، ئەوان لەپێناو ئەوەدا هەن گوزارشتێکی سیاسی لەو

کۆمەڵگا کوردییەی خۆیان بکەن کە کۆمەڵگا زاڵەکە هەوڵدەدات زاڵببێت بەسەریداو لە ناو خۆیدا بیتوێنێتەوە.

بۆ ئەوەی زیاتر لە مەسەلەی دیموکراسیەت و هەڵبژاردنی ئازادانەو رەوایەتیدان بە دەسەلات لە ناو دەوڵەتی نەتەوەدا تێبگەین و لەو تۆتالیتاریەتە تێبگەین کەبووە بە بنەما بۆ ئەو جۆرە لە دیموکراتیەت، دەبێت بگەڕینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەتە مۆدێرنەکان و ئەو پرۆسەیەی کە نەتەوەخوازییە زاڵەکان رەوایەتی زاڵبوونی خۆیان لێوە وەرگرتووە. لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا بەر لەوەی بزووتنەوەیەك لە بزووتنەوە مۆدێرنەکانی ناو یەکێك لەو دەوڵەتانە ببێت بە نەتەوەخوازیی زاڵی ناو دەوڵەت و کۆمەڵگا مۆدێرنەکەی خۆی لەرێگەی زمان و شێوازە کەلتورییەکەیەوە زاڵ بکات بەسەر کۆمەڵگا مۆدێرنە جیاوازەکانی تری ناو ئەو دەوڵەتەدا، دەبێت بە ناو ئەو ململانێیەدا تێپەڕیبێت کە بەر لە زاڵبوونەکەی لە نێوان بزووتنەوە مۆدێرنەکانی ئەو دەوڵەتەدا لەسەر ئەوە هەیە کە کامیان ببن بە بزووتنەوەی زاڵی ناو ئەو دەوڵەتە. کاتێك ئەم بزووتنەوەیە لەناو ئەو ململانێیەدا زاڵدەبێت، بەم زاڵبوونەی رەوایەتی ئەوە وەردەگرێت کە کۆمەڵگا ناوچەییەکەی خۆی بە ناوی نەتەوەوە لەگەڵ دەوڵەتدا تەماهی پێ بکات.

ئەم ململانێیەش ململانێیەکی دیموکراسیانە نییەو لەسەر توانای زاڵیەتی وهێز بەندە، ئەو بزووتنەوەیەی توانای زاڵبوونی لەرێگەی هێزەوە زیاترەو دەتوانێت سەرکەوێت بەسەر بزووتنەوە مۆدێرنەکانی تردا، ئەو دیاریدەکات کام کۆمەڵگا لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی ناو ئەو دەوڵەتەو کام زمان لە زمانەکانی ناو کۆمەڵگا زمانییەکان پەرەپێبدات وئەو نەتەوەیان بەپێ بنەمای نەتەوەخوازی پێدروستبکات کە دەبێت لەگەڵ دەوڵەتدا تەماهی پێبکرێت و هاوشوناس بکرێتەوە و دەوڵەتەکەی پێ بکرێت بە دەوڵەتی نەتەوەیی.

لەو ململانێیەدا شتێك بەناوی دیموکراسیەت و هەڵبژاردنەوە نییەو هەڵبژاردن لەو سەردەمەدا تەنها جۆرێك لەبەکارهێنانی هێزە بۆ زاڵبوونی بزووتنەوەیەك بەسەر بزووتنەوەکانی تری ناو دەوڵەتدا، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە هەر بزووتنەوەیەك لەو بزووتنەوانە بە هەڵبژاردنێکی ئازادانە لەناو ئەو دەوڵەتەدا رەوایەتی بەدەسەلاتەکەی درابێت، کۆمەڵگاکەی خۆی زاڵکردووە بەسەر کۆمەڵگاکانی ترداو لەرێگەی ئەم زاڵکردنەشەوە کۆمەڵگاکەی بەرزبووەتەوە بۆ ئەو نەتەوەیەی کە دەبێت ئەو دەوڵەتە لە رێگەی شوناسەکەیەوە شوناسی خۆی

دیاری بکات. ئەو ململانێیەی کە پێش دیاریکردنی شوناسی دەوڵەت لەناو دەوڵەتێکی مۆدێرندا لەنێوان بزووتنەوەکاندا روودەدات، ململانێی ئەو بزووتنەوە مۆدێرنانەیە لەپێناو ئەوەدا شوناسی کۆمەڵگاکەیان بەرزبکەنەوە بۆشوناسی ئەو نەتەوەیەی کە بە شوناسەکەی خۆی شوناسی دەوڵەتەکە دیاریدەکات. هەر بزووتنەوەیەك لە بزووتنەوەکان ڕەوایەتی لەو هێزە وەردەگرێت کە بەهۆیەوە زاڵبووە بەسەر بزووتنەوەکانی تردا و بەم رەوایەتیەش لەناو دەوڵەتەکەدا زمان و شێوازی کەلتوری کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان بە ئارەزووی خۆی زاڵدەکات بەسەر زمان و شێوازی کەلتوری ئەو کۆمەڵگا جیاوازانەدا کە بزووتنەوەکانیان لەناو ئەو ململانێیەدا دۆڕاندوویانە. هەموو کاتێکیش زمان و شێوازی ئەو کۆمەڵگایە زاڵدەکات کە بە کۆمەڵگای خۆی دەزانێت.

ئەو بنەمایەی کە بزووتنەوەکانی ناو ئەو دەوڵەتە لە ململانێی خۆیاندا لە پێناو بەرزکردنەوەی شوناسەکەیان بۆ شوناسی ئەو کۆمەڵگایە کە دەبێت شوناسی دەوڵەتەکە دیاری بکات پەیڕەوی لێدەکەن، هەمان بنەمای ئەو خێڵانەیە کە لەنێوان خۆیاندا دەکەونە ناو ململانێوە بۆ ئەوەی یەکێکیان شوناسی ئەو عەسەبەیە دیاری بکات کە دەیانەوێت لە ناویدا ببنەوەبەیەك. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ناو سەردەمە مۆدێرنەکە بە پەیڕەوی کردن لەهەمان بنەما هاتوونەتە ئاراوە کە کۆمەڵە خێڵێك عەسەبەیەکی پێدەهێننەئاراوە.

واتە نەتەوەخوازی و عەسەبیەت لە دروستکردنی کۆمەڵگاکانیاندا پەیرەوی لە یەك بنەما دەکەن و بنەماکەش ئەوەیە هێزی زاڵ بۆ دروستکردنی عەسەبە یان نەتەوە دەبێت کۆمەڵگا بەزیوەکان لەناو یەك کۆمەڵگادا بکاتەوە بەیەك و ئەو کۆمەڵگایەش دەبێت بە ئارەزووی ئەو هێزە زاڵە هەڵبژێردرێت و هێزە بەزیوەکان هیچ مافێکیان لەم هەڵبژاردنەدا نەبێت. ململانێی بزووتنەوەکانی ناو دەوڵەت لەسەر دیاریکردنی شوناسی دەوڵەت و خاوەنداریەتیکردنی، تەنها یەکجار روودەدات، هەر بزووتنەوەیەك لەو بزووتنەوانە لەو ململانێیەدا توانی بە هەر ڕێگایەك لە ڕێگەکان بەسەر بزووتنەوەکانی تردا زاڵ ببێت، بۆ یەکەمجارو دواجار دەبێتە خاوەنی ئەو دەوڵەتەو دەتوانێت شوناسی ئەوە دەوڵەتە لە ڕێگەی کۆمەڵگاکەی خۆیەوە دیاری بکات ورەوایەتی وەرگرێت بۆ ئەوەی بنەمای نەتەوەخوازی لەناو ئەو دەوڵەتدا جێبەجێ بکات وهەموو کۆمەڵگا مۆدێرنە جیاوازەکانی بزووتنەوەکانی تر لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیدا تەماهی پێبکات

و شوناسەکەیان لەگەڵ شوناسی کۆمەڵگاکەی خۆیدا هاوشوناس بکاتەوە. دوای ئەوەی ئەم بزووتنەوە زاڵە بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی ئەو کارە دەکات، سیستەمی کارکردنەکەی خۆی دەکات بە سیستەمی دەوڵەت و بەمەش لە یەکەیەك لە یەکەکانی ناو دەوڵەتەوە دەبێت بەو سیستەمی ناو دەوڵەت کە یەکەکانی ناو دەوڵەت لەناویدا دەکەونە ناو پەیوەندییەوە. هیچ یەکەیەك لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی ناو دەوڵەتەکە ناتوانێت ببێت بە یەکەیەکی ناو ئەو سیستەمە گەر سیستەمەکە وەك یەکەیەکی ناو کۆمەڵگا زاڵەکەی دانی پیانەنابێت و شوناسی یەکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەی پێ نەبەخشیبێت.

سیستەمی حوکمکردن لەناو ئەو دەوڵەتەدا سیستەمی حکومکردنی ئەو یەکانەیە کە یەکەی ناو کۆمەڵگا زاڵەکەن و ئەو یەکەیەی سەر بە کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا بەزیوەکان بێت و شوناسی ئەو کۆمەڵگایەی هەڵگرتبێت، ناتوانێت ببێت بە یەکەیەك لە یەکەکانی سیستەمەکەو بەمەش دەخرێتە دەرەوەی ئەو یاریەوە کە یەکەکان بۆ وەرگرتنی سەرەوەری لە بەکاهێنانی ئەو سیستەمەدا بە شێوەیەکی دیموکراتیانە لەسەر روقعەی کۆمەڵگاکە ئەنجامی دەدەن.

ئەو سیستەمی حکومکردنەی کە لەناو ئەو دەوڵەتەدا بزووتنەوە زاڵەکە بە ئارەزووی خۆی دیاریدەکات وئەو یەکانەی کە ئەو بزووتنەوە بە ئارەزووی خۆی بۆ ئەم سیستەمە هەڵیان دەبژێرێ، بەشێوەیەکی جەبری دەبێت کۆمەڵگا جیاوازەکانی بزووتنەوە بەزیوەکان قبوڵی بکەن. واتە ئەم کۆمەڵگا جیاوازانەو بزووتنەوە دۆڕاوەکانیان تەنها مافی ئەوەیان هەیە ئەو سیسیتەمی حکومکردنەو یەکەکانی قبووڵبکەن کە بزووتنەوە زاڵەکە بە ئارەزووی خۆی هەڵیبژاردووە، دوای ئەم قبولکردنەش بەهیچ شێوەیەك بۆیان نییە دەستکاری بکەن و بیگۆڕن. ئەو بزووتنەوەیەی کە لەو ململانێیەدا دەبێت بە بزووتنەوەیەکی زاڵ دەبێتە تاکە بزووتنەوەیەك کە مافی ئەوەی هەیە سیستەمی سیاسی و کەلتوری لەناو ئەو دەوڵەتەدا دابنێ و دوای دانانەکەشی بەپێی ئەو سیستەمە فەرمانڕەوایەتی بکات. بزووتنەوە بەزیوەکانی ناو ئەم دەوڵەتە بە یەکجاری مافی ئەوەیان لێدەسەنرێتەوە کە بەشداری لەدانانی سیستەمی سیاسی وکەلتوری ئەو دەوڵەتدا بکەن. ئەو بزووتنەوانە کاتێك دەتوانن لەناو ئەو دەوڵەتدا جارێکی تر بکەونەوە ناو پێشبڕکێ بۆ بەدەستهێنانی دەسەلات، کە قبووڵی ئەوە بکەن بەپێ یاساکانی ئەو سیستەمە کەلتوری و سیاسیەی کە بزووتنەوە زاڵەکە بە ئارەزووی خۆی دایناوە بکەونە ناو

ململانێ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. ئەو بزووتنەوانەی کە قبوڵی ئەوە دەکەن لەناو ئەو سیستەمەدا بکەونە ناو ململانێوە، دوای بەدەستهێنانی دەسەڵاتیش ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان ئەو سیستەمە بگۆڕن کە بزووتنەوە زاڵەکە کردوویەتی بە سیستەمی دەوڵەت و کۆمەڵگا، ئەوان تەنها بۆیان هەیە بەپێی ئەو سیستەمە فەرمانڕەوایەتی بکەن و مومارەسەی ئەو دەسەڵاتە بکەن کە ڕوایەتی لەو سیستەمەوە وەرگرتووە.

پەیوەندییەکی تەواو لەنێوان تێڕوانینە دروستەییەکەی سۆسۆر بۆ سیستەمی زمان و سیستەمی دەوڵەتە مۆدێرنانەکاندا هەیە. لای سۆسۆر زمان سیستەمی ئاماژەکانە، ئەوەی یەکەمجار سیستەمی زمانێك لەزمانەکانی داهێناوەو ئاماژەکانی بۆ دیاریکردووە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەم کارەی کردووەو پشتی بە هیچ بنەمایەك نەبەستووە، بەڵام ئەوانەی ئەو زمانە فێردەبن و پێی دەدوێن، بۆیان نییە سیستەمی ئەو زمانەو ئاماژەکانی بگۆڕن و تەنها دەتوانن بە سیستەمی ئاماژەکان ئاماژەکان بەکار بهێنن.

ئەم بۆچوونەی سۆسۆر لەسەر زمان، لەبارەی سیستەمی سیاسی وکۆمەڵایەتی دەوڵەتە مۆدێرنەکانەوە وانەیەکی باشمان فێردەکات و ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە ئەو بزووتنەوەیەی کە بۆ یەکەمجار لەناو دەوڵەتی مۆدێرندا زاڵدەبێت بەسەر بزووتنەوەکانی تری ناو ئەو دەوڵەتەدا، وەك ئەو کەسە وایە کە بەبێ هیچ بنەمایەك وبەشێوەیەکی هەڕەمەکی یاساکانی زمانێك و ئاماژەکانی دادەنێ ، ئەوانەش کە دواتر ئەو زمانە فێردەبن و لەوی وەردەگرن تەنها بۆیان هەیە سیستەمی ئەو زمانەوە ئاماژەکانی بە ئارەزووی خۆیان بەکار بهێنن، بەڵام بۆیان نییە یاسایەك لەیاساکانی ئەو سیستەمە یان ئاماژەیەك لە ئاماژەکانی دەستکاری بکەن یان بیگۆڕن بە یاسایەکی تر یان ئاماژەیەکی تر.

گەر بەراوردێك بکەین لەنێوان بۆچوونە دروستەییەکەی سۆسۆر بۆ زمان و سیستەمەکەی لەگەڵ سیستەمی دەوڵەتی مۆدێرن ودەوڵەتی عەسەبەکاندا ئەومان بۆ ڕووندەبێتەوە هەرسێ سیستەمەکە بەپێی بنەمای زاڵەیەتی هەڵبژێردراون و قبوڵکردنیان شتێکی ئیختیاری و ئازادانە نییەو تەنها بەکارهێنانیان بەئیختیارو ئازادانەیە، واتە هەریەکەیەك لەیەکەکانی ئەو سێ جیهانە بەناچاری دەبێت ئەو سیستەمە قبوڵبکات کە هێزێك بە ئارەزووی خۆی هەڵیبژاردووەو کردوویەتی بە سیستەمی ئەو جیهانە. بۆ نموونە کاتێك کەسێك دەچێتە ناو کۆمەڵگایەکی زمانییەوەو دەیەوێت لەناو ئەو کۆمەڵگا زمانییەدا بدوێت و ئەوەی دەیەوێت

بیلێت، بیلێت، ئەو کەسە ناتوانێت بۆ گووتنی شتەکانی خۆی سیستەمی زمانێك لە زمانەکان و ئاماژەکانی بە ئارەزووی خۆی هەڵبژێرێت ولەگەڵ خەڵکەکەدا بکەوێتە گفتوگۆو. ئەو تەنها دەبێت بە سیستەمی زمانیی و ئاماژەکانی ئەو زمانە بدوێت کە زماندانەرانی ئەو کۆمەڵگا زمانییە لە کۆنەوە بۆ یەکجار و دواجار بۆ ئەو کۆمەڵگا زمانییەیان هەڵبژاردووە. دوای ئەوەش ئەم کەسە بەناچاری قبوڵی ئەوەی کرد لەگوتنی گوتراوەکانی خۆیدا سیستەمی ئەو زمانەو ئاماژکانی بەکاربهێنێ، ئەو کەسە وەك هەرکەسێکی تری ناو ئەم کۆمەڵگایە ئازادە لە گووتنی ئەوەدا کە دەیەوێت بیلێت.

لای سۆسۆر نەك ئەم کەسە بەڵکو کۆمەڵگا زمانیەکە خۆیشی ناتوانێت یاسایەك و ئاماژەیەکی زمانی لە ئاماژەکان بە ئارەزووی خۆی بگۆڕێت و یاسایەك و ئاماژەیەکی تری زمانی لە شوێنی دابنێت. ئەم کەسەو هەمووی ئەو کەس و گروپانەش کە لەناو ئەو کۆمەڵگا زمانییەدا هەن تەنها لەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئاماژەکان بەسیستەمە زمانییەکە ئازادن و لەناو کۆمەڵگا زمانییەکەدا پێشبڕکێی دیموکراسیانە تەنها بۆ ئەوەیە چ هێزێك لە هێزەکان دەتوانێت بە باشترین شێوەی گوتن بەو سیستەمە زمانییەو ئاماژە زمانییەکانی بۆ گوتنی ئەوە بەکار بهێنێ کە دەیەوێت بیلێت. بۆنموونە کەسێك لەوەدا ئازادە هەر نەغمەو ئاوازێك بۆ گوتنی گوتنەکانی خۆی بەکاربهێنێ، بەڵام بەمەرجێك لەگووتنەکەیدا سیستەمی ئەو زمانەو ئاماژە زمانیەکانی ئەو زمانە بەکار بهێنێ و یاساکانی ئەو سیستەمەو ئاماژەکانی لەکاتی بەکارهێناندا نەگۆڕێت و وەك خۆی بیانهێڵێتەوە. لەناو دەوڵەتی مۆدێرنیشدا لە ململانێی بزووتنەوەکاندا لەسەر دروستکردنی ئەو کۆمەڵگایە کە ناویان ناوە نەتەوە، ئەو بزووتنەوەیەی کە لەناو دەوڵەتەکەدا زاڵدەبێت، مافی زماندانەری ئەو کۆمەڵگا زمانییەی پێدەدرێت کە بۆیەکەم جارودواجار سیستەمی زمانیی کۆمەڵگا زمانییەکەو ئاماژەکانی بە ئارەزووی خۆی دادەنێ.

بزووتنەوە بەهێزەکەی ناو دەوڵەت دوای ئەوەی زاڵبوو، لە رێگەی ئەو هێزەی کە بە هۆیەوە زاڵبووە، رەوایەتی وەردەگرێت بۆ ئەوەی بڕیاربدات لەسەر ئەوەی سیستەمی کەلتوری ویەکە کەلتورییەکانی کام لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی ناو ئەو دەوڵەتە بکات بە سیستەم و یەکەی کەلتوری ئەو دەوڵەتە. هەر ئەو هێزە زاڵە لەگەڵ دیاریکردنی سیستەم و یەکە کەلتوریەکانی کەلتوری کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایانە، سیستەمی سیاسی و یەکە

سیاسیەکانی ناو دەوڵەتەکەش بە ئارەزووی خۆی دیاری دەکات و لەمەشدا پێویستی بە رای بزووتنەوە بەزیوەکانی ناو دەوڵەت و کۆمەڵگاکانیان نییە.

دەوڵەتی مۆدێرن بەر لەوەی ببێت بە دەوڵەتی نەتەوەیی بزووتنەوە مۆدێرنەکانی ناو سنورە سیاسییەکەی دەکەونە ناو ململانێیەکی توندەوەو زۆرجاریش ئەم ململانێیە بە جەنگ کۆتایی پێدەهێنرێت، ململانێی ئەم هێزانە لە سەر بە دەستهێنانی ئەو هێزە نییە کە دەوڵەت هەیەتی، بەڵکو لەسەر دیاریکردنی سیستەمە کەلتوری و سیاسیەکەی ئەو دەوڵەتەیە.

ئەوەی ململانێی نێوان ئەو بزووتنەوانە یەکلادەکاتەوەو رەوایەتی دەبەخشێت بە بزووتنەوەیەك لە بزووتنەوەکان، سیستەمی سیاسی و کەلتوری ئەو دەوڵەت بۆ یەکجاری دیاری بکات، زاڵیەتییە. هەر بزووتنەوەیەك لەو بزووتنەوانە توانی زاڵ ببێت بەسەر ئەوانی تردا ئەوە مافی ئەوەی هەیە بە ئارزووی خۆی و بەبێ رازیبوونی بزووتنەوە بەزیوەکان سیستەمی کەلتوری وسیاسی ئەو دەوڵەتە دابنێ و دوای دانانیشی هیچ بزووتنەوەیەك بۆی نییە ئەو دوو سیستەمە بگۆڕێت. لەم قۆناغەدا ململانێی نێوان بزووتنەوەکان لەسەر ئەوەنییە کە لەناو دەوڵەتدا دەسەڵات بگرنە دەست ورەوایەتی بۆ ئەوە وەرگرن کە هێزی دەوڵەت بەکار بهێنن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەر بزووتنەوەیەك هێزی خۆی بەکار دەهێنی بۆ ئەوەی رەوایەتی ئەوە وەرگرێت ئەو دوو سیستەمە بۆ دەوڵەتەکە بۆ یەکجاری دیاری بکات. لێرەدا بزووتنەوەی زاڵ رەوایەتی لە هێزی خۆی وەردەگرێت. بەڵام دوای ئەوەی ئەو دوو سیستەمە لەناو دەوڵەتەکەدا دیاری کران، ئەو کاتە بزووتنەوەکان لەپێناو ئەوەدا ململانێ ناکەن کە ببن بە دانەری سیستەمی کەلتوری وسیاسی دەوڵەتەکە، بەڵکوو ململانێ لە پێناوی ئەوەدا دەکەن ببن بەخاوەنی ئەو هێزەی کە دەوڵەت هەیەتی. کاتێکیش دەتوانن لەو ململانێیەدا بەشداری بکەن کە ئامانجیان لە بەدەستهێنانی ئەو هێزەدا ئەوە بێت کە ئەو دوو سیستەمەی پێ بپارێزن. دوای دیاریکردنی ئەو دوو سیستەمە هیچ بزووتنەوەیەك رێگەی پێنادرێت بچێتە ناو ململانێیەکەوەو دوای سەرکەوتنی هێزی دەوڵەت بەکار بهێنێ بۆ گۆڕینی ئەو دوو سیستەمە. هەر بزووتنەوەیەك کار بۆ ئەوە بکات ئەو دوو سیستەمە لەناو دەوڵەتدا بگۆڕێت دەکرێتە دەرەوەی ململانێیەکەو وەك بزووتنەوەیەکی دژ بەو دەوڵەتە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ لەناو دەوڵەتی مۆدێرندا بەکارهێنانی هێز بۆ دانانی سیستەمی کەلتوری و سیاسی دەوڵەت جیاوازە لەبەکارهێنانی ئەو دوو سیستەمە لەپێناو بە دەستهێنانی

هێزدا. بەکارهێنانی هێز لەپێناو دانانی ئەو دوو سیستەمەدا بۆ دروستکردنی شوناسی سیاسی ونەتەوەیی دەوڵەتە، بەڵام بەکارهێنانی ئەو دوو سیستەمە بۆ بەدەستهێنانی هێزە لە پێناو پاراستنی شوناسی سیاسی و نەتەوەیی ئەو دەوڵەتەدا.

ئەوەی دەوڵەتی مۆدێرن دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتی نەتەویی ململانێی ئەو بزووتنەوە مۆدێرنانەی ناو دەوڵەتە لەبەکارهێنانی هێزدا لەپێناو دیاریکردنی شوناسی یەکجارەکی دەوڵەت لە رێگەی گۆڕینی دەوڵەتێکی بێ نەتەوەوە بۆ دەوڵەتی ئەو نەتەوەیەی کە بەناویەوە ململانێ لەگەڵ بزووتنەوەکانی تردا لە سەر دیاری کردنی سیستەمی کەلتوری و سیاسی ئەو دەوڵەتەدا دەکات.

هەر بزووتنەوەیەك لە بزووتنەوەکانی ناو ئەو دەوڵەتە دەیەوێت ببێت بەو باوکەی کە لەناو حکایەتی ئەو خێزانە بەراییەدا هەیە کە فرۆید ناوی ناوە حکایەتی کوشتنی باوك. باوك لە ناو دەوڵەتی مۆدێرندا ئەو بزووتنەوە مۆدێرنەیە کە دەوڵەتی مۆدێرن لە دەوڵەتێکی بێ باوکەوە دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێك کە خاوەنی باوکە. لەناو دەوڵەتی مۆدێرندا تەنها ئەو بزوتنەوە بۆی هەیە سیستەمی سیاسی و کەلتوری ناو دەوڵەت دابنێ کە بە هۆی هێزەوە توانیویەتی زاڵ ببێت بەسەر هەموو ئەو بزووتنەوە مۆدێرنە برایانەی خۆیدا کە لەناو دەوڵەتدا وەك ئەو ویستویانە ببن بە باوك.

دوای ئەوەی یەکێك لەو بزووتنەوانە دەبێت بە باوك و سیستەمی سیاسی و کەلتوری ناو دەوڵەت دادەنێ، بزووتنەوە بەزیوەکان کە هەریەکەیان بە ناوی نەتەوەوە لە ناو ململانێییەکەدا لە بەرامبەریدا بەزیوون، لە بزووتنەوەیەکەوە کە دەیەوێت ببێت بە باوك دەگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەك لە بزووتنەوانەی کە وەك براکانی ناو حکایەتەکەی فرید کار بۆ ئەوە دەکات باوك بکوژێت. واتە زاڵیەتی، بزووتنەوەیەك لەبزووتنەوەکان دەکات بەباوك وبەزیویەتی بزووتنەوەکانی تر دەکات بەو برایانەی کە هەوڵی کوشتنی باوك دەدەن. دوای ئەوەی یەکێك لەو بزووتنەوانە زاڵدەبێت بەسەر هەموو بزووتنەوەکانی تردا، هیچ بزووتنەوەیەك لە بزووتنەوە بەزیوەکان بۆی نییە بەناوی نەتەوەوە بکەوێتە ناو ململانێ لەگەڵ بزووتنەوە زاڵەکەدا.

بۆ ئەوەی بزووتنەوە بەزیوەکان لەناو دەوڵەتدا رێگەیان پێبدرێت لەگەڵ بزووتنەوە زاڵەکەدا بکەونە ناو ململانێوە، دەبێت دەستبەرداری ئەوە ببن وەك بزووتنەوە زاڵەکە ببن بەباوك و قبوڵی باوکییەتی برا زاڵەکە بکەن.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ململانێی بزووتنەوە مۆدێرنەکانی ناو دەوڵەت ململانێی کۆمەڵە برایەکە لەسەر ئەوەی کەکامیان ببێت بە باوك، بەڵام دوای ئەوەی ململانێیەکە کۆتایی پێ دێت و یەکێکیان لە رێگەی توانای زاڵییەتییەوە دەبێت بە باوك، بۆ هەتا هەتایە مافی باوکییەتی وەردەگرێت و دوای نەمان یان کوشتنیشی هیچ بزووتنەوەیەك لە بزووتنەوە بەزیوەکان ناتوانێت ئەو مافەی لێ بسێنێتەوەو لە بری ئەو ببێت بە باوك.

بزووتنەوە بەزیوەکان بەهۆی بەزینیانەوە وەك برا دەمێننەوەو بۆ یەکجاری مافی ئەوە لەدەست دەدەن ببن بە باوك. بۆئەوەی ئەم بزووتنەوانە مافی ململانێیان لەگەڵ باوکدا هەبێت، نابێت لەگەڵ باوکدا ململانێ لەسەر ئەوە بکەن کە ببن بە باوك، ئەوان تەنها بۆیان هەیە وەك برایەك ونەوەیەك لەنەوەکانی ئەو باوکە، بگەڕێنەوە ناو دەوڵەتەکەی باوك.

لەناو دەوڵەتی باوکدا کە دەوڵەتی نەتەوەییە، بزووتنەوە مۆدێرنەکان دەتوانن وەك براکانی ناو حکایەتەکە فرید شۆڕش بکەن وتەنانەت باوکیش بکوژن و بەسەریدا زاڵ بن، بەڵام ئەو بزووتنەوەیەی کە شۆڕش دەکات و باوك دەکوژێت، نابێت لەپێناوی ئەوەدا بیکوژێت خۆی لە جێگەیدا ببێت بە باوك، بەڵکو دەبێت باوك لەپێناوی ئەودا بکوژێت کە بیکات بە باوکێکی نەمر، ئەمەش بەوە دەبێت کە ئەو سیستەمەی باوك لە سیاسەت و کەلتوردا پەیڕەوی کردووە لە سیستەمێکی ئاسایی و کاتییەوە بیگۆڕێت بۆ سیستەمێکی موقەدەس و نەمرو وای لێ بکات کە هەر دەستلێدانێکی دەستلێدان بێت لە موقەدەسی دەوڵەتی نەتەوەیی و سزاکەشی سزای هەتك کردنی موقەدەس بێت. دوای ئەوەی دەوڵەتی مۆدێرن لە رێگەی بنەمای نەتەوەخوازییەوە لە دەوڵەتێکی دنیایی و ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی پیرۆزو نەمر، ململانێی بزووتنەوەکانی ناو دەوڵەت لەململانێی بەکارهێنانی هێز بۆدانانی سیستەم دەگۆڕێت بۆ ململانێی بەکارهێنانی سیستەم بۆ بەدەستهێنای هێز.

لە حکایەتەکەی فریدا براکان دوای کوشتنی باوك وزیندووکردنەوەی، لە رێگەی نەگۆڕینی سیستەمەکەیەوە، یاسای ململانێیەکە لە ململانێی بەکارهێنانی هێزە بۆ دانانی سیستەم دەگۆڕن بۆ ململانێ لە بەکارهێنانی سیستەمی باوکەوە بۆ بەدەستهێنانی هێزی باوك. بەمەش ئەوان دەبن بەخاوەنی هێزی باوك و باوکیش لە رێگەی سیستەمەکەیەوە دەبێتە خاوەنی نەمرییەکی رەمزی و ئەفسانەیی.

لەناو دەوڵەتی نەتەوەیدا ڕێگە دەرێت باوك بکوژرێت، بەڵام ڕێگە نادرێت هیچ بزووتنەوەیەك لەدوای کوشتنی باوك ببێت بە باوك و سیستەمی سیاسی وکەلتوری دەوڵەت دابنێ. هەر بزووتنەوەیەك لە بزوتنەوەکان باوك بکوژێت دەبێت لەدوای کوشتنی باوك ئەو سیستەمەی کە باوك بەهێزو دکتاتوریەت بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندبووی بیکات بە سیستەمێکی نەمر. باوك ڕازییە بکوژرێت و هێزی خۆی بدات بەوەی کە لە ململانێکەدا دەیکوژێت، بەڵام بەمەرجێك دوای ئەوەی دەیکوژێت وهێزەکەی دەبات بۆخۆی، ئەو هێزە بۆ پاراستن وهێشتنەوەی ئەو سیستەمە بەکاربهێنێ کە ئەو بۆ دەوڵەتەکەی داناوە.

دەوڵەتی نەتەویی ئەو مۆدێلە جیهانییەیە کە ڕەوایەتی لەناو سەردەمە مۆدێرنەکەدا وەرگرتووە. ئەو دەوڵەتانەش کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە بەوە ڕەوایەتیان لە سیستەمە نێودەوڵەتیەکە وەرگرتووە کەدەوڵەتی نەتەوەین وسەر بەهەمان ئەو مۆدێلە جیهانییەی دەوڵەتن کە لەناو سەردەمە مۆدێرنەکەدا ڕەوایەتی هەیە.

بۆیە بۆ تێگەیشتن لە کێشەی کورد لەناو ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە دەبێت بزانین کێشەکە کێشەیە لەگەڵ ئەو مۆدێلە جیهانییەی دەوڵەتدا کە ئەو چوار دەوڵەتەی لەسەر دروستکراوە، یان کێشەکە لەگەڵ مۆدێلەکەدا نییەو بزووتنەوە کوردییەکان ڕازین بەو مۆدێلەو کێشەکە لەگەڵ ئەو سیستەمە سیاسی وکەلتوریە جیاوازانەدایە کە نەتەوەخوازی زاڵی ناو ئەوچواردەوڵەتە بۆ دەوڵەتەکانی داناوە؟.

بەمانایەکی تر دەبێت ئێمە لەوە تێبگەین کە کێشەی کورد لەبنچینەدا لەگەڵ بنەما جیهانییەکەی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیدایە، یان کێشەکە لەگەڵ ئەو سیستەمە سیاسی وکەلتوریەدایە کە بەپێی بنەما جیهانییەکەی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کراون بە بەشێکی جیانەکراوەو نەگۆڕی ئەو چواردەوڵەتە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرتا دەبێت لەو پرۆسەیە تێبگەین کە ئەو جۆرە لە دەوڵەت لەرێگەیەوە دێتەئاراوە، بەبێ تێگەیشتن لەو بنەمایە ناتوانین کێشەی کورد لەگەڵ ئەو نەتەوەخوازییە دەوڵەتیانەدا دیاری بکەین. ئەو بنەما جیهانییەی کە ئەم جۆرە لەدەوڵەت لەسەری دادەمەزرێت بنەمای نەتەوەخوازییە. بەپێی ئەم بنەمایە دەوڵەت خۆی هیولایەکی دیاری نەکراوەو دەبێت بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز ئایدیاڵی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لەناو ئەو دەوڵەتەدا شێوەگیربکات وبیکات بەدەوڵەتی نەتەویی. گۆڕانی کۆمەڵگای کشتوکاڵی

ناو ئەو دەوڵەتە بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی، ئەو دەوڵەتە ناکات بەو جۆرە لە دەوڵەت کە بنەما جیهانیەکەی دەوڵەتی مۆدێرن داوای دەکات.

مۆدێرنیستەکانی بواری نەتەوەخوازی ودەوڵەتی نەتەویی پێیان وایە مەرجی بوونی دەوڵەتێکی مۆدێرن ئەوەیە کە لەناو ئەو دەوڵەتەدا کۆمەڵگای کشتوکاڵی گۆڕانی بەسەردا بێت و بەهۆی کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکەوە ببێت بە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی. واتە کۆمەڵگای پیشەسازی ئایدیاڵی دەوڵەتی مۆدێرنەو بەبێ بوونی کۆمەڵگای پیشەسازی شتێکمان بەناوی دەوڵەتی مۆدێرنەوە نییە.

ئەم بۆچوونە وامان لێدەکات بنەمای نەتەوەخوازی کە دیاریکردنی کەلتوری کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکەیە بە زمان وشێوازێکی کەلتوری دیاریکراو بەشتێکی عەرزی بزانین وبیگەڕێنینەوە بۆ شێوازی پەرەسەندنی کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی ناو دەوڵەتی مۆدێرن، لەکاتێکدا ئەوەی دەوڵەت دەکات بەدەوڵەتی نەتەویی ئەو زمان و شێوازە کەلتوریەیە کە کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکە دیاری دەکات.

ئەوەی دەوڵەت مۆدێرنەکەی پاش دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی دەکات بە دەوڵەتیکی نەتەوەیی، ئەو زمان و شێوازە کەلتورییەیە کە ئەتنیکە تورکیەکە، کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکەی وەك کەلتوری تورکی پێدەیاری دەکات ودەیکات بەو شێوە کەلتوریەی کە لەگەڵ سنوری سیاسی دەوڵەتەکەدا تەماهی پێدەکات ودەوڵەتەکەی پێدەکات بەدەوڵەتی نەتەوەیی. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەوەی جەوهەری دەوڵەتی نەتەوەییە لەڕاستیدا کەلتورە پیشەییەکە خۆی نییە، بەڵکو ئەو زمان و شێوازە کەلتورییەیە کە کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە لەکەلتورێکی بێ ڕنگ و شێوەوە دەکات بە کەلتورێکی شێوەدار.

بوونی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی پەتی وبوونی دەوڵەتیك بەس نین بۆ دروستبوونی ئەو جۆرە لە دەوڵەت کە بنەمای نەتەوەخوازی وەك بنەمایەکی جیهانی داوای دەکات. بوونی دەوڵەتێکی نادیاریکراو بەنەتەوە وبوونی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی و کەلتورێکی پیشەیی نادیاریکراو بەزمان وشێوازێکی کەلتوری، تەنها هیولای دەوڵەتێکی نەتەوەیی مۆدێرن دەخەنە بەردەستمان، بۆ ئەوەی لەم هیولا نادیاریکراوە دەوڵەتێکی نەتەوەیی دروستببێت، دەبێت ئایدیاڵ وکارایەك هەبێت تا کاراکە بەو ئایدیاڵە لەو هیولایە دەوڵەتە مۆدێرنەکە دروستبکات. ئایدیاڵی ئەم جۆرە لە دەوڵەت لە زمانی ئەتنیکێك و شێوازی کەلتوری ئەو ئەتنیکە

وەردەگیرێت، کاراکەش ئەو بزووتنەوە نەتەوەخوازەیە کە ئایدیالی دەوڵەتە مۆدێرنەکە لە زمان و شێوازی کەلتوریی ئەو ئەتنیکە وەردەگرێت ولە کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکەدا شێوەگیری دەکات وکەلتوری ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی پێدروست دەکات کە دواتر شێوەیەکی سیاسی دەدات بە دەوڵەتەکە.

پەیوەندی دەوڵەت و نەتەوە لەناو دەوڵەتی نەتەوەدا وەك پەیوەندی نێوان شێوەی دەنگی وشەو ماناکەی وایە، دەوڵەت وەك ماناکە وایەو نەتەوە وەك شێوە دەنگییەکە وایەو بە یەکێکیان دەوڵەتی نەتەویی دروستناکرێت و بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی لەو جۆرە دەبێت شێوە کەلتورییەکەی نەتەوەو دەوڵەتێکی نادیاریریکراو بەنەتەوەمان هەبێت تا لەرێگەی ئەو شێوە کەلتورییەوە کە دەدرێت بە کەلتورە مۆدێرنەکە لە دەوڵەتێکی پەتییەوە ببێت بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی. دەوڵەتی نەتەوەیش وەك ئەو ئاماژە زمانییە وایە کە پێکهاتەیەکە لە شێوەیەکی دەنگی و مانایەك.

لە سازکردنی ئاماژە زمانیەکاندا هەموو مانایەك دەبێت بە شێوەیەکی دەنگی دیاری بکرێت، واتە هەر ئاماژەپێدراوێك دەبێت بە ئاماژەپێدەریکی دەنگی ئاماژەی پێبدرێت وئەو ئاماژەپێدەرە دەنگییەش دەبێت جیاواز بێت لە هەموو ئەو ئاماژەپێدەرە دەنگیانەی کە لەناو ئەو زمانەدا ئاماژە بە مانا جیاوازەکانی ناو ئەو زمانە دەدەن.

لە ناو جیهانیشدا هەر دەوڵەتیك لەو دەوڵەتانە وەك ئاماژەیەکی زمانی وایە لە مانایەك و شێوەیەکی دەنگی پێکهاتووە، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەبێت دەبێت شێوەیەکی نەتەیی هەبێت و ئاماژە بە دەوڵەتەکەی بکات و وەك دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆی لە بەرامبەر دەوڵەتەکانی تردا دیاری بکات، بۆ ئەوەی ئەمەش بکات دەبێت ئەو زمان و شێوازە کەلتورییەی کە کەلتورە مۆدێرنەکەی پێدیاریکردووە، زمان وشێوازێکی کەلتوری جیاوازبێت لەهەموو ئەو زمان و شێوازە کەلتوریانەی کە کەلتورە مۆدێرنەکەی ناو هەموو دەوڵەتەکانی تریان دیاری کردووە.

شێوەی دەنگی مانای وشە دەبێت لەو کۆمەڵە دەنگە جیاوازە سازبکرێت کە دەنگەکانی هەموو زمانەکانی جیهان پێکدەهێنن، دەنگە جیهانییەکانی زمان بۆ ئەوەی ببن بە شێوەی دەنگی وشەیەك لەوشەکانی زمانێك و لەو زمانەدا ماناکان بگەیێنن، دەبێت شێوەییەك وەرگرن. واتە بوونی دەنگەکان تەنها بوونی هیولایەکە، ئەوەی ئەو دەنگانە دەکات بە شێوەی

دەنگی وشەیەك لە وشەکان، ئەو شێوە تایبەتەیە کە چەند دەنگێك لە دەنگەکان وەریدەگرن. دوای ئەوەی شێوە دەنگییەکە لە هیولایەکی دەنگی و شێوەیەك دروستکرا ئەوکات بەرێککەوتن یان بەپێی بنەمایەکی لۆجیکی پەیوەستدەکرێت بە مانایەکی نادیارەوە کە لە زەینی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگا زمانییەدا هەیەو بەبێ ئەم شێوە دەنگییە ئەو مانایە لەو زمانەدا دەرناکەوێت.

نەتەوە لەناو دەوڵەتی نەتەوەدا وەك ئەو شێوە دەنگییە وایەو دەوڵەتیش وەك ئەو مانایە وایە کە نادیارە ودەبێت لەرێگەی شێوەیەکی نەتەوەییەوە خۆی دیاریبکات و خۆی جیابکاتەوە لە دەوڵەتەکانی تر. لەمەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دەوڵەتی نەتەوە لەدوو پێکهاتەی سەرکی پێکهاتووە: نەتەوەو دەوڵەت، نەتەوە ئەو شێوەیە کەدەوڵەت وەریدەگرێت و لەرێگەیەوە خۆی دیاریدەکات، دەوڵەت لەناو پێکهاتەوی دەوڵەتی نەتەوەدا هی نەتەوەیە وەك چۆن مانا لە پێکهاتەی وشەدا هی ئەو شێوە دەنگییەیە کە ئەو وشە هەیەتی.

بەپێی روانگە دروستەییە باوەکە، وشەکانی زمان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لەلایەن دروستکەرەکانیانەوە دروستدەکرێن. وشەسازەکان بۆ سازکردنی وشەیەك بە شێوەیەکی هەڕەمەکی شێوەیەك دێت بە خەیاڵیانداو چەند دەنگێك لە دەنگە زمانییە مومکینەکان بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك، دەهێنن و ئەو شێوەیە لە ناویدا شێوەگیر دەکەن و بەمە شێوەی دەنگی وشەکە دروستدەکەن، دوای ئەوەی شێوەی دەنگی وشەکەیان دروستکرد، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی وبەبێ هیچ بنەمایەك ئەو شێوە دەنگییە بەکاردەهێنن بۆ ئەو مانایەی کە لەخەیاڵیاندا هەیەو بە بەکارهێنانی ئەو شێوە دەنگییە بۆ ئەو مانایە وشەکە دروستدەکەن. ئەم لۆجیکە دروستەییەی دروستکردنی وشەکانی زمانێك هەمان لۆجیکی دروسکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ناو جیهانە. جیهانی مۆدێرن لە زمانێك دەچێت کە خاوەنی کۆمەڵە وشەیەکی جیاوازەو هەر وشەیەك لە وشەکان بەهۆی ئەو جیاوازیانەی کە هەیەتی دەتوانێت لەناو ئەو جیهانەدا درێژە بەبوونی خۆی بدات.

بابزانین وشەکانی ئەم جیهانە مۆدێرنە چۆن بەپێی ئەو لۆجیکە دروستەیەی کە بۆ دروسبوونی زمان هەیە دروستکراون؟

ئەو هێزەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دروستدەکات بۆدروستکردنەکەی پێویستی بەوەدەبێت کەلتورێکی پیشەیی مۆدێرنی هەبێت و شێوەیەکی کەلتوریشی هەبێت بۆ ئەوەی لەو کەلتورە

پیشەییە کەلتورێکی نەتەوەیی دروستبکات. ئەو هێزە هەردەبێت کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکە کە کەلتورێکی گشتییە بە شێوەیەکی کەلتوری دیاری بکات و بیکات بەکەلتوری نەتەوە.

بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی کە بنەمای دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە، ئەو هێزەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سازدەکات، دەبێت کەلتورە مۆدێرنەکە بەشێوەیەکی کەلتوری بکات بە کەلتورێکی نەتەوەیی کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە زمان و شێوە کەلتورییەکانی کۆمەڵگاکان هەڵیبژاردبێت ولەم هەڵبژاردنەشیدا هیچ بنەماو مەبەستێکی نەبووبێت.

ئەم هیزە نەتەوەسازە دوای ئەوەی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی وبەبێ هیچ مەبەستێك زمان و شێوەی کەلتوری کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان وەردەگرێت و وەك ئایدیالێك لەناو کەلتورە مۆدێرنە نادیاریکراوەکەدا بەرجەستەی دەکات وکەلتورە مۆدێرنەکە لە کەلتورێکی نادیاریکراو و بێ شێوەوە دەکات بەکەلتورێکی دیاریکراو و شێوەدار، بەمەش کەلتورە نەتەوەیەکە ئامادەدەکات. بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتی کە ئەم شێوە کەلتورییەی بۆ دروستکردووە لەدەوڵەتێکی نادیارەوە بیکات بەدەوڵەتی نەتەوەیی، دەبێت بەبێ بوونی هیچ بنەمایەك وبە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەو شێوە کەلتورییە لەگەڵ دەوڵەتەکەدا تەماهی پێبکات ودوای ئەمەش خەڵکی ناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتە ناچار بکات بەو شێوە کەلتورییە کەلتورە مۆدێرنەکە وەرگرن کە ئەو بە ئارەزووی خۆی درەستیکردووەو بەئارەزووی خۆیشی لەگەڵ دەوڵەتەکەدا تەماهی پێکردووە. دەوڵەتی نەتەوەیی لەشێوەیەکی کەلتوری ودەوڵەتێکی نادیاریکراو بەکەلتور پێکدێت. جیاکردنەوەی ئەو شێوە کەلتورییە لەدەوڵەت وەك جیاکردنەوەی شێوەی دەنگی وشەیە لەماناکەی. سۆسۆر گوزارشتێکی وەرد لەمە دەکات و دەڵێت شێوەی دەنگی وشەو مانای وشەکە وەك دوو دیوی یەك دراو وان، گەر دراوەکە بکەین بە چەند پارچەیەکەوە، شێوە دەنگییەکەی وشەکەو مانای وشەکە هەردووکیان پارچە پارچە دەبن. گەر دەوڵەتی نەتەوەیش دابەش بکرێت بۆ چەند پارچەیەك، نەتەوەو دەوڵەت لەگەڵ ئەو دابەشکردنەدا دابەش دەبن ودەبن بە چەند پارچەیەك. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ گەرچی ئەوەی دەوڵەتی نەتەوە دروستدەکات بەشێوەیکی هەڕەمەکی شێوەیەکی نەتەوەیی دەدات بە دەوڵەتەکە، بەڵام دوای ئەوەی کردی بە شێوەی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتە ئەوشێوە نەتەوەییە نابێت بگۆڕێت و دەبێت هەتا هەتایە وەك شێوەی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتە بمێنێتەوە. پارچەپارچەکردنی شێوەی نەتەوەیی دەوڵەتی نەتەوەیی لە هەمان کاتدا پارچەپارچەکردنی دەوڵەتەکەشە.

بنەمای دروستکردنی وشەیەك لە ناو زمانێکدا لە روانگە دروستەبییەکەی سۆسۆرەوە هەمان بنەمای دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە، سۆسۆر پێی وایە ئەو کەسەی وشەیەك لە ناو زمانێکدا دروستدەکات، بە ئارەزووی خۆی و بەبێ رەچاوکردنی هیچ شتێك شێوەیەکی دەنگی دەدات بە کۆمەڵە دەنگێك و مانای وشەکەی پێدەگەیێنێ و دوای ئەوەش لە ناو زمانەکەدا قبوڵکرا ئەوەی ئەو بەئارزووی خۆی کردوویەتی دەبێتە یاسایەکی نەگۆڕو هیچ کەسێك ناتوانێت بیگۆڕێت. واتە ئەوەی کە ئەو کەسە بە ئارەزووی خۆی و بەبێ رەچاوکردنی هیچ شتێك دروستیکردووە کەس بۆی نییە بیری لێکاتەوەو قسەی لە بارەوە بکات و پێی رازی نەبێت. هەر کەسێك سەر بەو کۆمەڵگا زمانییە بێت بە ناچاری ئەوەی ئەو بە ئارەزووی خۆی کردوویەتی دەبێت پێی رازی بێت.

لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیشدا بە هەمان شێوە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز بە هەڕەمەکی لە زمان و شێوەی کەلتوری کۆمەڵگاکان، شێوە نەتەوەییەکەی کەلتورە مۆدێرنەکە دروستدەکات وکەلتورە مۆدێرنەکەی پێ دیاری دەکات. دوای ئەوەش کەلتورە مۆدێرنەکەی بەمە کرد بە کەلتورێکی نەتەوەیی، بەبێ هیچ بنەماو مەبەستێك بەو کەلتورە نەتەوەییە دروستکراوە، دەوڵەتەکە وەك دەوڵەتێکی نەتەوەیی دیاری دەکات، ئەوەی ئەویش بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دروستیدەکات، دواتر هیچ بزووتنەوەو رێکخراوێکی سیاسیی ناو ئەو دەوڵەتە بۆی نییە بیگۆڕێت و دەستکاری بکات، بەڵکوو دەبێت بەبێ هیچ نارەزاییەك قبوڵی بکات و پارێزگاری لێبکات.

ئایا ئەو نەتەوەخوازیەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی دروستدەکات وەك وشەدروستکەری زمانێك، بەشێوەیەکی هەڕمەکی شێوە نەتەوەیەکەی دەوڵەتی نەتەوەیی کە شێوە سیاسی وکەلتوریەکەی دەوڵەتی مۆدێرنە دروستدەکات و بە هەڕەمەکیش شێوەی دەوڵەتەکەی پێ دیاری دەکات، یان بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە ئەم کارە ناکات ومەبەستێکی هەیە لەوەدا کە بەو شێوە نەتەوەییە دەوڵەتی نەتەوەکە دیاری بکات و بە شێوەیەکی تر دیاری نەکات؟.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە واباشە دەوڵەتێکە نەتەوەیی بە نموونە بهێنینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا وەردەگرین، ئەوەی ئەم دەوڵەتە نەتەوەییە دروستدەکات نەتەوەخوازی تورکییە. بەر لەدروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا دەوڵەتێك هەیە، لەگەڵ کەلتورێکی

مۆدێرندا. نەتەوەخوازییەکیش هەیە بەناوی نەتەوەخوازیی تورکی کە دواتر شێوەیەکی کەلتوری دەدات بەکەلتورە مۆدێرنەکە و بەمە شێوەی نەتەوەیی دەوڵەتە نەتەوەیەکە ئامادە دەکات و بەشێوەگیرکردنی دەوڵەتەکە لەناو ئەم شێوە نەتەوەییەدا، دەوڵەتێکی نەتەوەیی نوێ لەناو جیهاندا دروستدەکات وناوی دەنێت تورکیا.

نەتەوەخوازی تورکی بۆ ئەوەی شێوەی نەتەوەیی دەوڵەتە نەتەوەییەکە دروست بکات، پێویستی بەکەلتورە مۆدێرنەکەو شێوەیەکی کەلتورییە. ئەم نەتەوەخوازییە کەلتورە مۆدێرنەکە لە ئەوروپا وەردەگرێت وشێوە نەتەوەییەکەشی لە ئاسمانەوە بۆ نایەت، بەڵکو دەبێت لە زمان و شێوەی کەلتوری کۆمەڵگایەك لەو کۆمەڵگایانە وەریبگرێت کە لەناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا هەن. ئەم نەتەوەخوازییە دەبێت کەلتورە مۆدێرنەکە کە کەلتورێکی بێ لایەن و جیهانییە لە رێگەی ئەو زمان و شێوە کەلتورییەی کە لە کۆمەڵگا تورکییە میللیەکە وەریگرتووە کەلتوری ئەو نەتەوەیە سازبکات کە دەوڵەتەکەی پێدەکات بە دەوڵەتی نەتەوەیی.

بەپێی بنەمای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، نەتەوەخوازیی تورکی کاتێك زمانی تورکی و شێوازی کەلتوری کۆمەڵگای تورکی بۆ دروستکردنی شێوەی نەتەوەیی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکی هەڵبژاردووە، هیچ مەبەستێکی لەم هەڵبژاردنەدا نەبووەو دەکرا لەبری زمانی تورکی و شێوازە کەلتورییەکەی، زمانی کوردی و شێوازی کەلتوری کۆمەڵگای کوردی یان زمانی ئینگلیزی وشێوازی کەلتوری کۆمەڵگای ئینگلیزی وەرگرێت و شێوە نەتەوەییەکەی دەوڵەتەکەی پێدروستبکات ودەوڵەتەکەی پێ بکاتە بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی. ئەمەش هەر وەك ئەوە وایە کە دروستکەری وشەیەك لەزمانێکدا بۆی هەیە لەو دەنگانەی کە هەن کۆمەڵە دەنگێك بە ئارەزووی خۆی هەڵبژێرێت و لەو شێوانەش کە بۆ رێکخستنی ئەودەنگانە لەشێوەیەکی دەنگیدا هەن، شێوەیەك بەئارەزووی خۆی هەڵبژێرێت وبیکات بەشێوەی دەنگی ئەو مانایەی کە وشەکەی بۆ دروستدەکات. بۆ نموونە ئەو کەسەی لە زمانی کوردیدا بۆ مانای درەخت کاتی خۆی دەنگەکانی (د-ر-ە-خ-ت) هەڵبژاردووە، گەر دەنگەکانی (ب-ە-ر-د) یان دەنگەکانی( ش-ە-ج-ە-ر-ە)شی هەڵبژاردایە ئەوە هیچی لەمەسەلەکە نەدەگۆڕی، چوونکە هیچ مەبەستێك لە پشت ئەم هەڵبژاردەنەوە نییە. هەڵبژاردنی ئەو کۆمەڵە دەنگە وشێوەی ریککەوتنە دەنگیەکەیان مانای ئەوەنییە ئەو دەنگانەو ئەوشێوەیەی کە دەنگەکانی لەوشەی درختدا پێ رێکخراون باشترن لە دەنگەکانی ترو شێوە رێککەوتنەکانی تر.

بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی کاتێك نەتەوەخوازی تورکی لە زمانی تورکیی و شێوازە کەلتوورییەکەی کۆمەڵگا میللیە تورکییەکە، شێوە نەتەوەییەکەی کەلتورە مۆدێرنەکە وەردەگرێت، نابێت ئەمە وا لێکبدرێتەوە کە ئەم نەتەوەخوازییە وەرگرتنی شێوەی نەتەوەیی ئەو کەلتورە مۆدێرنەی لە زمانی تورکی و شێوازە کەلتوورییەکەی کۆمەڵگای تورکی پێ باشتربووە لەزمانی کوردی و شێوازە کەلتوورییەکەی کۆمەڵگای کوردی یان هەر کۆمەڵگایەکیتر.

بەپێی ئەم بۆچوونە نەتەوەخوازیی تورکی وەك هەر نەتەوەخوازییەکی تر، لە هەڵبژاردنەکەیدا هەڕەمەکیانە جوڵاوەتەوەو لەپشت ئەم هەڵبژاردنەیەوە هیچ نیازوو مەبەستێك نەبووە. بۆ ئەم نەتەوەخوازییە هەموو زمانەکان و هەموو شێوازە کەلتوورییە جیاوازەکان یەکسانن و ئەو لە هەڵبژاردنەکەیدا پەیڕەوی لە بنەمایەك نەکردووە کە گەیاندبێتی بەوەی زمانە تورکییەکەو شێوازە کەلتوورییەکەی کۆمەڵگا تورکییەکە بۆ دروستکردنی شێوەی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی کە دەیەوێت دروستی بکات دروستترن لە زمان و شێوازە کەلتوورییەکانی کۆمەڵگاکانی تر.

لەڕاستیدا ئەوەی دەوڵەت دەکات بە دەوڵەتی نەتەوەیی کەلتورە مۆدێرنەکە نییە، چونکە کەلتورە مۆدێرنەکە کەلتورێکی گشتییەو وا ناسراوە کە بەرهەمی عەقڵێکی سەرونەتەوەییەو تایبەت نییە بە کۆمەڵگایەك لەکۆمەڵگاکان. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەم کەلتورە بەوەی کە کەلتورێکی جیهانی وسەرونەتەوەییە ناتوانێت بوونی نەتەوەیی دەوڵەتی مۆدێرن دیاری بکات. گەر ئەم کەلتورە مۆدێرنە بوونی نەتەوەیی دەوڵەت دیاری نەکات، دەبێت ئەوشێوە کەلتوورییەی کە لەزمان وشێوازی کەلتوری کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان وەردەگیرێت وکەلتورە مۆدێرنەکەی پێدیاری دەکرێت، بوونی نەتەوەیی دەوڵەت دیاری بکات. گەر ئەم شێوە کەلتوورییەش بوونی نەتەوە دیاری بکات، پەیوەندی موڵکییەت لەنێوان ئەو کۆمەڵگایەی کە شێوە کەلتوورییەکە لێ وەرگیراوە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا دروست دەبێت کە نەتەوەخوازی بەو شێوە کەلتوورییە کردوویەتی بە دەوڵەتی نەتەوەیی.

نەتەوەخوازی دەوڵەتی نەتەوەیی لەرێگەی کەلتورە مۆدێرنەکەو دەوڵەتێکی نادیاریکراو بەنەتەوە دروست ناکات، چونکە کەلتورە مۆدێرنەکە بەوەی کە کەلتورێکی پەتییەو بە شێوەیەکی کەلتوری دیارینەکراوەو نەبووە بە موڵکی کۆمەڵگایەکی تایبەت، گوزارشت لە

شوناسی نەتەوەیەك ناكات، بۆ ئەوەی گوزارشت لەشوناسی نەتەوەیەك بكات دەبێت كۆمەڵگاكان بە زمان وشێوازە كەلتوورییەكەی خۆیان بیكەن بەكەلتوری نەتەوەیی خۆیان.

هەر كۆمەڵگایەك بە زمان و شێوازە كەلتوریەكەی خۆی، كەلتورە مۆدێرنەكەی وەك كەلتورێكی نەتەوەیی دیاریكرد، ئەوە كەلتورە مۆدێرنەكە دەكات بەموڵكێكی تایبەت بەخۆی. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەوەی كە نەتەوەخوازی دەوڵەتێكی نادیاریكراوی پێدەكات بە دەوڵەتی نەتەوەیی، كەلتورە مۆدێرنەكە نییە بەڵكوو ئەوشێوە كەلتورییەیە كە نەتەوەخوازی لە زمان و شێوازی كەلتوریی كۆمەڵگایەك لە كۆمەڵگاكان وەریدەگرێت.

نەتەوەخوازی بیروباوڕێكە، ئەم بیروباوڕە دەیەوێت ئەو باوەڕە لای كۆمەڵگا جیاوازەكانی ناو دەوڵەتێكی دیارینەكراو بە نەتەوەیەك دروستبكات كە نەتەوەخوازی بە وەرگرتنی زمان و شێوازی كەلتوریی كۆمەڵگایەكی میللی ئەو كەلتورە نەتەوەییەی ناكات بە موڵكی ئەو كۆمەڵگا میللییە، نەتەوەخوازی بەوەی كە ئەو زمان و شێوازە وەك خۆی ناكات بە شێوەی كەلتورە مۆدێرنەكەو وەك كەرەستەیەك بۆ دروستكردنی شێوە كەلتورییەكە بەكاری دەهێنێ، لە پرۆسەی دروستكردنەكەدا ئەو شێوە كەلتورییە لەروحی ئەو كۆمەڵگا میللییە بە تاڵ دەكاتەوەو كەلتورێكی نەتەوەیی لێدروستدەكات كە موڵكی هیچ كۆمەڵگایەكی ئەتنیكی و میللی ناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتە نییەو مووڵكی هەموو كۆمەڵگا میللییەكانەو كۆمەڵگا میللییەكان بەمە دەبن بە خاوەنی یەك كەلتوری نەتەوەیی هاوبەش. بۆ نموونە نەتەوەخوازی توركی ئەو بیروباوڕەی لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتی خەلافەتدا بڵاودەكردەوە كە دەیەوێت دەوڵەتەكە لە چنگی بنەماڵەی عوسمانی دەربهێنێ وبیكات بەموڵكی هەموو كۆمەڵگا جیاوازەكانی ناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتە. ئەم بیروباوڕەیە وادەكات هەموو كۆمەڵگا جیاوازەكان پشتگیری لەنەتەوەخوازی توركی بكەن، تا دەوڵەتەكە بەكەلتورێكی نەتەوەیی بكات بە دەوڵەتی نەتەوەیی ورازی بن بەوەی شێوە كەلتوریەكەی ئەو نەتەوەیەش لەزمان وشێوازی كەلتوری كۆمەڵگا ئەتنیكییە توركییەكە وەربگیرێت. ئەوەی لەو سەردەمەدا خەڵكە مۆدێرنیستەكەی ناو كۆمەڵگا جیاوازەكانی رازیكردبوو كە شێوەی ئەو كەلتورە نەتەوەییە لە زمانی توركی وشێوازی كەلتوری توركەكان وەربگیرێت، باوڕبوون بوو بەو بیرۆكەیەی كە دیاریكردنی دەوڵەتەكە بەو شێوە كەلتوریەی كە لەزمان وشێوازی كەلتوری كۆمەڵگا توركییەكە دروستكرابوو دەوڵەتەكە ناكاتە موڵكی كۆمەڵگا ئەتنیكییە توركییەكەو

ئەندامانی ناو ئەو کۆمەڵگا تورکییە لەگەڵ ئەوەشدا کە خاوەنی ئەو زمان و شێوازە کەلتورییەن کە کەلتورە مۆدێرنەکەی کردووە بەو کەلتورە نەتەوەییە، بەڵام ئەوانیش وەك ئەندامانی هەموو ئەو کۆمەڵگا جیاوازانەی ناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکە کە زمانەکەیان و شێوازە کەلتورییەکەیان نەچووەتە ناو پێکهاتەی ئەو کەلتورە نەتەوەییەوە، دەبێت بەو شێوە کەلتورییە کەلتورە مۆدێرنەکە وەرگرن و بیخەنە شوێنی کە لتورە ئەتنیکییەکەی خۆیان.

بەپێی ئەم باوڕە ئەوەی گرنگە ئەوە نییە کە کەلتورە مۆدێرنەکە بە زمان و شێوازی کەلتوری کام لەو کۆمەڵگا ئەتنیکیانەی ناو سنوری سیاسی دەوڵەتە مۆدێرنەکە بکرێت بە کەلتورێکی نەتەوەیی، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هەریەك لەو کۆمەڵگا جیاوازانە دەستبەرداری کەلتورە میللییەکەی خۆیان بن و کەلتورە مۆدێرنەکە بخەنە شوێنی.

بەپێی ئەم باوڕە ئەوەی خەڵکی ناو سنوری سیاسی دەوڵەتێکی مۆدێرن دەکاتە ئەندامی ناو کۆمەڵگا مۆدێرنە نەتەوەییەکەی ناو دەوڵەت، شێوە کەلتورییەکەی کەلتورە مۆدێرنەکە نییە، بەڵکو خودی کەلتورە مۆدێرنەکە خۆیەتی. بۆیە هیچ مەترسیەك لەسەر ئەوەنییە ئەو کۆمەڵگایەی شێوەی کەلتوری کەلتورە مۆدێرنەکەی دیاریکردووە بە هۆی ئەمەوە کۆمەڵگا مۆدێرنەکە بکات بەهی خۆی و ئەوانی تری لێ بێ بەش بکات. ئەو کەلتورە مۆدێرنەی کە دەبێت هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکان بەوەرگرتنی ببنەوەبەیەك، راستە شێوە کەلتورییەکەی لەزمان وشێوازی یەکێك لە کۆمەڵگاکان وەرگیراوە، بەڵام کەلتورەکە خۆی ئەو کەلتورە ئەتنیکییە نییە کە ئەو کۆمەڵگایە هەیەتی وئەو کەلتورە مۆدێرنەیە کە موڵکی کەس نییەو بۆ هەموو کۆمەڵگاکان کەلتورێکی نوێیەو هەموو کۆمەڵگاکان وەکو یەك دەتوانن وەریبگرن وببنە خاوەنی.

ئەو کەلتورە نەتەوەییە کە نەتەوەخوازی لەشێوەیەکی کەلتوری وەرگیراو لە کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکانی ناو سنوری سیاسیەکەو کەلتورە مۆدێرنە جیهانیەکە دروستی دەکات ودەوڵەتەکەی پێدەکات بە دەوڵەتی نەتەوەیی، لە بنچینەدا لە دوو توخم پێکهاتووە، توخمێکیان شێوەی ئەو کەلتورەیە وموڵکی یەکێکە لەکۆمەڵگاکان و توخمەکەی تریان کەلتورە مۆدێرنەکەیە کە موڵکی کەس نییە. ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە ئەوەیە نەتەوەخوازی بە دروستکردنی ئەو کەلتورە نەتەوەییە لەو دوو توخمە، دەتوانێت ئەوەی موڵکی کۆمەڵگایەکە، ئەو کۆمەڵگایە لەموڵکیەتییەکەی بخات و وەك کەلتورە مۆدێرنەکە بیکات بە موڵکی گشتی

هەموو کۆمەڵگاکان، یان بە پێچەوانەوە لە ڕێگەی ئەم دروستکردنەوە کەلتورە مۆدێرنە بێ خاوەنەکە دەکات بە موڵکی تایبەتی ئەو کۆمەڵگایەی کە بە زمان و شێوازە کەلتورییەکەی شێوەکەی دیاریکردووە؟

ئەوەی مۆدێرنیزم ونەتەوەخوازی لەناو کۆمەڵگاکاندا وەك باوڕێك دروستیانکردووە لەگەڵ ئەوەی کە لەواقعی ئەم کۆمەڵگایانەدا هەیە جیاوازە، واقعی کۆمەڵگاکانی ناو دەوڵەتی نەتەوە ئەوە نیشاندەدات کە نەتەوەخوازی بە دروستکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکە هەر کەلتورە مۆدێرنەکەی نەکردووە بەموڵکی ئەو کۆمەڵگا ئەتنیکییەی کە خاوەنی شێوەی ئەو کەلتورەیە دەوڵەتەکەی پێکراوە بە دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵکوو دەوڵەتەکەشی کردووە بەدەوڵەتی ئەو کۆمەڵگایە.

بەڵام بەپێ ئەو بیروباوڕەی کە ئەم دوو ئایدیۆلۆجیایە لەناو کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو دەوڵەتێکی نەتەوەیدا چاندوویانە، هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو دەوڵەتی نەتەوەیی نەك هەر خاوەنی ئەو کەلتورە نین کە نەتەوەخوازی دەوڵەتەکەی پێکردووە بەدەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵکوو هەموویان وەك یەك خاوەنی ئەو دەوڵەتەشن و لە موڵکییەتی دەوڵەتەکەدا یەکسانن.

واقعی کۆمەڵگاکانی ناو دەوڵەتە نەتەوەیەکانی جیهان پێمان دەڵێت نەتەوەخوازی نەتەوەو دەوڵەتی ناو دەوڵەتی نەتەوەیی کردووە بەموڵکی ئەو کۆمەڵگایەی کە لە زمانەکە و شێوازە کەلتورییەکەی یان تەنها لە شێوازە کەلتوریەکەی، شێوەی کەلتوری کەلتورە نەتەوەییەکەی سازکردووە.

بەڵام مۆدێرنیزم ونەتەوەخوازی دەیانەوێت ئەو باوڕەمان لەلا دروستبکەن کە نەتەوەخوازی بە دروستکردنی نەتەوەو دیاریکردنی دەوڵەت بەو نەتەوەیە، توانیویەتی دەوڵەت و نەتەوە لە موڵکیەتیی یەکێك لەو کۆمەڵگایانە بخات و بیکات بە موڵکی هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەی کە کردوویەتی بە دەوڵەتی نەتەوەیی.

بۆ نموونە بەپێی ئەو بیروباوڕەی کە مۆدێرنیزم و نەتەوەخوازیی ئینگلیزی لەناو هەرسێ کۆمەڵگا ئەتنیکییەکی ئینگلاندەکان و ویلیزییەکان وسکوتلەندییەکاندا چاندوویەتی، ئەو بەوەی کە شێوەی کەلتورە نەتەوەییەکەی لەزمان وشێوازی کۆمەڵگای ئەتنیکییە ئینگلاندییەکە وەرگرتووە، کەلتورە نەتەوەییەکەو دەوڵەتەکەی نەکردووە بە موڵکی ئینگلاندەکان، بەڵکوو زمان و شێوازە کەلتورییەکەی ئینگلاندەکانی لە موڵکی کۆمەڵگا

ئینگلاندییە ئەتنیکییەکەوە کردووە بە موڵکی هەرسێ کۆمەڵگا جیاوازەکەی ناو دەوڵەتی نەتەوەیی بەریتانیا.

بەڵام واقعی ئەو سێ کۆمەڵگایە لەناو دەوڵەتی بەریتانیدا پێچەوانەی ئەمە دەخەنەروو وئەوە ئاشکرا دەکەن ئەوەی خەڵکی سەر بە کۆمەڵگا ویلیزی وسکوتلەندییەکە لەرێگەی ئەوکەلتورە نەتەوەییەو زمانە ئینگلیزییەکەیەوە بەرهەمی دەهێنن، دەبێت بەموڵکی ئینگلاندەکان و نابێت بەموڵکی ئەوان. ئەمە هەمان ئەو حاڵەتەیە کە لەناو کۆمەڵگا دەمارگیرەکانی خەلافەتدا هەبووە. خەڵکی ئەو کۆمەڵگا جیاوازانەی کە بەزمانی عەرەبی کەلتورە مەزهەبی و نامەزهەبییەکەیان هێناوەتە ئاراوە، ئەوەی کە کردوویانە هەمووی بووەتە موڵکی ئەو کۆمەڵگایەی کە کۆمەڵگای عەرەبییەو نەبووە بەموڵکی ئەو کۆمەڵگایەی کە بەشداری لە پەرەسەندنی ئەو کەلتورەدا کردووە.

سکوتلەندییەکان و ویڵزییەکان لەناو بەریتانیادا هەرچییەك کە بەزمانە ئینگلیزیەکەو شێوازە ئینگلیزییەکەی کەلتورە مۆدێرنەکە ئەنجامی دەدەن، پەرە بە کەلتورێکی مۆدێرن دەدات کە کەلتورەی کۆمەڵگاکەی خۆیان نییەو کەلتوری کۆمەڵگا ئینگلیزییەکەیە. واتە ئەو کەلتورەیە کە موڵکی کۆمەڵگا ئینگلاندییەکەی ناو بەریتانیایە.

بابزانین مۆدێرنیزم و نەتەوەخوازی بەپێ چ لۆجیکیك توانیویانە ئەو بڕوایە لەناو کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا دروست بکەن، کە نەتەوەخوازی بە دروستکردنی نەتەوە لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتدا بە زمان و شێوازی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا ئەتنیکییەکان دەوڵەتی نەتەوەیی ناکات بە موڵکی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگا ئەتنیکییەکان، بەڵکو دەیکاتە موڵکی هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو ئەو دەوڵەتە؟

مۆدێرنیزم و نەتەوەخوازی بڕوایان بە دروستکردن هەیەو ئەو باوەڕە بڵاودەکەنەوە کە دەتوانن لە رێگەی دروستکردنی کەلتورێکی نوێوە لە زمان و شێوازی کەلتوری کۆمەڵگایەکی ئەتنیکی و کەلتورە مۆدێرنەکە، کەلتورێك بۆ کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو سنوری سیاسی دەوڵەت بهێننەئاراوە کە موڵکی هیچ کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان نەبێت وهیچ یەك لەو کۆمەڵگایانە نەتوانێت ببێت بەخاوەنی و لە کۆمەڵگاکانی تری حەرام بکات.

بەپێی ئەم باوەڕە ئەوەی دەبێت بە خاوەنی ئەو کەلتورە تەنها ئەو کەسانەن کە دەستبەرداری کەلتورە میللییەکەی خۆیان وزمان وشێوازە کەلتورییەکەی خۆیان دەبن و ئەم

کەلتورە بەو زمان وشێوازە کەلتوریە وەردەگرن کە نەتەوەخوازی بۆی سازکردوون. بەمانایەکی تر ئەوەی کە خاوەنی ئەم کەلتورەیە، تەنها ئەو کەسانەن کە لەپێناو کەلتورە دروستکراوە مۆدێرنەکەدا وازیان لە زمان وکەلتوری کۆمەڵگا جیاوازەکانی خۆیان هێناوە. واتە وازهێنان لە زمان وکەلتوری خۆ، مەرجە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دەبنە خاوەنی ئەو کەلتورەی کە دەوڵەتەکە دەکات بە دەوڵەتی نەتەوەیی.

لێرەدا پرسیارێك رووبەرووی ئەم بیروباوڕە دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە: کەسانی ناو ئەو کۆمەڵگایەی کە زمان وشێوازە کەلتورییەکەیان شێوەی کەلتوری کەلتورە مۆدێرنەکەی پێدیاریکراوە، راستە بۆ بەدەستهێنانی ئەو کەلتورە نەتەوەییە مۆدێرنە واز لە کەلتورە ئەتنیکیەکەی خۆیان دەهێنن وکەلتورە مۆدێرنەکە وەردەگرن، بەڵام بەوەی کە زمان و شێوازە کەلتورییەکەی ئەو کەلتورە دروستکراوە زمان و شێوازی کەلتوری کۆمەڵگاکەی خۆیانە، ئەوان وەك کەسانی ناو کۆمەڵگاکانی تری ناو ئەو دەوڵەتە دەستبەرداری زمان و شێوازە کەلتورەیەکەی خۆیان نابن وزمان و شێوازە کەلتورییەکەی خۆیان لە پەرەسەندن ناخەن، بەڵکوو بوونیان بە خاوەنی ئەو کەلتورە دروستکراوە لە رێگەی کەلتورە دروستکراوەکەوە زیاتر پەرە بە زمان و شێوازی کەلتوری کۆمەڵگاکەی خۆیان دەدەن. ئەو کۆمەڵگایەش تاکە کۆمەڵگایەکە بۆی هەیە لەناو کەلتورە مۆدێرنە بێ لایەنەکەدا زمان و شێوازی کەلتوری خۆی پەرەپێبدات وکەلتورە نامۆدێرنەکەی خۆی بگۆڕێت بەکەلتورێکی مۆدێرن. هەر بەشداریکردنێکی کۆمەڵگاکانی تریش بۆ پەرەپێدان بەو کەلتورە دروستکراوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کەلتوری ئەو کۆمەڵگایەك پەرە بسێنێ و کەلتوری کۆمەڵگاکانی تریش بەروە پوکانەوە بڕوات.

وەڵامی ئەم دوو ئایدیۆلۆجیایە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە: ئەو زمان و شێوازەی کە لە یەکێك لە کۆمەڵگاکانی ناو دەوڵەت بۆ دروستکردنی کەلتورە نەتەوەیەکە وەرگیراوە، بە پرۆسەی دروستکردندا براوەو ئەم پرۆسەی دروستکردنە وای لێکردووە کە بگۆڕێت بۆ زمان و شێوازێکی کەلتوری نوێ وجیاواز لەو زمان و شێوازەی لێی وەرگیراوە، بۆیە ناکرێت ئەو زمان و شێوازەی کە بۆ دروستکردنی شێوەی نەتەوەیی کەلتورە مۆدێرنە بێ شێوەکە وەرگیراوە بەهەمان زمان و شێوازی کەلتورە نەتەوەییەکە بزانرێت.

ئەو زمان وشێوازە کەلتورییەی کەنەتەوەخوازی شێوەی نەتەوەیی کەلتورە نەتەوەییەکەی پێ دیاریکردووە بەهۆی جیاوازی هیولای کەلتورە مۆدێرنەکە لە هیولا کەلتورە نامۆدێرنەکەی

کۆمەڵگا ئەتنیکییەکە، بووەتە کەلتورێکی جیاوازو سەربەخۆ لەو کەلتورە نامۆدێرنە، بۆیە گەر کۆمەڵگاکانی تریش ئەو کەلتورە دروستکراوە نوێیە وەرگرن، ئەمە وایان لێناکات لەئەندامی کۆمەڵگاکەی خۆیانەوە ببن بە ئەندامی ئەو کۆمەڵگا ئەتنیکییە، بەڵکو دەبن بەئەندامی کۆمەڵگایەکی نوێ کە هیچ لەو کۆمەڵگایانە نییە کە لە سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا هەن.

ئەو باوڕەی کە مۆدێرنیزم ونەتەوەخوازی لەناو خەڵکی ناو دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا بەبێلایەنی کەلتورە نەتەوەیەکەی دەوڵەتی نەتەوەیی دروستیدەکەن، گەر بەپێی تیۆری خولڤاندن لێی بکۆڵینەوە دەبیین لەسەر هەڵەیەکی لۆجیکی دامەزراوەو باوڕێکە هەوڵدەدات ئەو راستییە بشارێتەوە کە لەناو ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەدا کە نەتەوەخوازی و مۆدێرنیزم دروستیانکردووە، کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو دەوڵەت خراونەتە خزمەتی ئەو کۆمەڵگا ئەتنیکییەی کە ئایدیاڵی کەلتورە نەتەوەییەکە لەزمان وشێوازە کەلتورییەکەی وەرگیراوە.

بۆنموونە لە بەریتانیادا نەتەوەخوازیی ئینگلیزی و مۆدێرنیزم لە رێگەی ئەو هەڵە لۆجیکییەوە توانیویانە خەڵکی ناو کۆمەڵگای سکوتلەندی و کۆمەڵگای ویلزی بخەنە خزمەتی کەلتورە پەرەسەندووەکەی کۆمەڵگای ئینگلاندییەوە، بەو بیانوەی کە مادام ئەو کەلتورە لەکەلتورێکی ئەتنیکییەوە گۆڕاوە بۆ کەلتورێکی مۆدێرن، بووە بەکەلتوری هەرسێ کۆمەڵگاکەو لەوە کەوتووە تەنها کەلتوری ئینگلاندەکان بێت.

بابزانین ئەو هەڵە لۆجیکییەی کە توانای شاردنەوەی ئەم راستییەی لە بیروباوڕی خەڵکدا هەیە دەکەوێتە کوێی پرۆسەی دروستکردنەوە؟. لە پرۆسەی دروستکردنی هەر شتێکدا دەبێت شێوەیەك(ئایدیاڵ)و مادەیەك(هیولایەك) هەبێت و کارایەك بە یەکەمیان واتە شێوەکە شێوەی دووەمیان دیاری بکات. بۆ نموونە کەسێك دەیەوێت لە زێڕ پەیکەری سوکرات دروست بکات، دەبێت شێوەکەی سوکرات لە سوکرات وەرگرێت و مادەکەش لەو زێڕە وەرگرێت کە خاوەنی شێوەیەکی دیاریکراو نییەو شێوەکەی سوکرات بدات بە زێڕە بێ شێوەکەو بەمە زیڕەکە لە زێڕێکی شێوەنادیارەوە بکات بە زێڕێکی شێوەدیار. ئەو پەیکەرسازەی بەم کارە شێوەکەی نەکردووە بە موڵکی زێڕەکە، بەڵکو زێڕەکەی کردووە بە موڵکی شێوەکە.

ئەو دروستکراوە نوێیەی کە ئەو پەیکەرسازە دروستیکردووە، زێڕێکی پەیکەرین نییەو پەیکەرێکی زێڕینە. زێڕەکە بەوەی چووەتە ناو پێکهاتەی پەیکەرەکەی سوکراتەوە شوناسی

خۆی بزرکردووە. بەڵام شێوەکەی سوکرات بەوەی کەچووەتە ناو ئەو پەیکەرەوە شوناسەکەی خۆی وهەرخۆیەتییەکەی پاراستوەو نەبوە بەشێوەی شتێکی تر یان کەسێکی تر، بەڵام زێڕەکە بەوەی چووەتە ناو پێکهاتەی ئەو دروستکراوەوە لەوە کەوتووە پێی بوترێت زێڕ، زێڕەکە لەناو پەیکەرەکەدا تەنها خاسیەتێکە لە خاسیەتەکانی پەیکەرەکەو بوون و شوناسی خۆی لەدەستداوەو ئەوەی کە هەیەو لەو دروستکردنە کەوتووەتەوە پەیکەرە نەك زێڕ.

نەتەوەخوازی ومۆدێرنیزم دەیانەوێت بڕوا بە خەڵکی بهێنن بەوەی کە ئەو کەلتورە نەتەوەییەی کە ئەوان لە شێوەی کەلتورێك لە کەلتورەکانی کۆمەڵگایەکی ئەتنیکی و هیولای کەلتورە مۆدێرنەکە دروستیدەکەن، بەو دروستکردنە کەلتورە مۆدێرنەکە بوون وشوناسی خۆی لەناو بوون و شوناسی شێوە کەلتوریەکەی ئەو کۆمەڵگایەدا بزرنەکردووەو شێوە کەلتورییەکەی ئەو کۆمەڵگایە بوون و شوناسی خۆی لەناو ئەو هیولایەدا بزرکردووە کە لەکەلتورە مۆدێرنەکە وەرگیراوە.

لەکاتێکدا ئەوەی لەپرۆسەی دروستکردنی ئەو کەلتورە نەتەوەییەدا بوون و شوناسی خۆی بزردەکات هیولاکەیەو ئەوەی بوون و شوناسی دروستکراوەکە دیاریدەکات، کەلتورە ئەتنیکییەکەیە لەرێگەی شێوەکەیەوە.

شێوەی پەیکەری پەیکەرسازەکە لەسوکرات وەرگیراوە وهیولاکەی لەزێڕ، پەیکەرکە پەیکەر سوکراتە نەك پەیکەری زێڕەکە، بۆ نموونە ئەو کەلتورە نەتەوەیەی کە نەتەوەخوازی تورکی بە ناوی کەلتوری نەتەوەییەوە دروستیکردووە، کەلتورە مۆدێرنەکە نییەو کەلتوری تورکییە، چونکە شێوەی ئەو کەلتورە لە کەلتورە ئەتنیکییەکە وەرگیراوە نەك لەکەلتورە مۆدێرنەکە، ئەوەش شوناس وبوونی ئەو کەلتورە دیاریدەکات تورکی بوونەکەیەتی نەك مۆدێرن بوونەکەی. ئەم دەرئەنجامەش تەواو پێچەوانەی ئەو دەرئەنجامەیە کە گێلنەر ومۆدێرنیستەکان لەبارەی ئەو کەلتورەوە پێی گەیشتوون کە نەتەوەخوازی دروستیکردووە.

گێلنەر پێی وایە نەتەوەخوازی بەناوی کەلتورێکی ئەتنیکییەوە سەرقاڵە بە دروستکردن و پەرەپێدانی کەلتورە مۆدێرنەکە، بەڵام بەپێی بنەماکانی دروستکردن، ئەم هاوکێشەیە تەواو پێچەوانەیەو نەتەوەخوازی بەناوی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی کەلتورە مۆدێرنەکەوە سەرقاڵە بەبڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی کەلتوری ئەتنیکی ئەو کۆمەڵگایەی کەشێوە کەلتوریەکەی لێوەرگرتووە.

ئەوەی وایکردووە کە خەڵکی بە ئاسانی بەسەر ئەو هەڵە لۆجیکییەدا بڕۆن و بڕوا بەوە بهێنن کە نەتەوەخوازی کەلتورێکی نوێی بەناوی کەلتوری نەتەوەییەوە دروستکردووەو ئەم کەلتورە مەحکوم نییە بەبوون وشوناسی کەلتوریی هیچ کۆمەڵگایەکی ئەتنیکی، ئەوەیە کە ئەوەی ناو نراوە کەلتوری مۆدێرن وەك کەلتورێکی جیهانی سەرییریان کردووە وبەو کەلتورەیان زانییوە کە مەحکوم نییە بەبوون وشوناسی هیچ کۆمەڵگایەك و وەرگرتنی نابێتە هۆی ئەوەی ئەو کۆمەڵگایەی وەریگرتووە مەحکوم ببێت بەبوون وشوناسی کۆمەڵگایەکی غەیری خۆی.

وێناکردنی کەلتوری مۆدێرن بەکەلتورێکی تەواو، جگە لە وەهمێك هیچی تر نییە. گەر کەلتورە مۆدێرنەکە کەلتورێکی تەواو بوایە، دەبوایە زمان وشێوازێکی سەربەخۆی هەبووایەو پێوەیستی بەوە نەبووایە لەزمان و شێوازی کەلتورە ئەتنیکییەکان زمان و شێوازە جیاوازەکانی خۆی دروستبکات.

کەلتوری مۆدێرن بەوە مۆدێرنە کە سەربەخۆ درووستبووەو بوونی سەرچاوەی لە هیچ کەلتورێکی ئەتنیکییەوە نەگرتووە. گەر ئەمەش وابێت ئەوە ناکرێت بڵێین ئەوشێوە جیاوازانەی کە کەلتورە مۆدێرنەکە لەناو دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا هەیەتی ئەوانیش داهێنراوێکی نوێن وسەربەخۆ دروستبوون و بوونیان سەرچاوەی لەزمان و شیوازی کەلتوری هیچ کۆمەڵگایەکەوە نەگرتووە. لەڕاستیدا شێوە جیاوازەکانی کەلتورە مۆدێرنەکە هیچیان نوێ نین و هەموویان سەرچاوەیان لەزمان وشێوازی ئەتنیکێك لە ئەتنیکەکانەوە گرتووە، ئەمەش وایکردووە کەلتورە مۆدێرنەکە لەناو جیهاندا مەحکوم بێت بەو شێوە جیاوازانەی کە لەناو دەوڵەتە نەتەوەییەکانی جیهاندا شێوەی خۆی پێدیاریکردوون.

بەرلەوەی نەتەوەخوازییەك بە زمان و شێوازی ئەتنیکێك لە ئەتنیکەکان کەلتورە مۆدێرنەکە بکات بە کەلتورێکی نەتەوەیی، ئەم کەلتورە مۆدێرنە جگە لەهیولای کەلتورێکی نەتەوەیی هیچی تر نییە. کەلتوری مۆدێرن وەك ئەو قوڕە وایە کە هەر منداڵێك بە ئارەزووی خۆی شێوەیەکی دەداتێ و دەیکات بەو شتەی کە خۆی دەییەوێت. لەکاری ئەم منداڵانەشدا ئەوەی دروستدەبێت قوڕەکەی نییە، بەڵکو ئەو شێوەیەیە کە لەناو خەیاڵی ئەواندایە، ئەوان قوڕەکەیان دەوێت تا ئەوەی پێ دروستبکەن کە لەخەیاڵیاندا هەیە. نەتەوەخوازیش کەلتورە مۆدێرنەکەی بۆ ئەوە دەوێت ئەو شێوەیەی لەناو خەیاڵگە ئایدیۆلۆجییەکەیداو لە کەلتوری ئەتنیکی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکانی ناو سنوری سیاسی دەوڵەت وەریگرتووە، لەو

هیولایەدا وەدی بهێنێ کە لە کەلتورە مۆدێرنەکە وەریگرتووە. ئەوەی لەکاری نەتەوەخوازی دەکەوێتەوە کەلتورە مۆدێرنەکە نییە، بەڵکو کەلتورە ئەتنیکیەکەیە لەهیولای کەلتورە مۆدێرنەکەدا. واتە ئامانجی نەتەوەخوازی پەرەدان نییە بە کەلتورە مۆدێرنەکە لە ڕێگەی شێوە کەلتورییەکەی ئەتنیکێك لە ئەتنیکەکانەوە، بەڵکو ئامانجی پەرەپێدانی کەلتورێکی ئەتنیکییە لە ڕێگەی ئەو هیولا کەلتورییەوە کە ناونراوە کەلتوری مۆدێرن.

کاتێك نەتەوەخوازی ومۆدێرنیزم باسی مۆدێرنەو کەلتورەکەی دەکەن، ئەو باوەڕە لای خەڵکی دروستدەکەن کە مۆدێرنە خاوەنی کەلتورێکی سەربەخۆیەو ئەم کەلتورە کەلتورێکی هەمەکییەو بەسروشتی هیچ کۆمەڵگایەکی ئەتنیکی ومەزهەبی دیاری نەکراوەو کەلتورێکی بێ ڕیشەو ڕەچڵەکەو لەدەرەوەی سروشتە بەشەکییەکەی کۆمەڵگا سروشتییەکانەوە پەیدابووە. هەر ئەم خاسیەتەی ئەو کەلتورەیە وادەکات کە بۆ هەموو کۆمەڵگایەك دەست بدات و توانای ئەوەی هەبێت ببێت بە کەلتورێکی جیهانی.

مۆدێرنیزم و نەتەوەخوای کە ئایدیۆلۆجیا بەشەکییەکەیەتی، ئەوە بۆ ئێمە روون ناکەنەوە ئەو کەلتورەی کە مۆدێرنە دروستیکردووە لەڕووی شێوەوە نوێ و سەربەخۆیە یان لە رووی هیولاوە، ئەو ئایدیۆلۆجیایە ئەو باوەڕە دروستدەکات کە ئەو کەلتورە لەڕووی ئایدیاڵیشەوە نوێیەو ئایدیاڵەکەی وەك هیولاکەی داهێنراوێکی نوێیەو لەو کەلتورە مەزهەبی و ئەتنیکییان وەرنەگیراون کەهەن.

بەپێی ئەم باوەڕە ئەو شێوە جیاوازانە کە کەلتورە مۆدێرنەکە لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا لەڕێگەی دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە دەیان نوێنێ، وەك هیولای ئەم کەلتورە، داهێنراوی نوێن و سەر بە کەلتورە ئەتنیکی ومەزهەبیەکانی ئەو ناوچانە نین. بۆ نموونە شێوە ئینگلیزییەکەی کەلتورە مۆدێرنەکەو شێوە عەرەبیەکەی و شێوە تورکییەکەی و شێوە ئەمریکییەکەی و ...هتد هەموویان داهێنراوی نوێن ولە زمان وشێوازی کەلتوریی کەلتوری مەزهەبی وئەتنیکی ئەو کۆمەڵگایانە وەرنەگیراون. ئەو زمانە جیاوازانەی کە کەلتورە مۆدێرنەکە لەناو دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا پێیان دەدوێت، وەك ئامێری کۆمپیوتەرو ئۆتۆمبێل وهەر ئامێرێکی تر داهێنراوی نوێن و لەڕووی بوونەوە جیاوازن لە زمانی کەلتورە ئەتنیکی ومەزهەبییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەو ئەوەی لەنێوانیاندا یەکە تەنها ناوەکانیانەو زمانی ئینگلیزی وعەرەبی وئەڵمانی ...هتد داهێنراوی نوێن و دەکرا ئەم داهێنراوە نوێیانە ناوی نوێیان لێبنرێت و هەڵگری هەمان

ناوەکانی ئەو زمانە کۆنانە نەبن. پێداگرتنی مۆدێرنیزم لەسەر ئەوەی کە ئەو زمان وشێوە کەلتوریانەی کەلتورە مۆدێرنەکە هەیەتی داهێنراوی نوێن وپێشتر لەناو کۆمەڵگا پریمۆدێرنەکاندا بوونیان نەبووە، سەپاندنی سیستمی دروستکردنی ئامێرەکانە بەسەر زمان و کەلتوردا.

بەپێی ئەم بیروباوڕە راستە کۆمپیوتەر لەو مادە سروشتیانە دروستدەکرێت کە پێشتریش لەناو سروشتدا هەبوون، بەڵام ئەو مادانە جارێکی تر دەبێت بە دروستکردندا ببرێن، تا بن بەو مادە شیاوانەی کە کۆمپیوتەرەکەی لیّ دروستدەکرێت. بۆیە ئەو مادە شیاوانەی کە کۆمپیوتەرەکەیان لیّ دروستدەکرێت مادەی نوێن وپێشتر لەناو کۆمەڵگاکاندا بوونیان نەبووە. ئایدیاڵی کۆمپیوتەرەکەش کە لەناو ئەو مادە دروستکراوانەدا شێوە دەگرێت، پێشتر بوونی نەبووە بەرهەمی مۆدێرنەیە.

بەپێی ئەم باوڕە ئەوەی لە مۆدێرنە دەکەوێتەوە مۆدێرنەو ناکرێت لەناو رابردوودا بۆبوونی بگەڕێین، گەر لەبواری ئامێرسازیدا ئەمە راست بێت ئەوە لەبواری کەلتورسازیشدا ئەوکەلتورەی لە مۆدێرنە دەکەوێتەوە ئایدیاڵەکەشی و هیولاکەشی نوێن و بوونیان لە کۆمەڵگا پریمۆدێرنەکاندا نەبووە. لەڕاستیدا نەك ئایدیاڵ وهیولای کەلتورە مۆدێرنە جیاوازەکان نویّ نین، ئایدیاڵ وهیولای ئامێرە مۆدێرنە جیاوازەکانیش نویّ نین وهیولای ئەو ئامێرانە لەوەتەی گەردوون هەیە لەناو سروشتدا هەبوون وئایدیاڵی ئەو ئامێرناش بەر لەوەی لەناو بوونەوەرێکی ئامێریدا شێوەگیر بکرێن، لەناو عەقڵی مرۆیدا بوونیان هەبووە و زۆرێکیان لەلایەن ئەو فەیلەسوفانەوە دۆزراونەتەوە کە سەر بە سەردەمی رۆشنگەرین وسەر بەسەردەمە مۆدێرنەکە نین. ئایدیاڵی کۆمپیوتەر بەر لەوەی لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا لە هیولاکەیدا بەرجەستەتە بکرێت، لەلایەن لایبێنتزەوە دەدۆزرێتەوە. دیکارت ولایبێنتز کە سەر بەسەردەمە مۆدێرنەکە نەبوون وسەر بەو کۆمەڵگایانە بوون کە بەر لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بوونیان هەبووە، دۆزەرەوەی زۆربەی ئەو ئایدیالانەن کە دواتر لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا لە شێوەی کۆمەڵە بوونەوەرێکی ئامێری جۆراوجۆردا دادەهێنرێن.

گەر ئامێرە مۆدێرنەکان هیولاو ئایدیاڵەکەیان کۆن بێت ومۆدێرن نەبێت، چۆن دەتوانین بڵێین ئەو کەلتورە مۆدێرنە جیاوازانەی کە لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا سەریان هەڵداوە بوونەوەری کەلتوری تازەن و بەر لەسەردەمە مۆدێرنەکە بوونیان نەبووە. چۆن دەتوانیین بڵێین

زمانی عەرەبی -کە زمانێکە هەزاروو چوارسەد ساڵە هەروەك خۆیەتی- بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی مۆدێرنەو زمانێکی نوێیەو جیاوازە لەو زمانە عەرەبییەی کە بەر لە سەردەمە مۆدێرنەکە هەبووە؟.

لە راستیدا مۆدێرنیزم جگە لەباوڕێکی هەڵە بەو دنیایەی کە مرۆڤی ئێستا تیایدا دەژی، هیچمان لەبارەی ئەو دنیا نوێیەوە پێ ناڵێت. مۆدێرنیزم دەیەوێت کوێرنە بڕوا بەوە بهێنین کە هەر چی لەناو ئەم دنیایەدا هەیە تەنانەت بە مرۆڤەکانیشەوە بوونەوەری نوێن وخوایەکی تر دروستیکردوون کە ئەو خوایە نییە بوونەوەرەکانی دنیای بەر لە مۆدێرنەی دروستکردوون. ئەو مرۆڤەی کە فۆکۆ لە کۆتایی کتێبی ( وشەکان و شتەکان )دا وەك بوونەوەرێك باسی دەکات کە دووسەد ساڵ نابێت لەدایك بووەو زۆریشی نەماوە کۆتایی پێ بێت، ئەو مرۆڤەیە کە ئەم خواوەندە نوێیە لەماوەی ئەو دوو سەدساڵەی تەمەنی خۆیدا لەگەڵ هەموو شتەکانی تری ناو جیهانە دروستکراوەکەی خۆیدا دروستیکردووە.

مۆدێرنیزم دەیەوێت ئەو باوڕەمان لا دروست بکات کە مۆدێرنە خواوەندێکی نوێیەو ئەوەی لەناو دنیای ئێستادا هەیە هەموویان ئەو خوڵقاندوونی و موڵکی ئەون، ئەوانەش ئەو نەیخوڵقاندووە، بوونێکی خورافیان هەیەو نابێت کەس بڕوا بە بوونی بکات. هەر ئەم بیروو باوڕە دەیەوێت ئەوە ساغ بکاتەوە ئەو زمان وشێوە جیاوازانەی کە کەلتورە مۆدێرنەکە لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا زمان و شێوە جیاوازەکانی خۆی پێ دیاریکردووە، مۆدێرنە دایهێناون و موڵکی هیچ کۆمەڵگایەکی ئەتنیکی ومەزهەبی نیین. ئەو زمان و شێوازە کەلتوریانەش کە مۆدێرنە وەك کەرەستەیەکی خاو بەپرۆسەی دروستکردندا نەیبردوون ونەیکردوون بەبوونەوەرێکی کەلتوری ناو دنیا کەلتورییەکەی خۆی، دەبێت وەك کەرەسەتەی خاو بمێننەوەو کەرەستەی خاوبن نەك بوونەوەرێکی کەلتوری ناو دنیا مۆدێرنەکە. بۆ نمونە لەناو دەوڵەتێکی نەتەوەیی وەك بەریتانیادا زمانی ویلزی و زمانی سکوتلەندی لە بەرامبەر زمانی ئینگلیزیدا، زمان نین و کەرەسەتەو هیولای زمانین و زمانی ئینگلیزی دەکرێت بۆ پەرەپێدان بە بوونی خۆی سودیان لێوەرگرێت ودەشکرێت وەك کەرەستەیەکی خاو بیانهێڵێتەوە. زمانی کوردی لە تورکیادا بەرامبەر بە زمانی تورکی نابێت وەك زمان بوونی هەبێت، بەڵکو تەنها دەبێت کەرەستەیەکی خاوی زمانیی بێت و وەك هەر کەرەستەیەکی تری زمانیی بخرێتە خزمەتی زمانی تورکی وزمانی تورکی بوونی خۆی پێ بەهێز بکات. بەهەمان شێوە، شێوە

کەلتورییەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە مۆدێرنیزم بە دروستکراوێکی مۆدێرنەیان نازانێت، مافی ئەوەیان نییە بوونەوەربن، بەڵکو تەنها مافی ئەوەیان هەیە کەرەستەیەك بن بۆ پەرەسەندن و گەشە کردنی ئەو بوونەوەرە کەلتوریانەی کە مۆدێرنە دروستیکردووەن.

بەپێی ئەم بیروباوڕە، مۆدێرنە دروستکەری ئایدیاڵ و هیولای هەموو ئەو کەلتورە نەتەوەییانەیە کە نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەکان لەناو دەوڵەتەکانیاندا نەتەوەکانی خۆیان پێکردووە بە دەوڵەتی نەتەوە. بۆ نموونە کەلتورە مۆدێرنە تورکییەکەی کە دەوڵەتە مۆدێرنەکەی پێکراوە بە دەوڵەتی نەتەوەیی، یان هەر کەلتورێکی لەم جۆرە کە دەوڵەتێکی پێکراوە بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی، شێوازە کەلتورییەکەی وزمانەکەی بەرهەمی مۆدێرنەن ومۆدێرنە وەك بوونەوەرێکی نوێی ناو جیهانەکەی خۆی خولّقاندوونی. ئەو زمان و شێوازە کەلتوریانەی کۆمەڵگاکانی تری ناو ئەو دەوڵەتەش کە نەتەوەخوازی ئەو دەوڵەتە نەیکردوون بە کەرەستەی زمان وکەلتورە دروستکراوەکەی خۆی وەك زمان و شێوازی کەلتوری بوونیان نییە و تەنها مادەیەکی خاون وهیچی تر. ئەم بیروباوەڕە دروست دەبوو گەر مۆدێرنە سەرکەوتوو بوایە لەوەی کە زمانێك بۆ کەلتورەکەی خۆی دروستبکات وزمان وشێوازی کەلتورە ئەتنیکی ومەزهەبییەکانی دنیا پریمۆدێرنەکە وەرنەگرێت. مۆدێرنە لە سەدەی نۆزدەدا لەرێگەی زانا گەورەکانییەوە هەوڵیدا زمانێك بۆ کەلتورەکەی دروست بکات و بیکات بە زمانێکی جیهانی، بەڵام لە دروستکردنی ئەو زمانەدا شکستی هێنا. گەر لە دروستکردنی ئەو زمانەدا سەرکەوتوو بوایە ئەوە شیاو بوو بڵێین ئەو شێوەیەی کە کەلتورە مۆدێرنەکە لەناو دەوڵەتە نەتەوەییە جیاوازەکاندا وەریگرتووە وەك کەلتورە پیشەییە داهێنراوەکەی نوێیەو مافی هیچ کۆمەڵگایەکی لەو کۆمەڵگایانەی پێوە نییە کە بەر لەمۆدێرنە بوونیان هەبووە وهیچ کۆمەڵگایەك لەو کۆمەڵگا ئەتنیکیە پریمۆدێرنانە مافی ئەوەی نییە لە رێگەی شێوەی کەلتوریی کەلتورە مۆدێرنەکەوە کەلتورە مۆدێرنەکە بکات بەموڵکی خۆی و لە کۆمەڵگاکانی تری حەرامبکات. بەڵام شکستی ئەم خواوەندە لەدروستکردنی زمان و شێوازی کەلتوریی کەلتورە داهێنراوەکەی خۆیدا، وایکردووە کە هەر کۆمەڵگایەکی ئەتنیکی بتوانێت کەلتورە مۆدێرنەکە لە رێگەی ئەو شێوەیەی کە پێی بەخشیوە بیکات بەموڵکی خۆی و رێگە بگرێت لە هەر کۆمەڵگایەکی تری ناو دەوڵەتەکە بە بەخشینی شێوەکەی خۆی ببێتە خاوەنی کەلتورە مۆدێرنەکە.

کێشەی بزووتنەوە کوردییەکان لەگەڵ ئەو چوار نەتەوەخوازییە زاڵەدا کە زمان و شێوازی کەلتوری خۆیان بەخشیوە بەکەلتورە مۆدێرنەکەو کەلتورە مۆدێرنەکەیان کردووە بەموڵکی کۆمەڵگا ئەتنیکییەکەی خۆیان، ئەوەیە کە رازی بن بەوەی کۆمەڵگا کوردییەکەش لەناو ئەو دەوڵەتەدا زمان وشێوازی کەلتوری خۆی بدات بەکەلتورە مۆدێرنەکەو وەك کۆمەڵگا زاڵەکانی ناو ئەو دەوڵەتانە کەلتورە مۆدێرنەکە بکات بە موڵکی خۆی ومۆدێرنیزم ونەتەوەخوازی زمان وکەلتورەکەی نەگۆڕێت بۆ کەرەستەیەکی خاوی زمان وکەلتوری دروستکراوی ئەو کۆمەڵگا زاڵانە.

نەتەوەخوازی وەك دەرکەوتەی سیاسی ئایدیۆلۆجیای مۆدێرنیزم رێگە نادات بە کۆمەڵگا کوردییەکەی ناو ئەو چواردەوڵەتە، شێوەی کەلتوری کۆمەڵگاکەی خۆی بدات بە کەلتورە مۆدێرنەکە، چونکە بەپێی ئەم بیروباوەڕە لەناو دەوڵەتێکدا تەنها دەبێت کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان شێوە کەلتورییەکەی خۆی بدات بە کەلتورە مۆدێرنەکەو دەبێت کەلتورو زمانی کۆمەڵگاکانی تر ببێتەوە بە مادەیەکی خاو وبوونی خۆی وەك بوونەوەر لەدەستبدات وتەنها وەك مادەیەکی خاو بۆی هەبێت بێتە ناو کەلتورە مۆدێرنەکەوە.

مۆدێرنیزم چۆن لەدروستکردنی شێوەی کەلتورەکەی خۆیدا شکستی هێناوە، لە دروستکردنی بوونی نەتەوەیی کوردیشدا شکستی هێناوەو نەیتوانی کورد وەك میللەتەکانی تر بەپرۆسەی دروستکردندا بەرێت وبیکات بەبوونەوەرێك لە بوونەوەرەکانی دنیا خوڵقێنراوەکەی خۆی. بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا کورد بەرگری لەوە کردووە کە لە پرۆسەی دروستکردەنی بوونەوەرەکانی ئەودا بگۆڕێت بۆ مادەیەکی خاو وببێت بە خۆراکی ئەو چوار بوەنەوەرەی کە مۆدێرنیزم لەناو ئەو چوار دەوڵەتەدا وەك چوار نەتەوەی دروستکراوی دەستی خۆی دروستیکردن. کێشەی راستەقینەی کورد لەگەڵ ئەو چورا بوونەوەرەدروستکراوەدا نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو بنەمایەدایە کە مۆدێرنیزم ونەتەوەخوازی نەتەوەکانی خۆیان پێ دروستکردووە. واتە کێشەکە لە بنچینەدا کێشەی کوردە لەگەڵ خواوەندو دروستکەری ئەو دنیا نوێیەدا کە ناونراوە دنیای مۆدێرن.

کێشەی کوردو بزووتنەوە کوردییەکان لەگەڵ مۆدێرنیزم ونەتەوەخوازیدا کێشەیەکی ئایدیۆلۆجییەو کێشەیەکی پراکتیکی نییە. واتە کێشەکە ئەوە نییە کە بۆچی مۆدێرنە لە دروستکردنی بوونی نەتەوەیی کورددا شکستی هێناوەو نەیتوانی وەك تورك و فارس و عەرەب

بیکات بەبوونەوەرێکی دروستکراوی ناو جیهانەکەی خۆی، بەڵکو کێشەکەی لەوەدایە کە وێناکردنی بۆ بوونی خۆی لەناو جیهانە مۆدێرنەکەدا وێناکردنی نییە بۆ بوونەوەرێك کە نییەو دەبێت دروستبکرێت، بەڵکو وێناکردنیەتی بۆ بوونەوەرێك کە هەیەو دەیەوێت لەناو ئەو دنیا مۆدێرنەشدا پەرە بەبوونی خۆی بدات بەبێ ئەوەی هیچ بوونەوەرێکی تر بەهۆی بوونی ئەوەوە بگۆڕێت بۆ مادەیەکی خاو و بوونی خۆی وەك بوونەوەر لەدەستبدات. بەمانایەکی تر کورد خۆی لەناو جیهانە مۆدێرنەکەدا دەبینێتەوە وەك بوونەوەرێك کە دەبێت و پەرەدەسێنێ، نەك وەك بوونەوەرێك کە دروستدەکرێت و پەرەی پێدەدەرێت.

کێشەی کورد لەگەڵ مۆدێرنیزم ونەتەوەخوازیدا ئەوەیە کە ناتوانێت بڕوا بەوە بهێنێت کە نەتەوەی تورك و فارس و عەرەب بوونەوەری نوێن بەر لە مۆدێرنە بوونیان نەبووە. بزووتنەوە کوردیەکان وکۆمەڵگای کوردی بڕوایان وایە کە ئەم بوونەوەرانە نوێ نین وبەرهەمی مۆدێرنە نین، بەڵکوو هەمان ئەو بوونەوەرانەن کە لە جیهانە دروستکراوەکەی خەلافەتە مەزهەبییەکاندا هەبوون. بۆیە ناکرێت لەناویاندا بتوێتەوەو بوونی ببێت بەبەشیك لەبوونیان ورازیش نابێت بەوەی بوونی لەلایەن ئەوانەوە لەناو جیهانە مۆدێرنەکەدا نەفی بکرێت وبکرێتەوە بە مادەیەکی خاو. لەبنچینەدا کێشەی کورد کێشە نییە لەگەڵ ئەو نەتەوەخوازیانەدا کە بەردەوام بە عەسای مۆدێرنیزم ونەتەوەخوازی بوونی نەتەوەیی کورد سەرکوت دەکەن، بەڵکوو کێشەیە لەگەڵ خودی مۆدێرنیزم ونەتەوەخوازی خۆیدا. بۆیە هەڵەیە گەر پێمان وابێت ئەو چوار دەوڵەتە لە رووی سیستەمی سیاسیەوە گەر وەك دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیان لێبێت ئیتر کێشەی کورد چارەسەر دەبێت.

لەراستیدا گەر کورد لەناوجەرگەی ئەوروپاش بوایە هەر هەمان چارەنوسی ئێستای دەبوو و کێشەکەی هەروەك خۆی دەمایەوە. بۆیە دەبێت لەشوێنێکی ترەوە لە کێشەی کورد بڕوانیین وکێشەکەی لەوێوە سەیر نەکەین کە کێشەیە لەگەڵ ئەو چوار بوونەوەرەی کە مۆدێرنیزم بەناوی نەتەوەوە دروستیکردوون، بەڵکوو دەبێت کێشەی کورد لەوێوە سەیر بکرێت کە کێشەیە لەگەڵ ئەو خودایەدا کە بوونەوەرەکانی ئەم جیهانەی دروستکردووە. کێشەی کورد لەگەڵ ئەم خودایەدا کێشەیە لەگەڵ هێزێکدا کە خۆی کردووە بە خوداو بەڵام وەك فرۆید دەڵێت جگە لە خودایەکی پینەو پەڕۆکراو هیچی ترنییە. کێشەی ئەم خودایە لەگەڵ کوردا ئەوەیە کە نە دەتوانێت دروستی بکات ونەدەتوانێت بیکاتەوە بە خۆڵ. ئەوەی ئەم خودایە دەتوانێت لە

بەرامبەر کورددا بیکات، تەنها ئەوەیە کە لە بەهەشتەکەی خۆی  وەك شەیتان مەحرومی بکات و بە یەکجاری نەفرینی لێبکات.

ئەم خواوەندە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان خۆی و کورد تەنها یەك رێگا لە بەردەمیدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵیدا بکەوێتە ناو ئەو پەیمانەوە کە شەیتان دوای دەرکردنی لەبەهەشت لەگەڵ خوادا بەستی، کوردیش لەدوای ئەوەی مۆدێرنیزم لە بەهەشتەکەی خۆی دەری دەکات و بەر نەفرەتی خۆی دەخات تەنها داوای ئەوە دەکات ئەو خوداوەندە لەگەڵیدا بکەوێتە ناو هەمان ئەو پەیمانەوەو وەك شەیتان تا کۆتایی دنیاکەی خۆی بیهێڵێتەوەو ئازادی بکات لەوەی کە بە تواناکانی خۆی بکەوێتە ناو ململانێ لەگەڵ جێنشینە دروستکراوەکانی ئەوداو ئازاد بێت لەوەی کە ئەو بوونەوەرانە وەك خۆی گومڕا بکات و بەر نەفرەتەکەی خوایان بخات و بەرەو هەمان چارەنوسیان بەرێت کە خۆی توشی بووە.

کورد وەك شەیتانی ناو بەهەشتە دروستکراوەکەی مۆدێرنیزم تەنها یەك داوای لەم خواوەندەو دەست وپێوەندەکانی هەیە، ئەویش ئەوەیە لەبەرامبەریدا پەیڕەوی هەمان ئەو دیموکراسیەت و ئازادییە بکەن کە  خوا لە نێوان خۆی و شەیتاندا پەیڕەوی دەکات و رازی دەبێت بەوەی تارۆژی رەستاخێز ئازاد بێت لەوەی کەخۆی دەیەوێت بیکات گەرچی ئەوەی کە دەیکات گومڕاکردنی ئەو دروستکراوە نوێیانەش بێت کە خوا بۆ جێنشینکردنی خۆی لەسەر زەوی دروستیکردوون.

کورد لەم خواوەندە ئەوەندەی دەوێت کە رازی بێت بەوەی وەك شەیتان بکەوێتە ناو ململانێ لەگەڵ جێنشینە دروستکراوەکانی ئەوداو ئازادانە بتوانێت هەوڵی سەلماندنی ئەوە بدات کە خۆی بڕوای پێیەتی وئازادانە تواناکانی خۆی تاقی بکاتەوەو هەوڵ بدات بیسەلمێنێ ئەوەی کە ئەو باوڕی پێیەتی راستەو هەڵە نییە. کورد لەم خواوەند تەنها ئەوەندەی دەوێت کە -وەك خوا لە بەرامبەر شەیتاندا- لەگەڵیدا پەیڕەوی لە دیموکراسیت بکات و هێزی خۆی بەرامبەری بەکار نەهێنێ و سەرکوتی نەکات و رێگەی بدات لەناو جیهانە دروستکراوەکەی ئەودا وەك دروستکراوەکانی ئەو ئازادانە پەرە بەبوونی خۆی بدات و تواناکانی بوونی خۆی تاقی بکاتەوەو راستی رێگاکەی خۆی بسەلمێنێ.

## ٣/٥) بوونی نەتەوەیی کورد لە نێوان تیۆری عەقڵی و تیۆری دروستەییدا

تیۆری دروستەیی لەسەر بنەمایەك دامەزراوە کە بنەمای دروستکردنە، بەپێی ئەم تیۆرە هەر شتێك لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا لەلایەن ویستی خواوەندانەی مرۆڤەوە دروست نەکرابێت، ناتوانین وەك بوونەوەرێك باس لە بوونی بکەین. دروستنەکراوەکان تەنها مادەیەکی خاون بۆ دروستکردن، هەرکاتێك لەلایەن ئەو ویستە خواوەندییەوە بە پرۆسەی دروستکردندا بران، ئەوە دەبن بە بوونەوەر.

هەر لەم روانگەیەوە زمان و کەلتورو نەتەوە بەوە بوون پەیدا دەکەن کە ئەو ویستە خواوەندانەی مرۆڤ لە زمانە سروشتییەکان وئەتنیکە سروشتییەکانەوە دروستی کردبن. گەر زمانێك لە رێگەی ستانداردکردنەوە نەبوویێت بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە، وەك زمانێکی راستەقینە بوونی نابێت. تەنها ئەو زمانانە زمانن کە بە پرۆسەی بەستادرادکردندا رۆشتوون و بوون بە زمانی ئەو کەلتورە، ئەوانی تر زمان نین بەڵکوو کەرەسەتەی دروستکردنی زمانن.

بەپێی ئەم تیۆرە کورد نەتەوە نییە، چوونکە ویستی خواوەندانەی مۆدێرنیزم لە رێگەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازەوە بە پرۆسەی دروستکردندا نەیبردووەو دروستی نەکردووە، کورد تەنها مادەی دروستکردنی نەتەوەیەو هەتا نەتەوەخوازیەك شێوەی نەتەوەی پێ نەدات نابێت بە نەتەوە. بەهەمان شێوە زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەشدا بووە بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە، ناکرێت بە زمان بزانرێت، چوونکە تا ئێستاش ئەم زمانە وەك زمانێکی ستاندارد لەلایەن نەتەوەخوازییەکەوە دروستنەکراوە.

لەبەرامبەر فشاری ئەم بیروباوڕەدا زمانی کوردی وکۆمەڵگای کورد نەگۆڕاون بۆ مادەیەکی خاوی زمانێکی ستانداردو نەتەوەیەکی دروستکراو، زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەشدا بە پرۆسەی دروستکردندا نەبراوە، بەڵام وەك هەر زمانێکی ستانداردو دروستکراو ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە سەردەمە مۆدێرنەکە خستوویەتییە ئەستۆی. ئەمەش وایکردووە وەك ئەو زمانانە نەبێت کە نەبوون بە زمانی ستانداردو لەئاستە زارەکییەکەدا وەك کەرەسەتەی خاوی زمانێکی ستاندارد ماونەتەوە. لەلایەکی تریشەوە زمانی کوردی لەبەرئەوەی بە پرۆسەی دوستکردندا نەڕۆشتووەو نەبووە بە زمانێکی دروستکراو، مۆدێرنیزم وەك زمانە دروستکراوەکان دان بە بوونیدا نانێت. زمانی کوردی نە وەك زمانە زارەکییەکان ماددەی خاوی زمانێکی دروستکراوە نەوەك زمانە دروستکراوەکان بوونێکی دروستکراوی هەیە. ئەمەش وایکردووە لە نێوان بوون و

نەبووندا بێت. لە روانگەی مۆدێرنیزمەوە زمانە سروشتییەکان یان بە پرۆسەی بەستانداردکردندا براون و بوون بە زمانێکی راستەقینە، یان وەك مادەی خاوی زمانێکی راستەقینە ماونەتەوەو بوونێکی راستەقینەیان نییە. واتە بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوەی کە کۆمەڵگا زمانییەکان پێی دەدوێن یان مادەیەکی خاوە بۆ دروستکردنی زمان یان زمانێکی دروستکراوە. ئەو کۆمەڵگا زمانییەی کە زمانەکەی ستاندارده خاوەنی زمانەو ئەو کۆمەڵگا زمانییەی زمانەکەی زارەکییە، خاوەنی مادەیەکی خاوی زمانییەو خاوەنی زمان نییە. جگە لە زمانی دروستکراو و مادەی خاوی زمان، شتێکی تر بوونی نییە.

بەڵام زمانی کوردی ئەوە نیشاندەدات کە نە زمانێکی دروستکراوەو نە مادەی خاوی زمانێکی دروستکراوە. زمانێکی دروستکراو نییە، چوونکە ستاندارد نییە، مادەی خاوی زمانێکی دروستکراویش نییە، چوونکە زمانێکی زارەکی نییەو لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیدا هەموو ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە زمانێکی ستانداردی نەتەوەیەکی دروستکراو جێبەجێیان دەکات. ئەوەی لەبارەی زمانی کوردییەوە راستە لەبارەی کۆمەڵگای کوردیشەوە راستە، واتە کۆمەڵگای کوردی وەك ئەو کۆمەڵگا ئەتنیکیانە نییە کە مۆدێرنیزم کردوونی بە مادەیەکی خاو بۆ نەتەوە دروستکراوەکان و وەك نەتەوە دروستکراوەکانیش بە پرۆسەی دروستکردندا نەبراوەو نەبووە بە نەتەوەیەکی دروستکراو. واتە ئەم کۆمەڵگایە لەبەر ئەوەی بە پرۆسەی دروستکردندا نەبراوە، وەك نەتەوە دروستکراوەکان نەتەوە نییە، لەبەر ئەوەش هەڵگری هەمان ئەو خاسیەتانەیە کە نەتەوەیەکی دروستکراو هەیەتی مادەی خاوی نەتەوەیەکی دروستکراویش نییە.

ئەو حاڵەتە ئەنتۆلۆجییەی کە کورد لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا تێی کەوتووە، تیۆرە دروستەییەکە ناتوانێت لێکی بداتەوە، چوونکە تیۆرە دروستەییەکە تەنها دەتوانێت حاڵەتی ئەو کۆمەڵگایانە لێکبداتەوە کە خۆیان و زمانەکەیان بوونەتە مادەییەکی خاو بۆ نەتەوەیەکی دروستکراو لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا کە خۆیان و زمانەکەیان دروستکراون. مۆدێرنیزم لە دەرەوەی ئەم دوو حاڵەتەدا توانای ئەوەی نییە لە حاڵەتی سێهەم تێ بگات و لێی بکۆڵێتەوە.

کۆمەڵگای کوردی و زمانەکەی نیشاندەری ئەوەن کە لە دەرەوەی ئەو دوو حاڵەتە حاڵەتی سێهەم هەیەو حاڵەتی سێهەمیش حاڵەتی ئەو کۆمەڵگایەیە کە خۆی و زمانەکەی بە پرۆسەی دروستکردن و ستانداردکردندا نەبراون و بەڵام هەموو ئەو ئەرکانەش جێبەجێدەکەن کە

کۆمەڵگا دروستکراوەکان و زمانەکانیان لە ئەستۆیانە. هەر ئەمەش وایکردووە کە نەبن بە کەرەستە بۆ کۆمەڵگایەکی دروستکراو و زمانە ستانداردەکەی.

بەپێی تیۆرە دروستەبییەکە نەتەوە دروستدەکرێت، واتە نەتەوە لەو بوونەوەرانەیە کە بەدروستکردن هەیەو بەبێ بوونی پرۆسەیەك بۆ دروستکردنی بوونی نابێت، گەر لەناو سەردەمە مۆدێرنەکەدا لە حاڵەتی کورد وردببینەوە، ئەوە دەبینین کە کورد نەتەوەیەو وەك هەر نەتەوەیەکی دروستکراو بوونی لەسەردەمە مۆدێرنەکەدا هەیەو بەڵام بە پرۆسەی دروستکردنیشدا نەچووە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە دووجۆر لە نەتەوە هەیە: یەکەمیان ئەو نەتەوەیەیە کە نەتەوەخوازییەك وەك دروستکەرێکی دەرەکی بەرنامە بۆ دروستکردنەکەی دادەڕێژێت و وەك ئامێرێك لە ئامێرەکان دروستی دەکات، دووەمیان ئەو جۆرەیە لە نەتەوە کە بەبێ ئەوەی نەتەوەخوازییەك بەرنامەی بۆ دروستکردنەکەی داڕشتبێت وکاری لەسەر دروستکردنی کردبێت دروستبووەو وەك هەر نەتەوەیەکی دروستکراو بوونی هەیە.

بۆجیاکردنەوەی ئەوەی کە دروستدەبێت لەگەڵ ئەوەی کە دروستدەکرێت دەتوانین زمانی ستاندارد کە زمانێکی دروستکراوە لەگەڵ زمانێکی ناستداردی وەك زمانی کوردی کە بەبێ ستانداردبوون وەك هەر زمانێکی ستاندارد بووە بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە بە نموونە بهێنینەوەو لە ڕێگەیانەوە ئەو جیاوازیانە بدۆزینەوە کە لەنێوان ئەو نەتەوە دروستکراوانەدا هەیە کە نەتەوەخوازی دروستیکردوون لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە بەبێ بوونی نەتەوەخوازی دروستبوون. زمانی سروشتی ئەو زمانەیە کە لە زمانێکی تر کەوتووەتەوە، بەبێ ئەوەی ویست وئاگایی مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی لەوەدا هەبووبێت لەو زمانە بکەوێتەوە. زمانی سروشتی لەناو کۆمەڵگایەکی زمانیدا بەبێ ویست وئاگایی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە لەناو بەکارهێنانی ئەواندا پەرەدەسێنێ ولە مێژوویەکی دوورودرێژدا دەبێت بە چەند زمانێکی جیاوازو هەریەك لەو زمانانەش وەك ئەو زمانە گەر ڕێگە لە پەرەسەندنە سروشتییەکەی نەگیرێت، بەهەمان شێوە کۆمەڵە زمانێکی تری لێدەکەوێتەوە. بوونی ئەو هەموو زمانە جیاوازەی کە لە جیهاندا هەن بەرهەمی ئەم جۆرە لە پەرەسەندنی زمانن. مەبەست لە زمانی سروشتی هەموو ئەو زمانانەیە کە لەناو پرۆسە سروشتییەکەی پەرەسەندنی خۆیاندان و لە پەرەسەندنە سروشتییەکەیان نەخراون.

زمانی ستاندارد بەوە دەبێت بە زمانێکی دروستکراو کە لە کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی دەردەهێنرێت ولە پرۆسە سروشتییەکەی پەرەسەندنی خۆی دەخرێت و دەست بەسەر پرۆسەی پەرەسەندنەکەیدا دەگیرێت و لەلایەن نوخبەیەکەوە پەرەسەندنەکەی دەخرێتە ژێر چاودێرییەوەو رێگەی لێدەگیرێت کە بەخۆی پەرە بەخۆی بدات. زمانی ستاندارد وەك ئەو کەلتورە باخچەییە وایە کە گێلنەر باسی دەکات و جیای دەکاتەوە لە کەلتوری کێوی، زمانی سروشتی زمانێکی کێوی وبێ خاوەنەو خۆی خاوەنی خۆیەتی و بەخۆیشی پەرەدەسێنێ، بەڵام زمانی ستاندارد زمانێکی باخچەییەو بە ئارەزووی خۆی ناتوانێت پەرەبسێنێ و وەك هەرئامێرێکی دروستکراو دەبێت مرۆڤ بەپێی بەرنامەیەك پەرەی پێبدات.

زمانی ستاندارد بەبێ بوونی زمانێکی سروشتی بوونی نابێت، بۆ ئەوەی زمانێکی سروشتی ببێت بە زمانێکی ستاندارد، دەبێت ئەو هێزەی کە لەناویدا هەیەو بوونی ئەوی راگرتووەو لەهەمان کاتیشدا پەرەی پێدەدات، لەناویدا دەربهێنرێت وبخرێتە بەردەستی ئەو دامودەزگایانەی کە بۆ چاودێریکردنی زمانە ستانداردەکە دروستکراون.

زمانی سروشتی بە پرۆسەی ستانداردکردن نابێت بە زمانێکی دروستکراو، بەڵکوو لە زمانێکی زیندووەوە کە وەك هەربوونەوەرێکی زیندوو توانای بوون و پەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدایە دەبێت بە زمانێکی مردوو کە وەك بوونەوەرە نازیندووەکان توانای بوون و پەرەسەندنەکەی لەدەرەوەی خۆیدایە. بەستانداردکردنی زمانێکی سروشتی واتە بەئامێرکردنی ئەو زمانە. زمانێکی سروشتی کە بە پرۆسەی پەرەسەندندا دەڕوات، دەچێتە ریزی ئەو ئامێرە تەکنیکییانەوە کە مرۆڤ دروستیکردوون و هەرخۆیشی پەرە بە بوونیان دەدات. جیاوازی نێوان زمانی سروشتی وئەو زمانە ستانداردەی کە بەهۆی دەرهێنانی زیندوویەتی لێی دێتە ئاراوە، وەك جیاوازی نێوان بوونەوەرە بەردەستەکان وبوونەوەرە سەربەخۆکان وایە. زمانی سروشتی کە بە پرۆسەی ستانداردکردندا دەبرێت، دەبێتە بوونەوەرێکی بەردەستەو بوونی دەکەوێتە بەردەستی مرۆڤ و مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی بوونی ئاراستە دەکات، بەڵام زمانی سروشتی بوونی لەناو خۆیدایە، ئەمەش وایکردووە کە خۆی خۆی ئاراستە بکات و پەرە بە بوونی خۆی بدات.

زمانی ستاندار ئەو زمانە سروشتییەیە کە بوون وپەرەسەندنەکەی لە سروشتی کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی دەرهێنراوەو خراوەتە بەردەستی زاناکانی بواری زانستی زمان و ئەوان بڕیار لەسەر بوون و پەرەسەندنەکەی دەدەن وکۆمەڵگای زمانی دەبێت بە شێوەیەکی جەبری ئەو

بڕیارانە لە بەکارهێنانی زمانەکەدا جێبەجێ بکات. زمانی ستاندارد بەبێ بوونی دەزگایەك بۆ کۆنترۆڵکردن وئاراستەکردنی وسەپاندنی بەسەر کۆمەڵگایەکی زمانیدا، بوونی نابێت. ماهییەتی زمانی ستاندارد لەناو دەزگاکانی کۆنترۆڵکردنی زماندایەو لەناو زمانەکە خۆیدا نییە. زمانی سروشتی بەوە جیادەکرێتەوە لە زمانی ستاندارد کە ماهیەتی لەناو دەزگای کۆنترۆڵکردنی زماندا نییەو لەناو کۆمەڵگا زمانییەکە خۆیدایەو هەر گۆڕانێك لە زمانەکەدا ڕوویدات دەبێت زمانەکە خۆی ڕێگەی پێبدات، گەر زمانەکە ئەو گۆڕانە هەڵنەگرێت هیچ دەزگایەك ناتوانێت بەسەریدا بیسەپێنێ.

ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان زمانی سروشتی وزمانی ستانداردا هەن، لەنێوان کەلتوری سروشتی وکەلتوری دروستکراویشدا هەن، کەلتوری سروشتی بنەمای بوون و پەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدایەو ئەو کۆمەڵگایەی کە هەڵگری ئەو کەلتورەیە تەنها زەمینەیەکە بۆ بوون و پەرەسەندنی ئەو کەلتورەو هیچ گروپێك لە گروپەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە چاودێری پەرەسەندنی ئەو کەلتورە ناکەن و بەو شێوەیە ئاراستە نادەن بە پەرەسەندنەکەی کە خۆیان دەیانەوێت، ئەم کەلتورە بەبێ ئاگاداری مرۆڤەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە پەرە بەبوونی خۆی دەدات و ئەوەی ئەو کۆمەڵگایە پێویستییەتی دەیخاتە بەردەستیان.

کەلتوری دروستکراو بنەمای بوون و پەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدا نییەو وەك ئامێرەکان دەبێت کەسانێك بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو پەرەی پێبدەن و ئاراستە بە بوونی بدەن. کەلتوری دروستکراویش وەك زمانی ستاندارد بەبێ بوونی کۆمەڵە دەزگایەك کە چاودێری بکەن و پەرەی پێبدەن بەردەوام نابێت و لەناو دەچێت، ژیان و گەشەکردنی ئەو کەلتورە لەدەستی ئەو دەزگایانەدایە کە دەسەڵات بۆ چاودێری کردن و ئاراستە کردنی ئەو کەلتورە دای ناون.

هەموو کەلتورێکی دروستکراو دەبێت خاوەنی زمانێکی ستاندارد بێت و دەبێت بنەمای بوون وپەرەسەندنی هەردووکیشیان لەناو ئەودەزگا کۆنترۆڵکەرەدا بێت کە دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردنی زمان وکەلتور دایناوەو بەپێی پێویستییەکان و بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاراستە بە پەرەسەندن و گۆڕانەکانی دەدات.

لە ڕێگەی ئەو دوو جۆرە لە زمان و کەلتورەوە، دەتوانین باس لە دوو جۆر لە نەتەوەش بکەین، ئەو نەتەوەیەی کە بنەمای بوون و پەرەسندنی زمان و کەلتورەکەی کەوتووەتە دەرەوەی خۆی و کۆمەڵە دەزگایەکی ناو دەوڵەت دەستیان بەسەر روحی ئەو زمان و کەلتورەدا گرتووەو

بەپێی بەرەژەوەندییەکانی دەوڵەت ودەسەڵات بوونیان ئاراستە دەکەن. لەگەڵ ئەو جۆرە لە نەتەوە کە زمان و کەلتورەکەی زمان و کەلتورێکی ئازادەوە بنەمای بوون پەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدایاندایەو بە شێوەیەکی سروشتی و بەبێ چاودێری دەسەڵات ودەوڵەت، پەرەبەبوونی خۆیان دەدەن وپێداویستییەکانی ئەو نەتەوەیە دەستەبەر دەکەن.

ئەو نەتەوەیەی کە زمان وکەلتورەکەی، زمان وکەلتورێکی وابەستەتەیە بەدەوڵەتەوە، نەتەوەیەکی دروستکراوەو بەردوام بوون و پەرەسەندنەکەی لە ژێرچاودێری و کۆنترۆڵی دەوڵەتدایەو بەبێ بوونی دەوڵەت بوونی نامێنێ. ئەم نەتەوەیە نەتەوەیەکە دەوڵەت بوونی پێدەدات ودروستی دەکات، گەر دەوڵەت نەبێت ئەویش بوونی نابێت، چوونکە بوونی بەندە بەبوونی دەوڵەتەوەو ماهیەتەکەی لەناو دەوڵەت خۆیدایە. ئەمەشە وایکردووە لە لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی دەوڵەت بە پێشمەرجی بوونی نەتەوە بزانن و بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە بەبێ بوونی دەوڵەت ناتوانرێت باس لە بوونی نەتەوە بکرێت.

نەتەوەی دروستکراو وەك هەر ئامێرێك بنەمای بوون وپەرەسەندنی لەناو دروستکەرەکەیدایەو بەبێ بوونی دروستکەرەکەی توانای مانەوەی نابێت وتیادەچێت. ئەو نەتەوانەی کە دروستکراون بە نەمانی دەوڵەتەکانیان ئەوانیش بوونیان دەپووکێتەوەو ناتوانن بەخۆیان پەرە بەبوونی خۆیان بدەن. بەڵام کاتێك نەتەوەیەك بنەمای بوون و پەرەسەندنەکەی لەناو کۆمەڵگادایە، بەبێ بوونی دەوڵەتیش دەتوانێت پەرە بە بوونی خۆی بدات، ئەم جۆرە لە نەتەوە بە نەمانی دەوڵەت تیاناچێت، کاتێك تیادەچێت کە کۆمەڵگاکەی بوونی نەمێنێ. ئەم جۆرە لە نەتەوە لەناو کۆمەڵگادا بەخۆی پەرە بەبوونی خۆی دەدات وهیچ گروپێك لە گروپەکانی ناو کۆمەڵگا ناتوانێت دەست بەسەر روحی کەلتورو زمانەکەیدا بگرێت و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاراستەی بکات. زمان وکەلتوری ئەم جۆرە لە نەتەوە زمان و کەلتورێکی وابەستەتە نییە بە هیچ دەسەڵاتێکەوەو هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت دەست بەسەر پرۆسەی پەرەسەندنەکەیدا بگرێت. ئەم زمان وکەلتورە بەوەی کە لەناو زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیدایە دوور لە چاودێریکردنی دەسەڵات و دەوڵەت، پەرە بەبوونی خۆی دەددات و پێداویستییە زمانی و کەلتورییەکان بۆ کۆمەڵگاکەی دەستەبەر دەکات.

بۆ نموونە زمانێکی لەم جۆرە بەخۆی دەبێت بە زمانی نوسین و خوێندنەوەی کەلتوری ئەو سەردەمە ودەسەڵات بۆ بەرەژەوندییەکانی خۆی ئەو ئەرکە ناخاتە ئەستۆی. ئەم زمانە لەناو

کۆمەڵگا خۆیدا بەپێی بنەما ناوەکییەکەی پەرەسەندنی خۆی پەرە بە بوونی خۆی دەدات وئەوەی ئەو کۆمەڵگایە لەو سەردەمەدا پێویستییەتی لەناو خۆیدا دەرکەوتی دەکات. بەهەمان شێوە ئەو جۆرە لە کەلتوریش کە بنەمای بوون پەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدایەو لە دەرەوەی چاودێری دەوڵەت ودامودەزگاکانی پەرە بەبوونی خۆی دەدات، ئەو پێداویستییە کەلتورییانەی کۆمەڵگاکەی پێویستییەتی بە پێی بنەما ناوکییەکەی خۆی دەرکەوتیان پێ دەکات. ئەو نەتەوەیەش کە زمان و کەلتورەکەی لەم جۆرە لە زمان و کەلتورە بوونی نەبەستراوە بە بوونی دەوڵەتەوە، ئەویش بەهەمان شێوەی زمان وکەلتورەکەی بنەمای بوون و پەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدایەوەو بەخۆی پەرەدەسێنێ وپێویستی بەبوونی دەوڵەتێك نییە پەرەی پێبدات و دروستی بکات.

لەمەی سەرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە نەتەوەکان دوو جۆرن یان دروستکراون و بنەمای بوونیان لەناو خۆیاندانیەو لەناو ئەو دەوڵەتەدایە کە لەناویدا بوونیان هەیە، ئەمەش وایکردووە بوونیان بوونێکی سیاسی بێت، یان بەخۆیان هەن و بنەمای بوون وپەرەسەندنەکەیان لەناو ئەو کۆمەڵگایەدایە کە لە شێوەی ئەو نەتەوەیەدا دەرکەوتووە. ئەم نەتەوانەش بوونێکی میللیانەیان هەیە.

گەر لە زمانی کوردی وکەلتورەکەی ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت کورد نەتەوەیەکی میللیەو نەتەوەیەکی سیاسی نییە، بۆیە بۆ بوونی پێویستی بە دەوڵەت نییە. کورد وەك نەتەوە بنەمای بوون و پەرەسەندنەکەی لەناو ئەو کۆمەڵگا میللیەدایە کە لە شێوەی نەتەوەدا خۆی شێوەگیرکردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بنەمای بوون پەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدایەو بەپێی ئەو سەردەمەی کە تیایدا بوون پیدا دەکات، هەموو ئەو خاسیەتانەی کە نەتەوە دروستکراوەکان هەیانە دەرکەوتیان دەکات. بۆ نموونە خاوەنی زمانێکە کە پێی دەنوسرێت وپێی دەخوێنرێتەوە، خاوەنی هونەرێکی سەردەمیانەو کەلتورێکی میللی سەردەمیانەیە.

بۆ ئەوەی ئەوە ساغ بکەینەوە کە کورد نەتەوەیەکی میللیەو بنەمای بوون و پەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدایەو بۆ بوونی پێویستی بە دەوڵەت نییە، دەبێت لە کەلتورو زمانەکەی رامێنین، گەر کەلتورو زمانەکەی بنەمای بوون وپەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدا بوو و لەناو ئەو دامودەزگایانەی دەسەڵاتدا نەبوو کە بۆچاودێری کردنی کەلتورو زمان دای مەزراندوون، ئەوە ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە ئەم نەتەوەیە نەتەوەیەکی میللیەو نەتەوەیەکی

سیاسی نییە. بۆ ئەمەش پێویستمان بەوە دەبێت لەو شوێنەدا لە زمان و کەلتوری کوردی بکۆڵینەوە کە دەسەڵاتێکی سیاسی کوردی هەیەو (حکومەتی هەرێمی کوردستان) یش باشترین زەمینەیە بۆ ساغ کردنەوەی ئەم مەسەلەیە.

سەرەتا بابزانین پەیوەندی زمانی کوردی بە دامودەزگا زانستی وکەلتوریەکانی ئەم حکومەتەوە چییەو، ئایا ئەم دامودەزگایانە توانیویانە زمانی کوردی لەناو سنوری سیاسی ئەو حکومەتەدا لە زمانێکەوە کە بنەمای بوون وپەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدایە، بگۆڕن بۆ زمانێکی ستانداد کە بنەمای بوون پەرەسەندنەکەی لەناو ئەو دامودەزگا رەسمیانەی حکومەتدابێت کە بەرپرسن لەوەی چاودێری زمانی کوردی و پەرەسەندنەکەی بکەن و بەو ئاراستەیە پەرەی پێبدەن کە کەسانی پسپۆڕ لەناو ئەو دامودەزگایانەدا دەیانەوێت لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدا پەرەی پێبدەن؟

لەناو ئەو حکومەتە کوردییەدا کە لە باشوری کوردستان هەیە، دەتوانین پەیوەندی نێوان نەتەوەو دەسەڵات شی بکەینەوە، بۆ ئەم مەبەسەتەش سەرەتا دەبێت لە پەیوەندی زمانی کوردی بەو دەسەڵاتەوە بکۆڵینەوە کە لەناو ئەو حکومەتەدا بووە بە خاوەنی سەروەری. حکومەتی هەرێم وەك هەر حکومەتێکی مۆدێرن کۆمەڵە دامودەزگایەکی هەیە کە بەرپرسیاریەتی کۆنترۆڵکردنی زمانی کوردی وکەلتوری کوردیان لەلایەن حکومەتەوە پێ سپێردراوەو بۆ ئەوە هەن کە کۆنترۆڵی پەرەسەندنی کەلتورە مۆدێرنە کوردییەکەو زمانەکەی بکەن. لەوانە دەزگا پەرەوەردەییەکانی ناو حکومەت لەگەڵ دەزگاکانی خوێندنی باڵاو ئەکادیمیای کوردی.

بوونی دەسەڵاتێکی کوردی و ئەو دامودەزگایانەی کە ئەم دەسەڵاتە وەك بەشێکی گرنگی حکومەت بۆبڵاوکردنەوەی زمان وکەلتورە مۆدێرنە کوردییەکە دای مەزراندووەن، وایکردووە کێشەیەك بەناوی کێشەی زمانی کوردی ستانداردەوە بێتەئاراوە، ئەو دامودوزگایانە وەك هەموو دامودەزگا دەوڵەتییە مۆدێرنەکان کار بۆ ئەوە دەکەن زمانی کوردی بکەن بە زمانێکی ستانداد، زمانی کوردیش بەوە دەبێت بە زمانێکی ستاندارد کە بنەمای بوون وپەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدا دەربهێنرێت وبخرێتە بەر دەستی ئەو پسپۆڕانەی کە چاودێریکردن وکۆنترۆڵکرن و ئاراستەکردنی ئەو زمانە کوردییە خراوەتە ئەستۆیان. لەبەرژەوەندی دەسەڵات وحکومەتدایە زمانی کوردی بکرێت بە زمانی ستاندارد وبنەمای بوون وپەرەسەندنەکەی لەناو کۆمەڵگادا

دەربهێنرێت وبخرێتە ناو ئەو دامودەزگایانەی کە ئەو کەسە پسپۆڕانە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دانراو تیایدا کار لەسەر ئاراستەکردن وکۆنترۆڵکردنی زمانی کوردی دەکەن. چوونکە بوارێك بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵاتی خۆی لە سەر کۆمەڵگا دروستدەکات و لە ڕێگەی سەپاندنی ئەوەی ئەو پسپۆڕانە لەبارەی زمانەکەوە بڕیاری لەسەردەدەن دەسەڵاتی خۆی بە سەر کۆی کۆمەڵگادا دەسەپێنێ.

لەبەرامبەر ئەو دامودوزگایاندا کۆمەڵگای کوردی بە کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانیەوە ڕێگرە لە بەردەم ئەوەدا بنەمای بوون و پەرەسەندنی زمانی کوردی لەناو زمانەکەدا دەربهێنرێت وزمانەکە بکەوێتە ژێردەستی ئەو پسپۆڕانە. کۆمەڵگای کوردی دەیەوێت زمانی کوردی لەناوخۆیدا بەپێی پیداویستییەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی سروشتی وبێ دەستێوەردانی کەس پەرەبسێنێ، نەك بەپێی پێداویستی و بەرژەوەندییەکانی حکومەت ودەسەڵاتەکەی. ئەمەش وایکردووە زمانی کوردی بنەمای بوون وپەرەسەندنەکەی لەناوخۆیدا بهێنێتەوەو نەبێتە ئامێرێك بە دەست دەسەڵاتی کوردی و پسپۆڕەکانیەوە.

زمانی کوردی لەناو حکومەتی هەرێمدا زمانێکی ستاندارد نییەو بوونی بەند نییە بە دەسەڵاتی کوردی ناو ئەم حکومەتەوە، زمانی کوردی بوونی بەندە بە کۆمەڵگا میللییە کوردییەکەوەو لە دەرەوەی سیاسەت و یاساکانی حکومەت پەرە بە بوونی خۆی دەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ زمانی کوردی زمانێکی ئازادەوە بوونی بەندە بەخۆیەوەو وابەستە نییەو بەو بڕیارانەوە کە دزگا ڕەسمییەکانی ناو ئەو حکومەتەوە لە بارەی ئەوە دەری دەکەن.لە ناو حکومەتی هەرێمدا لە نێوان کۆمەڵگا ودەسەڵاتی ڕەسمیدا ململانێ لە سەر زمای کوردی هەیە، کۆمەڵگای کوردی دەیەوێت زمانی کوردی زمانێکی ئازاد بێت و لەلایەن دەسەڵاتەوە کۆنترۆڵ نەکرێت و لەناوخۆیدا بە شێوەیەکی سروشتی پەرەبسێنێ و پێداویستییە زمانییەکانی بۆ دەستەبەر بکات، بەڵام حکومەت وپسپۆڕەکانی ناودەزگا زمانیی وکەلتورییەکانی، دەیانەوێت زمانی کوردی لە ڕێگەی بەستانداردکردنەوە بکەن بە زمانێك کە پسپۆڕەکانی بواری زمانی ستاندارد دەست بەسەر پەرەسەندنەکەیدا بگرن و بەوشێوەیە ئاراستەی بکەن کە ئەو پێداویستییە زمانیانەی پێ بەرهەم بهێنن دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت پێویستی پێیانە نەك کۆمەڵگا کوردییەکە. ئەو خەڵکەی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا خوێندنەوەو نوسین لە قوتابخانەکان فێربووە، بەپێی ئەو شێوازە ئیملادەکات و دەنوسێت کە لە زەینی خۆیدا هەیە

نەك بەپێ بەرنامەیەك كە پسپۆڕەكانی بواری ئیملای ستاندارد بۆیان داڕشتووە، هەرەكەسە بەپێی شێوازی خۆی ئیملای كوردی بەكاردەهێنێ. لە بەرامبەر ئەمەدا پسپۆڕانی ناو دامودەزگا حكومییەكان بەردەوام هەوڵدەدەن بەرنامەیەك بۆ یەكخستنی شێوازی ئیملای كوردی دانێن و خەڵكی ناچار بكەن بەو شێوازە ستانداردەی ئیملای كوردی بنوسێت، بەڵام خەڵكی ناو ئەم كۆمەڵگایە بەو شێوازە ئیملاییە دەنوسێت كە لەكاتی نوسیندا لەناو زەینی خۆیدا كاردەكات.

نەك ئیملای كەسە خوێندەوارەكانی ناو ئەم كۆمەڵگایە یەك شێوازی نییە، بەڵكو هەركەسێك لەو كەسانە یەك شێوازیی ئیملایی نییەو جاری وا هەیە وشەیەكی لێكدراو لەناو یەك نوسینی خۆیدا بە چەند شێوەیەكی جیاواز ئیملا دەكات، بۆیە ناكرێت ئیملای كوردی بە ئیملایەكی ستاندارد و وابەستە بەو بەرنامەیەو بزانرێت كە پسپۆڕانی بواری ئیملا بۆ شێوازی ستانداری ئیملای كوردی دایانناوە. ئیملای كوردی كە بەرجەستەترین لایەنی زمانی كوردییە، ئیملایەكی ئازادو فرەشێوازەو ستاندارد نییەو زمانی كوردی لە ناو هەركەسێك لە كەسەكاندا بە خۆی ئیملای خۆی دەكات.

جگە لەمەش پسپۆڕانی بواری بەستانداردكردنی شێوازی ئیملای كوردی ، خۆیان لە سەر شێوەیەك لە شێوەكانی ئیملاكردن رێك نەكەوتوون هەریەكەیان بەرنامەیەكی جیاوازی بۆ ستانداردكردنی ئیملای كوردی داڕشتووەو گەر خەڵكی بەپێی بەرنامە داڕێژراوەكانی ئەوانیش ئیملا بكات ئیملای كوردی هەر نابێت بە ئیملایەكی ستاندارد، واتە ئەوكەسانەی كە لەناو ئەم حكومەتدا بەرپرسیارن ئیملایەكی كوردی ستاندار داڕێژن هەر خۆیان رێگرن لە بەردەم دروستكردنی ئیملایەكی ستانداردا.

لەلایەكی ترەوە ئەم پسپۆڕانە زۆر هەوڵیاندا تا دەسەڵات ناچار بكەن بەوەی كە دیالێكتی سۆرانی یان دیالێكتی بادینی بكەن بەزمانێكی ستاندارو لە سنورە سیاسییەكەی حكومەتی هەرێمدا وەك زمانی رەسمی حكومەت بیسەپێنن بەسەر كۆمەڵگا زمانییە جیاوازەكانی ناو سنوری سیاسی ئەم حكومەتەدا. لەلای ئەم پسپۆڕانە لەسەرتای سەرهەڵدانەوەی ئەم كێشەیەدا كێشەكەیان لەوەدا چڕكردبوویەوە كە كێشەی هەڵبژاردنی یەكێكە لەو دوو دیالێكتە پەرەسەندووەی كە لە سنوری ئەم حكومەتەدا پەرەیان سەندووەو بوون بە زمانی دامودەزگاكانی حكومەت، بەڵام لەدوا پەرەسەندنی ئەم كێشەیە، كێشەكە گۆڕا بۆ ئەوەی كە لە سنوری ئەم

حکومەتەدا یەك ستاندارد هەبێت یان دوو ستاندارد. ئەم پسپۆڕانە بەبێ ئاگایی لەو بنەمایەی کە زمانی ستاندارد لەسەری دادەمەزرێت باس لە فرەستانداردی دەکەن، بەپێی بنەمای ستانداركردن لە زمانێکدا شتێك بەناوی جووت ستانداردییەوە بوونی نییەو یەك دیالێکت لە دیالێکتەکانی زمانێك دەتوانێت بەرز ببێتەوە بۆ زمانی ستاندارد و شوناسی ئەو زمانە بنوێنێ.

ئەو پسپۆڕانەی کە کار بۆ ستاندارد کردنی زمانی کوردی دەکەن و هەوڵدەدەن بۆ دروستکردنی ئەو زمانە ستانداردە ڕەوایەتی لە دەسەڵات وەرگرن، دەسەڵات ڕووبەرروی کێشەیەکی گەورە دەکەنەوە ودەیخەنە بەرامبەر کۆمەڵگای کوردی، واتە ئەوان بەم کارەیان دەیانەوێت دەسەڵاتی کوردی ناچار بکەن بەوەی کە مافی بەکارهێنانی زمان لە خەڵکی ناو کۆمەڵگاکە بسێنێتەوەوە بیداتە دەستی ئەو پسپۆڕانە. بەڵام دەسەڵاتی کوردی لە بەرامبەر ئەمەدا داوای ئەوە لەم پسپۆڕانە دەکات رەوایەتیەکی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای کوردی بۆ ئەم کارە وەرگرن، چوونکە بەبێ بوونی رەوایەتییەکی کۆمەڵایەتی لەو جۆرەو سەپاندنی یەکێك لەو دیالێکتانە بەسەر کۆمەڵگا زمانییەکانی تردا دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ڕووبەڕووی ئەو بڕیارە ببنەوەو دەسەڵاتی سیاسی توشی کێشە بکەن.

ئەم پسپۆڕانە لەبەرامبەر ئەم داوایەی دەسەڵاتی سیاسیدا تا ئێستا نەیانتوانییوە ئەو باوڕە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دروست بکەن کە یەکێك لەو دیالێکتانە بکەن بە زمانی ستانداردو دیالێکتەکەی تریان لەوە بخەن کە کاری فەرمی و زانستی و پەرەوەردەیی ناو دامودەزگاکانی حکومەتی پێ ئەنجام بدرێت. کۆمەڵگای کوردی لە بەرامبەر ئەو بیروباوڕە نەتەوەخوازییە مۆدێرنەی ئەم پسپۆڕانەدا لەناو بێدەنگییەکی قوڵدایەوە هەرگیز نەبوونی زمانێکی ستاندارد بە کێشە نازانێت.

لەناو زانکۆکانی هەرێم و دامودەزگا حکومییەکانی تردا هەردوو دیالێکتەکە کاری خۆیان وەك زمانێکی ستاندارد ئەنجام دەدەن وئەمەش کێشەیەکی واقعی و راستەقینەی لەناو ئەو دامودەزگایانەدا دروست نەکردووە.

مامۆستایەکی سۆرانیزمان کاتێك لە زانکۆی دهۆك کە زانککۆیەکە سەر بە کۆمەڵگا بادینیزمانەکەیە، وانەکانی خۆی بەسۆرانی دەڵێتەوە قوتابییەکان کێشەی بۆ دروستناکەن، کاتێکیش قوتابییەکان لە تاقیکردنەوەو بەشداریکردنەکانی ناو پۆلەکەیدا بادینی

بەکاردەهێنن، ئەمە واناکات کێشەیان لەلایەن ئەو مامۆستا سۆرانیزمانەوە بۆ دروست ببێت. ئەم حاڵەتەش ئەو حاڵەتەیە کە کۆمەڵگا کوردیەکەو کۆمەڵگازمانییە جیاوازەکانی ناوی رەوایەتیان پێداوەو هەر دەستلێدانێکی ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کێشە دروستببێت و لەناو ئەو دامودەزگایانەدا کارەکان نەچن بەرێوە.

ئەم حاڵەتە سروشتییەی کە لەناو زانکۆکاندا هاتووە تەئارەوە، ئەوە دەگەیێنێ کە زمانی کوردی بەستراوە بە کۆمەڵگای کوردییەوەو نەبەستراوە بە دەسەڵاتەوە، بوونی ئەم حاڵەتە سروشتییە ئەوە نیشانی ئێمە دەدات کە چۆن زمانی کوردی بەبێ ئەوەی ببێت بە زمانێکی ستاندارد، بەپێی بنەما ناوەکییەکەی خۆی پەرەی سەندووەو پەرەش دەسێنێ و ئەو پێداویستیە زمانیانە دەخاتە بەردەستی ئەم کۆمەڵگایە کە زمانێکی ستاندارد بۆیان دەسەتەبەر دەکات.

ئەو حاڵەتەی کە لە زانکۆکانی کوردستاندا هەیە، بەرهەمی پەرەسەندنی زمانی کوردییە بە رێگا سروشتییەکەی خۆی. لەئێستادا لەناو زانکۆکانی کوردستاندا قوتابیەکی بادینی بە سۆرانی دەبیستێ و بە بادینی دەنوسێت و وەڵام دەداتەوەو مامۆستا سۆرانی زمانەکەش بە سۆرانی دەدوێت و بە بادینی دەبیستێ، ئەم حاڵەتە سروشتییەی گفتوگۆی نێوان دیالێکتەکانی کۆمەڵگا مۆدێرنە کوردییەکە هەمان ئەو حاڵەتە سروشتییەی گفتوگۆی دیالێکتەکانی ناو کۆمەڵگا ئاینییە کوردییەکەی ئاینی یارسانە. لە کتێبی پیرۆزی ئەم ئاینەدا گفتوگۆکانی ناو دەقە ئاینییەکان پەیڕەویان لە هەمان سیستەم کردووەو لەناو یەك دەقدا گفتوگۆی دوو کارێکتەری دیالێکت جیاواز بە هەمان سیستەم دەبینینەوە، بۆ نموونە لە (دەورەی شاخۆشین)دا، شاخۆشین کە کارێکتەرێکی ناو گفتوگۆی ئەم دەقەیە بە لوڕی دەدوێت و بە هەورامی دەبیسێ، ماما جەلالەش کە کارێکتەرێکی تری ناو ئەو گفتوگۆیەیە بە لوڕی دەبیسێ و بە هەورامی دەدوێ.

ئەم مۆدێلی گفتوگۆکردنە مۆدێلی ئەو زمانەیە کە توانای ئەوەی هەیە لە سەردەمەکەدا بەپێی پێداویستییە کەلتورییەکانی ئەو سەردەمە پەرەبسێنێ، بەبێ ئەوەی بکرێت بە زمانێکی ستانداردو لەلایەن دەسەڵاتەوە بەپێی پێداویستییەکانی دەسەڵات پەرەی پێبدرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ زمانی کوردی بەبێ ئەوەی لەلایەن کۆمەڵە پسپۆڕێکەوە بکرێت بە زمانێکی ستانداردو وای لێبکرێت بتوانێت پێداویستییە زمانییەکانی ئەو سەردەمەی دەسەتەبەر بکات، بەخۆی دەتوانێت لە رێگەی کۆمەڵگا زمانییەکانی خۆیەوە پەرە بە بوونی خۆی بدات و

پێداویستییە زمانییەکانی هەر سەردەمێك لە سەردەمەکان بۆ کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی دەستەبەر بکات.

ئەوەی رێگرە لە بەردەم ئەوەدا زمانی ستانداردی کوردی دروستبکرێت کۆمەڵگای کوردییە، کۆمەڵگای کوردی زمانی کوردی لەناوخۆیدا دەهێڵێتەوە رازی نابێت هیچ دەسەڵاتێك بە ناوی پاراستنی ئەو زمانەوە زمانەکە بخاتە ژێردەسەڵاتی خۆی و بیکات بە زمانێکی دروستکراو و کۆمەڵگا زمانییەکان ناچار بکات بەو شێوەیە پێی بدوێن کە دەسەڵات دەیەوێت.

زمانی کوردی بە درێژایی پەرەسەندنی هەزاروو دووسەد ساڵەی خۆی پەیڕەوی لەو سیستەمی پەرەسەندنەو یاساکانی کردووە کە لەناو سروشتی کۆمەڵگا کوردیەکە بە گشتی و کۆمەڵگا زمانیە جیاوازەکان بە تایبەتی هەیەو ئەمەش زمانی کوردی بەرەو ئەوە نەبردووە کە وەك ئەو زمانانەی کە نەبوون بە زمانی ستاندارد لەناوبچێت و وەك زمانێکی زارەکی بمێنێتەوە. زمانی ستاندار کە زمانی دەسەڵاتە زامنی مانەوەو پەرەسەندنی زمانێك ناکات، ئەو زمانانە زۆرن کە لە سەردەمێکی مێژوویدا بوون بە زمانی ستانداردو کەچی دواتر لەناوچوون وتەنها لەناو کتێبەکاندا ماونەتەوە.

ئەوەی پارێزگاری لە بوونی زمانێك و پەرەسەندنەکەی دەکات، سروشتی کۆمەڵگا زمانییەکەیەتی. زمانێك کە بوو بە زمانی ستاندارد، لە کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی دەسێنرێتەوەو دەبێتە زمانی دەسەڵاتێکی سیاسی یان زمانی دەسەڵاتێکی مەزهەبی و بە نەمانی ئەو دەسەڵاتەش جارێکی تر ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی، چوونکە کۆمەڵگا زمانییەکەی خۆی بەهۆی ئەو ماوە دوورودرێژەوە کە بەسەری بردووە زمانە زارەکییەکەی خۆی گۆڕیوە بۆ زمانێکی تر.

زمانی عەرەبی بەهۆی ئەو دەسەڵاتە مەزهەبییەی کە لەپشتییەوە هەیە توانیویەتی وەك زمانێکی ستاندار بە درێژایی ئەو هەموو سەدەیە درێژە بە بوونی خۆی بدات، بەڵام گەر لەئێستادا ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەو زمانە بە زمانی ستانداردی خۆیان دەزانن هەریەکەیان زمانە زارەکییەکەی خۆی بکات بە زمانی ستانداردو دەستبەرداری ئەو زمانە ستانداردە عەرەبییە ببێت، ئەو زمانە عەرەبییە تیادەچێت و لە جێگەی کۆمەڵە زمانێکی وەك زمانە نیوڕمانیەکان دێنەئاراوەو زمانە عەرەبیە ستانداردەکە توشی هەمان چارەنوسی زمانی لاتینی

دەکەن. بەڵام زمانی کوردی لەبەر ئەوەی لەرێگەی بەستانداردکردنییەوە نەبووە بەزمانی دەسەڵاتێکی ئاینی یان دەسەڵاتێکی سیاسی، لە بەردەم مەترسیەکی لەو جۆرەدا نییە کە زمانە ستانداردەکان توشی دێن.

زمانی کوردی لەبەرئەوەی زمانی کۆمەڵگای کوردییە نەك دەسەڵاتە زەمەنییە کوردییەکان، دەتوانێت بەبێ ئەوەی لەناوبچێت پەرە بەبوونی خۆی بدات و وەك زمانی کوردیش بمێنێتەوە. کاتێك دەسەڵاتێکی زەمەنی دەیەوێت زمانی کوردی لە رێگەی بەستانداردکردنەوە لە کۆمەڵگای کوردی بسێنێتەوەو بیخاتە ژێر رکێفی دامودەزگاکانی خۆی، بەم کارە تەنها زمانی کوردی لەناو نابات، ئەو دیالێکتە کوردیانەش کە لە پەرەسەندنی خۆیان بەردەوامن لەپەرەسەندنیان دەخات و کۆمەڵگای زمانیی ئەم دیالێکتانەش لەبەرامبەر ئەم دەسەڵاتەدا رادەوەستن و دەستبەرداری زمانەکەیان نابن. ئەمە لەلایەکەوە کێشە بۆکوردبوونی ئەو دیالێکتە دروستدەکات کە ئەو دەسەڵاتە کردویەتی بە زمانی ستانداردو لەلایەکی تریشەوە بە هۆی ئەوەوە کە دیالێکتەکانی تر لە پەرەسەندنی خۆیان ناکەون بەمە کێشە لەسەر کوردبوونی ئەوانیش دروستدەبێت. واتە لێرەدا نە ئەو زمانە ستانداردەی دەسەڵات دەتوانێت ببێت بە نوێنەری زمانی کوردی نە دیالێکەکانیش دەبن بە دیالێکتەکانی ئەو زمانە کوردییە. ئەوەی وایکردوو زمانی کوردی ئەم حاڵەتەی هەبێت ئەوەیە کە زمانی کوردی تائێستا زمانی کۆمەڵگایە و زمانی دەسەڵات نییەو کۆمەڵگای کوردی بەسروشت رێگە نادات زمانی کوردی بەناوی ستانداردکردن وپاراستنییەوە دەسەڵاتێکی کوردی بیکات بە زمانی خۆی.

کەلتوری کوردیش بە هەمان شێوەی زمانەکەی کەلتوری کۆمەڵگای کوردییە نەك کەلتوری دەسەڵاتە کوردییەکانی ناو مێژوو، ئەوەش وایکردووە کە کۆمەڵگا کەلتوریە کوردیەکە وەك کۆمەڵگا زمانییەکەی پێکهاتەیەك بێت لە چەند کۆمەڵگایەکی کەلتوری جیاواز، ئەوەیە کە ئەم کەلتورە کەلتوری خەڵکی ئەو کۆمەڵگایەیەو بەپێی ئەو سیستەمە پەرەدەسێنێ کە لەناو سروشتی ئەو خەڵکەدا هەیەو هیچ دەسەڵاتێکی کوردیش نەیتوانیووە ئەم کەلتورە لەکۆمەڵگا بسێنێتەوە پەرەسەندنەکەی بخاتە بەردەستی کۆمەڵە پسپۆرێك کە بەو ئاراستەیە پەرەی پێدەدەن ئەو دەسەڵاتە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا کوردییەکە پێویستییەتی.

گەر زمانی کوردی وکەلتورەکەی ستاندار نەبن و پەیڕەوی لەو سیستەمە نەکەن کە پسپۆڕانی بوای دروستکردنی زمان وکەلتورە دایدەڕێژن و پەیڕەوەی لەو سیتەمە بکات کە لەناو سروشتی کۆمەڵگای کوردیدا بەشێوەیەکی سروشتی بوونی هەیەو پسپۆڕەکان تەنها دەتوانن لێی تێبگەن وناتوانن دەستکاری بکەن وبەرنامەسازی بۆ بکەن، ئەوە ئەو نەتەوەیەش کە خاوەنی ئەو کەلتورو زمانەیە نەتەوەیەکی دروستکراو نییەو بە بەرنامەو پلانی نەتەوەخوازیەك دروستنەکراوەو سیستەمی بوون پەرەسەندنەکەی لەناو کۆمەڵگای کوردی خۆیدایەو لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەکان تەنها دەتوانن تیۆریزەی سیستەمەکە بکەن و لە سیستەمەکە تێبگەن و ناتوانن دەستی تێوەردەن و بیگۆڕن بۆ سیستەمێکی دەرکی.

کورد وەك نەتەوە، نەتەوەی دروستکراوی ناو دەوڵەتێك نییەو بوون و نەبوونی نەبەستراوە بەبوون ونەبوونی دەوڵەتێکی مۆدێرنەوە، ئەمەش هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد لەسەردەمە مۆدێرنەکەدا نەبووە بە خاوەنی دەوڵەت، بە پێچەوانەوە کورد بۆ ئەوەی لەنەتەوەیەکی میللییەوە نەبێت بەنەتەوەیەکی دروستکراوی دەستی نەتەوەخوازیەك، قبوڵی ئەوەی نەکردووە دەوڵەتی هەبێت، ئەم کۆمەڵگایە قبوڵی ئەو جۆرە لە دەوڵەت دەکات کە پێویستی بەوە نەبێت دەست بەسەر زمان و کەلتورەکەیدا بگرێت و لە زمان وکەلتوری کۆمەڵگاوە بیکات بە زمان وکەلتورێك بە دەست ئەو دەسەڵاتە سیاسیانەوە کە بەردەوام لەناو دەوڵەتدا دەگۆڕدرێن و زمانەکە بەو ئاراستەیە پەرەپێدەدەن کە دەسەڵاتەکەیان دەیخوازێت.ئەو سیستەمە سیاسییە باوەی کە لەناو دەوڵەتەکانی نەتەوە دروستکراوەکاندا پەیڕەو دەکرێت بۆ کورد دەست نادات، چوونکە ئەو دەوڵەتانە دەوڵەتی نەتەوە دروستکراوەکانن، ئەو دەوڵەتەی کە بۆ کورد دەستدەدات دەوڵەتی ئەو نەتەوانە نییە کە وەك کورد نەتەوەی میللی و سروشتین نەك نەتەوەی دروستکراو و سیاسی.

بەبێ تێگەیشتن لەو سیستەمەی کە لەناو سروشتی کۆمەڵگای کوردیدا حوکمی پەرەسەندنی زمان و کەلتورەکەی دەکات، ناکرێت لە بوونی نەتەوەیی کورد تێبگەین، چوونکە بوونی نەتەوەیی کوردیش بەپێی هەمان سیستەم پەرەدەسێنێ، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی بەنەتەوە بوونی کورد بەپێی ئەو تیۆرانەی کە بوونی نەتەوەیی نەتەوە سیاسی و دروستکراوەکانی پێ لێکدراوەتەوە، هەوڵێکی نەزۆك و بێ بەرهەمەو لە بارەی بوونی نەتەوەیی کورد و پەرەسەندنە مێژووییەکەیەوە هیچمان نادات بەدەستەوە.

بۆ ئەوەی لە بوونی نەتەوەیی کوردو پەرەسەندنەکەی تێبگەین دەبێت لە و سیستەمە تێبگەین کە لە ناو سروشتی کۆمەڵگای کوردیدا زمان و کەلتوری کوردی لە پەرەسەندنی خۆیاندا پەیڕەوی لێدەکەن، بۆ ئەمەش ئێمە پێویستمان بەوەیە ئەو حاڵەتە ناوازەیەی کورد تیۆریزە بکەین کە لەناو جیهاندا هەیەتی نەك ئەو تیۆرو میتۆدانە لەسەر ئەو حاڵەتە جێبەجێ بکەین کە بەرهەمی تیۆریزەکردنی حاڵەتی ئەو نەتەوانەیە کە نەتەوەخوازی دروستیکردووە.

واتە بۆ کارێکی لەم جۆرە ئێمە پێویستمان بەوە نییە لە تیۆرەکانی بواری نەتەوەخوازی تێبگەین و حاڵەتی کوردیان پێ بخوێنینەوە، بەڵکو پێویستمان بەوەیە لە حاڵەتە تێبگەین کە بوونی نەتەوەیی کورد لە پەرەسەندنی خۆیدا لەناو جیهاندا بۆی دروستبووە، دوای تێگەیشتن لەم حاڵەتەش، لە ڕێگەی ئەم حاڵەتەوە تیۆرێك تیۆریزە بکەین بۆ لێکدانەوەی بوونی ئەو جۆرە لە نەتەوە کە نەتەوەیەکی میللی و سروشتییەو جیاوازە لەو نەتەوە سیاسیانەی کە بزووتنەوەیەکی سیاسی دروستی کردووەن.

واتە ئێمە بۆ تێگەیشت لە بوونی نەتەوەیی کورد پێویستمان بە تیۆریزەکردنی تیۆرێکە بۆ نەتەوەو پێویستمان بەوە نییە کە بە تیۆرو میتۆدی لێکدانەوەی بوونە دروستکراوەکەی نەتەوەکانی جیهان بوونی نەتەوەییی کورد لێکبدەینەوەو لێی تێبگەین، ئەمەش لە بەر هۆیەکی سادەیە ئەویش ئەوەیە کورد نەتەوەیەکی میللییە و نەتەوەیەکی سیاسی نییە.

# سەرچاوەکان

## بە عەرەبی:

- ايريك هوبسباوم، الأمم والنزعة القومية، ت: عدنان حسن، الطبغة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر، سوري ـ دمشق، ١٩٩٩.

- امانويل كانت، تأسيس ميتافيزيقا الاخلاق، ت: د. عبدالغفار المكاوى، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٥.

- ايرنست غيلنر، الأمم والقومية، ت: د. مجيد الراضي، الطبعة الأولى، دار المدى للثقافة والنشر، سوريا ـ دمشق، ١٩٩٩.

- تودوروف، نحن والآخرون، ت: د.ربى حمود، ط١، دار المدى للثقافة والنشر، سوريا ـ دمشق، ١٩٩٨.

- جان جاك رسو، محاولة فى اصل اللغات، ت: محمد محجوب، دار الشئون الثقافية العامة ـ بغداد، ١٩٨٦.

- جوستاف لوبون، سر تطور الامم، ت: احمد فتحى زعلوك باشا، المشروع القومى للترجمة، القاهرة ٢٠٠٦.

- سيجمؤند فرؤيد، علم النفس الاجتماعي و التحليل الانا، ت: جرج طرابيشي، طبعة الاولى، دار لاطليعة، بيروت، ١٩٧٩.

- الاثنية و الدولة، ت: مجموعة من الباحثين ، ت:عبدالاله النعيمي، الطبعة الاولى، الفرات، بغداد -بيروت: ٢٠٠٦.

- لايبنتز: مقالة في الميتافيزيقا، ت: د. الطاهر بن قيزة، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى، بيروت ٢٠٠٩.

- ليبنتز: مونادولوجيا، ت: دكتور عبدالغفار مكاوي، دار الثقافة، القاهرة ١٩٧٤.

- ي. غ. فيختة، خطابات الى الأمة الألمانية، ت: سامي الجندي، الطبغة الاولى، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٦.

***بە کوردی:***

- کتێبی پیرۆز، پەیدابوون :١١.

- ئەنتۆنی دی سیمس، نەتەوەخوازی، و: هوشیار عەبلدولڕەحمان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

- هیگڵ: مێژووی فەلسەفە ، و: عرفان مستەفا ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،٢٠٠٥.

- ئێرنێست رێنان: نەتەوە چییە؟، و: د.موحسین ئەحمەد عومەر، گۆڤاری : کوردۆلۆجی، ژ:٢، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، سلیمانی، ٢٠٠٩.